# مێژووی شۆڕشی ڕوسیا

نووسینی

**لیۆن ترۆتسکی**

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە

**عەزیز ئالانی**

**سلێمانی ـ ٢٠٠٧**

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

سلێمانی ـ گەڕەکی ئەندازیاران ـ ١٠٥

کۆڵانی ـ ٣٢

ژ. خانوو ـ ١٠

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

**ناوی کتێب: مێژووی شۆڕشی ڕوسیا**

**نووسینی: لیۆن ترۆتسکی**

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەزیز ئالانی**

**تایپ: هەرێم ، نیاز ، شاناز ، کوردستان ، لیزان**

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئەمیرە عومەر**

**تیراژ: (٢٠٠٠) دانە**

**ژمارەی سپاردن: (٩٩٧) ی ساڵی ٢٠٠٦**

**ژمارەی زنجیرە: (٢٤٠)**

**لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)**

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی .......................................................... | ٥ |
| مێژووی شۆڕشی ڕوسیا ـ ترۆتسكی ـ گوزەر ................................ | ٧ |
| بارودۆخی دانانی ئەم كتێبە ............................................ | ٩ |
| ترۆتسكی مێژوونووس ...................................................... | ١٦ |
| ڕۆڵی تاكەكەس لەمێژوودا ................................................ | ٢٥ |
| توێژینەوە، یان سەربوردی كاتیی ........................................ | ٣٤ |
| مێژووی شۆڕشی ئۆكتۆبەر دوای ترۆتسكی .................................. | ٣٨ |
| پێشەكی ئەلفرێد ڕۆسمەر ................................................. | ٤٤ |
| پێشەكی نووسەر .......................................................... | ٤٨ |
| خەسڵەتەكانی پەرەسەندنی ڕوسیا ........................................ | ٥٨ |
| ڕوسیای قەیسەری و جەنگ ................................................ | ٧٧ |
| پرۆلیتارو جوتیاران ........................................................ | ١٠٣ |
| پێنج ڕۆژ لە (٢٣)ەوە تاكو (٢٧)ی فێبرایر ـ شوباتی ١٩١٧ .................. | ١٣٠ |
| دەسەلاتی نوێ ............................................................ | ١٨٦ |
| جووت ڕوویی دەسەلاتەكان ................................................ | ٢٢٤ |
| لیژنەی راپەڕاندن .......................................................... | ٢٣٧ |
| سوپاو رجەنگ ............................................................ | ٢٨٢ |
| جەنگو سەركردەكان ...................................................... | ٣١٤ |
| بەلشەفییەت و لینین ...................................................... | ٣٣٦ |
| ڕۆژگارەكانی مانگی ئیپریل ............................................... | ٤٠٠ |
| سازینی یەكەم ............................................................ | ٤٣٩ |
| هێرشكردن ................................................................ | ٤٦٠ |
| چینی جوتیاران ........................................................... | ٤٨٦ |
| كۆمەڵگەرایی نوێی جەماوەر ............................................. | ٥١٥ |
| كۆنگرەی سۆڤیەتات و راپەڕینەكەی یۆنیۆ ((حوزەیران)) .................. | ٥٥٥ |
| پوختە و دەرئەنجام ....................................................... | ٥٨٣ |

مەکتەبەی بیروهۆشیاری

# پێشەکی وەرگێڕی کوردی

کاتێك ناوی ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە، دواتر ناوەوەی، بۆت دەردەکەوێت کە جیهانی ناوەوە گەلێك بەرینو فراوانترە لەوەی کە تەنها کتێبێکی مێژوویییە، ڕاستە بەڕواڵەت سەربوردی ڕوداوەکانی رابوردووە، بەڵام ئەو دەمەی وەك توێژینەوە بەقوڵایی کۆباسو ڕستەکانیدا شۆڕ دەبنەوە، لێت ڕوون دەبێت، ئەمە بەرجەستەکردنی پۆوتانی نەخشە هزرییەکانە بۆ هەنگاوی کردارییانەی ڕوکاری کۆمەڵگە، هەربۆیەشە داتا هزریو کەرەستە خاوەکانی شۆڕش، ڕێکخستن، حیزبایەتی، سەرکردایەتی، کارگێڕی، کودەتا، ڕاپەڕینو جەماوەرو کاتو خاكو گیانی داهێنانو نوێگەری لەهاوکێشە مێژوویییەکاندا بەچڕی دێنەوە بەرنیگا بەمەبەستی هەڵشێلانی هەویری بونیاتنانەوەیەکی نوێ.

من پێم وایە خوێندنەوەی ئەم کتێبە - بەڵام بەمانای خوێندنەوەی تەواوەتی - پێویستییەکی گرنگە بۆ هەموو سەرکردەیەکی سیاسیو هەموو کەسێکی کاڕای بواری گۆڕانی کۆمەڵگە، هەموو ڕوناکبیرێك کە بیەوێت هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێتو ببێتە پێشەنگ.

مرۆڤ بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە دەتوانێت پەردە لەسەر گەلێك لەشتە تەماوییەکان لابداتو ناخو کرۆکیان بناسێتو بناسێتەوە، لەمانای کردارییانەی شۆڕش، خەبات، سیاسەت، هزرو بیر، مێژوو، نەخشەو تەکتیك، بەرژەوەندییەکان، چینەکانی کۆمەڵو... هتد تێبگات، ڕاستە ئەم کتێبە تۆماری مێژووی شۆڕشێکی گەورەی گەلانی ڕوسیایە، بەڵام هاوکات ئەنسیکلۆپیدیایەکی پڕ لەبەڵگەی جۆراوجۆرە سەبارەت بەڕەوتەکانی هزرو ململانێکانو گەڕان بەدوای دۆزینەوەی شەقامی سەرەکیدا، بەو جۆرەی گشت چینو توێژەکان تروسکایی ئاسودەییو ئاشتی تێدا بەدی بکەن.





مەکتەبەی بیروهۆشیاری

بەڵێ (ترۆتسکی) زۆر هەوڵیداوە ئەم کتێبە وەك مێژوویەکی پەتی بنوسێ، بەڵام هەوڵەکەی تا کام ئاستە؟ ئەمەیان پرسیارێکەو دوای خوێندنەوەی خۆت وەڵامی خۆت دەدەیتەوە.

گەرچی ڕەنگە ئەم کتێبە چینێك، یان توێژێك یان حیزبو گروپێك بەموڵکی سەرمۆری خۆیانی بزانن، هاوکات ئەوانە خۆشیان موڵکی تەنها خۆیان نین، جەماوەری گەل، دایكو بڕیاردەرە.. کۆدەنگی ئەو خاڵە سەرەکییەکانی نەخشەکە دیاری دەکات، بەکورتی خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ دژو نادژ پێویستە، منیش کە خوێندمەوە بەباشم زانی زیاتر لەیەك ساڵ تەمەنم بۆ وەرگێڕانەکەی تەرخان بکەم.

لەڕووی وەرگێڕانیشەوە هەوڵم داوە تا بتوانم گوش بەبارستەی کۆڵ بنێمەوەو وەستایی لەداڕشتنو هەڵڕشتنی قسەوباسو ڕستەی لابەلایدا نەکەم، پوختو واتایم پێ باشتر بووە لەپیشاندانی ڕستەکان لەبەرانبەر ئاوێنەیەکدا. گەرچی گەلێك لەزاراوە هزرییو سیاسیو کارگێڕیو سەربازیو تەکنیکییەکانی ئەو سەردەمە لەگەڵ هی ئێستادا کۆڵێك جیاوازن لەبەرئەوە لەجێی پێویستدا زاراوە نوێیە هاوچەرخەکانم لەنێوانی دوو کەوانەدا یان لەپەراوێزدا داناوەو ئاماژەشم پێداوە کە ئەمە ناواخنی خۆمانە.

لەکۆتاییدا خوازیارم خوێنەرانی ئەم کتێبە کاتیان بەفیڕۆ نەدابێو بێ گلەیی بن..

لەگەڵ سوپاسدا...

عەزیز ئالانی

٢٥ /٣/٢٠٠٦

سلێمانی

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

# میذووی شۆڕشی ڕوسیا

## ترۆتسکی

## گوزەر[1]

[1] ئەم گوزەرە لە (٥) دەرگا پێکهاتووە، گوزەر: مدخل دەستە فەرهەنگی (زێوار ـ zewar) مامۆستا عەبدول.

مه كته‌بی بیروهۆشیاری

## ١. بارودۆخی دانانی ئەم کتێبە

لە٢٣ی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)دا، ترۆتسکی لەلیژنەی ناوەندی حیزبی بەلشەفی وەدەرنرا. هێشتا (١٥)ی نۆڤەمبەر (تشرینی دووەم) نەهاتبووە پێشەوە کە بەیەکجارەکی لەحیزبیش دەرکرا، ئۆپۆزسیۆنی یەکانگیریش دوچاری پیامالێنێکی توند هات لەسەروبەندی کۆنگرەی پازدەهەمدا کە لەدیسەمبەر (کانونی دووەم)دا بەسترا، هەر لەمانگی دواتردا بەتەواوەتی لێکهەلۆەشا، (ترۆتسکی)یش دوورخرایەوە بۆ (ئالما ئاتا) لەیۆنایر (کانونی دووەم)ی ١٩٨٢داو هەر لەوێوە چاودێری سەرکردایەتی چالاکییە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنە ڕاستڕەوە بەهێزەکەی دەکرد، وێڕای ژیانە پڕ لەتوندو تیژییەکانی دامو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ستالین، تا کار گەیشتە ئەوەی قەیرانی کپ کراوی ناخی یەکێتی سۆڤیەت لەماوەی چەند مانگێکدا بتەقێتەوە، هاوکات جوتیارەکان دانەوێڵەو بەروبومیان نەدەدایە حکومەتو گەنجینەکانی ئازووقە ڕوویان لەکەمبوون کردو وردە.. وردە.. برسێتی هەڕەشەی لەو شارانە دەکرد کە خەڵکەکەیان فۆڕمی خۆراكو نانیان بۆکرابوو، ئەو بڕە موچانەش هەڵپوکانەوە کە واچاوەڕوان دەکرا (بگۆڕێن بۆ سۆسیال بەشێوەیەکی دروست)، ستالین دەیویست پێشتر تۆڵەی خۆی بکاتەوەو دوایی گورزی خۆی لێبوەشێنێو هێرشی بکاتە سەر، هەروەکو هەمیشە نەریتی وابووە. دژوەستانەوە بەراییەکانی بەرانبەر باڵی ڕاستڕەوەکان دەستی پێکرد کە بریتی بوون لە(بوخارین، ریکوف، تۆمسکی، ئۆغلانۆف) تاکو سەرەتایەك بێت بۆبەرپاکردنی قەیرانێکی تازەتر لەنێو ڕیزەکانی حیزبداو گرێیەکی توند بێت بەرەو کۆمەڵگەرایی‌و پیشەگەری.

لەبەردەم ئەو پێشوازی‌و ئاڵۆزیانەی کە بەرەنجامی مل ملانێ تازەکەو ڕێی ڕوونی چاوڕوانکراو بوون، ستالین واخۆی هاتە بەچاو کە هەردەبێت بەناچاری پەنابباتە بەر لەناوبردنی یەکجارەکی ترۆتسکی، چونکە تەنها ئەو تاکە سەرکردەی بەدیل بوو کە لەچالاکیدا مابێت، چونکە ئەوانی دیکە پێشتر لەکۆنگرەی یازدەهەمدا ڕاستەوخۆ خۆیان بەدەستەوە دابوو، کە بریتی بوون لە (زینۆڤیف، کامینیف، پیاتاگۆڤ)و گفتیان





مه كته‌بی بیروهۆشیاری

دابوو، کە ئامادەی مانەوەن (ئەگەر بەگەدە خشکێش بڕۆن). هەڵوێستی بوخارین‌و ڕیکۆڤو تۆمسکی وای نیشان دەدا کە بەبێ کوشتار ئەگەری خۆبەدەستەوەدانیان لێدەکرێت، ئەمانە چوار بوون لەو شەش کەسەی لینین لەوەسییەتەکەیدا دیاری کردبوون، بەڵام بەتەواوەتی توانای ململانێیان لەدەست دابوو، بڕستو گوڕی بەربەرکانێکردنیان تەواو سست بوو، ئەوان وەك گیانێکی نیوە مردوو وابوون. هاوکات ئەو کەسانەی ئەمینداری گشتییان دروست کردو هەر هەمان ئەمیندار خۆیشی دەستە بژێری کردبوون زۆر لاوازتر بوون لەوەی کە لەسەر دەسەڵات جێی پێ لێژ بکەن‌و لایبەرن لەکاتی ڕوودانی هەر شکستییەکی ناوخۆیدا.

ستالین بڕیاری دەربەدەرکردنی ترۆتسکی دا لەیەکێتی سۆڤیەت، بەو نیازەی ڕزگاری بێت لەدەست ئەوپیاوە بەخۆیی‌و بەرنامەکەیەوەو چیتر پشێوی نەنێتەوەو ناوبانگیشی بەخراپ بزڕێنێ، بڵاوکراوەی ئۆپۆزسیۆن دەڵێت:

پێویستە ستالین لەبەردەم مەکتەبی سیاسیدا جاڕ بداتو بڵێت: پێویستە ترۆتسکی لەم وڵاتە دەربکرێ چونکە:ـ

١ـ پشتیوانی لەئایدیۆلۆژیای ئۆپۆزسیۆن دەکاتو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕیزەکانی فراونتر دەکات.

٢ـ بۆ ناشرین کردنی بەهاو ناوبانگی لەپێش چاوی جەماوەرو تاوانبار کردنی بەوەی کە بووەتە پاشکۆو شوێنکەوتەی بۆرجوازی، پاش ئەوەی کە قاچی خستووەتە ناوسنوری خاکی بۆرجوازییەوە.

٣ـ بۆ ئەوەی لەنرخی کەم بکاتەوە لەبەرچاوی پرۆلیتاریای جیهانی بەگشتی، چونکە خواستی سۆسیال دیموکراتی بەو ئاڕاستەیە لەبەرژەوەندیدا نەبوو تاکو بەرگری لێبکاتو واحسابی بۆ بکات کە (یەکێکە لەقوربانییەکانی تیرۆرکاری بەلشەفی).

٤ـ خۆ ئەگەر هێرش بکاتە سەر سەرکردایەتی حیزب ئەوا بەبێ دوودڵی بەتاوانی ناپاکی‌و خیانەت تاوانبارمان کردووە.

لە(١٦)ی دیسەمبەر (کانونی یەکەم)ی ١٩٢٨دا یەکێك لەسەرکردەکانی (ئیدارەی سیاسی دەوڵەت) G.p.ou دواهەمین ئاگاداری کردنەوەی بەم دەقەی خوارەوە

بەترۆتسکی ڕاگەیاند: پێویستە سەرکردایەتی کردنت لەچالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕابگرێت. ئەگینا خۆت بەدابڕاوی دەبینییەوە لەژیانی سیاسی بەڵام ترۆتسکی ئەو ئاگادار کردنەوەیەی پەسەند نەکرد، لە(١٨)ی یۆنایر (کانوونی دووەم) بڕیاری دەربەدەر کردنی بۆدەرەوەی وڵات پێگەیشت، لەگەڵ دەرکردنی لەسەرکردایەتی ئیدارەی سیاسییانەی دەوڵەتدا، لە(٢٢)ی هەمان مانگدا لەسەر سنوری تورکیادا ئاودیوکرا، لە(٢٢)ی فبرایر (شوبات)ی ١٩٢٢گەیشتە (قوستەنتینییە)، فریانەکەوت ئاوڕێك بداتەوە کە خۆی لە(پرینکیبۆ)ی گەورە دورگەی پاشایاندا بینییەوە، چوار ساڵی ڕەبەق لەوێ مایەوە، تەنها گەشتێکی کورتی بۆ (دانیمارك) کرد لەسەر داخوازی ئەو سۆسیال دیموکراتییە دانیمارکییانەی کە داوایان لێکردبوو بچێت بۆ لایانو کۆباسێکیان[٢] پێشکەش بکات دەربارەی شۆڕشی ڕوسیا.. سۆسیال دیموکراتە ئینگلیزو ئەڵمانییەکان ڕێگەیان پێنەدابوو کە ڤیزەی چوونە ناو ئەو وڵاتەی پێبدرێ، یان حکومەتەکانی خۆیان هان دابوو تاکو ئەو داخوازییە ڕەت بکەنەوە، هەر بەوبارە مایەوە تاساڵی ١٩٣٣، لەوساڵەدا حکومەتی دالادی ڕێگەی پێدا کە لەفەڕەنسادا نیشتەجێ بێت، بەم جۆرە ترۆتسکی ژیانێکی پڕ لەچەرمەسەریو بارودۆخی توندو زبری لەناو جەرگەی دورگە بچکۆلانەکەی پرینکیپۆ بەسەربرد، لەماوەی نیشتەجێبونیدا بەتەواوەتی لەململانێ سیاسییەکان بەدوور بوو.

دوای (١٢) ساڵی تەواو لەهەوڵو کۆششو پاش گرتنە دەستی دەسەڵات لە پترۆغرادو هاوبەشیکردن لەپێکهێنانی سوپای سوورو سەرکردایەتی کردنی ململانێ دژی سوپای سپیو وێڕای گفتوگۆی سەرومڕی پڕ لەتوندو تیژی ناو ئۆمەتگەراییو یاریدەدەری پێکهێنانی حزبی شیوعی فەڕەنسیو هەموو بەگژداچوونەوە زەبراوییەکان سەبارەت بە بنیاتنانەوەی ئابوریانەی ئەو یەکێتی سۆڤییەتەی کە سەراپا دووچاری دارمانو کاولی هاتبوو، هەروەها دوای جەنگەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستڕەوەکان (١٩٢٣ ـ ١٩٢٤)و جەنگەکانی ئۆپۆزسیۆنی یەکگرتوو (١٩٢٥ ـ ١٩٢٧) کە تیایدا ترۆتسکی هێرشی برد بۆ سەرکردایەتی ستالین ـ بوخارین بەناوی نەخشەی پیشەسازیو

[٢] کۆباس: محاضرة





کۆمەڵگەڕاییەوە، وە دوای دواین جەنگی بەر لەکۆتایی وەك بەرگریکردنێك لەشۆرشی چین دژی ستالینو بوخارین کە بەردەوام دژی تشانگ ـ کای ـ تێشكو کۆمنتانگ بوون، دیسان پاش کارکردنی زۆر لەئالماناتا بۆ مەشقو پەراوە بەخۆکردن لەسەر ڕۆڵی سەرکردایەتی کردنی دوور بەدوور ئاڕاستە کردنی ئۆپۆزسیۆنە تەفروتوناکە بۆهاندانیان لەپێناوی زەبر وەشاندنو دارماندنی دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان، وە دوای (١٢) ساڵ هاوبەشیکردن لەدروستکردنی مێژوودا ئیتر هێمنییەك باڵی کێشا بەسەر پرینکیپۆی تاقانەی نێو شەپۆلەکانی دەریای ڕەشدا، کە جگە لەچەند کۆمەڵە گاوانو ڕاوچیانی ماسی کەسی تری تێدا نەدەژیا، ئەم هێمنییەی سەری هەڵداو وەك ئەڵقەیەکی دەستگیرانی وابوو کە شکستی مارە کردبێ.

خۆ ئەگەر (شیشرۆن)ی مێژوونوس هەڵوێستو ڕووداوێکی لەم جۆرەی بەسەر بهاتایە ئەوا بەدەرفەتێکی شیاوی دەزانی تاکو وتارەکانی خۆی پێشکەش بکات دەربارەی لاوازبوونی ڕەوشتو ڕەفتار، بەڵام چالاکی سیاسییانەی ترۆتسکی تازە وەك پێشووتر (پیشەیەك) نەبوو. لە(١٦)ی نۆڤەمبەر (تشرینی دووەم)ی ١٩٢٧دا هاوڕێ دێرینەکەی (ئەبراهام ئەیوفییە) بەرلەوەی خۆی بکوژێ بەم دەقە بۆی نوسیوە (ژیانی مرۆڤایەتی هیچ واتایەکی نییە مەگەر لەو قۆناغەدا کەخزمەتی ئامانجێکی نەبڕاوە بکات، ئامانجی نەبڕاوەش بەلای ئێمەوە خزمەتی مرۆڤایەتییە)، ترۆتسکی ئەگەر موفەوەزێکی وەزارەتی دەرەوە یان بەرگری بوبێت یان سەرنوسەرێکی بڵاوکراوەی ئۆپۆزسیۆن بوبێت لەدورگەیەك لەدورگەکانی دەریای ڕەش، لەهەموو بارەکاندا هەمان جەنگی بەرپاکرد کە هەمان ئامانجی ڕاستەوخۆی لێ دەکەوتەوەو دوورکەوتەوە لەوهەنگاوانەی لەگەڵ بۆچوونو گەرمو گوڕی بیریدا نەدەگونجا، بەم جۆرە توانی نیوەی ئەوماوەیەی لە(پرینکیبۆ) بەسەری برد، تەرخان بکات بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەو ڕووداوانەی کە (١٢)ساڵ پێشتر ڕوویاندابوو.

ترۆتسکی بێ دواکەوتن گەڕایەوە بۆ جەنگ، بەڵام بڕستو توانای ئەوەی بە بەرەوە نەمابوو کە ڕاستەوخۆ بەشداری بکات، لەیۆلیۆ(تەموز)ی ١٩٢٩دا ژمارەی یەکەمی بڵاوکراوەی ئۆپۆزسیۆن بڵاوکرایەوەو بەبێ راوەستان درێژەی کێشا هەتا هاوینی ١٩٣٩،

کتەبی بیر و هۆشیاری

بەڵام ئەم چالاکییە سنورداره‌و ئه‌ودیاره‌ سەرپێیە کورتانەی لەگەڵ نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆنی شیوعی ئەنجامی دەدا بەشی ئەوەی نەدەکرد کە لەبەری نەبونی ململانێی ڕاستەقینە پڕبکاتەوە.

لەبەرئەوە چوار ساڵی مانەوەکەی لە (پرینیکپۆ) لەهەموو قۆناغەکانی تری ژیانی ترۆتسکی بەرهەمدارترو دیارتر بوو وەك (نوسەر)ێکی قەڵەم بەبڕشتو بەرهەمنوس، ڕەنگە بەکارهێنانی وشەی (نوسەر) لێرەدا جۆرێك چالاکی زیاتریشی لەپاڵدا بێت: چونکە (نوسەر) ئەو ناوەندە وەسف دەکات کە تیایدایە یاخود جیهانێکی تایبەتی بۆخۆی وێنە دەکات، بەڵام ترۆتسکی جیهانی بۆ ئەوە وەسف دەکرد کە بیگۆڕێت، لەساڵی ١٩٢٩دا کتێبی(شۆڕشی شکست)ی بڵاوکردەوە، کە بریتی بوو لەکۆمەڵێك بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە گوتارە ستالینییەکانەوە دەربارەی مێژوو.

دواتر لەماوەی نێوان فێبرایر (شوبات)و سێبتەمبەر (ئەیلول)دا ئاوڕی دایەوە بەلای نوسینی مێژووی ژیانی خۆیدا کە بەڕێوبەری خانەی چاپو پەخشی (فیرلاغ) بڕیاری چاپو بڵاوکردنەوەی پێدابوو، ئەوەش یەکەم بەرهەمی ترۆتسکی بوو کە چاپی بکات، لەسەرەتای سێبتەمبەر (ئەیلول)دا کتێبی (ژیانم)ی تەواوکردو لە (١٤)ی سێبتەمبەر (ئەیلول) ١٩٢٩دا ترۆتسکی پێشەکی بۆ نوسیو تیایدا چوارچێوەی چالاکی ئایندەی دیاری کرد بەو وتەیەی کە دەڵێت: (بینیم کە جەماوەر دوجار دەستبەرداری ئاڵاو ئامانج بوون، جاری یەکەمیان لەکاتی پێخوسکردنی[٣] شۆڕشی ١٩٠٥و جاری دووەمیشیان لەسەرەتای سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەمدا بوو، لەبەرئەوە من لەڕێگەی ئەزمونو شارەزایی خۆمەوە دەزانم هەڵکشانو داکشانی[(٤)] مێژوو چ واتایەکی هەیە، ئەو دوانە ملکەچی یاسایەکنو ئەوەش بەس نییە کە مرۆڤ پەلەیەکی خێرا لەگۆڕانیاندا بکات، منیش ڕاهاتوم لەسەر مەزەنەکردنی ئاسۆی مێژوویی لەڕووکاری گۆڕانکاری بۆ تێڕوانینی تایبەت بەچارەنووسی خودی خۆم، یەکێك لەیەکەمین ئەرکەکانی

---

[٣] پێخوسکردن: بەپێهاڕین + ەوە: پلیشان + دن + ەوە: سحق.

[(٤)] هەڵکشانو داکشانی مێژوو. مد التأريخ وجزره





کتەبی بیر و هۆشیاری

شۆڕشگێڕییەوە هۆکارە ڕاستەقینەکانی ئەوشتانە بزانێت کە ڕوو دەدەنو بتوانێت بەوردی شوێنی ڕوودانەکە لەناوجەرگەی ڕوداو گەلەکاندا دیاری بکات).

ترۆتسکی بۆ سەلماندنی ئەم کارەی پشتی بەستووە بەم کتێبەی (مێژووی شۆڕشی ڕوسیا) کە لەساڵی ١٩٣٠ تاکو ١٩٣٢ درێژەی هەبووە، وێڕای گەرمو گوڕیشی بۆ ئەم پڕۆژە کارەو هەبوونی ئارەزوویشی لەوەدا کە ببێتە مێژوونوسێکی ئەو تۆ کە دەستی ڕەخنەی بۆ درێژ نەکرێت، تەنانەت سەبارەت بەو وردە ڕووداوانەی بایەخێکی زۆر گەورەی پێداون کەچی دەبینین مێژوونووس هێشتا قەڵەم پارێزی کردووە لەبەدباسی گەورەو مەزندا.

کە وابوو مێژووش حەشارگەیەك نییە، بەڵکو (پیرە شێر)ێکەو سورە لەسەر قسەو کاری خۆی، هاوکات دەرگایەکی پێشوو خوازانیش نییە لەو دەمەشدا کە مێژووی ئەو شۆڕشە دەنوسرایەوە، مێژووی خۆی بەهایەکی نەبووە، ترۆتسکی خۆیشی جەنگو خەباتێکی نائومێدانەی دەست پێکردبوو دژی سیاسەتی (قۆناغی سێهەم) کە سەرۆکایەتی حزبی روسی پیادەی دەکرد هەروەها دژی سەرکردایەتی کۆمترۆن ئەوە بوو بەناوی بیردۆزی[(٥)] (سۆسیالستی فاشیزم)ەوە دەیکرد، کە بیرۆکەکەی دەڵێت:

(سۆسیالستی دیموکراتیو فاشیستی یەك چمکن[(٦)] و لێك جیا ناکرێنەوە)

هانی سێهەم ئۆمەتگەرایی شیوعییە ئەڵمانییەکان دەدا بۆ هێرشکردنە سەر ئەو سۆسیال دیموکراتانەی هەستیان بەئاسودەیی ستەمکارانە دەکرد بەمەبەستی بەرپەچدانەوەی ئەو دەستەی درێژیان کردبوو، و پرۆلیتاریای ئەڵمانیشی شکست پێکهێنابوو لەڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیدارانەی نازییەکان. لە سێبتەمبەر (ئەیلول)ی ١٩٣٠ەوە هەتا فێبرایر (شوبات)ی ١٩٣٣ ترۆتسکی لەدەرەوە هەوڵی چاکسازی دەدا لەم ئاڕاستە ترسناکەدا کە دەبێتە مایەی بەرپابوونی کارەسات ئەوەبوو ماندوویی نەناسانەو بێ وەستان سەرگەرمی پێکەوە نانی بەرەیەکی کرێکارییانەی شیوعی - سۆسیالستی یەکگرتوانە بوو بۆ ڕێگرتن لەبەردەم هیتلەردا، بەڵام دوژمنەکانی وێڕای

---

[(٥)] بیردۆز: تیۆر: نظرية.

[(٦)] جمك: دوانە: جووت: توأم.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەو هەموو بانگەشەو هەولانەی بەتریقو هوڕی گاڵتە جاڕیو پێکەنینەوە دەیانگووت (دوای هیتلەریش ئیتر نۆرەی ڕۆڵی ئێمەیە).

لەهەمان کاتدا ترۆتسکی بەوپەڕی هێمنیو خۆڕاگرییەوە هەوڵی دروستکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی چەپی دەدا لەفەرەنسادا بەو کەسانەشەوە کە کەسایەتی ناسراو بوونو خاوەن پلە بوون، دوور لەململانێی ئەو گروپو کۆمەڵو شکستییانەش چالاکییەکی هاوشێوەی لەئیسپانیا دەست پێکردبوو، چاویشی لەسەر خەباتکردن بوو دژی (ساختەی مێژوو) کە قەوارەیەکی گەورەی بەرەنگار کردبوو بەڕادەیەك بێ دەنگی هەڵنەدەگرت، لەبەرئەوە لەساڵی ١٩٣٣داو لەژێر ناونیشانی (ساختەی ستالینی بۆ مێژوو) نامیلکەیەکی نووسیو سەر لەنوێ هەندێ لەو بۆچوونانەی تێدا دووپاتکردەوە کە پێشتر لەکتێبی (شۆڕشێکی شکست)دا بڵاوی کردبونەوە.

بەم جۆرە، گرانە (ترۆتسکی) خەباتگێڕ لە (ترۆتسکی) مێژوونووس جیا بکرێتەوەو بەتایبەتی لەڕوانگەی کتێبی (مێژووی شۆڕشی ڕوسیا)کەیەوە، نوسەریش ئاماژە بۆ هەمان ڕاستی دەکات لەپێشەکی بەشی دووەمدا دەڵێت: ( بێگومان ئەم کتێبە یاریدەدەرە بۆ تێگەیشتن لەسروشتی یەکێتی سۆڤیەت، کتێبەکەمان بایەخێکی زۆری هەیەو بوو بەکتێبی ئەم ساتە، ئەمەش نەك لەبەرئەوە بێت کە ڕووداوەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم) لەپێش چاوی خەڵکانێکدا ڕوویانداوە کە تا ئێستاش لەژیاندا ماون، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو ڕژێمەی لەو شۆڕشەوە هەڵقولا تا ئێستا لەئارادایەو گەشە دەکاتو لەبەردەم مرۆڤایەتیدا گەلێك ڕازو نهێنی نوێ دەخاتە ڕوو).

ڕوونو ئاشکرایە کە ترۆتسکی (مێژوو)ەکەی خۆی بۆ خزمەتی مەبەستە تەکتیکییە ڕاستەوخۆکانی ئۆپۆزسیۆنی چەپ نەنوسیوە، بێگومان (شارل ئۆلیفییە کار بۆ نیل)ی مامۆستای زانکۆی (تۆلۆزی)یش ئەم کتێبەی لەو ئاستەدا بینی کە (چەکێکە دژی ستالینی) بەڵام بەباشی کتێبەکەی نەخوێندبووەوە چونکە (ستالین) لەم کتێبەدا هەر بەهێندی خۆی جێی گرتووەو لەوشوێنە زۆرتری پێ نەبڕاوە کە لەساڵی ١٩١٧ هەیبووە، تەنها وەك بەڵگەکانی ئەمینداریکی گشتی ساڵی ١٩٣٢ ناوی براوەو باس کراوە.





## ٢. ترۆتسکی مێژوونووس :

(ترۆتسکی) لەپێشەکی بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا کە لەنۆڤەمبەر (تشرینی دووەم)ی ١٩٣٠دا تەواوی کردووەو درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە یەکێك لەهۆکارەکانی شۆڕشی فێبرایر (شوبات)و تا کۆنگرەی یەکەمی سۆڤیەت یۆنیۆ دەڵێت: (ئەم کتێبەش لەسەر بنەمای یاداشتی تاکە کەسی ـ خۆم ـ دانەنراوە) بەمەش شێوازی خۆی دەخاتەڕوو، پاشان دەڵێت: (خوێنەری ڕاستەقینەی ئەم کتێبە، پێویستی بەوە هەیە کە کەمێك چێژ لەگیانی ڕەخنەگەرایی وەر بگرێت سەبارەت بەڕاستییەکی گەورە لەسپاردەو ڕاستگۆیی زانستیانە بەشێوەیەکی ئەوتۆ نیشانەیەك نەدات بەدەستەوە لەسەر ئەوەی ئاخۆ بەئاشکرا پشتگیری لەم کتێبە دەکات یاخود بەرهەڵستی دەکات، سا مەگەر دوای لێوردبوونەوەو توێژینەوەیەکی دروستی ڕووداوەکانو دەرکەوتنی ڕاستی پەیوەندی نێوان کاروبارەکانو دیاری کردنی پەسەندو بەجێکانی بەدوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان بڕیاری خۆی بدات)، لەمایۆ (ئایار)ی ١٩٣٢دا ترۆتسکی پێشەکی بەشی دووەمی نووسیو هەر لەو سەروبەندەشدا تەواوی کرد، مێژووی ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە لەیۆلۆ (تەموز)ەوە تا ئۆکتۆبەری ١٩١٧و دەڵێت: (هیچ کەسێك نکوڵی لەڕاستی ئەو بەڵگەو بینراوانە ناکات کە لەبەشی یەکەمدا باس کراون، بێگومان نکوڵی لەو جۆرەش یەکجار گرانە) پاشان بەرپەرچی ئەو ڕەخنانەش دەداتەوە کە دەکرێت ڕووبەڕووی بکرێنەوە دووبارەی لایەنگری خۆی، چونکە هەر خۆیشی ڕووداو و گوتارەکانی هەڵبژاردووەو دوور نییە لەلایەن خۆیەوە، تاك جەمسەرانە ئارەزووی خۆی تێکەڵ کردبێ) لەوبارەیەشەوە دەڵێت: (بێگومان لێکۆڵینەوەو گەڕان بەدوای بەڵگەی بابەتیانەو زانستیدا لەچاوی مێژوونوسدا یان لە لەرەی شەپۆلە دەنگەکانیدا دەرناکەوێ بەڵکو لەزنجیرەی بەدوایەکدا ڕیزکردنی لۆژیکییانەی خودی وتەکانیدا دەرناکەوێ) بەم جۆرە مێژوو بنیاتنانەوەیە: جموجۆڵی مێژووی ڕاستەقینە بریتییە لەکۆمەڵێك ڕووداو و بەرژەوەندیو پێشەنگیو بیرو بۆچوونی بەیەکداچووی ئەوتۆ کە بەهەموویانەوە تەواوکەری یەکتری دەبن، مێژوونووسیش لەوشوێنەوارو جێ پێیانەوە ملی ڕێ دەگرێ کە مێژوو لەماوەی گەشەکردنیدا لەدوای

خۆیەوە بەجێی هێشتوون. مێژوونوس کار بۆ دارشتنەوەی ئەو (گشت)ە دەکات کە لەو (تاك)انە پێکدێت، هاوکات ئەو ئامانجی ئەوەنییە کە تەنها وێنەیەکی گشتی بگرێت ـ خۆ مێژوونووس وێنەگری دیتراوەکان نییە ـ بەڵکو بۆئەوەیەتی کە لەگشتە بەیەکاچووەکانەوە چەمکی واتا دابڕێژێ، پێویستە مێژوونووس ئەو کۆمەڵە ڕووداوە بەیەکداچوانەش بکاتەوەو لێکیان هەڵاوێرێ کە پێکدێتو دروست دەبن، ئەمەش کارێکی پێچەوانەیەو وا لەمێژوو دەکات کە لەسنوری گێڕانەوەدا سەربوردی ڕووداوەکان لەڕێگەی بەهرەی خواییەوە بێت، یان هێزی کەسەکان بێت یان دەست تێوەردانێکی میکانیزمیانە بێت بۆ هەندێك لەفاکتەرە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان، دیارە ئەم کارە دژوارە مێژوونووس ناچار دەکات کە سیفەتی عەقلانییەت بەو داکەوتو واقیعییە ببەخشێت کە عەقلانییەتی تەواوی تێدانییە، ترۆتسکی ئەم ڕاستییەی زانیوە بۆیە هەر خۆی ئومێد دەخوازێت کە (زنجیرەی بەدوایەکدا باسکردنی ڕووداوەکانی مەعقولانە بێت)، وە دەبێت لەهەموو کەسێکی تر زیاتر بتوانێت جوڵەو خرۆشی بخاتە ناو بەشەکانی جەماوەرەوەو شارەزابێ دەربارەی هەڵکشانی، داکشانی، ڕەفتاری، هەڵەی، نۆرەی جەربەزییو رسوایی لەهەریەکە لەهەڵوێستەکاندا.

جەماوەریش پاڵەوانی ڕاستەقینەیە لەم مێژووەدا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بوە بەپاڵەوانێکی ئەفسانەییو ڕەمزیو بەهەنگاوی جێگیرانەو بەرەو شۆڕشێکی سەد دەرسەد ڕێ تەی دەکاتو وا فرمان جێبەجێ دەکات کە وەکو لەنمایشێکی سەرتاسەریدا خۆیی بنوێنێ، بەڵکو پاڵەوانێکی کۆمەڵی ئەو تۆیە کە تیایدا هەموو شتەکان ئاوێتەو هاوبەشی یەکترین وەك برسێتیو ئارەقو خوێنو نانو بوێریو نەمانی هۆشیاری، وە دەبێ جەماوەری شارو لادێ بانگەوازی شۆڕشەکەیان ڕاگەیەنن لەڕێگەی سوتاندنی کۆشکی گەورەکانیانو ئەمەش پرۆلیتارەکانی پرۆتۆگرادو دەریاوانەکانی بەڵتیقیش بگرێتەوە، ترۆتسکی لەناخی هەموو ئەمانەدا هێزی جوڵێنەر بەدی دەکات بۆ داگیرسانی چلیسکی مەشخەڵی شۆڕش، ئەوەش ڕەت دەکاتەوە کە دەوری سەرەکی شۆڕشەکە تەنها بەیەك فاکتەرەوە ببەسترێتەوە، هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نییە کە بەهای ئەو شۆڕشە مەزنە دابەزێنرێتە خوارەوە بۆ ئاستێك کە تەنها بەلایەنی ئابوری لێك بدرێتەوەو





ڕاڤە بکرێو بە (ڕاڤەی ئابوورییانەی گشتی هەڵەی مێژوو ـ کە هەندێ کەس هەوڵ دەدەن بیدەنە پاڵ مارکیستی) بناسرێ، کە ئەمەیان تەنها (لێحاڵی نەبوون)ی لێ هەڵدەگوازرێ، ترۆتسکی زیاتر لەسەری دەدوێو دەڵێ: (ئێمە بەدوای شۆڕشێکدا وێڵین کە جەماوەر ڕاستەوخۆ دەستی هەبێ لەدیاری کردنی چارەنووسی کۆمەڵگەدا، وە لەودیوی ڕووداوەکانەوە بەدوای دۆزینەوەی ئەو گۆڕانکارییانەدا دەگەڕێن کە هۆشیاری کۆمەڵانی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە، لەئەندێشەو خەیاڵە هەڵەوپەڵەکانی خۆ دەبورێن، ئەو خەیاڵانە پەیوەندیان هەیە بەبزوتنەوەی (هێزی یەکەمین)ەوە، چونکە بەزۆری ئەم خەیاڵانە بەهیچ مانایەك لێك نادرێنەوەو ڕاڤە ناکرێن، هیچ زانیارییەکیشمان وێنادەن[٧]، ڕاپەڕاندنی شۆڕش بەپێی چەند یاسا گەلێکە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەێنێ کە ئەو جەماوەرەی شۆڕش ڕاپەڕێنێ هۆشیاری ڕوونو تەواوی هەیە دەربارەی یاساکانی شۆڕش.

ئەو جەماوەرەی بووە بەهەویرێکی نەرمو شل بەدەستی دەسەڵاتدارانەوە، یان بووە بەئامێرێکی قیسارەو یەکەم پشتگیری چەمکی پۆلیسییانە بۆ مێژوو گاڵتەو گەپی پێ دەکات ـ ئەو چەمکە ئەمڕۆ سەر لەنوێ هاتووەتە کایە ـ و وای لەخەڵکی کردبوو پۆل پۆل وەك کەرەسەی بێ گیانو ژیان ژێرباری دەسەڵات بن، بەهەنگاوی هاوشێوە وێکڕا وەك سەربازی لەکانزا دروستکراو پێی دانێنو هەڵبگرنو لەناو مێژووی ئالییانەی ستالینیدا ملکەچ بن، ئەم جەماوەرەی گەڕاندەوە، ئەم جەماوەرە دیسانەوە لەناو (مێژووی شۆڕشی ڕوسیا)دا دەچێتەوە ئاستو شوێنی تازەی پڕ لەسەروەری خۆی، ترۆتسکی ڕوخساری ڕاستەقینەی بۆ ئەو جەماوەرە گەڕاندەوە، ڕۆڵی شایستەی پێدایەوە، ئەزمونەکەی ترۆتسکیش بەستراوە بەچالاکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرەوە، بەتەواوەتی وەکو ئەزمونەکەی لینینە کە پەیوەندییەکی پتەوی هەبوو بەبنیاتنانی حیزبەوە، لەهەردوو شۆڕشی ١٩٠٥و ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا ترۆتسکی خۆی لەسەر ئەو ڕێکخراوانە دۆزییەوە کە جەماوەر بەشێوەیەکی کتوپڕو کاتی دروستیان دەکردن، دوجاریش بۆ سەرۆکی سۆڤیەت لەپرتۆگراد ناوزەدکراو دووجاریی تریش وەك سەرکردەیەکی سروشتی

[٧] وێنادەن: نادەنێ، پێنادەن.

جەماوەری چەوساوە دەرکەوتووە، هیچ سەرکردەیەکی مەیدانی وەکو ئەو لەناوجەرگەی جەماوەرەوە هەڵنەقولاوە، بەجۆرێك هەستی بەپەیوەندی توندوتۆڵی نێوان خۆیی و جەماوەرەکەی دەکرا کە ترۆتسکی وەك کەسێکی ناوخودی جەماوەر وابووە، ترۆتسکی خۆیشی وای هەست دەکرد کە هەناسەو ترپەی دڵیو وێزەی گەرمی لەشی بەشێکە لەجەماوەر، گومان لەوەدا نییە کە گرنگترین لاپەڕەکانی کتێبی (ژیانم) باشترین بەڵگەن کە ترۆتسکی لەو لاپەڕانەدا وەسفی ئەو جەماوەرە زۆرە دەکات کە جمەی دەهاتو وەك ئەوە وابوو هاتبێت بۆ یاری سێرکی تازە، کاتێك کۆدەبونەوە بۆ گوێ گرتن لەوتارەکانی، خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: (بۆ ئەوەی خۆم بگەیەندایەتە سەر سەکۆی دوانگە[8] دەبوایە بەناو تونێلێکی لەخەڵك دروستکراوی جەماوەردا ڕێگەم دڕبدایە، هەندێ جاریش وام هەست دەکرد خەڵکەکە لەسەر چۆکان هەڵیان گرتووم، ئەو کەشو هەوا قورسەی کە باڵی بەسەر هەناسەدانو چاوەڕوانیدا کێشابوو بەهاوارو هوتافی گەرموگوڕی تەقییەوە، منیش لەدەوروبەرو ژوور سەرمدا شانو سەرو سینگی بەسەریەکدا کە لەکە کراوم دەبینی دەستم بەقسەکردن دەکرد، بەڵام وەك ئەوە وابوو لەناوجەرگەی ئەشکەوتێکی گەرموگوڕی لەخەڵك دروستکراودا بم، هیچ ئەگەرێکیش لەئارادا نەبوو ئەو شەپۆلی تەزووە کارەباییە زیاتر بکات کەئەو حەشامەتە مرۆییە دەسمێت).

ترۆتسکی لەکتێبەکەیدا هەر بەوە واز ناهێنێ کە ڕاستیو ژیانەوە بەجەماوەر بدات، بەڵکو دەیویست ژیان بئاخنێتەوە نێو لەشی سەرجەم بەشدار بوان بەنواندنی تراژیدیایەك کە نوسەرەکەی خۆیشی وەك کارەکتەرێك ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێو دەمامکەکانی لادەبردو سۆسیالستە شۆڕشگێڕەکان دەمامکی یەك بەیەکیان بوو، ئیدی تەنها چەند لەشێکی دژە شۆڕشی نەبوون کە ڕوخسارێك یان ناوێکیان نەبێت، (دۆیتشەر) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((هەریەکە لەوکەسانە بەتەواوەتی لەگەڵ هاوشێوەکانی خۆیدا چەسپو یەکان گیربوو، بەڵام هاوکات هەر یەکەشیان ڕوخساری کەسێتی تایبەت بەخۆی هەبووە))، ترۆتسکی پێشانگەی تابلۆی کەسێتییە سیاسییەکانی نەکردبووەوە تاکو

(8) سەکۆی دوانگە: منصة الخطابة.





وادەربکەوێ بەشێوەیەکی تێرو تەواو لەگەڵ باکگراوندەکە لەپێشچاویدا لەجوڵەو بزواندندا بێ، هەروەکو بەچاوی خۆمان لەنوسراوەکانی ترۆسکیدا وێنەی کەسەکان وەك یاری کاغەز دەبینین بەدەستی ئەو هێزانەوە کە تێپەڕاندون، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە نەیتوانیوە وەك (لینین) لەچەمکی هێزەکان تێبگات، تاکو هەوڵی ئاڕاستەکردنو سەرکردایەتی کردنیان بدات، (ترۆتسکی) هەموو کەسەکانی وەسف کردووە، وادیارە مێژوو نووسەکە خۆیشی مێژوویەکەو وێنەی ئەو کارەکتەرە سەرەکییانەش بەشێوەیەکی زۆر وردو بابەتیانە دەکێشێت کە کەوتونەتە ماوەی کاتی نێوان هەردوو شۆڕشەکەوە.

واتا دەگەڕێتەوە بۆ دەوری شتەکان، بەتایبەتیش لەکاتێکدا ئەو وێنانە ناتوانن هیچ رۆڵێك ببینن جگە لە(شت بوون)یان لەهەڵوساندنی بیرۆکە پێشووترەکانی خۆیدا، بەبوغرابوونو ئارەزووەکانیانو خۆگڤ کردنەوەیانەوە، دیارە هەڵوساندنو فوتێکردنی ماوەیەکی مێژوویش کەسانێکی دەوێ کە لەقوڕێکی تر دروستکرابنو هیچ ڕقو قینێکیان تێدا بەدی نەکرێت دژی کارەکتەرە بنەڕەتییە بەساڵاچووەکان بەهۆی لاوازبوونی خودی خۆیانەوە، وەنابێ دژی دۆمایانە بن کە خۆیان بەتوڕدراو دەبیننەوە بەهۆی شەپۆلەکانی کاتەوە، کە (ترۆتسکی) وەسفیان دەکاتو بەگاڵتەجاڕیشەوە جارو بارێك دەیەوێت بیانژێنێتەوە گەرچی ناو بەناو هەندێ نائومێدیش ئاوێتەی دەبێ.

مارتۆڤ؟ ((وەك نەریتێکی خۆی ڕاستی دەربارەی ڕوداوە گەورەکانی مێژوو لای (مارتۆڤ )مۆلەق بوو، لەتوانایدا نەبوو لەسەر بۆچونێکی جێگر بێ، بێگومان شۆڕشیش لەساڵانی ١٩٠٥ ـ ١٩١٧دا ئەم کەسە مەزنەی بەخۆیەوە نەدیبوو)) لیبری مەنشەفی[9]؟ ((ئەگەر (تسیریتلی) بە پلەی یەکەم کەمانژەنی ناو زۆرینەی ئۆرکێسترای سۆڤیەتی بێت، ئەوا (لیبر) بەهەموو گوژمو تینی خۆیەوە جوزەلەیەکی بچکۆلەی دەژەنی، جووتە چاوە دەرپۆقیوەکانی بەخوێن سور هەڵگەڕابوونو خوێنیان تێزابوو بەهۆی ئەو تینە زۆرەی دەیدایە خۆی، ئەو مەنشەفییەکی سەر بەیەکێتی کرێکارانی جولەکەبوو (پۆند) ڕابردوویەکی دوورودرێژی پڕ لەدڵسۆزی هەبوو، لێوان لێو پڕبوو

(9) مەنشەفیەکان: لایەنگرانی ترۆتسکی

لەگەرمو گوڕی‌و زمانپاراوی، بەڵام تارادەیەك كلۆڵ بوو، هەوڵی دەدا خۆی وەك نیشتمانپەروەرێكی جێگیر بسەپێنێ، پیاوی دەوڵەتێكی سەختی توندڕەوبوو))

(( (تشرین نۆڤ؟) رشتەیەكی هەمەجۆری هەبوو، تێكەڵەیەك بوو لەگوتار دەربارەی ڕەوشت‌و خراپەكاری، لەماوەیەكی دیاریكراودا سەرنجی كۆمەڵێ كەسی لەگوێگرەكانی بەلای خۆیدا ڕاكێشا، بەتایبەتیش ئەو كەسانەی لەتەنگانەدا خۆیان دەشاردەوەو بەهەموو ئاڕاستەیەكدا بڵاوەیان لێ دەكرد، هەرشتێكی بكردایە هەڵەی تێدا دەكرد، لەبەرئەوە بڕیاریدا كە لەهەموو كاروبارێكدا دەربكەوێتەوە، تاوای لێهات ڕێگرتنی لەدەنگداندا بەلاوە بوو بەشێوەیەك لەشێوەكانی هەبوونی سیاسی، بەڵام (ڕۆدزیانكۆ)ی سەرۆكی دۆما[10] ((لەهەوڵی ئەوەدابوو كە شۆڕش لەلافاودا بخنكێنێ، لەبەرئەوە دەستی دایە گریان)).

(ترۆتسكی) وای دەبینی كە گێڕانەوەی ژیان بۆكەسێك مانای ڕاڤەكردنییەتی، جا ئەگەر (مێژووی شۆڕشی ڕوسیا) بریتی بێت لەتابلۆیەكی زەیتی ڕاستەقینەو بزۆك كە بەڕەنگەكان ئاڵ‌و واڵا كرابێ، ئەوا بەچاكی سڕ بوون‌و مت بوونی ئۆكڤۆبەر(ئەیزنشتاین)ی تێدا دەردەكەوێ، ئەمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ كە (ترۆتسكی) بەوە وازناهێنێ كە شتەكان بوروژێنێ، یان جەماوەرو سەركردە سەركەوتووە شكستەكان شی بكاتەوە، بەڵكو دەیەوێ یەك چاخی تەواو ببوژێنێتەوە، ئەو وێنەی كەش‌و بارودۆخی باوی پاشایەتی‌و دەسەڵاتمان لەكاتی جەنگدا بۆ دیاری دەكات لەچەند هێڵێكی ئاشكراو دیاردا، دێت گوتار دەربارەی ڕەوشت وەسف دەكات‌و دەڵێت: ((بارانی زێڕین لەبەرزاییەوە بەبێ بروسكدان[11] دیاری كرابوو، كۆمەڵگەی پێشەكەوتوش دەستەكانی درێژ كردبوو، لووتی كردبووەوە تاكو گیانی بكێشرێ، ئەو لەگیانەڵادابوو، خانمە ئەرستۆقراتییەكانیش بەپێی توانا دامێنی كراسەكانیان هەڵكردبوو، تێكڕا خەڵكی لەناو زەلكاوێكی بەپیتی پڕ لەخوێندا گوزەریان دەكرد، بەڵام كارایانی بانكەكان‌و بەڕێوبەرو پیشەوەرو كچە سەماكارە پەیوەنددارەكان بەقەیسەرو براكانیەوە، وەپیاوانی

[10] دۆما: پەرلەمانی ڕۆسیا
[11] بروك: وەستانەوەی بەخوڕ بۆماوەیەكی كەم





كەنیسەی ئەرتۆزۆكس‌و خانمانی كۆشك‌و كارەكەرەكانیان‌و گەورە پیاوانی لیبراڵی‌و جەنەڕاڵەكان بەرەی دواوەی جەنگ‌و پارێزەرە رادیكاڵەكان‌و گەورە دورەوەكانی هەردوو ڕەگەزەكەو بێ شومار خەڵكی تر لەخزم‌و كوڕو براو خوشك‌و كچەكانیان، هەر هەموویان لەهەوڵی سەرومڕی فەرهود تاڵانی‌و دزیدا بوون نەبادا ئەوبارانە زێڕینە خۆشكاتەوەو ئەم دەرفەتەیان لەدەست دەربچێ، هەمووشیان زۆر بەگاڵتەجاڕییەوە بیرۆكەی هاتنەوەكایەی ئاشتی پێش وەختیان بەرپەچ دایەوە.))

یەكێك لەوتوێژینەوانەی كە پەیوەندی بە (ترۆتسكی وێنەكێشی مێژوو)ەوە هەیە گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە (ترۆتسكی) لەیەك كاتدا قامچی سزاو زەنگی بانگخوازی ڕەوشتی بەكار دەهێنا، بەڵام بەدرێژایی ئەو مێژووەش، وەك دڵسۆزێكی (سپێنۆزا) مایەوە: ((سپێنۆزا واتا: نەگریانە، نەپێكەنین، بایەخدان بەتێگەیشتن)) هەوڵی دەدا هەموو ژیانی لەو پێناوەدا تەرخان بكات، ئەگەر (مێژووی شۆڕشی ڕوسیا) تابلۆیەكی زیندو بێت، ئەوا وێنەكێشەكە لەپشتی كەسێتییە دیارو ئاپۆڕەی خەڵك‌و دیمەنەكانەوە ڕاوەستاوە، بەڵام وەستانەكەیشی بۆ ئەوەنییە كە سكاڵاو بەرگری لەكارەكەی بكات، بەڵكو بۆ ئەوەیە كە هەمووشتەكان بۆ خەڵكی شی بكاتەوەو لێك بداتەوە. گەنین‌و داڕزینی كۆشكی هێمایی‌و تێكچوونی بیرۆقراتییەت‌و چینی مەزنە پیاوان[12] و چاو تێر نەبوونی بۆرجوازییەتی ڕوسی لەبەر یەك هەڵوەشاو، نەدەبوونە وروژاندنی بێزاریی لەناخی (ترۆتسكی)دا، وەناشبنە ئارەزوویەك بۆ كاولكردنی ئەو جیهانەی كە بۆگەنی كردووە بەبیانوی ئەوەی كە بۆگەنێكی ناخۆشی لێدێت، (ترۆتسكی) زیرەك بوو بەرلەوەی فرەستیار[13] بێت، لەبەرئەوە هەریەكە لەو كەم‌و كوڕیانە دیمەنێكی قوڵترو ڕاستەقینەتری بەدی دەكرد، دیمەن‌و ڕوخساری سەرزەنشتییەك كە مێژوو هەڵیگرتووە، بەڵگەش بوو لەسەر ئەوەی كە ڕوسیای قەیسەری لەدوڕیانی دووچاخی مێژوویدا دەخنكێنێت‌و گەشەكردنی ئەو دووچاخەش هەر لەناو ئەوەدا بەیەكتریدا هەڵ دەپژێنەوە[14]: ((ئەگەر مەسەلەی كشتوكاڵییانەی میراتی شێوەی وەرگیراو لەبەر بەری‌و

[12] مەزنە پیاوان: نبلاء
[13] فرەستیار: الحساس
[14] هەڵقژان: بەیەكاپژان: پێكداچوون: لێك وەئاڵان: تشابك

مێژووی ڕوسیای کۆن چارەسەرێکی لەسەر دەستی بۆرجوازی دەست بکەوتایەو ئاکامی بگەیشتایەتە دارِشتەیەکی گونجاو، ئەوا پرۆلیتاریای ڕوسی نەدەگەیشتە دەستگرتن بەسەر دەسەلاّتدا لەساڵی ١٩١٧دا، جا بۆ ئەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی سۆڤیەتی بەتەواوەتی پێبگات پێویست بوو لەهەمان کاتدا نزیك بوایەتەوەو بچوایەتە ناو دوو فاکتەری مێژویی جیاوازەوە، کە بریتین لە: جەنگی جوتیارانەو ڕاپەڕینی پرۆلیتاریا، کە یەکەمیان مانای بزوتنەوەی دیاری کردنی بەربەیانی پەرەسەندنی بۆرجوازییەو دووەمیشیان مانای بزوتنەوەی مۆژدەرە بەئاوابونی کۆمەڵگەی بۆرجوازی، ساڵی ١٩١٧هەردووکیان وەك ڕاستییەك وێنا دەکات))

ڕوونە کە مارکسایەتی لێك جۆشدانێکی توندو تۆڵی نێوان تیۆرو کارە، بەلاّم چاکسازی سۆسیال دیموکراتیو ستالینی بۆ ئەوە هاتنە پێشەوە کە ئەو بەپیتیەی لێ بسەننەوەو ملکەچی بکەن بۆ بەجێهێنانی کردارییانەی ئەو تۆ کە بتوانن لەچاکترین بارەکانیدا پارێزگاری لەمانەوەی دیمەنی شکڵو ڕوخسار بکات پاش مراندنی گیانی زیندەگی. بەم جۆرە مایتریالزمی دیالەکتیکی تەسك کرایەوە تا وای لێهات بو بەئالیەتێکی شێوە گەرایی ساکار، کە هیچ هۆشیارییەکی بەبەرەوە نەمێنێ جگە لەڕەنگدانەوەی فاکتەرە مادییەکان، هەروەك پێشتر بینیمان کە چۆن (بیلیمانۆڤ)و (کاوتسکی)و(مارکس) لەگەڵ (هیپۆلیتنی) مێژوونوس تێکەڵ دەکەن بەمەبەستی دانانی چەند یاسایەکی ئامادەکراو بۆ کارمەندانی سەندیکا ئەڵمانییە هەمیشەییەکانو کادرە جولاّوەکانی کۆمنترن، متوربەکردنی ئایینی ستالینیش هەر بەم میکانیزمەوە هاتووەتە کایەوە، تاوەکو ئامانجێکی سەیرو ئەفسانەیی لێ بکەوێتەوە، لەبەرئەوە جێی مارکسیەت پڕکرایەوە بەپەلەقاژەی چەسپاوو نەگۆڕ بەڵگە نەویستەکان دوای بەستنەوەیان بەهەندێ بەڵگەی ترو وتە پیرۆزەکانەوە، بەم پێیە، گەشەکردنی گواستنەوە کەوتە دەربەندی ڕوان یان لێکدانەوەی بیرۆکەکانی (باسکاڵ) درایە دەست شوانە مەڕەکان. بێگومان ئەو مارکیستەی پەیوەندی بەسەردەمی سەرمایەداری پەیدابووی ئاوابووەوە هەیە، بەگشتی هەر هەمووی لەو سنورە دەرناچێ مەگەر دوای گۆڕینی پەیوەندی بەرهەمی سەرمایەداری، بەلاّم ئەو وێنەی کتومتو ڕوونوسکراوەی کە





نابەسترێتەوە بەو سنورەی سروشتی مێژووییەکەی خۆی بەسەردا دەچەسپێنێ، جا ئەگەر (ترۆتسکی) لێدابڕینو بیخەینە لاوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ناتوانێت کەسێك بێنینەوە بەرچاوی خۆمان کە لەماوەی (٤٠) ساڵیدا مێژوونوسێکی ڕەسەنی مارکسیەت بووبێت جگە لە(بۆکرۆفسکی) کە لەساڵی ١٩٣٢دا کۆچی دوایی کرد. بۆرجوازییەت بیرۆکەی مارکسایەتی گەڕاندەوە بۆ سەرچاوەی کاتی لەدایکبوونەکەیو هەرزە ئایدۆلۆجیایەکی پەتیو شێوازێکی نمونەیی لەقەڵەمیدا کە تەعبیر لەهێنانەدی ئەو خەونانە دەکات کە هەندێ لەدواکەوتوانی چینە زەحمەتکێشەکان دەیانبینی، دوای ئەوەی بۆرجوازی دەستی کرد بەبەرپەرچدانەوەی بزوتنەوەی ڕێکخراوەیی کرێکاران، ئیتر بەردەوام کاری دەکرد لەپێناوی ماشینەوەی ئەم بزوتنەوەیەدا هەروەکو لەلایەکی ترەوە هەوڵیدا کە تێ بگات لەهەموو بنەما سەرەکییە بالاّکانی سەبارەت بەبیرکردنەوەی زانستییانەییو هەستکردنو تواندنەوەی لەناخی خۆیدا، دواتر لەچەند شێوازێکدا دابەشیکردو بە شێوەیەکی نایاب خستییەکار بۆ پەرەسەندنی زانستە کۆمەلاّیەتیو ئاویدیۆلۆجیەکان، تێکەلاّوکردنێکی هەرەمەکییانەی خواستو خەونەکانی لەساڵی ١٨٤٨دا، ئەمە وێڕای ئاوێتەکردنی مەسیحییەتێکی لارو وێر کە بەرەنجامی ئەو ڕاستکردنەوانە بوو کە خۆیان دەردراوی بارودۆخی گوزەرانی کرێکاران بوون.

بەم جۆرە پرۆگرامی خوێندنو وانەی مێژوو لەزانکۆکاندا باسی جەنگو ڕوداوەکانی نەدەکرد کە چۆن چۆنی ڕویانداوە بەڵکو وای لێهات کە مێژوو بوو بەوانەی بەدوایەکدا زنجیرکردنی ئەوەی کە مەبەستی بوو دیاری کردبوو. ئەم شێوازەش جگە لەوەی کە میکانیزمێکی ڕاڤە کردنە هیچی ترنییە، لەبنەڕەتیشدا دارِنینی ئەو بیرۆکەیە کە بەشێکە لەخودی مێژوو هەرگیز لێی جیا ناکرێتەوە، بەلاّم لەکتێبی (مێژووی شۆڕشی ڕوسیا)دا ئەم شێوازە پێچەوانە کراوەتەوە سەرلەنوێ یەکبونێکی بنچینەیی بۆ شێوازو ناوەڕۆك هێناوەتەوە کایە، یەکبونێك کە بەسیفەتێکی جیاکەرەوەی ناسینەوەی مارکسیەتو سەرجەم ئەو بیرۆکانە دادەنرێن کە یەکانگیرو مەعقولە، بەتایبەتیش ئەمەیان بۆ مارکسیەت لەهەموو بیرۆکەیەکی تر پێویست ترە، چونکە مارکسیەت جیهان تەنها لەپێناوی وەسفێکی پەتیدا وەسف ناکات، یەك بابەتیو یەکانگیری

سەرانسەری بۆیەکە بەیەکەی ساتەکانی ئەو دیمەنە درامایانەی وەك ئەوان لەبەرەو سەرکەوتنێکی خاوو ڕۆشن بڕۆن بەمەبەستی ساتی کردنەوەی گرێ کوێرەکەو بەیەکاچوونی وێنەو گێڕانەوەکانو شیکردنەوەو درێژە پێدانو شیکردنەوەی ئەو وردە ڕوداوانەی کە (ترۆتسکی) زۆر بەلێزانی مەدلولوکانی بۆ گەلاڵە کردووە، ئەم هەمووشتانەی باسمان کرد پەیوەندی ئالۆزی نێوان هۆشیاریو بزاڤی مێژووی هەرەمەکییانەی دیاری دەکەن لەڕێی ئەو بڕستو هێزەی لەناخیدایە هەر ئەم کارەش دەچێتە ناوەزارایی پشتی ئەو ڕوداوانەی کە وەسفیان دەکات.

جا ئەگەر مارکسیەت تەعبیری کەسێکی هۆشیار بنوێنێ دەربارەی پەرەسەندنی ناهۆشیارانەی مێژوو، ئەوا کتێبەکەی ترۆتسکی کۆتایی ئەو پەرەسندنەی دەنوێنێ.

ململانێی چینایەتیش لەکتێبی ترۆتسکیدا داینەمۆی مێژووە، هەر ئەوەیشە کە ڕەوتەکە دیاری دەکاتو ڕوخساری ڕاستەقینەی لەوململانێیەدا دەبەخشێتە بەشداران، وە (ترۆتسکی) هەر لەبەرێدا (فەلسەفەی بنیاتی کۆمەڵایەتی) ڕەواج پێدراو ڕەت دەکاتەوەو لەگەڵ خەیاڵو ئەندێشەی جێگیردا دەربارەی (بنیاتی کۆمەڵگای سەرمایەداری یاخود سۆسیالستی) کە لەخۆیدا دوور لەو ململانێ چینایەتییەی (ترۆتسکی) کاری لەسەر کردووەو بەشێك لەژیانی خۆی دایناوە، هەر بەوەش وازی نەهێناوە کە بنەمایەك بێ بۆ ڕاڤەو لێکدانەوەی مێژوو بەس، بەڵکو بەلایەوە بەشێکە لەخودی ئەم مێژووە خۆی.

## ٣. ڕۆڵی تاکە کەس لەمێژوودا :

(ترۆتسکی) لەبەشی کۆتایی کتێبەکەیدا (دوبارە چەکدار کردنەوەی حیزب)، کە لەوبەشەدا باس لەبایەخی یەکلایی کەرەوەی گەمەی لینینی دەکات، کاتێك ویستی سەرلەنوێ ئاڕاستەی ئەو حیزبەی بکات کە بەر لەسەر هەڵدانی (لینین) لەسەر ڕەوتی هاوکاریو پشتیوانی حکومەتی کاتی (میرلوفو) دەڕۆیشت، بەڕەخنەوە دەڵێت: ﴿(ئاخۆ پەرەسەندنی شۆڕش بەرەو کوێ بڕوات ئەگەر (لینین) نەگەیشتایەتە ڕوسیا لەئیپریلی (نیسان) ١٩١٧دا؟)﴾، ئەوە ڕوونو ئاشکرایە کە جگە لە (لینین) کەسێکی تر لەئارادا





نەبوو کە لەتوانایدا بێت هێڵی حیزبی بەلشەفی ڕاست بکاتەوە لەماوەی چەند هەفتەیەکدا، ئەگەرچی ئەویش لەڕۆژە سەرەتاییەکاندا سەرکەوتوو نەدەبوو ئەگەر پشتگیری ئەو گروپە کەمەی لەگەڵدا نەبوایە کە بریتی بوون لە کەسانێکی وەکو (ئەلکسەندرا کوللونتای، غالیغسکی)و ژمارەی کەمی کادیرانی پترۆگراد.

هەر (ترۆتسکی) خۆیشی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەداتەوەو دەڵێت: ((لینین دروستکەری پەرەسەندنی شۆڕشەکەی نەبوو، بەڵکو لەناو زنجیرەی هێزە هەموارەکاندا ڕێکخەرێکی لەبار بوو، ئەو بازنەیەکی گەورەی پابەندکردنەوەی ئەم زنجیرە هێزانەبوو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریش لە بەرەنجامی هەموو بارودۆخەکانەوە سەری هەڵداو پەیدا بوو. بەڵام پێویست بوو کەسێك هەبێ ئاڕاستەو جڵەوی ئەو دیکتاتۆریەتە نوێیە بگرێتەوە.

بەرپابوونی دیکتاتۆریەتەکە بەبێ بوونی حیزب مەحاڵ بوو، هاوکات حیزبیش لەباریدا نەبوو کە ئەرکی خۆی ڕاپەڕینێ بەبێ تێگەیشتن لێی، لەبەرئەوە بوونی (لینین) لەو قۆناغەدا پێویستییەك بوو کە نەدەکرا دەستبەردار بکرێ. شۆڕشیش لە نێوان لینینو مەنشەفیدا هیچ کەلەبەرێکی ئەوتۆی بەجێ نەهێشتبوو کە وەك کەلەبەری ناوەندی تەماشا بکرێ، ململانێی ناو خۆیی لەناو جەرگەی حیزبی بەلشەفیشدا کارێك بوو کە هەردەبوو ڕووی بدایەو نەدەکرا چاو پۆشی لێبکرێ.

((هاتنی لینین، بوو بەمایەی خێراتربوونی گەشەی کارەکان، وەکاریگەری کەسێتی ئەو بووە هۆی کەم کردنەوەی ماوەی قەیرانەکە، جا ئیتر دەکرێ بڵێین بەو پەڕی دڵنیایەوە کە حیزب لەتوانایدابوو بەبێ لینین ئەو دەرکەو دەرەتانە بدۆزێتەوە؟ ئێمە هەرگیز ناتوانین شتی لەو جۆرە بەدڵنیاییەوە پێشکەش بکەین، دوای ئەوە لێرەدا (کات)یش هۆکارێکی تری یەکلاکەرەوە بوو، کارێکی هەروا ئاسان نەبوو کە بەلای سەعاتی مێژوودا لابکەینەوە دوا بەدوای ڕوودانی ڕووداوەکان، بگرە لەنێوان مایتریالیستیو ئایدیالیزمیو قەدەر گەرایشدا هیچ نزیکایەتیو لێکچوونێکیش بەدی نەدەکرا، جا لەبەرئەوە ئەگەر (لینین) لەو کاتەدا نەبوایە ئەوا قەیرانی پەیدابوونی بارودۆخەکە کە بەهۆی هەڵسوکەوتی سەرکردایەتی هەڵخوازانەوە شێوەیەکی توندو تیژترو درێژخایەنتری

وەردەگرت، جگە لەوەی کە بارودۆخی جەنگو شۆڕش هەر خۆی گوشارێکی گەورەی خستبووە سەر حیزبو ماوەیەکی ئەوتۆی بۆ نەهێشتبووەوە تاکو ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، لەبەرئەوە بەدوور نەدەزانرا کە حیزبی پەراگەندەی کەرتو پەرتکراوی بارودۆخی شۆڕشگێڕانە، دەرفەتی گونجاوی خۆی بۆ چەند ساڵێکی تر لەدەست بدات، بەم جۆرە بۆمان دەرکەوت کە کاریگەری تاکەکەسی چەندە مەزنو گەورەیە، بەڵام دەبێ ڕاستیو ناوەڕۆکی ئەم کاریگەرییەش تێبگەینو بزانین کە کاریگەری تاکە کەسی وەك یەك بازنەی (بچوك) وایە لەناو زنجیرەی مێژوودا)).

(دویتشەر) لەبەشێکدا بەناوی (شۆڕشگێڕی مێژوو نووس)[١٥]دا، جەخت لەچەند خاڵێك دەکاتەوەو دەڵێت: ((ئەمە دەسکەوتێکە سەرسامبونی هەموو کەسێکی مارکسی دەوروژێنێ، سەبارەت بەم خاڵە تایبەتییەش دەبینین کە باری تێڕوانینی (ترۆتسکی)ی مێژوونووس بەشێوەیەکی گشتی کەوتووەتە بەر کاریگەری خودی ئەزموونی (ترۆتسکی)یەوە، وەك سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنێکی زاڵ لەڕووی بارودۆخی هزرییەوە. بێگومان بەرلەوەی کە بەشێوەیەکی کرداریانە کاری سیاسییانەی دوورو درێژی خۆی دەست پێبکاتو تێڕوانینی خۆی دەربڕێ بەرهەڵستی نەریتی بیروبۆچوونی مارکسییەتی دەکرد))، دواتر(دۆیتشەر)کەوتە سەر توێژینەوەی (نەریتە مارکسییەکان) لەبەر ڕۆشنایی کتێبی (ڕۆڵی تاکە کەسی لەمێژوودا)ی بلیخانۆڤ، هەر لەم کتێبەیشەوە هەندێ بەڵگەی هەڵگواستووەو جەختیش لەسەر نالۆژیکی ئەو گریمانەیەش کردووەتەوە کە دەڵێت: ((کەوتنە خوارەوەی تەنها خشتێك لەمیچ[١٦]و دیواری یەکێك لەخانوەکانی زوریخ لەسەرەتای ساڵی ١٩١٧دا بەسە بۆ گۆڕینی چارەنووسی مرۆڤایەتی لەم سەردەمەدا)) وە ئەو جیاوازیەی ترۆتسکی لێرەدا دەیخاتە ڕوو، بیرۆکەیەکی هەڵقولاوی ناخی بارو دۆخەکانە.

واش دەبینێ کە (ترۆتسکی) خۆی داناوە بەکەسێك کە لەبەرەبەیانی خولقاندنی ئۆمەتگەرایی چوارەمیدایەو وەك لینینی ساڵی ١٩٧١ وایە، کە ناشکرێ کەسێکی دی

---

[١٥] ئەم بەشە لەکەرتی سێهەمی کتێبی (ترۆتسکی)دا هەیە کە (ئیسحاق دویتشەر) نوسیویەتی.

[١٦] میچ: سەقف: بنەبان





جێگەی بگرێتەوە، ((پێویستییەکی ئەوسا بووە، چونکە پێی وابوو کە سەرۆك لینین ـ لەساڵی ١٩١٧ یان ئەویان لەساڵانی سیو چلەکاندا ـ کەسێك ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە، لەم بڕوایەشەوە هێزێکی تەواوی دەستە بەرکردوو، بۆ ئەو کۆششە پاڵەوانێتییەی کە لەیەکبونیدا داویەتی..))

بیرۆکەی (بلیخانۆڤ) بەسادەییەکەیدا دەناسرێتەوە، ئەمەش وەکو هەموو بیرۆکەیەکی میکانیزمییانەی ترە، بیرۆکەکەیشی لەو لێك دژبوونە ناو خۆییەی کە ئەو بیرۆکە دیالەکتیکانەی بێ وەسف دەکەیت کە هەوڵی وێناکردنی لێك دژە تایبەتییەکان دەدەن لەڕووی پەیوەندی نێوان جیهانی دەرەکیو هۆشیاری، سەرەڕای هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنیشیان، (بلیخانۆڤ)یش دەڵێت: ((گەلێك جار تاکە کەس کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لەسەر کۆمەڵگەو ناشێت بۆ کاریگەرییەکەش بۆ ئەو ڕێگەیە دیاری بکرێ کە ڕوداوەکان دەیگێڕنەوە، چونکە لەباریدا هەیە هەرساتێك بێ لایبدات یان دوای بخات، یاخود خێراتری بکات ـ واتا ڕووداوەکە ـ))، باوادابنێین کە (ڕۆبسپیر) لەحیزبەکەی خۆیدا کەسێك بووە دەست بەرداری بین، بەڵام ئەگەر بۆ نمونە لەیۆنیۆ (کانوونی دووەم)ی ١٨٧٣دا ناوبراو بمرێت بەهۆی کەوتنە خوارەوەی خشتێك بەسەریدا، ئەوا بێگومان کەسێکی تر جێگەکەی دەگرێتەوە، ڕووداوەکانیش هەر لەڕۆبسپیر کەمتر بێتو ئەگەر گوللەیەك لەجەنگی (ئەرکۆل)دا (پۆناپارت)ی بکوشتایە، ئەوا جەنەڕاڵەکانی تر دەهاتنو هەمان کاریان درێژە پێدەدا کە ناوبراو لەهێرشە ئیتاڵییەکانیدا دەیکردو...هتد))، هەمان قسە بەسەر (٨)ی برۆمبیرو ڕۆژانی دوایشدا دەچەسپێ، چونکە دوبارە دروستکردنەوەی سیستمەکە پێویستی بە (شمشێرێکی چاكو بڕندە) بوو، ئەوانەی کە بۆ ئەو ڕۆڵە دەستە بژێر بوون، زۆر بوون، گەیشتنی یەکێك لەوانەش بەو پلەو پایە، مانای واپێویست بوو لەسەری بێ بەزەییانە لەئەوانی تر بداتو کەسێتی ئەو کەسەش بڕوخێنێ کە لەناویاندایەو لەوانەیە ببوایە بەسەرکردەش، بەکورتی: کەسە گرنگەکان بەهۆی بیرو ئەدگارو گیانو ناخیانەوە، دەتوانن ڕاستکردنەوە بکەن لەشێوەی

تایبەتی لەڕووداوەکانداو ئەنجامەکەشی کەمەکییە[١٧]، بەڵام دەستەوەستانن بەرانبەر بەئاڕاستەی گشتی کە لەلایەن هێزەکانی ترەوە دیاریکراوە)).

ئەم بیرۆکەیەی بلیخانۆڤ زۆر توندو پڕو پێکەوە بەستراو دیارە، پشت بەتێڕوانین بۆ مێژوو دەبەستێ، وەك زنجیرەیەکی دەرەکی لێك جۆشدراو بنیاتنراوە، لەبەیەکاچوونی ئەو هۆکارو کردارانەوە هاتووە کە بەهەموویانەوە زنجیرەیەکی لۆژێکی پێك دەهێنن، بەڵام (ترۆتسکی) بایەخ بەساتەوەختەکانی ئەو قەیرانە دەدات کەخاڵی دەستپێکردنی ململانێی نێوان چینی ژوروو خوارەوەو هێشتا هەموو توانا مێژووییەکەی نەخستووەتە گەڕو نەپژاوە، ئەمەش وایکردووە کە سەرەنجامی ململانێکە لەماوەیەکی کاتیانەو دیاریکراودا ئاڵۆزبێت (بلیخانۆڤ) وا دەبینێ کە (کار) خۆی ئەندامو کار هەڵسوڕێنەر بۆ خۆی دەخولقێنێ، جا ئەگەر ئەو چینە پێویستی بەئاڕاستەکردنی سیاسییانە هەبێت، یان بەسەرکردەیەکی لێهاتوو، ئەوا هەر لەناخی چینەکەی خۆیەوە ئەو ئاڕاستەو سەرکردەیەش هەڵدەقوڵێ، هۆکارە پێویستەکانیش بۆ ئەو هەڵقوڵاندنە بەو بارەدا وەردەسوڕێت کە لەبەرژەوەندی کارەکەیدایە، بەڵام گۆڕانکارییەکان دەستەوستانن لەبەرانبەر ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی شتەکاندا بەشێوەیەکی قووڵ.

(ترۆتسکی) ئەم بیرۆکەیە ڕەت دەکاتەوە کاتێك دەڵێت: ((لێرەدا کات هۆکارێکی یەکلایکەرەوەیە))، ماوەکاتیەکان واتە(الأزمنة المؤقتە) شتێکی بنچینەین، دیسانەوە ئەو شتانە هەربنچینەییە کە سەرکردەکە لێیان تێبگاتو ئاڕاستەیان بکات، (دۆیتشەر) بەهەڵەداچوو بوو، ئەو بەهەڵەداچوونەیشی هەموو بەڵگەکانی پوچەڵ کردەوە کاتێك پێ لەوە دادەگرێ ـ گوایە ـ (ترۆتسکی) ئەم بیرۆکەیەی لە ١٩٣٠دا خستووەتەڕوو بۆ ئەوەی قەوارەی خۆی پێ گەورە نیشاندات، کەچی لەڕاستیدا (ترۆتسکی) بۆ یەکەمجار هەر لەساڵی ١٩٤٢وەو پاش هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەڵمانی بیرۆکەکەی خستبووەڕوو، تیایدا شکست هێنانی شۆڕشەکەی ئەڵمانیا بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە کە سەرکردایەتی حزبی شیوعی ئەڵمانی دوو دڵو ڕاڕا بووەو ڕیسوایی پێ براوە، ئەمەش لەپێشەکی بەشی سێهەمی کتێبی (وانەکانی ئۆکتۆبەر)دا ڕوونی کردووەتەوەو دەڵێت: (ئەگەری

---

[١٧] کەمەکی: لێرەدا مەبەست لە(جزئی) یە، هەروەها (بەشەکی)یش ڕاستە





ئەوە دەکرێت کە شۆڕشەکە دووچاری دارمان بێتەوە، ئەگەر (لینین) پەنا نەباتە بەر حیزب تاکو لەگەڵیدا پشتیوانو هاوهەڵوێست بێت بۆ دژایەتی کردنی لیژنەی ناوەندی، بەڵام خۆ هەموو حیزبەکانیش بەخت یاوەریان نییەو(لینین)ێکیان نییە تاکو بۆ بەرهەڵستی کردنی بارودۆخێکی هاوشێوەی ئەو بارودۆخە بوەستێتەوە. هێزی هەموو حیزبێکی شۆڕشگێڕیش تا ئاستێکی دیاریکراوەو زیاتر نابێت، پاشان ئەو هێزەش کەم دەکاتو دەپوکێتەوە، کاتێکیش جەماوەر هەستی بەوە کرد کە حیزب ناهەمواریو گەندەڵی تێدا دەرکەوتووە ئاواتو خواستەکانیان دەگۆڕێن بۆ بێ هیواییو نائومێدی، دوژمنیش ئەم نائومێدیە دەقۆزێتەوەو سودی لێوەر دەگرێ، نمونەی ئەم گۆڕانو هەڵگەڕانەوە دژوارەمان لەبەرچاوە لەشوێنێکی وەکو ئەڵمانیادا لەمانگی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)دا ١٩٣٢دا، هەروەها ڕوسیاش گەیشتە کەنارەکانی هاوشێوەی بارودۆخەکەی ئەڵمانیا لەپایزی ساڵی ١٩١٧دا، خۆ ئەگەر چەند هەفتەیەك بوەستاینایە ئەوا هەمان گۆڕانکاری ناهەموارانە ڕووی دەدا، لەبەرئەوە (لینین) چاك پێکای کە گوتی : (یان ئێستا یان هەتاهەتا)).

(بلیخانۆڤ)و دۆیتشەر دەیانەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە خەیاڵ ئەوشتەیە کە پاڵمان پێوە دەنێ بۆ ئەوەی باوەڕ بکەین کە پیاوی گەورە کەسێکە ناکرێ دەستبەرداری ببین چونکە گەیشتنی ئەو کەسە بەوپلەوپایە پاڵی پێوە ناوە بۆ دورخستنەوەی ئەو کەسانەی کە دەشێت پێشبڕکێکاری بونایە، بەڵام ئەی دیسانەوە ئەوەشیان لە خەیاڵ نییە کە پێشتر حوکمی کوێرانە بدرێت بەسەر شۆڕشە لەباربراوەکاندا یان بڕوامان وابێت کە شۆڕشە سەرکەوتووەکان بەبێ ماندوبوون سەریانگرتووە؟ بیرکردنەوەو باوەڕی لەوجۆرانە مانای هەڵگەڕانەوەی تەکتیكو ستراتیژیەت بۆ گاڵتەو گەپێك کە هیچ واتاییەکی نییە لەکاروانی ئەو مێژوەدا کە بەوپەڕی چەسپاوییەوە هەنگاو هەڵدەگرێ هیچ شتێك ناتوانێ بیوەستێنێ، ئەم بۆچونە لەبۆچونە تۆکمەکانی (بلیخانۆڤ)ی مەنشەفییە، بەڵام بەڵشەفییەکان هەر لەساڵی ١٩٠٣وە هەموو ئەوشتانەیان وەلا ناوە کە پەیوەندی بەقەدەر گەرایی هۆکارەکانەوە هەیە، هەروەها ئەو شتانەشیان بەرپەرچداوەتەوە کە دەبنە مایەی هاندانی خۆبەخشانەی ئەوتۆ کە فریودانی کەسانی شۆڕشگێڕی لێ دەکەوێتەوە

بەرانبەر بەئاستی هێزی ڕاستەقینەی کەسەکەو وای لێدەکات کە نەتوانێت ئەوەی دەیەوێت بیکات یان لەکوێ دەیەوێت یان ئازادی لەهەڵبژاردنی ئەوسات‌و کاتەدا کە دەیەوێت.

ئەم پەیوەندییە لەنێوان (سەرکردە)ی شۆڕشگێڕو مێژوودا پەیوەندیەکی لێکدانەوەیە، (ترۆتسکی)یش هەر بەلێکدانەوە دەری بڕیوە، هەروەکو لە (٥)ی ئەپریلی(نیسان) ١٩٣٢ـ واتا پێش شۆڕشی شکست خواردوی ئەڵمانیا ـ لەبەردەم ئەندامانی کۆنگرەی حەوتەمی حزبی شوعی ئۆکرانیدا گوتی: ((بێگومان ئێمە دەزانین کە چینی کرێکاران سەرکەوتن بەدەست دەهێنن بەهۆی ئەو هێزەوە کە هەیانە، وە یەکێك لەسروودە نیشتمانییەکانیشمان دەڵێت: ((کەسێك نییە کە ڕزگارکەری باڵا بێت، یان تاکە پاڵەوانی مەزن بێ ـ واتا تاکە کەسی دەوری نییە ـ ئەمەش ڕاستە، بەڵام کاتێك ڕاستە کە لەسەر ئاستی حیسابی مێژووییانەی کۆتایی دابێت کە بەوە چینی کرێکاران لەکۆتایدا هەر سەردەکەوێت، لەتوانای ئەو چینەشدایە کە سەربکەوێ تەنانەت ئەگەر (کارل مارکس) نەشهاتایەتە ژیان‌و بوونەوە، یان ئەگەر (ئۆلیانۆڤ، لینین)یش نەبوایە، ئەوا چینی کرێکاران هەر دەیتوانی ئەوبیرۆکانەی بڕسکێنی[18] کە پێویستی پێیان هەیە، لەگەڵ ئەو شێوازو کەرەسانەی کە دەیەوێت‌و تەواوکەری کارەکەن، بەڵام بێگومان ئەمەیان کاتێکی زیاتری پێویست دەبوو))، ئەمە گەشبینییە لەڕادەبەدەر بەجەماوەرێکی هەرەمەکی‌و کارێکە ناگونجێ لەگەڵ هێڵی (چیبکرێت؟)دا، ڕەنگە لەبارودۆخی ئەوسادا واباو بوبێت یان هۆکارێك بوبێت بۆ زێدەگوێی[19]، (لینین) ماوەی یەك مانگی ڕەبەق ناچار بوو کە ورتەی لێوە نەیەت‌و بێ دەنگ بێت، پێویستیش بوو کە سەرلەنوێ متمانە بگەڕێتەوە بۆ کادرەکانی حیزبە پەشێوەکە، لەمارس (ئازار)ی ١٩٣٥دا (ترۆتسکی) لەیاداشتنامەکەی خۆیدا نووسیویەتی: (( ئەگەر لینین یان منالی بەترسبۆرگ نەبوونایە ئەوا شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕووی نەدەداو سەرکردایەتی حیزبی بەلشەفیش قەدەغەو ڕێگری ڕوودانی ئەو شۆڕشەی دەکرد))، پاش چەند مانگێك، واتا

[18] ڕاسکاندن: ڕاسکان : قورسکردن، ڕسکاندنی بیر: وضع الأفكار واعفاء المجال لها كي تنمو طبيعياً

[19] زێدەگوێی: المبالغة في المدح والوصف





لەمانگی نۆڤمبەر (تشرینی دووەم) ١٩٣٥دا لەوتارێکی خۆیدا بەناونیشانی ((بۆچی ستالین بەسەر ئۆپۆزسیۆندا سەرکەوت؟)) جەخت دەکاتەوەو دەڵێت: (مارکسییەکان بەوە لەقەدەریە ڕووکەشینەکان[20] (وەکو لین بلۆم، بۆل فۆرو.. هتد) جیادەکرێنەوە کە هەرگیز نکۆڵی لەگرینگی‌و لێهاتوویی‌و بوێری ڕۆڵی تاکە کەس ناکەن لەململانێی کۆمەڵایەتیدا.

بەڕاستی سەرکردایەتی ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەیەو هەرگیز پرۆلیتاریا ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێ بەبێ بوونی سەرکردایەتی ڕاست‌و ڕەوان، بەڵام باشترین سەرکردایەتیش ناتوانێ مەشخەڵی بڵێسەی شۆڕش داگیرسێنێ، ئەگەر بارودۆخی بابەتیانەی شۆڕش لەئارادا نەبێ)) بەڵام بەهەوایەکی تر داو لەلایەکی دیکەوە دەچێتەوە سەرتۆڕی جاڵجاڵۆکەو پێوەی دیارە کە پشت بەم باسەی دەبەستێ تاکو بەشێکی تر بوروژێنێ بەناوی (بۆچی ستالین سەرکەوت؟)). لەکتێبی ((شۆڕشێکی شکست))دا دەڵێت: ((خەسڵەتی سەرکردەش کاردەکاتە سەرئەنجامی جەنگەکان، بەڵام ناشێت تاکە هۆکاری یەکلاکەرەوەو هەریەکە لە بەرە سەربازگە بەگژیەکداچووەکان پێویستیان بەسەرکردەیەك هەیە کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو وێنەیەی کە دیاری دەکەن، بەلشەفیەکانیش بەهۆی لێهاتوویی سەرکردەکەیانەوە بوو سەرکەوتن بەسەر دیموکراتییە بەرجوازییە بچکۆلەکەدا بەڵکو بەهۆی کودەتا هێزاوسەنگ[21] کەیانەوە بوو، دوای ئەوەی پرۆلیتاریا توانی جوتیارە کلۆڵ‌و زەحمەتکێشەکان ڕابکێشنە ناوخۆیەوەو هاوهەڵوێست لەگەڵ خۆیدا دژی بۆرجوازییەت ڕاستیان بکاتەوە))

ئەم خودکارییە پڕبایەخەی لەوڕێژەگەرایەی کە جێی خۆی گرتووە لەڕوی بابەتی‌و خودی‌و هۆشیاری‌و هێزە ئابووری‌و کۆمەڵایەتیەکاندا ئاڵۆزیی ڕۆڵی سەرکردەو (گەورە)ی شۆڕشگێڕی تێدا بەرجەستەبووەو ڕەنگی داوەتەوە، کاتێك دەبینین کە گەورە(زەعیم) یان سەرکردایەتی بەرەو بێدەسەڵاتییەکی تەواوەتی دەچێت کاتێك بارودۆخ دەرفەتی گونجاوی کارکردنیان بۆ نارەخسێنێ، یان دەتوانێت بڵێت ئەو ڕوداوانە بۆ ساتێکی کەم

[20] قەدەریە ڕووکەشبینەکان: القدريون السطحيون

[21] کودەتا هێزاو سەنگ: کودەتای هاوسەنگ کردنەوەی تەرازووی هێزەکان: انقلاب موازين القوىٰ ڕێگەل: بۆ ئێرە گونجاوە بەرانبەر (طرق)

ڕادەوەستێت (لەکار کردن) لەدوڕیانی ڕێگـەلی[٢٢] مێژوویـدا، کـە دەتوانێـت لـەوبارەدا هێزەکـانی جـەماوەری سـەرکوێر[٢٣] ئاڕاسـتەو ڕێونومـا بکـەن، ئەگـەر وەك پێویـست دوربینیو بوێریان تێدابێت.

(کە بۆ ئەوهەلومەرجە پێویستن)، هەمیشە فرمـان ـ الوظیفـة ـ دروسـتکەری ئەنـدام نابێتو دەشێت جاروبار ئەندامێك لەبەرایی[٢٤]دا یان لەدوایدا دروست بێتو هەڵقوڵێ، ماوەکاتییە زیادکراو سەپاوەکان بەسەرمێژوودا دەبنە مایەی خۆخولڤاندنی بونەوەری[٢٥] شەلوشکست، (ترۆتسکی) لەسەرەتای ئەم بەشـەی کتێبەکەیـدا بەدوورودرێـژی دەدوێـتو وادیـارە دەیـەوێ لێکنەچوونی ڕاسـتەقینە بـۆ کـەمترین شـێوە بترازێنـێ، کـە دەڵێـت: ((دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەرەنجامی هەموو بارودۆخەکەیە بەگشتی، بـەڵام پێویـست بوو کە ئاڕاستەش بکرێت، ئەو دیکتاتۆرییەتەش بەبێ حیزب مومکین نەبو بـەرپا بێـت، حیزبیش نەیدەتوانی کاری خۆی ڕاپەڕینێ تاکو بەتەواوەتی لێی تێنەگەیشتبایەو لـەخۆی نەگرتبایە[٢٦] لەبەرئەمیشە کە گرینگی بوونی لینین ـ لەوکاتەدا کارێکە ـ نکـولی لێنـا کرێو نابێ فەرامۆش بکرێ))، شۆڕشیش لەڕێڕەوی کـاروانی خۆیـدا دەری خستووە کـە چەند گەورەو سەرکردەیەك ئەو نرخو بەهایانـەی پێنـەدەبڕا کـە لەسـنورو ئاسـتی ژیـانو ناوی ئاسایی خۆیان تێپەڕیایە ئەگەر شۆڕشی هەڵنەگیرساندایە، بـەڵام خـودی شۆڕشـیش ئەم سەرکردانە لەنەبونەوە ناخولڤێنێ، ناشـتوانێت (کـامنییف) بکـات بـە(لیـنین) یـان کەسێکی ئاسایی ـ جادۆئاسا ـ بکاتە خواوەندێك کە هەموو شتێکی لەدەستبێ، دەشـێ پێویـستبوونی کۆمـەڵایـەتی بـەس بێـت بـۆ خولڤانـدنی ئەمینـدارێکی گـشتی، بـەڵام هەروەکوچۆن لەهەندێ بارودۆخداو هەر لەبەراییـدا سـەرکردەی شۆڕشـگێڕ پەیـدا دەبـنو دەردەکەون، کەچی بارودۆخی واش هەیە کە قەیرانـەکانی شـۆرش پێیـدا تێپـەر دەبێـتو

---

[٢٢] ڕێگەل: بۆ ئێرە گونجاوە بەرانبەر (طرق)

[٢٣] جەماوەری سەرکوێر: جماهیر عیماء

[٢٤] بەرایی: مبکر، هەژار موکریانی، چوارینەکانی خەیام، زانستو کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٤ .

[٢٥] بونەوەر: کائن

[٢٦] لەخۆگرتن: مەبەست لە (إستعاب)ە لێرەدا





ناشبێتە هۆی دەرکەوتنو سەرهەڵدانی هیچ سەرۆكو سەرکردایەتییەکی ئەوتۆ کە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو قەیرانەیان هەبێتو مێژوو درووست بکەن.

## ٤. توێژینەوە، یان سەربوردی کاتیی :

(شـارل ئۆلییڤیـە کاربۆنیـل) خـاوەنی دوایـن کتێبـە کـە دەربـارەی شۆڕشـی ڕوسـی نوسرابێ، دانەری کتێبەکە دەڵێت: ((کە ئەم کتێبە تایبەتە بە جـەماوەرێکی فـراوان))، نـاوبراو لـەکاتی ناوهێنـانی سەرچـاوەکانی کتێبەکەیـدا دەکەوێتـە ناوباسـی کتێبەکـەی (ترۆتـسکی) یـەوەو دەربـارەی دەڵێـت: ((ئەمەکتێبێکـە جێگـەی بایەخـە، بـەڵام پـڕە لەئارەزوکاریو پەشێوییەکەشی بەهێندی جوانییەکەیەتی، لێوان لێویش پڕە لەگێڕانەوەو سەربوردی ڕووداوەکان بەپێی کاتێکی[٢٧] ئەوتۆ کە ڕوونیو دڵنیایـان تێدانییـە، لەگـەڵ چـەند شـایەتنامەیەکی راڤەنـەکراودا، لەزۆربـەی جارەکانـدا، ئەمـەوێڕای زاڵبـونی ئیعتبارگەلێکی فەلسەفی ـ مێژوویی تێیدا شێوازێکی ئاڵۆزو تەکنیکی مارکسییانەی ساختەو دەستهەڵبەستە لەداستانو لەو دروشمە پڕ لەشانازیانەی کە لەنەگریسییە میشلی یەکان دەچێت، هاوکات سکاڵایەکی کارامانەیە بۆ کەسێکی دەربـەدەرکراو کـە مێـژوو وەك چەکێك دژی ستالینێتی بەکار بهێنێ)).

بابگەڕێنـەوە بـۆ قـسەکانی (ئـەربۆنێل) کـە دەربـارەی گێڕانەوەیـەکی کاتیانـەی بـۆ دڵنیایی دەدوێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەو کتێبەی (ترۆتسکی) کـە دەگاتـە (١١٠٠)لاپـەڕە تەنهایـەك هەڵەیشی تێدا بەدی ناکەین

ئەگەرچـی کەوتنـە ناوهەڵـەیش شـتێکی مـەحاڵ نییـە، دەزانـین کـە بۆنمونـە کاتێـك (پترۆگراد) کۆبونەوەی گشتی بەشداربوانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەخۆیـەوەبینی لـە(٧)ی نۆڤەمبەری (تشرینی دووەم) ١٩٢٣ ، واتـا سـێ سـاڵ دوای شـۆڕش، وێـڕای گێڕانـەوەی یاداشـتەکان، دەستەوەسـتانی هـەموو ئامـادەبوانی پێوەدیـارە، لەوانـەش (ترۆتـسکی) سەبارەت بەدیاریکردنی مێژووی گرینگترین ڕوداوەکان، ئەگەرچی بەشـێوەی نزیکـەییش

---

[٢٧] کاتان: کۆی (کات)ە .

بێت، بڕی هەڵەکە دەگاتە چەندهەفتەیەك... کەچی لەگەڵ ئەوەشدا زنجیرەی بەدوایەکدا ڕیزکردنی ڕووداوەکان بەپێی مێژووی ڕوودانیان لای (ترۆتسکی) ڕاستو تەواونو هیچ تەپوتۆزێکی گومانیان پێوەنییە، بەڵام (ترۆتسکی) نەهاتووە خشتەیەکی کاتی بۆ ڕووداوەکانی شۆڕش دابنێ (چونکە ئەو خشتەیە هەر خۆی لەبنەڕەتدا هەبو، ئەوەبوو لەیەکێتی سۆڤیەتدا لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٢٣ ـ ١٩٣٠ دەرکەوت) ئەو ـ (ترۆتسکی) ڕووداوەکانی لەسەر ڕاستەهێڵێك ڕێزنەکردووەو ئەمەش ئەم جۆرە خوێنەرانە دەخاتە هەڵەوە کە خۆیان لەسەر خوێندنەوەی کتێبی وانەی مێژووی قوتابخانە ڕاهاتون. (ترۆتسکی)ش بایەخ بەوەنادات کە کتومت ڕووداوەکان بەپێی کات ڕیزبەند بکات، بەڵکو خاڵی سەرەکی لەلای ئەو بەزنجیرەی ڕووداوەکان بۆ ئەوەیە کە وەکو هۆکارێك بەکاری بهێنێ بۆ دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە لۆژیکیو ژیانەی بەدوای یەکدا هاتنی کاتی ڕووداوەمەبەستەکان (العلاقات المنطقية والحياتية لتعاقب أزمنة الأحداث و أهدافها)پاسادان دەکات، هۆشیاری پێگەیشتوتر دەکەنو باری هزروبیری جەماوەری پرۆلیتاریاو جوتیارو سەربازەکان دەوروژێنن، جگە لەمانەش دەبێ ئەوەش بزانین کە گرینگترین مێژوو هێشتا لەلایەن خۆیەوە ـ لەخودی خۆیدا ـ نابێتە شتێکی بنچینەیی ـ پەتی ـ.

لەکتێبەکەی (ترۆتسکی)دا تەنها یەك هەڵەی کردارییانەی تێدایە کە هەندێ بایەخی هەبێتن ئەم هەڵەیەیشی لەتوێژینەوە ڕەخنەئامێزە گرنگەکەی خۆیدا لەبارەیەوە دواوەو دەڵێت: ئەوبەشە((هاوتایەکی نییە لەسەرجەم ئەوکتێبانەدا کە لەوبارەیەوە نوسراون)) ترۆتسکیش لەوبەشەدا باسی خۆی دەکات ـ کە گوایە ـ خۆی سەرۆکی لیژنەی سەربازی شۆڕشگێڕی بووە، لەکاتێکدا هەرگیز ڕاستییەکەی وا نییە، (ترۆتسکی) خۆشیی پۆزشت بۆئەو پڕوپاگەندەیەی وادەهێنێتەوە کە بەشداربوانی کۆبونەوەی ڕۆژی (٧)ی نۆڤەمبەر (تشرینی دووەم) ١٩٢٠یەکێك لەبەشداربووەکان (مینخۆنۆشین) بووەو ناوبراو یەکێك بووە لەئەندامە دیارو چالاکەکانی ئەو لیژنەیە، بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە ئاخۆکێ لەوکاتەدا پلەی سەرۆکی پێبڕاوەو وایان خستووەتە بەرچاو کە ئەوپلەیە شایستەی (ترۆتسکی)یە، (ترۆتسکی)ش خۆ خاوەنی ناسنامەی ئەولیژنەیە نەبووە کە





لەگەنجینە داخراوەکاندا بووە، بەڵکو ئەم ناسنامە پلەدارییەی لیژنە کە لەساڵی ١٩٦٦ ـ ١٩٦٧دا بڵاوکراوەتەوەو دەریشکەوتووە کە لەوکاتەدا (لازمیر) سەرۆکی لژنەکەبووە، کە پیاوێکی چەپی سۆسیالستی شۆڕشگێڕبووەو لە١٣ ـ ٢٧ی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم) پلەی سەرۆکی هەبووەو دواتر بۆ (دفۆیسکی) شوێنەکەی ئەوی گرتووەتەوە، خوێندنەوەی ناسنامەی پلەدارەکانیش وانیشان دەدات کە ناوی سەرۆك ـ لەلیستەکەدا ـ لەسەری سەرەوەی هەمووناوەکاندا بووەو واژۆی[28] سەرنوسراوەکەشی بەپێی ئەم ڕیزبەندیەبووە: ((لازمیر، بۆدۆخۆیسکی، مینخۆنۆشین، سادوفسککی، سکرایبنیك، سفردلۆڤ، ئۆریتسکی))، ئەوانەی کە بەڵگە نامەکانی لیژنەی سەربازی شۆڕشگێڕانەیان بڵاوکردۆتەوە دەڵێن: ((دیاریکردنی بەرپرسیارێتی لەلیژنەی سەربازی شۆڕشگێڕانەدا مەرج نییە هەر بەوشێوەیە بوبێت کە دیارە، چونکە سیفەتێکی شێوەییە[29] واژۆی سەرۆكو رازگر[30] لەڕیزەکەدا لەپێش واژۆی ئەندامانی لیژنەکەوە هاتوون، ئەوساش سەرۆکایەتی کردنی لیژنەکە لەشێوەی کۆمەڵەکەدابوە ـ نەك تاکەکەسی))، ڕۆڵی سەرەکی لەناو ئەم سەرکردایەتیە بەکۆمەڵەدا زۆرینەی بەر ترۆتسکی کەوتووە، وەك سەرۆکی سۆڤیەت بترۆگرادو سەرۆکی کردەیی (فيعلي) لیژنەی سەربازی شۆڕشگێڕانە.

بەم جۆرە کتێبەکەی ترۆتسکی تەنها بەدوایەکدا زنجیرەکردنی ڕووداوەکاننیە بەپێی کاتی ڕوودانیان، هەروەکو کتێبێکیش نیە کە دانەرەکەی بۆ پیاهەڵدان بەسەر قەدوباڵای خۆیدا نوسیبێتی، خۆیشی وەك پاڵەوانێك لە کتێبەکەیدا ناناسێنێ، بەڵام هەوڵدەدات خۆی وانیشان بدات کە یاریدەدەرێکی (لینین) بووە لەساڵی ١٩١٧ەوە لەپشتی لینینەوە وەك سیاسەتمەدارێك بەشاراوەیی کاری کردووە، بەمەش لەرۆڵی ڕاستەقینەی خۆی کەم کردۆتەوە، کتێبی((ژیانم)) داستانی (ترۆتسکی)یە، بەڵام ((مێژووی شۆڕشی ڕوسیا)) داستانی پرۆتالیتاری ڕوسیاو کرێکارانی پترۆگرادو دەریاوانەکانی بەڵتیقو

---

[28] واژۆ: امضاء

[29] سیفەتی شێوەیی: الصفة الشكلية

[30] رازگر: أمين سر

بەڵشەفیەکانە سەرەڕای ئەوەی کە داستانێکی پڕ لەوێنەی لینینە لەڕێی هەموو ئەوانەی پێشووترەوە بەگشتی.

لەگەڵ ئەوەشدا ترۆتسکی لەتۆمەتی بێ لایەنی ڕزگاری نەبوە، ب. د. ۆڵف دەڵێت: ((قەڵەمی ترۆتسکی بەوەتاوانبار دەکات (کە پەردەی لەسەر ڕاستییەکانی کەسە تێکشکاوەکان لانەداوە))، لەم بوارەدا (ئەندرزیبح ستاوار) قولتر بۆی دەچێ‌و دەڵێت: ((ئێمە هەر لەلاپەڕەکانی سەرەتاوە دەبینین کە مێژوونووسەکە شوێنەکەی خۆی وازلێ دەهێنێ بۆ پیاوێکی سیاسەتمەداری ئەو تۆ کە بەرگری لەچەمکەکانی دەکات دژی دوژمنەکانی‌و سروشتی ئەم چەمکانەیشی بۆلایەنگرانی ڕوون دەکاتەوە، ئەم کارەی (ترۆتسکی)ش بریتییە لەهەوڵێك بۆ گۆڕینی ئەو ئەفسانە ستالینییە ڕەسمییەی کە بەهەموو ڕەوانبێژییەکیەوە هێرشی دەکاتە سەر تاکوبیکات بەئەفسانەیەکی تری خاوەن ئامانجی تەکتیکییانە، (ترۆتسکی)ش ئەفسانەیەکی نوێی تری دروستکراوە کە زۆر دوور نییە لەئەفسانەی دوژمنەکەی))، (ستاوار) سەبارەت بە (ئەفسانە) لێرەدا مەبەستی لەوەیە کە ڕەنگە بەهۆی سادەیی‌و بێ فیزییەکەی خۆیەوە نوسیبێتی، بەڵکو ئەو پێی وایە کە (ترۆتسکی) بەهۆی سادەیی‌و بێ فیزییەکەی خۆیەوە دەیەوێ باس لەناکاو دەرکەوتنی ئەستێرەیەك بوروژێنێ کە زۆر بەخێرایی لەساڵی ١٩١٧دا درەوشایەوە، ئەگەر ئەو مەبەستەیشی نەبوبێ، ئەوا بێگومان مەبەستی لە((ئەفسانە)) ئەوبیرو بۆچون‌و چەمکانەی (ترۆتسکی)یە کە ـ (ترۆتسکی) خۆی ـ باسیان ناکات‌و خۆی لەوانە دەبوێرێ لەم کتێبەدا.

لەڕاستیدا ڕەخنەکانی (ستاوار) جۆرێك لەشانازی تێدایە بۆی، بەڵام پەراگەندەیی‌و هەڕەمەکیشی تێدا بەدی دەکرێ، تەنانەت ڕستەی سەیر سەیری بەکار هێناوە، وەکو: ((بەشێوەیەکی زۆر جیدی‌و ساکار))و ((بەشێوەیەکی زۆر تەنگ))و ((تارادەیەکی زۆر ساکار))، کە بەهەموویان ئەکادیمییەتێکی زۆر چەق بەستوو دەدردەخەن، ئەم جۆرە ڕەخنەگرتنەش پشت دەبەستێ بەچەمکێکی مێژوویی ئەوتۆ کە نەخشەکانی شۆڕشی





١٧٨٩هەڵدەگوازرێت[٣١] و دەیانبات بەسەر شۆڕشی ١٩١٧دا دەیانچەسپێنێ، (ستاوار) پێی وایە کە مێژووی شۆڕشی ڕوسیا لەفەبرایر (شوبات)ەوە تاوەکو ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم) هیچ شتێکی ئەوتۆنەبووە جگە لەوەی کە ململانێی نێوان یەعقوبییەکان‌و گیرۆندییەکان بووە، بەڕاستی جێگەی سەرسامییە کە پشت ببەستێ بەولێکچوونە دێرینانەی کە زیاتر لە (١٥٠)ساڵیان بەسەردا تێپەڕیوە، وێڕای ئەوەی کە (ترۆتسکی) خۆیشی ئاماژەی بەوەکردووە لەساڵانی نێوان ١٩١٧و ١٩٣٠دا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بناغەیەکی گشتی ئەو ڕەخنانەیە کە لەکتێبی (مێژووی شۆڕشی ڕوسیا)دا دەبینرێت، هاوکات بووشن بەمایەی خۆگیڤ کردنەوەیەکی (ترۆتسکی) بۆپاکانەکردنی ڕەفتارەکانی خۆی‌و بەرزراگرتنی هەڵوێستەی مێژووی ـ خۆی ـ

## ٥. مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دوای ترۆتسکی :

(دۆیتشەر) لەهەمان بەشدا کە پێشتر باسمان کردو لەکتێبەکەیدا بەناوی (ترۆتسکی) دەڵێت: ((تائێستاش مێژووی شۆڕشی ڕوسیا لەیەکێتی سۆڤیەتدا بەو شێوەیە نەنوسراوەتەوە کە جێگەی بایەخ بێت، بەڵام کتێبەکەی (ترۆتسکی) دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (٥٠)ساڵێکیش بەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەردا بایەخی خۆی هەر هەیەو تاکە مێژووی سەرجەم شۆڕشەکە بگرە لەوانەیە لەگرینکترین کارو فرەترین بەڵگەش بێت ـ لەوبارەیەوە ـ هەر لەباشترین نوسراوە دەگمەنەکانیش کە لەسەر شۆڕشی ڕوسیا نوسرابێ لەساڵی ١٩٣٢دا نامیلکەیەك بوو لەزنجیرەی Que sais کە لەلایەن ئیف. ئیکس کۆکانەوە نوسراوە.

هیچ دانراوێکی قەبەو گەورە لەم بارەیەوە نییە(وەکو نوسینەکانی (جیراوالتەر)، (جان پیرئۆلیڤییە)، (شارل ئۆلیڤییەکاربۆنیل) ئەوانی دیکە هەمویان نوسینی سادەو ساکارن، هیچ شتێکی تازەیان تێدا نییە، مرۆڤ بەخوێندنەوەیان داناچڵەکێ‌و هەست بەڕەشەباو گەردەلول‌و هەڕای جەنگ ناکات، بەڵام کاتێك کتێبی(جەنگە ناسراوەکە)ی

---

[٣١] هەڵدەگوازرێت: هەڵگواستن، هەڵێنجان، هەڵکڕاندن، لێکردنەوەی شلەیەك یان مادەیەك لە بارستەکەی بۆ توظیف کردنی لەشتێکی ترداو بەکارهێنانەوەی .(فەرهەنگی خاڵ)

(ڤۆلین)ی لێ هەڵداوێرن[٣٢] بەخۆیو ئەوتیشکە باسانەی کە دەیانخاتە سەر جیهانی ئاژاوەگێڕ لێك هەڵوەشاوەکانی ڕوسیاو بزوتنەوەی (ماخنوفی) بۆمان دەردەکەوێ کە چ باسێکی دوورودرێژە دژی دەوڵەت ـ وەحشی خوێناوی، پرۆفیسۆر (کار)یش کەنوسەرێکی مەزنە کتێبێکی گەورەی نوسیوەو لەسێ بەرگ پێك هاتووە بەناونیشانی((شۆڕشی بەلشەفی)) بەڵام بەتەواوەتی لەبارەی هەرشۆڕشی فێبرایرو ئۆکتۆبەرەوە نەدواوەو زۆرتیایاندا ڕۆنەچووە، تەنها لەسێ لاپەڕەدا لێیان دواوە، لەسەرەتای ئەوبەشەدا کە لەبارەی ئەو دوشۆڕشەوە دەدوێ دەڵێت: ((ئێمە زۆر پێویستیمان بەنوسینەوەی مێژووی ئەومازیندە هەیە، و گەلێ بەڵگەنامەی هەڵگوازراومان هەیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەرچاوە بنەڕەتییەکانەوە وەرگیراونو لەوانەش لەڕوانگەی تێڕوانینی کتێبە نایابەکەی (میلۆکۆڤ)ە کە ناوی((مێژووی شۆڕشی دووەم))ە، هەروەها لەبارەی کتێبی ترۆتسکی((مێژووی شۆڕشی ڕوسیا))ەوە دواوە، کەچی دوای ئەو پێشەکییە هیچ شتێکی ئەوتۆ باس ناکات جگە لەنیشاندانی وێنەی ڕووداوەکان ـ بەنوسین ـ و شیکردنەوەی شۆڕشی فێبرایرو ئۆکتۆبەر ئەویش بەشێوەیەك باس دەکات کە هانمان دەدات بۆ ئەوەی باوەڕ بەتەنگە تاوی خۆمان بکەین لەبەگژاوەستانەوەی ئەو چالاکییەدا کە ئەو بەزیندوو ناوی بردووە(مارك فیرۆ)ش دواهەمین کەسە کە مێژووی شۆڕشەکەی نوسیوەو هەوڵی داوە شۆڕشەکە بدۆزێتەوە لەناوجەرگەی بەدوایەکداهاتنی ڕووداوەکاندا، بەڵام دیارە ئەم جۆرە هەوڵانە مەحاڵنو بگرە زۆریش مەحاڵن ـ کە بەرهەمێکیان هەبێ ـ

لەڕۆژگاری ژیانی (ترۆسکی)دا کتێبو نوسراوە سۆڤیەتییەکان بەشەرمەوە نەبوایە لاپەڕەکانیان هەڵنەدەدراونەوەو لەپێشانگاکاندا نمایش نەدەکران، بۆ نمونە لەجەژنی پەنجا ساڵەی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی (ناووکا)سێبەش لەبەڵگەنامە تایبەتییەکانی لیژنەی پرتۆگرادی سەربازی شۆڕشگێڕانەی چاپو پەخشی کرد، وە ئەوکەسانەی کە بڵاویشیان کردەوە لەپێشەکی چاپی یەکەمدا نوسیبویان: ((چاککردنی ئەم جۆرە بەڵگەنامەو کەرەسە تایبەتییانەی سەر بەلیژنەی پرتۆگرادی

[٣٢] هەڵاوێران: هەڵبواردن: استثناء





سەربازی شۆڕشگێڕانەن، بەیەکەم ئەزمون دادەنرێ بۆ چاپکردنی ئەو زانیاریانەی لەناو جەرگەی قوڵایی کتێبەکاندا هەنە)).

(مێژووی شۆڕشی ڕوسیا) لەڕۆژگاری (ترۆتسکی)دا تەنها بەئاڕاستەی ڕاڤە[٣٣]دا تازە دەکرایەوە. وەپاشان نوێکردنەوە بەئاڕاستەی دوجەمسەری تەواودا هاتە ئاراوە، کە بریتییە لەئاڕاستەی چەمکی پۆلیسیانە بۆ مێژوو[٣٤].

لەساڵی ١٩٣٦دا لەمۆسکۆ کتێبێك کەوتە بازاڕەوە لەچواربەرگدا، بەناوی ((مێژووی شۆڕی ڕوسیا))، ئەم کتێبە لەلایەن چەند کەسێکەوە نوسراو سەرپەرشتی کرا کە بریتی بون لە (مەکسیم گۆرکی، ف، مۆلۆتۆڤ، ك. فۆرۆشیلۆڤڤ، سێرج کیرۆڤ، ئا. گدانۆڤ. ج. ستالین)، ئەم کتێبە بەرپەچدانەوەیەکی ئاشکراو ڕاشکاوانە بوو، بۆ ئەم کتێبەی (ترۆتسکی)، ئەو ڕشتەیەش کە لەسەر کتێبەکە نوسرابوو: ((ئامادەکراوە لەژێر چاودێری ئەو لیژنەیەدا کە ناویان نوسرابوو)) ڕشتەیەکی زۆر نایابو هەرگیز ئەگەری ئەوە نەدەکرا کە هەریەکە لەوانەی ناویان هاتووە لەهاوبەشیکردنی ڕەمزی زیاتر شتێکی ئەوتۆیان تێدا نەنووسیوە کە ئەوەش لەسنوری چاودێریو سەرپەرشتی کردنی کتێبەکەدا بووە، بۆنمونە: (ستالین) هەرگیز نەیتوانیوە بەتەنها بۆخۆی شتێك بنوسێ، جگە لەوتار یان نامیلکەی ئەوتۆ کە لەپرسیارو وەڵام پێکهاتبێ، هەروەها (مۆنۆتۆڤو گدانۆڤو فۆرشیلۆڤی)ش نەیانتوانیوە لەسنوری ئەو وتارە ئامادەکرانەوە لابدەن کە بۆ نەوەکان دەنوسران، هەر ئەم قسەیە بۆ (کیرۆڤ)یش ڕاستە، ژیاننامەی (کیرۆڤ)یش دێتە باس کە (کراسنیکۆڤ)ی نوسەری سۆڤیەتی نوسیویەتی، تاکو جەخت لەوەبکەنەوەو دڵنیابن کە هەرگیز ئەو ـ کیرۆڤ بەشداری نەکردووە لەدانانی کتێبدا، (گۆرکی)یش هەستی بەبونی حەزو ئارەزویەکی تایبەتی نەکردووە ـ لەخۆیدا ـ دەربارەی مێژوو، بونی ناوەکەیشی لەناو ئەم کۆمەڵەیەدا ـ کەگوایە ئامادەکاری کتێبەکەن ـ تەنها بۆ بەرپەچدانەوەی (ترۆتسکی)یە، ئەمەش کارێکی پڕ لەگاڵتەجاڕیەو مایەی پێکەنینە، خۆ ئێمە تاکو ئێستاش لەبیرمانە کە لەئۆکتۆبەردا بابەتێکی نوسیو لەڕۆژنامەی (نۆڤایا جیزن)دا

[٣٣] ڕاڤە: لێکدانەوە: تفسیر

[٣٤] چەمکی پۆلیسیانە بۆ مێژوو: مفهوم التحقيقي والتفسيري للتأريخ وتسجيل الأحداث حسب ترتيب وقوعها، اي المفهوم المزدوج المتكامل للتأريخ.

بڵاوی کردەوەو تیایدا حکومەتەلاوەکەی سۆڤیەتی وەسف کردبوو بە (ئۆتۆکراتیەتی دڕندەکان)و (لینین)یش بە(جادوگەری درۆزن)و (شێتی بێ سەرەو بەرە) ناوبردووەو وابانگەوازی بڵاوکردووەتەوە کە (لینین و دەست و پێوەندەکانی پێیان وایە کە دەتوانن هەموو تاوانێك بکەن)، ئەم هۆکارە بەڕێی دامەزراوەیەکی لیژنەی مەڵبەندییەوە بۆ بەهۆی خولڤاندنی نمایشی بالیەیەکی[35] سەرسوڕهێنن کە کارەکتەرە ڕاستەقینەکان لەناو بینراوەکەدا خۆیان دەشاردەوەو تاکو جێگەکەیان بەجێبهێڵن بۆ گەورە کاربەدەستانی سەردەم، هەر بەوجۆرەش (شلیابنیکۆڤ، بریوبراجینسکی، ئۆجین بۆش، زالۆتسکی، کییورۆڤ، تشۆگۆرین، سمیاغا، بۆخارین، پیاتاگۆڤو....هتد)، خۆیان شاردەوەو دیارنەمان لەشانۆگەری (ستالین لەوڵاتی شتەسەیرەکاندا) کە لەم شانۆگەریەدا (ترۆتسکی) هەوڵدەدات دەسەڵاتی سۆڤیەتات کاولبکات بەهاوکاری خائنە سیخنەکان[2][36] وەکو: (زینۆڤیف، کامنیف، سۆکۆلنیکۆڤ، رایازانۆڤ)، هەروەها هەمان قسەش ڕاستە مێژووی نوسراوی شۆڕشی ڕوسیا کە لەیەکێتی سۆڤیەت چاپکراو سەری هەڵدا بەناوی ((مێژووی شۆڕی ئۆکتۆبەری سۆسیالستی گەورە)) کە هەریەکە لە(سۆبۆلیف، غیمبلیۆن، ترۆکان، تشیبابیڤسکی)، بەشداریان لەدانانی ئەو کتێبەدا کردەوەو بەشێکە لەو جیهانە سەیرەش، وێڕای ئەوەی کە هەندێ ڕاستکردنەوەشی تێدایە، تائێستاش ئەو کتێبە لەهەوڵی ئەوەدایە قەناعەتمان بۆ دروستبکات دەربارەی چەند شتێکی وەکو ئەوەی کە مەڵبەندی ـ بنکەی ـ سەربازی شۆڕشگێڕانە، کاکڵەی ناوەندی بنچینەیی لیژنەی سۆڤیەتی پترۆگرادی سەربازییە، کە ئەم کەسانەی لەخۆگرتبوو: (بۆبنۆڤ، دزیر جینسکی، سفر دلۆڤ، ستالین، ئۆرتیسکی)، جائەگەر زانیمان کە دۆزینەوەی هەرشوێنەوارێکی چالاکییەکانی ئەم بنکەیەی کە مێژوونووسە ستالینییەکان لەنەبوون و بوژاندویانەتەوەو هەر لەسەرەتای دروستبونییەوە کەوتووەتە ناویەوەو بەلشەفییەکان بەسەریدا ڕابوردون و وازیان لێهێناوەو لەجێی خۆی ماوەتەوەو بەڵگەنامەکانی لیژنەکەی پترۆگرادیان دەست هەڵبەستانە داناوەو کارێکی مەحاڵە، ئەوا

---

[35] بالیە: بالی: جۆرە نمایشێکی سەماو نواندنە

[36] سیخن: ڤین لەدڵ: مغرض





قەناعەتیش بەوە دەکەین کە ڕێگەی نێوان ئەفسانەو ڕاستی تائێستاش ڕێگەیەکی دورودرێژە.

لەلایەکی ترەوە سەبارەت بەم حیکایەتە، هیچ تەنها پەرچەکتێبێکی[37] (کاتکۆڤ) هەیە بەناوی((شۆڕشی ڕوسیا))، تائێستاش لەم کتێبەدا تەنها بەرگی یەکەم دەرچووە، ئەویش تایبەت بەو ئامادەگیانەی کەپێش فێبرایر بوون، بەڵام ئەم بەرگە بەسە بۆئەوەی کە باشترین دەربڕین بێ دەربارەی ((قوتابخانەی پۆلیسیانەی خۆرئاوا)) (کاتکۆڤ) سەر لەنوێ دەیەوێ جارێکی دیکەش بەناوی (ئالان مۆریهاد) لەکتێبی ((لەدایکبوونی شۆڕشی ڕوسیا))کەیدا نوسیویەتی و، هەرگیز هیچ بایەخێکیشی نەداوەبەو بیرۆکەو چەمکانەی کە منشەفییەکان جیادەکاتەوە لەسۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان، یاخود لەبەلشەفییەکان، وایان دادەنێ کە هەموویان هەمان ڕوخساری هاوبەشیان کە لەیەك کودەتادا کۆبونەتەوە، (کاتکۆڤ) وادەبینێ کە شۆڕشی فێبرایر بەرەنجامی Revolutionierrungs politik،ە کەکاتی خۆی هێلڤاند ـ پارفۆس بانگەشەی بۆکردبو، ناوبراو یەکێکە لەگەورەو پێشەوا چەپەکانی سۆسیالستە ئەڵمانییە دێرینەکان و یەکێکیشە لەکۆنە هاوڕێکانی (ترۆتسکی)، هەر لەزوویشەوە توانیویەتی خۆی دەوڵەمەند بکات بەهۆی سەرقاڵبونیەوە بەکاروباری ئازادەوە، ئەو پێی وایە کە شۆڕشی سۆسیالستی جیهانیی یەکێکە لەبەرهەمەکانی تێکشکاندنی دەسەڵاتی ڕوسیا بە بەرژەوەندی دەوڵەتە پرۆسییەکان، ئەمەش هانیدا بۆپێکهێنانی گروپێك کە لە(١٠)بەکرێگیراو پێکهاتبوو(کاتۆڤ ناوی ئەو دە کەسەی ئاشکرانەکردووە) بایەخ و هەوڵیان بۆ هەڵگێڕانەوەی حوکمی ڕوسیا بووە، پاشان(کاتکۆڤ) دێتە سەرباسی هۆکاری سەرکەوتنی ئەو تورەییە لەشۆڕشی فێبرایرداو هۆکارەکەیشی گەڕاندووەتەوە بۆ توانای دارایی و سامانی ئەوان و ئەو کودەتا ژێربەژێرو تێك ئاڵاوانەی کە دەیانکردن، دواتریش هۆی سەرکەوتنەکەیان دەگەڕێنێتەوە بۆ (لینین)، (کاتکۆڤ) لەم بارەیەوە پێمان دەڵێت: ((ئەگەر سویدییەکان ڕێگەیان نەدایە بەپەنابەرە سیاسییەکان تاکو لەوڵاتی سویدەوە بپەڕنەوەو دزەبکەن، ئەوا سوپای ئەڵمانی لەچەند هێڵێکی ناوجەرگەی بەرەکانی جەنگەوە

---

[37] پەرچەکتێب: مەبەست لەپەرچەکتێب ئەو کتێبەیە کە بۆ بەرپەرچدانەوە دانراوەو (فعل) نییە، بەڵکو (ردّ فعل)ە.

ڕێی دەرچوونیان بۆدابین دەکردن)، بێگومان ئەوانەشی دامەنیان هەڵدەکردو بەهەوای قاچانو وەك ڕێ ڕۆیشتنە نمایشێك هەنگاوی هاوسەنگانەیان هەڵدەگرت..

بەم جۆرە کرداری ڕاڤەکردنی شۆڕشی ڕوسیا لەسەرچاوەکانی (بۆنسۆن، تیڕای، یان فلیمنگ)ەوە تێروپڕکراوە، هەموو ڕووداوێکی مێژوویش خەیاڵی ئەوکەسانەی وروژاندووە کە مێژوو بەپێی نمونەکانی (ئال کابۆنی) دادەبڕن، بەڵام بەردەوام بونی ڕاڤەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەشێوەی پۆلیسییانەی درێژەی هەیە ئەگەرچی (٥٠)ساڵ بەسەر ڕوودانیشیدا تێپەڕیوە، ئەوەیشی بێگومان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە مێژووی شۆڕشی دوچاری نەزۆکی هاتووە بەهۆی دوو فاکتەرەوە: خراپی سەرچاوەی ستالینیەکانو دوەمیشیان گەورەیی و مەزنی(مێژووی شۆڕشی ڕوسیا)یە کە (ترۆتسکی) نوسیویەتی، دوای ئەم تێزەمارکسیانەیەی شۆڕشیش، هەرکەسێکی تر هاتبێت هیچ ڕێگەیەکی تری لەبەردەمدا نەبووە، مەگەر هەر شوێن پێی هۆمیرییەکانی[٣٨] هەڵگرتبێ ولەبارەی کوشتارو لەناوبردنی بۆقو جرجەوە دووابێت.

**جان جاک ماری**

---

[٣٨] هۆمیرییەکان: شوێنکەوتوانی هۆمیرۆس.





## پێشەکی ئەلفرێد رۆسمەر

نووسینی کتێبی ((مێژووی شۆڕشی ڕوسیا)) لەماوەی نێوان کۆتایی ساڵی ١٩٢٩و ١٩٣٣دا لەپرینکبۆ ئەنجامدرا، خانەی چاپی (ڕەیدریش) چاپی یەکەمجاری کتێبەکەی کرد کە وەرگێردرابوو بۆزمانی فەرەنسی لەدوتوێی چواربەرگدا لەساڵی ١٩٣٣ ـ ١٩٣٤دا، لەساڵی ١٩٣٩شدا ژمارەیەکی کەم لەم کتێبە چاپکراوە نەبێت نەمابووەوە کە ئەویش لەلایەن پیاوانی غۆستابۆی ئەڵمانییەوە سوتێنرا، لەبەر ئەوە خەڵکێکی زۆر بەوپەڕی تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی چاپکردنەوەی ئەم کتێبەیان دەکرد ((گەشتێکی یاداوەری نایاب))، هەروەکو لەم دواییانەدا، یەکێك لەڕەخنەگرەکانی ڕۆژنامەی (لەندەن تایمز)وا ناوی بردووە، چونکە لەڕاستیدا ئەم کتێبە کەلەبەرێکی گەورەی پڕکردبووەوە.

(ترۆتسکی) لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٩دا دورخرایەوەو شاربەدەرکرا، دەربەدەرکردنی ئەویش بۆ دەرەوەی ڕوسیا ئەوە دەگەیێنێت کە تائەوسایش ئۆپۆزسیۆنی شیوعی وازی لەخەباتکردنەهێناوە دژی ئەوسیاسەتەی کە سەرکردایەتی حزبی شیوعی ڕوسی پەیڕەوی دەکرد، خەباتکردنێك بو کە (ترۆتسکی) لەدەرەوەی وڵاتیشەوە چاودێری دەکردو لەو بەڵگەنامانەش پێکهاتبوو کە (ترۆتسکی) توانی بیانپارێزێو لەگەڵ خۆیدا بیانباتو زۆربەشیان پەیوەندیان بەژیانی ئۆپۆزسیۆنو چالاکییەکانیەوە هەبوو، هەر لەوساتەوە کە تێکۆشەرەکانی بەتاریکایی بەندیخانەو زیندانەکان ئاشناکران، یاخود لەشارەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا پەرتەوازەدەکران، بۆیە دەبینین کە کەرەسەی پێویستی ئامادەدەکرد ـ کەرەسەی خاو ـ بۆدانانو نوسینی دووکتێب کە دوای ئەو ڕاستەوخۆ هەردوکتێبەکە دەرچوون لەژێر دووناونیشانی: ((شۆڕشێکی شکست))و ((ئۆمەتگەرایی شوعییەت دوای لینین)).

(ترۆتسکی) پێداچوونەوەی ژیاننامەی تەواوکرد لەدووتوێی کتێبێکدا ئامادەی کرد بەناوی ((ژیانم)) کە لەبنەڕەتدا بەهاندانی بەڕێوبەری (خانەی فیشەر فیدلاغ) بۆ چاپو پەخش نوسیبووی، هەر کە گەیشتە برینیکپۆ نوسەرو پەخشکارێکی ئەمریکی بەناوی

(تشارلز بۆنی) ناسییەوە، کە پێشتر لەساڵی ١٩٢٠دا (ترۆتسکی) بینیبووی لەمۆسکۆ، ناوبراو ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆهەر نوسین و بەرهەمێك کە(ترۆتسکی) کردو پێی گووت: ئەوەی کە ئەمڕۆ لای خوێنەران پێویستەو نەبونیشی کەلەبەرێکی دروستکردوەو گشت لایەك چاوەڕوانی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەکەن ((مێژووی شۆڕشی ڕوسیا))یە، پێشنیارەکەی (ترۆتسکی) بزواندو بۆنوسینی کتێبێکی لەوجۆرە، ئەگەرچی (ترۆتسکی) ئامادەیی نوسینی ئەو کتێبەی کەمتر تێدابوو بەبەراورد لەگەڵ ئامادەبوونی بۆ کتێبی ژیاننامەی خۆی، ئەو ـ ترۆتسکی ـ دەیویست هەموو تواناو هێزێکی خۆی بخاتە گەڕ بۆ بەرگریکردن لەرژێمی سۆڤیەت بەوڕەنگ و شێوەیەی کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری لێکەوتەوە، بەڵام پیاوە نوسەرە پەخشکارەکە سووربوو لەسەر پێشنیارەکەی خۆی و بەوەش وازی هێنا کە توانی ڕەزامەندییەکی سەرەتایی ـ وەك گفتێك ـ لە (ترۆتسکی) وەربگرێت، پاش چەند مانگێکیش لەگەڵ کۆمەڵ و گروپە ئۆپۆزسیۆنە شیوعییەکانی ئەوسای سەرانسەری جیهاندا بەست و بەوەش تین و متمانەیەکی تری تێکەوتەوە سەبارەت بەدەستکەوتنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی کە پێویستی بوون ـ بۆ کارەکەی ـ وێڕای ئەوەی کە کتێبخانەیەکی گەورەیشی لەمۆسکۆ لەدەست چووبوو، جگە لەژمارەیەکی کەمی ئەوکتێبانە نەبێ هیچ شتێکی ئەوتۆی لەبەردەستدا نەبوو، بڕیاری دا بەنووسینی ئەم کتێبە قەوارە گەورەیەو پێش نزیکەی بیست ساڵێکیش مێژووی شۆڕشی ١٩٠٥ی نووسیبوو، جگەلەوەیش خۆشی بەشداری ئەو شۆڕشەی کردبوو، هەروەها ڕەگەزێکی سەرەکیش تیایدا، یەکەم کەسیش بو کە سەرۆکایەتی سۆڤیەتی کردوە لە((سان بتروسبۆرگ))ەوە، ئێستاش بووەتە کتێبێك کە مێژووی شۆڕشی ١٩١٧ی لەخۆگرتووە بەهەردوو قۆناغەکەیەوە: شۆڕشی فێبرایەرو شۆڕشی ئۆکتۆبەر، دیارە ئەم پڕۆژەکاریەش زۆر لەکارەکانی پێشووی مەزنترە، کوڕە تازە پێگەیشتوەکەی خۆشی (لیۆن سیدۆڤ) لەسەر ڕێنومایی و ئاڕاستەکارییەکانی باوکی دەستی کرد بەگەڵاڵەکردنی بەڵگەنامەکان، هەموو ڕوداوو وتەو قسەکان بەتەواوەتی کۆکرانەوەو چاویان پێدا خشێنرایەوەو هەڵسەنگێنران، (ترۆتسکی) حەزی لەکاروباری تێروتەسەل و بێ کەموکوڕی و بوو، لەسەروو ئەویشەوە دەیویست ئەم کارەی هەر





زۆرچاك و نایاب بێ، بۆیە سێ ساڵی تەواوی تەمەنی خۆی تەرخان کرد بۆکارکردن سەرومڕ لەوکتێبەدا، لەنۆڤەمبەری ١٩٣١دا (لیۆن سیدۆڤ) نووسیبووی ((ئێستا باوکم لەبەشی دووەمی مێژوەکەیدا وەك کۆیلەی ناوکێڵگەیەك کاری تێدا دەکات ـ و خۆی بۆیەکلایی کردووەتەوە)).

دەرچوون و بڵاوکردنەوەی بەشی یەکەمی کتێبەکەی دەنگدانەوەیکی زۆر گەورەی هەبووە، بوەمایەی سەرسامییەکی زۆرێك لەخەڵکی، بەتایبەتیش لەئەمریکاو ئینگلتەرادا، ((تشارلیز ئابیارد))ی عەمیدی ئەوسای مێژوونووسە ئەمریکییەکانی گوتی: ((مێژووی شۆڕش)) ((یەکێکە لەگەورەترین یەڵگەنامە کەسایەتی و مێژوویەکانی ئەم سەردەمە))، خەڵکی زۆریش سەرسام بوون کاتێك بینینیان کە یەکێك لەدروستکەرانی شۆڕش توانای ئەوەی هەیە کە وەك مێژوو نووسێك کاربکات، (هارۆڵد لاسکی) ئەوهەستە گشتیەی کە خەڵکی لەناوەندی ڕەخنەگرە بەریتانیەکاندا هەیانبوو ـ بەرامبەر کتێبەکە ـ ئاوا دەردەبڕێ و دەڵێ: ((ئەمەگرینکترین کتێبە کە تاکوئێستا هەبێت دەربارەی شۆڕشی ڕوسیا یەکێکە لەوکتێبانەی کەناکرێ هیچ کەسێك لەوانەی مێژووی هاوچەرخ دەکۆڵنەوە خۆیانی لێ گێل بکەن، هەموو لایەکمان دەزانین کە ترۆتسکی نووسەرێکی گەورەیە، بەڵام لەم بەرهەمیدا بەتایبەتی خۆی ماندوو کردووە))و، سنوری خۆشەویستی تێپەڕاندوە وەك نوسەرێکی گەورە.

ئەو دەقەی کە بۆزمانی فەرەنسیش لەلایەن (باریجانین)ەوە وەرگێڕدراوە، پوخت و هاودەقە لەگەڵ کتێبە بنەڕەتیەکەی ترۆسکیدا، (ترۆتسکی) خۆیشی جەختی لەو ڕاستییەی کردووەتەوەو بەچەند بڕگەو پەراگرفێکی فەرەنسییە کە واچووەتەوە، ئەوەش شتێکی سروشتیە کە هەندێ هەڵەی چاپ و وەرگێڕان لەکتێبێکی قەوارە گەورەی وادا هەردەبێت، بەڵام بارودۆخیش ڕەخسا کە ئەم هەڵانەش ڕاست بکرێنەوە بەپێی ئاڕاستەو ڕێنمایی نووسەری کتێبەکە ـ واتا ترۆتسکی خۆی ـ، بەوماوەیەدا کە ترۆتسکی لە(کۆیۆکان)بوو، لەزستانی ١٩٣٩ ـ ١٩٤٠دا، داوای لێکردم کە ئەو کتێبخانەو بەرهەمانەی ئامادەی کردبوون بیانێرێ بۆ کتێبخانەی _هارفارد) بۆی ڕێك بخەم، چونکە دانانی کتێبەکانی لەوکتێبخانە جیهانیەدا پارێزراوترو مسۆگەرتر بوو وەك لەوەی

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

لەماڵی خۆیاندا بێت، هەرلەو ماوەیەدا لەگەڵ خۆیدا پێیداچوونەوەمان کرد بۆ چەند بەشێك لەکتێبەکەی (مێژووی شۆڕشی ڕوسیا) وەك ئامادەکاریەك بۆ سەرلەنوێ چاپکردنەوەی کتێبەکەی، منیش ڕاهاتبووم لەگەڵ شێوازەکەی ئەوو وشەو زاراوانەی بەکاری دەهێنا، ئەوەشی زۆریارمەتی دام تاکو دڵنیابم لەهەندێ ڕستەو وشەی دەقەوەرگێردراوەکە بۆسەر زمانی فەڕەنسی کە بەتەواوەتی ئەو مانا وردەیان بەدەستەوەنەدا کە دانەر ـ واتا ترۆتسکی ـ مەبەستی بوو منیش هەموو سەرنجی وێنەکانی خۆی تۆمارکردوەو دواتر پشتم بەو وێنانە بەست بۆ باربۆکردنی[٣٩] ڕاستکردنەوەو پێویستییەکان بۆ کتێبەکەو نزیککردنەوەی دەقە فەڕەنسیەکە لەدەقە بنەڕەتییەکە ـ ی کتێبەکە.

یەکێك لەبەرهەمە لابەلایەکانی شۆڕشی ڕوسی بریتیە لە ڕانانی هەندێ وشەی ڕوسی بۆ ناوهەموو زمانەکانی تر، وەکو: سۆڤیات، بەڵشەفی، مەنشەفی، لەبەر ئەوە ئەم وشانە لەوپەڕی وردیدا چەمكو واتای سیاسیان گرتووەتە خۆ، لەگەڵ ئەوەشدا کە وەرگێڕانی خودی ئەو وشانە تەنها لەمانای (کۆڕ، دەستە) تێپەڕناکات یاخود تەنها (تاکە کەسێك لەزۆر)و (تاکە کەسێك لەم)، کاتی خۆشی بەڵشەفیو مەنشەفییەکان ئەندام بوون لەیەك تاکە حیزبدا، کە (حیزبی کرێکاری ـ سۆسیالدیموکراتی ڕوسی)بووە بەڵام دواتر لەیەکتری جیابونەوە لەیەکێك لەکۆنگرەکاندا، دیسان دواتر لەکۆنگرەکانی دواییدا یەکیانگرتەوە، بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆمان دەردەکەوێ کە یەکگرتنەوەیان هەر لەسەر مێزی گفتوگۆو لەماوەی مانگی یەکەمی شۆڕشی فێبرایرداو بەر لە (ئەلفرێد ڕۆسمەل) فێبرایر (شوباتی) ١٩٠٥ گەرانەوەی لینین بۆ ڕوسیا خرابونە بەرباس.

---

[٣٩] باربۆکردن: الخزن والأدخال والتمويل.





مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

## پێشەکی نووسەر

لەماوەی دومانگی یەکەمی ساڵی ١٩١٧دا، هێشتا ڕوسیا لەژێر دەسەڵاتی حکومڕانی پاشایەتی خێزانی (ڕۆمانۆڤ)دابوو. دوای هەشت مانگ بەڵشەفییەکان جڵەوی کاروباریان گرتە دەست، هەرچەندە لەسەرەتای ئەوساڵەدا نادیارو نەناسراوبوون، سەرکردەکانیشیان لەکاتی چوونە سەرەوەیان بۆ دەسەڵاتداری تاوانبار کرابوون بەخیانەتی گەورە، بەلاشمانەوە گرانە کە لەنمونەکانی مێژوودا ڕووداوێکی هاوشێوەی ئەم گۆڕانکاریە لەناکاوە بدۆزینەوە، بەتایبەتیش ئەگەر ئەوە بیری خۆمان بێنینەوە کە کارەکە پەیوەندی بەمیلەتێکەوە هەیە ژمارەیان خۆی لە (١٥٠)ملیۆن کەس دەدات، ئەوەشیان ڕوونو ئاشکرایە کە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٧گرنگو شایانی ئەوەشن توێژینەوەیان لەسەر بکرێ، جا تێڕوانینی ئەو کەسەی هەڵسەنگاندنەکە دەکات هەرچۆنو هەرجۆرێك بێت .

مێژووی هەرشۆڕشێك لەشۆڕشەکانیش وەك هەر مێژوویەکی تر وایە، بریتیە لەتوێژینەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو زانینی ئەو شێوەیەی تیایدا ڕوویداوە، بەڵام تەنها ئەمەش بەس نییە، بەڵکو پێویستە بگەڕێینەوە بۆ زنجیرەی سەربوردو بەدوایەکدا ریزکردنی ڕووداوەکان خۆشیان، تاکو بەڕوونی بزانن بۆچی ڕووداوەکان بەوشێوەیە ڕویانداوەو شێوەیەکی تریان وەر نەگرتووە، ناشکرێ توێژینەوە لەسەر ڕووداوەکان وەك توێژینەوەی زنجیرەیەك سەرکێشی[٤٠] وابێت، هەروەکو نابێت ریزکردنەکەشیان یەك بەدوای یەکدا بێتو هیچی تر، کە لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقیانەی دیاریکراوی پێشوەخت بن، بەڵکو هەردەبێت ئەو ڕووداوانە هاویەك[٤١] ببنەوە لەگەڵ یاسا عەقڵانییە تایبەتییەکەیدا، مێژوونوس بۆی دەردەکەوێت کە گرینگی کارەکەی لەدۆزینەوەی ئەو یاسا تایبەتیەدا خۆی دەنوێنێ ـ و بەرجەستە دەبێ.

---

[٤٠] سەرکێشی: مغامرة

[٤١] هاویەکبوون: تطابق

پەیوەندییە تایبەتییەکەی شۆڕشو مەودای هاوبەشیکردنی ڕاستەوخۆی ئەو شۆڕشە لەڕووداوە مێژوویەکانداو لەهەموو بارەکانیشدا هەروەکو یەك وایە، جا دەوڵەتەکە پاشانشین بێ، یان دیموکراتی، ئەوە دەسەڵاتی بەسەر ئۆمەتدا ـ جەماوەر ـ هەیە، ئەو کەسانەی پەراوەی ئەم پیشەیەیان کردووە مێژووش دروست دەکەن، وەك: پاشاکان، وەزیرەکان، بیرۆکراتییەکان، جێگرەکان، ڕۆژنامەنووسان، لەساتە گۆڕانکارییە گرنگو یەکلاکەرەوەکانیشدا کە ڕژێمی پێشوو جەماوەر لەدەست دەدات، ئەوا هەرئەو جەماوەرە خۆی ئەو بەندو دیوارانە دەروخێنێ کە ببونە مایەی دابڕینی جەماوەر لەشانۆی سیاسی ـ وڵاتداو نوێنەرەکارتۆنیو کلاسیکییەکانیان ئاوەژوو[٤٢] دەکەنەوەو بەمەش بارودۆخێکی لەسەر باس دەکەن بۆ لەدایك بوونی ڕژێمێکی تازە، ئیتر لێرەوە دەکەوێتە سەر شانی ڕەوشتیاران[٤٣] بۆ بڕیاردان لەسەر ڕژێمە تازەکە ئاخۆ چاکە یاخود خراپە، بەڵام ئێمە لەلایەن خۆمانەوە ڕووداوەکان وەك خۆیان باس دەکەین ـ و ـ دەیگێڕینەوە ـ بەپێی پەرەسەندنی بابەتیانە، مێژووی شۆڕشیش بەلامانەوە پێش هەمووشتێك دەستێوەردانێکی توندو زەبرو جەماوەری پێی هەڵدەستێت لەوبوارەدا کەتیایدا خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسەکانی خۆی دەدات.

کاتێك کۆمەڵگا لەناو بارودۆخی شۆڕشدا دەژی، چینەکان ململانێدادەبن، بێگومان وێڕای ئەوەش ئەو گۆڕانکاریانەی لەنێوان سەرەتاو کۆتایی شۆڕشەکەدا بەرهەم دێنو بناغە ئابوریەکانی کۆمەڵگەو بنچینەکۆمەڵایەتییەکانی چینەکان دەپێکن، هەرگیز بەشی ئەوەناکەن کە ڕاڤەی ڕێڕەوی خودی شۆڕشەکەیان پێ بکرێت، شۆڕشێك کە لەماوەیەکی کورتدا دەست دەکات بەکاولکردنی دامەزراوەدێرینەکانو هێنانەکایەی دامەزراوەی نوێ، لەوێزەی دانیە سەر لەنوێ ئاوەژوویان بکاتەوەو داینامیکیەتی ڕووداوە شۆڕشگێڕەکان بەیۆەیەکی ڕاستەو خۆ بەو گۆڕانکاریە سایکۆلۆژیەو خێراو زبرو توندو تیژانە دیاریبکات کە لەناخی چینە جەماوەریەکانی پێش شۆڕش دا هەیە.

---

[٤٢] ئاوەژووکردنەوە: تقليب

[٤٣] ڕەوشتیاران: الأخلاقيين





لەڕاستیشدا کۆمەڵگە بەپێی پێویستی خۆی ـ دەگۆڕێت، بەڵکو ئەوە بەپێچەوانەوەیە لەکۆمەڵگادا، چونکە دامەزراوە زاڵەکان بەسەر کۆمەڵگەدا بریتین لەشتێکی هەمیشەییو بەردەوام، ڕەخنەی ئۆپۆزسیۆنیش لەماوەی دەیان ساڵدا هیچ شتێکی ئەتۆنییە جگەلەوەی کە تەنها زمانەیەکی[٤٤] تاڵیو کوێرەوەریەکانی جەماوەرە، ئەم ڕەخنەیەش مەرجێکە لەمەرجەکانی لەنگەرگرتنی سیستمی کۆمەڵایەتی، هەر ئەمەشە ئەو بەها کرداربیەی کە بۆنمونە ڕەخنەی سۆسیال دیموکراتی هێناویەتەدی، تاڵیو کوێرەوەریش لەکۆتو زنجیری عەقڵییەتە ڤەندامێنتالیزمییەکان[٤٥] ڕزگاری نابێو جەماوەر هان دەدا بۆ ڕاپەڕین، بێجگە لەچەند بارو دۆخێکی زۆر دەگمەن کە سەربەخۆنو لەناوخواستو ویستی تاکە کەسانی جەماوەر یان حیزبەکاندا نین.

ئەوەشە پاڵمان پێوەدەنێت تاکو بڵێین ئەو گۆڕانکاریە خێراو لەناکاوانەی کە ڕای گشتی جەماوەرو بارە دەرونییەکانی دەگرێتەوە لەبارودۆخی شۆڕشدا لەنەرمی باری دەرونی خەڵكو تواناکانی جمو جوڵیەوە نەهاتووە، بەڵکو لەسروشتی موحافیزکارانەی قووڵییەوە سەرچاوەی گرتووە، بیرۆکەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان لەچاو بارودۆخە بابەتییە نوێییەکەیدا لەڕووی کاتەوە دڕەنگتر پەیدا دەبنو بەدواکەوتویی دەمێننەوە، تا ئەوکاتەی لەناکاو ئەو بارو دۆخانە دێنە کایەوە، کە وەك ڕووداوەکارساتێکی سروشتی وان، لەمەیشەوە هەرلەماوەی شۆڕشەدا چەند لەرینەوەو پەشێوییەکی ئەوتۆ بیروبۆچونو ئارەزووەکان دەهەژێنن کە عەقڵیەتی پۆلیسی ناتوانێت لێیان تێبگات، لەبەر ئەوە لەلایەن خۆیەوە تەنها وەك کارێکی جدییان دادەنێ.

جەماوەریش بەپێی نەخشەیەکی ئامادەکراوی کۆمەڵایەتیانە بەرەو شۆڕشکردن دنەنادرێت[٤٦]، بەڵکو بەهۆی هەستکردنەوە بەوەی کە ناتوانێ تاماوەیەکی زیاترو درێژتر بەرگەی تاڵیو نارەحەتییەکانی ڕژێمە کۆنەکە بگرێ دنە دراوەو ورووژێنراوە، تەنها ناوەندی سەرکردایەتییەکانی حیزبە جەماوەریەکان پرۆگرامێکی سیاسیان دەبێت، ئینجا ئەو پرۆگرامەش لەگەڵ ئەوی تریاندا دەبێت وردکارییو بەراوردیان پێبکرێت لەڕێگەی

---

[٤٤] زمانە: صمامة

[٤٥] عەقڵیەتی فەندەمێنتالیزمی: عەقڵیەتی موحافیزکارانە: العقلية المحافظة .

[٤٦] دنە نادرێت: هان نادرێت، دنە دان: هاندان: (التحفيز). (فەرهەنگی هەمبانەبۆرینەی هەژار موکریانی)

ڕووداوەکانەوەو ڕەزامەندی جەماوەریان لەسەر بێت، ڕەوتی سیاسی بنەڕەتی هەر شۆڕشێکیش لەهۆشیاری ئەو چینەدا خۆی دەنوێنێ کە قەیرانی کۆمەڵایەتی دەریداوەو دەشتوانێ جەماوەر بەشێوەیەکی کاریگەر ئاڕاستە بکات بەپێی شێوازی لێك نزیککردنەوە دوایەکەکان، هەر ئەویشە دەتوانێ پشتیوانی قۆناغە جیاجیاکانی ڕەوتی شۆڕش بکات لەڕێی گۆڕینی حیزبەکان بەحیزبی تر کە لەوان توندتربن‌و هێزو تینێکی زیاتریان تێدابێت بۆ کارکردن‌و دەربڕینی خواستی ئەو جەماوەرەی کە بەردەوام ڕووەو چەپ لەزیادبووندان ، تا سەرەنجام ئەو فراوان بوونە لەسنوری بەربەستە بابەتییەکاندا ڕادەوەستێنرێ‌و ئیتر لێرەدا پەرچەکار[٤٧] دەست پێدەکات: لەشێوە خاوبونەوەیەکدا بێت لەنێو چەند ناوەندێکی چینە شۆشۆڕشگێرەکاندا یان زیادبوونی ژمارەی خەڵکانی بێ سەرو بەرەبێ‌و بەپشتیوانی کردنی ئەو هێزانە تەوابێ کە دژی شۆڕشن، ئەمەش بەلایەنی کەمەوە نەخشەی شۆڕشە رابوردوەکان بووە.

ئێمە خۆمان لەڕۆڵی حیزب‌و سەرکردەکان گێل ناکەین، بەڵام ناشتوانین لەم ڕۆڵەی ئەوان تێبگەین بەتوێژینەوەیەکی پەرەسەندنی سیاسییانەی ناوجەرگەی ڕیزەکانی جەماوەر نەبێت. حیزب‌و سەرکردەکانیش ڕەگەزێکی سەرەکی نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەگەزێکی گرنگ پێك دێنن لەڕەگەزەکانی پەرەسەندن، جا ئەگەر ڕێکخستنی سەرکردایەتی لەئارادا نەما ئەوا توانا‌و هێزی جەماوەر وەك هەڵمی ناو بتلێکی کەپسکراوی لێدێت، لەکاتێکدا دەزانین کە جموجۆڵ لەبوتڵ‌و کۆمپرێسەرەکەدا بەدی ناکرێ، بەڵکو لەهەڵمەکەدا دەبینرێ.

لەماوەی سەرقاڵبونماندا بەتوێژینەوەی گۆڕانکارییەکانی هۆشیاری جەماوەرەوە لەدەمی شۆڕشدا، ڕێمانکەوتووەتە سەر ئاستەنگ‌و سەختییەکی ئەوتۆ کە بەدڵنیاییەوە نکۆڵی لەبونیان ناکرێ، دیومانە کە چینە پلیشاوەکان مێژوویان درووست کردووە لەکارگەو ئۆردوگاو مەتەرێزو گوندو شارو شەقامەکاندا، بەڵام ئەم چینە هاتوون ناڕاستەوخۆ لەسەر تۆماری شتە دروستکراوەکان بنیاتی خۆیان ناوە، ئەشزانین ئەو ماوەیەی کە تیایدا کەف‌و کوڵی ئارەزووە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو باڵا دەچێت تا

(٤٧)





سەرەنجام دەگاتە پلەی هەرە بەرزی پشێوی شتێکی ئەوتۆ لەدوای خۆیەوەی جێناهێڵێ کە شیاوی لێبوردنەوەو وەسف کردن بێت، جگە لەماوە زۆرکورتە ڕاستەقینەکان، لەهەموو جۆرە نیگاکانی[٤٨] کاتی شۆڕشدا سەختی‌و گرانی ژیان‌و بژێوی دەبینی، بەو نیگامیللییەشەوە کە ڕۆژنامەگەری پشتی پێ دەبەستێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نابێ مێژوو نووس، دەست لەهەموو ئومێدەکانی خۆی بشوات لەوبارودۆخەدا تێبینی‌و سەرنجە کۆکراوەکان کەموکوڕی‌و پەراگەندەو ڕێکەوتن‌و تێڕوانین بۆ ئەم بەشانە لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەکاندا دێنە ئاراوەو گەلێك جار ڕێگەمان دەبەنەوە سەر ئاڕاستەی پەرەسەندنە نهێنی‌و شاراوەکەی ناخی‌و دۆزینەوەی خێرایی ریتمەکەی[٤٩].

خۆئەگەر حیزبێکی شۆڕشگێڕ هەستا بەهەڵسەنگاندنی پەرەسەندنی هۆشیاری جەماوەریی ئەوا دەگاتە دانانی تەکتیکی خۆی، جا ئەوتەکتیکە راست بێ یان هەڵە، ڕێگە مێژووییەکەی بەڵشەفیش لەوەدڵنیامان دەکاتەوە کە ئەو هەڵسەنگاندنە گونجاو بووە، گەرچی تەنها بەلایەنی کەمیەوە لەچوارچێوەی پانەهێڵەکان[٥٠]یشدا بوبێت، کەواتە چۆن‌و بۆچی مێژوونووس دوای تێپەڕبوونی ڕووداوەکانیش ناتوانێت بەو کارە هەستێ کە سیاسەتمەدارێکی شۆڕشگێڕ لەناوجەرگەی هەراوزەنای[٥١] ململانێدا توانیویەتی بیکات؟ ئەمە پرسیارێکە.

بەڵام ئەو پەرەسەندنەی دەکەوێتە نێوبازنەی هۆشیاری جەماوەرەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆنییە، هۆشیاری سنوردارو پابەندە بەبارودۆخی ئارایی گشتییەوە ئەمەشیان پرسیارێکی ترە، تەنانەت ئەگەر ئەم قسەیە بەدڵی ئایدیالیستی یەکان‌و هەڵگرانی فەلسەفەی خێرخواستەکانیش نەبێ، دەرچە[٥٢] و دەستپێکەکانی بەرپابوونی شۆڕشی

[٤٨] نیگا: إلهام

[٤٩] ریتم: إيقاع

[٥٠] پانەهێڵەکان: الخطوط العريضة

[٥١] هەراوزەنای ململانێ: معمعة الصراع

[٥٢] دەرچە: منطلق

فێبرایرو ئەو شۆڕشەی کە دوایی جێگەی ئەوی گرتەوە ـ شۆڕشی ئۆکتۆبەر ـ بەمەت کراوی[٥٣] لەناخی بارودۆخە مێژوویەکەیدا هەبوون بۆپێکهێنانی ڕوسیا بەخۆی‌و ئابوری‌و چین‌و دەسەڵات‌و دەوڵەت‌و کاریگەری دەوڵەتە بییانییەکانەوە لەسەری، ڕەنگە گەیشتنی پرۆلیتاریا بەکورسی دەسەڵات لەدەوڵەتێکی دواکەوتودا پێش ئەو ـ واتا پێش ڕوسیا ـ وەك مەتەڵێکی پڕ سەرسامی بێتە بەرچاو، بەڵام پێویستە بەدوای دۆزینەوەی وەڵامی ئەو مەتەڵەدا بگەڕێین لە(سروشتی تایبەتی ئەم وڵاتە)دا، واتا لەوشتانەدا کە ئەم وڵاتەی پێ جیادەکرێتەوە لەوڵاتانی تر.

بەشەبەرایی‌و کەمینەکانی ئەم کتێبە دەربارەی خەسڵەتە مێژووییەکانی ڕوسیاو کێشی جۆرایەتی ئەم خەسڵەتانەیە، هاوکات هەر ئەم بەشە بەشێوەیەکی ڕوون‌و سادەو ساکار پەرەسەندنی کۆمەڵگەی ڕوسی‌و هێزە ناوەکییەکانی دەخاتە ڕوو، ئومێدەوارین نووسینی ئەم بەشە لەسەر شێوەی هێڵەکانی پانی (الخطوط العرضية) نەبێت‌و نەشبێتە مایەی بێزارکردنی ئەو خوێنەرەی کە هەمان کاری ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی بەرچاو دەکەوێت ـو دیسان دێتەوە ڕێی ـ لەبەشەکانی تری ئەم کتێبەدا.

ئەم کتێبە لەسەر بنەمای یاداشتی تاکە کەسی دانەنراوە، هاوبەشیکردنی دانەرەکانی لەخودی ڕووداوەکاندا نەبووەتە ڕێگر لەوەدا کە گێڕانەوەی ڕووداوەکان پشت ڕاست نەکاتەوە بە بەڵگەنامەی ڕاست‌و درووست کە ـ دیسانەوە ـ ئەوانیشی خستووەتە ژێر چاودێرییەکی وردەوە، لەو شوێنانەشدا کە بەدوایەکدا هاتنی ڕووداوەکان لەسەر دانەری کتێبەکە وا پێویست دەکات ناوی خۆی ببات ڕشتەی (تاکی نادیار)[٥٤] بەکار دێنێ، ئەوەشی لەوەوە هەڵنەگواستووە کە شێوازێکی ئەدەبی بێت‌و ـ بەئارەزووی خۆی ـ بۆخودی خۆی وای هەڵبژاردبێت، بەڵکو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە باسکردنی خود، یان ناوهێنانی خود، ئەگەر لەنوسین‌و داڕشتنی ژیاننامەی خودیان لەنوسینەوەی یاداشتی تاکەکەسدا پەسەندبێت ئەوا هەرگیز ئەو ڕەوشتە لەتوێژینەوەی مێژوودا پەسەندو ڕەوانییە.

[٥٣] مت: کامن

[٥٤] تاکی نادیار: المفرد الغائب، جێناو سەرناوی تاکی نادیار: ضمير مفردالغائب





هاوبەشیکردنی خودی نوسەر لەململانێکاندا نەك هەر کارئاسانی بۆکردووە سەبارەت بەتێگەیشتن لەناسینی ـ دەرونیانەی ـ ڕەگەزە بنچینەییەکان‌و تاکەکەسەکان‌و گروپ‌و کۆمەڵەکاندا، بەڵکو کار ئاسانی بۆکردووە لەتێگەیشتنی بەیەکداچوونی ناوخۆیی ڕووداوەکانیشدا.

ئەم خاڵەش توانیویەتی کارابیەك بێت بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی چاك‌و مەرجدانەو هەربەوەیشەوە نەوەستاوە کە نووسەر ـ دانەر ـ پشت بەیادو بیرو هۆشی خۆی ببەستێ لەهەموو کارێکی گەورەو بچوکدا، یاخود دوربکەوێتەوە لەباشکردنی ڕووداوەکاندا، وەك ئەوەی کە گوایە ئەمانە دوورلە پاڵنەرو هزرییە باوەکاندا ڕوویانداب‌ێ، دانەر، پێی وایە ئەو مەرجەی هێناوەتە دی لەوشتانەدا کە پەیوەندی بەخودی خۆیەوە هەیە.

یەك شتی ترماوە کە باسی لێوە بکەین، ئەویش بارودۆخی سیاسیانەی نووسەری ئەم کتێبەیە، کە پابەندە بەوەی وەك مێژوونووسێك بێت سەبارەت بەوباری سەرنجەی تێیدابووە کاتێك خۆی بەشداریکردووە لەڕووداوەکاندا، بێگومان ئەوەش لەئەستۆی خوێنەردا نییەو پێویستیش ناکات منەی ئەو بیروبۆچوونە بکەین کە سیاسییەکان هەیانەو نووسەر هیچ پاڵنەرێکی ئەوتۆی تێدا بەدی نەکردووە تاوەکو بیشارێتەوە ـ یان پێویست بەشاردنەوە بکات ـ بەڵام خوێنەر هەموو مافێکی هەیە لەوەدا کە نابێت نوسینی مێژوو ببێتە گۆڕەپانی پێدا هەڵدان‌و پشتگیریکردنی هەڵوێستێکی سیاسی ـ دیاریکراو ـ بەڵکو دەبێ ـ ئەو مێژووەنوسراوە ـ وێنەیەکی ڕاستەقینەو متمانە بەخشی پەرەسەندنی شۆڕشێك بێت بەو پەڕی دڵنیاییەوە،کتێبی مێژوویش ناتوانێت ڕۆڵێکی باش‌و بەسود ببینێ ئەگەر گەشەکردنی ڕووداوەکان لەلاپەڕەیەکەوە بۆ لاپەڕەیەکی تر ڕێڕەوێکی سروشتی وا نەگرنەبەر کە گونجاوبێ لەگەڵ ـ لۆژیکی ـ پێویستبوندا ـ وەك پێویستییەکی سروشتی خودی ڕووداوەکە خۆی ـ ئایا پێویستەو بۆچی هەردەبێ باس لە(پەتی بوون)ی مێژوونووسی بکرێ؟ ئەگەر کەسێکیش بەتەواوەتی ناوەڕۆکی شتێك ڕوون نەکاتەوە، گەلێك جار خەڵکی ئەو وتەجوانەی (گلیمانسۆ) دوبارە دەکەنەوە کە دەڵێت: (پێویستە شۆڕش بەشێوەگشتییەکەیەوە وەربگیرێ) بەڵام ئەم وتەیەش

لەخزاوییەکی[55] هزری بەدەر هیچی ترنییە. ئیتر چۆن دەشێت کەسێك خۆی بەلایەنگری (گشت) دابنێ، کەچی پێچاوپێچی[56] خۆی (دابەش بوون) بێت؟ بەشێك لەهۆ پاڵنەرەکان کە هانی (گلیمانسۆ) یان داوە بۆ دەرپەڕاندنی ئەم وتەیە، دەگەڕێتەوە بۆ شەرمەزاری زیاد لەپێویستی خۆی لەبەردەمی پێشینە ڕەنگڕێژەکانیدا، بەشەکەی تریشی دەگەڕێتەوە بۆ تەنگەتاوکردنی پاشینەکانی ژێرسایەیان.

(م. لیوس مادلین)یش بەگەورە مێژوو نوسێکی کۆنەپەرستی ناوداری ناو فەرەنسای هاوچەرخ لەقەڵەم دەدرێ، گەلێك جار ئەم پیاوە لەساڵۆنەکانەوە قسەی هەڵدەبەست دژی شۆڕشەمەزنەکە ـ واتا درێژی دروستکەرەوەی ئۆمەتی فەڕەنسی ـ هەرئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە مرۆڤی مێژوونوس سەرکەوێتە سەر شورە وێرانەکانی شارو لەیەك کاتداو لەو شوێنە بەرزەوە بڕوانێتە ئەو کەسانەی کە گەمارۆدراون‌و کەوتونەتە ناوجەرگەی گەمارۆکەوە، چونکە ئەمە ئەو تاکە هۆکارەیە کە دەبێتە مایەی گەیشتن بەو دادپەروەرییەی ژیانی یەکسانی دەستە بەردەکات)، لەگەڵ ئەوەشدا نووسینەکانی (م. مادلین) بەتەواوەتی ئەوە دەخەنەڕوو کە ـ کەس ـ سەرنەکەوتووەتە سەر ئەو شورایەی کە دووئۆردوگای سەربازی لێك جیادەکاتەوە مەگەر ئەوکەسە ڕۆڵی چاوگێڕ[57] ێکی کرێگرتەی بینیبێ لەخزمەتی کۆنەپەرستیدا، خۆش بەختانە قسەکەی پەیوەندی بە سەربازگە ڕابوردووەکانەوە هەیە: ئەوەش لەبەر ترسی شوێنەکەیە کە کەسێك لەسەردەم‌و چاخی شۆڕشدا بەسەرشوراکانەوە راوەستێ واتا وەك چاودێرێك، هەمووشمان دەزانین کە گەورە کەسایەتییەکانی ((ئەو دادپەروەریەی هاویەکژینی دەستەبەر دەکات))لەکاتی ڕودانی مەترسییەکاندا لەماڵەکانی خۆیاندا دادەنیشن‌و دەست بەکڵاوە شڕەکەی خۆیانەوە دەگرن‌و چاوەڕوان دەبن تاکو بارودۆخ یەکلادەبێتەوەو بەرەیەکیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ دەبێ‌و سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ))

(55) خزاوەی هزری: ئەو وتە بەرووکەش جوانەیە کە لەناکاو لەفیکرەوەدا دەخزێ‌و دەخلیسکێتە سەرزمان: المعلقات الفكرية

(56) پێچاوپێچ: لەپێچ‌و لولەوە تاپێچوو لولێکی تر، لەسەر کێشی لێوان لێو، گۆشاو گۆش: طيات الذات هەروەهاو گشت، لەیەکگرتنی تاك دروست دەبێ نەك لەداب‌و نەریتی تاك.

(57) چاوگێڕ: الشخص الأستطلاعي





خوێنەری ڕاستەقینە پێویستی بەکەمێك گیانی ڕەخنەگری نییە بۆ پەی بوونێکی(الشعور المغرور لعرض نفسه) ساختەیی کە کاسەیەکی فیکری تێکەڵ کە کاسیەك هزرو بیری پڕ لەژەهری پێشکەش بکرێت. هەروەها پێویستی بەکانگایەکی قینی کۆنە پەرستیش نییە، بەڵکو پێویستی بەو ڕاستییە زانستیەکان هەیە کە هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆی پێوەدیار نییە کە ئاخۆ بەشێوەیەکی بەرچاو پشتگیرە یاخود ڕێگرە، هەرگیز لایەنگریش ناناسێ تاکو دوایی بڕیارو حوکمی خۆی بدات بەسەر توێژینەوەیەکی راست‌و دروستی ڕووداوەکان‌و دۆزینەوەی حەقیقەتی پەیوەندییەکانی کاروبارەکان‌و دیاریکردنی ئەوشتانەی کەبەجێ‌و مەعقولن لەزنجیرەی بەدوایەکدا هاتنی ڕووداوەکاندا، تەنها لەم جۆرە باسانەشدا بابەتیانەیی[58] مێژوویی دەبێتە شتێکی شیاو، ئەو ساکەشی تارادەیەکی زۆر ئەوە بەسە، چونکە ئیدی دەتوانرێ لەڕاستییەکان دڵنیابن‌و بیانچەسپێنن، بەپشت بەستن بەچوونەوە سەرڕێی یاسای ناوخۆیی پەرەسەندنی مێژوویی نەك بە پشت بەستن بەڕازونیازەکانی ناخی مێژوونووسەکە.

سەرچاوەکانی ئەم کتێبە بریتین لەژمارەیەکی زۆر لەبڵاوکراوە خولییەکان‌و ڕۆژنامەو گۆڤارو یاداشت‌و کۆباس‌و کۆنووس دانیشتن‌و کۆبونەوەکان، ئەمەش وێڕای کۆمەڵێکی تر لەبەڵگەنامەکان، کە هەندێکیان دەستنووسن‌و هەندێکی تریشیان چاپکراون‌و بڵاوکراونەتەوە لەلایەن (پەیمانگای مێژووی شۆڕش))ەوە لەمۆسکۆو لینیگراد، بەچاکیشمان زانی کە دەقەکان لەسەر خوێنەر گران‌و ئاڵۆز نەکەین بەپاشکۆو پەراوێزی ئەوتۆکە ببنە کۆسپ لەبەردەم خوێنەردا، لەکاتی نوسینی ئەم کتێبەشدا، پشتمان بەستووە بەهەندێ لەو کتێب‌و سەرچاوە مێژووییانەی کە خەسڵەتی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی گشتی هەموو شۆڕشەکەیان لەخۆ گرتووە، یەکێك لەوانەی کتێبی (لێکۆڵینەوە گەلێك دەربارەی مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەر)) کە لەدووبەرگ پێك هاتووەو لەساڵی ١٩٢٧ لەلینیگراد- مۆسکۆ چاپکراوە.

(58) بابەتیانە: الموضوعية.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەم دووبەرگەی کتێبەکە کۆمەڵێك توێژینەوەو لێکۆڵینەوەن کە لەلایەن کۆمەڵێك نووسەرەوە دانراون، هەمووشیان هەمان بەهایان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێکی زۆر بەڵگەنامەی تایبەت بەڕووداوەکانیان تێدایە.

شایەنی باسە سەرجەم ئەو بەروارو مێژووانەی کە لەم کتێبەدان بەپێی ڕۆژژمێری کۆن (ڕۆژژمێری جۆلیان) ڕێکخراون، واتە هەموویان (١٣) ڕۆژ دواترن بە بەراورد لەگەڵ ئەو ڕۆژژمێرە گشتییەی کە لەیەکێتی سۆڤیەتدا باوی هەیەو کاری پێ دەکرێ (واتە ڕۆژژمێری گریکۆری)، نوسەریش ناچار بووە ئەو ئەو ڕۆژژمێرەیان بەکار بێنێ کە لەکاتو چاخی شۆڕشەکەدا لەئارادابووە کاری پێ کراوە، ئەوەش کارێکی زۆرگران نییە کە بەروارو مێژووەکان بەپێی ڕۆژژمێری تازە بگونجێنرێت، بەڵام ئەم کارەش کە هاوکاریمان دەکات بۆتێپەڕاندنو خۆدەربازکردن لەهەندێ تەنگو چەڵەمەو نارەحەتی، هاوکات هەر خۆیشی ـ واتە هەمان کار ـ کۆسپو کێشەی ترسناکترمان بۆ دروست دەکات، دەشزانین کە لەڕووی مێژوویەوە کە هەڵگێڕانەوەی تەختو تاراجی ستمی پاشایەتی لەژێر ناوی شۆڕشی فێبرایر(شوبات)دابوو، بەڵام بەپێی ڕۆژژمێری نوێ وا دەگەیێنێت کە لەمارس (ئازار)دابووە، هەروەها ئەو ڕاپەڕینە چەکدارییەی کە لەدژی سیاسەتی ئیمپریالیانەی حکومەتی کاتیدا بەرپاکرا، ناوێکی مێژوویی پێ بڕا کە بە(ڕووداوەکانی ئیپریل) ناسراوە، کەچی کاتێك ڕۆژژمێری نوێ بەکار دەهێنن، بۆمان دەردەکەوێ ـ بەپێی ئەم ڕۆژژمێرە ـ ڕووداوەکان دەکەونە مانگی مایۆ (ئایار)ەوە، هەر بەوەشەوە ناوەستین کە زنجیرەی نمونەی ئەو ڕووداوە بەدوایەکدا هاتوانەی لەنێوان فێبرایرو ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)دا ڕوویانداوە، بەڵکو ئاماژە بەوەیش دەکەین کە ئەوروپا پێی وایە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەمانگی نۆڤەمبەر(تشرینی دووەم)دا ڕوویداوە. بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە هەمان ڕۆژژمێر، ڕەنگو شێوەی ڕووداوەکانی وەرگرتووە، مێژوونوسیش ناتوانێ خۆی لەڕۆژژمێری شۆڕش دەرباز بکات لەڕێی ئەنجامدانی چەند کردارێکی حسابییەوە، باخوێنەر ئەوەشی بێتەوە بیر کە ولاتانی ڕۆژژمێری بیزەنتی نەهاتووەتە کایەوە تا دوای ئەوەی شۆڕشی گشتی (لیۆن ترۆتسکی پرینیکۆ)، ١٤ی نۆڤەمبەر (تشرینی دووەم)ی ١٩٣٠ئەم دامو دەزگایانەی تێکشکاند کەپارێزگاری لێدەکرد.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

# خەسڵەتەکانی پەرەسەندنی ڕوسیا

خەسڵەتی بنچبنەیی وگۆڕانی مێژووی ڕوسیا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە وڵاتەکە بەخاوی گەشەدەکات، ئەمەش چەند شتێکی لێ کەوتووەتەوە لەڕووی هەبوونی ئابورییەکی هەمەجۆرو بنیادێکی کۆمەلایەتی بەراییو ئاستێکی ڕۆشنبیری نزمدا.

هەر هەمان سروشت سستییەکی درێژخایەنی بەسەر دانیشتوانی پێدەشتە کەنارییەکانیدا سەپاندوە، کەشو هەوایەکی توندو ساردی هەیە، کراوەیە بەڕوی بای خۆرهەڵاتو کۆچو ڕەوی ئاسیاییەکاندا، ململانێش تێیاندا دژ بەگەل لەکۆچبەرییەکان تادەوروبەری کۆتایی سەدەی (١٧) بەردەوام بووە، کێشمەکێشمو ململانێکردن لەگەڵ ئەو زریانو بایەدا کە لەزستاندا زوقمو لەهاویندا گڕەیە تائەمڕۆش هەرماوە.

پێشتر کشتوکاڵ بنەمای هەموو پەرەسەندنێکی وڵات بوو کە لەڕێگەی فراوان بوونی ئاسۆیی ڕوبەرو پانتاییە پڕ لەکشتوکاڵییەکانەوە بەرەوپێش دەچوو، ئەوسا هاوڵاتیان لەباکورەوە دارو درەختیان دەبڕیەوەو دارستانەکانیان دەسوتاندو لەباشوریشەوە خەریك بوون دەشتەکانیان دەکێلا، بەم پێیە سامانێکی سروشتییان سەرکێڵانە[٥٩] دەست دەکەوت بەبێ ئەوەی هەوڵی قووڵ بوونەوە بدەن.

لەو ماوەیەشدا کە گەلە بەربەرییەکانی خۆرئاوا، چوارمشقی لەسەر دارو پەردووی شارستانێتی ڕۆمانی لێی دانیشتبوونو گەلێك لەبەردەم کە لتورەکانیان لەبیناسازیو نۆژەنکردنەوەی خانووبەرەکانیدا بەکار دەهێنایەوە، پێشینەکانیش لەخۆرهەڵاتدا هیچ میراتیو کەلتورێکیان لەدەشتە بێپێزو بەروبومەکاندا دەستگیرنەبوو، ئاستی پێشینەکانیان لەئاستی خۆیان کەمتربوو، گەلانی ئەوروپای خۆرئاواش لەسنورە سروشتییەکەیدا ڕاوەستاونو نەهاتن ئابوریو شارستانی لەو شارەدا بنیات بنێن کە شار گەلێکی پیشەسازی بوون، گەلانی دەشتە خۆرهەڵاتییەکان هەستیان بەتەنگە تاوی مەودای خۆیان کرد، تاخۆیان کوتایە ناوجەرگەی دارستانەکان، یان کۆچیان کرد

[٥٩] سەرکێڵانە: بەشێوەیەکی (سطحي) واتا سەرکێڵانە کتێبی فەرهەنگی توێشەو زەردەشت ئاوای گوت.

بەرەوشوێنە زۆر دوورو زەوییە بانەکان، باشترین کەسانی ڕەگەزە جوتیارەکانو شارەزاترینو کارامەترینیان گۆڕان بۆ کەسانی شارنشینو پیشەوەرو بازرگان، هەندێ ڕەگەزی بوێرو کاراش لەخۆرهەڵاتدا هەر گۆڕان بەبازرگان ـ واتە دەستیان دایە بازرگانی ـ بەڵام زۆرێك لەمانەش بوون بەقۆزاق[٦٠] و پاسەوانی سنور یاخود خاوەن زەویو زاری فەریكو نەكێلاو، لەبەر ئەوە پەرەسەندنو پێشكەوتنی كۆمەڵایەتیانەی زبرو توندو خۆرئاوا لەخۆرهەڵاتدا زۆر دڕەنگ هاتو پەیدابوو، ئەو چڕوپڕییەشی لەدەست چووبوو كە دەبوایە لەڕێگەی فراوانكردنەوە بیگرتایەتە بەر، لەسەردەمی (بطرس)ی یەكەمدا بوو كە (ڤیكۆم) نوسیبووی: ((قەیسەری مۆسكۆ ـ ئەگەرچی مەسیحیشە ـ حكومڕانی دەكات بەسەر خەڵكانی زەین سستدا)) (زەین سستییەكەیش) لەمۆسكۆفیەكاندا لەشێوەی خاوخلیچكی شیرازەیی پەرەسەندنی ئابوریو ناڕوونی پەیوەندی چینەكانو هەژاریی ناوخۆیی مێژوودا ڕەنگی دایەوە.

شارستانییەتە دێرینەكانی (میسرو هندو چین) كە سروستی سەربەخۆییان پێ بڕابوو، كاتی ئەوەشیان لەبەردەستدابوو بۆ ئەوەی دروست بن ـ ئەگەرچی دەرامەتی وەبەر هێنانیشیان كەم بوو، هاوكات ئەو بارودۆخە یاریدەدەربوو تاكو پەیوەندی كۆمەڵایەتی ئەوتۆشی بخوڵقێنن كە لەوپەڕی ڕێكوپێكیو وردەكاریدابنو هاوشێوەی ئەو وردەكاریو ڕێكوپێكییە بێت كە لەكاروباری پیشەوەرەكانی ئەم شارستانییەتانە بێت، ڕوسیاش لەوكاتەدا ناوەندەو جێی نێوان ئاسیاو ئەوروپابوو، جیاوازیش بوو لە ـ سروشتی ـ خۆرئاوایەتی ئەوروپا، هاوكات لەسیفەتی خۆرهەڵاتیانەی ئەوانەوە نزیكتربوو، خۆرهەڵات توانی ئەو تۆوی تەتەریەی تێدا بچێنێ كە وەك فاكتەرێكی بنچینەیی هاتبووە ناو بنیات نانی دەوڵەتی ڕوسییەوە، خۆرهەڵات دوژمنێكی سەرسەخت تر بوو ـ بۆ ڕوسیا ـ وەك لەتەتەرەكان، بەڵام هاوكات مامۆستایەكیش بوو ـ بۆی ـ ڕوسیا نەیتوانی بەپێی شێوازەكانی خۆرهەڵات خۆی بنیات بنێت، چونكە پێویست بوو لەسەری كە هەمیشە خۆگونجێنبێت لەگەڵ ئەو گوشارە سەربازیو ئابورییەی كە لەخۆرئاواوە ڕووی تێدەكرد.

[٦٠] پاسەوانی سنوورو سەربازی نانیزامی لەو سەردەمەدا پێیان دەگوترا (قۆزاق).





مێژوونوسە دێرینەكان تارادەیەك نكۆڵیان كردووە لەبوونی دەرەبەگ لەڕوسیادا، بەڵام توێژینەوە نوێیەكان جەخت لەبونی دەرەبەگ دەكەنەوە بەشێوەیەك كە دەمەقاڵێ هەڵناگرێت، وێڕای ئەمەش ڕەگەزە بنچینەییەكانی دەرەبەگی ڕوسیاو هاوشێوەی هەمان ئەودەرەبەگانەیە كە خۆرئاوا بەخۆیەوە دیویەتی، ناچار بونیشمان بەوەی كە بچینە ناوگفتوگۆی زانستیانەی دورودرێژەوە، لەپاڵ دانپیانان بەبونی چاخی دەرەبەگایەتی لەڕوسیادا واتای ئەوە دەگەیێنێ كە دەرەبەگی ڕوسی پێشوەختو هەر زوو ڕووناكی تێزاوەو شێوەیەكی ئاڵۆزی هەبووە بەڕادەیەك سیمای ڕۆشنبیرییەكەی كەم بووە.

وڵاتێكی گەورە جۆرەها دەستكەوتی مادیو ئایدۆلۆجی پێكهێناوە بۆ وڵاتە پێشكەوتووەكانو هەوڵیشی داوە خۆی پێ پڕبكات، بەڵام ئەمەش مانای ئەوەنییە كە كوتو مت سەر كاروانی ئەو وڵاتانەبوەو هەموو قۆناغە مێژوویەكانیشی ناسیوە، تیۆری دوبارە بونەوەی خولەمێژووییەكان ـ كە ڤیكۆو قوتابییەكانی بانگەشەیان بۆ دەكرد ـ بەندە بەتوێژینەوەی خولەكانەوەو بەو پێیەی كە ئەو ڕۆشنبیرانە وەسفیان كردووە كە لەپێش سەرمایەدارییەوە بوون، هەروەها تاڕادەیەكیش ـ بەشێوەی بەشەكی[٦١] ـ بەندە بەئەزمونە بەراییەكانی پەرەسەندنی سەرمایەداریەوە، لەڕاستیشدا سروشتی هەرێمیانەو نۆرە بەنۆرەی پەرەسەندن بەگشتی هەمیشە شتێك ـ كەمێك ـ لەدوبارەكردنەوەی قۆناغە ڕۆشنبیرییەكانیدا بیل بیبلەی تازە كراوە دەبینرێت، بەڵام سەرمایەداری لەشێوە بارێكی پێشكەوتودایە بە بەراورد لەگەڵ ئەم بارودۆخانەدا، چونكە ـ ئەم تیۆریە ـ وادارێژراوە كە گشتگیریو بەردەوامی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی تێیدا دوبارە دەبێتە، تارادەیەكیش ئەوەی بەجێهێناوە، بەڵام ئەمەیان تارادەیەكی زیاتر دوورە لەوەی كە بتوانێت شێوە جۆراو جۆرەكانی پەرەسەندنی هەموو ئومەتەكان دووبارە بكاتەوە، هیچ وڵاتێكی دواكەوتوش ناچار نییە بەوەی بەشوێنو وڵاتێكی پێشكەوتوودا بڕواتو پابەندی ڕژێمی یەك لەدوای یەكی ئەو تۆبێت كە لەو ڕژێمە بچێت كە پەیڕەوی كردووە، چونكە نیشانەی جیاكەرەوەی بارو دۆخێكی دواكەوتوانە لەڕووی مێژووییەوە ـ كە ئەم بارودۆخە لەئارادابێت ـ ڕێگە

[٦١] بەشەكی: لێرەدا مەبەست لە (كەمەكی) یە واتا (جزئي) فەرهەنگی زانستی گۆڤاری پەروەردەو زانست ساڵی ١٩٧٦ ـ ١٩٧٧ .

دەدات بەمیللەتو گەلێك یان بەواتایەکی ڕوونتر بەسەریا دەسەپێنێ کە شتە ئامادەکراوەکان بگرێتە خۆی بەرلەوەی ماوە دیاری کراوەکان بەسەربچن‌و بەو پێیە بەسەر چەند ناوەندە قۆناغێکدا بازبدات‌و گەلە هەمەجی‌و دواکەوتووەکان ڕاستەوخۆ لەبەکارهێنانی بیروکەوانەوە بازبدەنە سەر بەکارهێنانی چەك ـ ی هاوچەرخ ـ بێ ئەوەی ناچاربێ بۆچاوەڕوانکردنی بەسەرچوونی ماوەی کاتی ئەم دووجۆرە چەکە، ئەو ئەوروپییانەی کە کاتی خۆی ئەمریکایان داگیرکرد ، نەهاتن هەرلەسەرەتاوە مێژوو وەربگرن، ئەڵمانیاو ئەمریکاش خۆیان گەیاندە سەروی ئینگلتەرا لەڕووی ئابووریەوە، دوای ئەوەی تێبینی ئەوەیان کردبوو کە سەرمایەداری لەو دوو وڵاتەیاندا زۆر دواکەوتووە، خۆ ئەگەر تەماشایەکی بارودۆخی ئینگلتەرا بکەین بۆمان دەردەکەوێ ئەو پشێویە موحافیزکارانەیەی لەکان‌و کارگە خەڵوزییەکانی بەریتانیاو مێشکی ماگدۆناڵدو هاوڕێکانیدا هەیە لە(سەرانە)یەك زیاترنین بەسەر بەریتانیاوە کە دەبێت بیداتەوە بەرانبەر زاڵبونە درێژخایەنەکەی جارانی ڕابردووی بەسەر سەرمایەداریدا، ئەوە شتێکی بێگومانە کە پەرەسەندنی ئومەتێکی دواکەوتوو لەڕووی مێژوویەوە لەئەنجامدا دەبێتە مایەی دروستبوونی پێکهاتەیەکی تایبەتی وا کە جۆرەها قۆناغی هەمە چەشنەی پەرەسەندنی مێژوویی تێدابێت، سکێچی پەرەسەندنیش بەگشتی شێوەیەکی ئاڵۆزو ئاوێتەو ناڕێك وەردەگرێت.

بەڵام خۆتوانای سوتاندنی پلە ناوەندییەکانیش کارێکی مەحاڵ نییە، ئەمەش لەدواجاردا هەر بەندە بەتوانا ئابوری‌و رۆشنبیرییەکانی وڵاتەوە، ڕون‌و ئاشکرایشە ئەو وڵاتە دواکەوتووەی کە شتومەك‌و پێویستی ئامادەکراوی لەوڵاتانی دەرەوە بۆ دێت، ئاستەکەی ـ وا باوە کە بەزۆری ـ دادەبەزێت، ئەویش شتی واناکات مەگەر بۆ مسۆگەرکردنی خۆگونجاندنی لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرییە هەمەجۆرەی کە وەریگرتووە ـ لەو وڵاتە ـ بەڵام هەرهەمان کاری هاوشێوەی ئەوەش هەندێ جار لەم بارانەشدا هەر پێچەوانەیە، لەبەر ئەوە پشت بەستن بە خۆماڵی کردنی ڕەگەزە تەکنیکییەکان‌و شێوازەکانی ژیانی خۆرئاوایی‌و هونەری سەربازی‌و پیشەسازی لەسەردەمی بطرسیی





یەکەمدا تارادەیەك بووە هۆی زیاتکردن‌و توندوتیژکردنەوەی مسێکێنگەرایی[٦٢] ، وەك شێوەیەکی بنچینەیی ڕێکخستنی کاروبارەکان‌و بەکارهێنانی چەکی ئەوروپی‌و خۆ سەپاندنی ئەوروپاییانە لەپێناوی چەکداریدا ـ کە هەردوکیان دووسەرەنجامی سەد لەسەدی رۆشنبیرییەکی باڵاترن ـ بونە هۆی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئەو قەیسەرایەتییەی لەلایەن خۆیەوە ببووە کۆسپێك لەبەردەم بەرەوپێشچوونی وڵاتدا.

یاسای ژیرانەیی بۆ مێژوو لەنەخشە پووچ‌و پڕ لە خەت‌و خاڵەکان ناچێ، هەروەکو ڕێك نەخستنی ماوە دیاری کراوەکانی ئەنجامدانی کاروبارەکان[٦٣]یاسایەکی گشتییەو بگرە بەیەکێك لەگرینکترین یاساکانی پەرەسەندنی مێژوویی دادەندرێ، وا دیارە ئەم کارەش لەزۆرترین شێوەکانیدا توندی‌و ئاڵۆزی پێوەیە لەکاتی دیاریکردنی چارەنووسی وڵاتە دواکەوتووەکاندا ، چونکە گوشاری ـ دابینکردنی ـ پێویستییە دەرەکییەکان ژیانی دواکەوتوانە ناچاردەکات کە بەشێوەی قەڵەمباز بەرەوپێشکەوتن بڕوات، لەیاسا گشتگیرە تایبەتەکەوە دەربارەی نەبونی ڕێکوپێکی ماوە دیاریکراوەکان یاسایەکی تر هەڵدەگوازرێ‌و ئێمە بە(یاسای پەرەسەندنی هاوبەش) ناوی دەبەین. لەو ڕوانگەیەوە کە ناوێکی لەوە باشتری نییە، مەبەستیشمان لەم ناوە لێکنزیککردنەوەی قۆناغە جیاجیاکانە لەیەکتری لەگەڵ بەیەکداچوونی ماوە کاتییە دیاریکراوە ڕوونەکان‌و ئاوێتە بوونی شێوە دێرینەکان لەگەڵ زۆربەی شێوە هاوچەرخەکاندا ، جا ئەگەر خۆمان لەو یاسایە بێ ئاگا کردو بەهەموو ناوەڕۆکە مادییەکەوە وەرمان نەگرت، ئەوا تێگەیشتنمان دەربارەی مێژووی ڕوسیاو هەموو ئەو وڵاتانەش گران دەبێت کە دەستیان بەرۆیشتن کردووە لەسەر ڕێگەی کاروانی شارستانێتیدا کە لەڕیزی دووەم یان سێیەم یان دەیەمدا.

دەوڵەتی ڕوسیا ، لەژێر گوشاری ئەوروپادا ناچاربوون کە بەشێك لەسامانی گشتی لەخەڵکی وەربگرێ کە بڕەکەی لەسەروو ئەوبەشەوەبوو کە خۆرئاوا بۆ خۆی دەبرد ـ واتا

[٦٢] (مسکێن) بەو کەسانە ئەوترێ کە بەژیانێکی سادەو کولەمەرگی و کوێرەوەری دەژین‌و لەدەستەوە بۆ دەم ڕۆژانە بژێوی خۆیان بەسەپانی‌و نیوەکاری پەیدا دەکەن لەسەر خاك‌و زەوی‌و زاری دەرەبەگ‌و ئاغاکان (مسکێنگەرایی) سستمی ژیان‌و گوزەرانی ئەو توێژو چینە کاسبکارو کشتیارو جوتیارانەیە کە ئاماژەمان پێکردن لەسەردەمی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتیدا.

[٦٣] ماوەی دیاری کراوی ئەنجامدانی کاروبار: الوتیرة، المنجد في اللغة والأعلام، ط ٣٧ ص٨٨٥

لەوڵاتی وەردەگرت ـ ئەمەش نائومێدی جەماوەری دوچەندا نەکرد، هەروەکو بنکەی جەماوەری چینە خاوەندارەکانیشی دوهێندە کردووە، بەڵام پێویستی دەوڵەت بەپشتیوانی کردن‌و هاوکاریکردنی ئەم چینانە، حکومەتی پاڵ پێوەنا بۆ گوشاری دروست بوونیان ـ واتا درووست بوونی چینەکان ـ و کارکردن بۆ ڕێکخستنی، لەئەنجامی ئەمەشدا چینە تایبەتە بیرۆکراتەکان پەکیان کەوت‌و لەوێزەیاندانەما تاکو گەشە بکەن بۆ زۆرترین بوارو سنور، ستەمی دەوڵەتی ڕوسیا، زیاتر لەستەمە ئاساییە خۆسەپێنەکان نزیك دەبویەوە ـ واتا شێوەکەی بەلای ئەواندا زیاتر دەچوو، تاشێوەی ستەمی وڵاتانی خۆرئاوا.

قەیسەرە مۆسکۆفییەکان هاتن بەرەسمی شێوەی حوکمی تاکەکەسیانەی بەیزەنتییان لەسەرتاسەری شازدە هەرێمدا هێناو ڕێکیان کردەوە، ئەم حکومەتە تاکەکەسییەش وای کرد کە هەندی لەگەورە دەبەگ‌و دەسترۆیشتوانی گوندەکان لەلایەن دەوڵەتەوە دەسەڵاتی ڕەهایان هەبێت بەسەر جوتیاراندا، دیارە هاوکاری گەورە پیاوانی کۆشکی قەیسەریشیان لەپشتەوەبوو، بەم جۆرە حوکمی تاکەکەسی گۆڕا بۆ خاوەنداریێتی ڕەها[٦٤] کە ئاغاکانی (بطرس بۆرگ) حکومڕانی دەکردن، وادیارە دواکەوتنی گشتی پەرەسەندن‌و بەیاسایکردنی (مامەڵە کردن بەکۆیلەکانی زەویەوە) بەشێوەی یاسایی تاساڵی ١٨٦١هەڵنەوەشایەوە، لەکاتێکدا لەکۆتایی سەدەی شازدەهەمەوە سەری هەڵدابوو، لەسەدەی حەڤدەهەمدا ڕەگی داکوتاو توندترین ماوەیشی لەسەدەی هەژدەهەمدا هەبوو.

وێڕای گەورەپیاوان[٦٥]، کەنیسەش لەبنیات نانی حوکمی تاکەکەسی قەیسەردا ڕۆڵێکی ئەوتۆی هەبووە کە نکۆڵی لێناکرێ، بەڵام لەڕۆڵی کۆمەڵە فەرمانبەرێك تێپەڕی نەدەکرد. هەرگیز لەڕوسیادا، کەس نییە بۆ ئەو ئاستی هێزو دەسەڵاتە بەرزنەکراوەتەوە وەك ئەوەی کەنیسەی کاسۆلیکی ناو دەسەڵاتیش بەخۆیەوە بینیوە لەوڵاتانی خۆرئاوادا، بەڵکو تەنها وەك پاشکۆیەکی ڕۆحی دەسەڵاتدارە تاکەکەسییەکان بووەو بەم پاشکۆ

---

(٦٤) خاوەنداریێتی ڕەها: المملكة المطلقة

(٦٥) گەورە پیاوان: مەزنە پیاوان: بۆ گەورەی چاك‌و گەورەی خراپیش دەشێت، بەڵام (خانەدان) لەفەرهەنگی شیرینی فاضل نظام الدين بەرگی دووەمدا بەرانبەری (نبلاء)ـە بۆ پیاوانی گەورەو چاك‌و دەگمەن‌و ناوازە جوانترە.





بونەیشی خۆ بەکەمزانینێکی دەسکەوتووە کە جێگەی شانازی بووە، مەتران‌و قەشەکانی ناو دەسەڵاتیش تەنها دووپاشکۆبون بۆ دەسەڵاتی مەدەنی وڵات، گۆڕینی مەترانی گەوروش لەگەڵ هاتنە سەرتەختی قەیسەری تازەدابوو، کاتێك پایتەختیش گواسترایەوە بۆ (بطرس بۆرگ) پەیوەندی کەنیسە بەدەوڵەتەوە توندترکرا، دووسەد هەزار لەقەشەو راهیب‌و کەسانی تر لەپیاوانی ئایینی هەبوون کە بەهەمویانەوە بەشێك لەبیرۆکراتییەکان یان پێك هێنابوو، ڕۆڵی پۆلیسی ئاینیان دەبینی، بەرانبەر بەوەش پۆلیسی گشتی پارێزگاری‌و پاسەوانی لە(کەنیسەی ئاسۆزۆکس بۆکاروباری ئاینی) دەکردو نەیدەهێشت زەوی‌و زارو دەرامەتەکەی زەوت‌و داگیربکرێ.

بیروباوەڕی پێشینەی مەسیحییەت لەوڵاتێکی دواکەوتودا فەلسەفەی خۆی بنیاتنا لەسەر ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت گەلی ڕوسیا کەنیسەکەی تاڕادەیەکی زۆرباش، کەچی لەهەمان کاتدا ڕوسیا بەرەسمی بیرۆکراتییەتی ئەڵمانییە، بۆ ترسی یەکەم دامەزراندوە، مارکسیش، لەم دیاردەیە دواوەو گوتویەتی: ((بەم جۆرە کارگە ئەڵمانییەکان بەرپرسیاریێتی دەسەڵاتداریکردنی فریدرێکی دووەمیان خستەسەر فەرەنسییەکان، کۆیلەی دواکەوتوانیش هەمیشە پێویستی بە کۆیلەی لەخۆی شارستانیێتی تر نییە بۆ بەدەستهێنانی فێربوون‌و ڕاهێنانی پێویست))، ئەم تێبینییە کورتەش هەر تەنها قوڵایی فەلسەفەی پێشینەی نەپێکاوە، بەڵکو هاوکات پەردەی لەسەر دۆزینەوە ((ڕەگەز پەرستییە)) هاوچەرخەکانیش لاداوە. هەژاریی سیمای بەرچاوی دەرەبەگەکانی ڕوسیا بوو، بگرە سیمای ڕوسیای کۆنیش بوو بەگشتی، ئەم هەژارییەش ڕاستترین دەربڕینی خۆی نیشاندا بەپوکانەوەی ئەو شارانەی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا مەڵبەندی سەرەکی پیشەوەرو بازرگانەکان بوون، پیشەوەریش لەڕوسیادا نەیدەتوانی خۆی ڕزگار بکات لەپەیوەندییە تۆکمەکەی بەکشتوکاڵەوە، پارێزگاری لەمانەوەی سیفەتی پیشەسازییە سووکە خۆماڵییەکان کردە، شارە ڕوسییەکان لەڕابوردودا مەڵبەندی بازرگانی، کارگێڕی، سەربازی بوون‌و جێی نیشتەجێ بوون‌و گوزەرانی گەورە پیاوە خاوەن زەوی‌وزارەکان بوون، لەبەرئەوە ئەو شارانە مەڵبەندی بەکارهێنان بوون، نەك مەڵبەندی بەرهەمهێنان، تەنانەت شاری (نۆفۆ گۆرۆد)یش کە پەیوەندییەکی قایمی هەبوو

بەرابیتەی بازرگانەکانی حەوزی (ریـن)ەوەو هەرگیز هێرشی تەتەرەکانی بەخۆیەوە نەبینیوە کەچی هەر شارێکی بازرگانی بوو، نەك مەڵبەندێکی پیشەسازی، ڕاستە پەرش‌و بڵاوی پیشەسازییە سوکەکانی دێهاتەکان، لەگەڵیَ شوێنی ولاتدا پێویستی بەخزمەتی ناوەندی هەبوو بۆ بازرگانییەکی فراوانتر، بەڵام بازرگانە گەڕیدەکان[٦٦] نەیاندەتوانی لەژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەو جێگەیان هەبێت کە هاوشێوەی شوێنی بازرگانە بچوك‌و ناوەندییەکانی بۆرجوازییە خۆرئاواییەکان بێت لەو پیشەوەرو بازرگان‌و پیشەسازانەی کە لەویَ بوون، بۆرجوازییەتێك کە بەشێوەیەکی قایم‌و توندوتۆڵ بەسترابوو بەلایەنە دێهاتییەکانەوە، سەرەڕای ئەوەش هێڵە سەرەکییەکانی بازرگانێتی ڕوسیا بەهەندەرانەوە پەیوەست بوو، سەرمایەی بازرگانیی دەرەکی لەچەند سەدەیەکی زۆر کۆنەوە ڕۆڵێکی بنچینەیی ئاڕاستەکراوی هەبوو، شێوەی نیمچە داگیرکارییەکەشی بەخشیبوو بەو چالاکی کارو جم‌وجۆڵە بازرگانییەی کە بازرگانی ڕوسی تیایدا ڕۆڵی ناوەندیارێکی[٦٧] دەبینی لەنێوان گوندە ڕوسییەکان‌و شارەکانی خۆرئاوادا، ئەم جۆرە پەیوەندییە بازرگانییەش لەسەردەمی سەرمایەداریی ڕوسیادا زیاتر پەرەی سەندو درێژەی هەبوو تاکو لەچاخی جەنگی ئیمپرالیدا گەیشتە ترۆپك‌و بەباشترین شێوە بەرجەستە کرا. نزمی‌و کەمنرخی شارە ڕوسییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لەدروستکردن‌و خولقاندنی دەوڵەتێکی ـ ڕوسی ـ شێوەو ناوەڕۆك ئاساییداو بوو بەرێگریش ـ بەتایبەتی ـ بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ئایینی، واتە بوو بەرێگرێك لەبەردەم ئەوەدا کە ئەرسۆزۆکسی دەرەبەگایەتی بیرۆکراتی بگۆڕدرێت بۆ شێوە مەسیحییەتێکی هاوچەرخانەتر، کە باشتر لەگەڵ کۆمەڵگەی بورجوازیدا بگونجێت، ململانێش دژی کەنیسەی دەوڵەت لەو ئاستە تێپەڕی نەکرد کە چەند تیرەو بەرەیەکی جوتیارانی گرتەوە ـ و هیچی تر ـ لەپێش هەموشیانەوە تیرەو باڵی ((باوەڕدارە دێرینەکان)). پێش نزیکەی (١٥) ساڵێك بەر لەشۆڕشی گەورەی فەرەنسا، بزوتنەوەی جوتیارو کرێکارو کلۆڵەکانی ـ کۆیلەکانی ئۆراڵ ـ ڕوسیا تەقینەوە، ئەم بزوتنەوەیەش پێیان دەگوترا (ڕاپەڕینی بۆغاتشیڤ)، ئەی چ

[٦٦] بازرگانە گەڕیدەکان: بازرگانە کۆچەرییەکان: بازرگانە کاروانچییەکان بازرگانە ڕەوەندەکان: تجار الرحّل.
[٦٧] ناوەندیار: دەڵاڵ: وسیط.





کەموکوڕییەك لەم ڕاپەڕینەدا بوو بەکۆسپێك‌و نەیهێشت ئەم ڕاپەڕینە میللییە تۆقێنەرە ببێت بەشۆڕشێکی چینی سێهەم[٦٨] (Τιερσ – Ετατ)؟ نەبوونی دیموکراتییەتی پیشەسازیی لەشارەکاندا بوو بەهۆی ڕێگرتن لەوەی کە جەنگی جوتیارانی گەشە بکات‌و پەرەبسەنیَ‌و بگاتە ئاستی شۆڕش، هەروەکو چۆن گران بوو بەلای تیرەو گروپە دێهاتییە ئایینییەکانەوە کە بگەنە ئاستی چاکسازی ئایینی، (ڕاپەڕینی بۆغاتشیڤ) لەلایەن خۆیەوە بوو بەمایەی پشتیوانی کردنی دەسەڵاتی بیرۆکراتی، پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەو چینەی خانەدانان کە سەرلەنویَ لەکاتە تەنگانەکانی جەنگدا، تین‌و توانای خۆی سەلماندەوە.

گۆڕانکاری کردن لەشێوە دیمەنی ولاتدا بەپێی ـ هاوێنەی ـ ئەورووپا لەسەردەمی بوتروسی یەکەمدا دەستی پێکرا، دوایی ئەم گۆڕانکارییە لەسەردەمی دواتردا بوو بەپێویستییەکی زۆر گرنگ بۆ چینی زاڵ، واتە چینی گەورە پیاوان‌و ناوداران، لەساڵی ١٨٢٥یشدا ڕۆشنبیرانی ئەو چینە ئەم پێویستییەیان بەئاڕاستەیەکی سیاسیدا بردو گشتگیریان کرد، ئەوەبوو گەیشتنە ـ پێکهێنانی ـ بزوتنەوەیەکی سەربازی کە ئامانجی کەم کردنەوەی توندوتیژی دەسەڵاتی تاکە کەسی بوو، ڕەگەزە پێشکەوتووەکان ـ کەسانی ـ چینی خانەدانان‌و هاندەران بۆئەوەی بگۆڕێت وەك ـ بۆرجوازییەکی پێشکەوتوی ئەورووپا ـ یان هاوشێوەی بێت‌و ئەم چینەش هەوڵیدا کە جێگەی چینی سێهەم ـ کە ئەوساکە نەبوو ـ بگرێتەوە، نیازی ئەم دەستەیەی ناو چینەکە بەلای کەمییەوە ئەوەبوو ڕژێمی لیبراڵی تێکەڵ بکەن لەگەڵ بناغەکانی دەسەڵاتی هەرچی‌و پەرچییەکاندا[٦٩] نامۆ نییە کە ئەم تەکتیك‌و کودەتایە وەك کارێکی ئەو کۆمەڵە ئەفسەرە نایابە دابڕاون، درێژەی کێشا. ئەفسەرانێك کە بەتەواوی ماناوە، ژیانی خۆیانی کردبووە قوربانی بەبیَ ئەوەی جەنگ‌و کوشتار بکەن، ئەمەشە واتای ((ڕاپەڕینی دیسەمبەرییەکان)). خانەدان‌و ناودارە خاوەن کارگەکان، یەکەم کەس بوون کە بانگەشەیان کرد بۆ گۆڕینی شێوەی کار

[٦٨] کۆمەڵگەی روسی لەو سەردەمەدا کە ترۆتسکی باسی لێوە دەکات لەسیَ جۆرە چین پێکهاتبوو، کە بریتی بوون لەپیاوانی کەنیسەو گەورە پیاوان‌و تاکەکانی تر کە سەر بەو دوو چینە نەبوون ـ وەرگێڕ عەرەبییەکان.
[٦٩] هەرچی‌و پەرچی: لێرەدا مەبەستی گاڵتەپێکردنە بەو شتەی کە ئەوان بە(یەکبوونی نیشتمانیی) ناویان دەبرد: الوحدة الوطنية.

کردن بەکۆیلەو مسکێنەکانی بۆ شێوەی کارکردنی کرێکاریی ئاسایی کرێگرتە، هەر بەو هەڵوێستەشیان توانیان هانی ئەو خەڵکانە بدەن بۆ زیاتر بەرهەم هێنانی داهاتی هەنارده کردنی گەنمی ڕوسی، لەساڵی ١٨٦١یشدا بیرۆکراتییەتی خانەدانانە پشتی بەست بەخاوەن زەوی‌وزارە لیبڕاڵییەکان‌و چاکسازی کشتوکاڵی بەپێی ئەو چەمکە هاتەدی، لیبڕاڵییەتی بورجوازیانەش دەستەوسان دۆش داماو بەرانبەر بەو کارە وەك زوڕنای پشتیوانی کردنی لێهاتبوو، بەدڵنیاییەوە قەیسەریەت کێشەی بنەڕەتی ڕوسیای چارەسەر کرد ـ کێشەی کشتوکاڵی ـ بەشێوازێکی زۆر ناکۆکترو قێزەونتر لەو شێوازەی کە خاوەندارێتی پڕۆسەی دوای دە ساڵ لەخۆی رابینی بەکاری بهێنێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بنەڕەتیانەی ئەڵمانیا ـ کێشەی یەکنیشتمانیی[70] ـ دەشزانین کە پاڵ لێکدانەوەی ـ گوێ پێنەدانی ـ چینێکی دیاریکراو بەرانبەر چارەسەرکردنی کێشەیەکی تایبەت بەچینێکی تر دیاردەیەکی بەرچاوە لەدیاردەکانی وڵاتە دواکەوتووەکاندا. یاسای پەرەسەندنی هاوبەش لەڕوونتر شێوەیدا دەبینرێ لەناو مێژووی پیشەسازی‌و سروشتی ڕوسیادا، ئەم پیشەیە بەشێوەیەکی دواکەوتوو لەدایك بوو، لەگەڵ سوڕی گەورەبوونی وڵاتانی پێشکەوتودا تەریب نەڕۆیشت، بەڵام خۆی لەم خولەدا گرمۆڵەو مات کردبوو تاکو دەرفەت بڕەخسێ‌و وەك دەستکەوتێکی زۆر تازەو لەگەڵ بارە دواکەوتووەکەیشیدا دەربکەوێ. جا ئەگەر پەرەسەندنی گشتی ئابووری ڕوسیا بازی دابێت بەسەر قۆناغە پیشەییە هاریکاری‌و[71] پیشەسازییە سوکەکاندا (مانیفاتۆرە) ئەوا ژمارەیەك لەلقە پیشەسازییەکانی تارادەیەك بازێکی بەشەکییانداوە بەسەر هەندێ لەو قۆناغەی کە خۆرئاوا دەیان ساڵی بەسەر برد ئینجا توانی بیانبڕێ‌و تێیان پەڕێنێت ـ واتە ئەو قۆناغانە ببڕێ ـ لەبەرئەوە پیشەسازی ڕوسی لەهەندێ ماوەدا بەخێراییەکی زۆر گەشەی کردو بەرهەمی پیشەسازیش لەڕوسیادا دوو چەندانە بووەوە لەو ماوەیەدا کە دەکەوێتە نێوان شۆڕشی یەکەم‌و جەنگەوە، چەند مێژوونوسێکی روسیش لەو باوەڕەدان کە ئەم دیاردەیە بەسە بۆ ئەوەی پێویست بکات واز لەئەفسانەی باری دواکەوتوویی وڵات‌و خاوو

[70] یەکنیشتمانیی: یەکبوونی نیشتمانیی: یەك نیشتمانێتی: الوحدة الوطنية.

[71] هاریکاریی: تعاون.





خلیچکی پەرەسەندنی بهێنرێ[72]. لەڕاستیدا دەرفەتی پەرەسەندنی (خێرای لەم جۆرە لەئەنجامی هەبوونی بارێکی دواکەوتوویی ئەوتۆوە پەیدا دەبێت کە نەمایەوەو ـ پوکایەوە ـ مەخابن. خۆزیا هیچ نەبا تاکو لەناوچوونی ڕژێمی کۆن بمایە، کەچی خۆی کشاندە دواوە، وەك میراتییەکی ئەم ڕژێمە، تاکو ئەمڕۆش هەر ماوە ـ وەك شێوە میراتییەکەی بۆ ڕژێم.

وا باوە کەئاستی ئابووری هەر میللەتێك لەمیللەتان بەپێی ئاستی بەرهەم هێنانی ئەو کارەوە دەپێورێ کە پەیوەندی بەرێژەی پیشەسازی وڵاتەکەوە هەیە بەگشتی، لەدەمەدەمی داهاتنی شەودا بەسەر ئێوارەی شۆڕشدا، کاتێك ڕوسیای قەیسەری گەیشتبووە چڵەپۆپەی دەرکەوتنی، داهاتی ساڵانەی تاکە کەسێك دە ئەوەندە کەمتر بوو لەداهاتی ساڵانەی تاکە کەسێك لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ڕاڤەو لێکدانەوەی ئەمەش بەبێ سەرسوڕمان دەکرێت، کاتێك دەزانین کە چوار پێنج یەکی گەلی ڕوسیا ـ ی کرێکار ـ لەکشتیارو جوتیاران پێك هاتبوو، هاوکات لەئەمریکادا تەنها یەك کشتیار بەرانبەر ٢,٥ کرێکاری پیشەسازی بوو، سەرەڕای ئەوەش بیرمان نەچێت کە درێژی هێڵی شەمەندەفەر لەڕوسیادا تێکڕا (٤٠٠) مەتر بوو بۆ هەر (١٠٠) کیلۆمەترێکی چوارگۆشەی خاکی وڵات، دیسان درێژی هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر لەئەڵمانیادا (١١,٧٠٠) مەتر بوو بۆ هەمان ڕووبەرو پانتایی، درێژی هێڵی ئاسنینی ئیمپراتۆریەتی (هەنگاری ـ نەمساوی)یش بەرانبەر (٧٠٠٠) مەتر بوو بۆ هەمان ڕووبەری پێشو. خۆ ئەگەر هۆکارەکانی تری بەراووردکاری ڕوسیا بەنمونە وەربگرین‌و باس بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕوسیا لەخودی ئەو ڕێژانەشدا هەر دواکەوتوو بووە. بەڵام پێشتر گوتمان کە یاسای پەرەسەندنی هاوبەش لەبواری ئابووریدا بەڕوونترین‌و وردترین شێوەیەوە دەردەکەوێ‌و دێتە ئاراوە، لەبەرئەوە تا ڕادەیەك زۆربەی لایەنە کشتوکاڵییەکان تا کاتی بەرپابوونی شۆڕش هەر لەئاستی کشتوکاڵێتی سەدەی حەڤدەهەمدا مایەوە، کەچی هەر لەو کاتەدا تەکنۆلۆژیای پیشەسازی ڕوسیاو بنیاتنانی

[72] ئەم جەخت کرانەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ قسەکانی پرۆفیسۆر م. ن. پۆکرۆفسکی، تەماشای پاشکۆی ژمارە (١)ی بەشی دووەمی ئەم کتێبە بکە.

سەرمایەدارییەکەی بەرەو ئاستی وڵاتە پێشکەوتوەکان بەرز دەبوەوەو بگرە لەهەندێ بواردا پێشیشیان دەکەوتەوە، هەروەك هەموومان دەزانین کە پڕۆژە بچوکەکان ـ ئەوانەی کە کاروباریان لەئیشی دەستی کارکەری[٧٣] (١٠٠) کەس تێپەڕ ناکات ـ لەساڵی ١٩١٤داو لەئەمریکادا نزیکەی ٣٠٪ ی سەرجەم کرێکارانی پیشەسازییان پێك هێنابوو، کەچی لەڕوسیادا پڕۆژەی لەم جۆرە لەڕێژەی ١٧٪ تێپەڕی نەدەکرد، ئەگەر وامان دانا کێشی جۆریی (ڕێژە) بریتی بێ لەنزیکەی سەد تا هەزار کرێکاری یەکسان بۆ هەر کارگەیەکی ناوەنجیو گەورە لەو دوو وڵاتەدا، ئەوسا دەبینین کە کارگە گەورەکان ـ ئەوانەی زیاتر لەسەد کەسیان تێدایە ـ لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕێژەی ١٧,٨٪ ی کۆی گشتی کرێکاران دەخەنەکار، هاوکات لەڕوسیادا ٤١,٤٪ ی کرێکاریان بەکار هێناوە، ئەگەر تەماشایەکی ناوچە پیشەسازییە بنەڕەتییەکانیش بکەین دەبینین ئەم ڕێژەیە بەشێوەیەکی بەرچاو لەزیادبووندایە، بۆ نمونە ڕێژەکە بەرز دەبێتەوە تاکو لەمۆسکۆ دەگاتە ٥٧,٨٪ ، ڕەنگە دیسانەوە هەر بگەینەوە سەر هەمان ئەنجام ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان پیشەسازیی ڕوسی بەپیشەسازیی بەریتانی یان ئەڵمانی، ئەم ڕاستیانە کە لەساڵی ١٩٠٨دا سەلماندومانن هاوتەریب نین لەگەڵ دەقی ئەو پێوانەو مەزندەکردنە گشتیانەی کە بەشێوەیەکی پوخت تر دەربارەی ئابووری دواکەوتوی ڕوسیا دەدوێن، بەڵێ ئەم ڕاستیانە بەس نین، لەسەلماندنی باری دواکەوتویی ئابووری باوی وڵاتەکەماندا بەڵام بەسن بۆ ئەوەی ببن بەهۆکارێکی دیالیکتیکیانەی تێروتەسەل. سەرمایەی پیشەسازیو سەرمایەی بانك لەڕوسیادا ئاوێتە کران بەشێوەیەکی تەواو، کە هیچ شارێك پێشتر شتی وای بەخۆیەوە نەدیبوو، بەڵام پەسارکردنی[٧٤] پیشەسازی ڕوسیا بەبانکەکانەوە، واتە پەیوەست کردنی بەبازاڕی دراوی ئەوروپاو خۆرئاواوە، زۆربەی پیشەسازییە قورسەکانیش (وەك کانزاکان، نەوت، پەترۆڵ) ملکەچ بوون بۆ باربۆی[٧٥] بێگانە، کە لەڕوسیادا لەو پێناوەدا تۆڕەیەکی یاریدەدەرو ناوبژیوانی دامەزراندبوو، پیشەسازییە سوکەکانیش هەر بەهەمان ڕێگە بەرهەم

---

[٧٣] دەستی کارکەر: دەستی بەرهەمهێن: يد العاملة.

[٧٤] پەسارکردنی: هەڵپەساردنی: هێشتنەوە بەهەڵپەسێردراوی: تعليق.

[٧٥] باربۆ: باربۆکردن:تمويل.





دەهێنران، بێگانەو بیانییەکان ڕێژەی نزیکەی ٤٠٪ ی کۆی تێکڕای دەستمایەی بەرهەمهێنی ڕوسیایان پێدەبڕا، ڕێژەکان لەلقەکانی پیشەسازییە بنچینەییەکاندا زۆر لەو بڕو ڕێژەیە زیاتر بوو، دەشتوانین بەبێ زێدەگۆیی[٧٦] لەوە دڵنیابین کە بنکەی ئەو کەرتە بەشانەی[٧٧] کە بانكو کارگەو فابریقە ڕوسییەکان دەریان دەکرد لەدەرەوەی وڵات بوون، بەشداریکردنی سەرمایەداری ئینگلیزیو فەرەنسیو بەلجیکی زیاتر بوو لەبری دوو چەندانەکردن (التضّاعُف) هاوبەشیکردنی ئەڵمانیا. بارودۆخی بنیاتنانی پیشەسازی ڕوسیو پێکهاتەی خودی پیشەسازییەکەش سروشتی کۆمەڵایەتی بۆرجوازیانەی وڵاتو شێوە سیاسیەکەیان دیاری کردبوو، گوژم[٧٨] خستنەسەر پیشەسازی بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا بەڵگەیە لەسەر نەمانی هیچ ڕیزبەندییەکی ناوەنجی نێوان ناوەندە سەرمایەدارییە باڵاکانو جەماوەری گەل، لەسەرو ئەمەیشەوە گرنگترین پڕۆژەکانی بەرهەم هینان لەبواری پیشەسازیو بانكو گواستنەوەدا بەدەست ئەو بیانیانەوە بوون کە هەر بەوەوە نەدەوەستانەوە کە قازانجەکان بۆ خۆیان بهاشنەوە لەڕوسیادا، بەڵکو هەوڵی ئەوەشیان دەدا کە پشتگیرییو پشتیوانی سیاسی وڵاتەکانی تریش بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا و[٧٩] هەوڵەکانیان بۆ ئەوە نەبوو کە سیستمێکی پەرلەمانی لەڕوسیادا بێتە دی، بەڵکو زۆرجار دژی دروستبونی ڕژێمی پەرلەمانی لەو جۆرە دەوەستانەوە، ئەوە بەسە کە لێرەدا ڕۆڵی ڕەسمیو نالەباری فەرەنسا وەبیر خۆمان بخەینەوە، ئەوەش هۆکارە سەرەکییەکان بوون کە سەد لەسەد بوون بەمایەی بەرپابوونی ئەو دابڕانە سیاسییەی کە بۆرجوازییەتی ڕوسی پێی ئاشنا بوو، لەگەڵ هەڵوێستە دژوارانەکەی بەرانبەر بەبەرژەوەندییەکانی گەل. پێگەیشتنی ئەم بۆرجوازییەتەش لەبەربەیانی مێژووەکەیەوە بەس نەبووە بۆ ئەوەی کرداری چاکسازیی بکات، کاتێکیش ساتی ئەوە هات سەرکردایەتی شۆڕشی بدرێتە دەست، پێگەیشتنەکەی لەئاستی پێویست لایدابوو، بەرەو زیاتریش چوو. ئەگەر پوختەی گشتی پەرەسەندنی وڵات وەربگرین، بۆمان

---

[٧٦] زێدە گۆیی: المبالغة في الكلام.

[٧٧] کەرتە بەش: سهم.

[٧٨] گوژم خستنەسەر: تركيز.

[٧٩] ئەنجومەنی نوێنەران: مجلس النواب.

دەردەکەوێ کە چینی کرێکارانی ڕوسیا لەکۆگەی پیشەیی هاوکاری دا، بگرە لەناوەندی دێهاتیش نەچووەتە دەرەوە، کرێکارانیش لەشارەوە نەدەهاتن، بەڵکو لەگوندەکانەوە دەهاتن ـ بۆ بەشداریکردن ـ ئەوەشمان لا دروست دەبێ کە باس لە ئەوە بکەین پڕۆلیتاریای ڕوسی وردە... وردە... دروست نەبووەو پێك نەهاتووە، ماوەی چەند چاخێکی دورو درێژ پەرەی نەسەندوەو گەشەی نەکردووە، بەڵکو کوێرەوەری نارەحەتییە سەختەکانی ڕابردوی هەر لەناخدا بووە، هەروەکو چۆن هەمان بار لەئینگلتەرەشدا وابوو، بەڵام لەسەر شێوەی بازدانێك، گۆڕانی لەناکاوی بارودۆخ، گەیاندن، پەیوەندی، لەناوبردنێکی توندی ئەو شتانەی تاکو دوێنێ لەئارادا بوون هاتو پەیدابوو، ئەم هۆکارانەش بەدەستە جەمی لەناوجەرگەی ڕژێمێکی سەرکوتکەری قەیسەریدا پەیدابوونو وای لەکرێکارە ڕوسەکان کرد کە ئامادەبن بۆ وەرگرتنی بیرۆکە شۆڕشگێڕییەکان، ئەو بیرۆکانەی بوێری زیاتریان دەوێ، بەتەواوەتی وەك ئەوە وابوو کە پیشەسازی دواکەوتووی ڕوسی ئامادەبوو بۆ وەرگرتنی تازەترین شێوازی ڕێکخستنی سەرمایەداری. پڕۆلیتاریای ڕوسیا مێژووە کورتەکەی ـ خۆی ـ دوبارە کردەوە، بۆ نمونە لەو کاتەدا کە ڕەگەزە خاوەن بنەچە چینایەتییە ڕاستەقینەکانی پڕۆلیتاریا ـ لەبواری پیشەسازی کانزاییدا ـ قاڵو چەق بەستو بوون لە (پترسبۆرغ)و پێشتریش هەموو پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ گوندەکاندا پچڕاندبوو، هەر ئەو کاتە زۆربەی کرێکارانی (ئۆراڵ) لەجۆری نیوە پڕۆلیتاریو نیوە جوتیاری بوون، بەلێشاو هاتنی ساڵانەی دەستی کارکەر لەگوندەکانەوە بۆ سەر کاری پیشەسازی هەمە جۆر ببووە مایەی پێکهێنانی بازنەی پێکەوە بەستنی پڕۆلیتاریاو ئەو کۆگە کۆمەڵایەتیەی لایدابوو[80]. لێکەوتنو پەککەوتنی بۆرجوازییەتی سیاسی، پەیوەستو سنوردار بوو بەپەیوەندییەکانی لەگەڵ پڕۆلیتاریاو جوتیاراندا، ئەم بۆرجوازییەتە، نەیتوانی کرێکار گەلێکی ئەوتۆ بەدوای خۆیدا ڕابکێشێتو لەخۆی کۆبکاتەوە کە بەتەقینەوە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خۆیان ڕەخنەی لێبگرنو بەرهەڵستی بکەن، بەڵکو بەوە جیا دەکرێنەوە کە هەرزوو ـ ئەو کرێکارانە ـ وافێرکرابوون چۆن

[80] لادان: لێرەدا مەبەست لەو کەسانەیە کە لەکۆمەڵگەیەکدا گەورە دەبنو دوایی روو دەکەنە کۆمەڵگەیەکی تر، وەك دەگوترێ (ئەو شتانە ئاو لایداوە)، واتە دەرهاتەی ئەو کۆمەڵگەیەیە.





بتوانن مانایەکی فراوانتر بەخواستو ئامانجەکانیان بدەن، لەلایەکی تریشەوە بۆرجوازییەت دەستەوەسان بوو لەوەدا کە کاریگەری هەبێت لەسەر چینی جوتیاران، لەو ڕوانگەیەوە کە بۆرجوازییەت کەوتبووە ناو تۆڕو داوی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی لەگەڵ خاوەن زەوییە کشتیارەکانداو دەشترسا لەڕوودانی هەر لەرینەوەیەك کە دوچاری خاوەندارێتی ببێتەوە، جا شێوەی ئەو لەرینو ڕاچەنینە هەرچۆنێك بێت، سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕوسیا دواکەوت. ئەم دواکەوتنەش ناگەڕێتەوە بۆ پێویستییەکانی کات ـ ی دیاری کراوی لەدایکبونی شۆڕشەکە، بەڵکو هۆکارەکەی لەناخی بونیادی کۆمەڵایەتی ئوممەتدا[81] شاردرابووەوە. وەکو دەزانین ژمارەی دانیشتوانی ئینگلتەرە لە (٥) ملیۆنو نیو تێپەڕی نەکردبوو کە ئەم وڵاتە ـ واتە ئینگلتەرە ـ شۆڕشی ئایینی بەرپاکرد، نیو ملیۆن کەس تەنها لە (لەندن) دادەنیشتن بەڵام ژمارەی دانیشتوانی ڕوسیا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەرانبەر (١٥٠) ملیۆنێك دەبوو، (٣) ملیۆنییان لەپترۆگرادو مۆسکۆدا دەژیان، ئەم ژمارانە بەهایەکی گەورەیان هەیە لەبواری بەراوردکارییدا، بەڵام هاوکات چەند جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگیان شاردووەتەوە. ئەوەتا بەریتانیای سەدەی حەڤدەهەمو فەرەنسای هەژدەهەم ئەو پڕۆلیتاریایەیان بەخۆوە نەدیوە کە لەم سەردەمەی ئێمەدا بینراوە، بەم پێیە ژمارەی کەسانی ناو چینی کرێکارانی ڕوسیا ـ لەبوارە جیاجیاکانی تردا ـ لەساڵی ١٩٠٥دا لە (١٠) ملیۆن کەس کەمتر نەبووە بەشارو دێهاتەکانەوە، بەخۆیانو خێزانەکانیانەوە ژمارەیان لە (٢٥) ملیۆن کەس زیاتر بووە، واتە زیاتر لەسەرجەم دانیشتوانی فەرەنسا لەماوەی شۆڕشی گەورەدا، بێگومان ئەو شۆڕشەی کە پیشەوەرە توندڕەوەکانو جوتیارە بێ لایەنەکانی بەخۆیەوە بینی ـ کە سوپای (کرۆمۆیل) لەخۆیگرتن، دوایی خەڵکی ئاسایی[82] پاریسیش هاتە پاڵیان تاکو پێکەوە بگەنەوە بەپڕۆلیتارییە پیشەییەکانی (پترسبۆرغ) ـ و ڕاستکردنەوەیەکی قووڵیی خستە ناو میکانیزمی کۆمەڵایەتیو شێوازو نەخشەکانیەوە. ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٠٥ سەرەتایەك بوون بۆ بەرپابوونی هەردوو شۆڕشی ١٩١٧، واتە شۆڕشەکانی فێبرایرو

[81] لەجیاتی وشەی (الامة) وشەی ترمان دانەناوەتەوە، بەڵکو هەروەکو خۆی وشەکەمان بەکارهێناوە، چونکە (ئومەت) زۆر جیاوازترە لە (گەل)و (میللەت) وەرگێڕ بۆ کوردی.

[82] خەڵکانی ئاسایی: خەڵکی رەشۆکیو زۆرینەی پێکهاتەی کۆمەڵگە: Lossanchlottes .

ئۆکتۆبەر، هەر ئەو سەرەتایە خۆیشی چەند ڕەگەزێکی کارەسات‌و نارەحەتی‌و کوێرەوەری وای لەخۆ گرتبووکە تەنانەت دوایش نەدەتوانرا بەتەواوەتی ڕوون بکرێنەوە، جەنگی (ڕوسیا ـ یابان) قەیسەریەتی هێنایە لەرزە، بۆرجوازییەتی لیبڕاڵیش بزوتنەوەی جەماوەری میللی وەك ئامێرو قەڵغانێك بەکارهێنا بۆ پاراستنی خۆی، بەم بەرهەڵستکاریەشی خۆی لەڕاپەڕین لادا، کرێکارەکانی لەسۆڤییەتات خۆیان ڕێکخستەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆی دوور لەبۆرجوازییەت، لەهەندێ باردا دژیشی دەوەستانەوە، ئەمەش یەکەم جار بوو کە سۆڤییەتاتی تێدا پێك بهێنرێ، ئیتر چینی جوتیاران بەنیازی دەستکەوتنی زەوییەك بۆ خۆیان ئەمسەراو ئەوسەری وڵاتیان لەسەنگ‌و سوژندا جوتیاران‌و هەندێ لەڕەگەزە شۆڕشگێڕەکانی ناو سوپا بەرەو ئەو سۆڤییەتاتە کەوتنە ڕێ کە پێشبڕکێی کۆشکی پاشایەتی دەکرد بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، بەتایبەتیش کاتێك زەبری شۆڕشگێڕانە گەیشتبووە ترۆپکی هێز، لەگەڵ ئەوەشدا یەکەم جار بوو کە هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان دەرکەوتن، بەڵام شارەزایی تەواو، یان متمانەی تەواویان نەبوو بۆ کارکردن ـ ی سیاسی‌و کرداری ـ کاتێکیش لیبڕاڵییەکان بۆیان دەرکەوت کە خستنە لەرزەی تەختی پاشایەتی بەس نییە، بەڵکو دەبێت هەڵیشبگێڕدرێتەوە، ئیتر بەئاشکرا لەشۆڕش جیابوونەوە، لەولاوەش لەناکاو بۆرجوازییەکان لە (گەل) جیابوونەوە، بۆرجوازییەت کۆمەڵێکی باش لەڕۆشنبیرە دیموکراتییەکانی لێ دابڕا ـ بارودۆخ بەجۆرێك گونجا ـ تاکو کاری خاوەندارێتی ئاسانتر بکات لەکەرت‌و پەرتکردنی سوپاو هەڵبژاردنی کەسانی دڵسۆزو ئەنجامدانی جەنگی خوێناوی دژی جوتیارو کرێکاران، سەرەنجام دەسەڵاتی قەیسەری لەچەند لایەکەوە پەراسو شکاو بوو، بەڵام لەڕووداوەکانی ساڵی ١٩٠٥دا بەزیندوویی‌و بەکەمێك ورەو هێزەوە دەرباز بوو. ئێستا ئاخۆ ئەو چاکسازیانە چی بن کە لەسایەی پەرەسەندنی مێژوویدا بەسەر پەیوەندی هێزەکاندا هاتبن لەماوەی ئەو یازدە ساڵەی کە کەوتووەتە نێوان سەرەتاو نارەحەتییەکانی جەنگەوە؟ ـ واتا سەرەتای شۆڕش تاکو کپ کردنەوەی شۆڕشەکەو کۆست‌و تاڵاوەکانی؟ ـ ڕژێمی قەیسەری لەم ماوەیەدا بەشێوەیەکی ڕوون‌و ئاشکراتر





گەیشتە بەرچەپێك[٨٣] لەگەڵ داخوازییە مێژووییەکاندا، بۆرجوازییەتیش لەجاران بەهێزتر بوو، بەڵام پێشتر بینیمان کە ـ ئەم بۆرجوازییەتە ـ بەزۆری هێزی لەسەر پیشەسازی چەسپاندبوو، لەگەڵ زیادکردنی ڕۆڵی دەستمایەی دارایی بیانی، کاریگەری پەند وەرگرتنی ساڵی ١٩٠٥ ی هەر لەسەر بوو، بۆیە زیاتر موحافیزکارو توند شێوەتر بوو، کێشی جۆرایەتی[٨٤] هەردوو بۆرجوازییەتەکە، بەناوەندی‌و بچوکییەوە بەرەو کەمبوونەوە دەچوو، لەکاتێکدا کە پێشتر ئەوە دیاری کراو بوو، ڕۆشنبیرە دیموکراتییەکان بەشێوەی بناغەیەکی جەماوەریی کۆمەڵایەتی تۆکمەیان نەبوو، تەنها لەتوانایاندا بوو کە کاریگەرییەکی سیاسی کاتیی وەدی بهێنن‌و گران بوو کە بتوانن ڕۆڵێکی سەربەخۆ ببینن، لەو ڕوانگەیەوە کە ملکەچ بوونی زۆربەی ڕۆشنبیرە لیبڕاڵییە بۆرجوازییەکان، لەزیادبووندا بوو، لەبارودۆخی ئاوەهاشدا، پڕۆلیتاریا تاکە لاوی چینێکی تاقانەی وابوو کە بتوانێت پڕۆگرام‌و لیواو سەرکردایەتی پێشکەش بەجوتیاران بکات، پشتیوان‌و ڕێخۆشکەرە گەورە بەرچاوخراوەکانی بەردەمی لەسەری پێویست کرد کە بەبێ سێ‌و دوو کردن‌و خاوەخاو ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕانەی تایبەتی دروست بکەن، بەچەشنێك بتوانێت هەموو جەماوەرە میللییەکان بگرێتە خۆی‌و وایان لێبکات کە توانای هەڵمەت‌و هێرشی شۆڕشگێڕانەی هەبێت لەژێر سەرکردایەتی کرێکاراندا. لەساڵی ١٩١٧دا سۆڤیەتاتی ١٩٠٥ پێشکەوتنێکی چاکی بەخۆیەوە بینی، با ئەوەش وەبیری خۆمان بخەینەوە کە سۆڤیەتات بەتاقی تەنیا دەرئەنجامی دەوڵەتی دواکەوتوی ڕوسیا نەبوو لەڕووی مێژووییەوە، بەڵکو دەرەنجامی پەرەسەندنێکی هاوبەش بوو، لەبەرئەوە پڕۆلیتاریای پێشکەوتوترین وڵاتی خۆرئاوا (ئەڵمانیا) لەماوەی درێژەدان بەشۆڕشی ساڵی ١٩١٨ ـ ١٩١٩دا شێوە ڕێکخستنێکی باشتر لەوەی سۆڤیەتاتی بەخۆیەوە نەبینی. ئامانجی ڕاستەوخۆی شۆڕشی ١٩١٧ هەڵگێڕانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بیرۆکراتیەت بوو، بەڵام لەشتێکدا جیاواز بوو لەگەڵ شۆڕشە بۆرجوازییە کۆنەکاندا ئەویش بریتی بوو لەو ڕەگەزە یەکلاکەرەوەیەی لەناخیدا هەبوو، کە بریتی بوو لەچینێکی تازەی دامەزراو

---

(٨٣) بەرچەپ: تناقض، فەرهەنگی نۆبەرە ـ حوزنی موکریانی.

(٨٤) کێشی جۆرایەتی: الوزن النوعي، کۆمەڵە وتارێکی ئابووری ـ دکتۆر کمال خەیات/ زانکۆی سلێمانی.

لەسەر بنچینەیەکی پیشەسازی چڕوپڕو ڕێکخستنێکی تازەو شێوە خەباتی نوێ، پێدەچێ یاسای پەرەسەندنی هاوبەش لێرەدا لەبەرزترین پلەکانیدا بوبێت، ئەوەتا شۆڕش بەهەڵگێڕانەوەی ئەو بینا هەڵۆڵە دەستی پێ کرد کە سیمای سەدەکانی ناوەڕاستی پێوە دیار بوو، وە چەند مانگێکی زۆریشی نەویست کە پرۆلیتاریای گەیاندە سەر کۆشکی دەسەڵات، لەسەرو هەمووشیانەوە حیزبی شیوعی. بەم پێیە چالاکیو ئەرکە بناغەییەکانی سەر ئەستۆی شۆڕشی ڕوسیا بەدڵنیاییەوە لەوە جەخت دەکەنەوە کە شۆڕشەکە شۆڕشێکی دیموکراتی بوو، بەڵام مەسەلەی دیموکراتییەتی سیاسی بەشێوازێکی نوێ خستەڕوو، بۆ نمونە کاتێك کرێکاران خەریکی بنیاتنانو داڕشتنی سۆڤیەتات بوون لەچوار دانگەی وڵاتداو سەربازو هەندێ لەجوتیاران ڕوویان تێدەکرد، بۆرجوازییەت بەدوای موساوەمە کردنیدا دەگەڕا، وە دەیپرسی: ئاخۆ پێویستە لەسەری داوەتی ئەنجومەنی دامەزرێنەران بکات، یان نا؟ ئەم باسو خواسەش بەشێوەیەکی ڕوونترو بەڵگەدارتر لەکاتی خستنەڕووی ڕووداوەکاندا باس دەکەینو نامانەوێ لێرەدا لەسەری بڕۆین، مەگەر تەنها بۆ دیاریکردنی شوێنگەی سۆڤیەتات لەناو پەرەسەندنی مێژوویی بیرو شێوەکانی شۆڕشگێڕییدا. لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا شۆڕشی بۆرجوازییەت لەئینگلتەرە لەژێر پەردەی چاکسازیی ئایینیدا سەری هەڵدا، ململانێی بەرجەستە بوو لەپێناوی ئەوەدا مافی نوێژ کردنو پاڕانەوە هەیە بەپێی کتێبی (نوێژە تایبەتییەکان) سەبارەت بەپێکهێنانی روبەڕوبونەوەو بەرهەڵستی کردن دژی پاشاو ئەرستۆکراتیەتو میرەکانو کەنیسەی رۆما. بریسبیتەرییەکانو پۆریتانیۆنەکان (خەڵکانی ناو تێزە ئایین مەسیحییەکانی ئەنگلۆ ـ ئەکسۆنیەت) بەتەواوەتی باوەڕیان بەوە هەبوو کە بەرژەوەندییە دنیاییەکانی خۆیان لەسایەی پاراستنی ئەو دەسەڵاتە خواییەدا داناوە کە هەرگیز مۆڵەق نابێو نارمێ، ئەو ئامانجانەی بەرەو چینە نوێیەکان لەپێناویاندا کوشتاریان دەکرد لەهزرو ژێری ئەم چینانەدا لەگەڵ هەندێ لەدەقەکانی (تەوراتو) و چەند سروتێکی[85] ئایینیدا تێکەڵ ببوون، هەر کەسێکیش بۆ ئەودیوی دەریاکان کۆچی بکردایە ئەم باوو نەریتەی کە لەگەڵ خوێنیدا تێکەڵ بووە لەگەڵ خۆیدا

[85] سروت: طقوس.





دەبرد، لێرەوە زیندەیی[86] لێکدانەوەکانی ئەنگلۆ ـ سەکسۆنییەکانی بۆ ئایینی مەسیحی سەری هەڵداوەو سەرچاوەی گرتووە، ئێمە تاکو ئێستاش دەبینین کە چۆن وەزیرە بەریتانییەکان ـ سۆسیالەکانیان ـ پاکانەی خۆیان لە نەگریسی بەو دەقە جادوییانەوە بەستووەتەوە کە خەڵکی لەسەدەی حەڤدەهەمدا بۆ پاکانەکردنی ئازایەتی خۆیان دەیانهێنانەوە. فەرەنسا بەسەر قۆناغی چاکسازییدا بازیدا، بەڵام کەنیسەشی تێدا مایەوە وەك کەنیسەیەکی دەوڵەت تا ئەو کاتەی شۆڕشێك بەرپابوو کە هیچ گوزارشتێکی نەدۆزییەوە دەربارەی کۆمەڵگەی بۆرجوازیو بیانوبڕەی نەخشەکانی لەدەقەکانی تەوراتدا، بەڵام ئەوانە ـ واتە بیانوبڕە ـ ی لەپەتیگەراییەکانی[87] دیموکراتییەتدا دۆزییەوە، کار بەدەستانی ئێستای فەرەنسا تا هەر ئاستێك قین لەدڵ بن بەرانبەر بەبیروباوەڕی یەعقوبییەکان[88]، ئەوا بەدڵنیاییەوە کارە توندوتیژەکەی (رۆبیسپیر)ە کە ڕێگە بەفەرمانڕەواکانی ئێستا دەدات. بۆ شاردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان وەك چەند موحافیزکارێك لەژێر هەندێ ڕشتەو دروشمی وادا کە لەڕابوردوودا توانییان کۆمەڵگەی دێرین تێك بڕوخێنن. هەموو شۆڕشێکی گەورە قۆناغێکی تازەی قۆناغەکانی کۆمەڵگەی بۆرجوازیو دیمەنو ڕوخساری نوێی هۆشیاری چینەکانیشی دیاری دەکات، هەروەکو چۆن فەرەنسا بازی داو قۆناغی چاکسازیی تێپەڕاند، ڕوسیاش دیموکراتییەتی بەیەك باز تێپەڕاند، مەبەست لەدیموکراتیەتی پەتییە ـ پێویست بوو لەسەر حیزبی شۆڕشگێڕی ڕوسیا کە موستیلەکەی لەسەر چاخو سەدەیەکی تەواو دابنێ[89] و ڕشتەو شێوگێك بۆ چارەسەری مەزنایی شۆڕش بدۆزێتەوە، بەڵام نەهات لەناو تەوراتو ناوجەرگەی بیروباوەڕی دیموکراتیەت (پەتی)ی دا بۆی بگەڕێ، بەڵکو لەناو پەیوەندییە مادییە باوەکانی چینەکاندا بۆی گەڕا، شێوازی سۆڤیەتاتیش دەربڕینێکی سادەیە لەبارەی ئەم پەیوەندیانەوە، کە بەبێگەردیو ڕوونی دەناسرێتەوە، بۆ یەکەمجاریش زەحمەتکێشان زاڵ بوونی دەسەڵاتی خۆیان بەرجەستە کرد لەڕژێمی ئەو

[86] زیندەیی: زیندەگی: الحیویة.
[87] پەتیگەرایی: التجریدیة.
[88] بیروباوەڕی یەعقوبیەکان: یەعقوبیەت: الیعقوبیة.
[89] وەك لەکوردیدا دەگوترێ کڵاوی تێبنێ وەرگێڕ بۆ کوردی.

سۆڤیەتاتەی توانی سەربکەوێ، وێڕای هەموو ئەزمونە مێژووییە تازەکانو سەختییەکانیو بتوانێت لەهوشیاری جەماوەریدا بەقوڵییەك چەسپ بێت کە چاکسازیی یان دیموکراتیەتی پەتیش لەپێشدا هەر هێندەی ئەو بەقووڵی چەسپابوون.

## ڕوسیای قەیسەری و جەنگ

بەشداربوونی ڕوسیا لەجەنگدا، لەڕووی پاڵنەرو ئامانجەکانیەوە، گەلێك خەسڵەتی جیاوازی لەخۆ گرتووە لەڕاستیشدا ئەو ململانێ بەردەوامە بەمەبەستی کۆنتڕۆڵ کردنی جیهانی بوو، لەبەرئەوە ئاسۆی ـ ئەو ململانێیە ـ لەسەروی توانای ڕوسیادا بوو، ئامانجی جەنگی ڕوسیاش (نۆکەندی تورکیو غالیسیاو ئەرمینیا) بایەخی ڕێژەییو هەرێمایەتی خۆی هەبوو، نەشدەتوانرا بەئاسانی ئامانجی خۆی بپێکێ، جگە لەچارەسەرێکی کاتییانە لەماوەی دوورو درێژی خۆ گونجاندنیدا لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی زل هێزە بەشدارەکانی ناو ململانێو ناکۆکییەکە. لەهەمان کاتدا ڕوسیا خۆیشی دەوڵەتێکی گەورە بوو، ئەوەش ناچاری کردبوو بەشداریکردن لەهەراو زەنای وڵاتە سەرمایەدارە زیاتر پێشکەوتوەکاندا، هەروەکو چۆن پێشتر دروستکردنی کارگەو فاریقەی لەسەر پێویست کرد لەگەڵ ڕاکێشانی هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەرو دەستخستنی فڕۆکەو چەکی جۆری گوللەی تیژهاوێژ، زۆرێك لەمێژوونوسە ڕوسەکانی سەر بەقوتابخانەی نوێ چوونەتە ناو باسو خواسی دوورو درێژەوە سەبارەت بەخاڵێکی تایبەت بەزانینی ئەوەی ئاخۆ تا چی ڕاددەو مەودایەك ڕوسیای قەیسەری پێگەیشتوەو ئامادەیە بۆ وەرگرتنو پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئیمپریالیەتی نوێ، بەڵام ئەم هەموو گفتوگۆو وتووێژانە کەوتنە ناو تەڵەی سکۆلاستیکییەوە، چونکە ڕوسیا لەسەر زەمینەی جیهانی وەك ڕەگەزێکی دابڕاو یان هۆکارێکی سەربەخۆ وابوو، کەچی لەڕاستیشدا ئەڵقەیەك بوو لەدەزگایەکی تەواو. هیندستانیش تەنها بەڕوکەشو شێوە بەشداری جەنگەکەی کرد، ئەویش بەس لەو ڕوانگەیەوە بوو کە ژێر دەستەی ئینگلتەرا بوو، بەشداریکردنی (خۆکردانە[٩٠])ی

---

[٩٠] خۆکردانە: الارادیة.





(چین)یش کە شێوەیەکی جەنگەکە بوو، وەك دابەزینی دوو کۆیلە وابوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی یەکتری لەبەرچاوی گەورەکانیاندا. سروشتی بەشداریکردنی ڕوسیاش ـ لەجەنگدا ـ دیاری کراو نەبوو، یاخود شێوەیەکی مامناوەندی هەبوو لەنێوان شێوە بەشداریکردنەکەی فەرەنساو (چین)دا، بەم جۆرە ڕوسیا باجی ئەوەیشی دەدا کە ببووە هاوپەیمانی وڵاتە پێشکەوتووەکانو سەرمایەی وەردەگرتو باجی قازانجەکەی دەدا، واتە: هەق ـ یان سەرانەی ئەوەی دەدا کە ژێر دەستەیەکی نایابی هاوپەیمانەکانییەتیو هاوکات مافی ئەوەیشی پێ ببڕێ کە تورکیاو ئێرانو غالیسیا بپلیشێنێتەوەو ئەو وڵاتانەش تالآن بکات کە لەخۆی دواکەوتوترو لاوازترن، بەم چەشنە ئیمپریالییەتی بۆرجوازی ڕوسی بریتی بوو لە بەکرێگیراوێك کە لەخزمەتی دەوڵەتە گەورە جیهانییەکاندا بوو. سستمی کۆمپرادۆرییەکانیش (ناوەندیارە بازرگانەکان) لە (چین) لەنمونەیەکی لاسایی کردنەوەی بورجوازیانەی نیشتمانی بەولاوە هیچی تر نەبوو، کە هەمان ڕۆڵی بەکرێگیراوی دەبینی لەنێوان سەرمایە پارەدارە بیانییەکانو ئابووری وڵاتەکەیاندا، خۆ ئەگەر بمانەوێ زنجیرەی دەوڵەتە جیهانییەکانی پێش جەنگەکە بخەینەڕوو، دەبینین کە ڕوسیا شوێنێکی[٩١] گرنگتری هەیە لەشوێنی (چین)، ئەی باشە ئەو شوێنە کامەیە کە پێویست بوو ڕوسیا پێی بگات دوای جەنگەکە، ئەگەر ئەو شۆڕشە بەرپا نەبوایە؟ ئەمەیان پرسیارێکی ترە، بەڵام حوکمی ڕەهای ڕوسیاو بۆرجوازییەتی ڕوسی گەلێك لەسیفەتەکانی کۆمپرادۆریەتیان تێدا بوو، چونکە هەردوکیان ـ واتە حوکمو بۆرجوازییەت ـ لەسایەی پەیوەندییەکانیان بەئیمپریالییەتی بیانییەوە دەژیانو هەرگیز خۆیان لەسەر پێی خۆیان نەدەوەستان بەبێ پشت بەستن بەئەوان، لەکاتێکدا دەشزانین کە لەکۆتاییدا هەر خۆیان پێڕانەگیرا، گەرچی پشتیوانیش دەکران، بۆرجوازییەتی ڕوسیش نیوەکارێکی[٩٢]کۆمپرادۆرییەتی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالییەتی جیهانی نەبوو ـ بگرە کەمتریش بوو ـ نمونەی ئەمەش وەك نمونەی ئەو بەکرێگیراوەیە کە بایەخ بەدەستکەوتنی بەرژەوەندییەکانی خاوەنو گەورەکەی دەدات بەو نیازەی بەڵکو ڕێژەیەکی سەدیی کەمیش

---

[٩١] شوێن: لێرەدا مەبەست لەئاستو پلەیە.

[٩٢] نیوەکار: ئەو کەسەی بەربەنیوەیی، واتا بەرهەم بەنیوەیی کاردەکات بۆ خاوەن کارەکەی، یان زەویەکە.

بەرخۆی بکەوێت کە بۆی دیاری کراوە. سوپا ئامێری سەرەکی جەنگە، ئەفسانەی نیشتمانی هەر میللەتێك ئەوە دەڵێت کە ـ گوایە ـ سوپاکەی خۆی بەهێزو خۆڕاگرەو هەرگیز ناشکێت، بەڵام چینە حوکمڕانەکانی ڕوسیا شتێکی ئەوتۆیان نەبوو کە هانیان بدات بۆ هەڵاوێردن[٩٣] و جیاکردنەوەی سوپای قەیسەر لەم وەسفو پێداهەڵدانە، لەڕاستیشدا ئەم سوپایە هێزو بڕستێکی وا کاریگەری نەبوو، مەگەر تەنها بەشی دژایەتی کردنی گەلانی نیمچە بەربەڕیو دەرودراوسێ لاوازەکانی بکردایە، یان دژی ئەو دەوڵەتانە بوەستایەتەوە کە لەسەرەڕێی کاروانی لێکهەڵوەشانو پوکانەوەدا بوون، هەر ئەم سوپایە نەیدەتوانی لەگۆڕەپانی خاکی ئەوروپادا هیچ کارو چالاکییەك بکات مەگەر لەناو چوارچێوەی ئەوەدا کە بەشێکە لەهاوپەیمانییەتێکی گەورە، هەروەها ئامادەباشی ئەوەیشی تێدا نەبوو کە بەرگری لەوڵات بکات، مەگەر کاتێك کە پشت قایم بێت بەفراوانیو پانتایی شوێنەکانو دەگمەنی دانیشتوانو نەمانی ڕێگەوبانی چاك، (سۆفۆرڤ)یش داهێنەری سوپای مسکێنەکانی مۆجیکە، شۆڕشی فەرەنسی سەری هەڵداو بووە هۆی کردنەوەی دەروازەی فراوان لەبەردەم کۆمەڵگەی نوێو هونەری سەربازییو حوکمی یەکلاکەرەوەیشیدا دژی سوپای سۆفۆرۆڤ. هەڵوەشاندنەوەی نیمچەیی لەسوپای مسکێنەکاندا[٤] و جێبەجێکردنی ڕاژەی سەربازی تەوژمی بووە هۆی تازەکردنەوەی سوپاو وڵات ـ هەر ئەو دوو خاڵە ـ هەموو ململانێکانی ئومەتێکی خستە ناو سوپاوە کە هێشتا دەستی نەکردبوو بەشۆڕشە بۆرجوازییەکەی، لەڕاستیشدا بنیاتنانو دامەزراندنی سوپای قەیسەریو چەکدارکردنی بەپێی شێوازی خۆرئاوایی بوو، بەڵام شێوازەکە تەنها روکاری گرتبوەوە نەك ناوەڕۆك، هیچ پەیوەندییەکیش بەدی نەدەکرا لەنێوان ئەو ئاستە ڕۆشنبیرییەی کە جوتیارێکی سەرباز هەیبوو لەگەڵ ئاستە تەکنۆلۆجییە سەربازییە تازەکەدا. نەزانیو تەنبەڵیو سستیو ڕیسوایی چینە زاڵە ڕوسییەکان لەناوجەرگەی کۆمەڵی ئەفسەراندا تەشەنەی کردبوو، پیشەسازییو هۆیەکانی گواستنەوە دەستەوسان بوون لەئاستی دابینکردنی داخوازیە زۆرو

[٩٣] هەڵاوێردن: أستثناء.

[٤] مسکێنەکان: هەژارو سەپان و نادەربەگەکان.





زەبەندەکانی چاخی جەنگ، وا دیاربوو کە سوپا لەڕۆژانی سەرەتای بەرەنگاربونەوەو ململانێدا وەك پێویست ئامادەباشی تێدایە، کەچی کەرتە سەربازییەکان کاتێك بەخۆیان زانی کە بێ بەشن لەچەكو بگرە پۆستاڵیش، سوپای قەیسەری ڕاستییەکی گرنگی دەرخست لەماوەی جەنگی ڕوسیا ـ یاباندا، هەر لەماوەی شۆڕشی دژایەتیدا، دەسەڵاتی پاشانشینی بەهاوکاری دۆما، کاری چاکی کرد بۆ پڕ چەك کردنی جبەخانە جەنگییەکانیو چەند چاکسازییەکیش لەکاروباری سوپادا کرا، چی لەتواناو وێزەشیدا بوو کردی تاکو سوپاکە والێبکات کە ببێتە ئەو سوپایەی کە بەقیندا نەچێو تورە نەبێ، جەنگی ١٩١٤ش دەستی پێ کرد تاکو بەشێوەیەکی ڕاستەقینەو زەبراوی[٩٥] پاسادانی[٩٦] هێزی سوپاکە بکاتو بەجدی وەگەڕی بخات. هەر لەیەکەم لێدانیدا ڕوسیا بەخۆی زانی کە بووەتە پاشکۆی هاوپەیمانەکانی خۆی، بەشێوەیەکی زیاتریش لەبواری کەرەسەی جەنگیو ئازوقەدا، ئەمەش لەوە زیاتر هیچ شتێکی تر نەبوو کە درێژکراوەی پاشکۆیەتیو ڕوسیا بوو بەشێوەیەکی گشتی بۆ وڵاتە سەرمایەدارو زیاتر پێشکەوتووەکان، خۆ هاوکاری وڵاتە هاوپەیمانەکانیش هەڵوێستەکەیان ڕاست نەدەکردەوەو ڕزگاریان نەکرد، کەمی ئازوقەو بچووکی قەوارەی ئەو کارانەی پێشکەشیان کردبوو، کەموکورتی ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر، بەچاکی گوزارشتییان لەبارودۆخی دواکەوتوی ڕوسیا دەکردو ئەو تێکشکانو شکستییەیان لێدەخوێنرایەوە کە نیشتمانپەروەرە لیبراڵییە روسەکان باسیان دەکرد ـ و دەیان گوت کە ـ پێشینەکانیان شۆڕشی بۆرجوازی خۆیان نەکردووەو پێویستە لەسەر نەوەکانی داهاتوو قەرزەکانی ئەوان بدەنەوە بەمێژوو ـ واتە شۆڕشەکە بکەن ـ یەکەم ڕۆژی جەنگ، یەکەم ڕۆژی ڕیسواییش بوو، دوای چەند وردە کارەساتێك هێزی ڕوسیا دەستی بەپاشەکشێی گشتی کرد لەبەهاری ١٩١٥دا، جەنەڕاڵەکان کەوتنە تۆڵەسەندنەوە لەخەڵکی مەدەنی، بەمەبەستی شاردنەوەی ـ داپۆشینی ـ تێکشکانو بێدەسەڵاتیەکی خۆیان لەبەرامبەر دوژمندا، شەپۆلی توندوتیژیو زەبروزەنگی چەند ناوچەیەکی بەرفراوانی وڵاتی گرتەوە، ڕاوەدونانی

[٩٥] زەبراوی: تۆڵەدارانە: توندڕەوانە.

[٩٦] پاسادان: تحقیق.

ئاپۆڕەیەکی کوللە ئاسای خەڵکی لەژێر قامچی چەرمدا بەسەر باشوودا دەستی پێکرد، تەنگانەو نارەحەتیو پشێوییو پەژارە لەناوخۆی خەڵکدا تەشەنەی کرد تاکو ئەو نارەحەتیانەی ناو بەرەکانی جەنگی پێ تەواو بکرێ. وەزیری جەنگ جەنەڕاڵ (بۆلیفانۆڤ) کەوتە وەڵامدانەوەی پرسیارە پڕ لەڕاراییو پچڕپچڕەکانی هاوپلەو هاوڕێیانی خۆی دەربارەی پشێویی بارودۆخی بەرەکانی جەنگ، ئەو گوتی: ((من متمانەم بەڕوبەری پانو بەرینی وڵاتەکەمان هەیە، بەتەواوەتیش پشتم بەستووە بەو زۆنگاوانەی کە لێپەڕینەوەیان مەحاڵە، هەروەها پەناش دەبەمە بەر بەزەیی ـ پاپا نیقۆلا ـ ی گەورەی ڕوسیای موقەدەس))[٩٧]، دوای (٨) ڕۆژ جەنەڕاڵ رۆسکی لەبەردەمی وەزیرەکاندا دانی بەڕاستیدا ناو گوتی: ((پێویستیە نوێیەکانی تەکنۆلۆژیای سەربازی لەتوانای ئێمە گەورەترن، و بەهیچ بارێکیش لەتوانای ئێمەدا نییە کە کێبڕکێی ئەڵمانیا بکەین))، ئەم قسەیە جۆرێك نەبوو لەسوعبەتو قۆشمەیی، ئەوەتا (ستانکیفیتش)ی ئەفسەریش باس لەوە دەکات کە سەرکردەی یەکێ لەیەکە ئەندازەییەکان لەبەردەمیدا گوتویەتی: ((جەنگ کردن دژی ئەڵمانیا نائومێدییە، چونکە ئێمە دەستەوستانین لەئەنجامدانی هەموو شتێك ـ دژی ئەوان ـ جا هەر جۆرێك بێتو شێوازە نوێیەکانی جەنگو کوشتار گەلێك نەکسەی بۆ دروست کردوین))، زۆر وتەو دان پێدانانی لەم جۆرە هەیە ـ ئەگەر بمانەوێ باسی بکەین. بەڵام هەموو جەنەڕاڵە ڕوسەکان لەسەر شتێك کۆك بوون، ئەویش ئەوە بوو کە پێویستە لەسەر وڵات گەورەترین بەشە بەرکەوتی خۆراکی وڵات پارێزی (سەرباز) پێشکەش بکات هەموو لایەك لەسەر گاو بەراز زیاتر سوور بوون وەك لەخەڵك، کەسە ڕسواو هیچ لەبارانەبووەکانی لوتکەی دەسەڵاتی گشتی هەموو ئاستەنگەکانیان دەبەزاند بەبانگەشە کردنی هێزو سوپایەکی زیاتر ـ بۆ دۆزەخی جەنگ ـ نموونەی ئەو کەسانەش (یانۆشکیڤیتش) کە لەژێر دەسەڵاتی (نیقۆلا نیقۆلاییڤیتش)ی برای قەیسەردا بوو، هەروەها (کسییڤ)یش ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی قەیسەر خۆیدا بوو، خۆیانو هاوپەیمانە ئازیزەکانیان دەیانڕوانییە ڕەتڵی ژمارەکان، لەکاتێکدا وڵات پێویستی بەچەندین ڕەتڵ سەرباز بوو، ڕوسیا نزیکەی (١٥) ملیۆن کەسی ئامادەو پڕ

[٩٧] کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە (٤)ی ئوغسطس ـ ئاب ـ ی ١٩١٥ ترۆتسکی.





چەك کرد، کۆگەو ئۆردوگاو سەربازگەو سەنگەرەکانی پێ پڕکردن، ئەم خەڵکە زۆرو ئاپۆڕا گەورەو ناچارە هەر لەجێی خۆیدا قاچەو قاچی دەکردو هەندێکیان دەکەوتنە ژێر دەستوپێی هەندێکی تریانەوەو دەپلیشانەوە، زۆربەی سەربازەکان کۆمەڵیو دەستەی گەورە گەورە بوون کە بەزۆرە ملێ ڕەکێشی سەربازی کرابون، هەتا بڵێی بێزارو پەشۆکاوو ناچارو توڕەو داخ لەدڵ بوون، ئەم کۆمەڵانە سەبارەت بەبەرەی جەنگ نرخێکی خۆیان هەبوو، بەڵام لەبەرەکانی دواوەی جەنگدا هۆکارێکی چالاك بوون لەهۆکارەکانی ئاژاوەنانەوەو پشێویدا، ڕوسیا نزیکەی (٥) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار کەسی لەدەستدا بەکوژراوو بریندارو دیلەوە، ژمارەی ڕاکردەکانی سوپاش بەشێوەیەکی بەرچاو لەزیادبووندا بوو، لەیۆلیۆ (تەموز)ی ١٩١٥ەوە وەزیرەکان لەناو خۆیاندا مقۆمقۆی نائومێدییان دەکردو دەیانگوت: ((ڕوسیاش داماوە...! سوپاکەی کە گوێی جیهانیان پێشتر پڕکردبوو ـ گوایە ـ بەهەوڕەتریشقەی سەرکەوتنەکانیان کەچی ئەمڕۆ وانینو لەکەسانی ترسنۆكو ڕاکردە زیاتر هیچی تر نین!))[٩٨] وەزیرەکان خۆشیان گاڵتەیان بەشێوازە کەم نرخو رسواکانی خۆیان دەکردو خۆبەخۆ لەبارەی ((ئازایەتیو دلێری جەنەڕاڵەکان لەکوشتاری پاشگەزبوونەوە))دا دەدوان، کەچی خۆشیان چەندین کاتژمێر کاتی خۆیان بەفیڕۆ دەدا لەدەمەقاڵێی نەزۆکانەو بێ بەرهەمی وادا کە دەربارەی چەند باسو خواسێکی سەیر بوون، وەك: ((ئایا پێویست دەکات شوێنەواری قەشەکان کە لەکەنیسەکاندان لابەرین؟ یان نا؟ قەیسەر پێی وایە ئەوە کارێکی پێویست نیە، ((کە ئەڵمانییەکان نەوێرانو لەخۆیان رانەبینی هەر دەستیشیان لێ بدەن، جا ئەگەر وایان بکردایە، ئەوا لەئەنجامی ئەو کارەیاندا سزایەکی گشتی بەرەو ڕوویان دەبوەوە))، بەڵام ئەنجومەنی باڵای کەنیسەی ئەرسۆزۆکسی ڕوسیا پێشتر ڕەزامەندی لەسەر ئەو چۆڵ کردنە دەربڕی بوو، کاتێك گوتی: (( لەکاتی ڕۆیشتنو سەر هەڵگرتنماندا ئەوانەش لەگەڵ خۆمان دەبەین کە لەلامان بەنرخترین شتن)) ئەم جۆرە گفتوگۆیە هی سەردەمی جەنگی خاچەکان نییە، بەڵکو لەسەدەی بیستەمدا گوتراوە، لەکاتێکدا جیهان لەڕادیۆو ئێزگەکانەوە هەواڵەکانی تێکشکانی ڕوسیا دەبیستن. شانازی کردن بەسەرکەوتنەکانی

[٩٨] راکردە: راکردوی جەنگ، جوارە.

ڕوسیا بەسەر ئیمپراتۆریەتی نەمسا ـ هەنگاریدا دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئیمپراتۆریەتەکە ـ خۆی ـ نەك بۆ هێزی ڕوسیا، خێزانی (هابسبۆرغ) هەر لەزووەوە دانی بەوەدا نابوو کە پێویستی بەکەسێکە گۆڕی بۆ هەڵبکەنێ، داوای ئەوەشی نەکردبوو کە گۆڕو کێلەکەی گەورەو پڕ شانازی بێت، ڕوسیا پێشتر بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا زاڵ بوو کە ـ ئەو دەوڵەتانە ـ خۆیان لەسەر ڕێی کاروانی پوکانەوەو تیاچووندا بوون، وەکو تورکیاو پۆڵۆنیاو ئێران، سوپای ڕوسیاش لەبەرەی باشوری خۆرئاوادا بەرانبەر بەسوپای نەمسا ـ هەنگاریادا سەرکەوتنی مەزنی بەدەست هێنابوو، ئەم بەرەیە لەبەرەکانی تری جەنگ جیاوازتر بوو، هەر لێرەشدا چەند جەنەڕاڵێك بەدیارکەوتن، لەو جەنەڕاڵانەی بەهیچ جۆرێك نەیانتوانی پاساو بۆ هێزی جەنگ کردن بهێننەوەو بەرگری بکەن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا تێر نەبوون بەو گیانی قەدەرییەی کە هەمیشە سەرکردە شکست خواردووەکانی ـ جەنگی ـ پێ دەناسرێتەوە، دوایی هەر لەم ناوەندەدا چەند ((پاڵەوان))ێکی سپی پێست هاتنە کایەوە کە جەنگی ناوخۆ ـ ئەوانی ـ ناساند. هەموو لایەك دەگەڕان بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسو لایەنەی بەرپرسیارێتی جەنگ بگرێتە ئەستۆی خۆی، تۆمەتی سیخوڕی کردن بەگشتی ـ و بێ هەڵاوێردن ـ درایە پاڵ جولەکە، ئەو کەسانەش دەستگیر کران کە لەخێزانەکەیاندا ناوی ئەڵمانی هەبوو، بارەگای سەرکردایەتی ((نیقۆلا نیقۆلاییفیتش))ی برای پاشا ـ قەیسەر ـ بڕیاری کوشتنی عەقیدێکی دەرکرد کە ناوی (میاسۆییدۆڤ) بوو لەو ڕوانگەیەوە کە سیخوڕێکی ئەڵمانییە. ڕەنگە سیخوڕیش نەبووبێت، (سۆفۆملینۆڤ)ی وەزیری جەنگیش دەست بەسەر کرا، کە کەسێتییەکی ڕسواو گەمژە بوو، تاوانی خیانەتی گەورەی خرایە پاڵ، ئەم تاوانبارکردنەش تا ڕادەیەك بناغەیەکی هەبوو، وەزیری دەرەوەی بەریتانیاش ((ئەلسیر ئەدوارد گری)) لەبەردەم سەرۆکی نوێنەرانی ناردەی پەرلەمانی ڕوسیادا ڕایگەیاند کە حوکومەتی قەیسەر زۆر بەپەلەو هەڵپەوە جولایەوە کاتێك بڕیاریدا بەتاوانبارکردنی وەزیری جەنگبەخەیانەتی گەورە ـ لەکاتی جەنگدا. سەرۆکایەتی بالاو دۆما تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵ کۆشکی پاشایەتی کە مەیلیان بەلای ئەڵمانیادا لار کردووەتەوە، هەموو ئەو کەسانەش ئەوانە بوون کە چارەی هاوپەیمانانیان نەدەویستو ئێرەییان پێ دەبردن، سەرۆکی سوپای





فەرەنسی ـ کە لایەنێکی هاوپەیمانی ڕوسیا بوو لەجەنگەکەدا ـ پارێزگاری لەسەربازەکانی خۆی دەکردو دەیویست یەکەم شریخەی جەنگ بەر سەربازە ڕوسەکان بکەوێت ـ نەك سەربازەکانی خۆی ـ سوپای بەریتانیاش زۆر نەرمیو خاوی نەبێ جوولەی نەکرد، هەموویان لەسالۆنەکانی (پترۆغراد)و بارەگاکانی سەرکردایەتی بەرەکانی جەنگدا، نوکتەی پاکانە بۆخۆکردنیان دەگێڕایەوە، بۆ نموونە دەگوترا: ((سوێندم خواردوە کە ئینگلتەرا تا دوا دڵۆپی خوێن... لەخوێنی سەربازە ڕوسەکان ـ نەك خوێنی خۆمان ـ بپارێزم))، هاوشێوەی ئەم جۆرە نوکتەو قسەوباسە قۆشمانە دزەیان دەکردە ناو ئاستەکانی خوارەوترەوە ـ تا وای لێهات ـ لەناو بەرەی ئاسایی سەربازەکاندا ڕەنگیان دابوەوە، وەزیرەکانو جەنەڕاڵو ڕۆژنامەنوسان دەیانگوت: ((هەموو شتێك لەپێناوی جەنگدا))، تەنانەت سەربازە روسەکانی ناو سەنگەرەکانیش بەگاڵتەجاڕییەوە بەخۆیان دەگوت: ((بەڵێ ... ئەوان ـ واتە سەربازە ناڕوسەکان ـ ئامادەی جەنگن تاکو دوا دڵۆپی خوێن ... لەخوێنی من)). سوپای ڕوسیا لەماوەی جەنگەکەدازیانێکی لێکەوت کە هەرگیز زیانی وا سەخت بەهیچ سوپایەکی جەنگی هاوبەش نەگەیشتبوو لەو کوشتو کوشتارەدا، ڕوسیا (٢) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار کەسی لێ کوژرا، واتا لە ٤٠٪ ی کۆی گشتی زیانی گیانی تێکڕای زیانەکانی سوپای هاوبەش بەگشتی، سەربازەکان لەمانگە سەرەتاکانی جەنگدا بەبێ دودڵیو بیرکردنەوە لەژێر قازیفەکاندا دەکەوتن، دواتر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ شارەزاییان زیاتر پەیدا کرد، بەڕاستی شارەزاییەکی تاڵ بوو، بەڕادەیەك هەموو چینەکانی ئەو جیهانە هەستیان پێ کردبوو کە لەتوانای سەرکردایەتیدا نەبوو ئاڕاستەیان بکات، سەربازەکان بواری پشێویو ئالۆزی دەستکردی جەنەڕاڵەکانیان بەپێوەری کرداریی دەپێوا کە بریتی بوون لەدرێژی ڕێ ڕۆیشتنەکەیانو گەڕانەوەی پێچەوانەی ناڕێكوپێك بەقۆنەرەی شێوە نەعلەوەو ژەمی ئەو خۆراکەی ـ جەنەڕاڵەکان ـ خەساریان دەکردو لەناوەندی تێکڕمانی بەردەوامی ورەی خەڵكو سوپادا یەكو شەڕاڤەی هەموو شتەکانی دەکرد ئەویش بریتی بوو لە ((ئای ریسوایی...!)) ئەم دەربڕینەش لەسەر زمانی سەربازەکان شێوەیەکی توندتری وەرگرت. پەڕاگەندەییو پەرپووتی چەکی سوپای پیادەی پێکهاتوو لەجونیاران زۆر زیاتر بوو لەپەرپووتی چەکی

هەموو شوێنەکانی تر، بەڵام ئەو تۆپەی کە بەدەست بەشێکی زۆری کرێکارە پیشەسازییەکانەوە بەوە ناسرابوو کە ئاستێکی توانای باش هەبوو لەباربۆکردنی بیرە شۆڕشگێڕییەکان، ئەمەشمان بەڕوونی لەساڵی ١٩٠٥دا بینی، کەچی ئەم تۆپە لەساڵی ١٩١٧دا لەسوپای پیادە قایم تر چاودێری کرابوو، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جەماوەرێکی ئاست دیاری کراوی ڕۆشنبیری دەهاتنە ڕیزی کادرەکانی پیادەوە، هاوکات تۆپەکانیش پارێزگاری لەکادرە دێرینەکانیش کرد، لەو ڕوانگەیەوە کە زیانی کاریگەرییان پێ نەگەیشتبوو، هەر ئەم تێبینییەش بەسەر هەموو چەکە تایبەتییەکاندا دەچەسپێ، بەڵام ئەویش دواتر هەروا نەمایەوەو لەدوا جاردا خۆی بەدەستەوەداو مل کەچ بوو. لەکاتی کشانەوەی سوپاش لە (غالیسیا) سەرکردەی باڵا، چەند بڕیارو ڕاسپاردەیەکی نهێنی وەك حوکمدان دەرکرد، لەو بڕیارەدا هاتووە کە سەربازە ڕاکردەکان یان ئەوانەی تاوانی تر دەکەن دەبێ بەقامچی لێیان بدرێ، (بیریکۆ)ی سەرباز لەیادەوەرییەکانی خۆیدا نوسیوویەتیو دەڵێت: ((لەسەر کەمترین تاوان لەخەڵکیان دەدا، بۆ نمونە بزربونی بێ مۆڵەتی چەند کاتژمێرێك، هەندێ جاریش لێدانیان بەکاردەهێنا بۆ بەرزکردنەوەی وورەی گروپەکە))، لە (١٧)ی سێپتەمبەری ١٩١٥ (کۆرۆپاتکین) شایەتی لەسەر (غۆتشکۆڤ) داوەو نوسیویەتی: ((سەربازو ئەفسەر پۆلەکان زۆر بەگەرموگوڕییەوە دەستیان دایە جەنگ لەسەرەتادا، بەڵام ئێستا بێ وورەو تێکشکاون، کوشتارو جەنگی پاشگەزبوونەوەی درێژخایەنیان بوو بەمایەی نەمانی هیوایان بەسەرکەوتن))، هەر لەسەرو بەندی هەمان کاتدا، وەزیری ناوخۆ دەربارەی (٣٠) هەزار سەرباز دوابوو، کە کاتی پشوی خۆیان لەمۆسکۆ بەسەر دەبەنو دەڵێن: ((ئەمانە ڕەگەزی شەڕەنگێزیو ئاژاوەنانەوەن، دژی هەموو ئینزیباتەکان دەوەستنەوە، خراپەکاریی دەوروژێنن، لەگەڵ پۆلیسدا بەجەنگ دێن (لەم دواییانەشدا سەربازەکان پۆلیسێکیان کوشتبوو) لەو پۆلیسانەی کە ئەگەر ئەو سەربازانە بشگرن ناچارن دەست بەرداریيان بنو بەڕەڵایان بکەنەوە،... هتد، بێگومان ڕوودانی هەر پشێوییەك ئەم یاخیو چوختیانە بەرەو ئەوە دەبات کە لەگەڵ جەماوەردا هاوهەڵوێست بن))، دیسان (بیریکۆ)ی سەرباز کە پێشتر ناومان هێنا لەم بارەیەوە نووسیویەتی: ((هەموو لایەك





بەبێ جیاوازی بایەخیان بەیەك شت دەدا، ئەویش ئاشتی بوو، هەرگیز سوپا نەیدەپرسی ئاخۆ کێ جەنگ دەباتەوە، یان ئەم ئاشتییە چی پێشکەش ـ بەخەڵکی ـ دەکات؟ بەڵکو هەموویان ئاواتەخواز بوون بەو ئاشتییە بگەن، جا بەهەر نرخێك بێت، پاش ئەوەی جەنگ بەتەواوەتی ـ سوپای ـ شەکەتو ماندوو کردبوو)) پەرستیار[٩٩] (س. فیدۆرتشینکۆ) کەسێکی وردو بەدیقەت بوو، کاتێك گوێی لەهەندێ قسەوباسی سەربازەکان بوو، ڕاستی بیروبۆچوونی ـ سەربازەکانی ـ بۆ دەرکەوتبوو، پاشان ئەو ڕاستیانەی لەسەر کاغەز لای خۆی نووسیبوو، لەئەنجامی ئەوەشدا نامیلکەیەکی لێ پێکهێنا بەناوی (جەنگو گەل)، ئەم نامیلکەیە ڕێمان بۆ خۆش دەکات تاکو بەچاوپیاخشانێکی تایبەتییەوە بڕوانینە ئەو هەواڵگە گەورەیەی کە نارنجۆکی دەستیو تەلی دڕکاوییو گازە کوشندەو خنکێنەرەکانو سوكو ڕسوایی دەسەڵاتدارانو فەرمانڕەوایانی وڵات کاریان تێ دەکات، کە ماوەی چەند مانگێکی دورو درێژە گوشاری خستووەتە سەر هۆشیاریی چەند ملیۆن کەسێك لەجوتیارە ڕوسەکانو تیایدا ئێسكو پروسکی مرۆڤ لەگەڵ ئەو بیرۆکانەدا دەهاڕدرێن کە لەچەند سەدەیەکی ڕابوردووەوە ناسراون، لەو دەمانەدا گەلێك لەو پەندە خۆرئاواییانەی سەربازەکان بەسەر زاریاندا دەهاتو دەریاندەبڕین لەناخی قوڵاییاندا دروشمی جەنگی ناوخۆیی ئایینندەیان لێ دەخوێنرایەوە. لەدیسەمبەری ١٩١٦ (جەنەڕاڵ ڕۆسکی) سکاڵای ئەوەی کرد کە (ڕێغا) خاڵی لاوازی بەرەی باکوری سوپایە، وای زانی کە وەك (دڤینسك) هێلانەیەك لەهێلانەکانی پڕوپاگەندەی پێك هێناوە))، (جەنەڕاڵ بڕۆسیلۆڤ)یش لەلایەن خۆیەوە جەختی لەم حوکمە کردەوە کاتێك ئاماژەی داو گوتی: ((ئەو سوپایەی کە لەکەرتو بەرەکانی جەنگی ڕێغاوە پاشگەزبوونەوە، ورەیان نەمابوو، سەربازەکان بەشداریکردنی هێرشیان ڕەت دەکردەوە، هەروەها نەقیبێکیشیان بەنێزەی تفەنگەکانیان کوشت، وا پێویست بوو کە چەند سەربازێك گوللە باران بکرێن،... هتد، بەڵام (ڕۆدزیانکۆ) کە بەردەوام پەیوەست بوو بەناوەندی ئەفسەرەکانەوەو هەر خۆشی سەردانی بەرەی جەنگی دەکرد، دان بەڕاستییدا دەنێتو دەڵێت: ((ئەو زەویە لەبارەی کە شیاو بێت بۆ تەفروتونا

---

[٩٩] پەرستیار: ممرضة.

بوون و لێك هەڵوەشاندنی سوپا بەشێوەیەكی تەواوو یەكجارەكی بەماوەیەكی زۆریش دەست پێكردنی شۆڕش هەبوو)). ڕەگەزە شۆڕشگێڕییەكان لەسەرەتای كارەكەدا پەرش وبڵاو بوون، لەناو جەرگەی سوپادا نقوم ببوون، بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێك لەدوای خۆیانەوە بەجێ بهێڵن، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی نەهامەتییە گشتییەكاندا ئەم ڕەگەزانەش بەرەو ڕوكاری سەرەوە هاتن و دەركەوتن و كاتێكیش كە فەرمانڕەواكان كرێكارە مانگرتووەكانیان ڕەوانەی بەرەكانی جەنگ كردن وەك سزادانێكی ئینزباتیانە، ڕیزی هاندەرەكان هێزیان زیاتربوو، جموجۆڵ و شاڵاوی سەربازە پاشگەزبووەكانیش بەری بەرەڵابوو تاكو ژمارەی ئەو كەسانە زیاتربێ كە گوێ لەئەوان بگرن ـ واتە لەكرێكارە مانگرتووە بەسەربازكراوەكان ـ هێزی (ئۆخرانا)[100]ش لەیەكێك لەڕاپۆرتەكانی خۆیدا ڕایگەیاند كە: ((بەشی دواوەوەی سوپا، لەسەر هێڵەكانی بەرەكانی جەنگدا بەشێوەیەكی تایبەتی چەند ڕەگەزێكی هەمەجۆریان تێدایە، هەندێكیان دەتوانن ڕۆڵێكی زۆر باش و سەركەوتوو ببینن بۆ دژ وەستانەوەی هەر سەرپێچی و یاخی بونێك، هەروەها هەندێكی تریان دەتوانن بەرپەرچی بەشداریكردن بدەنەوە لەبن بڕكردن ـ ی دوژمندا ـ)، لە ئۆكتۆبەری ١٩١٦دا بەڕێوەبەرێتی (دەرك)ی ناوچەی پترۆغراد بەپشت بەستن بەڕاپۆرتێكی یەكێك لەنوێنەرانی بزوتنەوەی یەكێتی زیمستفۆ، ڕاپۆرتێكیان نووسی و ڕەوانەی سەرەوەیان كرد كە دەربارەی بارودۆخی هزرو بیری باوی ناو ئەو سوپایەو پێی وایە كە لەبارێكی مەترسی و ترسناكدایەو بوەتە مایەی دروستكردنی ترس و ڕاڕایی، پەیوەندی نێوان ئەفسەرو سەربازەكانیش تا ڕادەیەكی زۆر لاوازو بێ سەرو بەرەیە، تەنانەت گەلێك جار پێكدادان لەنێوانیشیاندا بەرپا دەبێ و درێژە دەكێشێ، ڕاكردووەكانی ناو ڕیزەكانی سوپا، هەزاران كەس دەبن و لەهەموو شوێنێكدا بڵاوبوونەوە، ((هەر كەسێك تۆزێك نزیك لەم سوپایە بژی، بۆچوونێكی قووڵ و ڕاست و دروستی لەلا دروست دەبێ سەبارەت بەڕوخانی ورەی یەكە سەربازییەكان)) نوسەرانی ئەم ڕاپۆرتە هۆشیاری و مەترسیداری و خۆیان دوپات دەكەنەوەو لەڕاپۆرتەكەیاندا دەڵێن: ئەگەر هەندێ لایەنی ئەم زانیاریانە ـ ی ناو ڕاپۆرتەكەمان ـ بەنامۆ هاتنە بەرچاوتان و

[100] ئۆخرانا:OXPAHA : پۆلیسی نهێنی و سیاسی روسیای قەیسەری ـ دوو وەرگێڕەكانی زمانی عەرەبی.





باوەڕتان پێ نەدەهات ـ كە ڕاست بن ـ ئەوا پێویستە دڵنیا بن كە هەموویان ڕاستن، بەتایبەتیش لەكاتێكدا كە ژمارەیەكی زۆری ئەو پزیشكانەی لەبەرەكانی جەنگ گەڕاونەتەوە زانیاری هاوشێوەی ئەم زانیاریانەی ئێمەیان پێشكەش كرد. بارودۆخی مەعنەوی بەرەكانی دواوەی جەنگ هەر هاوشێوەی بارودخی مەعنەوی باوی ناو سوپابوو بەگشتی، بۆ نمونە لەكۆنگرەی حزبی (كادیت) كە لەئۆكتۆبەری ١٩١٦دا بەسترا زوربەی نوێنەران ئاماژەیان بەنائومێدی و بێ ورەیی دەرهاتەی جەنگیان پێوە دیارەو بەتەواوەتی ئارەزووی بەرپابوونی ئاشتی و وەستانی جەنگ دەكەن، جا ئەو ئاشتییە بەهەر باج و مەرجێك بێت گرنگ نییە...)). دوای چەند مانگێك هەموو نوێنەران و پۆلیس و جەنەڕاڵ و سەركردەكانی دەسەڵاتی (زیمستفۆ) و پزیشكان و پیاوانی دێرین و ڕیش سپی و گەلێك كەسی تر كۆبوونەوەو پێك هاتن لەسەر كۆدەنگی ئەوەی كە جەنگ بووەتە مایەی مراندنی گیانی نیشتمانپەروەری لەنێو ڕیزەكانی سوپادا، هەر ئەوانەش جەختیان لەسەر ئەوە كردەوە كە بەڵشەفییەكان بێ بەشیان كردوون لەهێنانەدی سەركەوتنێكی تەواو دڵنیا. بێگومان (كادیت) (دەستورییە ـ دیموكراتخوازەكان) ڕۆڵێكی گرنگ و پێشەوایی گەورەیان گێڕا لەلێدانی شریخەی زەنگی نیشتمانپەروەری و بانگەواز كردن بۆ خەڵك. لیبراڵیەتیش پەیوەندی توندوتۆڵی خۆی لەگەڵ شۆڕشدا پچڕاندو لەكۆتایی ساڵی ١٩٠٥ەوە چاخی شۆڕشی دژ وەستانەوە دەستی پێ نەكرد، هەتا لیوای ئیمپریالییەت لانەبرا، ئەم هەڵوێستە تازەیەش بەرەنجامی هەڵوێستی یەكەم بوو: مەحاڵە وڵات پاك بكرێتەوەو ڕزگار بكرێ لەپاشماوەی دەرەبەگایەتی دێرین و بۆرجوازییەت بگاتە هەڵوێستی چینی زاڵ، بۆیە پێویستە هاوپەیمانییەك ببەسترێ لەگەڵ خاوەندارێتی و چینی ئاغایان لەپێناوی باشتربوونی بارودۆخی سەرمایەی ڕوسی لەبازاڕە جیهانییەكاندا، جا ئەگەر لەوە تەواو دڵنیا بین كە كارەساتێكی جیهانیی لەهەموو لایەكەوە گەڵاڵە كراوە بەڕادەیەكی ئەوتۆ كە بەرپرسیاریەتییەكی زیاترو ئەركێكی گرانتر بخاتە ئەستۆی هەڵسوڕێنەرانی، ئەوا بەهەمان دڵنیاییەوە لیبراڵییەتی ڕوسیش ڕۆڵی خۆی هەبوو لەسازدانی ئەو كارەساتەدا، وەك ڕۆڵی بزوێنەرو داینەمۆی سیاسەتی دەرەوەی خاوەندارێتی، هەرگیز ئەوەش لەڕیزی دواوەدا دانانرێ. هەندێ لەسەركردەو كاربەدەستە

گەورەکانی بۆرجوازییەتی ڕوسیش دانیان ناوە بە داتەپینی خواستو ورەیان لەجەنگی ١٩١٤دا کە جەنگی تایبەت بەخۆیان بوو. لە ٢٦ی تەموزی ١٩١٤داو لەناو ئاهەنگو ئاپۆڕەی کۆبونەوەی دۆمای دەوڵەتدا سەرۆکی کۆمەڵەی (کادیت) بەڕاشکاوی گوتی: ((ئێمە هیچ مەرجو داواکاریەك پێشکەش ناکەین، بەڵکو تەواوی هێزو توانامان دەخەینە سەر تای تەرازوو بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر دوژمندا))، هاوپەیمانێتی کردنی پیرۆز لەڕوسیادا بوو بەبیروباوەڕێکی ڕەسمی، لەو ئاهەنگە نیشتمانیانەی لەمۆسکۆ کران سەرۆکی پێشوازیکردن (کۆنت بینکیندۆرف) لەبەردەمی دیبلۆماسییەکاندا گوتی: ((زۆر چاکە، جا ئەمە ئەو شۆڕشەیە کە هەموو لایەك وایان چاوەڕوان دەکرد لەبەرلینەوە دەربکەوێو سەرهەڵبدات؟!) بالۆێزی فەرەنساش (بالیۆلۆغ) هەستایەوەو پشتگیری لێکردو گوتی: ((وا دیارە بیرۆکەی لەم جۆرە، گشت ئامادەبوانی لەخۆ گرتبێ))، ئەو کەسانە پێیان وابوو ئەرکی سەرشانیان ئەوەیە کە خەیاڵو پلاو دابچێننو ئاودێریان بکەن، لەکاتێکدا وا پێویست بوو وانەکەنو خۆشیان فریو نەدەن. پەندو وانەی تەواو وەرنەگیران بۆ ئەوەی ڕێگە بەدەرکەوتنی ئەو دیاردانە نەدرێ، بۆ نمونە هەر ماوەیەکی کەم دوای جەنگ (ڕۆدیتشیڤ)ی پارێزەر ـ کە یەکێك بوو لەگەورەترین دەست ڕۆیشتوانی ناو حیزبی (کادیت)و توندڕەوترین کەسیان بوو لەبەردەمی لیژنەی ناوەندی حیزبەکەیدا گوتی: ((بەڵام بۆچی ئێوە پێتان وایە کە لەتوانامانـدا هەیە وەکو ئەو کەرو گەمژانە سەرکەوتن بەدەستبهێنن؟))، ڕەوتی ڕووداوەکان سەلماندی کە سەرکەوتن بەدەست نەهێنرێ ئەگەر ئەو گەمژانە چوار مشقی لەسەر تەختی سەرکردایەتی دابنیشنو پاڵ بدەنەوە، کاتێکیش لیبڕاڵییەت زیاتر لەنیوەی ئاواتو ئومێدی خۆی لەدەستدا سەبارەت بەدەستکەوتی سەرکەوتن بیری لەوە کردەوە کە بارودۆخی دەرهاتەی جەنگ بقۆزێتەوە بۆ خۆی لەڕێی پاکسازیکردنی کۆشكو ناچارکردنی خاوەندارێتی بۆ پێشکەشکردنی دابەزینی خۆی لەهەندێ لەمافەکانی (تەنازول کردن)، چەکی بنەڕەتیش لەم کارەیدا تاوانبارکردنی حیزبی دەسەڵاتدار بوو بەوەی کە بەلای ئەڵماندا دایدەشکێنێو هەوڵی داوە بۆ ڕێککەوتننامەیەکی سەربەخۆ ـ لەگەڵیدا ـ. لەبەهاری ١٩١٥دا کاتێك کەرتە بێ چەکەکان دەستیان بەپاشەکشێ کرد





لەبەرەکانی جەنگ، ناوەندە حکومییە باڵاکان لەژێر گوشاری هاوپەیمانانو دابینکردنی پێویستیدا بڕیاریاندا ڕوو وەرگێڕنەوە بەرەو بوژاندنەوەی پیشەسازی سا بەڵکو بتوانن پێویستیو داخوازییەکانی سوپا دابینو مسۆگەر بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش کۆنگرەیەکی تایبەتی بەستراو بیرۆکراتیو گەورە پیشەسازە خاوەن کاریگەرەکانی گرتە خۆی، یەکێتیو سەندیکاکانی (زیمستفۆ)و ئەو شارانەش کە لەسەرەتای ململانێکەدا دروست ببوونو لیژنەکانی پیشەسازی سەربازی کە لەبەهاری ١٩١٥ پێکهێنرابوون وێڕا بوونە کۆڵەکەی پشتیوانیکردنی بۆرجوازییەت بۆ خەباتکردنی لەپێناوی سەرکەوتنو گرتنە دەستی دەسەڵات، ئەنجومەنی دۆمای دەوڵەتیش پشتی بەم ڕێکخستنانە بەستبوو، وردە.. وردە.. بەبوێریو چاونەترسییەکی زیاترەوە کەوتە چالاکیو کاروبار وەك ناوەندیارێکی نێوان بۆرجوازییەتو دەسەڵاتی پاشایەتیو خاوەنداریی. ئاسۆی فراوانی سیاسی نەیتوانی چاو هەڵگوازێ لەسەر دەستکەوتو داخوازیە گەورەو گرنگەکان. لەسەر بنەمای پێشنیازەکانی کۆنگرە دەیانو سەدانو هەزاران ڕۆپڵ دابەشکران لەڕێی چەند کەناڵێکی لقو پۆپەوە بۆ دابین کردنو برەوپێدانی پیشەسازی، لەم کارەشدا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی سودمەند بوونو ژمارەکانیش بۆ ملیار بەرزبوونەوە، ڕای گشتیش لەڕێی ڕۆژنامەو ئەنجومەنی دۆماوە هەواڵی هەندێ لەو قازانجو سوودانەیان پێگەیشتو ڕایگەیاند کە لەئەنجامی جەنگی ١٩١٥ــ ١٩١٦وە دەستکەوتوون، قازانجی ئەو کۆمپانیایەش بەرزبووەوە کە خێزانی (ڕیابۆشینسکی) خاوەنی بوون ـ ئەم خێزانە خێزانێکی لیبڕاڵی مۆسکۆیی بوون ـ بۆ ٧٥٪ ، هەروەها کۆمپانیای (ئەلمانیفاتۆرە)ش بەڕێژەی ١١١٪ قازانجی زیادی کرد، قازانجی کۆمپانیای (کۆلتشۆغین)یش کە لەبواری پیشەسازی مسدا کاری دەکرد بڕی (١٢) ملیۆن ڕۆپڵ بوو لەماوەی یەك ساڵدا، لەکاتێکدا سەرمایەی خودی کۆمپانیاکە لە (١٠) ملیۆن ڕۆپڵ تێنەدەپەڕی، بەم جۆرە نیشتمانێتی لەم ڕووەوە توانی پاداشتێکی گەورەی خێرو بێ کەمتەرخەمیکردن ببەخشێ. چەندین جۆرو شێوەی باجو بۆرسە گەیشتنە چڵەپۆپەی باڵا، بەروبووم بەڕادەیەکی زۆر گەورە زیادی کرد لەسەر زەمینەی دەریایەکی لێوان لێو لەخوێن، پایتەختیش هەستی بەکەمی نانو سوتەمەنی خۆی کرد، بەڵام ئەمە نەبووە ڕێگر

لەبەردەم پێشانگەو شوێنگەی[١٠١] خشڵو گەوهەری فابیرجی ـ تایبەت بەکڕینی خشڵو گەوهەر بۆ کۆشکی ئیمپراتۆری ـ وای لێبکات بە بەرچاوی خەڵکییەوە ئەو دەسکەوتو قازانجە ڕابگەیەنێ کە دەست کەوتوەو هەرگیز پێشتر شتی وا نەبووە، (فیرۆبۆفا)ی وەندیاری[١٠٢] شەرەفی ئیمپراتۆریەت ڕایگەیاند کە ولاتەکەی ماوەیەکی زێڕینی وەك زستانی ١٩١٥ـ ١٩١٦ی بەخۆیەوە نەدیوە، کە ئەو بڕە زۆرەی بەرگو پۆشاکی نایابو گرانبەهای تێدا بەرهەم بێتو ئەو بڕە زۆرەی خشڵو زێڕیشی تێدا بکڕدرێت، گازینۆ شەوانەییەکان دەڕشانەوە لەو پاڵەوانانەی بەرەی دواوەی جەنگو تەمەندارە بەڕێزەکان کە تەمەنیان گەورەتر بوو لەوەی ئاودیوی بەرەکانی جەنگ بکرێنو دەیانەویست تۆزێ تامو چێژی کاتی لاوێتی خۆیان بگەڕێننەوە دواوەو دوور لەکوێرەوەری پەراوەی ژینێکی ئاسوودە بکەنو ژیان بگوزەرێنن بەشادی. کەڵەکچیو شەلاتییەکانی کۆشکی قەیسەریش یەك تۆز دوانەدەکەوتن لەبەشداربونیان بۆ ئەو داوەتو چەورەیەی لەسەردەمی تاعوندا پێشکەشیان دەکرا[١٠٣]. کەسێك نەبوو کە تۆزێ دەستی تەنگ بکات لەئاستی ئەو زێدەڕەویو زێدەخەرجیەی هەموو شتێکی گرتبووەوە، بارانی زێڕین بەبێ خۆشکردنەوە لەبەرزییەوە دایدەکرد.کۆمەڵگەی پێشکەوتووش دەستەکانی درێژ کردبوو، کەپووی لوتی داچەقاندبوو، تاکو گیان بدات، لەگیانەلادا بوو، ژنە شۆخو شەنگە ئەرستۆکراتیەکان بەپێی توانا لكو دامێنی کراسەکانیان هەڵکردبوو، تێکڕا هەموویان لەزۆنگاوێکی بەپیتی بەخوێن پاراودا دەڕۆیشتن. بەڵام خاوەن بانكو بەڕێوەبەرو پیشەسازو کچانی سەماکەری بالی پابەند بەقەیسەرو براکانیەوەو پیاوانی کەنیسەی ئەرسۆزۆکسیو شاژنانی کۆشكو دەستو پێوەندەکانیانو نوێنەرانی لیبڕالیو جەنارەکانی بەرەی دواوەی جەنگو پارێزەرە رادیکاڵییەکانو گەورە دوو ڕووەکانی هەردوو رەگەزەکەو ژمارەیەکی لەبژارە نەهاتووی خزمو کەسوکارودۆستو یارو یاوەرانو برازاو خوشکەزاکانی قەیسەرو چەندانو چەندانی تر.. هەر هەموویان لەهەوڵی

[١٠١] شوێنگە: شوێنکار: جێ ئیش: محل.
[١٠٢] وەندیار: الوسیط.
[١٠٣] دانەر لێرەدا ئاماژە بۆ هۆنراوە بەناوبانگەکەی (ئەلەگزەندەر پۆشکین)ی شاعیریرووسی دەکات. (تێبینی وەرگێڕی دەقە ڕوسییەکە).





سەرومڕدا بوون بۆ فڕکان فڕکانی دزیو پارە ماشینەوەو تالانیو گیرفان پڕکردن نەبادا ئەو بارانە زێڕینە خۆش بکاتەوەو مایە پوت بن، بەوپەڕی گاڵتەوگەپەوە بیرۆکەی هێنانەدی ئاشتیو ئارامییان بەر لەکاتی خۆی ڕەت دەکردەوە. بەرژەوەندیو قازانجی هاوبەشو تێکشکانو شکستی دەرەکیو مەترسییە ناوخۆییەکان بوون بەمایەی زیاتر لێك نزیکبوونەوەی توندوتۆڵی نێوان حیزبەکانی چینە خاوەندارەکانو دەرەبەگو ئاغاکان، بەڵام ئەو ئەنجومەنی دۆمایەی کە میراتی جەنگی بەسەر خۆیدا دابەش کردبوو، لەساڵی ١٩١٥دا هەستی بەخۆی کرد کە زۆرینەی ئەندامە نیشتمانییەکانی ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆن بوونەتەوەو دواتر ناوی ((دەستەی پێشکەتوخواز))[١٠٤] یان بەسەردا بڕا، ئامانجی سەرەکیو ڕەسمی ئەم دەستەیە ((دەستەبەرکردنی داخوازیو پێویستییەکانی جەنگ)) بوو. دەستەکە نەشچووە ناو حیزبە چەپڕەوە سۆسیال دیموکراتییەکانەوە، هەروەها نەشچووە پاڵ حیزبی کرێکارانەوە، هەروەکو هیچ کام لەحیزبە ڕاستڕەوەکان کۆمەڵە بچوکە بەناوبانگەکانی نەچووە پاڵ، بۆ نمونە گروپی (سەد رەشەکە) کە بێ سنوورو تا ئەوپەڕی کۆنەپەرستی کۆنەپەرست بوو، دەستەکە هەموو کۆمەڵەکانی تری گرتە خۆی کە لەناو ئەنجومەنی دۆمادا ئەندام بوون، وەك: کادیت، پێشکەوتوخوازەکان، هەرسێ کۆمەڵەی ئۆکتۆبەرییەکان، ناوەند، بەشێك لەنیشتمانییەکان، هەروەها دواتریش سەرجەم گروپو کۆمەڵەکانی تریش چوونە پاڵی لەوانەش: کۆمەڵە نیشتمانیو پۆڵۆنیو لیتوانیو ئیسلامیو یەهودیەکانو... هتد. دەستەکە ترسا لەوەی کە ببێتە مایەی وروژاندنی ڕقو قینی قەیسەر، داوای وەزارەتێکی بەرپرسیشی لێنەکرد ،بەڵکو داوای (حکومەتێکی یەکگرتووی وای کرد کە لەکەسایەتی ئەوتۆ پێك بێت متمانەی ولاتیان پێ درابێ). هەر لەو کاتەیشەوە وەزیری ناوخۆ (میر شتشیر باتۆڤ) وا وەسفی ئەم دەستەیەی کرد کە کۆمەڵەیەکی کاتییە، یان (هاوپەیمانییەکی متمانەدارانەیە بۆ بەرگرتن لەمەترسی بەرپا بوونی شۆڕشێکی کۆمەلایەتی)، تێگەیشتنیش لەم حوکمە پێویستی بەتێگەیشتنێکی زۆر قووڵ نییە، ئەوەبوو (میلیۆکۆڤ)ی سورۆکی حیزبی (کادیت)و سەرۆکی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لەیەکێك

[١٠٤] دەستە: لێرەدا مەبەست لە (کتلة)یەو دەکرێ (گروپ، بەرە)یشی پێ بگوترێ.

لەکۆبوونەوەکانی حیزبەکەیدا گوتی: ((ئێمە بەسەر گڕکانێکدا دەڕۆین... ئەوەندەی ماوە کەسێك بەبێ مەبەست دەنکە شقارتەیەکی لێداو ئاگرێکی گەورەی مەترسیداری لێ بکەوێتەوە... جا دەسەلآت هەر چونێك بێت ـ چاك یان خراپ ـ ئەوا دەسەلآتێکی یەکلاکەرەوە پێویستییەکی ئەم ڕۆژو ساتەیە زیاتر لەهەموو کاتە ڕابوردوەکانی تر.)) ئومێدی زیاتر لای خەڵکی تر دروست بوو بەوەی کە دەسەڵاتی قەیسەر لەژێر گوشاری ئەو کارەساتبارییەدا تەنازولاتی زیاتر بکات، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە لەڕۆژنامەی لیبراڵی مانگی ئابدا لابەندەیەك[١٠٥] پێش کات بلآوکرایەوەو ناوی (وەزارەتی متمانە)ی بەسەردانرابوو، هەندێ ڕۆژنامەش ئاماژەیان بەوە دابوو کە سەرۆکایەتی ئەو وەزارەتە دەدرێتە (ڕۆدزیانکۆ)ی سەرۆکی ئەنجومەنی دۆما، بەڵام هەندێکی تر پێیان وابوو سەرەك وەزیران (میرلفۆڤ)ی سەرۆکی یەکێتی زێمستفۆ دەبێتو (غۆتشکۆڤ)یش وەزیری ناوخۆو (میلۆکۆڤ) وەزیری دەرەوەو... هتد. دوایش بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن زوربەی ئەم کەسانەی خۆیان دیاریکردبوو بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ قەیسەردا دژی شۆڕشو دوای (١٨) مانگ بەشداریان کرد لەحوکمەتێکدا کە ناوی (حوکمەتی شۆڕش)ی بەسەردا بڕا، ئەمەش یەکێکە لەشتە سەیرەکانی مێژوو گاڵتەجاڕیەکانی، بەڵام ئەم گاڵتەوگەپەش زۆری نەبرد لەو چاخو دۆخەدا کە لەبارەیەوە دەدوێین. ترسی زوربەی وەزیرەکانی (غۆریمیکین) سەبارەت بەپەرەسەندنو زیاتر کڵپە گرتنی ڕووداوەکان هیچی وا کەمتر نەبوو لەترسی (کادیت)، لەبەرئەوە لەنێوانیاندا ئارەزووی ڕێکەوتن سەری هەڵدا لەگەڵ بەرەی پێشکەوتوخوازدا، لەئابی ١٩١٥دا میر(شتشیر باتۆڤ) دەربارەی ئەو وەزارەتەی تیایدا پلەی وەزیری ناوخۆی درابویە گوتی:((حکومەتەکەی متمانەی دەسەلآتی پاشایەتی نابێ یان هی سوپا، یان شار یاخود زێمستفۆ، یان بازرگانەکان، یان کرێکاران، حکومەتێکی پەککەوتەیە، نەك هەر لەڕووی کارەوە بەتەنها بەڵکو لەڕووی مانەوەیشەوە، گێلیو گەمژەییش لەپێکهێنانی حکومەتەکەیدا ڕوونو ديارو ئاشکرایە))، (سازۆنۆڤ)یش لەم بارەیەوە گوتی: ((ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو جڵەوی کاروبارەکان گیرایە دەست، ئەگەر دەروازەیەکی گونجاومان

[١٠٥] لابەندە: لائحة: قائمة الاسماء: مسودة القائمة.





کردەوە، ئەوا (کادیت) یەکەمی ئەو کەسانەن کە بەدوای ڕێکەوتندا دەگەڕێن لەگەڵماندا، میلیۆکۆڤیش بورجوازێکی ڕاستەقینەیەو لەهەموو کەسێك زیاتر لەشۆڕشی سۆسیالیستی دەترسێت، وێڕای ئەوەش زۆرینەی کادیت موچڕکەی ترسو بیم بەئەژنۆیاندا دێت لەتاو سەرمایەکانیان)). میلیۆکۆڤ پێی وابوو کە پێویستە بەرەی پێشکەوتوخواز ((لەلایەن خۆیەوە هەندێ تەنازولات بکات)) بەم جۆرە هەردوولا ئامادەبوون بۆ ڕێکەوتنو هاوئاست بوون، زوربەی خەڵکیش بڕوایان وابوو کە ڕەوتی کاروبارەکان بەباشترین شێوەیە، بەڵام سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (غۆریمکین)ی بیرۆکراتی خاوەن شکۆو پیری ڕەزاگرانو دڵڕەقو قومارچی کە هیچ بایەخو بیرێکی بەسیاسەت نەدەدا مەگەر لەنێوان پشووی دوو جێم قوماردا، هەموو سکالآیەکیشی ڕەت دەکردەوە گوتی: ((تا ئێستاش جەنگ تاوان نییە!))، ڕۆژی (١٩)ی ئاب ناوبراو ڕۆیشت بۆ بارەگای سەرکردایەتی بالآ تاکو چاوی بەقەیسەر بکەوێو ڕاپۆرتێکی بداتێ، پاشان لەوێ بگەڕێتەوەو ڕایبگەیەنێ کە پێویستە هەموو کەسێك لەجێو شوێنی خۆی بمێنێتەوە جگە لەئەنجومەنی دۆمای دەوڵەت کە زیاتر لەپێویست ماستاوچێتی کردووەو کۆبونەوەکەیشی لە (٣)ی ئەیلولەوە ڕادەگیرێ، ئەم ڕاگەیاندنی ڕاوەستاندنی کۆبونەوەیەش کە لەلایەن قەیسەرەوە بوو هیچ کەسێك دژی نەوەستایەوەو کەس ورتەی لێوە نەهات، بەڵکو نوێنەرانی ئەنجومەنی دۆما بەیەك دەنگ گوتیان: (بەجێیە لەپێناوی قەیسەردا) ئینجا بلآوەیان لێکرد. حکومەتی قەیسەری خۆی دانی بەوەدانا کە ناتوانێ هیچ هاوکاریو پشتیوانییەك بۆ خۆی دەستەبەرو مسۆگەر بکات، ئیتر چۆن بتوانێت دوای (١٨) مانگیش هێشتا هەر دان بەخۆیدا بگرێو ئارام بگرێ؟ بێگومان ئەو سەرکەوتنە کاتییانەی کە سوپای ڕوسیا لەم ڕووەوە کاریگەرییان هەبووە بوەتە مایەی زیادکردنی هێزەکەی لەبەرامبەر بەردەوامی بارانی زێڕینی پڕ لەخەلآتو پاداشتدا، خۆ ئەگەر ئەو بارانە ڕابوەستێ ئەوا ئەو جۆرە سەرکەوتنانەش لەبەرەکانی جەنگدا پەکیان دەکەوێو نایەنەدی، بەڵام هەوڵو هاندانەکانی لەبەرەی دواوەدا هەر درێژەی هەبوو، هۆکاری سەرەکیش لەیارمەتیدانی پاشایەتیدا بەساڵێك بەر لەداڕمانی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هۆکارەکانی توڕەبوونی گەل، سەرۆکی ئاسایشی گشتی مۆسکۆ لەیەکێك

لەڕاپۆرتەکانیدا دەڵێت: ((کە بۆرجوازییەت بەلای ڕاستدا پەرەی سەند بەو پێیەی کە پێی وایە ئارەزوی شۆڕشگێڕیی لەدوای دەنگەوە زیاتر بوو)). ئاوا بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن چۆنی هەموو لایەك هاوبیر بوونو پێیان وانەبوو کە لەکاتی جەنگدا شۆڕشێك بەرپا ببێ، یەکێك لەگرنگترین ئەو کاروبارانەی وەك زەنگی ترسناك پیشەسازەکانی هۆشیارکردەوە بریتی بوو لە((چوونە پاڵی هەندێ لەسەرکردەی لیژنە پیشەسازییەکان بۆ لای پرۆلیتاریا لەژێر دنەو هانی خۆ بەزانا زانینو خۆ هەڵکێشاندا)). بۆ پوختەو کورتکردنەوەی ئەو قسانەی پێشوومان بەگشتی ئەوە باس دەکەین کە عەقیدی پاسەوان ئەو (مارتینۆڤ)ەی بەحوکمی کارەکەی کتێبەکانی مارکسیزمی خوێندبووەوەو بەباشی لێیان تێگەیشتبوو، ڕایگەیاند کە هەندێ چاکسازیکردن لەهەڵوێستەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ((هەبوونی جیاوازییەکی ئاشکراو دیار لەنێوان چینە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەو جوداوازیانەی بوونی دژواریو لێك نەچونێکی توندوتیژ دەسەلمێنن لەبەرژەوەندییە تایبەتییەکاندا، ئەم جیاوازیانەش لەقۆناغی ئێستادا بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکراتر دەردەکەوێ)). دواخستنی کۆبونەوەی ئەنجومەنی دۆما لەئەیلولی ١٩١٥دا بەرەنگاربوونەوەیەکی ئاشکراو ڕاستەوخۆ بوو دژی بۆرجوازییەت نەك دژی کرێکاران، بەڵام لەو کاتەدا کە لیبراڵییەکان بەهوتافو هاشو هوشو چەپڵەوە (بەبێ گەرمو گوڕییەکی پێویست) بڵاوەیان لێکرد ((بەجێیە لەپێناوی قەیسەردا)) کرێکارانی پترۆگرادو مۆسکۆ بەمانگرتنو خۆنیشاندان بەرپەرچو وەڵامیان دایەوە، ئەوەش دەستێکی تەڕبوو بەپشتی لیبراڵییەکاندا هێنرا، منیش لەوە دەترسام کە ئەوان لێی دەترسان کە بریتی بوو لەدەست تێوەردانو هاتنە ناوەوەی لایەنی سێهەم بۆ ناو کێشەی دووقوڵی خۆیان لەگەڵ خاوەنداریێتیو دەرەبەگەکاندا، بەڵام ئاخۆ دوای ئەوە چییان لەئەستۆدا بێ؟ وە لەژێر کاریگەری هەم هەمەی باڵی ڕاستڕەوەکانو پێویستیە ساکارەکانیدا لیبراڵیەت بڕیاریدا ئەو هەڵوێستە وەربگرێ کە پێشتر ئەزمونی لەبارەیەوە هەبووەو تاقی کردووەتەوە: کە مانەوەی بوو لەهەڵوێستی یاسایی خۆیدا، گەرچی زۆریش لەسەری بکەوێ، و دەبێ لەو بارەشدا ئەرکی کاروبارە نیشتمانیەکان بەکۆڵی خۆیدا بدات بەمەبەستی پەکخستنی بیرۆکراتیەت وەك بەشێك لەگرنگییەتیەکەیو بێ





سێو دوو کردن بیکاتە (ئامێر)ێك، لیبراڵییەت وا پێویست بوو کە لەسەرو هەموویەوە واز لەو لابەندە وەزارییە لیبراڵییە بهێنێ کە پێشتر پێشنیاری کردبوو. دوای ئەوە بەشێوەیەکی ئامێرکاریانە بارودۆخەکە لێك تێگەیشتنو حاڵی بوونی گرتەبەر، وە سەر لەنوێ ئەنجومەنی دۆما بانگ کرایەوە بۆ کۆبونەوەیەکی تازە لەمایۆی ١٩١٦دا، کەسێك نەبوو بزانێت هونەرو سوودی ئەو کۆبونەوەیە چی بوو! بەهەرحاڵ دۆما خۆیشی خوازیاری بانگەشە نەبوو بۆ شۆڕش، بگرە هەر لەبنەڕتیشدا قسەیەکی ئەوتۆی لەو بارەیەوە پێ نەبوو. (ڕۆدزیانکۆ) لەیاداشتنامەکەیدا نووسیویەتی: ((دانیشتنو کۆبونەوەکانی ئەو خولەی ئەنجومەنی دۆما گەلێك سستو مردەڵە بوون، نوێنەرانو ئەندامانی ئەنجومەنەکەش هیچ گەرموگوڕیو چالاکییەکیان پێوە دیار نەبوو بۆ ئەنجامدانی کارەکانی سەرشانی خۆیان، ململانێی بەردەوامی پوچەڵو بێ ناوەڕۆکی تێدا دەبینرا، حکومەتیش ئارەزووی گوێگرتنی هیچ شتێکی نەبوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پشێویو ئاژاوە زیادی دەکرد، وڵات بەرەو مەرگ ملی دەناو مەرگی خۆی بەئاوات دەخواست))، ترسی بۆرجوازییەت لەشۆڕشو دەستەپاچەییەکەی بەو جۆرە بوو، کەواتە شۆڕشیش سەری هەڵنەدا وەك هۆیەکی یاریدەدەری خاوەنداریێتی، بەڵکو قەواڵەیەکی[١٠٦] کۆمەڵایەتی بەدرێژایی ساڵی ١٩١٦ بۆ مسۆگەر کرد. لەگەڵ نزیکبوونەوەی وەرزی پایزدا هەڵوێستو بارودۆخەکە ترسناکترو کاول تر دەبوون، هەموولایەکیش زۆر بەباشی بۆیان ڕوون بوبوەوە کە جەنگ بەبێ هیچ ئومێدێك بەرەو تەواو بوون دەچێت، سەختی ژیانو کوێرەوەریەکانو تاڵاوی گوزەرانی جەماوەر هەڕەشەیەکی توندبونو خۆیان خواردبوەوەو وا چاوەڕوان دەکرا لەهەر ساتێکدا بێت لەناکاو بتەقێتەوە، لیبراڵییەکان بەردەوام بوون لەهێرشە پێشوەکەی خۆیان بۆ سەر حیزبی دەسەڵاتدارو تاوانباریان دەکرد بەوەی کە (بەلای ئەڵماندا دایدەشکێنێ) و لایەنگری ئەو دەکات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەیانزانی کە دەبێت زۆر وردو لێزانانە هەڵوێستەکە وەربگرن، واشیان دەبینی کە دەکرێ بگەنە ئاشتی، بەتایبەتیش لەکاتێکدا ئەوان خۆیان بۆ ئایندە ئامادە کردبوو، ئەمەش ئەو ڕێکەوتنامەیە راڤە دەکات کە لە (ستۆکهۆڵم) ئەنجامدرا لەماوەی وەرزی

[١٠٦] قەواڵە: سند.

پایزی ١٩١٦دا، لەنێوان (برۆتۆبۆبۆڤ)ی نوێنەری یەکێك لەسەرکردەکانی بەرەی پێشکەوتوخوازو (فۆرۆبۆرغ)ی دبلۆماسی ئەڵمانیدا. نوێنەرانی ئەنجومەنی دۆما لەسەردانەکەیاندا بۆ فەرەنساو ئینگلتەرە هەستیان بەوە کرد کە هاوپەیمانە ئازیزەکان بەنیازن هەموو تواناو زیندە هێزە ڕوسییەکان لەماوەی جەنگەکەدا بکەنە ژێر ددانەوەو لەباریان بەرن، ئەم وڵاتە دواکەوتووەش دوای ئەوەی بەسەریا زاڵ بوون بیکەنە کێڵگەیەکی بنەڕەتی بۆ داگیرکاریی ئابوری، ئەو چارەنووسەی ڕوسیای کاوڵو هەناسە سواری ڕاکردە بەدوای هاوپەیمانانیدا چاوەڕوانی دەکرد، ئەوەبوو کە دوای بردنەوەی جەنگ ببێتە ژێردەستەی هاوپەیمانەکانی، لەبەرئەوە چینە خاوەندارەکانی ڕوسیا هیچ دەرەتانێکیان نەبوو جگە لەوەی کە هەوڵ بدەن تا زووە خۆیان لەو کۆتو مەرجە توندانە دەرباز بکەن کە دەیانبەستێتەوە بەدەوڵەتانی هاوپەیمانەوەو بگەڕێن بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەیەکی تایبەتدیدا تاکو بیانباتەوە سەر ئاشتی، ئەو ڕێگەیەش بەپشتی هەردوو دووژمنە گەورەکەیاندا بێت، بەیەکتر گەیشتنی سەرۆکی نوێنەرانی ئەنجومەنی دۆما لەگەڵ دبلۆماسییە ئەڵمانییەکەدا یەکەم هەنگاو بوو لەو ڕێگەیەدا. هەنگاوەکەش دوو واتای هەبوو: هەڕشەیەك بوو بۆ هاوپەیمانان بەئامانجی بەدەستهێنانی تەنازولاتی زیاترو تاقیکردنەوەی زانینی توانای کرداری بۆ نزیکبوونەوە لەئەڵمانیا، (برۆتۆبۆبۆڤ)یش سەرکوێرانە ئەوەی نەکرد، بەڵکو پێشتر ڕەزامەندی دبلۆماسیانەی قەیسەری پچڕی بوو (کە دیدارو بەیەکگەیشتنەکە بەئامادەبوونی باڵوێزی ڕوسیا بوو لەسوید)، ئەمە جگە لەڕەزامەندی سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی دۆمای دەوڵەت. سەرەڕای ئەوەش، لیبڕاڵییەکان لەم دەست پێشخەریەدا مەبەستیان بوو هەندێ گەورە ئامانجی ناخۆش بپێکن، ئەوەبوو زۆر بەڕاشکاوی بەقەیسەرییان گوتبوو: جڵەوی کاروبارەکانمان بدەرە دەست، ئەوا ئاشتییەکت بۆ مسۆگەرو دەستەبەر دەکەین کە هاوتای نەبێو زۆر باشترو تۆکمەتریش بێت لەئاشتییەکەی ستۆرمەرو گرەنتی باشتری هەبێ. نەخشەکەی برۆتۆبۆبۆڤ، یان ڕاستتر بڵێین ئەو نەخشەیەی بەبرۆتۆبۆبۆڤیان سپاردبوو، پێی وابوو کە پێویستە لەسەر ڕوسیا (بەر لەچەند مانگێك) بەهاوپەیمانەکانی ڕابگەیەنێ کە پێویستییەکی زۆری بەو هۆکارانە هەیە کە هاندەرن بۆ ڕاوەستاندنی جەنگ، جا ئەگەر





هاوپەیمانان ئەم پێدەشتی ئاشتییەیان ڕەت کردەوە ئەوا پێویستە ڕوسیا لەلایەن خۆیەوە جوت لایەنە لەگەڵ ئەڵمانیا ڕێك بکەوێو هودنەیەك ببەستنو ئاشت ببنەوە. (برۆتۆبۆبۆڤ) لەیەکێك لەیاداشتەکانی خۆیدا کە دوای شۆڕش نوسیویەتی دەڵێت: ((هەموو کەسێکی ژیر لەڕوسیادا، لەوانەش هەموو سەرکردەکانی حیزبی (ئازادی بۆ گەل) ـ کادیت ـ پێیان وایە کە ڕوسیا ناچێتەوە سەر ئەو بارەی کە ڕێگەی بدات بەبەردەوامی جەنگو درێژەپێدانی)). برۆتۆبۆبۆڤ هەر لەگەڵ گەڕانەوەیدا بۆ وڵات ڕاپۆرتێکی پێشکەش بەقەیسەر کرد دەربارەی چۆنییەتی گەڕانەکەی بەوڵاتانداو باسو خواسو چالاکییەکانی لەوێ، قەیسەریش بیرۆکەی ئاشتی تاکجەمسەرانەی لەهەموو بیرۆکەکان بەباشتر زانیو بەگەرمی پێشوازی لێکرد، بەڵام ئەوەی بەگرنگ نەزانی کە لیبڕاڵییەکان بەشداربن لەو پرۆژەیەدا. ئەو پەسەندکردنەی بیرۆکە پرۆژەکەی برۆتۆبۆبۆڤ لەدەروازەی ئەو کۆشکەدا کە پەیوەندییەکانی تێدا پچڕاند لەگەڵ بەرەی پێشکەوتوخوازدا کارێکی ڕێکەوت بوو، دەشێ بەوە لێك بدرێتەوە کە بەندە بەسروشتی ئەو گەمژەو گەلحۆیەوە ـ لەسەر قسەی ئەو ـ سەبارەت بەپەیوەندی خۆی بەقەیسەرو ژنەکەیەوە، تا ڕادەیەکی زۆریش پەیوەندی هەیە بەبیرۆکەی خۆیەوە تا بگاتە پلەی وەزیری ناوخۆیی، هەندێکەس وادادەنێین کە برۆتۆبۆبۆڤ ناپاکی کردووە بەرانبەر لیبڕاڵییەت، بەڵام ئەم گریمانەیەش[١٠٧] هیچ شتێك ناگۆڕێو کەمو زیادی ناکات لەئاستی گشتی ئەو سیاسەتە دەرەکییەی لیبڕاڵییەکان پەیڕەویان دەکردو لەسەری دەڕۆیشتن، کە لەبنەڕەتیشدا تێکەڵەیەك بوو لەترسو بیمو ناپاکیو فێڵ. لە (١)ی نۆڤەمبەردا ئەنجومەنی دۆما سەر لەنوێ کۆبوەوەو هەڵکفانو ئاڵۆزی وڵات گەیشتە ئاستێك کە چی تر لەوێزەدا نەبوو، هەموو لایەك وا چاوەڕوان بوون لەئەنجومەنی دۆما کە کاری یەکلاکەرەوە ئەنجام بدات، پێویست بوو لەسەر ئەو ئەنجومەنەش شتێك بکات، یان بەلایەنی کەمەوە شتێك بڵێت، بەرەی پێشکەوتوخواز بۆیان دەرکەوت کە سەر لەنوێ ناچاربوونەوە بۆ ئەوەی نهێنیو ڕاستییەکانی ناو پەرلەمان بدرکێنن، کاتێك (میلیۆنۆڤ) چووە سەر سەکۆی دوانگەی ئەنجومەنی دۆما تاکو کاروبارەکانی حکومەتو

---

[١٠٧] گریمانە: الفرضیة.

چالاکییەکانی بژمێرێ، لەسەر هەموو خاڵەکان ڕادەوەستاو دەیپرسی: ((ئەرێ ئەمە گوجییە یان ناپاکییە؟))، هەندێ لەنوێنەرانیش دەنگیان بەرزکردەوەو گەڕەلاوژەیان نایەوە، حکومەت کەسێکی وای نەدۆزیەوە کە بەرگری لێ بکات، بۆیە بەرێگەیەکی تایبەتی خۆی کەوتە وەڵامدانەوەی قسەو پرسیاری نوێنەران: ئەوەبوو بڵاوکردنەوەی وتارەکانی ناو ئەنجومەنی دۆما قەدەغە کران، کەچی زۆری نەخایاند ئەو قەدەغە کراوانە ملیۆنەها نوسخەیان لێ چاپ کران و بڵاوکرانەوە. کار گەیشتە ئەوەی بەرژەوەندی گشتی هیچی وای بۆ نەمایەوە کە باسی لێوە بکرێ یان جێگەی بایەخ بێت لەبەرەکانی پێشەوە یان دواوەی جەنگدا تەنها چاپ و پەخشی ئەو وتارانە بوو بەباس‌وخواسی ڕۆژانەی خەڵکی، جگە لەوەی کە تایپەرەکەش بەئارەزووی خۆی شتی تری بۆ زیادو کەم دەکرد، دەمەقاڵێ و گفتوگۆ بەشێوەیەك لەناو خەڵکیدا پەرەی سەند کە هەموو لایەکی تۆقاند، بەو پەرلەمانتارانەیشەوە کە هەستابوون بەئاڕاستە کردنی ئەم تۆمەتانەش. بزاوتی ئەوپەڕی ڕاستڕەویش لەئارادابوو کە لەو بیرۆکراتیە شەڕەنگێزەدا خۆی دەنواند کە هەڵوێستەکانی لە (دۆرۆنۆڤۆ)ی کۆنە پەرستەوە وەردەگرت، ئەو کۆنە پەرستەی شۆڕشی ١٩٠٥ی سەرکوت و پێخاوس کرد، ئەم ڕاستڕەوە داوا نامەیەکی پێشکەش بەقەیسەر کرد کە پڕۆگرامێکی لەخۆ گرتبوو، ڕاو بۆچوونی ئەو کەسە چەڵەمە بەدەستانەی لەقوتابخانەی پۆلیسیدا گۆشکرابوون بەوردی و دوای لێبوردنەوەی تەواو کێشەکانیان چارەسەر دەکرد، بەڵام ئەو چارەسەرەی ئەوان پێشکەشیان کردبوو، وا دیار بوو دەورێکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە هیچ داودەرمانێك بەدی نەدەکرا کە بەکەڵکی چارەسەری دەردو زامی ئەو ستەمە کۆنە بێت و لەو تیراوێ[١٠٨] پیسە چاکی بکاتەوە، نووسەرانی داوانامەکەش ڕایانگەیاند کە دژی پێشکەشکردنی هەموو تەنازولاتێکن بۆ ئۆپۆزسیۆنی بۆرجوازی، ئەمەش وەنەبێ لەو بیروباوەڕەیانەوە سەرچاوەی گرتبێ کە گوایە لیبڕاڵییەکان تا ئەوپەڕی سنوور خوازیاری داواکارییەکانیان و سورن لەسەریان ـ هەروەکو چۆن سەد ڕەشە داپڵۆسەرەکانی دوا پلەی نزمایی ڕاستڕەوی وابوون ـ ئەوانەش بوون کە پیاو ماقوڵ و گەورەکان بەگاڵتە پێکردنەوە لەبەرزاییەوە بۆیان دەڕوانین، بەڵکو هۆیەکەی

---

[١٠٨] تیراوێ: ئەو برینە پیسەی مرۆڤ تا مردن پێوەی دەتلێتەو.





ئەوەبوو کە پێیان وابوو ئەوەی لەم کارەدا زۆر دزێوو نالەبارە ئەوەیە کە لیبڕاڵییەکان ((لەڕادەبەدەر بەسەر خۆیاندا خۆیان فرەبەش کردبوو، بەجۆرێکیش گەمژەو ناحاڵی بوون کە سەرکەوتنەکەی خۆشیان کاتی و شلۆق بوو)). خاڵی بنچینەیی و هەرە لاوازی ئۆپۆزسیۆن، واتا حیزبی دەستوریە دیموکراتییەکان (کادیت) بەبارودۆخێکەوە بەندبوو کە بەم جۆرە بوو: ئەم حیزبە نازناوی دیموکراتی بەسەر خۆیدا بڕیبوو کەچی لەڕاستیدا حیزبێکی بۆرجوازی بوو، هەبوونی ژمارەیەکی زۆری خاوەن موڵکەکان و لیبڕاڵییەکان لەناو ئەم حیزبەدا بووە هۆی دانانی بڕگەیەك لەپرانسیپی حیزبدا کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەو جوتیاران بەزۆر والێدەکات سەر لەنوێ زەوی بۆ خۆیان بکڕنەوە. ڕاوێژکارە نهێنییەکان بەشێوە دیالێکتێك[١٠٩] شتیان نووسیوە کە داب و نەریتی ئەوانی بەدیار خستووە بەم جۆرە: ((ئەگەر کادیت لەو کەسانە دابڕین کە لەحیزبەکانی ترەوە بەلای خۆیدا پچڕیونی ـ بۆمان دەردەکەوێ ئەوانەی لەکادیتدا دەمێننەوە بریتین لەپارێزەرو مامۆستاو فەرمانبەری وەزارەتەکان، ئەمانەش لیبڕاڵین و لەوە بەولاوەتر نین)). بەڵام هەر لەم ولاتەدا شۆڕشگێڕی تریش هەبوون، ئەو داوانامەیەش کە بۆ قەیسەر بەرزکرابوەوە دانی نابوو بەبایەخ و گرنگی حیزبە شۆڕشگێڕەکان، دیارەو هیچ گومانی تێدانیە ئەوانەی داوانامەکەیان نووسیوە ددانیان لەجیڕەوە هێناوەو ئارەقی شین و مۆریان کردوەتەوە تا نووسیویانە: ((دەشێ مەترسی و هێزی ئەم حیزبانە لەوەدا بێت کە خاوەنی بیرۆکەو ماڵ و سامان و پشتگیرییەکی جەماوەری ئامادەباش و زۆر ڕێك و پێکیان هەیە!))، حیزبە شۆڕشگێڕەکان دەتوانن ((پشت ببەستن بەسۆزی زۆرینەی چینی ئەو جوتیارانەی بەدوای پڕۆلیتاریادا دەڕۆن کاتێك سەرکردە شۆڕشگێڕەکان هانیان دەدەن بۆ دەست بەسەراگرتنی زەوی و زاری خەڵکی))، ئەمەش ئیتر ئاخۆ بەرەنجامی وەزارەتێکی پێکهێنراوی بەرپرس پەرلەماندا لەم جۆرە بارودۆخانەدا چی بێت؟ بێگومان ئەوە دەبێتە مایەی ((پلیشانەوەو داپڵۆسینی حیزبە ڕاستڕەوەکان بەشێوەیەکی یەکجارەکی و ماشینەوەی حیزبە ناوەنجییەکانیش (وەك حیزبی ناوەند، موحافیزکارە لیبڕاڵییەکان، ئۆکتۆبەرییەکان، پێشکەوتووخوازەکان) پلە پلەو هەنگاو هەنگاو لەلایەن ئەو حیزبە

---

[١٠٩] دیالەکتیك: لهجة.

کادیتەی لەسەرەتادا بایەخێکی زۆر گەورەو گرانی هەیە، بەڵام هەر ئەم حیزبە بەهەمان چارەنووس دەگات، ئەی دوای ئەوە چی ڕوودەدات؟ دوای ئەوە جەماوەری شۆڕشگێڕو کۆمۆن، تیاچوونی خێزانە موڵکدارەکان، تالآنکردنی کەلو پەلو ماڵو سامانی چینە خاوەندارەکان، پیاوانی مۆجیکیش دەکەونە کاری دزیو تالآنیکردنو شەڕەخۆری))، ناکرێ لێرەدا ئەو قینو خەشمە کۆنەپەرستییە پۆلیسیە فەرامۆش بکەینو نکوڵی لێ بکەین کە لەم داوانامەیەدا بەڕادەیەك بەرزکراوەتەوە تا گەیشتووەتە ئاستی لێکدانەوەی پێشبینیو بۆچوونی مێژوویی بۆ ڕووداوەکان. لەپرۆگرامی ئەم داوانامەیەدا هیچ شتێکی هەمواری[110] نوێ نییە، بەڵام تا بڵێی پرۆگرامێکی ڕوونو ئاشکراو پێکبەند بوو، دەربارەی گەلێك شت دەدوێ، لەوانەش: پێکهێنانی حکومەتێك کە زۆربەیان لەوانەبن کە بەتوندی لایەنگری حوکمی تاکە کەسی ڕەهان، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی دۆما، ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی لەهەردوو پایتەختەکە، واتا گرتنەبەری هەموو ڕێو شوێنێکی پێویست بۆ سەرکوتکردنو پوکاندنەوەی هەر جۆرە ڕاپەڕینێك کە ڕێی تێدەچێ ڕووبدات، ئەم پرۆگرامە پوختەی بنەمای سیاسی حوکمی بوو لەماوەی دوا مانگەکانی پێش هەڵگیرسانی شۆڕش، بەڵام سەرخستنی ئەم نەخشەیە پێویستی بەهەمان ئەو هێزە هەبوو کە (دۆرۆنۆڤۆ) لەزستانی ١٩٠٥دا دەستی کەوتبوو، کەچی لەپاییزی ١٩١٦دا لەئارادا نەبوو، لەبەرئەوە حوکمی پاشایەتی هەوڵیدا بەبێ هەراو دەنگە دەنگ لەسەرخۆ وڵات بخنکێنێ، ئەوەش لەڕێی کەرتو پەرتکردنی هێزە بەرگرەکانو هەندێ چاکسازی وەزاریشی ڕەچاو کرد، کەس نەدەخرایە ناو کاروباری وەزارەتەوە، جگە لەوانەی کە زۆر دڵسۆزو کاسەلێسی قەیسەرو ژنەکەی بوون، ئەوە کارێکی بێگومان بوو، بەڵام ئەو کەسانەش کە لایەنگری قەیسەر بوون لەسەرو هەمووشیانەوە (برۆتۆبۆبۆڤ)ی هەڵگەڕاوەو دوورو داماوو لاواز بوونو پیاو بەزەیی پێیاندا دەهاتەوەو میهرە بزوێن بوون. ئەنجومەنی دۆما هەڵنەوەشایەوە: قەیسەر تەنها بەوە وازی هێنا کە سەر لەنوێ کەوتەوە فەرماندان بەدواخستنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنەکە، حکومەتیش بڕیاری حوکمی عورفی لەکاتێکی دیاریکراودا ڕاگەیاند،

---

(١١٠) هەموار: ایجابي.





بەڵام شۆڕش سەرکەوتنی بەدەست هێنا بەرلەوەی ئەو کاتە دیاریکراوە بێتە پێشەوە، ئەو هێزەش کە بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕین ئامادەکرابوو، کاتێك بەخۆی زانی کە دڵی بەلای هێزە شۆڕشگێڕەکاندا لێدەدات. ئەم ڕاستیانەش بەتەواوەتی هاتنەدی بەماوەی دوو تا سێ مانگ دوای پێشکەشکردنی داوانامەکە. لەم ماوەیەدا لیبراڵییەت ئەوپەڕی هەوڵو توانای خۆی خستەگەڕ بۆ ڕزگارکردنی بارودۆخەکە ـ لەو قەیرانە ئاڵۆزە ـ هەموو ڕێکخراوە بۆرجوازییە ڕێ پێدراوەکان پشتگیریی ئەو قسەو وتارانەیان دەکردکە ئۆپۆزسیۆن لەناو ئەنجومەنی دۆمادا لەمانگی نۆڤێمبەردا پێشکەشیان کرد، بۆ تەعبیرکردنیش لەو پشتگیرییە چەند ڕاگەیاندنێکی نوێی ڕاگەیاند، گرنگترین ڕووخسارەکانی پشتگیرییەکە لەو بڕیارانەدا ڕەنگی دابووەوە کە یەکێتی شارەکان لە (٩)ی دیسەمبەردا گرتیانە بەرو تیایدا گوتی: ((چەند تاوانبارێکی بەرپرسو گێلو گەمژە هەن کە ڕوسیا بەرەو هەڵدێرو دارمانو ڕسوایی کۆیلەیی هان دەدەن))، ئەنجومەنی دۆمای وڵاتیش داوای کرد کە ((کۆبونەوەکانی خۆی ڕانەوەستێنێ هەتا حکومەتێکی ـ تازەی ـ بەرپرس پێکدێت)) تەنانەت خودی ئەنجومەنی وڵاتیش ئامێرێکی بیرۆکراتیو ملکەچی ئاغاو موڵکدارەکان بوو، ڕاشیگەیاند کە ئەویش پشتگیری ئەو بانگەوازەیە کە دەڵێت: پێویستە دەسەڵات بدرێتە دەست حکومەتێکی پێکهاتە لەو کەسو کەسایەتیانەی کە جێگەی متمانەی وڵاتن، کۆنگرەی چینی ئەرستۆکراتییە یەکگرتووەکان سەبارەت بەو جۆرە پشتگیریانە بەم جۆرە هەستی خۆیان دەربڕی: ئەو کۆنە بەردانەی کە قەوزە دایپۆشیبوون هێنایانو کەوتنە قسە. بەڵام ئەمەش هیچ گۆڕانێکی بەسەر دۆخەکەدا نەهێناو پاشایەتی وازی لەپاشماوەی ئەو دەسەڵاتە نەهێنا کە دەستی بەسەریدا ڕادەگەیشتو مابویەوە. دوای دڕدۆنگیو مشتو مڕییەکی زۆر کاتی بەستنی دوایین خولی دوایین ئەنجومەنی دۆما دیاریکرا کە (١٤)ی فێبرایری ١٩١٧ بوو، کەمتر لە (١٥) ڕۆژی مابوو بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش، بەرپابوونی کودەتاو ڕاپەڕین لەهەموو چرکە ساتێکدا چاوەڕوان دەکرا، بارودۆخ بەگشتی سەرەتای شۆڕشێکی لێ دەخوێنرایەوە، ڕۆژنامەی(ریتست)ی زمانحاڵی حیزبی (کادیت) ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە کە جەنەڕاڵ (خاباڵۆڤ)ی سەرکردەی فەیلەقی سەربازیی بترۆگراد

ڕایگەیاندبوو کە مانگرتن‌و کودەتا قەدەغەیە، هەر لەهەمان ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەدا نامەیەکی (میلیۆکۆڤ) بڵاوکرابووەوە کە لەو نامەیەدا ناوبراو کرێکاران هۆشیارو ئاگادار دەکاتەوە تاکو ((گوێ نەگرن بۆ ئەو قسەو ئامۆژگاریانەی )) لە ((سەرچاوە گومانلێکراوەکانەوە)) بۆیان دێت. وێڕای ئەو خۆنیشاندان‌و کودەتایانەی بەگەرم‌و گوڕی دەکران ئەنجومەنی دۆما کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا لەناو کەشێکی تا ڕادەیەك هێمندا ـ بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی گشتی ـ کۆبونەوەی ئەم جارە بایەخی بەدەسەڵات نەدەدا، بەڵکو ڕێو شوێنی کردارییانەی گرتەبەر، بەڵام بەبایەخێکی تێرو تەسەلەوە، بەتایبەتیش کێشەی دابینکردنی ئازوقەو خۆراك. دانیشتنەکان‌و کۆبونەوەکان مردەڵەو بێ گیان بوون ـ هەروەکو ڕۆدزیانگۆ ـ دواتر ئەم ڕاستییەی نووسیبوو: ((هەموو لایەك بەتەواوەتی هەستیان بەپەککەوتەیی‌و پیربوونی ئەنجومەنی دۆما کردبوو کە ناتوانێت پەراوەی خەبات بکات‌و هیچ دەرەتانێکی لەبەردەمدا نیەو نکوڵی ناوێ))، (میلیۆکۆڤ) بەرپەرچی بەرەی پێشکەوتوخوازی دایەوەو گوتی: ((بەوشە کار دەکەن... تەنها بەوشەو هیچی ترنا)). وە بەم شێوەیە ئەنجومەنی دۆما چووە ناو سوڕگەو درێژەی شۆڕشی فێبرایرەوە، واتە شۆڕشی (شوبات).

## پرۆلیتارو جوتیاران

پرۆلیتاریای ڕوسی یەکەم هەنگاوی خۆی هەڵگرت لەبارودۆخی سیاسی دەوڵەتێکی دەسەڵاتداردا، ئەوەبوو لەقوتابخانەی پشێویی قەدەغەو لەڕوی یاساییەوە پەراوەی کردو پێگەیشت لەناو دانیشتنی نهێنی‌و داخوازی نایاسایی‌و خۆپیشاندانی سەر شەقامەکان‌و بەیەکدادانی لەگەڵ پۆلیس‌و کەرتەکانی سوپادا، ئەم قوتابخانەیەش بەرهەمێکی سروشتی هەبوونی پەرەسەندنی سەرمایەدارییەکی خێراو دەسەڵاتێکی ڕەهایە کە وردە.. وردە.. شوێنی خۆی چۆڵ دەکات، کۆبوونەوەی کرێکاران لەکارگە گەورەکانداو سەرکوتکردنی چڕوپڕی دەوڵەت‌و جەمو سەرەڕێژەی خەڵکی بەهۆی گەشەکردنی پرۆلیتاریاوە، وەك لاوێکی خوێن گەرم‌و چالاك، بوو بەهۆی دروست بوونی پشێویەکی سیاسییانەی ئەوتۆ کە لەوڵاتانی خۆرئاوادا دەگمەن بوو ـ شتی وا هەبێت ـ هۆیەکی





بنچینەیی بوو لەهۆیەکانی ململانێ لەڕوسیادا) ژمارە پێوانەییەکانی پشێوییە سیاسییەکانی ڕوسیا بەهۆی کرێکارانەوە لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا بەڵگەی گرنگن سەبارەت بەمێژووی سیاسی ڕوسیا، ئێمە نامانەوێ لێرە دەقی نوسینەکەمان بەژمارەی قەبەو زل گران بکەین، بەڵام ناشمانەوێ هەندێ شت پشت گوێ بخەین‌و فەرامۆشە نەکەین، بەتایبەتی باسکردنی خشتەی پشێوی‌و ئاڵۆزییە سیاسییەکانی ڕوسیا لەماوەی نێوان ١٩٠٣ بۆ ١٩١٧، جا ئەگەر ئەم ژمارانەمان گەڕاندەوە بۆ واتا سادەو ساکارەکانی خۆیان، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ژمارانە پەیوەندن بەو پرۆژانەی ژێرباری سەرپەرشتی‌و چاودێری کارگەکانن، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێ لەو پرۆژانە ناخەینە ئەم ئەژمارو حسابگەرییەوە لەبەر چەند هۆکارێك، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوتی شێواوی‌و پشێوییەکان‌و سکێچو چەماوەی ڕێژە نوێنەکەی زۆر بەئاشکرایی دەردەکەوێ، لەوانەش کەباسیان ناکەین هێڵی ئاسنین، پیشەسازی کان‌و کانزاکان، جۆرەها پیشە، پرۆژە بچوکەکان بەشێوەیەکی گشتی، کشتوکاڵ:

| ساڵەکان | ژمارەی مانگرە سیاسییەکان (بەهەزار) |
|---|---|
| ١٩٠٣ | ٨٧ ** |
| ١٩٠٤ | ٢٥ * |
| ١٩٠٥ | ١٨٤٣ |
| ١٩٠٦ | ٦٥١ |
| ١٩٠٧ | ٥٤٠ |
| ١٩٠٨ | ٩٣ |
| ١٩٠٩ | ٨ |
| ١٩١٠ | ٤ |
| ١٩١١ | ٨ |

* ** ژمارەکانی ساڵانی ١٩٠٣، ١٩٠٤ پەیوەندی بەهەموو جۆرە پشێوییەکانەوە هەیە، بێگومان لەسەرو هەمووشیانەوە پشێوی‌و قەیرانی ئابوری.

| | |
|---|---|
| ١٩١٢ | ٥٥٠ |
| ١٩١٣ | ٥٠٢ |
| ١٩١٤ (لەشەش مانگی | ١٠٥٩ |
| یەکەمدا) | ١٥٦ |
| ١٩١٥ | ٣١٠ |
| ١٩١٦ | ٥٧٥ |
| ١٩١٧(مانگی یۆنایرو فێبرایر) | |

ئێمە لێرەدا چەماوەیەکی ڕوونکردنەوەی بێ هاوتامان دەست دەکەوێ کە پلەی گەرمی سیاسی ئومەتێکی وای لەخۆ گرتووە کە لەناخیدا شۆڕشێکی گەورە هەیە، ئەوەتا لەم وڵاتە دواکەوتووەدا کە ژمارەیەکی زۆری پرۆلیتاریای تیدا نییە ـ لەو پرۆژانەی ملکەچن بۆ چاودێری کارگەکان ـ نزیکەی ١,٥ ملیۆن کرێکار لەساڵی ١٩٠٥و نزیکەی (٢) ملیۆنی تر لەساڵی ١٩١٧دا هەبووە..!، بزوتنەوەی مانگرییو ڕاپەڕینی کرێکاران پانتاییەکی گەورەی وەرگرت، بەڕدەیەك هەرگیز لەهیچ وڵاتێکی جیهاندا پێشتر هاوشێوەی ئەو نەبووە، لاوازی بۆرجوازییەتی بچووكو پەرتەوازەیی بزوتنەوەی جوتیارییو سەرکوێریی سیاسی بوو بەجێی متمانەی مانگرتنی کرێکارانەی شۆڕشگێڕانەو ئامێرێکی بنچینەیی وا کە ئوممەت بەکاری بهێنێ لە بەربەیانی ڕابوونو هوشیاربوونەوەی خۆیدا بۆ وێرانکردنو ڕووخاندنی دیوارو شورا کونکرێتییەکانی حوکمی ڕەها، بەدڵنیاییەوە (١) ملیۆنو (٨٤٣) هەزار کەس بەشدار بوون لەمانگرتنو کودەتای سیاسی ساڵی ١٩٠٥دا بەتەنها (ژمارەی ئەو کرێکارە مانگرانەی لەم مانگرتنەدا بەشداربوون زۆر بەگەورەتر دادەنرێن لەوەی کە تەنها مانگربن، هەموو جارێکیش ژمارەیان زیاتر دەبوو)، تەماشاکردنێکی ئەم ژمارەیە بەسە بۆ ئەوەی کە بەوپەڕی ڕوونییەوە ساڵانی شۆڕش دیاری بکەین، تەنانەت ئەگەر هیچ شتێکی تریش نەزانین دەربارەی ڕووداوە سیاسییەکانی ڕوسیا. لەساڵی ١٩٠٤دا کە یەکێکە لەیەکەم ساڵەکانی جەنگی ڕوسیا ـ یابان کارگەکان چاودێری زیاتر لە (٢٥) هەزار مانگریان تۆمار نەکردووە، وە لەساڵی ١٩٠٥دا ژمارەی بەشداربوانی مانگرانی سیاسیو ئابوری





پێکەوە نزیکەی (٢) ملیۆنو (٨٦٣) هەزار کەس بوون، واتا زیاتر لە (١١٥) هێندەی ژمارەی مانگرانی ساڵی پێشووتر. ئەم بازدانە گەورەیەش بەڵگەیە لەسەر کە پرۆلیتاریای دنە دراو لەژێر گوشاری ڕوداوەکاندا توانی ئەم چالاکییە شۆڕشگێڕییە بەهێزو توندە دابهێنێ کە پێشتر نەناسرابوو، ناچاربوو لەنێو ڕیزەکانیدا ڕێکخستنێك پێك بهێنێ کە گونجاو بێ لەگەڵ قەوارەی ململانێکەو لەخۆگرتنی کارو خەباتو چالاکییە چاوەڕوان کراوەکانی، گەرچی ئەو ڕێکخستنە ئەرکێکی زۆریشی تێ بچێت، بەم جۆرە سۆڤییەتات (ئەنجومەنەکان) هاتنە کایەوە، واتا شۆڕشی یەکەم کە بووە مایەی ڕێکخستنی مانگرتنی گشتیو کودەتاو خەباتی بێوچان لەپێناو گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵاتدا. وێڕای شکستی هێنانی پرۆلیتاریا لەڕاپەڕینی دیسەمبەری ١٩٠٥دا هێشتا جەماوەری پرۆلیتاریا تێکۆشانێکی قارەمانانەی کرد بۆ پارێزگاری کردنی بەشێك لەو شوێنانەی لەدوو ساڵی پێشووتردا گرتبوویە دەست، ئەو دوو ساڵەی ژمارەی مانگرتنەکانیان پەیوەندییان هەر بەشۆڕشەوە مابوو بەشێوەیەکی توندوتۆڵ، گەرچی ئەو دوو ساڵە دوو ساڵی دوا کشانەوەی شۆڕش بوون، ژمارەی مانگرتنەکانی ساڵانی (١٩٠٨ ـ ١٩١١) ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم ماوەیە ماوەی شۆڕشی دژوارو سەرکەوتن بووە، هەر لەم ماوەیەشدا قەیرانی پیشەسازی داکەوت، تاکو شەکەتیو ماندویی پرۆلیتاریای پەراکەندەو پڕژاو بگەیەنێتە دوایین مەودا، قوڵایی کەوتنەکە هاوشێوەی بەرزە چوونی رابوردوو بوو، دەتوانین تەنها بەتەماشاکردنی ئەم ژمارانە ڕاپەڕینی ئومەت بزانین. سەر لەنوێ ژیانی پیشەسازیی لەساڵی ١٩١٠دا بوژایەوەو کرێکاران لەسەر پێی خۆیان وەستانەوە، چالاکییەکانیان گوڕوتینێکی تازەی پێ بەخشینەوە، ژمارەکانی ساڵانی ١٩١٢ ـ ١٩١٤ لەگەڵ دەرەنجامەکانی ١٩٠٥ ـ ١٩٠٧ لێك چوو هاوشێوەنو تەنها یەك جیاوازییان لەنێواندایە، ئەویش ئەوەیە کە ژمارەکانی ساڵانی ١٩١٢ ـ ١٩١٤ ڕوو لەزیادبوونن بەڵام ژمارەکانی ساڵانی ١٩٠٥ ـ ١٩٠٧ لەهەمان کاتدا ڕوو لەکەمیین. هەڵمەتێکی شۆڕشگێڕانەی تازە لەبنکەیەکی مێژوویی تازەو بەرزترەوە سەری هەڵدا، ـ ئەوەبوو ژمارەی کرێکاران لەم ماوەیەدا زیادی کردو شارەزاییەکی زیاتریشییان گەڵاڵە کرد ـ قەوارەی مانگرتنەکانی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ١٩١٤و قەوارەی

مانگرتنەکانی ئەو ساڵەی چڵەپۆپەی شۆڕشی یەکەمی دیاری کرد لەیەکتری دەچن‌و هاوشێوەن، بەڵام بەرپابوونی جەنگ کاروانی ئەم گەشەکردنەی لەناکاو وەستاندو مانگە سەرەتاییەکانی ئەو ساڵەش وەستانەوەو دامرکانەوەیەکی گەورەیان بەخۆیانەوە بینی لەڕووی کاری سیاسی چینی کرێکارانەوە، تاکو بەهاری ١٩١٥ بەسەردا هات‌و ئەم سستی‌و دامرکانەی گۆڕیی‌و زنجیرەیەکی تازە لەو مانگرتنە سیاسییانە سەریان هەڵدا کە بوون بەمایەی ڕاپەڕینی کرێکاران‌و سەربازان لەفێبرایری ١٩١٧دا. درێژکراوەی[١١١] خەباتی جەماوەری‌و ڕەگ‌و ڕیشە توندو لەناکاوەکەی بوو بەهۆی گۆڕینی شێوەی پرۆلیتاریا لەماوەی چەند ساڵێکداو شێوەیەکی تری وای پێدا کە پێشتر بەو شێوەیە نەناسرابوو، چەند کارگەیەکیش هەیە کە بەر لەدوو ساڵ دەبێ هیچ ژمارەیەکی خەڵکانی مانگری تێدا وەرنەگیراوە لەو مانگرتنە گشتییەی دژی هەندێ جەورو ستەمی پۆلیسیانە ئەنجامدرا، کەچی ئێستا هەموو سیمایەکی گیانی شۆڕشگێڕانەی لەدەست داوەو بوەتە شوێنێکی بێ ئاگا لەو هەموو تاوانانەی کە دەسەڵاتداران بەرانبەریان دەیکەین‌و بەهیچ شێوەیەك بەرپەرچیشییان نادەنەوە، تێکشکاندنە گەورەکان هەمیشە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بڕست‌و وورەی مرۆڤ چاوترسێن دەکەن‌و پەژارەیان لێ دەکەوێتەوەو ڕەگەزە شۆڕگێڕەکانیش کاریگەرییان لەسەر جەماوەر نامێنێ، لەسەر توێژی هۆشیاری ئەم جەماوەرەشدا بیرۆکە دێرینەکان دەردەکەونەوە لەگەڵ ئەو ئەندێشەو داڵغانەی کە هێشتا بەتەواوەتی لەدەستییان ڕزگاری نەبووە، جەماوەرە نەزانە تازە هاتووەکەش وتارو قسەو باسی لەدێهاتەکاندا لەگەڵ کرێکاران تێکەڵ‌و پێکەڵ دەکات، ڕیزی کرێکارانیش پتەوی‌و تۆکمەیی خۆیان لەدەست دەدەن، لێرەدا ڕەش بینەکان بەگاڵتەجاڕییەوە سەریان دەلەقێنن، ئەمەش ئەو بارەیە کە وڵاتەکەمان لەماوەی ساڵانی ١٩٠٧ ـ ١٩١١ بەخۆیەوە بینی، بەڵام بزوتنەوەی پەرەسەندنی کەمەکی لەناو جەماوەردا دەبێتە مایەی تیمارکردنەوەی زامە دەرونییەکانی جەماوەر کە لەئەنجامی شکستی‌و تێکشکانەوە ڕووبەڕویان بونەتەوە، هەر گۆڕانکارییەکی نوێ، یان هەر ئاستەیەکی تازەو پاڵنەرێکی ئابوری بەهێز دەبێتە هۆی خولقاندنی خولێکی سیاسی تازە، لێرەشدا ڕەگەزە

[١١١] درێژکراوە: هەڵکشان: هەڵکشاویی: مدّ.





شۆڕشگێڕەکان ئەو کەسانەیان دەست دەکەوێ کە گوێیان بۆ دەگرن، ئیتر ئاستی خەبات‌و تێکۆشان بەرەو بەرزبوونەوە دەچێتەوە. بۆ تێگەیشتن لەهەردوو باڵە بنچینەییەکەی چینی کرێکارانی ڕوسیا پێویستە ئەوە بزانین کە مەنشەفییەت لەماوەی ساڵانی کۆنەپەرستی‌و پاشگەزبونەوەی شۆڕشگێڕیدا پێك هات، پشتی بەتوێژێکی بچوکی ئەو کرێکارانە بەستبوو کە پەیوەندییان بەشۆڕشەوە پچڕابوو، هاوکات بەلشەفییەت دوچاری سەرکوت کردنەوەو پلیشانەوەیەکی ترسناك هاتبوو هەر لەو ماوەیەدا، بەڵام زۆر بەخێراییەکی سەرنجڕاکێش لەماوەی چەند ساڵێکی پێش جەنگدا، هەستایەوە تاکو خۆی گەیاندە چڵەپۆپەی بوژانەوەی شۆڕشی نوێ، ڕاپۆرتەکانی بەڕێوەبەرێتی پۆلیس دەربارەی چالاکییەکانی بەلشەفییەکان لەساڵانی پێش جەنگدا، دەڵێن: ((زۆرترینی کەس‌و ڕەگەزە چالاکەکان‌و پەرۆش‌و خوێن گەرمەکان‌و توانادارانی خەباتی بێ‌وچان‌و دوور لەماندوویی‌و خۆڕاگرانی بەرهەڵستی‌و ئامادەباشانی ڕێکخستنی بەردەوام لەناو تاك‌و کۆمەڵەکاندا ئەو کەسانەی کە لەدەووری لینین کۆبوونەتەوە)). لەیۆلیۆی ١٩١٤دا کاتێك دپلۆماسییەکان دواهەمین بزماریان بەو خاچەدا دادەکوتا کە ئەوروپای پێوە لەخاچ دەدرا، پترۆغراد لەبارێکی کەف‌وکوڵی شۆڕشێکی تەواودا دەژیا، بێگومان سەرۆك کۆماری فەرەنسا (پوانکاریە) دواهەمین هەواڵی جەنگی دەستەویەخەی کوڵان بەکوڵانی بیست، لەگەڵ یەکەمین تەقینەوەی کودەتاو ڕاپەڕینی نیشتمانی، ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە هاتبوو بۆ پترۆغراد بەمەبەستی دانانی تاج لەسەر گۆڕی ئەسکەندەری سێهەم. جا ئایا ئەگەری ئەوە هەبوو ئاخۆ جم‌وجۆڵی هەڵمەتە جەماوەرییەکانی ساڵانی ١٩١٢ ـ ١٩١٤ ببێتە هۆی ڕوخاندنی دەسەڵاتی قەیسەر ئەگەر جەنگی بەسەردا نەهاتبایە؟ بەڕاستی ئێمە ناتوانین بەدڵنیاییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، هەچەند پەرەسەندنی ڕووداوەکان بەئاڕاستەیەکدا دەڕۆیشتن کە بەبێ مشتومڕیی شۆڕشێکی لێ چاوەڕوان دەکرا، بەڵام ئەی لەم بارەدا ئەو قۆناغە کامەیە کە پێویستە بیبڕین؟ ئایا ئەگەری ئەوە لەئارادا نییە کە دیسانەوە دوچاری شکستییەکی تازەمان بکاتەوە؟ ئەو کاتە کامەیە کە تیایدا پێویستە کرێکاران دەستبەکاربن بۆ بەرزکردنەوەی جوتیاران‌و ڕاکێشانی سوپا بەلای خۆیاندا؟ هیچ شتێکی

ئەوتۆ لەناو جەرگەی ئەم ئاڕاستە جۆراوجۆرانەدا نەدەکرا مەگەر لەبیرکردنەوەدا قوولّ ببینەوە، بەهەرحالّ جەنگ لەسەرتادا بوو بەهۆی خاوکردنەوەی پەرەسەندنەکە، بەلاّم لەقۆناغی دواتردا بەشێوەیەکی بەرچاوو خێراو بەگوڕ بووەوەو سەرکەوتنێکی مەزنی دەستەبەر کرد. هێشتا ڕەوڕەوەی جەنگ چەرخەیەکی تەواو نەکردبوو کە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە ڕاوەستاو حکومەت کەوتە گیانی کۆمەلاّنی کرێکارە چالاکەکانو سازی کردن بۆ جەنگ، باشترین ڕەگەزە شۆڕشگێڕەکانی ناو کارگەکانی ڕەوانەی بەرەکانی شەڕکرد، وردە وردە.. کەوتە سەرکوتکردنی مانگرتنەکانو بەزەبرو زەنگێکی توندەوە خامۆشی دەکردنەوە، ڕۆژنامە کرێکارییەکانی لەکارخست، سەندیکاکانی خنکاند، کارگەو سازگەکان[١١٢] سەدان هەزار ژنو گەنجو جوتیاریان تێدا دامەزرا، جەنگو داڕمانی ئومەتگەرایی هاتنەکایەوە، لەکاتێدا جەماوەر هیچ ئاڕاستەیەکی سیاسی نەمابوو، ڕێگەشیان بەو بەڕێوەبەری کارگانەدا کە سەریان بەرزکردبووەوە تاکو بەناوی کارگەکانیانەوە وتارو وتووێژیی نیشتمانپەروەرانە بچڕنو تا ڕادەیەك بێ ئەندازە دەستی کارو کرێکاران لەخۆیان کۆبکەنەوەو ئەو کرێکارە ئازاو بوێرو شارەزایانە بێ دەنگ بکەن ـ لەئاستی سەرەڕێژەی خەلّکی بۆ دامەزراندن لەو کارگانەدا ـ بلێسەی شۆڕش کزبوو، تاکو وەك سەلکەبزوتێکی خامۆشی لێهات لەو دانیشتنو کۆبونەوە بچکۆلانەدا کە بێدەنگی بالّی بەسەردا کێشا بوون، کەسێکی وانەبوو لەخۆی رابپەرموێ[١١٣] و دان بەوەدا بنێو بلێ: من (بەلّشەفیم) لەو کارگانەدا نەبادا[١١٤] کرێکارە دواکەوتووەکان بەگرتی بدەن یان جۆرەها توندوتیژیی بەرانبەر بکەن. کۆمەلّە بەلّشەفییە بچکۆلەکەی ناو ئەنجومەنی دۆما هێشتا لەئاستی کارو توانای خۆیدا نەبوو کە جەنگ ڕاگەیەنرا، لەبەرئەوە ئەم کۆمەلّەیە لەگەلّ نوێنەرانی مەنشەفییەکان ـ لەو ئەنجومەنەدا ـ ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی پێشنیارێك پێشکەش بکەنو تیایدا وا ڕابگەیەنن کە ئەم کۆمەلّەیە کار دەکەن بۆ ((پاراستنی کەرەسەو دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکانی گەل دژ بەهەر دەست درێژییەك، جا سەرچاوەی ئەو دەستدرێژییە هەر کەسو شوێنێك بێت))، ئەندامانی

---

[١١٢] سازگە: ئەجزاخانە: ورشة.

[١١٣] لەخۆڕاپەرمون: لەخۆڕابینین: وێران: الجسارة والجرءة.

[١١٤] نەبادا: نەبا: نەکوو: کي لا.





ئەنجومەنی دۆماش بەچەپلەڕیزانێکی زۆرەوە ئەم خۆبەدەستەوەدانەی ـ ئەوانی پەسەند کرد، هیچ ڕێکخستنێك لەڕێکخستنە حیزبییەکانو کۆمەلّەکانیان بەهەلّوێستێکی دیارو ئاشکرا دژی جەنگ نەبوونو وەك هەلّوێستەکەی لینین نەبوون کە لەدەرەوەی ولاّتەوە بانگەشەی بۆ کرد، لەگەلّ ئەوەشدا ژمارەی نیشتمانپەروەرانی نێو ڕیزی بەلّشەفییەکان زۆر کەم بوو، هەر لەم کاتانەشدابوو هەندێ لەکەسانی میللیو بەلّشەفیو مەنشەفی لەسالّی ١٩١٤دا دەستییان بەپڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕانە کرد لەناو جەماوەردا لەڕێی وتاردانو ڕۆژنامەوە، هێشتا نوێنەرانی ئەنجومەنی دۆما لەدۆشدامانی خۆیان دەرباز نەببوون، کە ـ ئەوان ـ گەڕانەوە بۆ کاری خۆیانو بایاندایەوە بەلای ئەو خەباتە شۆڕشگێڕییەی کە حکومەت زۆر هۆشیارانەو بەوردی ئاگای لەهەموو کەینو بەینێك بوو، بەهۆی سیخوڕەکانییەوە، ئەوە بەسە کە بلێین سێ ئەندام لەئەندامانی حەوت حیزبەکەی (پترسپۆرغ) لەدوا ساتەکانی جەنگدا بەکرێگیراوو سیخوڕی (ئۆخرانا) بوون، بەم جۆرە دەسەلاّتو حکومەتی قەیسەری زۆر بەئاسانی یاری بەشۆڕشەکە دەکرد. لەمانگی نۆڤێمبەر (تشرینی دووم)دا نوێنەرانی بەلّشەفی گیرانو حکومەتیش هەلّمەتێکی بەربلاّوی لەسەرتاخواری ولاّتدا دەست پێکرد بۆ لەناوبردنو سەرکوتکردنی حیزب، لەفێبرایری ١٩١٥شدا کۆمەلّەی پەرلەمانتارە بەلّشەفییەکان ڕووبەڕووی دادگا کرانەوە، تاوانبارکراوەکان زۆر بەخۆگریو موحافیزکارانەوە هەلّسوکەوتیان دەکرد، (کامنییڤ)ی دەمڕاستو سەردەستەی کۆمەلّەکەش ـ خۆی وا نیشاندا ـ کە دژی هەلّوێستەکەی لینینە سەبارەت بەو جەنگو هەرایەو خۆی بە (ترۆفسکی) وێدەچواند[١١٥] کە ئەمڕۆ پلەی سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوەندی ئۆکرانیای پێدراوە، بەڕێوەبەرێتی پۆلیسیش بەوپەڕی سانایيو ڕەزامەندییەوە ڕایگەیاند کە ئەو بڕیارە توندوتیژانەی دژی نوێنەران دەرکرا هیچ جموجۆلێکی کودەتاییو هەلّکفانی لەناو ڕیزی کرێکاراندا نەوروژاند. وەك ئەوە وابوو کە جەنگ لەنێو چینی کرێکاراندا وشکایی هاتبێ، ئەمەش تا ڕادەیەك ڕاست بوو، چونکە کارگەکان دەستی ئیشکەری کرێکارانیان بەڕێژەی ٤٠٪ لەپترۆغراد نوێ کردەوە ـ واتا ژمارەی کرێکارانیان زیاتر

---

[١١٥] وێچواندن: تشبیە.

کرد ـ بەشێوەیەکی لەناکاویش بەردەوامێتی شۆڕشگێڕیی ڕاوەستا، زۆر شتی دیکەش دیارنەمانو لەبەرچاو ون بوون کە پێش جەنگ زۆر بەچاکی بوونییان هەبوو، بەتایبەتیش گروپو کۆمەڵی بەڵشەفییەکانی ناو ئەنجومەنی دۆما، هەر بەجارێك لەنێو پێچو لوولەکانی لەبیرچوونەوەو لەژێر ڕووخسارە فریودەرەکانی هێمنیو نیشتمانپەروەریدا بێ سەرو شوێن بوو، پشتگیریکردن لەدەسەڵاتی پاشایەتی ئەو هەستو نەستانەی پێکهێنا کە شیاوو لەباربوون بۆ تەقینەوەیەکی نوێ. لەمانگی ئوغسطس (ئاب)ی ١٩١٥دا نوێنەرانی قەیسەر لەبارەی کرێکارانەوە قسەیان دەکردو دەیانگوت: ((لەهەموو لایەکەوە، لەهەموو شوێنێك، کرێکاران دەگەڕێن بەدوای دۆزینەوەی خەیانەتکارانو بەکرێگیراوانی ئەڵمانیو ئەو کاولکارییانەی بەقازانجو بەرژەوەندی دوژمنان تەواو دەبن، و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەدوای دۆزینەوەی ئەو کەسانە دەگەڕێن کە بەرپرسن لەشکستیەکانمان لەبەرەکانی جەنگدا))، لەڕاستیشدا، گیانی ڕەخنەگرتن هەر لەم ماوەیەدا لەنێو ڕیزەکانی جەماوەردا لەخەو ڕابوو، ئەم گیانی ڕەخنەگرتنە بەشێوەیەکی ئاشکرا یان بەپەنهانی دەرکەوتو واش خۆی نیشاندا کە ـ گوایە ـ (لەپێناوی بەرگریکردن لەوڵات)دا کار دەکات، کەچی ئەم بیرۆکەیە لەخاڵی دەرچوونو دەست بەکار بوون بەولاوە هیچی تر نەبوو، تاڵیو کوێرەوەرییەکانی ژیانی کرێکاران بەر لەو کردەوە سمینانە[١١٦] هاتەکایەوە کە قوڵییەکەیان زیاتر کردبووەوە، خاوەنکارو گەندەخۆرەکانی دەوروبەریان بێدەنگ بوونو زەحمەتکێشانی بەڵشەفی ڕێگەیان پێدرا کە سەریان بەرزبکەنەوەو چاویان بکەنەوە. جەماوەر لەڕەخنەگرتنەوە گۆڕا بۆ کردار، تاڵیو کوێرەوەریو نارەحەتی ژیان بۆ یەکەمجار دەرازەیەکی دەربازبوونی دۆزییەوە، لەئەنجامی ئەو پشێوییەی بەهۆی کەمیی ئازوقەو خۆراکەوە پەیداببوو، لە لێرەولەوێ ناگوزوریو گلەییو گازندەو یاخی بوونی ناوخۆیی دروست کردبوو، پیرەمێردو ژنو هەرزەکاران هەستیان بەوەکرد کە لەناو بازاڕو گۆڕەپانە گشتییەکاندا ئازادو ئازاترن لەکرێکارە شەکەتو ماندوکراوەکانی ناو کارگەکان، لەماوەی مانگی ئایاردا جموجۆڵ لەمۆسکۆدا بەبارێکی تردا کەوتە بزاوتنو گۆڕا بەکاری تالانیو شەڕەخۆریو پەلاماردانی خانوو

[١١٦] سمین: کوناودەر کردن.





مالّی ئەڵمانییەکان. ئەگەرچی زوربەی تالانچییەکان ئەو هەرچیو پەرچیانەی[١١٧] شاربوون کە لەژێر چاودێری پۆلیسدا کاریان دەکرد، بەڵام ڕووداني زبریو تالانکاری لەمۆسکۆداو لەوکاتەدا ئەوە دەسەلمێنێ کە تا ئەوساکەش کرێکاران بەو ڕادەیە هۆش خۆیان نەهاتونەتەوە کە لەئاستی سەپاندنی دروشمو داواکانی خۆیاندابنو کۆنترۆڵی خەڵکە سادەو ساکارەکەی شار بکەن، واتا: ئەو خەڵکانەی کە هاوسەنگی خۆیان لەدەست دابوو، وردە... وردە... پشێوی پەرەی سەند لەسەرانسەری وڵاتدا کە لەبنەڕەتدا بەهۆی کەمیو نارێکی ئازوقەوە سەری هەڵدابوو، هەر ئەمەش ئەفسونی جەنگێکی لەناخدا بوو، دواتر ڕێگەی کردەوە بۆ دەست پێکردنی مانگرتنو کودەتاکان. کەڵەکەبوونی دەستی کارکەری ناشارەزا لەکارگەکانداو پێشبڕکێ شێتانەی سەرمایەدارەکان بۆ چنینەوەی ئەو قازانجەی لەجەنگەوە دەستییان دەکەوت، بوو بەهۆی لەسەریەك هەڵچنینی مەترسییەکانی بارودۆخی کارکردنو بەکارهێنانی هۆکارەکانی قۆستنەوەو زەوت کردن، بەرزبوونەوەی نرخی کەلو پەلەکانیش بوو بەهۆی دابەزینی میکانیزمانەی نرخو کرێ، دیارە مانگرتنە ئابورییەکان پەرچە کرداری سەد لەسەدی جەماوەر بوون، زۆر بەتوندو تیژیش دەستیان پێکرد بەو پێیەی ماوەیەکی زۆر دورودرێژ بوو قەدەغە کرابوون، مانگرتنەکانیش بەدوای خۆیاندا کۆبونەوەو خۆنواندنی سیاسیو بەیەکادانی لێ کەوتەوە دژ بەدەسەڵات، وێڕای فیشەك تەقاندنو لەدەستدانی گیانی چەند قوربانییەك. خەباتو تێکۆشان لەناوچەیەکی چەقی پیشەسازی چنین دەستی پێکرد، لە (٥)ی یۆنیۆ (حزیران)دا پۆلیسەکان دەسترێژێکی گوللەیان بەسەر کرێکارانی چنیندا کرد لە (کۆسترۆما)و لەئەنجامی ئەو کارەشدا چوار کەس کوژرانو نۆ کەسی تریش بریندار بوون، لە (١٠)ی ئوغسطس (ئاب)یشدا یەکە سەربازییەکان گوللەبارانی کرێکارانی ئیڤانۆڤۆ ـ ڤۆز نیسسنکیان کردو لەئەنجامدا (١٦) کەس کوژرانو (٣٠) کەسی دیکەش بریندار بوون، هەندێ لەسەربازەکانی کەتیبەی ناوچەکەدا کۆبووبوونەوە تاوانبارکران بەوەی کە بەشدارییان کردووە لەبزوتنەوەی کرێکارانی کارگەی چنیندا، گەلو جەماوەریش بەخۆپیشاندانو مانگرتنی توند وەڵامی ئەو

[١١٧] هەرچیوپەرچی: سووكو ریسوا: ضالة من الناس، فەرهەنگی شیرین، بەرگی یەکەم، لاپەڕە (١٢٤).

ڕوداوانەیان دایەوەو دژی دەسەڵات هەڵوێستیان وەرگرت، لەهەمان کاتیشدا خەباتی ئابووری هاتە ئاراوە، بەزۆریش کرێکارانی کارگەکانی چنین لەڕیزەکانی پێشەوەدا بوون، بەڵام بەراوردکردنی توندوتیژی بزوتنەوەکەو ڕوونو ئاشکرایی ئامانجو دروشمەکانی لەگەڵ دەرهاتەکانی (بزاوتی نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩١٤دا وەك بەڵگەیەك ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئاستی بزاوتە نوێیەکە، نزمترە لەئاستی پێشووتریدا، ئەمەش سەیرو نامۆنیە، شەپۆلو باڵەکانی خەباتکردن ژمارەیەکی زۆری خەڵكو جەماوەری نەزانو ڕەشۆکی لەخۆی کۆکردبوەوە، هاوکات توێژە کرێکارییە سەرکردەکان لەبارێکی پشێوی سەرومڕدا بوون، کەچی هەموو لایەك هەستیان بەفراوانی جەنگەکانی داهاتوو مەترسییەکانیان کردبوو هەر لەکاتی دەرکەوتنی یەکەم مانگرتنی سەرەتای جەنگدا، لە (١٦)ی ئوغسطس (ئاب)دا وەزیری داد (خفۆستۆڤ) ئەوەی ڕاگەیاند: ((وە ئێستا کرێکارەکان مانگرتنی چەکدارانە ناکەن، چونکە خاوەنی ڕێکخستنێك نین))، (غۆریمکین)یش ڕای خۆی بەشێوەیەکی وردتر دەربڕیو گوتی: ((مەسەلەکە سەبارەت بەسەرکردەکانی کرێکاران لەوەدا شاراوەتەوە کە ئەو ڕێکخستنەیان لاوازبوو دوای دەستگیرکردنی (٥) کەس لەنوێنەرانی ئەنجومەنی دۆما))، وەزیری ناوخۆش شتێکی تری خستەسەر ئەم قسانەو وتی: ((مەحاڵە لێبوردنی ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی دۆما بگرێتەوە (کە بەڵشەفین)، چونکە ئەوانە بنکەی سەرەکی ڕێکخستنی بزوتنەوەی کرێکاریی بوون لەکاتی مانگرتنو ڕاپەڕینە ترسناکەکانیاندا))، وایە، بەڕاستی ئەو کەسانە توانیویانە حەشارگەی مەترسییە گەورەکەو سەرچاوەکەی بدۆزنەوە. لەکاتو ساتەکانی چڵەپۆپەی هەڵچوونی جەماوەریو هەژانیدا، وەزارەتەکان پێ مل[118] و ئامادەبوون بۆ پێشکەشکردنی سازشی لیبراڵیانە، بەڵام هاوکات وای دەبینی کە پێویستە لەسەری چاوەچاوی لێدانی سەری شۆڕشی کرێکاری بێت، واتە لەحیزبی بەڵشەفی بدات، لەم ماوەیەشدا بۆرجوازییەتی گەورەخوازی هەچی لەتوانایدا بوو خستیەگەڕ بۆ هاوکاریکردنی مەنشەفییەکان، پیشەوەرە لیبراڵییەکان لەبەرفراوانی مانگرتنەکان ترسان، بۆیە هەوڵیاندا ئینزیباتی نیشتمانی بەسەر کرێکاراندا بسەپێننو

[118] پێ مل: پێمل: مُسخّر: ملکەچکردوو: ملکەچ بوون.





زاڵیان بکەنو نوێنەرە هەڵبژێراوەکانی ئەوانیشیان لەلیژنەی پیشەسازی جەنگیدا وەرگرت، وەزیری ناوخۆ سکاڵای دەربڕی کە دەستەوەستانە لەئاستی ئۆپۆزسیۆنی غۆتشۆفدا مەگەر زۆر بەگرانی ئەوە چارەسەر بکرێت، هەروەکو گوتی: ((خستنە بەر باسی ئەم کێشەیە بەگشتی دەبێ لەژێر دروشمی نیشتمانپەروەریدا بێتو بەناوی بەرژەوەندیەکانی بەرگرییەوە بێت))، بێگومان لێرەدا ئاماژەیەکی ئاشکرا هەیە سەبارەت بەوەی کە خودی پۆلیس خۆیان لادەدا لەگرتنو دەستبەسەرکردنی سۆسیالیستە ـ نیشتمانییەکان. گەرچی هاوپەیمانی ناڕاستەوخۆی تێدا دەبینین کە یارمەتیان دەدان لەگەرمکردنی ململانێ دژی مانگرتنو کودەتاو توندڕەوی شۆڕشگێڕانەدا، دامو دەزگاکانی ئاسایش بەتەواوەتی پشتیان بەستبوو بەهێزی سۆسیال دیموکراتەکانو بۆچوونێکی وای لەلا دروست کردبوون کە دڵنیابن هەرگیز هیچ جۆرە ڕاپەڕینو کودەتایەك سەر هەڵنادات ئەگەرچی جەنگیش درێژەی هەبێ. هەر کە هەڵبژاردنی لیژنەی پیشەسازییە جەنگییەکان دەستی پێ کرد پشتیوانانی بەرگری نیشتمانی لەسەرو هەمووشیانەوە کرێکاری چالاکی کانزاکردن[119] (غفۆز دییڤ) کەمینەی کورسییەکانیان بەدەست هێناو ناوبراو کرا بەوەزیری کار لەوەزارەتی شۆڕشگێڕانەی حکومەتی پێکاتەییدا[120]، ئەمە وێڕای ئەو هاوکاریو پشتیوانییە جۆراوجۆرانەی دەستییان کەوت، نەك هەر لەلایەن بۆرجوازییەتی لیبراڵییەوە بەتەنها، بەڵکو بیرۆکراتییەتیش هاوکارییەکی زۆری کردن لەڕووی هەڵگەڕاندنەوەی حیزبە گەمارۆدراوەکان بۆ پێ مل بوونو ژێر دەستەبوونی سەرکردایەتی بەڵشەفیو ناچارکردنی پرۆلیتاریای پترۆغراد بۆ دەست لەکارکێشانەوەو پاشگەزبوونەوەی نوێنەرەکانیان لەناو کۆمەڵەی نیشتمانی پیشەسازیی، مەنشەفییەکان هەڵوێستی خۆیان زۆر بەڕوونو ئاشکرایی دەربڕی لەوتاری یەکێك لەنوێنەرەکانیاندا لەبەردەمی پیشەسازەکانی ناو هەمان لیژنەو گوتی: ((پێویستە لەسەرتان کە ئەم دەسەڵاتە بیرۆکراتییەی ئێستا لەسەر کارە ناچار بکەن بۆ ئەوەی پاشەکشێ لەشانۆی دەسەڵات

[119] کانزاکردن: پیشەی کانزاگەریی: تعدين المعادن.

[120] حکومەتی پێکاتەیی: حکومەتی فرەبەشی: الحكومة الآئتلافية.

بکاتو شوێنەکەی بۆ ئێوە بەجێ بهێڵێت، ئێوە میراتگری ئەم دەسەڵاتەی ئێستان))، ئەم هاوخەباتیە سیاسییە لاوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبوو، و لەڕۆژگاری ئایندەی شۆڕشیشدا بەروبومێکی پێگەیشتووی بەدەستەوەدا. جەنگ تا ڕادەیەکی زۆر ڕێکخستنە نهێنییەکانی تێکشکاند، بەڵشەفییەکان ڕێکخستنێکی سەرەکییان نەما دوای ئەوەی حکومەت کۆمەڵەی پەرلەمانی لەکار ڕاوەستان، بوونی لیژنە خۆماڵییەکانیش سنورداربوو، ئەم لیژنانە بەشێوەیەکی هەردەمی لەپەیوەندی بەردەوامدا نەبوون لەگەڵ لیژنەکانی دەوروبەردا، کاری سیاسی لەنێو چەند دەستەو کۆمەڵەیەکی پەرتەوازەدا باوی هەبوو، لەگەڵ دانیشتنی نهێنی کەسە دابڕاوەکاندا، بەڵام جموجۆڵی کودەتاو مانگرتنەکان لەزیادبووندا بوو، هەندێ لەکۆمەڵو دەستە نهێنییەکانی ناو کارگەکان تا ڕادەیەك گوشاریان دروست کرد، ئەم کۆمەڵانەش وردە.. وردە.. لەیەکتری نزیك بوونەوەو خۆبەخۆ یەکیان گرت، کاری نهێنی درێژەی کێشا، یەکێك لەڕاپۆرتەکانی پۆلیس لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لایەنگرانی لینین، کە سەرکردایەتی زۆربەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی سۆسیال دیموکراتیەت دەکەن لەڕوسیادا هەر لەسەرەتای جەنگەوە لەناو مەڵبەندە بنەڕەتییەکانی خۆیاندا (پترۆغراد، مۆسکۆ، خارکۆڤ، کییڤ، تۆلا، کۆسترۆما، سامارا) بڕێکی زۆر نامیلکەی شۆڕشگێڕانەیان چاپو پەخش کردووە، کە لەناو نامیلکانەدا داوا دەکەن باری جەنگ بوەستێنرێو دەسەڵاتی ئێستای وڵاتو ستەمەکەی لابرێو ئاوەژوو بکرێتەوەو دەسەڵاتی کۆماری ڕابگەیەنرێ، لەم جۆرە چالاکییەشدا ئەنجامێکی چاكو گرنگ دەستکەوت کە بریتی بوو لەهاندانی کرێکاران بۆ چاککردنو ڕێکخستنی مانگرتنو کودەتاو پشێوییەکان ـ بەشێوەیەکی لەبارتر ـ. لە (٩)ی یەنایر (کانونی دووەم)ی ١٩١٦دا کرێکاران بانگەشەی ڕاپەڕینو مانگرتنێکی فراوانیان ڕاگەیاند بەبۆنەی نەریتی ساڵیادی ڕێ ڕۆیشتنی کرێکاران بەرەو کۆشکی زستانە، لەکاتێدا دەزانین کە هەمان ساڵیاد لەساڵی ڕابوردودا زۆر بەهێمنی بەڕێوەچوو، ڕادەی هەڵچوونو توندوتیژی کودەتای کرێکاران لەم ساڵەیاندا دوو هێند بووەوە، مانگرتنو کودەتا توندوتیژەکان کۆتاییەکانیان بەپێکدادان دەهات لەگەڵ پۆلیسدا، بەڵام کرێکاران زۆر بەسۆزو بەزەییەوە هەڵوێستیان دەگرت لەبەرانبەر سوپادا، دامو دەزگاکانی ئاساییشیش





زیاتر لەجارێك ئاماژەیان بۆ ئەم دیاردە ترسناکە کردبوو. پیشەسازی جەنگی هەتا بڵێی هەڵاوساو پەرەی سەند، بەڕادەیەك کە هەموو کەرەسەکانی دەوروبەری خۆی ماشییەوە، بەمەش کۆڵەکە بنچینەییەکانی خۆی کاول کرد، پیشەسازییە مەدەنییەکانو بێوەییەکان وردە.. وردە.. پوکانەوە، ڕێکخستنی ئابوری جیهان هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەدا لەگەڵ ئەو هەموو نەخشەکێشانو پڕۆژەکارەشدا کە هەیبوو، بەڵام بیرۆکراتییەتی بێدەسەڵات لەئاستی ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە گرنگەدا لەبەردەم کۆسپەکانی لیژنەی پیشەسازیە جەنگییە بەهێزەکاندا ئەوەی ڕەت کردەوە کە دەست بەرداری ڕۆڵی خۆی بێت وەك ڕێکخەرێكو ئەرکەکەیشی خستە ئەستۆی بۆرجوازییەت. پشێویی بەڕادەیەکی زۆر زیادی کرد، کرێکاری تازەو ناکارامە جێگەی کرێکارە دێرینو شارەزاکانیان گرتەوە بەڵام کارگەو فابریکەکانی پۆلۆنیاو کانەکانی خەڵوزیان ئەو تیاچوونەی نەگرتەوە، وڵات لەساڵی یەکەمی جەنگدا، نزیکەی (١/٥)ی سەرچاوەی داهاتی پیشەسازی لەدەستدا، ڕێژەی ٥٠٪ ی دەستکەوتو بەرهەم تەرخانکردا بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی جەنگو سوپا، هەروەکو لەلایەکی ترەوە ٧٥٪ ی قوماشی چنراوی وڵات بۆ هەمان مەبەست دانرا، هۆیەکانی گواستنەوە تەواو شەکەت بوون بەدەست بێگارو داواکارییەکانەوەو نەیاندەتوانی کارگەکان باربۆ بکەن بەبڕی پێویستی کەرەستەی خاوو سوتەمەنی، جەنگ تەنها ئەوە نەبوو کە هەر داهاتی نیشتمانی قۆرخ بکات بۆ خۆی، بەڵکو تەواوی داهاتو دەسکەوتو سەرمایەی بنچینەیی وڵاتی هەڵلوشی. پیشەوەرانی، پلە بەپلە کەوتنە ڕەتکردنەوەی تەنازول کردن بۆ کرێکاران، حکومەتیش دەستی دایە توندوتیژی دژی وەستانەوەی هەموو جۆرە کودەتاو مانگرتنێك ـ ئەمەش ئاڕاستەی بیرکردنەوەی کرێکارانی لەتایبەتیو تاکەوە گەیاندە گشتیو کۆ، لەئابورییەوە گەیاندییە سیاسی ((ئێستا پێویستە لەسەرمان کە هەموومان پێکەوە مانگرتنێکی گشتی لەیەك کاتدا ڕابگەیەنین))، بەم پێیە سەر لەنوێ بیرۆکەی کودەتاو مانگرتنی گشتی هاتەوە کایە، ڕێژەو ژمارەکان زۆر بەڕوونی وا نیشان دەدەن کە کارو چالاکی جەماوەرو ڕەوتی جموجۆڵ لەسەر هێڵێکە کە ڕادیکاڵییانەترە، بۆ نمونە لەساڵی ١٩١٥دا ژمارەی بەشداربوانی کودەتاو مانگرتنی سیاسی دوو هێندو نیو کەمتر بوو لەبەشداربوانی

مانگرتنی ئابوری، لەساڵی ١٩١٦دا جیاوازییەکە دابەزی بۆ دوو هێند، لەدوو مانگی یەکەمی ساڵی ١٩١٧دا، ژمارەی بەشداربوانی سیاسی شەش هێندی مانگرتنی ئابوری گرتە خۆی، دەکرێ ڕۆڵی گرنگی پترۆغراد لەڕوانگەی ئەم ژمارەیەوە دیاری بکەین: ڕێژەی ٧٢٪ ی مانگرە سیاسییەکان لەماوەی ساڵانی جەنگدا، کرێکارانی دانیشتوی پایتەخت بوون! بڵێسەی خەبات و تێکۆشان، توانی گەلێك لەبیرو بڕواو نەریتە کۆنەکان بسوتێنێ، بەڕێوەبەرێتی ئاسایش لەیەکێك لەڕاپۆرتەکانیدا بەوپەڕی ئێش و ئازارەوە ڕایدەگەیەنێ کە ئەگەر بەپێی یاسا کار بکرێ ((هەموو جارێك کە تاوانێکی گەورەو ئاشکرا دژی خاوەن شکۆی مەزن ئیمپراتۆر دەکرێت ـ و بدرێتە دادگا ـ ئەوا ئەو کێشانەی لەسەر بنەمای مادەی ١٠٣ بنیات نراون، ئاستەکەیان بۆ ژمارەیەك بەرز دەکرێتەوە کە پێشتر ژمارەی وای بەخۆیەوە نەدیوە))، لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی هۆشیاری جەماوەر لەچاو چالاکی و جموجۆڵەکەیەوە لەدواوە بوو، چونکە ئەو گوشارە گەورەیەی بەهۆی جەنگ و پشێوییەوە پەیداببوو، بوو بەمایەی خێراکردنی کاروانی خەبات و تێکۆشان بەشێوەیەکی وا کە دەرفەتێکی کاتی لەباری نەدایە ئەو جەماوەرە کرێکارییە بەرفراوانە تاکو خۆی لەو بیرو حوکمانە ڕزگاری بکات کە لەلادێ و خێزانۆکە شارنشینە بۆرجوازەکانەوە هاتبوو، ئەم ڕاستییەش جێ پەنجەکانی بەسەر مانگە سەرەتاکانی جەنگی فبرایر(شوبات)ەوە بەجێ هێشت. لەکۆتایی ساڵی ١٩١٦دا ئەرك و کوێرەوەرییەکانی ژیان زۆر بەخێرایی زیادیان کرد، هەڵاوسانی دارایی و کەمدەرامەتی و پشێوی گواستنەوەو گەیاندن بەرفراوانتر بوو، گرانبەهایی کەلوپەلیشی هاتەسەر. بەکاربردنی ڕۆژانە لەم ماوەیەدا نیو ئەوەندەی قەوارەی ئاسایی باوی جاران کەمی کرد، چەماوە هێڵی بزوتنەوەی کرێکاریی بەرزبونەوەی لەناکاوی بەخۆیەوە دی، هەر لەمانگی ئۆکتۆبەری ١٩١٦ەوە ململانێ و کێشمەکێشم چووە قۆناغێکی سەخت و یەکلاکەرەوە، پترۆغراددا هەموو جۆرە نەهامەتی و پشێوییەکانی گەڵاڵە کردو خۆی لەسەر ئەم لۆژیکە تۆکمە کرد تاکو قلەمبازی فێبرایر (شوبای)ی مەزن بەئەنجام بگەیەنێ، کارگەکان جمەیان دەهات و کۆبوونەوە دوای کۆبوونەوەیان تێدا دەکرا، ئەو تەوەرانەی کە لەوکۆبوونەوەیەداو لێی دەدوان ئەمانە بوون: خۆراك و بژێوی، گرانی گوزەران، جەنگ، حکومەت.





بڵاوکراوەی بەڵشەفییەکان دەستی پێکرا، مانگرتن و کودەتای سیاسی دەرکەوتن، لەبەر دەرگای کارگەکان ئاپۆڕەی خەڵکی جمەی دەهات، مانگرتن و ڕاپەڕینی هەرەمەکیانەی بێ خۆ ئامادەکردنی پێشینە دەستی پێکرد، لەزوربەی جارەکاندا کرێکاران و سەربازەکان وەك برا پێکەوە بوون، هاو هەڵوێست بوون، مانگرتنێکی توندو بەهێز تەقییەوە بۆ بەرەنگابوونەوەی حکومەت دژی دادگایی کردنی دەریاوانە شۆڕشگێڕەکانی سەر بەکەشتیگەلی بەڵتیق، باڵوێزخانەی فەرەنسا هەستی بەو ڕوداوە کردو زانی کە سەربازەکان تەقەیان لەپۆلیس کردووەو بوو بەمایەی ئاوڕدانەوەو جێی سەرنجی (ستۆرمەر)ی سەرەك وەزیران و بەمەترسییەك لەقەڵەمی دا، (ستۆرمەر) دڵنیایی بەسەرۆکی باڵوێزخانە ڕاگەیاندو پێی گوت: ((بنبڕکردن ـ ی گێرەشێوێنەکان ـ بەشێوەیەکی توندترو بێ بەزەییانەتر ئەنجام دەدرێ، کە هیچ دەرەتانیان نەمێنێ))، لەمانگی نۆڤێمبەردا حکومەت ژمارەیەك لەکرێکارانی پترۆغرادی بەشێوەی ڕەش بگیر گرت و شەکەت و ماندوی کردن و پاشان ڕەوانەی بەرەکانی جەنگی کردن، بەم جۆرە ئەو ساڵەش تەواو بوو لەناو جەرگەی گەردەلول و ڕەشەبادا. (فاسیلییڤ)ی سەرکردەی بەڕێوەبەرێتی پۆلیس ئەو بارودۆخەی بەراورد کرد بەبارودۆخی ساڵی ١٩٠٥ و گەیشتە چەند ئەنجامێکی نادڵنیا ((گیانی ئۆپۆزسیۆنی بەتەواوەتی لەناو خەڵکیدا زیادی کردووە، چینەکانی جەماوەری گرتووەتەوە، لەماوەی ئەو ڕوداوانەدا کە لەسەرەوە باس کران، تاکو گەیشتە ڕادەیەك کە باوەڕ ناکرێ)) (فاسلییڤ) پشتی بەشوێنگەی سەربازی نەبەستبوو، بۆیشی دەرکەوتبوو کە هێزی پاسەوانە گەڕۆکەکان خۆیان بەشێوەیەکی پەسەندو مسۆگەر لەئاستی کارەکەیاندا نین، بەڕێوەبەرێتی ئاسایشیش ئاماژەی بەدەرکەوتنی پێشە تاکان و دروشمی مانگرتنی گشتی و سەر لەنوێی خەڵکیدا بوو، لەگەڵ ئەگەری گەڕانەوە بۆ سەر کاری تۆقاندن و توندوتیژی، ئەفسەرو سەربازە گەڕاوەکانی ناو مەیدان و بەرەکانی جەنگیش، دەربارەی بارودۆخەکە دەیانگوت: ((گەڕان و پشکنین بۆچی و لەپێناوی چیدا؟ وادیارە کاتێکی زۆرمان لەبەردەمدا نەماوە تاکو ئەو گەندەڵکارو بەدکارە بەنێزە داگرینەوە، جا ئەگەر ئێمە لێرەدا بین، ئەوا دڵنیاین ئەو مانەوەیەمان زۆر ناخایەنێت)) (شلیابنیکۆڤ)ی کرێکاری کانزاکردن، کە یەکێکە

لەئەندامانی لیژنەی ناوەندی بەلشەفی باس لەوە دەکات کەکرێکاران لەم ڕۆژگارەدا لەبارو گوزەرانێکی پڕ لەتوڕەیی‌و هەلچونی ئاشکرا دەژین‌و دەلێت: ((هەندێ جار تەنها ئەوەندە بەس بوو کە فیکەیەك لێ بدرێ، یان خەلکی لەنێوان خۆیاندا پڕوپاگەندەیەك قاو بدەن، بۆ ئەوەی کرێکاران پێیان وابێ کە ئەمە ئاماژەیەکە تا دەست بەکاربن ـ بۆ ڕاپەڕین)) ئەم تێبینیە بایەخێکی گەورەی هەیە، لەو ڕوانگەیەوە کە ڕوخسارو دیمەنێکی سیاسی‌و سایکۆلۆجی دەردەخات، شۆڕش زۆر بەگیڤ‌و کەف‌و کولەوە لەچاوەڕوانی ئاماژەیەکدا بوو بۆ هەلڕژانی خەلکی بۆ سەر شەقامەکان. هەرێمەکانیش هەر بەهەمان قۆناغ گەلدا ڕۆیشتن، بەلام خێرایی پەرەسەندنی ڕوداوەکان کەمتر بوو بەبەراورد لەگەل خێراییان لەپایتەختدا، چروپری جم‌وجۆل‌و ئامادەیی بۆ جەنگ ڕووی لەناو جەرگەی قورسایی کردو بووە هۆی گواستنەوەی لەکرێکارانی ڕستن‌و چنینەوە بۆ کرێکارانی کانزاکردن، لەمانگرتنی ئابورییەوە بۆ مانگرتنی سیاسی، و لەهەرێمەکانەوە بۆ پترۆغراد، دوو مانگی یەکەمی سالی ١٩١٧، (٥٧٥) هەزار مانگری سیاسییان بەخۆیانەوە بینی‌و پشکی شێریش بۆ کرێکارانی پایتەخت بوو، لەگەل ئەو بەرەنگاربوونەوە توندوتیژەی کە پۆلیس گرتیەبەر، لەئێوارەی (٩)ی یۆنایێردا شاری پترۆغراد بەبۆنەی سالیادی ئەو ڕۆژەوە مانگرتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی کە (١٥٠) هەزار کرێکار بەشداری تێدا کرد، بیروبۆچوونەکان تا ڕادەیەکی زۆر پشێو بوون، کرێکارانی دەریاوانی لەڕیزی پێشەوەی مانگران بوون، هەست‌و نەستی کرێکاران بەجۆرێك لەجۆش‌و خرۆشدا بوو کە پاشگەزبوونەوەیان سەخت بوو، لەهەموو کارگەکاندا تۆوی کارو نەکسەو پێکادان پێك هێنرا، زۆربەی جاریش ئەوانە لە بەلشەفییەکان بون، کودەتاو کۆبونەوەکان بەبێ پچڕان، (واتە دوا بەدوای یەك) بەردەوام بوون، لەدوو هەفتەی یەکەمی مانگی فێبرایردا لە (٨)دا کرێکارانی کارگەی (بۆتیلۆڤ) بەتێگرتنی پارچە ئاسن‌و خەلوز پێشوازییان لەپۆلیس کرد، لەڕۆژی (١٤)دا، واتا ڕۆژی کۆبونەوەی ئەنجومەنی دۆما، (٩٠) هەزار کرێکار لەپترۆغراد مانیان گرت، هەندێ لەکارگەکانی مۆسکۆش دەرگاکانیان داخست، لە (١٦)دا دەسەلاتدارانی ولات بڕیاری بەکارهێنانی کۆبونی نانیاندا (البطاقة التموينية للخبز) لەپایتەختدا، ئەم هەلوێستەش سەر لەنوێ





هەلچون‌و ئالۆزی خەلکی وروژاندەوەو زیاتری کرد، لە (١٩)دا لەنزیك گەنجینەکانی خۆراك جەماوەرێکی زۆری خەلکی بەتایبەتی ژنان کۆبوونەوەو داوای نانیان دەکرد، لەڕۆژی دواتردا خەلکی پەلاماری نانەواخانەکانی ولاتیان داو تالانیان کردن، ئەم ڕوداوانە، بروسکەو زەنگی ئاگادارکردنەوە بوون بۆ بەرپابوونی ئەو ڕاپەڕینە گەورەیەی کە دوای چەند ڕۆژێك تەقییەوە. پرۆلیتاریا، ئەو دلێری‌و بوێریە شۆڕشگێڕانەیەی خۆی لەهێزی خودو ناخی خۆیەوە بەتەنها وەرنەگرتبوو، دانان‌و حساب بۆ کردنی وەك کەمایەتییەکی ناو ئومەت جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەتەنها پرۆلیتاریا لەو ئاستەدا نەبوو ئەم خەباتە بەرفراوانە بکات، هەروەکو چۆن بەشێوەیەکی ڕوونتر بلێن توانای ئەوەی نەبوو جلەوی کاروباری دەولەت وەربگرێت، ئەگەر پشتیوانییەکی بەهێزی ناوجەرگەی جەماوەری میللی لەگەلدا نەبوایە، بانگخوازییەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کشتوکالی هۆکارێك بوو بۆ بەدەست هێنانی ئەم پشتیوانییە. لەسالی ١٨٦١دا ڕزگارکردنی نیمچەیی جوتیاران لەناوەندی ئابوری دێهاتیانەدا، بەئاکام گەیشت‌و ئاستەکەیشی زۆر جیاوازتر نەبوو لەو ئاستەی لەدوو سەدەی ڕابوردوودا بەخۆیەوە بینیبوو، پارێزگاری کردن لەمال‌و مولکی دێرین‌و زەوی‌وزارەکان، دوای دابڕینی چەند بەشێك لەوانە بەشێوەیەکی نایاسایی بەناوی چاکسازیی کشتوکالییەوە، بەبەکارهێنانی چەند شێوازێکی کشتوکالیانەی کلاسیکییەوە، بوو بەمایەی زیادبوونی ئالۆزییەکانی قەیرانی چڕی دانیشتوان لەگوندەکاندا، کە هەمان شت قەیرانی ڕژێمی خولی کشتوکالی بوو لەماوەی سێ سالی پێشوتردا، چینی جوتیارانیش بەچاکی هەستییان بەزەبرو زامی توندی ئەو تۆلەیە کردکە تێی کەوتبوون، چونکە کردارەکە لەسەدەی (١٩)دا تەواو بوو نەك لەسەدەی (١٧)دا، واتا لەبارودۆخێکدا کە پارەوپوول ڕۆلێکی ئابوری پێش وەختی بینیبوو، بەسەر شێوازە بەراییەکانیشدا داخوازی ئەوتۆی سەپاندبوو کە نەیدەتوانی هەلیانبگێڕێتەوەو بیانگۆڕێت مەگەر تازەباوە[١٢١] نوێیەکان، هەر لەم بوارەشدا، تێبینی ئەوە دەکەین کە پلە نایەکسانەکانی پەرەسەندنی مێژوویی هاویەك بوونەوە، لەمیشەوە دواتر لێك نەچوون‌و دژواری زۆر توندی لێکەوتەوە. هەندێ لەئابوری

[١٢١] تازەباوەکان: جرارات الحديثة.

ناسانو زانایانی بواری کشتوکاڵ دەربارەی زەویوزارە کشتوکاڵییەکان گوتبوویان کە خاکی کشتوکاڵی وڵات ئەگەر بەشێوەیەکی باش بەرهەم بهێنرێ ئەوا بەشی بەروبومی ناوخۆی وڵات دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بانگەوازکردنی جوتیار بۆ تەنها یەك بازو هەنگاوێك هەقی ئەوەی هەیە کە ئاستێکی تەکنیکیو ڕۆشنبیری بەرزتری پێ ڕەوا ببینرێ، بێ ئەوەی ئەوەش هیچ دژ وەستانەوەیەکی تێدا بێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەرەبەگە گەورەکانو سەرۆکی پۆلیسو قەیسەردا، بەڵام سستمێکی ئابوری وامان نەبیستووە کە دەستبەرداری زەوی بێت بەر لەوەی سوود لەهەموو بەروبومەکانی وەربگرێت، بەتایبەتیش سستمی کشتوکاڵی دواکەوتوو، پێویست بوو لەسەر جوتیار کە بەرلەوەی دەست بکات بەبەکارهێنانی شێوازی کشتوکاڵێکی چڕوپڕ دەبوایە زیادبوونی تونستی بەرهەم هێنانی تاقی بکردایەتەوە لەخولێکی کشتوکاڵییەوە لەماوەی سێ ساڵدا، نەیدەتوانی ئەوە بکات تاکو دەستی بەسەر زەویەکدا نەگرتایە کە نەدەبوە موڵکی خۆی، مۆجیکی خنکاو کە هەستی بەو تەنگ دەستییە دەکرد لەسەر ئەو خاكو زەویوزارە فراوانانەی قۆرخی کردبوو، و لەژێر پێی گوشاری باجو بازاڕدا پلیشابونەوە پێویست بوو لەسەری بەو حاڵەیشییەوە چی لەتوانایدا بوایە بیکردایە تاکو بەیەکجارەکی ڕزگاری بوایە لەدەستی دەرەبەگو خاوەن موڵکە ئاغاکاندا. لەدەمەو ئێوارەی شۆڕشی یەکەمدا، ڕووبەری گشتی ئەو زەویوزارەی شیاوی کشتوکاڵ بوون لەڕوسیای ئەوروپیدا (٢٨٠) ملیۆن دسیاتین[١٢٢] بوو، هەوڵی نیوەکارانەی جوتیارانیش (١٤٠) ملیۆنی ئەو بڕەی سەرەوەی گرتبووەوەو (٥) ملیۆنیشی کرابوو بەبەخشیشو خەڵات لەلایەن قەیسەرەوە، کەنیسەو دێرەکانیش (٢) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دسیاتینیان لەو بەرکەوتە پێ بڕابوو، (٣٠) هەزار کەسیش لەخاوەن زەوییە گەورەکان، هەریەکەیان (٥٠٠) دسیاتینیان هەبوو، کۆی گشتی زەویەکانیشیان گەیشتە (٧٠) ملیۆن دسیاتین، کە ئەمەش بەرانبەرە لەگەڵ کۆی گشتی ئەو زەویانەی کە (١٠) ملیۆن خێزانی جوتیاران هەیانبوو، بەم ئاماژە کشتوکاڵییەش بەرنامەیەکی ئامادەکراو

---

[١٢٢] دسیاتین Gecrtnha پێوەرێکی کشتوکاڵییەو دەکاتە ١,٠٩٢٥ هەکتار.

(دوو وەرگێڕە عەرەبییەکە).





دەنوێنێ بۆ جەنگێکی جوتیارانە. شۆڕشی یەکەم نەیتوانی پاکتاوی حسابی خۆی بکات لەگەڵ ئاغاو دەرەبەگەکانداو بەیەکجاریش جەماوەری سەرتاسەری جوتیارانی نەوروژاند، بزاڤو جموجۆڵی خەڵکی لەدێهاتو شارەکاندا هاوشێوەو تەریب نەبوو، ئەو سوپایەش کە زۆربەی کوڕی جوتیاران بوون نەیانتوانی لەم بارەیەوە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەن، بەوە کۆتایی هات کە پارچە زەوی بدرێ بەکرێکاران بەمەبەستی پوکانەوەیان، پۆلی سوپای پاسەوانانی ئیمپراتۆری نەیتوانی (سیمینۆفسکی) زاڵ بکات بەسەر ڕاپەڕینی جەماوەریدا لەمۆسکۆ تا خاوەندارێتی لەلایەن حساباتی خۆیەوە بیرۆکەی لێسەندنەوەی بەشێکی گەورەی زەوی کشتوکاڵی یان دیاریکردنی سنوورێك بۆ دەسکەوتە ڕەها تاکە کەسییەکانی هەڵوەشاندەوە. شۆڕشە پلیشاوەو سەرکوت کراوەکەش هەروا بەسادەیی ڕانەبورد بۆ ئەوەی شوێنەواری خۆی لەسەر ژیانی گوندەکان بەجێ بهێڵێ، ئەوەبوو حکومەت ئەو قەرزانەی هەڵوەشاندەوە کە لەساڵی ١٨٦١دا خستبویە سەر جوتیارانو لەسەرسان تۆمارکرابوو، لەپێناوی کڕینی زەویوزاردا، هۆکارو ڕەوتی شوێنی تازەیشی دابین کرد تاکو بتوانن کۆچ بکەن بۆ سیبریا، خاوەن زەوییەکان ترسان لەوەی کە هەر شتێ ڕووبدات، ناچار کرێی زەویە کشتوکاڵییەکانیان کەم کردەوەو دەستیان کرد بەفرۆشتنی زەویەکانیان دوای پارچە پارچە کردنیان، لە شۆڕشەکەوە چەند سودێك هاتە ئاراوە کە جوتیاران دەستیان کەوتو هەژارە کەم دەرامەتەکانیش توانییان زەویوزار بەکرێ بگرنو کشتوکاڵی خۆیانی تێدا بکەن، یان زەوی بۆ خۆیان بکڕنەوە لەگەورە دەرەبەگو ئاغاکان. ئەو یاسایەی لە (٩)ی نۆڤێمبەری ١٩٠٦دا دەرچوو چاکسازییەکی بنەڕەتی بوو لەچاکسازییەکانی شۆڕشی دژە بەرەنگاریەو یەکێك بوو لەچاکترینو گەورەترین ئاسانکارییەکان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەیەك لەکشتیارە سەرمایەدارەکان لەناوەندی چینی جوتیاراندا، یاسا، مافی ئەوەی دابوو بەژمارەیەکی کەمی جوتیاران تاکو پارچە زەوی لەهەموو جۆرەکان بۆ خۆیان دابڕنو بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاری بهێنن، ئەگەرچی ئەم کارە زۆرینەی دەنگی نارەزایشی بەرانبەر بووەستێتەوە، ئەمەش وا دەرکەوت کە وەك بۆمبێك بێتو سەربازگەی سەرمایەداریی دژی خاوەن زەوییە کەمەکان بیتەقێنێت. (هتۆلیبین)ی سەرەك وەزیران سیاسەتی نوێی حکومەت سەبارەت بەکێشەی

کشتوکاڵی ئاوا پێناسە دەکات: ((کشتوکاڵ گرەوێکە لەسەر هێز)) ئەمەش مانای ئەوەیە کە هانی توێژێکی باڵای جوتیاران دەدات کە دەست بگرن بەسەر وردە زەوییەکاندا لەڕێی کڕینی بەشە بەرکەوتی زەوییە بەخشیشەکان ((کە سەربەخۆن)) وە گۆڕینی کشتیارە سەرمایەدارەکان بۆ هێزێك کە پشتیوانی لە ڕژێمی دەوڵەت بکەن، بەم جۆرە دژە شۆڕشی بەرانبەر هەوڵێدا کە کێشەی کشتوکاڵی بگۆڕێو بیکات بەکێشەی چارەنووسی کۆلاك (جوتیارانی بێ دەرامەت) سەرەنجام ئەم هەوڵە بووە هۆی لەملدانی[122]. لەیۆنایری ١٩١٦دا دوو ملیۆنو نیو لەجوتیارانو کشتیاران بوون بەخاوەنی کێڵگەی کشتوکاڵی تایبەت بەخۆیان کە ڕووبەری گشتی هەموو کێڵگەکان گەیشتە (١٧) ملیۆن دسیاتین، دوو ملیۆنی تریش داواکار بوون بۆ (١٤) ملیۆن دسیاتینی تر، لەباردا هەبوو کە لەسەر ئەو ڕێگەیە بەردەوام بن بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتنێکی گەورەی چاکسازیی، بەڵام زۆربەی کێڵگە دابڕاوەکان لەزیندەگیو چالاکی بێ بەش بوون، چاوەڕوانی هیچیان لێ نەدەکرا، جگە لەوەی کە ڕەگەزێك بوون خرابوونە بەر ڕەحمەتی هەڵبژاردنی سروشتی سەد دەر سەدەوە، خاوەن موڵکە نەزانەکانو زەویو زارەکانیان، زۆربەی کڕیارەکانیش کەسە بۆرجوازییەتە تازە بەسەراکەوتووە گوندنشینەکان بوون، ئابوری کشتوکاڵی بەئاشکرا ڕەوتی سەرمایەداری گرتەبەر، هەناردەی[123] کشتوکاڵی ڕوسیا زیادی کردو لەماوەی (٥) ساڵدا (١٩٠٨ تاکو ١٩١٢) لەیەك ملیار ڕۆپڵەوە بوو بەیەك ملیارو نیو، ئەمەش مانای ئەوەبوو کە جەماوەری بەرفراوانی جوتیاران بەرەو چەماوەی پرۆلیتاریا هەنگاویان ناو شێوەی کرێکارانەیان وەرگرت، هاوکات گوندنشینە دەوڵەمەندەکان لەبازاڕەکاندا بڕێکی زیاتری گەنمیان پێدەگەیشتو دەست دەکەوت. پەیوەندیە زۆرەملێکانی سستمی کاروکاسپی لادێ خۆبەخشانە جێگەی گرتەوە، کە دواتر لەماوەی چەند ساڵێکدا توانی زۆر بەقووڵی پشێویو شلۆقی بخاتە نێوان چینە جەماوەرییە جوتیارییەکانەوەو هەر زۆر بەخێرایش لیبراڵیو دیموکراتییەت هەلەکەیان قۆستەوەو پشتیوانیان لێ کردو بەرگرییان لەم

[122] لەمل دان: لێدان لەمل: مل پەڕاندن.

[123] هەنارده: صادرة.





شێوازە کرد، بەڵام هێزە بنەڕەتییەکەی هەرەوەزییەکان هەر بەدەست جوتیارە کاسبکارەکانەوە بوو، کە لەکۆتایدا باشترین سوودمەند خۆیان بوون، هەرچی ڕۆشنبیرە میللییەکانیش بوون، کە هێزە سەرەکییەکانی خۆیان لەسەر هاوکاریو هەرەوەزی کشتوکاڵی هەڵچنی بوو، خۆشەویستی خۆیان بۆ گەل لەسەر هێڵێکی بورجوازیانەی تۆکمە ئاڕاستە کرد، بەك شێوەش ئامادەکردنی بەرەی حیزبی سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕ هاتە کایەوە، کە دژی سەرمایەداری بوو، لەگەڵ حیزبی (کادیت) کە حیزبی سەرمایەداری بوو لەچەشنی یەکەم. لیبڕاڵیەت توانی بەرگریو چاودێری دیمەنو ڕوخسارەکانی سیاسەتی کۆنەپەرستی بکات لەبواری کشتوکاڵیداو بەئومێدێکی گەشەوە چاوەڕوانی وێرانکار کردنی کاسبکاریی کشتوکاڵیانەی دەکرد لەسەر دەستی سەرمایەداریدا، هەروەکو (میر برۆبتسکۆی)ی لیبڕاڵی نوسیویەتی: ((لەگوندەکاندا بۆرجوازییەتی بچوك بچوكو بەهێز دروست دەبن، کە لەشێوەی دروست بونو سروشتی پێکهاتنیاندا جیاوازن لەو نمونە باڵایەی چینی دەرەبەگە یەکگرتووەکان، هەروەکو جیاوازیشە لەوەی کە سۆسیالیستی خەونی پێوە دەبینی)). بەڵام ئەم مەدالیا جوانە ڕوویەکی تریشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بۆرجوازییەتی بچوكو بەهێز تەنها لەکەرتە کشتوکاڵییەکانی جیا نەبووەوە بەڵکو دژەکەیشی لێی جیابوەوە، لەسەرتای جەنگدا ژمارەی ئەو جوتیارانەی کە زەویە بێ کەڵکەکانی خۆیان فرۆشت گەیشتە یەك ملیۆن جوتیار، ئەمەش مانای ئەوەیە کە (٥) ملیۆن لەخەڵکانی دانیشتوی زەحمەتکێشو ئەوانەی لەسەرەڕێی گۆڕاندا بوون بەرەو پرۆلیتاریا زەوییەکانیان فرۆشتووە، چەند شتێکی بەدەگو بەهێزیش تەقینەوە کە بریتین لەملیۆنەها جوتیاری ئەوتۆ کە هەژارو کەم دەرامەتنو تەنها ژیانێکی کولەمەرگیو پڕ لەکوێرەوەرییان لەبەردەمدایە، ئەویش بەناتەواویو برسێتییەکی زۆرەوە، هەر لەناو چینی جوتیارانیشداو لەئەنجامی ئەو کارەدا چەند ناجۆرییەکی دژوار سەریان هەڵدا کە پێشتر لەلایەن کۆمەڵگەی ڕوسیای بۆرجوازییەوە بەتەواوەتی پەك خرابوون، بۆرجوازییەتی نوێی گوندیش یارمەتی ئەو خاوەن زەویوزارە دێرینانەی دەدا کە بەسەریا زاڵ بوون، هەڵوێستی ئەوانیش بەرانبەر بەجەماوەری جوتیاران هەڵوێستێکی دژوارانەی ئاشکرابوو، بەتەواوەتی لەهەڵوێستی

دەرەبەگە دێرینەکان دەچوو بەرانبەر بەگەل بەگشتی. بۆرجوازییەتی نوێی گوندەکان پێویستی بەرژێمێکی بەهێزی دامەزراو هەبوو بەجۆرێ کە دەستکەوتەکانی بۆ مسۆگەر بکات بەرلەوەی ئەم بۆرجوازییەتە ببێتە هێزێکی کاریگەر بۆ پشتیوانی کردنی ڕژێم، لەبەرئەوە جێگەی سەرسامیو نامۆیی نییە لەو جۆرە بارودۆخانەدا کێشەی کشتوکاڵی بەشێوەیەکی زۆر گرنگ بخرێتە بەر باسو لێکۆڵینەوەو مشتومڕی سەرجەم کۆڕو کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی دۆمای ئیمپراتۆری، هەموو لایەك هەستیان بەوە کردبوو کە وشەی کۆتایی هێشتا نەوتراوەو نوێنەری جوتیارانیش (پتریتشنکۆ) لەناو ئەنجومەنی دۆمادا ڕایگەیاند کە: ((چۆنتان دەوێ گفتوگۆی خۆتان بکەن، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئێوە ناتوانن گۆی زەوییەکی تر دروست بکەن، لەبەرئەوە پێویستە بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی هەریەکەمان ئەو چارچە زەوییەمان بدەنێ کە لەسەری دەژین))، ئەم جوتیارە بەڵشەفی یان سۆسیالیستێکی شۆڕشگێڕ نەبوو، بەڵکو نوێنەرێکی پاشایەتی بوو لەنوێنەرە چەپەکان. بزاڤو جموجۆڵی جوتیاران لە ١٩٠٧دا هێوەر بووەوە، لەگەڵ ناچونیەکی هەڵکشانی کودەتا کرێکارییەکاندا، هێشتا ئەم بزاڤە بەشێوەیەکی نیمچەییش لە ١٩٠٨دا بەئاگا نەهاتبووەوە، کە وردە وردە... زیاتر گەشەی کردو لەساڵانی دواتردا خۆی بەهێزتر کردەوە، بەڵام بەشێکی زۆری ململانێکە هاتە ناو ژیانی خەڵکانی کشتیارو موچە کشتوکاڵییەکانەوە، حسابگەرایی کۆنەپەرستانەش پشتێکی زۆری بەو واقعە بەست، وڵات بەیەکدادانو شەڕە تفەنگێکی زۆری بەخۆیەوە بینی لەنێوان جوتیارە چەکدارەکاندا لەکاتی دابەشکردنی زەویوزاری موچە کشتوکاڵییەکاندا، بەڵام ئەمەشیان توندی ئەو ململانێیەی کاڵو خاو نەکردەوە کە دژی ئاغاو خاوەن موڵکە دەرەبەگەکان بوو، گوندنشینەکان زۆر بێ باکانە کەوتنە سوتاندنو کاولکردنی کۆشكو خانوی گەورەکانیانو سوتاندنی دانەوێڵەی ئاغاو خاوەن موڵکەکانیانو مەڵۆو شاڕای چەڵتوکیان، جیاوازیان نەدەکرد لەنێوان کەلوپەلو خانوبەرەی ئەوانو جوتیارە گزیرەکان کە ماڵو لانەی دابڕاویان بۆ خۆیان لەو زەویانەدا دروست کردبوو کە خواستی جوتیارە موچە نشینەکانی لەسەر نەبووە، حاڵو گوزەرانی گوندەکان بەو جۆرە بوو کاتێك ئاگری جەنگ چەخماخەی لێداو حکومەتیش نزیکەی (١٠) ملیۆن جوتیارو (٢) ملیۆن





ئەسپی ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کرد، ئیتر پڕۆژە کشتوکاڵییەکان کە لەبنەڕەتدا بەهێز نەبوون، لاوازتر بوون. ژمارەی خەڵکانی بێ زەویوزاریش زیادی کرد، لەساڵی دووەمی جەنگدا بارودۆخی جوتیارە مامناوەندییەکانیش تێك ڕما، مانگ لەدوای مانگ جوتیاران زیاتر ڕقیان لەجەنگ دەبووەوە، لەئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٦دا بەڕێوەبەرێتی خۆجێی (پترۆغراد) ڕاپۆرتیان بەرز کردەوە کە تێیدا نووسیبووی دێهات نشینەکان باوەڕیان بەسەرکەوتنی ئەم جەنگە نەماوە، قسەوباسەکانی بەکرێگیراوانی ئاسایشو مامۆستایانو بازرگانەکانو خەڵکانی دیکەش ئەوە دەسەلێنن کە: ((هەموو لایەك بەوپەڕی ئارامییەوە چاوەڕوانن ئەم جەنگە نەفرەتییە کۆتایی پێ بێت)) سەرەڕای ئەمەش ((خەڵکی کەوتونەتە گفتوگۆی خۆ بەخۆوە سەبارەت بەکێشە سیاسییەکان لەهەموو جێگایەکو دەنگ دەدەن دەربارەی دژ وەستانەوەی دەرەبەگە خاوەن زەویوزارە کشتوکاڵییەکانو بازرگانەکان، چەند جۆرە ڕێکخستن لەهەوڵی دروستکردنی شانەکانی ڕێکخستندان، تائێستاش هیچ مەڵبەندێك (تاقە جەمسەر) لەئارادا نییە، بەڵام پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە جوتیاران یەکبوونی خۆیان لەو کۆمەڵەو ڕێکخراوە هەرەوەزیو پیشەییانەدا دەدۆزنەوە کە سات لەدوای سات لەسەرانسەری ڕوسیادا بەرەو زیاد بوون دەچن))، ئەگەرچی ئەم ڕاپۆرتە زێدەگۆیی تێدایەو ئەم بەڕێوەبەرێتیە پێش ڕوداوەکان کەوتووە، کەچی شیکردنەوەکەی لەڕووی ناوەڕۆکەوە ڕاستو دروستە. لەتوانای چینە خاوەن موڵکەکاندا نەبوو تا خۆیان گێل بکەن لەئەگەری ئەوەی کە دێهات نشینەکان لابەندەی[١٢٤] حساب پێشکەش بکەن بەڵام ئەو چینە لەهەوڵی ئەوەدا بوو بیرۆکە دێرینەکان وەدەربنێ، بەو نیازەی کێشەکان بەشێوەیەك لەشێوەکان چارەسەر بکات، باڵوێزی فەرەنساش (بالیۆلۆغ) لەکاتی جەنگدا لەو بارەیەوە قسەو گفتوگۆی کردبوو لەگەڵ هەریەکە لەوەزیری پێشوی کشتوکاڵ (کیفۆشیئیڤ)و سەرۆك وەزیرانی پێشوو (کۆکۆڤستیڤ)و گەورە خاوەن زەویوزاری کشتوکاڵی (کۆنت بۆبرینسکی)و (ڕۆدزیانکۆ)ی سەرۆکی ئەنجومەنی دۆمای ئیمپراتۆریو پیشەوەری مەزن (بۆتیلۆڤ)و گەلێك لەکەسایەتییە ناسراوو ناودارەکانی تر، لەئەنجامی هەموو ئەو گفتوگۆیانەدا،

[١٢٤] لابەندە: لائحة.

ئەمەی دەستکەوت: ((هێنانەدی چارەسەرکردنێکی ڕیشەیی چاکسازی لەو کێشە کشتوکاڵییەدا پێویستی بەوە هەیە کە سوپایەکی هەمیشەیی ئەوتۆی لەخزمەتدا بێت کە لە (٣٠٠) هەزار کەسی رووپێو پێك هاتبێتو بەلانی کەمەوە ماوەی (١٥) ساڵ بەردەوام بێت، بەڵام ژمارەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لەو ماوە دیاری کراوەی سەرەوەدا دەگاتە (٣٠) ملیۆن، بەمەش هەموو حساباتە بەراییەکانی پێشوو بێ نرخ دەمێنێتەوە، لەلایەکی تریشەوە کشتیارە ئاغاو گەورە ناودارانو پیاوانی خاوەن دەست مایە پێیان وابوو کە چاکسازی کشتوکاڵی بریتییە لەکێشەیەکی ئەندازەییو چارەسەریشی نییە. پێویست بەباسکردنیش ناکات کە کاروباری لەو جۆرەو بایەخ پێدانی تایبەتی بەزانایانی بیرکاری یەکجار دووربوو لەئاستی ئەقڵییەتی موجیك[١٢٥]، کابرای جوتیاریش وای دەزانی کە پێویستە پێش هەموو شتێك دەرەبەگ پێ مل بکاتو ملکەچی بکاتو دوای ئەوەش کار بکرێت بۆ دۆزینەوەی هەموو هۆکارەکانی تر. مانەوەی گوندەکان لەژیانێکی تا ڕادەیەك ئارامو هێمندا لەکاتی جەنگدا بۆ بوونی ئەو هێزە جوتیاریە دەگەڕێتەوە کە کاریگەرانە لەبەرەکانی جەنگدا بەشداربوو، هەرگیز سەربازەکانیش کێشەی زەویوزاری خۆیانیان لەبیر نەدەچووەوە، بەتایبەتیش کاتێك بیریان لەمردنی خۆیان نەدەکردەوە، بیرو هۆشو مێشكو کەللەی مۆجیکیش لێوان لێو تێروپڕ بوو لەئایندەی بۆندار بەو باروتەی سەنگەرو خەندەکەکانی قانگ دابوو، لەگەڵ ئەوەشدا، چینی جوتیاران ـ وێڕای ئەوەی لەسەر بەکارهێنانی چەکیش ڕاهاتبوو ـ کەچی نەیتوانی بەتەنها خۆی ئەو شۆڕشە کشتوکاڵییە دیموکراتییە بەرپا بکات ـ کە لەبنەڕەتدا خواستی شۆڕشێکی وابوو ـ پێویستییەکی هەرە گرنگی بەسەرکردایەتییەك هەبوو، بۆ یەکەمجار لەمێژووی هەموو جیهاندا جوتیار توانی لەکرێکارەوە دەلیل وەربگرێ، ئەمەش ئەو نیشانە بنەڕەتییە تایبەتییەیە کە شۆڕشی ڕوسیای بەشێوەیەکی ڕوونو دیار پێ جیا دەکرێتەوە لەهەموو شۆڕشەکانی پێش خۆی. کۆیلایەتیو ژێردەستەییو ڕەنجبەری بەشێوەیەکی کرداری هەر لەگەڵ کۆتای سەدەی چواردەهەمدا لەئینگلتەرەدا پوکایەوەو نەما، واتا دوو سەدە بەر لەوەی ڕوسیا ئەو شێوازە بگرێتەبەرو چوار سەدەو نیویش بەر لەهەڵوەشاندنەوەی

(١٢٥) موجیك: لایەنگرانی دەسەڵاتو مشەخۆرو بەرژەوەندخوازەکان.





لەڕوسیادا، کاری دەست بەسەراگرتنی زەوی لەلایەن چینی جوتیارانی ئینگلیزیەوە بەردەوام بوو لەڕێی چاکسازییەكو دوو شۆڕشەوەو تا سەدەی نۆزدەش درێژەی کێشا، پەرەسەندنی سەرمایەدارێتی ئینگلیزییش هیچ گوشارێکی دەرەکی بەرەنگاری نەبووەوە، لەبەرئەوە ئەو کاتەی پێویست بوو بۆ دانانی سنورێك بۆ سەربەخۆبوونی گوندنشینەکان هاتە پێشەوە، بەماوەیەکی زۆر بەرلەوەی پرۆلیتاریا بەهۆش خۆی بێتەوەو ژیانێکی سیاسی دەست پێبکات. لەسەدەی هەژدەهەمدا توانرا ململانێ دژی خاوەندارێتی ڕەهاو ئەرستۆکراتیەتو ئەمیرەمانی کەنیسە لەفەرەنسا جۆرەها توێژی بۆرجوازییەت ناچار بکات کە شۆڕشێکە کشتوکاڵیانەی ڕیشەیی پلەدار لەچەند قۆناغێکدا ڕابپەڕێنن، جوتیارە فەرەنسییەکان نەیاندەتوانی بگەنە سەربەخۆییو ئازادی خۆیان تا ماوەیەکی دورودرێژیان بردە سەرو لەو ماوە درێژخایەنەشدا هێزێکی پشتیوانو چەکوشی ئامادەو مسۆگەر بوون بەدەستی بۆرجوازییەتەوە. لەساڵی ١٨٧١دا هەر ئەم جوتیارنە هاوکاریەکی باشی بۆرجوازییەتیان کرد بۆ سەرکوت کردنو پلیشانەوەی کۆمۆن. بۆرجوازییەتی ئەڵمانیش وا دیاربوو کە دەستەوەسانو بێ دەسەڵاتە لەپێشکەشکردنی چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانە بۆ کێشەی کشتوکاڵیو لەساڵی ١٨٤٨دا جوتیارانی بەگەورە دەسەڵاتدارانی گوندەکان سپارد، ئەم کارەش بەتەواوەتی وەك کارەکەی (لۆسەر) وابوو، کە پێش (٣) سەدە کردی، کاتێك هەژارو دەست کورتە گەریدەکانی لەلوتکەیەکی روتەن بەجێ هێشت لەبن دەستی پاشا ئیمپراتۆریەتەکاندا، لەلایەکی ترەوە پرۆلیتاریای ئەڵمانی، لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا لاوازتر بوو لەو ئاستەی کە بتوانێ سەرکردایەتی چینی جوتیاران بگرێتە دەست، لەبەرئەوە پەرەسەندنی سەرمایەدارێتی لەئەڵمانیادا، ماوەیەکی هەبوو کە هەرگیز یەکسان نییە بەو ماوەیەی سەرمایەدارێتی ئینگلیزی هەیبوو، بەڵام ئەو ماوە کەمەش بەس بوو بۆ مل پێ کەچکردنی ئەو ئابورییە کشتوکاڵییەی کە لەشۆڕشێکی بورجوازیانەی ناکامەوە[١٢٦] پەیدابوو. ئەوسا چاکسازیو چاککردنی گوزەرانی جوتیارانی ڕوسیا لەساڵی ١٨٦١دا یەکێك بوو لەکارەکانی خاوەندارێتیو ئاغاو دەرەبەگو فەرمانبەران سەرۆککارییان دەکرد، لەژێر گوشاری

(١٢٦) ناکام: ناکامڵ: غیر متکامل.

داخـوازیو فـەرمانی کۆمەڵگـەی بورجوازییـدا، ئـەو سـاکەش بۆرجوازییـەت لـەڕووی سیاسـییەوە تاڕادەیـەکی یـەکجار زۆر لاواز بـوو، سروشـتی ڕزگاریخوازانـەی جوتیـاران و ئازادبونیان گۆڕانکاریە خێراکانی ولاتی لەسـەرەڕێی سـەرمایەداریدا هەڵگیرایـەوەو وای لێکرد کێشەی کشتوکاڵی بگۆردرێ بۆ کێشەی شۆڕش، بۆرجوازییە ڕوسـەکان خەونیان بەوەوە دەبینی کە پەرەسەندنی کشتوکاڵی لەولاتەکەیاندا ڕێبازێکی هەبێ لەسەر شێوەو ڕێبازی پەرەسەندنی کشتوکاڵیانەی فەرەنسی یان دانیمارکی یان ئەمریکی بێت، یاخود لەسەر شێوازی هەر پەرەسەندنێکی تر بێت تەنها شێوازی ڕوسی نەبێت، بـەڵام هـەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە کە سوود لەمێژووی فەرەنسی وەربگرن لەکاتی گونجاوی خۆیدا، یـان سـودێك لەتوێژینـەوەو لێکۆڵینـەوەی پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی ئـەمریکا وەربگـرن. ڕۆشـنبیرە دیموکراتییـەکان خۆیـان گێـلو بـێ ئاگـا کردبـوو لەئاسـتی ڕابـوردووی پـڕ لەخەباتو شۆڕشگێڕانەیان، لەکاتە گرنگو چارەنووسسازەکاندا هاوهەڵوێست نەبوون لەگـەڵ دێهاتـە شۆڕشـگێڕەکاندا، بـەڵکو هاوهەڵوێسـت بـوون لەگـەڵ بۆرجوازییـەتی لیبراڵیو دەرەبەگو خاوەن زەویوزارەکاندا. لەبەرئەوە چینی کرێکاران لەم بارودۆخەدا تاکە چین بوون کە توانییان سەرکردایەتی شۆڕشی جوتیاران بکەن. یاسـای پەرەسـەندنی هاوبەش[١٢٧] لەولاتانی دواکەوتوودا سـەبارەت بەئێمـە بەشـێوەیەکی تێروتەسـەل، ڕوونو ئاشـکرابوو و کلیلـی نهێنـی مەتـەڵی بـەرپابوونی شۆڕشـی ڕوسـییە، ئەگـەر کێـشەی کـشتوکاڵی میراتیانـە هـەر لەبەربەرییەکانـەوە تـا دەگاتـە مێـژووی ڕوسـیای کـۆن چارەسـەرێکی بدۆزیایەتـەوە لەسـەر دەسـتی بۆرجوازییـەتو بگەیـشتبایەتە ڕشـتەیەکی لـەبارو گونجـاو، ئـەوا پڕۆلیتاریـای ڕوسـی نەدەگەیـشتە دەسـت بەسـەراگرتنی کورسـی دەسەڵات لەساڵی ١٩١٧دا، جـا بۆئـەوەی دەوڵـەتی سـۆڤیەتی دابمـەزرێ ئـەوا بێگومـان پێویست بوو لەیەك کاتدا دوو هۆکاری مێژوویی زۆر لەیەکتر جیاواز لێك نزیك ببنـەوەو

---

[١٢٧] یاسای پەرەسەندنی هاوبەش لەولاتانی دواکەوتوودا واتا: ئەو یاسایەی پەرەسەندن کە ڕەگەزە دواکەوتووەکانو هەندێ هۆکاری زۆر پێشکەوتووی تێدا بەشدار دەکرێن، بەواتایەکی تر ئەو جۆرە پەرەسەندنەی ولاتە کە لەسەرێکەوە خەڵکەکەی زۆر دواکەوتوو ناشارستانینو لەسەرەکەی تریشەوە هۆکارەکانی مەدەنیو کارگێڕی زۆر مۆدێرنو تازەن.

ترۆتسکی





بەیەکدابچن، ئەو دوو هۆکـارەش جـەنگی جوتیـاریو ڕاپـەڕینی پڕۆلیتاریـای بـوون، کـە یەکەمیان مانای بزاڤێك دەگەیەنێ کە بەرەبەیانی پەرەسەندنی بۆرجوازی دیاری دەکاتو دووەمیشیان بزاڤێکە مژدەی ئاوابوونی خۆری کۆمەڵگەی بۆرجوازی ڕادەگەیەنێ، سـاڵی ١٩١٧ش وێنەی ئەم ڕاستیانە بەتەواوەتی دەنەخشێنێو تیایدا ڕەنگ دەداتەوە.

# پێنج ڕۆژ

## لە (٢٣) ەوە تاکو (٢٧)ی فێبرایر ـ شوبات ـ ی ١٩١٧

ڕۆژی (٢٣)ی فێبرایر (شوبات) بوو، کـە ڕۆژی جیهـانی ژنانـە، فەرمانگـەکانی سـەر بەحیزبی سۆسیال دیموکرات سەرقاڵی نەخشەدانان بوون، تاکو ئەم ڕۆژە بکەنە تـەدارەكو پڕوپاگەندە بۆ پشتیوانی کردنی لەژنان، لەڕێی کۆنگرە گـرتن، وتـاردان، بڵاوکردنـەوەی پۆسـکارتو هۆکارەکـانی تـری ڕاگەیاندنـەوە، لـەئێوارەی ئـەو ڕۆژەدا هـیچ کەسـێك بەخەیاڵیشیدا نەدەهات کە ((ڕۆژی ژنان)) ببێتە کلیـلو سـەرەتای چـەخماخەی شـۆڕش، چونکە هیچ کام لەڕێکخستنە ئاشکراو نهێنییـەکانی حیزبـەکان هـیچ ئاگادارییـەکیان ڕانەگەیاندبوو بۆ جەماوەر تاکو کودەتـا بکـەنو ڕاپـەڕن، بـەڵکو بەپێـچەوانەوە لیژنـەی کرێکارانی فەرمانگەی فیبۆرغ ئامۆژگاریو هۆشیاری بەخەڵکی ڕاگەیانـدبوو کـە نابـێ لـەم ڕۆژەدا هـیچ جـۆرە کودەتـاو مانگرتنێـك ئـەنجام بـدەن، ئەگەرچـی ئـەم ڕێکخـستنە لەهەموو ڕێکخستنەکانی تری بەلشەفی خەباتگێڕترو چالاکتر بـوو، بـەپێی ئاگـالێبونو شـایەتیو قـسەکانی (کییـورۆڤ) بێـت ـ کـە یەکێکـە لەسـەرکردە کرێکارییـەکانی فەرمانگەی فیبـورغ ـ جـەماوەر لـەبارێکی هـزری ڕاڕاو پـشێودا دەژیـا، هـەر ڕاپـەڕینو مانگرتنێکیش لەو بارودۆخـەدا ڕووی بدایـە، ئاکامەکـەی پێکـدادانی چـەکدارانەی لـێ دەکەوتەوە لەنێوان کرێکارانو هێزەکانی دەسەڵاتدا، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە کە ئەم لیژنەیە خۆی کاتی پێکدادانی دیاری دەکاتو هێشتا کاتیشی نەهاتووەو لەبەرئەوەش کە جـارێ حیزب ئەو هێزو توانایەی نییەو پێکدادانی نێوان کرێکارو سەربازەکان بەس نییە ـ بۆیە

بڕیاریدا کە بانگەشە نەکرێ بۆ کودەتاو ڕاپەڕین، بەڵکو با خۆی ئامادە بکات بۆ کارێکی شۆڕشگێڕانەی کاتێکی دیکە، کە هێشتا دیاری نەکراوە. ئەمە سیاسەتی ئەو ڕێو ڕەوتەبوو کە لیژنەی فیبۆرغ لەئێوارەی (٢٣)ی مانگدا پەیڕەوی دەکرد، وا دیارە هەموو ڕێکخستنەکانیش دانیان بەوەدا نابوو و پشتیوانیان لێ کردبوو، بەڵام سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر، وێڕای ئەو هەموو بانگەشەو ئاگادارکردنەوانەی لەلیژنەکەوە دەرچووبوون بۆ مان نەگرتن‌و کودەتا نەکردن، کەچی ژنانی کرێکارانی چنین لەچەند کارگەیەك مانیان گرت‌و نەچوونە سەر کارەکانیان‌و نوێنەرانی خۆشیان نارد بۆ لای کرێکارانی کارگەکانی کانزاکان‌و داوایان لێکردن کە پشتیوانی‌و هاوکارییان بکەن بۆ کودەتاو مانگرتنەکەیان، (کییورۆڤ) دەربارەی ڕوداوەکانی ئەم ساتانە نووسیویەتی کە بەلشەفییەکان ڕقیان لێیان دەبووەوە، بەڵام کرێکارە مەنشەفییەکان‌و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان لەگەڵیاندا بوون، ئیدی هەر کە مانگرتن‌و ڕاپەڕینی جەماوەریش دەستی پێ کرد، ئەوا هەموو خەڵکەکە - بەهەموو جۆرەکانییەوە - ڕادەکێشێ بۆ ناو شەپۆلەکانی خۆی‌و هانیان دەدات کە هەڵڕژێنە سەر شەقام‌و کۆڵانەکان، ئەمەش لەپێناوی ئەوەدا بوو کە بەلشەفییەکان سەرکردایەتی بزوتنەوەکە بکەن: ئەمەبوو ئەو بڕیارەی (کییورۆڤ) پێشنیاری کردبوو، دوای ئەوەی مانگرتنی کرێکارانی ژن دەستی پێ کردبوو، لیژنەی (فیبۆرغ)یش ناچار بوو کە بەو بڕیارە ڕازی بێ، (کییورۆڤ)یش ناچار دەڵێت: ((بیرۆکەی ڕاپەڕین‌و مانگرتن دەمێك بوو لەناوەندی کرێکاراندا پێگەیشتبوو، بەڵام ئالەم ساتەدا، هیچ کەسێك لەو بڕوایەدا نەبوو کە کاتی تەقینەوەی هاتبێ‌و ئێستا هاتبێتەبەر))... ئەمە شایەتدانی یەکێکە لە کەسە بەشدارە زۆر گرنگەکان‌و پێویستە ئێمەش چاوێکی وردتری پێدابخشێنینەوەو چاکتر لەڕووداوەکانی داهاتوو میکانیزمەکەیان تێ بگەین. هەموو لایەك لەو باوەڕەدا بوون هەر کە کودەتاو ڕاپەڕین دەستی پێ کرد یەکسەر هەموو سەربازەکان لەسەنگەرو سەربازگەکانەوە دێنە دەرەوەو ڕووبەڕووی کرێکاران دەبنەوە، ئەی چی ڕوویدا؟ ئێمە لەجەنگدایین، دامودەزگاکانی دەوڵەتیش ئامادەنین بۆ گاڵتەوگەپ کردن‌و یاری مشك‌و پشیلە، سەربازەکانیش ئەو سەربازە ئاساییانە نین کە پێشتر ناسیومانن لەناو ڕیزەکانی ((سوپای





بەکرێگیراو))دا، بەکورتی سەربازەکان ترسنۆك‌و بێ ورە نەبوون! فەرمانگە شۆڕشگێڕییەکانیش زوو زوو چاوی بەم بابەتە ناسکەدا دەخشاندەوەو دادگایی - تاوانبارانی - دەکرد، بەڵام دادگایی کردنەکە شێوەیەکی تەجدیدی هەبوو، چونکە هیچ کەسێك بیری لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژی (٢٣)ی فێبرایر سەرەتای دەست پێکردنی هێرشێکی چڕوپڕو یەکلایی کەرەوە دەبێت بۆ سەر ئەو دەسەڵاتدارە ستەمکارانە - دەتوانین لەڕاستی ئەم قسانەش بەتەواوەتی دڵنیابین بەپشت بەستن بەهەموو بەڵگەنامە گەڵاڵەکراوەکان - ئەم مەسەلەیە تەنها کودەتایەکی زۆر بچکۆلەو سنورداربوو، و ڕەهەندو ئامانجەکانیشی تا ئێستا ڕوون نین‌و تەمیان لەسەرە. لەئەنجامی هەموو ئەوانەدا، بەحوکمێکی بڕیار لێدراو ئەو کەسانەی کە زاڵ بوون بەسەر ئۆپۆزسیۆنی ڕێکخستنە شۆڕشگێڕییە تایبەتییەکاندا ئەوانە بوون کە شۆڕشی فێبرایریان دەست پێکرد، وە توێژی پڕۆلیتاریای فرسەتگرو هەلقۆزەرەوە لەهەموو توێژەکانی تر زیاتر دەست پێشخەری شۆڕشگێڕانەی کرد بەشێوەیەکی هەڕەمەکی - ژنە کرێکارانی چنین‌و ڕستن، ئەوانەی کە زۆرێك لەژنی سەربازانیان تێدابوون، هاشاوڵ‌و هێرشی دواتریش بەری بەڕەڵابوو، دیارە ئەمەش لەئەنجامی ڕاوەستانی زۆری خەڵکەکە لەبەردەرگای نانەواخانەکان‌و چاوەڕوانییەکی بێ هودە، ژمارەی بەشداربووانی ئەم خۆنیشاندانە لەو ڕۆژەدا، بەژن‌و پیاوەوە گەیشتە نزیکەی (٩٠٠٠٠) کەس، تەگبیرو نەخشەو بۆچوونە خەباتگێڕییەکان گۆڕانە سەر زمانی خۆنیشاندان‌و کودەتاو کۆبونەوەو پەلاماردان‌و بەگژاهاتنەوەی پۆلیس، جموجۆڵ بارێکی بزێوترو ترسناکتری پێوە دیاربوو لەفەرمانگەی (فێبۆرغ)و زۆربەشیان پڕۆژە گەورەکانی ناوجەرگەی شاریان گرتەوە، ئینجا پەرەی سەند بۆ قەراخ‌و کەناری شار، کە پێی دەگوترێ (بترسبۆرغ)، بەڵام لەشوێن‌و جێگەکانی تری ناو شاردا هیچ جۆرە خۆنیشاندان‌و ڕاپەڕین‌و کودەتایەك ڕووی نەدا، بەپێی ڕاپۆرتەکانی بەڕێوبەرێتی ئاسایش هێزەکانی پۆلیسیش لەشێوەی چەند مەفرەزەیەکی بەرووکەش کەمدا کەوتنە هاوکاری کردن‌و پشتیوانی کردنی هێزەکانی سوپاو کەرتە سەربازییەکان، بەڵام هیچ بەیەکادانێکیش ڕووی نەدا، ژمارەیەك ژن، کە هەموویان کرێکار نەبوون، ڕوویان کردە ئەنجومەنی دۆمای شار بەمەبەستی داواکردنی دابینکردنی

نان‌و بژێوی، کەچی کارەکەیان وەك ئەوە وابوو داوای شیر لەبەران بکەن، ڕاگەیاندنی سوور لەچەند گەڕەکێکەوە سەری دەرهێنا، کە لافیتەی ئەوتۆیان هەڵگرتبوو تیایاندا کرێکاران داوای نانیان دەکردو فەرمانڕەوایی ستەمکارانەیان ڕەت دەکردەوە، هەروەها نەفرەتیان لەجەنگ دەکرد، بەڵێ (ڕۆژی ژنان) سەرکەوتنی بەدەست هێناو ڕۆژێکی پڕ لەچالاکی بوو، هیچ قوربانییەکی لێ نەکەوتەوە، کەسیش نەبوو بزانێت هەگبەی ئێوارەی ئەو ڕۆژە چ جۆرە ڕووداوێکی بۆ هەڵگرتووە. ڕۆژی دواتر، مانگرتن‌و کودەتاکان توندوتیژتر بوونەوە، هەراو زەنای زیاتر دەبیسترا، لە (٢٤)ی فێبرایەردا، نزیکەی نیوەی کرێکارە پیشەسازەکانی پترۆگراد مانیان گرت، سەرلەبەیانی کرێکاران هاتن بۆ کارگەکانیان، بەڵام لەجیاتی ئەوەی کار بکەن دەستیان کرد بەکۆبوونەوەی ناوخۆیی، ئینجا ڕوویان کردە ناوجەرگەی شار، کە هەندێ لەخەڵکی ئەو گەڕەکانەش سازو ئامادەکرابوون‌و هاتنە پاڵیان لەگەڵ چەند کۆمەڵێکی تری دانیشتوان، دروشمی (نان!) وەلانرا، یاخود بەدروشمی تر پەردەپۆش کرا: ((بابڕوخێ ستەم!)) .. ((بابڕوخێ جەنگ!)). خۆپیشاندان‌و مانگرتنەکانی شەقامی (نییفسکی) نەدەوەستانەوە، درێژەیان هەبوو، ژمارەیەکی زۆر لەئاپۆڕەی کرێکارانی لێبوو، کە سروودی شۆڕشگێڕانەیان دەگوت‌و دەگوتەوە. دەستە دەستەی هەمەجۆری دانیشتوانی شاریشیان لەگەڵدا بوو، لەگەڵ جەماوەری خوێندکاران، کە کڵاوو شەبەکەی شینیان لەسەر کردبوو: ((ئەو جەماوەرو خەڵکەی بۆ پیاسەو گەڕانی ئاساییش هاتبوونە دەرەوە، بەشێوەیەك لەشێوەکان هاوسۆزی خۆیان بۆ خۆپیشاندەران دەردەبڕی، سەربازەکانیش لەپەنجەرە بێ شومارەکانی نهۆمی خەستەخانەکانەوە سڵاویان لەوان دەکردو هەرچییەکیان بەدەستەوە بووفڕێیان دەدا بەئاسمانا)) بەسەریاندا، وەك نیشانەیەك بۆ دەربڕینی پشتیوانی لەوان ـ جا ئاخۆ ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەڕەهەندەکانی ئەم جۆرە هەڵچوون‌و بزاڤە سۆزداریانە تێگەیشتبن زۆر بێت؟ مەبەست لەژمارەی سەربازە نەخۆش‌و بریندارەکانە بەرانبەر بەخۆنیشاندەران، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پیاوانی میری پەلاماری جەماوەریان دەدا، بەڵام پەلاماردانێکی دڕندانە نا، ئەسپەکانیان بەڕۆنە کەرە چەور کردبوو، مانگرەکانیش لێرەو لەوێ، لەملاولاوە بەرگرییان لەخۆیان دەکرد دژی هێرشی پیاوانی میری،





دیسانەوە خۆیان لەچەند گروپ‌و کۆمەڵێکی ڕێك‌وپێکدا ڕێك دەخستەوە، لەناوجەرگەی ئەو خەڵکە زۆرو ئاپۆڕە گەورەیەدا ترس‌و بیم نەمابوو، دەنگۆو قسەو باس لەدەمێکەوە دەڕزکایە دەمێکی ترەوە، بەندوباو دەگوتران‌و دەگوترانەوە: ((سەربازەکان پەیمانیان داوە کە فیشەك نەتەقێنن)). ئەوە شتێکی ڕوون‌و ئاشکرایە کە کرێکاران توانیبوویان سەرکەوتوبن بۆ ڕێك کەوتنێکی ژێر بەژێر لەگەڵ سەربازاندا، کەژی وێڕای ئەوەش چەند یەکەیەکی ئەسپ سوار کە بەرگرییان لەمیری دەکرد ـ سەریان هەڵدا، ئەم ئەسپ سوارانە کەسانێکی نیمچە سەرخۆش بوون، هەندێکیان کەوتنە جنێودان بەمانگرەکان‌و دوایش چوونە ناو ڕیزی ئەوانەوەو کەوتنە لێدانی سەرو پۆتەڵاکیان بەنێزەو چەقۆ، مانگرەکانیش زۆر خۆڕاگرانە سووربوون لەسەر چالاکی‌و خواستەکانی خۆیان‌و بەقینانەچوون‌و خاوەنبوونەوە، لەناو جەماوەردا ئەو قسەیە باوی سەند کە دەیگوت: ((سەربازەکان فیشەك ناتەقێنن))، ئەو ڕۆژەش بەڕاستی فیشەکیان نەتەقاند. یەکێك لەئەندام‌و نوێنەرانی لیبراڵییەکان تێبینی ئەوەی کرد کە چەند فارگۆن‌و هارەبانە پەکییان کەوتووە لەسەر شەقامەکان کەوتوون ((بەڵام ئەی ڕۆژی دوایی ئەوانە لەکار نەکەوتن؟)) هەندێکی تریان شوشەکانیان شکابوو، هەندێکی دیکەشیان بەدرێژایی ڕێگەکەدا پەرش‌و بڵاوبوونەوەو وەستابوون، ئەم نوێنەرە لیبراڵییە کە تەماشای ئەم دیمەنەی دەکرد، سەرسام بوو، ڕۆژانی یۆلیۆی ساڵی (١٩١٤)ی هاتەوە یاد، بەتایبەتیش یادی ئەو ئێوارەیەی جاڕی جەنگی تێدا ڕاگەیەنرا، بۆیە لەبەرخۆیەوە گوتی: ((مرۆڤ کە ئەمە دەبینێ، دێتە سەر ئەو باوەڕەی کە هەوڵەکانی پێشوو سەرلەنوێ تازە دەبنەوە)). ڕاوبۆچونی ئەم پیاوە زۆر ڕاست‌و ڕەوان بوو، چونکە بەدڵنیاییەوە پەیوەندییەك هەبوو کە ڕابوردووی بەئێستاوە بەستبووەوە، وە وای لەو ڕابوردوە کردبوو کە ببێتە بەردەوام، مێژووش ئەو سەرەداوانەی شۆڕشی ڕابوردووی گەڵاڵە کردوەو هێناونی بەئێستایەوە بەستوونیەتەوە، ئەو دەزووداوانەی جەنگ بڕیبوونی، پساندبوونی، و سەرلەنوێ پێکی بەستنەوە. جەماوەری گەل بەدرێژایی ئەو ڕۆژە هیچیان نەکرد، جگە لەهاتووچۆو جموجوڵ کردن لەگەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر، پۆلیسیش زۆر بەتوندوتیژییەوە ڕاوی دەنان‌و ئەسپ سوارەکانی‌و هەندێ مەفرەزەی پیادەش سنورداریان دەکردن‌و ئەملاولایان

دەتەنین، جەماوەر بەیەك دەنگ هاواریان دەكرد: ((بڕوخێ پۆلیس!)) دوای ئەوە دەكەوتنە هەلهەلەكێشانو داواو كردنو پێشوازی كردن لەپیاوانی سەرباز زۆر پێیان لەسەر ئەو داوایە دادەگرتو چەند جارێك دەیانگوتەوە، ئەم كارەشیان مانایەكی تایبەتی لەخۆی گرتبوو، چونكە جەماوەر بەگشتی زۆر ڕقیان لەپۆلیس بوو، بەبەردو پارچە سەهۆڵ پۆلیسە ئەسپ سوارەكانیان بەربینگ پێ دەگرت، مامەڵەو ڕەفتاری كرێكاران لەگەڵ سەربازاندا تەواو جیاواز بوو، ژنو پیاوی كرێكار لەدەوروبەری ئۆردووە سەربازییەكانو سەنگەرەكانیان خڕ دەبوونەوە، بگرە تەواو لەنزیك پاسەوانەكانو سەربازە كەمینەكانو بەردەمی ڕیزەكانی سوپای بەربەستەكاندا كۆدەبوونەوە، بەسۆزو میهرەبانییەوە قسەو گفتوگۆیان لەگەڵ سەربازەكانی سوپادا دەكرد، ئەم قۆناغەش قۆناغێكی تازە بوو، پشتیوانی لەبەردەوام بوونی مانگرتنەكەو بەیەكتر گەیشتنی كرێكارانو (سوپا) دەكرد، ئەم قۆناغەش لەهەموو شۆڕشێكدا هەر دەبێ ڕووبدات، بەڵام وادیارە ئاماژەی پێ نەكراوە، نەنووسراوەو بڵاویش نەكراوەتەوە، و هەموو جارێكیش كە دووبارە بووەتەوە سروشتێكی تایبەتی وەرگرتووە، ئەو كەسانەش كە لەم بابەتەیان خوێندۆتەوە یاخود نووسیوە زۆر گوێیان بەڕووداوێك نەداوە لەو كاتەدا كە ڕوودەدات. ئەندامانو نوێنەرانی ئەنجومەنی دۆمای ئیمپراتۆر لەم ڕۆژەدا خۆ بەخۆ قسەیان دەكردو دەیانگوت: خەڵكو جەماوەرێكی زۆر كۆبووبوونەوە، هەموو گۆڕەپانەكەی (زنامنسكایا)و شەقامی نیفسكیو ڕێگەوبانەكانی دەوروبەریان پڕ كردبوو، و دەربارەی دیاردەیەكی نائاسایی دەدوان، جەماوەری شۆڕشگێڕ سڵاوو تەوقەیان لەسەربازان دەكرد، هەروەها لەو فەوجانەی لەسەر ئاوازی مۆسیقای سەربازی دەڕۆیشتن، كاتێكیش یەكێك لەو ئەندامانە پرسی بووی ئەم دیاردەیە چییەو مانای چییە؟ یەكێك لەكەسە پیادەكانیش، كە لەو ساتەدا یەكەم هاووڵاتی بوو بەو شوێنەدا تێپەڕێ وەڵامی دایەوە: ((پۆلیسێك بەقامچییە لاسیكەكەی لەژنێكیدا، سەربازەكان هاتن بەدەمیەوەو پۆلیسەكەیان دوورخستەوە))، دەشێ ڕووداوەكە بەو جۆرە نەبووبێ، بەڵام كەسیش ناتوانێ لەوە دڵنیا بێ، جەماوەر پێیان وابوو كە شێوەی ڕووداوەكە بەو جۆرە بووە، ڕوودانی لەو شێوەیەش نامۆ نییە، ئەم بیروبۆچونەش لەئاسمانەوە دانەبەزیوە،





بەڵكو لەئەزموونێكی پێشووترەوەیە، كە دواتربوو بەدابینەی[128] سەركەوتن. وە كرێكارانی كارگەی ئەركسۆن ئاپۆڕەیان بەست ـ كە تازەترین كارگەكانی دەڤەری فیێبۆرغە ـ هەر لەبەیانییەوە كۆبوونەوە، بەشێوەیەك كە ژمارەیان دەگەیشتە ٢٥٠٠ كەس، ئینجا ئەمانە بەرەو شەقامی (سامبسۆنیفسكی) بەڕێ كەوتن، گەیشتنەوە بەسەربازەكان، ئەفسەرو ڕێكخەرەكانی سەربازەكان ئەسپەكانیان پاڵ دەناو توانییان ڕێگەیەك ناودڕ بكەن لەناوجەرگەی خەڵكەكەداو پڕاوپڕی درێژی ڕێگاكە، سەربازەكان ئەسپەكانیان گورگە لۆقە پێ دەكرد، بەڕاستی ساتێكی یەكلاكەرەوەی گرنگ بوو! بەڵام ئەسپەكان هەر بەسڵەمینەوەو ترسەوە دەڕۆیشتن، بەكۆمەڵ كۆمەڵ لەو ڕێگەیەوە دەڕۆیشتن كە ڕێكخەرانی سەربازەكان كردبوویانەوە. (كییۆرۆڤ) باسی ئەم دیمەنەی نووسیوەو دەڵێ: ((هەندێ سەرباز زەردەخەنەیان دەهاتێ، یەكێكیان تیلە چاوێكی بۆ كرێكارەكان داگرت، وەك ئەوەی دوو كەسی هاوڕێی یەكتری دەیكەن))... ئەم بەتیلە ڕوانینە مانایەكی خۆی هەیە! لەئەنجامی ئەمەوە كرێكاران گیانی خۆشەویستیو میهرەبانیان تێدا دەركەوت بەرانبەر بەسەربازەكان، نەك گیانی دژوارانە، بەم پێیە كرێكاران هێدی هێدی پەتای شۆڕشیان گواستەوە بۆ ناو ڕیزەكانی سەربازو سوپا، ئەو سەربازەی بەتیلەی چاو ئاماژەیەكیدا، هاوڕێ سەربازەكانی تریش هەمان ڕێگەیان گرتەبەر، ئەگەرچی ئەفسەرەكانی هەوڵی تازەیاندا بۆ بڵاوە پێ كردنی جەماوەری كرێكاران، بەڵام سەربازەكان كەس لەجەماوەریان دەرنەكردو زۆریان لەكەس نەكرد، تەنها بەناو ئاپۆڕەی خەڵكەكەدا دەهاتنو دەچوون بەبێ ئەوەی بەشێوەی ئاشكرا سەرپێچی ئەفسەرەكان بكەن، سێ تاچوار جار ئەم ڕووداوە بەدی كرا، سەرەنجام هەردوولا ـ سەربازو جەماوەر ـ گەیشتنە خاڵێكی لێكەوە نزیك، سەربازەكان سەربەخۆ كەوتنە وەڵامدانەوەی كرێكارانو قسەوباسی كورتیلە لەنێوانیاندا دەستی پێ كرد، كەس لەئەفسەرەكان لەو دەوروبەرە نەمایەوە، مەگەر ئەوەیان كە زۆر ڕوخسار بێ نمودەو خۆبەختكارە، وێڕای ئەوەی چاوەڕوانی ڕوودانی قڵیشانەوەیەكی ترسناك دەكرا، ئەفسەرەكان یەكە سەربازییەكانی خۆیان لەم ئاپۆڕاو قەرەباڵغیە پاشگەز كردەوەو

---

[128] دابینە: دابین: ضمان.

لەشێوەی بەربەستێکدا بەکاریان هێنان تاکو ببنە ڕێگر لەبەردەمی کرێکاران‌و ناوجەرگەی شارداو نەهێڵن لەشەقامەکە بپەڕنەوە، کاتێك سەرتیپ‌و ئەفسەرەکان ئەمەیان کرد کە ڕێگەکەیان لەسەربازەکانی خۆیان قەدەغەکردبوو بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبن لەگەڵ کرێکاران، بەڵام هەوڵەکەیان بێ هودە بوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سەربازەکان ـ ئەوانەیان ـ کە بۆ پاسەوانی گەلاڵە ببوون بەوپەڕی شانازییەوە ڕووبەڕووی ئەو هەڵمەت‌و دزەکردنانە دەبوونەوە کە کرێکاران لەبن دەستی ولاخەکانەوە دەیانکرد، شۆڕش لەسەر خواستی خۆی ڕێگەکانی بۆ خۆی هەڵنابژێرێ، بەڵکو لەبن گەدەی ئەسپی سەربازێکەوە ڕێ دەگرێتەبەر. بەڕاستی ئەمە ماوەیەکی جوان‌و سەیری شۆڕشە! تەنانەت ئەو کەسەی کە بەم جوانییە ڕووداوەکەش دەگێڕێتەوەو باس‌و خواسەکانی بەدوای یەکتریدا دێنێ‌و دەبات‌و پێکیانەوە دەبەستێ، ئەویش هەر زۆر جوان بۆی چووەو دەری بڕیوە. گێڕانەوەکەش مایەی سەرسامی نییە، چونکە گێڕەرەوەی ڕووداوەکە خۆی یەکێکە لەسەرکردەکانی ئەم شۆڕشەو لەگۆڕەپانی شۆڕشدا هاتوچۆی دەکردو (٢٠٠٠) کەسیشی بەدواوە بوو، دیارە شتێکی سروشتییە کە بڵێین: چاوی ئەو سەرکردەیەی ئاگای لەقامچی وەشاندنەکانی دوژمن‌و گوللەو فیشەکەکانی هەیە، چاوێکی تیژە. پێدەچێ گۆڕینی راوبۆچون لەناو بەرەکانی سوپادا بەقازانجی شۆڕش سەرەتا لەسەربازە پاسەوانەکانەوە بووبێت، هەرچەندە ئەمانە پێشتر یەکەمین دەزگای سەرکوتکردن‌و هەڵمەتە چاوترسێنەرەکان بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە، ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو سەربازانە لەکەسانی تر شۆڕشگێڕتر بووبن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەمانە ئەو خاوەمدارە ناوەندیانەن کە ئەسپی تایبەت بەخۆیان هەبوو، هەمیشە پاسەوانی تەرازووی هاوسەنگی چینەکەی خۆیان‌و خەسڵەت‌و دەسکەوتەکانیان دەکرد، بەگاڵتە پێکردنەوە مامەڵەیان لەگەڵ جوتیارە سادەوساکارەکاندا دەکردو لەکرێکاران دەسڵەمینەوەو پێپارێزیان دەکرد، ئەم جۆرە سەربازانە تێروپڕ بوون لەگیانی موحافیزکارانە، لەبەرئەوە ئەو گۆڕاکاریانەی جەنگ هێنابوونیە کایەوە لەواندا زیاتر دیاربوو تاکو لەکەسانی تردا. سەرەڕای ئەوەش، ئەی هەر ئەمانە نەبوون کە بەهەموو لایەکدا ڕەوانە دەکران‌و کاری هێرش کردنی ئاقڵکردنیان بەردەوام پێ دەسپێردرا، بەری شەپۆلەکانی جەماوەریان پێ دەگیرا، وە تورە





دەکران؟ ئەی هەر ئەوان نەبوون یەکەم سوری بەر لەشکر بۆ تاقیکردنەوەی جەنگ‌و ئەزموونی جەنگ؟ ئەم بارودۆخەیان بەلاوە ناکۆك‌و نالەبار بوو، دەیانەویست خۆیان دەرباز بکەن‌و بگەڕێنەوە ماڵەوە، بۆ ناو ماڵ‌و منداڵی خۆیان، لەبەرئەوە بوو کە بەتیلەی چاو تەماشای کرێکارانیان دەکردو وەك ئەوە وابوو پێیان بڵێین: ((دەی هەرچیتان لەدەست دێ بیکەن، ئەگەر دەتوانن، ئەوا ئێمە بەرەنگارتان نابینەوەو بێزارو تەنگەتاوتان ناکەین)). لەگەڵ ئەم هەموو ڕاستیانەشدا ئەم بزاوتەو جموجۆڵانە تەنها نیشانەیەکی کاتیی بوون، بەڵام گەلێك ماناو مەبەستیشیان هەبوو، گەرچی سوپا تا ئێستاش پابەندە بەرێکخەرەکانەوە، و سەرەداوە سەرکردایەتییەکانیشی هەر بەدەست حوکمی پاشایەتییەوەیە، بەرەی کرێکارانیش بێ چەکن، سەرکردەکانی ئەم بەرە کرێکاریانەش تاکو ئێستا بیریان لەم کێشەو قەیرانە نەکردوەتەوەو تاکو کۆتایی پێ بهێنن، یان یەکلایی بکەنەوە. ئەمڕۆ خشتەی کاروباری ئەنجومەنی وەزیران ئەوەی لەخۆ گرتووە کە باسی کێشەو گرفتەکانی مانگرتنەکانی ناو پایتەختە، جا ئایا پێویستە هەڵوێستی حکومەت دەربارەی مانگرتن‌و خۆنیشاندان چی بێت؟ ئەنجومەنی وەزیران گەلێ مەسەلەی تری خستەبەر باس، هەموو شتێك چاوەڕوانی ڕوودانی لێ دەکرا، فەرمانیش وا دەرکرابوو کە ڕێگە دراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو شتێ، ئەنجومەنی وەزیران زۆر بەسادەو ساکارییەوە کەوتە رایی کردنی کاروباری ئاسایی. فەرمانەکان دەربارەی چی ترن‌و کامانەن؟ لەکاتێکدا (٢٨) پۆلیس بریندار بوون‌و سەریان شکاوە لەدووڕۆژی ٢٣، ٢٤دا ـ ئەمەش سەرژمێرییەکی پڕ لەسەرسامی‌و وردە ـ جەنەڕاڵ (خابالۆڤ)یش کە سەرکردەیەکی سەربازی پترۆگرادەو نیمچە دەسەلاتێکی شێوەرەهای هەیە، دواتر پەنای بۆ تەقە کردن نەبرد، بەڵێ وابوو! بەڵام وەنەبێ ئەو کارەیشی لەچاکی‌و دەڕوونپاکییەوە بووبێت! بەڵکو ئەوە بەئەنقەست وای کردووەو دواتر زیاتر بیری لێ دەکاتەوەو پێدەگات، ئەگینا لەکاتی خۆیدا دەکەوێتەوە تەقەکردن‌و فیشەك تەقاندن‌و بەکارهێنانی چەك. لەشۆڕشەکەدا هیچ شتێك ڕوودانی بەدوورو نامۆ نەدەزانرا بەلای دەسەلاتدارانەوە، جگە لەو ساتەی لەناکاو شۆڕش تیایدا دەردەکەوێ، پوختەی قسان ئەوەیە کە هەردوو جەمسەرەکە دژی یەکتری بوون، جەمسەرو گروپی شۆڕشگێڕان‌و جەمسەرو گروپی

حکومەتو لایەنگرەکانی چەند سالاّنێکی زۆرە هەردوولا زۆر بەوریاییەوە خۆیان ئامادە کردووە، سەبارەت بەبەلّشەفییەکان ـ ئەوان ـ هەموو چالاکییەکانی خۆیان لەساڵی (١٩٠٥)ەوە چڕ کردووەتەوە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم ڕۆژە، هەرچی حکومەتیشە تا ڕادەیەکی زۆر پەنا دەباتە بەر فێڵو تەڵەکەو تەڵە دادەنێ بۆ سەرکوتکردنو پلیشانەوەی ئەم شۆڕشەی دووەمیشیان بەر لەوەی ـ شۆڕشەکە ـ ڕوبدات، ئەوەش لەسەرەتای پاییزی ١٩١٦ ەوە دەستی پێکراو حکومەت بەشێوازێکی پڕۆگرامڕێژیی کاری بۆ کردو هەنگاوی نا، تاکو توانی لەناوەڕاستی مانگی یۆناییری ساڵی ١٩١٧دا لیژنەیەك پێك بهێنێ بەسەرۆکایەتی (خابالۆڤ) بۆ نەخشەو هەنگاوەکانی ورد بەمەبەستی سەرکوتکردنی ئەم ڕاپەڕینە نوێیە، پایتەختیش بەپێی ئەم نەخشەیە دابەشکرابوو بۆ چەند کەرتێکی کارگێڕی کە (ئەفسەری پۆلیس) سەرپەرشتییان دەکرد، هاوکات ئەم کەرتانەش دابەشکرابوونەوە بۆ چەند وردیلە کەرتێکی دیکە، جەنەڕاڵ (تشیبیکین)یش کرابوو بەسەرۆکی گشتی یەدەگ بۆ پاسەوانانی هێزی چەکداری، فەوجەکانیش دابەشکرابوون بۆ بەسەر کەرتەکاندا، پۆلیسو پاسەوانو سوپاش لەژێر فرمانی ئەفسەرو فەرماندەی ئەرکاندا بەتایبەتی دیاری کرابوون بۆ هەریەکە لەشەشە کەرتە سەرەکییەکانی شار، سەربازە ئەسپ سوارەکانیش ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتو فرمانی خودی (تشیبیکین)دا بوون تاکو ڕاستەوخۆ کردەوەی سەربازیی فراوان ئەنجام بدەن، شێوازو ڕێگەی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەش بەم جۆرە دانرابوو: سەرەتا پۆلیس ڕووبەڕووی کودەتاچییەکان دەبێتەوەو بەگژیاندا دێتەوە، ئینجا سەربازە ئەسپ سوارەکان دەکەونە لێدانو قامچی وەشاندن لەخەڵکی ڕاپەڕیو، دواجار یەکەی کەرتە سەربازییەکان بەچەكو ڕەشاشەکانیان دەکەونە تەقەکردن لەهەموو لاکانەوە، بەڵێ نەخشەو هەنگاوەکان بەم جۆرە دانرابوون، کە ئەم نەخشەیەش کوتومت ئەزموونی سەرکوتکردنەکەی ساڵی (١٩٠٥)ە، بەشێوەیەکی فراوانتر کە لە (فێبرایر)ی ئەو ساڵەدا جێ بەجێ کرا، مەترسییەکەش لەوەدا نەبوو کە نەزانرێ ڕاپەڕینی لەو جۆرە ڕوودەدات، دیسان مەترسییەکە لەبونیادەی[(١٢٩)] گەندەڵو خراپیشیدا نەبوو، بەڵکو مەترسییەکە

(١٢٩) بونیادە: شێوەنداز: دیزاین، التصمیم.





لەناخی ڕەگەزی مرۆڤ خۆیدا بوو، دیارە کە چەكو تفەنگەکان لەئاستی مرۆڤدا لەتەقە دەکەون! نەخشەکە پشتی بەو ژمارە زۆرەی بەشداربوان بەستبوو، کە بەگشتی ژمارەیان نزیکەی (١٥٠٠٠٠) کەس بوون، بەڵام لەڕاستیدا حکومەتو دەسەڵاتداران (١٠٠٠٠) سەربازی تریشیان ئامادەکردبوو تاکو بیانخەنە بەر کار، ئاواتی هەرە گەورەیان لەسەر فێرگەی ئەفسەر پۆلەکان دارشتبوو، بەشێوەیەکی سەربەخۆش پشتیان پشتیان بەو پۆلیسانە بەستبوو کە ژمارەیان (٣٥٠٠) پۆلیس بوو، ڕاڤەی ئەم کارەش هەر لەدروستکردنو پێکەوەنانی ئەم ئۆردووەدا لێك دەدرێتەوە، بەتایبەتیش کوتومت لەم مێژووەدا . ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر لەسەربازە دەگمەنەکان پێك هاتبوو، بریتی بوو لە (١٤) کەتیبەی یەدەگو پابەند بەفەوجە پاسەوانەکان کە لەناو بەرەی جەنگدا بوون، هەر ئەم ئۆردوە وێڕای ئەمانەش چەند شتێکی تری لەخۆ گرتبوو، لەوانە فەوجێکی پێڕەوی سەربازی، کەتیبەیەکی ئۆتۆمبیلی یەدەگ، فیرقەیەکی ئامێری زرێ پۆشی یەدەگ، لەگەڵ ژمارەیەك سەربازی سەندیکاییو تۆپ تەقێن ـ کە کرابوون بەسەرباز ـ دوو فەوج لەسەربازانی دۆن. بەڕاستی ئەم هەموو یەکەو کەرتو سەربازو کەرەسەو پۆلیسانە هەتا بڵێی زۆربوون، بگرە زۆر لەوەش زیاتربوون کە پێویستن بۆ گرتنەخۆی شۆڕشەکەو سەرکوتکردنی، ئامادەکردنی خەڵکانی یەدەگ زۆر زۆربوو، هاوکات بریتی بوون لەگروپو بارستێکی مرۆیی پەراوەپێکراوو مەشق دادراوی ئەوتۆ کە دواتر پێویستی بەپەراوەی زیاتر نەبوو، وێڕای ئەمانەش، ئەی سوپا خۆیشی هەمان پێکهاتەی هەبوو؟ (خابالۆڤ) زۆر بەوردی پابەندبوو بەو نەخشەیەوە کە داینابوو، ئەوەبوو لەڕۆژی یەکەمداو لە (٢٣)ی مانگدا، پۆلیس بەشداری کرد، لە (٢٤)ی مانگدا (خابالۆڤ ) فرمانی دەرکرد تاکو سەربازە ئەسپ سوارەکان دابەزنە سەرشەقامەکان، ئەم ئەسپ سوارانە قامچی چەرمیان پێ بوو لەگەڵ تیر، (خابالۆڤ) بیری لەبەکارهێنانی سوپای پیادە نەدەکردەوەو نەیدەویست تەقە هەڵگیرسێنێ، مەگەر ڕەوتی ڕووداوەکان ناچاری بکەن، ئەوەبوو ڕووداوەکانیش وازیان لێ نەهێنا تاکو ناوبراو لەچاوەڕوانیدا بژی. لە (٢٥)ی مانگدا بازنەی مانگرتنو ڕاپەڕینەکە فراوان بوو، بە ڕادەیەك درێژبوەوە کە (٢٤٠٠٠٠) کرێکاری گرتەوە، بەپێی سەرژمێرییە ڕەسمییەکان، هەندێ ڕەگەزو چەشنی جۆراوجۆریش

لەپشتی کرێکارەکانەوە بەشداربوون، ژمارەیەکی بەرچاویش لەکرێکارانی سەندیکا بچکۆلەکانیش بەشدارییان کرد، کە کاروباریان وەستاندبوو، فارگۆنی شەمەندەفەرەکان لەئیش ڕاگیرابوون، شوێنە بازرگانییەکانیش داخرابوون، هەمان ڕۆژ خوێندکارانی خوێندنی بالاش پەیوەندییان بەم جموجۆڵەوە کرد، لەدەمەونیوەڕۆدا خەڵکێکی زۆر، بەدەیان هەزار کەس، لەدەوروبەری کاتدرائیە(١٣٠)ی قازان و شەقامەکانی دەوروبەری کۆبوونەوە، ئاپۆڕەیەکی گەورەیان دروست کردبوو، ئەم خەڵکانەش هەوڵیاندا کۆبوونەوەی کراوە لەناو خۆیاندا ئەنجام بدەن، لەگەڵ هێزەکانی پۆلیسدا بەجەنگ هاتن، هەندێ کەس دەستیان کرد بەوتار خوێندنەوە بۆ خەڵکەکە لەبەردەمی پەیکەری ئەلەگزەندەری سێهەمدا، ئەسپ سوارە پۆلیسەکان دەستیان کرد بەتەقەکردن، یەکێك لەو وتاربێژانە بەبریندارى کەوتە خوارەوە، هەندێ گوللەو فیشەك لەناوجەرگەی خەڵکەکەوە تەقێنران، یەکێك لەبەرپرسەکانی پۆلیس کوژراو ئەفسەرێکیشی لەگەڵ چەند کەسێکی تردا بریندداربوون، جەماوەر کەوتە تێگرتنی شوشە شکاوو نارنجۆكو تەقەمەنی لەپاسەوانەکان، دیارە جەنگ لەم جۆرە هونەرەدا وانەو پەندێکی باشی پێشکەش کردووە، سەربازەکان بڕوبیانوویان بۆ خەڵکەکە دەهێنایەوە، وە بەڵگەیان دەهێنایەوەو کە ئەمانیش هەردژی پۆلیسن، جەماوەریش زۆر بەگەرمو گوڕانە کەوتنە بلاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو گەورەکردنی ڕووداوەکانو دەگوترا کە هێزەکانی پۆلیس ڕووبەڕووی گوللەو ئاگری زۆر بوونەتەوە لەلایەن سەربازەکانەوە، لەوکاتەدا کە دەستیان بەتەقەکردن لەجەماوەر کردووە لەدەوروبەری پەیکەرەکەی ئەلەگزەندەری سێهەم، ئەو فیرعەونیانەش (خەڵکەکە ئاوایان بەپۆلیسە قامچی وەشێنەکان دەگوت) کە ئەسپەکان دەڕەتێنن، ناچاربوون ڕابکەن، ئەم ڕووداوەش ئەفسانەیەك نییە کە لەناوەندەکانی جەماوەردا بلاوکرابێتەوە، بۆ وێناکردنی سەختی کارەساتەکانو گەرم کردنی جەماوەرو وروژاندنی دەماری ئازایەتییان، بەڵکو ڕووداوەکە ڕوویداوە، ئەگەرچی بەچەند جۆرو شێوەیەکی جیاجیاش باس کرابێ، بەلام لەچەند لایەنێکەوە جەخت لەڕوودانی کراوەتەوە.

(١٣٠) کاتدرائیە: بریتییە لە کەنیسەیەکی دێرینو پیرۆز کە بیناکەی بەشێوەیەکی هونەریو ئایینی دروست کراوە





کرێکارێکی بەلشەفی کە ناوی (کییورۆڤ)ەو یەکێکە لەسەرکردە ڕاستەقینەکانی ئەم ڕۆژگارە، دەڵێت: مانگرو کودەتاچییەکانو خۆنیشاندەرەکان هەموویان ڕایانکرد لەخالێکی دیاری کراوەوە، لەژێر قامچی وەشاندنی پۆلیسە ئەسپ سوارەکان، بەئامادەبوونی دەستەیەکیش لەقۆزاق، ناوبراو هەندێ لەو کرێکارانەی لەگەڵ ڕاکردەکاندا، ڕایان نەکرد کلاوەکانیان داکەند لەسەریانو لەقۆزاقەکان نزیك بوونەوە، کلاوەکانیان هەر بەدەستیانەوە بوو، (کییورۆڤ) بانگی لێ کردنو گوتی: ((ئەی برا قۆزاقەکان، وەرن فریای کرێکاران بکەون، لەخەباتەکەیاندا، لەپێناوی داخوازییە ڕەواکانیاندا! ئەدی نابینن ئەو فیرعەونیانە چۆن چۆنی ڕەفتارمان لەگەڵدا دەکەن؟ ئێمە کرێکارانی برسین؟.. فریامان بکەونو هاوکاریمان بکەن!))، تەماشا چ جۆرە خۆبردنە پێشەوەو گفتوگۆیەکی خۆشو ناوکدارە! ئەمەش ئەم کلاوانەیە کە بەدەستیانەوەیە، ئەی ناتەوێ ناخی خۆم دەربڕمو بدوێم دەربارەی جۆرە بزافو جموجۆڵێك کە لاسایی ناکرێتەوە! مێژوو بەگشتی پڕاوپڕە لەم جۆرە کارە سەرپێییانەی شەقامەکانو سەرکەوتنی شۆڕشگێڕانە، کە هەموویان هاوشێوەی ئەم جۆرەن، بەلام بەزۆریش لەناو دۆزەخی ڕووداوە گەورەکاندا بێ سەرو شوێن دەبن، مێژوونووسەکانیش تەنها توێکڵو خاشاکەکانی کۆ دەکەنەوە، (کییورۆڤ) بەوردی وەسفی بارودۆخەکە دەکاتو دەڵێ: ((قۆزاقەکانیش بەتیلەی چاو ـ بەمەبەستەوە ـ بۆ یەکتریان دەڕوانی، بەرلەوەی کاتی تەواومان لەبەردەستدا بێت بۆ دووركەوتنەوەمان لەوان، بینیمانن کە بەوپەڕی هێزو تینیانەوە گوڕیان دەخواردەوە تاکو لەنێوجەرگەی ئەو کۆمەڵە خەڵکە هەمەجۆرەوە دەربازین))، پاش چەند خولەکێك جەماوەر کەوتنە هەڵگرتنی تەرمی یەکێك لەموفەوەزەکانی پۆلیس کە لەبەردەم پەیژەی یەکێك لەبنکەکانی قۆزاق بوو. دوای ئەوە فیرعەونەکان دیارنەمان، بەواتایەکی تر بەنهێنی نەبوایە نەچوونەوە سەر کاروبارەکانی پێشوویان، سەربازەکان بەخۆیانو نێزە ڕووتەکانەوە دەرکەوتن، کرێکارانیش بەدوودڵییەوە پرسیاریان دەکرد: ((ئەی هاوڕێیان! هاتوون بۆ یارمەتیدانی پۆلیس؟)) سەربازەکانیش بەتوڕەییو هەراوە دەیانقیژاندو دەیانگوت: ((بجوڵێن!))، ئەمەش هەوڵێکی نوێ بوو بۆ ئالوگۆڕکردنی جەمسەرەکانی گفتوگۆی نێوان سەربازەکانو

کرێکاران، کرێکارانیش لەم کارەیان هەمان ئەنجامیان دەست کەوت کە پێشتر دەستیان کەوتبوو، سەربازەکان بەبێ پشوودان و نەسرەوتن دەجولاّن و هەلّسوکەوتیان دەکرد، هەمان بیروبۆچوونیش بەخەیالّیاندا دەهات و دەچوو، هاوولاّتیانیش ئەو شوێنە گرنگەیان گرتبووەوە کە جێی بەوان لێژو بەرتەنگ دەکرد. لەم کاتانەدا، دروشمی گشتی بریتی بوو لەوەی کە هاوار دەکرا بۆ چاك کردنی فیرعەونەکان، پۆلیس دوژمنی سەرسەختی جەماوەر بوو، پۆلیس زۆر دلّ رەق و بێ بەزەیی بوو، هیچ دەرفەت و دەروازەیەکیان نەهێشتبووەوە بۆ گفتوگۆو ڕێك کەوتن لەگەلّ خەلّکیدا، دەبوایە هەر لێیان بدرایە یان بکوژرانایە، بەلاّم بارودۆخەکە کە لەناو کەرت و یەکە سەربازییەکاندا زۆر جیاوازتربوو، تێکڕای جەماوەرو خۆنیشاندەران لەوپەڕی هەولّدا بوونتاکو نەکەونە ناکۆکی و ململانێوە لەگەلّ سوپادا، بەلّکو بەپێچەوانەوە بەدوای دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەدا دەگەڕان کە دەبێتە مایەی هۆگرکردنی دلّی سەربازەکان و قەناعەت پێکردنیان و لێ نزیك بوونەوەیان و ڕاکێشانیان بۆ ناو ڕیزەکانی جەماوەر، لەوکاتەدا کە لەگەلّ جەماوەردا ڕووبەڕووئەبوونەوە، وێڕای ئەو پڕوپاگەندە گونجاوانەی دەشکران ـ هەندێ شتیان لەو ڕێگەیەوە ڕاگەیاند ـ دژی ڕەفتاری قۆزاقەکان، هێشتا کۆمەلاّنی خەلّك بەگومانەوە دەیانڕوانییە ئەسپ سوارەکان، سوارەکانیش بەناتەواوی حوکمی خۆیان بەسەر جەماوەردا دەسەپاند، چوار پێی ولاّخەکانیش دۆش دامابوون لەنێوان ژیری و خەلّکانی راپەڕیو، ئەو کەسێتییەی کە ناچار بووین سەرتاپا لێی بڕوانین وا دیاربوو کەسێتیەکی ترسناکترو گرنگ تر بوو، سەبارەت بەوانەش کە پێڕەو بوون[131] مرۆڤ خۆی وا دەبینی کە ڕاوەستاوە لەگەلّ ئەواندا و لەسەر هەمان زەوی و لەهەمان ئاست دایە، لەبەرئەوە پێڕەوەکان لەهەموویان زیاتر لەجەماوەرەوە نزیك بوون و لەهەمووشیان کەمتر تێکەلاّوی جەماوەر دەبوون، گروپ و دەستە دەستەی جەماوەر لەلایەن خۆیانەوە لەهەولّی ئەوەدابوون خۆیان بگەیەننە سەربازە پێڕەوەکان و زۆر ڕاشکاوانە ناخیان بزانن و هەولّبدەن بەو ڕێگەیە هەناسەو خویەکی سەراساو جادووییانە بکەنە لەشیانەوە، کرێکارانی ژن لەم بەیەکتر گەیشتنی جەماوەرو سوپایەدا ڕۆلّێکی مەزنیان بینی، چونکە ئەو ژنانە بە

(131) پێ ڕەو: پیادە: المشاة.





لەخۆبوردوویی و ئازایەتییەکی زیاتر لەهی پیاوانەوە دەهاتنە مەیدان و چەکەکانیان لێ دەدزین، لەسەربازەکان دەپاڕانەوە، یاخود فرمانیان پێ دەکردن و ئارادەیەك پێیان دەگوتن: ((نێزەکانتان دابنێن، لەگەلّماندا بن)) لەو کاتەشداو بەم دەنگ و سەدایەی ئەوان هەست و نەستی سەربازەکان دەخرۆشاو هەستیان بەشەرمەزاری و پشێوی خۆیان دەکردو لێك رادەمان، بەگومان و دوودلّییەوە قەلّەمی ئەژنۆیان دەشکاو دواجار یەکێك لەو سەربازانە بەقسەی ئەو ژنانەی دەکرد، بەم جۆرە سەربازەکان نێزەکانیان دەخستەوە ناو بەرگ و کێلانەکەوەو بەربەستی نێوانیان دەڕوخاو کەش و بارودۆخی مەیدان پڕ دەبوو لەهات و هاواری خۆشی و شادی جەماوەریش دەوری سەربازەکانیان دەدا، گفتوگۆو ئالّوگۆڕی قسەو باسان لەهەموو لایەکەوە دەستی پێ دەکرد، بانگەواز سات لەدوای سات دەنگی بلّندتر دەبوو، کە دەیگوت: ((شۆڕش هەنگاوێکی تر بەرەو پێشەوە ڕۆیشت)). هاوکات لەگەلّ ئەم هەموو وەرچەرخانە ترسناکانەدا (نیقۆلا) و قەیسەر لەبارەگای سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە بروسکەیەکی نارد بۆ (خابالۆڤ) و تیایدا فرمانی کرد کە سنوورێك بۆ ئەو پشێویانە دابنرێ ((لەسبەینێوە)) خواستەکەی قەیسەریش هاوڕێك بوو لەگەلّ بەشی دووەمی نەخشەکەی (خابالۆڤ)، کەواتە بروسکەکە جگە لەوەی هاندان و گوژم پێدانێکی تر بوو بۆ خابالۆڤ، هیچ سوودێکی تری نەبوو، ئیتر وا پێویست بوو لەسەر کەرتەکان کە سبەینێ قسەی خۆیان هەبێ، ئەدی کاتەکە زۆر دڕەنگ نییە؟ ئێستا ناتوانین وا بلّێین و بڕیار بدەین، باسەکە خراوەتە ڕوو، بەلاّم تا ئێستاش چاوەڕوانی چارەسەرە، سازشکردنی قۆزاق و چوونە پالّی هەندێ لەبەرە پیادەکانی سوپا بۆ لای جەماوەر، هیچ شتێکی ئەوتۆ نین، تەنها چەند ڕووداوێکی پڕ لەپەیمان و ئاواتن، کە دەنگدانەوەیەکی گەورەیان لەناوەندەکانی ڕای گشتی و ناو خەلّکیدا دروست کردووە، هەلّوێستی قۆزاق و سوپای پیادە بەس بوو بۆ بزواندنی جەماوەری شۆڕشگێڕ، بەلاّم خۆبارگاوی کردنەوەو وزەیەکی کەم بەشی ئەوە ناکات کە سەرکەوتنی لێ بکەوێتەوە، بەتایبەتیش لەکاتێکدا هەندێ شت ڕوویانداوە کە بەتەواوەتی ئاڕاستەیەکی پێچەوانەیان هەیەو یەکێك لەتیمەکانی زرێ پۆشیش بۆ یەکەم جار گوللەبارانی خەلّکی ڕاپەڕیوی کردووە کە لەدوانیوەڕۆداو لەبەردەم خانەی بازرگانی

(گۆستنی دفۆر)دا، بەو بیانوەی کە ئەو کارەی وەك وەڵامدانەوەی ئەو فیشەك بارانە کردووە کە لەلایەن کەسێکی ناو جەماوەرەوە بەدەمانچە ئاڕاستەی کراوەو ئەو زرێ پۆشەشە بەبێ فرمانو سەربەخۆ ئەوەی نەکردووە، بەڵکو یاساو فرمانی ڕاپۆرتەکەی (خابالۆڤ)ی جێ بەجێ کردووە کە لەڕاپۆرتەکەی سەرکردایەتی گشتی سوپاوە ئاڕاستەی هێزە چەکدارەکانی کردووە، لەو تەقەکردنەشدا (٣) کەس کوژرانو (١٠) کەسیش بریندار بوون، لەڕاستیدا ئەمە ئاگادارکردنەوەیەکی تەواوەتی بوو بۆ خەڵکی تاکو دەست نەکەنەوە لەبەرانبەر سوپادا، هاوکات (خابالۆڤ) دەستی کرد بەڕەوانەکردنی ئەو کرێکارانەی دەشێن بانگ بکرێن بۆ خزمەتی ئاڵاو سەربازی تاکو بچنە سوپاوەو بەرەو بەرەکانی جەنگ بچن، ئەمەش لەکاتێکدا جێ بەجێ دەکرێت بەسەریاندا کە تا ڕۆژی (٢٨)ی مانگ نەگەڕابنەوە سەر کاروبارەکانیان، ئاگادارکردنەوەی جەنەڕاڵ (خابالۆڤ)یش ماوەی (٣) ڕۆژی بۆ دیاری کرابوو، دیارە ئەو ماوەیەش بەس بوو بۆ ئەوەی (خابالۆڤ)و حوکمە ستەمکارییەکانی هەڵبگێڕنەوە، بەڵام دیارە دەسەڵاتدارانیش بەوە نازانن، مەگەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە، ئێوارەی (٢٥)ی مانگ هاتە پێشەوەو کەسیش نەیدەزانی سبەینێ چی ڕوودەداتو هەگبەی ڕووداوەکان چی تێدایە. هەوڵ دەدەین بەشێوەیەکی ڕوونتر لەلۆژیکی ناوخۆی بزافەکە تێبگەینو وێنای بکەین، ئەوەبوو جەماوەری کرێکارانی شاری پترۆگۆاد لەژێر ئاڵاو دروشمی (ڕۆژی ژنان)دا لە (٢٣)ی فێبرایردا ڕاپەڕینێکیان کرد، پاشان هەوڵ درا تاکو چاکتر کامڵ بکرێو باشتر بیری لێ بکرێتەوە، ئەوەش لەماوەیەکی دورودرێژدا، یەکەم هەنگاویش بریتی بوو لەمانگرتن، دوایی ئەم مانگرتنە درێژەی کێشا بۆ سێ ڕۆژو تاکو وای لێ هات بەرانبەر یەك ساڵ بێت لەڕووی کردارییەوە، ئەم ڕووداوە ناوازەیەش بەس بوو بۆ ئەوەی کە زامنییەك بۆ جەماوەر دەستەبەر بکاتو بەرەو پێشەوە پاڵی بنێ، ئەو کودەتاو مانگرتنەی دەکراو سروشتێکی توندو هێرشکارانەی پێوە دیاربوو ئاوێتە بوو لەگەڵ ئەو خۆنیشاندانو ڕاپەڕینە جەماوەرییە شۆڕشگێڕیانەی ڕووبەڕووی یەکەو کەرتە سەربازییەکان دەکرانەوە. گرفتو کێشەکە بەرەو ئاستێکی بەرزتر چوو، تا گەیشتە ئەو رادەیەی کە وا پێویست بوو بەرێگەی هێزی چەکداریی چارەسەر بکرێت، ڕۆژگارە سەرەتاکانی ڕاپەڕینەکە





سەرکەوتنێکی کەمەکی بوون بۆ حکومەت، بەڵام تەنها سەرکەوتنێکی ڕووکەشانە بوون نەك کردارییانە. دیارە ڕاپەڕینێکیش کە شۆڕشگێڕیانە بێو تەنها چەند ڕۆژێك تەمەنی بێ، ناتوانێ ڕەوتێکی پەرەسەندنی پڕ لەسەرکەوتن بەدەست بهێنێ، مەگەر ئەم هەنگاوانە پلە بەپلە بەدوای یەکدا تۆمار بکرێنو بەرەنجامە گشتییەکەیان سەرکەوتنی لێ بکەوێتەوە، سەرکەوتنی تازە بەشێوەیەکی بەردەوام دەهاتنە دی، لەبەرئەوە هەر ڕاوەستانێك لەو وردە سەرکەوتنانەدا ڕووی بدایە ئەوا ئەبوو بەمایەی بەرپابوونی مەترسییەکی گەورە بۆ سەر شۆڕش. هەروەها بێ شل کردنو پشت ساردبوونەوە لەیەك شوێنداو بەدەست نەهێنانی هیچ جۆرە پێشکەوتنێك، مانای ڕەنجەڕۆییو تیاچوونی پاسادان دەکرد، هاوکات وردە سەرکەوتنە شۆڕشگێڕییەکانیش لەخودی خۆیاندا بەس نەبوون کەواتە وا پێویستە جەماوەر زانیارییەکی ئەوتۆیان هەبێت لەکاتە گونجاوەکاندا دەربارەی چۆنیەتی هەنگاونانیانو بەرەو پێشچوونی شۆڕشەکەیان، وە دەبێت لەلایەنی خۆیەوە ـ هێزی جەماوەری ـ مافی ئەوە بەخۆی بدات کە چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بۆیە دوور نییە سەرکەوتنێك لەدەست بدەین لەساتەوەختێکی کەمدا، کە ئەو کاتە کەمە بەشی ئەوەی دەکرد تیایدا دەست درێژ بکەین بۆ قۆستنەوەی ئەو سەرکەوتنە، شتی لەو جۆرەش لەمێژوودا ڕوویداوەو خۆشمان دیتوومانەو زانیومانە. سێ ڕۆژی یەکەمی ڕاپەڕینەکە بەوە دەناسرێتەوە کە سەرکەوتنی گەورە گەورەی تێدا بەرپا بووەو بەشێوەیەکی چەسپاو ڕەوتی خۆی گرتبوو، هەر لەبەر خودی ئەم هۆکارەش بوو ـ بەتایبەتی ـ بزافی ڕاپەڕینو شۆڕشەکە گەیشتە ئاستێك سەرکەوتنی ڕوکەشانەی ناتەواوی لێ بکەوێتەوە، کە ئەم سەرکەوتنانە بەس نەبن، ئەوەبوو هەموو جەماوەرە کاراو چالاکەکە دابەزینە سەرشەقامەکانو ڕووبەڕووی پۆلیس وەستانەوەو چەند ئەنجامێکی باشی لێکەوتەوە بەبێ ماندووبوونێکی زۆر، کە لەدوو ڕۆژی دواییشدا هەندێ لەیەکە سەربازیو حکومیو جەماوەرییەکانیش لەڕووداوەکانەوە گلان، لەڕۆژی دووەمدا تەنها ئەسپ سوارەکان دەجەنگان، وە ڕۆژی دووەم کەسانی پیادەش هاتنە ناوەوەو بوونە کۆسپ بۆ ڕووبەڕوو وەستانەوەی جەماوەری ڕاپەڕیو بوون بە بەربەستو هەندێ جار ڕێیان لەوە دەگرت کە جەماوەر بەئازادی کاروباری خۆی بکات، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پەنا

نەبرایە بەر تەقەکردنو دەسەڵاتی باڵاش پەلەی نەکرد لەڕاستکردنەوەی نەخشەو هەنگاوەکانی خۆیدا، چونکە بایەخی ڕووداوەکانی بەکەم گرتبوو، یان بچووکی دەکردنەوەو بەکەم بایەخی لەقەڵەمی دەدان ((لێرەدا ئەندێشەو خەیاڵی بینیەی[132] کۆنەپەرستی لەگەڵ هەڵەی سەرکردە شۆڕشگێڕەکان هاوتەریب بوو)) ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە حکومەت زۆر متمانەی بەسوپاکەی خۆی نەبوو، بەڵام لەڕۆژی سێهەمدا حکومەت ناچاربوو چەند یەکەیەکی هێزو تواناکان کەڵکە بکات، بەهۆی بەرەو پێشچوونی جەنگەکە، دوای فرمانەکەی قەیسەر، ئەمەشیان لەبەختی چاکی شۆڕش بوو، چونکە بەم کارە کرێکاران لەلاوازی دەسەڵاتی حکومەت تێگەیشتن، ئەگەرچی تێگەیشتن شتێکی ئاسایی بوو لای کرێکارە تاكوتەرا ڕۆشنبیرەکان، بەتایبەتیش کە دوێنێ هێزە زرێ پۆشەکان گوللەبارانی ڕیزەکانی جەماوەریان کردبوو، ئیتر هەر لەو کاتەیشەوە مەسەلەکە لە دوو لایەنەوە بەوپەڕی فراوانییەوە خرابووە روو. لەشەوی ٢٥ ـ ٢٦ی مانگدا، نزیکەی سەد کەس لەگەورە سەرکردە خەباتگێڕەکان لەزوربەوی گەڕەکەکاندا لەکارخران، کە لەناویاندا پێنج کەس لەئەندامانی لیژنەی بەلشەفییەکانی پترۆگراد بوون، ئەوەش وەك ئاماژەیەك وابوو بۆ ئەوەی کە بزانرێ حکومەت دەستی بەهێرش هێنان کردوە، ئەی لەو ڕۆژەدا چی ڕوویدا؟ ئەی چۆن کرێکاران بەهۆش خۆیان هاتنەوە دوای ئەو گوللەبارانەی دوێنێ ڕووبەڕوویان کرابووەوە؟ ئەی یەکەو کەرتەکان چی دەڵێن، کە قسەی ئەوان مەسەلەیەکی بناغەییە؟ سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٦ی مانگ بار بۆ دەبێت بەگومانو ڕاڕاییو پڕ لەتوندوتیژی. لەو ڕوانگەیەوە کە ئەندامانی لیژنەی پترۆگراد لەکارخران، ئیتر بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیش لەناوجەرگەی شارەکەوە گوازرایەوە بۆ ناوجەرگەی (فێبۆرگ). ڕەنگە ئەو گواستنەوەیەش لەبەرژەوەندیو قازانجی کاروبارەکانی شۆڕشدا بێت، بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی باڵای حیزب بەشێوەیەکی زۆر هیوا بڕاوانە تیامابوو، دەستەوسان بوو لەئاستی بڕیاردانەدا، تا دواجار لەبەربەیانی ٢٥ی مانگدا تەنها نوسینگەی ناوەندی بەلشەفی بڕیاریدا بەچاپ کردنو بڵاوکردنەوەی نووسراوێك کە تیایدا داوا لەخەڵکی دەکەن پێویستە مانگرتنێکی سەرتاسەری لەهەموو

---

[132] بینیە: تیڕوانین: الرؤيا.





ڕوسیادا ئەنجام بدەن. هەر لەو کاتەدا کە نوسراوەکە بڵاوکرایەوە مانگرتنی گشتی لەپترۆگراددا گۆڕا بۆ ڕاپەڕینێکی چەکدارانە، بەڵام سەرکردایەتی حیزب چاوی بڕیبووە هەڵوێستەکانو ورد دەبووەوە، دوودڵ بوو، دوور بەدوور سەیری دەکرد، خۆی دوادەخست، واتا سەرکردایەتی شۆڕش ڕاپەڕینەکەی ڕاوەستاندبوو ـ لەو کاتەدا ـ خۆی کردبوو بەشوێنکەوتەی بزافی شۆڕشەکە نەك بەداینەمۆو بزوێنەری شۆڕشەکە. تا مرۆڤ زیاتر نزیك بوایەتەوە لەکارگەکان زیاتر وێنای سەرکەشیو توندوتیژی ئەو کەسانەی دەبینی کە کاریان بەڕێوە دەبرد، لەگەڵ ئەوەشدا، بڵاوکراوەکە لە (٢٦)ی مانگدا گەیشتە ناحیەکان، ئەو کاتەش سەرکردەو کاربەدەستانی شاری فیبورغ بەدەست برسێتیەوە دەیانناڵاند، توانای جموجۆڵیان نەمابوو، لەوێزە کەوتبوون، لەسەرمانا تەزویان پێدا دەهاتو رادەچڵەکین، کەچی هەر بەردەوام بوون لەکۆبوونەوە نهێنییەکانیان لەناو باخو بێستانەکانی دەرەوەی شاردا لەکۆبونەوەکانیاندا بیروبۆچوونی خۆیان ئاڵوگۆڕ دەکرد، هەوڵیشییان دەدا ڕێڕەوێکی گشتی بۆ ئەوان دابنێن ـ واتا بۆ لایەنگرانیان ـ ئاخۆ ئەو ڕێگایە چی بێ کە دەیگرنەبەر؟ ئایا دەست دەکەن بەشێوە ڕاپەڕینێکی نوێ؟ ئەگەر وابکەن، ئەی ئەو ڕاپەڕینو مانگرتنە تازەیە چ سوودێکی هەیە لەکاتێکدا ئەمانە کەسانێکی بێ چەکنو حکومەتیش سوورە لەسەر ئەوەی تا ئەوپەڕی توانای لەگەڵ بەربەرەکانێو سەرکوتکردندا بەردەوام بێت؟ ئەمە باسو کێشەیەکە ویژدانەکان دەتەزێنێو سزایان دەدات، ((وا بەخەیاڵمدا دەهات کە حکومەت ئەو ڕاپەڕینە سەرکوت دەکاتو کۆتایی پێ دێنی))، بەم دەنگو سەداو قسانە (کییورۆڤ) هەڵوێستی خۆی دەردەبڕی، ئەم دەنگەش بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی نامۆ لەقەڵەم دەدرا، بەڵێ تیراسای نیشاندەری تەرازوی کەشو دۆخ بە بەرهەڵکردنی گەردەلولەکە داکشاو ئاماژەی خۆی خستەڕوو. لەو کاتو ساتانەی دڵەڕاوکێی دوودڵی پەرەی سەندبوو، ئەم بارەش زۆرینەی ئەو شۆڕشگێڕانەی گرتبووەوە کە لەجەماوەرەوە نزیکن، ئیتر لەم کاتەدا بزافەکە تەقییەوەو زۆر لەوە تێپەڕی کرد کە بەشداربووەکانی بۆی دەچوون، ئەوەبوو هەر دوێنێ، واتا ئێوارەی (٢٥)ی مانگ، گەڕەکەکانی فێبورغ بەتەواوەتی لەژێردەستی شۆڕشگێڕەکاندا بوون، چەند پلەدارێکی پۆلیس ڕفێنرابوون، هەندێکیشیان سەربڕابوون، ئەوانەی تریش

ڕایان کردبوو، خۆیان شاردبووەوە، هێڵی تەلەفۆنی سەرەکی شار بڕابوو لەکەرتی (غرادۆنات شالستۆڤەر) لەگەڵ بەشێکی زۆری پایتەخت. لەبەربەیانی ڕۆژی (٢٦)دا ڕوون بوەوە کە هەر تەنها ئەم کەرتە بەدەست خەڵکانی شۆڕشگێڕەوە نییە، بەڵکو گەڕەکەکانی (بسکی) تا دەگات بەشەقامی (لیتیینی)ش هەر لەلایەن شۆڕشگێرانەوە کۆنترۆڵ کراوە، بەلایەنی کەمەوە ئەمە ئەو بارودۆخەیە کە ڕاپۆرتەکانی پۆلیس لەو ڕۆژەدا باسیان کردووە، ئەمانەش لەڕوویەکەوە راستو دروستن، هەرچەندە دەشێ شۆڕشگێڕان خۆیان بەوەیان نەزانیبێ، بێگومان پۆلیسەکان زۆربەی جار بنکەکانی خۆیان چۆڵ کردووە بەرلەوەی بکەونە ژێر هەڕەشەو هێرشی کرێکارانەوە، بەلاّم چۆڵ کردنی گەڕەکە پیشەسازییەکان لەتێڕوانینی کرێکاراندا مانای یەکلاکەرەوەی بەدەستەوە نەدەدا، ئەمەش بەچاوپۆشی کردن لەو ڕووداوانەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەوانە ڕوویانداوە، چونکە یەکەو کەرتەکان هێشتا دواهەمین وتەی خۆیان پێشکەش نەکردووە. ((حکومەت ڕاپەڕینەکە بن بڕو سەرکوت دەکات))... ئەمە ئەو قسەو بۆچوونەیە کە ئازاترین کەسی بەبیریدا دێت لەکاتێکدا ڕاپەڕین لەگەرمەی بەرەو پێش چووندایە. ڕۆژی (٢٦)ی مانگ ڕێکەوتی ڕۆژی یەك شەممە بوو، ئەمڕۆش کارگەکان هەر بەداخراوی مانەوە، ئیتر مەحاڵ بوو هەر لەبەیانیەکەوە ئەوە بزانرێ کە ئاخۆ هێزو بڕستو توانای بزوێنەراتی جەماوەر چەندە، تاکو بخرێتە سەر بازنەی فراوانی ڕاپەڕینەکەو هێڵە درێژکراوەکەی وێڕای ئەمەش کرێکاران نەیاندەتوانی لەکارگەو دامەزراوەکانی خۆیاندا کۆببنەوە، وەك ڕۆژانی ڕابوردویان، لەبەرئەوە مانگرتنو ڕاپەڕین لەو ڕۆژەدا زۆر سەختو گران بوو بەلایانەوە، سەرلەبەیانییەکەی شەقامی (نییڤسکی) هێمنی پێوە دیاربوو، بۆیە ژنەکەی قەیسەر، لەم کاتەدا بەم دەقە بروسکەیەکی بۆ مێردەکەی نارد: ((هێمنی باڵی بەسەر شاردا کێشاوە)). بەلاّم هێمنییەکە زۆری نەخایاند، وردە... وردە... کرێکاران کۆبوونەوە لەبنکەکانیاندا، کە لەچواردانگەوە دەهاتن، ڕێیان لێ گیرابوو کە بەسەر پردەکاندا بپەڕنەوە، لەبەرئەوە بەسەر سەهۆڵی ڕووبارەکەدا دەپەڕینەوە، ڕووباری (ئەڵنیڤا)ش لەمانگی (فێبرایر)دا سەرەکەی دەیبەستێو دەبێتە سەهۆڵبەندانو وەك پردی لێ دێت، ناشکرێ حکومەت بکەوێتە گوللەباران کردنی ئەو ئاپۆڕە خەڵکە زۆرەی





بەسەر ڕووبارێکی بەستوودا دەپەڕنەوە، بەو نیازەی کە بیانگرێت، شێوەی شار بەتەواوەتی گۆڕا، ستافی پۆلیس بەهەموو شوێنێکدا دەسوڕانەوە، کۆسپو ڕێگرەکان زۆر بوون، هەروەها دەستە گەڕۆکەکەی ئەسپ سوارەکان بەهەموو لایەکدا بلاّوبوونەوە، بەتایبەتیش بۆ چاودێریو پاسەوانی کردنی ئەو ڕێگایانەی دەچنەوە سەر شەقامی (نیڤسکی) بەوپەڕی توندیو تایبەتیەوە، بەزۆریش دەنگی تەقەی ڕەشاش لەبنکەکانی پۆلیسو کەمینەکانەوە دەبیسترا، ژمارەی کوژراوو بریندار زیادی کرد، ئەو گوللەو فیشەکانە لەکوێوە دەتەقێنران؟ کێ دەیتەقاندن؟ ئاسان نییە بەتەواوەتی وەلاّمەکان بزانین، دیارە هێزەکانی پۆلیس بەراوردی بەرژەوەندی خۆیان کردووەو بڕیاریان لەسەر ئەوە داوە کە پۆلیسەکانی خۆیان نەخەنە ژێر مەترسییەوە، لەبەرئەوە بەرگرییان لەخۆیان دەکردو بەحساب تەقەی خەڵك ترساندنیان دەکرد لەپەنجەرەکانەوەو لەسەر بانێژەو بەڵەکۆنەوەو پشتی ئەستونگەکانو[١٣٣] شوێنە بەرزەکانەوە. خەڵکەکەش لەبیری ئەوەدابوون ئاخۆ چۆن بچنە ژوورەوە بۆ پۆلیسەکانو هێرش بەرن. ئەم بیرکردنەوەیە لە (چۆن چۆنی) هێرش کردنەکەو ئەگەرو گریمانەکانیان[١٣٤] بەئاسانی بوون بەئەفسانەی سەرزاری خەڵکی، تەنانەت ئەگێڕنەوە کە زۆرێك لەسەربازەکان بەرگی پۆلیسیان لەبەرکردبوو بۆ ترساندنی خەڵكو جەماوەری راپەڕیو، لەناو خەڵکیشدا وا باس دەکرێ کە (پرۆتۆبۆبۆڤ) چەند نوکتەو شوێنێکی بەتایبەتی داناوە بۆ ڕەشاشەکان لەسەربانەکان، بەلاّم ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەیەی کە دوای شۆڕش پێك هێنرا هیچ شوێنەوارێکی هەبوونی شوێنی وایان بەدی نەکرد، بەهەرحاڵ لیژنەکە بەڵگەی نەبوونی ئەو شوێنو بنکانەیشی بەدڵنیاییەوە لەبەردەستدا نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا سەربازەکان بەردەوام فرمانی توندوتیژیان پێ دەگەیشت سەبارەت بەتەقەکردنو فیشەك هاویشتن، بەتایبەتیش ئەو سەربازانە تەقەیان دەکرد کە سەر بەخوێندنگەی ئەفسەر پۆل بوون، لەم ڕۆژەدا بەپێی سەرژمێریو ژمارە ڕەسمییەکان ئەم زیانانە کەوتن، نزیکەی چل کەس کوژرا، وە (چل)ی تر بریندار بوون، ئەمانە جگە لەو کوژراوو بریندارانەی کە جەماوەر فریایان کەوتوونو گواستویاننەوە بۆ

[١٣٣] ئەستونگ: ستون: ستونگ: عمود.

[١٣٤] ئەگەرو گریمانە: فرضیات واحتمالات.

شوێنی نادیار، جەنگ گەیشتە قۆناغی یەکلاکەرەوە، جا تۆ بڵێی جەماوەر بەهۆی کاریگەری گوللەو فیشەکی هێزە چەکدارەکان پاشگەزبێتەوەو بەرەو ماڵو گەڕەکەکانی خۆیان بکشێنە دواوە؟ نەخێر، هەرگیز جەماوەر پاشگەز نابێتەوە، بەڵکو هەردەبێ سەربکەوێ، ((بترسبۆرغ))ی شاری فەرمانبەرو بۆرجوازی لیبراڵییەکان بەم جۆرە لەناوجەرگەی ترسدا دەژیا، (ڕۆدزیانگۆ)ی سەرۆکی ئەنجومەنی دۆمای ئیمراتۆریەتیش، لەم ڕۆژەدا داوای کرد کە کەرتە متمانەدارەکانی سوپا ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ بکرێن. پاشان ((ڕای خۆی گۆڕی))و ئامۆژگاری (بیلیائیڤ)ی وەزیری جەنگی کردو ڕایسپارد کە نابێ بەچەك وەڵامی خۆنیشاندەران بدرێتەوەو دەبێ پەنا ببرێتە بەر بەکارهێنانی نێزەو سۆندە ئاوی ساردی ئۆتومبیلەکانی ئاگرکوژاندنەوە، پاش ئەوەش کاتێك (بیلیائیڤ) ڕاوێژی بە(خابالۆڤ) کرد، ناوبراو پێی گوت کە تێگرتنی ئاوی سارد لەکودەتاچییەکان کاریگەرییەکی دژواری دەبێت ((چونکە ئاوی سارد چالاککەرە)). ئەمەبوو ئەو قسەو باسانەی کە لیبراڵییەکان لەگەڵ پلەدارەکانی پۆلیس دەیانکرد دەربارەی لایەنی چاکەی ڕێژەیی ئاوی ساردو گەرم بۆ سەرکوتکردنو پلیشانەوەی گەلێکی کلۆڵو شۆڕشگێڕ. ڕاپۆرتەکانی پۆلیس کە لەم ڕۆژەدا نووسرابوون دەیانسەلمێنن کە بەکارهێنانی سۆندەی ئاگرکوژێنەکان بەس نییە: ((وەك تێبینی کراوە لەکاتی پشێوییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵە خەڵکانی گەڕاوەو یاخی کەسانی ناو کەرتەکان هان دەدەن بۆ شۆڕشکردن، خەڵکەکەش بەکۆمەڵ دەکەوتنە بەردەباران کردنی دوژمنو تێگرتنی پارچە سەهۆڵی سەر ڕێگاکان، کاتێکیش کەرتە سەربازییەکان دەکەوتنە گوللە هاویشتن بەئاسماندا، بۆ ترساندنو بڵاوەپێکردنی خەڵکی، خەڵکەکە لەجیاتی ئەوەی ڕابکەن، یان بترسن، پێکەنینیان دەهات، سەربازەکان تەنها لەو کاتانەدا سەرکەوتوو دەبوون کە ڕاستەوخۆ گوللەبارانی ناوجەرگەی خەڵکەکەیان دەکرد: ((تەنانەت جاری وا هەبوو بەگوللەبارانکردنی خەڵکەکەش، هێشتا زۆربەی بەشداربوان بۆ ماوەیەك لەناو حەوشەو گۆڕەپانی ماڵەکانی دەوروبەردا خۆیان حەشار دەداو هەر کە تەقەکردن دەوەستا ئەمانیش سەرلەنوێ تێهەڵدەچوونەوەو دەڕژانە سەر شەقامەکان)) ئەم ڕاپۆرتەش کە پۆلیس نووسیویەتی، شایەتێکە لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی گەرمو گوڕی





جۆشو خرۆشی جەماوەر هەتا ئاستێکی بەرزو ڕاستی ڕووداوەکان دەردەخا، ئەوەیان ئەگەرێکی لاوازە کە جەماوەر سەرەتا دەست پێشخەربووبن لەبەردەبارانکردنی سەربازەکانو تێگرتنی پارچە سەهۆڵ، یاخود گرتبێتیانە خوێندکارانی ئەفسەرپۆلەکان، ئەمەش جیاوازیو لێك نەچوونێکی گەورەی تێدا بەدی دەکرێو دوورە لەسروشتو باری دەروونیو تەکتیکی ژیرانەیان بەرانبەر بەسوپا، دیارە هێزەکانی پۆلیس ڕاپۆرتەکانیان بەفشوفاڵ ڕازاندووەتەوە بەشێوەیەکی دوور لەڕاستی تاکو بۆ گەورەکانیان وانیشان بدەن کە گوایە ئەمانە پاڵەوانو توانیویانە چەندین قەسابخانەی گەورە لەناوجەرگەی ڕیزەکانی جەماوەری ڕاپەڕیوودا بەرپا بکەن، لەگەڵ ئەمەشدا، ناوەڕۆکی کارەکە وەك ڕاستییەك خۆی دەنوێنێو هێزێکی نایابی لەگەڵدا بووە تاکو بەو پێزەوە[١٣٥] دابڕێژرێ: ((جەماوەر نایەوێ پاشگەزبێتەوە، بەڵکو بەجەربەزەییو گەشبینییەوە بەرگری دەکات، سوورە لەسەر ئەوەی کە شەقامەکان چۆڵ نەکات، تەنانەت ئەگەر دەمی ڕەشاشو گوللەبارانیشیان ئاڕاستە بکرێ بەوپەڕی کوشندەییەوە، جەماوەر گوێ ناداتە مانو نەمانو ژیان، پابەندە بەوەی شەقامەکانو ڕێگەکان داپۆشنو سوورن لەسەر بەردڕێژکردنی ڕێگاکانو بە بەردو پارچە سەهۆڵ، جەماوەریش نەك هەر توندە لەسەر کارەکەی بەڵکو زۆر بەبوێریو نەترسانەوە ئەوانە دەکاتو بەرەو پێش دەچێت، هەرگیز متمانەیان بەیەکە سەربازییەکان کەم نەبوەتەوەو دەست بەرداریان نابن گەرچی ئەوان بەزمانی گوللەو فیشەك وەڵامیان بدەنەوە، جەماوەر هەموو هەولێکی بۆ ئەوەیە کە سەرکەوتن بەدەستبهێنێ، جا ئەو سەرکەوتنە بەهەر نرخێك بێت. گوشاری کرێکاران بۆ سەر سوپا زیادی کرد، گوشارەکەش وای کرد کە حکومەتو دەسەڵاتداران نەتوانن زاڵ بن بەسەر سوپاکەی خۆیانداو بیپارێزن، بنکەی سەربازی پترۆغراد بەیەکجارەکی بوو بەئەو خاڵە سەرەکییەی کە لێوەی تەماشای ڕەوتی ڕووداوەکان دەکرا، ئەو قۆناغەش کە سێ ڕۆژ بوو چاوەڕوان دەکرا گەیشتە ئاستی کامڵ بوونو سەرەنجام بەشی زۆری پایەگا سەربازییەکەی شار بێ لایەنیو هاوسۆزی هەڵبژارد بەرانبەر بەخەڵکانی ڕاپەڕیو ـ یاخی ـ سەرۆکایەتی پاشانشینی ستەمکاریش، فرمانی دەداو دەیگوت: ((ئاگربارانی دوژمن

[١٣٥] پێز: تینو گوژمو نرخو بەها وەك: وتەی بەپێز، بابەتی بەپێز هەویری بەپێز . . . هتد.

بکەن‌و فیشەك بهاوێژن‌و تەقە بکەن!)) بەڵام کرێکاران بەنێرو مێوە هاواریان دەکرد بەڕووی سەربازانی ناو کەرتەکانداو دەیانگوت: ((گوللەبارانی خوشك‌و براکانتان مەکەن!)) بەم جۆرە جەنگی درێژخایەن بەردەوام بوو لەسەر شەقام‌و گۆڕەپان‌و بەردەم پردو سەنگەرو پایەگاکاندا، جەنگەکە هەندێ جار ترسناك‌و پڕ کارەسات بوو، هەندێ جاریش هیچ شوێنەوارێکی دیار نەبوو، بەڵام بەگشتی جەنگێکی سەرنج ڕاکێش‌و سیناریۆیی بوو، دەروازەیەك بوو بۆ هێنانە ناوەوەی سەربازەکان‌و سەرنج ڕاکێشانیان، چارەنووسی دەسەڵات‌و جەنگ‌و وڵاتیش هەمووی بەم پێکهەڵقژانەوە بەندبوو، کە لەژێر ڕەحمەتی تەقەی گوللەو ڕەشاشەکاندا بەڕێوە دەچوو. گوللەبارانکردنی ڕاستەوخۆی جەماوەری ڕاپەڕیو لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە گومانێکی زیاتری بۆ سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی دروست کرد، بگرە ئەو گومانە بزافەکەیشی گرتەوەو خۆیان‌و لایەنگرانی بەرەو مەترسییەکی گەورەتر چوون، تەنانەت هەندێ کەس دەیپرسی ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتبێ کە کۆتایی بەخۆنیشاندان‌و کودەتا بهێنرێ، هەمان جۆرە پرسیار ئەندامان‌و لیژنەیەی فیوربۆرغی گرتەوە کە ئێوارەی (٢٦)ی مانگ کۆببوونەوە، واتا دوازدە کاتژمێر بەر لەسەرکەوتن، ئەم بارودۆخ‌و ڕووداوانە بەڕاستی مایەی واق‌وڕمان‌و سەرسامیین. بەڵام پێویستە لەوە تێ بگەین کە سەرکەوتن بەشێوەیەکی ساناتر تێبینی دەکراو بەدی دەکرا لەم ڕۆژەدا زیاتر تاکو ڕۆژی دوێنێ، سەرەڕای ئەوەش بەزۆری بارودۆخی دەروونی بەپێی ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکان‌و هەواڵ‌و دەنگوباسی باوی ناو خەڵك بەرەو باشی دەچێت، دیارە ئەندێشەو خەیاڵ بەخێرایییەکی باشتر چالاکی نوێ بەرپا بکەن، لایەنگرو دەست‌و پێوەندەکانی (کییورۆڤو تشۆگۆرین) ئەوەندەیان ئازایەتی بەسە، بەڵام ئەوەی سەر دڵیان دادەچزێنێ هەندێ سات، بریتییە لەهەست کردنیان بە بەرپرسیارێتی لەبەردەم جەماوەردا، بەڵام سەبارەت بەو بارە لەڕیزی کرێکاراندا دوودڵی زۆر کەم بەدی دەکرا، ئێمەش ئێستا ڕاپۆرتێکی ڕوون‌و ئاشکرامان لەبەردەستدایە کە باسی ئەو کاروبارو هەنگاوانە دەکات کە حکومەت ئەنجامی داون لەگەڵ ئەو نەخشەو تەگبیرانەی لەو کاتەدا بەکاری هێناون، (شۆرکانۆڤ)یش یەکێك بووە لەبەکرێگیراوانی ئەوسای ئاسایش کە زانیاری ڕەوانەی دەسەڵاتی سەرەوە دەکرد، ئەم ڕاپۆرتەیشی بۆ





سەرەوە بەرز کردبووەوە، (شۆرکانۆڤ) بەم کارەی ڕۆڵێکی باشی گێڕا لەکاروباری ڕێکخستنی بەڵشەفیدا، ئەم کەسە هاندەرو ماستاوچییە لەڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت: ((لەو ڕوانگەیەوە کە یەکەو کەرتە سەربازییەکانی ڕێ لەجەماوەر ناگرن تا کودەتا نەکەن‌و بەرپەرچیشیان نادەنەوە، بگرە هەندێ جار کۆسپ ئەخەنە ڕێی چالاکییەکانی هێزەکانی پۆلیسیش، جا لەبەر ئەم هۆیانە بەگشتی جەماوەر متمانەیەکییان لەلا دروست بووە کە وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچن‌و تۆڵەیان لێ ناکرێتەوە، بۆیە جموجوڵی ئازادانەی جەماوەر لەماوەی دوو ڕۆژی ڕابوردوودا بەو شێوە ئازادە وای لێکردن کە بتوانن ئەم چەند دروشمە بەئاشکرا بەرزبکەنەوە لەسەر کۆڵان‌و شەقامەکان: ((بمرێ جەنگ!))، ((بمرێ حوکمڕانی ستەمکارانە..!)). جەماوەری گەل گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە جەنگ دەستی پێ کردوە، سەرکەوتنی جەماوەریش مسۆگەرە، دەسەڵاتدارانیش‌و فەرماندەکانی حکومەتیش بێ دەسەڵاتن لەئاستی سەرکوتکردنی بزافی جەماوەریی، لەو ڕوانگەیەوە کە کەرتە سەربازییەکان چوونەتە پاڵ ئەو شۆڕشگێڕانەی کە سەرکەوتنی یەکجارەکییان تەواو نزیکە، چونکە سوپا ئەمڕۆ بێ یان سبەی زۆر بێ ترس‌و ڕاشکاوانە دەداتە پاڵ هێزە شۆڕشگێڕەکان، لەو کاتەشدا ئەم بزافە شۆڕشگێڕانەیە پەرەی زیاتر دەسەنێ‌و ئیتر دانامرکێتەوە هەتا دەگاتە بەدەست هێنانی سەرکەوتنی یەکجارەکی‌و ئاوەژووکردنەوەی دەسەڵات‌و تەخت‌و تاراجی ڕژێم)). ئەم ڕاپۆرتە بەشێوەیەکی بەرچاو ئاشکرایی‌و ڕاشکاوی پێوە دیارە سەبارەت بەهەڵاتنی خۆری ئاواتەکان، هاوکات بە بەڵگەیەکی مێژوویی بەهادار دادەنرێ، هەرچەندە ڕاپۆرتەکەی ئەم پیاوە دنەدەرو ماستاوچییەو ئاماژەدان بەوردەکارییەکانی‌و بۆچوون‌و حسابگەراییەکانی نەبوو بەمایەی ڕزگاربوونی لەقەنارەدانی لەلایەن کرێکارانەوە دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە. ماستاوچی‌و ئاگر خۆشکەرەکان لەشاری پترۆگراددا بەشێوەیەکی زۆربوون، زۆریش زیاتر لەهەموو کەشێکی تر لەسەرکەوتنی شۆڕش دەترسان، چونکە دۆسییەیان پاك نەبوو، ئەمانەش سیاسەتێکی تایبەتییان پەیڕەو دەکرد، بۆ نموونە: لەکۆنگرەی بەڵشەفییەکاندا ئەو (شۆرکانۆڤ)ەی کە پێشتر باسمان کردو گوتمان ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەناو ڕێکخستنەکانی بەڵشەفیدا، چەند شتێکی پێشنیارو داوا دەکرد کە لەوپەڕی دڵ ڕەقیدا

بوون، هاوکات پێشنیارو داوای لەبەڕێوەبەرێتی ئاسایشی گشتی دەکرد کە پێویستە چەك و زەبرو زەنگ و توندوتیژی دژی جەماوەر بەکاربهێنرێ کەچی لەولاوە ناوبراو زێدەڕەوی دەکرد لەپشتگیری کردنی سەرکەوتنی کرێکاران لەهێرشەکانیاندا تاکو بەوەش هانی زیاتری ڕژێمی دەسەڵاتدار بدات بۆ بەکارهێنانی چەك ، بەڵام ڕاستگۆیانە جەوهەرو ناوەڕۆکی بابەتەکانی لێرەدا دەربڕیووە، ڕووداوەکانی دوایی ڕاستی ڕاپۆرتەکەی و وردی حسابگەراییەکەی دەسەلمێنن. بازنەو دەزگا باڵاکانی هەردوو سەربازگەکە لەگومان و دوودڵیدا دەژیان و ئەگەرو گریمانەی جۆراوجۆریان لای خۆیانەوە دادەنا، چونکە هیچ کامێکیان لەتوانایاندا نەبوو بەتەواوەتی حسابی تەرازووی هێرش بکات بەر لەڕوودانی ڕووداوەکان، نەشدەتوانرا کە بەڵگە دەرەکییەکان وەك پێوەرێك وەربگیرێن: یەکێك لەڕووکارە سەرەکییەکانی هەر قەیرانێکی شۆڕشگێڕیی بریتییە لەلێك نەچوونێکی زۆر لەنێوان هۆشیاری و شێوە کۆنەکەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێژەی تازەی هێزەکانیش بەشێوەیەکی نامۆ لەناخی هۆشیاری کرێکاران و سەربازاندا شارابووەوە، بەڵام دەست بەکاربوونی حکومەت بۆ هێرشێکی پێش وەختانەو گواستنەوەی بۆ سەر ئەو کارەو بەدواهاتنی هێرشی جەماوەری شۆڕشگێڕ، تەرازووی هێزی نوێی گۆڕی لەتەرازووی شاراوەوە بۆ تەرازووی کرداریانە، ئەوەبوو کرێکارەکە بەچڕوپڕی دەیڕوانییە قوڵایی چاوی سەربازەکە، لەوپەڕی ئارەزوومەندی و فەرماندەییەوە، سەربازەکەش تێڕوانین و تەماشای خۆی بەلای کرێکارەکەدا وا گۆڕی کە تەبایی نێوانیانی لێ بکەوێتەوە، دوای ئەوەی کە هەستی بەبێزاری خۆی و پشێوی خۆی کردبوو، ئەمانەش تێکڕا بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە سەربازەکە چی دی لەوێزەو توانایدا نەماوە کە متمانە بەخۆی و کارەکەی بکات، ئینجا کرێکارەکە بەگیانێکی ئازایانەو دلێرانەترەوە بەرەو سەربازەکە دەچوو، سەربازەکەش ئەگەرچی ئازاو ڕق خۆرەوە بوو، بەڵام هەرگیز دەستی نەدەکردەوەو زۆربەی جارانیش هەستی بەپەشیمانی و ئاژەنکردنی ویژدانی خۆی دەکرد، بۆیە بەرگری لەقەوارەی خۆی دەکرد لەڕێی بێ دەنگ بوونیەوە بەرانبەر بەکرێکارەکە، گەرچی چەندێ جار لەزمانێکی توندو هەڕەشە ئامێز دەهاتە قسەو هەڵدەچوو، تاکو ئەو ڕاڕاییەی ناخی دڵی خۆی پێ





داپۆشێت، بەم شێوەیە جەنگێکی خۆبەدەستەوەدانی بێدەنگ بەرپا دەبوو، ڕاستە بەوەش سەربازەکە لەگیان و بەرگی سەربازی دادەماڵدرا، بەڵام ئەوەش هەر یەکسەر پێوەی دەرنەکەوت، سەرکردەکانیش دەیانگوت: کە سەربازەکە بەمەی و بادەی شۆڕش مەست کراوە، بەڵام سەربازەکە دوایی هەستی بەوە دەکرد کە دەربازبووە لەدەست ئەو مەستییەی کە چەندین کاتە دایگرتووە، واتا: مەستی ئوردوگاو سەنگەرە سەربازییەکان و لەو تلیاکە ڕزگاری بووە، بەم جۆرە ڕۆژی یەکلاکەرەوەی یەکجارەکی هاتە بەرهەم، کە ڕۆژی (٢٧)ی فێبرایرە. دوێنێش، ڕووداوێکی لابەلایی تریش ڕوویداوە، بەڵام توانی ڕەنگ و ڕوخسارێکی تازە ببەخشێ بەهەموو ڕووداوەکانی (٢٦)ی فێبرایر: ئەوەبوو دەمەوئێوارە سریەی چواری فەوجی (بافلۆفسکی) هەڵگەڕانەوە، کە پاسەوانی خاوەن شکۆبوون. لەو ڕاپۆرتەشدا کە یەکێك لەموفەوەزەکانی پۆلیس نووسیبووی هۆکاری ئەو هەڵگەڕانەوەیەی لەچەند ڕاستییەکی جواندا دەربڕی بوو کە دەڵێت: ((ئەمە جموجوڵێکی ڕقاوییە ڕووبەڕووی خوێندکارانی ئەفسەرپۆلەکانی هەمان فەوج، ئەو خوێندکارانەی گوللەبارانی جەماوەریان کردبوو، لەکاتێکدا وایان پێ سپێردرابوو کە تەنها پاسەوانێتی شەقامی (نیفسکی) بکەن، ئەی باشە کێ هات سریەی چواری فەوجەکەی تێگەیاند سەبارەت بەو ڕووداوەو هانی دان بۆ هەڵگەڕانەوە؟ دەربارەی ئەمەش چەند شایەتی و بەڵگەیەکمان لەبەردەستدایە کە بەڕێکەوت پارێزراون و ماونەتەوە ـ گەیشتوونەتە بەردەستمان ـ لەکاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆدا کۆمەڵێکی کەم لەکرێکاران خۆیان خزاندە ناو حەشارگەکانی فەوجی بافلۆفسکی و بەچەند قسەو وشەیەکی پچڕ پچڕ سەربازەکانیان تێگەیاند کە وەڵامی ئەو گوللەبارانە بدەنەوە کە وشەیەکی پچڕ پچڕ سەربازەکانیان تێگەیان کە وەڵامی ئەو گوللەبارانە بدەنەوە کە لەشەقامی نیفسکیەوە ڕووبەڕوویان کراوەتەوە، کرێکارەکان بەسەربازەکانیشیان گوت کە ئەگەر قسەیان کرد بڵێن: ((بەهاوڕێیانتان کە هاوڕێیانی ئێوە پێشتر گوللەبارانی ئێمەیان کردوە، بەچاوی خۆمان لەو سەر شەقامە سەربازمان بینیوە کە هەمان بەرگ و جلی ئێوەیان لەبەردابووە!))، ئەم سەرزەنشتییە زۆر تەندوتیژ بوو هاوکات بانگەوازەکەش زۆر گەرم وگوڕ بوو. ((هەموو لایەکیان ڕوو زەرد بوون و جێیان پێ لێژ بوو)). هەوڵەکەشیان

بەهەدەر نەچوو، لەدەوروبەری کاتژمێر شەشی ئێوارەدا سریەی چوار جێ‌و شوێنی دیاریکراوی خۆیان بەجێ هێشت، لەسەر خواستی خۆیان بەسەرکردایەتی ئەفسەرپۆلێك - ئەی ئەو ئەفسەرپۆلە کێ بوو؟ ناوی دیار نییە، بێ ئەوەی شوێنەوارێکیشی بەجێ هێشتبێ، بەڵێ ناوی دیارنییە، هەروەکو سەدان‌و هەزاران ناو لەناوی پاڵەوانە نادیارەکان، سریەکە بەرەو شەقامی نیفسکی کەوتە ڕێ بۆ گرتنی شوێنی خوێندکارانی ئەفسەرپۆلانی فەوجەکە، ئەم کارەشیان بۆ ئاژاوەگێڕیی نەبوو، لەپێناو تیکە گۆشتێکی چەوردا، یاخود یاخی بوون نەبوو، بەڵکو کارێکی پڕ لە پێشدەستی‌و هەوڵدانە بۆ کاری شۆڕشگێڕیی‌و سەروەری، لەڕێگەشدا بەیەکادانێك ڕوویدا لەنێوان سریەی چوارو دەوریەیەکی پۆلیسدا، سریەکەش ناچار تەقەی لێکردن‌و پۆلیسێك‌و ئەسپەکەشیان کوشت‌و پۆلیسێك‌و ئەسپێکی تریش بریندار بوون، کەس نەیزانی سریەی بافلۆفسکی بەرەو کوێ چوو لەناو ئەو ئاپۆڕە قەرەباڵخەدا چی بەسەر هات، دیسان ئەندامانی سریەکە گەڕانەوە بۆ ئۆردوگاکەی خۆیان‌و هەموو ئەندامان‌و سەربازانی سەر بەفەوجەکەیان بەتەواوەتی هاندا بۆ بەگژاچوونەوە، بەڵام چەکەکان دیار نەمابوون، بەپێی هەندێ ڕێنومایی ئەوە بوو شۆڕشگێڕەکان (٣٠) تفەنگیان پێدان، پاش کەمێك فەوجی (بریوبراجینسکی) گەمارۆیانداو (١٧) سەربازیان لێ لەکارخست‌و لەناو قەڵاکەدا بەندیان کردن‌و ئەوانی دیکەش خۆیاندا بەدەستەوە، بەپێی زانیاری تر هەر لەم ئێوارەیەدا (٢١) سەرباز چەکەکانیان شاردبوەوەو پێیان نەمابوون، دوای بەدواگەڕاندا ئەوەیان بۆ دەرکەوت، دیارە ئەمەش (ڕاکردن)ێکی ترسناکە، ئەم سەربازە دیارنەماوانەش بەدرێژایی شەو خەریکی گەڕان بوون بۆ دۆزینەوەی هاوپەیمانەکانیان‌و بەرگری لێکردنیان‌و هیچ کەسێك نەبوو کە لەو قەیرانە ڕزگاریان بکات، مەگەر تەنها سەرکەوتنی شۆڕشەکە، کرێکاران لەئەندامان‌و سەربازەکانی سریەکەوە هەموو زانیارییەکیان دەست کەوت‌و دەیانزانی ڕەوتی ڕووداوەکان چۆنە، هیچ ڕووداوێکیش نەبوو کە زەنگی پێش وەختی ئاگادارکردنەوە نەبووبێت بۆ ڕەوگەی ئەو جەنگەی کە سبەینێ ڕوودەدات. بەناوبانگترین‌و ناسراوترین سەرکردەی لیبڕاڵییەکان (نابۆکۆڤ) کاتژمێر یەکی هەمان شەو بەپێ گەڕایەوە، دوای ئەو کە شەوگارێکی دورودرێژی لەگەڵ





هاوڕێکانی بەپیادەیی بەسەر برد بەسەر شەقامە تاریك‌و ترسناکەکاندا، (نابۆکۆڤ) پڕبوو لەترس‌و هەست‌و بۆچوونی زۆر ئاڵۆز، یاداشتەکانی ناوبراو وەك ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی تەماشا دەکران‌و لەلایەن حیزبەکەیەوە جێ بەجێ دەکران، ڕەنگە لەڕێگەدا چاوی کەوتبێ بەیەکێ لەڕێبوارو ڕاکردەکانی فەوجی (بافلۆفسکی) لەسەرەڕێداو هەردوولایان هەوڵیانداوە بەخێرایی لەیەکتری دووربکەونەوە، وە هیچ شتێکی ئەوتۆیان لەبەدەستدا نەبووە کە بەیەکتری بڵێن، لەگەڕەکە کرێکارنشینەکان‌و ئۆردوگا سەربازییەکاندا هەندێ کەس شەویان ڕۆژ کردەوە، یاخود بەڕاوێژو گفتوگۆ بەسەریان برد، هەروەها هاوکات هەندێکی تریان بەنیوە خەواڵویی بەگەرمی خەونیان بەسبەینێوە دەبینی، لەم شوێنەدا سەربازێکی ڕاکردەی فەوجی (بافلۆفسکی) پەناگەیەکی بۆ خۆی دۆزییەوە.

ئەو تێبینی‌و سەرنجانە چەند زۆرن دەربارەی جەنگە جەماوەرییەکانی مانگی (فێبرایر) کە نەیانتوانیوە بەتەواوەتی بارودۆخی ڕاستەقینە لێك بدەنەوەو ڕاڤەی بکەن، ئەگەر بەراورد بکرێن بەو کورتە ڕاپۆرتانەی دەربارەی جەنگەکانی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم) بەرزکرابونەوەو بەسرابوون، یاخی بووەکان‌و هەڵگەڕاوەکان لەژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا بوون کە ڕۆژانە سەرکردایەتی دەکردن‌و گوتارو نوسراوو بڵاوکراوەو بەڵگە ڕەسمییەکانیش بەلایەنی کەمیانەوە رووکاری بەردەوامێتی خەباتەکە بوون، بەڵام لەمانگی فێبرایردا، کاروبار بەو جۆرە نەبوو، چونکە جەماوەر لەلایەن سەرکردایەتییە باڵاکانەوە سەرکردایەتی‌و ئاڕاستە نەدەکران، ڕۆژنامەکانیش بێ دەنگ‌و سەنگ بوون، مانگرتن‌و کودەتا زۆر بەهێزبوو، جەماوەر خەریکی دروست کردنی مێژوویەکی تایبەت بەخۆی بوو بێ ئەوەی تەماشایەکی دوای خۆی بکات‌و ئاوڕێك بەو بارەدا بداتەوە، کرداری دروست کردنەوەی دیمەنێکی زیندوی ڕووداوەکانی کۆڵان‌و شەقامەکان بەجۆرێکی ئەوتۆ بوون کە تا ڕادەیەك وێنا ناکرێ، هەق وایە زۆر دڵخۆش بین ئەگەر بتوانین سەرکەوتووبین لەدۆزینەوەی سەرەداوی بەدوایەکدا هاتنی ڕووداوەکان بەشێوە گشتییەکەیان‌و لۆژیکە ناوخۆییەکەیان. حکومەتیش کە ئیتر وازی لەدام‌و دەزگاکانی دەسەڵات هێنابوو بەشێوەیەکی گشتی‌و تێکڕایی زۆر ڕەش بینانەتر لە ڕەشبینی حیزبە چەپەکان دەیڕوانیە ڕووداوەکان کە ئەو حیزبانە، وەك هەموومان دەزانین لەئاستی ئەو

ڕووداوانەدا نەبوون، دوای ئاگربارانکردنە سەرکەوتووەکەی ڕۆژی (٢٦)ی مانگیش ، وەزیرەکان بۆ ساتێکی کەم هەستیان بەئاسودەیی‌و حەوانەوەی خۆیان کرد، لەبەرەیانی (٢٧)ی مانگدا (پرۆتۆبۆبۆڤ) لەبەیاننامەیەکی پڕ لەدڵنیاییدا جەختی کردەوە کە ((ژمارەیەکی بەرچاو لەکرێکاران ئامادەن بۆ چوونەوە سەر کارەکانیان)) بەپێی ئەو زانیاریانەی پێی گەیشتبوون لەکاتێکدا هەرگیز کرێکاران هەر بیریشیان لەوە نەکردبووەوە کە تازە بچنەوە سەر ئامێرو دەزگاکانی کارەکانیان، لەولاوەش گوللەبارانکردن‌و کارەساتە دڵتەزێنەکانی دوێنێ یەکتۆز لەورەی جەماوەریان کەم نەکردبووەوە، ئەی باشە چۆن ڕووداوەکە لێك بدرێتەوە؟ بێگومان ئەو کرێکارانەی کە بەنیازی چوونەوە سەرکارەکانیان بوون زۆر کەمتر بوون لەو کرێکارانەی کە تازە بەتازە هاتبوونە ڕیزی مانگرانەوە، جا ئەوەبوو دوای هەڵڕژانی کرێکارانی بۆ سەر شەقامەکان‌و بەیەکادانیان لەگەڵ دوژمنداو داوەشانی سەرشانی سەربازان‌و خۆدزینەوەیان بەبن گەدەی ئەسپەکانداو ڕاکردنیان بەشێوەیەکی پڕ لەرق‌و قینەوەو بەجێ هێشتنی تەرمی کوژراوەکان لەدووریانی ڕێگەوبانەکانداو دەستکەوتنی هەندێ چەك‌و تەقەمەنی‌و ڕاگواستنی هەواڵ‌و دەنگ‌وباسەکان‌و گەلاڵە کردن‌و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەکان‌و دوای ئەمانەو چەندین شتی تری لەو شێوانە، جەماوەرە پەرتوازەو پەراکەندەکە بوو بەمرۆڤێکی کۆمەڵ گەل‌و هۆشیاری خاوەن چاوو گوێ‌و هەست‌و نەست تا ئەوپەڕی سنوور، ئەو جەماوەرە بەجۆرێك لەجۆش‌و خرۆشدا بوو بۆ بەربەرەکانێ کردن کە ئەگەر شەو گۆڕەپانی جەنگی چۆڵ بکردایە، ئەوا سبەینێ لەڕۆژەکەیدا سەرلەنوێ دەگەڕایەوە مەیدان‌و ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی خۆی دەست پێدەکردەوە، لەگەڕەکەکان، لەکۆڵانەکان، لەماڵ‌و کارگەکاندا، دیسانەوە جارێکی دیکە تێڕامان‌و سروشتێکی تازەی خەبات دەگیرایەبەر، ڕووداوی بچووك بچووك ڕوویان دەدایەوە، هەروەك دوێنێ کۆسپ‌و تەگەرەش دەهاتنە ڕێ، حسابی ڕۆژێکی سەنگینی بۆ دەکرا، لەشەوی (٢٧)ی مانگیشدا کوت‌وەمت حسابگەراییەکە بەگشتی لەو شێوەیە دەچوو کە (شۆرکانۆڤ)ی ئاگر خۆشکەرو ماستاوچی پێشکەشی دەسەڵاتدارانی کردبوو. هەر لەبەیانییەکەیەوە، کرێکاران دابارینە کارگەکانیانەوە‌و لەسەندیکا گشتیەکانیانەوە بڕیاریاندا کە سوور بن





لەسەر کۆشش‌و خەبات، دەریش کەوت کە کرێکارانی گەڕەکی (فیبۆرغ) لەهەموو کرێکارانی تر خۆڕاگرترو بەجەزرەبەترن، هەروەکو پێشتریش هەر وابوون، بەڵام ئەو کۆبونەوانەی لەفەرمانگەکانی تردا دەکران لەم ڕۆژەدا پڕبوون لەجموجۆڵ‌و چالاکی، بڕیاری تێکڕای دەنگ‌و گشتی ئەوەبوو کە بەردەوام بن لەجەنگ‌و خەبات کردن!، بەڵام ئاخۆ ئەو بڕیارە چ واتایەکی هەبێت، کە کوت‌وەمت‌و بەتایبەتی لەم ڕۆژەدا ڕایانگەیاندووەو لەسەری کۆك بوون؟ ئەوەبوو مانگرتنی گشتی بوو بەهۆی سەرهەڵدانی چەند مانگرتنێکی شۆڕشگێڕانە کە جەماوەرێکی زۆر بەشدار بوون تیایاندا، مانگرتن‌و ڕاپەڕینەکەش بەیەکدادانی لێکەوتەوە لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس‌و کەرتە سەربازییەکان، بڕیاردانیش لەم ڕۆژەدا بۆ سووربوون لەسەر جەنگ‌و درێژەدان بەخەبات واتا هەڵگەڕانەوەو یاخی بوونی چەکدارانە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە یاخی بوونی لەم جۆرە هەرگیز لەخشتەی کاری حیزبی شۆڕشگێڕیدا پێشتر دانەنرابوو. نۆ لەسەر دەی ئەوان هونەری سەرکردایەتی شۆڕشیان لەسەخت ترین ساتەکاندا پابەند کردبوو بەدەنگ‌و خواستی جەماوەرەوە ـ هەروەکو (کییۆرۆڤ) لەتیلەچاوێکی ئەو قۆزاقەوە شتی تری هەڵگواست کە بوو بەمایەی سەروەری بزوتنەوەی کرێکارانی شۆڕشگێڕ لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە، (واش پێویست بوو)، کە تێڕوانینەکە لەبوارێکی پان‌و فراوانتردا بوایە، ئەو شتەش کە هێزێکی زۆر گەورەی بەرپا کردبوو لەبوونی ((لینین))دا بریتی بوو لەو توانایەی ناوبراو کە نەدەکرا دابەزێنرێتە ناو قوڵایی جەماوەرەوە، بەڵام خۆ (لینین) لەپترۆگراد نەبوو، و سەرکردە سۆسیالیستە شەرعی‌و نیمچە شەرعییەکانیش لەگەڵ لایەنگرانی (کرنسکی)و (تەشخیدزە)و (سکۆبۆلیڤ)و سەرجەم ئەوانەی لەدەوروبەریان کۆببونەوە، پەیتا پەیتا ئاگادارییەکانیان دووبارە دەکردەوەو بزوتنەوەکەیان هەڵەو گێڕ دەکردەوە، تەنانەت دەزگای ئەرکانی مەڵبەندیی بەڵشەفییەکانیش کە لە (شلیابنیکۆڤ)و (زالۆتسکی)و (مۆلۆتۆڤ) پێك هاتبوو دەستەوستانی‌و سستییەکی بەرچاویان تێدا دەرکەوتبوو بەرانبەر بەو بارودۆخە، گەڕەکەکانی شار هەروەکو ئۆردوگا سەربازییەکان سەربەخۆ کاریان دەکرد، یەکەم بڵاوکراوەی چاپکراویش کە لەلایەن ڕێکخراوی سۆسیال دیموکراتە نزیکەکانی بەڵشەفییەکانەوە ئامادەکرابوو، وە ئاڕاستەی

کەرتە سەربازییەکان کرابوو، تاکو ڕۆژی (٢٦)ی مانگ دابەش نەکراو بڵاونەکرایەوە، لەبەربەیانی ڕۆژی (٢٧)ی مانگدا ئەم چاپکراوە بڵاوکرایەوە کە بەدەستەواژەی وا نووسرابوو هەندێ دوودڵی پێوە دیاربوو لەهەموو لایەنێکەوە، تێبینی ئەوەش کرابوو کە بڵاوکراوەکە هانی سوپا نادات بۆ لایەنگیرکردنی جەماوەری گەل، (ئێیۆرنییڤ) کە یەکێك لەسەرکردەکانی ڕێکخستن بوو، بەڕاشکاوانە گوتی: ((... لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوتی ڕووداوەکان زۆر خێرابوون، بەڕادەیەك کە دروشمەکانی ئێمەش درەنگ گەیشتن، کاتێکیش بڵاوکراوەکانمان لەناو جەرگەی سەربازەکاندا بڵاوکرانەوە ئەم ناوەندە سەربازیانە کەوتبوونە جموجۆڵ))، سەبارەت بەسەرکردایەتی بەڵشەفییەکانیش ئەوا (شلیابنیکۆڤ) هیچ شتێکی چاپکراوی بڵاونەکردەوە کە بانگی سەربازەکان بکات بۆ بەشداری کردن لەڕاپەڕینەکەدا هەتا بەربەیانی ڕۆژی (٢٧)ی مانگو ئەوەش پاش گوشارێکی زۆری ((تشۆگۆرین))و پێداگرتنی لەسەر ئەو داواکارییە، ناوبراو یەکێکە لەو گەورە سەرکردە کرێکاریانەی لە (فێبرایر)دا دەرکەوتن. ئەدی ئەم بڵاوکراوەیە چاپ کرا؟ لەزوربەی باروجاراندا بڵاوکراوەکە دەرنەکەوت هەتا کۆتایی دانیشتنەکەو ساتو کاتەکانی قوڵ بوونەوەو بڵاوە لێکردنی کۆبوونەوەکە. مەحاڵە باوەڕ بەوە بکەین کە ئەم بڵاوکراوەیە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر شۆڕشی (فێبرایر) هەبووبێت لە (٢٧)ی مانگدا، وا باشە سەرەتا بڕوایەکمان بەوە هەبێ کە بڵێین لەبنەڕەتدا سەرکردەکان لەم ڕۆژگارەدا زۆر لەجەماوەر دواکەوتبوون، بەڵکو لەبەرزاییەوە تەماشای ڕووداوەکانیان دەکردو بەسەریا زاڵ بوون. بەڵام ئەو ڕاپەڕینەی کە هیچ کەسێ ئاماژەی بۆ نەکردبوو تا ئەو ڕۆژەش، توانی خۆی بگەیەنێتە خشتەی کاروبارەکانەوە، بیرو هۆشی کرێکارانە بەتەواوەتی لەسەر سوپا چڕ ببووەوە، ئەو پرسیارەش کە دووبارەو سێ بارە دەکرایەوە ئەوەبوو ئاخۆ: دەکرێت سوپا رابکێشرێتە ناو ڕیزەکانی جەماوەری ڕاپەڕیوەوە یان نا؟ لەمەولا پشێویە جیاجیاکان نایەنەوە ئاراوە، وە کرێکارانی گەڕەکی (فێبۆرغ)یش لەبەردەم ئۆردوگای فەوجی (مۆسکۆفی) کۆبونەوەو یەکیان بەست، گەرچی ئەم بیرۆکەیەش ئەنجامێکی خراپی بەدەستەوەدا جا ئایا گرانە کە ئەفسەرێك یان یاریدەدەرێك پەنجە بەپەلەپیلکەی ڕەشاشەکەیدا بنێ؟ بەڕاستی ئەوەش ڕوویداو گوللەبارانێکی





چڕوپڕی کرێکاران کراو هاوشێوەی ئەو کردەوەیەش هەوڵی بۆ درا لەبەردەم ئۆردوگای فەوجی سپێرداو ئاکامەیشی هەمان ئامانج بوو، ئەفسەرەکانیش بەخۆیانو چەکە ئامادەکانیانەوە لەنێوان کرێکارو سەربازەکاندا بوون، ڕقو تووڕەیی ئەو سەرکردە کرێکاریانەی داگرت کە بەدوای دەسکەوتی چەکدا دەگەڕانو داوایان لەحیزب دەکرد کە چەکیان بۆ دابین بکات، حیزبیش وەڵامی دانەوە کە چەك ئەوەتا بەدەستی سەربازانەوەیە، پێویستە لەوانی بسەنن، کرێکاران خۆشیان ئەوەیان دەزانی، بەڵام چۆن چۆنی دەستیان بکەوێ؟ ئەی چی ڕوودەدات ئەگەر بەتەواوەتی ئەمڕۆ لەو جەنگەدا بدۆڕێن؟ بەم جۆرە گەیشتە خاڵێکی مۆلەقو تەنگەتاو لەو جەنگەدا، تەنانەت ڕەشاشەکان دەتوانن خاشاکی جەنگ بەتەواوەتی گسك بدەن ئەگەر بێتوو ڕاپەڕینەکە بەڕەشاش باربۆو بەهێز نەکرێت. (شلیابنیکۆڤ) کە ئەوسا ئەندامێکی سەرەکی سەرکردایەتی بەڵشەفی بوو لەپترۆگراد، لەیاداشتەکەیدا وا باس دەکات کە ڕازی نەبووە بەهێنانە دی خواستی کرێکاران کە داوای چەکیان دەکرد، کاتێکیش کرێکارەکان زۆر پێیان لەسەر ئەو داواکاریە دادەگرت بەلایەنی کەمەوە ڕەوانەی دەکردن بۆ ئۆردوگا سەربازییەکان تاکو داوا لەسەربازەکان بکەن چەكو دەمانچەیان بدەنێ، ئامانجیش لەم وەڵام نەدانەوەیەدا ئەوەبوو کە کرێکاران پەناگیرو دوور بگرن لەبەیەکادانی خوێناوی نێوان سەربازو کرێکارانو تەنها پشت بەمانگرتنو هاندان ببەستن، واتا: پشت بەوشەی جوان ببەستنو نمونەی باش بخەنە بەرچاوی سەربازانو سەرنجیان ڕابکێشن بۆ چەك دانان، ئێمە نازانین چی شایەتیو ڕێنوییەکی دیکە سەبارەت بەپەسەند کردنو پەسەند نەکردنی داوای کرێکاران لەلایەن ئەو سەرکردە گەورەیەی ئەو ڕۆژگارەوە ئاراستە کراوە، ئەمە تەگبیرو کارێکی ڕاکردنانەو دووربینانەیە، ئەگینا ئەوە خۆ ئاسان بوو کە سەرکردەکان دان بەوەدا بنێن کە ئەوان خاوەن چەك نینو بەسانایش بۆیان دابین ناکرێ، بێگومان چارەنووسی هەموو شۆڕشێکیش لەیەکێك لەقۆناغەکانیدا ڕای گشتی سوپا بڕیاری لەسەر دەداتو ئەوەیان بەتەنها بەس نییە کە جەماوەری گەل بەبێ چەك یان نیمچە چەکەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن لەبەرانبەر ژمارەیەی زۆری دوژمندا، کە ڕێکخراوو مەشق دادراو پڕ کەرەسەنو بەوپەڕی شارەزاییەوە سەرکردایەتیو ڕێنومایی دەکرێن، بەڵام خۆ هەموو قەیرانێکی

نیشتمانیش کاریگەری خۆی لەسەر سوپا هەیە، یەکێك لەمەرجەکانی شۆڕشی جەماوەریی ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەندێ لەدەروازەی ئەگەرەکان والاّ بکات ـ بێگومان بەبێ هیچ زەمانەتێك ـ بۆ سەرکەوتنی بزوتنەوەکە، دوای ئەوەش سوپا بەتەنها نایەتە ناو هەڵگەڕاوەو یاخی بوانەوە، هاوکات ناشبێتە دەرەنجامی کودەتاو مانگرتنیش، چونکە سوپا لەچەند ڕەگەزێکی جیاجیا پێك دێتو هەمووشیان بەترسێکی ڕێك‌وپێکەوە پێك بەست کراونەتەوە، لەدوا ساتەکانی یەکلاکەرەوەی جەنگیشدا سەربازە شۆڕشگێڕەکان توانای خۆیان بەتەواوەتی نازانن، ئاخۆ تا چی ڕادەیەك کاریگەریو توانایان بڕ دەکات. ئەوەش شتێکی سروشتییە کە جەماوەری کرێکارانیش هەر هاوجۆرو یەك شێوە نین، بەلاّم لەسەربازەکان بەتواناترن بۆ چاو بەخۆداخشاندنەوەیان لەکاتی خۆ ئامادەکردنیان بۆ هەڵمەتو جەنگی یەکلاکەرەوە. لەبەرئەوە کۆبونەوەو پشێوی نانەوەو خۆنیشاندانیش لەکارە خەباتگێڕەکانو هۆکاری پێوانەکردنیشن بۆ زانینی توانستی ئەو خەباتە، هاوکات هەموو گروپو کۆمەڵە جەماوەرییەکانیش خۆیان لەمانگرتنو کودەتاکانەوە ناگلێننو مەرجیش نییە هەموو بەشداربوویەك ئامادەبێ بۆ کوشتو کوشتار، بەلاّم دەبینین چۆن لەدواساتەکاندا کرێکارانی سەر شەقامەکان چەندە سورن لەسەر کوشتار، ئەوانەی کە دوودڵیشن لەو ڕووەوە بەهۆی پاڵنەری خاوو خلیچکییەوە یان بەهۆی گیانی موحافیزکارانەوە لەماڵەوە دەرناچن، لەو کاتانەدا جۆشی شۆڕشگێڕانەیان بەشێوەی ئۆتۆماتیکی کڵپە دەسەنێ، مێژووش خۆی پیاوان لەبێژنگ دەدا، بەلاّم بارودۆخەکە لەناو سوپادا تەواو جیاوازە، چونکە سەربازە شۆڕشگێڕەکانو هاوسۆزدارەکانو دوودڵەکانو دوژمنکارەکان هەر پابەن بەو یاسا توندوتیژە سەربازییەوە دەمێننەوەو تا دواهەمین سات جڵەویان بەدەستی ئەفسەرەکانەوە دەبێ، سەربازەکان هەروەکو جاری جاران دنیا دەبیننو ئێستاش لەسەر ئەو نەریتەن کە ئەمەیان هێڵی ڕیزی یەکەمەو ئەمەیان هێڵی ڕیزی دووەمە، ئیتر چۆن دابەش دەبن یاخود دەبن بە یاخیو ملکەچ ـ بۆ دوژمنەکانیان ـ؟ ئەو ساتە دەرونیەی کە تیایدا سەربازەکان ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی بەرەو شۆڕشگێڕیی هەنگاو بنێن، ڕێگەیەکی دورودرێژو دەشگاتە خاڵی مۆلەقی خۆی هەر ڕەوتو ڕێڕەوێکی تر، بەلاّم ئەی ئێمە ئەم خاڵە لەکوێدا دابنێین؟ لەوانەیە کەرتە





سەربازییەکان لەوپەڕی ئاماباشیدا بن تاکو بێنە پاڵ گەل، بەلاّم لەدەرەوە هیچ پاڵنەرێکی پێویست بەدی ناکرێت کە هانیان بدات، لەوانەیە سەرکردایەتییە شۆڕشگێڕەکانیش هێشتا لەو باوەڕەدا نەبن کە هاتنە پاڵی سوپا بۆلایان لەقازانجی ئەواندا بێت، بەم جۆرە باوەڕەش کە قەناعەتی وابێ ئەوا سەرکردایەتییە شۆڕشگێڕەکان ئەگەری سەرکەوتن لەدەست دەدەن، وە دوای ئەم یاخی بوونە کامڵەی کە نەهاتە دی، دەشێ بەرپەرچدانەوەش لەلایەن یەکەو کەرتە سەربازییەکانەوە دروست ببێ، سەربازانیش ئەو ئاواتەیان نەمێنێ کە پێشتر دەیبزواندنو دەیخستنە جموجۆڵ، ناچار سەرلەنوێ ملکەچ بکەنەوە بۆ یاساو سستمی سەربازیانەی پێشوویان، خۆیان لەڕووبەڕووبوونەوەدادەبیننەوە کاتێك بەکرێکاران دەگەن، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو بەیەکترگەیشتنەی نێوانیان دوور بەدوور بێت، لەم بارەدا بەتەواوەتی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو هۆکارانەی ناهاوسەنگن یان بەگران هاوسەنگ دەکرێنو ئاڕاستە یەکتربڕەکانو بەکۆمەڵ بانگکردنی خەڵکی بۆ هاوبەشیکردنی شۆڕش یاخود بەتاك بانگکردنیان گەلێك زۆرو زەبەندن، بەلاّم لەم ئاژاوەیەی کە هێزە ماددیو دەروونییەکانی تێدا ئاوێتە بووە دەرئەنجامێکی ئەوتۆمان دەستکەوت کە زۆر ڕوونو ئاشکرایە، بەڕاددەو شێوەیەکی وا کە لەوێزەدا نییە. سەربازەکانیش بەخۆیانو قەوارەیانەوە زۆر چاك دەتوانن نێزەکانیان بخەنەوە ناو کێلانەکانیان، یان وەریانگێڕنەوە بەلای دوژمندا، یاخود بەخۆیانو چەکەکانیانەوە بێنە ناو ڕیزەکانی جەماوەرەوە، لەکاتێکدا دڵنیابن کە جەماوەر بەڕاستی ڕاپەڕیوەو وازناهێنێ، نەك تەنها خۆنیشاندانێکی کەفو کوڵو کاتیی بێتو سەربازی داماو سوور بزانێت کە دوایی دەبێت هەر بگەڕێتەوە بۆ سەنگەرو جێو شوێنی خۆیو لێی بپرسێتەوەو باجی هەڵەکانی بدات، لەو بارەدا پێویستە سەربازەکان دڵنیا بکرێنەوە لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوەوە کە ئەمە جەنگی مانو نەمانو یەکلاکەرەوەیەو جا ئەگەر سوپای لەگەڵدا بێت ئەوا گەل زۆر بەئاسانی سەرکەوتنی خۆی مسۆگەر کردووە، ئا بەم شێوەیە سەربازەکان نەك هەر دڵنیا دەبێ لەوەی کە تۆڵە سەندنەوەو سزا چاوەڕوانی ناکات بگرە کرانەوەو چاکسازییەکی تەواویش لەگەڵ بوونی ئەودا بوونی دەبێت، بەدەربڕینێکی ساناتر بڵێین: هەرگیز شۆڕشگێڕان ناتوانن گۆڕانکاری بەسەر باری هزری

سـەربازەکاندا بهێـنن تـاکو ئـەوان بەتـەواوەتی ئامـادە نـەبن بـۆ سـەندنی مـافو بەدەستهێنانی سەرکەوتنی یەکجارەکی، جا بەهەر نرخێك بێت، تەنانەت ئەگەر ئەو نرخـە خوێنی گەشی خۆشیان بێت، دیارە ئەم کارە پڕ بایـەخو بـەرزەش بـەبێ چـەك نایەتـەدیو دەسـت ناکـەوێ. لەگەرمـەی سـاتە پـڕ لەتەگەتاوییـەکانی ڕووبەڕووبوونـەوەی هێرشـی جەماوەری بۆ سەر ئەو سەربازانەی ڕێگەکانیان لەبەردەمدا تـەنیبوون، کـە دواکـاتو دوا خولەکی یەکلاکەرەوەی چارەنووسە، دیارە ئەم خولەکەش کاتێك دێت کە کۆسپو ڕێگرو پـێچو دەورە خۆڵەمێـشییەکانی نەبووبنـە پەردەیـەكو دواتـر لێـك هەڵبوەشـێتو لـەو دەمانەشدا کە سەربازەکان شان بەشانن، کەچی وێڕای ئەو هاوشانیەی نێوانیشیان ڕاڕانو دڵیان بەلایەکی تردا دەڕوات، هەر لـەو کاتەدایـە کـە ئەفسەرەکەیان چـەندێك ئازایـەتی لەناخیدا مابێ، تا ئەوپەڕی سنور خۆی دەهەژێنێو دەکەوێتە تەقـەکردن. قیـژەو هـاواری جەماوەر گرمەی دێت، قیژەو زەنای ترسو بیمو هەڕەشەو تۆقاندن بەسەر دەنگی فرمانی سەرکردەدا زاڵە، بەڵام تەنها نیوەی پانتایی ئەم دەنگە دادەپۆشێ، بۆیە چەکەکان لەتەقـە دەکـەون، جـەماوەر گوشـاری زیـاتر دروسـت دەکـات، ئـیتر لـەم کاتەدایـە کـە یـەکێك لەئەفسەرەکان لوولەی دەمانچەکەی دەگرێتـە یـەکێك لەسـەربازە گومـان لێکراوەکـانی، ئەمـەش (چرکەسات)ی یەکلاکەرەوەیە لـەناو (خولـەکی یەکلاکـەرەوە)دا، ئـیتر ئـازاترین سەرباز لەم کاتەدا دەکەوێتە سـەر زەویو خۆنەویستانە سـەربازەکانی تـر بـۆی دەڕوانـن، ئەفـسەرپۆلەکەش چـەکی سـەربازە کوژراوەکـە هەڵدەگرێتـەوەو دەکەوێتـە تەقـەکردن لەجەماوەر ـ کەواتە دیسان پەردەکـە سـەرلەنوێ دروسـت دەبێتـەوە، چـەکەکان سـەربەخۆ لەوناوە فڕێ دەدرێن، جەماوەرە زۆرەکەش وەك گسکیان لـێ درابـێ، ون دەبـنو لەسـەر شەقامو گۆڕەانەکان دیارنامێنن، بەڵام گەلێك جاری واش هـەبووە کـە پێـچەوانەی ئەمـە ڕوویـداوە لەسـاڵی ١٩٠٥داو لەسـاتە مۆڵـەقو یەکلاکەرەوەکانـدا بـوو کـە ئەفـسەرەکە دەستی لەسەر پەرەپیلکەی چەکەکەی دنابووکـە تەقـە بکـاتو جـەماوەر بڕشـێنێ، بـەڵام جـەماوەر ئازایانـە پـێش دەسـتییان دەکـردو ئەفـسەرەکەیان لـەناو دەبـرد، بـەڵام کـام جەماوەر؟ ئەو جەماوەرەی کە کەسانی سـەرکردەی بـەتوانای تێـدابوو، وەکـو (کیـیۆرۆڤو تشۆگۆرین)، ئەم کارەش لەئەنجامی بەگژاچوونەوەیەکی سەرشەقام بەتەنها بڕیاری لەسـەر





نادرێت، بەڵکو ڕەنگە پەیوەست بێت بەهەموو ڕۆژگارە شۆڕشگێڕییەکانو بگرە سەراپای چارەنووسی هەموو ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەکەش. ئـەو خاڵـە گرنگـەی کـە (شلیابنیکۆڤ) ڕەچاوی کرد بۆ پاراستنی کرێکاران لەبەیەکدادانی توندوتیژ لەگەڵ سەربازاندا بەوەی کە ڕازی نەبوو چەك دابەش بکرێ بەسەر کرێکارانـدا ـ چـالاکییەکی وا نـەبوو بەشـێوەیەکی گشتی بێتە دی، بۆ نموونە کرێکاران بەر لـەوەی لەگـەڵ کەرتـە سـەربازییەکاندا بەجـەنگ بێـت، چـەند جارێـك ڕووبـەڕووی پـۆلیس ببوونـەوە، جـەنگی سەرشـەقامەکانیش بەچـەك کردنـی فرعەونـە ڕەزا گرانـەکان دەسـتی پێـکردو دەمانچەکانیـشیان کەوتـە بەردەسـتی شۆڕشگێڕان، دەمانچە خۆی بەتەنها چـەکێکی لاوازەو دەبێتـە بوکەڵـەو یـاری منداڵانـە ئەگەر بەرەشاشو تفەنگەوە بەرانبەری بوەستنەوە، یان بەتۆپو هاوەنی دوژمنانەوە. بـەڵام دەپرسین ئەدی دوژمن خۆی ئەو جۆرە چەکانەی هەبوو؟ کرێکاران داوای چەکیان دەکـرد، تاکو ئەوە بێتەدی، مەسەلەکە زیاتر مەسەلەیەکی دەروونییە، وێڕای ئەم ڕاستیەش دەبێت بزانین کـە نابێـت ڕەوتو بـارە دەروونییـەکان لـەواقعی مـاددی جیابکرێنـەوە، تەنانـەت لەکاتی یاخی بوونی چەکدارانەشدا، جا بۆ ئەوەی چەکی سەربازمان دەست بکەوێت ئـەوا پێویستە سەرەتا فیرعەونەکان لەدەمانچەکانیان دابڕینو لێیـان بـسەنین ـ و ئـەم کـارەش وەك کارێکی سەرەتایی بەکەم نەزانین. لەم سـاتانەدا تورەبـوونو هەڵـچوونی سـەربازەکان کەمتر کاریگەربوون لەهەڵچوونی کرێکاران، بەڵام هیچ کـەمتر نـەبوون لـەڕووی قـوڵاییی ناخیانەوە، باجارێکی تر بیخەینەوە بیرمان کە لەبنەڕەتدا سەربازگەو ئۆردوگاکان لەچەند کەتیبەیەکی یەدەك پێك هاتبوون و هەزاران کەسی تایبەتییان تێـدابوو بـۆ تـەواوکردنی کەتیبەکانی ناو بەرەکانی جـەنگ. زۆربـەی ئـەو کەسـانەش خـاوەن مـاڵو خێـزان بـوونو نەیاندەویـست بڕۆنـە نـاو خەنـدەكو سـەنگەرەکانی جەنگـەوە، لەکاتێکـدا کـە هێـزە شـەڕکەرەکان جـەنگیان دۆڕانـدبوو وڵاتـیش بـەرەو وێرانـەیی دەچـوو، ئـەمان جـەنگیان نەدەویـست، بـەڵکو خوازیـاری گەڕانـەوە بـوون بـۆ نـاو مـاڵو منـاڵی خۆیـانو ژیـانی خێزانییان کە جاران تیایدا بوون، بەتەواوەتی ئاگاداری ئەو شـتانە بـوون کـە لەکۆشـکی پاشـادا ڕووی دەدا، هەسـتیان بـەبوونی هـیچ پەیوەندییـەك نـەدەکرد کـە ئـەوان بـەو حوکمڕانییـە سـتەمکارانەیە ببەسـتێتەوە، نەیاندەویـست دژی ئەڵمانییـەکان بجـەنگن،

هەروەك نەشیاندەویست هەرگیز دژایەتی کرێکارانی پترۆگراد بکەن، زۆر ڕقیان لەچینی دەسەڵاتداری پایتەخت دەبووەوە، چینێك کە لەدەمەدەمی جەنگدا سەرگەرمی داوەت و داوەتکاری خۆیان بوون، هەر لەناو ئەم کەسانەدا کرێکاری وایان تێدابوو کە خاوەنی ڕابوردویەکی شۆڕشگێڕانەی تۆکمە بوون، دەشیانزانی کە کام دەستەواژەی باو بەبەر ئەم بارودۆخە هزرییەدا بکەن. کێشەی سەرەکی لەسەرکردایەتی کردنی سەربازەکاندا بوو بۆ قۆستنەوەی گیانێکی شۆڕشگێڕانەی قووڵ، کەچی ئەو گیانە پەردەداربوو لەکاتی ئەنجامدانی کاروکردەوەی یاخی بوونێکی ئاشکرادا، یان بەئامانجی ڕێگرتن بوو لەکارکردن وەك سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی یاخی بوونەکە. لەڕۆژی سێهەمدا سەربازەکان بەتەواوەتی لەوێزەیاندا نەما کە هەروا بێلایەن بمێننەوە بەرانبەر بەڕاپەڕینەکە، چەند زانیارییەکی کەرت و پەرت و هەمەجۆرمان لەبەردەستدایە کە بەڕێکەوت بەردەستمان کەوتوون و باسی ئەو ڕووداوانە دەکات کە لەنێوان کرێکارو سەربازاندا لەو ساتە یەکلاکەرەوانەدا ڕوویانداوە و ئێستاش ئێمە دەزانین کە چۆن چۆنی کرێکاران لەو کاتەدا دەنگیان بەرزکردووەتەوە بەسەر سەربازانی فەوجی ((بافلۆفسکی))داو سکاڵا توندوتیژەکانیان و ڕەخنەکانیان لەشێوە ڕەفتارە ناشرینەکانی ئەفسەرپۆلەکاندا[١٣٦] پێشکەشکردوون، شانۆگەری نمایش کرا، گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە کرا، لەهەموو شوێنەکانی شارەوە ڕەخنەو نارەزایی خرانەڕوو، بۆیە سەربازەکانیش چی تر کاتیان لەبەردەست نەمایەوە تاکو دوودڵ و بەگومان بن، ئەوەبوو هەر دوێنێ دەسەڵاتدارانی ڕژێم ناچاریان کردن کە تەقە لەجەماوەر بکەن و ئەمڕۆش دیسانەوە هەر ناچاریان دەکەنەوە، لەولاوەش کرێکاران سوورن لەسەر هێنانەدی ئامانجەکانیان لەژێر لافاوی گوللەدا، ژنانی کرێکاریش لەنزیکیانەوە ڕاوەستاون و هاوخەباتن لەگەڵیاندا، هەروەها دایکان، خوشکان، هاوسەرەکانیان، هەموویان بەشدارن، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە بەدەنگێکی نزم هەموو لایەکیان بدوێن، لەگۆشەو کەنارو پاسارو پەناگەکاندا چرپەی ئەم دەنگە کپانە وەك ئەوە وابوو کە هەموویان بەیەك دەنگ لەناخەوە یەك دروشم بدرکێنن کە دەڵێت: ((ئای خۆزگە ئێستا هەموومان پێکەوە بووینایە؟!)) بەڵام ئەم دەنگ و

[١٣٦] ئەفسەر پۆل: ضابط الصّف





دروشمەش هەروا بەکپی نەمایەوە، کاتێك ساتە ترسناك و پڕ لەتۆقین و بیمەکان لەدەروازەی ئەو وەختەیان دەداو ئەم شتانە بوون بەشتێکی حاشا هەڵنەگر، ئیتر دەنگەکان تەقینەوەو نهێنیەکان ئاشکرابوون و زۆر بەڕاشکاوانە دەنگ و هەرا لەئۆردوگاو حەشارگەو سەنگەرەکانەوە بەرزبوونەوە، دیارە ئەم دەنگانەش هەندێکیان لەناخەوە پڕبوون لەڕق و قینێکی کپ کراوو خنکاو بەرانبەر بەو کەسانەی بەزۆر سەپاندبوویان بەسەر سەربازەکاندا کە وەکو جەلادو پیاوکوژ ڕەفتار بکەن، ئیتر سەنگەریش گوژمی خواردەوەو وروژا ویژدانی حەوایەوە دوای ئەوەی خۆی ناسی و ڕێ و شوێنی خۆی دۆزییەوە، بەم جۆرە خۆر بەسەر زەویدا هەڵات تا ئەو ڕۆژە بێتە پێشەوە کە خێزان و ئەندامانی خێزانی (رۆمانۆڤ)ی تێدا ڕەنگ زەردو ڕەنجەڕۆ بێت. چل و چوار نوێنەر لەکارگەکانەوە، لەکۆبونەوەی سەر لەبەیانیاندا کە لای (کییورۆڤ) ئەو سەرکردە کرێکارییە ماندوێی نەناسە ئەنجامیدا، بڕیاریاندا کە بەشێوەیەکی بەردەوام و بێ پسانەوە لەگەڵ بزوتنەوەکەدا بڕۆن، ئەوەش بەشێوەی زۆرینە، جێگەی داخە کە ئێستا نرخی ئەو زۆرینەیە نازانین و هەروەها ژمارەی ئەو دەنگانەش نازانین کە لەبەرژەوەندی بەردەوام بوونی بزوتنەوەکەدا بوون لەو کۆبۆنەوەیەدا، لەو کاتەشدا بارودۆخ گونجاو نەبوو بۆ دانانی کەسێك بۆ کۆنووسکردنی دەقی کۆبۆنەوەکان، بەهەرحاڵ ئەم بڕیارە دڕەنگ تر بوو لەڕەوتی بەرەو پێشچوونی واقعەکە: ئەوەبوو کۆبوونەوەکە کە ڕاگیرا بەهۆی هەواڵێکی خاوکەرەوە، سەربازەکان ڕاپەڕینی خۆیان کرد، خۆیان گەیاندە دەرگاکانی بەندیخانەکان و ئازادیان کردن، ((شۆکانۆڤ)) کەوتە ماچ و موچکردن لەگەڵ بەندکراوە ئازادکراوەکان))، بەڵام چۆن ماچکردنێك؟ ماچکردنێکی یەهوزایی وا کە وێنەی نەبووبێ و باس نەکرابێ، خۆشبەختانە لەبنەڕەتدا دەچێتەوە سەرپشتی مەسیح. هەر لەبەیانییەوە کەتیبە یەدەکەکان یەك لەدوای یەك هەڵگەڕانەوەو یاخی بوون، بەرلەوەی لەئۆردوگاو سەنگەرەکانیان بێنە دەرەوە، هەمان ڕەوتی دوێنێی سریەی چواری فەوجی (بافلۆفسکی)یان بەهەند وەرگرت، بەداخەوە لەناو بەڵگەو ناو تێبینی و یاداشتەکاندا شوێنەوارێکی ئەوتۆی ئەم ڕووداوە مێژووییە مەزنە مرۆڤایەتییە لەبەردەستدا نەماوە، مەگەر تەنها چەند شوێنەوارێکی کەم و تەم ومژاوی نەبێ. دیارە گروپە ستەمکارەکان ـ

تەنانەت ئەگەر بگەنە چلەپۆپەو لوتکەی ڕەوشتو ڕەفتاری مێژوویش ـ زۆر شت دەربارەی خۆی نانووسێ ـ وەك مێژوو ـ و دەست لەمافی خۆیشی هەڵدەگرێو چاوی لێ دەخەفێنێ، بەتایبەتی سەبارەت بەهەڵوێستەکانیو تۆمارکردنی تێبینیەکانیشی زۆر بەچروکانە ئەنجام دەدات ـ ئەگەر ئەنجامیشی بدات. دوای ئەمە هەستو نەستی پڕ لەجۆشو خرۆشی بەرانبەر بەدەست هێنانی سەرکەوتن دێتە پێشەوە تاکو کاری یادگەو بیرەوەرییەکان بسڕێتەوەو ڕایان بگرێ، با جارێکی تر دوای ئەم ڕاوەدونانە بکەونەوە سەر باسەکەمان دەربارەی کەمێك لەو کارانەی کە ماونەتەوە، واتا کارو چالاکییەکانی ئەم گروپەو بەرەیە. سەربازەکانی فەوجی (فۆلهێنی) یەکەم بەرەبوون کە هەڵگەڕانەوەو لەدەسەڵات یاخی بوون، هەر لەکاتژمێر(٧)ی سەر لەبەیانییەوە یەکێك لەسەرکردەی کەتیبەکان بەتەلەفۆن پەیوەندی کرد بە(خابالۆڤ)ەوە، تاکو هەواڵێکی تۆقێنەری پێ ڕابگەیەنێو پێی گوت: خوێندکارانی ئەفسەرپۆلەکان، واتا بەتایبەتی ـ هێزە تایبەتکراوەکان بۆ کاری سەرکوتکردنی ڕاپەڕین ئامادەنین بۆ مەشق کردنو سەرکردەکەشیان لەبەردەمی پۆلەکەی خۆیدا کوژراوە، یان خۆی کوشتووە، بەڵام گێڕانەوەی دووەمیان یەکسەر ئەو هەواڵە بەدوور لەڕاستی لەقەڵەم دەدات، دوای ئەوەی سەربازانی فەوجی (فۆلهینی) هەموو کەرەسەکانی فەوجەکەیان ئاگرتێبەرداو هەوڵیاندا کە بازنەی ڕاپەڕینەکە فراوانتر بکەن: ئەم کارەشیان دەرفەتی یەکەم بوو بۆ سەلامەتی خۆیان بۆیە ڕایانکرد بۆ سەنگەرو ئۆردوی نزیکیان کە سەر بەفەوجی (لیتوانی)و فەوجی (بریوبراجینسکی) بوون، تاکو سەربازەکانی ئەوانیش هان بدەن، هاوکات هەندێ لەکرێکارە مانگرەکانیش لەکارگەیەکەوە ڕایان دەکرد بۆ کارگەیەکی تر بۆ هاندانی کرێکاران، پاش کەمێك (خابالۆڤ) بۆی دەرکەوت کە سەربازانی فەوجی (فولهینی) نەك هەر ئامادەنین بەفرمانی جەنەڕاڵەکەیان چەکەکانیان تەسلیم بکەن، بەڵکو لەگەڵ سەربازانی فەوجی (لیتوانی)و (بریوبراجینسکی)شدا بەشداربوون لەفراوانکردنو لایەنگری کردنی ڕاپەڕینەکەو (کێشەی کرێکارانیان بەکێشەی خۆیان داناوە)، ئەم کارەش زۆر ترسناکترە لەچەك دانانەکەیانو تەقە نەکردنیان، ئیتر سەربازانی فەوجی (فۆلهینی) کەوتنە فەرهودو تاڵانی کردنی سەنگەرو بارەگای فیرقەی پاسەوان،





ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلێنێ کە ئەو کارو ئەزموونەی دوێنێ سەربازانی فەوجی (بافلۆفسکی) ئەنجامیاندا، ئەزمونێکی دۆڕاو نەبوو، ئیتر یاخی بووانو هەڵگەڕاوەکان بوون بەخاوەنی سەرکردەو هاوکات نەخشەیەکی کارو چالاکی باشیشیان دەستکەوت. لەسەرەتای ساتەکانی ڕۆژی (٢٧) ی مانگدا، کرێکاران پێیان وابوو کە چارەسەری کێشەی یاخی بوون لەڕاستیدا زۆر گەورەترە لەوەی کە تیایەتی، چونکە ئەو کرێکارانە وایان دەزانی کە پێویستە هەموو شتێ بکەن، لەکاتێکدا تەنها نۆ لەدەی کارو چالاکییەکانیان کردبوو، هێزی پاڵنەری شۆڕشگێڕانەی کرێکاران، هاویەك بوو لەلایەنی ئۆردوگا سەربازییەکانەوە لەگەڵ بزوتنەوەو ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ئەو سەربازانەی کە بەڕاستی ڕژابوونە سەر شەقامەکان، ئەم دوو ئاڕاستە هێزەش پێکەوە ئاوێتە ببوون تاکو ببنە گەردەلوولێكو لەڕۆژدا پێکەوە سەربانی خانووە کۆنەکە هەر لەڕێوە ڕاماڵنو پاشان دیوارەکانیو ئینجا بن چینو بناغەکەی[١٣٧]. (تشۆگۆرین) یەکەم کەس بوو کە خۆی گەیاندە بارەگای بەڵشەفییەکانو چەکەکەی هەر بەدەستەوە بوو، خۆی بەستبوو بەشریتی پڕ لەفیشەك ((ئارەق بەڕوخساریدا دەچۆڕایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەکانی سەرکەوتنی پێوە دیاربوو)). جا چۆن ڕوخساری نادرەوشێتەوەو خۆشیو شادی لێ نابارێ! ئەوا هەموو سەربازان بەخۆیانو چەکەکانیانەوە هاتنە لامان! لێرەولەوێش کرێکاران سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لەڕووبەڕووبوونەوەیاندا لەگەڵ سەربازانو دەچوونە بارەگاو سەنگەرەکانیانەوەو چەكو جبەخانەیان دەست دەکەوت، کۆمەڵەی خەڵکانی (فیبۆرغ)یش بەهاوکاری لەگەڵ زۆربەی سەربازەکاندا نەخشەیەکی کاری هاوبەشیان دارشتبوو بۆ چۆنیەتی گرتنی بنکەکانی پۆلیسو دەست بەسەراگرتنیان، کە بەو پێیە کاریان کردو ناحەزانو دوژمنانی ناو شار ژێر خاك کرانو هەموو پۆلیسەکانیش چەك کران، ئەو کرێکارانەش ئازاد کرانو کە دەست بەسەربوون لە پۆلیسخانەکاندا. لەگەڵ گیراوە سیاسیەکانی ناو بەندیخانەکاندا، کەرتە سەربازیو فەرمانگە حکومییەکان بەتەواوەتی خاپورکران کە تاکو ئەو کاتەش هەڵنەگەڕابوونەوە لەدەسەڵات، هەروەها کرێکارانی گەڕەكو شوێنانی تریش هاتنە ناو ڕاپەڕینەکەوەو پەیوەندییان کرد. فەوجی

[١٣٧] بن چین: بنچین: بناغە: أساس البناء أو الأشياء المعنوية (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، هەژار موکریانی)

(مۆسکۆفی)یش هاتە ناو ڕاپەڕینەکە، گەرچی هۆی هاتنەکەیشی شوێنەوارو کاریگەری جەنگو شەڕێکی ناو خۆیان بوو، جێی سەرنجە کە جەنگی ناوخۆیی لەم جۆرە زۆر بەدەگمەن لەناو سوپادا ڕوودەدات، توێکڵی وشك هەڵاتوو کۆنی حوکمڕانی دەسەڵات وردە... وردە... درزی بردو کەوتە خوارەوە بەتایبەتیش پاش ئەوەی هاوکاری سەربازانی لەپشت نەماو کەوتە پەلەکردن لەگۆڕینی ڕەنگو بۆیەکی تازە بۆ خۆی، (کارۆلیف) کە کرێکارێکی کارگەی (ئەرسناڵ)ە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: (( کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ بوو، چەکمان دەست کەوت، چونکە فەوجی مۆسکۆفی ڕایان کردبوو، شوێنەکەی خۆیان چۆڵ کردبوو، هەر یەکەمان دەمانچەیەكو تفەنگێکمان پێ بوو، ڕێنوێنیو سەرۆکاری کۆمەڵێ سەربازمان کردن کە لێمان نزیك دەبوونەوەو هەندێك لەوان شوێنی سەرکردایەتی خۆیانیان پێ گوتینو ئێمەش پێمان گوتن کە ئەوان چی بکەنو چی نەکەن)) بەرەو شەقامی (تیخفینسکایا) کەوتینە ڕێ بۆ تەقەکردن لەبنکەی پۆلیسی ئەوێ، بەم جۆرە بۆ ساتێکی کەمیش کرێکاران نەوەستانو دوودڵ نەبوون، بەباشیش بۆ سەربازەکانیان دەرخست کە پێویستە چی بکەن ـو بەتەمای چین)). جار لەدوای جار هەواڵی دڵخۆشکەری سەرکەوتن بڵاودەبووەوە، ئێمە ئالیاتی زریپۆشیشمان دەست کەوتو ئالای سورمان پێوەکردن، کە ببوونە مایەی تۆقاندنو ترساندنی ئەو کەسو شوێنانەی کە تا ئەو ساتە خۆیان بەدەستەوە نەدابوو بۆ ڕاپەڕینو شۆڕشەکە، ئیتر شۆڕشگێڕ پێویستی بەوە نەما کە بەسکەخشکێ لەژێر ورگی ئەسپی قۆزاقەکاندا بڕوات، ئەوەتا شۆڕشەکە بەتەواوەتی لەسەر پێی خۆی وەستاوە. لەدەوروبەری نیوەڕۆدا (پترۆگراد) سەرلەنوێ بوویەوە بەگۆڕەپانی جەنگو پێکدادان: دەنگو شریخەی گوللەو ڕەشاش لەهەموو لایەکەوە گرمەی دەهات، ئەمەش ئاسان نییە بزانرێ کە ئاخۆ کێ دەیانهاوێژێو لەکوێوە دەهاوێژرێن، بەڵام ئەوەیان ڕوونو ئاشکرایە کە تەقەکردنەکە لەنێوان ڕابوردوو داهاتوودایە، دەنگێکی زۆری تەقە دەهات کە نکوڵی لێ ناکرێ، هەندێ لەوانە ئەو هەرزەکارانە بوون کە بەڕێکەوت دەمانچەیان دەست کەوتبوو، فیشەکیان بەهەوادا دەتەقاند، دەستکرا بەتاڵانکردنی جبەخانەی چەکەکان، (کوتومت وەك ئەوەی گوتراوە، ئەگەر سەرژمێرییەك تەنها بۆ جۆرە دەمانچەکانی (براونینغ)





بکرایە، ئەوا بۆمان دەردەکەت کە دەمانچە دابەشکراوەکان ژمارەیان دەگاتە دەیان هەزار دانە)). ستوونی دوکەڵ بەئاسماندا بەرزبیووەوە لەکۆشکی دادو بنکەکانی پۆلیسەوە کە ئاگریان تێ بەربیوو دەسوتان، هەروەها لەچەند شوێنێکی ترەوە، هێرشو بەیەکدادانەکان توندوتیژتر دەبوون، شەڕە گوللەش بەڕادەیەك زیادی کردو پەرەی سەند هەتاکو بوو بەجەنگێکی ڕاستەقینە، لەشەقامی (سامبسۆینڤسکی)و بەردەم هەندێ لەو سەربازگانەی، کە سەربازی تێدابوو، هەندێ کەرەسەو ئامێری جەنگی نزیك بوونەوە لە سەربازەکان، هەندێ لەوانە بەچاوی خۆیان دیمەنەکەیان دیوە وادەگێڕنەوە کە کرێکارەکان بەسەربازەکانیان دەگوت: ((ئەی هاوڕێیان چاوەڕوانی چی دەکەن؟))، سەربازەکانیش بێ دەنگ دەبوونو بەزەردەخەنەی توێکڵدارەوە تەماشایان دەکردن، ئەفسەرەکانیش زۆر بەتوندیو دلێرانەوە بەکرێکارانیان دەگوت کە لاچن لەو ناوەو دووربکەونەوە. سەربازەکانی سریەکانی گواستنەوەی ناو سوپا، هەروەکو ئەسپ سوارەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەلماندیان کە ئەوان لەهەموو هێزەکانی تر سوپا پارێزترن. هەندێ کرێکارو سەربازی شۆڕشگێڕ لەبەردەم پەرژینێکی دارینەدا کۆبونەوەو دەستیان کرد بەدروستکردنی مەفرەزەیەك لەمەفرەزەکانو کەوتنە ڕاگۆڕینەوەو گفتوگۆی خۆبەخۆ سەبارەت بەوەی ئاخۆ کەتیبە گومانلێکراوەکە ناچار بکەن کە بێتە دەرەوە یان نا، یەکێك لەوان هات تاکو بڵێت: واقسە دەکەن دەربارەی بەدەست هێنانی ئۆتۆمبیلی زریپۆش، جا ئەگەر زریپۆشی سەربازیمان دەست نەکەوێت مانای ئەگەری ئەوەش لەبەردەستماندا نییە کە ئۆتۆمبیلی سوپاشمان دەست بکەوێ، مەفرەزەکە خۆی گرتو بوو بەخاوەنی ڕەشاش، بەڵام مەفرەزەی شۆڕشگێڕەکان چاوەڕوانکردنی بەلاوە گران بوو، لەوێزەیدا نەما، خۆی پێنەگیراو کەوتە دڵەڕاوکێ، لەوەشدا ناهەقی نەبوو کە ڕاڕابێو بترسێ، بۆ یەکەم جار لەهەردولاوە فیشەك تەقێنرا، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پەرژینە ڕووەکییەکەی داروەدوەنەکانی پەردەیەك بوو لەنێوان شۆڕشو سەربازەکاندا، هێرشبەرەکان بڕیاریاندا ئەو پەردەیە بسمن، هەندێکیان کوناودەر کردو ئەوەی مابووشەوە سوتاندیانو داروەدوەنەکەیان هەڵکەند، بەوەش سەربازگەکە دەرکەوت کە لە نزیکەی (٢٠)گۆل پێکهاتبوو، ئەوانەی سەر بەسریەی گواستنەوە بوون لە (٢) تا (٣)

گۆلدا خەندەقیان لێداو ئەو زۆنگاوانەی تریشیان سوتاند کە بەخێرایی چۆڵ کرابوون، (کییورۆڤ)یش دوای شەش ساڵ بەسەر ڕوداوەکەدا لەیاداشتەکانیدا نووسیویەتی: ((دیمەنی سەربازەکانی گۆلاوەکان کە ئاگریان گرتبوو، دەوروبەریشی بەپەرژینێکی بڕدراوی ڕووەکی دەور درابوو، سیماکانی شوێنرابوون، دەنگی ڕەشاشو تفەنگ دەهات، هێرشبەرەکان بەئاشکرا هێرشیان دەبردو جموجوڵیان بوو، ئوتومبیلی زرێپۆش کەوتە تەقەکردنو تۆپ بارانکردن، دیمەنگەلێکن کە گەلێك جوانن‌و هەرگیز لەبیر ناچنەوە)). ئەمە بوو ئەو ڕوسیا قەیسەرییە دێرینەی کە ڕوسیای کاهن‌و پۆلیس بوو، بەخۆیان‌و سەنگەرو بارەگاو شورەو دیواری گرتێبەربووی ئەوتۆ کە دوکەڵیان بەئاسماندا بەرزببووەوەو دەنگی رەشاش‌و گولله لەگوێیدا دەزرنگایەوە، ئیتر چۆن شوێنکەوتوانی کییورۆڤو دەیان‌و سەدان‌و هەزارانی وەکو ئەو جۆش‌و خرۆش نایانوروژێنێ؟ ئەو ئۆتۆمبیلە زرێپۆشەی کە لەناکاو دەرکەوت چەند گوللەتۆپێکی بەگۆلاوەکەوەنا، ئەو گۆلانەی ئەفسەرو سەربازانی ئوتومبیلی گواستنەوە خۆیان تێدا حەشاردابووو سەرکردەی بەرگریش کوژراو ئەفسەرەکانیش ڕایانکرد دوای ئەوەی دەربازبوون لەو نیشانەو پلەکانەی لەسەر سنگ‌و شانیان بوون‌و بەناو بێستانە نزیکە دەستەکاندا بۆی دەرچوون، ئەوانی تر خۆیاندا بەدەستەوە، ڕەنگە ئەم بەیەکادانە، گەورەترین بەیەکادانی ئەم ڕۆژە بووبێ. لەم کاتەدا ڕاپەڕین وەك پەتایەك بەناو سوپادا بلاودەبووەوەو پەرەی دەسەند، ئەو سەربازانەی ڕاشنەپەڕیبوون، تەنها ئەوانەبوون کە دەرفەتی لەباریان بۆ ڕاپەڕین بۆ نەڕەخسابوو، ئێوارەی هەمان ڕۆژ سەربازانی فەوجی (سیمینۆفیسکی) ناسراو زۆر بەباشی پەیوەندیان بەڕیزەکانی ڕاپەڕینەوە کرد، چونکە زۆر دلڕەقانە یاخی بوون‌و ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٠٥ی مۆسکۆ سەرکوت کرابوو ـ کە ئەمان لەبیریان ماوەو بەچاوی خۆیان دیویانە ـ گەرچی بیست‌و یەك ساڵ بەسەر ئەویاندا تێپەڕیوە، لەگەڵ ئەوەشدا روداوەکە شوێن پەنجە ترسناکەکانی خۆی هەر بەسەر فەوجەکەوە ماوە، سەربازەکانی فەوجی (سیمینۆفیسکی)یش هەر شەو بەهۆی قەناسەکانیانەوە کەوتنە فڕاندنی سەربازانی فەوجی (ئیسماعیلۆفسکی) کە سەرکردەکەیان لەئۆردوگاکانی خۆیاندا دیل‌و دەست بەسەری کردبوو، ئەم فەوجەش کە لە (٣)ی دیسەمبەرەوە





ئابلۆقەدرابوو، ئەندامانی یەکەم ئەنجومەنی سۆڤیەتات بوون کە لە پترۆگراد پێك هێنراو پاشان لەکارخراو دەست بەسەر کران، ئەم فەوجە بەدواکەوتووترین فەوج دانرا، حامیەی قەیسەریش لەوکاتەدا لەپایتەخت بەە، ژمارەی سەربازو کارمەندانیشی (١٥٠) هەزار کەس بوون، لێك هەڵوەشاو تەفروتونابوو، توایەوە، لەبەرچاو نەما، بەشەو ئەم حامیەیە نەدەما. (خابالۆف) دوای ئەوەی زانیاری دەربارەی ڕاپەڕینی فەوجەکان پێگەیشتن هەوڵیدا هەندێ بەرگری بکات، بۆیە مەفرەزەیەکی رەوانە کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی شۆڕشگێڕان کە لەهەزار سەرباز پێك هاتبوو، باربۆیشی کردن بەپێدانی زانیاری سەبارەت بەئەنجامدانی کاری زۆر توندوتیژو دلڕەقانە، بەلام چارەنووسی ئەم مەفرەزەیەش هەر بەرەو تارماییو ئالۆزی چوو، چیرۆکی خابالۆفیش کە ناکرێ لەپیاوێك زیاتر سەیر بکرێ وەك دوایین چیرۆك ئاوا باس دەکرێ: ((لەم ڕۆژەدا کاروباری وا ڕوویاندا کە پیاو باوەڕ ناکات. مەفرەزەکە کەوتە جوولەو بەڕێکەوتن بەسەرکردایەتی ئەفسەرێکی زۆر تۆکمەو ئازا ـ کە ناوی عەقید (کۆتیببۆڤ) بوو ـ بەلام هیچ ئەنجامێکمان دەست نەکەوت...!)) چەند سریەیەکیش کە لەدوای مەفرەزەکەوە بوون بێ سەرو شوێن بوون‌و دەنگ‌و سەنگیان نەما، جەنەڕاڵ (خابالۆڤ) کەوتە پێکهێنانی چەند یەکەیەکی یەدەك لەناو گۆڕەپانی کۆشکدا، بەلام (ئازوقە نەبوو بۆیان، کەسیش نەیدەزانی لەکوێ‌و چۆبن چۆنی بۆیان دابین بکرێت))، ئەمەش بەشێوەیەکی کرداری ڕوویداوەو قسەکانی (خابالۆفیش) کە تۆمار کراون شایەتن، کاتێ لەبەردەمی لیژنەی لێکۆلینەوەی حکومەتی کاتییدا گوتبووی دانی پێدانابوو، باشە ئەو مەفرەزە تایبەتیانەی بۆ سەرکوتکردن دانرابوون چییان بەسەر هات؟ زۆر گرانیش نییە کە پێشبینی وەلامەکە بکەین: ئەم مەفرەزەیە لەگەڵ شۆڕشگێڕان دەستیان تێکەڵ کردو چوونە ناویانەوە هەردوایی لەئۆردوگاکەیان چووبوونە دەرەوە، یەکسەر کرێکاران، ژنان، لاوان، سەربازە هەڵگەڕاوەکان کەوتنە گرتن‌و گرتنەخۆی ئەم یەکە سەربازییە تازانە لەهەموو لایەکەوەو بەسەربازی تازەیان لەقەڵەم دان، هەوڵیان دەدا ڕاوبۆچوونیان بگۆڕن، هەرگیز ڕێی جموجوڵیشیان نەدەدان مەگەر لەناو ئەو ئاپۆڕا بێ شومارەی گەمارۆیاندابوون، ئیتر سەربازی یەکە رەوانەکراوەکان لەلایەن (خابالۆڤ )ەوە، هەستیان بەوە کرد کە

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوان لەگەڵ ئەو جەماوەرە چاوکراوەیەی کە لەهیچ سڵ ناکاتەوەو بەردەوام لەزۆربوون و فراوانبووندایەو سەر بەهەموو کون و کەلەبەرێکدا دەکەن و دزە دەکەنە ناو هەموو شوێنێك، وەك ئەوە وایە خەنجەر لەکا بدەن و کارێکی بێ هودەیە! لەکاتێکدا پەیتا پەیتا راپۆرتەکان دەگەیشتن سەبارەت بەفراوانبوونی شۆڕشەکەو تەنینەوەی بۆ ناو فەوجەکان هێشتا (خابالۆڤ) سەرگەرمی باربۆکردنی ڕژێمەکەی بوو بەچەند یەکەیەکی سەربازی متمانەدار تاکو بەهۆیانەوە بتوانێ شۆڕشەکە سەرکەت بکات و بنکەی سەرەکی تەلەفۆنات و کۆشکی (لیتۆفسکی) و کۆشکی (ماری) و چەند شوێنێکی پیرۆز بپارێزێت، بۆیە بەتەلەفۆن جەنەراڵی ناوبراو پەیوەندی کرد بەقەڵای (کرۆنشتادت)ەوەو داوای هاوکاری و فریاکەوتنی بەپەلەی لێکردن بەناردنی هێزبۆی، بەڵام سەرکردەی قەڵاکە وتی: هەست بەمەترسی دەکەم لەپاراستنی ئێرەدا ـ واتا ناتوانم هاوکاریت بکەم ـ (خابالۆڤ ) تا ئەو کاتە نەیزانی بوو کە ڕاپەڕینەکە گەیشتوەتە ناوچە نزیکەکانی دەوروبەری ـ بۆیە کەوتە ئاشکراکردنی هەوڵەکانی ـ بۆ ئەوەی کۆشکی هاوینە هەوارەکەی بکاتە قەڵایەکی توندوتۆڵ و پارێزراو، بەڵام هەرزوو وازی لەوەش هێناو بەنەخشەیەکی پەسەندی نەزانی کە ناتوانێ وابکات، ئیتر دواهەمین کەرتە سەربازی و هێزدارەکانی سەر بەڕژێمی دەسەڵات گۆڕان بۆ ئەمیرالی، لەم کاتەشدا ئەم سەرکردە ستەمکارە زیاتر سووربوو لەسەر گرتنەبەری ڕێ و شوێن و تەگبیری تر، بۆیە هات دوو ئاگادارکردنەوەی چاپ کرد و بەناو خەڵکدا بڵاوی کردەوە، کە ئەمەش دواهەمین کاری ڕەسمی ڕژێم بوو، یەکەم ئاگادارکردنەوەیان دەربارەی دەست لەکارکێشانەوەی (بڕۆتۆبۆبۆڤ) بوو بەهۆی نەخۆشییەوە...! دووەم ئاگاداریشیان ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی بوو لەپترۆگراد، پێویستە ئاگادارکردنەوەی دووەمیان بەهەند وەربگیرێ، چونکە سوپای (خابالۆڤ) پاش چەند کاتژمێرێك ((حوکمی عورفی))یان پەسەند نەکرد و بەرپەرچیان دایەوەو لەمیرالییەوە سەریان دەرکرد[١٣٨] و پەرتەوازە بوون و هەریەکەیان چوونەوە ناو ماڵ و مناڵی خۆیان، کەمتەرخەمی و خەم ساردی

[١٣٨] سەریان دەرکرد: بوون بە : وەك دەوترێت بۆ نمونە: فلانەکەس لەخوێندنەوە دەستی پێکرد بەڵام لە دارتاشییەوە سەری دەرکرد، واتا سەرەنجام بوو بە دارتاش.





شۆڕشگێڕەکانیش بوو بەهۆی ئەوەی ئەم جەنەراڵە ستەمکارو تۆقێنەرە نەگیرێت لەئێوارەی (٢٧)ی مانگدا، هەرچەندە ئەم پیاوە دوای لەدەستدانی هێزەکانیشی لەکەس نەدەترسا، تەنها ڕۆژی دواتر لەکارخرا بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی لابەلایی لێ بکەوێتەوە یان بەدواداچوونی بۆ بکرێ. ئایا ئەمەبوو ئەو هەموو بەرگری لەخۆکردنەی کە ڕژێمی ئیمپراتۆری تۆقێنەری ڕوسیا گرتیەبەر لەبەربەرەکانێی مەترسی تیاچوونی خۆیدا؟ بەڵێ، ئەمە بەنزیکەیی هەموو بەرگری لەخۆکردنەکەی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەزموونێکی گەورەی هەبوو لەگەڵ کاری دڕندانەو سەرکوت کردنداو ئەو نەخشە وردەیەی کە دایشی ڕشتبوو، دوای ئەوەی ئەم پاشازادانە بەخۆیاندا چوونەوە. ئەم سەرکەوتنە ئاسانەی میللەتیشیان لە (فێبرایر)دا بەسروشتێکی تایبەتی ئۆردوگای پترۆگراد ڕاڤە کرد، بەڵام هەموو ڕەوت و چالاکییەکانی داهاتوی شۆڕشەکە بەتەواوەتی ئەم ڕاڤەو بۆچوونە پوچەڵ دەکەنەوە، ئەوە ڕاستە کە دەست و پێوەندەکانی دەوروبەری کۆشکی قەیسەر هەر لەسەرەتای ئەم ساڵە نەگریسەیاندا ئەوەیان پێشنیار کردبوو کە دەبێ چاوێك بخشێنرێتەوە بەئۆردوگاو سوپای پارێزەری پایتەختدا، قەیسەریش لەو باوەڕەدابوو کە ئەسپ سوارە پاسەوانەکان کە دڵسۆزن و سەربەخۆین ماوەیەکی زۆر بەر لەئێستا لەناڕەحەتی و ئاگربارانداا ژیاون و ئەوەشیان بەسە، و ئێستا مافی خۆیانە لەئۆردوگاکانی پترۆگراددا بحەوێنەوە، قەیسەر ڕازی بوو لەسەر ئەوەی کە چوار فەوج لەپاسەوانە ئەسپ سوارەکان ئاڵوگۆڕ بکات و لەجیاتی ئەوان سێ یەکەی دەریاوانی پاسەوان دابنێ، لەسەر بناغەی ئەو تێبینیانەی لەبەرەکانی جەنگەوە پێی گەیشتبوو. سەرکردایەتی سوپا خۆیشی دەیتوانی ئەو ئاڵوگۆڕە بکات بەبێ ڕەزامەندی قەیسەریش لەسەر بنەمای تێڕوانینی (بڕۆتۆبۆبۆڤ)، ئەوەش سەرەنجامی تێڕوانین و فێڵ و تەڵەکەی سەرکردە گەورەکان: ((دەریاوانەکان لەکرێکاران بەسەرباز دەگیران و دەشبوونە سەرەکیترین ڕەگەزی شۆڕشگێڕانەی ناو سوپا بەگشتی))، دیارە ئەم لێکدانەوەیەش سوکایەتی پێکردنێکی ڕوون و ئاشکرایە، چونکە گەورە ئەفسەرانی پاسەوانانی کۆشك، بەتایبەتیش ئەسپ سوارەکان زۆر بەچاکی ئەرکی خۆیان لەناو سوپادا ڕادەپەڕاند، بەمەبەستی ئەوەی زوو بەگەڕێنەوەو بگوازرێنەوە بۆ ناوەوە، سەرەڕای ئەوەش ئەم ئەفسەرانە هەستیان بەهەندێ

مەترسی کرد کاتێ بیریان لەو کارە تۆقاندنە کردەوە کە لەسەریان دانراوە ـو دەبێ بیکەن ـ بۆشیان دەرکەوت کە بوونەتە سەرکردەی جۆرە فەوجێکی وا هەرگیز لەفەوجەکانی پاراستی پارێزگا ناچن کە پێشتر وانەبوون، پاسەوانی ئەسپ سواریش هەرگیز لەهیچ ئەسپ سوارێکی تر جیا نەدەکرایەوە هەروەکو ڕووداوەکانی بەرەکانی جەنگ لەدوایدا بەتەواوەتی ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن، پاسەوانە دەریاوانەکانیش لەپترۆگراد کۆبوونەوە رۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی ئەوتۆیان لەشۆڕشی فێبرایەردا نەبینی، چونکە خودی شانەو پۆوتانەکانی ڕژێم پریوابوون هیچ هیچ هەودایەکی ساخیان نەمابوو.

لەڕۆژی (٢٧)ی مانگدا جەماوەر بەبێ تەقەکردن توانییان دەرگای بەندیخانەکان بشکێنن‌و زیندانییە سیاسییەکانی زوربەی بەندیخانەکانی پایتەخت ڕزگار بکەن، لەناو ئەو زیندانیانەشدا کەسانی سەر بەکۆمەڵەی نیشتمانی پیشەسازییە جەنگییەکان کە لە (٢٦)ی مانگدا گیرابوون، لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی پترۆگرادی بەلشەفی کە (٤٠) کاتژمێر بەر لەو کاتە خابالۆڤ بەندی کردبوون، ماوە سیاسییەکان لەدەرچوونی ئەوانەوە لەبەندیخانەکاندا دەرکەوتن، ئیتر مەنشەفییە نیشتمانییەکان ڕوویان کردە ئەنجومەنی دۆماو لەوێ رۆڵ‌و ئەرك‌و بنکەکانیان دابەشکرد، بەلشەفییەکانیش ڕوویان کردە ناحیەو دەوروبەرەکانی‌و کەوتنە ئاڕاستەکردنی کرێکارو سەربازان تاکو هەموویان پێکەوە پایتەخت ڕزگار بکەن‌و پێویستە هیچ بوارو دەرفەتێك بەدوژمن نەدات نەبا هەناسەیەك بدات‌و دەست بوەشێنێ، بەڵکو دەبێ زۆر بەخێرایی‌و لەپێش هەموو کارێکی تردا شۆڕش درێژە پێ بدەن‌و تا دەگاتە بەدی هێنانی ئەنجامەکانی. دوای ئەمەش ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە: کێ بوو بیرۆکەی ئاڕاستەکردنی فەوجە هەڵگەڕاوەکانی پیادەکرد تا بەرەو کۆشکی (تۆرید) بکەونەڕێ؟ لەڕاستیدا ئێمە نازانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئەم ڕەوت‌و بیرۆکە وادیارە لەڕەوشی سیاسیانەی گشتییەوە سەری هەڵدابێ‌و ئیتر کوت‌ومت ئەو فەوجانەی بەرەو کۆشکی (تۆرید) ئاراستە کردبێ، کە ئەو شوێنە بەبنکەی پرسگەی ئۆپۆزسیۆنی هەموو ئەو ڕەگەزە ڕادیکاڵیانە دادەنرێ کە بەجەماوەرەوە پەیوەست نەبوون. زۆر ئەگەری ئەوەش لەئارادایە ئەم رەگەزانەی کە لەناکاو هەستیان بەکشانی ئەم زیندە هێزانە کردبێ‌و سەرکردایەتی پاسەوانە ڕاپەڕیوەکانی وەرگرتبێ، ئەمەش ڕۆڵێکی





سەرپەرشتیارانەیو تا ڕادەیەك هیچ مەترسییەکی ئەوتۆی تێدانییە، کۆشکی (بۆتهیکین)یش بەخۆی‌و هەموو شتەکانییەوە ئەو کۆشکەیە کە دەشێت باشترین بنکە بێت، باخچەی (تۆرید)یش بەتەنها یەك شەقام نەبێ بەهیچ شتێکی تر لەو شارە سەربازییە تەواوە دانەبڕاوە کە پڕە لەسەنگەرو ئوردوی سەربازی‌و بەرژەوەندییە کارگێڕییە جۆراوجۆرەکانی سوپا. ڕاستە کە دەسەڵاتدارانی ستەمکار، یاخود حکومەت ماوەی چەند ساڵێکی دوورودرێژ ئەم شوێنەی شاریان بەقەڵایەك لەقەڵاکانی ستەمکارانەی خۆیان لەقەڵەم دابوو، هەرواش بوو، بەڵام ئێستا هەموو شتێك کودەتای کردووە، کەرتە پۆلیسەکەی جاران ئێستا پڕە لەسەربازی هەڵگەڕاوە، ئەو خەڵکە مانگرو ڕاپەڕیوەش هیچ شتێکی گرانیان لەرێدا نەماوە، تەنها ئەوەندەیان لەسەرە لەشەقامەکە بپەڕنەوە بەرەو ئەو باخچەیەی (تۆرید) کە تەنها چەند کۆمەڵە خانوویەك لە (نیيڤا)ی جیاکردۆتەوە، لەلاکەی تری (نیيڤا)شەوە فەرمانگەو بەڕێوەبەریتی (فیبورغ)ە، واتا: مەنجەڵی هێنانە جۆشی شۆڕش، کرێکارانیش تەنها ئەوەندەیان ڕێ لەبەردەم ماوە کە شەقامە پردی (ئەلەگزەندەر) ببڕن، یان ئەگەر ڕێی پرەکەشیان لێ بگیرێ، دابەزنە سەر سەهۆڵبەندانەکەی (نیيڤا) تا بگەنە ئۆردوگای سەربازان، یان کۆشکی تۆرید، بەم جۆرە ئەم پێکهاتە پەرەوازەو هەمەجۆرە توانی بگاتە دروستکردنی سێ گۆشەیەکی جیالا[١٣٩]، کە بریتین لە: باکوری خۆرهەڵاتی پترۆگراد ـ پاسەوان، کۆشکی بۆتمیکین، کارگە گەورەکان، ئەم سێ گۆشەیەش دەبێتە جێگەیەکی سەربازیی بۆ شۆڕش. لەناو کۆشکی (تۆرید)یشدا چەند بنکەیەکی جیاجیا دروست کران، یان چەند نەخشەیەکی بۆ دارێژرا، لەوانەش: ئەرکانی سوپای شۆڕشگێڕ، ناشتوانین بڵێین ئەم ئەرکانە سروشتێکی سوپایی ڕاستەقینەی هەبوو، چونکە لەبنەڕەتدا چەند ئەفسەرێکی شۆڕشگێڕ بەڕێوەیان دەبرد کە پێشتر پەیوەندیان بەشۆڕشەوە کردبوو گەرچی هۆی هاتنیان بۆ ناو شۆڕش لەو کاتەدا بەهۆی ناکۆکی نێوان خۆیانەوە بووبێت، یان بەهۆی دەرەنجامی لێك حاڵی نەبوونیان بووبێ لەگەڵ گەورەو سەرکردەکانیاندا، دوای ئەوە چاویان بەم ڕاپەڕینە ڕۆشن ببووەوە لەسەرەتا ساتەکانی شۆڕشدا، لەبەرئەوە بەخێرایی زۆر بیریان لەبایەخی بوونی

(١٣٩) سێگۆشەی جیالا: سێگۆشەی لاجیا، کە لایەکانی لەدرێژیدا وەکو یەکتری نین. وەرگێڕ

خۆیان نەدەکردەوە تاکو دوای سەرکەوتن، پاشان هەندێ ئەفسەری تێدابوو کە لەسەر بانگهێشتەو داوای ئەفسەرانی تر هاتبوونە ناوەوەو خۆیان لەشۆڕشەکەوە ئاڵاندبوو، ئەمانە بەشێوەیەکی زیرەکانە بارودۆخی گشتییان دەخوێندەوەو سەریان دەلەقاند، وەك نیشانەیەکی نائومێدییان، چونکە ئەم سەربازە پەرتەوازەو ڕاکردەو هەمەجۆرانەی کە زوربەیان بێ چەکن ناتوانن بەو کارە گەورەیە هەستن کە پێیان سپێردراوە، ئەمان نەتۆپێکیان هەیە، نەڕەشاشێك، نەهۆیەکانی پەیوەندی کردنو نەسەرکردەیەکی سەربازی دیار، دوژمنیش ئەگەر بزانێ دەتوانێ بەیەك مەفرەزەی بەهێزو تۆکمە بارودۆخەکە بقۆزێتەوە، لەمەوە بەتەواوەتی دڵنیا دەبین لەوەی کە دەڵێین ئەم ئەرکانی سوپایە دامەزراوەی ئەرکانێکی ڕاستەقینە نییە، لەم کاتەشدا جەماوەری ڕاپەڕیوی سەرشەقامەکان ڕێ دەگرن لەهەر کارێکی پرۆگرامیانەو سەربازیانەی لەو جۆرە، بەڵام هەر کە شەو دەهات، کرێکاران دەگەڕانەوە سەر کارەکانیان لەکارگەکانداو خەڵکەکە هێوەر دەبوونەوەو شار خامۆش دەبوو، جا خۆ ئەگەر لەم کاتەدا (خابالۆڤ) بەهۆی کەرتە هێزێکی قایمەوە هەڵبکوتێتە سەر ئەو ئۆردوگا سەربازیانەی ئەرکانە دروستکراوە هەمەجۆرە بێ چەکەکە، ئەوا گرەو دەباتەوەو دەبێتە خاوەنی هەڵوێستی گەورە ئەم بیرۆکەیەش بەدی دەکەین، ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بێت، لەچەند شێوەیەکی جیاوازدا پێشنیار کرابێ، لەهەموو قۆناغەکانی شۆڕشدا هەروابووە، هەموو عەقیدەکان لەنێوان خۆیاندا پێشبڕکێی نیشاندانی ئازایەتی خۆیان دەکردو لەبەرخۆیانەوە ئەم قسەیەیان دووبارە دەکردەوە: ((فەوجێکی بەهێزم بدەنە دەست، ئەوا من ئەم شەخەڵو پیسانە گسك دەدەم))، هەندێ لەئەفسەرەکان هەوڵیاندا ئەو سەرکەشیەش بکەن، هەروەکو دواتر باسی دەکەین، بەڵام نەیانتوانی ئەوە بکەن، مەگەر هەر قسەکەی (خابالۆڤ) بڵێینەوە کە دەڵێت: ((مەفرەزەکە کەوتە جووڵە، بەسەرکردایەتی ئەفسەرێکی ئازاو لێهاتوو، بەڵام... نەمانتوانی هیچ ئەنجامێکمان دەست بکەوێ...!)). ئەی ئەم مەفرەزەیە لەکوێوە هاتو سەرچاوەکەی کوێیە؟ ئەو هێزانەی هەڵنەدەوەشانو شلۆق نەدەبوون، ئەوانە بوون کە لەپۆلیسو پاساوانو هەندێ خوێندکاری ئەفسەرپۆلو چەند فەوجێك پێك هاتبوون، کەچی دوایی دەرکەوت کە ئەم ژمارانە بوونەتە مایەی گاڵتەجاڕی لەبەردەم شاڵاوی





بەرفراوانی جەماوەری ڕاستەقینەو گوژمەکانیدا، ئەوەش هەروەکو کەتیبەکانی قەشە (جۆرج)و فێرگەکانی ئەفسەرپۆلەکانی (ئۆکتۆبەر) وابوو دوای هەشت مانگ، ئیتر چۆن پاشایەتی دەتوانێت هێزێکی چەکدارو ئامادەو بەتوانا بسازێنێ کە بەرگەی ململانێی بەردەوامو سەخت بگرێ لەپێناوی پاراستنی سەلامەتی شارێك کە دوو ملیۆن کەسی تێدا دەژی؟ شۆڕش لەلای سەرکردەکانی سوپا، ئەوانەی کە دێرین بوون بەپێی ئەو قسانەیان وادەردەکەوێ کە بزوتنەوەیەکە ناکرێ بەرگری لێ بکرێ چونکە شێوەیەکی هەڕەمەکیو ئاژاوەگێڕیو بێ سەرەوبەرەییە، لەهەموو شوێنەکانەوە بزاڤ و جموجۆڵی بێ ئامانج بەدی دەکرا، لەگەڵ شەپۆلو ئاڕاستەی پێچەوانەو سەربازی بێ چەكو چەکی بێ سەربازو جموجوڵی مرۆڤگەلو ئەو ڕوخسارو دەموچاوانەی پڕبوون لەترسو تۆقینو سەرسامی لەناوو ئەو قەرەباڵخیانەی دواییەکانیان دەچووە هەواوە، منداڵان بەئاسماندا فیشەکیان دەتەقاند، هەزاران زرمەو دەنگ، چەندین هێرشی دەمگۆو پڕوپاگەندە، ترسی بێ بیانوو، شادمانی درۆزنانە، هەموو ئەمانە سیمای بەردەوامی گۆڕەپانەکانی شاربوون، وادیاربوو کە تەنها یەك شمشێر بتوانێ ئەم قەرەباڵخییە زۆرانە پەرتەوازە بکات کە خۆشیان نەیاندەزانی لەدەوری چی کۆبونەتەوە، ئەم دیمەنانە لەبەرچاودا دەهاتنو دەچوون، تێکەڵاوبوونی خەڵکە هەمەجۆرەکانیش تەنها ڕووکەش بوو، لێردا کەڵەکەبوونێکی خەڵك دروست ببوو کە لەوێژەدا نەمابوو، جەماوەرەکەش هۆشیاری تەواوی نەبوو بەرانبەر بەخواستو ئامانجەکانی لەگەڵ ئەوەشدا پڕبوون لەڕقو کینەیەکی توند دژی ئەو کەسانەی کە نەیاندەویستن، ئەمەش داڕمانێکی مێژوویی وای لەدوای خۆی بەجێ هێشت کە چاك ناکرێ، دەرفەتو بواری پاشگەزبوونەوەش نەمابوو، ئەگەر کەسێکیش لەو قەرەباڵخییەدا بکشایەتەوە، یان خۆبەخۆ بڵاوەیان لێ بکردایە، پاش کاتژمێرێك سەرلەنوێ قەرەباڵخیو ئاپۆڕەکە لەخۆیەوە دروست دەبووەوە، بگرە ئەم جارەیان لەجاری پێشووتر بەهێزترو توندترو خوێناوی تر بوو، ڕۆژانی (فێبرایر) کەشو هەوای پترۆگراد زۆر گەرمو هەڵچوو بوو، بەڕادەیەك ئەگەر پارچە کانزایەکی گڕگرتوو بکەوتایەتە ناو ئەو خەڵکەوە دەبووە هۆی ئاگرکەوتنەوە یان هەر لێیشی نزیك بوایەتەوە، قەرەباڵخییەکەش هەڵدەگەڕانەوەو پەرتەوازە دەبوون، هیچ شتێکیش نەبوو سەلامەتییان

مسۆگەر بکات، بۆیە هەستی بەشکستی خۆی دەکردو دەکەوتە ژێر ڕەحمەتی دوژمنە سەرکەوتووەکەیەوە بەبێ هیچ جەنگو کوشتارێك ئەمە ئەو شێوە تێگەیشتنە بوو کە جەنەڕاڵ (ئیڤانۆڤ) لەبارودۆخەکەی هەڵگواستبوو لەو ڕۆژەدا کە لەسەر بانگهێشتی قەیسەر لەبەرەکانی جەنگەوە هاتبووەوە بۆ پایتەخت لەگەڵ کەتیبەیەکی پاڵەوانی قەشە جۆرجدا، دوای پێنج مانگیش مێژوو هەمان چارەنووسی پاراستو هەڵی گرت بۆ جەنەڕاڵ (کۆرنیلۆڤ) دوای هەشت مانگ ((کرنسکی)یش ڕووبەڕووی هەمان چارەنووس بووەوە. لەڕۆژانی پێشووتردا، وادیاربوو کە سەربازە قۆزاقەکانی سەرشەقامەکان لەهەموو کەسێ زیاتر حەزیان لەڕێکەوتنو سازش بوو: چونکە جەماوەر لەهەموو کەسێ زیاتر ئەمانی تەنگەتاوو هەراسان کردبوو، بەڵام کاتێك کار گەیشتە بەرپابوونی ڕاپەڕینی ڕاستەقینە، ئەسپ سوارە قۆزاقەکان سەرلەنوێ سەلماندیان کە کەسانێکی بێ لایەنو موحافیزەکارنو سوپای پیادە لەو ڕووەوە پێشبڕکێیان دەکردن، لە (٢٧)ی مانگیشدا قۆزاقەکان هەر سووربوون لەسەر بێلایەن بوونی خۆیانو هەڵوێستی بینەریان بۆ خۆیان هەڵبژارد، (خابالۆڤ)یش پشتی بەوان نەبەستبوو، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنەبوو کە شۆڕشەکە لەئەوان سڵی نەکردبێتەوە. دواجار مەتەڵی قەڵای (بوترسو پۆڵس) ماوەتەوە کە باسی بکەین، ئەو قەڵایەی کەوتبووە سەر دورگەیەکی نقوم لەئاوی روباری (نیيڤا) بەرانبەر کۆشکی هاوینە، کە بنکەی نیشتەجێ بوونی گەورە بەرپرسان بوو، کە لەدەرەوە تەماشای قەڵات دەکرد وات دەزانی شوێنێکی زۆر پارێزراوو دابڕ اوە لەکارتێکەوە دەرەکییەکانو جیهانێکی بچکۆلەی سەربەخۆیە لەودیو دیوارو شوراکانەوە، لێرەشدا تۆپی هەمیشەیی نەبوو، چگە لەتۆپێکی کۆن کە بۆ دیاری کردنی کاتی نیوەڕۆیان بوو. بەڵام ئەمڕۆ جیا لەڕۆژانی تر، هەموو تۆپەکانی تۆپخانەکە دابەسترابوون بەسەر دیوارەکانداو ڕوویانکرابووە پردەکە، ئەبێ چ شتێ لێرەدا بگوزەرێ؟ عەقڵییەتی ئەرکانی سوپای کۆشکی تۆرید لەشەودا خاپوورکرابوو، ئێستاش دەیەوێ بپرسێ دەربارەی ئەو ڕەفتارەی پێویستە وەك ئەرکێك بیگرێتەبەر بەرانبەر بە (قەڵای پوترسو پۆڵس) لەو قەڵایەشدا چەند کەسێك هەبوون کە ئەشکەنجەدەدرانو چاوەڕوان بوونو دەیانپرسی داخۆ شۆڕش چییان بۆ دەکاتو بەربەیانی ڕۆژی دوایی مەتەڵەکە





زانراو دۆزرایەوە، ئۆردوگا سەربازیەکەی ئێرە خۆی بەدەستەوە دەداتو خۆی دەخاتە بەر دەسەڵاتی کۆشکی (تۆرید)، (بەو مەرجەی ئەفسەرەکان ئازادبن لەهەڵسوکەوتی خۆیاندا) ئەفسەرەکان زۆر بەخێرایی کەوتنە پێشبڕکێو ڕاکردن بۆلای شۆڕشگێڕان، دوای ئەوەی زانییان بەرگەی ڕووداوەکان ناگرنو بارودۆخەکەشیان بەتەواوەتی بۆ ڕوون بوەوەو دیتیان. ئێوارەی (٢٧)ی مانگ سەربازو کرێکارانو خوێندکارانو خەڵکانی ناو جەماوەر بەرەو کۆشکی (تۆرید) کەوتنەڕێ، بەو ئومێدەبوون ئەو کەسانەیان لەکۆشکەکەدا دەست بکەوێ کە شارەزانو دەربارەی هەموو شتێ زانیارییان پێیە، تاکو زانیاریو ئاڕاستەکردنێکی باشیان چنگ بکەوێ، ئەو چەکانەش برانە کۆشکەکەوە کە لەملاولاوە کۆکرابوونەوەو لەهۆڵێکدا دانران کە کرا بەجبەخانە، لەم کاتەشدا ئەرکانی گشتی شۆڕش دەستی کرد بەکارەکانی لەکاتی شەوداو لەم خانوانەدا، کەوتە ناردنی مەفرەزە بۆ چاودێری کردنی شوێنەکانو ڕەوانەکردنی دەوریاتی شەوانە بۆ ئەو شوێنانەی کە گومانی هەڕەشەلێکردنیان لێ دەکرا، سەربازەکانیش بەخواستی خۆیانو بەبێ کەمتەرخەمیو سێو دوو کردن زۆر دڵسۆزانە فرمانەکانی دەسەڵاتی تازەیان ڕادەپەڕاند. گەرچی ئەو ئەركو ڕاپەڕاندنەش لەناوجەرگەی گەڕەلاوژەو بێ سەرەوبەرەییدابوو، سەربازەکان هەمیشە داوای فرمانی نووسراویان دەکرد، ڕەنگە ئەم دەست پێشخەریەشیان لەپاشماوەی سەرکردایەتییە کۆنەکەوە بۆ مابێتەوە کە تا ئێستاش پەیوەستە بەفەوجەکانەوە، یان بەکەتیبە سەربازییەکانەوە، دەبێ ئەوەش بڵێین کە ناهەقیان نەبوو لەو کارەیاندا، واباشە هەر زوو ئەم خەڵکە تێکەڵو پێکەڵو ئاڵۆزکاوە ڕێك بخرێنەوەو دوانەخرێت، دەزگای ئەرکانی شۆڕشگێڕو ئەنجومەنی سۆڤیەت کە تازە بەتازە دروست کراونەتەوە، تائێستا مۆری تایبەتیان نییە، شۆڕش پێویست بوو لەسەری کە دامودەزگا بیرۆکراتیەکانی پێك بهێنێ، مەخابن دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك ئینجا ئەوەی کرد، بەڕادەیەك کە لەسنوری پێویستی لایدابوو. شۆڕش کەوتە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی دوژمنەکانیداو چەند هەڵمەتێکی گرتن لەشاردا ئەنجام درا، لیبڕاڵییەکانیش دەیانگوت: ئەم خەڵك گرتنە ڕەشبگیرانەو کوێرانەیە، ئەم قسانەشیان بەدەنگی بەرزو بەزمانی سەرزەنشتی کردن دەگوتو دەگوتەوە، بەڵام لەڕاستیدا شۆڕشەکە کە

هەرهەمووی ڕەشۆکیانەو هەڕەمەکیانەبوو، شۆڕشگێڕەکان خەڵکە گیراوەکانیان ڕەکێش دەکردن بۆ کۆشکی (تۆرید)، یەکێك لەوانەش سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت بوو، هەروەها وەزیرەکان، سەرسەختو چاودێرە ئاسایشەکانی شار، بەکرێگیراوانی ئۆخرانا، کۆنتیسەکان ـ واتە لایەنگرانی ئەڵمانیا ـ ژمارەیەکی زۆری ئەفسەر پاسەوانان، هەندێ لە کەسە ناسراوەکانیش بۆ خۆیان خۆیان دەدا بەدەستەوەو دەچوونە بەندیخانەوە، چونکە ئەوەیان بەبێ ئەوەی ترو مسۆگەرتر دادەنا بۆ پاراستنی گیانی خۆیان، لەوانەش (کیرۆتۆبۆبۆڤ)، یەکێك لەو ژنە لایەنگرانەی ئەڵمانیا کە دوایی ئازاد کرا دەڵێت: ((ئەو دیوارانەی هۆڵی قەڵاکە جاران لەژێر سایەی حوکمی ڕەهادا سرودەکانیان دەگوتەوە، هەرگیز ئەمڕۆ گوێیان لەهیچ نییە، مەگەر تەنها ناڵەو هاوارو پڕمەی گریان، جەنەڕاڵی دەست بەسەر بەکەساسی لێی دانیشتبوو لەسەر کورسیەکی نزیکم، هیچ دەسەڵاتو هێزێکی نەمابوو، چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی دۆما بەشداربوون لەوەدا کە پیاڵە چایەکم بدەنە دەست زۆر بەسۆزەوە، یەکێك لەو جەنەڕاڵانەی کە تا بینەقاقای بارودۆخەکە کاری تێ کردبوو، پێی گوتم: ((خانم بەڕاستی ئێمە کاول بوونی دەوڵەتێك گەورە دەبینین!)). لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وڵاتە گەورەیەی کە هەرگیز ئامادە نەبوو کاول ببێ، زۆر بەئاسودەیی بەبەردەوامی ئەوانەدا هاتوچۆی دەکرد کە لەدەسەڵات دارنان، ئەوانەی بەپۆستاڵەکانیان زەوییەکەیان دەکوتاو بەکلکە تفەنگ زرنگەیان لێدەهێناو هەوایان دەوروژاند بەگێژەڵوکەی هاوارو بانگەبانگیانو مافی خەڵکیان دەخوارد، شۆڕشگێڕان هەمیشە بەوە دەناسرێنەوە کە هەژاران بە بەرانبەر لەگەڵ ئاستی گیانی شارستانێتیدا، لەوانەیە ئەوەش لەئەنجامی ئەوەبووبێ کە چینە دەسەڵاتدارەکان چاودێریو ڕێنمایی میللەت ناکەن بۆ سەر ڕێگەی ڕاستو چاك. کۆشکی (تۆرید) بەشێوەیەکی گشتی بوو بەبارەگای سەرەکیو مەڵبەندێکی حکومیو جبەخانەیەکی چەكو تەقەمەنیو بەندیخانەیەکی سەر بەو شۆڕشەی کە هێشتا خوێنو ئارەقی دەموچاوی نەسڕیوەتەوە، هەر لەم جێگایەداو لەم پەناو پاسارانەوە دوژمنە سەرسەختەکان دزەیان کردبووە ناوەوە، بەڕێکەوت کاری یەکێك لەعەقیدی پاسەوانەکان دۆزرایەوە کە لەگۆشەیەکەوە وەستاوەو دەیەوێ هەندێ تیبینیو زانیاری تۆمار بکاتو ڕەوانەیان بکاتەوە بۆ دادگا





عورفییەکانو هەواڵیان پێ ڕابگەیەنێ دەربارەی ئەوەی ئاخۆ چی دەگوزەرێ، نەك بۆئەوەی خزمەتی مێژوو بکات، هەندێ سەربازو کرێکار ویستیان یەکسەر بیکوژن، بەڵام چەند سەربازێکی سەر بەدەزگای ئەرکان دەستیان خستە کارەکەوەو ئەم پاسەوانە سیخوڕەیان لەدەستی ئەو خەڵکە دەرباز کرد، لەم ڕۆژەوە خەونەکانی شۆڕش بەرفراوانتر بوونەوە، زیاتر متمانەی بەخۆی کرد، خەونو ئاواتی گەشتری دەدی، هەرگیز نەکەوتە پەیڕەوکردنی کردەوەی بێ بەزەییانە، مەگەر دوای چەند خیانەتێكو چەند کردەوەیەکی فێڵاویو خەڵەتێنەرو ئەزموونی خوێناوی. شەوی یەکەمی شۆڕشەکە پڕبوو لەسەرکەوتنو ئاگادارکردنەوە، ژمارەیەکی زۆر لەکاربەدەستانی چاودێریو ئاگادارکردنەوە سەرقاڵی کاری خۆیان بوون، زوربەی ئەوانەش کەسانی ڕۆشنبیر بوون، کە پەیوەندی تاکە کەسیو کۆمەڵایەتی ڕایکێشابوونە ناو شۆڕشەکەوە، لەگەڵ کەسانی سەرکەشکارو ئەوانەی سۆزو خۆشەویستیو ڕێزیان بۆ شۆڕش دانابوو، وەك ئەو ئەفسەرپۆلانەی بنەچەی خێزانێکی کرێکاری بوونو خەڵکانی تر... بەڕاستی ئەم جۆرە کەسانە زۆر بەسوودن بۆ شۆڕش! ئەمانە بەوردی دەگەڕان لەهەر شوێنێ مەترسیەکیان دژ بەشۆڕش بەدی بکردایە، کاری پێویستیان بۆ دەکرد، سەربازەکانیان تووڕە دەکرد، زوو زوو فریاگوزارییان دەنارد بۆ کۆشکی (تۆرید) لەو کۆشکەشەوە خەڵکی هاتبوونە جۆشو بەتەلەفۆن پەیوەندییان بەمانەوە دەکردەوە، گەلێك جار لەهیچ لایەکەوە فریاگوزارییەکان نەدەگەیشتنە لایەکەی ترو نوکتەکانی پاسەوانی، یەکێك لەو کەسانەی کە بەشداربووە لەپێکهێنانی بەشێکی ئەرکانەکە لەو شەوەدا ئاوا باسی بارودۆخەکە دەکاتو دەڵێ: ((ئەو کەسانەی کە فرمانیان پێ دەگات، فرمانەکە جێ بەجێ ناکەن، ئەوانەی کە کارو چالاکیش دەکەن ئەوانە سەربەخۆ دەیکەنو هیچ فرمانێکیان پێ نییە)). بارەگاو شوێنە کرێکارییەکان بەبێ فرمان کاریان دەکرد، سەرکردەی شۆڕشیش پەلەی نەدەکرد بۆ دەرکردنی فرمانێك کە خەڵکی بەپەلە پەیوەندی بکەن بەکۆشکی (تۆرید)ەوە یان بەدەزگاکانی ئەرکانو مەڵبەندەکانی سەرکردایەتیەوە، بۆئەوەی کە هێزی کارگەکان بهەژێن، چاودێر دروست بکەنو بنکەکانی پۆلیس بگرنو ئینجا فەوجەکان ڕاپەڕێننو پەناگەی دوژمنانیان کاول بکەن، بەپێچەوانەوە سەریان دەلەقاندو گاڵتەیان بەو ئاڕاستەیە دەهات، ئەمانەش

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەگشتی مانای وایە کە هەندێ لەبەهێزەکان ڕایان کردە ئەولاوە تاکو چەرمی ئەو ورچە بەش بکەن کە هێشتا ڕاویان نەکردووەو بگرە هێشتا نەشیان گرتووەو ئامادەیان نەکردووە، کرێکارە بەلّشەفییەکان هەروەکو کرێکارانی ناو حزبە چەپەکانی تر ڕۆژگاریان لەسەر شەقامەکان بەسەر بردو شەوگارەکانیشیان لە (دەزگای ئەرکان)ی ناحییەکان، بەردەوام لەپەیوەندیدا بوون لەگەڵ بارەگاو ئۆردوگاکانو دەستیان کردبوو بەئامادەکردنی ئەوان بۆ ئایندە، هەر دوای یەکەم شەونخونییان لەسەرکەوتنەکە بەدواداچوونیان دەکرد بۆ کاروبارەکانی پێنج ڕۆژی ڕابوردویانو پەرەپێدانی کاروباریانو وردکردنەوەی ئەو ئامانجەی بەدییان هێنابوو، ئەوان خەریکی پێکهێنانو داڕشتنی پەیکەری کۆپەلەیی ئەو شۆڕشە بوون کە هێشتا ناسكو ساوایە، وەك سەرەتای هەموو ڕۆژێکی تر. ئەو (نابۆکۆڤ)ەی کە خوێنەر زۆر باش ناسیویەتیو یەکێك بوو لەئەندامانی حیزبی (کادیت)، ئەو کەسەی کە لەو کاتەدا قسەکەرو کاربەدەستێکی یاسایی بوو، لەناو دەزگای گەورەی ئەرکانی سوپای قەیسەریدا خۆی حەشاردابوو ئەمڕۆ جۆرێکی ترە، (نابۆکۆڤ) ڕۆژی (٢٧)ی مانگ وەك نەریتی ڕۆژانەی خۆی چوو بۆ نوسینگەکەی خۆیو بێ ئاگابوو لەهەمووشتێ تا کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ، دەمەوئێوارە گوێی لەدەنگی تەقەبوو لەسەر شەقامی (مۆرسکایا) نابۆکۆڤ لەماڵەکەی خۆیەوە گوێی بۆ دەنگەکان گرتبوو، ئوتومبیلی زرێپۆش زۆر بەتیژی تێپەڕی، سەربازو دەیاوانەکانی ڕایان دەکردو لەبن دیوارەکانەوە خۆیان دەدزییەوە، ئەم لیبڕاڵییە بەڕێزەش لەودیو شوشەی پەنجەرە لوولە شێوەکەوە تەماشای دەکردن: ((تەلەفۆنەکەی ئیشی دەکرد، هەندێ هاوڕێ چەند هەواڵێکی ئەو ڕۆژەیان پێ ڕاگەیاندم، وەك یادم بێتو لەکاتی ئاسایی شەوانی دیکەشدا لێی خەوتین)). ئەم پیاوە ئازایە! پاش ماوەیەك بوو بەیەکێك لەکاربەدەستە گەورەکانی حکومەتی کاتییو پلەی ئەمینداری گشتی حکومەتی پێدرا، ڕۆژی دواتر پیاوێکی بەتەمەنی نەناسراو لێی نزیك بووەوە، کە لەوانەیە کارگوزار بووبێ لەیەکێك لەنووسینگەکاندا، یان خاوەن قوتابخانەیەك بووبێت، شەپقەکەی بەرز کردەوەو پێی گوت: ((سوپاس بۆ تۆ، بەرانبەر بەهەموو ئەو شتانەی کە کردووتە بەرانبەر بەگەل))، (نابۆکۆڤ) خۆی ئەم باسەی ئاوا بۆ گێڕاینەوە بەلەخۆبایی بوونێکی بێ فیزانەوە...!





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## دەسەڵاتی نوێ

بۆرجوازییەتی ڕوسی دابڕاو لەگەڵو پابەند بە سەرمایەی دراویو کاشی بیانی کە زۆر پابەندتر بوو وەك لەپابەندبوونی جەماوەری ئیشکەر لەولاتەکەی خۆیدا، کەدڕەنگتر لەسەر شانۆ دەرکەوتو دژ وەستایەوە لەگەڵ ئەو شۆڕشەی سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، نەیدەتوانی بەتەنها هیچ هۆکارێك بدۆزێتەوە بۆ بیانو بڕینی خۆی سەبارەت بەپڕوپاگەندەکردنی لەگرتنەدەستی دەسەلاتدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەبوونی بنکەیەکی لایەنگرانو جەماوەر کارێکی پێویست بووبێ، چونکە شۆرش ملی کەچ ناکات بۆئەومافە میراتیانەی لەژێر چاودێرییەکی تونددان، نەك هەرئەوە، بەڵکو پڕوپاگەندە تازەکانیشی مل کەچ کرد. (ڕۆدز یانگۆ)ش سەرۆکی لیژنە کاتییەکە بوو، ئەو لەچڵە پۆپەی هەرەسەرەوەی وڵاتێکی شۆڕشگێڕدا بوو لەڕۆژگارە یەکەمییەکانی دوای ڕاپەڕین، خۆی کەمتواناترین کەس بوو بۆ هێنانەوەی بەڵگەو پاڵنەری قەناعەت پێکەرانە لەبەردەم جەماوەردا.

(ڕۆدز یانکۆ) منالێك بوو لەکۆشکی دەسەلاتدا لەسەردەمو ڕۆژگارەکانی دەسەلاتی ئەلەگزەندەری دووەمدا، دوایی بووبە ئەفسەرێکی سەربە فەوجی ئەسپ سوارانی پاسەوان، ئینجا بووبە مارشاڵێكو نوێنەرایەتی چینی دەرەبەگەکانی ناوچەکەی دەکرد، دواتر بوو بە فەرمانبەرێکی دەوروبەری پەراوێزی نیکۆلای دووەم، سەرەنجام بوو بە کەسێکی دەمارگیرو توندڕەوی سەربە پاشایەتیو ئاغایەکی دەوڵەمەندو ئەندامێکی کارای (زیمستفۆ) و ئەندامی حیزبی ئۆکتۆبەریو نوێنەرێکی ئەنجومەنی دۆمای ئیمپراتۆریو دواجار وەك سەرۆکی ئەنجوومەنەکە هەڵبژێردرا، کاتێکیش بۆ سەرۆکایەتی دۆما هەڵبژێردرا کە غۆتشکۆف بەتەواوەتی لەدەسەلات دابڕا، چونکە ناوبراو کەسێکی ڕەزاگران بوو لەکۆشکی پاشاداو کەسێکی پشتیوانو باوەڕ پێکراوبوو لەلایەن هەوادارانی بزافی "تورکیای لاو"، ئەنجومەنی دۆما خوازیاری ئەوەبوو کەلەڕێی ئەم کەسێتی یەوە زۆر بەئاسانی بگاتە ناو دڵی جەماوەر.

(ڕۆدزیانگۆ) هەرچی لەتوانایدابوو دەیخستە گەڕو دەیکرد، هەمیشە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە قەیسەر لەوە دڵنیابکاتەوە کە ئەم زۆر دڵسۆزە بۆ خێزانو بنەماڵەی پاشایەتی بەبێ هیچ مەبەستو ڕوپامابییەك و داخوازییەکانیشی لەڕێی (ولی عەهد) ی جێنشینەوە بەرزدەکردەوە وەك بەڵگە نیشاندانێك لەسەر دڵسۆزی خۆی بۆبنەماڵە، لەبەردەمی (ولی عهد) یشدا فشوفاڵی ئەوەی دەکرد کە گوایە ئەم: "گەورەترینو بەهێزترین کەسە لەشەشدانگەی ڕوسیادا بەگشتی"، لەگەڵ ئەم هەموو ماستاوکردنە بێزەنتیانەیشیدا، نەیتوانی دڵی قەیسەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێ لەمەسەلەی ڕازی بوون لەسەر دەستوور، ژنەکەی قەیسەریش لەنامەکانی خۆیداو لەکاتی جەنگدا زۆربەکورتی ئاماژەی بەناوی ڕۆدزیانگۆ ئەکردو بە (گەمژەو ساویللکە) ناوی دەبرد، دیارە ساتەکانی گرتنەدەستی سەرۆکایەتی دۆمایشی بەخولەکە هەراسانەکان زانیوە بەلای قەیسەرەوە، چونکە بەوە خستیەخاڵی هەراسانکردنیەوەو ڕووگیری کرد، بەچەند ئاگادارکردنەوەیەکی بێ سەروبەرەو بەڕوودا دانەوەی چەند ڕەخنەیەکی نیشتمانیو پێشبینی ئاڵۆز، (ڕاسپۆتین) یش لەلایەن خۆیەوە (ڕۆدزیانگۆ) ی بەدوژمنی سەرسەختی خۆی دەزانی، (کۆرلۆف) یش کە یەکێك لەسەرکردەکانی ناودارو دەستەی کۆشك بوو گەلێك جار دەربارەی (نەفامیو گەمژەیی) سروشتی (ڕۆدزیانگۆ) قسەی دەکردو بەسروشتی ئەوی دەزانی، ئەمە وێڕای ئەوەی کە (بیرتەسك) ناویان دەبرد، بەڵام (وەیت) وا باسی سەرۆکی دۆمای دەکرد کەسنگ فراوانو لێبوردەیەو لەوەشدا مەدحی نەدەکرد: " (ڕۆدزیانگۆ) کەسێکی هێرو گەمژەنییە، تاڕادەیەك کەسێکی شیاوەو دەچێتە عەقڵەوە، لەگەڵ ئەمەشدا سیفەتی سەرەکی ئەو لەبیرو هۆشی دانییە، بەڵکو لەدەنگی دایە، بەڕاستی دەنگێکی خۆشو جەماوەریانەی هەیە بۆ وتاردان"، (ڕۆدزیانگۆ) لەسەرەتای بەرپابوونی شۆڕشەکەدا هەوڵیدا بۆکپکردنی شۆڕشەکە بەبەکارهێنانی سۆندەی ئۆتومبیلی ئاگرکوژێنەوەکان لەپێناوی بلاوپێکردنی خەڵکانی ڕاپەڕیودا، گریانیشی هات کاتێك زانی کەحکومەتەکەی (غالیتزیت) وازی لەکاروبار هێناوە، زۆر بەسوکایەتییەوە ئەو دەسەڵاتەیشی ڕەتکردەوە کەسۆسیالستەکان پێشکەشیان کرد، دوایی قبوڵی کرد، بەڵام بەرلەوەرگرتنی ئەو دەسەڵاتە، وەك هاوڵاتیەکی سپاردە پارێز هەوڵی دەدا بۆگەڕانەوەی





دەسەڵات بۆ دەستی پاشاو لەدەرفەتێك دەگەڕا بۆئەوکارەی، خۆئەگەر ئەو دەرفەتەیشی دەست نەکەوێت، ئەوە نابێتە هۆکارێك بۆئەو هەڵەیەی کە (ڕۆدزیانگۆ) کردی. لەبەرانبەر ئەوەشدا شۆڕش بەهاوکاری خودی سۆسیالستەکان دەرفەتێکی چاکیان ڕەخساند بۆناوبراو تاکو دەنگە جەماوەریە زلەکەی بەکاربهێنێ لەبەردەمی فەوجە شۆڕشگێڕەکاندا.

(ڕۆدزیانگۆ) سەرۆکی سریە پاسەوانەکان بوو، لە (٢٧) ی فێبرایردا ئەم ڕاگەیاندنەی ڕاگەیاند بۆیەکێك لەفەوجە ئەسپ سوارە پاسەوانەکان لەکۆشکی تۆرید: "ئەی جەنگاوەرانی ئەرسۆدۆکس، گوێ لەم ئامۆژگاریەم بگرن! من کەسێکی بەتەمەنمو نامەوێ هەڵتان بخەڵەتێنم، گوێڕایەڵی ئەفسەرەکان بکەن، ئەوان شتی خراپتان فێرناکەن، بەرێککەوتنی تەواوەوە لەگەڵ ئەنجومەنی دۆمای ئیمپراتۆریدا بڕیارەکانیان دەدەن، هەربژی ڕوسیای پیرۆز...!" دیارە هەموو ئەفسەرەکانی پاسەوانان ئامادەبوون بۆ وەرگرتنی گۆڕانکاری لەوجۆرە، بەڵام سەربازەکان سەرسام بوون، بۆچی دەبێ گوێبگرن بۆفرمانی ئەفسەرەکان؟ (ڕۆدزیانگۆ) لەکرێکارانو سەربازان دەترسا، (تەشخیدزە)و پیاوانی تری سەربەچەپەکانی بەبەکرێگیراوی ئەڵمانیا لەقەڵەم دەدان، بۆیە بەردەوام چاوی بەدەوروبەری خۆیدا دەگێڕا، کاتێك کە خرایەسەرەوە لەکاروباری شۆڕشدا تابزانێ کەیو چۆن چۆنی ئەنجومەنی سۆڤییەت دەستگیری دەکەن!

کەسێتی (ڕۆدزیانگۆ) لەهەندێ شتدا زۆر پێکەنیناوی بوو، بەڵام دوریش نەبوو لەبیرکردنەوە، دەنگێکی جەماوەری نایابی هەبوو، نوێنەرایەتی دوو جۆرە چینی دەسەڵاتداری ڕوسیای دەکرد، خاوەندارە دەرەبەگەکانو بۆرجوازییەکان، (کیرۆسی) پێشکەوتن خوازیش چووە پاڵیان، خودی (ڕۆدزیانگۆ) زۆر شەرمن بوو، بگرە گۆڕانی ئاینیشی دەزانی، کەچی هاوکات بۆرجوازییە لیبرالییەکان، بەچاوپۆشی لەڕاوبۆچوونە ئەرسۆزکسییەکەیان وایان دەبینی کەهاوپەیمانی کردن لەگەڵ کەنیسە پێویستییەکە بۆ ڕژێم بەقەدەر پێویستی هاوپەیمانی کردن لەگەڵ خاوەندارێتیدا.

ئەو دیمەنە فەرمانڕەواییە پاشایەتییە بەرێزەی کە دەسەڵاتی لەکودەتاچیو ئاژاوەگێڕو پیاوکوژان سەندەوە، لەم ڕۆژانەدا زۆر دڵتەنگ دیارەو بارودۆخی ئەندامانی تریش لەهی

ئەو باشترنییە، هەندێکیان بەشێوەیەکی گشتی خۆیان دوور دەگرت و توخنی کۆشکی (تۆرید) نەدەکەوتن، لەوڕوانگەیەوە کەهێشتا بارودۆخەکە بەتەواوەتی ڕوون و سامالْ نەبووەتەوە، تەنانەت ئاقڵترین ئەندامانی لیژنەکە لەسەر نوکی پەنجە بەلای کۆگەی چل و چێوی[١٤٠] شۆڕشەکەدا دەڕۆیشتن و سڵیان لێدەکردەوەو بەهۆی دوکەڵەکەوە تاسابوون و بەخۆیان دەگوت: هەوڵ دەدەین گۆشت برژاندن دەست پێبکەین باجاریٚ گڕوکڵپەی ئاگرەکە دامرکێتەوەو لیژنەکەش یەکسەر بڕیاری دامەزراندن و پێکهێنانی وەزارەتەکەی نەدا، کەدەسەڵاتەکەیشی قبوڵ کردبوو و وەریگرتبوو، بەوە وازی هێنا، بەپێی قسەکانی میلیۆکۆف: "لەچاوەڕوانی پێکهێنانی حکومەت دت" بۆدەست نیشانکردنی کاربەدەستان لەنێوان ئەندامانی دۆمادا تابەرزترین پۆستی دامەزراوە دەوڵەتییەکان، لەونێوانەشدا لیژنەکە بوارێکی بەجێ هێشت بۆ پاشگەزبوونەوە.

نوێنەرێکی سوکوسەلیم ڕەوانەکرا بۆ وەزارەتی ناوخۆ، ئەویش (کاراولۆف) بوو، بەڵام لەوانی تر بوێرتربوو، لەهەموویان ترسی کەمتربوو، ناوبراو لە(١)ی مارس مەرسومێکی دەرکرد سەبارەت بەگواستنەوەی هەموو فەرمانبەرانی پۆلیسی گشتی و سریەو پاسەوانەکانی کۆشك، ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە ترسناکە سروشتێکی ئەفلاتونیانەی هەبوو، لەوڕوانگەیەوە کەهەموو پۆلیسەکان گیرابوون، پێش ئەوەی هیچ فەرمان و مەرسومێك دەربچێ و بنەمایەکی هەبێ. زیندان بەلای ئەوانەوە تاکە ڕێگەی تۆڵەسەندنەوە بوو لەجەماوەری شۆڕشگێڕ، کۆنە پەرستیش، دوای ماوەیەکی دورودرێژ کارە کودەتاییەکانی کاراولۆفی بەسەرەتای هەموونە هامەتییەکان لەقەڵەمدا. عەقید (ئەنجل هاردت) یش کرابەسەرۆکی حامیەی پترۆگراد، کەخۆی ئەفسەری یەکێك لەفەوجەکان بوو، خاوەنی تەویلەی ئەسپەکانی پێشبڕکێ بوو، گەورە ئاغایەکی دەرەبەگ بوو، ناوبراو لەجیاتی ئەوەی کە (ئیڤانۆڤ) ی دیکتاتۆربگرێ کاتێك لەبەرەکانی جەنگەوە گەڕابووەوە تاکو پایتەخت وەکو خۆی لێ بکاتەوەو بیخاتەوە ژێرچەپۆکی ئیمپراتۆرییەت، کەچی وەك ئەفسەرێکی کۆنەپەرست کردی بەسەرۆکی ئەرکان: تەواوە... هەردوکیان هەویریان پێکەوە شێلدراوە.

---

(١٤٠) - چل و چێو: چیلکەوداری سوتاندن: حطب.





(ماکلاکۆف) یش ڕەوانەی سەر وەزارەتی دادکرا، کەناودارترین پارێزەرانی لیبراڵی بوو لەمۆسکۆ، کەسێکی زمانپاراو دەست بەتاڵ بوو، بیرۆکراتییە کۆنە پەرستەکان لەسەرەتادا تێیان گەیاند کەئەو نایەوێ ببێ بەوەزیر لەپەنای شۆڕشداو: "چاوێکی خستە سەر هاوڕێیەکی کە بەتایبەتی بۆئێرە ڕەوانەکرابوو، دەیویست بێتە ناوەوە"، بەزمانی فەرەنسی گوتی: "مەترسیەکە بەرەولای چەپە"، کرێکارو سەربازەکانیشی پێویستیان بەوەنەبوو تابزانن ئەو سەرکردەو سەروەرانە جەنابیان سەرسەخترین دوژمنیانن.

لەگەڵ ئەمانەشدا، (ڕۆدزیانگۆ) لەسەرۆکایەتی کردنەکەیدا بۆئەو ماوە دورودرێژە نەپەشۆکاو دۆش دانەما، دانانیشێ بۆهەڵبژادنی سەرۆکایەتی حکومەتی شۆڕش بەخواستی خۆی بوو: دیارە ناوبژیوانێکی نێوان خاوەندارو پاشایەتی بەشێوەیەکی سروشتی ناکرێت هەمان ڕۆڵ بگێڕێ لەنێوان خاوەندارو شۆڕشدا، بەڵام هەرگیز لەسەر تەختی شانۆ دانەبەزییە خوارەوەو سووربوو لەسەر هەوڵەکانی بۆ ورووژاندنی ئەوەی کەدۆما وەك پارسەنگێکی قورسایی پێچەوانە وابێت بۆ سۆڤییەت و ببێ بەچەقێك بۆهەموو هەوڵەکانی شۆڕشی پێچەوانە کەخاوەندارو بۆرجوازییەکان بەرپایان کردبوو، ئەم باسەش لەلاپەڕەکانی دواتردا درێژە پێدەدەین.

لە (١) ی مارس دا، لیژنەی کاتی بایەخی بەپێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران دەداو کاری بۆدەکردو ئەم کارەشی لەسەرەتای ئەوکارانەدا دانا لەلابەندەی کارو چالاکی لیستی ناوی ئەو کەسانەی هەڵدەبژێردرێن و قەیسەریش چەند جارێك بەم ئاراستەکارە فرمانی دابوو هەر لەساڵی ١٩١٥ ەوە، وەك کەسانێك کەمتمانەی ولاتیان پێبدرێ و شایستەبن، لەوانەش: گەورە جوتیاران و پیشەوەران و نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆن لەناو دۆماداو سەرکردەکانی بەرەی پێشکەوتن خواز، تەنانەت ئەو شۆڕشەی کرێکارو سەربازەکان کردیان هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبوو لەسەر پێکهێنانی حکومەتی شۆڕش. جگە لەیەك شت نەبێ، ئەویش دانانی (کرنسکی) یە، ئیتر لێرەوە (ڕۆدزیانگۆ - کرنسکی)و درێژکراوەی ئەوان و هاوشێوەکانیانی تەعبیرن لەشۆڕشی فێبرایر (شوبات). کرنسکی چووە ناو حکومەتەوە باڵیۆزو کاربەدەستێکی سەرو ئاسایی، ئەگەر بکرێ وابڵێین، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی بەرانبەر شۆڕش هەڵوێستێکی پارێزەرانە بوو،

لەگوندەکاندا کاری دەکرد، لەوێوە گواسترایەوەو دەستی کرد بەکاری بەرزکردنەوەی سکاڵا لەکاروبارە سیاسییەکانو دادگادا، ناوبراو کەسێکی شۆڕشگێڕانەبوو، بەڵکو خۆی لەشۆڕشەکە هەڵدەسوو، تابووبە سەرۆکی مەفرەزەیەکی ئەلترۆدۆفیکۆنی کرێکاریی، ئەم مەفرەزەیەش بەروبومێکی لاوازی ژنو ژن خوازی سیاسیانە بوو لەنێوان لیبرالییەتو میللەتدا.

(کرنسکی) لەڕووی تیۆریو لەڕووی سیاسییەوە، کار ڕێکخەرێکی ئامادەو پێگەیەنراو نەبوو، توانای گشتاندنو خواستی سیاسیانەی تێدا بەدی نەدەکرا، لەجیاتی ئەوهەموو سیفەتانە ـ کەدەبوو تیایدابونایە ـ ببوە کەسێکی تورەو هەڵچووی سرکو زۆر زوو هەڵدەچوو، ئاستی دەمو قسەو ڕەوانبێژیشی کاری نەدەکردە سەر بیروخواست، بەڵکو کاری لەمێشکو دەمار دەکرد، کرنسکی لەناو ئەنجوومەنی دۆما وتارێکی خوێندەوە کەپڕبوو لەبیرو بۆچوونی ڕادیکاڵیانەی زل زل، پاڵنەریشی تێدابوو، مافی خۆی بوو کەبەو وتارە ناوو ناوبانگێکی دەست بکەوێ، بەڵام نەیکردە کەسێکی میللیو جەماوەردار، لەکاتی جەنگیش دا ناوبراو بەنیشتمان پەروەرێك خۆی دادەنا، ئەو پێی وابوو کە بیرۆکەی شۆڕش هەرخۆی لەگەڵ لیبرالیەکاندا بەرەو پوکانەوە دەچێت، کاتێکیش دانی بەشۆڕشدا هێنا، کە شۆڕشەکە ڕوویدابوو، هەرئەو شۆڕشەش بوو کە بەرزی کردەوە بۆ پلەوپایەیەکی زۆر بەرز، کاتێ مەسەلەکەی بەسترایەوە بەجەماوەریەتییە ڕووکەشانەکەی، بێگومان دیارە ڕاپەڕینەکەش لەدەسەڵاتێکی تازەدا بەهۆی ئەوەوە بەرجەستە بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەی ڕاپەڕاندن بڕیاریدا کەپێویستە دەسەڵات بدرێ بە بۆرجوازیەت لەشۆڕشێکی بۆرجوازیانەدا، ئەم بیرۆکەیەش وادیاربوو بەلای کرنسکی یەوە هەڵەبوو، چونکە دەرگای گەیشتنە وەزارەتی لێ دادەخات، بەڵکو بەتەواوەتی قەناعەتی وابوو کە: بیرو باوەڕی ئەو بەسۆسیالیستی نابێتە ڕێگر لەبەردەمی شۆڕشی بۆرجوازییەتداو شۆڕشی بۆرجوازییەتیش هیچ زیانێکی نییە بۆ بیروبڕوا سۆسیالیستیانەکەی، لیژنەکە کاری وابکات، ئەگەر پێشنیاربکرێ بۆی کەجانتای وەزارەتی داد تەسلیم بکاتەوەو کاتی باش ڕەخسا بۆ(ماکلاکۆف) تاکو سازشی لەو پایەو وەزارەتە بکات، (کرنسکی)





لەڕاڕەوەکاندا هاوڕێکانی بەگێردەهێناو لێی دەپرسین: ئەرێ من وەزارەت وەربگرم یان نا؟ ئەو هاوڕێیانەیشی دڵنیابوون کە (کرنسکی) دەمێکە لەدڵی خۆیدا ڕازی بووەو تەماشایەکی شۆفانۆفیشی کرد، کە تائەوکاتەش لایەنگرێ کرنسکی دەکرد لەویاداشتانەیدا کە دواتر وای نوسیوە کە: "زەمانەتی هەستان بەیەکێك لەکارە گرنگەکان... و هەڵسو کەوتکردن بەشێوەیەکی زبر بەرانبەر بەوانە دەینواند کە هەواڵو پێشبینی خۆیان لەبارەی ئەو کارەگرنگەوە پێ نەگوتبوو". لەدواییدا ئامۆژگاری هاوڕێکانی ـ لەوانەش (سۆخانۆف) ـ جێی خۆی گرتو (کرنسکی) ڕازی کرا لەسەر وەرگرتنی پۆستی وەزارەتەکە: ئەوەیان زەمانی چامتری تێدا بەدی دەکرێو مسۆگەرترەو پیاوێکیان دەبێ کە کار بۆخودی خۆی دەکات تابزانێ ئەو لیبرالییە چەپەڵانە چی دەکەن، بەڵام سەرکردەکانی لیژنەی ڕاپەڕاندن بەدەنگێکی نزمو کپەوە هانی (کرنسکی)یان دەدا بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە کوشندەیەی خوازیاری کردنی بوو بەوپەڕی هێزیەوە، ئەگەر هاندانی ئەوانیشی لەپاڵدا نەبووایە، ئەوان ڕەزامەندی ڕەسمی ئەویان ڕەت دەکردەوە، چونکە لیژنەی ڕاپەڕاندن تازە ڕاوبۆچوونی خۆی ڕاگەیاندبوو، هەروەها سۆخانۆفیش بیری کرنسکی خستبووەوەو پێشی گوتبوو کە تازە (جێی مەترسییە) کە مەسەلەکە بخرێتە بەردەمی لیژنەی سۆڤییەت، کەزۆر بەئاسانی دەتوانێ بەرپەرچی بداتەوەو پەسەندی نەکات: "دەسەڵات مافی ڕەوای دیموکراتیەتی سۆڤییەتییە".

ئەو قسانەی سەرەوە دەقی پیت بەپیتی وتەکانی خودی سۆخانۆف بوو، کە بەڕاستی گلۆڵەیەکی ئاوێتەی نابەجێ یە کە قسەی هەلەقو مەلەقی پڕ لەگێلیو گەمژەیی، هەر لەوەشەوە هەموو شانۆکارە کۆمیدیاییەکانی سەر شانۆی دەسەڵاتی پیرۆز زۆر بەڕاشکاوانە دانیان بەوەدانابوو کە سۆڤیەت پترۆگراد هەر لە (٢) ی مارسەوە ئامادەبووە بۆ گرتنە دەستی ئەو دەسەڵاتەی حوکمی واقیع لەئێوارەی (٢٧) ی فێبرایرەوە داویەتییە، بەڵام سەرکردە سۆسیالستەکان ئەم دەسەڵاتەیان لەدەستی سۆڤیەت سەندەوە، بەدزی کرێکارانو سەربازان، لەودیو پەردەوە، بەقازانجی بۆرجوازییەت، بەبێ ئەوەی کرێکارانو سەربازان بەوە بزانن و ئاگاداربن، ئەمە دژی خواستی ئەوان بوو، سیفەتەکەی کە لەسەری ڕێك کەوتبوون واتە ڕێك کەوتنی خۆبەخۆی دیموکراتیو

لیبراڵییەکان لەگێڕانەوەکەی (سۆخانۆف) دا هەموو لایەنە یاساییەکانی تێدابووە بۆئەنجامدانی تاوانێك دژی شۆڕشو کودەتای نهێنی دژی دەسەڵاتو مافەکانی گەل.

سەبارەت بەئارام نەگرتنی (کرنسکی)و دان بەخۆدا نەگرتنی، سەرکردەو کاربەدەستانی لیژنەی ڕاپەڕاندن لەنێوان خۆیاندا چرپەچرپیان بوو، دەیانگوت بەڕاستی ئەوە هیچ ئەدەبو شەرمێك نیە کە کەسێکی سۆسیالیست بەشێك لەودەسەڵاتە دیسان بگرێتەوە دەست بەسەر هەموو ئەندامانی دۆمادا کە ماوەیەکی کەم بەر لەئێستا دەسەڵاتی تەواویان لەژێردەستی سۆسیالیستەکان سەندبووەوە، واباشتر بوو کە (کرنسکی) ئەوەی لەژێر پەردەی ناوی خودی خۆیدا بکردایە، ئەم گەورەپیاوانەی تر لەهەموو بارەکانەوە دەستەوسان کرابوو، لەهەموو دەروازە چارەسەرەکانیش زیاتر لێرەدا هەڵەو بێ سەرەو بەرەییان بەدی دەکرد، بەڵام (کرنسکی) نەیدەویست لەژێر چمکی عابای نوێنەرێکی ڕادیکاڵیدا بچێتە ناو حکومەتەوە، بەڵکو پێویستی بەوە هەبوو کە عابایەکی ئاودامانو درێژی هەبێتو وەك کاربەدەستێکی ڕەهاو ئازاد شۆڕش ئەو مافەی بداتێ، جابۆئەوەی ئۆپۆزسیۆن لەڕوویدا پەیدانەبێ داوای لەوحزبە نەکرد کە خۆی تیایدا ئەندام بوو بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی، ڕەزامەندی لیژنەی کاتیشی وەرنەگرت کەخۆی بەسەرۆك دەزانی تیایدا.

(کرنسکی) داوای کرد کە قسەبکاتو ڕاشکاوانە ڕاگەیاندنێك ڕابگەیەنێ بەبێ ئەوەی سەرکردەکانی ئەنجومەنی سۆڤییەت بەبیریاندا هاتبێت لەودانیشتنەیاندا کە هەرهەموویان تیایدا ئامادەبوون، ئەو ئەنجومەنەی کە لەو ڕۆژانەدا دەوری کۆبونەوەیەکی گەرەلاوژەیی‌و ئاژاوەگێڕی دەبینی، کرنسکی دەیویست قسەبکاتو ڕاگەیاندنێکی بەپەلە ڕابگەیەنێ، وا داوایشی کرد کەمتمانەی بدرێتێ لەو وتارەیدا کە هەندێ کەس بەوتارێکی بێ سەرەوبەرە وەسفیان کرد، هەندێکی دیکەیش بەوتارێکی هستریایی ناویان دەبرد دیارە ئەو دوو وەسفەش پێچەوانەو دژی یەکتری نین، ناوبراو باسی لەڕێكو پێکی‌و تەواوێتی خۆی کرد، لەتەواو شیاوە بۆ بڕیاردانی خێرا لەسەر وەرگرتنی وەزارەتی داد، هەر ئەوەی بەس بوو کە لەوکاتەدا ئاماژە بەوەبکات کە پێویستە لێبوردنێکی سیاسی دەربکرێ وەپێویستە ئەو پلەدارو پایە بەرزانەی کاربەدەستانی ڕژێمی پێشوو





دادگایی بکرێن کە سەر بەدەسەڵاتی قەیسەربوون، تاکو بەوە چەپڵەڕێزانی تەواوەتی ئەو ئەنجومەنە مسۆگەر بکات بۆخۆی کە ئەنجومەنە داماوەکە ئەزمونو شارەزایی کەمە لەبواری سەرکردایەتی‌و کارگێڕیدا، (شلیا بنیکۆف) لەیاداشتەکەیدا نووسیویەتی: "ئەم جۆرە گەمەیە لای زۆربەی خەڵکی ڕقو قینێکی توندی دژی (کرنسکی) دروست کرد" بەڵام کەسیش وەڵامی نەدایەوەو بەرپەرچی نەدایەوە، وەدوای ئەوەی سۆسیالیستەکان دەسەڵاتیان گواستەوە بۆبنك دەستی بۆرجوازییەکان، دوورکەوتنەوە لەوروژاندنی ئەم جۆرە مەسەلانە لەبەردەمی جەماوەرداو هیچ دەنگدانێکیش ئەنجام نەدرا، (کرینسکی) وای لێکدایەوە کە ئەو چەپڵەڕێزانەی بەرانبەری کرا مانای پێدانی متمانەیەپێی ئەویش ناهەقی نەبوو کە ئەو شێوازەی گرتبووەبەر، ئەندامانی ئەنجومەنی سۆڤیەتیش پشتیوانی چوونەناوەوەی سۆسیالەکان بوون بۆ ناو وەزارەت، (کرنسکی) وای بۆچوو کە ئەوە هەنگاوێکە بۆ کۆتایی هێنان بەو حکومەتەی کە لەگەڵی ڕێك ناکەوێ، تەنانەت بۆیەك خولەکیش، بەهەرحاڵ هەرچۆنێ بێ (کرنسکی) لە (٢) ی مارسدا پۆستی وەزیری دادی وەرگرت، دوای ئەوەی بیروبڕوای ڕەسمی سوڵتەو دەسەڵات وەرگەڕاو ئاوەژوو بووەوە، (شیدلۆفسکی) ئۆکتۆبەری پێی وایە کە "کرنسکی زۆر دڵخۆش بووە بەودامەزراندنەی کەبوەتە وەزیری داد، وەمن بەتەواوەتی لەبیرمە کە بەخۆیەوە دەنازی لەناو ژووری لیژنەی کاتیداو بەگەرمی هەڵدەشاخا بەوەی کە گوایە کاردەکات بۆ هێنانەکایەی دادپەروەرییەکی بێ وێنەی ئەوتۆ لەڕوسیادا کەتائێستا هیچ کەسێ نەیتوانیوە پێی بگاتو بناغەی هێندە تۆکمەی بۆدابڕێژێ"، ئەمەش ئەوکارەی دەسەلێنێ کە پاش چەندمانگێك پێی هەستا دژی ئەو کێشەیەی دژی بەڵشەفییەکان بەرزکرابووەوە.

(تەشخیدزە) ی مەنشەفیش کە لیبرالیەکان لەسەر بناغەی حسابێکی ساکارو لاسایی کردنەوەی نەریتی نێودەوڵەتی دەیانەویست کاری بۆبکەن وەزارەتی کاری ڕەتکردەوەو قبوڵی نەکردبێ بەوەزیری کار لەساتێکی زۆر توندو ناڕەحەتدا، بەیەکجارەکی ئەم پلەوپایەیەی پەسەند نەکردو هەروەکو خۆی بەسەرۆکی نوێنەرانی سۆڤییەت مایەوە، ئەگەرچی تەشخیدزە لەکانزاو ڕەگەزێکی زۆر تۆکمەترو شیاوتریش بوو لە (کرنسکی) بەڵام وەکو ئەو بەرچاوو ماستاوچی نەبوو.

(میلیۆکۆف)، تەوەرەی سەرەکی حکومەتە کاتییەکە بوو، ئەگەرچی سەرۆکی حکومەتەکەش نەبوو، ئەو بەبێ هیچ شتێ سەرۆکی حیزبی کادیت بوو، (نابۆکۆف) دوای پچڕانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ (میلیۆکۆف)دا نوسیویەتی: "بەشێوەیەکی گشتی (میلیۆکۆف) لەچەشنێکی جودابوو لەچەشنی هاوەڵەکانیدا لەناو وەزارەتەکەدا، وەك ڕووکاری هێزی بیروبۆچوونی، وەهەروەها وەك کەسێك کە گەلێك زانیاری لەلابوو، کە ئەوانی دیکە وانەبوون، وەخاوەنی بیروهۆشێکی بەرفراوان بوو"، پاشان ئەو سۆخانۆفەی کە کەسێتی (میلیۆکۆف) تیایدا ڕەنگی دابوەوە، بەرپرسیارێتی ڕوخاندنی لیبرالییەتی ڕوسی گرتە ئەستۆی خۆی، نوسیویەتی: "(میلۆکۆف) لەوکاتەدا ڕوخساری سەرەکیو گیانی هەموو دامو دەزگاو بازنە سیاسیو بۆرجوازییەکان بوو، بگرە عەقڵی هەڵسوڕێنەریان بوو، و بەبێ بوونی ئەو هیچ سیاسەتێکی بورجوازیانە لەقۆناغی یەکەمی شۆڕش دا نەدەهاتە ئاراوە". ئەم حوکمو بۆچوونانە ئەگەرچی جۆرێك لەزێدەگۆییو توندو تیژیشیان تێدابێ، ئەوا هەر ئاماژەیەکن بۆ زاڵبوونی (میلیۆکۆف) بەسەر سیاسەتمەدارە بۆرجوازییە ڕوسییەکانی تردا، هێزو تواناکەیشی لەلاوازییەکەیدا شاردرابووەوە، ئەوەبوو کە ناوبراو بەشێوەیەکی تێروتەسەلو باشتر لەوانی تر بۆچوونی خۆی دەردەبڕی لەناو زمانو گفتوگۆی سیاسیانەدا سەبارەت بەچارەنووسی ئەم بۆرجوازییەتە، واتا لەبارەی سستی مێژووییەوە، جائەگەر مەنشەفییەکان دڵتەنگ بن بەوەی کە (میلیۆکۆف) لیبرالییەتی وێرانو کاولو خراپ کردووە، ئەوا دەتوانین بشڵێین کە لەڕاستیدا لیبرالییەت (میلیۆکۆفی) داغانو کاول کردووە، ئەگەرچی (میلیۆکۆف) پێشینگەرایی خۆی دەپاراست، کە ئامانجە ئیمپرالییەکانی بەدەورەوە بوو، کەچی هەمیشە وەك پشتیوانێك وابوو بۆ بوورجوازییەتی خۆرئاواو هەردەم سەرکەوتنی شارستانێتی ئەوروپای بەئامانجێکی حزبەکەی خۆی دادەنا، بەڵام هاوکات لەوڕێگە شۆڕش گەڕیانەش دەترسا کە گەلانی خۆرئاوای پێدا تێپەڕ بووبوون، بۆیە پشتیوانییەکەی بۆخۆرئاوا ببووە ئێرەییەکی بێ دەسەڵاتانە لەبەرانبەریدا.

بۆرجوازییەتی ئینگلیزیو بۆرجوازییەتی فەرەنسی کۆمەڵگەیەکی تازەیان بەشێوەی خۆی نیشان دەدا، وەدواتریش بۆرجوازییەتی ئەڵمانیش هاتە کایەوەو لەماوەیەکی دوورو





درێژدا ناچاربوو بەوەی کە بەشۆربای دڕکاوی ڕازی بێت، و ئەڵمانیا وشەی (Weltanchauung) ی داهێنا، واتا (تێڕوانینی جیهان) کە ئینگلیزەکان یان فەڕەنسییەکان ئەو وشەیەیان نەزانیبوو، و نەیان ناسیبوو، کەچی هەر لەوکاتەشدا گەلانی خۆرئاوا جیهانێکی تازەیان بنیات دەنا، ئەڵمانییەکان زۆر بەوردی لەوجیهانە ڕادەمان، بەڵام بۆرجوازییەتی ئەڵمانی داماو لەکاری سیاسیدا خەریکی داهێنانو ئەفڕاندنی فەلسەفەیەکی کلاسیکی بوون ـ ئەمەش بەرەنجامێکی لاواز نەبوو، پاش ئەمانیش زۆر بەدڕەنگی بەوە بۆرجوازییەتی ڕوسیش هاتە ئاراوە، بۆرجوازییەتی ڕوسی هات وشەی (Weltanchauung)ی ئەڵمانی وەرگێڕایە سەر زمانی ڕوسیو گەلێ وشەی هاوتاو ماناو جێگرەوەی تریش لەڕوسیشدا بۆ دۆزیەوە، بەڵام ئەوەش لەوە زیاتر کە بەڵگەیەکی دیاربێ بۆ فەلسەفەیەکی کوشندە هیچی تر نەبوو، ئەمە وێڕای داماویو هەژاریو کەم دەسەڵاتی سیاسیانەیشی، شارستانێتی بورجوازیانەی ڕوسی هاوردەی بیروبۆچوونو تەکنیکەکانی دەکرد، ئەمەش دوای ئەوەی کە پێناسەیەکی گومرگیانەی گەورەی لەسەر دانابوو، هاوکات بەردی ترسو بیم خرابوونە سەر بیرو بۆچوونەکان، (میلیۆکۆفی)ش یەکێك بوو لەوکەسانەی بانگکرابوو کە دەربرینێکی سیاسیانە لەشێوەی ئەم ڕوخسارانەدا بەسروشتی چینەکەی خۆی ببەخشێ، تاکو ڕوخساری چینەکەی لەگەڵ ئەو جۆرە وشەو زاراوە نوێیانەدا بگونجێنێ.

(میلیۆکۆف) مامۆستای مێژوو بوو لەمۆسکۆ، و دانەرو نوسەری چەند کتێبێکی زانستی بوو، پاشان بووبە دامەزرێنەری ئەو حزبی کادیتەی کەتیایدا یەکێتی خاوەن موڵكو لیبرالییەکانو یەکێتی ڕۆشنبیرە چەپەکان یەکیان گرتەوە، (میلیۆکۆف) وەك ئاواتو هیوایەتێکی خۆی کاری سیاسیانەی نەدەکردو لەوڕوانگەیەشەوە ئارەزووی سیاسەتی نەدەکرد کە ببێتە سەرکردەیەکی سیاسی یان ڕابەرو پێشەنگێکی بواری (ڕۆشنبیری)و شەیدای ناو پلەو پایەبێت، کە لەوکاتەدا زۆربەی سیاسەتمەدارە لیبرالییە ڕوسەکان وابونو بەمەبەستی خۆنواندنو ناو و ناوبانگ کاریان دەکرد، بەڵکو (میلیۆکۆف) زۆر بەدڵسۆزانە پیادەی کاروبارەکانی خۆی دەکرد، ئەمەش بەسە بۆ نیشاندانی نرخو بەهاکەی.

لیبرالییە ڕووسەکان تاساڵی (١٩٠٥) یش بەزۆری هەراسان دەبوون بەوەی کە هەستیان کرد کەخۆیان لیبراڵین، چونکە ڕەنگو ڕووی میللیو پاشان ڕەنگو ڕووی مارکسییەت ئەو ڕەنگو ڕووە بوو کە پێویست بوو بوونیان هەبێ بۆپاراستنی خۆیان، ئەم خۆبەدەستەوەدانە شەرمەزاریانەیەش لەبەردەمی سۆسیالیستیدا، کە لەڕاستیدا هیچ بنو بێخو قولاییەکی نییە لەنێو ژمارەیەکی زۆری بازنە بوجوازییەکاندا ـ لەوانەش پیشەوەرانی پیشەسازییە بچوکەکان ـ بەڵگەو نیشانەو تەعبیر بووە لەقەیرانی کەمیی متمانەی چینێك لەتاڕادەیەك لەکاتی گونجاوی خۆیشی دا سەری هەڵدابوو بۆ گەلاڵە کردنو لەخۆکۆکردنەوەی ملیۆنەها کەسو بەدەستەوەدانی سەرکردایەتی ئومەت، ئەوەبووماڵێکی زۆری باوکان لەگەنجینە خزێنرا لەگەڵ مۆجیکەکانو خاوەن دوکانەکان هەموویان کەوتنە ژێر ئەم کاریگەریەوە بێ ئەوەی بیرێك لەڕۆڵی کۆمەڵایەتیانەی خۆیان بکەنەوە، کوڕونەوە خوێندکارەکانیش لەزانکۆ هاتنە دەرەوە لەوماوەیەدا کەهێشتا بیری شۆڕشگێڕانە بەتەواوەتی نەمەیی بوو، کاتێکیش لەهەوڵی ئەوەدا کە جێیو شوێنێك بۆخۆیان بدۆزنەوە لەناو کۆمەڵگەدا، پەلەیان نەکردو خۆیان نەکوتا بۆکارکردن لەژێر ئالای لیبراڵییەتدا، کە لەولاتە پێشکەوتوەکاندا پوکاندبویانەوەو لەناویان بردبوو، بۆیە زۆر بەکارهێنانەوەکەی بەو ڕەنگو بۆیەی خۆیەوە بوو بەمایەی داتلیشانو پینەو پەڕۆکردنی، لەماوەیەکی کاتی دیکەیشدا، وازیان لەبەشێکی مافو خواستەکانی خۆیان هێنا بۆ شۆڕش گێڕان، هەروەها وازیان لەهەندێ دابو خوی خۆشیان هێنا هەر لەوپێناوەدا، وێڕای ئەمانەش ژمارەیەکی زۆریشیان لەقۆناغی گەنجێتی خۆیاندا هاوسۆز بوون بۆ سۆسیالیستی، ئەمەش تایبەت بوو بەنوێنەرانی پیشەی لیبراڵییەت، مامۆستا (میلیۆکۆف) یش هەرگیز لەسەر سۆسیالیستی حساب نەبوو، بەڵکو پڕبەواتای وشە بۆرجوازی بوو، هیچ بەوەش شەرمەزار نەدەبوو. بەڵێ! (میلیۆکۆف) لەماوەی یەکەمی شۆڕش دا هەرگیز دەستی لەوخواستو ئاواتەی خۆی هەڵنەگرتبوو، نائومێد نەبوو لەپشت بەستن بەجەماوەری شۆڕشگێڕ لەڕێی حیزبە سۆسیالیستە هۆگرەکانییەوە، و (وەیت) دەڵێت: لەوکاتەدا کە حکومەتی دەستوری پێك دەهێنرا، لەئۆکتۆبەری ١٩٠٥ دا، لەو ڕوانگەیەوە کە کادیت خوازیاری (بڕینی کلکی شۆڕش) بوو، وا وەڵامیان دایەوە





کە ئەوان ناتوانن دەست بەرداری هێزی چەکداربن لەشۆڕشەکەدا، بەتەواوەتی وەك ئەوەی کە (وەیت) نەیدەتوانی دەست بەرداری سوپا بێت، لەڕاستیشدا ئەم پڕوپاگەندەیە لەوکاتەدا بەتەواوەتی وەك جۆرە موزایەدەیەك وابوو، ئەندامانی حیزبی (کادیت) یش لەهەوڵی ئەوەدا بوون (وەیت) بترسێنن بەو جەماوەرەی لێی دەترسان، هەروەك زاڵبوونو دەسەڵاتیان کۆنتڕۆڵ کرد، بەپێی ئەزموونی ساڵی (١٩٠٥) یش (میلیۆکۆف) تێبینی ئەوەی کرد کە هێزی ڕاستەقینەی شۆڕش ـ جەماوەر ـ هەرگیز چەکەکەی ناداتە دەست بۆرجوازییەت، ـ ئەگەرچی هاوسۆزی کۆمەڵە سۆسیالیستە ڕۆشنبیرەکانیش زۆر بەهێزبێ ـ وەمەترسی ئەو جەماوەرەش لەزیادبوندایە بۆسەر بۆرجوازییەت هەتا زیادبوونی چەکداری زیاتربێت، وەکاتێکیش میلیۆکۆف بەڕاشکاوانە ڕای گەیاند کەئالای سوور تەنها پەڕۆو سیپاڵێکی سوورە، ئەوا گەیشتوەتە ڕەزامەندییەکی قەناعەتی سروشتی خۆی سەبارەت بەچیرۆکێك کە هێشتا بەباشی نەیخوێندوەتەوە.

دابڕانی ئەو چینەی کەناوی (ئەنتلیجنسیا) یە لەگەڵ، یەکێك لەباسە کلاسیکییەکانی ڕۆژنامەوانی ڕوسی پێك دەهێنێ، چونکە لیبراڵیەکان بەپێچەوانەی سۆسیالیستەکانەوە بوونو مەبەستیان لە (ئەنتلیجنسیا) هەموو ئەوکەسانەیە کە (فێرکارن) واتا: چینی خاوەندار، هەرلەوکاتەشەوە کەئەم دابڕانە دەرکەوتو هەستی پێکراو بوو بە بەشێکی ڕاستو تەواو، بوو بە هەڕەشەیەك بۆ لیبراڵییەکان لەکاتی شۆڕشی یەکەمدا، ئایدۆلۆژیەتی چینی (فێرکار) واهاتەژین کە لەچاوەڕوانیەکی هەتاهەتایی دابن بۆ دوایین حوکم، یەکێك لەنوسەرە لیبراڵەکان کە فەیلەسوفێکی ناپابەندی سیاسی یەو سەربەهیچ سیاسەتێك نییە ترسی خۆی دەردەبڕێو بەتوندوتیژ ناوی جەماوەر دەباتو دەیەڕێنێتەوە بۆ بیروبۆچوونی کۆنەپەرستانەو شێتانەی (دۆستۆیفسکی): "هەرچۆنێك بین، ئێمە ناتوانین نەك هەر یەکگرتنەوەی گەل بەچاو ببینین، بەڵکو پێویستە بشترسین لەوجەماوەرەو ترسەکەشمان لەوکردەوە کوشتو بڕیانە زیاتربێ کە حکومەت دەیکات، و پێویستە ئەم دەسەڵاتە بەپیرۆز بگرین کە تەنها خۆی دەمانپارێزێ، بەنێزەو زیندانەکانیشەوە، دەشمان پارێزێ لەشێت بوونی میللی". جائایا لیبراڵییە شۆڕشگێڕەکان بەم جۆرە کاروبارە سیاسیانەی خۆیان دەتوانن خەونی

سەرکردایەتی گەلێکی شۆڕشگێڕ بهێنننەدی؟ هەموو سیاسەتێکی (میلیۆکۆف) بەپەنجەمۆری نائومێدی مۆرکراوە، و لەکاتی قەیرانی نیشتمانیشدا ئەو حیزبەی کە (میلیۆکۆف) لەلوتکەکەیدابوو بیری لەوە دەکردەوە خۆی لەپیاماڵێن دورەپەرێز بگرێ، نەك ئەو پیاماڵینە ئاڕاستە بکات بەڕووی دوژمندا.

(میلیۆکۆف) نوسەرێکی شێواز وشكو ڕەقو بێزارکەر بوو، ئەم قسەیەیشی وەك وتارخوێنێك بەسەردا دەچەسپێ، کەسێك نەبوو کە لەکۆڕو دانیشتنەکاندا توانای هاوسەنگ کردنەوەی هەبێ، لەوانەیە زیاد نەبێ گەر بڵێین (میلیۆکۆف)ی چروك پێویستی بەدەمامك هەبوو، یان بەلای کەمیەوە خۆدەربازکەرێکی بابەتیانەی لەبەردەستدابوو کە لەچەند نەریتو خوویەکی گەورەدا ڕەنگی دابووەوە، تەنانەت نەریتی بچوکیشی تیدا نەبوو، بۆ لایەنی سیاسەتی فەرمی فەرەنساش کرۆکێکی خۆپەرستانەی بورجوازیانەی هەبوو لەگەڵ فرتوفێڵی ئەواندا، ئەم دوو شتەش دوو کۆڵەکەی بەهێزبوون بۆی کە بریتی بوون لە: نەریتو ڕەوانبێژیی، ئەمەش تەواوکەرو پەردەیەکی ڕوپۆشو پارێزەر بوو بۆ هەموو سیاسەتمەدارێکی بورجواز، تەنانەت ئەگەر ئەو سیاسەتمەدارە (پوانکاریە)ی سوكو سەلیمو مشەخۆری سەرمایەدارە گەورەکانیش بێ، بەهەڵەشدا نەچووین گەر بڵێین (میلیۆکۆف) هەژار بوو لەو شێوازەی پێشینەکانی خۆی گرتبویانەبەر بۆ باتێکردنو هەوادارکردنو وروژاندنی لایەنی سۆزی خەڵکیو ناچار بووە کە سیاسەتی خۆپەرستانەی بورجوازیانە پەیڕەو بکات لەوڵاتێکدا کە دەکەوێتە سەر سنوری ئەوروپا لەگەڵ ئاسیادا.

لەیاداشتەکانی (سۆکۆلۆف)ی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕدا، دەربارەی شۆڕشی فێبرایر ئەمە دەخوێنینەوە: ((لەپاڵ هەستو نەستەکانی سۆزدارانەی کرنسکیدا، هەر لەسەرەتاوە دوورکەوتنەوەیەکی ڕوونو ئاشکراو نامۆ لەچەشنی خۆی لە(میلیۆکۆف)دا بەدی دەکرا، من تێنەگەیشتمو تا ئێستاش تێناگەم بۆچی ئەم پیاوە سیاسیە بەڕێزە هیچ جەماوەریەتێکی میللی وەك پێویستی نییە))، ئەگەر کەسە نارۆشنبیرەکان هۆکاری هەڵکفانو هاوسۆزی خۆیان بۆ (کرنسکی)و بێزارییان لە(میلیۆکۆف) بزانیبایە ئەوەیان بەس بوو کە رۆشنبیر نین، بورجوازە ناوەنجییەکانیش (میلیۆکۆفی)یان خۆش





نەدەویست چونکە دەربڕینەکانی بەشێوە پەخشانێکی هاوسەنگو نائاڵو والا دەردەبڕی سەبارەت بەکرۆكو جەوهەری سیاسەتی بۆرجوازییەتی ڕوسی، کاتێك (میلیۆکۆف) لەئاوێنەدا تەماشای خۆی دەکرد، ئەم بورجوازە هەستی بەخۆی دەکرد کە بورجوازێکی سوكو سەلیمو بودەڵەیە، وە ترسنۆكو چاوبرسییە، بۆیە ڕقی لەئاوێنەکە هەڵدەستا، کە ئەوەش گەلێك جار ڕووی دەدا.

(میلیۆکۆف) بەهێمنیو لەسەرخۆ، لەگەڵ سەرنجدانی بۆ دانەچۆقێی بۆرجوازییەتی لیبراڵی دەیگوت: ((خەڵکی سەر شەقامەکان گەوجو بێ ئاگان))، ناوبراو بەبێ هەڵچوون قسەی دەکردو بەشێوە زمانێکی سوعبەتچییانە، خوازیار بوو کە بڵێ: ئەگەر خەڵکی سەر شەقامو کۆڵانەکان ئەمڕۆ لێم تێ نەگەن، ئەوە هیچ کێشەو کارەساتێك نییە، چونکە دواتر لێم تێدەگەن. (میلیۆکۆف) هەردەم بڕی بڕی ئەو زەمانەتو مسۆگەرییەی دەکرد کە بۆرجوازی خیانەتی لێ ناکات گەرچی ڕەخنەیشی لێ بگرێ چونکە ئەم لەلایەنی خۆیەوە لۆژیکی بارودۆخەکە پەیڕەو دەکات، لەو ڕوانگەیەوە کە هیچ دەرچەیەکی دەربازبوون نییە، لەڕاستیشدا هەموو حیزبە بورجوازەکان، تەنانەت حیزبە ڕاستڕەوەکانیش دوای ڕاپەڕینەکەی فێبرایر شوێن سەرکردەی (کادیت) کەوتن، کە هەندێ جار جنێویان پێ دەگوتو نەفرەتیشییان لێ دەکرد.

بارودۆخەکە سەبارەت بە(سۆخانۆف)ی سیاسەتمەداری دیموکراتیی بەسروشت سۆسیالیست، جیاواز بوو. (سۆخانۆف) هەوڵی بۆ ئەوە نەدەداشەقامێك بۆ خۆی دەستەبەر بکاتو گوریسەکە بەلای خۆیدا رابکێشێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە سیاسەتمەدارێکی شارەزابوو، تا رادەیەکیش پسپۆڕ بوو سەبارەت بەپیشە بچوکەکەی خۆی، زیرەکییەکەیشی وا پێوەی دیار نەبوو، چونکە لێك جیاوازیەکی بەردەوامو ناکۆك لەناکاو دەخزایە چاوەکانییەوە لەبارەی ئەوەی کە دەیویستو ئەوەی کە پێی دەگاتو دەستی کەوتووە، بەڵام لەڕاستیشدا ئەمیش هەر پیسو بەدبووهاشو هوشو تەنگەتاوی دەنایەوە، بۆ بن بێخ کردنیشی پێویستە بخڵەتێنرێ، نەك هەر بەوەی کە سەربەخیی تەواوی بدرێتێ، بەڵکو دەبێ بەتەواوەتی تاوانبار بکرێ بەوەی کە لەسنوری سەرکردایەتی کردن پێی تێپەڕاندوە، دەبێ تاوانبار بکرێ بەوەی کە کەسێکی ستەمکارە، ئەو جۆرە قسەو

باسانەش شاخ‌و باڵی بۆ دروست دەکەن‌و وای لێدەکەن کە ڕابێت لەسەر ڕۆڵی خۆی لەپیاهەڵدان‌و مامەحەمەیی، لەوتارێکیدا لەگەڵ ئەو سۆسیالیستە شارەزاو کارامانەدا (میلیۆکۆف) ڕستەیەکی دەربڕی‌و گوتی: ((خەڵکی سەرشەقامەکان بێ ئاگان))، ئەمەش بۆخۆی خۆبردنە پێشەوەو پیاهەڵدانێکی ڕوون‌و ئاشکرایە، چونکە قسەکەی مانای ئەمەیە: ((لەئێوەو ئێمە زیاتر کەسی تر نییە کە زیرەك بێت))، میلیۆکۆف لەم ساتەدا دەیویست بەم قسانە ئەڵقە بکاتە لوتی هاوڕێ دیموکراتییەکانی‌و هەر ئەم ئەڵقەیەش دواتر ببێتە هۆی دورکەوتنەوەیان.

نامیللی بوون‌و کەم جەماوەرێتی خودی (میلیۆکۆف) نەك هەر ڕێگەی سەرۆکایەتی حکومەتی پێدا، بەڵکو ئەو کاروبارانەی دەرەوەی وڵاتیشی بۆ مسۆگەر کرد، کە پێشتی لەبازنەی بواری پسپۆڕێتی خۆیدا بوون لەئەنجومەنی دۆمادا.

(غۆتشکۆف)ی وەزیری جەنگی شۆڕشیش لەگەورەترین کەسە پیشەسازەکانی مۆسکۆ بوو، پێشتر ناسیمان، ئەو کەسێکی لیبراڵی بووە هەر لەتەمەنی لاوێتییەوە، ئامادەی کاری سەرکەشانە بووە، پاشان بوو بەپیاوێکی جێ متمانەی بۆرجوازییەتی گەورە لەکاتی دەسەڵاتی (ستۆلیبین)داو لەدەمی کپ کردنەوەو سەرکوتکردنی شۆڕشی یەکەمدا، هەڵوەشاندنەوەی دوو ئەنجومەنەکەی دۆمای یەکەم کە (کادیت) تیایدا باڵادەست بوون، بووە هۆی بەرپاکردنی کودەتایەك لە (٣)ی یۆنیۆی ١٩٠٧دا، کە مەبەستی ڕاستکردنەوەی مافی دەنگدان بوو بە بەرژەوەندی حیزبی (غۆتشکۆف)، واتە: ئەو حیزبەی کە دواتر هەردوو ئەنجومەنەکەی دوایی دۆمای سەرکردایەتی دەکرد تا کاتی بەرپابوونی شۆڕشەکە، لەساڵی (١٩١١)شدا کاتێ ئاهەنگ سازکرابوو لە (کییف) بەبۆنەی مەراسیمی بەخاك سپاردنی تەرمی ئەو (ستۆلیبین)ەی یەکێك لەتیرۆریستان کوشتبووی، (غۆتشکۆف) تاجەگوڵێنەیەکی لەسەر گۆڕەکەی داناو وەك ڕێزلێنانێك بۆی دانەوییەوە، ئەم کارەیشی بەناوی یەك چینی تەواو کرد، (غۆتشکۆف) هەموو توانای خۆی بەتەواوەتی لەدۆمادا تەرخان کردبوو بۆ مەسەلەی ((وزەی سەربازی))، واتە: ((هێزی سەربازی)) یارمەتی (میلیۆکۆفی)شی دەدا لەجەنگ کردندا، (غۆتشکۆف) پیشەوەرەکانی لەژێر دروشمی (ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی)دا کۆکردەوە، بەو پێیەی کە هەر





خۆی سەرۆکی لیژنەی ناوەندی پیشەسازییە جەنگییەکان بوو، بەبێ ئەوەی لەو کاتەشدا ڕێ بگرێ لەبەرەی پێشکەوتنخواز ـ لەوانەش ڕۆدزیانگۆ ـ لەدەستکەوتنی قازانج لەکاری باربۆکردنی کەرەسەی سەربازیدا، یەکێك لەشۆڕشگێڕەکان نیوەی ئەو داستانەی بەناوی ئەوەوەبوو لەئامادەکردنی شۆڕشی کۆشکدا بڵاوکردەوە. بەڕێوبەری پێشووی پۆلیس وێڕای ئەوەی پێشوویشیان جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە (غۆتشکۆف): ((ڕێگەی ئەوەی بەخۆیدا بوو کە قسە بکات لەو قسەو باسانەی کە پەیوەندی بەئیمپراتۆرەوە هەیەو ناوو ناتۆرەیەکی زۆر سوك‌و ریسوایانە بەسەر قەیسەردا ببڕێ)). ئەمەش شتێکی زۆر بەجێ‌و چاکە، بەڵام (غۆتشکۆف) لەم بوارەدا هیچ سەرپێچی‌و پێچەوانەیەکی نییە، ژنە شەرمنەکەی قەیسەر زۆر ڕقی لە(غۆتشکۆف) دەبووەو لەنامەکانیدا بۆ هاوسەرەکەی ـ واتا بۆ قەیسەر ـ زۆر بەسوك‌و سەلیمی ناوی دەهێناو بەئاواتەوە بوو کە (لەسەر بەرزترین شاخ هەڵدێرێ)، ژنی قەیسەر بۆ زۆرێك لەپیاوە کاربەدەستانی دەوڵەت هەمان ئاواتی دەخواست، کاروبار هەرچۆنێ بێ ئەو شتەی کە زیندووەو هەتا تەختی زەویش چەمیوەتەوەپیاو کوژە دڕندەکەی شۆڕشی یەکەمە کە لەشۆڕشی دووەمدا کراوە بەوەزیری جەنگ...!

(شینغاریف) کە ئەندامێکی (کادیت) بوو، کرا بەوەزیری کشتوکاڵ، ناوبراو پزیشکێکی لادێی بوو، دواتر بوو بەئەندامێك لەدۆمادا، نزیکترین کەسەکانی دەوروبەری بەکەسێکی باشیان ناو دەبرد، گەرچی ژیریەکی مامناوەندی هەبوو لەڕووی زیرەکییەوە، یان بەپێی دەربڕینی نابۆکۆف ((کەسێکی ڕۆشنبیری ڕوسی لادێی بوو، ئەو بۆ سەرکردایەتی دەوڵەت دروست نەکرابوو، بەڵکو بۆ گرتنی چمکێکی یان بەشێك لەبەشەکانی بوو)). ئەو ڕادیکاڵییەتەی کە پێشتر ئەوی پێ ناسرابوو، تێکچوو، لەکاتێکدا (شینغاریف) زۆرێك لەسەردەمی لاوێتی خۆی تێدا بەسەر برد، خەمی سەرەکی ئەو لەوەدابوو کە بۆ موڵکدارەکان وا خۆی نیشان بدات کە پیاوێکی کامڵ‌و تەواوی دەوڵەتە، لەگەڵ ئەوەشدا کە پەیڕەوو پڕۆگرامی کۆنی حیزبی(کادیت) قسەی لەبارەی ((بەزۆر لێ سەندنەوەی زەوی لەخاوەندارو دەرەبەگ‌و ئاغاکان بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕاست‌و دروست)) کردبوو، کەچی خاوەن موڵکەکان ئەم پڕۆگرامەیان

بەشێوەیەکی ڕاستەقینە وەرنەگرتبوو، بەتایبەتیش لەم کاتەدا، لەماوەی هەڵاوسانی جەنگدا، (شینغاریف) وای بۆ دەچوو کە شتی بنچینەیی لەکارەکەیدا ئەوەیە کە جارێ چارەسەری کێشەی کشتوکاڵی دوابخرێ، بەوەی کە ئومێدێك بەجوتیاران بدرێ، لەگەڵ تراویلکەی بەستنی کۆنگرەی ئەنجومەنی دامەزرێنەران، کە ئەندامانی کادیت نەیاندەویست ناوبراو بانگهێشتی ئەو کۆنگرەیە بکەن، لەلاپەڕە باسەکانی داهاتوومانـدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە چۆن چۆنی شۆڕشی فێبرایر لەدەرگای مەسەلەی زەوی‌و زارو جەنگ دەدات‌و (شیغاریف)یش بەپێی توانای خۆی بەدەمییەوە دێت‌و یارمەتی دەدات.

کابینەی وەزارەتی داراییش درا بەدەست لاوێك کە ناوی (تیریشتشنکۆ) بوو، دیارە لێرەدا هەر دەبێ بپرسین ئەم زەلامەیان لەکوێ دۆزییەوە؟ هەموو ئەو کەسانەی لەناو کۆشکی (تۆرید) بوون هەمان پرسیاریان بەسەرسامییەوە دەپرسی، ئەو کەسانەی لێزان بوون وایان لێك دەدایەوە کە ئەم پیاوە خاوەنی چەند پاڵاوگەیەکی شەکرەو موڵك‌و سامان‌و دارستان‌و بەروبومێکی لەبن نەهاتووی زۆری هەیە، دەکرێ بە (٨٠) ملیۆن ڕۆبڵی زێڕین مەزەنە بکرێ، پێشتر سەرۆکی لیژنەی پیشەسازیە جەنگییەکان بووە لە (کییف)و زۆر بەرەوانی دەیتوانی بەفەرەنسی قسە بکات، وەك پسپۆڕێکی شارەزا لەقەڵەم دەدرا، دەشیانگوت کە ناوبراو لەو ڕوانگەیەوە کە جێی متمانەی (غۆتشکۆف) بووە بەشداری لەو کودەتا گەورەیەدا کردوە کە سەرەنجامەکەی چۆکدانانی نیکۆلای دووەمی لێ کەوتەوە، ئەو شۆڕشەش کە کودەتاکەی هەڵوەشاندەوە چاکەو پیاوەتی (تیرتیتشنکۆ) دەداتەوە.

لەماوەی پێنج ڕۆژەکەی فێبرایردا، کە جەنگە شۆڕشگێڕییەکان لەسەر شەقام‌و کۆڵانەکانی پایتەختە بەستەڵۆکەکەدا درێژەی هەبوو، بەبەردەمماندا کوڕی وەزیری پێشووی قەیسەر بوو، کە ناوی (نابۆکۆف) بوو، ئەم کەسە خاوەنی کەسێتییەکی پڕ لەڕێزو ئەدەب بوو، لەگەڵ خۆپەرستییەکی هاوسەنگدا، (نابۆکۆف) لەڕۆژە گەرم‌و گوڕو پڕ لەچالاکییەکانی ڕاپەڕیندا لەنێو چوار دیواری دیوانێکدا ژیانی بەسەر دەبرد، یان لەناو خێزانەکەی خۆیدا دەژیا بە ((چاوەڕوانییەکی پڕ لەسەرسامی‌و ڕاڕاییەوە))، ئێستاش بووەتە ئەمیندارو ڕازگری حکومەتی کاتیی، بەڕاستی ئەمەیە ئەو وەزیرەی کە





وەزارەتی نییە، کاتێکیش کۆچی کردو ڕۆیشت بۆ (بەرلین) چەند تێبینییەکی گەڵاڵە کرد، کە ئەو تێبینیانە بەدوورنەبوون لەو سوودەی لەحکومەتە کاتییەکەی وەری گرتبوون، ئەم تێبینیانەی بەمیراتی لەپاش خۆی بەجێ هێشت دوای ئەوەی یەکێك لەپاسەوانە سپی پێستەکان بەگوللەیەکی گەوجانە کوشتی تا ئێمەش ئەم سەروەریەی لەلای خۆمانەوە بۆ بنووسین.

بەڵام ناوی سەرۆك وەزیرانمان لەبیرچوو، کە هەموو لایەك ناوی ئەویان لەبیردەچوو، لەزوربەی کاتەکاندا کە دەبوایە دەسەڵاتە کاتییەکەی ناوی ببرایە، دوای ئەوەی (میلیۆکۆف) ڕایسپارد کە دەبێ حکومەتێکی تازە پێك بهێنرێ لەو کۆبونەوەیەیدا کە لەکۆشکی (تۆرید) لە (٢)ی مارسدا بەسترا، میلیۆکۆف هات (میرلفۆف)ی دانا، وەك (هێمایەك بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییە ڕوسیانەی کە ڕژێمی قەیسەری چەوساندبونیەوەو ستەمی لێ کردبوون)، (میلیۆکۆف) بەجۆرە ترس‌و سڵەمینێکەوە، لەکتێبەکەیدا (مێژووی شۆڕش) ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە بۆچی (میرلفۆف)ی داناوە بۆ ئەو پۆستەو دەڵێ: ((ناوبراو وەکو کەسایەتی نەناسرابوو لەلایەن زۆربەی ئەندامانی لیژنەی کاتییەوە)) وە سەرکردایەتی حکومەتی دەکرد، ئەم مێژوونووسە لێرەدا هەوڵ دەدات کە بەشێوەیەکی سیاسیانە خۆی ڕزگارو دەرباز بکات لەو بەرپرسیاریەتییەی لەم تاقیکردنەوەیەیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەڕاستیشدا (میرلفۆف) ماوەیەکی زۆرە سەر بەباڵی ڕاست ڕەوی حیزبی کادیتە.

دوای هەڵوەشانەوەی یەکەم ئەنجومەنی دۆما لەو کۆبونەوە بەناوبانگەی ئەندامە نوێنەرەکاندا کە لەفیبۆرگ بەستراو تیایدا ئەندامەکان بانگەوازێکی پڕ لەڕیسوایی لیبراڵیانەیان بۆ دانیشتوانی وڵات بەشێوەی دروشم ئامێز ڕاگەیاند: ((باج مەدەن..!)) (میرلفۆف)یش لەو کاتەدا لەوێ بوو بەڵام ئەو بەیانەی ئیمزا نەکرد، (نابۆکۆف) لەیاداشتەکانیدا باسی ئەوەی کردووە کە گوایە (میرلفۆف) هەر لەکاتی گەیشتنی بە(فیبۆرغ) نەخۆش کەوتووە (( ئیمزانەکردنەکەیشی پشتگیرییەکە لەهەبوونی هەڵچوون‌و تورەبوونی ناخی خۆی))، بەڵام هەموو شتەکانی تر ئاماژەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە(میرلفۆف) بەرگەی گەردەلول‌و بومەلەرزەکانی شۆڕش ناگرێ،

(میرلفۆف) تاڕادەیەکی زۆر میانگیربوو کە بەرگەی ئەو هەموو ڕێکخراو دامەزراوانەی دەگرت کە ژمارەیەکی زۆر لەکەسانی سەر بەڕۆشنبیرە چەپەکانو شۆڕشگێڕە دێرینەکان سەرکردایەتییان دەکردن، لەگەڵ نیشتمانپەروەرە سۆسیالەکانی پاشبەند، بەهۆی هەبوونی خەم ساردییەکی سیاسیانەی ئەوتۆ کە هێندەی ئاسۆی ئاسمان فراوان بوو، ئەمانەش لەفەرمانبەرەکان خراپتر نەبوون لەکارکردنداو، هەرگیز دزیشییان نەدەکردو هاوکات ڕوخسارێکی میللیانەیان بۆ (میرلفۆف) دروست کردبوو، (لفۆف) میرێکی دەوڵەمەندو لیبراڵی بوو، ئەوەی وای لێکردبوو کە بکەوێتە ناو بۆرجوازییەتێکی مام ناوەندییانەوەو دیسان هەر لەبەر هەمان هۆکار بوو کە ئەنجومەنی دۆما، ئەویان بەسەرۆکی ئەنجومەن هەڵبژاردبوو لەکاتی دەسەڵاتی قەیسەردا. ئەگەر بمانەوێ قسەوباسەکانی پێشوومان لەپوختەیەکدا کورت بکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە پێویستە دان بەوەدا بنێین کە سەرۆکی حکومەتی شۆڕشی فێبرایر،کە لەبەرو دەست بەتاڵییەکی ئاشکرای هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن شکۆ بوو، بەڵام (ڕۆدزیانگۆ) لەهەموو بارەکاندا ڕەونەقێکی زیاتری هەبووە.

مێژووی ئەفسانەیی دەوڵەتی ڕوسیا بەچەند هەواڵێك دەست پێ دەکات کە وادەگێڕنەوە کۆمەڵێك لەسەرۆك تیرەو هۆزە پێشینەکان چوون بۆلای میرو پاشا ئەسکەندەنافییەکانو تکایان لێ کردونو لێیان پاڕاونەتەوەو پێیان گوتون: ((وەرن ئێمە داگیر بکەنو خۆتان ببن بەمیرو شامان))، بەڵام نوێنەرە نەگریسەکانی دیموکراتییەتی سۆسیالیستی، گێڕانەوەی چیرۆکی ئەفسانە مێژووییەکەیان لەسەدەی بیستەمدا گۆڕیوە بۆ بزووتنەوەیەك، نەك لەسەدەی نۆزدەهەمدا، بەئەم جیاوازیەیەوە: ئەمانە ڕوویان نەکردە میرو پاشاکانی ئەودیو دەریا، بەڵکو ڕوویان کردە میرەکانی وڵات، بەم جۆرە ڕاپەڕینی کرێکارانو سەربازان، سەرئەنجام کۆمەڵێك کەس قۆستیانەوە کە بریتین لەخاوەن موڵكو پیشەسازە زۆر دەوڵەمەندەکان، ئەم کەسانەش هیچ شتێکی تریان لەباردانەبوو، ئارەزوومەندێکی سیاسەت بوونو هیچ پڕۆگرامو بەرنامەیەکیشیان نەبوو، لەسەروو هەمووشیانەوە میرێك کە بەرگەی پشێویو ئاڵۆزییەکان ناگرێ.





باڵیۆزەکانی هاوپەیمانان پێکهێنانی حکومەتەکەیان پەسەند کرد، هەروەها هۆڵەکانی بۆرجوازییەتو بیرۆکراتییەتو دەستو پێوەندەکانو لایەنگرانی بازنەی بۆرجوازییەتی مامناوەندی بەرفراوانو بەشێك لەچینی بۆرجوازییەتی بچووك وێکڕا هەموویان ڕەزامەند بوون لەسەر ئەو حکومەتە، ناوی (میرلفۆف)و (غۆتشکۆف)ی ئۆکتۆبەریو (میلیۆکۆف)ی ئەندامی (کادیت) ببوونە زەنگی دەنگدانەوەی کۆمارێکی خامۆشکراو، ڕەنگە ناوی (کرنسکی) تاکە ناوێکی ناو وەزیرەکان بووبێ کە هاوپەیمانان ناچاربوون دان بەخۆیاندا بگرن لەکاتی بیستنی ناوەکەیدا، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو ناوەش زۆر نەیتۆقاندن، زیرەکەکان ئاوا لەم مەسەلەیە تێگەیشتن: ((بەهەرحاڵ لەوڵاتدا شۆڕشێك بەرپابوو، هەبوونی بارگیرێکی بارهەڵگری متمانەداری وەك (میلیۆکۆف) ئەبێتە مایەی گورجکردنەوەی بارگیرێکی هاونیری[١٤١] خۆی، ئەم کارەش بێ سود نابێ، بەم شێوەیە بارودۆخەکە لەلایەن (بالیۆلۆغ)ی باڵیۆزی فەرەنساوە وەسف کرابوو، کە ئەم پیاوە زۆر داگیرکەرە ڕوسەکانی خۆش دەویست)). پێکهێنانی حکومەتەکە هەستو نەستێکی دوژمنکارانەی لەناخی کرێکارو سەربازاندا خولقاند، یاخود لەزوربەی بارەکاندا پشێویەکی شاراوەی نابوەوە، بیستنی ناوی (میلیۆکۆف) یان (غۆتشکۆف) لەو حکومەتەدا، نەبووە هۆی وروژاندنی خەڵکی لەکارگەکانو ئۆردوگا سەربازییەکاندا ـ تاکو دڵخۆش بن ـ لەم ڕووەیشەوە گەلێ شایەتحاڵو بەڵگەمان لەبەردەستدایە، بۆ نمونە: (مستیسلافسکی) ئەفسەر باس لەو بارودۆخە دەروونییە خەماوییە دەکات کە سەربازەکانی گرتبووەوە، ئەو سەربازانەی کە بەچاوی خۆیان بینییان دەسەڵات لەقەیسەرەوە گواسترایەوەو درا بە (میر)ێك: خۆبەخۆ دەیانپرسی: ئەرێ گۆڕانکاری لەو جۆرە لەدەسەڵاتدا، شایستەی ئەو هەموو خوێن ڕشتنە بوو ـ کە ڕشتمان ـ؟ لە (٣)ی مارسدا (ستانکیفیتش)ی نزیك لە(کرنسکی)ەوە هەستا گەشتگەرو بەسەرکردنەوەیەکی ئەنجامدا لەناو کەتیبەکەیدا، کەتیبەی سەندیکاران، و سریە بەسریە گەڕا، لەناویاندن

[١٤١] هاوزینی خۆی واتە وەکو خۆی زینی لەسەر بێ چونکە (نیر) زیاتر بۆ گاجووتو ئەو وڵاخانەیە کە بۆ جووت پێکردن بەکاردەهێنرێنو پێیان دەوترێت (هاونیر) بۆ نمونە جوتێك (گا) بۆ جووت کردن بەکاردەهێنرێن کە یەکیان بۆ نمونە سورەو ئەوی تر ڕەشە، بەهەریەکەیان دەوترێ ئەمەیان هاونیری ئەوەی تریانە گا سوور هاونیری گا ڕەشە. . . !

کەوتە پیاهەڵدانی ئەم حکومەتە تازەیە، کە ئەو لەلایەنی خۆیەوە لەهەموو حکومەتێکی ـ شیاوی ئەو کاتە ـ ی بەباشتر دادەنا، زۆر بەجۆش و خرۆشەوە باسی ئەو حکومەتەی دەکرد، بەڵام (سەربازەکان بەچەند وەلامێکی ساردو سڕەوە پێشوازییان لەم قسەو وتارەی دەکرد)) و (سەربازەکان نەکەوتنە هەل هەلەکێشان) مەگەر تەنها لەو کاتەدا کە وتارخوێنەکە ناوی (کرنسکی) ببردایە، لەم کاتەدا ڕایگشتی لەناوەندی بۆرجوازییە بچوکەکانی پایتەختدا گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە خەریك بوو (کرنسکی) بکاتە پاڵەوانێك کە لەناوجەرگەی شۆڕشەکەدا بێ، سەربازەکان لەکرێکاران زیاتر چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە (کرنسکی) ببێتە پارسەنگێکی پێچەوانە بۆ حکومەتە بۆرجوازەکە، زۆر بەوە دڵخۆش بوون، چونکە ناوبراو تاکە کەسی جێی هیوا بوو کە لەو پلەوپایە بەرزەدا بێ، بەڵام (کرنسکی) لەڕاستیدا تەواوکەری کاروباری حکومەت بوو، نەك پارسەنگە هێزێکی پێچەوانە، بوونی ئەو تەنها بۆ هەمەجۆر کردن و دەمکوت کردن و ڕازاندنەوە بوو، چونکە ئەو بەرگری لەهەمان ئەو بەرژەوەندیانە دەکرد کە(میلیۆکۆف) بەرگری لێ دەکرد، بەڵام بەبریقەو بریسکانەوەیەك کە وەك بریسکەی (مەگنسیۆم[١٤٢])وابوو.

*　　*　　*

پێکهاتەی ڕاستەقینەی وڵات چی بەسەرهات و چۆنی بوو دوای دەست بەکاربوونی دەسەڵاتی نوێ؟ کۆنەپەرستی پاشاگەریی لەکون و کەلەبەرەکاندا ون بوو، و کاتێکیش باراناوی هەوێنی دەست پێکردنی لافاو دەرکەوت، خاوەن مەڵکەکان لەهەموو لایەکەوەو بەهەموو جۆرەکانیانەوەو بەهەموو ئاڕاستەکانیانەوە لەژێر ناوی ئاڵای حیزبی (کادیت)دا کۆبونەوەو لەناکاوو بەیەك تەکان ئەو حیزبە بوو بەتاکە حیزبی سۆسیالیستی، هاوکات کەوتە سەری هەرە ئەوسەری ڕاست ڕەوەکان لەیاریگە کراوە بێ پەردەکەدا.

نزیکەی زۆرینەی هەرە زۆری جەماوەر، بەرەو سۆسیالیستەکان چوون، ئەو سۆسیالیستانەی ڕاوبۆچونیان ئاوێتە بوو لەگەڵ ڕاوبۆچونی سۆڤیەتات، بەمەش نەك هەر

[١٤٢] مەگنسیۆم: کانزایەکی بریسکەدارە.





کرێکارو سەربازەکانی حامیە گەورەکانی بەشی دواوەی حکومەتی کتیبی دوور کەوتنەوە، بەڵکو گەلی بچوکی تێکەڵ و پێکەڵی شارەکان و پیشەوەران و ڕۆژنامە فرۆشان و فەرمانبەرە بچوکەکان و مێردمناڵان و بەجۆش و خرۆشە منداڵەکان و خزمەتگوزارەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە لەنوسینگەکانیان دوورکەوتنەوەو دەگەڕان بەدوای دۆزینەوەی شتێك کە زۆر لەخۆیانەوە نزیك بێ و زیاتریش نەرم و نیان بێت، ژمارەی نوێنەرانی گوندەکانیش لەزیادبووندابوون کە ڕوویان دەکردە کۆشکی (تۆرید)، جەماوەریش کەوتە ناردنی نوێنەرانی خۆی بەرەو سۆڤیەتات، وەك ئەوە وابوو کە بەژێر پەلکەزێڕینەی سەرکەوتنی شۆڕشدا بڕۆن، جگە لەئەنجومەنی سۆڤیەتات هەموویان ڕوخان و دورلەشۆڕش هەڵوەشانەوە، وەك ئەوە وابوو سەر بەجیهانێکی تربن... بارودۆخ بەم جۆرە بوو: هەر شتێ لەدەرەوەی ئەنجومەنەکانی سۆڤیەتات بوون، ببووە جیهانی سەر بەخاوەن موڵکەکان، کە ئەوانیش هەر خێرا هەموو چەشن و ڕەنگەکانی خۆیان کرد بەیەك تاکە ڕەنگی خۆڵەمێشی سووربا و بەمەبەستی پاراستنی خۆیان و بەرگری لەخۆکردنیان.

جەماوەرە زەحمەتکێشەکەش بوونی نەبوو یاخود ئامادەیی نەبوو تا سۆڤیەت هەڵبژێرێت. هێشتا ئەم جەماوەرە، بەگشتی و تێکڕا لەیەك کاتدا بەئاگا نەهاتبوونەوە، هەموو ناوەندە ستەملێکراوو جەزرەبە خواردووەکان نەیانوێرا یەکسەر بێنە سەر ئەو باوەڕەی کە شۆڕش بایەخ بەوانیش دەدات، لەبیرو هۆشی زۆربەی خەڵکیدا شتێکی ئەوتۆ نەجوڵابوو، تەنها ئەوە نەبێ کە ئومێدێکی سادەیان پەیداکردبوو، ئەویش زۆر بەڕوونی نا، جگە لەهێزە کاریگەرەکانی ناو جەماوەر کەسی تر بەرەو سۆڤیەتات ڕای نەکرد، لەکاتی شۆڕشیشدا، زیاتر لەهەموو کاتێکی تر چالاکی و زیندەیی و چالاکییەکانی جەماوەر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیادی دەکرد بۆیە بنکەی سۆڤیەتات بەردەوام لەفراوانبوندا بوو، ئەمەش تاقە بنەماو بنکەی ڕاستەقینەی شۆڕشە.

ئەنجومەنی دۆماو ئەنجومەنی سۆڤیەت، لەکۆشکی (تۆرید) کۆنگرەیان بەست، لەسەرەتادا لیژنەی (ڕاپەڕاندن) ئاپۆڕەیەك بوو لەچەند نوسینگەیەکی تەسك و تەنگەبەرو پەیتا پەیتا لافاوی نەپساوەی خەڵك پیایاندا تێدەپەڕی.

ئەندامانی دۆماش لەهەوڵی ئەوەدابوون کە خۆیان وا نیشان بدەن کە هەر خۆیان سەر گەورەو کاربەدەستی مەزنی هۆڵە ڕازاوەکانن، بەڵام شەپۆلاوی گەورەی شۆڕش ئەو ناوبڕانەی نێوانیانی ڕامالیو ئەنجومەنی سۆڤیەتیش بەشێوەیەك بەرفراوان دەبوو کە لەوێزەدا نەمابوو وێڕای دوودڵی سەرکردەکانیشی، هاوکات ئەنجومەنی دۆما، دۆمای دوردەخستەوەو بەرەو گۆڕەپانی دواوەی دەبرد، ئیتر تەرازوی هێزی تازە لەهەموو لایەکەوە ڕێگەی خۆی گرتەبەر.

هەر لەیەکەم ڕۆژی شۆڕشەوە هەر یەکە لەنوێنەرانی کۆشکی (تۆرید)، ئەفسەران لەفەوجەکانیان، جەنەڕاڵەکان لەبارەگای ئەرکانیان، بەڕێوەبەرو کارگێڕان لەکارگەکانیان، فەرمانبەرانی ڕێگەی شەمەندەفەر، فەرمانبەرانی پۆستەو گەیاندن، خاوەن موڵکەکان، بریکارەکان، هەستیان بەچاودێرییەکی شەڕەنگێزیانەی پڕ لەهەڕەشە کرد لەلایەن جەماوەرەوە، ئەنجومەنی سۆڤیەت لەچاوی جەماوەردا تەعبیر بوو لەخۆپاراستنو وریایی بەرانبەر بەئەو کەسانەی ستەمیان لێ کردبوو، تایپەرەکانی چاپو کارایانی چاپەمەنیو بەیانەکان بەوپەڕی وردەکارییەوە چاویان دەبڕیە باسو بابەتە نووسراوەکانو دەیان خوێندنەوە، هەروەها کرێکارانی ڕێگەی شەمەندەفەریش چاودێری جموجۆڵی شەمەندەفەرە سەربازییەکانیان دەکرد بەوپەڕی ڕاڕاییو گومانەوە، کارمەندانی پۆستەو بروسکەش بەوردی تەماشای بروسکەکانیان دەکردو لەلایەن خۆیانەوە کاریان دەکرد بۆ ئەو بڕگانەی پەیوەندی بەچارەنوسی ئەمانەوە هەیەو بروسکەکانیان بەباشی دەخوێندەوە، لەیەکەم جموجۆڵی گوماناویەوە سەربازەکان بەسەرنج گۆڕینەوەوە تەماشای یەکتریان دەکرد، بەتایبەتیش کاتێك ئەفسەرەکەیان بەگومانێکەوە لێی دەڕوانین، کرێکاران سەرۆکی کرێکارانیان لەکارگەکان وەدەردەنا کە سەر بەسەر ڕەشەکان بوونو چاودێری هەڵسوکەوتو جموجوڵی بەڕێوەبەرە لیبراڵییەکانیان دەکرد، ئەنجومەنی دۆما هەر لەیەکەم کاتەکانی شۆڕشەوە وەك کۆگاو گەنجینەیەکی لێهات بۆ تێهەڵڕشتنی سکاڵاو شکاتو داواکاریەکانی چینە باڵاکانو مانگرتنو ڕەخنەگرتنیان لەدژی ((کرێکارە توندڕەوەکان))و تێبینیە پڕ لەدڵتەنگییەکانیانو هەستو نەستە





ئاڵۆزەکانیان، هەروەکو دواتر کابینەی حکومەتیش هەر بەو جۆرە بووە سیپی سکاڵای[١٤٣] ئەوان:

بۆرجوازییەتی سۆسیالیستیانەی بچوك دەیگوت: ((ناتوانین دەست بگرین بەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بەبێ بۆرجوازییەت)) لەکاتێکدا بەخێرایی چاوێکی دەخشاند بەدامودەزگاکانی دەوڵەتدا بەوپەڕی نائومێدییەوە، لەکاتێکدا وادیار بوو کە پەیکەری ڕژێمی کۆن لەودیو پەرژینێکی شکاوو بەتاڵەوە دەڕوانێو چاو دەگێڕێ، ئەو دەرکی دەرکی دەربازبوونەی کە دۆزیبوشیانەوە، بریتی بوو لەدانانەوەی سورێکی لیبراڵییانە لەسەر لاشەی ئەو دامودەزگایانەی کە شۆڕش سەری لێکردبوونەوە، وەزیرە نوێیەکان لەناو وەزارەتەکانی قەیسەردا کۆبوونەوەو بوون بەگەورەو سەرۆکی چاپەمەنیەکانو تەلەفۆنەکانو پەیامنێرانو تایپەرەکانو فەرمانبەران، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هاتنە سەر ئەو قەناعەتەی کە ئامێرەکەیان لەبۆشایدا دەسوڕێتەوە.

دواتر (کرنسکی) باس لەوە دەکات کە چۆن چۆنی ((حکومەتی کاتیی دەستی گرت بەسەر دەسەڵاتدا لەسێهەم ڕۆژی ئەو پشێوییەی کە هەموو ڕوسیای گرتبووەوەو هیچ دەسەڵاتێك لەڕوسیادا دەستی نەدەڕۆیشتو دەوری نەمابوو، تەنانەت یەك تاقە پۆلیسیش نەمابوو)). نوێنەرانی کرێکارانو سەربازان هیچ بەشدارییەکیان لەسۆڤیەتاتدا نەکردو نەخوێنرانەوە، ئەو سۆڤیەتاتەی سەرکردایەتی چەند ملیۆن کەسێکی جەماوەری دەکرد، چونکە ئەم چەند ملیۆن کەسە بەڕای ئەو تەنها ڕەگەزی ئاژاوەگێڕیو پشێوی نانەوەن، وڵات خرابووە ئەولاوە، بەڵگەش بۆ ئەمە دیارنەمانو پوکانەوەی پۆلیسەکان، لەکاتێکدا ئەوان خاوەنی دەسەڵاتی باڵابوون، دەکرێت کلیلی هەموو سیاسەتەکانی حکومەت لەقسەو دانپیانانی ئەم وەزیرەوە هەڵبگوازین کە لەهەموو کەسانی تر زیاتر چەپڕەوتر بووە.

کاروباری بەرپرسو کاربەدەستانی کەرتو ناوچەکان درایە دەست سەرۆکی کارگێڕی کەرتەکانی (زیمستفۆ) بەپێی بڕیارێکی (میرلفۆف)، ئەگەرچی ئەو سەرۆکانە زۆر جیاوازتر نەبوون لەوانی پێش خۆیان...! لەزوربەی جاردا ئەو سەرۆکە کاربەدەستە تازانە

---

[١٤٣] سیپی سکاڵا: صندوق الشکاوی.

خاوەن موڵكو ئاغاو دەرەبەگ بوونو بەرپرسی پێشووی ئەو كەرتانە ئەمانەیان وەك سەرۆكی یەعقوبییەكان لەقەڵەمخ دەدا، لەسەر ناحییەكانیش چەند سەرۆكێك بۆ بەڕێوەبردنیان دیاری كرا، دانیشتوانیش هەمان دوژمنە كۆنەكانیان بۆ كرانەوە بۆ سەرۆك بەڵام لەژێر ناوێكی تازەدا كە پێیان دەوترا (موفەوەزو كاربەدەست)، ئەو قسە دێرینەی (میتلۆن) هاتەدیو بەسەر وڵاتدا چەسپا كە دەربارەی چاكسازی (گالفانیەكان) گوتبووی: ((ئەمانە هەر هەمان كاهینە كۆنەكانن، بەڵام بەناوێكەوە كە گەورەییو شكۆیەكی زیاتری دراوەتێ))، كاربەدەستانی كەرتەكان دەستیان گرت بەسەر ئامێرەكانی چاپەمەنی لەناحیەكانداو دەستیشیان گرت بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی لەخزمەتی فەرمانڕەواو سەركردە پۆلیسەكاندا بوون كە پێیان دەگوترا ((ئەتسبرافنیك)) تاكو باش سەرنج لەوە بدەن كە ئەمانە هیچ دەسەڵاتێك بەكاربەدەستە ژێر دەستەكانی خۆیان نادەن، زیندەگیو ئاوەدانی زیاتر لەدەوروبەری ئەنجومەنی سۆڤیەتاتدا بەدی دەكرا، لەكەرتو ناحییەكاندا، بەم جۆرە جوتەكو دووڕوویی دەسەڵات لەچڵەپۆپەوە دابەزیە ناو بنكەی خەڵكو جەماوەری خوارەوە. بەڵام سەركردەو كاربەدەستانی سۆڤیەتاتو بەڕێوەبەرەكانیان - كە سەر بەسۆسیالە شۆڕشگێڕو مەنشەفییەكان بوون - بەشێوەیەكی زۆر سادەو ساكارترو بێ گرێو گۆڵ تر كاروباریان رایی دەكردو بەپێچەوانەی ئەمەیشەوە - ئەو دەسەڵاتەشیان ڕەت نەدەكردەوە كە ئەو هەموو بارودۆخانەیشی خولقاندبوو، ئەو هەموو شتانەیشی چەسپاندبوو، تا لەسەرەنجامدا كارو چالاكییەكانی كاربەدەستانی كەرتو ناوچەكان تەنها لەوەدا كۆبوەوە كە سكاڵای حاڵی خۆیان بكەن لەو گۆڕینە ڕەهایەی لەپەیڕەوو سنوری دەسەڵاتی تەواوەتی ئەواندا كراوە.

لەڕۆژی دووەمی پێكهێنانی وەزارەتی لیبراڵیدا، بۆرجوازییەت هەستی بەوە كرد كە نەك هەر دەسەڵاتی دەست ناكەوێ، بەڵكو لەدەستیشی چووەو دۆڕاندویەتی، داروودەستەی ڕاسپۆتینی ئەگەرچی بەر لەڕاپەڕین زۆر بەبرەوەوە دەستیان دەڕۆیشت لەناو دەسەڵاتدا، ئەمڕۆش تاڕادەیەك هەمان سروشتیان پێوە دیارە، دەسەڵاتی بۆرجوازییەتیش بەسەر كاروباری دەوڵەتدا زۆر زۆربوو، تەنانەت هاوبەشی كردنی ڕوسیا لەجەنگداو





تێوەگلاندنی زیاتر فیتی بۆرجوازییەت بوو، بەرلەوەی دەستكردی خاوەندارێتیو پاشایەتی بێ، بەڵام خاڵە سەرەكییەكە ئەوەبوو كە دەسەڵاتی قەیسەری كارگەو زەویوزاری خاوەندارەكانو دەوڵەمەندەكانی دەپاراست لەگەڵ بانكو خانوبەرەو ڕۆژنامەكانیان، لەم ڕوانگەیەشەوە دەسەڵات، دەسەڵاتی خۆیان بوو، لەزوربەی كارو بارودۆخەكانداو لەگەلێك زیندە لایەنی ژیانیاندا، شۆڕشی (فێبرایر)یش بارودۆخەكەی بەدوو ئاڕاستەی پێچەوانەو دژدا راست كردەوە: دەسەڵاتو هێمای دەسەڵاتی دەرەكی بەخشی بەبۆرجوازیەت بەشێوەیەكی ئەوتۆ كە جێی خۆبادانو شانازی بێ بۆی، بەڵام هاوكات بەشێكی زۆری ئەو هێزە ڕاستەقینەیەی لێ سەندەوە كە پێش شۆڕش هەیبوو، ئیتر ئەو كەسانەی كە دوێنێ لەناو یەكێتی (زێمستفۆ)دا خزمەتیان دەكردو (میرلفۆف)یش سەركردایەتی دەكردن، هەموویان لەمەولا بوون بەسەر گەورەو كاربەدەستی دەسەڵاتداری بارودۆخەكە لەوڵاتدا، لەبەرە سوپاییەكاندا، لەشارو دێهاتەكاندا، هەمووشیان لەژێر ناوی (سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەكان)و (مەنشەفییەكان)و (میرلفۆف)و (غۆتشكۆف) وەك دوو وەزیر دانرانو هەر بەم بۆنەیەیشەوە چەند مەرجێكی دیاری كراویان لەسەر دانران، وەك ئەوەی بەكرێیان گرتبن لەسەر ئەركی خۆیان وەك دوو فەرمانبەری گەورە.

لەلایەكی ترەوە، ئەو لیژنەی ڕاپەڕاندنەی حكومەتێكی بۆرجوازی دروست كرد، نەیدەتوانی كە بەئاشكراو ڕاشكاوانە نیازی خۆی یەكلایی بكاتەوەو بەدڵنیاییەوە بڵێ ئەم كاری پێكهێنانی حكومەتەی كە كردویەتی ئیشێكی باشە..! ئەمەش وەك ئەو باسو خواسانەیە كە دوربارەی خواوەندەكانی ناو تەورات گوتراون و بەپێچەوانەوە لیژنەكە بەخێرایی كەوتە كار بۆ گەورەتركردنی ئەو ماوە نێوانیەی كەوتبووە نێوان خۆیو كارەكەیەوە، وەك دڵنیاكردنەوەیەك لەوەی كە ئەم لیژنەیە ئامادەیە بۆ هاوكاریو پشتیوانی كردنی ئەم حكومەتو دەسەڵاتە نوێیە، چونكە ئەم دەسەڵاتە نوێیە، خزمەتی شۆڕشی دیموكراتی دەكات بەوپەڕی ڕاسپاردەییو ئەمانەتەوە. كابینەی حكومەتەكەش زۆر چاك دەیزانی كە تەنها بۆ ماوەی یەك كاتژمێریش لەسەر پێی خۆی ناوەستێ بەبێ پشتیوانی كردنی دیموكراتییەتی ڕەسمی بۆی...! بەڵام ئەو پشتیوانی كردنەش جارێ

دیاری نەکرابووتا ئەوکاتەی لەبەرانبەر باش ڕەفتارەکانی حکومەتەکەدا دیاری دەکرێ، واتا بەستترابوەوە بەشتێکەوە کە نامۆ بوو لەو حکومەتەداو جێگەی گومان بوو، دیموکراتییەت خۆی هات تاکو هەڵوەشاندنەوەی ئەو حکومەتە ڕەت بکاتەوە، حکومەت هەرگیز ئەو سنورەی خۆی نەدەزانی کە بۆی هەبوو دەسەڵاتی خۆیتیایدا پەیڕەو بکات لەچوارچێوەی دیاری کراوی خۆیدا وەك دەسەڵاتێکی (پەلەپڕوزەو نیوە راکردە) چونکە حکومەتێکی کاتیی بوو، ئەندامانی لیژنەی ڕاپەڕاندن خۆشیان نەیاندەزانی کە پێشتر لەو بارەیەوە شتێك ڕابگەیەنن، هەروەها زۆر گران بوو بەلایانەوە کە یەکەم خاڵی سنوری دەست گرتن بەسەر جەماوەردا لەلایەن حکومەتەوە دیاری بکەن، بۆرجوازییەتیش سەرقاڵی خۆنیشاندانی خۆی بوو، دژ بەوەی کە سۆسیالیستەکان تەفرەیان داون و فێڵیان لێ کردون، لەلایەکی تریشەوە سۆسیالەکان خۆشیان لەوە دەترسان کە لیبراڵییەکان بەپێی پڕوپاگەندە کۆنەکانیان بکەونە هاندان و وروژاندنی جەماوەرو بەم شێوەیە بارودۆخەکە وا بشڵەقێنن کە کۆنترۆڵ کردنەوەی هەروا ئاسان نەبێ و ئەو ڕشتە ئاڵۆزەیان دەردەبڕی کە چەند دەستەواژەیەکی لەم جۆرانەی تێدابوو: ((لەناو ئەو سنوورەدا... ئێمەش هەروا دەیبینین...)) ئەم دەستەواژانەش بەتەواوەتی لەو کاتانەدا دەگوتران و دەگوترانەوە کە کەوتبوونە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، ئیتر ڕشتەی مافناسانە بوو بەبەرگێك بۆ درۆیەکی ڕاستەقینە لەڕژێمی دووڕەگ کراوی شۆڕشی فێبرایر (شوبات).

لیژنەی ڕاپەڕاندن، لیژنەیەکی تایبەتی هەڵبژاردو بەناوێکی پاکژەوە ناویان لێنا (لیژنەی پەیوەندی)، بەڵام لیژنەیەکی گاڵتەجاڕیانە بوو لەو ڕووەوە کە هیچ کاریگەرییەکی نەبوو بۆ سەر حکومەت، بەم جۆرە ڕێکخستنی دەسەڵاتی ڕەسمی شۆڕشگێڕانە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕکردنی ئامۆژگاری دامەزرا. (میرجۆفسکی)یش کە نووسەرێکی سۆفیانە بوو، هەندێ قەدرو ناوباشی لەناو خەڵکدا هەبوو، شتێکی هاوشێوەی ئەم ڕژێمی حکومەتەی لەپێشینەکاندا دیبوو. بەڵام ئەو نموونەیەش تەنها لەسەردەمە کۆنەکاندا بوو. کە پەیوەندی بە پاشاکانی جولەکەو پێغەمبەرەکانیانەوە هەبوو. پێغەمبەرە باسکراوەکانی ناو تەوراتیش وەك پێغەمبەری دواهەمین پاشای (ڕۆمانۆفت) و بەلانی کەمییەوە وەحی لەئاسمانەوە وەردەگرن و پاشاکان ناوێرن دژیان





بووەستنەوە بەم جۆرە دەسەڵاتی سەربەخۆمایەوەو کەس بۆی نەبوو دەستی تێوەربدات، بەڵام بارودۆخ لەئەنجومەنی سۆڤیەتدا تەواو جیاواز تربوو، پێغەمبەرانی ئەم ئەنجومەنەش هەر جیاواز بوون، چونکە تەنها وەحییان لەبیری تەسکی خۆیانەوە بۆ دەهات، کەچی وەزارەتە لیبراڵییەکان وایان دەبینی کە هیچ شتێکی باش لەسۆڤیەتەوە دەرناچێ، (تەشخیدزە)و (سکۆبۆلیف)و (سۆخانۆف)و گەلێك کەسە تر پێشنیاریان دەخستە بەردەمی حکومەت و زۆر سووربوون لەسەر ئامۆژگاریکردنی حکومەت تاکو مل بدات بۆ داخوازییەکانی خەڵکی! وەزیرەکانیش بەرپەرچی ئەوانیان دەدایەوە، نوێنەرەکانیش پێشنیارەکانیان دەبردە بەردەمی لیژنەی ڕاپەڕاندن و گوشاری دەسەڵاتی حکومەتیان بەسەردا دەسەپاندن، دیسانەوە دەگەڕانەوە بۆ سەر باری بەرە کۆن و دەچوونەوە لای وەزیرەکان.... بەم جۆرە ئەم ئاشە بە تەنورەیە بەردەوام دوبارە دەبووەوەو سەر لەنوێ دەستی پێ دەکرایەوەو دەهاتەوە هەمان خاڵی بە تاڵ، ئەم ئاشە ئاڵۆزەش هیچ شتێکی نەدەهاڕی و بێ بەرهەم بوو.

هەموو لایەك بەردەوام لەبەرزکردنەوەی سکاڵابوون بۆ بەردەمی (لیژنەی پەیوەندی) (غۆشکۆف) بە تایبەتی گلەیی لەو دیموکراتیانە دەکرد سەبارەت بەو پشێویەی کە سوپای گرتووەتەوە بەهۆی ڕێگە پێدانی سۆڤیەت، وەزیری جەنگی شۆڕشیش: ((فرمێسکی دەڕشت، یان لانی کەم بە دەستەسڕەکەی خەمبارانە چاوەکانی دەسڕی، بەوپەڕی پەژارەیەکی پڕاوپڕی وشە)) زۆر بە هەق و ڕەوای دەبینی کە وشك بوونەوەی چاوی پڕ لەگریانی کاهنەکان و پاشاکان ڕاستەوخۆ دەڕژێتە تیرەغەی[١٤٤] پشتی کاری پێغەمبەرانەوە.

جەنراڵ (کیسیف)یش کە لەسەرۆکایەتی بارەگای سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان بوو لە(٩)ی مارسدا بروسکەیەکی بۆ وەزیری جەنگ ناردو تیایدا نوسیبووی: (ئاگری ئەڵمانی لێمان نزیك دەبێتەوە، ئەگەر وادەری بخەیت کە بەتەمای ڕێك کەوتن و چاکسازیت لەگەڵ سۆڤیەتدا) (غۆتشکۆف)یش بە چەند دەستەواژەیەکی گریاناوی

[١٤٤] تیرەغە: تیرەگە: موراغە: بڕبڕەی سەرەکی پشت و ئێسکی سەرەکی ڕاگری کۆڵەکەی پشت، مەبەست لە سەنتەری کاری پێغەمبەرانە وەك ستراتیژی سەرەکی ئەوان.

وەڵامی دایەوەو گوتی: بەداخەوە بۆ حکومەت.. ! کە توانای دەسەڵاتی تەواوەتی‌و ڕاستەقینەی نییە، ئەنجومەنی سۆڤیەت، خاوەنی کەرتەکانە، خاوەنی هێڵی شەمەندەفەرو پۆستەو گەیاندن‌و بروسکە خانەیە، دەتوانین زۆر بە ڕاشکاوی بڵێین: حکومەتی کاتیی هەر بوونیشی نییە، مەگەر تا ئەو سنورەی ئەنجومەنی سۆڤییەت بۆی دیاری کردووەو ڕێی پێداوە.

لەهەفتەیەکەوە تا هەفتەیەکی دواتر هیچ چاکبوونەوەیەك بەسەر بارودۆخەکەدا نەهات، کاتێك حکومەتی کاتیی(لەسەرەتای مانگی ئیپریلدا دوو نوێنەری خۆی لەئەنجومەنی ڕۆما ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کرد بەڕەسمی فرمانی پێکردن کە هەرگیز وانیشان نەدەن کە جۆرە جیاوازی‌و ناکۆکییەك لەنێوان ئەوان‌و ئەنجومەنی سۆڤییەتدا هەیە، ئەم حکومەتە لەسەر ددانەکانی دەڕۆیشت‌و تازە پێیی گرتبوو. نوێنەرە لیبراڵییەکان هەستیان بەوەکرد کە لەگەشتەکەیاندا وەك لەژێر چاودێریدا بن، وایە، بەڵام ئەمەش تێگەیشتن کە ئەگەر ئەم چاودێرییە نەبێ نەیاندەتوانی بچنەپێشەوە لەسەربازان و جێشیان دەست نەکەوت لەناو کابینەی شەمەندەفەرەکەدا، درێژەی ئەم هەواڵەش لەیاداشتەکانی(میرمانسیریف)دا بەتەواوەتی باسکراوەو زۆر بە باشی باسی پەیوەندی (غۆتشکۆف)و سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان کراوە دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسییانەی کرداری پێکهێنانی حکومەتەکەی فێبرایر، ئەم بیریارو هۆزانە[١٤٥] کۆنەپەرستەش بەم شێوەیە باسی بارودۆخەکە دەکات‌و دەڵێ: ((دەسەڵاتی پێشوو لەقەڵای پەترۆس پۆڵس قەتیس مابوو، بەڵام دەسەڵاتی نوێ لەناوماڵەکەی خۆیدا گیری خواردبوو))، بەڕاستی ئەم وەسفە گەلێك لەڕاستی تێدایە.

بەڵام ئایا ئەم حکومەتە کاتییە، هیچ پشتیوانی‌و هاوکارییەکی تری نەدەکرا جگە لەو هاوکارییە گوماناویانەی سەرکردەکانی سۆڤییەت؟ ئەی چینە خاوەندارەکان لەکوێ خۆیان مەڵاس داوە؟ ئەمە پرسیارێکی نەگۆڕە، ئەم چینانە کە لەرابردوودا پەیوەندیەکی توندوتۆڵیان بە پاشایەتییەوە هەبوو، زۆر بەخێرایی‌و دوای ڕاپەڕین کەوتنە خۆیان‌و لەسەر تەوەرەیەکی تازە کۆبوونەوەو ئەنجومەنی پیشەسازی‌و بازرگانیش دانەوینەوەو

[١٤٥] بیریار: هۆزان: مفكرٌ





چۆکیان دادا، کە نوێنەرایەتی سەرمایەیەکی یەکانگیریان دەکرد لەسەرانسەری وڵاتدا بەگشتی هەر لە(٢)ی مارسەوە: (دانەویەوەو خۆی دا بە دەستەوە هەر بەخۆی‌و کاروبارەکانییەوە ملی دانەواند بۆ ئەنجومەنی دۆمای ئیمپراتۆری) و پاشان بەتەواوەتی خۆی خستە ژێر ڕکێفی لیژنەکەوە، یەکێتی‌و سەندیکایانی (زیمستفۆ)و شارەوانییەکان هەمان ڕێگایان گرتەبەر، لە(١٠)ی مارسدا ئەنجومەنی چینی دەرەبەگ‌و ئاغاکان، چارپەی[١٤٦] تەختی پاشایەتی، بە زمانێکی پڕلەترس‌و هەست وروژێنەوە هەموو هاوڵاتیانی ڕوسیای بانگهێشت دەکرد: تاکو ڕیز ببەستن بە دەوری ئەم حکومەتە نوێیەدا کە لەم کاتەدا ڕۆڵی تاکە دەسەڵاتی یاسایی دەبینێ لە سەرانسەری ڕوسیادا)، هەر لەوسەرو بەندانە دابوو کە دامەزراوەو دامودەزگاکانی چینە خاوەندارەکان کەوتنە سەرکۆنەکردن‌و بەندباوی دوو فلیقانەیی ڕوخساری دەسەڵات‌و بەرپرسیارێتی ئەو پشێوی‌و ئاژاوەیەی وڵاتیشی خستە ئەستۆی سۆڤیەتات، ئەم کارو هەڵوێستەیەشی لەسەرەتادا بۆ بەرگری لەخۆکردن بوو، چونکە دواتر نەی وێرا لەوە زیاتر لەقاوغی[١٤٧] دا بجوڵێتەوەو سەربزێوێ.

لەودیو سەرکردەکانیشەوە خزمەتکارە گەورەکان ڕیزیان بەست، ئینجا سەندیکاو یەکێتییە پیشەییەکانی لیبراڵی‌و فەرمانبەرانی دەوڵەت، لەناو سوپاشەوە ئەو بروسکانە وەڵام دەدرانەوە کە لەدەزگاکانی ئەرکانەوە بۆیان ڕەوانە دەکران، هەروەها بڕیارەکان‌و کتێبە چاپکراوەکان لەهەمان جۆری، ڕۆژنامەگەری لیبراڵدا کەوتە سازدانی هەڵمەتێکی هێرشکارانە(( لەپێناو هێنانە سەرکاری دەسەڵاتێکی یەکگرتوودا)) کە لەمانگەکانی دواتردا، ڕوخساری شێوە بەربەستێکی ئاگرینی وەرگرت دژی سەرکردەکانی سۆڤیەتات، بۆ هەریەکەشیان پێکەوە ئاوازێکی زۆر مەزنی بەرپاکردبوو، پەراوەو دەست بەکاربوونی ئەم ژمارە زۆرەی دامودەزگاو ناوە ناسراوەکان‌و بڕیارو وتارو شێوەی ڕاگەیاندنەکان‌و ڕوکەشەکەیان بێگومان کاردەکەنە سەر سەرکردە فرەستیارەکانی لیژنەی ڕاپەڕاندن،

[١٤٦] چارپە: چوارپا: کورسی: عەرش: تەخت: یاخود ئەو کەسەی کە جاڕو بانگەوازی فەرمی کۆشك ڕادەگەیەنێ ئەمڕۆ بە(ناطق رسمي) یان بە (مسؤول مكتب أعلام الدولة) ناسراوە.

[١٤٧] لە قاوغی خۆیدا: لەقەباخی خۆیدا: لەپێستی خۆیدا.

کەچی ئەمانە هەر وازیەك[١٤٨] بوون و هیچ هێزێکی تۆکمەی ڕاستەقینە لەپشتی ئەم هەموو هەڕەشانەوە نەبوو کە بەقازانجی چینی خاوەندارەکان بێ، سۆسیالیستەکان لەبوراجوازە بچوکەکان کەوتونەوە. بەڵام(هێزی پاشایەتی چی بەسەر هات‌و لەکوێیە؟)پاشایەتی‌و خاوەنداریی بریتییە لەپەیوەندی نێوان چەند کەسانێك، بەڵام هەرمانای هێزێکی گەورەی هەیە، چونکە دان پیانانی گشتی بووەتە پشتیوانێك بۆ دەزگاکانی قین لەدڵ کە ناوی(ماف‌و دەوڵەتە)، بەڵام بارودۆخەکە بە تەواوەتی لەبارودۆخی دارمانی دەوڵەتە دێرینەکان دەچێ، هەموو مافەکانیش بەلایەن جەماوەرەوە خراونەتەوە ژێر نیشانەی پرسیارەوە. کرێکاران کاتێك بەخۆیان زانی کەوتونەتەوە سەرکارەکانی خۆیان‌و لەکارگەکانیاندان، خاوەن کارو پیشەوەران دەست بەکار بونەوە، خاوەن کارەکان بونە میوای ناوەخت، مسۆگەری‌و زەمانەتێکی کەمتر لەئارادابوو بۆ خاوەن موڵکە کشتوکاڵییەکان لەوەی دورخراونەتەوە هێرشیان نەکەنە سەر، بەڵام خاوەن موڵکەکان تازە بونەتەوە بە خاوەنی ڕاستەقینەی موڵکەکانیان دوای ئەوەی خاوەنداریێتی‌و چاودێری کردن‌و پاراستنی ئەو موڵکانەی خۆیان لەدەست دابوو، بەڵکو ببوە بە هاوڵاتیەکی رەبەنی بێ دەسەڵات‌و سوك‌و ریسوا، وە هیچ شێوەیەك نەیاندەتوانی هاوکاری یارمەتی حکومەتەکەیان بدەن، چونکە خودی خۆیان پێویستییەکی زۆریان بەلا لێکردنەوەو هاوکاری هەبوو، ئەم خاوەن موڵکانە هەر لەسەرەتاوە. کەوتنە نەفرەت لێکردنی ئەم حکومەتە چونکە لاوازو بێ دەسەڵاتە، بەڵام ئەو هێرشی نەفرەت لەحکومەت کردنەیان مانای وایە پێلەقە لەبەخت‌و چارەنوسی تایبەتی خۆیان دەدەن.

لەم کاتەدا بەتەواوەتی ئەوە ڕوون بووەوە کە گرنگی کاری چالاکانەو سەرکەوتوانەی لیژنەی ڕاپەڕاندن‌و ئەنجومەنی وەزیران بەڵگەیەکی لەسەر ئەوەی کە هونەری سەرکردایەتیکردن لەچاخ‌و کاتی جەنگدا بریتییە لەکات بەسەربردن بە سازدانی چەندین وتارو لافاوی قسەوباسان، ئەم هونەرەش لەلای لیبڕاڵییەکان ببوە مەسەلەیەکی حسابگەرایی هۆشیارانە، و بەلایانەوە پێویستە واش باشە کە هەموو شتەکان جارێ دوابخرێن بۆ دوایی جگە لەو شتانەی کە پەیوەندی بە هاوپەیمانێتییانەوە هەیە.

---

[١٤٨] وازی: گەمە: هاش‌وهۆشی بێ هودەو پەچ: قسەی بێ کردار





(میلیۆکۆف) کەوتە پێشەنگی کردن‌و ڕێ نیشاندانی هاورێکانی بۆ بەستنی هودنەی نهێنی‌و ژێر بەژێر، (کرنسکی)یش خۆی وانیشاندا کە هیچ شتێکی لەو بارەیەوە نەبیستووە، بێگومان دەبێ لەلایەن خۆیەوە بریکاری ئەنجومەنی باڵای کەنیسەی ئەرسۆزکسی ڕوسی پێملّ کردبێ، کە یەکێك بوو لەئەندامانی سەر بە بنەماڵەی لفۆف‌و خەرجییەکی زۆری نادیاری کێشابوو بۆ سەرۆکی وەزیران‌و ئەوەیشی لەبەر دەست دابوو. بەڵام میریش نەبوو، دیارە کەسانێکی وەك ئەم پیاوە هەردەبێ بگاتە تین‌و هاوار بکات‌و بڵێ: (ئەم ڕێککەوتن‌و هودنانە لەیاخی بوان‌و هەرچی‌و پەرچییەکان دەوەشێتەوە) بەم ڕاگەیاندنەشی بێگومان خەندەو بزەیەکی جوانی خستە سەر لێوی (میلۆکۆف)، ئەو (میلۆکۆف)ەی کە پێشتر گوتبووی: (خەڵکی سەر شەقامەکان بێ ئاگان)، (میلۆکۆف) پێشنیاری کرد، بچنە سەر خشتەی کاروبار، ئەو ڕاگەیاندنە ڕەسمییانە بدرێنە دەست وەکیلی حکومەت‌و پەیمانی بانگەوازکردن دەربکات بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنی دامەزرێنەران لەنزیکترین کاتدا، بەڵام هەر بە دەستی ئەنقەست کاتی بەستنی ئەو کۆبوونەوەیە دیاری نەکرا.

شێوەی دەوڵەتیش لەسەر مێزی گفتۆگۆ، نەخرایە بەرباس. حکومەت هەر بە ئاواتی ئەوەوە بوو کە سەرلەنوێ فیردەوسی پاشایەتی لەدەست چووی دەست بکەوێتەوە، بەڵام ڕاگەیاندنەکە ئەوە دەگرێتەوە کە ئەبێ جەنگ درێژەی هەبێ‌و هەموو لایەك پابەند بوو بەو بەڵێنەیانەوە هەتا سەرکەوتنی تەواوەتی بە دەست دێنێت‌و((دەبێ ڕێزی ئەو ڕێککەوتنانەش بگیرێ کە لەگەڵ هاوپەیمانانیدا مۆریان کردووە)، لەو بارەیەشەوە کە پەیوەندی بە ترسناکترین مەترسی میللییەوە هەبێ، ئەوا شۆڕش لەو ڕووەوە ئەم ڕاگەیاندنەی پەسەند کرد: ((هەموو شتێ لەپێشوودا چۆن بووە هەر بەو شێوەیەی ڕابردووی خۆی دەمێنێتەوە، وەك ئەوە وایە کە ئەوان بۆ دەوڵەتە هاوپەیمانەکانیان وادانیان پێداناوە کە دەسەڵاتی تازە مانایەکی سۆفیگەرانەی هەبێ ـ چونکە بازرگانێکی بچوك بە هیچ حساب نییە چونکە خەرجی تەواوەتی لەبەردەست دانییە، لیژنەی ڕاپەڕاندنیش زۆر بەدان بەخۆداگرتنەوە بەرگەی ئەو ڕاگەیاندنە ئیمپریالیانەیەی گرت لە(٦)ی مارسدا، (سۆفانۆف) پاش ساڵێك بە دەنگێکی پڕلەمەخابن‌و ئاخەوە گوتی:

((هیچ دامودەزگایەکی ڕەسمی دیموکراتیەت نییە کە بەئاشکرا دژی کاروباری ئەو حکومەتە کاتیە بێت کە شۆڕشەکەی لێ شێواندبێت هەر لەکاتی لەدایکبونییەوە لەبەرچاوی ئەوروپای دیموکراتیدا)).

دواجار لە(٨)ی مارسدا مەرسومێك لەهەولگەی وەزارەتەوە دەرچوو کە دەربارەی لێبوردنی گشتی بوو لەزیندانیو گیراوەکان، لەم کاتەدا گەل دەرگای زیندانەکانیان والاکرد، شاربەدەر کراوو دورخراوەکان لەشێوەی چەند شەپۆلێکی زۆردا کۆمەڵ کۆمەڵ بەتایبەتی سیاسییەکان گەڕانەوە ولات، هاوکات مەراسیمی گەڕانەوە ئەو خەڵکانەش بەوپەڕی جۆشو خرۆشو دەهۆڵو مۆسیقای سەربازیو ئاهەنگو وتار کێشانو گوڵبارانکردنەوە بوو، مەرسەمەکە دەنگدانەوەو هەراوزەنایەکی گەورەی نابووەوە، و لەڕۆژی(١٢)ی مانگدا سزای لەقەنارەدانو کوشتن هەڵوەشێنراوە، کەچی دوای(٤) مانگ سەر لەنوێ ئەم سزایە گەڕێنرایەوەو بەسەر سەربازاندا جێبەجێ کرا، (کرنسکی)پەیمانی دابوو کە دادپەروەری بگەیەنێتە ئاستێك کە هەرگیز پێشتر وێنەی نەبوبێ. لەهەولێکی پڕ لەجۆشو خرۆشدا پێشنیارێك بوو بە یاریدەدەرێك بۆ دانانی بە قبوڵکردنی نوێنەرانی کرێکارانو سەربازان وەك دادوەری چاکسازی، کە پێشنیارەکە لەلایەن لیژنەی ڕاپەڕاندنەوە پێشکەش کرابوو، ئەم کارەش ئەو تاکە کارە نموونەیەی بوو کە بۆ یەکەمجار خەڵکی هەستیان بەوە کرد کە دڵی شۆڕش کەوتووەتە لێدان، دیارە ئەو کارو هەنگاوە بووە هۆی تۆقاندنی هەموو دوژمنانو ناحەزانی دادپەروەری، بەڵام لێرەدا ئیتر ئەرکەکان وەستان،(دمیانۆف)ی پارێزەر کە کەسێکی سۆسیالیست بوو، پلەیەکی بەرزی هەبوو لەوەزارەتەکەی(کرنسکی)دا بڕیاریدا کە پابەندبێ بە پاراستنی پلەوکاری هەموو فەرمانبەرە پێشینییەکانو بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە: ((پێویستە لەسەر سیاسەتی حکومەتی شۆڕشگێڕ کە هیچ کەسێك نەنگو ڕسوا نەکات، ئەگەر پێویست بەوە نەکات)) ئەم بنەمایە تازەیە ئەو بنکە ڕەسەنە بوو کە سەراپای حکومەتە کاتییەکە لەسەری بوو، ئەو حکومەتەی کە وێڕای ئەوەش دەترسا لەوەی سوکایەتی بە هیچ کەسێکی سەر بە چینە خاوەندارەکانیش بکات، تەنانەت لەوەش سڵی دەکردەوە کە سوکایەتی بە بیرۆکراتیەتی قەیسەریش بکات، دادوەرەکانیش نەك هەر لەجێی خۆیاندا





مانەوە، شتێکی سروشتییە کە جەماوەر ڕقی لەو جۆرە کارە ببێتەوەو تورە ببێ، بەڵام تورەبوونەکەی جەماوەریش جێی هیچی نەگرت تاکو گەیشتە سۆڤیەتات: ئیتر جەماوەر بەشداری ئاسۆی حکومەت ناکات.

هەوایەکی سارد لەکەسێکەوە هەڵی کرد، کە ئەو کەسەش پێشتر ناومان بردووە. ئەم هەوا ساردو فێنكو شێدارەی گۆڕانکاریانەش لەلایەن داواکاری گشتی(لفۆف)ەوە وەك شنەبایەك هەڵی کرد، ئەو ناوبراوە کاری بە ڕەسمی کردنی ڕاپۆرتەکان بوو لەدوو تەوەرەی بڕیارو گشتاندندا، کە ئەم دوو تەوەرەیەش دیسان لەناو ئەنجومەنی باڵای کەنیسەی ئەرسۆزکسی ڕوسی دابوون، وەزیرەکانیش بە دوودڵیو ڕاڕاییەوە دەیانڕوانیە ئەم مەزنەکاریو خەملاندنە سازگارانە، بەڵام ئەنجومەنەکە دامەزراوەیەکی سەر بە دەوڵەت بوو، وەك ئەو ئەرسۆزکسیەی کە ئایینی دەوڵەت بوو، دیسانەوە پێکهاتەی ئەنجومەنی باڵاشیان هەر وەکو خۆی هێشتەوەو پاراستیان: چونکە پێویست بوو لەسەر شۆڕش کە بەرەنگاری کەس نەبێتەوەو لەگەڵ کەسدا بەشەڕ نەیەت.

ئەندامانی ئەنجومەنی دەوڵەتو ئەوانەی کە سەر بە دوو تاسێ کەسی قەیسەری بوون ئامادە دەبوون لەکۆبونەوەکاندا یان بەلایەنی کەمەوە ئاگایان لەبڕیاری دیاری کردنی موچەو ئەرکەکان دەبوو، ئەم کارەش مانایەکی ڕەمزی هەبوو، لەکارگەو ئۆردوگاکانیشدا کرێکارو سەربازان دەنگیان لێ بەرزبووەوەو ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕی، لیژنەی ڕاپەڕاندنیش مانی گرت، حکومەت دوو کۆبوونەوەی بەست، لەو کۆبونەوانەدا گفتوگۆ کرا لەسەر چارەنوسی ئەندامانی ئەنجومەنی دەوڵەتو دیاری کردنی موچەکانیان، بەڵام نەگەیشتنە هیچ بڕیارێك، بەڵێ... ! نەگەیشتنە بڕیار، ئیتر چۆن دەبێ ئەو کەسایەتیانە هەراسانو بێزار بکرێن کە زۆر بەڕێزن، بە تایبەتیش کەسانی وایان تێدایە کە هاوڕێو برادەرێکی زۆر باشن؟

وەزیرە ڕاسپۆتیینییەکان لەقەلاکە دابوون. کەچی حکومەتی کاتیی پەلە پەلی بوو کە موچەیان بۆ دیاری بکات، ئەم کارەی حکومەتیش ئاوازێکی پێکەنیناوی هەبوو، وەك لەجیهانێکی ترەوە هاتبێ، بەڵام حکومەت خۆی نەیدەویست کە ئەندامەکانی

لەئەندامانی حکومەتی پێشوو جیاوازتر بێت. تەنانەت ئەگەر ئەو ئەندامانەی پێشوو ئێستا دەست بەسەری ناو زیندانەکانیش بن.

نوێنەران و ئەندامان هەر چۆنێ بێ ڕایان کێشاو لەگەڵ ئەو بێزارییەدا هاتن، کاتێ کە(سۆکۆلۆف)ی نوێنەری چەپڕەوەکان، کە دواتر (کرنسکی) ئەو پلەو پایە بەرزەی پێدابوو، هات و ئامادەی کۆبونەوە ورەشەکەی(بالردنفۆرد)بوو، زۆر بوێرانە ویستی قسە بکات، بەڵام وەزیرەکان دەریان کردە دەرەوە: نوێنەرانی قەیسەر لەوە نەدەترسان کە جیاوازییەك لەنێوان ئەوان و شۆڕشەکەی فێبرایردا هەبێ، چونکە ئەوان دڵنیا ببوون لەوەی کە حکومەتی ئەم شۆڕشە ددانی تیژی نییەو گاز ناگرێ.

(مارکس) پێی وایە کە هۆکاری سەرنەکەوتنی شۆڕشی پێشووی ئەڵمانیا، کە بە شۆڕشی مارس ناسراوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بزوتنەوەی شۆڕشەکە : ((تەنها لوتکەو چڵە پۆپەی سیاسی چاك کرد، بێ ئەوەی دابەزێنە چینەکانی خوارەوە، ئەو بزوتنەوەیە گوێی نەدایە پەیڕەوەکانی چاکسازی لەبیرۆکراتییەتی کۆن و سوپای کۆن و دادگا دێرینەکاندا، کە لەژێر سایەی حکومی ستەمکارانەی پێشوودا لەدایك بوون و فێرکراون و پاکژکراوەنەتەوە بۆ خزمەتی ئەو حوکمە ستەمکارانەیە)). سۆسیالەکان لەناو نموونەی (کرنسکی)دا دەگەڕان بۆ خۆدەرباز کردن لەو قەیرانە، کەچی (مارکس) هۆی تیاچوونەکەی دیاری کردووە، کە بۆچی شۆڕش و بزوتنەوەکەی ئەڵمانیا شکستی هێناو سەرنەکەوت، مارکسییە مەنشەفییەکان لەگەڵ (کرنسکی)دا بوون نەك لەگەڵ (مارکس)دا.

ئەو بوارە تاقانەیەی کە حکومەت دەیتوانی شتێك لەسەلماندن بخاتە ڕوو، ڕەوتێکی شۆڕشگێڕانەی پێ بگرێتە بەر، تەنها ئەو یاسایە بوو کە دەربارەی کۆمپانیاو کارە هاوبەشەکان دەری کرد: ئەوەبوو حکومەت مەرسومێکی چاکسازی دەرکرد لە(١٧)ی مارسدا کۆت و بەندە نەتەوەگەرایی و مەزهەبگەراییەکانیش هەتا دوای تێپەڕبوونی سێ ڕۆژ بەسەر ئەو مەرسومەدا هەڵنەوەشانەوە، حکومەتیش ژمارەیەکی کەمی لەو کەسانە تێدا نەبوو کە لەسایەی ڕژێمی پێشوودا سوودمەند بوون لەبڕیاری کۆمپانیا هاوبەشەکان.





کرێکاران بێزارو ماندوو دەبوون لەدوپاتکردنەوەی داواکارییەکەیان سەبارەت بە دیاریکردنی ماوەی(٨)کاتژمێر کارکردنی ڕۆژانە، بەڵام حکومەت هەردوو گوێچکەی کەڕ بوو لەئاستی ئەو داواکاریەدا، بارودۆخی جەنگ هەر وەکو خۆی مابووەوە، هەموو کەسێك پێویست بوو لەسەر شانی کە قوربانی بدات لەپێناوی وڵاتدا، وێڕای ئەمەش ئەرکی سۆڤیەت هێوەر کردنەوەی کرێکاران بوو.

مەسەلەی زەوی و زار ببووە هەڕەشەو گوڕەشەی زیاتر، لەوکاتەدا زۆر پێویست بوو کە لەوبارەیەوە شتێك بە شتێك بکرێ، (شینغاریف)ی وەزیری کشتوکاڵ دوای گوشارو داواکارییەکی زۆری جوتیاران بۆ پێکهێنانی لیژنەی خۆجێیی خستەڕوو، بەڵام لەترسانا ئەرك و ماف و ئەو لیژنانە دیاری نەکرابوون، جوتیارانیش وایان دەزانی کە ئەم لیژنانە زەوییەکانیان بۆ دەسێننەوە دەیاندنەوە دەستیان، کەچی خاوەن زەوییەکان وایان دەزانی ئەم لیژنانە بۆ پارێزگاری کردنە لەزەوییەکانی ئەوان، بەم جۆرە ڕژێمی حکومی فێبرایر هەر لەسەرەتاوە وای دەزانی کە قەپرخەی ملی بە گرێ پوچکەی مۆجیك توند گرێ دراوە، بەڕادەیەکی هێندە توندو قایم کە لەهەموو کرێکارانی تر تۆکمەترە.

بە پشت بەستن بەبیروباوەڕی فەرمی، ئەو مەسەلانە بەگشتی دواخران کە لەزگی شۆڕشەکەوە هەڵقوڵاون تا کاتی بەستنی کۆنگرەی ئەنجومەنی دامەزراندن، جا ئایا دیموکراتییە دەستورییەکان، ئەوانەی کە هیچ عەیبێکیان نییە، ئەوانەی سەرکەوتوو نەبوون، کە خواستی نەتەوایەتی بقۆزنەوە! پێیان وایە میخائیل ڕۆمانۆف ئەو خواستەی پێ ڕەوا ببینرێ؟

ئای کە ئەمە جێگەی داخ و مەخابوونە! هەر لەم کاتانەشدا گیان دەرچوونی نوێنەرایەتی نیشتمانیی داهاتوو زۆر بەچاکی کاری خۆی دەکرد بەو گەرم و گوڕییەی بیرۆکراتییەتی گەورەوە، بەخاووخلیچکییەکی حساب کراو لەسەر پلەیەك کە ووردە.. ووردە.. لەگەڵ خۆیدا ئەنجومەنی دامەزراندنیش بەرەو تراویلکە برد[149]، تەنها لە(٢٥)ی مارسدا، واتە یەك مانگ دوای ڕاپەڕینەکە ـ ەوە ژیانێکی تەمەن(١)مانگ لەژێر سایەی شۆڕشدا.... ! حکومەت بڕیاریدا بەپێکهێنانی کۆنگرەیەکی ئاهەنگ

(١٤٩) تراویلکە : سّراب

ئامێزی تایبەت بەبارودۆخی هەڵبژاردن... کەچی ئەم کۆنگرەیەش هەرگیز نەبەسترا، (میلیۆکۆف) لەکتێبەکەیدا (مێژووی شۆڕش)ی پڕ لەهەڵەو پەڵەکەیداو بە زمانێکی ناچارانەو پڕ لەپشێوی دەڵێ: ((دەست نەکرا بە خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرەیەکی تایبەتی لەژێر سایەی یەکەم حکومەتدا)). بەهۆی جۆرەها ئاڵۆزکاری هەمەچەشنەوە، ئەم ئاڵۆزکاریانەش پەیوەندی بەپێکهێنانی لیژنەکەو پابەندییەکانیەوە هەبوو، ئەرکی سەرەکی دواخستنی بەستنی ئەو کۆنگرەیەی ئەنجومەنی دامەزراندن بوو بۆ کاتێکی باشترو شیاوتر: تا کاتی سەرکەوتن، تاکاتی ئاشتی، تا کاتی ڕوداوە کۆرنیلۆفییەکان.

بۆرجوازییەتی ڕوسی، کە زۆر درەنگ هاتە جیهانەوە، ڕقی زۆر لەشۆڕش دەبویەوە.... چۆن ڕقێك! ڕقێکی کوشندە، بەڵام ئەم ڕقوقینەشی لەهێزو توانای کەمدا بوو، واپێویست بوو کە جارێ وەك بینەرێك بمێنێتەوە تاکو هێرش بەرێت، لەبەرئەوەی کە بۆرجوازییەت توانای هەڵگێڕانەوەو ئاوەژووکردنەوەی شۆڕشەکەو خنکاندنی نەبوو، هات بۆ کۆنتڕۆڵ کردنی پشتی بە خۆی ـ واتە بە خودی شۆڕشەکە ـ بەست لەڕێی دامرکاندنەوەی بڵێسەکەیەوە.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## جووت ڕوویی دەسەڵاتەکان [150]

جووت ڕوویی دەسەڵاتەکان چی دەگرێتەوە؟ هیچمان لەدەست نایە، مەگەر لەمەسەلەیەکی ئاوادا کە لەکتێبە مێژووییەکاندا هیچ ڕوونکردنەوەیەکی دەربارە نەوتراوە هەڵوێستەیەك بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا جووت ڕوویی دەسەڵات بارێکی تایبەتیە بۆ قەیرانی کۆمەڵایەتی، ئەمەش شتێکی ناوازەو تایبەت نییە تەنها بە شۆڕشی ڕوسییەوە لەساڵی ١٩١٧دا، ئەگەرچی ئەم دیاردەیە زۆر زیاترو ئاشکراتر پێوەی دیارە لەچاو شۆڕشەکانی ترەوە.

چینە دژو بەرنگارەکان بەردەوام لەناو کۆمەڵگەدا بوونییان هەیە، چینە بێبەشەکانیش لەدەسەڵات هەوڵ دەدەن ڕەوتی دەوڵەت بگۆڕن تا بەو ئاراستەدا بڕوات ئەوەش تا ئاستێکی دیاری کراو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مانای بوونی جووت ڕوویی یان فرە دەسەڵاتی ناگەیەنێ لەکۆمەڵگەدا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆش سروشتی سستمی سیاسی لەرێی پەیوەندی چینە ستەملێکراوو چینە فەرمانڕەواکانەوە دیاری کرابوو، تەنها یەکبونی دەسەڵات مابووەوە، ئەو دەستەڵاتەی بە مەرجێکی ڕەهای سەقامگیر بوونی ڕژێمێك لەڕژێمەکان دادەنرێ، تا چینی فەرمانڕەواش سەرکوتووبێ لەسەپاندنی شێوە ئابوریو سیاسییەکانی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا بەردەوام دەبێ، هەروەك چۆن ئەمانە ئەو تاقانە شێوەیەن کە دەکرێ جێبەجێ بکرێن.

ئەگەر (یۆنکرز)و بۆرجوازییەت پێکەوە فەرمانڕەوایی بکەن بەپێیی بۆچوونو ڕشتەی[151] (هۆنزۆلرن) یان ڕشتەی کۆماریی، ئەوا جووت ڕوویی لەدەسەڵاتدا دروست نەدەبوو، گەرچی ناکۆکییەکان زۆر بە توندوتیژیش دەربکەوتنایە، ناو بەناو لەنێوان ئەوانەی دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، ئەگەر بنکەیەکی کۆمەڵایەتی هاوبەشیان هەبوایەو هیچ مەترسی ئەوەش لەئارادا نەدەبوو کە دووکەرت بوون لەدەزگای حکومەتدا

[150] جووت ڕوویی دەسەڵات : إزدواجية السّلطةْ.
[151] ڕشتە: صِيغةْ.

هەبوایە لەئەنجامی هەبوونی جیاوازی نێوانیان، سستەم‌و ڕژێمی دەسەڵاتی جووت ڕوویی بەرپا نابێ مەگەر بەهۆی ناکۆکییەکانی چینایەتیانەی ئەوتۆ کە نەکرێ بەسەریادا زاڵ بێت، هەروەها ئەو ڕژێمە، دروست بوونیشی مەحاڵە مەگەر لەماوەی شۆڕشگێڕییدا نەبێ کە لەو دەمەشدا دەبێتە یەکێك لەڕەگەزو بناغەکانی ئەو ماوەیە.

میکانیزمی سیاسیانەی شۆڕشیش دەکەوێتە سەر ئەو دەستاودەست پێکردن‌و ئاڵوگۆڕکاریانەی دەسەڵات لەنێوان چینەکاندا، ڕاپەڕینێکی توندوتیژیش لەخودی خۆیدا بەشێوەیەکی ئاسایی لەماوەیەکی کورتدا ڕوودەدات، بەڵام لەڕووە مێژووییەکەیەوە هیچ کام لەچینەکان لەناکاو بەرزنابێتەوە بۆگرتنە دەستی دەسەڵات.

تەنانەت بۆ شەوێکیش، ئەگەر ئەو شەوە شەوی بەرپابوونی پڕ لەگەرم‌و گوڕیی شۆڕشەکەش بێت، بێگومان هەردەبێ بەشێوەیەکی ڕەسمی جێ‌و شوێنی سەربەخۆیی تەواوەتی لەساتە کۆتاییەکانی ڕۆژگاری شۆڕشدا دیاری بکرێ بەرانبەر بە دەسەڵاتی چینی زاڵ، وێڕای ئەوەش پێویستە لەم چینەدا هەموو خواست‌و ئاواتی چین‌و توێژە ناوەندییە بێزارەکان لەدەست ئەو بارودۆخەی تێدا کۆبوبێتەوە، کە دەسەوەسانن لەوەی هیچ کارێك سەربەخۆ بکەن، ئامادەکاری مێژوویش خەریکی خۆسازدان دەبێت بۆ ڕاپەڕینێکی تر لەو ماوەیەدا کە دەکەوێتە پێش ماوەی شۆڕشەوە تاکو چینی تایبەتی ئامادەگی خۆی ساز دەکات بۆ هێنانە سەرکاری ڕژێمێکی کۆمەڵایەتی نوێ، کە لەدەستی دێ بیخاتە گەڕ، لەڕاستیشدا ئەمەش بەشێکی گرنگە لەدەسەڵاتی دەوڵەت بەبێ ئەوەی کە بە تەواوەتیش ببێتە سەرگەورەی وڵات، هاوکات دەزگای ڕەسمی دەوڵەت لەبن دەستی خاوەنە پێشینەکانی دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، ئەمەش خاڵی دەست پێکردنی جووت ڕووبوونی دەسەڵاتە لەهەموو شۆڕشێکدا.

بەڵام خۆ ئەمەش تاکە سروشتی ئەو نییە، خۆ ئەگەر ئەو چینە تازەیەی کە شۆڕشێك لەشۆڕشەکانی بەرزی کردبێتەوە بۆ سەرکورسی دەسەڵات، هەرگیز ئەو شۆڕشەی ناوێ‌و لەڕاستیشدا کارەکەی کاری چینێکی سست‌و دواکەوتووە لەڕووی مێژووییەوەو خۆی شکاندووەتەوە بەرلەوەی بە فەرمی بدرەوشێتەوەو خۆی سەپاندووە، هەرلەکاتی گەیشتنی بە دەسەڵات ڕووبەڕووی دوژمنێکی سەرسەخت دەبێتەوە کە تەواو کامڵەو ئەوەش بەسە بۆ





ئەو تاکو دەست بگرێ بەسەر مقەستی گرتنە دەستی دەوڵەت، هاوسەنگییە شلۆقەکەی دەسەڵاتی جووت ڕوو دەگۆڕدرێ ــ لەشۆڕشی سیاسیدا ـ بە هاوسەنگییەکی ترکە ڕەنگە هەندێ جار لەئەو دەسەڵاتەی پێشووتر مۆلەق تربێ، سەرکەوتن بەسەر "پشێوی"ی دەسەڵاتە جووت ڕووەکەدا لەهەموو قۆناغێکی تازەدا ئەرکی شۆڕشە.. یاخود هەندێ جار ئەرکی دژە شۆڕشە.

دەسەڵاتی جووت ڕوو، نەك هەرخۆی دەسەپێنێ، بەڵکو ئەوەش بە دوور دەزانێ کە دەسەڵات بەسەر چەند کەرت‌و بەشێکی یەکساندا دابەش بکات. ئەمەش هەر بە دوور دەزانێ کە هیچ جۆرە هاوسەنگییەکی یەکجارەکی بۆ دەسەڵات دەستەبەر بکرێت، ئەمەش ڕاستییەکی دەستووریانە نییە، بەڵکو ڕاستییەکی شۆڕشگێڕانەیە، هەر ئەمەش ئەوە دەسەلێنێ کە کوناو دەرکردنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتیانە پێکهاتەی سەروەری دەوڵەتی دارماندووە، کاتێکیش جووت ڕوویی دەسەڵات دەردەکەوێ کە چینە کێبڕکێ کارەکان پشتیان بەستبێ بەرژێمی ئەو دەوڵەتانەی کە زۆر لەمانەوە دوورن ــ تەنانەت هەندێکیان کات‌و سەردەمیشیان بەسەر چووە ــ هەندێکی تریان لەقۆناغی دروست بووندان ـ واتە هاوکات‌و سەردەمی ئێستانین ـ ئەمانەش لەنێوان خۆیاندا لەهەنگاو بە هەنگاوی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا بەرگرکارن‌و دژوارن، بڕی ئەو بەشە دەسەڵاتەی کە بەو هەریەکە لەچینە کێبڕکێ کارەکان دەکەوێ لەم بارودۆخەدا بەپێی تەرازووی هێزەکان دیاری دەکرێ، لەگەڵ قۆناغەکانی خودی جەنگەکەدا.

بارودۆخی لەم جۆرەش هەر بەپێی سروشتی خۆی ناتوانێ وەستاوو سەقامگیرو چەسپاوبێ، کۆمەڵگەش پێویستی بەوە هەیە کە دەسەڵات چەسپاوبێ‌و هەمیشە چاوی لەهاولاتیانەوەبێ، جا ئایا بۆ چینە زاڵەکە بێت، یان بۆ ئەم بارودۆخە هەنوکەییە بێت. لەو دووچینەشدا کە هێزەکایان بەشێوەیەکی سەرەکی بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە، کۆمەڵگەش لەڕادە بەدەر بە گەرم‌و گوڕییەوە بەدوای ئەو چاوتێبڕینەی دەسەڵاتدا دەگەڕێت، کەرت‌و پەرت کردنی دەسەڵاتیش لەهیچ شتێکدا ڕاناگەیەنرێ مەگەر تەنها لەکاتی جەنگی ناوخۆدا باسی لێوەبکرێ. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کەچین‌و حیزبە کێبڕکێ کارەکان ناچارن دان بەخۆیاندا بگرن تا ماوەیەکی دوورودرێژ بەرلەوەی بڕیاری

دەست پێکردنی ئەم جەنگە بدرێ، بەتایبەتیش ئەگەر لەوە بترسن کە هێزی سێهەم بێتە ناوەوەو دەست وەربداتە ناوکاروباری جەنگەوە ناچار ببێ کە ڕازی بێ دەسەڵاتە جووت ڕووەکە، لەگەڵ ئەمەشیاندا دیسان هەر دەبێ ئەم دەسەڵاتەش بتەقێتەوەو لێك هەڵبوەشێ، جەنگی ناوخۆش باشترین پێناسەی دەسەڵاتی جووت ڕوو نیشان بدات، بەتایبەتیش لەڕووی هەرێمایەتییەوە: هەریەکە لەو دەسەڵاتانە دەکەونە جەنگ کردن، دوای ئەوەی شوێنی تۆکمەی خۆیان دادەڕێژن بۆ گرتنەوەی ئەو زەویوزارو گۆڕەپانی جەنگەی کە ماوەتەوە، ئەو زەویانەی کە بەزۆری دەبنە بەرپرس لەبەرپاکردنی جەنگە ناوخۆییەکانی نێوان دوو هێزی سەرەکی بە جەنگ هاتووی کێبڕکێ کار، چونکە تائێستاش هێزێکیان بەتەواوەتی زاڵ بووە بەسەر هێزەکەی تردا ـ واتا لەیەك کاتدا دوو هێزی یەکسان دەسەڵاتی وڵات بەڕێوەدەبات‌و دەبێ جەنگ یەکلای بکاتەوە.

شۆڕشی ئینگلیزی کە لەسەدەی حەڤدەمدا ڕووی دا، شۆڕشێکی گەورەبوو سەرتاپای هەموو شتێکی هەڵگێڕایەوەو زۆر بە ئاشکراو ڕوونی نۆرەی جووت ڕووی دەسەڵات دەنوێنێ، لەگەڵ ئەو ئاڵ‌وگۆڕکردنە پڕ لەتوندوتیژیەی دەسەڵات لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر ـ تاکو خۆی گرت. هەمووشیان لەژێر سروشتی چەتری جەنگی ناوخۆدابوون لەسەرەتادا بۆرجوازییەت‌و چینە نزیکەکان لەبۆرجوازییەتەوە نارازی بوون بەو شۆڕشەو بەربەرەکانێیان دەکرد. کە ئەم چینانەش پێکهاتبوون لەمەزنە پیاوانی لادێکان‌و ئاغاو دەرەبەگ‌و خاوەن مایەکان‌و ئەمانیش چینە ناوازەو دەست ڕۆیشتووەکانیان لەپشت بوون لەئەرستۆکراتی‌و قەشەکان، حکومەتی بۆرجوازییش بریتی بوو لەپەرلەمانی گلڤانی‌و پشتی بەستبوو بەهێزە لەندەنییەکان، و ململانێی نێوان ئەم دووچینەش بەجەنگێکی ئاشکرای ناوخۆیی یەکلایی بوو بووەوە، کۆتایی هات، لە دووشوێن سوپای خۆیان تێدا کۆبووەوەو بوونە بنکەیەکی سەرەکی ئەوانیش(لەندەن)و(ئۆکسفۆرد)بوون، جووت ڕوویی دەسەڵات لای ئەوان، لەشێوەی هەرێمایەتیدا دەرکەوت، گەرچی سنوورە هەرێمایەتییەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر نەچەسپاوو شلۆق بوون[152]. هەروەکو لەهەموو

[152] نەچەسپاو و شلۆق: شلۆق: شلکە: شەلکفتە: شل‌و شێواو: کۆنترۆڵ نەکراوو هەش‌و بێ سەرو بەرەو کەلێندار.





جەنگێکی ناوخۆدا سنورەکان هەروا دەبن. پەرلەمان لەسەرکەوتنی بە دەست هێناو پاشای وڵات بە دیل گیراو چاوەڕوانی چارەنووسی خۆی دەکرد.

وورده..... ووردە.... دەرکەوت کە خەریکە مەرجەکانی دەسەڵاتی یەکانگیری بۆرجوازییەتی گلڤانی پێك دێن‌و دروست دەبن، بەڵام بەرلەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی برمێ، سوپای پەرلەمان بووە هێزێکی سیاسی سەربەخۆ، هەموو بێلایەن‌و بۆرجوازییە بچووکەکان‌و پیشەوەرو کشتیارو تێکۆشەرە توندڕەوەکانی لەناوخۆیدا جێ کردەوە، سوپاش دەستی لەکاروبارەوە وەرداو دەستی کرد بەپەراوەکردنی کاری دەسەڵات لەژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش نەك وەك سوپایەکی چەکدارو هیچی تر، بەڵکو وەك پاسەوانێکی(دیکتاتۆریانە)ش کەوتە پەیڕەوکردنی نوێنەرایەتی کردنی سیاسییانەی چینێکی تازەی ئەوتۆ کە بەربەرەکانێی بۆرجوازییەتی دەوڵەمەند بکات.

سوپا، دەزگایەکی تازەی بۆ دەوڵەت پێك هێناو لەسەرو سەرکردە سەربازییەکانەوە ئەنجومەنێکی دروست کرد: ئەویش ئەنجومەنی نوێنەرانی سەربازو ئەفسەرە هاندەرەکان بوو لەوکاتەیشەوە دەمێکی دیکە لەکاتێکی نوێی جووت ڕووبوونی دەسەڵات هاتە کایەوە: ئەمەیان دەسەڵاتی پەرلەمانی گلڤانی بوو، ئەوی تریشیان دەسەڵاتی سوپای سەربەخۆ بوو.

جووت ڕووبوونەکە بوو، هۆی سەرهەڵدانی ململانێی ئاشکراو بەرچاو، بۆرجوازییەتیش نەیدەتوانی ڕووبەڕووی(سوپای نموونەیی)کرۆمۆیل بوەستێتەوە، واتە بەرە چەکدارەکان‌و کەرتە تایبەتییەکانی، ململانێکەیەوە کۆتایی هات کە پەرلەمانی گلڤانی پوکایەوەو ڕامالڕا بەیارمەتی شمشێری سەربەخۆیی، تەنها شوێنەوارێکی ساکاری مایەوە، دیکتاتۆریەتی (کرمۆیل) چەسپاو خۆی گرت، هەموو توێژە نزمەکان لەناو سوپادا بەسەرکردایەتی((ئامادەکاران)) Levelers هەوڵیاندا کە ڕووبەڕووی کۆنتڕۆڵی بازنە سەربازییە باڵاکان ببنەوە، کە ئامادەکاران باڵی توندڕەوی شۆڕشەکە بوون، هەوڵیان دەدا ڕووبەڕووی گەورە ئەفسەران ببنەوە بە ڕژێمە میللییە تایبەتەکەیان، بەڵام دەسەڵاتی جووت ڕووی تازە توانای پەل هاویشتن‌و گەشەی نەمابوو، ئامادەکاران‌و تاکە کەسەکانی سەر بەتوێژە نزمەکانی بۆرجوازییەتی بچووك ئەوساکە نەیاندەتوانی

خاوەنی ڕێگەیەکی سەربەخۆبن لەمێژوودا، (کرۆمۆیل) دەستو بردی کردو هەرخێرا کێشەی نێوان خۆیو دوژمنە بەرانبەرەکەی یەکلایی کردەوەو ڕژێمی سیاسییانەی تازەی نائارام سەری هەڵداو تا چەند ساڵێکیش مایەوەو درێژەی کێشا.

لەسەردەمی شۆڕشی گەورەی فەرەنساشدا، بڕبڕپشتی ئەنجومەنی دامەزرێنەران بریتیی بوو لەکەسانی یەکەی یەکەی ناو چینی سێهەم (Tires-Etat)

ئەم ئەنجومەنە کاروباری دەسەڵاتی بە تەواوەتی تێدا کۆبوەوە، بەبێ ئەوەیش کە دەسەڵاتەکانی پاشا هەڵبوەشێتەوە، ماوەی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانیش بە ماوەیەکی جووت ڕوویی زۆرترسناك دادەنرێو ئەوەبوو هەر لەو ماوەیەشدابوو کە پاشا ڕایکرد بۆ(فارین)و بەوە بەوە ماوەکە تەواوبوو، بە تەواوەتیش ئەو ماوەیە یەکلایی نەکرایەوە تاکو بانگەشەی(کۆماریی) ڕاگەیەنرا.

یەکەم دەستوری فەرەنسیش(دەستوری ساڵی ١٧٩١)بوو، کە لەسەر خەیاڵو ئەندێشە بنیات نرابوو، کە دەیگوت دەبێ بەتەواوەتیو بەشێوەیەکی ڕەها دەسەڵاتی یاسایی جیابکرێتەوەو سەربەخۆیی لەدەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، لەڕاستیشدا لەگەڵ شاردبوبەوە، یاخود هەوڵی دەدا ئەو جووت ڕوویییەی دەسەڵاتی لەگەڵو میللەت بشارێتەوەو پەردەپۆشی بکات: ئەو دەسەڵاتە بورجوازییانەیەی کە بە یەکجارەکی لەئەنجومەنی نیشتمانی لەگۆڕنرا، دوای ئەوەی گەل دەستی گرت بەسەر(باستیل)و دەسەڵاتی پاشایەتی کۆندا، کە تائێستاش پشتیوانی لێ دەکرێ لەلایەن چینی ئاغاو دەرەبەگە بە دەسەڵاتو باڵاکانەوە، لەلایەن پیاوانی سەر بەکەنیسەو بیرۆکراتیو گرۆی سەربازی، بەبێ ئەوەی کە هەرباسی ئەو خواستو ئاواتانەی دەست تێوەردانی بیانیش بکەین، ڕمانو داڕووخانی ئەم ڕژێمەش شتێکی سەد دەرسەدبوو کە لەلایەن جیاخوازیو دژوارییە ناوخۆییەکانییەوە سازکرابوو، هیچ دەروویەك نەمابوو بۆ ڕزگاربوون لەو قەیرانە، مەگەر کۆتایی بەو نوێنەرایەتییە کۆنەپەرستانە ئەوروپییە بهێنرێ یان پاشاو پاشایەتی بکرێ بەقەسابخانەیەکی خەڵتانی خوێن. واش پێویست بوو لەسەر پاریسو کۆپلانس کە وەڵامی ئەو بارودۆخە بدەنەوەو چارەسەری بکەنو ڕووبەڕووی ببنەوە.





بەڵام کۆمۆنەی پاریس کە پشتی بە توێژە نزمەکانی چینی سێهەم tiers Etat بەستبوو لەپایتەختو بەرگری لەدەسەڵات دەکرد، بە بوێریو ئازایەتییەوە دابەزییە گۆرەپانەکەو دژایەتییەکی توندی نوێنەرە ڕەسمییەکانی گەلی بۆرجوازی کردو گۆڕەپانی کۆنترۆڵ کرد بەرلەوەی بارودۆخ بگاتە جەنگو قەسابخانە، جووت ڕوویی تازە ڕووی لەدەسەڵات کردەوە، دیمەنە سەرەتاییەکانی ئەوەشمان تۆمارکردووە لەساڵی(١٧٩٠)ەوە کە ئەوسا بۆرجوازییەتی گەورەو مام ناوەندی بەهێزو تواناکەیەوە لەکارگێڕیو وڵاتو شارەوانییەکاندا خۆی مەڵاسو چەسپ کردبوو، ئای چ تابلۆیەکی جوانو سەرنج ڕاکێش بوو! هاوکات چەندە کەوتیشە بەر نەشتەری ڕەخنەی توندوقێزەوەن ـ کە توێژە ڕەشۆکییە نزمەکان دەیانویست لەخوارەوە بەرەو باڵای دەستەڵات سەربکەون....! لەگومەزە کۆمەڵایەتیو سارداوەکانی مەرگو خۆکوتان بۆ تەختی گۆڕەپانە قەدەغەکان، ئەوەبوو ئەو کەسە فیداکارانە قژی دەسکردو شەڕواڵی تەنگە بەریان لەبەردابوو، بە دوای دیاریکردنی چارەنووسی گەلەوە بوونو تێدەکۆشان، ئیتر بەتەواوەتی ئەوە ڕووت بوەوە کە هەمان ئەو بنەمایانەی کە بۆرجوازییەت پانو پلشی کردەوە سەرلەنوێ بوژانەوەو کەوتنە جموجۆڵ، لەو باڕاستەیە یەکالکانەوە دیسان سەرو کەلەی مرۆیی دەرکەوتنەوە، دەستە زبرەکان درێژبونەوە، دەنگە چاکسازەکان نوزەیان تێ هاتەوە، بەڵام هێشتا مەردایەتی تەواویان پێوە دیار نییە، دەوروبەری(پاریس)یش کە فڕگەو دەستپێکی یەکەمی شۆڕشەکە بوو، ژیانێکی تایبەتی بەخۆیەوە بینی ـ دانی پێدانرا ـ کە مەحاڵ بوو دانی پیابنرێ! گۆڕا بۆ بازنەو فەرمانکە، کەچی بەردەوام ناوبەندە سیاسییەکانی تێك دەشکاند، تێهەڵچوونەوەی خوێناویو تازەی بەخۆیەوە دەبینی، کە لەخوارەوە سەریان هەڵ دەدا، دژی دەستەڵاتی بورجوازیانە، کە ببووە مایەی پاراستنی پاشایەتی ئاغایانە، بەم جۆرە ئومەتی سێهەم لەناوجەرگەی ئومەتی دووەمەوە پەیدابوو.

بەشە پاریسییەکان لەسەرەتادا بەربەرەکانێی ئەو کۆمۆنەیەی دەکرد کە بۆرجوازییەتی ستەمکارانەی مامەڵەی پێوە کرد، ئەو بەشانەش بەهۆی ورژمەبوێرو دلێرانەکەی(١٠)ی ئابی(١٩٧٢)ەوە دەستیان بەسەراگیرا لەلایەن کۆمۆنەوە، کۆمۆنەی شۆڕشگێڕانەی دوای ئەوە کەوتە بەربەرەکانێی ئەنجومەنی یاساییو دواتریش ئەنجومەنی

شۆڕشگێڕیی(کۆنفاسیۆن)کە هەردووکیان لەکاروان دواکەوتبونو ئەرکی بەجێهێنانی کاروباری شۆڕشیان دواخستبوو، ڕووداوەکانیان تۆمارکردبوو، بەڵام پێی هەڵنەستابوون، چونکە ئەو دووئەنجومەنە هیچیان هێزو بوێری ئەوەیان نەبوو، یەك دەنگ نەبوونی ئەم چینە تازەیەش بوومایە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بوژانەوەی لەناخی قولایی ناحیەو دەوروبەرە بەرە پاریسییەکاندا، لەزۆربەی دێهاتە زۆر دواکەتووەکانەوە پشتگیری لێ کرا، بەشەکانیش دەستیان گرت بەسەر کۆمۆدا، کۆمۆنەش بە ڕاپەڕینێکی تازەوە دەستی گرت بەسەر ئەنجومەنی شۆڕشدا(کۆنفانسیۆن)، هەریەکە لەم قۆناغانەش بە جۆرە جووت ڕووییەکی تایبەتی جیادەکرێتەوەو، هەردوو باڵەکەی شۆڕشیش لەهەوڵی بنیاتنانی دەسەڵاتێکی یەکانگیری بەهێزدابوون، باڵی ڕاست ڕەوەکان لەهەوڵی بەرگری دابونو باڵی چەپەکانیش لەتەقەلای هێرش کردندا بوون. پێویستی وایکرد کە دیکتاتۆریەت بێتە ئاراوە، ئەو پێویستییەی کە هەموو ئەو جیاوازنەی لەگەڵ دەسەڵاتی جووت ڕوودا ناشێن، گواستنەوەی دەسەڵاتەکەش لەنێوان ئەم دووشێوە باڵە جیاوەزەدا دەستاودەستی پێ کرا، ئەوەش لەڕێی بەرپابوونی جەنگی ناوخۆوەوە بوو، بەڵام قۆناغە گەورەکانی شۆڕشی هەرگیز بەراورد ناکرێن بەو خولی دامەزراوە پەرلەمانییەکان، کە لەودیو دینامیکیەتە شۆڕشگێڕییەکانەوە بوونو وەك سێبەری ئەو وابوون، قۆناغە گەورەکانی شۆڕشیش واتە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ چینە تازەکانو توێژە کۆمەڵایەتییەکان. لەدوا وێستگەشدا دیکتاتۆریەتی شۆڕشگێڕ(کۆنفانسیۆن)و تێکڕای جەماوەری گەلی زەحمەتکێش یەکیان گرت، بەڵام لەگەڵ کام ئەنجومەنی شۆڕشگێڕدا؟ لەگەڵ ئەو ئەنجومەنەی کە لەڕێی تیرۆر تۆقاندنەوە خۆی ڕزگارکرد لەوکەسانەی کە تا دوێنێ بەسەریدا زاڵ بوون، ئەنجومەنێکە ژمارەی ئەندامانی کەمی کردووەو بووە بە هاویەكو گونجاو لەگەڵ سەرکردایەتی هێزێکی کۆمەڵایەتی نوێ؟ بەم جۆرە شۆڕشی فەڕەنسا لەماوەی چوار ساڵدا ئینجا گەیشتە خاڵی شلۆقی خۆی، بەهۆی پلەکانی دەسەڵاتێکی جووت ڕووەوە، وورده... وورده... کوتە دابەزین لە(٩)ی ترۆمیدۆرەوە دیسانەوە دابەزینەش هەر بەهۆی دەسەڵاتە جووت ڕووەکانەوەبوو، دیسانەوە جارێکی تریش جەنگی ناوخۆ کەوتبووە پێش هەموو دابەزینەکانەوە؟، هەروەکو چۆن لەگەڵ هەموو کردەوە بەرز





بوونەوەکانیشدا بوو، بەم جۆرە کۆمەڵگە تازە بە دوای دۆزینەوەی هاوسەنگییەکی تازەی هێزەکاندا دەگەڕێ.

بۆرجوازییەتی ڕوسی ـ کە لەگەڵ بیرۆکراتییەتی ڕاسپۆتینیدا هاوکاربووەو پێکەوە شان بە شان جەنگیان کردووە ـ لەکاتی جەنگدا شوێنە سیاسییەکانی خۆی بەشێوەیەکی سەیرو سەرسوڕهێن قایمو تۆکمە کرد، هێزێکی گەورەی کۆکردەوە بەهۆی یەکێتییەکانی (زیمستفۆ)و شارەوانییەکانو لیژنەکانی پیشەسازییە جەنگییەکانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تێکشکاندنی قەیسەریەتی قۆستبووەوە بۆخۆی، بەپێی حەزو ئارەزووەکانی خۆی بەلای ڕاستو چەپدا سامانو ماڵی دەوڵەتو بودجەی زۆرو زەبەندی وڵاتی خەرج دەکرد، لەوکاتەدا خۆی وەك حکومەتێکی چەسپاوو هاوسەنگ دەنواند، وەزیرەکانی قەیسەر لەماوەی جەنگدا سکاڵای ئەوەیان دەکرد کە (میۆلخۆف) زۆر بە دەم سوپاوەیە، سەربازانی تێروتەسەل کردووەو پشتی پێ بەستوونو دامەزراوەی سەرتاشینی بۆ داناوەن، (کریفۆشیئین)ی وەزیر لەساڵی١٩١٥ەوە دەیگوت: ((یان دەبێ کۆتایی بە(لفۆف) بهێنن یان دەبێ بە تەواوەتی دەسەڵاتی بدەینە دەست))، ئەوساکە ناوبراو بیری بەلای ئەوەدا نەدەچوو کە(لفۆف) لەداهاتوودا دەسەڵاتی تەواوی دەدرێتە دەست، ئەوەش تەنها لەماوەی(١٨)مانگی تردا، دەسەڵاتەکەشی لەدەستی قەیسەرەوە وەرناگرێت، بەڵکو لەدەستی (کرنسکی)و (تشخیدزە)و (سۆخانۆف)، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕۆژی دوای وەرگرتنی دەسەڵات جووت ڕوویی دەسەڵاتی تازەی تێدا دەرکەوت: نیوەی دەسەڵاتەکەی لەلایەکەوە ئەو حکومەتە لیبڕاڵییە بوو تا دوێنێ باوی هەبوو، لەو کاتە بەدواوە بۆیاخ کرا بە دروشمێکی یاسایی، حکومەتێکی نارەسمی قووت بووەوە، بەڵام حکومەتێکی زیاتر پراکتیکییانەبوو، حکومەتی جەماوەری زەحمەتکێشان بوو، زۆر لەوەی سۆڤیەتات دەچوو، هەر لەوکاتیشەوە شۆڕشی ڕوسی دەستی بەسەرکەوتنی کردو بەرەو بەرزبوونەوە چوو، بۆ ئاستێك کە وەك ڕووداوێکی خاوەن دەلالەتی مێژوویی جیهانی تەماشا بکرێ.

ئایا ئەمەشیان جووت ڕوویی شۆڕشی فێبرایری پێوە دیارە؟ بەڵێ جووت ڕوویی دەسەڵات لەڕووداوەکانی هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەدا هەبووە، ئەوەش قۆناغێکی

سروشتی ململانێ کردنە، بەسەر لایەنەکانی ململانێکەدا چەسپاوە بەپێی تەرازوویەکی کاتییانەی هێزەکان، لەوکاتەشدا هەریەکە لەولایەنانە لەهەوڵی ئەوەدا بوون ئەو جووت ڕووییە بگۆڕن بە دەسەڵاتێکی یەکانگیرو یەکگرتوو، ئەوەتا دەبینن کە چۆن دیموکراتییەتی ڕەسمی بەهۆشیاریو لێبوردبوونەوەی پێش وەختانەو جووت ڕوویانەوە بە هەموو هێزەکانییەوە بەرگری لەخۆی دەکات بە مەبەستی بە دەستهێنانی تاکە یەك دەسەڵات، جووت ڕوویش بۆ یەکەمجار لەوکاتەدا دامەزرا، نەك لەدوای ململانێ چینایەتی لەپێناوی دەسەڵاتدا، بەڵکو لەئەنجامی تەنازولی بێ بەرانبەری چینەکانی تردا، کاتێکیش(دیموکراتییەتی) ڕوسی ویستی خۆی قوتار بکات لەجووت ڕوویی، هیچ دەروویەکی ڕزگاربوونی بەدی نەکرد جگە لەڕێگرتن لەخۆبە دەستەوەدانی دەسەڵات، ئەمەش کوتومت ئەو شتەیە کە پێشتر بە((لێك جیابونەوەی شۆڕشی فێبرایر)) ناومان بردووە.

ڕەنگە بشتوانین کە نمونەی هاوشێوەی ئەمانە لەڕەفتاری بۆرجوازییەتی ئەڵمانی ساڵی ١٨٤٨دا بەدی بکەین بەرانبەر بە پاشایەتی، بەڵام نمونەکان تەواونین، ڕاستە بۆرجوزاییەتی ئەڵمانی لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە بە هەر نرخێك بێ دەسەڵات بەش بکات لەگەڵ پاشایەتیدا لەسەر بناغەی ڕێك کەوتنێکی نێوانیان، بەڵام بۆرجوازییەت نەیدەتوانی کە دەسەڵاتی تەواوەتی بگرێتە دەست، ئارەزویشی لەوە نەبوو کە بەتەواوەتی دەست بەرداری دەسەڵاتەکەش بێ بۆ پاشایەتی: ((بۆرجوازییەتی پرۆسی، تەنها بەناو دەسەڵاتی هەبوو، هیچ گومانیشی لەوە نەدەکرد کە تەنها بۆ یەك خولەکیش هێزەکانی ڕژێمی کۆن رکێفو دەسەڵاتی خۆیان بە ئەم دەسپێرن بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەکی پێش وەختانە، یاخود دەبن بەلایەنگرێکی زۆر دڵسۆز بۆ هێزەکەی ئەم)) (مارکسو ئینگلس)، دیموکراتییەتی ڕوویش لەساڵی ١٩١٧دا کە بە تەواوەتی دەسەڵاتیان لەژێر دەست دابوو هەر لەکاتی ڕاپەڕینەوە، نەك هەر هەوڵیان دەدا دەسەڵات دابەش بکەن لەگەڵ بۆجوازییەتدا، ڕەنگە ئەمەش مانای ئەوەبێ کە دیموکراتییەتی ڕەسمی ڕوسی لەچارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا گەیشتبووە لێك هەڵوەشانێکی سیاسییانەی گەورەتر لەلێك هەڵوەشانی سیاسییانەی بۆرجوازییەتی لیبراڵی ئەڵمانی لەنیوەی سەدەی





نۆزدەمدا، ئەمە سروشتی شتەکانە چونکە ئەوە ڕووی خراپی ئەو سەرکەوتنو بەرەوژوور چوونەیە کە پرۆلیتاریا ئەنجامیدا لەوماوە کاتییەدا جێگەی پیشەییانەی (کرۆمویل)و جەماوەری رۆبسپیری میللی گرتەوە.

ئەگەر بارودۆخەکە بە قووڵییەکی زیاترەوە بخەینە توێژینەوە، بۆمان دەردەکەوێ دەسەڵاتی جووت ڕوویی حکومەتی کاتییو لیژنەی ڕاپەڕاندن سروشتو سیمایەکی ئاشکرایان هەبووە، بێگومان داخوازانی دەسەڵاتی تازە ناشێت هیچ کەسانێکی تر بن بەدەر لەپرۆلیتاریا، تەوقیفییەکانیش کە پشتیان بەستبوو بە کرێکارانو سەربازان، بەبێ هیچ زەمانەتێك ناچاربوون پارێزگاری لەو لێپرسینەوەیە بکەن کە ڕوخسارێکی جووت ڕوویی قەیسەریەتو پێغەمبەرانی پێوە دیاربوو.

دەسەڵاتی جووت ڕووی لیبراڵیو دیموکراتییەکانیش تەنها ڕەنگدانەوەی دابەشکردنی دەسەڵاتێکی نادیاربوو لەنێوان بۆرجوازییەتو پرۆلیتاریادا، کاتێکیش بەلشەفییەکان دواتر تەوقیفییەکانیان لەچلەپۆپەی سۆڤیەتات دوورخستەوە، ئەمەش دوای چەند مانگێك ڕوویدا ـ ووردە.... ووردە... جووت ڕوویی شاراوەی دەسەڵات دەرکەوت، ئەمەش لەودەمە تەواوبوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دابوو، شۆڕشیش تا ئەوکاتەش هەر لەجیهانی گوێری[١٥٣] لادانی سیاسی دابوو، جووت ڕوویی دەسەڵاتیش کە قۆناغێکی ململانێی چینایەتییە، گۆڕا بۆ بیروبۆچوونێکی ڕێكو پێكو ڕژێمدار، ئەویش لەڕێی دەم تێوەردانی ڕۆشنبیرە سۆسیالیستەکانەوە دیسان لایداو لێرەدا لەناو گفتوگۆو دەم بەدەمە تیۆرییەکاندا جێی خۆی گرت، هیچ شتێ ون نابێ، سروشتی پڕلەباقو بریقی دەسەڵاتی جووت ڕووی فێبرایر ڕێ خۆشکەرمان تاکو پێبگەین لەو قۆناغە لەمێژووییانەی ئەم جووت ڕووییەیان تێدا دەرکەوتووە وەك ماوەیەکی بەپیت لەناوجەرگەی ململانێی دوو ڕژێمدا، بەم جۆرە ڕووناکییەکی لاوازی مانگەشەوە هانمان دەدات تا بگەینە دەرەنجامی چاكو گرنگ بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوە ڕووناکی تیشکی خۆردا.

خەسڵەتی بنەڕەتی شۆڕشی ڕوسیا، کە هەر لەسەرەتاوە بەرەو لێك جیابونەوەی جووت ڕوویی دەسەڵات نیوە ـ شەبەنگ سەرکردایەتی کرا، پێگەیشتنو کامڵ بوونی تەواوی

[١٥٣] گەوێری: انحرافات

پرۆلیتاریای ڕوسییە، بە بەراورد لەگەڵ جەماوەری شۆڕشەکانی پێشووتر، پاشان ئەوەش مەسەلەکە بەم شێوەیە خرابووە ڕوو: یان دەبێ بۆرجوازییەت بەشێوەیەکی پراکتیکیو بەتەواوەتی دەست بگرێ بەسەر دامودەزگای حکومەتی پێشوودا، پاش ئەوەی کە نوێی دەکاتەوە بۆ ئەوەی نەخشەکانی ئەو پەیڕەو بکات، لەو کاتەشدا پێویستە سۆڤیەتات بپوکێتەوەو نەمێنێ، یان دەبێ سۆڤیەتات بنکەیەکی تۆکمە بۆ حکومەتو دەوڵەتێکی تازە سەرلەنوێ دابمەزرێنێ، دوای ئەوەی کە نەك هەرکۆتایی بە دامودەزگای دەسەڵاتی پێشوو دەهێنێ، بەڵکو دەبێ زاڵیش بێ بەسەر ئەو چینانەدا کە بەکاریان دێنێ، مەنشەفیو سۆسیالە شۆڕشگێڕەکان بەرەو ڕێگە چارەی یەکەم چوونو ئەوەیان پەسەند کرد، بەڵام بەلشەفییەکان ڕێگە چارەی دووەمیان بەباشی زانی، چینە چەوساوەکانیش، واتە ئەو چینانەی کە بەپێی بۆچوونی(مارات)لەرابردوودا زانیاری تەواوو ئەزمونیان نەبووەو تا دوا هەناسەش کەسێك نەبوو سەرکردایەتیان بکات لەچوارچێوەی شۆڕشی سەدەی بیستەمدا بەخۆیانو سێ سیفەتەکانیانەوە خۆیان لەناو بەڵشەفییەکاندا دۆزییەوە، سەرەنجام بەڵشەفییەکان سەرکەوتن.

دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر سەرکەوتنی ئەم چینانەدا سەرلەنوێ هەمان مەسەلە خرایەوە بەرباس لەبەردەم تەرازوویەکی هێزەکان لەئەڵمانیا، ئەوەبوو حیزبی سۆسیالیستی دیموکرات بە ئاراستەی هێنانە سەرکاری دەسەڵاتێکی دیموکراتییەتی بۆرجوازیو پوکانەوەو لەناوبردنی سۆڤیەتات کاری دەکرد، (ڕۆزا لۆکسۆمبۆرگ)و (کارل لیبکنخت) دەستیان گرتبوو بە دیکتاتۆرییەتی سۆڤیەتاتەوە، سۆسیالیستە دیموکراتەکان سەرکەوتن، (هێلفەردینگ)و (کاوتسکی) لەئەڵمانیاو(ماکس ئاڵدەر)لەنەمسا پێشنیاری(تێکەڵاوکردن)ی دیموکراتیان خستە ڕوو بەشێوازێکی سۆڤیەتییانە، ئەوەش لەڕێی ئەوەی کە سۆڤیەتاتی کرێکاری بخرێتە ناو دەستوورەوە، ئەمەش مانای گۆڕینی جەنگ ناوخۆیی دیارو نادیارەکان بۆ کەژاوەی ڕژێمی دەوڵەت، ئەم کارە ئەفلاتونییە سەیرەش نایەتە عەقڵەوە. ڕەنگە تاکە بیانووشی لەسەر خاکی ئەڵمانیا لاسایی کردنەوەیەکی کۆن بێ: چونکە دیموکراتخوازەکانی(فرتمبرگ) لەساڵی ١٨٤٨دا کۆمارێکیان دەویست کە(دۆق)ی برای ئیمپراتۆر سەرکردایەتی بکات.





جا ئایا دیاردەی جووت ڕوویی دەسەڵات لەهیچ شوێنێك بەشێوەیەکی دژوار بەدی دەکرێ، کە تائێستاش بەشێوەیەکی تەواو مەزنە نەکراوە، لەگەڵ تیۆری ماکسیەت بۆ دەوڵەت کە حکومەتی وەك لیژنەیەکی ڕاپەڕاندن دادەنێ بۆ چینی باو؟ واتا ئایا لەرەلەری نرخەکان لەژێر کاریگەری خستنەڕوو و داخوازیدا[١٥٤] جیاوازن، کە تیورێکی بەنرخەو پشت بەلایەنی کارپێکردن دەبەستێ؟ ئایا قوربانی بەخۆدانی ئەو مێ یینەیەی کە بەرگری لەبەچکەکەی دەکات، ئەگەر نەمێنێ تیۆری ململانێ لەپێناوی مانەوەدا هەڵدەوەشێتەوە؟ نەخێر، ئێمە لەم دیاردانەدا تەنها ئاوێتەبوونێکی زیاتری خودی چینەکان بەدی دەکەین، جا ئەگەر دەوڵەت دامەزراوەی دەسەڵاتەکانی چینەکان بێ، شۆڕشی ئەڵتەرناتیڤی چینی باوو باڵادەست بێ ئەوا گواستنەوەی دەسەڵات لەدەستی یەکەمیانەوە بۆ دەستی دووەمیان بەپێی پێویست ململانێیەك لەبارودۆخی دەوڵەتدا دەخولقێنێ، تەرازووی کەمییەوە لەشێوەی جووت ڕووی دەسەڵاتدا خۆی دەنوێنێ، تەرازووی چینایەتی هێزەکانیش سەنگی مەحەك نین بۆ حسابگەرییەکی پێش وەختانە کاتێك ڕژێمی پێشوو هاوسەنگی خۆی لەدەست دەدات، ناکرێ یەکسەر تەرازوویەکی تازەی هێزەکان قوت بکرێتەوە تاکو هێزەکانی لەڕێی جەنگە جۆراوجۆرەکانیانەوە گۆڕانکاریو ئاڵوگۆڕی نەکەن، ئەم ئاڵوگۆڕکردنی هێزو دەسەڵاتو ئەنجامەکەشی بریتییە لەشۆڕش.

وادیارە ئەم دوورکەتنەوە تیۆرییەی کە باسمان کرد لەڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٧دوری خستبینەوە، کەچی لەڕاستیدا ئەو دوورخستنەوەیە دەمانخاتە ناوجەرگەی بابەتەکەوە، چونکە ململانێی پڕ لەتەنگەژەو نارەحەتی حیزبو چینەکان بەدەوری مەسەلەکەی جووت ڕووی دەسەڵاتدا هەڵپێچراوە، تەنها لەڕێی چڵەپۆپەی ئەم تیۆرەوە دەتوانین کە چاومان بە مۆلەق بووەستێنینو ئەو ململانێیەی تێدا ڕابگرینو لێی ڕامێنینو بەباشی سەرنجی لێ بدەینو بەشێوەیەکی ڕاستو دروست لێی تێ بگەین.

[١٥٤] خستنە ڕووو داخوازی: العرض والطلب

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# لیژنەی ڕاپەڕاندن

لە (٢٧)ی فێبرایر (شوبات)داو لەکۆشکی (تۆرید)، لیژنەیەك پێك هێنرا کە ناوی ((لیژنەی ڕاپەڕاندنی سۆڤیەتاتی نوێنەرانی کرێکاران))ی بەسەردابڕا، بێ ئەوەی کە ناوەڕۆکەکەی وەك ناوەکەی بێت، دەزانین کە یەکەم سۆڤییەتی نوێنەرانی کرێکاران لەساڵی ١٩٠٥دا لە بەرەنجامی مانگرتنێکی گشتییەوە پێك هێنرا، ئەو لیژنەیەی ئەوسا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ جەماوەری تێکۆشەری تێدا بوو، سەرکردەکانی مانگرتنەکەش ببوون بەنوێنەران لەو سۆڤیەتاتەدا هەڵبژاردن و دیاری کردنی ئەو کەسە نوێنەرانەش لەژێر تاوە گوللەو ئاگربارانەدا ئەنجامدرا، سۆڤیەت دەزگای سەرکردایەتی (لیژنەی ڕاپەڕاندن)ی هەڵبژارد بۆ بەدواداچوون و درێژەدان بەخەبات لەداهاتوودا، لیژنەی ڕاپەڕاندن هەر لەساڵی ١٩٠٥دا مەسەلەی ڕاپەڕینی چەکداری پێشنیار کرد و وای لێکرد کە شیاوی ڕاپەڕاندن و جێبەجێ کردن بێ.

بەڵام شۆڕشی فێبرایر(شوبات) بەپشتیوانی و هاوکاری فەوجە سەربازییەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەرلەوەی کرێکاران سۆڤیەتاتی خۆیان پێك بهێنن، بەم جۆرە لیژنەی ڕاپەڕاندن، بەشێوەیەکی لابەلایی دروست بوو بەر لەپێکهێنانی سۆڤییەت، ئەمەش دوور لەبەشداری کارگەو فەوجەکان و بەشێوەیەکی سەربەخۆ بوو، دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە بوو بەسەر دەسەڵاتی قەیسەریدا، ئێمە لێرەدا پەلەپڕوزەی کلاسیکی ئەو رادیکاڵییانە بەدی دەکەین کە لەکاتی ململانێی شۆڕشدا وەك بینەرێك وان و ئاوا هەڵوێست وەردەگرن، وە دوای سەرکەوتنەکەش هورووژم و شاڵاو دەبەن بۆ کۆکردنەوەو گۆڕەپانی خەبات و هێڵی شۆڕشیانە وازی لێ نەهێنا، هەندێکیان چەکی خۆیان دەدا بەهەندێکی تریان تاکو بەهێزی چەك پشتیوانی سەرکەوتنەکانی شۆڕش بکەن، گەلێك لەم سەرکردانە زۆر بەباشی لەماناو ناوەڕۆك و دەلالەتی ئەم هەواڵەو ڕەهەندەکانی[155] تێگەیشتبوون، هەروەها بۆرجوازییەتی لیبراڵیش لەپاییزی ساڵی ١٩١٦داو لەکاتی چاوەڕوانکردنی شۆڕشی کۆشکدا، دەست بەکاربوو، کە هەردەبوایە

(١٥٥) ڕەهەند: دووریبە مەعنەوییەکان و پاش هاتی ڕووداوەکان و هێڵە پێشبینیکراوەکان.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

کەسێکیان هەستانایە بەدروستکردنی حکومەتێکی یەدەك بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر قەیسەری تازەدا ئەگەر کارەکەیان سەرکەوتوو بوو، ئەوەبوو ڕۆشنبیرە ڕادیکاڵەکان نیمچە شێوە حکومەتێکی یەدەکیان دروست کرد، لەساتە زۆر ناسکەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی فێبرایردا، لەبەرئەوەی لەڕابردوودا بەلایەنی کەمەوە ـ بەشێك بوون لەبزافی کرێکاریی، بۆیە کاریان دەکرد بۆ پەردەپۆش کردنی خۆیان و ژێر بەژێر کارکردنیان لەپشتی ئەم بزافەوە، بۆیە بەسەر ئەم منداڵە تازە لەدایك بووەیاندا نازناوی ((لیژنەی ڕاپەڕاندن بۆ سۆڤییەت))یان بەسەردا بڕی، ئەمەش نمونەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ کاری ساختەیی نیمچە هۆشیارانەی ئەوتۆ کە مێژووی بەشێوەیەکی گشتی پڕکردووەو مێژووی ڕاپەڕینە میللیەکانیش بەشێوەیەکی تایبەتی.

کاتێك ڕووداوەکان ئاراستەیەکی شۆڕشگێڕانە وەردەگرن، سیستمی زنجیرەیی و بەدوایەکدا هاتن بەتەواوەتی تێك دەشکێ ئەوا توێژە ڕۆشنبیرەکان کە بانهێشت کراون بۆ بەشداریکردن لەدەسەڵاتدا خۆیان دەئاڵێننە ئەوناوو هێماو ڕەمزە مەزنانەی پابەندن بەیادەوەرییە دلێرانەو پاڵەوانیانەکەی جەماوەرەوە، بەزۆریش وشە ناوەڕۆك و گیانی ڕاستەقینەی شتەکان ون دەکات و دەیشارێتەوە، بەتایبەتیش لەو کاتانەدا کە کاروبارەکە پەیوەندی بە بەرژەوەندی توێژە زاڵەکانەوە هەیە، هەر لەڕۆژی دروست بوونەکەیەوە لیژنەی درێژکراوەی لیژنەی سۆڤیەتاتی ساڵی (١٩٠٥)ە، بڕیار لەسەر پێکهێنانی ئەم لیژنەیەدا هەر لەیەکەم کۆبەنەوەی سۆڤییەت لەناوجەرگەی پشێوی و ئاڵۆزییەکی زۆردا، بەشێوەیەکی بەرچاو هەستی پێ نەکرا کە کاریگەرییەکی باشی هەبێت بۆ سەر پێکهێنانی سۆڤییەت و سیاسەتیش بەگشتی، ئەم کاریگەرییەش موحافیزکاریەك بوو، لەو ڕوانگەیەوە کە هەڵبژاردنی سروشتی نوێنەرە شۆڕشگێڕەکان بووەستێنێ، کە ئەوەش بەزۆری لەناوجەرگەی بارودۆخی خەباتدا دەبێت و دەکرێت، ئیتر ڕاپەڕین بوو بە بەشێك لەڕابردوو، هەموو لایەك بەهەوێنی سەرکەوت مەیین و کەوتنە ڕێك خستنەوەی ڕوخساریان، لاوازی بەهەندێ کەسەوە دیاربوو، ئەم لاوازییەش چەند سەرێکیشی گرتەوە، کارەکەش وای پێویست کرد کە چەند مانگێکی تر ململانێی تازەو خەبات کردنی درێژ بکرێتەوە لەبارودۆخە تازەکاندا، تاکو کۆمەڵگەی کەسانی مەرد و ئازا دیاری بکات،

بەرلەوەی سۆڤیەتاتێك کە سەرکەوتنی تەواوەتی بەدەست هێناوە بەلادا بێت‌و بکرێتە دەزگایەکی ڕاستەقینەی خەبات‌و ئامادەکردنی شۆڕشێکی نوێ، ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئەم دیمەن‌و ڕوخسارە، دیمەن‌و ڕوخساری کێشەکەیە، ئەگەرچی لەو کاتەوە تائێستاش لەبەر سێبەرو وەلانراوەو داناوە.

بەلام سروشتی ئەو بارودۆخە مامناوەندییە تەوقیفییەی لیژنەی ڕاپەڕاندن‌و سۆڤیەتاتی پێ دەناسرا، تەنها لەو بارودۆخەوە نەهاتبوو کە لەپێکهێنانەکەیدا دەوری هەبوو، بەڵکو گەلێك هۆکاری قووڵترو مەودا فراوانتریش یارمەتیدەر بوون بۆی.

لەو کاتەدا لەپترۆگراد زیاتر لە (١٥٠) هەزار سەرباز هەبوو، وەکۆی گشتی کرێکاران بەهەردوو ڕەگەزەوە لەئاستە جیاجیاکاندا نزیکەی چوار هێندی ئەو ژمارەیەی سەربازان دەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکە لەنوێنەرانی سەربازانی بەرانبەر بوو، ڕێژەی نوێنەرایەتی کردن تاڕادەیەکی زۆر لاسیك ئاسا دەکشا، هەموو دەستکەوت‌و قازانجەکان لەبەرژەوەندی سەربازاندا بوون، بەهەزار کرێکار تەنها یەك نوێنەریان هەڵدەبژارد بۆ خۆیان، کەچی یەکەو کەرتە سەربازییە زۆر بچوکەکانیش لەسەربازان نوێنەری خۆیان ناردبوو، بەم جۆرە ڕەنگی ئاڕاستەکان جۆری خۆڵەمێشی (سەربازی) زاڵ‌و باو بوو بەسەر تابلۆی سۆڤییەتدا.

وێڕای ئەمەش هەڵبژاردنی هەموو نوێنەرە مەدەنییەکان لەلایەن خودی کرێکارانەوە بەتەنها نەبوو، ئەوە بوو سۆڤییەت پێشوازی لەوەرگرتنی چەند کەسایەتییەك کرد لەسەر بنەمای بانگهێشتی ئەنجومەنەکە خۆی، یان بۆ ئەوەبوو کە پارێزگاری لەمانەوەی خۆی بکات بەدانانی ئەو کەسانە، یاخود بەهۆی ئەوەوە کە ئەم کەسانە بێ لەکەو شیاون لەڕووی کەسێتی خۆیانەوە، لەناو پارێزەران‌و پزیشکە ڕادیکاڵییەکان‌و خوێندکاران‌و ڕۆژنامەنوساندا نوێنەری چەندین کۆمەڵەی ئاڵۆزو جۆراوجۆریان تێدابوون، زۆرجاریش ئەم نوێنەرانە ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆیان دەنواند، سەرکردەکانیش بەویستی خۆیان ڕازی بوون لەسەر ئەو کەڵەکەبوونە پڕ لەگەندەڵییەی سەرەنجام هەر دیاربوو کە سەری سۆڤییەت دەکات بەقوڕدا. لەو ڕوانگەیەیشەوە ئەوەیان کرد کە ئارەزوویان وابوو بەو کارەیان توندوتیژی‌و ژمارەی زۆری نوێنەرانی کارگەکان‌و ئۆردوگا سەربازییەکان کەم





بکەنەوەو ئەو کە لەبەرەش بەچەند نوێنەرێکی بۆرجوازییەتی بچووکی ڕۆشنبیر پڕ بکەنەوە، گەلێك لەو نوێنەرە تازە بەسەرداکەوتووە ڕێکەوتانەش سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، لەپاڵ ئەمانیشدا ئەو کەسانەش هەر سەرکەوتن کە بەدوای کاری سەرکەشی‌و تاقیکردنەوەی بەختی خۆیاندا دەگەڕان، لەگەڵ ژمارەیەك لەفێڵبازو کەڵەکچی‌و چەنەبازو وەستاکانی وتاردان‌و ئەوانەی زیرەك‌و لێزانن لەسەپاندنی کەسێتی خۆیانداو دەتوانن جەماوەر بەلای خۆیاندا کەمەند بکەن لەڕێی وتارو هەڵوێستە پڕ لەجۆش‌و خرۆش‌و توندەکانیانەوە، توانیشییان کە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ دەسەلاتی خۆیان پیادە بکەن بەسەر کرێکارە بێدەنگەکان‌و سەربازە دودڵ‌و ڕاڕاکاندا. جا ئەگەر کاروبار لەپترۆگراددا بەم جۆرە بووبێ، ئەوا دەشتوانین بیخەینە بەر چاوی خۆمان ئاخۆ کاروبارو بارودۆخ لەپارێزگاکانی تر چۆن بوبێ کە سەرکەوتنیان تێدا بەدی هاتبوو بەبێ هیچ جۆرە خەبات‌و تێکۆشانێکیش، ولات شەپۆلی دەدا بەسەربازەکان، سەرژمێری حامییەی (کییڤ)و (هلسنغفۆرز)و (تەفلیس) کەمتر نەبوو لەژمارەی سەربازانی حامییەی (پترۆگراد)، حامییەی (ساراتۆڤ)و (سامارا)و (تامبۆڤ)و (ئۆمسك) دەگەیشتە نزیکەی (٧٠ ـ ٨٠) هەزار سەرباز، هەر لەو کاتەشدا حامییەکانی هەریەکە لە (یارۆسلاڤ)و (ئیکاتیرینۆسلاڤ)و (ئیکاتیریەنبۆرغ) نزیکەی (٦٠) هەزار سەرباز بوون، لەزنجیرەیەکی دورودرێژی شارەکاندا (٥٠ ـ ٤٠ ـ ٣٠) هەزار سەرباز هەبوو، ڕێکخستنی نوێنەرایەتیش لەناو سۆڤییەتەکەدا بەشێوەیەکی بەرچاو و بەپێی جیاوازی شوێنەکان بوو، بەلام لەهەموو بارودۆخ‌و شوێنەکاندا کەرت‌و یەکە سەربازییەکان تایبەتمەندێتی جیاوازی پێ درابوو، بەم جۆرە هەوڵی کرێکاران بۆ نزیك بوونەوە لەسەربازان تا دوورترین شوێن دورخرایەوە، سەرکردەکانیش زۆر بەگەرم‌و گوڕیی تێدەکۆشان بۆ ڕازی کردن‌و ڕاگیرکردنی دڵی ئەفسەران، ئەمە جگە لەو ژمارە زۆرەی مولازم‌و مولازمە یەکەمەکان کە قۆناغی یەکەمی سەربازییان تێپەڕاندبوو، دەسەلاتداران‌و کاربەدەستان ڕێیان بەوانەشدا کە نوێنەرانی خۆیان بنێرن‌و مافی ئەوەشیان هەیە، لەئەنجامی ئەمەشدا ژمارەی نوێنەرە سەربازییەکانی لەئەنجومەنەکەدا بوو بەزۆرینەی هەرە زۆری نوێنەران، بەم پێیە ئەو سەربازانەی کە تا ئەمرۆ خاوەنی هیچ پرۆژە بڕیارێکی سیاسی نەبوون بوون

بەهێڵی سەرەکی لەدیاری کردنی سروشتی ئەو سۆڤیەتاتەی کە بڕیارە دەسەڵاتی باڵا بێ، ئەویش لەڕێی ئەو نوێنەرانەیەوە.

هەر نوێنەرایەتی کردنێك ڕەگەزێکی نەمانی ڕێژەکانی لەناخدا بوو، بایەخی ئەم هۆکارەش بەشێوەیەکی تایبەتی لەزیادبووندا بوو لەو ماوەیەدا کە ڕاستەوخۆ دوای شۆڕشەکە هاتە پێشەوە، لەسەرەتاشدا زۆربەی ئەو نوێنەرە سەربازیانە لەو سەربازانە بوون کە لەڕووی سیاسییەوە مایە پوت بوون، یان لەو کەسانە بوون کە هیچ پەیوەندییەکیان بەسوپاو شۆڕشەوە هەر نەبوو، هەروەها کەسانی ڕۆشنبیرو سەر بەڕۆشنبیرانو نیشتەجێکانی ناو حامییەکانی دواوەو کلاو بەسەرەکانیو ئەوانەی توانایان هەبوو کە وەك نیشتمان پەروەری توندڕەو خۆیان نیشان بدەن، ئەمانە هەموویان... بەهەموو جۆرەکانیانەوە ببوونە نوێنەرو ئەنجومەنەکەیان قەرەباڵغ کرابوو، بەم جۆرە جیاوازی لەنێوان عەقڵیەتی ئۆردوگای سەربازیو عەقڵیەتی سۆڤییەتاتدا دەرکەوت، (سستانکیفیتش)ی ئەفسەر کە لەداوی ڕاپەڕینەکە کەتیبەکەی خۆی پێشوازی لێ کردەوە بەوپەڕی سڵەمینەوەو گومانەوە لەبەردەمی فەسیلەیەك سەربازدا دەربارەی ئینزیباتی دڕکاویدا دەپرسێو دەڵێ: ((حاڵەتی بیروهۆشیاری لەسۆڤییەتدا کامڵ ترو پڕ سۆزترو میهرەبانی تر نییە لەو حاڵەتە بیرو هۆشیاریەی لەکەتیبەکەدا هەیە؟ بۆچی؟)) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر تێنەگەیشتن لەو ناڕەحەتیو کوێرەوەریانەی کە هەستو نەستی بنکەی جەماوەر دوچاری ببوونەوە کاتێ دەیەوێ دەرگایەك بۆ خۆی بکاتەوە تاکو بگاتە لوتکە. کەچی لەگەڵ ئەو هەموو دەستکەوتانەشدا سەربازو کرێکاران لە (٣)ی مارسەوە دەستیانکرد بەکۆبوونەوەو داوایان دەکرد کە زۆر بەخێرایی حکومەتی بۆرجوازییەتی لیبراڵی کاتیی هەڵبوەشێتەوەو ڕاستەوخۆ دەسەڵات وەربگرێتەوە، هەر سەرەتاکانی هەمان دەست پێشخەریو هاوشێوەی ئەوانەو بۆ هەمان مەبەست لەگەڕەکی (فیوبۆرغ)یش دەستی پێکرد، جا تۆ بڵێی داخوازیو مەبەستەکە لەلایەن جەماوەرەوە بەتەواوەتی ڕوونو ئاشکراو زانراو بوبێ کە ئاوا ئەم داواکارییە بەگەرمو گوڕی بەرز دەکەنەوە؟ پاشان ئەم هاندانە نەگەیشتە ئاکامو وەستێنرا: چونکە لایەنگرانی بەرگری نیشتمانی دژی بوونو بەتوندی ڕووبەڕووی وەستانەوە، لەبەرئەوەی کە سەرکردایەتی





بەلشەفی هەر لەنیوەی یەکەمی مانگی (مارس)دا لەبەرانبەر جووت ڕوویی دەسەڵاتدا چەماوەیەوە کەچی وێڕای ئەوەش هیچ ڕێکخستنێك جگە لەبەلشەفییەکان نەیدەتوانی مەسەلەی دەسەڵات بەشێوەیەکی تێرو تەسەل بخاتە ڕوو، سەرکردەکانی (فیوربۆرغ) ناچار بوون پتشگەز ببنەوە و کرێکارانی (پترۆگراد)یش بۆ تەنها یەك کاتژمێریش متمانەی خۆیان نەدایە ئەم حکومەتە تازەیەو هەرگیز بەحکومەتی خۆیشیان نەدەزانی، بەڵام زۆر موو نەرم بوون لەئاستی سەربازانداو بەتەواوەتی گوێیان بۆ دەگرتنو ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەخستەگەڕ تاکو بەتوندوتیژیەوە وەڵامیان نەدەنەوە، بەڵام ئەو سەربازانەی کە تازە بەتازە خەریك بوو فێری ئەلفو بێی سیاسەت دەبوون لەو جوتیارە هەژارانە بوون کە متمانەی خۆیان نەدەدایە هیچ سەرکردەیەكو زۆر بەبایەخەوە گوێیان دەگرت بۆ ئەو نوێنەرانەیان کە ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە گوێیان بۆ سەرکردەکانی لیژنەی ڕاپەڕاندن دەگرت، ئەو سەرکردانەی کە زۆر بەوردی بەدەم چارەسەری دوودڵیو ڕاڕایی ترپەی دڵی بۆرجوازییەتی لیبراڵییەوە بوون. ئەو کاتەش هەموو شتەکان لەخواری خوارەوە تاکو سەری سەرەوە بەو مەسەلەیەوە بەندبوون بەشێوەیەکی کاتییو هەنووکەیی.

هەر لەم کاتەشدابوو کە حاڵەتی مەعنەوی بنکەی جەماوەری بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکراتر دەردەکەوت، مەسەلەی دەسەڵات دیسانەوە سەری هەڵدایەوە دوای ئەوەی بەدەستی ئەنقەس دوورخرابوەوە، بەزۆریش شێوەیەکی دزێوی دەنواند، ناحیەو ناوچەکان ڕایگەیاند کە: ((سەربازەکان نازانن بەقسەی کێ بکەنو گوێڕایەڵی کێ بن))، ئەم بانگەوازەش یادخستنەوەیەك بوو بۆ لیژنەی ڕاپەڕاندن تاکو بزانێت جووت ڕوویی لەدەسەڵاتدا هەیە، لە(١٦)ی مارسدا نوێنەرانی کەشتیگەلی بەڵتیقو دەریای سوور ڕایگەیاند کە ئامادەن دان بەحکومەتی کاتیدا بنێن ئەگەر ئەم حکومەتە لەسەر ڕێو شوێنی نەخشەکانی لیژنەی ڕاپەڕاندن بەڕێوە بڕوات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم نوێنەرانە هیچ سەنگو نرخێکیان بۆ ئەم حکومەتە دانەناوە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی ڕوونترو فراوانتر قسەو باسی لەسەر دەکرا، بڕیارنامەی فەوجی (١٧٢)ش دەڵێت: ((پێویستە لەسەر سوپاو گەل کە گوێڕایەڵی هیچ کەسێ نەکەن جگە لەبڕیارەکانی سۆڤییەت)). دوای ئەوەش دەڵێ: ((فرمانەکانی حکومەتی

کاتیی لەگەڵ بڕیارەکانی سۆڤییەتدا ناتەباو نەگونجاون‌و پێویست بەجێبەجێ کردن ناکەن)) لیژنەی ڕاپەڕاندنیش ڕەزامەندی لەسەر ئەم هەڵوێستە دەربڕی لەناو هەست کردنێکی بەرفراوان بەڕەزامەندی‌و دوودڵیشدا لەیەك کاتدا. حکومەت ئەوەی پەسەند کرد، ئەگەرچی لەڕقانا جیڕەی ددانی دەهات، نەحکومەتە کاتییەکەو نەلیژنەی ڕاپەڕاندنیش لەوەزیاتر نەیاندەتوانی هیچی تر بکەن.

هەر لەسەرەتای (مارس)ەوە سۆڤیەتات لەهەموو شارە سەرەکی‌و مەڵبەندە پیشەسازییەکاندا دەرکەوت، دوای چەند هەفتەیەکیش خۆی گەیاندە هەموو لایەکی وڵات، بەڵام بەتەواوەتی هەموو گوندەکانی نەگرتەوە هەتاکو مانگی ئیپریل (نیسان) وە سوپا لەبنەڕەتدا بەناوی جوتیارانەوە قسەی دەکرد.

لیژنەی ڕاپەڕاندنی سۆڤیەتاتی پترۆگراد بەشێوەیەکی سروشتی ئەرکی دامەزراوەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی دەوڵەت کەوتە سەرشان سۆڤیەتاتەکانی تریش هاتنە سەر ڕەوتی سۆڤیەتاتی پایتەخت وە وای لێهات کە پلە بەپەلە بەڕەزامەندی دەربڕی بەرانبەر بەبڕیاری هاوکاری کردن‌و پشتیوانی کردنی حکومەتی کاتی مەرجدار، زۆر بەئاسانی پەیوەندی نێوان سۆڤیەتاتی پترۆگراد‌و سۆڤیەتاتی شوێنەکانی تر دروست بوو لەچەند مانگێکی کەمدا، پەیوەندییەکانیش هیچ ناکۆکی‌و ملململانێیەکی بەرچاویان پێوە دیار نەبوو، بەڵام بارودۆخەکەش بەگشتی وای جەخت دەکردەوە کە پێویستە ڕێکخستنەوەیەك هەبێت لەئاستی دەوڵەتدا بێت، بەیەك مانگ دوای ئاوەژووکردنەوەی حوکمی ڕەهای پاشایەتیدا بانگەواز بڵاوکرایەوە بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکەمی سۆڤیەتات ئەم کۆنگرەیەش ناتەواو یەك ئاڕاستەبوو، سۆڤیەتاتی شارە بچوکەکان ڕێژەی (١٨٥) نوێنەری ڕێکخستنیان پێك هێنابوو، زۆربەشیان لەسۆڤیەتاتی سەربازان بوون. خۆ ئەگەر ژمارەی نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی بەرەی سوپایشی بۆ زیاد بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە نوێنەرانی سەربازان، کە گەلێکیان ئەفسەر بوون، زۆرینەی ئەندامانی ناو کۆنگرە بوون، ئەو وتارانەش دەست پێکران کە باسیان لەدرێژەدان بەجەنگ دەکرد هەتا سەرکەوتنی تەواوەتی‌و نەسرەوتن تا سەرکەوتن، هەروەها گەلێك جنێو سوکایەتیش ڕووبەڕووی بەڵشەفییەکان گوتران، ئەگەرچی ئەوان زیاد لەپێویست هەڵوێستیان میانڕەوانەبوو،





شازدە نوێنەری موحافیزکاری کەرتەکان پەیوەندیان بەکۆنگرەی سۆڤیەت پترۆگرادەوە کرد لەو ڕوانگەیەوە کە ئەمە دامەزراوەیەکە لەسەر ئاستی سەراپای دەوڵەت بەگشتی.

باڵی ڕاست ڕەوەکان پشتیوانی تەواویان لێکرا، هەر لەو کاتەشدا هەندێ کەس گوشاریان دەخستە سەر جنێو فرۆشەکان‌و بەشێوەیەکی توند بەهێزی کەرتەکان هەڕەشەو چاوترسێنیان دەکردن، ئەو بڕیارەش کە لە (١٤)ی مارسدا دەرچوو دەربارەی پێکهێنانەوەی سۆڤیەتی پترۆگراد جێبەجێ نەکرا، ئەوەش لەڕاستیدا زۆر گرنگ نەبوو، چونکە بڕیارەکان بەدەست هیچ سۆڤییەتێکی خۆجێییەوە نین، بەڵکو بەدەست لیژنەی ڕاپەڕاندنی سەراپای ڕوسیاوەن، سەرکردە ڕەسمییەکان شوێنێکیان بۆ خۆیان گرتبوو کە زەحمەت بوو کەس پێیان بگاتەوە، گرنگترین بڕیاریش لەلیژنەی ڕاپەڕاندنەوە دەردەچوو بەرێکەوتن لەگەڵ ناوجەرگەی دەسەڵاتی حکومەتدا، سۆڤییەت دوورخرایەوەو پەراوێز کرا لەهەموو بڕیار دەرکردنێك‌و وای لێکرا کە هەروەکو کۆبونەوەیەکی گشتی وابێ کە هیچ دەسەڵاتێکی نەبێ: ((لەم کۆمەڵە گشتییانەوە هیچ سیاسەتێك بڕیاری لەسەر نادرێ، هیچ کام لەم کۆبونەوە گشتیانە بایەخێکی زانستییانەی نییە)) ئەوەش قسەی (سۆخانۆف)ە. سەرکردەکانی چارەنووس بەدەستی وڵات بەخۆیان سەرسام‌و ئالوودە بوون، وایان دانابوو کە دەوری سۆڤیەتات هەرلەوکاتەوە نەماوە کە جڵەوی کاروباریان داوەتە دەست ئەمان، بەڵام ئایندەیەکی نزیك بەڕێوەیە تاکو هەڵەوپەڵەی ئەو جۆرە بیرکردنەوە ناڕاستەیان بۆ دەربخات‌و پێیان بسەلێنێ. ڕاستە جەماوەر زۆر خۆگرو نەفەس درێژە، بەڵام هەویرێکیش نییە کە کەسێك بەئارەزووی خۆی بەملاوبەولادا بدات‌و خەساری بکات. جەماوەر لەماوەو کاتە شۆڕشگێڕییەکانەوە گەلێك شت بەتەواوەتی فێر دەبێ، هەر لەناو ئەم جەماوەرەشدا گەورەترین هێزی شاراوە هەیە کە شۆڕش لێی سودمەند دەبێت‌و کەڵکی لێ دەبینێ.

بۆئەوەی باشتر لەڕەوتی پەرەسەندنی ڕووداوەکانی داهاتوو تێ بگەین پێویستە هەڵوێستەیەك بکەین لەبەردەم زانینی سیفەتەکانی ئەو دوو حیزبەی کە لەسەرەتای شۆڕشدا بەرەیەکی یەکانگیریان پێکهێنا‌و فەرمانڕەوایی‌و دەسەڵاتی خۆیان درێژە پێداو کۆنترۆڵی سۆڤیەتات‌و شارەوانییە دیموکراتییەکانیان کرد‌و توانییان زۆرینەی دەنگەکانی

ناو ئەو کۆنگرانە بەدەستبهێنن کە نازناوی (شۆڕشگێڕیی)یان بەسەردا بڕی بوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەزیادبووندا بوون، تا کاتی بەستنی ئەو ئەنجومەنی دامەزرێنەرانەی دواهەمین ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتە کۆنەکەیان بوو، بەتەواوەتی وێنەی ئەمەش لەدیمەنی سوور هەڵگەڕانی لوتکەی شاخێك دەچێ کە زەردەپەڕی ئێوارەی خۆرئاوابوونی لەسەربێ..!

ئەگەر بۆرجوازییەتی ڕوسی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە لەکاتێکی دڕەنگدا دەرکەوتبێ‌و کودەتاکەی گۆڕابێ بۆ دیموکرات، ئەو دیموکراتییەتی ڕوسی ویستویەتی لەبەرگی سۆسیالیستیدا خۆی دەربخات، لەبەر هەمان هۆ، کەچی ئایدۆلۆژیەتی دیموکراتییەت لەماوەی سەدەی (١٩)دا تاڕادەیەکی زۆر پڕا، وە لەسەر(ئەنتلیجنسیا)ی رادیکاڵی ڕوسی واپێویست بوو کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا سروشتێکی سۆسیالیستانە وەربگرێ ئەگەر بیەوێ لەجەماوەر نزیك بێتەوە، ئەوەش پوختەی تەواوەتی ئەو هۆکارە شاراوەیەیە کە باکگراوندێکی دروستبووی دوو حیزبی مامناوەندیدایە، ئەو دوو حیزبەش بریتین لە: مەنشەفییەکان‌و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان، دەبێ ئەوەش بزانین کە هەر یەکە لەو حیزبانەش بنەچەیەك‌و ڕەگو ڕیشەیەکی تایبەتی‌و ئایدۆلۆژیایەکی سەربەخۆیان هەیە. مەنشەفییەکان چەمکی خۆیان لەسەر بناغەی مارکسیەت بنیات نابوو، وە لەو کاتەشدا لەئەنجامی دواکەوتنی ڕوسیا لەڕووی مێژووییەوە باوەڕ وابوو کە مارکسیەت لەسەرەتای کارەکەدا بەڵگەو بیانووبەکە بەکاردەهێنرێ بۆ بەرژەوەندی پەرەسەندنی بۆرجوازییەتی سەد دەر سەدی وڵات، نەك ڕەخنەیەکی ئاڕاستەکراو بێ بەڕووی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، وە کاتێك پێویستی بیروبڕوایەك دەخوازێ ئەوا مێژوو بەکاردەهێنرێ بۆ تیۆری شۆڕشی پڕۆلیتاریانە لەپێناوی کارکردن بەعەقڵییەتی بۆرجوازییانە بۆ پەرەپێدانی بەشە فراوانەکانی (ئەنتلیجنسیا)ی میللی بریقەدارو سروشتێکی ئەوروپاییانەی دەدرێتێ، مەنشەفییەکانیش لەم بوارەدا گەورەترین شوێنیان گرتبوو. باڵی چەپی ئەنتلیجنسیای بۆرجوازییەتیان پێك هێنابوو، ئەم ئەنتلیجنسیایەیشیان بەستبووەوە بەو توێژە ناوەندیانەی کە بریتی بوون لەو کرێکارە





مامناوەندیانەی باوەڕیان بەکاری یاسایی هەبوو دەربارەی ئەنجومەنی دۆما لەناو سەندیکاکانەوە.

سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان، بەپێچەوانەی ئەوانەوە، بەرهەڵستی تیۆری مارکسییەتیان دەکردو تەنها بەشێك لەکاریگەریەکانیان وەردەگرت‌و پەسەند دەکرد. حیزبەکەی خۆیان بەحیزبێکی وا لەقەڵەم دەدا کە مافی ئەوەی هەیە ڕوناکبیران‌و کرێکاران‌و جوتیاران هاوپەیمانی بن‌و لەژێر ئاڵای عەقڵیەتی ڕەخنەگرانەدا کۆببنەوە، ئەم بیروبۆچوونانەشیان لەڕووی ئابوورییەوە تێکەڵەیەك بوو لەجۆرەها شەخەڵ‌و نیشتەنی[١٥٦] کەڵەکەبووی مێژوویی، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە دژوارەبوو کە جوتیاران لەوڵاتێکدا دەژیان سەرمایەداری بەخێرایی گەشەی دەکرد.

سۆسیالە شۆڕشگێڕەکان پێیان وابوو کە پێویستە لەسەر شۆڕشی داهاتوو، نەبۆرجوازی بێ‌و نەسۆسیالیستی، بەڵکو دەبێ ((دیموکراتی)) بێ، ئەمەش مانای وایە کە ئەمان لەجیاتی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی ڕشتەیەکی سیاسییانەیان داناوە، بەمەش ڕێگەیەکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە کە کەوتووەتە نێوان بۆرجوازییەت‌و پڕۆلیتاریاوە، دەوری ناوبژیوانیان بۆ خۆیان داناوە لەنێوان ئەو دوو چینەدا، هەندێ کەسیش دوای فێبرایر بەتەواوەتی بۆیان دەرکەوتبوو کە سۆسیالە شۆڕشگێڕەکان تاڕادەیەکی باش لەو بارودۆخە نزیك ببوونەوە ـ کە دەیانخواست ـ.

ڕەگو ڕیشەی سۆسیالە شۆڕشگێڕەکان هەر لەکاتی شۆڕشی یەکەمەوە درێژبوونەوە بۆ ناو چینی جوتیاران، لەمانگە سەرەتاییەکانی ساڵی ١٩١٧دا ئەنتلیجنسیای دێهاتەکانی پڕبوون لەدروشمی میللییە کلاسیکییەکان: ((زەوی‌و ئازادی)). مەنشەفییەکان پشتیان بەخەڵکی شارەکان بەستبوو، هاوکات سۆسیالە شۆڕشگێڕەکان پشتیان بەبنکە دێهاتییەکان قایم بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سۆسیالەکان دەسەڵاتیان درێژەی کێشا هەتا گەیشتە شارەکانیش، بەتایبەتیش کە ئەوان زۆرینەی دەنگەکانی ناوسۆڤیەتیان بەدەست هێنابوو، لەگەڵ چەندین گروپی سەربازان‌و یەکەمین شارەوانی دیموکراتی‌و شتی تریش، ڕووکاری ڕووکەشانەی هێزی ئەم حیزبە زۆر گەورەو بێ سنور

---

[١٥٦] نیشتەنی: نیشتە ماددە: ماددەی نیشتوو کەڵەکە بوو: ترسبات.

دەهاتە بەرچاو، کەچی ئەو هەموو شتانە لەخەیاڵێکی سیاسییانە بەولاوە هیچی تر نەبوون‌و هیچ بناغەیەکی ڕاستەقینەو تۆکمەیان نەبوو.

حیزبێك کە هەر هەموو کەس دەنگی بۆ بدات جگە لەکەمینەیەکی ئەوتۆ کە دەزانێت دەبێ دەنگ بۆ کێ بدات، ئەوە مانای حیزب نییە، هەروەکو چۆن ئەو وشانەی منالی ساوای شیرە خۆرە بەکاریان دەهێنێ لەهەموو جیهاندا کۆمەڵێ دەنگ‌و وشەن‌و کەچی هیچ مانایەکیان نییەو بەزمانێکی نەتەوایەتیش لەقەڵەم نادرێ.

لەڕاستیدا حیزبی سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕ ناوی خۆی دایە هەموو کەسانێکی بەرایی، کە بێ نفودو بێ پەرواو ناچارن لەناو شۆڕشی فێبرایردا، هەر کەسێك کە پێش شۆڕش ڕابوردوویەکی نەبووبێت کە ناچاری بکات بۆ دەنگدان لەبەرژەوەندی (کادیت)و بەڵشەفیەت بەناچاری دەنگی بۆ سۆسیالیستی شۆڕشگێڕدا، بەڵام کادیت خۆیشی سەر بەخاوەنداران بوو، بەڵشەفیەکانیش لەو کاتەدا ژمارەیان کەم بوو، زۆر لای خەڵکیش ناسراو نەبوو، بگرە زوربەی خەڵکی لێی تێ نەگەیشتبوون، هەندێ کەس هەر بەڕاکردە تەماشایان دەکرد وەك حیزبێکی سرك. دەنگدانیش لەو بارودۆخەدا بۆ حیزبی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ مانای دەنگدان بوو بۆ شۆڕشەکە بەگشتی بەبێ پابەندبوون بەهیچ لایەن‌و شتێکەوە، وە پشتگیری‌و بەگەن کردنی ئەم حیزبەش لەشارەکاندا نوێنەرایەتی سەربازانی دەکرد بۆ نزیك بوونەوەیان بەحیزبی بەرگریکار لەبەرژەوەندیەکانی جوتیاران، وە هەوڵدانێك بوو بۆ نزیك یوونەوەی رەگەزە کرێکاریە داوکەوتوەکان لەسەربازان، وە لەلایەن دانیشتوانە بچوکەکانیشەوە هەوڵێك بوو بۆ جیانەبوونەوەی خۆیان لەسەربازو جوتیاران لەشارەکاندا، پسپۆڵەی ئەندامێتی ناو حیزبی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ لەو کاتانەدا مافێکی کاتیی دەبەخشیە هەڵگری پسپۆڵەکە تاکو بچێتە ناو دام‌و دەزگاکانی شۆڕشەوە، دەیتوانی پارێزگاری لەبەهای ئەو پسپۆڵە بەش بکات تاکو داوتر دەیگۆڕێت بەبەڵگەنامەیەکی بەهادارترو بەنرخ تر، ئەوەش ڕێکەوت نەبوو کە ئەم حیزبە گەورەیەی هەموو جۆرە وردو درشتێکی لێ کۆبوبووەوە ناودەبرا بە ((سفرێکی گەورە)).





هەر لەشۆڕشی یەکەمەوە مەنشەفییەکان لەسروشتی بۆرجوازیانەی شۆڕشەوە ئەوەیان بۆ دەرکەوتبوو کە پێویستە هاوپەیمان بن لەگەڵ لیبراڵییەکان و بایەخێکی گەورەش بەم هاوپەیمانێتییەی خۆیان بدەن بەڕادەیەك کە بەلایانەوە گرنگتربێ‌و لەسەروو هاوکاری کردنیانەوە بێ بۆ ئەو چینە جوتیاریەی کە وەك هاوپەیمانییەکی نامسۆگەر بۆیان دەڕوانی، بەڵشەفییەکان بەپێچەوانەوە بوون ئاسۆی شۆڕشەکەیان لەوەدا بەدی دەکرد کە هاوپەیمانێتی پرۆلیتاریا بوو لەگەڵ جوتیاران دژی بۆرجوازییەتی لیبراڵی، بڕوای سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان سەبارەت بە خودی خۆیان وەك حیزبێکی جوتیارانە لەپێش هەموو شتێکەوە بوو، ئەوەش بوو پاڵی پێوە نابوون کە لەو باوەڕەدا بن کە ئەمە دەبێتە مایەی دروستکردنی هاوپەیمانی نێوان بەڵشەفییەکان‌و کەسانی میللی دژی هاوپەیمانێتی مەنشەفی‌و بورجوازە لیبراڵییەکان، بەڵام داوتر بۆمان دەرکەوت کە لەڕاستیدا شۆڕشی فێبرایر کۆگەیەکی پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بوو، ئەوەبوو مەنشەفی‌و سۆسیالەکان بەهاویەکی کاریان دەکردو بەرەکەشیان تەواوکەری بۆرجوازییەتی لیبراڵی بوو، کەچی بەڵشەفییەکان لەسەر ئاستی سیاسەتی فەرمی بەتەواوەتی دابڕاوبوون.

بەڵام ئەم بارودۆخە بەڕوکەش سەیرو نامۆیە، لەڕاستیدا بارودۆخێکی زۆر تەواو لۆژیکی بوو، چونکە سۆسیالە شۆڕشگێڕەکان حیزبێکی جوتیارانە نەبوون، وێڕای ئەو هاوسۆزیە زۆرەی لەدێهاتانەوە پشتیوانی دروشمەکانی ئەو حیزبە بوون، کاکڵەو ناوجەرگەی ئەو حیزبە بنەڕەتیەی کە هێڵی سیاسەتی کرداریانەی دیاری کردو وەزیرو فەرمانبەرانی بەرەو پێش دەبرد پەیوەست بوو بەناوەمەدە لیبراڵی‌و رادیکاڵییەکانەوە، ئەمەش لەشارەکاندا پتەوتر بوو تا پتەویەکی لەگەڵ جەماوەرە جوتیاریە شۆڕشگێڕەکە، ئەم ناوك‌و کاکڵەیەش تاڕادەیەکی زۆر هەڵاوسا. بەهۆی فراوانبوونی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان‌و لایەنگران‌و ئەندامانی حیزبەکە، تەنانەت لەوە دەترسا کە بزافی کرێکارانە فراوانتر ببێ‌و لەناو خۆیداو لەژێر دروشمەکانی ئەودا بەرپا ببێ، ڕاستە کەسانی ناوبەرەی دوایی لەکەسە میللییەکان، هەموو ئاواتێکیان هێنانەدی خێرو

خۆشی بوو بۆ جوتیاران، بەڵام نەشیان دەویست ((کەڵەشێرە سوور))[157] ببینن‌و حەزیان نەدەکرد ئاگر بکەوێتەوە، مەترسی سۆسیالەکانیش لەبەرانبەر گوندە شۆڕشگێڕەکان تاڕادەیەکی زۆر لەترسی مەنشەفییەکان دەچوو بەرانبەر بەگەورەبوون‌و هەڵاوسانی هێرشی پڕۆلیتاریاکان. بەکورتیەکەی مەترسی دیموکراتییەکان ڕەنگدانەوەی مەترسییەکی گەورەی پێوە بەدی دەکرا، کە مەترسی ڕاستەقینەو شاراوەبوو لەناو بزافی هەژارو بێ نەوایاندا دژی چینە خاوەندارەکان، ئەمەش وایکرد کە چینە خاوەندارەکان هەرهەموویان خۆیان لەناوبەرەی کۆنەپەرستی بۆرجوازییەت‌و دەرەبەگەکاندا گەڵاڵە بکەن، چەند بەرەبوونی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان‌و پارچە پارچەبوونیان لەگەڵ گەورە دەرەبەگی ناسراو (لفۆف) بۆ ئەوەبوو کە جیابوونەوەی ئەم حیزبە دیاری بکات لەشۆڕشی جوتیارانە، بەتەواوەتی ئەمەش هەروەك چەند بەرەبوونەکەی مەنشەفییەکان وایە لەگەڵ پیشەسازەکان‌و خوازیارەکانی نمونەی وەك (غۆتشکۆف)و (کۆنالۆف)و هاوپەیمانێتی مەنشەفییەکان لەگەڵ سۆسیالە شۆڕشگێڕەکان لەم بارودۆخەدا مانای ئەوە ناگەیەنێ کە پڕۆلیتاریا یارمەتی دەری جوتیاران بووە، بەڵکو مانای هاوپەیمانییەکی دوو حیزبە کە هەموو پەیوەندیەکانیان پچڕاندوە لەگەڵ پڕۆلیتاریاو گوندەکان، بەمەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ چینە خاوەندارەکاندا.

ئەمانەش بەگشتی بەڵگەن لەسەر ساختەیی‌و ناڕاستی سۆسیالیستییەتی ئەم دوو حیزبە دیموکراتییەتە، هەروەها ئەمەش دیسان مانای ئەوە ناگەیەنێ کە دیموکراتییەتەکەیان ڕاستەقینە بووبێت، نەخێر، بگرە هەژاری ئەوان لەدیموکراتییەتداو دیموکراتییەت نەبوونیانە پاڵی پێوە ناون کە بەدوای هاش‌و هوشی سۆسیالیستیدا بگەڕێن‌و لەبنیدا خۆیان حەشار بدەن، خۆ پێشتر پڕۆلیتاریای ڕوسی خەباتێکی دوورودرێژی کردووە لەپێناوی دیموکراتیەتدا لەڕێی ئەو ململانێ توندو تۆقێنەرەی ئەنجامی دابوو دژی بۆرجوازییەتی لیبراڵی، ئیتر واپێویست بوو کە حیزبە دیموکراتییە پارچە پارچەکان‌و بۆرجوازییەتی لیبراڵی پێکەوە بخەنە ناو جەنگەی ململانێ کردن دژی

---

[157] نووسەر لێرەدا ئاماژە بۆ شۆڕشی گەورەی فەرەنسا دەکات، لەو ڕوانگەیەوە کە (کەڵەشێر) دروشمی گەلی فەرەنسا بووە هەر لەسەردەمی (گۆل)ەوە.





پڕۆلیتاریا، ئەمانە ئەو ڕەگوڕیشە کۆمەڵایەتیانەن کە لەململانێ درێژخایەنەکەدان‌و دواتریش درێژەی کێشا لەنێوان تەوفیقییەکان‌و بەلشەفییەکاندا.

ئەگەر بەرەوپێشچوونەکانی پێشوو، کە باسمان کردن، بگەڕێنینەوە بۆ ئەو میکانیزمە چینایەتییە پەتیەی کە هەموو ڕەهەندەکانی نەزانرا، بەتایبەتیش بەلای کەسە حیزبییە تەوفیقییەکان‌و سەرکردەکانیەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە دابەشکردنی ئەرکە مێژووییەکان بەشێوەیەکی نزیکەیی بەم جۆرەیە: بۆرجوازییەت نەیدەتوانی تازە جەماوەر بکاتە موڵکی خۆی، لەبەرئەوە دەترسا لەشۆڕش، بەڵام شۆڕشەکەش پێویست بووبۆ پەرەسەندنی بۆرجوازییەت، بۆیە لەبۆرجوازییەتە باوەکەوە دوو کۆمەڵ جیابوونەوە کە وەك خوشك‌و برای لاوی ئەو وابوون، یەکێك لەوانەش ئاڕاستەی بەرەو کرێکاران بوو، ئەوی دیکەشیان ڕووەو جوتیاران بوو، هەریەکەیان لەلایەن خۆیانەوە هەوڵیان دەدا کە کرێکاران‌و جوتیاران بەلای خۆیاندا ڕابکێشن‌و پەرۆشی‌و خرۆشی خۆیان لەوپەڕی دڵسۆزیدا - بەسەرزار - بۆ ئەوان وانیشاندا کە ئەمانە سۆسیالیستین‌و دژی بۆرجوازییەتن، هەر بۆیە لەوان جیابوونەوە، بەم کارەشیان کاریگەرییەکی باشیان کردە سەر چینە میللییەکانی جەماوەر، زۆریشی نەخایاند کە کاریگەری بیروبۆچوونەکانیان لەسنوری بیرکردنەوەشیان تێپەڕی کردوبۆرجوازییەت هەستی بەمەترسی مردنێکی سەد لەسەدی خۆی کرد، ئیتر ئاماژەی ئاگادارکردنەوەی تێدا دەرکەوت‌و گڵۆپی سووری بۆ ئەو دوو کۆمەڵەیە داگیرساند کە پێشتر لێی جیاببونەوە (واتا: مەنشەفییەکان‌و سۆسیالە شۆڕشگێڕەکان)، ئەمانیش هاتن بەدەم هاواری برا گەورەکەیانەوەو ژمارەیەك لەجیاوازی‌و ناکۆکییە پێشوەکانی ناوخۆیانیان وەلاناو، پشتی یەکتریان گرت‌و پشتیان لەجەماوەر کردو کەوتنە تەکاندان بۆ فریاگوزاری‌و ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی بۆرجوازی. تەنانەت بەراوردکردنیشیان لەگەڵ مەنشەفییەکان سۆسیالە شۆڕشگێڕەکان بەشێکی گەورەی لێك هەڵوەشان‌و خاوبوونەوەیان پێ بڕا، بەلشەفییەکان لەهەموو ساتە تەنگەتیلەکاندا ئەوانیان وەك کادیتەکان لەقەڵەم دەدا لەلایەن خۆیانەوە، واتا وەك کادیتی نمرە سێ، هاوکات (کادیت)یش بەلشەفییەکانیان هەر بەنمرە سێ لەقەڵەم دەدایەوە، ئیتر لەهەردوو بارەکەدا نمرە دوو بەشەبەرکەوتی مەنشەفییەکان بوو، بنەمای

جەماوەرێتی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانو بزافو ئایدۆلۆژیا تەڵخو نادیارەکەیان بووە هۆی ئەوەی ئەو کەسانە هەڵبژێرن کە هەمان سیفەتیان تێدابوو: بەبێ زێدەڕەوی دەتوانین بڵێین: کە ساکارترین ئەندامی خوارەوەی سەر بەبەڵشەفی زۆر بەڕوونو ئاشکرایی سیاسیانەوە هۆشیار بوو سەبارەت چۆنیەتی تێگەیشتنی تەواو لەپەیوەندی چینەکان، بەڕادەیەك کە زۆر زیاتر بوو لەهۆشیاری گەورەترینو ناودارترین سەرکردەی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان. پێوەرەکانی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان چەسپاونەبوون، ئەمەش وایلێکردبوون کە مل کەچ بکەن بۆ زۆرێك لەداخوازیە ئەخلاقییەکان، ئەوە ڕوونو ئاشکرایشە کە پڕوپاگەندەکانیان بەوەی کە گوایە پابەندن بە ئەخلاقیاتەوە نەبووە ڕێگرێك لەبەردەم ئەوەدا کە پەنانەبەنە بەر کارو هەڵوێستی زۆر دزێوو بۆگەن، بەتایبەتیش لەکاتی پەیڕەوکردنی سیاسەتە گەورەکانیاندا، ئەم هەڵوێستیەشیان بەوە دەناسرێتەوە کە حزبە ناوەنجییە بێ جەماوەرە تۆکمەکانی پێ دەناسرێتەوە، لەگەڵ نەبوونی بیرو رایەکی ڕوونو ئاشکراو تەوەرلایەکی باگ گراوندی ڕاستو دروست.

مەنشەفییەکان پلەی باڵای سەرکردایەتیان هەبوو لەو بەرەیەدا کە خۆیان لەگەڵ سۆسیالیستەکان دروستیان کردبوو، ئەگەرچی زۆرینەش لەقازانجی سۆسیالستەکاندابوو، ئەم دابەش کردنی دەورانەش بەم شێوەیە مانای کۆنتڕۆڵو سەپاندنی دەسەڵاتی مەدەنیانەو شاریانە بەسەر دێهاتەکانداو سەرخستنی بۆرجوازییەتی بچوکی شاریانە بەسەر بۆرجوازییەتی بچوکی دێهاتیانەداو دەستکەوتی ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە (ئەنتلیجنسیا)ی مارکسیەت هەستی پێ دەکرد بەگوێرەی ئەو ئەنتلیجنسیایەی تر کە پابەندبوو بە بیرو بۆچوونە نیشتمانییە کۆمەلایەتییەکانی (ڕوسە ڕاستەقینەکان) کە ئەمیش لەهەژاری مێژووی ولاتی کۆنەوە سەرچاوەی گرتبوو. هەڵقولابوو. حزبە چەپەکان لەپایتەخت داو لەماوەی چەند هەفتەی یەکەمی دوای شۆڕشەکەدا هیچ سەرکردایەتییەکی ڕاستەقینەیان نەبوو،

ئەوە بوو سەرکردەکانی حزبە سۆسیالیستەکان لەدەرەوەی ولات دەژیانو شار بەدەربوون، سەرکردەکانی ڕیزی دووەم بەرەو چەقی دەسەلات بۆی کشان، کە ئەمانیش هەڵوێستی چاوەڕوانکراوی ترسناك لێیان نزیك دەبووەوە، هیچ کام لەکۆمەڵە





سەرکردایەتییەکان لەماوەی ئەو چەند هەفتەیەدا بە تەواوەتی بیرو بۆچوونەکانی خۆی نەخستەڕوو، ململانێی حزبەکانیش لەناو سۆڤیەتاتدا زۆر بە ئاشتەوایی بەڕێوە دەچوو، کارەکەوا دەردەکەوت کە دەتگوت ئەمە تەنها پەیوەندی بەچەند تایبەتمەندییەکی ساکاری (دیموکراتیەتی شۆڕشگێڕانە)ەوە هەیە، وەك یەکەیەکی یەکانگیرو هیچی تر، بێگومان گەیشتنی (تسیریتلی)و گەڕانەوەی بۆ ولات لەدەرەوەی ولاتەوە لە(١٩)ی مارسدا یەکسەر وای لەسەرکردایەتی سۆڤییەتی کرد بەرەو ڕاست ڕووی وەربگەڕێ ولابکاتەوە، وە جەخت لەوە بکاتەوە کە گرتنە دەستی بەرپرسیارێتی دەسەلاتو جەنگ بگرێتە خۆی، هەروەك مەنشەفییەکانیش زۆر بەخێرایی بەرەو ڕاستڕەوی چوون لەناوەڕاستی مانگی (مارس)دا لەژێرکاریگەری (کامنییفو ستالین)دا دوای گەڕانەوەی ئەو دووانە لەتاراوگەوە، دیسان هەر ئەمەش بوو بەهۆی دروست بوونی ماوەیەکی نێوان هەر یەکە لەزۆرینەی سۆڤیەتیو ئۆپۆزسیۆنی چەپڕەو لەسەرەتای مانگی ئیپریل (نیسان)دا، واتە لەڕۆژی دووەمی دوای هاتنی (لینین) بۆ پترۆگراد.

لەناو سەرکردە جۆراو جۆرەکانی حزبی مەنشەفیدا گەلێك کەسی ناودارو ناسراو هەبوون بەبێ ئەوەی کە یەك سەرکردەی شۆڕشگێڕیان هەبێت، ئەو پەری چەپ لەژێردەسەلاتی سەکردایەتی چەند مامۆستایەکی دێرینی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی ڕوسیدا بوون کە بریتی بوون لە (بلیخانۆف)و (زاسۆلیتش)و (دۆتش)، کە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەیان نواند بوو لەڕۆژگارەکانی دەسەلاتی قەیسەرداو لەکۆتاییەکانی شۆڕشی فێبرایردا، بلیخانۆف لەیەکێك لەڕۆژنامە ئەمریکییەکاندا وتارێکی بلاوکردەوە کە پڕبوو لەسکالاو بێزاریو تیایدا ئاماژەی بەو مانگرتنو کاروبارانە کردبوو کە کرێکارانو جەماوەر ئەنجامیاندا بوو لەڕوسیادا، وای نووسیبوو کە ئەم جۆرە مانگرتنو کاروبارانە بە کردەوەی تیرۆرو تاوانباریو تێکدەرانە لەقەڵەم دەدرێن، ناوەند گەلێکی بەر فروانی مەنشەفییە دێرینەکان کە (مارتۆف)و (دان)و (تسیریتلی) نوێنەرایەتیان دەکردن پەیوەندییان بە سەربازگەی (زیمەر فالدییەکان)ەوە کرد، هەموو بەرپرسیارێتییە تایبەتەکانی جەنگیان ڕەت کردەوە، بەلام نەتەوەگەرێتی مەنشەفییە چەپەکانو سۆسیالیستە شۆڕشگێڕە چەپەکان لەزۆربەی بارەکاندا عەقڵییەتی

ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتییانەیان دەرنەدەخستو دەیانشاردەوە. شۆڕشی (فێبرایر) بوو بە هۆکارێکی باش بۆ گەرانەوەی زۆربەی ئەو (زیمەر فالدیان)ە بۆ سەر پشتیوانیکردنیان لەبیرۆکەی ئەو جەنگەی خەریکە هۆکاری بەرگریکردنی شۆڕشەکەی تێدا بەدی بکەن (تسیرتیلی)ش یەکەم کەس بوو لەو کەسە بە پەرۆشانە لەم بوارەدا، بەدوای خۆیشیدا (دان)و چەند کەسێکی دیکەی ڕاکێشا.

(مارتۆف) لەناکاو هەواڵی جەنگی بیست لەکاتێکدا لەفەرەنسابوو، هەتاکو (٩)ی ئایاریش نەگەڕایەوە بۆ وڵات، بەڵام زۆر بەڕوونی بۆی دەرکەوت کە هاورێکانی تر دوای شۆڕشی فیبرایر گەیشتوونەتە هەمان خاڵ کە (غیسد)و (سیمبا)و ئەوانی تر لێوەی دەست بەکار بوون لەساڵی ١٩١٤دا، کاتێك بەرگرییان کرد لەکۆماری بۆرجوازی دژی دەسەڵاتی ئەرمەنی، (مارتۆف) سەرکردایەتی باڵی مەنشەفییە چەپەکانی گرتە دەست کە هیچ بوارێکی بۆ نەڕەخساند تا لەشۆڕشەکەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت، هەر ئەمەش وای لێکرد کە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنانە وەربگرێ دژ بەسیاسەتی (تسیریتلی ـ دان)وە ئۆپۆزسیۆن بێت بەرانبەر هەر نزیك بوونەوەیەکی نێوان مەنشەفییە چەپەکانو بەڵشەفییەکان (تسیرتیلی) قسەکەری ڕەسمی بوو بەناوی مەنشەفییەتەوەو کەوتە دوای زۆرینەی ئەندامانی حیزبەوە: نیشتمانییەکانی پێش شۆڕش بەبێ هیچ ئەرکو برکێك لەگەڵ نیشتمانییەکانی بانگ وازی فێبرایرییەکیان گرت، ئەو کاتەش کۆمەڵە کەسێکی تا سەر ئێسقان شۆڤێنی لەگەڵ (بلیخانۆف)دا بوون کە لەدەرەوەی حزبو هەروەها دەرەوەی سۆڤییەتەوە بوون، باڵی (مارتۆف) وازیان لەحزبەکەیان نەهێناو نەشیانکرد ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە خۆیان بڵاو بکەنەوە، بگرە سیاسەتێکی سەربەخۆو چەسپاویشیان نەبوو بۆیە (مارتۆف) هەروەکو نەریتو خوەکەی خۆی بەسەراوکەوتوویی بەدوای ڕوداوە گەورەکانەوە شەپۆل دەیبرد، ڕاو بۆچوونێکی چەسپاو جێ گیری نەبوو، بێگومان شۆڕشیش لەساڵانی ١٩٠٥وە ١٩١٧دا ئەم پیاو ماقوڵو نایابەی بەخۆیەوە نەدیبوو.

(تەشخیدزە)ی سەرۆکی کۆمەڵەی مەنشەفییەکانی ناو ئەنجومەنی دۆما بەشێوەی نیمچە میکانیکی سەرۆکایەتی سۆڤیەتی پترۆگرادو لیژنەی ڕاپەڕاندنی





مەڵبەندی درایە دەست، ئەم سەرکردەیە لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە شەرەفو ڕەوشتێکی باش بخاتە سەر ئەرکەکانی خۆیو بۆ ئەم مەبەستەش فشقیاتو قسەی سوعبەتی سەرنەکەوتوانەی دەکردە ڕووپۆشێك بۆ پەردە پۆشکردنی ترسو ڕاڕاییە هەمیشەییەکەی خۆی، گەرچی پەنجەی شوێنە پەنجەمۆرە لادێیە دێرینەی کۆنی هەر پێوە مابوو، بگرە لەکەسێتییەکەیدا ڕەنگی دابووەوە، کاتی خۆی لەجۆرجیای شاخاویەوە دابەزیبووە ناو شار، کە وڵاتی خۆرو مشتاخی مێوو جوتیارانو دەرەبەگەکانە، کە جگە لەژمارەیەکی کەم نەبێ کەسی پرۆلیتاری تێدانییە، توێژێکی بەرفراوان لەڕۆشنبیرە چەپەکان، ڕیابازەکان، بەجۆشو خرۆشەکان، ئەوانەی کە زوربەیان کەمێك نەبێ، هیچ بەرزنەبوونەتەوە لەئاستی ئاسۆی بۆرجوازییەتی بچکۆلەیاندا، جۆرجیا چوار نوێنەری خۆی نارد بۆ ئەنجومەنی دۆما لەمەنشەفییەکان، ئەم نوێنەرانە ڕۆڵی سەرکردایەتیان گێڕا لەناو چوار کۆمەڵە پەرلەمانییەکەدا، ئیتر جۆر جیابوو بە(جیرۆند)ی شۆڕشی ڕوسیا، خۆ ئەگەر جیرۆندەکانی[158] سەدەی هەژدەهەم بە فیدراڵی تاوابنار بکرێت، ئەوا جیرۆندییە جۆرجیاییەکان بەرگرییان لەڕوسیا دەکرد، کە بەیەکانگیری بمێنێتەوەو پارچە پارچە نەکرێ، کەچی دوای ئەوە دەستیان دایە جیاخوازیی.

(تسیرتیلی)ی کۆنە ئەندامی ناو ئەنجومەنی دۆمای دووەم، گرنگترین کەسو ڕوخساری جیرۆندیەی جۆرجیایی بوو بەبێ کێ برکێ کار، ئەوە بوو هەر کە لەتاراوگە گەڕایەوە نەك هەر چوارمشقی لەسەر تەختی سەرکردایەتی کردنی مەنشەفییەکان لێی دانیشتو بەس، بەڵکو بوو بەسەرۆکی زۆرینەی سۆڤیەتی ئەوسا، کەسێکی وتار خوێن یان نووسەرێکی ڕۆژنامەیی نەبوو، بەڵکو وتار خوێنێکی لێهاتوو بوو، دەکرێت وەك کەسێکی ڕادیکاڵی لەقەڵەم بدرێ کە لەفەرەنسییە باشورییەکان دەچوو، ئەگەر لەناوجەرگەی ڕۆتینی پەرلەمانیشدا بژیایە، وای دەزانی ماسییەکەو لەئاودایە، بەڵام ئەو لەسەردەمی شۆڕشگێڕیدا ژیا، هەر لەمنداڵییەوە هەندێ بیرۆکەی مارکسایەتی کاری تێ کردبوو، بەهەرحاڵ، (تیسرتیلی) لەماوەی ڕودانی ڕووداوە شۆڕشگێڕییەکاندا دەرکەوتو بەتینو تەوژمێکەوە سەری هەڵدا کە لەسەروو هەموو مەنشەفییەکانی ترەوە

[158] جیرۆند: واتە نوێخوازە نەتەوەییەکان. زاراوەیەکی روسی سەردەمی خۆی بووە.

بوو، خەباتێکی کرد کە باس ناکرێ، تاکو ویژدانی خۆی ئاسودە بکات و لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بێ، لەبەر ئەوە لەهەموو کەسێك زیاتر بەشداری کرد لەداڕماندنی ڕژێمی فێبرایردا. (تەشخیدزە) بەتەواوەتی شوێنکەوتنی (تسیرتیلی)بوو، ئەگەرچی کات و ساتی واش هەبوو کە ناوبراو وەك قسەکەرێك هەستی بەشەرمەزاری خۆی دەکرد لەئاستی بیرۆکەکانیدا، لەوڕوانگەیەوەکە لەو نزیکانەیەی شۆڕشگێڕییەوە کاردەکات کە تا دوێنێ زیندانی بووە لەگەڵ نوێنەرە بۆرجوازە مایە پوتەکاندا.

بەڵام (سکۆبیلیف)ی مەنشەفی، کە ناوبانگێکی نوێی لەوەوە دەست کەوتبوو کە دانرابوو بەنوێنەرو ئەندامێك لەدواهەمین ئەنجومەنی دۆمادا، بەڕەنگ و ڕوخسار لاوی و هەندێ سیفەتی تری، وای لێ کردبوو کە وەك خوێندکارێك وابێ لەسەرتەختەی شانۆیەکی بچووك ئەکتەر بێ و دەوری پیاوێکی گەورەی دەوڵەتی بنوێنێ، (سکۆبیلیف) شارەزاییەکی تەواوی لەکەمکردنەوەو خاوکردنەوەی (زێدەگۆیی)دا پەیدا کردبوو، توانای باشی هەبوو لەبنبڕکردنی ململانێ ناوخۆییەکاندا، ئەرك و بایەخ و چالاکییەکانیشی دەچوونە بۆتەی ئەو پشێویەوە کە لەجووت ڕوویی دەسەڵاتەوە سەری هەڵدابوو، هەتا ئەو ساتە هاتە پێشەوە کە تیایدا پلەی وەزیری کاری پێ درا لەوەزارەتەکەی مایۆ (ئایار)ی یەکانگیری فرەییدا.. وەرگرتنی ئەو پۆستەش بۆ ئەو کلۆڵی و نەهامەتییەکی گەورە بوو.

(دان) یەکێك بوو لەهەرە کەسە ناودارەکانی ڕیزەکانی مەنشەفی، کەسێکی تێکۆشەری دێرین بوو، هەمیشە دەوری کەسی دووەمی دەبینی لەدوای (ماتۆف)ەوە، جا ئەگەر مەنشەفییەت نەریت و بیرکردنەوەی سۆسیالیستییەتی - دیموکراتی ئەڵمانی لەماوەی لێك هەڵوەشانەکەیدا لەگەڵ گۆشت و خوێنیدا تێکەڵ بوو بێت، ئەوا (دان) وەك ئەندامێکی ناو حزبێکی ئەڵمانی دەردەکەوت یان وەك (ئیبەرت) لەجۆرو چەشنێکی شارستانیەت و هاوچەرخدا، (دان)ی ئەڵمانی دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەرکەوتویی سیاسەتەکەی پەیڕەوو جێبەجێ کرد، کە (ئێبرت)ی ڕوسی لەئاستیدا دەستەوسان بوو، نەیتوانی جێبەجێ بکات، هۆکاری ئەم جیاوازیانەش ناگەڕێتەوە بۆ جیاوازی کەسەکان لەڕووی دەرەنجامەکانیانەوە بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بارودۆخەکان.





ئەگەر (تسیرتیلی)یش کەمانچەی یەکەم بێت لەناو کۆرسی ئۆرکوستڕای سۆڤیەتیدا، ئەوا (لیبەر) بەهەموو تین و توانایەوە فوو دەکات بەزڕنایەکی بچووکدا، و چاوە بەقوڵداچووەکانیشی خوێنیان تێنراوە بەهۆی گوشاری گوپ و لێوەکانییەوە، ئەم پیاوە کەسێکی مەنشەفی بوو، سەر بە یەکێتی کرێکارانی جولەکە (بۆند) خاوەنی ڕابوردویەکی شۆڕشگێڕانەی پڕ لەدڵسۆزی بوو، کەسێکی بەجۆش و خرۆش و ڕەوان بێژبوو، بەڵام زۆر ناودار نەبوو، هەردەم لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە خۆی بسەپێنێ و خۆی وەك نیشتمانییەکی چەسپاو یان هاونیشتمانییەك دەربخات، کەسێکی توندو بوو، (لیبەر) ڕق و قینێکی زۆری لەدڵدابوو بەرانبەر بەمەنشەفییەت.

دەکرێت کۆمەڵەی سەرکردە مەنشەفییەکانی بەپیاوێکی بەڵشەفی دێرین و چەپ و توندڕەو تەواو بکەین، کە ئەویش (فۆیتینسکی)یە، کە لەشۆڕشی یەکەمدا دەورێکی بەرچاوی هەبوو، بەشێك لەژیان و تەمەنی خۆیشی لەزیندانندا بەسەر بردبوو، دواتر لەمانگی (مارس)دا پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزبدا پچڕاند، بەهۆی هەبوونی جیاوازی لەنێوان ئەوو حزبەکەیدا لەوشتانەدا کە پەیوەندی بەلایەنی نیشتمانییەوە هەبوو، وە ناوبراو نەهاتە ناو مەنشەفییەکانەوە هەتا نەبوو بە یەکێك لەسەر سەخت ترین دوژمنەکانی بەڵشەفییەت، بەڵام ئەم وەك (لیبەر) ئەو جۆش و خرۆشەی تێدانەبوو تا هێرش بکاتە هاوبیرە دێرینەکانی.

سەرکردایەتی میللییەکانی (گەلییەکان) نوێنەرایەتی مەنشەفییەکانی دەکرد لەرێك نەبوون و هاو گونجاویدا، بەڵام بایەخ ترو کەم تروسکە ترو بێ باق و بریق تر بوو، یەکێك لەو کەسانەی کە لەدەستەی سەرۆکایەتی (سۆسیالیستە گەلییەکان)دا بوو، کە نوێنەرایەتی ئەوپەڕی ڕاستیان دەکرد بریتی بوو لەپیاوێکی پیری کۆچەری بەناوی (تشایکۆفسکی)و کەسێکی شۆڤێنی بوو، کە ئەمەش شۆڤێنێتی (بلیخانۆف)مان دێنێتەوە یاد، بەبێ ئەوەی کە ئەم پیرە پیاوە وەکو ئەو خاوەن بەهرەیە کتێب، یاخود ڕابوردویەکی خەباتگێڕانەی هەبێت، لەپاڵ ئەم پیرەمێردەدا، پیرەژنێکیش هەبوو کە پێیان دەگووت (بریشکۆـ بریشکۆفسکایا)و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان نازناوی (نەنەی

شۆڕش)یان بەسەردا بڕیبوو، بەڵام پیرەژنەکە خۆی هەموو ژیانی تەرخانکرد بوو تاکو ببێتە زرتە بۆزێك بۆ دژە شۆڕش.

هەرچی خەباتگێڕە ئاژاوەگێڕەکەیشە، کە ناوی (کرۆبتکین)ەو هەر لەمناڵییەوە هەستی بە خۆی کردبوو کە ئارەزووی بەلای میللیو گەلییەکاندا دەبزوێ، هاتە پاڵ جەنگەکەو ئەو هەموو شتانەی لێك هەڵوەشاندەوە کە نزیکەی نیوسەدە بانگەشەی بۆ کردبوون.

ئەم کەسەش کە بوونی دەوڵەتی ڕەت دەکردەوە هەڵوێستی پشتگیرانەی هەڵبژارد بەرانبەر بە هاوپەیمانانبان بانگەشەو ڕەخنەکانیشی سەبارەت بە جووت ڕوویی دەسەڵات مانای ئەوە نەبوو کە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵات بێت، بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو کە بانگەشە بۆ دەسەڵاتی تاكو تەنیای بۆرجوازییەت بکات، ئەم هەموو کەسە بەتەمەنو بەساڵاچووانە هیچ دەورێکی کاریگەریان نەبینی، تەنها متەوموروی ڕازاندنەوە بوونو هیچی تر، گەرچی (تشایکۆفسکی) دواتر چوارمشقی لەسەر سەرۆکایەتی حکومەتی سپی دانشیت کە (تشرشڵ) لەماوەی جەنگەکەیدا دژی بەڵشەفییەکان دایتابوو.

(کرنسکی) خاوەنی پلەی یەکەم بوو لەلای سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان بەڵام نەك لەناو حزبدا، بەڵکو لەسەر حزبەوە، ئەم کەسە هیچ ڕابوردوویەکی حزبانەی نەبوو، لەداهاتوودا زیاتر لەیەك دەرفەت بەدی دەکەین کە گیرانە بەر بۆ پشکنینو ناسینو تاقی کردنەوەی ئەم پیاوە کە بە(نوێنەری چاودێری ئەهلی) ناودەبراو هێزو تواناکەیشی لەماوەی جووت جەمسەری دەسەڵاتدا لەوەدا شارابوەوەکە پەیوەندی بە بەهاویەکبوونی خاڵە لاوازەکانی لیبراڵییەتەوە هەبوو، لەگەڵ خاڵە لاوازەکانی دیموکراتییەت، هاتنە ناوەوەی (کرنسکی) بەشێوە ساکارەکەیەوە بۆ ناو حزبی سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕ نەبووە هۆی گۆڕینی ڕاو بۆچوونەکەی خۆی کە بەشێوەیەکی گشتی ناوبراو گاڵتەی بەهەموو حزبەکان دەهات، لەو ڕوانگەیەوە کە وای دادەنا خودی خۆی نوێنەری هەڵبژاردەی ئومەتەکەیەتی.





بەڵام تۆبلێی حزبی سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕ لەو ماوەیەدا کە ئەم پیاوە ناودارە کاری دەکرد سیفەتی حزبانەی خۆی لەدەست نەدا، کاتێ ئەم زەلامە گەورە هەموو شتەکانی هەڵلووشی بوون؟ ڕاستە، حزب لە(کرنسکی)دا سەرکردەیەکی گونجاوی بەدی کرد.

ئەو (تشیرنۆف)ەیش کە پلەی وەزیری کشتوکاڵی پێ درابوو، کە دواتر زۆری نەمابوو بکرێتە سەرۆکی ئەنجومەنی دۆما، باشترین ڕوخساری ناوداری ناو حزبی سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕ بوو، کە ئەم کەسە لەدێرینەکان بوو، ئەوەش شتێکی ڕێکەوت نەبوو کە هەموو لایەك بە تاکەکەسایەتی هەرەمەزنی ناو حزبو دەلیلی حزبەکەیان دادەنا، ناوبراو زانیارییەکی زۆرو زەبەندەی هەبوو، بەڵام نەیدەزانی ئەم زانیاریانە چۆن چۆنی پێکەوە گرێ بدات، کەسێکی وا بوو کە بەردەوام خەریکی خوێندنەوە بوو، کەچی ڕۆشنبیر نەبوو، ئەم خوێندنەوە زۆرەی وای لێکردبوو کە ناوبانگی بۆ پەیدا کردبوو، بانگهێشت دەکرا بۆ هەموو جۆرە بۆنەیەكو بۆ هەموو شتەکان دەستی دەدا، بە ئەم کارانەیش کاری کردە سەر لاوانی ڕوسیا، بەبێ ئەوەی کەشتێکی زۆر بەنرخیشی لێوە فێربن، ئەم سەرکردە بەدەستو دەمە ئازابوو لەوەڵامدانەوەی هەموو جۆرە پرسیارێك کە ئاراستەی بکرایە، تەنها نەیدەتوانی وەڵامی یەك پرسیار بداتەوە:

ئەو کەسانە کێن کە سەرکردایەتیان دەکەن؟ بەرەو کوێیان دەبەن؟ ڕشتەی قسە جۆراو جۆراەکانی پڕ بوون لەباسی شتی چاكو خۆلادان لەشتی خراپو ڕەوشت، ئەم قسانەش لەماوەیەکی دیاریکراودا سەرنجی هەندێ لەگوێگرانی ڕاکێشا، بەتایبەتیش ئەو کەسە گوێگرانەی لەکاتە تەنگانەکاندا خۆیان دەشاردەوەو هەردەمیان هەبوو، کەچی لەکاتە سەخڵەتییەکاندا وون دەبوونو بەملاولادا پەرتەوازە دەبوون، ئەوەش شتێکی سەیر نییە کە (تشیرنۆف) بەوپەڕی سەخیفیو لەخۆبایی بوونەوە بەشێوازە تایبەتەکەی خۆی هەستا بەبنیات نانەوەی حزبەکە وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ شیوعییەتی (لینین).

ناوبراو پێنج ڕۆژ دوای گەڕانەوەی (لینین) گەڕایەوە بۆ وڵات: ئەوە بوو ئینگلتەرە بۆ دواجار ڕێی ڕۆیشتنەوەی پێدا، لەناو جەرگەی جۆشو خرۆشی جەماوەرو هاتو هاواری پشتیوانیو پێشوازیو خۆنیشاندانداندا کە سۆڤییەت بە خۆیەوە بینی، سەرکردەی

گەورەترین حزب وتارێکی دوورودرێژی خوێندەوە، کە (سۆخانۆف)ی نیمچە سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕ ئاوا وەسفی دەکاتو دەربارەی وتارەکە دەڵێت: ((من.. لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەنیشتمانییەکانو کەسە حزبییەکانی سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێر تێک چڕژابووین، ددانمان لەجیڕەوە دەهێنا، سەرە لەقێمان دەکردو گاڵتەمان پێی دەهات، پرسیارم کرد باشە بۆچی (تشیرنۆف) بەم شێوەیە دەدوێ، بۆچی لەڕاستییەکان ڕادەکات؟ باشە بۆچی ئەو هەڵوێست سەیرانە دەنوێنێو بە دوو چاوە گەورەکەیەوە چاو بەملاوئەولای خۆیدا دەگێرێ؟ بەبێ وەستان لەبارەی هەموو شتێکو لەهەمان کاتدا لەبارەی هیچ شتێکەوە دەدوێ؟)). هەموو چالاکیو توانای (تشیرنۆف) لەچوارچێوەی وتاری یەکەمیدا بوو، ئەوە بوو هەر کە لەسەرەتاوە لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی خۆی نیشان بدات بەرانبەر (کرنسکیو تسیرتتیلی) وەك ئۆپۆزسیۆنێکی چەپ، کەچی زۆری نەخایاند هەستی بەوە کرد کە لەهەموو لایەکەوە گەمارۆدراوە، ئیتر بەبێ تەقە خۆی بەدەستەوەدا، لەو زیمرفالدییانەش ڕزگاری بوو کە لەتاراوگەوە کەمەندکێشیانکرد بوو، بەلای خۆیاندا ڕایانکێشابوو، وە چووە ناو (لیژنەی پەیوەندی)یەوە، دوایی چووە ناو حکومەتی پێکهاتە جۆراو جۆرەکانەوە.

ناوبراو لەهەموو کارو بارەکانیدا دەکەوتە هەڵەوە، لەبەر ئەوە بڕیاریدا لەهەموو کارێك دوور بکەوێتەوە، (دەنگ نەدان)یش بەلایەوە شێوەیەك لەشێوەکانی هەبوونی سیاسی وەرگرت، دەسەڵاتەکەیشی لەنێوان مانگی نیسانو تشرینی یەکەمدا زۆر خێرا تر لەتوانەوەی حزبەکەی توایەوە، جا ئەگەر جیاوازی نێوان هەر یەکە لە (تشیرنۆف)و (کرنسکی) لەبەر چاوبگرین، کە هەردووکیان ڕقیان لەیەکتری دەبویەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕیشەی ئەم دوو پیاوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕابوردووەیان کە دەچێتەوە بۆ پێش شۆڕشو کۆمەڵگەی ڕوسیای کۆنی دانەمەزراوو بێ سەرەوبەرە.

بۆ ئەو ئەنتلیجنسیا لاوازەی پڕ بوو لەخۆبایی بوونێکی ئەوتۆ کە حەزو ئارەزووی دەسوتاند بۆ فێرکردنی جەماوەری گەل، سپاردنو چاودێریکردنیو دابینکردنی ئاسودەیی ئەو جەماوەرەو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی، ئەمانەش بەدەستەوەستانیو نەتوانینێکی تەواوەوە بۆ گوێ لێگرتنیان، یان لێتێگەیشتنیان، یاخود پەندوەرگرتن





لێیان، دیارە نەمانو دیارنەمانی ئەم جۆرە شتانەش مانای نەمانی سیاسەتی شۆڕشگێڕانەیە.

(ئەکسنتییف) کە حزبەکەی گەیاندیە بەرزترین پلەی شۆڕشگێڕی، سەرۆکی لیژنەی دامەزرێنەران بوو، وێنەی پیاوێکی سیاسەتمەداری ڕوونووسکراوبوو، لەبنەڕەتدا مامۆستای وێژەبوو لەخوێندنگەیەکی ئامادەیی کچاندا (خوێندنگەی باورل)، ئەمەش وامان لێدەکات کە لەبارەیەوە بڵێین کە چالاکییە سیاسییەکانی زۆر تازەگەریانەتر بوون لەکەسێتییەکەی.

(غۆتز)یش دەورێکی گرنگی بینی لەپشتی پەردەی کۆمەڵە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانەوە، واتا: کاکڵەو ناوکۆکەی سەرکردایەتیانەی سۆڤییەت، ئەمیش کەسێکی تیرۆریست بوو، سەربە خێزانێکی شۆڕشگێڕو ناوداریش بوو، لەبەر ئەوە ئێمە وا دەبینین کە لەهەموومان بەکردەوەتر بووەو لەنزیکترین هاوڕێکانیشی بێ فیزتر بووەو خۆی نەنواندووە، واتا هاوڕێ سیاسییەکانیو هاوئاستەکانی، برادەرەکانی نازناوی (پیاوە دەستگەرمە کرداریانەکە)یان بەسەردابڕیبوو، بەڵام هەمیشە کردەوە ناوخۆییە بچوکەکانی بۆ خۆی دادەناو مەسەلە گەورەکانی واز لێ دەهێنا ـ بۆ کەسانی تر ـ دەبێ بشزانین کە (غۆتز) وتار خوێن نەبوو، نووسەریش نەبوو، سەرچاوەی تواناو بڕستەکەیشی لەو کۆنترۆڵە کەسایەتییەیدا شارا بووەوە کە لەئەنجامی مانەوەی چەند ساڵێکی لەزینداندا دەستی کەوتبوو، فێری ببوو.

بەم جۆرە گەلێك لەو کەسانەمان باسکرد کە شایانی باس بن لەناو بازنەی سەرکردایەتی کردنی میللییەکاندا، بەدەوری ئەمانەیشەوە چەند سەرو سەکوتێك بەدی دەکران کە شۆڕش بەرێکەوت بەرزی کرابوونەوە بۆ پلەو پایەی باڵا، بۆ نموونە:

(فیلیبۆفسکی) کە هیچ کەسێك نازانێ هۆی ڕاستەقینەو شاراوە لەپشتی گەیشتنی ئەم پیاوەوە چییە بۆ پلەکانی دەسەڵات بەو ڕادەیەی بگاتە پەرستگەی فێبرایر، ڕەنگە هۆکاری ئەم بەرز بوونەوەیەی تەنها پەیوەندی بەجلو بەرگە دەریاییەکەوە هەبێت کە لەبەری کرد.

لەپاڵ سەرکردە ڕەسمییەکانی ئەم دوو حزبە زاڵەداو لەناو لیژنەی ڕاپەڕاندندا گەلێك کەسی وەحشیو سەربەخۆ هەبوون، کە لەبنەڕەتداکاتی خۆی لەقۆناغە جیاجیاکاندا بەشداری بزافی شۆڕشەکەیان کردووەو دابڕاونو تێهەڵچوونەوە، تەنانەت هی واشیان تێدا بوو کە بەتەواوەتی لەخەباتکردن دوور کەوتبوونەوە بەماوەیەکی زۆریش پێش ڕاپەڕینەکە، بەڵام زۆر بەخێرایی دیسان بایانداوەتەوەو هاتوونەتەوە ناوەوەو پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردووەتەوەو هاتوونەتە ژێر ئاڵاکەیەوە، بێ ئەوەی مل کەچ بکەن بۆ حزب، ئەم وەحشانەش خاوەنی هێڵی زۆرینەی سۆڤیەت بوون ـ یان لەگەڵ زۆرینەدا بوون ـ سەبارەت بە هەموو مەسەلە بنەڕەتییەکان، لەسەرەتای کارەکەشدا چەندین پلەو پایەو جێو شوێنی سەرکردە حزبییە ڕەسمییەکان لەتاراوگەو پەناگەکان، بوو بەهۆی پاڵ پێوەنانی سەربەخۆکان بۆ ڕیزی دووەمو سیاسیەتیش شێوەی خۆی وەرگرتو بیرۆکەی حزبیش هەموو تواناو هێزەکەی خۆی بۆ گەڕێنرایەوە.

لەجارێك زیاتر ناحەزانی لیژنەی ڕاپەڕاندن ئاماژەیان بەوە دابوو کە بیانیو بێگانەکان دەستێکی باڵایان هەیە لەناو ئەم ئەنجومەنەدا: وەك جولەکەکانو جۆرجییەکان، لیتۆنییەکانو پۆڵۆنییەکانو.. هی تریش. ئەگەرچی لەڕووی ژمارەوە، ژمارەی بیانییەکانی ناو ئەنجومەنەکە کەم بوون، کەچی شوێنی چاکیان گرتبوو لەنوسینگەکانو جۆرەها لیژنەو پەیامنێرانو ... هتد، لەبەرئەوەی کە کەسە ڕۆشنبیرەکانی ناو ڕەگەز ستەم لێکراوەکان بەزۆری لەشارەکانداندو گەلێك لەڕیزە شۆڕشگێڕییەکانیان هەبوو، بۆیە ئەوە شتێکی ئاساییە کە لەناو بەرەی یەکەمی شۆڕشەکەدا خەڵکانی بیانی هەبووبێت، تەنانەت بەڕێژەیەکی زۆریش، شارەزایشییان بەو لێڵییەشەوە کە هەیانبوو، هەندێ جار پێویست بوون بۆ بنیات نانی شێوە کۆمەڵایەتییە جۆراو جۆرە نوێیەکان.

بەڵام ئەوەیان ئەو پەڕی گاڵتە پێکردنو سوکایەتی کردنە کە پشتگیری لەو هەوڵانەبکرێ کە لەو بڕوایەدان سیاسەتی سۆڤیەتو چارەنووسی شۆڕشەکە بەگشتی لەئەنجامی زاڵ بوونی دەسەڵاتی بیانیدا هاتوونەتە کایەوە، هاوکات لەم بارەدا نیشتمانپەروەری دەبێتە گاڵتەپێکردنو سوکایەتی کردنێکی تر بەگەلو ئومەت، وا





نوێنەرایەتی بکات، لەماوەی بە ئاگا هاتنەوەی گەورەی نیشتمانیدا کە ئەوە گەلێکی سادەوداماوە، زۆر بێ توانایەو بەرێکەوت دەستی بێگانەیان گەیشتووەتیو ڕزگاری کردون، ڕاستە ئەوانە بەو جۆرە نەبوون، بەڵام ئەی چۆن چۆنی بێگانەکان توانییان ئەم زاڵ بوونە گەورەیەی خۆیان بسەپێنن بەسەر ملیۆنەها کەس لەڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە؟ چۆن ئەوە کرا؟ لەڕاستیدا جەماوەری گەل، بەزۆری دەتوانێ سوود لەوساتە وەختانەی سوڕانەوە پێچو لوولە مێژووییەکان وەربگرێ، سوود لەتوانای ئەو ڕەگەزە کەسانە وەربگرێ کە هەتا دوێنێ چەوساوەو سەرکوت کرابوونو لەهەموو کەسێکیش زیاتر هەوڵی گۆڕانکاری تازەیان داوە، بێگانەکان سەرکردایەتی شۆڕشەکە ناکەن، بەڵام شۆڕشی نیشتمانی سوودیان لێ وەردەگرێو کاروبارەکانیش بەهەمان شێوە ئەنجام دران تەنانەت لەو کاتانەشدا کە چاکسازی لەڕیزە باڵاکانی سەرەوەشدا دەکرا، وەسیاسەتی (بوتروسی یەکەم) نیشتمانێتی خۆی لەدەست نەدا کاتێك دەستبەرداری ڕێگە کۆنەکان بوو، وە ژمارەیەك لەبێگانەکانیشی بەکارهێنابوو، مامۆستا پیشەوەرو شارەزاکانو ئەڵمانییەکان نوێنەرایەتییان دەکرد، بەشێوەیەکی زۆر چالاکانە تر لەپیاوانی ئایینی ڕەسەن کە کاتی خۆی یۆنان بەکاری هێنابوو، یانی ئاغاو مەزنە پیاوە مۆسکۆفییەکان کە هەمیشە سکاڵایان دەرکرد لەدەست داگیرکاری بێگانە، ئەگەرچی ئەمانە دەگەڕێنەوە سەر باوباپیرانێك کە پێشتر ئەوان دەوڵەتی ڕوسیایان دامەزراندووە. بەهەرحاڵ، ئەنتلیجنسیای بیانی لەساڵی ١٩١٧دا دابەش ببوو بەسەر جۆرەها حزبی وادا کە بەهەموویانەوە ئەنتلیجنسیای ڕوسییان پێك هێنا بوو، وەهەر لەسەر هەمان سەلبیات سکاڵایان هەبوو، هەمان هەڵەش دووبارەکرانەوە، ئەوە شتێکی زانراوە کە بیانیەکانی ناو هەردوو حزبی مەنشەفیو سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان لەهەموو کەسێك زیاتر بە جۆشو خرۆش بوون بۆ بەرگریکردن لەیەکێتیو یەك پارچەیی رووسیا.

بەم جۆرە لیژنەی ڕاپەڕاندن ـ واتا دەزگای باڵای دیموکراتییەت پێك هێنراو دوو حزبەکەش پاڵیان لێ دایەوەو هەموو خەم خەیاڵێکیان بەباکردو بیرۆکەو بۆچوونە دێرینەکانی خۆیان پاراست، سەرکردەکان نەیاندەتوانی لەقسەوە بچینە سەرکردار کە سەرکردایەتی شۆڕشێکیان دەکرد بانگەشەی بۆ لابردنی کۆتو زنجیرەکانی سەدەکانی

ڕابوردوو دەکرد و دەیویست بنەمای کۆمەڵگەیەکی نوێ بچەسپێنێ، هەموو چالاکییەکانی تەوفیقییەکانیش بوون بەزنجیرەیەکی بەدوایەکدا هاتوو لەناکۆکیو دژواری پڕ لەئێشو ئازارو هاوکات بوون بەمایەی لاوازکردنی جەماوەری گەلو بوونە هۆیەکیش بۆ ئامادەکردنی گرێکانی جەنگی ناوخۆیی.

کرێکارو جوتیارو سەربازان، بەشێوەیەکی کاراتر چاویان بەدەوروبەری خۆیان دادەگێڕا، بۆیان دەرکەوت کە پێویستە لەسەرئەو سۆڤیەتانەی کە خۆیان دروستیانکردووە زۆر بەخێرایی کاربکات بۆ لەناوبردنی ئەو نوێنەرو ناتەواویانەی کە شۆڕشیان لێ کەوتووەتەوە، بەچاو بەوەولای سۆڤییەتان دەیانڕوانی، هەندێ کەس سکالای تایبەتی خۆی پێبوو، جا بۆچی کەس هەبوو گیرۆدەی بەڵایەکی تایبەت نەبووبێ لەو کاتەدا؟ گەل داوای بڕیاری یەکلاکەرەوەی دەکرد، هەر بەئومێدەوە چاوەڕوانی دادپەروەری دەکرد، تەنانەت سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەست بکات بەئەنجامدانی چەند هێرشێکی چاوترسێنکەرانەو ئاقڵ کەرانە. بەم جۆرە، داواکارەکانو سکالاکارەکانو ڕێگرەکانو داخ لەدڵەکان وایان دانابوو - لەلایەن خۆیانەوە - کە دەسەڵاتی دژوار لەناوچووەو ئەمانە جێگەی ئەوانیان گرتووەتەوە لەچەوساندنەوەی خەڵکیدا، گەل بڕوای بەپێکهێنانی سۆڤیەت هەیەو لەو پێناوەشدا چەکیان هەڵگرتووە، کەواتە سۆڤیەت حکومەتێك دەنوێنێ، خەڵکی سۆڤیەتیان ئاوا دەردەبڕی، جا ئایا هەقی تەواوەتیان نەبووە؟ شەپۆلێکی نەبڕاوە لەسەرباز، کرێکار، ژنی سەربازەکان، وردەواڵە فرۆشەکان، کارگوزاران، باوکان، دایکان... پەیتا پەیتا دەرگاکانیان دەکردەوەو دایاندەخستەوە، دەگەڕان، چاویان دەگێڕا، پرسیاریان دەکرد، دەگریان، داوایان دەکرد کە ڕێو شوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردن، تەنانەت هەندێ جار خۆیان چارەسەرەکەشیان دەگوتو دیارییان دەکرد زۆر بەشێوەیەکی ورد - دەیانەویست بەو کارەیان سۆڤیەت هەڵبگێڕنەوە بۆ دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینە، (سۆخانۆف)یش کە دژی ئەم پێشکەوتنە بوو کەوتە منجە منج کردنو دەیگوت: ((ئەم کارە لەبەرژەوەندی سۆڤیەت نییە، و هەرگیز لەناو نەخشەی سۆڤیەتدا شتی وا بڕیار نەبووە کە بکرێ))، بەداخەوە دوایی دانی بەڕاستییەکەدا نا! کە ((ئامێری سۆڤیەت خەریکە وردە... وردە بەشێوەیەکی





میکانیکی دەکەوێتە کار بۆ وەدەرنانی ئامێری ڕەسمیی دەوڵەت. سەرکەوتوو نەبوو لەو ڕوانگەیەوە کە ئەم ئامێرە بەچاکی کاری نەدەکرد)). ئەی لەم کاتەدا کاربەدەستو نوێنەرە باڵاکانی خۆبەدەستەوەدانو میکانیکیەکانی هەڵسوڕاندنەکە لەو بارودۆخەدا چییان کرد؟ (سۆخانۆف) دان بەپەژارەییو خەمباری خۆیدا دەنێت: (( ناچار بووین کە هەندێ پلەو پایەی حکومی قبوڵ بکەینو دەست بەرداری ئەو خەیاڵەش نەبووین کە ڕەنگە سەرکردایەتیەك لەکۆشکی ماری هەبێت)). ئائەوەبوو ئەو شتانەی ئەم پیاوانە بایەخیان پێ دەدانو لەناو وڵاتێکی کاولو وێراندا کە گڕو بڵێسەی جەنگو شۆڕش داخی کردووەو بەردەوام بەدەوریا دەسوڕێنەوە، ئەم کەسانە هۆکاری بێ نرخو بێ بەهایان بەکار دەهێنا بۆ ڕووپۆشکردنی حکومەتێك کە میللەت هەر لەبنەڕەتەوە نەیویستووەو ئەو ئەندامانەیشی پەسەند نەبووە کە تیایدان، کەواتە با شۆڕش بمرێ تا خەیاڵ بژی! بەم جۆرە ئەم کەسانە دەسەڵاتیان لەدەرگاوە دەرکردە دەرەوە، کەچی سەرلەنوێ لەپەنجەرەوە بۆیان چووە ژوورەوە، هەموو جارێ هەر دەچووەوە بەردەستی ئەوان، لەهەموو بارودۆخێکی ناشیاوو نالەباردا دیسان دەسەڵاتیان دەدایەوە بەم جۆرە کەسانە.

هەر لەشەوی (٢٧ ـ ٢٨)ی فێبرایەرەوە لیژنەی ڕاپەڕاندن دەرچوونی ڕۆژنامەی پاشایەتی قەدەغە کرد، وە یاسایەکی تایبەتی دەرکرد بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە، لەمیشەوە مانگرتنو خۆنیشاندان دەستی پێ کرد، گەورەترینو بەرزترین دەنگیش، دەنگی ئەو کەسانە بوو کە ڕاهاتبوون لەسەر بێدەنگ کردنی خەڵکی بەگشتی، دوای چەند ڕۆژێك دیسان لیژنەکە سەرلەنوێ ناچاربوو کە بڕیاری ئازادی ڕۆژنامەنووسی دەربکات، جا ئایا ڕێگە بەبڵاوبوونەوەو چاپی ڕۆژنامەی کۆنەپەرستی یان نا؟ جۆرەها ڕاوبۆچوونی جیاواز لەم بارەیەوە هاتنە ئاراوە، هەندێ پێشەواو گەورە ناسراوانی وەك (سۆخانۆف) بەرگرییان لەوە دەکرد کە دەبێ کاری ڕۆژنامەنووسی ڕەها ئازاد بێت، وە (تەشخیدزە)ش لەسەرەتادا لەگەڵیا نەبوو، چۆن دەبێ چەکێکی لەو جۆرە بەبێ سانسۆر واز لێ بهێنینو هەروا بەدەستی دوژمنە سەرسەختەکانمانەوە بمێنێتەوە؟ هیچ کەسێك بۆ ساتێکی کەمیش بیری لەوە نەکردبووەوە کە مەسەلەکە ژێر دەستی بڕیاری حکومەت بکرێتو ئەو بڕیاری لەسەر بدات، خۆ ئەگەر حکومەتیش هەر بڕیارێکی لەو بارەیەوە بدایە، ئەوا کاریگەری

بڕیارەکە وەك لۆکەی بەربای لێدەهات، چونکە کارمەندانی چاپخانەکان هەموو بڕیارێکیان ڕەت دەکردەوەکە لەسۆڤیەتاتەوە دەرنەچووبێ.

لە (٥)ی مارسدا لیژنەی ڕاپەڕاندن ئەم جەخت کردنەوەیەی ڕاگەیاند: قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چاپو پەخشی ڕاست ڕەوەکان، و دەبێ ڕۆژنامەی تازەش ئەگەر دەربکرێ ڕەزامەندی سۆڤیەتاتی لەسەر بێ، کەچی هێشتا (١٠)ی مارس نەهاتبوو کە ئەم بڕیارەش هەڵوەشێنرایەوە، بەهۆی گوشاری هێرشی ناوەندە بۆرجوازییەکانەوە. (سۆخانۆف)یش زۆر بەلەخۆبایی بونێکەوە ڕایگەیان کە: ((دوای سێ ڕۆژ دیسان گەڕانەوە بۆ سەر ڕێگە ڕاستەکە))، ئەم سەرکەوتنە هیچ بنەمایەکی نەبوو! ڕۆژنامەگەریش لەسەر ڕووی کۆمەڵگەوە نەبوو، مەرجی بوونیشی لەماوەی شۆڕشدا هەر ڕەوتی شۆڕشەکەی گرتبووەبەر، بۆ نموونە کاتێك شۆڕشش هەڵوێستێکی وەردەگرت، یان خەریك بوو هەڵوێستێك وەربگرێ سەبارەت بەجەنگی ناوخۆ، ئەوا هەموو لایەنە کێ بڕکێ کارەکان هەبوونی ڕۆژنامەیەکی دژە ئاراستەیان لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان ڕەت دەکردەوە، و بەخواستی خودی خۆی دەست بەرداری جبەخانەی چەکەکان نەدەبوو، لەگەڵ ڕێگەکانی شەمەندەفەرو چاپخانەکان، ڕۆژنامە لەململانێی شۆڕشگێڕانەدا نەبوو بەڵکو تەنها هۆیەك بوو لەهۆیەکانی چەکدار کردن، مافی قسەکردنیش لەهەموو بارەکاندا لەسەروو مافی ژیانەوە نەبوو، شۆڕشیش پابەند بوو بەدەست پێوەگرتنی مافی ژیان بەر لەهەموو شتەکانی تر، دەتوانین ئەم یاسایە دابنێیان: حکومەتە شۆڕشگێڕەکان زیاتر لیبڕاڵیو ئاسانکارتروبەخشندەتر دەبن لەبەرانبەر کۆنەپەرستیدا، ئەوەش بەندە بەناوەڕۆکی بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی حکومەتەکە، هەتا بێ ناوەڕۆكو سادەبێ، زیاتر لەخزمەتی کۆنەپەرستیدا دەبێ، ئەم حکومەتانەش بەڕابووردووەوەبەندنو ڕۆڵی موحافیزکارانە دەبینن، بەپێچەوانەیشەوە هەتا ئەرکو کارەکان گرنگتر بن، ئەوا ژمارەی ئەو مافو بەرژەوەندیانەی کە نەماندەزانین سەبارەت بەحکومەتە شۆڕشگێڕەکەو دەسەڵاتی مەرکەزی شۆڕشەکە لاواز بێتو ئەوا دیکتاتۆرییەتەکەی بەشێوەیەکی ڕوونتر دەردەکەوێ، لەهەردوو بارەکەشدا وەك یەك وایە جا ئایا ئەم کارە چاك بێ یان خراپ، مرۆڤایەتیش هەر بەم جۆرەو بەم ڕێگەیە تا ئەمڕۆ هاتووەو پەرەی سەندووە.





سۆڤیەت لەسەر هەق بووە کە دەیویست جڵەوی ڕۆژنامەگەری لەژێر دەستی خۆیدا بێ، ئەی بۆچی زۆر بەئاسانی لەم مەبەستە گەورەیە پاشگەز بووەوە؟ چونکە بەشێوەیەکی گشتی پاشگەزبووەوە لەبەرانبەر هەموو ململانێیەکی ڕاستەقینەدا. خۆی توندوتۆڵ کردەوە بەرانبەر بەمەسەلەی جەنگو مەسەلەی خودی کۆمارەکەش، ئیتر پێویستی بەوە نەبوو کە لەڕۆژنامەی ڕاستڕەوەکان بترسێ یان بەپێویستی بزانێ کە دژی ئەوان خەبات بکات، تا کلیلی دەسەڵات بەدەست بۆرجوازییەتی موحافیزکارەوە بێت. هێشتا چەند مانگێك تێپەڕی نەکردبوو کە حکومەتی پشتگیری کراو بەسۆڤیەت زۆر بەتوندی کەوتە لێدانی ڕۆژنامە چەپ ڕەوەکانو ڕۆژنامە بەڵشەفییەکان یەك لەدوای یەك قەدەغە کران.

لە (٧)ی مارسدا (کرنسکی) لەمۆسکۆوە ئەم ڕاگەیاندنەی ڕاگەیاند: ((نیقۆلای دووەم لەبن دەستی خۆمدایە، ناشبم بەماراتی[١٥٩] شۆڕشی ڕوسی، نیقۆلای دووەم لەژێر چاودێری خودی خۆمدا دەچێت بۆ ئینگلتەرە)).هەندێ لەژنان گوڵبارانی ئەم وتاربێژەیان کرد ، ژمارەیەك لەخوێندکارانیش کەوتنە چەپڵەلێدان، بەڵام جەماوەر بەئاراستەیەکی پێچەوانەدا ڕۆیشتن، چونکە چۆن دەبێ شتی وا بکرێ، ناشێ هیچ شۆڕشێکی ڕاستەقینە چارەنووسی خۆی کە بەستراوە بەسەرکەوتنەکەیەوە ـ واز لەپاشا لەسەر کار لابراوەکە بهێنێو لەبەرچاوی خۆی بڕواتە دەرەوەی وڵات؟! کرێکارو سەربازان یەك ساتیش وازیان لەوداواکارییەی خۆیان نەهێناوە کە دەیانگوت دەبێ بنەماڵەی (ڕۆمانۆف) دەست بەسەربکرێنو نەهێڵرێ بچنەدەرەوەی وڵات، لیژنەی ڕاپەڕاندنیش وای بەباش زانی کە زۆربەم کارە نەشپرزێتو هەراسان نەبێ، بڕیارێك درا کە دەبێت سۆڤیەت مەسەلەی بنەماڵەی (ڕۆمانۆف) بگرێتە ئەستۆی خۆی: ئەمەش دان پیانانێکی ئاشکرایە بەوەی کە حکومەت هێشتا شیاوی متمانەنییە، وەلیژنەی ڕاپەڕاندنیش فرمانێکی دەرکرد بۆ کارمەندانی ڕێگەی شەمەندەفەر کە ڕێگە نەدەن بەجمو جووڵی هیچ کەسێك لەئەندامانی سەربەو بنەماڵەیە:

[١٥٩] (کرنسکی) لێرەدا مەبەستی لەوەیە کە نایەوێت ببێت بەخوێنڕێژی شۆڕشی ڕوسیا، بۆیە ناوی گەورە شۆڕشگێڕی فەرەنسی (جان پۆل مارات)ی بۆ خۆی خواستووە، کە دانەری کتێبی (هاوڕێی گەل)ە وە یەکێکیشە لە ڕێکخەرانی قەسابخانەکانی سێبتەمبەری ساڵی ١٧٩٢. ـ دوو وەرگێڕە عەرەبییەکە ـ

ئەمەش ئەو هۆکارەبوو کە وایکردبوو شەمەندەفەری قەیسەر لەگەردو خولی بێ سوود دا بەردەوام بێ لەسەر هێڵە ئاسنینەکان، یەکێك لەئەندامانی لیژنەی ڕاپەڕاندنیش ئەرکی ئەوەی پێ سپێردرا ك "نیقۆلا" بگرێت، ئەو ئەندامەش "غفۆزدیف"ە، کە کەسێکی کرێکارو مەنشەفی چەپڕەو بوو.

ئەم ڕاگەیاندنە کرێکارانەیەش هەموو ڕاگەیاندنەکانی کرنسکیو حکومەتەکەی بەدرۆ خستەوە، (کرنسکی) یش لەلایەن خۆیەوە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش نەکرد وەك ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەم هەڵوێستە، لە (٩) ی مارس دا (تەشخیدزە) لەبەردەمی لیژنەی ڕاپەڕاندن ڕایگەیاند کە حکومەت (وازی هێناوە) لە بیرۆکەی ڕەوانەکردنی (نیقۆلا) بۆ ئینگلتەرە، قەیسەرو خێزانەکەی لە کۆشکی زستانەدا دەست بەسەر کراون، بەم جۆرە دەسەڵاتی لیژنەی ڕاپەڕاندن لەژێر سەرینو دۆشەكو شارایەوە، لەبەرەکانی جەنگیشەوە داواکاری یەك لەدوای یەك دەهاتنو داوای ئەوەیان دەکرد کە قەیسەری لەسەرکار لابراو دەبێ ببرێت بۆ قەڵای (پوترسو پۆڵس).

شۆڕش هەمیشە کودەتای خاوەندارێتی بەخۆیەوە دیوە، ئەوەش نەك تەنها لەسەر ئاستی یاسایی، بەڵکو لەسەر ئاستی کردەوە دەست بەسەراگرتنەکان کە جەماوەر دەیکردن، هیچ شۆڕشێکی کشتوکاڵیانەش لەمێژوودا نییە کە لەسەر ئەم ڕەوتو شێوازە نەبوبێ، وەچاکسازی یاساییانەش دوای زاڵ بوونی (کەڵەشێری سوور) و دەرکەوتنی ئاگری جەنگ هاتەکایەوە، دەست بەسەراگرتنیش لەشارەکاندا ڕۆڵێکی بچوکتری بینی، چونکە شۆڕشە بۆرجوازییەکان ئامانجیان جێ پێ لەقکردنی بنەمای خاوەندارێتییە بۆرجوازییەکان نەبووە، بەڵام شۆڕشێکیش نەبوو کە جەماوەر خاوەنی بێت بۆ هێنانەدی ئامانجی کۆمەڵایەتی ئەو دامو دەزگایانەی کە پێشتر موڵکی دوژمنانی گەل بوون، هەر کە ڕاپەڕینەکەی فێبرایر سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەوەش نەدەکرا، هەتا حیزبەکان لەباری ناشەرعیانەی خۆیان چوونە دەرەوەو ئیتر دەرکەوتن. سەندیکا جۆراوجۆرەکان لەدایك بوون، کۆبوونەوەکان بەستران، گەڕەكو شوێنەکان سۆڤیەتاتی خۆیان پێك هێنا، هەموو لایەك هەستیان بەوەکرد کە پێویستیان بەخانوبەرەو شوێن هەیە بۆ بارەگاو مەڵبەندەکانیان، ڕێکخستنی حزبەکان دەستیانگرت بەسەر ئەو شوێنانەی کە





وەزارەتەکانی قەیسەر چۆڵیان کردبوو، هەروەها کۆشکی سەماکارانی بالیەشیان گرتبووە دەست کە سەربەسنووری دەسەڵاتی قەیسەر بوون. قوربانیو زیانلێکەوتووەکان کەوتنە سکالاکردنو دەسەڵاتدارانیش دەستیان لەم کاروبارانەوە هێنایە پێشەوەو کەوتنە ڕێو شوێن دانی تایبەتی، بەڵام لەبەر ئەوەی کە دەست بەسەراگرەکان خۆیان هەموو جۆرە دەسەڵاتێکیان هەبوو، لەبەرئەوەی کە دەسەڵاتی ڕەسمی تەنها درنجێکی خەیاڵی بوو، ئەوا خاوەن سکالاکان بۆ دواجار ناچاربوون کە هەر پەنابەرنەوە بۆ لیژنەی ڕاپەڕاندن، لەگەڵ خۆقەرەدانێك لەگەڵ گێڕانەوەی مافە قوت دراوەکانی سەماکەرە بالیەکان، کە پێشتر ئەندامانی سەربەخێزانو بنەماڵەی پاشایەتی بەرانبەر بەکاری سەماکردن پارەو پولێکی زۆری بۆ هەڵڕشتبوون لەوپارەیەی لەگەنجینەکاندایە، لەسەر حسابی گەل، وەك کرێ بۆ ئەو کاروبارە ئاڵۆزو جۆراوجۆرانەی پێیان دەکردن، (لیژنەی پەیوەندی) کەوتە جمو جۆڵو چالاکی، وەزیرەکان کەوتنە کۆبوونەوە، نوسینگەی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن دەستی کرد بەڕاوێژکردن، نوێنەران چوونە سەردانی بەرپرسان لەماڵەکانی خۆیاندا، ئەم کردەوانەش چەند مانگێکی خایاند.

(سۆخانۆف) ڕایگەیاند کە ڕێگری لە (کیساری) ناکات کە دەست بخاتە ناو مافە پاشایەتییەکانەوە بەشێوەی یاسایی، بەڵام "دوژمنێکی توند دژی هەموو کردەوەیەکی دەست خستنە ناو دەستی توندوتیژانەوە" لەم جۆرە کاراوەییەشدا چەپڕەوە سوكو بێ نرخەکان بەزۆری بێ دەسەڵاتی خۆیان دەشارنەوە، خۆئەگەر حکومەتەکە بەڕاستی شۆڕشگێڕانە بوایە، ئەوا بێگومان دەیتوانی ئەو دەست بەسەراگرتنە بێ سەرەو بەرەیە تارادەیەکی باش کۆنترۆڵ بکات لەڕێی پەلەکردن لەدەرکردنی مەرسومێکی یاسایی دیاریکراوەوە، لەکاتی گونجاودا سەبارەت بەشێوازی دەست بەسەراگرتنو زەوتکردنی خانوبەرەکان، بەڵام تەوفیقی یە چەپڕەوەکان دەسەڵاتیان سپارد بەوانەی کە پاشایەتی دەپارێزنو بانگەشەی بۆ دەکەن، دوای ئەوەش جەماوەر بەهاکەزایی داوایانکرد کە پێویستە ڕێزی شەرعییەتی شۆڕش بگیرێ... بەڵام ئەمەشیان پێ نەبڕا، بارودۆخی پترۆگرادیش زۆر شیاو نەبوو بۆئەو یۆتۆپیایە.

چاوەڕوانییەکی درێژخایەن دیارکەوت لەبەردەم دەرگای نانەواخانەکاندا وەك دواهەمین گوژمی شۆڕش، بەلاَم ئەم تابووری چاوەڕوانییەش یەکەم مەترسی بووکە هەرەشەی (٢ڕژێمی تازەدەکردەوە کۆبونەوەی دامەزراندنی سۆڤیەتیش بڕیاریدابوو بە پێکهێنانی لیژنەی ئازوقە، حکومەت خۆیشی نەیدەزانی چۆن دەست بکات بەدابینکردنی ئازوقە بۆ پایتەخت، ئەوەش ڕاڕایی بۆدروست نەکردبوو کە پایتەخت لەناوجەرگەی برسێتی دایە، مەسەلەکەش بەوەگران‌و قورستربوو کە سۆڤیەتی پیرو پەککەوتەی پڕ لەکەسانی شارەزاو پسپۆڕی بواری ئابووری‌و سەرژمێری نەشارەزا لەڕووی کردارییەوە تیایدا کۆببونەوە، هەروەها ئەوکەسانەشی تێدابوون کە پێشترو لەسەردەمی ڕژێمی ڕابردودا لەناو فەرمانگەو دام‌و دەزگا ئابووری‌و کارگێڕییەکانی حکومەتی بورجوازیدا کاریان کردبوو زۆربەشیان لەمەنشەفییە ڕاستڕەوەکان بوون، وەکو (غرۆمان‌و تشیرفانین) یان هەندێ لەکۆنە بەلَشەفییەکان، ئەوانەی بەرەو ڕاستڕەوی بایاندا بووەوە، وەکو (بازارۆف‌و ئافیلۆف) بەلاَم ئەم کەسانەش وەلاَمی داخوازی کەسیان نەدایەوە هەتاکو بارودۆخە جیاوازەکان ناچاریانکردن کە پێشنیاری ژمارەیەك کەسی ڕادیکالَی جێبەجێبکەن بۆ ڕاوەستاندنی گەمەی نرخی شتومەك‌و ڕێکخستنی بازاڕەکان. سۆڤیەت زنجیرە کۆبونەوەیەکی ئەنجامداو تیایاندا دانی بەوەدانا کە چەند ڕێوشوێنێکی (سۆسیالیستی جەنگ) پەیڕەوبکەن‌و ئەوان وایان دانا کە هەموو گەنجینەکانی گەنم‌و دانەوێلە بەمولَکی دەولَەت دادەنرێت و کاری دابەشکردنی نان بەشێوەیەکی هاوسەنگ ڕێك خرا لەگەلَ بەرهەمە پیشەسازی‌و چاودێری دەولَەت بۆ بەرهەمهێنان‌و ڕێك خستنی ئالَوگۆڕی کەل‌و پەل لەگەلَ دێهاتە و ئالَوگۆڕی ئەندامانی لیژنەی ڕاپەڕاندن گەلێك ڕاڕای‌و دلَەڕاوکێی لێ کەوتەوە، کاتێکیش زانیان ئەوەی دەیلَێن جێبەجێ ناکرێ، ناچار ڕازی بوون بەتەگبیرو پێشنیارەکانی ڕادیکالَییەکان و (لیژنەی پەیوەندی)یش بەوپەڕی شەرمەزارییەوە ئەم زانیارییانەی دەگەیاندەوە بەحکومەت‌و حکومەتیش پەیمانی ئەوەی دا کە بیخاتە بەرباس‌و لێکۆلَینەوە، هیچ کام لە (میرلفۆف)و (غۆتشکۆف)و (کۆنۆفالۆف) حەزیان لەدەست تەنگ کردنەوەش نەدەکرد لەگەلَ هاوڕێکانیان بەهیچ شێوەیەك، بەهەموو بڕیارە ئابوورییە سۆڤیەتییەکان هەلَوەشان‌و تێکشکان سەبارەت بەو





بەرگری‌و بەرهەلَستکاریە ناهەموارانەیەی لەحکومەتدا دەرکەوت، مەگەر تەنها ئەو بڕیارانە نەبێت کە زۆر بەتوندی سۆڤیەتاتی خۆجێی جێبەجێ بکردایە، تاکە تەگبیرو نەخشەیەك کە جێبەجێ کرا لەبواری ئازوقەدا بریتی بوو لەدیاریکردنی بەشەخۆراکی ڕۆژانە بۆ هەرکەسێك کەبریتی بوو لە لیرەو نیویێك بۆ ئەو کرێکارانەی بەدەست ئیش دەکەن، وەیەك لیرەش بۆ کەسانی تر، لەڕاستیشدا ئەم بەش دیاریکردنە شتێکی زۆرکەم بوو سەبارەت بەدانیشتوانی پایتەخت، مرۆڤ ئەتوانێ بەلیرەیەك یان لیرەو نیوێك نان ڕۆژەکە بەڕێ بکات‌و تێربێت، بەلاَم کارەساتی برسێتی ڕۆژانە دواتر سەری هەلَدا.

ئێمە پێمان وایە کە پێویستە شۆڕش لەماوەی چەند سالَێك دا نەك چەند مانگێکدا پشتێنی توندوتۆلَ لەسەر گەدە قایم بکات تاخەلَکی برسییان نەبێت‌و شۆڕش زالَبێت بەسەر ئەم تەنگانەیەدا، ترس‌و دلَەڕاوکێی ئێستایشی لەبەر بلاَوبوونەوەی برسێتی نییەو لەوەشەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەلَکو ترسانەکە لەشتێکی نەزانراو نادیارەو ڕەوتی ڕوداوەکانیش دەگۆڕێ‌و متمانەو گەشبینی دەربارەی ئایندە نامێنێ، کێشەو کۆسپە ئابوورییە کەلَەکەبووەکانی ماوەی (٣٢) ی مانگی جەنگ خەریکە لەدەرگاو پەنجەرەکانی ڕژێمی نوێ دەدات، گیروگرفتی پێشوی هۆبەکانی گواستنەوەو گەیاندن‌و کەم‌و کوڕی جۆرەها کەرەسەی خاوو پەڕپوت بوون‌و لەکارکەوتنی زۆربەی هەرەزۆری ئامێرو مەکینەکان‌و هەلاَوسانی چاوەڕوانکراو تێکچوونی خولی کەرەسەو کەل‌و پەل‌و گەلێك کێشەی تر لەئارادابوون کە پێویستیان بەچارەسەرکردنی خێراو بوێرانە هەبوو، گەیشتنە ئەو چارەسەرەش لەڕێی ئابوورییەوە شیاوبوو، بەلاَم تەوفیقییەکانی وایانکرد کە لەڕووی سیاسییەوە مەحالَ بێ. وەهەموو کۆلَەکە ئابوورییەکانیان دەگەڕاندەوە بۆ تاوانبارکردن‌و هەڕەشەکردن ڕووبەڕووی جوت ڕوویی دەسەلاَت دەکردەوە، و ئیمزاکردنی هەریەکە لەبڕیارەکان بەڕادەیەك پەنجەی داخ دەکردن کە لەوێزەدا نەبوو.

لەم ماوەیەشدا وردەکاری گرنگ ئەنجامدرا بۆ هێزەکان‌و تەرازووی هێزەکان سەبارەت بەدیاریکردنی ڕۆژی کارکردن کە بریتی بوو لە (٨) کاتژمێر لەڕۆژێکدا، بەلَێ ڕاپەڕین سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەلاَم مانگرتنی گشتی بەردەوام بوو، کرێکاران بەشێوەیەکی زۆر گەرم‌و گوڕ سووربوون لەسەر ئەوەی کە گۆڕینی ڕژێم پێویستی بەگۆڕانکاری گرنگی

ئەوتۆ هەیە لەبارودۆخی خودییدا بکرێ. لێرەوە وەکو یەك سەرکردە لیبڕالّی یە تازەکانو سۆسیالیستەکان کەوتنە ڕاڕاییو دلّە ڕاوکێیەوە، ڕۆژنامە نیشتمانییەکان کەوتنە بلاّوکردنەوەی دروشمی: "سەربازان بڕۆنەوە ئۆردوگاکانیان!.... کرێکاران بچنەوە سەر کارەکانیان...!" کرێکاران دەیانپرسی: باشە ئەوە مانای ئەوەیە کە هەمووشتێك گەڕاوەتەوە سەرباری پێشووی خۆیو شتەکان چۆن بوون هەروا دەمێننەوە؟ مەنشەفییەکانیش بەپەشۆکاویو ناچار وەلاّمی ئەم پرسیارەیان دەدایەوە: بەلّێ، جارێ هەربەوشێوەیە دەمێننەوە. کرێکاران لەوەتێگەیشتن کە ئەگەر گۆڕانکاری خێرا نەکرێت ئەوا دوورنییە دیسان فێلّیان لێ بکرێو فریوبدرێنەوە، سۆسیالیستەکانیش چارەسەری کێشەکەیان بەجێ هێشت بۆ بورجوازەکان لەگەلّ کرێکاراندا، لیژنەی ڕاپەڕاندن لە (٥) ی مارسدا بڕیاریدا کە لەگەلّ کارەکەدا بڕوات لەناوچەی پترۆگرادو ئەم بانگەوازەیشی بلاّوکردەوە کە ئەم دروشمە بوو: "کرێکاران بچنەوە سەر کارو مەکینەو ئامێرەکانیان....! بەپشت بەستن بەو سەرکەوتنەی کە شۆڕشی بەدەست هێناوە "شوێنی چینی کرێکاران توندو تۆکمەتر بوو لەململانێ کردنەکەیدا لەگەلّ شۆڕش" ئایا لەدەسەلاّتدارانی ئێستادا ژمارەیەك لەخاوەندارە لیبرالّی یەکانی تێدانییە؟"

ئەمەیە ئەو هێزە خۆپەرستیو منایەتیە زرێ پۆشە تۆکمەیەی کەچینە ڕۆشنبیرەکانی پێ جیادەکرێتەوەو دەناسرێتەوە، لەگەلّ لیبڕالّییەکانو سۆسیالیتەکانیان، ئەم جۆرە کەسانە لەوباوەڕەدابوون کە ملیۆنەها سەربازو کرێکار، لەوانەی کە بەگوڕوتینەوە ڕاپەڕینیان کردو بەئومێدەوە کاریان کرد، ئەوا بەشێوەیەکی زۆر گوێ ڕایەلاّنە مل کەچ دەکەن بۆ بارودۆخە کۆنەکەی ژیانی پێشوو، دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەش. کتێبە مێژووییەکانیش ئەوە دەسەلێنن کە سەرکردەکان قەناعەتی تەواویان بەوە هەبووە کە جلّەوی کاروبارەکان بەوشێوەیە بووە لە شۆڕشەکانی پێشووشدا، بەلاّم ئەمە هەلّەیەکی خراپو گەندەلّە، چونکە کاروبارەکان لەم جۆرە وێنەو شێوازە داڕناونین، دژە شۆڕشین دەتوانێ زەحمەتکێشان بهێنێتەوە سەر کورسیو مێزە کۆنەکانیان، مەگەر ڕێگەی پێچاو پێچیان لەگەلّ بەکاربهێنێو دوای ئەوەی ئەو زەحمەتکێشانەش دەکەونە ژێر زنجیرەیەك لەداڕمانو فرتو فێلّەوە.





(مارات) بەتەواوەتی هەستی بەهەموو نوشوستیە کۆمەلاّیەتییەکانی شۆڕشە سیاسییەکان کردبوو، بۆیە مێژوونووسە ڕەسمییەکان هێرشیان کردە سەرو تاڕادەیەکی زۆر تەشەرو تانوتیان لێدا، نزیکەی (١) مانگ پێش هاتنی (١٠) ی ئۆغسطس، (مارات) شتێکی نووسیوە کە ماناکەی ئەمەیە: ڕاپەڕاندنی شۆڕشو پشتیوانی تێکردنی نایەتەدی بەبێ هاوکارییو بەشداریکردنی چینەکانی خوارەوەی دانیشتوان و لەلایەن ئەو کەسانەی کە دەولّەمەندەکان بە گاوانو شوانکارەیان دەزانن و ئەوانەی کە ڕۆمانییەکۆنەکان بەشێوەیەکی گالّتەپێکردنو سوکایەتی پێکردنەوە نازناوی (پرۆلیتاریەکان) ی بەسەردا بڕیبوو. ئەی شۆڕش ئەبێ چ مانایەکی هەبێت بۆئەم بوونەوەرە بێبەشکراوو بەش خوراوانە؟ "بزوتنەوەکە لەسەرەتادا هەندێ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەلاّم نەیتوانی زالّو سەرکەوتووبێ، بەردەوام لەزانیاریدا کەمی دەکردو کورتی دەهێنا، لەگەلّ شێوازەکانی کارکردنو تواناو چەكو سەرکردەو نەخشەی کارو شتی تر، هەمیشە بەدابڕاویو دەستەوسانی پەراوێز ڕادەوەستا سەبارەت بەبەرگری لەخۆکردن لەبەرانبەر ئەو کودەتاچیو فێلّ بازانەی شارەزاییو تواناو فرتو فێلّی باشیان هەیە، جائایا دوای ئەمەش هێشتا هەر بەلامانەوە سەیربێت کە (کرنسکی) نایانەوێت ببێت بە (مارات) ی شۆڕشەکەی ڕوسیا؟

(ف. ئۆرباخ) کە یەکێك لەسەرکردە پیشەسازەکانی ڕوسیا بەگالّتەپێکردنەوە دەدوێتو دەلّێت: "گێژو خولەکانی ناوڕیزەکانی گەل وەك جۆرە گەمەو یارییەك لەشۆڕش تیدەگەیشتن، بۆ نموونە: ڕەنجبەرو خزمەتکارەکان چەند ڕۆژێك ون دەبوونو خۆیان دەشاردەوە، خۆیانبەپەڕۆپالّی سوور دەڕازاندەوەو دەکەوتنە سەیرانو گەڕانو پیاسەکردنو خۆیان بەئوتومبیلەکانەوە هەلّدەڕۆسکاندو تابەیانی نەدەگەڕانەوە، ئەوسا دەمو چاویان دەشۆردو بەقیافەتی خۆیاندا دەڕوانیو سەرلەنوێ دەستیان دەکردەوە بەگەڕانو سەردان"، شایانی باسە ئەم وەسفەی کە ئەم پیاوە کۆنەپەرستە دەیکاتو هەولّ دەدات ئەوزیانە نیشان بدات کە شۆڕشی بەڕەوشتی گەیاندووە، وای لێکردووە کە وەسفی خزمەتکارێك بکات کە نموونەی ڕەنگدانەوەی ژیانی ئاسایی دەولّەمەندێکی بۆرجوازبێت، واتە وەکو ئەو وابێ، تەنها نیشانە سورەکەی لەوجیابێت، بەلّێ. خەلّکانی

کلۆڵو چەوساوە شۆڕش وەك جەژنێك لەقەڵەم دەدەن، یاخود وەك شەوی پێش جەژن، یەکەم شتێکیش کە خزمەتکارە بەهۆش خۆ هاتووەکان دەیکەن لەسایەی شۆڕشدا، بریتییە لەڕزگارکردنی خۆیان لەکۆیلایەتیو سوکایەتی پڕ لەنائومێدیو نەبڕاوە.

زوربەی چینە کرێکارییەکان خوازیاری ئەوەبوون، یان بەوە ڕازی بوون کە پەڕۆی سوور لەخۆیانەوە بئاڵێنن، کە هێمایەکە بۆ سەرکەوتنو پێشکەشکردنی خزمەت بەکەسانی تر، کەشو هەوای هاندان لەکارگەکانی پترۆگراددا زیادی کردو هەندێ لەدامو دەزگایش ئەوەیان ڕەتکردەوە کە بەئاشکرا مل کەچ بکرێ بۆ بڕیارەکانی سۆڤیەتات، بەڕاستی پێویست بوو ئیتر کرێکاران بچنەوە بەلای کارو مەکینەکانیانەوە، ناچاریش بوون وابکەن، بەڵام ئەی مەرجەکانی ئەم گەڕانەوەیە چی بوون؟

ئەوان داوایان کردبوو کە (٨) سەعات کاربکەن لەڕۆژێکدا، مەنشەفییەکانیش بەڕوونی دانیان بەوەدانابوو کە زەحمەتکێشان لەساڵی ١٩٠٥ دا دوچاری شکست بوونەوە، چونکە هەوڵیان دابوو ماوەی کارکردنی ڕۆژانەی کرێکاران (٨) کاتژمێربێ، بیرۆکەی بنەڕەتی ئەوانیش ئەوەبوو کە "مل ملانێ لەهەردوو بەرەکەدا - دژی سەرمایەداریو کۆنەپەرستی - لەسەرو ئاستی هێزی پرۆلتاریاوە بوو" مەنشەفیەکانیش بەشێوەیەکی گشتی وایان دەبینی کە دابڕبونەکە لەئاکامدا دەچێتەپاڵ بۆرجوازییەت لەئایندەدا بەشێوەیەکی سەد لەسەد، بەڵام ئەم دان پیانە پەتییە زارەکییە پێویست بەهیچ شتێ ناکات، چونکە لەوباوەڕەدابوون کە هیچ پەلەپەل نەکەن بەوکەرتە، بەڵام گواستنەوەی بۆرجوازییەتیش بۆ سەربازگەی کۆنە پەرستی - بەکاریگەری جەماوەری زەحمەتکێش، نەك بەکاریگەری قسەو وتارو ڕستەی وتارخوێنانو ڕۆژنامەنووسە کلپە گرتووەکان، وای لە مەنشەفییەکان کرد، بەهەموو هێزو توانایەکیانەوە کۆسپ دروست بکەن لەبەردەم خەباتی ئابوریانەی کرێکارانو جوتیاران، مەنشەفییەکان دەیانگوت: "مەسەلە کۆمەلآیەتییەکانی ئەمڕۆ بەلای چینی کرێکارانەوە مەسەلەی پلە یەك نین، لەم کاتەشدا ئەرکی سەرشانی ئەم چینە لەبەدەست هێنانی ئازادی سیاسی بەولاوە هیچی تر نییە"





بەڵام ئەی ئەم ئازادییە تەماوی خەیاڵاویە چییەو لەچی پێك هاتووە کرێکاران ناتوانن بەی بهێنن، لەسەرەتادا دەیانەویست کەمێك ئازادییان دەست بکەوێ بۆ حەوانەوەی ماسولکەو مێشکیانو گوشاریشیان خستە سەر خاوەن ئیشەکان، لە (١٠) ی مارسی ڕۆژنامەیەکی مەنشەفی نوسیبووی مەسەلەی (٨) کاتژمێر کارکردنی ڕۆژانە مەسەلەیەکە پێشنیار نەکرابوو بۆ سەرمێزی گفتوگۆ، ئەوەش گاڵتەکردنە بە چارەنووس کە دەزگای پەیوەندی خاوەن کارو کارگەکان، کە تادوێنێ ناچاربوون پەیوەندی ڕەسمییان هەبێت لەگەڵ سۆڤیەت، کەچی هەر ئەمڕۆ (١٠) ی مارس هەرخۆی دان بەوەدابنێ کە ڕازی بوو بە (٨) کاتژمێر کارکردنی ڕۆژانەو مەسەلەی ڕێکخستنی لیژنەی کارگەو فابریقەکانیش لەئارادابێ، بەم جۆرە گەورە شارەزایانی بواری پیشەسازی سەلماندیان کەزۆر بەتواناترن، وردبین ترن لەکەسە ستراتیژییە دیموکراتییەکان ڕووبەڕووی ئەو کرێکارانە بوونەوە کە لەزیاتر لەنیوەی کارگەکاندا بوون کە پاش (٨) کاتژمێر کار دەبێ دەست هەڵبگرن، بەم جۆرە ئەو داوایەی کە حکومەتی سۆڤیەت خۆی نەیدەهێنایە دیو ڕەتی دەکردەوە خاوەن کارگەکان خۆیان هێنایانەدی ئەو داوایەی کە حکومەتی سۆڤیەت خۆی نەیدەهێنایەدیو ڕەتی دەکردەوە خاوەن کارگەکان خۆیان هێنایانەدی..

ڕۆژنامەگەری لیبڕاڵی زیاد لەپێویست لەڕاستییەکان نزیك دەبووەوە، کاتێك بەراوردبکرێ بەنەرمی هەڵسوکەوتی پیشەسازە ڕووسەکان لە (١٠) مارسی ساڵی ١٩١٧ دا بەهەڵسوکەوتی چینی دەرەبەگە فەرەنسییەکان لە (٤) ی ئۆغسطسی ١٧٨٩ ئەمەش چونکە دەرەبەگو ئاغاکانی فەرەنسا لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، وە سەرمایە دزەکانی ڕوسیاش دانەوینەوە لەئاستی پێویستییەکی زۆر گرنگو ناچارانەداو وایان بەباش زانی کە تەنازولکردنی کاتییانەی ئەمڕۆیان یارمەتییەکی باشیان دەدات تاکو سبەی ڕۆژێ هەموو شتەکان بگەڕێننەوە باری خۆیان، یەکێك لەنوسەرەکانی سەر بە (کادیت) ئەم درۆیەی بەدرۆ خستووەتەوە، کە دەڵێت: "لەبەدبەختی مەنشەفییەکان، بەڵشەفییەکان بەهۆی کاری تۆقێنەرانەو تیرۆرەوە توانیان کۆمەڵەی پەیوەندییە خاوەن کارگەو فابریقەکان ناچاربکەن کە ڕازی بن بەوەی (٨) کاتژمێر کارکردنی ڕۆژانەی کرێکاران بێت" ... باشە ئەو تۆقاندنەی دەیڵێت کامەیە؟ ئێمە زۆر چاك دەیزانین، هیچ

گومانیش لەوەدانییە کە کرێکارە بەڵشەفییەکان لە پێشەتای بزوتنەوەکە دابوون، ئەم جارەش زۆربەی کرێکارانیش چوونە پاڵیان. بەتەواوەتی هەروەکو ڕووداوەکانی مانگی فێبرایر وابوو.

سۆڤیەتو سەرکردایەتییە مەنشەفییەکەی بەهەستو نەستی جیاجیاوە پێشوازی لەم سەرکەوتنە دەکرد کە کرێکاران دژی ئەو بەدەستیان هێنابوو، و سەرکردەکانیش لەگەڵ ئابڕوتکانیاندا ناچاربوون هەنگاو بەهەنگاو زیاتر لەکرێکاران بێنە پێشەوە، داوا لەحکومەتی کاتی بکەن کە یاسای (٨) کاتژمێر کارکردن بکاتە ڕەسمی لەسەرانسەری ڕوسیادا بەگشتی، بەرلەوەی کە ئەنجوومەنی دامەزرێنەران بەوکارە هەستێ، بەڵام حکومەت لەگەڵ گەورەپیاوانی خاوەن کارو کارگەکاندا ڕێك کەوتبوو، بۆیە ئەوەی پەسەند نەکردوو نەچووە ژێرباری ئەو داوایەوەو زۆر سوور بوو لەسەر ڕەتکردنەوە، نەك هەر بەتوندیو سووربوون درێژەی بەدژایەتی کردنەوەکەی خۆی دا، بەڵکو بەدوای ڕۆژگاری شیاو لەبارتردا دەگەڕا.

ناوچەی (مۆسکۆ) هەمان ململانێی بەخۆیەوە بینی، بەڵام ماوەی ململانێکردنەکە دورودێژتربوو، لێرەوە دیسان سۆڤیەت داوای چوونەوە سەر کاری کرد، ئەگەرچی بەرهەڵستی کرێکارانیش هەر بەردەوام بوو، کرێکاران لە یەکێك لەکارگە گەورەکاندا کۆبوونەوە، وە دەنگیاندا لەسەر ڕەتکردنەوەی کۆتایی هێنان بەکودەتاو مانگرتن، دەنگەکانیش (٧) هەزار بوون بەرانبەی بە (٦) هەزار دەنگ، لەهەموو کارگەو شوێنەکانی تریش دا کرێکاران بەهەمان شێوەی ئێرە هەڵوێستو ڕەفتاریان نواند، لە (١٠) ی مارس دا سۆڤیەت سەرلەنوێ جەختی لەسەر گەڕانەوەی کرێکاران کرد بۆسەر کارەکانیان، ڕاستە لەدوای ئەم جەختکردنەوەیە کاروبار دەستی پێکردەوە لەزوربەی کارگەکاندا، بەڵام لەهەموو شوێنەکانیشەوە کرێکاران کرێکاران کەوتنە نارەزاییو هێرشکردنو سووربوونی خۆیان نیشان دەدا کە (٨) کاتژمێر کاریان مەبەستە، زەحمەتکێشەکانیش دەستیانکرد بە ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری هەڵەی سەرکردەکانیان بەکردار نەك بەقسەو گوتار، وەدوای بەرهەڵستی یەکی زۆرو درێژخایەن (سۆڤیەت ـ مۆسکۆ) ناچاربوو بڕیاری ڕەسمی دەربکات دەربارەی (٨) کاتژمێر کارکردن لە (٢١)





ی مارسدا، و پیشەسازەکان یەکسەر ڕەزامەندی خۆیان لەسەر ئەو بڕیارە نیشاندا، لەکەرتەکانیش دا خەبات تاکو مانگی (نیسان) درێژەی کێشا، لەسەرەتاوە سۆڤیەتات لەهەمولایەکەوە هەوڵی ئەوەی دەدا ئەو بزافی کرێکارانە بوەستێنێ یان کۆسپ بخاتە بەردەم، پاشان گوشاری کرێکاران ناچاری کرد کە بکەوێتە وتووێژو ڕێك کەوتنەوە لەگەڵ خاوەن کارو کارگەکان، کاتێ ئەو خاوەن کارانە ئەو هەراسانیو دابڕانەیان بەرپەرچ دەدایەوە کرێکارانیش (٨) کاتژمێر کارکردنی ڕۆژانەیان ڕەت دەکردەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر قەوارەی ئەو کەلەبەرەی لەسەرپای ڕژێمەکەدا هەیە بەگشتی!

حکومەت بەئەنقەست خۆی لەم ناکۆکیانە لادەدا، هەرلەم ماوەیەشدا هەڵمەتی دیاریکردنی نرخی کرێ دەستی پێکرد کە سەرکردە لیبراڵییەکان ورووژاندبوویان، مل پێ کەچکردنی کرێکارانیش پێویستی بەوە هەبوو کە سەربازان دژ بەکرێکاران ڕاست بکرێنەوە، جا ئایا ئەمکاری کەمکردنەوەی کاتەکانی کارکردن مانای لاوازکردنی بەرە سەربازییەکان ناگەیەنێ؟ ئایا ڕەوایە کە مرۆڤ لەکاتی جەنگدا هەردەبێ بیرلەخۆی بکاتەوە؟ ئایا کاتەکانی کارکردن لەسەنگەرەکانی جەنگدا حساب دەکەن؟ ڕەوتی چینە خاوەندارو دەوڵەمەندەکان لەسەر دیماگۆجیەت وای لێکردبوون لەهیچ سنورێکدا نەوەستنەوە. هاندانیش شێوەیەکی نرخدانانەی وەرگرتبوو، زۆری نەخایاند کە گوازرایشەوە بۆ ناو سەنگەرەکانیش، (بیریکۆ) ی سەرباز لەویاداشتنامەیەیدا کە لەبەرەکانی جەنگدا نوسیویەتی. دەڵێت ئەو هاندانەی کە لیواکەی ئەوی کرتبووەوە کەپێك هاتبوو لەوئەفسەرانەی تازە هاتبوونە ناو سەربازگەی سۆسیالیسییەوە، بەشێوەیەکی زۆر کاریگەری خۆی هەبوو، بەڵام: "ئەو خراپەیەی کۆمەڵێ لەو ئەفسەرانە کردیان کە هەوڵیان دەدا دوژمنایەتی دروست بکەن لەنێوان سەربازو کرێکاراندا، لەوەدا شارابووەوە کە لەئەفسەر پێك هاتبوو، یاداشتی سەربازانیش کە لەشێوەی یاداشتی ئەفسەراندابوو، تائێستاش زیندوونو لەگوێچکەدا دەزرنگێنەوە".

لەگەڵ ئەمانەشدا کرێکارانی پایتەخت زیاتر لەکرێکارانی هەموو شوێنەکانی تر لەژێر گوشاردابوون، چونکە پیشەسازەکان بەهاوکاری لەگەڵ سەرکردایەتی (کادیت) توانیان گەلێك ڕێو شوێنو هۆکار بدۆزنەوە بۆ ورووژاندنی هێزی هاندانی بەگژیەکا

کردنی کرێکاران‌و سەربازان لەحامیەو ئوردوگا سەربازییەکاندا. (سۆخانۆف) یش لەم بارەیەوە دەڵێ: "هەر لە (٢٠) ی مانگ‌و ڕۆژانی دواترەوە، بووبەشتێکی باو کە سەربازو کرێکاران لەدوڕیانەکاندا دەکەوتنە شەڕەجنێو دژی یەکتری، هەروەها لەناو پاسەکانی گواستنەوەو شوێنەگشتییەکاندا". تەنها کارەکەش هەر لەشەڕە جنێودا نەوەستایەوە، بەڵکو لەهەندێ بارو جاردا دەبوو بە یەکدادان. کرێکاران لەمەودای هەڵەی ئەوکارەیان تێگەیشتن، بەشێوەیەکی زۆرکارامە، بۆئەمەش پشتیان بەستبوو بەقسەکردنی ڕاشکاوانەو باسکردنی ئەو قازانج‌و دەسکەوتانەی پیشەسازییەکان دەستیان کەوتبوو، بەژمارە. هاوەڵایەتی کردنی سەربازان بۆ ئەوکارگەو وەرشانەی ئامێرەکان تیایدا دەسوێن‌و دەپوێن، وەگرێ فڕنە دۆزەخیەکان بەساسماندا هەڵچوون. واتە بۆئەو بەرەیان دەبردن کە هەمیشە کرێکاران دوچاری زیان‌و زەرەری بێشومار دەبنەوە. کرێکاران کەوتنە ڕێکخستنی سەردانی مەفرەزەکانی سەربازانی حامییەکان، بەتایبەتیش کارگە گشتییەکانی دابینکردنی پێویستیە بەرگرییەکان[١٦٠]، سەربازەکان تەماشایان دەکرد، گوێیان بۆقسان هەڵ دەخست، کرێکارانیش بەوردی، باس‌و خواستی خۆیان بۆدەکردن، سەردانەکان بەوە کۆتاییان دەهات کە برایەتی‌و ئاشتی یەکی جوان لەنێوان سەربازو کرێکاراندا دروست دەبوو، ڕۆژنامە سۆشیالەکانیش گەلێك لەو بیروپابەندبوونە کە بەردەوام شان بەشانی کرێکاران لەخەبات‌و شۆڕشدا بەرەوام بن. لەناوەڕاستی مانگی نیساندا بابەتی ناکۆکی نێوان سەربازان‌و کرێکاران لەناو ڕۆژنامەکاندا نەماو ستونەکانی ڕۆژنامە باسیان لەوانە نەکرد، ڕۆژنامەگەری بۆرجوازییەت خۆی بێ دەنگ کرد، بەم جۆرە کرێکاران سەرکەوتنێکی ئابوری گەورەیان بەدەستهێناو بەدوای ئەویشدا سەرکەوتنی سیاسییانەو مەعنەویش هات.

ئەو ڕوداوانەی لەئەنجامی ململانێی (٨) کاتژمێرەوە ڕوویان دەدا کاریگەرییەکی باشیان هەبوو لەسەر ڕەوتی پەرەسەندنی شۆڕش لەڕۆژانی داهاتوویدا. کرێکارانیش چەند کاتژمێرێك پشووی هەفتانە قازانجیان کردو ئەوکاتانەشیان دانا بۆ خوێندنەوە، کۆبونەوە، مەشق کردن لەسەر ئەو چەکانەی دواتر ڕێك خران‌و هەر لەسەرەتای

[١٦٠] پێویستیە بەرگرییەکان: المستلزمات الدفاعیة.





دروستبونی میلیشیا کرێکارییەکانیشدا هەروابووە، کرێکاران لەمانەوە پەندو وانەی چاك فێر بوون، ئیتر کەوتنە ئاگابوون‌و چاودێری کردنی سەرکردەکانی سۆڤییەت، دەسەڵاتی مەنشەفییەکان زیانێکی زۆری پێ گەیشت، پلەوپایە جێ‌و شوێنی بەلشەفییەکان لەناو کارگەکاندا بەهێزتربوو، وە بەشێوەیەکی کەم ناو سەنگەرەکانیشی گرتەوە، سەربازان وریاتربوونەوە، باشتر بیریان دەکردەوە بەشێوەیەکی قووڵترو هوشیارانەتر، تێگەیشت لەوەی کە کەسێك هەیە چاودێری دەکات، نەخشەی دیماگۆجیەتی بەدوخراپ بەزەرەر کشایەوە بەسەر ئەو کەسانەی کە دایانهێنا، سەربازو کرێکارانیش زیاتر باوەشیان بەیەکدا کرد، لەجیاتی ئەوەی لەیەکتر دوربکەونەوە یان ڕقیان لەیەکتری بێتەوە.

حکومەت ڕقی لە سۆڤیەت بوو، ڕقی لەسەرکردەکانی‌و ئەوانەش بوو کە متمانەیان پێی دابوو، وێڕای هەموو هەوڵ‌و کۆششەکانی (لیژنەی پەیوەندی) ش. لەئەنجامدا ئەم ڕق لێبوونەوەیەش دەرکەوت کاتێك دەرفەتێك بۆئەو دەرکەوتنە ڕەخسا، لەبەرئەوەی کە سۆڤیەت ئەرکی حکومەتێکی پەتی ڕاپەڕاند، بەپشت بەستن بەداواکاری خودی حکومەت، کاتێ واپێویست بوو کە جم‌و جوڵ‌و چالاکیەکانی جەماوەر دامرکێنێتەوە، ئەوەبوو لیژنەی ڕاپەڕاندن داوای کرد بودجەیەکی کەم بۆخەرجی لیژنەکە دابین بکات، بەڵام حکومەت ئەم داوایەی ڕەت کردەوە، بەردەوامیش پابەند بوو بەو ڕەتکردنەوەیە، وێڕای سووربوونی سۆڤیەت لەسەر داواکە، جەختیشی لەوە کردەوە کە ناتوانێ بەشێك لەگەنجینەی دەوڵەت تەرخان بکات بۆ (ڕێکخستنێکی تایبەتی)، سۆڤیەت خۆی لەوداوایە کەڕو کاس کرد، ئەرکی کەم دەرامەتی بودجەی سۆڤیەتیشی خستە ئەستۆی ئەو کرێکارانەی کە هەرگیز دوودڵ‌و کەم تەرخەم نەبوون لەئاستی کۆکردنەوەی بەخشین بۆ هێنانەدی خواستو بەرژەوەندییەکانی شۆڕشدا.

هەر لەوکاتەشدا هەردوو حیزبی لیبراڵی‌و سۆسیالیست پارێزگاریان لەپەیوەندی دۆستانەی نێوان خۆیان دەکرد، جووت ڕوویی دەسەڵاتیشیان بەوە وەسف کرد لەکۆنگرەی گشتی ڕوسیادا کە داهێنانێکەو بوونی نییە، (کرنسکی) یش لەلایەن خۆیەوە بۆ نوێنەرانی سوپا دوپاتی کردەوە کە لەنێوان حکومەت‌و سۆڤیەتدا یەکێتی

یەكی تەواوكەر هەیە سەبارەت بە ئامانجو ئەركەكان، زۆر بەجۆشو خرۆشەوە هەبوونی جووت ڕوویی دەسەڵاتی ڕەت دەكردەوە، كە جۆشو خرۆشەكەی لەوكاتەدا هاوشێوەی جۆشو خرۆشی (تسیرتیلی) و (دان)و ئەو جۆرانە بوو لە سەركردەكانی سۆڤیەت، بەم جۆرە هەوڵیان دەدا بەدرۆكردن پشتگیری ڕژێمێك بكەن كە لەسەر بنەمای درۆ دامەزرابوو.

لەگەڵ ئەوەشدا لەهەفتە بەراییەكاندا ڕژێم توانی پێكهاتەی تەوفیقی دروست بكات لەنێوان ڕێكخستنەكاندا، بەتایبەتیش سەركردەكان توانای هەرە گەورەیان خستەگەڕ، بەتایبەتیش لەهەوڵی ئەوەدابوون بەپشت بەستن بە نوێنەرە ڕێكەوتەكان[١٦١] بۆ بەرەودا وەستانەوەی جەماوەرو كاربكەن بۆ ڕازیكردنی سەربازان كەدژی كرێكاران بنو خزمەتی ئەنجومەنە تازەكانو (زیمستفۆ)و كۆمەڵە هەرەوەزییەكان بكەن، دژی سۆڤیەتاتو ئانیشكی خۆیان دابدەن بەسەر كەرتەكانو كۆمەڵێ ئەفسەر دژی گەل بەگشتی.

شێوەی نوێندراوی سۆڤیەتی لەخودی خۆیدا هیچ نهێنیەكی ئاڵۆزی تێدانییە، هەروەها بەتەواوەتیش دوورنییە لەو كەمو كوڕیو ناهەمواریانەی هەموو شێوەیەكی نواندنی ناچاری ئەو كەمایەتیانەی تێدا دەبێ، ئەوەش بەردەوام دەبێ هەتا ئەو نوێنەرایەتییە ناچاریە هەبوونی پێویست بێ، بەڵام هێزو توانای نوێنەرایەتی سۆڤیەتی لەوەدا شارابووەوە كە ئەم ناهەمواریانە بگەنە ئەم پەڕی توانای شیاو، بەوپەڕی متمانەوە دەتوانین بڵێین، كە ئەزمونیش دواتر هەر ئەوەی سەلماند كە هەموو نوێنەرایەتیەكی تر دەبێتە مایەی دابەشبوونی جەماوەر، توانای دەربڕینی خواستی ئەم جەماوەرەی هەیە لەچوارچێوەی شۆڕشدا، بەڵام بەشێوەیەكی خراپترو خاوتر، خۆئەگەر هەموو شێوەكانی نواندنەكە وەربگرین، بۆمان دەردەكەوێ كە سۆڤیەت لەهەموویان زیاتر نەرمترو شیاوتر بووە كە توانیویەتی ئاوێتەی جەماوەربێت بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەروەك شێوەیەك لەشێوەكان دادەنرێ، ناشتوانێ زیاتر پێش بكەوێ لەوەی كە جەماوەر دەیەوێو هەموو ساتێكی دیاریكراو بەكاری بخات، بەڵام لەهەمان كاتدا دەتوانێ

---

[١٦١] ـ نوێنەرە ڕێكەوتەكان: ئەو كەسانەی بەرێكەوت بوون بەنوێنەری خەڵكی





كارئاسانی بكات بۆ جەماوەر تاكو چاكتر لەهەڵەكانو ڕێگە چارەكان تێبگات، یەكێك لەگەورەترین زامنەكانی پەرەسەندنی شۆڕش لێرەدا شاراوەتەوە.

ئەی كەواتە ئاسۆی سیاسییانەی لیژنەی ڕاپەڕاندن كامەیە؟ ئێمە گومانمان هەیە لەوەی كە هیچ كام لەسەركردەكانی دوای وردبونەوەو بیرلێكردنەوە بتوانن ئەو ئاسۆیە دیاری بكەن، (سۆخانۆف) یش دوایی جەختی لەوەكردەوە كە نەخشەكەی هەوڵ دەدات بۆ وازهێنان لەدەسەڵاتی بۆرجوازییەت لەماوەیەكی كورتی دیاریكراودا، تاكو دەرفەتێكی لەبار بدرێتە دیموكراتییەت بۆ كۆكردنەوەی هێزەكانیو گێڕانەوەی ئەم دەسەڵاتە بەشێوەیەكی مسۆگەر، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم زنجیرە ساویلكانەیەی ڕووداوەكان كە دوای ڕوودانی ڕووداوەكان هاتوون باسیان دەكەن، لەوكاتەشدا هیچ كەسێك نەهاتووە ئەم زنجیرەیە بخاتەڕوو یان دیاری بكات، ئیتر ئەم شلۆقیو دانەمەزراوییەی لیژنەی ڕاپەڕاندن بەردەوام بوو، تاكو دەسەڵاتی سەركردایەتی كردنی (تسیریتلی) دا بوو بەشێوازێكی هەمیشەیی، ناوبراویش زۆر بەڕاشكاوانە ڕایگەیاند كە ئەگەر دەسەڵاتێكی بۆرجوازییانەی بەهێز نەبێت ئەوا شۆڕش بەرەوتیاچونی یەكجارەكی دەچێت، لەسەر دیموكراتییەتیش پێویستە كە چیتر گوشار نەخاتە سەر بۆرجوازییەتی لیبراڵیو دەبێ هۆشیاریش بێ لەهەڵسو كەوت كردنیا تاكو سەراو نەكەوێتو بەرەو سەربازگەی كۆنەپەرستی پاڵی نەنێت، دەبێ بەپێچەوانەوە هاوكارو پشتیوانی لێ بكرێ بەشێوەیەك كە دەستكەوتەكانی شۆڕش بچەسپێنێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە پێویستە لەسەر ڕژێم لەدوا وانیدا[١٦٢] بگاتە پێكهێنانی كۆمارێكی بۆرجوازییانەی ئەوتۆ كە سۆسیالستەكان ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی تێدا بگێڕن.

دانانی بەردی بناغەكەیشی بەلای سەركردەكانەوە لەبەرنامەی كاردا دەركەوتووتر بوو وەك لەوەی لەئاسۆدا دەردەكەوت، تەوفیقییەكان پەیمانیان بەجەماوەر دابوو كە لەڕێی بۆرجوازییەتەوە (بەهۆی گوشارەوە) سیاسەتی دیموكراتییەتی ناوخۆییو دەرەكی بەدەستبهێنن، دەشزانین كە چینە دەسەڵاتدارو فەرمانڕەواكان زیاد لەجارێك تەنازولیان

---

[١٦٢] دواوان: دوا پێگە: دواین شوێنی بەیەكگەیشتن لەڕاستیدا لە (دوائاوان) (دووئاوان)ەوە هاتووە كە دوو چەمو ئاو بەیەك دەگەن بەڵام بەمانای (آخر المطاف)ی عەرەبی بەكار دەهێنرێ.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کردووە لەمێژووی خۆیاندا، لەژێر گوشاری جەماوەری گەلدا، "گوشار" ریش لەدواجاردا، مانای ئەوە دەگەیەنێ کە هەڕەشەیەکە لەلایەن چینە خاوەندارەکانەوە بۆ دابڕینی جەماوەر لەدەسەلاتو گرتنەوەی جێگەی، دیموکراتییەتیش چەکی لەوجۆرەی نەبوو، دەسەلاتیش بەخواستی جەماوەر خۆی درایەدەست بۆرجوازییەت، دیموکراتییەتیش لەسەرەتای تەقینەوەی ململانێدا هەڕەشەی لە هەلوەشاندنەوەی دەسەلات نەدەکرد، بەم جۆرە سلنگی بنەڕەتی لەمیکانیکییەتی گوشاردا لەبن دەستی بۆرجوازییەتدابوو، ئەمەشە تەفسیری توانا لاوازەکەی حکومەتە دەستەوسانەکەی پێ دەکرێت بۆ بەربەستکردن لەهەموو ئەو کاروبارانەی سەرکردەکانی سۆڤیەت بەشێوەیەکی سەرکەوتوو، ئەگەرچی ئەم کاروبارانەش زۆر بەتوندوتۆلی نەگیرابوونە بەر.

لەناوەڕاستی مانگی (نیسان) دا، لیژنەی ڕاپەڕاندن بوو بە دەزگایەکی گەورەی دەسەلاتدارو ڕێگەی نەدەدا بەهیچ هەلسوکەوتو جمو جولێکی سیاسییانەی وا کە بەنهێنی لەلایەن سەرکردایەتییەکانەوە هەولّ بدرێ بۆ لاکردنەوە بەلای لیبرالّییەکاندا بەشێوەیەکی زۆر توندیش جلّەوگیری کرا، لەئەنجامی ئەمەشدا نوسینگەیەك پێك هات، کە هەموو ئەندامەکانی لەڕاسترەوەکان بوون، لایەنگران و پشتیوانانی بەرگری نیشتمانی، لەوکاتەیشەوە نەخشەی بالای سیاسەت لەناو بازنەیەکی تەسكو تروسكو داخراودا دادەڕێژرا، کاروبار وادەهاتنە پێش چاو کە خەریکە ڕێكو پێك بکرێنو بەرەو کۆنترۆلّ کردنەوە بچن، (تسیرتیلی)یش، دەسەلاتداری یەکەم بوو لەناو سۆڤیەتدا بەشێوەیەکی بێ سنوور، (کرنسکی)یش بەشێوەیەکی زۆر خێرا بەرەو سەرەوە بەرز دەبووەوە، هەرلەم ساتەدا کوتو مت یەکەم سەرەتا ئاگادارکردنەوەکان لەبنکە جەماوەرییەکانەوە دەرکەوتن، لەناوجەرگەی جەماوەریشەوە، (ستانکیفیتش)ی نزیك لەداروودەستەی (کرنسکی) نوسیویەتی: "جێگەی سەرسامییە کە لیژنەی ڕاپەڕاندن توانای خۆی لەدەستدا بۆسەرکردایەتی کردنی ئەو جەماوەرەی کە لێی دوورکەوتبووەوە لەوکاتەدا کە ڕێکخستنی ئەم لیژنەیەی تێدا بەئەنجام گەیەنرا، بەرپرسیارێتی کارکردن خرایە ئەستۆی نوسینگەیەك کە هەموو ئەندامەکانی لەحیزبەکانی بەرگری نیشتمانی هەلّبژێردراون، سەرسامییەکی تێدایە؟ نەخێر، ئەم کارە زۆر ئاساییو سروشتییە.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## سوپا و جەنگ

ئینزیباتەکان بەگشتی، چەند مانگێك بەر لەڕوودانی شۆڕش دەرون لەرزەیەکی گەورەیان ڕووبەڕووبووەوە، دەشتوانین سکالای چەند ئەفسەرێك بەنموونە بهێنینەوە لەوکاتەدا، بە تایبەتی لەولایەنەوە کە سەربازەکان وەك پێویست ڕیزی ئەفسەرە فەرماندەکانی خۆیان نەدەگرت، بەلّکو ئەو سەربازانە بەرانبەر بە ئەسپو چەكو کەلو پەلەکانیان هەمان شێوە ڕەفتاریان دەنواندو جێگەی ڕەخنەو گازندەیەکی زۆر بوو، گەڕەلاوژییو بێ سەرەو بەرەیی شەمەندەفەرە سەربازییەکانی گرتبووەوە، بارودۆخەکەش هەر هەمووی لەسەرجەم ئاستەکاندا وانە بوو، سەبارەت بەسەرجەم خالّەکان، بەلّکو بەگشتی هەموو کاروبارەکان یەك ئاراستەیان هەبوو: ئەویش تیاچوونو پوکانەوە بوو. ئێستاش جگە لەوانەی پێشوو دیسانەوە شلّەقاوی شێواویو بومەلەرزەی شۆڕشیشی هاتەسەر، ڕاپەرینی حامییەی پیرۆگراد بە تەنها بەهاوبەشی ئەفسەرەکانی نەبوو، بەلّکو دژیشیان بوو، سەرکردەو فەرماندەکانیش لەساتە تەنگە تاوییەکاندا ون دەبوونو دیانەدەمان، لە(٢٧)ی فێبرایردا نوێنەری ئوکتۆبەری(شیدلۆفسکی) لەگەلّ ژمارەیەك ئەفسەری فەوجی(بیرۆبراجینسکی) دا قسەی کردو دەربارەی هەلّویستی خۆیان لەمەڕ بێ لایەنێتی ئەنجومەنی دۆما، بەلّام تێبینی کردو بۆی دەرکەوت کە ئەفسەرە پاسەوانە ئەرستۆکراتییەکان، زۆر گوێ نادەنە ئەو شتانەی کە لەدەورو بەریاندا ڕوودەدات، بگرە هەموو ئەو کەسانە بریتی بوون لە چەند کەسێکی پاشاخوازی ترسنۆكو پەڕپووت، (شید لۆفسکی) دەلّێت: ((ئای چەندە سەرسام بووم کە سەر لەبەیانی ڕۆژی دوایی فەوجی(بیریۆبراجینسکی)م بینی بەوپەڕی شێوەو ڕێوڕەسمی ڕۆیشتنی سەربازی بەسەر شەقامەکاندا دەڕۆنو مۆسیقاو تیمی سەربازیش لە پێشیانەوەیە، بەبێ ئەوەی هیچ ئەفسەرێکیان لەگەلّ بێ....)) لەڕاستیدا ژمارەیەك سەرباز هاتبوون بۆ کۆشکی تۆریل لەگەلّ سەرگەورەو بەرپرسو فەرماندە خۆشەویستەکانیاندا، ئەفسەرەکان وایان هەست بەخۆیان دەکرد کە وەك دیلو دەست بەسەر وان لە ناوجەرگەی کەژاوە سەربازییە سەرکەوتووکەدا، کۆنتیسیە کلینمیشلّم بینی وەك ئەوەی ڕاوەستا بێو ئەم دیمەنانەی پەی

پێ دەبردو زۆر بە ڕاشکاوانە ڕاوبۆچوونی خۆی دەردەبڕیو دەیگوت: ئەفسەرەکان وەکو مێگەل وابوون کە بەرەو قەسابخانە دەبران.

شۆڕشی فیبرایر هیچ جیاوازیو لێك دابڕنێکی دروست نەکرد لە نێوان سەربازو ئەفسەراندا، بەڵکو ئەم دابڕانو جیاوازییەی دەرخستو پەردەی لەسەر لادا. سەربازان لەوباوەڕەدا بوون، وەوایان دادەنا کە ئەم شۆڕشە دژی پاشایەتییەو بەر لە هەموو شتێکیش دژی ئەفسەرانە، یەکێك لە ئەندامانی حیزبی(کادیت) نابۆکۆڤ کە لەوکاتەدا بەرگی ئەفسەری لەبەردابوو لەم بارەیەوە لە یاداشتنامەکەی خۆیدا دەڵێ: ((هەر سەرلەبەیانی ٢٨ی فیبرایرەوە هاتنە دەرەوەی مرۆڤ لە ماڵەکەی خۆی بوو بەشتێکی ترسناك، و گەلێك لە ئەستێرەو بەرگی کەتافی ئەفسەرەکان داکەنرابوو))... بەم شێوەیە ڕویداوجێی خۆی گرت لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتی نوێدا ...!

یەکەم شت کە لیژنەی ڕاپەڕاندی بایەخی پێ دەدا چاکسازی کردنی پەیوەندی نێوان سەربازو ئەفسەران بوو، ئەمەش واتە لە کۆتاییدا ژێر باخستنەوەی کەرتە سەربازییەکانە بۆبن دەستی فەرماندەی کۆنەکان واتە بۆ ژێر دەستی ئەفسەران ـ (سۆخانۆف) یش پێی وایە کە گەڕانەوەی ئەفسەران بۆ فەوجەکانی خۆیان دەبێتە مایەی پاراستنی سوپا((لەو گێرەشێوێنیو بێ سەرەوبەرەیی گشتییە، یان لەو دیکتاتۆریەتەی بەرەی سەربازە نەزانو گێلەکان پێکیان هێناوە))، بەڵێ ئەم جۆرە شۆڕشگێڕی لیبڕاڵییانە لەسەربازان دەترسان نەك لە ئەفسەران، بەڵام کرێکارە پشتیوانەکانی ((بەرەی سەربازە نەزانەکان...!)) سڵیان لەو شەڕو گێچەڵان دەکردەوە کە چاوەڕوان ئەکرا لەلایەن ئەفسەرە باقو بریقە دارەکانەوە بەرپابێ، بۆیە لەئەنجامی ئەمەشدا چاکسازی پەیوەندییەکانی لە لاکەوتەوە بەشێوەیەکی کاتییو لاوازو ناتوندو تۆڵ .

(ستانکیفیتش) هەڵوێستی سەربازەکان وەسف دەکات دەربارەی ئەو ئەفسەرانەی کە دوای ڕاپەڕین گەڕانەوە بۆلایانو دەڵێت:((سەربازەکان یاسای ئینزیباتەکانیان پێشێل کرد، بەبێ پرسی ئەوان نەك هەر سەنگەرو ئۆردویان بەجێ هێشت، بەڵکو لە زۆربەی جارەکاندا دژی خواستی ئەفسەرەکانیشیان جوڵانەوە، ژمارەیەکیشیان لێ کوشتو ڕووبەڕوویان وەستانەوە کە ئەوانە ئەرکی خۆیان ڕادەپەڕاند، سەربازەکان پێیان وابوو کە





بەوکارانەیان ئازادیو سەرکەوتنێکی گەورەیان دەست کەوتووە، جا ئەگەر ئەوکارەیان دەسکەوتێکی باش بووبێو وە ئەفسەرەکانیش ئێستا ئەرکی خۆیان ڕاپەڕێنن، ئەی بۆچی سەرکردەو فەرماندە سەربازییەکان سەربازانیان ناخەنە سەر شەقامەکان بە دەستی خۆیان؟ بەتایبەتیش کە کارێکی لەو جۆرە زۆر ئاسانەو مەترسیشی کەمترە. ئێستا، هێشتا سەرکەوتن بە تەواوەتی نەهاتوەتە دی، هەتا نەگەڕێنەوەو نەچنەوە ڕیزی دلێرو ئازاکانەوە، بەڵام تۆ بڵێیت کارەکەیان دڵسۆزی پێوە دیاربێ، ئایا تۆ بڵێی ئەو دڵسۆزییەشیان درێژە بخایەنێ؟)) ئەوەی کەبایەخی ئەم جۆرە قسانە زیاد دەکات ئەوەیە کە ئەو کەسەی ئەم قسانە دەکات یەکێکە لە ئەفسەرە چەپڕەوەکان کە هەرگیز بەخەیاڵیاندا نەهاتووە کە سەربازەکانیان لەسەنگەرو ئۆردوگاکان وە دەرنێینو بیانخەنە سەر شەقامەکان. لەبەر بەیانی ڕۆژی(٢٨)ی فیبرایر ئەفسەرێکی ئەندازیاری چەکدار لەسەر شەقامی (سامبسۆنیفسکی) ڕاوەستاوەو بەسەربازەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی دەڵێ:((ئەو حکومەتەی کە هەموولایەك ڕقمان لێی دەبوەوە ڕووخا، حکومەتێکی تازە بە سەرۆکایەتی میرلفۆف پێکهێنراوە، پێویستە کە سەربازان گوێ ڕایەڵی فەرمانی ئەفسەرەکانی بنو بەردەوام بن، ئێستاش ((تکام وایە کە هەریەکەتان بچنەوە شوێنو سەنگەرەکەی خۆتان لەئۆردوگاکەتان)) هەندێ سەرباز ڕستە کۆنەکەیان دووبارە کردەوەو گوتیان:((شادمانین بەوەی کە فەرمانی ئێوە جێ بەجێ بکەین)) بەڵام بێزاری بەزۆر بەیانەوە دیاربوو کە لاسارییان لەیاسا دەکرد، ئەوە چییە؟ ئایا ئەوە هەموو شتێکە؟ (کییورۆف)یش ئەم حاڵەتەی بە ڕێکەوت چاوێ کەوتو بارودۆخەکەش ناخی وروژاندو گوتی: ((ئەی سەرکردەی گەورەم ڕێگەم بدە تەنها یەك قسە بکەم))... بەم قسەیەش ویستی دەورو بەر بێ دەنگ بن تاکو ئەم پرسیارە بکات: ((ئایا لافاوی خوێنی کرێکاران لە شەقامەکانی پترۆگراد لە ماوەی سێ ڕۆژدا لەپێناوی ئەوە دابوو کە پاشایەك بگۆڕدرێ بەپاشایەکی ترو هیچی تر؟)) بەم شێوەیە (کییورۆف) سەر لەنوێ گایەکەی بە شاخەکانی گرتو گۆمەکەی شڵەقاند، ئەو پرسیارەش تەوەرەی خەباتی چەند مانگی دوا یەك بووە، جیاوازیو ناکۆکی نێوان سەربازو ئەفسەریش ڕەنگدانەوەی ئەو دژوارییە حوکمدارییە بوو کە لەنێوان جوتیارو دەرەبەگە خاوەن زەویو زارەکاندا بوو.

سەرکردەو فەرماندەی کەرتە سەربازییەکان لەسەرانسەری وڵاتەوە ڕاگەیاندنو زانیاری دیاری کراوو سنورداری پێدەگەیشت، تاوایان لێهات بە یەك شێوە ڕووداوەکانیان دەخستە ڕوو، بە سەربازەکانی خۆیان دەگوت: قەیسەر تواناکانی خۆت لە دەست داوە، لەپێناوی بەرگریکردن لە وڵاتو ناچاربووە لە ژێر گۆشاری ئەرکی گراندا قورسایی حکومەتەکەی بەبراکەی بسپێرێ، یەکێك لە ئەفسەرەکان بەڕاشکانەوە سکاڵای خۆی دەربڕی گوتی هەرکەسێ تەماشایەکی سەربازەکان بکات لە کاتی خستنە ڕووی ئەو مەسەلەیە، بە تەواوی واهەست دەکەن کە نیفۆڵای قەیسەرو براکەی هەر هەمان کەسن، بەڵام ئەفسەرەکەدان بەوەشدا دەنێ کە کاتێ ڕۆژی دواتر خۆی بینەوە کە کەتیبەکەی لەو شێوەیەکی بەرچاو گۆڕا، پرسیارو هەڵسو کەوتو تێڕوانینەکانی سەربازان زۆر بە ڕوونی شایەتی لەسەر دەدا کە بێگومان کەسێك هەستاوە بە ئامۆژگاریکردنی بەردەوام بۆ ئەوەی کاری لەم عەقڵییەتە نەزان خۆڵەمیشیانە بکات کە هیچ پشتێکیان بەبیرکردنەوە نەبەستووە، ڕاستی ئەو دۆزەخە فراوانترو قووڵ تر بوەوە لەنێوان ئەو ئەفسەرەی کە بەبێ خۆماندو کردنو ئەرك کێشان خۆی گونجاندوە لەگەڵ دواهەمین بروسکە هاتوو لەپترۆگرادەوە، ئەو سەربازانەی هەڵوێستی خۆیان دیاری کردوە دەربارەی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی گرانو لەسەرخۆ، بەڵام بەوپەڕی شەرەفەوە، بە دەستە قڵیشاوەکانیان ئەم ڕووداوانە هەڵدەسەنگێنن!

فەرماندەیی سەرکردایەتی باڵا بەشێوەیەکی شکڵی دانی بەڕاپەڕینەکە دانا، بەڵام بڕیاریشیدا کە ڕێگە قەدەغە بکرێ لەوەی کە شۆڕش بگاتە ناو بەرەی سەربازانەوە، سەرۆکی ئەرکانی باڵاش فەرمانێکی دەرکرد بۆ فەرماندەی بەرەکان وتیایدا فرمانی دەرکرد بە دەستگیرکردنی نوێنەرو ڕەوانە کراوە شۆڕشگێڕەکان کە جەنەڕاڵ(کیسیف) ناوی(یاخی بوو)ی بەسەر دابڕیبوون لەکاتی هاتنە ناوەو دزە کردنیان بۆ ناو کەرتە سەربازییەکان، دەبێ بەبێ ڕاوەستان بدرێنە دەست دادگا. لەڕۆژی دواتریشدا هەر ئەم جەنەڕاڵە بەناوی(سمۆ)ی مامی ئیمپراتۆر نیقۆلا نیقۆلایفیتشەوە داوای لەحکومەت کردبوو کە سنورێك دابنێ بۆ ئەو هەموو شتانەی لەبەرەی دواوەی سوپادا ڕوو دەدەن، واتا دەبێت سنورێك دابنرێ بۆ گەشەی شۆڕشەکە.





فەرماندەییو سەرکردایەتی هەرچی لەتوانایدا بوو خستییەگەڕ تاکو بە سوپا ڕابگەیەنێ کە ڕاپەڕین ڕویداوەو دەبێ نەهێڵێن دزە بکاتە ناو کەرتو بەرەکانی سوپاوە، ئەم کارەی سەرکردایەتی گشتیش لەبەر خاتری چاوی کاڵی پاشایەتی نەبوو، بەقەدەر ئەوەی کە ترسان بوو لە شۆڕشەکە: ئیتر دەست بەسەر ئەو بروسکەو نامانەدا گیرا کە لەپترۆگرادەوە دەهاتن، هەروەها ئەو کەسانەش دەخرانە بەندیخانەوەو دەست بەسەر دەکران کە لەپایتەختەوە دەهاتن، بەم جۆرە ڕژێمی کۆن بە بە دەوری چەند کاتژمێرێك تەمەن درێژکردنەوەو مانەوەی خویدا دەگەڕا، هەوڵی ڕاپەرینەکەش هەتا(٥ــ٦)ی مارس نەگەیشتە سنوری هێڵەکانی پێشەوەی بەرەی جەنگو کوشتار، بەڵام کاتێ هەواڵەکە گەیشت، چۆن چۆنی گەیشت؟ شتێکی لەم بابەتەمان بیست: مامی پاشا کراوە بەفەرماندەی گشتی، قەیسەری پاشاش لەپێناو وڵاتدا دەستی لەکارکێشایەوە، هیچ گۆڕانێکی تر ڕووی نەداوە، هەواڵی شۆڕشو ڕاپەرین گەیشتە بەشێکی زۆر لە سەربازانی ناوسەنگەرەکان لەڕێی ئەڵمانەوە لەجیاتی ئەوەی لەڕێی پترۆگرادەوە بگات، ئیتر لای سەربازان ئەوە بوو بەشتێکی ئاسایی کە فەرماندەیی گشتی سوپا ڕاستییەکانیان لێ دەشارێتەوەو پێیان ناڵێت، جا ئایا ئەو سەربازانە دەیانتوانی هیچ جۆرە ڕێزو شکۆیەك دابنێن بۆ ئەو ئەفسەرانەی کە ڕۆژێك یان دووڕۆژ دوای ئەوە پشتێنو پەڕۆو ئاڵای سوریان هەڵگرت؟

سەرۆکی دەزگای ئەرکانی هێزی دەریایی(دەریاری ڕەش)دەڵێت. کە ڕووداوەکانی پترۆگراد کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەرەتادا نەکردە سەر دەریاوانو سەربازە دەریاییەکان، بەڵام هەر کە ڕۆژنامەی یەکەمی سۆسیالیستەکان لە پایتەختەوە هاتو گەیشتە ناویان ((لەچاتروکانێکدا بارودۆخی بیروبۆچوونی دەریاوانەکان گۆڕو کۆبوونەوە ناوخۆییەکان دەستیان پێ کردو لە کونو کەلەبەرو درزەکانەوە ژمارەیەك لە کەسانی هاندەرو تاوانبار سەریان دەرهێنا))، ئەمیرال نەیدەزانی ئەوە چییە کە لەبەر چاوی ڕوودەدات، ڕۆژنامەکانی خۆیان گۆڕانی بارودۆخی بیرو بۆچوونیان دروست نەکرد، بەڵکو گومانی لەدڵی دەریاوانەکاندا دروست کرد دەربارەی ڕەهەندەکانی ڕاپەرینو دەرفەتی بۆ ڕەخساندن کە زۆر بەڕاشکاوانە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕن، دوای ئەوەی کەتەمی ترسو

دێوەزمەی فەرماندەو سەرکردایەتی سەریان لەگێژەوەدێت، دەکرێت ڕاوبۆچوونی ئەو بارودۆخە سیاسییە لە دیدگەی ئەفسەرە کەشتیگەلەکانەوە بە یەك ڕستە دەربڕین، کە ئەو ڕستەیەش قسەیەکی ئەمیرانی سەرۆکی ئەرکانە کە دەڵێت: ((زۆربەی ئەفسەران پێتان وایە کە وڵات بەبێ قەیسەر بەرەو تیاچوون دەچێت)) هاوکات دیموکراتییەکان لەو باوەڕەدان کە وڵات دوورنیە بەرەو تیاچوون بچێت ئەگەر ئەم جۆرە ڕوناکیو ڕۆشناییە ئەگاتە دەریاوانە نەزانو ناحاڵییەکان فەرماندەیی سوپاو هێزی دەریایی ببوون بە دوو باڵی جیاواز: ئەوانەی سەربەباڵی یەکەم بوون لەهەوڵی ئەوەدا بوون هەر لەبنکەو جێو شوێنی خۆیان بمێننەوەو کار بۆ شۆڕش بکەنو بچنە پاڵ حیزبی سۆسیالیستی - شۆڕشگێڕ، هەروەها دواتر هەندێکیان هەوڵیان دەدا کە دزە بکەن بۆ ناو بەڵشەفی یەکان، کەچی ئەوانەی باڵی دووەم لەگەڵ ئەوە دانە بوونو لەهەوڵی دژوەستانەوەی ڕژێمی دەسەڵاتی نوێ دابوون، دوایی ئەو هاوسەنگییەی خۆیان پێ ڕانەگیرا لەناو ئەو ململانێ توندوتیژەداو هێزی هەڵکێشانو جموجۆڵی سەربازان وەك لافاوێك ئەوانی ڕاماڵی، هەبوونی کۆمەڵو دەستەو باڵی لەو جۆرەش شتێکی سروشتییە بەڕادەیەك کە وای لێدەکات لەهەموو شۆڕشەکاندا شتی لەوجۆرە هەبن، ئەوە بووکاتی خۆیشی ئەفسەرە شانشینە توندڕەوە فەڕەنسییەکان، کە یەکێك لەهاووڵاتیان بەوە وەسفیان دەکات کە: ((بە توندوتیژییەکی زۆرەوە جەنگاون)) تەنگەتاو دەبوون بە ملکەچ بوونی هاووڵاتیان لە ئەفسەرە دەرەبەگەکان بەڕادەیەکی زیاتر لەوتەنگەتاوییەی لەئەنجامی تیاچوونی سەربازەکان لەژێردەسەڵاتی فەرماندەکانیانەوە پەیدابووبوو، لەکۆتاییشدا زۆربەی کەسانی دەسەڵاتدار سەر بەفەرماندەیی کۆن لەناوبرانو سەرکوت کرانو ژمارەیەکی کەمی ئەفسەران نەبێ نەیانتوانی لەگەڵ بارودۆخی نوێدا ڕابێنو بگونجێن، زۆربەی ئەفسەران دوچاری هەمان چارەنووس هاتن کە ئەو چینەی گرتەوە کە هەر خۆیان خۆیان بۆ هەڵبژاردبوو، بەڵام دیارە بەشێوەیەکی زۆر کارەساتبارانەتر. بەزۆری سوپا نوێنەرایەتیو هاوێنەی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە خزمەتی دەکات، بەو جیاوازییەوە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سروشتێکی چڕو پڕتری دەداتێ، ئەو پەیوەندییانەش تا ئەوپەڕ دیمەنی هەموارو ناهەموار پاڵی دەنێت، ئەوەشیان شتێکی ڕێکەوت نییە کە بەلای ڕوسیاوە





ناوی هیچ سەرکردەیەکی گەورە دەرنەکەوتو لەلایەن جەنگەوە گەورە نەکران، ئەوە جەنەڕاڵ (زالیسکی)یە، کە یەکێکە لەگەورە ئەندامانی سەرکردایەتی ڕوسیا وێنەیەکی زیندوی ئەم فەرماندەو سەرکردایەتیەمان دەخاتە بەرچاو: ((گیانێکی بەگوڕی سەرکەشی، نەزانینێکی زۆر، فێڵو تەڵەکە، گەڕان بەدوای دەستەکەوتنی پلەوپایەو شتی ڕووکەش دا، چاوبرسێتی، سستیو دەستەوسانی، کەمبینیو کورت بینی، زانستێکی کەم، بەهرەکان، ئامادەکردن، ئارەزووی خۆدانە بەرمەترسی، یان قوربانی دان، تەنانەت ئەگەر بۆ خۆشیو لەش ساغیو کامەرانیش بۆبێت، فەرماندەو سەرگوردی بالاش (نیکۆلافیتش) تەنها قەدوبالایەکی درێژی هەبوو، لەگەڵ سوکایەتییەکی ئەوتۆ کە بەشێوەی ناکۆكو دوور لەپلەو پایە بەرزەکەی دەهاتە بەرچاو، جەنەڕاڵ (کسیسیف)یش کەسێکی پەتیارەو کەمترەبوو، یەکێك بوولە دامەزرێنەرە دێرینەکانی سوپا، لەناو ئەفسەراندا بەوە بەناوباگ بوو کە کەسێکی توندوتوڕەوتۆسنە، بەلام(کۆرنیلۆف)ی فەرماندە، کەسێك بوو کە کەسە زۆر بە دڵو لایەنگرەکانیشی بە کەسێکی گێژو بیرتەسك ناویان دەبرد ،(فێرخۆفسکی)ی وەزیری جەنگ لە وەزارەتەکەی (کرنسکی) دا دەربارەی(کۆرنیلۆف) دواییو تویەتی.کە ناوبراو) ئازایەتی عەقڵی بەرخۆلەیەکی هەیە،(برسیلۆف)و ئەمیراڵ (کۆلتشستاك) لە هەندێ ڕووەوە لە کەسانی تر باشتربوونو بگرە لەلایەنی هزریشەوە لەوان سەرکەوتوو تربوون، ئەمەش تەنها سیفەت بووکە ئەو دوانەی پێ دەناسرایەوەو لەوانی تر جیایان دەکردنەوە،(دینیکین) کەسێکی کەسێتی بەهێزبوو، بەڵام ئەگەر لەگۆشەکانی ترەوە بۆی بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێ کە تەنها جەنەڕاڵێکی ئاسایی سوپایە وەك هەموو جەنەڕاڵەکانی تر، ڕەنگە لە هەموو ژیانیشیدا پێنج تاشەش کتێبی خوێندبێتەوە، دوای ئەمانە ئینجا (یۆدینیتش) دێتە بەرباس لەگەڵ (دراغۆمیرۆفو لۆکۆمسکی)و هاوشێوەی ئەمانە، جا ئەمانە زمانی فەڕەنسی باش بزانن، یان نا، هەر هەموویان ڕاهاتبوون لەسەر مەستیو مەی خواردنەوەو تاڕادەیەکی زۆر سوكو ڕیسواو هیچو پووچ بوون.

زۆربەی ئەفسەران نوێنەرایەکی ڕوسیای بۆرجوازیو دیموکراتییان دەکرد، نەك ڕوسیای دەرەبەگایەتیو مەزنە پیاوان، جەنگیش دەیان هەزار کەسی ڕاپێچ کردەناو سوپاوە

لەلاوانی بۆرجوازییەتی بچووكو ئەفسەران، فەرمانبەرانی كارگێڕییە سەربازییەكان، پزیشكان، ئەندازیاران، هەر هەموو ئەم جۆرە كەسانەی سەربەو ناوەزرانە پشتگیرییان لەبەردەوامی جەنگ دەكرد هەتا سەركەوتنی یەكجارەكی، هەستیان بەوە دەكرد كە دەبێ ڕێوشوێنی بەرفراوان بگرێتە بەر، بەڵام لەدواواندا هەردەبوو ملیان كەچ بكردایەتەوە بۆ دەسەڵاتی ناوەندە كۆنە پەرستییە باڵاكان، لەترسی دەسەڵاتی قەیسەری كۆن لەو قەناعەتەیان كە هەیانبوو ـ دوای شۆڕش ـ بەتەواوەتی هەر وەكو دیموكراتییەتیان لێ هات كە لەكۆتاییدا هەر ملكەچ بووە بۆ دەسەڵاتی بۆرجوازییەت. ئەفسەرە تەوقیفییەكانیش هەر هەمان چارەنووسیان پێ بڕا كە حیزبە تەوقیفییەكان پێیان بڕا، تەنها یەك جیاوازی نەبێت، ئەویش بریتی بوو لەوەی كە بارودۆخ لەبەرەكانی جەنگ زۆر ترسناكتر بوو لە بارودۆخی بەرەكانی دواوە، هەندێ لە سیاسەتمەداران توانیان خۆڕاگربن بەرانبەر بەبارودۆخەكەو لەناو لیژنەی ڕاپەڕاندندا درێژە بەنەفەسی درێژی خۆیان بدەن، لەڕێی یاری كردنە جۆراو جۆرەكانیان لەسەر پەتە جۆراو جۆرەكانی گوماناویەكان، بەڵام خۆڕاگرتنو دان بە خۆداگرتن لەبەردەم سەربازەكاندا زۆر گرانترو سەختتر بوو. ئیرەیی بردنو بەریەككەوتنی ئەفسەرە دیموكراتییەكانو ئەفسەرە ئەرستۆكراتییەكان نەبوو بەهۆیەك بۆ تازەكردنەوەی سوپا، بەڵكو لەگەڵ ئەوەشدا ڕەگەزێكی تری لێك هەڵوەشاندن سەربار زیادی كرد، شێوەی سوپاش بەپێی شێوەی ڕوسیای كۆن دیاری كرابوو، تاڕادەیەكی زۆریش سروشتی كۆیلەیی لەناوچاوانی مۆركرابوو. لەبەر ئەوە ئەفسەرەكان پابەندبوون بەو بۆچوونە كۆنەی كە دەڵێت باشترین سەرباز بریتین لەو لاوە لادێییانەی كە بەبێ بیركردنەوە گوێ ڕایەڵی تەواوی فەرماندەكەیان دەكەنو تا ئێستاش لەناخی خۆیاندا بە ئاگا نەهاتونەوە بۆ تێگەیشتنو ناسینی كەسایەتی خۆیان، نەریتی نیشتمانی بەم جۆرە بوو كە (سۆخۆرۆف) دایهێنابوو لەناو سوپای ڕوسیادا كە پشتی بەستبوو بە كشتوكاڵێكی بەرایی‌و مافی مسكێنایەتی‌و زەوی‌و زارە كشتوكاڵییەكان، دیارە(سۆخۆرۆف) لەسەدەی هەژدەهەمدا بنیاتێكی تۆكمەو باشی ئەم ماددەیەی داناوە.

(تۆلستۆی) لەشێوەی كەسێتی (ئەفلاتون كاراتییف)دا خۆی بەرجەستە كردووە، بەشێوازێكی مەزنە پیاوی سامی، سەربازی كۆنی ڕوسیا كە بەبێ هیچ بەربەرەكانێ‌و





ڕەتدانەوە ملی كەچ كردەوە بۆ هێزەكانی سروشتو مەرگو ستەم (جەنگو ئاشتی)، هەر كە شۆڕشی فەڕەنسی ڕوویداو دەروازەی واڵا كرد لەبەردەم هاندانو ڕژێمی تاكەكەسدا بۆ خۆپێگەیاندنو چاوكردنەوەی مرۆڤ لەئاست بوارەكانی چالاكییە مرۆییەكاندا، تەنانەت بوو بەهۆی ڕەتكردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی هونەرە سەربازییەكانی(سۆخۆرۆف)یش. بەدرێژایی ماوەی سەدەی فەڕەنساو ڕوسیادا. سوپای قەیسەری دەربەگانەش كەوتە تێكشكانی دوایەكو گلۆڵەی كەوتە لێژیی، فەرماندەیی‌و سەركردایەتی لەباریش لەسەر ئەم زەمینە (نیشتمانییە)دا بەوە ناسرایەوە كە سوكایەتی بە كەسێتی سەرباز دەكرد. عەقڵییەتی ناهەموارانەی هەبوو، نەزان بوو بەرانبەر بەڕازو نهێنییەكانی پیشەی سەربازە. ئازایەتی‌و بوێری تێدا نەمابوو. لەپاڵ توانای گەورەی خیانەتكاریدا، دەسەڵاتی ئەفسەران تەنها بەندبوو بە نیشانە جیاكارییە دەرەكییەكانەوە لەگەڵ نەریتو سروتی ڕێزلێگرتنو شێوازەڕێی گوشار بەكارهێنانو ڕێگەی تایبەتی قسەكردنو دواندنو گفتوگۆ، نەك جیاكردنەوەی گفتوگۆی كۆیلەیی داماوو چەوساوە ـ تێدەگەم، بەڵام من ئەوەیان نازانم كە بۆچی، ئەم دووقسەیە سەربازانی بۆ ناچاركرابوو كە بەردەوام بەكاریان بهێنێ لەكاتی گفتوگۆكردنی لەگەڵ ئەفسەراندا.

كاتێك مارشاڵەكانی قەیسەر، تەنها بە زارەكی شۆڕشەكەیان قەبوڵ كرد، سوێندیان خوارد لەبەردەمی حكومەتی كاتیدا بۆ پابەندبوونیان، بەم كارەشیان ئەوەیان نیشاندا كە بەردەوامن لەسەر دوبارەكردنەوەی هەموو هەڵەكانیان لەسەر ئەستۆی بنەماڵەی پاشا، هەموو لایەكیش بەوە ڕازی بوون كە نیكۆلای دووەم ببێتە قۆچی قوربانی بۆ سەرپای ڕابردوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەیان ڕەت دەكردەوە كە بچن بۆ شتێكی لەوە دوورترو بەولاوە تر، ئەی چۆن بتوانن لەوە تێبگەن كە ناوەرۆكی ئەخلاقی شۆڕش لەوەدا شاراوەتەوە كە جەماوەری مرۆیی لەخۆیان ببورنو فیداكاری بكەن دژ بەو بەستەڵۆكە[١٦٣] بوونە عەقڵییەی كە سبەینێ دەبێتە بناغەیەكی تۆكمەی ئاسودەیی‌و بارودۆخی تایبەتی بۆیان؟ كاتێك (دینكین)كرا بە فەرماندەی بەرەی سوپا لە (مەنسك) زۆر بە ڕاشكاوانە گوتی: (من بەبێ پێ پاڕێزی شۆڕشم بەگشتی پەسەند كردووە. بەڵام

(١٦٣) بەستەڵۆك بوونی عەقڵو ژیری یان دۆگماتیزمی: تجمید العقل

پێشم وایە کە بەکۆیلەکردنی سوپاو هێنانە ناوەوەی دیماگۆجی بۆ ناو ڕیزەکانی سوپا، کارێکە وڵات دەخاتە ئێش‌و ئازارەوە، ئەمە ڕشتەی بیرۆکەیەکی کلاسیکییانەی هەموو جەنراڵێکی گەمژەو هێڕە[١٦٤]! بەڵام جەنراڵە یاریدەدەرەکان، شتێکی ترن، بۆ نموونە(زالسکی)دەڵێت:

داواکارییەکانمان بەستراوەتەوە بە یەك شتەوە، ئەویش ئەوەیە: (توخونمان مەکەون‌و دەستمان لێ مەدەن! لەوە زیاتر هیچ شتێکی ترمان بەلاوە گرنگ نییە)، نەدەکرا شۆڕش توخونیان نەکەوێ‌و دەستیان لێ نەدات، ئەم ئەفسەرانەی لایانداوەو سەر بە چینە دیارەکانی کۆمەڵن ناتوانن هیچ قازانجێك بکەن، بەڵکو دەبێ زۆر زیانیشیان لێ بکەوێ، مەترسییەکی تریش ڕووی تێ‌کردن، ئەویش مەترسی دەستکەوتنی دەستکەوتەکان بوو، چونکە ئەمانە وەك فەرماندەو سەرکردە هیچ دەستکەوتێك نەیدەگرتنەوە. ئەمە وێڕای لەدەست چوونی سامان‌و زەوی‌و زارەکانیشیان، بۆیە ئەفسەرە کۆنە پەرستەکان کەوتنە لایەنگری کردنی حکومەتی کاتیی، بەڵام زۆر بە ئازادیانەش دژی سۆڤیەتات خەباتیان کردبوو، کاتێکیش هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە قەناعەتیان کرد بەوەی کە شۆڕشەکە شپرزەیی‌و شێواوی تێ کەوتووە لەناو جەماوەرە سەربازییەکانداو لەناوجەرگەی گوندنشینەکانیشدا، پێیان وابوو کە ئەو شڵەقانە خیانەتێکی بە ئەنقەسەو(کرنسکی)و (میلۆکۆف)و (ڕۆدزیانکۆ)لێی بەرپرسیارن، ئیتر ئەوە هەرباس ناکرێ کە پەنجەی تاوانە گەورەکەیان ڕادەکێشا بۆ بەڵشەفییەکان.

بارودۆخی ژیانی کەشتیگەلی جەنگی ڕەگ‌و ڕیشەیەکی زۆر قوڵتری داکوتابوو لەبارودۆخی سوپادا، شیاوتر بوو بۆ بەرپابوونی جەنگی ناوخۆ، ژیانی دەریاوان‌و گەشتیگەلە جەنگییەکان داخراوبوو، وەك ئەوە وابوو لەناوسیپێکی پۆڵادا بێت. چەندین ساڵ بوو بە زەبری هێز، پەنگی خواردبووەوە، لەزۆربەی شتدا جیا نەدەکرایەوە، تەنانەت لەلایەنی خۆراکیشەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو لەگەڵ زیندنییەکاندا، وێڕای ئەمەش، ئەفسەرە هاتووەکانی سەر بەچینە نایابەکان‌و دیارەکان‌و ئەوانەی بە خواستی خۆیان چەکداری‌و خزمەتی سەربازی دەرییاییان هەڵبژاردبوو، لەو بڕوایەدا بوون کە

---

[١٦٤] هێڕ: گێژو گەمژەو نەزان‌و گێل.





وڵات‌و نیشتمان، پەیوەستە بە قەیسەرو لەوەدا ڕەنگی داوەتەوە. قەیسەر خۆیشی نوێنەرایەتی ئەوان دەکات، و پێیان وابوو کە سەربازی دەریایی کەمترین نرخی هەیە لەسستمی جەنگ‌و کەژاوەکەیدا. ئەم دوو جیهانە، جیاوازو دەرگا بە ڕوودا داخراوانە، لەپەیوەندییەکی بەردەوامی هاوژیانیدا پێکەوە بوون‌و ئاگاداری حاڵی یەکتری بوون. هەریەکەیان بە نۆرە چاودێری یەکترییان دەکرد بنکەی وێستگە جەنگییەکان کەوتبووە سەر ئەو بەندەرە پیشەسازییانەی کە پێکهاتبوون لەژمارەیەکی زۆری ئەو کاراو کرێکارانەی کە بوونیان لەو شوێنانەدا پێویست بوو بۆ چاککردن‌و دامەزراندنی کەشتییەکان. هاوکات وەرشەی چاودێری ئامێرەکان‌و کرێکارانی خزمەتە تەکنیکییەکان هەر لەهەمان بنکە دابوو، بریتی بوون لەژمارەیەکی زۆری کرێکارە کارامەو شیاوەکان.

ئەمەبوو ئەو بارودۆخەی کەشتیگەلە جەنگییەکان هەڵگێڕایەوەو کردنی بە مینێکی ڕاستەقینەی شۆڕش، دەشزانین کە دەریاوان‌و هێزە دەرياییەکان لەهەموو ڕاپەڕینەکانداو لەهەموو کارێکی یاخی بوون‌و هەڵگەڕانەوەو مانگرتنندا، لەڕووی سەربازییەوە، ڕەگەزێکی بە جۆش‌و خرۆشن‌و زۆر بەخێرایی دەتەقنەوەو هەمیشە پەنا بۆ جۆرە هەڵس‌وکەوتی توندوتیژو وێرانکەرانە دەبەن بەرانبەر بە ئەفسەرەکان لەیەکەم دەرفەتی دەست کردنەوەو ڕاپەڕیندا. دەریاوان‌و هێزە دەریاوانەکان ڕوسیاش لەگەڵ وڵاتانی تری جیهان لەم لایەنەوە هیچ جیاوازییەکییان نییە.

ڕاپەڕینەکەی(کرۆنشتادت) هاوڕاپەڕین‌و پشتیوانی تەقینەوەی کرداره تۆڵەسەندنەوە توندوتیژەکان بوو دژی فەرماندەو سەرکەوتووەکان، ئەوانەی رابردووی تاڵ فێری کردبوون کە پێویستە لەسەریان هەواڵی شۆڕشەکە لەبارەی دەریاوانەکانەوە پەردەپۆش بکەن، یەکەم قۆچی قوربانی شۆڕشەکە بریتی بوو. لەئەمیراڵ(نیرن)کە سەرکردەو فەرماندەی ئەو گەلە کەشتیە بوو کە ڕقوقینی هەموانی تێدا کۆبووەوە، دەریاوانەکان بوون بە بەشێك لەئەفسەران‌و بەشەی دیکەشیان سەربەست‌و ئازادکردنی، دوای ئەوەی چەکەکەیان لێ سەندن.

ئەمیراڵ (نیبینین) ئەوەی قەدەغە کرد کە هیچ زانیارییەك لەپترۆگرادی پایتەختی شۆڕشگێڕیەوە بگاتە (هلسنغفۆرز)و (سفیابۆرغ) هەتا شەوی (٤)ی مارس‌و هەڕەشەی

ئەوەیش لەدەریاوانو سەربازان کرد کە توندترین ڕێو شوێنو سزا دەگرێتەبەر ـ ئەگەر هەڵگەڕێنەوە ـ بەڵام دوای ئەوە ڕاپەڕین بە زەبرو توندوتیژییەکی زۆرەوە ڕوویداو سەری هەڵدا، ماوەی شەوو ڕۆژێکی خایاند ژمارەیەکی زۆر لەئەفسەران گیران، ئەفسەرە خراپو تاوانبارەکانیش خرانە ناو ئاوی سەهۆڵاوی بەستەڵۆکەوە، بەڵام هەرچی(سۆخانۆف)یشەکە هەرگیز ئامادەی سازش نەبوو، کار ئاسانی نەدەکرد(سەربازە نەزانو گەمژەکان.....!)نوسیبووی: (ئەگەر حوکم بەسەر هەڵوێستو ڕەفتارەکانی دەسەڵاتی (هلسنغفۆر)[١٦٥] و دەسەڵاتی کەشتیگەلەکاندا بدەین لەسەر قسەکانی(سکۆربیلف)بەلامانەوە سەیر دەبێو واقمان وڕدەمێنێ لەکەمی ژمارەی هەڵسو کەوتو کردارە توندو تیژەکان).

هێزی وشکاییش بێ بەش نەبووە لەئەنجامدانی کردەوەی خوێن ڕشتنو سەرکوت کردنی بێ بەزەییانە کە لەسەر شێوەی چەند هەڵمەتێکی دوایەکدا دەستیان پێکرد، لەسەرەتادا سەربازان بەدوای تۆڵە سەندنەوەدا دەگەڕان سەبارەت بەو کردەوەو ڕەفتارانەی پێشتر بەرانبەریان کرابوو، لەگەڵ ئەو کردەوە دژوارو دڵ ڕەقانەیەی بەرانبەریان کرابوو، بۆماوەیەکی دورودرێژ، نەبێ یاداشتە پڕ ژانو ناخۆشەکان کەمتر بن لەژمارەی زامو برینە نوێیەکان، ئەوەتا هەر لەساڵی(١٩١٥)ەوە، واتا هەر لەوکاتەوە کە سوپا بە شێوەیەکی فەرمی دانی بەوەداناو بڕیاریدا کە چەرمی ئینزیباتیانە بەکاربهێنێ بۆ سزادانی سەربازان، ئیتر لەوکاتەوە ئەفسەران کەوتنە خستنە کاری ئەم هۆکارە بۆ تۆڵە سەندنەوە لەسەربازان، گەلێك سەربازیش تێهەڵدانیان خوارد، تەنانەت ئەوانەش کە لەبنەماڵەیەکی ناودارو دەسەڵاتدار بوون، بەڵام لەڕاستیشدا کارەکە هەر بۆ تۆڵە سەندنەوە لەڕابردوو نەبوو، بۆ نموونە لەکۆنگرەی سۆڤیەتاتی نوێنەرە گشتییەکان لەڕوسیادا، ڕاپۆرتێکی تایبەتی سەبارەت بە سوپا ئاماژەی بەوە داوە کە ئەفسەران لەماوەی(١٥ ـ ١٧ی مارسدا فرمانیان داوە بە ئەشکەنجەدانی جەستەیی ژمارەیەك لەسەربازانی بەرەکانی جەنگ، یەکێك لەئەندامانی ئەنجوومەنی دۆما دوای گەڕانەوەی

[١٦٥] هلسنغفور: سەرکردەیەکی سەربازیو دەریایی بوو.





لەبەرەکانی جەنگ واباس دەکات کە قۆزاقەکان لەکاتی نەبوونی ئەفسەرەکەیاندا پێیان گووتووە:ـ

((زۆر چاکە..... وادیارە تۆ لەبارەی فرمانەکە دەدوێی، لەوە دەچێ مەبەستیان لەبڕیاری ژمارە ١ـ بێت، کە دوایی دەربارەی دەدوێین ـ دوێنێ ئەگەر چی لەکاتی خۆیدا گەیشتینە جێی خۆمانو بزر نەبوین کەچی ئەفسەرەکەمان لەسەر سەهۆڵ سزای داین))، بەڵشەفیو تەوقیفییەکان ڕایان کردو پەنایان برد بۆ ڕێگرتن لە سەربازان کە نەکەونە ئەنجامدانی کاری توندوتیژی، بەڵام تۆڵە خوێناوییەکە لەناکاو هەر ڕوویدا، ئەوەش لەدوای تەقینی چەند فیشەکێك، لەڕاستیشدا لیبراڵییەکان شۆڕشی فێبراریان وا وەسف نەکردبوو کە گوایە شۆڕشێکی توندو بێ زەبروزەنگە، تەنها لەبەر ئەوە بوو وایان وەسف نەکردبوو، چونکە شۆڕشەکە ئەوانی بەرزکردبووەوە بۆسەر کورسی دەسەڵات.

هەندێ ئەفسەر ئەمەیان بە دەرفەتێکی لەبار زانی بۆ وروژاندنی ململانێی توندوتیژ بەهۆی پەڕۆی سورەوە کە سەربازان ئەو پەڕۆ سوورەیان بە هێمای دابڕان لەڕابردوو لەقەڵەم دەدا، هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو کە فەرماندەی فەوجی سۆمی کوژرا، کاتێك فەرماندەی یەکێك لەفەیلەقەکانی ئەو پەڕۆ سوورەی لابرد کە سەربازەکانی خۆی کە سەر بە یەکەیەکی یەدەگ بوونو تازە هاتبوون، سەربازەکان ئەویان بە گیرهێناو لەزیندانێکی تاکە کەسیدا زیندانیان کرد. پاشان لێك هەڵگەڕانەوەی تریش ڕوویاندا سەبارەت بە وێنە هەڵواسراوەکانی قەیسەر لەشوێنی نیشتەجێ بوونی ئەفسەران، جا ئایا پاراستنی ئەو وێنانە بەڵگەیە لەسەر هەبوونی دڵسۆزی تیایاندا بۆ پاشایەتیو دەسەڵاتەکەی؟ نەخێر، بەڵکو ئەوە لەزۆربەی جاراندا ململانێ کردنێکی تۆکمەیی شۆڕشەکە بووە، خۆزیایەکی تاکە کەسی بووە بۆ بەهەند وەرگرتنی ئایندەو دووربینی، سەربازانیش بە هەڵەدا نەچوون کە پێیان وابوو دێوەزمەی ڕژێمە کۆنەکە لەپشتی ئەو وێنانەوە خۆی شاردوەتەوە.

بەم جۆرە ڕژێمی تازە کەوتە تەگبیرکردنو هەنگاونانی خۆبنیاتنانەوە لەسەرەوەو قەڵەمبازی توندوتیژ لەخوارەوە، دەسەڵاتی ئەفسەرەکان ئینزیباتیەتیان هەڵنەوەشاندەوەو سنورداریان نەکرد، بەڵکو بە تەنیاو پلە بەپلە داڕما لەماوەی چەند هەفتەیەکی سەرەتای مانگی مارسدا، فەرماندەو سەرۆکی دەزگای ئەرکانی کەشتیگەلی دەریایی ڕەش

دەڵێت: (ئەوە شتێکی ڕونو ئاشکرایە، کە ئەگەر یەکێك لەئەفسەرەکان پێویستایە سزایەکی ئینزیباتیانە بەسەر یەکێك لەسەربازەکاندا بەجێ بکات، ئەوا هێزێکی پێویستی شك نەئەبرد بۆ جێ بەجێکردنی سزاکە)، ئەمانەش بەڵگەی هەبوونی شۆڕشێکی میللی ڕاستەقینەن.

هەر لەکاتی ڕوخانی دەسەڵاتی ئینزیباتیەتدا بێ دەسەڵاتی ئەفسەرەکان بەشێوەیەك دەرکەوت کە هیچ بوارێکی گومانی تێدا نەمابوو، ئەو(ستانکیفیتش)ەی کە بەناوبانگ بوو بە وردەکاری لەچاودێری کردنو بایەخدانی زۆر بە کاروباری سەربازی وتارێکی زۆر وردی هەیە دەربارەی بارودۆخی فەرمانداندەیی‌و سەرکردایەتی لەو ڕووەوە دەڵێ: مەشق پێکردن بەپێی یاسا کۆنەکان پەیڕەوکرا، هەرگیز بەپێی پێویستییەکانی جەنگ گۆڕانکاری‌و تازەگەرییان تێدا نەدەکرا، ئەو مەشقانەش تەنها تاقیکردنەوەو ڕاهێنانی سەربازان بوون بۆ دووشت: یەکەم: ڕاهێنانیان بۆ خۆڕاگری‌و نارەحەتییەکانو دووەم: ئامادەکردنیان بۆ ملکەچی تەواو بۆ یاساو فرمانە سەربازییەکان)، دیارە ئەفسەرەکان دەستەوەستان بوونی خۆیان بەرانبەر بەسەرکێشی‌و یاخی بوونی سەربازان خستووەتە ئەستۆی شۆڕشەوە.

وێڕای ئەوەی کە سەربازان ویستویانە حسابو مافو تۆڵەی خۆیان بە شێوەیەکی بێ ڕەحمانە لەگەڵ ئەفسەرو گەورەکانیاندا یەکلایی بکەنەوە. هاوکات ساویلکەییەکی منالانەشیان پێوە دیاربوو، لەگەڵ دان پیانانی تەواو بە جوانی کارەکەیاندا، تەنانەت سەربازی جەنگ لەماوەیەکدا وایاندەبینی کە(قەشە فیلۆنینکۆ)کەسێکە هەڵگری بیری ئازادییە، بانگەوازخوازێکی شۆڕشە، چەمکە ئاینییە کۆنەکان لەگەڵ بڕوای تازەدا بە شێوەیەکی سەیر یەکیان گرتبوو، سەربازەکانی قەشەکەش، قەشەکەیان وەك پاڵەوانێکی سەرکەوتوو دەبینی، بگرە لەسەر دەستو شانی خۆیان هەڵیانگرتبوو، بەرزیان کردبووەوە، بەشێوەیەکی زۆر پڕ لەشکۆو ڕێزەوە لەشوێنەکەی خۆی دایاننایەوە، ئەم نوێنەرەش زۆری نەخایاند کە بە تینوگوڕێکی زۆرەوە لەبەردەم ئەنجومەنی دۆما گوتی: (ناتوانین واز لەڕوخسارەکانی ماڵئاوایی بهێنینو دەست بکێشینەوە لەکاتێکدا دەستو قاچیان ماچ دەکردین)، ئەم نوێنەرە..... جەنابی... وای دەزانی ئەنجومەنی دۆما





دەسەڵاتێکی تەواوی لەناو سوپادا هەیە، کەچی دەسەڵات لەڕاستیدا پاشای ئەو شۆڕشە بوو کە هەندێ جار شکاندنەوەی ڕوناکی دەخستە سەر ڕوخساری ژمارەیەك لەو کەسانەی بە ڕێگەی ڕێکەوت هەڵکەوتەو دەرکەوتە بوون لەناو ناوەندەکانی شۆڕشو دەسەڵاتو جەماوەردا.

(غۆتشکۆف)هەستا بە ئەنجامدانی پاکسازی لەناو فەرماندەیی باڵادا کاتێك دەیان جەنڕاڵی ئازاد کرد، کەچی ئەم کاروبارەشی نەبوو بەمایەی ڕەزامەندی سەربازان، ئەگەرچی حاڵەتی ڕاڕایی لەناو ڕیزەکانی ئەفسەراندا دروست کرد، هەموو کەسێك لەوە دەترسا کەمتەرخەمی کردبێت لەپێشکەشکردنی بەڵگەی تەواو لەدەسەڵاتو لایەنگرەکەی، زۆرێك لەئەفسەران خۆیانو چارەنووسیان دایە دەست ئاراستەی شەپۆلەکانو بارودۆخەیان دەجوویەوە، چەپۆکیان لەچارەی خۆیان دەنا، بارودۆخەکە زۆر خراپتر بوو لەنێو ڕیزی ئەفسەرە فەرماندەکانو ئەوانەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەربازان هەڵس‌وکەوتیان دەکرد، لەم بوارەدا حکومەتی هیچ پاکسازییەکی نەکرد، تۆپ هاوێژێکی بەرەی جەنگ هەوڵیدا بەردەوام بوون لەسەر یاساو سیستەمی سەربازی هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە نامەیەکی تایبەتیان نووسی بۆ ئەنجومەنی دۆمای دەوڵەت دەربارەی فەرماندەکەیان، لەناوەکەیدا نووسیبویان: (برایان... بەوپەڕی خۆ بەبچوکزانییەوە تکاتان لێ دەکەین کە دوژمنایەتی دوژمنە ناوخۆییەکەمان بکەن فانتشیخاسا)ئەو سەربازانەی وەڵامی نامەکانیان پێ نەدەگەیشتەوە پەنایان دەبردە بەر هەڵسوکەوتی سەرکەشانەو یاساکانیان پێشێل دەکردو ئەفسەرەکانیان راودەناو دەیانگرتن، لەوبارەشدا فەرماندەیی سوپا ناچار بوو بە هۆش خۆی بێتەوەو وریاداری خۆی بکات بۆیە ئەفسەرو لێدراوەکان دووردەخرانەوە، هەندێ جاریش هەوڵی سزادانی سەربازانی دەدا، کەچی زۆر جاریش وازی لێ دەهێنان لەترسی ئەوەی کێشەو بارودۆخ ئاڵۆزتر نەبێ، لەئەنجامی ئەمەشەوە کەشو دۆخێك هاتە کایەوە کەچی تر ئەفسەران نەتوانن بەرگە بگرن، بەبێ ئەوەی ئەم بارودۆخەش ژیانو دۆخی سەربازان بە شێوەیەکی باشترو بەرچاوتر چاك بکات،

ژمارەیەکی زۆر ئەفسەریش دەرکەوتن کە جەنگاوەربوون‌و بەشێوەیەکی زۆر بایەخدارانەوە دەیانڕوانییە چارەنووسی سوپا، بۆیە پێیان لەسەر پاکسازی دادەگرت لەنێو ڕیزەکانی سەرکردایەتی‌و فەرماندەیی سوپادا، جەختیشیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەگەر ئەو ڕێوشوێنانە نەگرێتە بەر ئەوا کاروباری هێزە چەکدارو جەنگاوەرەکان مەحاڵ‌و گرانە، سەربازانیش هەر لەلایەن خۆیانەوە بەڵگەو داواکارییەکانی خستە بەردەم ئەنجومەنی دۆما کە هیچی وا لەخواستەکانی ئەفسەران کەمتر نەبوو بۆ قەناعەت پێکردنی ئەنجومەن سەبارەت بە هەمان بارودۆخ، کاتێ ئەنجومەن داواکانی وەرگرت‌و تاوتوێی کردن، ئیتر بەرزیان کردەوە بۆ ئەو سەرکردانەیان کە هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان بە شکلیاتی سەربازان‌و داواکارەکانیان نەدەدا، سەربازان دەیانپرسی ئاخۆ پێویستە سەرباز چۆن چۆنی ڕەفتار بکات؟ چی بکات؟ بۆیان دەرکەوت کە سکاڵاکردن هەر هەمان چارەنووسی دەبێ هەتاکو ئەو فەرماندەیی کۆنە لەسەر کاربێ‌و وەکو خۆی بمێنێتەوە، یەکێك لەنوێنەران دانی بەوەدانا کە(وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە قورس‌و گرانە)، ئەگەرچی وەڵامدانەوەیشی پەیوەستە بە چارەنووس‌و ئایندەی سوپاوە.

دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە پەیوەندیەکانی ناو سوپا لەسەرانسەری وڵاتدا وەکو یەك‌و هاوشێوە نەبوون، بگرە لەهەموو پێکهاتەو کەرتە سەربازییەکانیشدا هەروا نەبوون، شێوەی زۆر ناچوون‌و یەك‌و دژوار هەبوون، بۆ نموونە: ئەگەر دەریاوان‌و هێزە ئاوییەکان‌و کەشتیوانە دەریاییەکانی(بەڵتیق)هەر لەگەڵ بیستنی یەکەم چەخماخەی شۆڕشدا کەوتبوونە گرتنەبەری ڕێگەی توندوتیژ‌و کوشت‌و بڕی ئەفسەرەکانیان، ئەوا ئەفسەرانی(هلسنغۆفۆز)هەتا سەرەتای مانگی(نیسان)یش جێگەو پلەوپایەیەکی سەرکرداتیانەی چاکیان بەدەستەوە بوو لەسۆڤیەتی (قازان)دا، یەکێك لەجەنراڵە پلەدارەکان نوێنەرایەتی سۆسیالستە ـ شۆڕشگێڕەکانی دەکرد لەئاهەنگ‌و بۆنە ڕەسمییەکاندا، ئەم لێك جیاوازبوونەش بەزۆری لەنێوان ڕق‌و متمانەدا نەبوو، وێڕای ئەمەشیان سوپا وەك دەسکەوانی لێ هاتبوو، هەڵوێستە سیاسییەکانی سەربازان‌و هێزە دەریاییەکان وردە... وردە لێك نزیك دەبوونەوە، تاکو ئاستێکی هاوشێوەیی یەکانگیرانە وەربگرێ.





پارێزگاری کردن بەڕژێمەوە هەر درێژەی هەبوو، ئەگەرچی سەربازان سووربوون لەسەر ئەوەی کە دەبێت بە خێرایی ڕژێم بگۆردرێ، یەکێك لەو نوێنەری سەربازانی بەرەی جەنگ، بەڕوونی گوتی: پێموایە سەربازان هەتا بارودۆخەکە وای لێ نەیەت کە لەشێوەی بارودۆخی پێشوو بچێت ڕاست ببنەوەو بە چاکی پەیرەوی یاسا بکەن، خۆشیان تووشی هەمان ڕق‌و قین دەکەنەوە، لەگەڵ هەمان کۆیلایەتی‌و ستەم‌و سوکایەتی بەخۆکردندا، تامانگرتن دەستی پێ کرد، بەداخەوە سەربازان، بەتوڕەیی هاتنە دەست‌و سەریان ئاوساو دواتریش خرانە هەڵوێستێکی سەختەوە، شۆڕشیش تەنها سوود لەمە وەردەگرێ کە بێتەوە یادی هەڵەیەکی گەورەی دوو جەمسەر کراوە، لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر ـــ دووبارەبووەتەوە.

نمایشکردنەکە کاری لەبەرەکانی جەنگ کردبوو، لەبەشی دواوەی بەرەکانیشدا ململانێیەکی توندوتیژ هەبوو، فەرماندەیی مافی ئەوەی بە سەربازان دابوو کە شانۆو هۆڵەکانی مۆسیقاو شوێنەکانی تر بەکاربهێنێت بۆ کاروچالاکی خۆیان بەوپەڕی ئازادییەوە (وەك هەموو هاووڵاتیان ژمارەیەکی زۆری سەربازانیش واتێگەیشتوون کە گوایە مافی ئەوەیان هەیە. هوڵەکانی شانۆ بەخۆڕایی بەکاربهێنن، یان بەبێ بەرامبەر بچنە سەیری شانۆکان. وەزیری بەرگری ئەوەی بۆڕوون کردنەوەکە بەهەڵە لەمانای(ئازادی)یەکە تێنەگەن، بەڵام خۆ جەماوەری شۆڕشگێڕ، ڕۆژێ لەڕۆژان وای نەخواستووە کە حەزی لەئەفلاتونییەت یان (کانت) بەبێ نموونە بووبێت.

بەرگ‌وجلی سەربازەکان لەهەموو لایەکەوەو لەهەموو شوێنێ دادڕان لە سەرجەم کەرت‌و جێگە سەربازییەکان، فەرماندەییەکە‌وای دەزانی کەکاروباری فەوجەکەی یان فیرقەکەی بەشێوەیەکی باش‌و ئاسایی بەڕێوەدەچێ، تائەوکاتەی ڕۆژنامەیەك دەگاتە ناوسەربازان، یان هاندەرێك لەدەرەوە دزە دەکاتە ناویانەوە، کەچی لەڕاستیدا هێزەسەربازییەکان کەوتبونە ژێرکاریگەرییەکی زۆر بەتین‌و قووڵەوە.

نوێنەری لیبڕاڵی (یانۆشکیفیتش) لەبەرەکانی جەنگەوە بیرۆکەیەکی گشتی هێنابووە ئاراوە کە دەیگوت: بێ سەروبەریی‌وپشێوی لەو یەکە سەربازییانەوە سەرهەڵ دەدات کە بانگەشە دەکرێت بەناوی یەکە(سەوزەکان)ەوە، واتە یەکەی سەربازە مۆجیکەکان پێش

هەموو شوێنەکانی تر((یەکە زۆر شۆڕشگێڕەکان لەگەڵ ئەفسەرەکاندا، بەشێوەیەکی زۆرباش‌و سەرکەوتوو ڕێك دەکەوتن‌و پێك دەهاتن)) لەڕاستیشدا ئینزیباتەکان بۆماوەیەکی درێژ لە دووجەمسەرەکاندا مانەوە، ئەو دوو جەمسەرەش بریتی بوون لەئەسپ سوارە نایابەکان، کە پێك هاتبوون لە جوتیارەکلۆڵەکان‌و تۆپ‌و یەکە تەکنیکییەکانی، ئەم یەکانەش زۆرترین ژمارەی کرێکارە ڕۆشنبیرەکانی بەشێوەیەکی گشتی گرتبووەخۆی، بەرگریکردنیش تا درێژترین ماوەی گونجاو بەردەوام بوو لەناو ڕیزی - قۆزاقە خاوەندارەکاندا، کە ئەمانەش زۆر لەوە دەترسان کە شۆڕشێکی کشتوکاڵی بەرپابێت‌و زۆرینەیان تیایدا ڕەنج بەخەساربن‌و هیچ قازانجێکیشیان دەست نەکەوێ. هەندێ لەڕەگەزەکانی قۆزاقەکان و زیاد لەجارێك کاری سەرکوت کارانەیان ئەنجام دەدا، تەنانەت هەتاکو دوای شۆڕشیش، بەڵام جیاوازی نێوان یەکەکان لەململانێی خێرا تەفروتوناکردن‌و درێژکراوەی ئەوە بەولاوە هیچی ترنەبوو.

ململانێی توندوتیژانە هەڵکشان‌و داکشانێکی[١٦٦] گەورەی بەخۆیەوە بینی‌و ئەفسەرانیش هەوڵی خۆگونجاندیان دەدا لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکەدا، لەولاوە سەربازانیش بە ئومێدەوە پابەندی هیواو خواستەکانیان بوون، بەڵام هەرکە ماوەکاتییەکە تەوابوو، و ڕۆژانی ئارامی‌و هێمنی و پشوودان بەسەرچوو، سەرلەنوێ ئەو قین‌و ڕقە کۆمەڵایەتییە پەیدابووەوە کە سوپای ڕژێمی کۆنی لێك هەڵوەشاندبوو، بەڵام ئەم جارەیان بەشێوەیەکی توندوتیژانەتر لەجاری پێشوو، لەسێرکی مۆسکۆ) کۆبوونەوەیەك ڕێکخرا بۆ کەم ئەندامان‌و شکستەکانی جەنگ، ژمارەیەکی زۆری سەربازو ئەفسەران ئامادەی بوون، یەکێك لە کەم ئەندامە شێواوەکان هەستا بەسەرمێزی گوتارو دەستی کرد بە قسەکردن‌و پیاهەڵدانی ئەفسەران، بەڵام لەهەموولایەکەوە دەنگ‌و هاواری نارەزایی لە هۆڵەکەدا بەرزبووە وە، تەپە تەپی قاچ و دەنگی دارشەق‌و گۆچان کێشان بەزەویدا چڕوپڕتر بووەوەو ئامادەبوان توڕەبوون ((جا ئایا کاتێکی هێندە زۆر ڕابوردووە بەسەر ئەو سەردەمەدا کە ئێوە ئەی ئەفسەرە بەڕێزەکان، دارکاری سەربازانی خۆتان دەکرد، بەدەست‌و چەپۆك لێتان دەدان؟))، هەندێ لەشکست‌و برینداراەکان‌و شەل‌و گێڕەکان ڕوو بەڕووی یەکتری

---

[١٦٦] هەڵکشان‌و داکشان: المد والجزر





وەستابوونەوەو دوو جۆرە ڕاوبۆچوونی دژو جیاوازیان هەبوو، ئەمەش بوو بەهۆی دروستکردنی دوو دیواری مرۆڤی ئەستور، سەربازە شکستەکان لەبەردەمی ئەفسەرە شکستەکاندا قوت ببونەوە، زۆرنییە بەرانبەر بەکەمینە ڕاوەستابوون‌و بەرەنگاریان ببونەوە، داردەست‌و دارشەق‌و گۆچانەکان بەرانبەر بەیەکتری ڕاستکرابوونەوە، لەناوجەرگەی ئەم مۆتەکەیەداو لەناو هۆڵی سێرکدا سەرەتا دەرکەوتەو نیشانەکانی جەنگی ناوخۆ بەدیار دەکەوتن بەشێوەی جەنگێکی ناوخۆیی توندوتیژ لەئاییندەیەکی نزیکدا.

لەناوکۆی ئەم هەموو جیاوازی‌و تەنگژانەداو لەناو سوپاو پانتایی وڵاتدا بەگشتی مەسەلەیەك هاتە ئاراوە، کە دەکرێت لەیەك وشەدا کورتی بکەینەوە، ئەویش بریتی بوو لە(جەنگ)، لەبەڵتیقەوە هەتا دەریای ڕەش، لەدەریاری ڕەشەوە تا دەریاری قەزوین‌و ئەولاتریش(٦٨) فەیلەقی پیادەو(٩) فەیلەقی ئەسپ سوار لەڕیزەکانی بەرەیەکی سوپای دوورودرێژدا دەرکەوتن و بڵاوبوونەوە، ئەبێ چارەنووسی ئەم فەیلەقانە بەچی بگات؟ ئەی ئاکام‌و چارەنووسی جەنگ بەگشتی دەگاتە کوێ‌و چی بەسەردێت؟

لەسەرەتای بەرپابوونی شۆڕشەکەدا سوپا باربۆوتێرو پڕکرا بەجۆرەها .

کەرەسەوچەك‌و جبەخانەی جەنگی، وەبەرهەمهێنانی ناوخۆییش بە بەرژەوەندی بەرەکانی جەنگ بەڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە، دەستەبەرکردن‌و گەیاندنی کەرەسەی جەنگی بەتایبەتیش تۆپ‌و هاوەنی ڕەوانەکراو لەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە زۆر زیادی کرد بۆ(مۆرمانسك) و(ئەرخانجلسك)، ڕوسیا وای لێهات کە بوو بەخاوەنی چەم‌و جبەخانەیەکی ئەوتۆ کە زۆر زیاتربوو لەوکاتەی کە ساڵانی یەکەمی جەنگ هەیبوو، بۆیە دەستی کرد بەپێکهێنانی فرقەی پیادەی تازەو پەرەپێدانی چەکی ئەندازیاران، تەنانەت ئەم شتانە بەجۆرێك کاری کردە سەر هەندێ لەگەورە فەرماندەو سەرکردە بەدبەختەکان کە بگەنە ئەو باوەڕەی ڕوسیا دەگاتە دەروازەکانی سەرکەوتن‌و ئەوەشیان بەدڵنیاییەوە دوپات دەکردەوە، کەچی شۆڕش بەتەنها توانی لەوسەرکەوتنە دابڕێ، پێش ئەوەش بە(١٢) ساڵ لەوەوبەر(کۆرۆباتکین)و(لینیفیتش) هەمان هۆکاریان باس کردبوو، و گوتبویان کە(وەیت)ڕێی ئەوەی لەودوانە گرتبوو، ڕازی نەبوو بوو بەسەرکوتکردنی

یابانییەکان، لەڕاستیشدا ڕوسیا لەسەرەتای ساڵی (١٩١٧) دا لەهەموو کاتەکانی ترو ڕۆژانی دواتر دوورتربوو لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن، وێڕای زۆرو زەبەندەیی کەرەسەی جەنگی، بەتەواوەتی هەست بەوە دەکرا کە سوپالە کۆتایی ساڵی (١٩١٦) ڕووبەڕووی قەیرانی کەمی خۆراكو ئازوقە بوونەوەو ئەمەش بوەتە هۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشییەکانی تیفۆئیدو ئەسکەرپوتو زیانێکی زیاتر لەکوشتاری جەنگی ناوەتەوە، ئاژاوەو ناڕێکی دەزگاکانی گواستنەوە بەشێوەیەکی کاریگەر کاری کردە سەر ڕەوتی جموجوڵی یەکە سەربازییەکانو سەرەنجام بوو بەهۆی لەکار خستنو پەك خستنی ئەو موناوەراتە ستراتیژییانەی کە لەسەربنەمای هاتوچۆو گواستنەوەی هێزە سەربازییە گەورەکان بەندبوو لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، وەك ئەسپی ناڕەسەن خرانە بەرکار بۆ گواستنەوەی تۆپەکان.

وێڕای ئەمانەش خاڵی سەرەکی ئەوەنییە، گرنگ ئەوەیە تازە نەدەکرا پشت بەسووپاو متمانەی ڕوخاوی ببەسترێ، دەکرێت بەم جۆرە ئەو هەڵوێستەیە باس بکەینو دەری ببڕین: سوپا وەك سوپایی خۆی نەمایەوە، ورە ڕوخانو داڕمانو تێکشکانو پاش گەز بوونەوەو گەندەڵیو خراپەکاری سەرکردە سەربازیو فەرماندەکان، گیانی یەکە سەربازییەکانی مراندو هێنانییە لەرزینو داڕوخان، چارەسەری ئەم کێشانەش بەکاروباری کارگێڕییانە ناکرێت، هاوکات چارەسەری هەڵچوونو تووڕەبوونی وڵاتیش هەرناکرێت وە سەربازەکانی بارودۆخێکیان بۆ دروست بووە .

کە بەگومانو نائومێدییەوە دەڕواننە لولەتۆپو بۆمبو نارنجۆکەکانیان، وەك چۆن بڕواننە ئەو پارچە گۆشتانەی کە داڕزاونو کرم لێی داون: هەموو ئەمانە بەزیادەوە لای سەربازان ڕوونو ئاشکرابوون، نەدەکرا تازە سەرباز وەك جاری جاران بخرێتەوەکار، ئەمە وێڕای ئەوەی کە زانیبووی فێڵو تەڵەکەی لێ کراوەو خەڵەتێنراوە، ئەفسەران نەیاندەتوانی شتی وابڵێن کە قەناعەت بە سەربازان بکەنو هاوکات نەشیان دەتوانی بەزەبری هێزو لێدان بەزۆر کاریان پێ بکەن، تەنانەت خودی ئەفسەرەکەش لەوباوەڕەدا بوو کە لەسەرکردایەتییەوە فێڵ لەئەمیش کراوە، زۆرکەم لەوانە هەستیان بەوە دەکردن کە بەرپرسیارن لەبەردەمی گەورەکانیاندا سەبارەت بەسەربازەکانی ژێردەستیان، بەم جۆرە





سوپا تووشی نەخۆشی لەپەلو پۆکەوتن بوو بوو، لە ڕادەیەکی ئەوتۆدا چارەسەری نەدەکرا، کە دەیتوانی قسەوباسی خۆی بۆ شۆڕش باس بکات، بەڵام دەربارەی لایەنی کرداریانەی جەنگ ئامادە نەبوو کەسێکیش نەمابوو باوەڕی بەسەرکەوتن هەبێت، ئەم قسەیەش بۆ ئەفسەران هەروەك سەبازان ڕاستو دروست بوو، بەسەر هەردولایاندا دەچەسپا، نەسوپاو نەگەلو میللەت حەزو ئارەزوویان بەلای ململانێدا نەدەچوو.

ڕاستە بەرپرسان لەئاستە باڵا دابڕاوەکاندا دەربارەی کردەوەی سەربازی گەورە گەورە دەدوان، دەربارەی جەنگ، هێرشکردن، داگیرکردنی نۆکەندی تورکیا دەدوان، بە حوکمی بەردەوامیو نەریتی باوی خۆیان، تەنانەت هاتن لەوڵاتی(قرم) هێزێکی گەورەیان کۆکردەوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی دواهەمین ئامانجیان، بەڵگەنامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەستاون بەدابەزاندنی سوپا لە دەوروبەری کەنارە ئاوییەکانی تورکیاو ئەمەش وای کرد کە ئازاترین کەسانی ناو سوپا هەڵبژێرن بۆ ئەم کارە گرنگە، یەکەی سەربازە پاسەوانەکانی پاشایەتی لە پترۆگرادەوە پاشگەز کرایەوەو ڕەوانەی ئەوێ کرا، بۆ بەشداریکردن لەو چالاکییە مەزنەدا، بەڵام یەکێك لەو ئەفسەرانەی کاری مەشق پێکردنی ئەم یەکانەی لە(٢٥)ی فێبرایردا لەئەستۆ گرتبوو، واتا دووڕۆژ بەر لەڕوودانی شۆڕشەکە، ئاماژەی بەوە کردوە کە ئاستی سەربازەکانی ناو یەکە تەواوکارییەکان زۆر لەوە کەمترە کە ڕەخنەی لێ بگیرێو بگرە شایانی باسکردنیش نییە، لەقوڵایی چاوەشینو قاوەییو خۆڵەمێشییەکانی سەربازاندا هیچ کەفو کوڵو جۆشو خرۆشێك بۆ جەنگ بەدی نەدەکرا، بگرە هەموو بیرو بۆچوونو خولیایان لەسەر یەك خاڵ جەم بوو، ئەو خاڵەش(ئاشتی) بوو.

دەتوانین باسی زیاتر لەیەك بەڵگەی شایەتیدانو سەلماندن بخەینە ڕوو، شۆڕشیش هیچ شتێکی وای نەدەکرد، لەو ئامادەکاریانە بەولاوە کە پێشتر هەنگاوی بۆنابوو، مشوری خواردبوو، بەم جۆرە دروشمی: (بابڕوخێ جەنگ ...!) بوژایەوەو برەوی سەند، کە بانگەوازو دروشمی یەکێك لەکۆمەڵە بنەڕەتییەکانی ڕوداوەکانی فێبرایر(شوبات)بوو، خۆم گوێم لەو دروشمە بوو کە ژنە مانگرو ڕاپەڕیوەکانو کرێکارانی(فیبۆرغ)و یەکە سەربازییەکانی پاراستنو پاسەوانێتی تایبەت دەیانگوت.

کاتێکش نوێنەران کەوتنە گەڕان و بەسەرکردنەوەی بەرەکانی جەنگ لەسەرەتای مانگی مارسدا، سەربازەکان، بەتایبەتیش بەتەمەنەکانیان هەمیشە ئەو پرسیارەیان دوبارە دەکردەوە((ئەی دەربارەی زەوییەکان دەڵێن چی؟)) نوێنەرانیش لە وەڵامی پرسیارەکە شێوازی خۆدزینەوەیان بەکاردەهێناو دەیانگوت کێشەی زەوی و زار دواتر لەلایەن ئەنجومەنی دامەزرێنەرانەوە چارەسەرو یەکلایی دەکرێتەوە، ئالێرەشدا ناڵەی ئەو دەنگە بەرز دەبێتەوە لەسینەی هەموو سەربازێکەوە کە دەربڕینی بیرۆکەیەکی شاراوەی، کپ کراوی، ناخیانە؟، کە دەڵێن: ((زەوی بۆکێیە؟ من پێویستم بە زەوی نییە، ئەگەر خۆم نەبم))، ئەمەبوو تەوەرەی سەرەکی پرۆگرامی خواستی سەربازی شۆڕشگێڕ: یەکەم ئاشتی و دووەم زەوی. لەکۆتایی مانگی(مارس)دا کۆنگرەی گشتی سۆڤیەتات بەسترا، کۆنگرەکە ژمارەیەك وتاری نیشتمانی بەخۆیەوە بینی، نوێنەری یەکێك لەو سەربازانەی کە لەسەنگەرەکاندابوون زۆر بە ووردی ئەوەی باس کرد کە ئایا بەرەی سوپاو سەربازان چۆن چۆنی ڕەفتاری دەکرد ،کاتێك هەواڵی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی شۆڕشی بیست، لەو بارەیەوە گوتی: ((هەموو سەربازان گوتیان: سوپاس بۆ خوا، ئێستاو لە دوای ماوەیەکی دوورو درێژ توانیمان ئاشتیمان دەست بکەوێ))، سەربازانی سەنگەرەکانیش داوایان لەم نوێنەرەیان کرد کە لەکۆنگرەکەدا بڵێ:((ئێمە ئامادەین قوربانی بەگیانی خۆمان بدەین لەپێناوی ئازادیدا، بەڵام ئەی هاوڕێیان دەمانەوێ جەنگ کۆتایی پێ بێت...!)) ئەمە دەنگێکی زیندوی ڕاست و ڕەوان و ڕەسەن بوو، بەتایبەتیش بەشی دووەمی داواکارییەکەیان، کە ئەوە دەگەیەنێ: ئاشتیمان دەوێ، بەمەرجێ سەرکردەکان پەلە بکەن لە هێنانەدی خەونی ئاشتیدا.

هێزەکانی قەیسەریش لەناوجەرگەی فەرەنسادا، واتە لە قوڵایی باوەشی بێگانەدا هەمان هەست و نەستیان هەبوو، هاوکات بەهەمان ئەو قۆناغەدا تەفروتونابون و تێك هەڵوەشانەدا تێپەڕبوو کە سوپای ناوخۆی وڵات پیایاندا تێپەڕی، یەکێك لەسەربازە دێرینەکان کە جوتیارێکی نەخوێندەوار بوو، سەربەو هێزانەی ناوخاکی بێگانە بوو بەیەکێك لەئەفسەرانی گوت: ((کاتێك هەواڵی ئەوەمان بیست کە قەیسەر تەنازولی کردووە لەکۆشکی پاشایەتی و دەسەڵاتی خۆی، واماندەزانی ئیتر ئەوە دەبێتە هۆیەك بۆ





ڕاوەستاندنی جەنگ، ... چونکە قەیسەر خۆی ئێمەی ڕووبەڕووی جەنگ کردبووەوە...، کەچی وانە بوو.. ئێستا من چی لە ئازادی بکەم کە هەر دەبێ لەسەنگەردا بمرم... ؟!)) ئەمە ئەو فەلسەفە ڕاستەقینەیە بوو کە لەقوڵایی ناخی خۆڕسکانەی خۆیەوە هەڵقوڵا بوو، بەبێ دەست تێوەردانی هیچ کەسێك و هیچ هاندەرێك ناتوانێ وشەی ئاوا بەهێزو قەناعەت پێکەرانەو سادەو ساکار دەربڕێ و دابڕێژێ.

لیبڕاڵی و سۆسیالستییە نیمچە لیبڕاڵییەکان دوای ڕووداوەکان، هەوڵیان دەدا شۆڕش بە ڕاپەڕینێکی نیشتمانی لە قەڵەم بدەن و بیناسێت، لە(١١)ی مارسیش دا ،(ملیۆکۆف) لە بەردەمی ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییەکان قسەی کردو گوتی: ((شۆڕشی ڕوسیا بۆیە ڕوویدا، تاکو ئەو ڕێگرو کۆسپانە دووربخاتەوە کە لەسەر ڕێگەی گەیشتنی ڕوسیادان بۆ سەرکەوتن)) لێرەداو لەم قسەیەیدا، فێڵ و درۆ، لەگەڵ ئەندیشەو خەیاڵدا یەك دەگرنەوە، بەڵام ڕێژەی فێڵ و درۆ کە زیاترە(فۆن ستڕۆف)ی لایەنگری بەرەی(لۆڤەری) یەو لایەنگری پاشایەتی و خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی مارکیسانەیە بەزمانێك دەدوێ کە زۆر بەباشی قین و ڕقی کۆنەپەرستانەی خۆی دەردەبڕی و گەرچی لەسەرچاوە ڕاستەکانی ڕاپەرینەوە هەڵی گواستووە، دەنووسێت: ((بەشداری کردنی جەماوەری گەل و جەماوەری سەربازی، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و کارەساتبارانە لەلایەکەوە، ئەم لێك هەڵوەشانەش بە شێوەیەکی تایبەتی دژی بەردەوامی جەنگبوولەلایەکی ترەوە، کە هۆکاری سەرەکی بوو لە وەستاندنی هەموو کردەوە جەنگییەکاندا)).

ئەم قسانەش بیرۆکەیەکی ڕاستیان تێدایە، بەڵام لە قوڵایی کرۆکەکەیاندا بەشێکی زۆر نارەوایی و دەست هەڵبەستی تێدایە، چونکە لێك هەڵوەشاندنی سوپای پڕلەکارەسات، لەئەنجامی خودی جەنگەکەوە سەری هەڵداو هەرگیز لەئەنجامی شۆڕشەوە ڕووی نەداوە، دەشتوانین بڵێین: کە شۆڕش، بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ئەم لێك هەڵواشاندنەی ڕاوەستاند، ئەوەش زانراوە کە ژمارەی زۆری ئەو ڕاکردنەی سەربازان لەناو سوپاو و یەکە سەربازییەکاندا ماوەیەك بەر لە شۆڕش کەم بوەوە بەتایبەتی لە هەفتە یەکەمەکانی ڕاستەوخۆی دوای ڕاپەڕینەکەوە، سوپا لەجێی خۆیەوە لە چالاکی وەستاو چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد، تەنانەت سەربازەکان ئامادەش بوون بۆ هاوکاری کردنی

بەرەکانی جەنگ لەناوجەرگەی ئەو ئاوات و هیوایەیدا، لەوڕوانگەیەوە کە هاوکاری و یارمەتی سەربازان پێویستە تاکو حکومەتی نوێ بتوانێ ئەو ئاشتییە بهێنێتە دی.

لە(٢٣)ی مارسدا یەکێك لە فەرمانەدەی تیپی نارنجۆك هاوێژ ڕاپۆرتێکی ئامادەکردبوو، تیایدا نووسیبوی: ((سەربازەکان زۆر بەڕوونی جەخت لەوە دەکەنەوەو دەڵێن: پێویستە لەسەرمان کە پابەندی بەرگریکردن بین و هەرگیز پشت نەبەستین بەهێرش کردن))، ڕاپۆرتە سەربازیو سیاسییەکان، هەمان بیرۆکەیان بەچەندان جۆرو شێوە دوپات دەکردەوە، ملازمی دووەم (کرلینکۆ) کە شۆڕشگێڕێکی دێرینەو بوو بە فەرماندەی گشتی سوپای بەڵشەفی، دەڵێت: سەربازەکان ڕشتەی جەنگیان کورت و پوخت کردبووەوە لەم دروشمەدا:((خۆڕاگری و مانەوە لەبەرەکانی جەنگدا، وە هێرش نەکردن)) ئەمەش مانای بەرگری کردنە لە ئازادی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە.((پێویستە نێزەکانمان لە زەوی نەچەقێنین))[١٦٧] سەربازەکان بەو جۆرە ڕای خۆیان دەردەبڕی لەژێر کاریگەری بیروبۆچونە ناچارو پشێوو دژوارەکانداو گوێ گرتنیان لە بەڵشەفییەکان ڕەت دەکردەوە، هەندێکیش لەوباوەڕەدا بوون، کە لەژێر کاریگەری هەندێ وتەو وتاری بەڵشەفییە خلەفاوەکاندا، کە بەڵشەفییەکان بایەخ بە بەرگری کردن لە شۆڕش نادەن و دەشتوانن ڕێگە بگرن لە حکومەت بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی، بە تێپەربوونی ڕۆژگاریش ئەم بیرو بۆچوونە زیاتر ڕەگ و ڕیشەی لە دڵی سەربازاندا دادەکوتا، بەتایبەتیش بەهۆی کاریگەری ڕۆژنامە هاندەرە سۆسیالیستە نیشتمانیەکانەوە، مەبەستیشمان لەسەربازەکان ئەو سەربازانەن کە هەندێ جار ڕێیان لەوە دەگرت کە بەڵشەفییەکان قسە بکەن و وتاربدەن.

هەر لەکاتی سەرهەڵدانی شۆڕشەوە، بیرۆکەی دەست کردن بەهێرشیان ڕەت کردبووەوە، سیاسەتمەدارانی پایتەختیش لەم کارەدا، جۆرێك لەبەدحاڵی بوون و لێك تێنەگەیشتنیان بەدی دەکرد، کە دەکرا سەرلەنوێ دەربخرێتەوە ئەگەر گوشار بەشێوەیەکی گونجاو بخرێتە سەر سەربازەکان.

[١٦٧] واتە چەك فڕێ نادەین و لەبەرگری کردنی وڵاتیش ڕادەوەستین (دوو وەرگێڕە عەرەبیەکە)





هاندان لە زیادبووندابوو، بەمەبەستی بەرژەوەندی جەنگ، تائەو پەڕی سنوورە ملیۆنان نوسخەی ڕۆژنامە بۆرجوازییەکان بڵاوکرانەوە کە باسی لە گرنگی بەردەوامی شۆڕش دەکرد لەبەر ڕۆشنایی جەنگ تاسەرکەوتن، تەوفیقییەکانیش لەسەرەتادا بەدەنگێکی کپ پشتوانی ئەم هاندانەیان دەکرد، کاتێکیش چاویان کرایەوە، وەردە ... وەردە... لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ڕۆژگاردا بوێرییان زیادی کردو سوورتربوون لەسەر ئاشکراکردنی دەنگە کپەکەی خۆیان، بەڵام کاریگەری ئەو بەڵشەفییانەی کە لەسەرەتادا کپ و لاوازبوو لەساتە بەراییەکانی ڕاپەریندا، وردە... وەردە... دائەبەزی، کاتێ کە هەست بەوەکرا کە هەزاران کرێکار ڕەوانە دەکرێت بۆ بەرەکانی جەنگ لەلایەن فەرماندەیی سوپاوە، وەك سزایەك لەبەرانبەر کەمتەرخەمیکردن لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا، ئیتر ئارەزووکردن بۆ ئاشتی نەبوو بەدەربڕینێکی ئاشکراو ڕوون بەتایبەتیش لەوشوێنانەی کە ئەم خواستو ئارەزووەی تێدا بەهێزبوو، ئەوە بوو فەرماندەو بەرپرسان، ئەوانەی بەدوای ئەندێشەو خەیاڵە دڵنیاکاندا دەگەڕان، دەیانویست سوود وەربگرن لەناخ و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی شتەکان، ئێمەش لەوتارو نوسینەکانی ئەم ماوەیەدا، گەلێك ڕستەو قسەی وامان بینی کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سەربازەکان ڕازی نین بەگەڕانەوە بۆ کاری هێرشکردن، چونکە بە باشی لە مانای((بێ پەیوەندیکردن یان چوونە پاڵ)) تێنەگەیشتبوون. تەوفیقییەکان دەستیان بەوە کرد بۆ خەڵکی ئەوەیان وا ڕاڤە دەکرد کە گوایە جەنگی بەرگری لەخۆ کردن مانای هێرشکردن دەگرێتەوە، بگرە لەزۆربەی بارودۆخەکاندا پێویستە هێرش بکرێت، وەك ئەوەی ئەم کاروبارە پەیوەست بێ بەسکۆلاستیکییەتێکی پەڕپووتەوە...! هێرش کردن لەوکاتەدا، واتە گەڕانەوەی جەنگ و تێهەڵچوونەوەی، بەڵام چاو گێڕان و چاودێریکردنی بەرەکانی سوپا ئەوە مانای ماوەی پشوودانە، بیردۆزی جەنگی بەرگریکردن بەلای سەربازانەوە، مانای ئەوەی دەگەیاند کە ڕێککەوتنی ناشاراوەو ئاشکرا: ((دەستمان لێی مەدەن و هەقتان نەبێ بەسەرمانەوە ئێمەش دەستتان لێنادەین و هەقمان نابێ بەسەرتانەوە)) سوپاش نەیدەتوانی لەوە زیاتر کە کردویەتی هیچی تر پێشکەش بە جەنگ بکات.

بەپیرەوە هاتن‌و پەسەند کردنی پڕوپاگەندەکانی جەنگ لەلایەن سەربازانەوە لەکەم بونەوەدا بوو، بەتایبەتیش کەمتر دەبووەوە لەکاتێکدا هەوڵی ئەفسەران لەزیادبووندا بوایە ـ واتە ئەفسەرە کۆنە پەرستەکان ـ بۆ ژێر بارکردنی‌و قۆستنەوەی بیرۆکەی خۆ ئامادەکردن بۆ هێرشکردن لەپێناوی گەڕانەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەسەرکەرت‌و یەکە سەربازییەکاندا، ئیتر ئەم ڕستەیە لەناو سەربازاندا بڵاوبووە وە: ((نێزە دژی ئەڵمانییەکان، و قۆناغە تفەنگیش دژی دوژمنی ناوخۆ))، لەگەڵ ئەوەشدا نێزە تەنها بۆ بەرگری دروست کراوە، سەربازانی ناو سەنگەریش هیچ ساتێ بیریان لەوە نەکردەوە کە نۆکەندە تورکییەکان بگرنەوەو دەستیان بەسەر دابگرن، ئارەزووکردن بۆ ئاشتی‌و ئاشتی خوازی شەپۆلێکی بەهێزی کپ‌و شاراوەی دروست کردبوو، هەرگیز بەتێڕوانینی ڕوکەش‌و سەرکێڵانە پەی پێ نەدەبراو دەرنەدەکەون.

(میلۆکۆف)یش دانی بەوەدا نابوو کە سوپا هەندێ دیاردەی ناهەموارو دزێوی بەرلەشۆڕشی تێکەوتووەو تیایدا دەرکەوتوون، بەڵام دوای ڕاپەرین هەوڵێکی زۆریداوە تاکو جەخت لەوە بکاتەوەو دڵنیابێ کە سوپا دەتوانێ ئەو ئەرکانە بەجێ بهێنێ کە هاوپەیمانان لێیان دەوێ، ناوبراو وەك مێژوونووسێك ڕاوبۆچوونی خۆی دەردەبڕێ‌و نووسیویەتی: ((پڕوپاگەندی بەلشەفییەت زۆر دورتر بوو لەوەی کە بەرەکانی جەنگ‌و سوپا بخاتە ناو شلۆقی‌و هەم هەمەوە، سوپاس بەسەلامەتی مایەوە لە ماوەی شەش هەفتەی دوای شۆڕشەکە، بەشێوەیەك کە جێی گومان نەدەبووەوە))، (میلۆکۆف)لێرەدا بۆ مەسەلەکە بەگشتی تەنها لەڕێی پڕوپاگەندەوە دەڕوانێ، وەك ئەوەی کە پەرەسەندنی مێژوویی لەئاستی ئەم جۆرە شتانەدا ڕاوەستابێ، لەڕاستیشدا ئەو (میلۆکۆف)ەی بەشێوەیەکی دڕەنگتر کەوتە کوشتاری بەلشەفییەکان‌و بەسیفەتە سیحرییەکان (جادوویی یەکان)ناویان دەبات، جگە لەوەی کە دژی ڕاستییە بەڵگەدارو بەرچاوەکان جەنگاوە، هیچی تری نەکردووە، خۆشمان پێشتر زانیمان‌و بینیمان کە شێوەی ڕاستەقینەی سوپا چۆن چۆنی بوو، ئێستاش بابزانین ئاخۆ توانای کوشتارو جەنگاوەری ئەم سوپایە چۆن بووە لە هەفتە یەکەمییەکاندا، یاخود لەو ڕۆژانەی کە ڕاستەوخۆ دوای شۆڕشەکە هاتنە پێشەوە؟! لە(٦)ی مارسدا جەنەڕاڵ (ڕۆسکی) ـ فەرماندەی بەرەی باکور، لیژنەی





ڕاپەڕاندنی لەوە ئاگادارکردەوە کە سەربازان بەتەواوەتی گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران ڕەت دەکەنەوەو لەبەرئەوەی پێویستە خەڵکانی میللی بهێنرێنە ناو بەرەکانی جەنگەوە، بەونیازەی بتوانرێ هێمنییەك بگەڕێنرێتەوە بۆ ناو ڕیزەکانی سوپا.

فەرماندەی دەزگای ئەرکانی کەشتیگەلە جەنگییەکانی دەریای ڕەش، لەیاداشتنامەکەی خۆیدا دەڵێت: ((هەرلە یەکەم ڕۆژانی شۆڕشەوە بەڕوونی بۆم دەرکەوت، کە ئیتر ئێمە ناتوانین درێژە بە جەنگ بدەین، بەڕاستی ئێمە دۆڕاندمان))، هەر ئەم قسەیە بەسەر(کۆلشتاك)یشدا دەچەسپێ کە بە شێوازی خۆی دەری بڕیوەو گوتویەتی: هەر بەپلەی فەرماندەی باڵای کەشتیگەلی جەنگی دەمێنێتەوە، لە پێناوی پاراستنی ئەفسەران لەو کردەوە توندوتیژییانەی کە ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە.

(کۆنت ئیغناتیف) کە ناوپلەیەکی گەورەو ناوداری هەبوو لە ناو فەرماندەیی یەکەو کەرتە پاسەوانەکانی سوپادا، نامەیەکی بۆ(نابۆکۆف) نووسی‌و تیایدا گوتبووی: ((پێویستە لەم هەموو شتانەوە تێ بگەین کە جەنگ ئیتر کۆتایی هات‌و ئێمەش ناتوانین درێژەی پێ بدەین‌و بەردەوام بین، پێویستە لەسەر کەسانی زرنگ‌و زیرەك بە دوای هۆچارەیەکی تردا بگەڕێن بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگە بەبێ هیچ ژان‌و ئازارێك، ئەگینا کارەساتێکی ماڵ وێرانکەر دەقەومێ))، هەر لەو ماوەیەشدا(فۆتشکۆف)یش بەو(نابۆکۆف)ەی گوتبوو کە گەلێك نامەی لەجۆرەها شێوە بۆ دەهات.

هەندێ بیرۆکەی غەدرکارانەی ڕوکەش‌و گونجاو نرخەکەی خۆیان لەدەست دابوو بەهۆی ئەو زانیاریانەی کە لەگەڵیان هاوپێچ کرابوون، ئێمەش لەناو ئەو ڕاپۆرتەی کە(دانیلۆف)ی فەرماندەی سوپای دوو نوسیویەتی ئەم دەقە دەخوێنینەوە:((ئارەزوو و حەزی سەرکەوتن لە ناخی هەموو کەسانی سەربەیەکەو کەرتە سەربازییەکاندا هەیە، تەنانەت لە هەندێ کەرت‌و یەکەدا هەرزۆر زیادیشی کردووە))، بەڵام ڕاستەو خۆ دوای ئەو قسەیە ئەمەشیانمان دێتە بەر چاو: ((ئیتر بیانییەکان بە تەواوی وڕەیان ڕوخاوە، باش وایە کە جارێ کردەوەی هێرشکارانە ڕابوەستێنرێ ـ لە یەك مانگەوە تاسێ مانگ ـ تاکو توندوتیژی‌و تەنگەتاوی هەڵوێستەکە، کەم دەبێتەوە)) لەناکاودا، ئەم بیرۆکە ناچاوەڕوانکراوەش بە پاکانەیەك باربۆ((گروپ‌و دەستە، هەمیشەییەکانی فریاکەوتن

بەرێژەی ٥٠٪ زیاتر نەدەگەیشتنە فریای کەس، جائەگەر بەو شێوەیە لە توانەوەدا بەردەوام بن‌و ئەم دیمەنە نارێك‌و پێك‌و نائینزیبا تیانەیە هەردرێژەی هەبێ، ئەوا ناتوانین سەرکەوتوو بین لە هیچ جۆرە هێرشێکدا)).

ڕاپۆرتی فەرماندەیی فیرقەی(٥١)ی پیادەش دەڵێت :

((فیرقەکەمان، لەو پەڕی ئامادە باشی دایە بۆکاری بەرگریکردن))، دوای ئەوەش دەڵێت: ((پێویستە سوپا کاریگەری نوێنەرانی کرێکارن‌و سەربازان لەسەر خۆی کەم بکاتەوەو لای بیات‌و هەڵی بوەشێنێتەوە))، بەڵام خۆ جێ بەجێکردنی ئەم بیرۆکەیەشی هەروا بەو سادەوساکارییە نییە:

فەرماندەی فیرقەی(٢٨)ش ڕاپۆرتێکی بەرزکردووەتەوە بۆ فەرماندەی فەیلەقەکەیی‌و تیایدا دەڵێ: ((ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و زۆر بەشێوەیەکی خێراش دیاردەی بەدحاڵی بوون سەبارەت بەکارو بارە زۆر بێ نرخەکان لە زیادبوندایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سروشتێکی ترسناکی پێوەیە، وادەردەکەوێ سەربازان لە توڕەبوون‌و هەڵچونێکی زیاتردان، هەروەها ئەفسەرانیش هەر زۆر توڕەن)). ئێمە تائێستا جگە لە چەند شایەتییەکی هەمە جۆرە بەولاوە باسی هیچی وامان نەکردووە، بەڵام هێشتا(٨)ی مارس بەتەواوەتی نەهاتبووە پێشەوە کە لە بنکەی فەرماندەی گشتی کۆنگرەیەکی تایبەتی بەسترا کە دەسەڵاتدارانی باڵا تایبەتیان کردبوو بە باس‌و خواست دەربارەی بارودۆخی ناوسوپا. دەرەنجامی فەرماندە مەڵبەندییەکانیش لە هەموو لایەکەوە، تەنها یەك شتی دەدا بەدەستەوە ئەویش بریتی بوو لەمە؟((مەحاڵە بتوانین لەمانگەکانی داهاتوودا بەشە بەرکەوتی پێویستی فریاگوزاری تەواوکاری بنێرینە ناوبەرەکانی جەنگ، بە پێوانە لەسەر مەیینی کەرتە یەدەگەکان، سوپاش لەبارێکی ناساخی‌و نەخۆشیدایە، ڕەنگە نەشگەینە چاکسازی کردنی پەیوەندی نێوان ئەفسەران‌و سەربازان، تاکو دوو یان سێ مانگی تر))، (جەنەراڵەکان لەوە تێنەگەیشتبوون کە باری ناساغی‌و نەخۆشی نێوان سەربازان لەزیادبووندا دەبێت)، لەم کاتەشدا نائومێدی‌و بێ ئاواتی بڵاودەبێتەوە لەنێوان ڕیزی





ئەفسەراندا، هەروەکو چۆن مەیاندن[١٦٨] کە لەنێو کەرتە سەربازییەکاندا تەشەنە دەکات‌و ڕاکردن‌و سەرهەڵگرتنی سەربازان لەناو ڕیزی سوپادا، لەزیادبووندا دەبێ، توانی جەنگ‌و کوشتار بەتەواوەتی لەناوسوپادا دابەزێنێ، لەم کاتەدا زۆر گرانە کۆنترۆڵی ئەم توانایە بکرێ لەپێناوی هەر هەنگاونان‌و بەرەو پێشەوە چوونێکدا))، پوختەی ئەمەش ئەوەیە کە((ئێستاو لەم کاتەدا بەجێ هێنانی هەموو کردەوەیەکی کرادارییانەی دیاری کراو ناکرێت‌و دەبێ دوا بخرێ بۆ وەرزی بەهار)) خراپ بوونی بارودۆخەکە زۆر بەخێرایی تەشەنەی دەکرد لە هەفتەکانی دواتردا، شایەتیدانی وریا کە ڕەوانە بەبێ پچڕان دووپات دەبونەوە. لەکۆتایی مانگی(نیسان) دا فەرمانەدەی سوپای(٥)کە جەنەڕاڵ (دراغۆمیرۆف)بوو بۆ جەنەڕاڵ(ڕوسکی) نوسیبوو: ((ئاستی فیدارکاری‌و جەنگاوەری بەتەواوەتی دابەزیوە، سەربازانیش نەك هەر جۆش‌و خرۆشی هێرشکردنیان نەوەماوە، بەڵکو توانای بەرگری لە خۆکردنیش تا پلەو ئاستێکی ترسناك دابەزیوە، ئەمەش زیان بە هەموو سەرەنجامەکانی جەنگ دەگەیەنێ بەگشتی... ئەو سیاسەتەی کە هەموو ڕیزەکانی سوپای گرتۆوەتەوە لەسەر ئاستێکی فراوان... قەناعەتیشی بە جەماوەری سەربازان کردووە کە دەبێت هەموویان ئارەزووی یەك شت بکەن ـ ئەویش ڕاوەستاندنی جەنگ‌و کوشتارەو گەڕانەوەیە بۆ ناوماڵ‌و حاڵی خۆیان)).

بەڵام(جەنەڕاڵ لۆکۆمسکی) کە یەکێکە لە کۆمەڵەکانی فەرماندەیی باڵای کۆنەپەرستی، بێزاری پێوەدیار بوو بەرانبەر بەو بارودۆخە نوێیە، لەسەرەتای بەرپابوونی شۆڕشەکەیدا گواسترایەوە تاکو فەرماندەیی یەکێك لە فەیلەقەکانی بەدرێتێ، بۆی دەرکەوت‌و بینی کە توانای ئینزیباتی بوونی نەماوە، مەگەر تەنها لەناو یەکەی زۆری ئەفسەرو کادرو سەربازی خۆبەخش نەبێ بەڵام سێ فیرقە پیادە کە لەسەرەڕێی کاروانی لێك هەڵوەشاندا بوو، سەرلەنوێ بەشێوەیەکی توندو تیژتر سەری هەڵی دایەوە بە هۆی نائومێدبوونەوە. شۆڕش گوڕوتینی هیواو ئاواتی بۆنە گێڕانەوە، ڕاپۆرتێکی جەنەڕاڵ(کیسیف) دەڵێ: لە هەردوو بەرەی باکورو خۆرئاوادا، لەماوەی نێوان(١ـ٧)ی

---

(١٦٨) مەیاندن: چەقبەستبوون‌و سست بوون‌و چالاکی نەکردن وەك دەگوترێ: ماستی مەیوو، فلانەکەس ئەڵێی ماستی مەیوە.

نیساندا، نزیکەی (٨٠٠)سەرباز ڕایانکردووە.(کیسیف) بۆ(غۆتشکۆف) نووسیووی: ((من زۆر بەسەر سامییەوە زۆرێك لەڕاپۆرتی ئەو کەسە نابەرپرسانە دەخوێنمەوە کە دەربارەی ورەی ((نایاب))ی سوپا دەدوێن، ئەی ئەم هەموو شتە چ سودێکیان هەیە؟ ئێمە لەئێستا بەدواوە ئتیر ئەڵمانییەکان ناخەڵەتێنین، بەڵام سەبارەت بەخودی خۆمان ئەوە خۆ هەڵکێشانو فشو فاڵێکی کوشندەیە)) جێی سەرنجە، ڕاپۆرتەکان تائێستاش ئاماژەیان بۆ بەڵشەفییەکانی نەکردووە، تائێستاش زۆربەی ئەفسەرەکان هیچ هۆشیارییەکیان نییە بەرانبەر بەم ناوە نامۆیە، ڕاپۆرتەکان هەموویان دەربارەی هۆکارەکانی لێك هەڵوەشانی سوپان، تاوانەکەش خراوەتە ئەستۆی ڕۆژنامەو کەسە هاندەرو ئاگر خۆشکەرەکانو سۆڤیەیانو سیاسەت بەشێوەیەکی تایبەتی، بەکورتی تاوانە کە دەخەنە ئەستۆی شۆڕشی فێبرایر(شوبات).لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك فەرماندەی گەشبین، ئەوانەی ئومێدی چاکبوونی بارودۆخیان مابوو، هەر لەسەرکاروباری خۆیان مابونەوە، تەنانەت زۆربەی ئەوانە هەربە ئەنقەس چاوی خۆیان نوقاندبوو لە ئاستی دیتنی ئەوکاروبارو دۆخانەدا تاکو بۆ دەسەڵاتی نوێی داهاتوو نەبنەمایەی ماندوو بوون، کەچی هەندێ لە ئەفسەرانی فەرماندە باڵاکان، بەئەنقەس زیادە ڕەوییاندا دەکرد لە باسکردنی دیاردەی لێك هەڵوەشاندنی سوپادا، بەمەبەستی هاندانی حکومەت بۆ گرتنەبەری ڕێو شوێنی یەکلا کەرەوەی وا کە ئەفسەران خۆیان نەیاندەتوانی ئەوڕێو شوێنانە بخەنە ئەستۆی خۆیان، یان بەناوی خۆیانەوە فرمانیان پێ بکەن، تابلۆی بارودخەکەش بەگشتی ڕوونو دیاربوو، جێی قسەوباس نەبوو، شۆڕش سوپایەکی نەخۆشی لەبەردەمی خۆیدا بینی، بۆیە بەشێوەو شکڵە سیاسییەکان ڕەوتی لێك هەڵوەشاندنەکەی داپۆشی کە بەری نەدەگیرا، لەگەڵ چەند هەفتەیەکدا بەتەواوەتیو ڕوونی، باشتر دەردەکەوت، شۆڕشیش بەس نەبوو بۆ ئەوەی تا دواسنور ئارەزووی ئاشتیخوازانە بوروژێنێ، بەڵکو لە پاڵ ئەوەشدا دوژمایەتی جەماوەری سەربازان دژ بەفەرماندەیيو چینە دەسەڵاتدارەکان بەشێوەیەکی گشتی لەزیادبووندابوو.

لەناوەڕاستی مانگی نیساندا،(کیسیف) ڕاپۆتێکی تایبەتی خۆی ڕەوانەکرد بۆ حکومەت سەبارەت بە ورەی سوپا، ڕاپۆرتەکەی زۆر بەچاکی پڕ بوو لە ڕاستیو لەسەر





ڕۆیشتنی دورو درێژ،(نابۆکۆف) لەبارەی ئەم ڕاپۆرتەوە ئەمەی نوسیوە: ((من زۆر چاك دێتەوە بیرم، کەکاتێ گوێم لەو ڕاپۆرتە بوو، ترسو تۆقینو نائومێدی باڵی بەسەردا کێشام))، دەشزانیت کە (میلیێکۆکۆف) ئامادەی خوێندنەوەی ئەم ڕاپۆرتە تایبەتییە بوو کە بارەی شەش هەفتەی یەکەمی سەرەتای شۆڕەوە بوو، لەوانەیە ئەم سیاسەتمەدارە هاندەر بوبێ بۆ(کیسیف) تا ئەو ڕاپۆرتە بنوسێ بەمەبەستی ورياکردنەوەی هاوڕێکانیو لاکردنەوەی هاوڕێ سۆسیالیستەکانی لەسەر ڕێگەکەیاندا،(غۆتشکۆف)یش بەبێ گومان دوای ئەو ڕاپۆرتە کەوتە قسەو باسکردن لەگەڵ نوێنەرانی لیژنەی ڕاپەڕاندنو بەداخوپەژارەوە سەری ڕاوەشاندووەو نائومێدی دایگرتووە:((کاروبارەکان گەیشتوونەتە ئاستی برایەتی پڕلە کارەسات لەگەڵ سەربازانی دوژمندا، بارودۆخی واش هەیە کە پێوانەکردنی کاروبارەکان دیار نامێنێ، ئەمەش بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا، کاروبارو فرمانەکان ملکەچ دەکەن بۆ گفوگۆیەکی پێش وەخت لە ناو کۆبونەوەو ڕێکخستنەکانی سوپادا، سەربازانیش لەم کەرتە سەربازییەی خۆیاندا، یاخود لەوی تریاندا، هەرگیز نەیانویستووە گوێ بگرن بۆ هیچ کردەوەیەکی چاكو هەموارانە، کاتێکش خەڵکی ئومێدەوارن کە سبەینێ ئاشتی بێتە کایەوە، ئەوا زۆرلێکردنیان بۆ ئەوەی قوربانی بە ژیانی خۆیان بدەن دەبێتە کارێکی نەشیاو لە ئەمڕۆدا))، پاشان وەزیری جەنگ، ئەم پوختەیەی هەڵگواستن[١٦٩]: ((بێگومان دەبێ نەهێلرێ کە بەدەنگی بەرز باسی ئاشتی بکرێ))، بەڵام شۆڕش خەڵکی فێری ئەوە کردبوو کە بە دەنگی بەرز بدوێنو قسە بکەن دەربارەی هەموو ئەوشتانەی کە پێشتر لێی دەترسان لەناخی خۆیاندا، ڕێگرتنیش لەوەی کە خەڵکی بە دەنگی بەرز باسی ئاشتی بکەن مانای ئەوەیە کە پێویستە خۆیان لەدەست ئەو شۆڕشە ڕزگار بکەن. بێگومان هەر لە یەکەم ڕۆژی جەنگەوە سەربازان ڕاهاتبوون لەسەر ئەوەی کە هەردەبێ زوڕنای مەرگو جەنگ بژەنن، بەڵام لە ناخی خۆشیاندا ڕقیان لەو جەنگە دەبووەوە، هەر وەکو چۆن ئەسپەکان ڕقیان لە ڕاکێشانی تۆپو هاوەنەکان دەبووەوە بەناو هاشو هەراو زەنای جەنگدا، سەربازیش وەك ئەسپی لێ هاتبوو دەستەوسانو بێ دەسەڵات بوو بەرانبەر خۆڕزگارکردنی لەوبارە گرانەی کە نرابووە

[١٦٩] هەڵگواستن: استنباط

کۆڵیو خرابووه ئەستۆی، هیچ پەیوەندیەك لە نێوان خواستی سەربازو ڕوداوەکانی جەنگدا نەبوو، خاڵی هاوبەش نەمابوو، شۆڕش بۆ ئەوە هات تاکو ئەم پەیوەندییە بدۆزێتەوە، شۆڕش بەلای ملیۆنەها سەربازەوە مانای مافی ژیان بوونە بەشێوەیەکی باش تر، ئەمەش مانای مافی ژیانە، مانای مافی خۆپاراستنە لەگوللەو تۆپ، مانای مافی پاراستنی ڕوخسارو ڕوومەتە لە شەپازلەو بۆکسی ئەفسەران. پێشتریش باسی ئەوەمان کرد که پەرەسەندنی شپرزەی دەروونی بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەناو سوپاداو لەم بوارەدا لەچەشنی هۆشیاربونەوەی تاکە کەسیدا سەری هەڵدا، چینە ڕۆشنبیرەکانیش دەرکەوتنی پەرەسەندنی کەسێتی تاکە کەسیو هۆشیاربوونەوەیان وەکو گڕکانێکی توندوتیژ دەهاتە بەرچاوان، هاوکات پشێوییو ئاڵۆزانیش بوو. واتای خەیانە تکردنی ئومەت بوو. لەڕاستیشدا هەر لەکۆنەوە ئومەت خۆی کەرەسەی بنیاتنانە سەرەتاییەکەی دابینکردبوو، بەڵام بوونو شێوەیەکی دیارو بەرچاوی نەبوو، لەناوچەرگەی جەماوەری سەربازە پشێوەکانداو مانگرتنە گەرمو گوڕەکانیانو توندڕەوییە خوێناوییەکانیان، وردە... وردە... تاکە کەسیو هۆشیاری تاکە کەسیانە لەزیاد بووندا بوو کە هەڕەشەیەك بوو بۆ بۆرجوازییەت ئەمەش لە سروشتی شۆڕشەکەی فێبرایەرەوە بوو، واتە لەوە وە بووکە شۆڕشێکی بۆرجوازییانە بوو. شۆڕش چەند سیفەتێکی جیاکەرەوەو ناسەرەوەی تریشی تێدابوو، ئەوە بوو کرێکاران بەشداریان تێداکرد، ئەمەبوو ئەدەبی بەشداریکردنی جوتیارانو کوڕە سەربازەکانیان، هەردەمێك بوو کرێکار هەستی بە بەهای کەسێتی خۆی کردبوو، کرێکاریش تەنها لەبەر ڕقو قینی خۆی نەبووکە بەشداری شۆڕشی کرد، بەڵکو چووە ناو جەنگەکەوە لەکاتێکدا کرێکارەکە پێشتر ئامادەکرابوو بۆ ئەو جۆرە خەباتە، شۆڕشیش بەلای ئەوە وە هەرمانای سەرکەوتن نەبوو، بەڵکو مانای سەرکەوتنی بەشێك لەبیرو بۆچونەکانیشی بوو لە هەڵگێڕانەوە و ڕوخاندنی دەسەڵاتی پاشایەتیشدا جگە لە هەنگاوی یەکەم ـ بۆ شۆڕشەکەی ـ هیچ شتێکی وای نەدەبینی کە نابێ لەو خاڵەدا بوەستێو ساردبێتەوە، بەڵکو دەبێ دوای ئەوەش هەر بەردەوام بێ بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی تر، ئەو شتە گرنگەی کە زۆر مێشکی سەرقاڵ کردبوو، تا بزانێت ئاخۆ تا چ ئاستێك جوتیارو سەربازان دوای ئەم هەنگاوە هاوکاری پشتیوانی دەکەن. سەرباز





دەیگوت: ((زەوی چ سودێکم پێ دەگەیەنێ کە خودی خۆم نەبم؟!)) کاتێك کرێکار هەستی بەوە دەکرد کە دەرگای شانۆگەکە[170]ی بەڕوودا داخراوە، دەیگوت: ((ئازادی چ سوودێکم پێ دەگەیەنێ کە کلیلەکانی بە دەستی گەورەو دەسەڵاتدارانەوە بێت؟!))، بەم جۆرە چوار چێوە پۆڵایینەکەی شۆڕشی ئوکتۆبەر بریقایەوە لەناو جەرگەی ئەو پێشێوییە زۆرو زەبەندەیەی کە شۆڕشی فێبرایری تێدا ژیا.

## جەنگ و سەرکردەکان

ئاخۆ حکومەتی کاتییو لیژنەی ڕاپەڕاندن چییان لەم جەنگو سوپایە بوێ؟ پێویستە بەر لەهەموو شتێ، لەسیاسەتی بۆرجوازییەتی لیبراڵی تێبگەین، لەو ڕوانگەیەوە کە ڕۆڵی یەکەم دەبینێ، ئەوەش ڕوونو ئاشکرایە کە سیاسەتی جەنگیانەی لیبراڵی وەك سیاسەتی هێرشی نیشتمانیانە مایەوە، واتە سیاسەتی نێچیرێك کە ئومێدی ڕزگاربوونی نەماوە، لەڕاستیشدا ئەم سیاسەتە ناکۆكو دژوارو فریودەرانەبوو، نەدەکرا بگۆڕدرێ بۆ سیاسەتی داڕوخاوانە.

(ڕۆدزیانگۆ) دواتر نوسیبووی: ((ئێمە بەهەمان شێوە جەنگمان دۆڕاند، ئەگەر شۆڕشیش ڕووینەدابا، هەر دۆڕاو دەبووین، ئێمە ناچار بووین بۆ ڕازی بوونو هێنانە ئاراوەی ئاشتییەکی یەك لایەنە))، نوسینو بیروبۆچوونەکانی (ڕۆدزیانگۆ) بەسروشتێکی تایبەتی جیاناکرێتەوەو ناناسرێتەوە، بەڵام بەباشترین شێوە توانیویەتی ڕای گشتیو باوی نا ناوەندە لیبراڵییە موحافیزکارەکان دەربڕێ. چینە خاوەندارەکانیش لەڕاپەڕیندا ئەوەی بەخۆوە نەبینی کە کەتیبەکانی پاسەوانێتی موژدەی بەدەستهێنانی سەرکەوتنی دەرەکی پێ ڕابگەیەنن، بەڵکو هۆشیاری داو ئاگاری کردەوە بەدارمانوهەرەس هێنانی ناوخۆیی، خەمو خواستی لیبراڵییەکانیش لەم بارەیەوە سنوردار بوون، لەو ڕوانگەیەوە کە چاوەڕوانی مەترسییان دەکردو بەپێی توانای خۆیان، دژی ئەوە خەباتیان کردبوو. ئەو

---

[170] شانۆگە: تەختەو شوێنی نمایشکردنی شانۆ: منصة المسرح

گەشبینییە لەناکاوەی کە (میلۆکۆف) دەری بڕی، کاتێك زۆر بەڕاشکاوانە وتی: شۆڕش هەنگاوێکی ناوە بەرەو سەرکەوتن، دواهەمین دیمەنەکانی نائومێدی ئەوان بوو، مەسەلەی جەنگو ئاشتی بەلای لیبراڵییەکانەوە مەسەلەیەکی سەربەخۆ نەما، ئەوان بۆیان دەرکەوت کە ناتوانن شۆڕش بەکاربهێنن بۆ مەبەستەکانی درێژەدان بەجەنگ، چەند ئەرکو کارێکی جیاوازی تازەتر هاتە پێش چاوانیان کە بریتی بوو لە: بەکارهێنانی جەنگ دژی شۆڕش.

لەم ساتەشدا، مەسەلە سەرەکییە نێودەوڵەتییەکانی بارودۆخی ڕوسیا دوای جەنگ بوونە باسو خواسی سەرەکی سەرکردە بۆرجوازە روسیەکان، وەك: قەرزە کۆنەکان، قەرزە نوێیەکان، بازاڕەکانی سەرمایەگوزاریو مایەی دراو، بازاڕەکانی کەلوپەل. بەڵام ڕاستەوخۆش سیاسەتی خۆیان دیاری نەکرد دەربارەی ئەو مەسەلەو باسو خواسە سەرەکییانە کە لەژێر کاریگەری ئەواندا، مەسەلەی یەکەمیش بەلای ئەوانەوە لەو کاتەدا بریتی نەبوو لەمەسەلەی دابینکردنی بارودۆخێکی نێودەوڵەتیانەی باشتر بۆ ڕوسیای بۆرجوازی، بەڵکو مەبەستیان ڕزگارکردنی خودی بۆرجوازییەت بوو لەو قەیرانەی کە تێی کەوتبوو، تەنانەت ئەگەر ئەوە ببێتە مایەی لاوازکردنی ڕوسیا، سەرەڕای لاوازییەکەی خۆیشی، چینە زامدارەکە بەشێوەیەکی ترسناك گوتی: ((پێویستە پێش هەموو شتێ جارێ چاك بینەوە لەو زامدارییەو پاشان کاروبارەکان لەجێو شوێنی خۆیاندا دامەزرێنینەوە)) چاك بوونەوەش لێرەدا هیچ مانایەك ناگەیەنێ جگە لە (سەرکوت کردنی شۆڕش)ـەکە.

* * *

پارێزگاری کردن لەمانەوەی گیانی جەنگاوەریو ڕەوشتی شۆڤێنیانە تاکە دەروازەی دواهەمین توانابوو بۆ پەیوەندی کردن بەجەماوەرو سوپاوەو وە ئامادەکردنیان بۆ بەرەوودا تەقینەوەی ئەوانەی ناوزەندیان کردبوون بە (قووڵ کەرەوەکانی شۆڕش)، ئەرکی سەرەکی بۆرجوازییەت ئەوەبوو کە ڕەنگی دابووەوە لەقەناعەت پێکردنی گەل بەوەی کە جەنگی میراتی لەقەیسەرەوە، کە پارێزگاری کردبوو لەهاوپەیمانیو ئامانجەکانی، بریتییە لەجەنگێکی نوێو بەرگریکردن لەدەستکەوتو خواستە شۆڕشگێڕییەکان.





لیبراڵییەت بەئاواتەوەبوو بگاتە ئەو ئەنجامە ـ بەڵام چۆن چۆنی؟ تاکو ڕای گشتی نیشتمانی دژی شۆڕش ڕاست بکاتەوەو بەگژیدا بکاتەوە، کە هەر لەسەرەتای بەرپابوونی شۆڕشدا وای کردبوو، لەوکاتەوە کە خەباتی دەکرد دژی ڕاسپۆتینو داروودەستەکەی، لەبەرئەوەی ڕزگارکردنی دەسەڵاتی پاشایەتی لەئارادایە، وەك دواهەمین هۆکار بۆ کارکردن دژی گەل بووە بەشێکی ڕێ پێنەدراو، ئەوا زۆر پێویستە کە پابەندبێ بەهاوپەیمانانەوە: بەتایبەتیش کە هاوپەیمانان لەکاتی جەنگدا هێزێکی زۆر گەورەتریان پێك هێنابوو لەو هێزەی کە پاشایەتی هەیبوو، وە نەیدەتوانی پێشی هاوپەیمانانی پێ بداتەوە.

* * *

بەردەوام بوونی جەنگیش، ببوو بەبیانوویەك بۆ پارێزگاری کردنی دەزگای سەربازی بیرۆکراتییە کۆنەکەو  داخستنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دامەزراندنو مل پێکەچکردنی دەوڵەتە شۆڕشگێڕەکان بۆ داخوازییەکانی بەرەکانی جەنگ، واتا ملکەچکردنی بۆ فرمانی ئەو جەنەڕاڵانەی پێیان نابووە ناو هاوکاریکردنی دەسەڵاتی بۆرجوازییەتی لیبراڵی، هەموو شتە ناوخۆییەکانی تریش هەر بەو جۆرە بوون، بەتایبەتیش مەسەلە کشتوکاڵییەکان، مەسەلەی یاسا کۆمەڵایەتییەکانیش دواخرابوو تا کاتی دوای تەواوبوونی جەنگ. کۆتایی جەنگەکەش خۆی پەیوەندی بەو سەرکەوتنەوە هەبوو کە لیبراڵییەکان باوەڕیان بەهێنانەدی نەبوو، جەنگی بنکەند[١٧١]کردنی دوژمن گۆڕا بۆ جەنگی بنکەند کردنو وروژاندنی دژایەتی کردنی شۆڕش، ئەمانەش لەئەنجامی پەیڕەوکردنی نەخشەیەکی دانراوی وردی پێش وەختەوە سەریان هەڵنەدابوو کە بەرەنجامی چەند کۆبونەوەیەکی ڕەسمی بووبن، بەڵام کارەکەش خۆی پێویستی بەم هەموو شتانە نەدەکرد، بەڵکو نەخشەکە لەپوختەی گشتی ئەو سیاسەتەی پێشووەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لیبراڵییەت گرتبوویەبەر، لەو بارودۆخەشەوە کە شۆڕش هێنابویە ئاراوە.

(میلیۆکۆف) ناچار بوو کە لەسەر ڕەوتی درێژەدان بەجەنگ بەردەوام بێت، لێرەدا شتێك نەبوو کە هانی بدات پێش کات بۆ ڕەت کردنەوەی دابەشکردنی دەستکەوتو میراتییەکانی جەنگ. بەتایبەتیش ئومێدی پەیوەنددار بەهاوپەیمانانەوە بۆ بەدەست

[١٧١] بنکەند: بن بۆش : بن هەڵۆڵ: بێ بناغە: بناغە داڕوخاو.

هێنانی سەرکەوتن هەروەکو خۆی مابوو، پاشان زیاتریش بوو بەبەشداریکردنی ئەمریکا لەجەنگەکەدا، بەڵێ، ڕاستە، هاوپەیمانان شت بوون، ڕوسیا شتێکی تر بوو، سەرکردە بۆرجوازە ڕوسییەکانیش لەماوەی سالآنی ڕابوردووی جەنگەوە تێگەیشتبوون کە لاوازیی ئابورییانەو سەربازیانەی ڕوسیا دەبێتە مایەی ئەوەی کە سەرکەوتنی هاوپەیمانان بەسەر ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیو هاوپەیمانەکانیدا مانای سەرکەوتنیانە بەسەر ڕوسیادا، کە کاتێك جەنگ تەواو دەبێ بەکۆڵەواریو شەکەتییەوە دێتە دەرەوە لەهەموو ئاستو بارەکاندا، بەڵام ئیمپریالییەکان بڕیاریان دابوو زۆر بەهۆشیارانە ڕەفتار لەگەڵ ئەو بارودۆخە تەماویەدا بکەن، لەوەش زیاتر نەیاندەتوانی هیچی تر بکەن، (غۆتشکۆف)یش زۆر بەڕاشکاوانە بۆ دڵسۆزو کەسە نزیکەکانی خۆی دوابوو و گوتبووی کە ڕزگارکردنی ڕوسیا لەو قەیرانەی کە تیایدایە پێویستی بەسەراسیمەیەك[١٧٢] هەیە، ئومێد بوون بەو موعجیزەیەش بەرنامەکەی واپێك دەهێنێ کە بیکاتە وەزیری جەنگ.

(میلۆکۆف) پێی وابوو کە سیاسەتی ناوخۆیی پێویستی بەبڕوایەك هەیە کە باوەڕی بەسەرکەوتن هەبێت، ئەوەیان گرنگ نییە کە ئاخۆ خودی (میلیۆکۆف) تا چ ڕادەیەك بڕوای بەم بیرۆکانە هەیە، بەڵام ئەو بەردەوام سوور بوو لەسەر دوپاتکردنەوەی ئەوەی کە پێویستە دەست بەسەر (قوستەنتینیە)دا بگیرێ، لەم بوارەشدا بەگەمژەییە باوەکەی خۆیەوە دەدوا، لە (٢٠)ی مارسدا، وەزیری دەرەوەی ڕوسیا داوای کرد لەباڵوێزانی هاوپەیمانان کە هانی حکومەتەکانیان بدەن بۆ خەباتی (سربیا)و وازلێ هێنانی تاکو بەوەش خەیانەتی بولگاریا بکرێتەوە بۆ ئەڵمانیاو هاوپەیمانەکانی، باڵوێزی فەرەنسا داچڵەکیو دانەجیرەی لێهات کە گوێی لەم پێشنیارە بوو، لێرەدا (میلۆکۆف) جەخت دەکاتەوە لە ((گرنگی هەبوونی ئیعتیباراتی سۆزدارانە لەم مەسەلەیەدا))و وازهێنان لەو سەلەفییەتە تازەیەی کە هەر لەسەرەتای سەرکوتکردنی شۆڕشی یەکەمەوە بانگەوازی بۆ کردبوو. بەڵێ (ئیجلس) پێکابووی کاتێك لەساڵی ١٨٨٢ بۆ (برنشتاین) نووسیبوی:

[١٧٢] سەراسیمە: سەراسا: سەروو ئاسا: خوارق العادات: معجزات.





((جادوگەرە روسەکان ئامانجیان لەسەرخستنی یەکێتی سەلافیدا چییە؟ دەستگرتن بەسەر (قوستەنتینیەدا)، ئەوەش هەموو شتێکە)).

ڕووبەڕووکردنەوەی ئاڕاستەی ئەو تاوانانەی کە هەتا دوێنێ ڕوویان لەداروودەستەی کۆشکی پاشایەتی دەکرد، بەتایبەتیش تاوانی ئەوەی کە لایەنگریو دۆستایەتی ئەڵمانیا دەکراو لەپێناوی خزمەت کردنی ئەواندا کارکراوە، ئەم تاوانانە وەك تیری نووك ژەهراوی بەرەو شۆڕش ئاڕاستە کران، لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا، ئەم دەنگو سەدایە توندوتیژتر بووەوەو هێزو بەدکاری باشتری بەخۆیەوە دەبینی لەناو قسەو وتارەکانی (کادیت)دا. بەم شێوەیە لەسەر لیبراڵیەت واپێویست بوو کە سەرچاوەکانی شۆڕش لێڵ بکاتو بیرەکانی ژاراوی بکات، بەر لەوەی دەست بگرێ بەسەر ئاوی تورکیادا.

هەموو سەرکردەکانیش دوای ڕاپەڕین هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی خۆیان سەبارەت بەجەنگ بەمەبەست وەرنەگرتو خۆیان نەگرت[١٧٣]، یاخود بەلایەنی کەمەوە زۆربەیان ئەم هەڵوێستەیان دوای ڕاپەڕین بەهەند وەرنەگرتو نەیانخستە ناو ستراتیژی خۆیانەوە، بەشێکیشیان تاکو ئێستاش لەو بارودۆخە مەعنەوییەدا دەژی کە پێش سۆڕش کەوتبوو، وە بەسترابووەوە بەداخوازی ئاشتییەکی کەم وێنەوە، هەندێ لەسەرکردەکانی (کادیت)یش دواتر زۆر بەڕاشکاوانە ئەو ڕاستییەیان دان پیاناو گوتیان (نابۆکۆف)یش دان بەوەدا دەنێ کە لەگەڵ چەند ئەندامێکی حکومەتدا هەر لەڕۆژی (٧)ی مارسەوە دەست بەکاربوون بۆ ئەنجامدانی کودەتایەك یان فێڵو تەکتیکێك بەمەبەستی هێنانەدی ئەو ئاشتییە دەگمەنە، ژمارەیەکیش لەئەندامانی ناوەندی حیزبی (کادیت) بەشێوەی کۆمەڵ کاریان دەکرد بۆ ڕازی کردنی سەرۆکەکەی خۆیان بەگۆڕینی بەردەوامێتی جەنگ.

(بارۆن نۆڵد)یش دەڵێ: (( (میلۆکۆف) ئەو مەسەلەیەی بەساردو سڕییەکی ئاشکرای گفت پێدەرانەوە باس کرد کە پێویستە ئامانجەکانی جەنگ دیاری بکرێ جا هەرچەندێکیشیان تێ بچێت)). هەر لەم کاتانەشدا، جەنەڕاڵ (کیسییف) خۆی لە (کادیت) نزیك کردبووەوەو کەوتبووە پشتیوانی کردنی (میلۆکۆف)و جەختی دەکردەوەو دەیگوت: ((سوپا توانای هەڵسانەوەی هەیە لەو کپ بوونەی تێی کەوتووە))

[١٧٣] خۆیان نەگرت: نەیانگرتە خۆ.

دەسەڵاتیش ئەرکی هەڵسانەوەی سوپای خستە ئەستۆی ئەم ئەفسەرە تایبەتمەندە لەبواری ڕێکخستنی کارەساتەکاندا.

هەندێ لەساویلکە لیبراڵیو دیموکراتییەکان، ڕەهەندەکانی ئەو ڕێگەیەیان نەدەزانی کە (میلیۆکۆف)ی لەسەر بوو، بۆیە وایان دانابوو کە ناوبراو شاسواری دڵسۆزییە بۆ هاوپەیمانانو (دۆن کیشۆت)ی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانە، ئەمە چ گەمژەییەکە! کاتێکیش بەڵشەفییەکان دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت (میلیۆکۆف) تەنانەت یەك خولەکیش دوودڵ نەبوو لەوەی کە سەردانی (کییف)ی داگیرکراو بکات لەلایەن ئەڵمانییەکانەوەو خزمەتەکانی خۆی پێشکەشی حکومەتی (هۆهنزۆلرن) بکات، کە زۆریش بەپەرۆش نەبوو بۆ ڕازی بوون لەسەر قەبوڵکردنی ئەو خزمەتانە، ئامانجی ڕاستەوخۆی (میلیۆکۆف)یش لەم کارەیدا ململانێ کردن بوو دژی بەڵشەفییەکان دوای دەستکەوتنی ئەو زێڕە ئەڵمانییەی کە پێشتر هەوڵی دابوو سایەی[۱۷٤] خۆی بخاتەگەڕ بۆ ناشیرینکردنی بەهای شۆڕشەکە، گەلێك لەلیبراڵییەکان وایان دەبینی کە بانگەشەکردنەکەی (میلیۆکۆف) بۆ ئەڵمانیا لەساڵی ۱۹۱۸دا، لەڕووی تێنەگەیشتنەوە سەیرو نامۆ بوو، وەك بەرنامە تایبەتەکەی پوکانەوەو سەرکوتکردنی ئەڵمانیا، کە هەردووکیان ئاشکراو ڕوون بوون سەبارەت بەهەمان مەدالیا، خودی (میلیکۆف) یان چینەکەیشی کاتێك ویستیان خەیانەت لەهاوپەیمانان بکەن هێندە خەیانەتێکی گەورە نەبوو بەقەدەر ئەو خەیانەتەی پێشتر (صربیا) لێی کردبوو، بەڵام ئەو یەك سیاسەتی نەگۆڕی گرتبووەبەر، ئیتر ئەم چ تاوانێکی هەیە کە دیمەنو ڕوخساری ئەم سیاسەتە بەو ڕادەیە خراپو دزێوبێ؟ (میلیۆکۆف) ترپەی دڵی ئەوانی پێوابوو لەسەردەمی دەسەڵاتی قەیسەریدا بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئاشتیەکی دەگمەنو ناوازە، بەچەشنێ کە وڵات دوربخاتەوە لەمەترسی سەرهەڵدانی شۆڕش، پاشان پێویست بوونی بەردەوامی جەنگی ڕاگەیاند تا ئەوپەڕی تواناو سنوور بەئامانجی لێدانو سەرکوتکردنی شۆڕشی فێبرایر، دوای ئەوەش هەوڵیدا هاوپەیمانییەك لەگەڵ (هۆهنزۆلرن) ببەستێ بۆ هەڵگێڕانەوەو لەڕیشە دەرهێنانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)، ناوبراو لەهەموو ئەم هەڵوێستو هەنگاوانەیدا

---

(۱۷٤) سایە: داوەڵ: شبح.





دڵسۆزی دەوڵەمەندو خاوەنداران بوون، ڕاستە نەیدەتوانی یارمەتییان بدات، هەموو جارێکیش سەری خۆی ئەکوتا بەدیوارێکی تازەدا، ئەمەش لەوەبەولاوە هیچی تر نییە کە بریکارەکانی خۆی بەسەر ڕێگەیەکی داخراودا دەڕۆیشتن.

(میلیکۆف) لەیەکەم ڕۆژەکانی شۆڕشی یەکەمدا کە لەدوای شۆڕشەوە هاتنە پێشەوە، پێویستییەکی زۆری بەهێرشێکی بەهێزی ئەڵمانی هەبوو، لەبەدبەختی ئەو، بارودۆخی (مارسو ئەپیرل) لەڕووی کەشەوە لەبارنەبوو بۆ ئەنجامدانی کارو کردەوەی گەورە گەورە لەناو بەرەی سوپای ڕوسیدا، وێڕای ئەمەش ئەڵمانیا کەوتبووە ناو تەنگژەی نارەحەتییەکانەوە، ئەمیش لەبەدحاڵی ئەوان تێگەیشتبوو، دوای دوودڵییەکی زۆر هانیدان کە بڕیارێك بدەن، بڕیارەکەش ئەوەبوو واز لەشۆڕشی ڕوسی بهێنرێ تاکو ڕەوتی پەرەسەندنی ناوخۆیی وەك خۆی بڕوات‌و چاوەڕوان بن داخۆ چی بەسەر دێت‌و چی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام (لینسجین)ی جەنەڕاڵی ئەڵمانی، لەلایەن خۆیەوە سەربەخۆ دەستی دایە کارکردنو هەنگاونانو لە (۲۱)ی مارسدا هێرشی کردە سەر کەرتی (ستۆخۆد) سەرکەوتنەکەیشی حکومەتی ئەڵمانیای ترساند، هاوکات خۆشیو شادی خستە دڵی حکومەتی ڕوسییەوە. سەرکردایەتی باڵای ڕوسیاش خۆی بەدوور نەگرت‌و دەستی نەپاراست لەخستنەگەڕی ئەو توانایەی کە لەسەردەمی قەیسەردا ڕسواترین سەرکەوتنی پێ گەورە دەکرا، بەڵام ئەمجارەیان تێك شکانی (سۆخۆد)ی گەورەو زەبەلاح کرد، قەوارەیەکی لەوە گەورەتری دایە کە شایستەو پڕاوپڕی خۆی بێت. ڕۆژنامەگەریی ئەڵمانی کەوتە هەوای خۆیەوەو قەڵەمی نووسەران دەستیان کرد بەنووسینو پەخشی باسی پەشێوییەکانی سوپای ڕوسیو تۆقانو زنۆق چوونو بێ ورەبوونو زیان لێکەوتنی بەشێوەیەکی زۆر گاڵتەجاڕانەی وا کە هەر لەو وەسفە سەیرانە دەچوو کە پێشتر وەسفی زیانەکانی دوژمنی پێ دەکرا لەچەك‌و جبەخانەو دیلو گیراوەکان. بۆرجوازییەت‌و جەنەڕاڵەکان گەیشتنە حاڵەتی ئەوپەڕی تێکشکانو بێ ورەیی، بەڵام (لینسینجین) لەسەرکردایەتییەکەی خۆیەوە فرمانی ڕاوەستاندنی هێرشی بۆ هات، بەرەی سوپا گەڕایەوە دواوەو هەڵوێستی چاوەڕوانی گرتەبەر لەناوجەرگەی زۆنگ‌و مێرگە بەهاریەکاندا.

دەکرا بیرۆکەی خستنەگەڕی جەنگ و بەکارهێنانی دژ بەشۆڕش سەرکەوتوبێ بەو مەرجەی حیزبە ناوەنجییەکان ـ کە جەماوەری گەلیان لەگەڵدا بوو ـ هەستێ بەڕۆڵی میکانیزمانەی گواستنەوەی سیاسەتی لیبراڵی، پێکەوە بەستنەوەی بیرۆکەی جەنگ بەبیرۆکەی شۆڕشەوە لەسنوری توانای لیبراڵی تێپەڕیبوو، دوێنێ دەیگوت کاریگەری شۆڕش بەسەر جەنگەوە لەکارەسات دەچێ، لەبەرئەوە هەر دەبوایە ئەو ئەرکە بخرێتە ئەستۆی دیموکراتییەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاشکرا بێت ـ واتە بەنهێنی ـ ئەم هەڵسوکەوتە لەناکاوە بکرێت، وا پێویست بوو کە لیبراڵییەت نەخشەکاری خۆی فێری دیموکراتییەت نەکات و پێی نەڵێ و بەوە وازبێنێ کە بیکاتە داوی خۆیەوەو ڕاوی بکات، هەروەها پێویست بوو لەسەری کە دیموکراتییەت هەڵ لوشێ و بۆ خۆی بقۆزێتەوە بەهۆی بیرۆکە پێشینەکانی و پڕوپاگەندە بەردەوامەکانی سەبارەت بەحیکمەتە سیاسییەکانی و چاوترسێن کردنی لەبەرپابوونی پشێوی و قسەوباسی خۆش لەگەڵیدا لەبەرچاوی بۆرجوازییەت و پاشقولیش ژێر بەژێر لەودیوی بۆرجوازییەتەوە.

سۆسیالیستەکان ـ لێرەدا ناچارین ئەم دەربڕینە کورتە بەکاربهێنین وەك دەلالەتێك لەسەر مەنشەفی و سۆسیالە شۆڕشگێڕەکان ـ لەڕۆژانی یەکەمەوە دەیانزانی کە دەتوانن چی و چۆن چۆنی ڕەفتار بکەن سەبارەت بەجەنگ، (تەشخیدزە) کە تەنگەتاوی خۆی نیشان دەدات و دەڵێت: ((ماوەیەکی دورودرێژ دەربارەی دژی جەنگ قسەمان کرد، ئیتر چۆن ئێستا بانگەشە بۆ درێژەدان بەجەنگ بکەم؟)) لە (١٠)ی مارس لیژنەی ڕاپەڕاندن بڕیاریدا بروسکەیەك بنێرێ بۆ (فرانزمیهرینغ) و پیرۆزبایی لێ بکەن، باڵی چەپیش لەهەوڵی ئەوەدابوون ویژدانی سۆسیالیستانەی ڕازی بکەن لەم ڕەفتارەدا کە زۆرێتی و تۆبزی نەدەویست. سۆڤیەتیش بەردەوام بوو لەدرێژەدان بەخۆڕاگری بەرانبەر بەمەسەلەی جەنگ، سەرکردە سۆڤیەتییەکان لەوروژاندنی ئەم مەسەلەیە دەترسان، تاکو سەرەنجام بەیەکادانی لێ نەکەوێتەوە لەگەڵ حکومەتی کاتیداو مانگی هەنگوینی لە ((لیژنەی پەیوەندی)) تاڵ نەکەن، هاوکات لەوەش دەترسان کە جیاوازی و دووبەرەکی بکەوێتە ناو ڕیزەکانی خۆشیانەوە، چونکە ژمارەیەك لەلایەنگرانی بەرگری نیشتمانییان لەناودابوون،





هەروەها زیمیرفالدییەکانیش هەریەکە لەم لایەنانەش زێدەڕەوییان دەکرد لەدیاری کردنی جیاوازییەکانی خۆی و پیاهەڵدان و نرخ بۆ دانانی.

کۆمەڵێکی زۆر لەناوەندە ڕۆشنبیرییە شۆڕشگێڕەکان گۆڕانکارییەکی بۆرجوازیانەی بەرچاویان پێوە دەرکەوت لەماوەی جەنگدا، گیانی نیشتمانییەتی پەت یان پەردەپۆشکراو لەهەوڵی ئەوەدا بوون ڕۆشنبیران لەجەماوەر دابڕن و بەچینە فەرمانڕەواکانیانەوە ببەستنەوە، لیوای زیمیرفالییەکانیش کە باڵی چەپەکانی لەبن دەست بوو کۆت و بەندو مەرجێکی زۆری نەسەپاند بەسەر لایەنگرانی خۆیدا، تەنها ئەوە نەبووبێ کە وای پێویست کرد ڕێکخستنی نیشتمانییانەی ژێر بەژێری خۆیان لەگەڵ گروپی (ڕاسپۆتین) ئاشکرا نەکەن، بەڵام ئێستا، ئەوان بەتەواوەتی خێزانی (ڕۆمانۆف) بەگشتی و بنەماڵەکەی تێکشکان و دەسەڵاتیان نەما. ڕوسیا بووەتە وڵاتێکی دیموکراتی، ئەوەش ئاستی ئازادییەکانییەتی کە لەجۆرەها پلەو نمرەی جیاجیادا دەردەکەون، بەشێوەی بروسکە ئاسا، کە ئاوی چاو دەبات ئاوا دیاردەی ئەم دیموکراتی بوونە لەسەر دیمەنە پۆلیسییەکەی دەردەکەوێ، کە ئەو ئەوروپایەیشی داپۆشیوە ـ گرتوویەتیەوە ـ کە دەکەوێتە نێوان کەڵبە دیکتاتۆریە سەربازیەکانەوە، نیشتمانیە کۆنەکان و تازە دەست بەسەرەکان لەکۆبونەوەی لوتکەی لیژنەی ڕاپەڕاندندا هاواریان لێ بەرزبووەوەو گوتیان: چییە؟ بۆچی پێویستە بەگری لەشۆڕشەکەمان نەکەین، دژی (هۆهنزۆلرن)؟ زیمیرفالدیۆنەکان بەزمانێکی زیت و پژاوەوە کەوتنە قسە، لەوانەش (سۆخانۆف) و (ستیکلۆف) گوتیان: جەنگ تا ئێستاش ئیمپریالیانەیە، چونکە لیبراڵیەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێت شۆڕش هەستێ بەڕاپەڕاندنی کردەوەی گەلاڵەکردن و گرتنە خۆی ئەو شتانەی قەیسەرییەت نەخشەی بۆ دانابوو. (تەشخیدزە)ش هاواری لێ هەڵساو گوتی: ((ئێستا چۆن من دەتوانم بانگەشە بکەم بەدرێژەدان بەجەنگ؟)) بەڵام مانگرتن و بڕوبیانوی زیمیرفالدییەکان ڕاوەستێنران و لەکارکەوتن، بەتایبەتیش چونکە ئەمان یەکەم کەس بوون کە هاوکاربوون تاکو دەسەڵات بدرێتە دەست لیبراڵییەکان، پاش چەند هەفتەیەك لەدوودڵی و بەرگری کردن، بەشی یەکەمی نەخشەی (میلیۆکۆف) بەهاوکاری (تسیریتلی) سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەوەبوو هەموو دیموکرات خوازە

خراپەکان‌و داخوازانی سۆسیالیستی بەرەوڕەوەی جەنگەوە بەسترانەوە، ئەم دیموکراتییانەش وردە... وردە لەژێر قامچی لیبراڵییەکاندا بۆیان ڕوون بووەوەو فێربوون کە دەبێ هەموو توانایەکی خۆیان بخەنەکار لەپێناوی هێنانەدی سەرکەوتنی هاوپەیمانان بەسەر ڕوسیادا و سەرخستنی ئەمەریکاش بەسەر ئەوروپادا.

ئەو کارە بنەڕەتیە گرنگەی کە تەوفیقییەکان لەئاستیدا دۆش دامابوون‌و نەیاندەزانی چۆن چۆنی ڕای بپەڕێنن بریتی بوو لەپەیوەست کردنی هێزی جەماوەری شۆڕشگێڕ بەباڵی نیشتمانییەکانەوە، بۆیە تواناکانیان لەدوو بواردا قاڵب ڕێژ کرد: یەکەمیان بوژاندنەوەی گیانی جەنگاوەرێتی لەناو سوپادا، ئەمەش کارێکی سەخت‌و گرانە، دووەمیشیان داواکردن لەدەوڵەتە هاوپەیمانەکان بۆ وازهێنان لەکردەوەی دزی‌و تالانی، ئەمەش داواکارییەکی زۆر پڕوپوچانەیەو لەوپەڕی سووک‌و سەلیمیدایە، بەم جۆرە تەوفیقییەکان لەسەر ئەم دوو ڕێیە مانەوە: لەخەیاڵەوە بۆ نائومێدی، لەبەخشینەوە بۆ ڕسوایی‌و سەرشۆڕی، بەمەش دەتوانین نیشانەی سەرەڕێگەکەیان دابنێین‌و بناسینەوە وەك یەکەم نیشانەی ناسینی ڕەوتەکەیان.

* * *

(ڕۆدزیانگۆ)ش لەسایەی ئەو پایەداری‌و گەورەییەی خۆیدا کە چەند کاتژمێری دیاری کراوی خایاند، توانی فەرمان دەربکات بۆ سەربازان تاکو بگەڕێنەوە بارەگاو ئۆردوگاکانی خۆیان‌و سەرلەنوێ ملکەچ بکەنەوە بۆ ئەفسەرانیان، لەئەنجامی ئەم فرمانانەیشەوە بارێکی هەڵچوون‌و شپرزی هێزە سەربازییەکانی حامییەکانی گرتەوە، سۆڤیەتیش ناچار بوو کە یەکەم کۆبونەوەکانی خۆی تەرخان بکات بۆ لێکۆڵینەوە لەچارەنووسی سەربازان لەئایندەدا لەناوجەرگەی ئەم پەتاو شێواویەداو لەناوجەرگەی ئەو کۆبونەوانەی کە هیچ جیاوازییەکیانە نەبوو لەگەڵ کۆبونەوەیەکی گشتیداو لەژێر گوشاری ڕاستەوخۆی ئەو سەربازانەی سەرکردە بزرو نادیارەکان نەیاندەتوانی ڕاگیریان بکەن‌و بیانوەستێننەوە، (فرمانی بەناوبانگی ژمارە یەك) لەدایك بوو کە بەبەڵگەو بڕوانامەیەکی نایاب‌و بەڕێز دادەنرێ لەشۆڕشی فێبرایردا، لەیاسای سەربەستی‌و ئازادی سوپادا، بڕگە پڕ لەئازایی‌و بوێرەکانی ئەو بڕیارەش بەشێوەیەکی نوێ لەبەرچاوی





سەربازان ڕوون کرایەوە، چەند شتێکی دیاری کرد، لەوانەش: پێکهێنانی لیژنەی هەڵبژێردراو لەهەموو کەرت‌و یەکە سەربازییەکاندا، هەڵبژاردنی نوێنەرانی سەربازان لەسۆڤیەت، ملپێکەچکردنی کەرتە سەربازییەکان بۆ گوێڕایەڵی کردنی هەموو کاروبارە سیاسییەکانی دەسەڵاتی سۆڤیەت‌و لیژنەکانی، دانانی چەك لەژێر چاودێری لیژنەکانی سریەکان‌و کەتیبەکاندا، ((نابێ هیچ کام لەم ئەرك‌و بەرپرسیاریانە بدرێتە دەست ئەفسەرەکان، بەهیچ شێوەیەك لەشێوەکان))و دابین کردن‌و مسۆگەر کردنی ئینزیباتیەتێکی توندوتۆڵی سەربازی لەکاتی بەئەنجام گەیاندنی خزمەتی سەربازیدا، خاوەنداریێتی‌و بەدەست هێنانی هەموو مافە مەدەنییەکان بۆ سەربازان لەدەرەوەی کاتەکانی دەوامی خزمەتی سەربازیدا، ڕێگرتن لەوەی کە ئەفسەران بەتوندوتیژی‌و ڕق‌و قینەوە مامەڵە لەگەڵ سەربازاندا بکەن و یان بەڕشتەی تاك[175] لەگەڵیاندا بدوێن‌و هەڵوەشاندنەوەی سڵاوی سەربازییانەو پلەو نازناوەکانی پلەداران لەدەرەوەی کاتی خزمەتی سەربازیداو... هتد. ئەمە ئەو بەری ڕەنجی ماندوبونەبوو کە سەربازانی پترۆگراد دەستیان کەوت لەئەنجامی بەشداری کردنیان لەڕاپەڕیندا، جا ئایا دەبێت بگەنە دەرئەنجام‌و دەستکەوتی تر، جگە لەمانە؟ هیچ کەسێك ناتوانێ بەرگی لەم داواکاریانە بکات، سەرکردە سۆڤیەتییەکانیش لەکاتی داڕشتنی دەقی (بڕیاری فرمانی ژمارە یەك)دا سەرقاڵ بوون بەکاروباری لەوە گەورەترو بەبایەخ تر، فریای وردەکاری ئەم بڕیارە نەدەکوتن: ئەوان لەو کاتەدا لەگفتوگۆدابوون لەگەڵ لیبراڵیەکان، بزربوونەکەشیان ببوو بەبەڵگەو بیانوویەك بۆ پاکانەکردنی خۆیان لەبەردەم بۆرجوازییەت‌و سەرکردایەتی سەربازیدا.

لەوکاتەدا کە (فرمانی ژمارە یەك) دەرچوو ئینجا لیژنەی ڕاپەڕاندن بەهۆش خۆی هاتەوە، نوسراوێکی نارد بۆ چاپخانە تاکو لەوێوە ئاڕاستەی سەربازان بکرێ کە بریتی بوو لەباگەوازێك، کە تیایدا هەڕەشە لە سەربازان دەکەن کە نەکەونە کوشتنی ئەفسەران‌و

---

[175] لەزمانی ڕوسیدا، هەروەکو زمانی فەڕەنسی دوو ڕێگە هەیە بۆ قسەکردن‌و دواندن: یەکەمیان: لەڕشتەی (کۆ)دایە بۆ دەلالەت لەسەر ڕێزنواندنی بۆ بەرانبەر، دووەمیان: بەڕشتەی تاك، کە بۆ بەرزکردنەوەی داواکاریە لەنێوان کەسانی ئاشناو دۆست‌و ناسیاواندا، یان بۆ نیشاندانی پلەوپایەی گەورەیی کەسێکە بۆ ئەوانەی لەخوارخۆیەوە لەپلەیەکی نزمتردان.

(دوو وەرگێڕە عەرەبییەکە)

چەك كردنیانو دەبێ ملكەچ بكەن بۆ فەرماندەیی سەربازیە كۆنەكانی خۆیان، ئەم بانگەوازەش بەچارەسەرو دەرمانێك دانرا بۆ ئەو ژەهرەی بانگەوازەكەیان پەسەند نەكردو ڕازی نەبوون، بەڵام كارمەندانی چاپخانەكان چاپ كردنی بانگەوازەكەیان پەسەند نەكردو ڕازی نەبوون، كەسە دیموكراتییە بەشدارەكانی داڕێژەر لەو بانگەوازەدا توڕەبوونو هەڵچوون، دەیانگوت: ئێمە بەرەو كوێ دەچین؟ ئەمەش هەڵەیەكە، كە لەوباوەڕەداین كە كارمەندانی چاپخانەكان خەلكیان هانداب‌ێ، یان بەو كارەیان هاندەر بووبن بۆ توندوتیژی نواندن دژی ئەفسەران بەڵكو ئەو كارمەندو كارێكارانە شتەكەیان والێك دایەوە كە بانگەشە كردن بۆ ملكەچ كردنی سەربازان بۆ فەرمانی ئەفسەرانی سەر بەسوپای دێرینی قەیسەر لەم ڕۆژانی شۆڕشەدا، مانای كردنەوەی دەرگای دەسەڵاتو پێ تێپەڕاندن لەسنوور، ئەوانیش خۆیان تەنها وەك كرێكاری چاپخانە لەقەڵەم نەدەدا، بەڵكو پێیان وابوو ئەو بانگەوازە هەڕەشەیەكە بۆ سەروگیانی شۆڕشەكە. لەڕۆژانی یەكەمەوە، هەر لەو كاتەوە كە چارەنووسی ئەفسەران گێڕانەوەیان بوو بۆ ناو فەوجەكانی خۆیان ڕاڕاییو ترسی لەدڵی سەربازانو كرێكاراندا دروست كردبوو تاڕادەیەكی زۆریش، هانی ڕێكخستنەوەی سۆسیالیستی دیموكراتی دا كە بانگی (ڕێكخراوی ناوچەكان[١٧٦])ی نزیك لەبەلشەفییەكان بكات، ئەم مەسەلەیەی بەجۆشو خرۆشی شۆڕشگێڕانەوە بخاتە بەرچاوی بانگەوازەكەشیان كە بۆ سەربازان بوو دەیگوت: ((ئێوە خۆتان فەرماندەی گروپو سریەو فەوجەكانی خۆتان هەڵبژێرن، نەبادا دەرەبەگو ئەفسەرەكان هەڵتان بخەڵەتێنن، نەهێڵن ئەفسەرتان لەناودا بمێنێ، جگە لەوانەی كە دەزانن هاوڕێی گەلو میللەت بوون)). ئەی دوای ئەمە چی ڕوویدا؟ لیژنەی ڕاپەڕاندن بەڵگەنامەیەكی گونجاوو لەباری دەكرد كەشیاو بوو لەگەڵ هەلۆیستو بارودۆخەكەدا، (تەشخیدزە)ش لەوتارەكانی بانگەشەی بۆ دەكردو ئاماژەی پێ دەكرد بە هاندانێكی خراپو زیانبەخش ناوی دەبرد، بەم جۆرە بۆمان دەركەوت كە دیموكراتییەكان هەر بەوە ناوەستنەوە كە ئازادی ڕۆژنامەنووسی سنووردار بكەن، كاتێك بارودۆخو مەسەلەكە وا

[١٧٦] ڕێكخراوی ناوچەكان Interdistructs ڕێكخستنێكی ماركسییانەی شۆڕشگێڕانە بوو، لەنزیكەی (٣) هەزار كرێكار پێك هاتبوو، لەسەركردەكانیشی (ئەنتۆنۆف)، (ئۆفسینكۆ)، (لۆتاتشاركسی)، (ترۆتسكی)، زوربەی ئەندامانیشی لەهاوینی ١٩١٧دا چوونە ناو بەلشەفییەكانەوە.





دەخوازێ كە بەربگرێ لەهەڵكوتانە سەر چەپەكان، بەڵام خۆشبەختانە ئازادییەكەی خۆشیان سنوردار بوو، ئەوەتا وێڕای پشتیوانی كردنی سەربازو كرێكاران لەلیژنەی ڕاپەڕاندن ـ لەو ڕوانگەیەوە كە دەزگای باڵایە ـ كەچی ئەم سەربازو كرێكارانە، هەڵەی سەركردەكانیشیان ڕاست دەكەنەوە لەكاتی تەنگانەكاندا، لەڕێی دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆیانەوە.

دوای چەند ڕۆژێك، لیژنەی ڕاپەڕاندن ((فرمانی ژمارە دوو))ی دەركرد، كە هەوڵی دەدا بەمەیان ((فرمانی ژمارە یەك)) هەڵبووەشێنێتەوە، دوای ئەوەی هەستی پێكراو دانرا بەبڕیارێكی تایبەتكراو بەسەر كەرتە سەربازییەكانی فەیلەقی پترۆگراد، بەڵام ڕەنجو ماندووبوونەكەیشی بەباچوو..! ((چونكە فرمانی ژمارە یەك)) لەهەموو لایەكەوە لەهەڵوەشاندنەوە گەورەترو بەهێزتر بوو، خۆ ئەو بڕیارە هیچی تازەی دانەهێنابوو، بەڵكو سنوری دانابوو بۆ چەسپ كردنو جێگیركردنی ئەو مەسەلانەی لەهەموو لایەكەوە دەتەقانەوە، لەناو بەرەكانی جەنگو بەرەكانی دواوەی سوپاو داوای چارەسەركردنیان دەكرا، داوای دان پیانانیان دەكرا، نوێنەرە لیبراڵییەكانیش خۆیان دەدزییەوەو ڕایان دەكرد لەو ڕەخنەو قسەوباسانەی ڕووبەڕوویان دەكرایەوە سەبارەت بە ((فرمانی ژمارە یەك)) ئەو ڕێگرو دیوارە ئەستورەیە كە بووەتە ڕێگرو لەبەردەمیانداو ناتوانن بەسەر سوپای ئەڵمانیدا سەربكەون، تەنانەت هەندێ لەو جەنەڕاڵانە لەو باوەڕەدابوون كە هەر بنو بنەچەی بڕیارەكەش ئەڵمانییە، تەوفیقییەكانیش لەگێچەڵو دەسیسەی خۆیاندا بەردەوام بوونو سەربازانیان هەراسانو بێزار دەكردن بەچەندجار دوبارەكردنەوەی هەراسانكردنەكە تاكو وا لەسەربازان بكەن ئەوەی بەدەستی ڕاست وەریانگرتووەو دەستیان كەوتووە بەدەستی چەپ فڕێی بدەنەوە خوارەوەو دەست بەتاڵ بمێننەوە.

لەم كاتەدا زۆرینەی سۆڤیەت داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنیان دەكرد بۆ ئەفسەران لەلایەن سەربازانەوە، دیموكراتییەكان ڕوخێنران، (سۆخانۆف) بەڵگەیەكی لەو باشتری نەدۆزیەوە كە گوتی: ئەو بۆرجوازییەتەی دەسەڵاتی گرتووەتە دەست بیرۆكەی هەڵبژاردن پەسەند ناكات، دیموكراتییەكان لەپشتی (غۆتشكۆف)ەوە شارانەوەو ون بوون، لیبراڵییەكانیش لەگەمەی خۆیاندا ئەو شوێنەیان گرتبوو كە دەبوایە پاشایەتی بیگرتایە

بۆ خۆی لەگەمەی سیاسیدا لەگەڵ لیبراڵییەکان، (سۆخانۆف) بۆمان دەدوێ و دەڵێ: ((کاتێك لەسەر تەختەی وتاردان دابەزیمە خوارەوە، قاچم هەڵکەوت لەسەربازێك کە ڕێگەی لێ گرتبووم، دەستی نابوو بەڕوومەوە، هێرشی دەکردە ئەو گەورە سەرکردانەی کە هەرگیز پاڵتۆی سەربازییان لەبەر خۆیاندا نەدیوە))، بۆیە ڕای کردو بەپەرۆشەوە بەداوی ئەو(کرنسکی)یەدا دەگەڕا کە هاوکاریو یارمەتی بدات بەشێوەیەك لەشێوەکان. بەڵێ، ئەو جۆرە کەسانە بایەخ بەهیچ شتێ نادەن ڕاپەڕاندنی کاروبارو ڕایی کردنیان.

تەوفیقییەکانیش ماوەی (١٥) ڕۆژ مانگرتنو خۆنیشاندان درێژە پێدا، بەوەی کە گوایە ئەمان هیچ شتێ دەربارەی جەنگ نازانن و لەو هەڵانە کەڕو بێ ئاگان، لە (١٤)ی مارسدا لیژنەی ڕاپەڕاندن پڕۆژەیەکی پێشکەش کرد بەسۆڤیەت بەناوی پڕۆژە بەیانی ((بۆ هەموو گەلانی جیهان بەگشتی)) کە (سۆخانۆف) دایرنابوو. ڕۆژنامە لیبراڵییەکان ئەم بەڵگە نامەیەیان بڵاو نەکردەوە کە تەوفیقییەکان لەڕاستەوە بۆ چەپ کۆدەکاتەوەو (فرمانی ژمارە یەك) پێك دەهێنێ لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا، بەڵام ئەم هەڵسەنگاندنە پڕ لەپیاهەڵدانە پڕیش بوو لەهەڵەو پەڵەو کوتومت وەك ئەو بەڵگەنامەیە بوو کە لەبارەیەوە قسەی دەکرد، بەڵێ (فرمانی ژمارە یەك) وەڵامی جەماوەری خوارەوەو لایەنگرە نزمە پلەکان بوو بەشێوەیەکی زۆر بوێرانەو چاك وەك وەڵامی ڕاستەوخۆ سەبارەت بەو پرسیارانەی شۆڕش ئاڕاستەی سوپای کردبوو، هاوکات بەیانەکەی (١٤)ی مارس وەڵامدانەوەیەکی ساختەی سەرەوە بوو دەربارەی ئەو پرسیارانەی کە سەربازو کرێکاران بەوپەڕی شەرەفەوە خستبوویاننە ڕوو.

بەیانەکە بێگومان تەعبیری لەئارەزووی ئاشتی دەکرد، بەتایبەتیش ئاشتییەکی دیموکراتییانە، بەڵام ئیمپریالییە خۆرئاواییەکان بەماوەیەکی زۆر پێش ڕاپەڕینەکەی فێبرایر زۆر چاك لەوە تێگەیشتبوون کە چۆن ئەم وشەو زاراوە فرتو فێڵاویانە بەزمان بەکاربهێنن بۆ چەواشە کردن، دەشزانین کە (وڵسۆن) بەناوی ئاشتییەکی تۆکمەو چاكو (دیموکراتی)یەوە لەم کاتەدا هاتە ناو جەنگەوە، هەروەها (ئەکسیث) کاتی خۆی پۆلێنکردنێکی زانستیانەی کردەوەکانی گرتنەخۆی پێشکەش بەپەرلەمانی ئینگلیزی کردبوو، لەکۆتاییەکەیشیدا داوای کردبوو کە دەبێ ئەو گرتنە خۆیانە سەرزەنشت بکرێن





کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیای گەورەو مەزندا یەکانگیر نینو دەبێ ئەوانە بەکردەوەی ناڕەوستی دابنرێن، دیبلۆماسییەتی فەرەنسیش ئامانجی دەرکردنی (ڕووپاماکاران)[177] و خاوەن حانوتەکان بوو بۆ دوورترین مەودا.

یاداشتنامە پڕ لەدڵسۆزییە ساویلکانەکە، کەوتە خوارەوە لەناوجەرگەی چاڵو چۆڵی درۆو جادوگەری ڕەسمی فەرەنسا، بەیانەکە بریتی بوو لەوەی کە: ((بەرگریکردن لەئازادیەکەمان بەوپەڕی خۆڕاگریەوە)) دژی ئەو گیانی سەربازییە بێگانەیەی کە هەیە، قسەوباسی لەم جۆرەش دەچێتە سەر قازانجو کەلوپەلی سۆسالیستە نیشتمانییە فەرەنسییەکان کە هەر لەمانگی ئابی (١٩١٤)ەوە خستبویانەڕوو، بەیانەکە دەڵێ: ((کاتی ئەوە هاتووە کە گەلان خۆیان دەست بکەن بەیەکلاکردنەوەی مەسەلەی جەنگو ئاشتی))، لەگەڵ ئەوەشدا کە دانەرانی بەیانەکەو نووسەرەکانی ماوەیەکی کەمە وازیان لەو ئەرکە هێناوەو خستویانەتە ئەستۆی بۆرجوازییەتی گەورە، ئەم بەیانە بانگەوازێك ئاڕاستەی کرێکارانی ئەڵمانیاو نەمساو هەنگاریا دەکات: ((واز لەکارکردن بهێنن کە وەك ئامێرو کەرەسەی توندوتیژی جەنگ وانە لەبن دەستی دەوڵەمەندو خاوەندارو پاشاو دەرەبەگو سەرمایەداراندا!))، ئەم قسەیەش سەرتوێژێکی درۆ داپۆشیوە، چونکە سەرکردە سۆڤیەتییەکان هەوڵیان نەداوە بۆ پچڕاندنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕژێمە پاشایەتییەکانی ئینگلتەرەو بەلجیکادا، یان لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی یاباندا، یاخود لەگەڵ خاوەندارو سەرمایەدارو خاوەن بانکەکانی ڕوسیاو وڵاتانی هاوپەیمانانـدا. سەرکردەکانی سۆڤیەت، داوایان لەکرێکارانی ئەڵمانیاو نەمساو هەنگاریا کردووە کە دوای ڕوسیا بکەون، ئەمەش کاتێکە کە سۆڤیەت سیاسەتی دەرەوەی خۆی سپاردووە بەو (میلۆکۆف)ەی کە ماوەیەکە داوای ئەوە دەکات ڕوسیای خۆرهەڵات بکرێ بەهەرێمێکی ڕوسی، سەرزەنشتی کردنی قەسابخانەو کوشتو کوشتاریش بەشێوەی شانۆیی هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ، خودی (پاپا)ش بایەخی بەو جۆرە شتانە دەدا، بەم جۆرە تەوفیقییەکان کۆمەڵێ ڕستەی پوچو بێ ناوەڕۆکیان بەکارهێنا دژی سایەو سێبەری

[177] ڕووپاماکاران: ماستاوچییەکان: مەرایی کاران: ڕوکەشکاران.

پاشاو خاوەندارو ئاغاو دەرەبەگو سەرمایەدارانو خاوەن بانکەکان، شۆڕشی فێبرایریان کردە چەکێكو دایانە دەست پاشاو خاوەندارو سەرمایەدارە ڕاستەقینەکان.

ئێمە لەو بروسکە پیرۆزباییەدا کە (لوید جۆرج) ئاراستەی حکومەتی کاتیی کردبوو تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەم سیاسەتمەدارە ئینگلیزە وادەبینێ کە سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕوسی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ((جەنگی ئێستا، لەناوەڕۆکیدا بریتییە لەخەباتێك لەپێناوی حکومەتی گەلو ئاشتیدا))، بەیانی (١٤)ی مارس ((ناوەڕۆکەکەی)) لەگەڵ (لوید جۆرج) ئەوە دەگەیەنێ کە پشتیوانییەکی گەورەو بەهێزە بۆ پڕوپاگەندەی سەربازی لەئەمریکا، (میلیۆکۆف)یش چاك پێکابووی کە لەیاداشتەکانیدا نووسیبووی: ((ئەو بانگەوازەی بەنەزمێکی ئاشتیانەوە دەستی پێکرد، لەناوەڕۆکیدا ئەیدۆلۆژیەتێکی هەیە، کە ئایدۆلۆژییەتی هەموو هاوپەیمانانمان دەنوێنێو نوێنەرایەتیان دەکات))، وێڕای ئەم هەموو شتانەش، لیبراڵییە ڕوسەکان هێرشیان کردە سەر بەیانەکە بەوپەڕی دڕندەییەوەو زیاد لەجارێکیش، ڕێی لەسانسۆری فەرەنسیش گیرا کە بچێتە ناو وڵاتەکەیەوە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ترسی ئەم کەسانە بەگشتی بۆ ئەو ڕاڤەیەی کە لەوانەیە جەماوەری شۆڕشگێڕ بۆ ئەم بەیانەی بکەن، لەو ڕوانگەیەوە تاکو ئێستاش متمانەی جەماوەر بەداڕێژەرانی ئەو بەیانە هەر ماوە.

داڕشتنی بەیانەکەش لەلایەن (زیمیرفاڵدین)ەوە بەڵگەیەکە لەسەر سەرکەوتنی بیروباوەڕی باڵی نیشتمانی، سۆڤیەتاتی ناوچەکانیش ئەم شتەیان بەهەند وەرگرتو دروشمی: ((جەنگ دژی جەنگ)) شکستی هێناو لەحساباتدا وەلانرا، بەیانە نیشتمانییەکەش پشتیوانییەکی ڕەهای بەدەست هێنا، تەنانەت لەئۆڕاڵو کۆسترۆماشدا، کە بەڵشەفییەکان تیایدا باڵادەست بوون، دیارە ئەمەش سەیرو نامۆ نییە: کە بەڵشەفییەکان لەسۆڤیەت ـ پترۆگرادیشدا هیچ شتێکیان دژی ئەم بەڵگەو بەیاننامە فریودەرە نەخستەڕوو.

دوای چەند هەفتەیەك، حکومەتی ڕوسی ناچار بوو کە بەشێك لەقەرزە دەرەکییەکانی ـ وڵاتانی دەرەوە ـ بگێڕێتەوە، بۆیە قەرزکردنی جەنگی ڕایگەیاند کە ناوی ((قەرزی ئازادی)) بەسەردابڕا، (تسیریتلی)ش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەڵسانی حکومەت





بەئەنجامدانی هەموو ئەرکەکانی لەسەر دیموکراتییەت وا پێویست دەکات کە پشتیوانی قەرزەکان بکات، باڵی ئۆپۆزیسیۆنی ناو لیژنەی ڕاپەڕاندن زیاتر لەسێیەکی دەنگەکانی بەدەستهێنا لە (١٣)ی نیساندا ئەنجومەنی سۆڤیەت کۆبویەوە، بەهەموو ئەندامەکانییەوە، و کەس دەنگی نەدا دژی قەرز، جگە لە (١١٢) نوێنەر نەبێ لەنزیکەی (٢) هەزار نوێنەر، لێرەوە هەندێ کەس ئەم دەرەنجامەیان بەدەست هێنا کە: لیژنەی ڕاپەڕاندن لەسۆڤیەت چەپڕەوترە، ئەم دەرەنجامە ڕاست نەبوو، ئەوەی لەم کارەدا زۆر ئاشکرایە ئەوەیە کە سۆڤیەت زۆر باشترو چاکترە لەلیژنەی ڕاپەڕاندنو واش دەبینێ کە ئەگەر جەنگ بەرگریکردن بێ لەشۆڕش ئەوا پێویستەماڵو سامان پێشکەش بەجەنگ بکرێو پشتیوانیش لەقەرز بکرێ، لیژنەی ڕاپەڕاندنیش شۆڕشگێڕتر نەبوو، بەڵکو بە توانا تربوو لەخۆدزینەوەو ڕاکردندا، وە لەسەر فێڵو تەڵەکە دەژیاو پشتیوانی ((گشتیو هەتا هەتایی)) ئەو حکومەتەی دەکرد کە خۆی دروستی کردبوو، بەرپرسیارێتی جەنگیشی تەنها تا ئەو سنورە دەگرتە ئەستۆی خۆی کە هەیبوو... ئەگەر بیکردایە...)) جەماوەر ئەم فرتو فێڵە بچوکانە تێنەدەگەیشت سەربازانیش، تازە توانای جەنگیان نەمابوو لەناو ((ئەو سنورەدا)) یان بمرن لەپێناوی ((گشتیو هاوکاری هەەتا هەتایی حکومەتە دەستکردەکەی خۆیدا)).

* * *

بۆ پشتیوانیکردن لەسەرخستنی چەمکی دەوڵەت بەسەر وڕێنە[١٧٨] پوچو بەتاڵەکاندا جەنەڕاڵ (کسییف) بەفەرمی لە(١)ی نیساندا کرا بەسەرکردەو فەرمانەدەی هێزە چەکدارەکان هەر ئەویش بوو کە لە(٥)ی ئازاردا فرمانی دەرکرد بەوەی کە پێویستە ئەو کەسانە بکوژرێن کە یاخیو هاندەرن، بەم جۆرە هەموو کارویارەکان گەڕانەوە باری پێشوویان، ئەوە بوو ڕوخساری سەرەکی ئاراستەکاری سیاسەتی دەرەوەی قەیسەری درایە دەست (میلیۆکۆف)ی وەزیری دەرەوە، ئیتر ئەوە بوو فەرماندەی باڵای سوپای قەیسەری جاران، ئێستا کراوە بە فەرماندەی باڵای سوپای شۆڕش، سەر لەنوێ بنەمای زنجیرە بەندی دەستاو دەست پێکردنی سپاردنی دەسەڵات چووەوە هەمان باری پێشووی خۆی.

[١٧٨] وڕێنە: قسەی پڕوپوچو بزڕکاو، وەك دەوترێ فلانەکەس وڕێنە دەکات واتە بەدەم خەوەوە قسە دەکات.

هاوکات وا پێویست بوو کە سەرکردەکانی سۆڤیەت ملکەچ بن بۆ هێزی لۆژیکی هەڵوێستو بارودۆخەکە، گوشاری ئەو تۆڕانە بشارنەوە کە هەوداکانیان بەدەستی خۆیان چینی بوو، دیموکراتییەتی فەرمیش لەو فەرماندە سوپاییانە دەترسا کە هاوکاریو پشتیوانی کردبوونو ڕازی بوو بە بوونییان. لەتوانایدا نەبوو خۆی کەڕو بێ ئاگا بکات لەئاستی پێویستی ملکەچ کردنییان بۆ چاودێریکردنی، لەگەڵ هەوڵدان بۆ پشتیوانی کردنی ئەم چاودێریکردنە بەهۆی سەربازەکانەوە، بەو مەرجەی ئەم چاودێریکردنە سەربەخۆبێ لەدەست خواستی ئەو سەربازانە تا ڕادەیەکی زۆرو هێندەی لەتوانادا بێت، لەکۆبوونەوەی (٦)ی مانگی ئازاردا لیژنەی ڕاپەڕاندن وای بەباشزانی کەشتێکی چاکە ئەگەر چەند چاودێرو کار هەڵسوڕێنێك دامەزرێنێ لەلایەن خۆیەوە لەناو هەموو کەرتو کارگێڕییە سەربازییەکاندا. بەم شێوەیە گرێبەندەیەکی سێ لانە دروست بوو: ئەوە بوو لەوەودوا کەرتە سەربازییەکان نوێنەرانی خۆی دەنارده بۆ سۆڤییەت، لیژنەی ڕاپەڕاندن چاودێرەکانی خۆی دەنارد بۆ کەرتەکان، لەسەرو هەموو یەکەو کەرتێکی سەربازیشدا لیژنەیەکی هەڵبژێردراو هەبوو کە خانەیەکە[١٧٩] بنەمایی بوو لەخانەکانی سۆڤیەت.

گرنگترین ئەرکی ئەم چاودێرانە، بریتی بوو لەوەی کە هەمیشە وریاو ئێشك گرینو ئاگایان لەچۆنییەتی هەڵسوکەوتو ڕەفتاری ئەفسەرانو دەزگاکانی ئەرکان بێت لەڕووی سیاسییەوە، (دینکین)یش بەهەراسانکاریو تێزەن تێزەنەوە دەپرسێ: ((بزانن.. ئاخۆ ڕژێمی تاکەکەسی)). پاشان خۆی بەکارامەیی ئەو (ئەرکان)ەی سوپاکەیەوە هەڵ دەکێشێ کە هەموو پەیوەندیو زانیارییەکانی بۆ دەگوازنەوە کە لەنێوان چاودێرە سیاسییەکاندا بە نهێنیو بەشێوەی جفرە دەریان بڕیوە لەگەڵ پترۆگرادا، چاودێری خاوەندارو لایەنگرانی کۆیلایەتی، جا ئایا هیچ سوکایەتییەك هەیە لەوە گەورەتربێ؟ بەڵام وەڵامدانەوەش لەسەر ئەم پرسیارە بەتەواوەتی دەگۆڕێ ئەگەر تەماشایەکی نامەکانی ئەو چاودێرە سیاسییانە بکەین کە ناردویانن بۆ حکومەت، ئەو گۆشەنیگا ڕەوشتییەی لێوەی دەڕوانینە کاروبارەکان هەر چۆنێك بێت، ئەوا ڕاپۆرتە ناوخۆییەکانی

[١٧٩] خانە: خلیە





دەزگای فەرماندەیی سوپا، زۆربەڕوونی ئەوە دەردەخات کە هەریەکە لەو دوولایەنانە لەوی تریان دەترسێو بەوردی خستویەتییە ژێر چاودێرییەکی دوژمنکارانەوە، سەرجەم ئەو شتانەی لەڕاپۆرتەکانیشیاندا کۆیان کردبوونەوە لەو ترسەدا شارابووەوە کە لەسەربازان دەترسان، جەنەڕاڵەکانو فەرماندە دەریاییەکان، خودی خۆیان بەشێوەی لێك نەچوو، جیاواز ئومێدو ئاواتو نەخشەی ئایندەیان دەبینی، پەنانەبردنیان بۆ پەردەیەکی دیموکراتیانە کەخۆیانی پێ پەردەپۆش بکەن زیانێکی گەورە بەکێشەکەیان دەگەیەنێ و (کۆڵتشاك)یش کەوتە سەرپەرشتی کردنی پێکهێنانی لیژنەی کەشتیوانەکان، ئەم کارەیشی ئاسان کاریەك بۆ کردەوەیەکی تری خۆی کە دواتر خنکاندی، بەڵام لەوماوەیەدا پێی وا بوو کە ناتوانێ تەنهایەك هەنگاویش بنێ بەبێ یارمەتیو هاوکاری ئەو لیژنانە، بۆیە داوای کرد لەفەرماندەیی باڵا کە ڕازی بێ ئەو لیژنانە پێك بهێنرێت، جەنەڕاڵ (مارکۆف)یش کە دواتر بوو بە یەکێك لەسەرکردەکانی سوپای سپی، لەسەر هەمان ڕێگە ڕۆیشت، لەسەرەتای مانگی (نیسان)دا پڕۆژەیەکی پێشکەش کردو تیایدا داوای کرد کە چاودێری سیاسی دابمەزرێنرێن لەناو کەرتە سەربازییەکاندا بەمەبەستی چاودێری کردنی فەرماندە سەربازییەکان ئاخۆ بەلای کێدا دەچنو لەگەڵ کێدانو سەربەکێن، بەم جۆرە (یاساکانی سوپای کۆن)و هەموو نەریتە بیرۆکراتییە سەربازییەکان لەژێر گوشاری شۆڕشدا تێك شکانو وایان لێ کرا کە لەدەسکێك پووشو پەڵاش بچن.

لەخاڵە جیاجیاکانەوە سەربازان کەوتنەڕێ بەرەو لیژنەکانو بەدەوری ئەم لیژنانەدا کۆبونەوە دژی فەرماندەکان، لیژنەکان، فەرماندەکانیشیان لەسەربازان دەپاراست، بەڵام ئەو پاراستنەش تا ڕادەیەکی سنوردار بوو، هەڵوێستی ئەو ئەفسەرەی لەگەڵ لیژنەکەدا دەبوو، دەکەوتە ناو ململانێیەکی توندەوەو بە خێرایی دەبوو بەهەڵوێستێك کە کەس بەرگەی نەدەگرتو خۆی پێ ڕانەدەگیرا لەئاستیدا، بەم جۆرە مافی نەنووسراوو دیاری نەکراوی سەربازان پێك هێنراو دەستیان کەوت لەڕێی دابڕینی ئەفسەرەکانیانەوە.

(دینکین) دەڵێ: کە سەربازانی بەرەی خۆرئاوا لەمانگی تەموزدا نزیکەی (٦٠) ئەفسەریان لەفەرماندەیی فەیلەقەکانو فیرقەو فەوجەکان لەسەر پۆستو کار لابردو دایانبڕین و گۆڕانکاری لەو شێوەیە لەناو فەوجەکانیشدا ڕوویدا.

ئەم ماوەیە، کردەوەی پەند دادانی بە خۆیەوە بینی لەناو وەزارەتی جەنگو لیژنەی ڕاپەڕاندنو کۆبونەوەکانی (لیژنەی پەیوەندی)دا. ئەم کردەوەیەش ئامانجی دروستکردنی شێوەی (بەجێ) بوو لەپەیوەندییەکانی ناو سوپاداو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەسەڵاتی فەرماندەکانیش بوو، لەگەڵ دابەزاندنی ڕۆڵی لیژنەکانی سوپا بۆ ئاستێکی نزمترو دووەمی کە تەنها ڕواڵەتێکی کارگێڕیانەیان پێوە بمێنێ. هاوکات گەورە فەرماندەکان سایەو سێبەری شۆڕشیان گسک دەدا بە سایەی گسکێك، لیژنەکان پەرەیان دەسەندو گەشەیان دەکردکە تا لەئاکامدا بوون بە دەزگایەکی ناوەندیو بەرزتر، تاکو گەیشتە لیژنەی ڕاپەڕاندنی پترۆگراد. پشتیوانیکردنی دەسەڵاتەی قۆستەوەو چاودێرە سیاسییەکانو لیژنەکانی خستەگەڕ بۆ هاندانی سوپا بۆ سەر لەنوێ دەست پێکردنەوەی جەنگ، سەربازان کەوتنە پرسیارکردن بەگەرمو گوڕیو دەیانگوت: باشە بۆچی خۆیان ئەو لیژنانەی کە هەڵی دەبژێرن بە خواستی خۆیان کارناکەنو ئەوە دەکەن کە فەرماندەکان لێیان داوادەکەن.

سەنگەرەکان، کەوتنە ناردنی نوێنەرانی خۆیان بەژمارەیەکی زۆر بۆ پایتەخت تا بزانن ئاخۆ لەوێ چی دەگوزەرێ، لەسەرەتای مانگی (نیسان)ەوە بەبێ ڕاوەستان سەربازانی بەرەکانی جەنگ، کەوتنە جمو‌جوڵو هاتووچۆ. (کۆشکی تۆرید) ڕۆژانە گفتوگۆی بەکۆمەڵی بەخۆیەوە دەبینی. سەربازە هاتووەکانیش بەتەواوەتی نەیاندەتوانی لەنهێنی سیاسەتەکانی لیژنەی ڕاپەڕاندن تێبگەن، کە لیژنەکەش دەستەوەسان بوو لەئاستی وەڵامدانەوەی هەریەکە لەو پرسیارانەدا، ئینجا سوپا ڕووی کردە سۆڤیەت تاکو بەڕوونییەکی زیاترەوە پابەندنەبوونی خودی هێڵی سۆڤیەت ئاشکرا بکەن.

لیبڕاڵییەکانیش نەیاندەوێرا بە ئاشکرا ڕوو بەڕووی سۆڤیەت ببنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیان دەدا زاڵ بن بەسەرکۆنترۆڵکردنی سوپادا، پێیان وا بوو کە شۆڤێنی تاکە هۆکاری پێکەوە بەستنی سوپایە بەخۆیانەوە، کاتێکیش شینغاریف (کادیت)





کەوتە قسەو گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی سەنگەرەکان ئەم وەزیرە بەرگری لەفەرمانەکانی (غۆتشکۆف) دەکرد دژی ((ئەو ئاسانکارییە گەورەیەی)) کە بەرانبەر دیلەکان کراو ئاماژەی بۆ کردەوە دڕندانەکانی ئەڵمانیا کرد، بەڵام (شینغاریف) نەیتوانی سەرنجی نوێنەرەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. ئەنجومەن بڕیاریدا کە پێویستە چاککردنی بارودۆخی دیلەکان یەکلایی بکرێتەوە، کۆمەڵێ کەس زۆریش لەپشتی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە بوون کە لیبڕاڵییەکان تاوانباریان کردبوون بە توندوتیژیو کاری وێرانکەری.

بەڵام هەرچی نوێنەرانی سەنگەرەکان بوون، گەرچی نەزان بوون، لەگەڵ ئەوەشدا پێوەری تایبەت بەخۆیان هەبوو، چونکە تۆڵەسەندنەوەی ئەو سەربازانەیان قبوڵ بوو لەو ئەفسەرانەی کە خراپەیان لەگەڵ سەربازاندا کردبوو، سزاو ئازارو سوکایەتیان بەرانبەر کردبوون، بەڵام هاوکات دەیانگوت: ئەوە کارێکی ترسنۆکانەیە کە سزاو جەزرەبەی دیلە ئەڵمانییەکان بدرێت لەبەرانبەر تۆڵە سەندنەوەی ئەو کارە دزێوو دڕندانانەی (لۆدندرۆبۆف)و هاوشێوەکانی کردیان،کە بەپێی پێوانەکاری هەمیشەیی ڕەوشتیانە نەشیاونو.. بەداخەوە..! زۆرکەم بەدی دەکرێ لەو (مۆجیك)ە زبرو دڵ ڕەقو لەش ئەسپێواویانەدا.

هەوڵی لیبڕاڵییەکان بۆ بەلای خۆدا ڕاکێشانی سوپا گۆڕاو بەململانێ لەنێوان لیبڕاڵیو تەوفیقییەکاندا لەکۆنگرەی نوێنەرانی بەری خۆرئاوادا لە(٧ـ ١٠)ی نیسان، بەڵام ململانێو پێشبڕکێیەکەش درێژەی نەکێشا، وا باو بوو( واش پێویست بوو) لەسەر کۆنگرە کە هەریەکە لەو بەرانەی سوپا وێنەیەکی پڕ لەدڵنیایی ببەخشێ بە ناوەڕۆکی سیاسەتی سوپا، هەردوو لایان باشترین نوێنەرانی خۆیان ناردبۆ ((منسك)) هەریەکە لەنوێنەرانی سۆڤیەت بریتی بوون لە: (تسیرتیلی، تەشخیدزە، سکۆبۆلیف، غفۆزدییف)، نوێنەرانی بۆرجوازییەتیش بریتی بوون لە: (ڕۆدزیانگۆ) خۆیو (ڕۆدیتشیف)یش (دیمۆستین)ی[١٨٠] کادیت بوو، پێشوی زۆر بەئاشکرایی بەدی دەکرا لەسەرشانۆی (منسك)ی وەڕەزو پڕ لەجەماوەر، کە پێشتر لەوێوە بەرەو شار ڕۆیشت لەشێوەی چەند شەپۆلێکدا. دەشتوانین تابلۆی بارودۆخە ڕاستەقینەکە نیشان بدەین

[١٨٠] دیمۆستین: بەناوبانگترین وتاربێژی ئەسینابووە (٣٨٤ـ ٣٢٢)پ. ز (دوو وەرگێڕە عەرەبییەکە)

لەشایەتی خودی نوێنەران خۆیانەوە، تابلۆکەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بارودۆخی برایەتی‌و هاودەنگی سەربازان بە شێوەیەکی هاوسەنگ بە پانتایی بەرەی جەنگدا بڵاوبووەتەوە، سەربازانیش زۆر بەخێرایی کەوتونەتە نیشاندانی تابلۆکە بەبوێرییەکی باشەوە.

فەرماندەیی سوپاش بیر لەوە ناکەنەوە کە هیچ بڕیارو تەگبیرێکی هەڕەشە ئامێز دەربکات، ئەی لیبراڵییەکان دەتوانن لەبارودۆخێکی ئاوادا چی بکەن‌و چی بڵێن؟ لەبەردەمی ئەم وتارە بەجۆش‌و خرۆشەدا، لیبراڵییەکان زۆر بەخێرایی وازیان لەبیرۆکەی خستنەڕووی ئەو بڕیارانەدا کە پێچەوانەن لەگەڵ بڕیارەکانی سۆڤیەت‌و تەنهابەوە ڕازی بوون کە لەوتارەکانیدا چەند تێبینییەکی نیشتمانپەروەریانە پێشکەش بکەن‌و هیچی تر، بەڵام بە تەواویش وازیان نەهێنابوو کە جەماوەر هان بدەن دژی بۆرجوازییەت، بەڵکو دەبێ ئەو کەف‌و کوڵەی جەماوەر دامرکێننەوە، ئەوەی کە زاڵ بوو بەسەر کۆنگرەکەدا دروشمی ئاشتییەکی ئالۆزکاو بوو بەشێوەیەکی بە یەکاقژاو[١٨١] لەگەڵ دروشمی بەرگریکردن لەشۆڕش‌و گیانی ئەو شۆڕشە، لە بەر بەیانی (١٤)ی ئازاردا ڕەزامەندی لەسەر بڕیارەکانی سۆڤیەت درا، تایبەت بەجەنگ بەزۆرینەی دەنگەکان، (٦١٠) دەنگ، دژی (٨)، وە (٤٨) کەس دەنگی نەدا، بەم جۆرە لیبڕالییەکان دوا هەمین ئاواتیان نایە گڵ بەوەی کە گوایە بتوانن سەرەتاو کۆتای بەرەی جەنگ بەیەکدا بدەن، یان سوپا هان بدەن دژی سۆڤیەت، بەڵام سەرکردە دیموکراتییەکان زۆر گوێیان بەم ئەنجامە نەدەداو لەکۆنگرە گەڕانەوەو زۆریش لەسەرنەکەوتنی خۆیان دەترسان بەبیل بیلەی چاوەکانی خۆیان ئەو بیرۆکانەیان بینی کە شۆڕش هۆشیاری کردبوونەوەو بۆشیان دەرکەوت کە ئاستی توانای ئەوان بەهێزترە.

[١٨١] بەیەکاقژاو: بەیەکا ئالۆزکاو





مه کتەبی بیر و هۆشیاری

# بەڵشەفییەت و لینین

لە (٣)ی مانگی نیساندا (لینین) گەیشتە پترۆگراد کە لەتاراوگەکەی خۆی لەسویسراوە گەڕایەوە، هەر ئەم ساتەش دانرا بەدەست بەکاربونی حیزبی بەڵشەفی‌و ئیتر پڕ بەدەنگی کەوتە قسەکردن، ئەوەی لەمەشیان زۆر گرنگ ترە ئەوەیە کە دەنگە تازەکەی بریتی بوو لەتەعبیرکردن لەدەبڕینی ڕاستی.

مانگی یەکەمی شۆڕش بەلای بەلشەفییەکانەوە، ماوەی پشێوی‌و دوودڵی بوو، ئەو (بەیان)ەش کە لیژنەی ناوەندی بەلشەفی ڕاستەوخۆ دوای ڕاپەڕینەکە دەریکرد، دەڵێ: ((پێویستە لەسەر ڤکرێکارانی کارگەو فابریقەکان وە لەسەر سەربازەکانی یەکەو کەرتە شۆڕشگێڕەکان کە کوت‌وپڕ بکەونە خۆیان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان لەحکومەتی کاتییدا)). بەیانەکەش لەڕۆژنامەی ڕەسمی سۆڤیەتدا بڵاوکرایەوە، دەبێتە پاشکۆو ڕەخنە، وەك ئەوەی کارەکە پەیوەندی بەمەسەلەیەکی ئەکادیمییەوە بێت، بەڵام سەرکردە بەڵشەفییەکان تەنها بەهایەکی کودەتاییان بەدروشمە مەزنەکەی خۆیاندا، وەك نوێنەرانی حیزبێکی پڕۆلیتاریش هەڵس‌و کەوتیان کرد، تاکو ئامادە بن بۆ دەست بەکاربوونی ململانێ لەپێناوی گرتنە دەستی دەسەڵات لەکاتی گونجاودا، بەڵکو وا هەڵوێستیان وەرگرت‌و هەڵس‌و کەوتیان کرد کە نوێنەری باڵی چەپی دیموکراتیی بن، ئەو باڵەی کە بنەماو بیرو بڕوای خۆی دەخستەڕوو، بەڵام وادیار بوو کە خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی شەرعی بگێڕێ لەماوەیەکی نادیاریکراودا.

(سۆفانۆف) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چەقی قسەو باس‌و گفتوگۆکان لەدانیشتنی لیژنەی ڕاپەڕاندن لە (١)ی ئازاردا لەدەوری یەك تەوەرە کۆببوونەوە، ئەویش مەرجەکانی گواستنەوەی دەسەڵات بوو:

تەنها یەك دەنگیش بەرز نەکرایەوە لەپێناوی پێکهێنانی حکومەتێکی بۆرجوازییانە، گەرچی (١١) ئەندام تاکو (٣٩) ئەندام لەلیژنەکەدا بەڵشەفی بوون. یان لایەنگری بەڵشەفی بوون، لەوانەشدا دیسان (٣) دانەیانە سەرکردە بوون کە بریتی بوون لە: (زالۆتسکی، شلیابنیکۆف، مۆلۆتۆف).

(شلیابنیکۆف) دەڵێ: ئەو کۆبونەوەیەی سۆڤیەت کە ڕۆژی دواتر بەسترا، نزیکەی (٤٠٠) نوێنەری لەخۆگرتبوو، جگە لە(١٩) کەس، کەسی تر دژی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ بورجوازەکان دەنگی نەدا، لەکاتێکدا ژمارەی بەڵشەفییەکان لەوکاتەدا (٤٠) نوێنەربوون، ئەم هەڵبژاردنە کراوکەسیش سەرنجێکی لێ نەدا، بەشێوەیەکی پەرلەمانیانەی شکڵی بەڕێوە چوو، بێ ئەوەی بەڵشەفییەکانیش ڕوکاری بۆچوونی پێچەوانە نیشان بدەن، یان ململانێ بکەن، یاخود بەبێ ئەوەی ڕۆژنامەگەری بەڵشەفی هیچ هەراو هۆسەیەك بنێتەوە.

لە(٤)ی مارسدا، مەکتەبی لیژنەی ناوەندی (بەڵشەفی) بڕیارێکی دەرکرد کە دەڵێ: حکومەتی کاتیی حکومەتێکی دژە شۆڕشە، بۆیە پێویستە ڕوبکرێتە دیکتاتۆریەتی دیموکراتییەتی کرێکارو جوتیاران، لیژنەی پترۆگراد (بەڵشەفی) پێی وا بوو ئەم بڕیارە ئەکادیمیەتێکی پەتییە تاکو ئەو شتە دیاری نەکات کە لەهەمان ڕۆژدا پێویستە بکرێ، ئەمەش وای کرد کە کێشەکە لەڕوویەکی پێچەوانەوە چارەسەر بکرێ. لیژنەی پترۆگراد (بەڵشەفی)یش ئەوەی ڕاگەیان: ((ئێمە ڕەچاوی ئەو بڕیارە دەکەین کە سۆڤیەت دەری کردووە دەربارەی حکومەتی کاتیی))، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕێ ناگرێ لەدەسەڵاتی حکومەتی کاتیی لەچوارچێوەی ئەو سنورەی. .........)) لەڕاستیشدا ئەوە هیچ نییە، جگە لەوەی کە هەڵوێستێکی مەنشەفیو سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانە دوای گواستنەوەی بۆ سەنگەری دووەم، ئەو بڕیارو ڕاسپاردە هەڵپەرستانەیەی کە لیژنەی پترۆگراد (بەڵشەفی) گرتییەبەر دژو پێچەوانە نییە لەگەڵ هەڵوێستی لیژنەی ناوەندی (بەڵشەفی)دا لەڕووی شێوەوە نەبێ، دەشزانین ئەم هەڵوێستە ئەکادیمیە، بەڵگە نییە لەسەر هیچ شتێ جگە لەوەی کە بەڵگەیە لەسەر حەوانەوەو بەخۆدا چوونەوەیەکی سیاسییانە لەبەردەم بارودۆخەکەدا.

خۆ بەدەستەوەدانو چەمانەوەی نادیار یان موحافیزکارانە لەبەرانبەر حکومەتی بۆرجوازیدا ڕەزامەندییەکی تەواوی بەدەست نەهێنا لەناو حیزبدا. یان بەیەکادانی کرێکارە بەڵشەفییەکان دژی حکومەتی کاتیی لەساتە بەراییەکاندا. وەك ئەوەی قەڵایەکی ئامادەو تۆکمە بێتو لەناکاو لەسەرەڕێدا بەسەریدا کەوتوون.





لیژنەی فیبۆرغ کۆبوونەوەیەکی فراوانی بەست لەهەزاران سەربازو کرێکارو بەکۆی دەنگ بڕیاریاندا کە ڕازی بن لەسەر پەسەندکردنی بڕیاری وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن سۆڤیەتەوە، (دنجیلستیدت) کە بەشداری کۆبوونەوەکە بوو بەشێوەیەکی چالاکانە دەڵێ: ((هیچ کۆبونەوەیەکی گشتی، یان هیچ کۆبونەوەیەکی کرێکاریانە ئەم بڕیارەیان ڕەت نەکردەوە، کە هەموو جارێك دەمانهێنایە سەر مێزی گفتوگۆ)) مەنشەفیو سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان لەسەرەتادا نەدەوێرانو بەخۆیان ڕانەدەپەرموو کە بەڕاشکاوانە لەبەردەمی کرێکارانو سەربازانداداان بەوە دابنێن ئاخۆ چارەسەری نمونەیی کێشەی دەسەڵات بەلای ئەوانەوە کامەیە، پەسەند کردنی بڕیارە کە گەیشتە ئەو ئاستەی کە چاپ بکرێو بەدیوارو کۆڵانانەوە هەڵبواسرێ، بەڵام لیژنەی پترۆگراد (بەڵشەفی) بەتوندی ئەم بڕیارەی ڕەت کردەوەو (فیبۆرغ)ی ناچارکرد کە مل بداتو ئەویش پاشگەز بێتەوە.

هەڵوێستی سەرکردە بەڵشەفییەکان سەبارەت بە ناوەرۆکی کۆمەڵایەتیانەی شۆڕشو ئاسۆی پەرەسەندنی ئەم شۆڕشە پشێوو ئاڵۆز بوو، (شلیابنیکۆف)یش دەڵێ: ((ئێمە لەگەڵ مەنشەفییەکاندا ڕێکەوتووین لەسەر ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت: ئێمە بە قۆناغی وێرانکردنی شۆڕشگێڕانەی پەیوەندییەکانی نێوان دەرەبەگو مسکێنەکاندا تێدەپەڕین تاکو هەموو جۆرە ((ئازادییەکان)) شوێنی بگرنەوە کە لەستەمی ڕژێمی بۆرجوازییەت جیایان دەکاتەوە))، (براڤدا)ش لەژمارە (١)ی خویدا نووسیبووی: ((ئەرکی بنەڕەتی ئەوەیە.. دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی))، لیژنەی مۆسکۆ (بەڵشەفی) چەند زانیارییەکی بە نوێنەرانی کرێکاران ڕاگەیاندبوو، کە تیایدا دەڵێ: ((پرۆلیتاریا ئامانجی ئەوەیە کە بگاتە ئازادیو سەربەستی، لەپێناوی خەبات کردن بۆ هێنانە سەرکاری ئەو سۆسیالیستییەی دواهەمین ئامانجی دەنوێنێ))، وشەی ((ئامانجی کۆتایی)) ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە هێنانەدی سۆسیالیستی پێویستی بە ماوەیەکی مێژوویی هەبێت، تاکو ئێستاش کەس لەو خاڵە تێپەڕی نەکردووە ئەوە بوو ترس لەتێپەڕاندنی شۆڕشی دیموکراتی سیاسەتی سازاندنو خۆ گونجاندنو پاشگەز بوونەوەی کردارییانەی هێنایە ئاراوە وەك پێویستیەك لەبەرانبەر تەوفیقییەکاندا.

گرانیش نییه که بیر لەو کاریگەرییە خراپە بکەینەوە کە دوچاری حیزب بوو لەکەرتو یەکەکاندا لەئەنجامی نەمانی کەسایەتی مەڵبەندو ناوەندەکەدا، تەنها شایەتی دانی یەکێك لەسەرکردەکانی ڕێکخستنی (ساراتۆف) بە بەڵگە دەهێنینەوە: ((ئەم حیزبەمان کە بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداری کرد لەڕاپەڕیندا، زۆر بەڕوونی وازی لەگرتنە دەستی دەسەڵات هێنا لەناوجەماوەرەوە، وە دەسەڵاتەکەی خستە ئەو لاوە تاکو کەوتە بەردەستی مەنشەفییەکانو سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان، کەسیش نەیدەزانی لەو کاتەدا دروشمەکانی و ئامانجەکانی بەڵشەفییەکان چی بوون... بەڕاستی وێنەو شێوەکە تا ڕادەیەکی زۆر خراپو ناکۆك بوو))

بەڵشەفییە چەپەکان، بە تایبەتیش کرێکاران هەموو توانایەکی خۆیان خستە گەڕ بۆ تێکوپێکدانی ئەو پەردەیەی بەسەریاندا هەڵکشابوو، بەڵام لەئاستی ئەوەدا دەستەوسان بوون کە ڕووبەڕووی بیانووە تایبەتەکانی سروشتی بۆرجوازییانەی شۆڕش ببنەوە، یان سەبارەت بەو مەترسییەی لەئەنجامی دابڕانی پڕۆلیتاریاوە سەرهەڵ دەدات، لەبەر ئەوە بە ناچاری ملیان کەچ کرد بوو بۆ فرمانی سەرکردەکان، هەر لەڕۆژی یەکەمیشەوە چەند باڵێکی بەیەکادەر لەناو بەڵشەفییەکاندا پەیدا بوونو دەرکەوتن، بەڵام نەشیانتوانی بیرۆکەکانیان تاکۆتایی درێژە پێ بدەن، (برافدا)ش ڕەنگدانەوەی حاڵەتی بیرو بۆچوونە پشێوو دوو دڵو باوەکانی ناو حیزبی پەخش دەکرد، بێ ئەوەی بە یەکەیەکی توندوتۆکمە پێکیانەوە ببەستێتەوە، ئاڵۆزبونی بارودۆخەکە لەناوەڕاستی (مارس)دا زیاتر بوو، کاتێك (کامنیف)و (ستالین) لەتاراوگە، گەڕانەوەو سیاسەتی فەرمی حیزبیان بە گوڕو تنێکی بە هێزەوە بەرەو ڕاستڕەوی پاڵ نا.

(کامنیف) هەر لە لەدایکبونی بەڵشەفییەوە، کەسێکی بەڵشەفی بوو، بەڵام هەمیشە لای ڕاستی حیزبی دەگرت، ئامادەکردنی تیۆرییانەی بەهێز بوو لەگەڵ هەستی سیاسییانەیو ئەزموونی گەورەی لەخەباتی کۆمەڵە شۆڕشگێڕییە ڕوسییەکانداو گەلێك دەوڵەمەند بوو لەگەلاڵەکردنو کۆکردنەوەی تێبینی سیاسییانەیدا، کە ئەوەیشی لەخۆرئاواوە فێری ببوو، وایشی لێ کرد بوو بە باشی لەبیرۆکە لینینییە گشتییەکان تێبگاتو لەبەڵشەفییەکان بە تواناتر بێ لەو بارەیەوە، دەیتوانی لەکاتی پەیڕەوکردنی





کردارییانەدا تا ڕادەیەکی زۆرباش ڕاڤەی ئەو بۆچوونانەی (لینین) بکات. بەڵام نەیدەتوانی بە ئازادی تەواوە بڕیار لەسەر شت بدات، یان لەکاتی ڕاپەڕاندندا شتەکان بسەلمێنێو پێش دەستی بکات. (کامینیڤ) پیاوێکی ڕیکلامییانەی سەرکەوتوو بوو، ڕۆژنامەنووسو وتاربێژێکی لێهاتوو بوو، بەڵام گەلێك جار بیریشی دەکردەوە ئەو سیفەتەیشی وای لێکردبوو کە بە کەسێکی پێویست لەقەڵەم بدرێ بۆ کاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ حیزبەکاندا، توانایەکی باشی هەبوو لەکاتی تاقیکردنەوەی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی تردا، کەچی لەگەڵ ئەم تاقیکردنەوەو دووبارە کردنەوانەشدا ڕاهاتبوو، بۆیە بەشێك لەعەقڵییەتی حیزبەکانی دیکەی گەلاڵە کرد بوو، ڕوخسارو شێوەی ناسنامەی سیاسی ئەوی بەدیار خستبوو لەبەرچاوی هەموو لایەك بەگشتی، (سۆخانۆف) وا باس دەکات کە هیچ گۆشەیەکی تیژ لە (کامنییف)دا بەدی ناکاتو پێویستە ((هەمیشە لەدوای کۆمەڵەوە)) بێت، ئەگەر جاروباریش تۆزێ بەرگری بکردایە، ئەوا بەرگرییەکی کەمو لاواز بوو)) (ستانکیفیتش)یش هەر بە هاوشێوەی ئەم باسی ئەو دەکاتو دەڵێ: هەڵوێستەکانی (کامنییف) بەرانبەر بە دوژمنەکانی زۆر لاواز بوو، بەرادەیەك کە شەرمی دەکرد لەخستنەڕووی ئەو داواکارییانەی بارودۆخەکە بەسەریدا سەپاندبووی، لەناو لیژنەکەدا دوژمن نەبوو، بەڵکو تەنها ئۆپۆزسیۆنێك بوو)) ئیتر پێویست ناکات هیچی تر بۆ ئەم قسەیە بڵێین.

(ستالین) شێوەیەکی تری ناو بەڵشەفییەکان بوو، لەڕووی پێکهاتەی هزریو لەڕووی کارەکانی لەناو حیزبدا، یەکەم کەس ڕێکخەرو بەتواناو لێزان بوو بۆ داڕشتنی تیۆریو سیاسەت، خۆ ئەگەر توانا ڕیکلامییەکەی (کامنییف) وای لێ کردبێ کە ناوبراو چەند ساڵێك لەگەڵ لینین لەدەرەوەی وڵات بژی، لەو ڕوانگەیەوە کە بیل بیلەو چەقی کارکردنی تیۆرییانەی حیزب لەوکاتەدا لەو کاتەدا لەدەرەوەی وڵات بوو، ئەوا کارە ڕاپەڕینەکانی (ستالین)و بەرتەسکی ئاسۆ سیاسییانەکەیو کەم بایەخدانی بەسیاسەتو نەزانینی زمانی بێگانە وای لێکرد بوون کە هەرگیز نەتوانێ لەخاکی ڕوسیا دوور بکەوێتەوەو جیابێتەوە. ئەم جۆرە تێکۆشەرانەش لەوڵاتانی بیانیدا زۆر دەرناکەون، مەگەر لەکاتی گەشتو گەڕانە کورتەکانیاندا بەمەبەستی گەلاڵەکردنی زانیاریو ڕێککەوتنو

لێك تێگەیشتنی پێویست بە وڵات‌و پاشان گەڕانەوە بۆ ڕوسیا، (ستالین) بەوە دەناسرا کە کەسێکی زۆر چالاك بوو لەناو گروپەکەیدا لەڕووی کردەییەوە، هەروەها سەرکەش‌و ئینکار بوو، کارامەو شارەزابوو لەهەڵسەنگاندنی ناوخۆیدا. ئەگەر (کامنییف) هەستی بە ((هەراسانی)) بکردایە سەربارەت بە ئاکامە دەستکەوتووە کردارییەکانی بەڵشەفی، ئەوا (ستالین) بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەو بووەو هەمیشە پابەندبووە بەدەست گرتن بەو دەستکەوتە کردارییانەی هەرسی کرد بوون‌و باوەڕی پێیان هەبوو بەبێ هیچ جوانکاری‌و ڕازاندنەوەیەك دەهات خۆڕاگری‌و قینی لەناخی خۆیدا جۆش دەداو ئاوێتەی دەکردن.

گەرچی جیاوازی کەسایەتی نێوان (کامنییف)و (ستالین) زۆر گەورە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە یەکتر گەیشتنیان لەسەرەتای شۆڕشدا وای لێکردن کە هەڵوێستی هاوبەشیان هەبێ، ئەوەش دەرەنجامی ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو بەرەنجامی ئەوە بوو کە هەردوو لایان تەواوکەری یەکتری بوون، چەمکی شۆڕشگێڕانەی بێ خواست (ارادە) وەك کاتژمێرێك وایە کە سپرنگ‌و زەمبەلەکەکەی شکا بێ، میلەکانی کاتژمێرە سیاسییەکەی (کامنییف) هەمیشە دوا دەوکەوتن لەکارە گرنگەکانی شۆڕشدا، بەڵام نەبوون‌و لەدەست دانی چەمکی سیاسییانەی بەرفراون وای لێکرد بوون کە ببنە دووکەسی زۆر سیاسەتمەداری خاوەن ویست‌و خواستی خۆڕاگرانەی ئەوتۆ کە هەردەم دوو دڵ‌و ڕاڕا بووەستن لەبەردەمی ڕووداوە گەورە ئاڵۆزەکان، (ستالین) لەڕووی ئەزموونییەوە زۆر کراوە بوو لەبەرانبەر کارتێکەرە دەرەکییەکان لەسەرئاستی هزر نەك لەسەر ئاستی خواست‌و ویست. بەم جۆرە سیاسەتمەدارێکی ڕیکلامیانە بێ خواست بەشداری کرد، لەگەڵ ڕێکخەرێکی بێ ئاسۆ، هەردووکیان توانییان لەمانگی مارسدا سەرکردایەتی بەڵشەفی بکەن‌و بیگەیەننە ئاستی مەنشەفی، لەبارودۆخی لەو جۆرەشدا دیارە (ستالین) توانایەکی کەمتری هەبووە لە(کامنییف) لەڕووی بەشداریکردن لەوتوو وێژو گفتوگۆی ناو ئەو لیژنەی ڕاپەڕاندنەی کە ناوبراو وەك نوێنەری حیزب بەشداری تێدا کرد، ئێمەش نە لەڕۆژنامەکانداو نە لەدەقی کۆنووسی کۆبوونەوەکاندا نەماندیوە کە (ستالین) پێشنیارێك یان ڕاگەیاندنێك یان بەڵگەیەك بخاتەڕوو لەکاتی نیشاندانی بیروبۆچوونی





سیاسەتی بەڵشەفیدا کە پێچەوانەو دژی هەڵوێستی دیموکراتییەتی بەدەمداکەوتووی تێکشکاوبێ لەئاستی لیبڕاڵییەتدا.

(سۆخانۆف) لەیاداشتەکانیدا دەڵێت: ((هەر لەو ماوەیەدا لەناو بەڵشەفییەتدا (کامنییف)و (ستالین) سەریان هەڵداو ناسران. (ستالین) لەو ماوە کەمەی کە لەناو لیژنەی ڕاپەڕاندندا بوو بۆچوونێکی لەسەرم هەبوو. نەك هەر تەنها لەسەر منیش بەتەنیا، لەو بۆچوونە دەچوو کە پەڵەیەکی خۆڵەمێشی بەسەر جل‌و بەرگەوە بەجێی بهێڵێ‌و ناوبەناو دیارنامێنێ، بەڵام پەردەپۆش هەرمابووەوەو زۆر بە ئاسانیش دەشارایەوە، لەڕاستیشدا هیچ شتێکی ترم نەماوە لەمە زیاتر بیڵێم دەربارەی ئەو پیاوە)). بەڵێ ڕاستە، (سۆخانۆف) لێرەدا لەنرخ‌و بەهای (ستالین) کەم دەکاتەوە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام لەڕاستیدا بەوردی نەمانی کەسێتی سیاسی ناوبراو دیاری دەکات.

دەشزانین کە سۆڤیەت بە کۆی دەنگ، بڕیاری بەیانی (١٤)ی مارسی پەسەندکرد ((بۆ هەموو گەلانی جیهان)) کە ڕاڤەی سەرکەوتنی شۆڕشی فێبرایر دەکات‌و بەشێوەیەکی دڵنیا بەرژەوەندی هاوپەیمانان مسۆگەرو دەستەبەر دەکات، ئەمەش مانای سەرکەوتنی سۆسیالیستی ـ نیشتمانییە لەشێوەی کۆمارێکی نوێدا بە چەشنی فەڕەنسی، ئەم کۆدەنگییەش سەرکەوتنێك بوو بۆ (کامنییف)و (ستالین)، بەڵام سەرکەوتنێکی بێ ململانێ بوو، (بڕافدا)ش لەم بارەیەوە واباس دەکات کە: ((چارەسەرێکی ناوەنجی‌و ناواخنی لەنێوان هەموو ئاڕاستە بەشدارەکانی ناو سۆڤیەتدا هەبوو)) پێویست بوو ئەوەیش بۆ زیاد بکات ((چارەسەری ناوەنجی)) مانای دابڕین لەگەڵ ئاراستەی ئەو (لینین)ەی کە نوێنەر نەبوو لەسۆڤیەتدا.

ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ناوەندی حیزب لەدەرەوەی وڵات(کامنییف)و ئەندامی لیژنەی ناوەندی (ستالین)وە نوێنەری (دۆما)ش ئەو (مۆرانۆف)ەی کە لەسیبریا گەڕابووەوە ڕێکنەکەوتبوون لەنێوان خۆیاندا لەسەر دورخستنەوەی ئەندامە دێرین‌و کۆنەکانی نووسەرانی (برافدا) لەوڕوانگەیانەوە کە (چەپ ڕەون) بەڕادەی زیاد لەپێویست، ئەم سێ سەرکردەیە پشتیان بەستبوو بەمافە ئاڵۆزو بە یەکاچووەکانیا، دەستیان خستە سەر ڕۆژنامەکە لە(١٥)ی مارسدا، وتارێکیش ئەو بەرنامەو پرۆگرامەی

ڕاگەیاند کە دەستەی نوسەرانی نوێی ڕۆژنامەکە پێشکەشیان کرد بوو، تیایدا گوتبویان بەلّشەفییەکان بە هەموو توانایەکیانەوە هاوکاریو پشتیوانی حکومەتی کاتیی دەکەن.

((لەبەر ئەوە ئەم حکومەتە نەیدەویست دژی کۆنەپەرستیو دژە شۆڕش بجەنگێ)) سەرکردە نوێیەکانیش لەبارەی یەکلاکردنەوەی بڕیاری جەنگ زۆر بەڕوونی هیچی وایان نەدەگوت. تاکو سوپای ئەلّمانی گوێڕایەلّیو بەرفرمانی ئیمپراتۆرەکەیان بن، دەبێ سەربازە ڕوسییەکانیش ((بەخۆڕاگری لەجێی خۆیان بمێننەوە، بە هەموو گوللەیەك بەرپەچی هەرگوللەیەك بدەنەوە کە بەرانبەریان دەتەقێنرێ، بەرانبەر بە هەر نارنجۆکێك بەنارنجۆکێك وەلاّم بدەنەوە))

ئێمە دروشمەکەمان ئەوە بوو کە گوشار بخەینە سەر حکومەتی کاتیی بۆ ئەوەی ناچاری بکەین تاکو هەولّ بدات هانی هەموو ولاّتە شەڕکەرەکان بدات بۆ دەست پێکردن بەڕێکەوتنی ڕاستەوخۆ... بۆ ئەوەی ئەوەش بێتە دی ((پێویستە لەسەر هەر کەسێك لەشوێنی جەنگی خۆیدا بمێنێتەوە))...! وا دیارە ئەم بیرۆکانەو شێوەی دارشتنەکەیان وا دەردەخەن کە کارەکە زۆر بەڕونی لەسنوری بەرگری نیشتمانی تێپەڕناکاتو پرۆگرامی گوشار خستنە سەر حکومەتی ئیمپریالی بەمەبەستی هاندانی بۆ گرتنەبەری ڕێگەو شوێنی شێوازی لەبارو شیاو بەرنامەیەکی کۆنەو کاتی خۆی (کاوتسکی) لەئەلّمانیاو (جان لۆنگییە) لەفەڕەنساو (ماکدۆنالّد) لەئینگلتەرە پێشنیاریان کرد بوو، هەگیز بەرنامەی (لینین)ێك نەبوو کە بانگەشەی ڕوخانی دەسەلاّتی ئیمپریالی دەکرد، پاشان (برافدا) چووە مەودایەکی دوورتر لەمەوە، کاتێك دەستی کرد بە بەرپەرچدانەوەی ڕۆژنامە نیشتمانییەکان، نووسیبووی: ((هەموو تێك شکاندێك مرد، یان هەموو ئەو شتانەمردن کە ڕۆژنامە ژێردەستەکانی سانسۆری قەیسەری ئەم ناوەیان بەسەردا بڕیبوون، هەر لەو کاتەوە کە یەکەم فەوجی شۆڕشگێڕانە هاتنە سەر شەقامەکانی شاری پترۆگراد))، ئەم قسەیەش جیابوونەوەیەکی بەرچاوە لە((لینین)) چونکە ((تێکشکان)) داهێنانی دژە ڕۆژنامەی ملکەچ بۆ سانسۆری قەیسەری نییە، نەخێر، ((لینین)) خۆی یەکەم کەسە کە تەعبیری لەوە کردووە، کاتێك گوتی:





((تێکشکانی ڕوسیا کەمترین زیانە)) هەروەها دەرکەوتنو سەرهەلّدانی یەکەم فەوجی شۆڕشگێڕانەو هەلّگێڕانەوەو ڕوخانی خودی دەسەلاّتی پاشایەتش هیچ گۆڕانێکی ئەو تۆیان بەسەر سروشتی جەنگی ئیمپریالیدا نەهێنا، شلیابنبکۆف)یش دەلّێ: ((ڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی برافدا، دوای ئەو چاکسازییەی لە (١٥)ی مارسدا تیایدا کرا، ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو بەلای لایەنگرانی بەرگری نیشتمانییەوە، خەلّکی بە هەموو جۆرەکانیانەوە لەکەسانی خاوەنکاری ناو لیژنەی دۆمادا ئەم هەوالّەیان لەناوجەرگەی کۆشکی تۆریدا بە یەکتری ڕادەگەیاند، دەیانگەیاندە ناو کڕۆکی دیموکراتییەتی شۆڕشگێڕ- لەلیژنەی ڕاپەڕاندن - هەوالّەکەشی یەك هەوالّی زۆر گرنگ بوو: سەرکەوتنی بەلّشەفییە میانڕەوە ژیرەکان بەسەر بەلّشەفییە توندڕەوەکاندا، خودی لیژنەی و ڕاپەڕاندنیش بە بزەو خەندەی ژەهراوییەوە پێشوازی لێ کردین،... هێشتا ئەم ژمارەیەی برافدا بە تەواوەتی نەگەیشتبووە بەلّشەفیو لایەنگرەکانیان کە کەوتنە ناو سەرسامیو واق وڕمانێکی گەورەوە، خۆشییەکی گالّتە جاڕیانە لەسەر ڕوخساری دوژمنەکانمان دەرکەوت،... سوکایەتی پێکردنو گالّتە لێهاتن بەو شتە لەگەڕەکەکاندا تەواو پەرەی سەندبوو، کاتێك پرۆلیتارییەکان بۆیان دەرکەوت کە برافدا سەر لەنوێ تووشی شکستی هاتووەتەوە بەهۆی دەست تێوەردانی سێ کەس لەسەر کردە دێرینە گەڕاوەکان لەسیبریا، داوایانکرد یەکسەر ئەو سێ سەرکردەیە لەحیزب دەربکرێن)).

دوای ئەوە برافدا ناچار بوو ئەو مانگرتنو بیانوو هێنانەوەیە بلاّوبکاتەوە کە زۆر بەتوندی تێکۆشەرەکانی فیبۆرغ پێی هەستابوونو دەیانگوت: ((پێویستە ئەو ڕۆژنامەیە - ئەگەر دەیەوێ متمانەی گەڕەکە کرێکارییەکانی لەدەست نەچێ - ڕۆشنایی ویژدانی شۆڕشگێڕانە بەرزبکاتەوە، بێگومان هەر بەرزیشی دەکاتەوە، گەرچی ئەو ڕۆشناییە زۆر توندو سوتێنەر بێ سەبارەت بە بایەقووشی بۆرجوازییەت)).

دەستەی نووسەرانی لەژێر گوشاری جەماوەری خوارەوەدا ناچار بوو کە بایەخ بەپاکژکردنەوەی دەربڕینو سەردێڕی نووسینەکانی خۆی بدات، بەبێ ئەوەی کە ناوەڕۆکی سیاسییانەی خۆی تێك بداتو هەمان سیاسەتی پێشوو بسڕێتەوە، یەکەم وتاری هاتوو، نووسراو لەلایەنی (لینین)ەوە - کە لەدەرەوەی ولاّت لەچاوەڕوانیدا بوو- نەیتوانی

کتێبی بیروهۆشیاری

هۆشیاری دەستەی نووسەرانی ببزوێنێ، ئاڕاستەکە بەدرێژایی هێڵەکە بەرەو لای ڕاست دەڕۆی، (دنجلیستیدت) نوێنەری باڵی چەپەکان دەڵێ:

((وا پێویست بوو لەوکاتەدا بنەمای هاندانمان لەسەر بونیادی دەسەڵاتی جووت ڕوو بوایە.. دەبوایە ئەوەمان بسەلماندایە کە حەتمییەتی ئەم ڕێگە پێچاوپێچەی بەردەمی کرێکاران‌و ئەو سەربازانەی کە لەماوەی ئەم دوو هەفتەی ڕابوردوودا ئەو سیاسەتە چڕو پڕە فێرببوون بەڵام ئاخۆ کامەیە گرنگی‌و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەرکەکانیان))

سیاسەتی (حیزب)یش لەشەشدانگەی[١٨٢] وڵاتەوە هەنگاوو نەخشەکانی خۆی لەگەڵ هەنگاوەکانی ڕۆژنامەی برافداداڕێك کردەوە، چەند سۆڤیەتاتێکیش چەند بڕیارێکیان گرتە بەر دەربارەی مەسەلە بنەڕەتییەکان‌و ئەندامانیش بە کۆی دەنگ بڕیاریان لەسەردان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەڵشەفییەکان زۆر سوکی‌و سادەییەوە دانەوینەوەو خۆیان بەدەستەوەدا لەئاستی زۆرینەی سۆڤیەتییدا، لەکۆنگرەی سۆڤیەتاتی ناوچەی مۆسکۆشدا، بەڵشەفییەکان دایانە پاڵ بڕیاری سۆسیالیستە ـ نیشتمانییەکان سەبارەت بە مەسەلەی جەنگ. لەکۆتایی (ئازار)و سەرەتای (نیشان)یشدا لەپترۆگراد کۆنگرەی گەورە پیاوانی ڕوسیا بۆ نوێنەرانی (٨٢) سۆڤیەتی گیراو لەم کۆنگرەیەدا بەڵشەفییەکان دەنگیاندا بۆ ئەو بڕیارەیا ڕەسمییەی تایبەت بوو بە دەسەڵاتەوەو (دان)یش پشتگیری لێ کردبوو، ئەم لێك نزیك بوونەوە ڕوون‌و ئاشکرایەش لەڕووی سیاسییەوە لەگەڵ مەنشەفییەکاندا بناغەیەك بوو بۆ ئارەزووی ئەو یەکبوونەی لەسەر ئاستێکی زۆر فراواندا سەری هەڵدا. بەڵشەفی‌و مەنشەفییەکان یەکیان گرت لەناو ڕێکخراوە هاوبەشەکانیانداو وردە.. وردە.. کۆمەڵی (کامنییف) ـ (ستالین) بەرەو باڵی چەپ خزان، کە ناوی دیموکراتییەتی شۆڕشگێڕانەیان بەسەردابڕابوو، چوونە ناو ئامێرو دەزگای ((گوشار خستنە سەر بۆرجوازییەت)) لەڕێی دیوارە نوێنەرایەتییەکانەوە، هاوکات بۆرجوازییەتیش گوشاری خستبووە سەر دیموکراتییەت هەر لەڕێی هەمان نوێنەرایەتییەوە.

---

[١٨٢] شەشدانگە: (وشەیەکی کوردی ڕەسەنە واتا شەشلای وڵات (خوارو، سەروو، باکور، باشور، ڕۆژهەڵات ، ڕۆژئاوا) مەبەست لەزەوی‌و ئاسمانە جیایە لە باکورو باشور لەکوردەواریدا گوتراوە: شەشدانگەی دنیا گەڕام چارەسەری دەردم نەکرا.





کتێبی بیروهۆشیاری

ئەو ئەندامانەی لیژنەی ناوەندی کە لەدەرەوەی وڵات دەژیان و کەسانی سەربەستافی نووسینی ڕۆژنامەی ناوەندی سۆسیالیستی ـ دیموکراتی ببوون بە چەقی هزری حیزبەکە، (لینین)یش کاری سەرکردایەتی بەگشتی ئەنجام دەدا، لەم ئەرکەشیدا جگە لە (زینۆفییف) کەسی تر هاوکاری نەدەکرد، ئەرکی ڕاز گریش بە هەموو بەرپرسیارێتییەکانییەوە کەوتبووە ئەستۆی (کرۆبسکایا)ی ژنی (لینین)، ئەم کۆمەڵە مەڵبەندییە بچووکەش لەکاتی ڕاپەڕاندنی کارەکانیاندا پشتیان بەستبوو بە چەند دەیان کەسێك لەبەڵشەفییە کۆچبەرەکان، کە دوورکەوتنەوە لەڕوسیا ببووە کارێك لەوێزەدا نەمابوو، ئەرکی پۆلیسی هاوپەیمانانیش ڕووی لەزیادی کرد بە زیاد بوونی گوشارەکەو دانانی کۆسپ لەبەردەمی کاروبارەکاندا، ئیتر تەقینەوەی ئەو شۆڕشەی چەندین کاتە چاوەڕوان دەکرا بەبێ پێشبینی لەناوکاو ڕوویدا، ئینگلتەرەش ڕێگەپێدانی کۆچبەرەنە خوێندەوارەکانی ڕەت کردەوە کە بەردەوام خستبووینە ژێر چاودێرییەوەو ڕۆژانە ناوی دەنوسین کە دەیانەویست بگەڕێنەوە بۆ ڕوسیا، (لینین) شپرزە بوو، تووڕە بوو، بەدوای دەرفەتێك دادەگەڕا تاکو لەقەفەزی (زوریخ) خۆی دەرباز بکات، یەکێك لەو پڕۆژانەی بیری لێ دەکردەوە، ئەوە بوو کە بتوانێت بڕواتەوە بۆ ڕوسیا لەڕێی پاساپۆرتی کەسێکی ئەسکەندنافیایی کەڕولاڵەوە.

لەهەمان کاتدا (لینین) بەوپەڕی توانایەوە کاری دەکرد بۆ ئەوەی دەنگی لەسویسراوە ببیسترێ، لە(٦)ی مارسدا بروسکەیەکی لەڕێی (ستۆکهۆڵم)ەوە نارد بۆ پترۆگراد کە تیایدا نووسیبووی: ((تەکتیکمان بەم جۆرەیە: وریاداری‌و خۆپاراستن، پێشکەش نەکردنی هیچ جۆرە هاوکاری‌و پشتیوانییەك بۆ حکومەتی نوێ، گومانم بە زۆری لەسەر کرنسکییە بەتایبەتی، چەکدارکردنی پرۆلیتاریا باشترین زەمانەتە، هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی دۆمای پترۆگراد، نزیك نەبوونەوە لەگەڵ حیزبەکانی تردا)). جا ئەگەر ئەم زانیارییە بەراییانە وردبکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە بانگەوازکردن بۆ هەڵبژاردنی دۆما، نەك سۆڤییەت، تاکە خاڵە کە جێگەی گفتوگۆیە، کە ئەو خاڵەی بە دور نەزانیوە، خاڵە نووسراوەکانی تریش لەڕشتەی بروسکەیەکی یەکلا کەرەوەدان، ئاراستەیەکی گشتی سیاسەتن، وێڕای ئەمەش (لینین) نوسین‌و وتارەکانی خۆی دەنارد بۆ برافدا، ((نامە

دوورەکان)) کە لەسەر چەند بنەمایەکی وەرگێڕاو لەسەرچاوە بیاینەکانەوە وەرگێڕابوون، ناوەڕۆکدار بوون بەشیکارکردنی تەواوەتی بارودۆخی شۆڕشگێڕانە، دوای ئەوەش هەواڵەکانی ناو ڕۆژنامە بیانییەکان یارمەتییەکی باشیاندا بۆ بەدەستهێنانی ئەو ڕاستییەی کە حکومەتی کاتیی بە هاوکاری کرنسکیو تەشخیدزە کرێکاران فریو دەداتو دەیان خەڵەتێنێو قەناعەتیان واپێ دەکات کە جەنگی ئیمپریالی جەنگی بەرگری نیشتمانییە، لە (١٧)ی مارسدا (لینین) لەڕێی هاوڕێکانییەوە نامەیەکی پڕ لەبۆچوونی خۆیو پێشبینی ترسناکی لەستۆکهۆلمەوە نارد: ((حیزبەکەمان بۆ هەتا هەتایی لەشەرەفی خۆی بێ بەشمان دەکات لەڕووی سیاسییەوە خۆی دەکوژێ، ئەگەر ڕازی بێ لەسەر ئەم جۆرە درۆو دەلەسانە،.. من ئەوە بە باشتر دەزانم کە دابڕێم لەهەرکەسێکی حیزبەکەمان سەبارەت بە ملکەچکردن بۆ سۆسیالیستییەتی - نیشتمانی)) دوای ئەم هەڕەشەیەی کە ڕوو بەڕووی تەنهایەك کەسی دیاریکراوی نەکردووەتەوە، گەرچی مەبەستی چەند کەسێکیشە، هانی هاوڕێیانی دەدات بەم قسەیەی ((پێویستە (کامنییف) بزانێت کە بەرپرسیارییەتێکی گەورەی مێژوویی لەئەستۆدایە کە بایەخێکی جیهانیانەی فراوانی هەیە))، لێرەدا (لینین) کوتومت ((کامنییف)) دەست نیشان دەکات، چونکە کارەکە پەیوەندی بەمەسەلە بنەماییە گرنگەکانەوە هەیە. ئەگەر (لینین) دڵنیابوایە کە پێویستی بەئەنجامدانی کارو کردەوەی کوشتو کوشتار هەیە ئەوا ناوی ((ستالین))ی دەهێنا لەجیاتی ((کامنییف))، بەڵام لەو ساتانەدا کە ((لینین)) هەوڵی دەدا گوشاری خواستی خۆی لەڕێی ئەورووپای کلپە گرتووەوە ڕەوانەی پیرۆگراد بکات، ((کامینیف)) زۆربە توندی لەگەڵ ((ستالین)) بەرەوی لای سۆسیالیسی - نیشتمانی بایاندابووەوە.

چەند نەخشەیەك پێشنیارکرا بۆ چۆنیەتی گەڕانەوەی (لینین) لە سویسرا بۆ ڕوسیا لەوانە دانانی قژە دەستکرد، گوزەرنامەی ساختەیان وەرگیراو، بەڵام یەك بە یەك هەموویان شکستیات هێنا، چونکە لەڕووی جێ بەجێ کردنەوە نەدەکران، لێرەدا بیرۆکە کە بەزۆری هاتەوە سەر ئەوەی کە لەڕێی ئەڵمانیاوە گوزەربکات، ئەم نەخشەیەش زۆربەی کۆچبەرکان لێی ئەترسان، نەخوازەڵا هەرکۆچبەرە نیشتمانییەکان، (مارتۆف)و ئەوانەی





تری مەنشەفییەکان نەیانوێرا نەخشە بوێرانەکەی ((لینین)) جێ بەجێ بکەن، بەردەوام مانەوە لەبن دەرگای بیانییەکانو ئەوەش کارێکی بێ هوودەبوو، پاشان چەند تۆمەتێك هاتە ئاراوە سەبارەت بەو کەسانەی لەڕێی ئەڵمانیاوە گوزەر دەکەن، هەندێکیان وەك ڕەخنە لەلایەن بەڵشەفییەکانەوە بڵاوکرانەوەو لەناو ئەواندا پەرەی سەند، لەڕوانگەی ئەو بەسەرهاتەی کە ((عەرەبانەی داخراو)) دروستی کردبوو، ئەو پەندەی نابویەوە لەڕووی گرفتو کێشەی ئاڵۆزەوە، لەگەڵ ئەو نارەحەتیانەی دەهاتە ڕێی، لەپاڵ ئەو کۆسپو تەگەرانەی هێنابوویە سەرە ڕێی گوزەر کردن لەبواری پڕوپاگەندەو هاندانـدا، ((لینین))یش هەر لەسەرەتای کارەکەدا چاوی نەنوقاندبوو لەئاستی ئەو کۆسپانەدا کە بەدوریان نازانێ بێنە ڕێی، ((کرۆبسکایا)) ماوەیەکی کەم بەرلەدەرچوونی لە(زرویخ) نووسیبووی: ((بێ گومان نیشتمانییەکان لەڕووسیادا شریخەو هاواری نارەزایی بەرزدەکەنەوە، بەڵام دەبێ ئێمە خۆمان بەتەواوەتی بۆ ئەوشتانە ئامادەبکەین))، مەسەلەکەش بەم شێوەیە پێشنیار کرابوو، خرابووە ڕوو: مانەوە لەسویسرا، یان دەرچوون لەڕێی ئەڵمانیاوە، جگە لەم دوو ڕێگەیە ڕێگەیەکی نەبوو، جاتۆ بڵێ ((لینین)) جگە لەمانەشتی تری لەتوانا دا هەبێت؟ دوای یەك مانگی ڕەبەق (مارتۆف)و (ئەکسلرود)و هەندێکی تر ناچار بوون هەمان جێ وڕێی ((لینین)) بگرنەبەر.

ئەم گوزەرکردنە سەیرە بەناو خاکی وڵاتێکی دوژمنداو لەکاتی جەنگدا ڕوخسارە سەرەکییەکانی ((لینین))جەخت کردەوە وەك پیاوێکی سیاسەتمەدار لەوسیفەتانەش: بوێری لەنەخشە دانان، خۆپاراستنێکی تەواوو ورياييەکی باش لە جێ بەجێ کردندا، ئەم شۆڕشگێڕە گەورەیە لەناخی خۆیدا متمانەیەکی تەواوی بەخۆی هەبوو، هاوکات ئاستو پایەی خۆیشی دەزانی، دەستی دایە نووسینی پەیماننامەکەی کەدواتر بوو بەیاردە دەرێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی هەموو ئەو کەسانەی پەیمانییان نووسیبوو. مەرجەکانی گوزەر کردنیش بە ئەڵمانیادا زۆربە وردی دانرابوونو دیاری کرابوون، لەبنەڕەتیشدا بریتی بوو لەڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتیانەی سەیر لەنێوان دەستەی نووسەرانی یەکێك لە ڕۆژنامەکانی کۆچبەرانو ئیمپراتۆرییەتی ((هۆهنزۆلرن))،((لینین)) سوور بوو لەسەروەرگرتنی مافەکانی پاراستنو پەناهەندەیی خۆی بە تەواوەتی: چاودێری نەکردنو

سەیرنەکردنی بەڵگەنامەی گەشتیارو گوزەرکاران، یان ڕەگەزنامە[183] کانیان یاخود کەلوپەلو جانتاکانیان، ڕێی گرتن لە هاتنە ناوەوەی هیچ کەسێك بۆناو عەرەبانەو فارگۆنی شەمەندەفەر بەمەبەستی پشکنینو پرسینەوە. ((لێرەوە داستانی عەرەبانەی داخراو دەستی پێکردو سەری هەڵدا)) کۆمەڵێك لەکۆچبەرەکان پەیمانیاندا کە کاربکەن بۆ ڕزگارکردنی ژمارەی هێندەی ژمارەی خۆیان لەدیلو دەستبەسەرە بیانییە مەدەنییەکان لەڕوسیادا لەکەسانی ولاتانی ئەڵمانیاو نەمساو هەنگاریا لەناو زیندانەکانی ڕوسیادا.

کۆچبەرە ڕووسەکان بەهاوکاری لەگەڵ هەندێ لەشۆڕشگێڕە بیانییەکان (بەیان)ێکیان دارِشت کە دەڵێ: ((ئەو ئومەمییە ڕوسیانەی کە ئێستا دەگەڕێنەوە بۆ ڕوسیا بەمەبەستی خزمەتکردنی شۆڕش تیایدا کارەکەشیان یارمەتی پڕۆلیتارەکان دەدات لەهەموو ولاتانی جیهاندا، بەتایبەتیش ئەڵمانیاو نەمسا، تاکو درێژە بەشۆڕشەکەیان بدەن دژی حکومەتەکەیان))، ئەم بەیانەش لەلایەن چەند کەسێکەوە واژۆ کرا، لەوانەش (لۆیۆ)و (غیلبۆ)لە فەرەنساو (پۆل لیڤی) لەئەڵمانیاو (پلاتن) لەسویسراو ژمارەیك لەنوێنەرە چەپەکانی سویدو... هتد، لەناوەندی ئەم مەرجانەدا، دواتر ئەم شتانە هەموویان بەهەند وەرگیرانو لەکۆتایی مانگی (مارس)یش دا لەسویسراوە (٣٠) کەسی کۆچبەری ڕوسی لەناو عەرەبانەیەکی گواستنەوەی ئازوقەدا بەڕێ کەوتن، ئەم کەسانە خۆیان تارادەیەکی زۆر وەك قوتویەکی پڕ لەباروت وابوونو لەئانو ساتی تەقینەوە دابوون.

((لینین)) نامەی مالاوایی بۆ کرێکارانی سویسرا نووسیو تیایدا یادی ئەو ڕاگەیاندنەی هێنابوویەوە کە ڕۆژنامەی ناوەندی بەلشەفی لەپاییزی ١٩١٥دا بلاوی کردبووەوە وە وتیایدا نوسیبووی: ئەگەر شۆڕشی بەرزکرایەوەو گەیشتە ئەوئاستەی لەڕوسیادا حکومەتی کۆماری درێژە بە جەنگی ئیمپریالیدا بدات، ئەوا بەلشەفییەکان دژی بەرزی لەولاتی کۆماری ڕادەوەستن، ئەمەش ئەو مەرجانەی کە ڕۆژنامەکە باسی کردوونو دێنە دی، ئەوەش ((لینین))ە، قسەدەکاتو ئامادەشە بۆ ئەو بارودۆخەی

[183] ڕەگەزنامە : الجنسیە، پاسپۆرت : گوزەرنامە: جوازسفر





پێشکەشی زەمینەی شۆڕشی کردووە: ((ئامانجمان پێشکەش نەکرنی هیچ هاوکاری پشتیوانیکردنێکە بۆ حوکومەتی غۆتشکۆف ـ میلیۆکۆف)).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامانی حکومەتی کاتیی شتێکیان بەدی نەکرد کە پێویست بکات بەوەی کە بترسن، (نابۆکۆف)یش دەڵێ: ((لەیەکێك لە کۆبوونەوەکانی حکومەتی کاتیدا لەمانگی مارسدا، وەزیرەکان لەکاتی پشووی کۆبوونەوەکەدا باسو گفتوگۆیان کرد دەربارەی مەسەلەی پڕوپاگەندە کردنی بەلشەفییەکان کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە. (کرنسکی)یش بەخۆیو پێکەنینە هستریانییە ڕاهاتووەکەیەوە گوتی: ماوەیەك چاوەڕوان بکەن، ((لینین))خۆی لێرە ئامادە دەبێ، ئەو ساتەش هەمووشتەکان قالبی ڕاستەقینەو ڕاستێتی خۆیان وەردەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا دیسان وەزیرەکان شتێکی ئەوتۆیان بەدی نەکرد کە بیانترسێنێ ـ وەك (نابۆکۆف) دەڵێ ـ هەموو ئەوشتانەیشی بەدوور زانی کە ترسیان لێ بکەویتەوە)) بەڵێ، بەڕاستی وەزیرەکان زۆر بیر تیژانەو زیرەکانە بە دووربینی یەکی تیژەوە دەیانڕوانی، بەلام هەریەکەیان بەڕێو جێی خۆی.

هاوڕێو لایەنگرانی ڕۆیشتن بۆ دیداری ((لینین))، لەبارەی ئەم چاوپێکەوتنەوە((لیفکۆڤ ))ی ئەفسەری دەریایی لاو دەڵێ: ((هەر کە (فلادیمیر ئیلیتش) سواری عەرەبانەی شەمەندەفەرەکە بوو، لەسەر کورسییەکەی دانیشتو گوتی بە(کامبنیف): لەبرافدادا چی دەنووسن؟ چەند ژمارەیەکمان لێ بینیوەو زۆر لێتان بەداخین..)) ئەمەبوو ئەو بەیەکتر گەشتنەوەی کەپاش دابڕانێکی چەند سالی ڕویدا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شتانە نەبووە ڕێگر لەبەردەوامی ئەوەدا کە بەیەکتر گەیشتنە کە دۆستانە نەبێت. لیژنەی پترۆگراد بەهاوکاری ڕێکخستنی سەربازی توانی چەند هەزار کەسێك کۆبکاتەوە لەسەر بازو کرێکاران، بەمەبەستی ئامادەکردنی مەراسیمی پێشوازیکردن لە((لینین)) فارغۆنو عەرەبانە تەختەکانی ژێر دەسەلاتی بەلشەفییەکان هەموو کەرەسەکانیان خستەگەڕ بۆ بەشداریکردن لەو ئاهەنگی پێشوازییەدا، لیژنەکەش بڕیاریدا کە بەم عەرەبانە سەربازییانەوە بچێت بۆ وێستگەکە: بەڕاستی شۆڕش خواستو ئاواتێکی بەهێزی بوژاندەوە لەم ئامێرە ترسناکانەدا، کە دەیتوانی فەسلەتی جیا کەرەوەی گەورە گەورە لە ناخی بینەراندا دروست بکات، ئەگەر بتوانن لەتەنیشت

خەڵکەکەوە بەسەر شەقامەکانی شاردا بڕۆن لەڕێو ڕۆیشتنەکەدا. وەسفی ئەو بەیەکگەیشتنە فەرمییەی لەهۆڵی ((ئیمپراتۆرییەت)) لەوێستگەی (فنلەندە) کرا، لاپەڕەیەکی زیندویە لە یاداشتە گەورەکانی سۆخانۆف دا کە لەچەند بەرگو بەشێکدا چاپ کراون: ((لینین)) هاتە ناو هۆڵەکەوە، یاخود بەهورووژم بەرەو هۆڵەکە بردیان، شەبقەیەکی خلیچکی لەسەردا بوو، چەپکە گوڵێکی جوانی بە دەستەوە بوو، هەرکە گەیشتە ناوەڕاستی هۆڵەکە لەناکاو ڕاوەستا لەبەردەمی (تەشخیدزە) دا وەك ئەوەی دیوارێکی چاوەڕوان نەکراوی هاتبێتە سەر ڕێ، لەوێدا (تەشخیدزە) دەستی کرد بەوتاری پێشوازیکردن بەبێ ئەوەی دیمەنە تۆخو تاڵەکەی وازی هێنابێ، وتەکانی وتارەکەو ریتمو ئاوازی قسەکانی ناوبراو، وەك ئەو مامۆستایە وابوو کە بیەوێ وانەی ڕەوشت بڵێتەوە ((هاوڕێی ئازیز... بەناوی سۆڤیەتی پیرۆگرادەوە، بەناوی شۆڕشەوە بەگشتی... بەخێرهاتنەوەتان دەکەین بەگەڕانەوەتان بۆ ڕوسیا، ئێمە لەوباوەڕەداین کە ئەرکی سەرەکی دیموکراتییەتی شۆڕش لەم کاتەدا بەرجەستە دەبێ، بە بەرگریکردن لەم شۆڕشەمان دژی هەموو هەوڵەکانی دوژمنە دەرەکیو ناوخۆییەکان.. ئێمە ئومێدەوارین ئەوەشی ئەو ئامانجەبێ کە ئێوە لەگەڵماندا هەوڵی بۆ بدەین...)) ئیتر (تەشخیدزە) بێ دەنگ بوو، منیش لەبەرانبەر دیتنی ئەو هەڵوێستەدا سەرسام بووم.. بەڵام خۆ ((لینین)) دەیزانی لەوکاتانەدا چۆن چۆنی هەڵسوکەوت بکات، هەڵوێستیشی لەکاتی قسەکردنو وتاردانەکەیدا وا دیاربوو کە ئەو کەسانەی دەوروبەری زۆر جێگەی مەبەست نین: چونکە بەدەوری خۆیدا دەڕوانی... تەماشای ڕوخساری کەسەکانی دەکرد... جار بەجار چاوی هەڵدەکواستو تەماشایەکی بن میچی هۆڵی ئیمپراتۆرییەتی دەکرد، ئەو چەپکەی گوڵەی ڕێك دەخستەوە کە بەدەستیەوە بوو ((هەرگیز لەگەڵ پوختەی کەسێتی ئەودا نەدەگونجا))، هێشتا (تەشخیدزە) لەقسەکانی تەواو نەبوو بوو کە لای کردەوە بەلای لیژنەی ڕاپەڕانداو وەڵامی پێشوازییەکەی دایەوەو گوتی: ((هاوڕێیانی ئازیز... سەربازو دەریاوانو کرێکاران! من شادمانم بەو سیفەتەش کە ئێوە پێشەنگی سوپای پڕۆلیتاریای جیهانین... زۆریش ناخایەنێ کە گەلان وەڵامی بانگەوازەکەی هاوڕێ (کارل لیبکنخت) دەدەنەوە، چەکەکانیان ڕووبەڕووی داگیرکەرە سەرمایە دارەکان دەکەنەوە... ئەو شۆڕشەی





ئێوەش کردوتانە، سەرەتای چاخێکی نوێی دیاریکردووە... بژی شۆڕشی سۆشیالیستیانەی جیهانی...!))

(سۆخانۆف) ڕاست دەکات کە دەڵێ: چەپکە گوڵەکە گونجاو نەبوو لەگەڵ کۆدەری[١٨٤] ڕوخساری (لینین)دا، بووبوە مایەی تەنگە تاوکردنی، وەك ئەوەبووکە کەشتێك لەجێی خۆیدا نەبێت لەناوجەرگەی ڕوداوە زبرەکاندا، وێڕای ئەمەش (لینین) زۆر حەزی لەچەپکە گوڵی ڕوکەش نەبوو، دیارە زیاتر لەپێشوازییە فەرمییەکە گوڵەکانی بێزاریان کردبوو، کە سروشتی درۆیەکی ئەخلاقی دەنواند لەناوجەرگەی هۆڵێکی پڕ لەخەڵکی شۆخو ڕازاوەدا، (تەشخیدزە) زۆر گەورەتر بوو لەو وتارەی پێشکەشی کرد لەپێشواریو بەخێرهێناندا، (لینین) کەمێ دەترسا، بەڵام وا دیاربوو هەندێ کەس هانیان دابوو باسکردنی ئەم (بەحیزب کراوە توندگیرە)ی کە دەبێ پارێزگاری لەڕژێم بکات هەر لەسەرەتاوە، بۆ تەواوکردنی ئەو وتارەی (تەشخیدزە) کە تەعبیری لەئاستی نزمی سەرکردایەتی دەکرد، لاوێکی ئەفسەر بە ناوی دەریاوانەکانەوە قسەی کردو ئومێدی خواست کە (لینین) ببێتە ئەندامێکی حکومەتی کاتیی...! بەم جۆرە پێشوازی کرا لەشۆڕشی فێبرایری ڕاکردەو زۆربڵێ کە تاکو ئێستاش بەتەواوەتی پێنەیگەیوەو کامڵ نەبووە، ئەو پیاوەی کە ئێستا لێرە ئامادەیەو خۆگرو بەتوانایە لەوەدا کە بیرۆکەو خواستی خۆی بەسەر دابسەپێنێ، بۆچوونە بەراییەکانی (لینین) ئەو دوودڵییەی زیاترکرد کە هەر لەکاتی هاتنیدا هەستی پێ کردبوو، هەستێکی وای بۆ دروست کرد کە بیر لە بەڵگە هێنانەوەو لەسەر ڕۆیشتنی زیاتر بکاتەوە، کە نەدەکرا بیشارێتەوە، بەڵام هەروا بە ئاسانییش لەبن باسکییەو هەڵی نەهێنجا...! چووە سەر قسەو باس لەسەر (تەشخیدزە) وە بۆ دواندنی کرێکارو دەریاوانو سەربازانو لەبەرگری کردن لەوڵاتەوە بۆ سەرباسی شۆڕشێکی جیهانیانەو لەحکومەتی کاتییەوە بۆ باسی (لیبکنخت) بەم جۆرە (لینین) لەوێستگەکەدا زۆر بەکورتی دوا سەبارەت بەسیاسەتی داهاتووی بەگشتی.

لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕشەکە هەر لەیەکەم ساتیەوە سەرکردەیەکی خۆی پەسەند کرد، سەربازانیش سووربوون لەسەر ئەوەی کە (لینین) سواری عەرەبانەیەکی زرێ پۆش بکەن،

---

[١٨٤] کۆدەر: سیفەتو مەلامیحی دەرەوەو ڕوخساری مرۆڤ.

ئەویش هیچی بۆنەمایەوەو ناچار گوێی لـێ دەگرتن‌و بەقسەی دەکردن، شەوداهات‌و تاریکایی باڵی درێژکرد بەسەر شاردا، کەژاوەکەی نرخ‌و بەهایەکی گەورەتری نیشاندا، ڕوناکی و چرای عەرەبانەکانی تر کوژابوونەوەو تەنها هی ئەو تاریکایی دەسمی[١٨٥] و چەندین گروپ‌و کۆمەڵی کرێکارو سەربازو دەریاوانی لەسەرڕێ دەبینی لەو سەرشەقامە تاریکانە ڕاوەستابوون، هەر ئەم کۆمەڵانەش بوون کە گەورەترین ڕاپەرینی جیهانیان بەرپاکرد، پاشان دەسەڵات لەنێوان پەنجەکانیەوە خۆی دەدرەوشاندەوەو مۆسیقای سەربازی چەند جارێك لەڕێگەدا وەستێنرا تاکو خەڵکی هەمان وتاری دوبارەی (لینین) ببیستن کە لەهۆڵەکە وتبووی، ئەم جارەیان بۆ ئەوکەسە نوێیانەی کە هێشتا نەیانبیستبوو، (سۆخانۆف) دەڵێ ((سەرکەوتن مسۆگەرو ئاشکرابوو، دەلالەتەکانی دیاربوون)).

سەر لە نوێ ماستاوچێتی‌و وتاری بەخێرهاتن‌و پێشوازی لەکۆشکی (کشیسینسکایا) دەستی پێکردەوە، واتا لەبارەگای باڵای سەرکردایەتی بەڵشەفییەکان، کە لەڕاستیدا پێشتر هێلانەی کچە سەماکەرەکانی بالییەی کۆشکی پاشایەتی بوو، ئەم پەیوەستکردنەش هەمیشە ببووە مایەی گاڵتە پێهاتنی (لینین) درێژ دادڕی‌و دێژە دان‌و پیاهەڵدانی زیاد لەپێویست هەستی پێ دەکرا، ((لینین)) پیشوازی لەلافاوی پیاهەڵدان دەکرد، وەك کەسێك کە بەڕێبواری بەپەلە بەبن دەرگایەکدا تێپەڕی‌و لاداتە پەنایەکی دەرگاکە تاکو لافاوەکە خۆشی دەکاتەوەو پاشان دەڕوات، ئەویش وای بەسەر هاتبوو، چاوەڕوانی وەستانەوەی لافاوە درۆکانی پیاهەڵدانەکەی دەکرد، شایستەی ئەوە نەبوو، ناوبراو هەستی کرد کە خەڵکی بەڕاستی بەگەڕانەوەی ئەو دڵخۆشن، بەڵام ئەم کۆبونەوە شێوە کودەتا نایابە بێزارییەکەی وروژاند، بەلای ئەوەوە زمانی بەخێرهاتنەوە پیرۆزبایی فەرمی وەك مقاشێك وابوون، خۆکردانە[١٨٦] و پڕ لەفێڵ‌و خواستن بوون لەدیموکراتییەتی بۆرجوازییەتی بچوکەوە، شێوەیەکی وتار ئامێزی سۆزدارانەی، بێ بناغەی ساختەبوون، وای هاتە بەرچاو کە شۆڕش مەراسیمی پەلەپڕوزەو شەکەتی خۆی

---

[١٨٥] دەسمی: دەیسمی: کوناودەری دەکرد وەك دەگوترێ: بەدرەوشە چەرمی دەسمی.

[١٨٦] واتە ئەو ئیشانەی مرۆڤ بەدەستی ئەنقەست دەیانکات‌و سروشتی نین بەڵکو بۆ چاوبەست‌و ڕوپامایین.





پێشکەش دەکات بەر لەوەی ئەرك‌و کارو فەرمانەکانی یان ڕێ‌و شوێن‌و نەخشەی خۆی وێنا بکات، بەقەراخی لێوەکانی زەردەخەنەی دەکرد و گاڵتەی بەبارودۆخەکە دەهات، ناوبەناو تەماشای کاتژمێرەکەی دەستی دەکرد و خۆشی لەباوێشك هاتن دوانە نەدەخست، هەر لافاوی پێهەڵدان‌و وتاری بەخێرهاتنەوەکان تەواوبوو، ئەم پیاوە تازە گەڕاوە[١٨٧] ( یە لافاوێك لەوبیرو بۆچوونە پڕ لەجۆش‌و خرۆشانەی بۆ ئامادەبوان باسکرد کە گەلێك جار بریسکەیان لێ دەهات‌و ناو بەناو وەکو پیاکێشانی شوڵك‌و قامچی وابوون. ئەو کاتە هێشتا هونەری دابڕین بە بەڵشەفییەکان ئاشنا نەبوو بوو، وەکەسیش تێبینی خۆی لەسەر قسەکانی ئەو تۆمار نەکرد، بەڵکو هەموو خەڵکەکە تەنها ئەوەیان دەبیست کە لەدەوروبەریاندا ڕووی دەداو دەگوترا، هەروەها وتارەکانیش تۆمار نەکران، هیچی نەمایەوەو نەپارێزرا... جگە لەڕاوبۆچوون و لێتێگەیشتنی ئامادەبوان‌و ئەوەی لەمێشکی ئەواندا تۆمار بوو بوو، بەڵام دیارە ئەو لێتێگەیشتنە لەڕووی کردارییەوە بەپێی کات وردە.. وەردە.. دەردەکەوێ: جۆش‌و خرۆشی خەڵکەکە زیادی کرد، ترس وبیم کەم ببووە وە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لێتێگەیشتنە بنچینەییەی کە وتارەکە لەدڵی نزیکترین کەسی لە((لینین))ە وە تۆماری کردبوو هێشتا پڕبوو لەترس، ئەمەش لەبەرئەوە بوو چونکە سەرجەم ئەو ڕستەو وشەو ڕشتانەی بەکاری دەهێنان زۆر زبرو توندو ڕەق بوون‌و لەچەندین مانگی پێشووترەوە شتی وایان نەبیستبوو، بۆیە یەك بەیەکیان وردە... وردە... لەبەرچاوی ئامادەبوان تێك دەڕمان. وتارە ئاڕاستەکراوەکەی ڕاستەوخۆ بۆ کادرە بەڵشەفییەکانی پترۆگرادبوو لەماوەی ئەو دوو کاتژمێرەدا تەنها پەرەپێدانی ڕاڤەی وتارە کورتەکەی ناوبراوبوو کە لەوێستگەکەو بەژوورسەری (تەشخیزر)ەوە خوێندییەوە.

(سۆفانۆف) بەڕێکەوت ئامادەی ئەم کۆبونەوەیە بوو، لەڕوانگەیەوە خۆشەویستی‌و پەیوەندی کامینیف وای لێکرد بانگەشەی بکات‌و پاڵنەرێ بۆ هاتنی، ـ لینین خۆی ڕقی لەم ئاسانکاری‌و ڕەفتارانە بوو ـ ئەمەش هەبوونی وەسفێکی تەواوەتی یەکەم بەیەکترگەیشتنی لینین‌و بەڵشەفییەکانی پترۆگرادمان بۆ دەستەبەر دەکات.

---

[١٨٧] واتە تازە لەوڵاتانی بیانی گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی .

بەلام وەسفەکە، وەسفێکە چاودێرێکی لابەلایی کردویەتیو سەبارەت بە بەلشەفییەکانیش جۆرێك لە جۆشو خرۆشی دوژمنانەی تێدایە.

(( هەرگیز ئەم وتارە بروسکە ئاساییەم لەبیر ناچێتەوە کە هەموو بەلشەفییە توندڕەوەکانی وروژاندو سەرسامی کردن، کاریگەری وتارەکە لەسەر ئەوان وەك کاریگەرییەکەی وابوو لەسەرمن، منێك کە ڕێم لێ ون بوو بوو، بە هەلە هاتبوومە ناو کۆبوونەوەکەوە، من جەخت لەوە دەکەمەوە کەسێك لەئامادەبوان نەبوو کە چاوەڕوانی شتێکی هاوشێوەی وەك ئەو وتارە بکات، واهاتە بەرچاو دەتگوت هەموو هێزە سروشتییە ئالۆزەکان لەحەشارگەکانی خۆیان هاتونەتە دەرەوە، ئەوگیانی وێرانکارییەی کە سنوری بۆ نییەو گومانو دوو دلیو سەختیو کۆسپی مرۆچانە ناناسێ لەناو هۆلەکەی کۆشکی (کشیسنسکایا)دا بۆیە پارێزەرێکی ئەفساناوی بەسەرسەری ئەوکەسە ئەفسوناویانەو لایەنگرەکانیدا)).

(سەختیو کۆسپو حسابە مرۆییەکان) بەلای (سۆخانۆف)ەوە بریتییە لەدوو دلی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (نۆفیاجیزن) ـــ واتە: ژیانی نوێ ـ لەکاتی چا خواردنەوەیەکدا لەلای (مەکسیم گۆرکی)، بەلام حسابات لەلای ((لینین)) زۆر لەوەقوولترە، ئەوشتەی لەژوورسەرەوە خەلکەکەی پاراستووە هێزێکی سروشتی ئالۆزو جادوونییە، بەلکو بیرێکی مرۆڤانەی ئەو تۆیە کە لەم هێزە سروشتییانە ناترسێ، دوای تێگەیشتن هەولْ دەداو دەیەوێ زالیش بێ بەسەریدا، بەلام ئەمەش هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ، تازە لێتێگەیشتن بەوپەڕی هێزییەوە پێك هاتو دروست بوو.

(سۆخانۆف) واباس دەکات کە ((لینین))گوتوویەتی: ((کاتێك منو هاوڕێکانم گەیشتینە ئێرە، وامزانی کە ڕاستەوخۆ لەوێستگەوە دەچینە قەلای (پوترسیو پۆلس)، کەچی کاتێك خۆمان دۆزییەوە کە زۆر لەوقەلایە دوورین، لەبەرئەوە هەرچی لەتوامانـدا هەیە دەیخەینە گەڕ بۆ خۆڕزگارکردنمان لەو قەلایەو پەل هاویشتن بۆ گەیشتنمان بەئەوێ)). لەوساتەدا کە هەندێ کەس وایان دەزانی کە پەرەسەندنو بەرەوپێشەوە چوونی شۆڕش مانای پشتیوانی کردنی دیموکراتیەتە، کەچی بۆچوونە ڕاستەوخۆکانی ((لینین)) باسی ئەوەیان دەکرد کە بەرەو قەلای (پوترسیو پۆلس) بڕۆن، ڕەنگە هەندێ کەس





وتبێتیان ئەمە سوعبەتو شۆخی کردنێکی دزێوانەیە، بەلام ((لینین)) بۆخۆی وەك مۆسیقاژەن، ژەنەری سوعبەتو شۆخی بوون، هەر وەکو چۆن شۆڕش خۆیشی مۆسیقا ژەنێکی تر بوو.

(سۆخانۆف) سکالا دەکات کە دەلێ: ((لینین)) چاکسازی کشتوکالی بەڕێی یاسایی ڕەت کردەوە، هەروەکو چۆن هاوکات سیاسەتی سۆڤییەتیشی بەگشتی ڕەت کردەوە، داوای کرد کە جوتیارە ڕێکخراوەکان دەست بەسەر زەویو زارەکاندا دابگرنو چاوەڕوانی هیچ نەکەن... ئیتر دەسەلاتی هەرچی و هەرچۆنێك بێت)).

((پێویستمان بەکۆمارێکی نوێنەران نییە، پێویستمان بە دیموکراتییەتی بۆرجوازییەت نییە، پێویستمان بە هیچ حکومەتێکیش نییە لەدەرەوەی سۆڤیەتاتی نوێنەرانی کرێکاران، سەربازان، کرێکارە جوتیارەکانەوە بێت...!))

بەم جۆرە ((لینین)) ناسنامەی خۆی ئاشکراکردو خۆی دووخستەوە لەزۆرینەی سۆڤیەتییەتو فڕێی دایە ناوسنوری سەربازگەی دوژمنایەتیەوە. ((گوێگرە بیسەرەکانیش لەوکاتەدا پێویستیان بەوەنەبوو کە لەم قسانە زیاتر گوێ بۆ هیچی تربگرن، نەبادا سەریان گێژ بخواتو ببورێنەوە...))

(سۆخانۆف) بەقینو ڕقەوە بیرۆکەکانی ((لینین)) باس دەکاتو دەلێ: بەپێی قسەکانی ناوبراو مانای وایە ((تەنها چەپەکانی (زیمیرفالدیین)ەکان دەتوانن بەرگری لەبەرژەوەندییەکانی پڕۆلیتاریاو شۆڕشی جیهانی بکەن، ئەوانی تر هەموویان خۆهەلواسو هەل پەرستنو تەنیا قسەی سەرنجڕاکێشانەو باقو بریق دەکەنو لەڕاستیشدا خەیانەت لەمەسەلەی سۆسیالیستی جەماوەری کرێکاریی دەکەن)).

((ڕاسکۆ لنیکۆف))یش قسەی تر دەخاتە سەرقسەکانی ((سۆخانۆف))و دەلێ: ((زۆر بەسوور بوونەوە کۆتایی بەو تەکتیکە هێنا کە کۆمەلەی حیزبە سەرکردەکانو دەستەیەك لەهاوڕێیان دوای هاتنەوەی ئەو جێ بەجێیان کردبوو))

((لێرەوە، زۆرینەی خەباتگێڕەکانی ناوحیزب دەکەونە ژێر بەرپرسیارێتییەوە، تەنانەت وتارەکەی ((ئیلیتش)) بەلای ئەوانەوە شتێکی نوێی دۆزیەوە، بەڕاستی ((لینین))

نێوانبەندی ـ ڕۆبیگۆن ـ[188]ی دانا لەنێوان تەکتیکی دوێنێو تەکتیکی ئەمڕۆدا، بەڵام بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم نێوانبەندە بەیەك جار وێنای نەکردو نەخشەبەندی نەکرد.

هیچ گفتوگۆیەك لەو ڕاپۆرتە نەکەوتەوە، هەموو خەڵکە کە سەرسام بووبوون، هەریەکە لەئامادەبوان خوازیاری ئەوەبوون کە بتوانن بیرۆکە پەرش‌و بڵاوەکانی خۆی کۆبکاتەوەو هۆشی بە بەرخۆیدا بێتەوە، (سۆخانۆف) لەقسەکانی خۆی بەردەوامەو دەڵێ: ((چوومە دەرەوە، بۆسەرشەقەمەکان، وامدەزانی بەدرێژایی ئەوشەوە بەچەکوش کێشاویانە بەسەرمدا، شتێك لەلام زۆرباش ڕوون بووەوە:

((ناء... من شێت بووم... ئیتر لەگەڵ (لینین) دا ناڕۆم...! ))

ئێمە پشتگیری قسەکانی دەکەین‌و لەگەڵێداین..!

لەڕۆژی دواتردا ((لینین)) ڕاپۆرتێکی نووسراوی دەربارەی بیرۆکەکانی خۆی پێشکەش بەحیزب کرد، کە دواتر بوو بە یەکێك لەگرنگترین بەڵگەنامەکانی شۆڕش‌و بە((بیرۆکەکانی چواری ئەپریل ـ نیسان)) ناسرا، بیرۆکەکان چەندکێشەیەکی زۆر سادەیان دەخستەڕوو، بەشێوازێکی زۆر سادەوساکاری وا کە هەمووکەسێ لێی تێ بگات: ئەو کۆمارەی لەئەنجامی شۆڕشی فێبرایەرەوە سەری هەڵداوە، کۆماری ئێمەنییە، ئەو جەنگەی کە دەشیکات، جەنگی ئێمەنییە، ئەرکی گرنگی بەڵشەفییەت، ڕوخان‌و هەڵگێڕانەوەی تەخت‌و تاراجی حکومەتی ئیمپریالییە، بەڵام ئەم حکومەتە، خۆیشی بەهۆی هاوکاری‌و پشتیوانی مەنشەفی‌و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانەوە راوەستاوەو دامەزراوە، کە ئەوانیش متمانەی جەماوەرییان بەدەست هێناوە، ئێمە کەمینەین، ئەمەش وامان لێدەکات بیرۆکەی دەست پێکردن بەڕوو بەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆیان بەدوور بزانین، بەڵام پێویستیشە لەسەرمان کە جەماوەر هۆشیار بکەینەوە لەوەی وریای خۆیان بن‌و نەکەونە دوای تەوفیقییەکان‌و پشتیوانانی بەرگری نیشتمانییەوە ((پێویستە زۆر بەئەئارامگری‌و خۆگرییەوە ڕاڤەو لێکدانەوەکان پێشکەش بکەین))، سەرکەوتنی سیاسەتێکی لەوجۆرە کە سروشتی بارودۆخەکە وای سەپاندووە

(188) ڕۆبیگۆن: چەمێکە، یان ڕەوش‌و بارێکە ولاتی ئیتالیا لەولاتی ((گۆل)) جیادەکاتەوە، حکومەتی ڕۆما پەڕینەوەی بەو ئاوەدا قەدەغە کردبوو، ئەو کەسەی ئاوبەر بوایە بەناپاك لەقەڵەم دەدرا دژی وڵات‌ونیشتمان.





سەرکەوتنێکی دڵنیاو سەدلەسەدە، هەر ئەم سەرکەوتنەش بەرەو سەرکەوتنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتارییایمان دەبات، واتە، ئەمانگوازێتەوە بۆ ئەو دیوی ڕژێمی بۆرجوازییەت، ئێمە دەمانەوێ هەموو پەیوەندییەکانمان لەگەڵ سەرمایەداران بپچڕێنین، بانگەوازی هەموو کرێکارانی جیهان بکەین هەر وەکو چۆن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بۆرجوازییەتدا پچڕاند، دەستمان کردووە بەشۆڕشێکی جیهانیانە.. سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەش تاکە زامنی پشتیوانیکردنی شۆڕشەکەمان‌و گواستنەوەمانە بۆ سیستمی سۆسیالیستی.

بیرۆکەکانی ((لینین)) بەناوی خۆیەوە بڵاودەکرانەوە، تەنها بەناوی خۆیەوەو بەس، دامەزراوەکانی حیزبی ناوەندیش بەهەندێ قین‌و ڕقەوە پێشوازی لەم بیرۆکانە دەکرد، کە نەدەبوونە مایەی کەمکردنەوەی ئاستی هەڵکفانیان، جگە لەو سەرسامییە باوەی لەم دامو دەزگایانەدا دەبینرا، هیچ ڕێکخراو یان کۆمەڵەیەك، یان خەباتگێڕێك واژۆی خۆی لەسەر ئەم بەڵگەنامەیەی ((لینین)) نەدەکرد، تەنانەت ئەو ((زنیۆف))ەی کە لەگەڵ خودی ((لینین))دا لەدەرەوەی وڵاتەوە گەڕابووەوەو هەڵگری ئەو بیرۆکانەش بوو کە سەرکردەی بەڵشەفی لەماوەی دەساڵی ڕابوردودا ڕۆژانە بەگوێیدا دابوون.

زۆر بەهێمنی ئەویش پاشکەکێشی کرد، ئەم کشانەوەیەش ڕوداوێکی کوت‌وپڕ نەبوو بەلای سەرکردەکەوە، زۆر بەباشی یاریدەدەرەکەی خۆی دەناسێت، ئەگەر (کامنییف) کەسێکی پڕوپاگەندەیی میللی بوبێت، ئەوا (زینۆف) هاندەرێکی سەرکەوتوو بوو، ((لینین)) جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کەناوبراو لەوەزیاتر هیچی ترنییە.

هەستکردنیشی بە بەرپرسیارێتی بەڕادەیەك کەموکورت‌و ناتەواو بوو کەوای لێکردبوو هەرگیز نەهێڵێ بگاتە پلەی سەرۆك‌و سەرکردە.ئەمەش تاکە خاڵی لاوازنەبوو تیایدا. بەڵکو بێ بەش بوو لەئینزیباتی ناوخۆیی خودی خۆیی‌و هاوکات بیرکردنەوەیشی تەواو کۆڵ بوو لەکاری تیۆرییدا، لەناکاویشدا بیرکردنەوەی دەگۆڕا بۆ چەمکێکی ئاڵۆزی هاندەرانە، هەستی بەتایبەتی کۆڵبوو، وای لێکردبوو کە زۆر پەلە بکات لەگەلاڵە کردنی ئەو بیرۆکەو تەعبیرو دەربڕینانەی کە پێویستی پێیان دەبوو، واتە: ئەو بیرۆکەو تەعبیرانەی کە پێویستی دەبوون بۆکارتێکردنە سەر جەماوەر، لەکاتی چالاکییە

ڕۆژنامەیی‌و وتاردانەکانیشیدا لەوە تێپەڕی نەدەکرد، کە کەسێکی هاندەرە، لەگەڵ جیاوازییەکی کەمدا، ئەویش ئەوەبوو کە وتارو بەرهەمە نووسراوەکانی خاڵە لاوازەکانی خۆی نیشان دەدا، هاوکات وتارەکانی خاڵە بەهێزەکانی دەردەخست، ((زینۆفیف)) لەهەموو بەلشەفییەکانی دیکە زیاتر بوێرو ئازاتربوو لەبواری هاندانی جەماوەریدا، بەڵام لە((کامینیف)) کەم تواناتر بوو لەگرتنەبەری سەلماندنی شۆڕشگێڕانە، ئەمیش وەك هەموو کەسانی دیما گۆج ڕاڕاو دوودڵ بوو ((زینۆفیف)) بەشێوەیەکی خۆنەویستانە[189] دابڕا لەفێرگەی خۆی کاتێك وازی لەخانەی ململانێی کۆمەڵەکان هێناو ڕووی کردە بواری ململانێی ڕاستەوخۆی جەماوەر.

ڕووکاری باو لەم چەندساڵانەی دواییدا بەلای قەیرانی ئیپریل (نیسان)دا بای دەدایەوە کە حیزب بەخۆیەوە بینیبووی، بریتیش بوو لەقەیرانێکی خێراو کۆسپ، بەڵام ئەمانە هەموویان دارمان کاتێك یەکەم دەرکەوتنی ڕاستییەکانی ئەڕووداوانە پشکنراو دۆزرایەوە.[190]

ئەوەی تاکو ئێستا باسمان کردووە چالاکییەکانی حیزبە لەماوەی مانگی مارسدا، مەبەستمان ئەوەیە بزانین کە ئەو جیاوازییە قووڵانە چین لەنێوان ((لینین))و سەرکردایەتی پترۆگراددا، ئەم جیاوازی‌و دژوارییانەش گەیشتنە چڵە پۆپەی نائارامی‌و پشێوی لەیەکەم ساتی گەشتنەوەی ((لینین)) بۆ پایتەخت: لەوکاتەدا کۆبوونەوەی گشتی پیرانی ڕوسیا بۆ نوێنەرانی (٨٢) سۆڤیەتی گیرا، (کامینیف و ستالین) دەنگیاندا لەسەر بڕیاری ئەو دەسەڵاتەی کە مەنشەفی‌و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان پێشنیاریان کردبوو، هاوکات لەپترۆگراد کۆنگرەیەکی تایبەتی بەسترا سەبارەت بەحیزب، کە ژمارەیەکی زۆر لە (بەلشەفییەکان) تیایدا ئامادەبوون کە لەچەندین شوێنی جیاجیای ڕوسیاوە هاتبوون ـ بۆ بەشداری ئەو کۆنگرەیە ـ ئەم کۆنگرەیەش کە لەدواساتەکانیدا ((لینین))ئامادەیە

---

(١٨٩) خۆنەویستانە: بەدەست خۆنەبوون: اللا إرادية

(١٩٠) کتێبێکی گەورە هەیە کە کۆمەڵە کەسێك نووسیویانە بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر (پۆکرۆفسکی)یەو ناوی ((چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەر))ە ئێمە لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا ((مۆسکۆ ١٩٢٧))دا لێکۆڵینەوەیەك دەبینین کە ((بایفسکی)) نووسیویەتی دەربارەی تیاچوونی زیاتر لەگاڵتەو گەپو یاری مناڵانە دەچێت نەك لێکۆڵینەوە.





سودێکی زۆری هەبوو سەبارەت بەدیاریکردنی ئاڕاستەو بیروبۆچوونەکانی حیزب، یان باشتر بڵێین: مەیلی توێژەسەرکردە باڵاکە، کە چۆن لەجەنگ هاتە دەرەوە، خوێندنەوەی ئەو کۆنووسانەی تاکو ئێستا بڵاونەکراونەتەوە سەرسامییەکی گەورە دەورووژێنن‌و مرۆڤ بەرەو پرسیارکردن دەبەن: ئایا ڕاستە، ئەو حیزبەی کە ئەم نوێنەرانەی ناردبوون ئەوحیزبەیە کە بەدەستێکی پۆلایینەوە دوای حەوت مانگی تردەست دەگرێ بەسەر دەسەڵاتدا...؟

مانگێکی تەواو بەسەر ڕاپەریندا تێپەریشی کردبوو، ـ ئەمەش ماوەیەکی درێژە سەبارەت بەشۆڕش‌و جەنگ ـ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاوبۆچوونانەی کە پەیوەندییان بەگرنگترین مەسەلەکانی شۆڕشەوە هەبوو هێشتا لەناو حیزبدا زۆر ڕوون‌و یەکالانەبوون، هەرکۆنگرەکە چەند کەسێکی نیشتمانی ـ توندڕەویشی تێدابوون، وەکو (فۆیتینسکی)، (ئیلیلف)و.... هتد لەکەسانی ئومەمی، ڕێژەی نیشتمانپەروەرە بەجۆش‌و خرۆشەکان زۆر لەو ڕێژەیە کەمتر بوو کە لەناو ڕیزی مەنشەفییەکاندا هەبوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر زۆر بوون، کۆنگرە نەیتوانی ئەم مەسەلەیە چارەسەربکات: جیابوونەوە لەنیشتمانپەروەرە بەلشەفییەکان، یان یەکگرتن لەگەڵ نیشتمانپەروەرە مەنشەفییەکان، لەکاتی پشووەکانی کۆنگرەکەدا، لەنێوان ئەندامانی نوێنەرانی سۆڤیەت بە مەنشەفی‌و بەلشەفییەوە خۆبەخۆ کۆبوونەوەیەکیان بەست بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی مەسەلەی جەنگ. ((لیبر)) کە توندڕەوترین مەنشەفی بوو. لەناوکۆنگرەکەدا ڕایگەیاند کە: ((پێویستە ئەوجیاوازییە کۆنانەی پێشووی نێوان بەلشەفی‌و مەنشەفی باس نەکرێت‌و تەنها قسەلەسەر هەڵوێستمان بکەین دەربارەی جەنگ)). هێشتا ((فۆیتنسکی)) بەلشەفی ڕەزامەندی خۆی دەرنەبڕیبوو دەربارەی لەگەڵبوونی، لەگەڵ سەرجەم قسەکانی ((لیبر))دا کە بەلشەفی‌و مەنشەفییەکان ـ بەنیشتمانپەروەرەکانیان‌و ئومەمیەکانیشیانەوە بەدوای رشتەیەکی هاوبەشدا دەگەڕان کە تەعبیر بێ لەهەڵوێستی هەردوولایان دەربارەی جەنگ.

ڕاوبۆچوونەکانی کۆنگرەی بەلشەفی، باشترین تەعبیری بۆ دۆزیەوە کە لەو ڕاپۆرتەی (ستالین) دایە سەبارەت بەهەڵوێست وەرگرتن دەربارەی حکومەتی کاتیی، پێویستە

لێرەدا بیرۆکەی سەرەکی ئەوڕاپۆرتە باس بکەین کە بڵاونەکراوەتەوەو بڵاویش ناکرێتەوە لەلایەن کۆنووسی کۆنگرەکەوە تاکوئێستا لەهیچ شوێنێ ، ((دەسەڵات دابەشکراوە بەسەر دوودەزگادا، هیچ کام لەو دەزگایانە بەتەواتی دەسەڵاتی نییە، لەنێوان هەردوودەزگاکەش دا لێك ڕاست بوونەوەو ململانێ هەیەو دەبێ ئەوانەش رووبدەن، ڕۆڵیش هەردابەش کراوە بەسەریاندا، سۆڤیەت هەر بەسەرپێوەکوتو پڕ دەستی دایە گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە، سۆڤیەتیش سەرۆکی شۆڕشگێڕانەی گەلێکی شۆڕشگێڕە، ئەو دەزگایەشە کە چاودێری حکومەتی کاتیی دەکات، حکومەتی کاتیش ئەرکی پیشتیوانی کردنی پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی شۆڕشگێڕی خستە ئەستۆی خۆی. سۆڤیەت، ئەرکی هێزەکان لەخۆی دەگرێو پەیڕەوی چاودێریتی خۆی دەکات، هاوکات حکومەتی کاتیی دەکەوێو هەڵدەستێتەوەو ڕۆڵی پشتیوانیش دەبینێ لەپشتیوانی کردنی دەستکەوتەکانی گەلدا بەشێوەیەکی کرداری، ئەم بارودۆخەش چەند سیفەتێکی نالەباری پێوەیە، بەڵام هاوکات سیفەتی باشەشی تێدایە: ئێستا لەبەرژەوەندیماندانییە کە ڕەوتی ڕوداوەکان خێراتربکەین، یان زیاتر ئەو توێژە بۆرجوایە دەرکەنار بکەین کە لەداهاتوودا سەد لەسەد بۆخۆی وردە.. وردە.. دادەبڕێو جیادەبێتەوە: بەم جۆرە (ستالین) خۆی لەسەرووچینەکانەوە دانا، وێنەی پەوەندییەکانیشی کێشا لەنێوان بۆرجوازییەتو پڕۆلیتاریادا، کە وەك ئەوە وابوو کە بریتی بێ لەدابەشکردنی کار واتە: سەربازانو کرێکاران پێویستە لەسەریان کە شۆڕشەکە بەئاکام بگەیەنن، پاشتر (غۆتشکۆف)و (میلیۆکۆف)یش هاتنەپێشەوە بۆ هاوکاریکردنی ئەم پڕۆژەیەی، ئێمە لێرەدا تیبینی ئەوە دەکەین کە ئەم بیرۆکەیە لەچەمکی کلاسیکیانەی مەنشەفیەت دەچێ، کە بەشێوەیەکی خراپ لەڕووداوەکانی ساڵی ـ (١٧٨٩)ە وە گواستراوەتەوە بۆ ئەم ڕۆژکارە، دەشزانین کە سەرکردە مەنشەفییەکان بەم هەڵوێستە چاوتێبڕینانەیان دەناسرێنەوە لەبەردەم پەرەسەندنی مێژووییدا، بەم شێوازەش ناسراون لەدابەشکردنی ئەرکەکاندا بەسەرجۆرەها چینو توێژدا، ڕەخنەگرتن لەڕاپەڕاندنی ئەم بیرۆکەیەدا بەزمانێکی ئامۆژگاریکارانەوە بیرۆکەی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت: باش نییە جیاوازی نێوان شۆڕشو بۆرجوازییەت قووڵ بکرێتەوە، بەڵگەیەکی هەرەباڵاو هەمیشەییە لەسەر سەراپای





سیاسەتی مەنشەفییەکان بەگشتی. مانای ئەمەش بەگشتی لاوازکردنی بزافی جەماوەریو کەم کردنەوەی جۆشوخرۆشەکەی دەگەیەنێ، تاکو هاوپەیمانە لیبڕاڵییەکان نەترسنو سڵ نەکەنەوە. دواجار دەرەنجامەکەی((ستالین)) دەربارەی حکومەتی کاتیی بەتەواوەتی هاویەکە لەگەڵ ڕشتەی تەوفیقییەکان:((پێویستە پشتیوانیو هاوکاری حکومەتی کاتیی بکرێت، هەتا ئەو حکومەتی بەردەوام بێ لەپشتوانیو هاوکاریشی نابێ بکرێو دەبێ ڕەت بکرێتەوە ئەگەر ئەم حکومەتە بوو بەشۆڕشێکی دژە شۆڕش)).

(ستالین) لە(٢٩)ی مارسدا ڕاپۆرتەکەی خۆی پێشکەش کردو هەرڕۆژی دواتر(ستیکیلۆف)ی سۆسیالیست دیموکراتی ناحیزبی و سەربەخۆ هەستا بەبانگەشە کردنی بۆ بەشداریکردنی مەرجدارانەی حکومەتی کاتییو وێنەی ئەو جۆشو خرۆشە کلپەگرتووەش تابلۆیەکی تەواوی چالاکییەکانی پشتیوانانو یارمەتیدەرانی شۆڕشی دەنواند ـ کە بەرگریکردن بوو لەچاکسازییە کۆمەلاّیەتیو بیرۆکە پاشایەتییەکان.

پاراستنێکی پێش وەختانەبوو بۆ هێزەکانی دژە شۆڕشو ئاڕاستە پێشنیار کراوەکان بۆگرتنە خۆو پەیوەندیکردن، ئەم کارەی ناوبراویش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە خۆی ژێدەرێکی فەرمی بووە بەناوی کۆنگرەی سۆڤیەتییەوە، هەنگاوی لەم جۆرە بووبە هۆی وروژاندنی لالێکردنەوە و بایەخی کۆنگرەی بەلشەفیو وای لێکرد واز لەڕشتەی(یارمەتیدان) بهێنێو(نۆغین)ی بەلشەفی ڕاستڕەو ئەمەی خوارەوەی ڕاگەیاند: ((ڕاپۆرتەکەی)) (ستیکلۆف) بیرۆکەیەکی نوێی پێشکەش کرد: ئەوە ڕوونە کە نابێ لەم کاتەدا قسە لەبارەی یارمەتیدانەوە ـ بۆحکومەت ـ بکەین بەڵکو دەبێ قسە لەبارەی ڕەخنە گرتنو ئۆپۆزسیۆنیەتەوە بکەین)).. ((ستریبنیك)) لەڕاپۆرتەکەی ناوبراوەوە ئەمەی هەڵگواست کە ڕاپۆرتەکەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە: ((گۆڕانێکی گەورە لە ئارادایە، مەحاڵە قسە لەسەر یارمەتیدانی حکومەت بکرێ، چونکە کودەتایەك لەژێر کلێشەی حکومەتی کاتیدایە کە دەیەوێ گەل فریوبداتو دژی ئەو گەلەگێچەڵێك بەرپابکات)).

ئەو((ستالین))ەی دوێنێ نەخشەیەکی نایابو نمونەیی سەبارەت بە ((دابەشکردنی کار))ی نێوان حکومەتو سۆڤیەتدا داڕشتبوو، پێویستە لەسەری کە ئەمڕۆ ئەو بڕگەیەی لێ لابەرێت کە پەیوەندی بەیارمەتیدانی حکومەتەوە هەیە.

گفتوگۆو وتووێژی کورتو سەرکێلانە هاتنە ئاراوە دەربارەی مەسەلەی ئەوەی ئاخۆ چی پێویستە بکرێ سەبارەت بەیارمەتیدانی حکومەتی کاتیی ((ئەگەر هاتوو........)) یان تەنها یارمەتیدانی ڕەفتاری شۆڕشگێڕانە بەسە، کە ئەم حکومەتە خۆی پێی هەڵدەستێ. (فاسیلیف)کە یەکێکە لە نوێنەرانی (ساراتۆف) بوو ڕایگەیاند کە: ((هەڵوێستە کە دەربارەی حکومەتی کاتیی لای هەموولایەك لەیەك هاوشێوەیە)).. ناوبراو ڕاست پێکابوونی، (کریستینسکی) بەشێوەیەکی زیندووتربارو دۆخەکەی باس کرد، کاتێك گوتی: ((هیچ جیازازییەك نییە لە نێوان (خۆیتنسکی)و (ستالین) دا دەربارەی هەنگاوە کردارییەکان))، (کرینسکی)یش بە هەڵەدانە چووبوو گەرچی (فۆیتنسکی) ڕاستەوخۆ دوای کۆنگرەکە چووە ڕیزی سەنگەری مەنشەفییەکانەوە: ئەمەش چونکە کێشانەوەی بیرۆکە کە لەلایەن (ستالین) خۆیەوە ـ لەبارەی یارمەتیدانی حکومەتەوە ـ نەبووبەمایەی هەڵوەشاندنەوەی خودی یارمەتیدانەکە، دوای ئەوەش کەسی تر ئەو مەسەلەیەی نەخستەوە ڕوو بۆ باسو لێکۆڵینەوە، بێجگە لە (کراسیکۆف) کە کۆنە بەلشەفییەك بوو، چەند ساڵێك بوو لەحیزب دوورکەوتبووەوە .

دیسانەوە بەچەند ئەزمونێکی ژیانەوە گەڕایەوە تاکو هەوڵ بدات سەرلە نوێ بچێتەوە ناوڕیزی حیزبەکەیەوە: ئەی باشە بیرلەهێنانە سەرکارو دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلتیاریلی ناکەنەوە؟ بەڵام کۆنگرەکە بەگاڵتەجارییەکەوە خۆیان لەم شتە کەڕکرد، هەروەها پرسیارەکەش بووبە ژێرەوەو باوی نەماو بە بەشێکی بێ بابەخیان زانی، بڕیاروڕاسپاردەکانی کۆنگرەکە داوایان لە دیموکراتییەتی شۆڕشگێڕ دەکرد کە هانی حکومەتی کاتیی بدەن بۆ ئەوەی: ((خەباتێکی کردارییانە و چالاکانە بکەن بۆ بنبڕکردنی ڕژێمی پێشوو بە تەواوەتی)) ئەمەش واتە: حیزبی پرۆلیتاری دانراوە بەخانمێکی یاوەری بۆرجوازییەت.





لەڕۆژی دواتردا، پێشنیارەکەی ((تسیریتلی)) خرایە بەرباسو گفتوگۆ دەربارەی یەکگرتنی بەلشەفییەکانو مەنشەفییەکان. (ستالین) بەچاوی ڕەزامەندییەوە دەیڕوانییە ئەم بانگەوازو پێشنیارە: ((پێویستە لەسەرمان ڕازی بینو پێویستە کە پێشنیارەکانمان دیاری بکەین سەبارەت بە هێڵی یەکگرتنەوەمان، یەکگرتنیش دەشێ، بەپێی هێڵی زیمیرفالد ـ کینتاڵ))، لێرەدا دیسان ئەو (مۆلۆتۆف)ە دەرکەوتەوە کە (کامنییف)و (ستالین) لە چاپو بڵاوکردنەوەی برافدا دووریان خستبووەوە و لایان بردبوو، چونکە هێڵێکی توندوتیژی دابووە ڕۆژنامەی ناوبراو، ڕەخنەو ناڕەزاییەکانیشی خستەڕوو: ((تسیرتیلی)) حەز بەیەکگرتنی ڕەگەزی هەموو جۆرەکان دەکات، هەرخۆیشی دەربارەی خۆی دەڵێ کە : من کەسێکی زیمیرفالدیم، یەکگرتنیش لەسەربنەمای ئەم هێڵەیان هەڵەیە، بەڵام (ستالین) بەبۆچوونەکەیدا چووەوەو گوتی: ((باش نییە ڕووداوەکان پێش بخەینو چاوەڕوانی جیاوازییەکان بین، ژیانی حیزبیانەش بەبێ هەبوونی جیاوازی ناوخۆیی نییە، کاریش دەکەین بۆ بن بڕکردنی وردە جیازازییەکانی ناوخۆی حیزب)).

بارودۆخەکە وادەهاتە پێشەوە کە خەباتی درێژخایەنو چەندساڵەی دەمەدەی جەنگ دژی سۆسیالیستییەتی ـ نیشتمانی لەلایەن ((لینین))ەوە پۆشاکە ئاشتیانەکەی وەك بلقی سەرئاو ڕۆشتبێتو بایەخی باڵە مێشوولەیەکی نەبوبێ.

لەئەیلولی ١٩١٦دا، (لینین) لەڕێی (شلیلبنکۆف)ەوە نامەیەکی نووسیبووبۆ پێرۆگرادو تیایدا سووربوونی خۆی نیشان دابوو: ((هەبوونی گیانی تەوفیقییەتو یەکگرتن پێکەوە خراپترین شتن سەبارەت بەحیزبی کرێکارانی ڕوسیا، ئەم ڕوحو گیانەش نەك تەنها هەرگەمژەیی بێت، بەڵکو تیاچوونی حیزبیشە بەتەواوەتی. ناشتوانرێ پشت بەهیچ کەسێ ببەسترێ، مەگەرکەسێك کە بەتەواوەتی لەفێڵو تەڵەکەی بیرۆکەی یەکگرتنو پێویستی جیابوونەوە لەم گروپە بزانێت ((گروپو دەستەی (تەشخیدزە)و هاوبەشەکانی لەڕوسیادا.))، وادیار بوو کە ئەم ئاگادارکردنەوەیە خەڵکی باش لێی تێنەگەیشتوون، ((ستالین))یش جیاوازییە سەرەکییەکانی خستبووەڕوو لەگەڵ (تسیریتلی) سەرۆکی زۆرینەکانی سۆڤیەتدا . وەك ئەو باسی کردبوو کە گوایە ئەمانە چەند جیاوازییەکی ساکارنو دەکرێت لەناو حیزبێکی هاوبەشدا لەناوبرێنو بن

بڕبکرێن، ئەم پێوەرەش باشترین ئاستی هەڵسەنگاندنی (ستالین)ی لەوماوەیەدا دیاری کردو خستییە بەرچاوان.

له (٤)ی نیسان دا، ((لینین)) لەکۆنگرەی حیزبدا ئامادەبوو، ئەو وتارەیشی کە بە (بیرۆکەکانی ئیپریل) ناسراوە، سەبارەت بەکارەکانی کۆنگرەکە وەك ئیسفەنجێکی شێداروتەختە سڕی مامۆستایەك وابوو کە هەموو نووسینەکانی قوتابییە پەشۆکاوە نەزانەکەی بسڕێتەوە لەسەر تەختەڕەشەکە.

((لینین)) پرسی: ((بۆچی دەست بەسەردەسەڵاتدا نەگیرێ؟)) (ستیکۆلۆف)یش لەبەردەمی کۆنگرەدا زۆربەئاڵۆزی هۆکارەکانی دەست بەسەراگرتنی دەسەڵاتی باس دەکردو جەختی لەوە کردەوە کە: شۆڕشی بۆرجوازییەت قۆناغی یەکەمەو ـ سەرەڕای ئەوە جارێ جەنگیش هەر لەئارادایەو.... هتد، بەڵام (لینین) گوتی: ((ئەوانە هەموویان قسەی بێ سەروبەرن‌و وڕێنەن، مەسەلەکە لەوەدا شاراوەتەوە کە پڕۆلیتاریا جارێ هۆشیارییەکی تەواوی نییە یاخود ڕێکخستنێکی تەواوی نییە، دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین، کە هێزی ماددی هەمووی بەدەست پڕۆلیتاریاوەیە. بەڵام لێرەدا، بۆرجوازییەت بەشێوەیەکی هۆشیارانەو ڕێکخراو هاتەپێشەوەو خۆی دەرخست، ئەم کارەش زۆر خراپ‌و دزێوانەیە، بەڵام هەردەبێ بەشێوەیەکی زۆر ڕوون‌و ئاشکرا دانی پیابنێین‌و گەل‌و میللەتیشی لێ بەئاگا بهێنینەوە وتێیان بگەیەنین کە ئێمە بۆیە دەسەڵات ناگرینە دەست‌و نابینە خاوەن دەسەڵات، چونکە ڕێکخراوو هۆشیارنین)).

بەم جۆرە (لینین) مەسەلەکەی لەبورای بابەتیانەی درۆو دەلەسەوە دارنی‌و بەگوڕوهێزەوە خستییە بواری (خودیی ـ زاتی)ەوە کە سیاسەتمەدارە دەسەڵاتدارەکان خۆیان لەپشت ئەو درۆیانەوە شاردبووەوە. هۆی ئەوەی کە پڕۆلیتاریا نەیتوانی دەسەڵات بگرێتە دەست لەشۆڕشی فێبرایردا ئەوە بوو کە حیزبی بەلشەفی لەئاستی ئەرکی باباتیانەدا بوو، نەیشی دەتوانی ڕێ بگرێ لە تەوفیقییەکان کە نەهێڵێ جڵەوی جەماوەری گەل بداتە دەست مەرجەکانی بۆرجوازییەت.

پارێزەر (کراسیکۆف) دوێنێ لێڕاستبوونەوەو سنگ دەرپەڕاندنی خۆی خستبووەڕوو، گوتبووی: ((ئەگەر ئێمە پێمان وابێ کە ئەوساتە هاتووەتە پێشەوە کە دیکتاتۆرییەتی





پڕۆلیتاری دابڕێژین، ئەوا پێویستە مەسەلەکە بەم شێوەیە بخەینە ڕوو، بێگومان ئێمە ئەو هێزە ماددییەمان لەبەردەستدایە کە پێویستمانە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات))، لێرەدا سەرۆکی دانیشتنەکە ـ بەڕێوەبەری کۆنگرەکە ـ قسەکەی پێ بڕی بەوبیانووەی کە گوایە باسەکە دەربارەی ئەرکە کردارییەکانەو مەسەلەی دیکتاتۆرییەت نایەتە ناوبواری گفتوگۆکانەوە، بەڵام (لینین) ڕاوبۆچوونی بەپێچەوانەی ئەوەوەبوو، ئەو پێی وابوو کە تاقە ئەرکی کردارییانە بریتییە لەمەسەلەی ئامادەکردنی دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاری، ناوبراو لەبیرۆکەکانی ئیپریلدا دەڵێ: ((تایبەتمەندێتی ئەم ساتەوەختەی کە ئێستا ڕوسیای پێداتێپەڕ دەبێ، بریتییە لەدیاری کردنی گواستنەوەی قۆناغی یەکەمی شۆڕش، ئەو قۆناغەی کە ئەو دەسەڵاتەی داوەتەدەست بۆرجوازییەت، لەبەر نەبوونی ڕێکخستنێکی تەواو لەناو پڕۆلیتاریاداو نەبوونی بیرێکی هۆشیارانە. بۆقۆناغی دووەم کە بێگومان دەسەڵات دەکەوێتە دەستی پڕۆلیتاریاوە یاخود دەکەوێتە ژێردەستی هەژارترین توێژی جوتیاران)).

کۆنگرەکە لەسەر هەنگاوی برافدا بەڕێوە دەچوو، ئەرکەکانی شۆڕشی بەوەدیاری کردبوو کە چاکسازی لەو دیموکراتییەتەدا بکات کە دەشێت لەڕێ ئەنجومەنی دامەزرێنەرانەوە جێبەجێ‌بکرێ، لەبەرامبەر ئەمەشدا "لنینین" گوتی: "ژیان‌و شۆڕش بەهۆی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانەوە فڕێ دەدرێنە پلەی دوایی، دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاری ئێستا هەیە، بەڵام خۆمان نازانین چۆن چۆنی ڕەفتاری لەگەڵدابکەن‌و بیخەینە گەڕ".

نوێنەران تێڕوانین‌و بیرو بۆچوونی خۆیان ئاڵوگۆڕ دەکرد، لەنێوان خۆیاندا گوتیان بوونی "ئیلیش" لەوڵاتی هەندەران‌و مانەوەی لەوێ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بووەتە کۆسپ لەبەردەمیداو ناتوانێ بەتەواوەتی ڕووداوەکان لێرە وەکو خۆی ببینێ‌و وایشی لێهاتووە کە توانای تەواویشی نییە لەجیاکردنەوەی شتەکاندا، زۆری نەمابوو کە ڕاپۆرتەکەی (ستالین) سەبارەت بەدابەشکردنی کار لەنێوان حکومەت‌و سۆڤیەتدا، کە زۆر بەدانایی نوسیبووی بەیەکجارەکی‌و بۆ هەتاهەتایە بکەوێتە قوڵایی مێژووەوەو لەناوبچێ، (ستالین) خۆیشی قسەی نەدەکردو واپێویست بوو لەسەری کە هەر لەوساتەوە

بۆماوەیەکی دورودرێژ بێ دەنگ بێ، کەسیش نەبوو بەرگری لە (ستالین) بکات جگە لە (کامینیڤ).

"لیـنین" لەنامـە ڕەوانەکراوەکانیـدا لـە (جنێـف) ەوە هەڕەشـەی ئـەوەی کردبـوو کـە ئامادەیە بۆ پچڕاندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو ئەو کەسو لایەنانـەی کـە تـەنازول دەکـەن لەمەسـەلەی جەنگـدا یـان بەدیمـەنێکی شـۆڤێنیانەوە خۆیـان دەردەخـەن، یـان ڕێککەوتن دەکەن لەگـەڵ بۆرجوازییەتـدا، کەچـی تائێـستا ئـەوە خۆیـەتی کـە ڕووبـەڕوو لەگـەڵ سـەرکردایەتی حیزبەکانـدا دانیـشتووەو بەدرێـژایی هـێڵ هێـرش دەبـات، بـەڵام لەسەرەتادا نـاوی کەسـی نـەدەبرد لەبەڵـشەفییەکان، ئەگـەر هـەر ناچـاریش بوایـە نمونـە بێنێتەوە لەسەر فریودانو ڕوپامایی[١٩١] کردن پەنجەی بۆکەسـە بێلایـەنو ناحیزبییـەکان ڕادەکێشا، وە بۆ (ستیکۆلۆف) یان (تەشخیدزە)، ئەوەش شێوازی بـاوی "لیـنین" بـوو: ئەو نایـەوێ کـەس جـێبۆخۆی بگـرێ بەرلـەوەی هێـشتا کـاتی ئـەوە هاتبـێ، دەرفـەتێك بهێڵێتەوە بۆ ئەوکەسانەی مـشوری خۆیـان خـواردووە تـاو لەدەرفـەتی شـیاودا لەجـەنگ پاشەکشێ بکەن، بەمکارەش دوژمـنە توندڕەوەکانی داهـاتوو لاواز دەبـن، (کـامینیف)و (ستالین) لەو باوەڕەدابوون کە بەشداری پێکردنی سەربازو کرێکـاران لەجـەنگ لـەدوای فێبرایـرەوە مانـای دورخـستنەوەیانە لەشـۆڕش، "لیـنین" بینـی کـە کرێکـارو سـەربازان هەروەکو جاری جـاران لەجەنگـدا بەشـدارن، وەك دوو کۆیلـەی پاشـکۆی سـەرمایەداران، "لیـنین" بەمەبەسـتی تەسـك کردنـەوەی بازنـەی دەوری دوژمـنو ناحـەزەکانی دەڵـێ: "تەنانەت بەلشەفییەکانیشمان متمانەیان بەم حکومەتە هەیە، ئەمەش بەهیچ شتێ ڕاڤـە نـاکرێ، مەگـەر بەشـێت بـوونی شـۆڕش... ئەمەیـە ڕێ ڕۆیـشتن بـەرەو سۆسیالیـستی.... خۆئەگەر کار وابڕوا ئەوا پێك ناگەین لەم ڕێگەیەدا.... لەم بارەشـدا وام پـێ باشـە لەگـەڵ کەمینەدا بمێنینەوە"... ئەم قسانە تەنها هەڕەشەی وتار خوێنێك نین، بـەڵکو هەڵوێـستو ڕەفتاری هاوسەنگو لەبێژنگ دراون تەنانەت تاکو دواهەمینو وردترین ئەنجامیشیان.

"لینین" ناوی (کامنییق)و (ستالین) ی نەهێنا، بەڵام ناچاربوو کە نـاوی ڕۆژنامەکـە بەرێت: " برافداش داوا لەحکومەت دەکات کـە واز لەبیرۆکـەی گرتنـەخۆ بهێنـێ، بـەڵام

[١٩١] ـ ڕوپامایی: ڕوپامایی کردن: ڕیابازی: الریاء





داواکـاری حکومـەتێکی سـەرمایەدار بـەواز هێنـان لەگرتنـەخۆ گومڕاییـەکی ڕوونو ئاشکرایەو ئەوپەڕی ڕیسواییە....". لـەم قسەیەوە وادەردەکـەوێ کـە هەنـدێ لـەتوڕەییو قینی (لینین) کە کپ کراوە دەرپەڕێ، وتار خوێنەکەمان نایەوێ جڵەوی خۆی بگرێتـەوەو شت بشارێتەوە، بۆیـە هەرچـی پێویـست بـێ دەیڵـێو لـەوەش زیـاتر لەسـەری نـاڕوات، "لیـنین" لەقسەو باسـەکەیدا هەنـدێ بنـەمای سیاسییانەی شۆڕشـی خستەڕوو: "مـن جەماوەر بەڕاسـت دەزانم کـەدەڵێت: مـن دەسـکەوتم نـاوێ، بـەڵام ئـەو ڕاگەیاندنـەی کـە (غۆتشکۆف)و (لفۆف) ڕایانگەیاند کە دەسکەوتیان ناوێ، وانییـە، بگـرە دەڵـێم درۆش دەکەن، کاتێکیش کرێکارێکی داماو دەڵێ پێویستە بەرگری لەوڵات بکەم، خـودی ئـەم قسەیەی ناخی خۆی دەنگی مرۆڤێکی سەرکوت کراوو بەش خوراوە"، دیارە ئـەم پێـوەرە سـادەو سـاکارە.... هـەروەکو خـودی ژیـان خـۆی، بـەڵام سـەختیو گرانییەکـە لـەوەدا شاراوەتەوە کە بیناسێتو بەناوی خۆیەوە لەکاتی گونجاودا دیاری بکات.

"لینین" بەوردەکاریو چالاکییەکی زیـاترەوە قـسەی کـرد، کاتێـك چووەسـەر باسـی (بەیان) ی سۆڤیەت: "بۆهەموو گەلانی جیهان بەگشتی...!" کە ڕۆژنامـەی (ڕیـتش) ی لیبڕاڵی بەبەڵگەیەکی تەواو داینابوو لەسـەر ڕاگەیانـدنی ئـەوەی کەبیرۆکـەی ئاشـتی لای ئێمـە چـاك پـەرەی سـەندووە گەیوەتـە ئایدۆلۆژییـەتێکی هاوشـێوەی ئایدۆلۆژییـەتی هاوپەیمانـەکانمان. "لیـنین" لـەم بارەیـەوە گـووتی: "ڕووسـیا بەوەدەناسـرێتەوە کەچـەند گۆڕانێکی گەورەو هەنگاوی زەبەلاحی ناوە لەقینی دڕندەییەوە بەرەو وردترین جۆرەکانی فریوو خەڵەتاندن".

"ستالین" لەبارەی مەسـەلەی (بەیان)ەکەوە نووسیبووی: "ئەگەر ئەم بانگەوازە بگاتـە جەماوەری بەرفراوانی خۆرئاوا، ئەوا سەدانو هـەزاران کرێکـار دەوروژێنـێو دەگەڕێنـەوە سەر دروشمە لەبیرکراوەکە: ((ئەی کرێکارانی جیهان یەك بگرن!)).

"لینین" دەربارەی هەمـان بەیان دەدوێو دەڵێ: "لەبانگەوازەکەی سۆڤیەتدا تەنها یەك وشەشی تێدانییە کە هۆشیاری چینایەتی تێدابێ، و لەگاڵـەی زاراوەیـی بـەولاوە هیـچی تری تێدانییە"، بەم جۆرە بۆمـان دەردەکەوێ کە ئەو بەڵگەنامـەیـەی (زیمیرفالـدیی)ەکـان شانازی پێوە دەکەن، ئەو کەسانەی کە هەرگیز لەوڵات نەچوونەتە دەرەوە، بەلای "لینین"

ەوە لەئامێرێك لەئامێرەكانی دەگەڕێنەوە سەر دروشمە لەبیركراوەكە: "ئەی كرێكارانی جیهان یەكگرن..!" "لینین" دەربارەی هەمان بەیان دەدوێو دەڵێ: "لەبانگەوازەكەی سۆڤییەتدا تەنها یەك وشەشی تێدانییە كە هۆشیاری چینایەتی تێدابێ، لەگاڵەی زاراوەیی بەولاوە هیچی تری تێدانییە"، بەم جۆرە بۆمان دەردەكەوێ كە ئەو بەڵگەنامەیەی (زیمیرفاڵدی)ەكان شانازی پێوەدەكەن، ئەو كەسانەی كە هەرگیز لەولآت نەچوونەتە دەرەوە، بەلای "لینین" ەوە لەئامێرێك لەئامێرەكانی "وردترین جۆرەكانی فریودان" بەولاوە هیچی دیكە نییە.

"برافدا" هیچ ئاماژەیەكی بۆچەپە (زیمیرفاڵدی)یەكان نەكردبوو بەر لەهاتنەوەی "لینین" و تەنها لەبارەی ئومەمیەتەوە دەدوا، بەبێ ئەوەی بزانرێ كە مەبەستی لەكامە جۆری ئومەمیەتە. ئەمەش لەلایەن خۆیەوە "لینین" ناوی لێنابوو (كاوتسكی)ە (برافدا). لەكۆنگرەی حیزبیشدا ڕاگەیەندرا "ناوەنجییەكانی (زنجیر فاڵد)و (كینتال) زاڵ بوون،... ئێمە ڕایدەگەیەنین كە شێوەمان باڵێكی چەپەو پەیوەندیشمان لەگەڵ چینی ناوەنجی پچڕاندووە.. باڵێكی چەپی (زنجیرە فاڵد)ی لەئارادایە لەهەموو لآتانی جیهاندا، پێویستە جەماوەریش بزانێت كە سۆسیالیستی لەهەموو جیهاندا بەگشتی بەخەڵاتێك دەزانرێ" تەنها پێش سێ ڕۆژ، (ستالین) لەبەردەمی هەمان كۆنگرەدا هەرخۆی ئامادەیی نیشان دابوو بۆ لەبن بردنو بنبڕكردنی ناكۆكیو جیاوازییەكانیان لەگەڵ (تسیریتلی)دا، بەپێی بنەماكانی (زیمیرفاڵد) و (كینتاڵ)، واتە: بەپێی یاسا (كاوتسكی)یەكان "لینین" یش گوتی: "وام بیستووە كە لەڕوسیادا باڵێكی یەكێتی خواز هەیە، بەڕاستی یەكگرتن لەگەڵ لایەنگرانی بەرگری نیشتمانیدا مانای خیانەتكردن لەسۆسیالست، من وام پێ باشە كە مرۆڤ تەنهاو سەربەخۆ بمێنێتەوە وەك (لیبكنخت)، تەنها خۆیەتیو دژی سەدو دەیە"....! ئەم تاوانباركردنەش بەخیانەتكردن لەسۆسیالیستو ئاڕاستەكراوە بەشێوەیەكی تایبەتی بۆ یەك كەسی دیاریكراو نییە، تەنها وشەیەكی ڕەقەو هەڵوێستی (لینین) دەردەخات بەرانبەر بەو بەڵشەفییانەی كە پەنجەیان ڕادەكێشن بۆ سۆسیالیستە نیشتمانییەكان. لەوكاتەدا كە ستالین بەباشی دەزانێ یەكگرتن ڕوبدات لەگەڵ مەنشەفییەكاندا، "لینین" پێی وابوو كە پارێزگاری





كردن لەناوی "سۆسیالیستی" لەگەڵ ئەوانەدا دەبێتە كارێكی مەحاڵ، لەم بوارەشدا ڕایگەیاند، كە: "من بەناوی خۆمەوە قسەدەكەم" و پێشنیاری گۆڕینی ناوی حیزبەكەش دەكەم، دواتر بوو بە "حیزبی شیوعی" ڕستەی "من بەناوی خۆمەوە قسەدەكەم" ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە لەكۆنگرەكەدا تەنها یەك ئەندامیش ڕازی نەبوو بەم كردەوە ڕەمزییەو پەیوەندی یەكجارەكی بپچڕێنێ لەگەڵ ئومەمییەتی دووەمدا.

وتار خوێنەكە "لینین" بەنوێنەرە جێ پێ لێژبووەكانو كەسە قین لەدڵو توندوتیژەكانی گوت: ئێوە لە خیانەتی یاداشتو بیرەوەرییە كۆنەكان دەترسن.. ئەرێ وا نییە؟!" بەڵام كاتی ئەوە هاتووە كە بەختی خۆتان بەتەواوەتی بگۆڕن... بێگومان ئێستا پێویستە كراسە ڤێزەونەكە دابكەنرێو كراسی پاك لەبەركرێ..." دیسانەوە دووپاتی كردەوەو گوتی "هەرگیز دەست بەو شەكۆنەكەوە((مەبەستی ئامانجە كۆنەكەیە)) مەگرن، كە بەیەكجارەكی بۆگەنی كردووە، ئەگەر ویستتان سەرلەنوێ حیزب بنیات بنێنەوە... ئەوا هەموو چەوساوەو داماوان لەگەڵتاندا دەبن...".

"لینین" هەڵوێستەی كرد لەئاستی ئەو ئەركە گرنگو گەورانەی كە دەبێ ڕابپەڕێنرێن لەگەڵ ئەو پشێوییەی كە بارودۆخەكە لەناو ڕیزی حیزبەكەیدا و بیرۆكەی كاتی بەنرخی لەدەست چوو بەشتی هیچو پوچو بەهبەهەی ئاهەنگی پێشوازی كردنو پیرۆزباییو بڕیارە خوپێوەگرتووەكان، ئەم هەموو شتانە سكالایەكی تاڵی لێ داماڵیوە كە دەڵێت: "ئەوەی بینیمان لەپیرۆزباییو ڕەسمییاتی بڕیاردان ئیتر بەسە، ئێستا كات كاتی كاركردنە... چاخی ئەوەیە كاروچالاكی دەست پێ بكەین دوای لێ وردبوونەوەی تێرو پڕ...."..! دوای یەك كاتژمێر "لینین" ناچاربوو دیسان وتارەكەی دووبارەبكاتەوە لەوكۆبوونەوە گشتییەدا كە پێشتر كاتی بۆ دیاری كرابوو، بەلشەفیو مەنشەفییەكانی لێ بوون، وتارەكەی بۆزۆرینەی گوێگرەكان شتێكی مامناوەندی بوو لەنێوان شێتیو گاڵتە پێكردندا ـ لەگوێی ئەو بیسەرانەدا ـ ئاسانكارەكان بەبێ بایەخەوە شانیان هەڵدەتەكاند... ئەم پیاوە لەسەر مانگەوە ـ بێ گومان ـ دابەزیوە، ماوەی دەساڵە بزر بووە، هێشتا پلەو قادرمەكانی دەروازەی چوونە ژوورەوەی وێستگەی فنلەندەی نەبڕیبوو كە هاواری لێ بەرزبووەوە بەوەی كە دەبێ پڕۆلتاریا دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێ،

کەمترین کەسانی نیشتمانی باسی حیکایەتی عەرەبانەی داخراوی شەمەندەفەرەکەیان دەکرد، (ستانکیفیتش) دەڵێ: وتارەکەی "لینین" خۆشی خستە دڵی ناحەزەکانییەوە، "یەکێك دەیگوت: ئەم جۆرە قسانە هیچ شتێکمان لەسەری نییە، تەنها ئەوەنەبێ کە تەماشای بکەین و چاوەڕێ بین، ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ کە هەرخۆی خۆی لەناو دەبات" وێڕای ئەو وێران و ئازایەتییەی کە ئەم وتاربێژە شۆڕشگێڕەو بڕیارە یەکلاکەرەوەکەی سەبارەت بە پچڕاندنی هەموو پەیوەندییەکان لەگەڵ لایەنگرانی بیرۆکەی کۆنەکان و هاوڕێیانی جەنگ ئەگەر لەسەر نەخشەو هەنگاوی شۆڕش لایاندا، هەموو بەشەکانی وتارەکەی لەنێوان خۆیاندا هاوسەنگ بوون، وتارەکەشی بەگشتی پڕبوو لەشتی واقعی و هەست و نەستی جەماوەریانە، ئەم سیفەتانەی وتارەکەش بوون کە وای لێ کردبوو ناوبراو قسەکانی زۆر سەیرو نامۆ بن بەلای دیموکراتە سەرئاو کەوتووەکانەوە.

بەڵشەفییەکان لەناو سۆڤیەتدا کەمینە بوون، "لینین" یش بیری لەگرتنە دەستی دەسەڵات دەکردەوە، ئەدی ئەمە زۆرێك لەگیانی سەرکێشی تێدانییە؟ نەخێر، بەڵکو هەر لەسەرەڕێی شێوازی خستنە ڕووی مەسەلەکەوە لەلایەن "لینین" ەوە هیچ سەرکێشی یەك نییە، ئەم پیاوە بۆساتێکیش بێ ئاگا نەبووە لەهەبوونی عەقڵییەتی بەرگری نیشتمانی "پیرۆز" لەنێو ڕیزەکانی جەماوەری بەرفراواندا، ناوبراو نەیدەویست لەناو ئەم جەماوەرەدا بتوێتەوە، بەڵکو ڕەتی کارکردنی دەدایەوەو لەودیو پشتی جەماوەرەوە "لینین" کەوتبووە بەر پەرچدانەوەو وەڵامدانەوەی ئەو ڕەخنەو بیانوانەی ڕووبەڕووی دەکرایەوەو دەیگوت: "ئێمە جادوگەرنین... پێویستە لەسەرمان جگە لە هۆشیاری جەماوەر پشت بەهیچی تر نەبەستین. زۆر کێشە نییە کە هەر بەکەمینەیی بمێنینەوە، گەر پێویست بێ واز لە بارودۆخی سەرکردایەتی کردن بهێنین بۆماوەیەك، ئاساییە، نابێ لەو بارودۆخەمان بترسین کە ئێمە کەمینەین"... "نابێ بترسین لەوەی کە خۆشمان کەمینەین، یان بترسین کە تەنها خۆمان بمێنینەوە ئەگەر واپێویست بێ، وەك "لیبکنخت" وە ڕاوەستان و ڕووبەڕووبوونەوە دژی سەدو دە....! ئەمە بوو ئەو بیرۆکەیەی هەموو وتارەکەی گرتبووەوە.





"سۆڤیەت حکومەتی ڕاستەقینەی نوێنەرانی کرێکارانە... حیزبەکەی ئێمە کەمینەی ناو سۆڤیەتە، ناشتوانین لەم بارەیەوە هیچ شتێ بکەین...! هیچ شتێکمان لەدەست نایەت، مەگەر تەنها زۆر بەوردی و بەخۆڕاگری و پرۆگرامەوە هەڵەی تەکنیکی ئەوان ڕاست بکەینەوەو ڕوونی بکەینەوە، هەتا کەمینەش بین هەر درێژە بەهەوڵی خۆمان دەدەین و ڕەخنە دەگرین لەپێناوی ڕزگارکردنی جەماوەر لەفێڵ و تەڵەکەو فریو ناشمانەوێ جەماوەر هەر گوێی لێمان بوو پشتگیریمان بکات... خۆ ئێمە جادووگەرنین... هەمووڵایەکمان حەزدەکەین کە جەماوەر بەخۆشی خۆی و بەهۆی ئەزموونی خۆیەوە نەکەوێتە هەڵەوە".

مانەوە بەکەمینەیی، پێویست بە ترس ناکات! بەڵام خۆ هەتاسەریش هەربەو شێوەیە نامێنینەوە، ئەوە شتێکی کاتییە، بێگومان ئەوساتەش دێ کە بەڵشەفییەت سەرکەوتن بەدەست بهێنێ " هێڵی ئێمەش دەردەکەوێ کە هێڵی ڕاستە... هەموو چەوساوەو دەنگ کپ کراوەکان ڕومان تێ دەکەن، چونکە جەنگ ئەوانە بەرەو ئێمە دەهێنێ.. هیچ دەرچەو دەرەتانێکی تری لەبەردەمدا نییە ـ لەئێمە زیاتر ـ".

(سۆخانۆف) دەڵێ: (لینین) لەکۆنگرەی یەکگرتندا وەك بەرجەستەکراوی گیانێکی زیندووی جیابوونەوە دەهاتە بەرچاو... من (وجدانۆف) ی مەنشەفیم لەیادە کە دوو هەنگاو لە دووری تەختەی وتار خوێندنەوە دانیشتبوو کە بەسەر (وەعدانۆف)دا هاواری کردو قسەکانی بە (لینین) بڕی و گوتی: ئەم قسانە هەر هەموویان شێت بوونێکی ڕەها دەنوێنن، ئەمیش ـ واتا (لینین) ـ لەپیاوێکی شێت و پیێت بەولاوە هیچی تر نییە! ئینجا بەدەموچاوێکی سور هەڵگەڕاوەوە ڕووی وەرگێڕا بەلای گوێگرەکانداو بەتوڕەییەوە... بەوپەڕی بەرزی دەنگییەوە هاواری کردو گوتی: بەڕاستی شەرمەزارییە چەپڵە بۆئەم قسە هەڵەق و مەلەقانە لێ بدرێ.. ئێوە خراپە لەگەڵ شەرەفی خۆتاندا دەکەن... ئەی مارکسییەکان..!".

"غۆلدنبرغ" کە یەکێك بوو لە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی پێشووی بەڵشەفی و لەوکاتەشدا لەدەرەوەی حیزبدا کاری دەکرد، هەستایەوەو کەوتە گاڵتەپێکردن بەقسەو دەربڕینەکانی (لینین)و بیرۆکەکانی و گوتی: "شوێنی ـ باکۆنین ـ لەشۆڕشی ڕووسیادا

کتێبی بیر و هۆشیاری

بەتاڵ بوو بۆماوەی چەند ساڵێك، ئەوەتا کەسێکی وەك "لینین" جێی ئەوی پڕکردووەتەوە...!"

پاشان (زینزنیۆف) ی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ دوای کۆنگرەکە کەوتە قسەوباسو گوتی: "لەوکاتەدا ـ واتە لەکۆنگرەکەدا ـ (لینین)، بەرنامەی قسەکانی بووە هۆی وروژاندنی ڕقو قین، هەروەکو چۆن گاڵتە پێکردنو گاڵتەجاڕیشی وروژاند، بۆهەموو لایەکیش دەرکەوت کە پیاوێکی هیچو پووچو خەیاڵبازە"

ئێوارەی هەمان ڕۆژ، بەرلەوەی کە بچین بۆ "لیژنەی پەیوەندی" دووکەس لەسۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان کەوتنە قسە لەگەڵ (میلیۆکۆف) دا باسەکەیان هاتە سەر باسی (لینین) (سکۆبۆلیف) یش لەلایەن خۆیەوە ناوبراوی بەپیاوێك لەقەڵەم دابوو کە: "تەواو بووەو هیچی پێ نەماوە، لەدەرەوەی بزوتنەوەوە ڕاوەستاوە...!"
(سۆخانۆف)یش هەمان ڕاو بۆچوونی (سکۆبۆلیف) ی پەسەند کردو گوتیشی: ناوبراو لەلای هەموان ڕەت کراوەتەوە، بەڕادەیەك کە لەم کاتەدا هیچ مەترسییەکی نییە بۆسەر (میلیۆکۆف)..."، وردە.... وردە دابەشکردنی دەورەکان لەقسەکانیاندا بەشێوەیە دەردەکەوت کە (لینین) پێشبینی کردبوو: سۆسیالیستەکان ئەوپەڕی هەوڵ دەدەنو چی لەتوانادا بێت دەیخەنە گەڕ بۆ پاراستنی هێمنایەتی لیبڕاڵی لەوکوێرەوەریو کۆسپانەی کە بەلشەفییەت هۆکاری نانەوەی ئەو کۆسپانەیە".

هەواڵ بەباڵیۆزی ئینگلیزی گەیشتو هەندێ لەقسەکانیشی پشتگیری لەوەدەکەن کە گوتویەتی، یاخودپێی وابووە کە (لینین) مارکسییەتی خراپە، ئەم قسەیەش بووە پاڵنەر تاکو (بۆکانان) بڵێ: "لەناو ئاژاوە گێڕە تازە گەڕاوەکاندا ـ بۆ وڵاتی ڕوسیا ـ کەسێك هەیە پێی دەڵێن: "لینین" کە لە ئەڵمانیاوە بەعەرەبانەیەکی داخراوی شەمەندەفەرەوە هێنراوەتەوە، بۆ یەکەمجار لەشوێنێکی گشتیدا لەناو کۆبونەوەی حیزبی سۆسیالیستی ـ دیموکراتدا بەرچاوکەوتووە... کە بەشێوەیەکی خراپ ـ لەوێدا ـ پێشوازی لێکرا".

لەوانەیە لەم ماوەیەدا (کرنسکی) لەهەموو کەسێکی تر زیاتر ئاسانکاری کردووە بۆ (لینین)، (نابۆکۆف) وا باس دەکات کە (کرینسکی) زۆر بەڕوونی بەئەندامانی حکوومەتی کاتی ڕاگەیاندووە کە ئارەزووی لەوەیە سەردانی سەرکردەی بەلشەفییەکان ـ





کتێبی بیر و هۆشیاری

لینین ـ بکات، کەچی کاتێك پرسیارە سەیرو سەمەرەکانی هاوڕێکانی ڕووبەڕووی بووەوە، وەڵامی دانەوەو گوتی: "بەڵام بەڕاستی ئەو پیاوە لەکەشو هەوایەکی داخراودا دەژی، هیچ نازانێ، هەمووشتەکان لەچاویلکەی هەڵچوونو جۆشو خرۆشەوە دەبینێ، کەسی لەگەڵدانییە کە یارمەتییەکی بداتو ڕێنومایی ئاراستە بکات لەناو ئەو هەموو شتانەی کە ڕوو دەدەن" بەڵام کرینسکی تەنها یەك ساتی کەمی دەست بەتاڵی (لینین) ی بۆهەڵنەکەوت کە تیایدا چاوی بەو بکەوێ لەناوجەرگەی ئەو هەموو شتانەی کە ڕوو دەدەن.

(بیرۆکەکانی ئیپریڵ) نەك هەرتەنها قینو سەرسامی دوژمنو ناحەزانی وروژاند، بەڵکو پاڵی نا بەژمارەیەك لەبەلشەفییە دێرینەکانیشەوە کە سەنگەری خەبات بگوازنەوە بۆلای مەنشەفییەکان یان بۆلای ئەو کۆمەڵە ناوەنجییانەی کە لەدەوری ڕۆژنامەی (غۆرکی) کۆبووبوونەوە، ئەم ڕاکردنەش سەرەنجامێکی سیاسی توندی لێ نەکەوتەوە، ئەوەی زۆر لەمەش گرنگتربوو، ئەو لێ تێگەیشتنەبوو کە هەڵوێستی "لینین" دروستی کردبوو لەناو هەموو توێژە سەرکردایەتییەکانی حیزبدا، (سۆخانۆف) لەم بارەیەوە نوسیویەتی: "دابڕانە تەواوەتیەکەی لەناوجەرگەی هەموو هاوڕێ حیزبی یەهۆشیارەکاندا زۆر ئاشکراو بێگومان بوو، لەماوەی ئەو چەند ڕۆژانەی دوای گەڕانەوەکەی ـ بۆ وڵات".

(زینزینۆف) سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕ جەخت دەکاتەوەو دەڵێ: "تەنانەت هاوڕێ حیزبیە بەڵشەفییەکانیش لەوکاتەدا ئیتر لەم پیاوە دورکەوتنەوە" بڕیاردەرانی ئەم حوکمانەش ڕۆژانە لەسەرکردە بەڵشەفییەکانەوە لەناو لیژنەی ڕاپەڕاندندا ڕێو شوێنو چۆنیەتی ڕەفتارکردنیان لەسەرچاوە بنەڕەتییەکانەوە پێ دەگەیشت.

ئەو شایەتیانەش کەم نین کە لەبەدەستماندان، لەشایەتییە بنەڕەتیو ڕەسەنە وەرگیراوەکانی ناو خودی ڕیزەکانی بەڵشەفییەکان، ئا ئەوەشیان (تسیخۆن) ە، کە دواتر لەبارەی ئەم کاتو چاخەوە ـ واتا دوای سڕینەوەی ڕەنگەکانو کاڵ بوونەوەیان تاڕادەیەکی زۆر، وەك زۆربەی بەڵشەفییە دێرینەکان، کە لەشۆڕشی فێبرایەردا خلیسکابوون ـ دەڵێ: "کاتێ بیرۆکەکانی (لینین) سەریان هەڵدا، لەناو حیزبەکەماندا هەستمان بە چەند لەرینەوەیەك کرد، ژمارەیەکی زۆری هاوڕێیانی حیزب ئاماژەیان بەوەدا کە (لینین)

دوچاری لادانی سەندیکایی بووەو لەڕوسیا جیابوەتەوەو دابڕاوە، بەچاوی واقیعەوە ناڕوانێتە بارودۆخەکەو... هتد". هەروەها (لیبیدیف)ی سەرکردەی بەڕێزی بەلشەفی لەقسەکانیدا دەڵێ: "دوای گەیشتنەوەی (لینین) بەڕوسیا، لەسەرەتادا زۆرێك لەبەلشەفییەکان لەوهاندانە تەوبالیزیەی (لینین) تێنەدەگەیشتن، کە لەئەنجامی دورودرێژی ماوەی دابڕانی لەڕوسیادا تووشی بووە، بەڵام نەمانزانی کەوردە... وردە ئەم بیرۆکانەی بەناو گۆشتو خوێنماندا بڵاودەکاتەوە".

(زالیجسکی) ی ئەندامی لیژنەی پترۆگرادو یەکێك لەسازدەرانی پێشوازییە کە زۆر بەڕوونی دەڵێ: "هاوڕێ (لینین) لەم ڕۆژەدا ـ ٤ ی ئەپیریل کەسی دەست نەکەوت کە پشتگیری بکاتو لەجۆش بن بۆی، تەنانەت لەناو ڕیزەکانی خۆشماندا".

ڕەنگە باشترین شایەتی ئەوەبێ کە (برافدا) لە (٨) ی نیسان[١٩٢] دا نوسیویەتی، واتە (٤) ڕۆژ دوای خستنەڕووی بیرۆکەکانی، لەوکاتەدا سەرکردە حیزبییەکان دەیانتوانی گفتوگۆ لەنێوان خۆیاندا بکەنو بگەنە ڕێککەوتن، بەڵام دەستەی نوسەرانی (براڤدا) چاوەڕوانی ئەوەیان نەکردو خۆیان نووسییان: "بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بەنەخشەی گشتی هاوڕێ (لینین) ەوە هەبێ، بەلای ئێمەوە پەسەند نییە، لەوڕوانگەیەوە کە پێی وایە شۆڕشی دیموکراتییەتی بۆرجوازی کە کۆتایی پێ هاتووە، داوای ئەوە دەکات کە زۆر بەپەلە ئەم شۆڕشە بگۆڕدرێ بۆ شۆڕشێکی سۆسیالیستی".

بەم جۆرە، ڕۆژنامەی ناوەندی حیزب، بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکراو لەبەرچاوی چینی کرێکارانو دوژمنو ناحەزانیدا ڕایگەیاند کەڕاو بۆچوونو ناکۆکی هەیە لەگەڵ سەرکردەی حیزبەکەدا سەبارەت بەمەسەلەیەك لەمەسەلە بنەڕەتییەکانی ئەو شۆڕشەی کە چەندین کادیری بەلشەفی بۆ ئامادەکرد بەدرێژایی چەندین ساڵێك، ئەم جیاوازیو ناکۆکییەش بەسە بۆ دیاریکردنی ئاستی قووڵبوونەوەی قەیرانی حیزب لەمانگی ئیپریل ـ نیسان ـ دا. کە ئەمەش لەبەرەنجامی هەبوونی دوو هێڵەوە هاتووەتە کایەوە کە بەیەك گەیشتن لەخاڵی هاوبەشدا لەنێوان ئەو دوو هێڵەدا نییە، خۆئەگەر زاڵبوون بەسەر

[١٩٢] ـ لە ٧ ی ئیپریل ـ نیسان دا ـ ڕۆژنامەی ڕەسمی حیزبی بەلشەفی بەناوی (بیرۆکەکانی ئیپریل) ەوەو بەسەر ناوی خودی "لینین" ەوە دەرچوو.





ئەم قەیرانەدا ئەنجام نەدرێو کۆنترۆڵ نەکرێ، ئەوا شۆڕش ناتوانێ تاقە یەك هەنگاو بەرەو پێشەوە بڕوات. سەر لەنوێ چەکدارکردنەوەی حیزب لەڕووی هزرییەوە چۆن ڕاڤەی ئەو دابڕانە بکەن کە بەسەر ((لینین)) داهات لەسەرەتای مانگی نیساندا؟ چۆن دەرکەوتنی بارودۆخی لەو جۆرە هاتە کایەوە؟ چۆن توانرا سەرلەنوێ کادرە بەلشەفییەکان لەڕووی هزرییەوە ـ فکری ـ باربۆ بکرێنەوە؟

حیزبی بەلشەفی سەرکردایەتی ململانێی کرد دژی حوکمی ستەمکارانەی تاکە کەسی هەر لەساڵی (١٩٠٥)ە وە، دروشمو ئامانجیشی لەماوەی ئەم خەباتو تێکۆشانەیدا بریتی بوو لە: ((هێنانە سەرکاری دیکتاتۆرییەتی دیموکراتیانەی پڕۆلیتاریاو جوتیاران)). (لینین) خۆی ئەم دروشمەی پێشنیار کردبوو. بەڵگەو سەلماندنی تیۆرییانەی پێویستشی بۆ جەخت لێکردنەوەی هێنابووەوە، (لینین) ڕێگربوو، و ڕەخنەی لەمەنشەفییەکانو (بلیخانۆف)ی پێشەوایان گرتبوو، کەوتە خەبات دژی ((ئەو بیرۆکە هەڵەیان کە دەیگوت: دەکرێ شۆڕشی بۆرجوا بەئاکام بگەیەنرێ بەبێ بوونی بۆرجوازییەت)). ئەو پێی وابوو کە بۆرجوازییەتی ڕوسی تازە دەستەو نەوناتوانێ شۆڕشی تایبەت بەخۆی بکات، تاکە هێزی ئەنجامدانی شۆڕشکردنی دیموکراتییانەی دژی پاشایەتیو خاوەن زەویو زارەکانو جوتیارە دەسەڵاتدارەکان، خۆیان ئەو پڕۆلیتاریاو جوتیارانەن کە یەکیان گرتووە لەگەڵ یەکتریداو لەناو خۆیاندا بەشێوەیەکی توندو پڕو تۆکمە. (لینین) سەرکەوتنی ئەم یەکگرتنەی جەخت دەکردەوەو بەپێویستی دەزانی کە بکەوێتە کار بۆ هێنانە سەر کاری دیکتاتۆریەتی دیموکراتی ئەوتۆ کە نەك هەر لە دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا ناچێت، بەڵکو پێچەوانەیشێتی، کەواتە لەوکاتەدا کاری گرنگ دامەزراندنو هێنانە سەرکاری کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی نەبوو، بەڵکو پاککردنەوەی سەرەنوێلك[١٩٣] و پاشەڕۆکانی چاخەکانی ناوەڕاست بوو بەتەواوەتی.

[١٩٣] سەرەنوێلك:جێی ڕشتنی خۆڵو خاشاك: مزبلە: مەبەست لەوکارەش کینایەیە لەقورسیو گرانی کارەکە، ئەفسانەی یۆنانی دەڵێ: ئەم کردەوەیە، یەکێك بوو لەودوازدە کارەی کە (هەرقل)کردی . (دوو وەرگێڕە عەرەبییەکە)

ئامانجی ململانێی شۆڕشگێڕانەش زۆربەوردی دیاری کرابوو لەناو چوار چێوەی سێ دروشمی کوشتاریانەدا: کۆمارێکی دیموکراتییانە، دەست بەسەراگرتنی زەوی‌و زاری دەرەبەگەکان، هەشت کاتژمێر کارکردنی ڕۆژانە، لەو سەردەمەشدا پێیان دەگوترا سێ کوچکە یان سێ کۆڵەکە سەرەکییەکەی بەلشەفیەت.

لەمەشدا ئاماژەیەك بۆ ئەوە هەیە کە تۆپی گۆی زەوی لەسەر کۆمەڵەکە وەستاوە بەپێی بیروباوەڕە میللییە کۆنەکان.

چارەسەرکردنی مەسەلەکەش ـ تا چ ڕادەیەك دەتوانرێ دیکتاتۆرییەتی دیموکراتییەتی کرێکاران‌و جوتیاران بێتە سەرکار ـ پەیوەست بوو بە چەند مەسەلەیەکی ترەوە. توانای چینی جوتیاران لە بەئەنجام گەیاندن‌و شۆڕشکردندا وەك شۆڕشی تایبەت بەخۆیان، واتە هێنانە سەرکاری دەسەڵاتێکی نوێ وا کە ئامادەبێ بۆ ڕیشەکێش کردنی پاشایەتی‌و ئاغایەتی زەوی وزارو مۆڵکدارەکان، بێگومان دیسانەوە دروشمی دیکتاتۆرییەتی دیموکراتی ئەوەش پێویست دەکات کە دەبێ نوێنەرە کرێکارییەکانی حکومەتی شۆڕشیش بەشداری تێدابکەن، بەڵام پێشتر ئەم بەشداریکردنە پەیوەنددارو دیاری کراوبووە بەپێی ڕۆڵی پرۆلیتاریا، وەك هاوپەیمانێکی چەپڕەو لەماوەوکاتی لێك هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی شۆڕشی جوتیارییدا.

بەم جۆرە ئەو بیرۆکە میللییە لەڕووی فەرمییەوە دانی پیانەنرا، کە تایبەت بوو بەزاڵ بوونی پرۆلیتاریاو دەسەڵاتەکەی لەناو شۆڕشە دیموکراتییەکەدا ئەمەش لەم بارەدا مانای شتێك دەبەخشێ، جگە لەوەی کە پێویستە حیزبی کرێکاریی هاوکاری‌و یارمەتی جوتیاران بدەن بەچەکی سیاسیانەی تۆکمە. ڕێنومایشیان بکەن بۆ گرتنەبەری باشترین ڕێ‌و شێوازی پێویست لەپێناوی بن بڕکردنی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیدا، فێریان بکەن کە چۆن چۆنی ئەم شێوازانە جێ بەجێ بکەن، بە هەرحاڵ، ئەوەی کە گوترا دەربارەی دەوری سەرکردایەتیانەی پرۆلیتاریا لەشۆڕشی بۆرجوازیدا هەرگیز مانای ئەوە ناگەیەنێ کە پرۆلیتاریا خزمەتی ڕاپەرینی جوتیارانە دەکات، یان پشت دەبەستێ بەجوتیاران بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی مێژوویی تایبەت. کە بریتییە لەڕاستەوخۆ چوون بەرەو کۆمەڵگەی سۆسیالیستی، ئاستی زاڵبونی پرۆلیتاریا لەناو شۆڕشە دیموکراتییەکەدا





زۆر بەڕوونی هەستی پێ دەکرێ‌و جیادەکرێتەوە لەدیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریی. لەکاتی گفتوگۆکانیشدا ڕەخنەی هەیەو ناکۆکە لەگەڵیدا. ئەمانە ئەو بیرۆکانەبوون کە هەر لەساڵی (١٩٠٥)ەوە حیزبی بەلشەفی خەڵکی پێ هۆشیارو ڕۆشنبیر دەکەنەوە.

وەکاروانی شۆڕشی فێبرایر لەڕووی کردارییەوە نەخشەی خووپێوە گیراوی بەلشەفی تێپەڕاند، ڕاستە شۆڕشەکە بەهۆی یەکگرتنی تواناو هاوپەیمانی کرێکاران‌و جوتیاران کرا، بەشداربوونی جوتیارانیش لەشۆڕشەکەدا بەجلوبەرگی سەربازییەوە هیچ لەسروشتی کارەکە ناگۆڕێ، سوپای جوتیارانی قەیسەریش ـ واتا سوپای قەیسەری کە زۆربەیان کوڕی جوتیاران بوون ـ دەیانتوانی ڕۆڵێکی زۆر گرنگ‌و یەکلاکەرەوە ببینن، تەنانەت ئەگەر شۆڕش لەکاتی ئاشتیشدا سەری هەڵدایە، زۆر ئاساییە کە بارودۆخی جەنگ لەسەرەتادا وای کرد سوپایەکی چەند ملیۆنی لە کوڕانی چینی جوتیاران نادیارو شاراوەبێ، ڕاپەرینەکەش سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا هەتا کرێکارو سەربازان نەبوونە گەورەی هەڵوێست بەدەست، ئەمەش وای لەهەندێ کەس کردبوو کە لەو باوەڕەدابن کە دیکتاتۆرییەتی دیموکراتی کرێکارو جوتیاران هاتووەتەدی.

بەڵام شۆڕشی فێبرایر لە ڕاستیدا خۆی حکومەتی بورجوازیی پێك هێنا، دەسەڵاتی چینە فەرمانڕەواکانیش تیایدا دیاری کرابووبە دەسەڵاتی سۆڤیەتاتی ئەو کرێکارو جوتیارانەی کە قەوارەی ڕاست‌و دروستی خۆیان وەرنەگرتبوو تیایدا. بۆیە وێنەکان هەر هەموویان بەشێواوی دەهاتنە بەرچاو، لەجیاتی دیکتاتۆرییەتێکی شۆڕشگێڕانە بێتەسەرکار، کەچی دەسەڵاتێکی پەرەگەندەو شێواو و جوت ڕوو هاتەکایەوە کە ناوەندە دەسەڵاتدارەکان تیایدا توانا لێڵ‌و پێڵە بێ هودەکانی خۆیان خستبووە گەڕ، بەمەبەستی تێپەڕاندن‌و زاڵ بوون بەسەر گرفت‌و نارەحەتییە ناوخۆییەکاندا، هیچ کەسێ لەو باوەڕەدا نەبوو کە ڕژێمێکی لەوجۆرە بێتە سەرکارو کەس پێشبینی نەدەکرد، بەڵام خۆ ناشتوانین لە(پێشبینی) داوای ئەوە بکەین کە واز لەدیاریکردنی مەیلە بنەڕەتییەکانی پەرەسەندی پێشکەوتن بهێنێ‌و هیچی تر، بەڵکو دەبێ شێوەی تێکەڵاوبوونەکانیشان دیاری بکات‌و هاویەك بوونە گریمانەییەکان[١٩٤]، (لینین) دواتر پرسیاری کردبوو: ((ئەوکەسەکێیە کە

[١٩٤] گریمانەیی: **افتراضیی**

بتوانێ شۆڕشێکی زۆر گەورە بکات؟ پێشتریش بزانێت کە لەسەرەتاوە تاکۆتایی چی بکاتو چۆن چۆنی بکات؟ ئەو جۆرە فێربوونە مرۆڤ لەکوێ فێری دەبێ؟ ئەم شتانە لەناو لاپەڕەی کتێباندانین، هیچ کتێبێکیش لەو بارەیەوە نییە. بڕیاری ئێمەش لەکونە دیوارەوە نەهاتووەتە دەرەوە، بەڵکو لەئەزمونی جەماوەرەوە هاتووە)).

بەڵام بیروهزری مرۆڤ هەر لەسروشتی خۆیدا مەحافیزکارانەیە، هەندێ جار هزروبیری شۆڕگێڕان زیاتریش موحافیزکارانەیە. لەبەرئەوە، کادرە بەڵشەفییەکان هەر لەسەر نەخشەی کۆن دەڕۆیشتن، شۆڕشی فێبرایریش ـ گەرچی لە دوو ڕژێمی ناچوونیەکو دوور لەپێکەوە ژیان پێك هاتووە ـ لەوە زیاتر هیچی تر نییە کە قۆناغی یەکەمی قۆناغەکانی شۆڕشی بۆرجوازییەتە، لەکۆتایی(مارس)دا،(بیکۆف) (بروسکەیەکی پیرۆزبایی لە(سیبریا)ەوە نارد بۆ(برافدا) بەناوی سۆسیالیستە دیموکراتەکانەوە، تیایدا پیرۆزبایی کردبوو لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە نیشتمانییەی کە ئەرکەکەی((هێنانەدی ئازادی سیاسی))یە، هەموو سەرکردە بەڵشەفییەکان، بەبێ جیاوازی، تێکڕا لەو باوەڕەدا بوون کە مەسەلەی هێنانە سەرکاری دیکتاتۆرییەتی دیموکراتی کارێکە بەستراوەتەوە بەئایندەوە.

کاتێك حکومەتی کاتیی خۆی پڕاند ئیتر دیکتاتۆرییەتی دیموکراتی کرێکارانو جوتیاران سەرهەڵدەداو دەردەکەوێ، وەك ئامادەکارییەکی سەرەتایی بۆ هێنانە سەرکاری ڕژێمی نوێنەرایەتیانەی بۆرجوازی ئەم بۆچوونە تەواو هەڵەبوو، چونکە ڕژێمی دەرهاتەی شۆڕشی فێبرایر خۆی نەك هەرخۆی بۆ هێنانە سەرکاری دیکتاتۆرییەتی دیموکراتی ئامادە نەکردبوو، بەڵکو بەپێچەوانەشەوە بوو، بەڵگەیەکی زیندووی زۆر تێروپڕیش بوو بۆ گۆڕینی هێنانە سەرکاری دیکتاتۆرییەتێکی لەم جۆرە بەشێوەیەکی گشتی. هەندێ کەسیش بەهەڵە کەوتونەتە ئەو باوەڕەوە کە دیموکراتییەتی تەوفیقی دەسەڵاتی داوەتە دەست لیبرالییەکان لەڕێگەی ڕێکەوتەوە، یان بەهۆی نەزانیو گێلی (کرنسکی)و زیرەکی سنورداری (تەشخیدز)ەوە. بەڵگەش لەسەر ئەم گومانو باوەڕە هەڵەیە ناهێنمەوە لەدەست بەکاربوونی دیموکراتییەتی تەوفیقی لەماوەی(٨)مانگی پڕ لە ململانێی توندوتیژدا بەمەبەستی پشتیوانیکردنو یارمەتی دانی حکومەتی بۆرجوازیو





هاوپەیمانی بۆرجوازییەتو پارێزەرەکانی، ئەوە نەبێ کە لەسەرەتادا هێنانە سەرکاری دیموکراتییەت بەوازهێنان لەدەسەڵات، وێڕای ئەرکو کارەگەورەکانیشیو بەدەستهێنانی پشتیوانییەکی جەماوەرییانەی زۆرگەورەو بەرفراوان، کەچی ئەوەش لەبنەماو بیروڕای سیاسییانەی پێشترەوە سەرچاوەی نەگرتبوو، بەڵکو سەرچاوەی گرتبوو لەو بارودۆخە پڕ لەنائومێدییەی کە بۆرجوازییەتی بچووك تیایدا دەژیا لەناو چوارچێوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، لەکاتی جەنگو شۆڕشیشدا بەشێوەیەکی تایبەتی، واتا ئەوکاتەی کە مەسەلە بنەڕەتییەکان بەندبوون بەهەبوونی وڵاتانو گەلانو چینەکانەوە بڕیاریان لەسەردراو ئەو کاتەی (سۆڵجان) درایە دەست (میلیۆکۆف)و بۆرجوازییەتی بچووك، گوتی: نەخێر، ئەم ئەرکانە لەتوانای من بەدەرن. بەڵام ئەو چینە جوتیارییەی دیموکراتییەتی ئەوفیقی، بەرزکردبووەوە.

بەشێوەیەکی سەرەتایی پێك هاتبوو لە هەمووچینەکانی کۆمەڵگەی بۆرجوازیو جوتیارانیش لەگەڵ بۆرجوازییەتی بچوکدا، کە لەڕوسیادا هیچ ڕۆڵێکی ڕاستەقینەی نەگێڕاوە، ئەو مادەیان پێکهێنا کە چینە نوێیەکانی ڕابووردووی پێ جیادەکرایەوە، تائێستاش هەر جیاوازن، دەشزانین کەچی جوتیاران دوو ڕووی هەیە: ڕوویەکیان لادەکاتەوە بەلای پڕۆلیتاریاداو ئەوی تریشیان بەلای بۆرجوازییەتدا، بەڵام ئەو هەڵوێستە ناوەنجیو دووجەمسەریە تەوفیقییانەیەی کە حیزبە جوتیارییەکان دەریانبڕی لەجۆری حیزبی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ، نەیتوانی خۆڕاگرانە درێژییەکی پێ بدات مەگەر تەنها لەبارودۆخی خاوبوونەوە سیاسییەکاندا، هەر کە ماوەوکاتی شۆڕشگێڕیی دەهاتە پێشەوە، یەکسەر بۆرجوازییەتی بچووك ناچاردەبوو شتێك لەو بڕیارانە هەڵبژێرێ، و مەنشەفییە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان هەر لەیەکەم ساتەوە هەڵوێستی خۆیان دەربڕیو(دیکتاتۆرییەتی دیموکراتی)یان کوشت، کە هێشتا ئەم دیکتاتۆرییەتە لەقۆناغی کۆرپەلەیی[١٩٥] دابوو، بەمەبەستی ئەوەی نەبا ببێتە خاڵی دەستپێکردنی ڕۆیشتنی بەرەو دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریی، بەڵام بەم کارەیان ڕێگەو دەروازەیەکی تریان لەبەردەمی ئەم دیکتاتۆرییەتەدا والاکرد:

---

[١٩٥] کۆرپەلە: کۆرپەی بچووك: ئاوڵەمە: منداڵی ناوزگی دایك: الجنين

ئەم ڕێگەیەش بەلای ئەوانو بەرژەوەندی ئەواندا تێپەڕنەدەبوو، بەڵکو دژیان بوو.

شۆڕشی داهاتوو نەیدەتوانی کە بەپشت بەستن بە نەخشەکۆنەکان دەست بەکاربێ، بەڵکو دەبوایە پشتی ببەستایە بەڕووداوو بارودۆخە نوێیەکان. جەماوەریش کەوتە ژێر ڕکێفی سەرکردایەتی نوێنەرەکانی ئەوە وە.

بەنیمچە هۆشیاریو نیوەحەزەوە کەوتنەڕێ بەرو میکانیزمی جووت ڕوویی دەسەڵات. دەشبوایە هەر بەوڕێگەیەدا گوزەر بکات، تاکو بزانێتو بەئەزموون بۆی دەربکەوێ کە ئەم میکانیزمە دەستەوەستانە لەئاستی ئەوەدا کە ئاشتی یاخود زەوی پێببەخشێت. ئیتر لەوکاتەدا ڕەتکردنەوەی ڕژێمی دەسەڵاتداری جووت ڕوو بەلای جەماوەرەوە مانای پچڕانی پەیوەندییەکان دەگەیەنێ لەگەڵ مەنشەفیو سۆسیالیستە ـ شۆڕگێڕەکاندا، بەڵام بەدڵنیاییەوە گۆڕینی کرێکارو سەربازان بەئاراستەی بەلشەفییەکاندا، لەڕووی سیاسییەوەو هەڵگێڕانەوەی تەختو تاراجی دەسەڵاتی جووت ڕوو بەگشتی، هیچ مانایەکی بۆ نامێنێتەوە جگەلەوەی کە هێنانە سەرکاری دیکتاتۆرییەتێکی پرۆلیتارییانەی ئەوتۆ کە لەسەر بنەمای هاوپەیمانێتی کرێکارانو جوتیاران دامەزراوە، تێکشکانو شکستهێنانی جەماوەری میللی، واتا هێنانە سەرکاری دیکتاتۆرییەتی سەرمایەداری سەربازی لەسەر داروپەردووی[196] حیزبی بەلشەفی، دیکتاتۆرییەتی دیموکراتیش لەهەردوو حاڵەکەدا بەدوور دەزانرا، ئاوڕلێدانەوەی بەلشەفییەکانیش بەتیلەی چاویان بەلای ئەوەدا، مانای وەرگێڕانی ئاراستەیە بەلای مۆتەکەیەك لەمۆتەکە ڕابوردووەکاندا، بەم جۆرە،(لینین) بەلشەفییەکانی هاتە بەرچاو کاتێ بەخۆیو بیرۆکەکەیەوە هاتەوە، بیرۆکەیەك کە شلۆق نییەو نابزوێو سوورە لەسەرئەوەی کە هانی حیزب بدات تاکو بەڕێگەیەکی نوێدا بڕوات، یاخود ڕێێ نوێ بگرێتەبەر.

لەڕاستیدا (لینین) ڕشتەی دیکتاتۆرییەتی دیموکراتی نەگۆڕیبوو بەڕشتەیەکی تر تەنانەت بەشێوەی مەرجی یان گریمانەیی، تاکو سەرەتایی شۆڕشی فێبرایر، جا ئایا ئەمە ڕاستە؟ ئێمە پێمان وایە کە ئەمە ڕاست نییە، ئەو ڕووداوانەش کە دوای ڕاپەڕین بەسەر حیزبدا هاتن بوونە هۆی دۆزینەوەی دواخستنێکی مەترسیدار لەدوبارە چەکدارکردنەوەی

[196] داروپەردوو: داروبەردوخۆڵو خاشاکی خانووی ڕووخاو: کاولە: کەلاوە





حیزبدا لەڕووی هزرییەوە کە جگە لە(لینین) چاکی لێکرد بەلاداو خۆی بۆ سازکرد، ئاسنی لەئاگروکوورە نا تاکو چاك چاك سووربێتەوەو ئینجا لەئاگری جەنگی هاویشت، لەڕوانگەی ئەوەوە، ئاسۆی گشتی پەرەسەندنی مێژوویی گۆڕا، داچڵەکینو شەپۆلەکانی جەنگ نزیك بوو لەوەی کە شۆڕشێکی سۆسیالیستی لەخۆرئاوادا بەرپا بکات، (لینین) پێی وابووکە شۆڕشی ڕوسی تا ئێستاش هەر دیموکراتیانەیەو لەبەرئەوە پێویستە لەسەری کە تینو تەوژمێکی پێ بداتو بیکاتە شۆڕشێکی سۆسیالیستیانەی ناودار لەئەوروپادا، کە هێشتا ڕوسیای دواکەوتوو لە توندوتیژی خۆی دانەمرکابووەوە، ئەمە بوو چەمکی گشتی(لینین) لەکاتێکدا(زوریخ)ی بەجێ هێشت، ئەو نامەیەش کە ئاراستەی کرێکارە سویسرییەکانی کردبوو دەڵێ: ((ڕوسیا وڵاتێکی جوتیارانەیە، لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا دواکەوتووترە، سۆسیالیستی هەرگیز ناتوانێ ڕاستەوخۆ، یان بەیەك جارو یەکگوژمو تەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، بەڵام سروشتی دێهاتییانەی ڕوسیاو هەبوونی پانتاییەکی بەرفراوانی زەوی وزار لەبن دەستی ئاغاو دەرەبەگەکاندا بوونەتە هۆی ئەوەی کە بتوانرێ سوود لەئەزموونی ساڵی (١٩٠٥) وەربگیرێو شۆڕشی ڕوسیا بتوانێ گوژم و تینو تاوێکی باش ببەخشێ بەشۆڕشی دیموکراتییانەی بۆرجوازیو وا لەشۆڕشە ڕوسییەکەمان بکات کە ببێتە سەرەتایەکی باش بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی جیهانیو پلەیەك بێ بۆ گەیشتن بەو جۆرە شۆڕشە)) بەم جۆرە (لینین) بۆ یەکەم جار نووسی کە ئەگەری ئەوە لەئارادایە ڕەنگە پرۆلیتاریاری ڕوسی ببێتە پێشەنگی شۆڕشی سۆسیالیستی.

ئەمەش خاڵی بە یەکتر گەیشتنە لەنێوان هەڵوێستی بەلشەفیانەی کۆن کە تەنها لەوەدابوو ئامانجێکی دیموکراتییانە بە شۆڕشەکە ببەخشێ لەگەڵ هەڵوێستی نوێی (لینین)دا، وەکو خرایە بەرچاوی حیزب لە(٤)ی نیساندا بۆ یەکەم جار. واش دەهاتە بەرچاو کە ڕاستەوخۆ بگۆڕدرێ بۆ دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاری بەشێوەیەکی لەناکاو دوور لەوەی چاوەڕوان بکرێ، بەچەشنێ پێچەوانەی نەریتە باوەکان بێ، ناشتوانێ بگاتە ناخی مێشکی خەڵکی، لێرەدا پێویستە بیرمان بێتەوەو باس لەوە بکەینەوە کە ئەو شتەی ناوی(ترۆتسکییەت)ی لێنرابوو تا کاتی بەرپابوونی شۆڕشی فێبرایرو ڕۆژەکانی

دواتریش، هیچ پەیوەندییەکی بەو بیرۆکەیەوە نییە کە دەڵێت: بنیاتنانی سۆشیالیستی لەناو سنوری نیشتمانی ڕوسیادا کارێکی نەشیاوە(ئەگەر توانای بنیاتنانی لەم جۆرەی بۆ دەستەبەر نەکرابێ لەلایەن هیچ کەسێکەوە، ئەوەش درێژەی کێشا تاکو ساڵی ١٩٢٤، بەخەیاڵی کەسیشدا نەهاتبوو تاکو ئەو ساڵە، (ترۆتسکییەت) لەوکاتەدا مانای ئەو بیرۆکەی دەگەیاند کە لەتوانانی پرۆلیتاری ڕوسیدا هەیە کە پێش پرۆلیتاریای خۆرئاوا بگاتە دەسەڵات، لەو جۆرە بارو دۆخەشدا چاوپۆشی لێ دەکرێ کە لەناو چوارچێوەی دیکتاتۆرییەتی دیموکراتیدا بمێنێتەوە، بێگومان هەر دەبێ ئیتر بکەوێتە ڕاو تەگبیری خۆی سەبارەت بەسۆسیالیستی، سەیرو نامۆش نییە کە لەو بارودۆخەدا بیرۆکەکانی ئیپریل ڕەت بکاتەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەم بیرۆکانە نزیکن لەترۆتسکییەوە.

ڕەخنەگرتنەکانی(بەڵشەفییە دێرینەکان) پەرەی سەند لەچەند ڕووکارێکەوە، گفتوگۆی بنەڕەتی درێژەی هەبوو سەبارەت بەوەی ئاخۆ شۆڕشی دیموکراتییەتی بۆرجوازی بەتەواوەتی ئەنجام دراوەو بەئاکامی خۆی گەیشتووە، یاخود نا! بەڵام تەواوبوونی شۆڕشی کشتوکاڵی وای لەناحەزانی(لینین) کرد کە پروپاگەندەی ئەوە بکەن کە هێشتا شۆڕشی دیموکراتییەت نەگەیوەتە کۆتایی، یاخود تەواو نەبوو، لەمەیشەوە ئەوەیان هەڵگواستبوو، کە کەواتە جارێ کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ هێنانە سەرکاری دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاری، تەنانەت ئەگەر مەرجە کۆمەڵایەتییەکان لەڕوسیاشدا شیاوو لەبارو ڕێ خۆشکەربن بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتێکی لەو جۆرە لەم نزیکانەدا، بەم جۆرە(برافدا) مەسەلەکەی خستەڕوو لەوتارێکدا کە پێشتر باسمان کرد، پاشان (کامینیف) لەکۆنگرەی ئیپریل - نیساندا ئەمەی دوپات کردەوەو گوتی: (لینین) بەهەڵەداچووە کاتێ دەڵێت شۆڕشی دیموکراتییەتی - بۆرجوازییەت کراوەو پێگەیشتووە، کەچی لەڕاستیشدا تاکو ئێستاش هەبوونی دەرەبەگایەتی کلاسیکی بنبڕو ڕیشەکێش نەکراوە، واتا خاوەن موڵکە کشتوکاڵییەکان، دەوڵەتیش نەگۆڕاو بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی، کاتی ئەوەش نەهاتووە کە بوترێ دیموکراتییەتی بۆرجوازی هەموو تواناکانی پژاوە).





(تۆمسکی)، بەرپەرچی (لینین)ی ئاوا دایەوەو گوتی: (دیکتاتۆرییەتی دیموکراتی بنەمای ئێمەیە، پێویستە لەسەرمان دەسەڵاتی پرۆلیتارو جوتیاران ڕێك بخەین، ئەم دەسەڵاتەش جیابکەینەوە لەو دەسەڵاتە کۆمۆنەی کە دەسەڵات تیایدا هی پرۆلیتاریایە).

(ریکۆف)یش گوتی: (بە ئەنجام گەیاندنی شۆڕشێکی بەر فراوانمان لەبەردەمدایە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم کارە گرنگەش نامانباتەوە ئەودیوی ڕژێمی بۆرجوازی).

ئەوەی گومانیشی تێدا نییە ئەوەیە کە (لینین) وەك ئۆپۆزسیۆنەکانی خۆی وای دەبینی کە شۆڕشی دیموکراتی هێشتا نەکراوەو تەواو نەبووە، یاخود دەستی پێکردووەو پاشان ووردە... ووردە گەڕاوەتەوە دواوە، لێرەوە ئەو بیرۆکەیە هەڵقوڵاوە کە دەڵێت: بەئاکام گەیاندنی ئەو شۆڕشەش هەر لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی بەبێ دەسەڵاتداریو کۆنترۆڵکردنی لەلایەن چینێکی نوێوە، گەیشتنیش بەم ئاکامەش ناکرێت ئەنجام بدرێت بەر لەدارنینی جەماوەر لەبن ڕکێفی دەسەڵاتی مەنشەفییەکانو سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان، واتە لەدەسەڵاتی ناڕاستەوخۆی بۆرجوازییەتی لیبراڵی، ئەم دوو حیزبەش بەکرێکارانەوە، بەسەربازانەوە بەستراونەتەوە بەشێوەیەکی تایبەتیو لەڕێی بیرۆکەیەوە گرێ دراون کە بەبیرۆکەی(بەرگری کردن لەوڵات)یان (بەرگریکردن لەشۆڕش) ناسراوە. لەبەرئەمەش (لینین) داوای کرد کە بەسیاسەتێکی یەکلاکەرەوەی دژ بەهەموو دیمەنو ڕوخسارەکانی سۆسیالیستی نیشتمانی بە هەموو ئاستو پلەکانیەوە بێتە ئاراوە، حیزبیش دابڕبکرێ لە جەماوەری دواکەوتوو، بەو مەبەستەی دواتر کار بکرێ بۆ پوختەکردنی جەماوەر لەو دواکەوتوییەی کە هەیەتی. (لینین) دوپاتی کردەوە کە(هەر دەبێ واز لەبەڵشەفییەتی کۆن بهێنرێ، پێویستیشە هێڵی جیاکردنەوە دابنرێ لەنێوان هێڵی بۆرجوازییەتی بچکۆلەو هێڵی پرۆلیتاریای کرێکاران - کرێگرتە)

خۆ ئەگەر بەشێوەیەکی سەرکێلانە تەماشایەکی کاروبارەکان بکەین، دێینە ئەو باوەڕەوە کە دوژمنە پێشبینییەکان، چەکەکانیان گۆڕیوە. ئەوە بوو مەنشەفییەکانو سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان بوونەتە زۆرینەی کرێکارانو سەربازان.

وەك ئەوە وایە کە مافی هاوپەیمانێتی پرۆلیتاریای سیاسییان لەگەڵ جوتیاران پەیڕەوو جێبەجێ کردبێ. ئەو هاوپەیمانیەتییەی کە هەمیشە بەڵشەفییەکان دەیانکرد

دژی مەنشەفییەکان، ئا ئەوەش(لینین)ە داوای ئەوە دەکات کە چینی پڕۆلیتاریا لەم هاوپەیمانێتییە دابڕێژرێ، لەڕاستیشدا هەریەکە لەو دوو حیزبە بەدڵسۆزی حیزبەکەی خۆی پێیان مایەوە، ئەوەبوو مەنشەفییەکان هەروەکو خۆی ئاسایی خۆیان پێیان وابوو کە کاری خۆیان بریتییە لەپشتیوانیکردنی بۆرجوازییەتی لیبراڵی. هاوپەیمانێتییەکەشیان لەگەڵ سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکاندا هۆکارێك بوو لەخزمەتی فراوانکردن‌و بەهێزکردنی ئەم پیشتیوانیکردنەیاندا. هاوکات دابڕانێك بوو لەپێشەنگە پڕۆلیتارییەکانی لەگەڵ بەرەی بۆرجوازییەتی بچکۆلەدا، ئەوەش مانای ئامادەکردنی هاوپەیمانێتی کرێکاران‌و جوتیاران بوو لەژێر سەرکردایەتی حیزبی بەلشەفیدا. واتا: دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا.

چەند ڕەخنەو نارەزاییەکی تریش سەریان هەڵدا کە لەسەر بنەمای حاڵەتی دواکەوتنی باوی ڕوسیا بەندبوون، ڕەخنەکانی(ڕیکۆف) لەکۆنگرەی ئیپریل (نیسان)دا لەسەر ئەم بنەمایە بەندبوون: (دەسەڵاتی چینی کرێکاریی، واتە گواستنەوەو لە سەدا سەد چووە سەر سۆسیالیستی، بەڵام ئاستی ڕۆشنبیری‌و ئابوری ڕوسیا، کامڵ یاخود شیاوو ئامادە نین بۆ ئەم گواستنەوەیەو پێویستە شۆڕشی دیموکراتی هان بدرێ تا ئەوپەڕی سنورو سەرهەڵدانی شۆڕشی سۆسیالیستی لەخۆرئاوادا. مەرجی سەرەکین بۆ هێنانە سەرکارو دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاری لەولاتماندا، بێگومان (لینین)یش نکولی لەمە ناکات. ئەو ـ واتە (لینین) تەواو کامڵ نەبوونی بارودۆخەکە لەڕووی ڕۆشنبیری‌و ئابوریییەوە بەشیاو نازانێ بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی‌و کارێکی یەکلاکەرەوەو بەئەلف بایەکی سیاسەتەکەشی دانانێ. کۆمەڵگەش بەم شێوەیە بەستەڵەکییە بەرەو پێش ناچێت. ئەو ساتە تەواو گونجاوەش نایەتە پێشەوە بۆ دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا، یەکسەر لەکاتی هاتنی دەرفەتساتی کامڵ بوونی تەواوەتی‌و پێویستی سۆسیالیستی، ئەگەر پەرەسەندنی مرۆڤایەتیش بە شێوەی ئەم سیستمە بێت. ئەوا ئیتر هەر بوونی دیکتاتۆرییەت یان شۆڕش بەگشتی بەپێویست نازانرێ، هەموو ئەو شتانەی لەم کارەدا بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە کۆمەڵگەی زیندوی مێژوویی، کۆمەڵگەیەکی نارێك‌و ناچوونیەکە، بوونی ئەم دیاردەیەش زیاتر لەو کاتەدا





دەردەکەوێ کە درەنگتر پەرەبسێنێ. ناچوونیەکی نەشیاوی ئەمەشیان لەوەدا بەدیاردەکەوێ کە بۆرجوازییەت لەدەوڵەتێکی دواکەوتووی وەك ڕوسیادا گەیشتووەتە خاڵی لێك هەڵوەشان‌و شی بوونەوە بەرلەوەی کە ڕژێمی بۆرجوازی بەتەواوەتی بگاتە سەرکەوتنی خۆی. لەو بارەیەشەوە کە پڕۆلیتاریا ئەو تاکە ئەڵتەرناتیفەیە کە بێگومان هەر دەبێ ئەو جێی بگرێتەوە لەسەرکردایەتی ئومەتدا، بارودۆخی نالەباری ئابوری ڕوسیا لێناگەرێ کە چینی کرێکاریی واز لەئەرکی بەجێ هێنانی ئەو بەرپرسیارێتییە بهێنێ کە لەئەستۆی دایە. بەڵام دیسان لەبەردەمی ئەم جێ بەجێکردنەشدا تەگەرەو کێشەو کۆسپی سەخت هەیە لەڕووی جەستەییەوە).. (ڕیکۆف) زیاتر لەجارێك جەختی لەوە کردەوە کە سۆسیالیستی لەو ولاتانەوە سەر هەڵ دەدات کە لەڕووی پیشەسازییەوە پێشکەوتوون، (لینین)یش بەوتەیەکی پوخت‌و کورت بەرپەرچی دایەوەو گوتی: (ناکرێ بوترێ کێ پێش دەستی دەکات‌و کێ جێبەجێشی دەکات).

* * *

لەساڵی ١٩٢١دا کاتێك کە حیزب بەشێوەی بیرۆگراتیانە ملکەچ نەبوو بوو، حیزب پەنای بردە بەر دیاری کردنی ڕابوردووی خۆیی‌و سازدانی ئایندەی خۆی بەسەربەستییەکی تەواو، (ئۆلیمنسکی) کۆنە بەلشەفیش کە بەشداریکردبوو لەبەڕێوەبردنی ڕۆژنامەوانی‌و حیزبدا لەقۆناغە جیاجیاکانیدا، پرسیاری کرد: چۆن حیزب بەڕێوەچوو لەسەر ڕەوتی هەلپەرستی لەساتەکانی شۆڕشی فێبرایردا؟ چی شتێ دوای ئەوە ڕێی پێیدا کە بەم شێوە توندو گورجوگۆڵییەوە هەنگاو بنێ بەرەو ڕێگەی ئۆکتۆبەر؟ ئەم کەسە بەلشەفییە پێی وایە سەرچاوەی هەڵەکانی مارس(ئازار)لەوەدا شاراونەتەوە کە حیزب (زیاد لەپێویست درێژەی کێشا) لەئاراستەکردنی خۆیدا بەرەو دیکتاتۆرییەتی دیموکراتی، (ئۆلیمنسکی)دەڵێ: (ئەو شۆڕشەی دێتە پێشەوە ناشێ هیچی تربێ جگە لەوەی کە دەبێ شۆڕشێکی بۆرجوازییانە بێ)، ئەم حوکمەش بەزۆر درا بەسەر هەموو ئەندامانی حیزبدا، ئەمەش ڕای فەرمی حیزب بوو، دروشمی هەمیشەیشی بوو کە هەتاکو شۆڕشی فێبرایر نەگۆڕا لەساڵی ١٩١٧دا، بگرە تا ماوەیەکیش دوای سەهەڵدانی شۆڕشەکەش).

ئەگەر(ئۆلیمنسکی)بیویستایە جەخت لەسەر قسەکانی خۆی بکاتەوە، لەتوانایدا هەبوو کە وتەی خۆی بڵاوبکردایەتەوە لەبرافدای رۆژی (٧)ی مارسدا، واتە پێش ئەو ڕاستکردنەوەو چاکسازییانەی (ستالین)و (کامنییف) بەسەر برافدام یان داهێناو لەو کاتەشدا بوو کە ڕۆژنامەکە ملکەچ بوو بۆ دەستەی نووسەرانەکەی - چەپڕەوەکان - : (بەدڵنیاییەوە مەسەلەی ڕوخانو چۆك دادانی دەسەڵاتی سەرمایەدار تا ئێستاو لەپێش ئێمەوە کەس نەیخستووەتەڕوو.. کارەکەش پەیوەندی بەحوکمی تاکڕەویو دەرەبەگایەتییەوە هەیە).

بەم جۆرە تەنگە بەرکردنەوەی ئاسۆی کارەکەو کورت کردنەوەی مەودای بوارەکەی بوونەتە هۆکارێك بۆ ئەوەی لەمانگی مارسدا حیزب وەك دیلو دەستەبەرێك بکەوێتە ژێر دەستی دیموکراتییەتی بۆرجوازییەتەوە. (ئۆلیمنسکی)دەپرسێ: (ئەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەکوێوە هات؟ ئەی باشە چۆن حیزب، هەر لەسەرکردەکانیەوە تا ڕێکخستنو لایەنگرەکانی لەناکاو توانی دەستبەرداری ئەو ڕاستیە ببێت کە پێشتر هەموویان بەڕاستییەکی نەگۆڕو چەسپاویان دادەناو ماوەی(٢٠)ساڵیش دەبێ لەسەر ئەوە کۆکن؟).

(سۆخارۆف)یش هەمان پرسیار دەکات بەڵام بە شێوازی دوژمنانەو دەڵێ: (چۆن؟ و بەکام هۆکار (لینین) توانی بەسەر بەڵشەفییەکاندا سەر بکەوێ؟) لەڕاستیدا سەرکەوتنی (لینین) نەك هەر لەناو حیزبدا تەواو نەبوو، بەڵکو پاش ماوەیەکی زۆر کورت ئینجا هاتەدی، ناحەزانیشی زۆر بەگاڵتە پێکردنەوە باسی ئەوە دەکەنو ئاماژە بۆ ڕژێمی دەسەڵاتی تاکەکەسی ناو حیزبی بەڵشەفی دەکەن، (سۆخارۆف) هەر خۆیشی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی داوەتەوە بەشێوازێك زۆر جیاوازتر نییە لەو شێوازەی کە دەستی پێکردبوو لەسەرەتادا گوتی: " (لینین)ی بلیمەت دەسەڵاتێکی مێژوویی بوو - ئەمە لەلایەکەوە مەسەلەکە، وێڕای ئەمەش ئێمە، (لینین)مان هەڵاوێرد[١٩٧] و وامان بینی کە ئەو سەر بە حیزبی بەڵشەفی نییە، واتە کەسێکە، یان شتێکی ترە، هەندێ لەگەورە سەرکردەکانی بەبێ"لینین" هیچ نین، ئەمانە وەك هەسارەکانی وان کە(خۆر)یان نەبێ (من ئێستا ناچمە سەر قسەکانم سەبارەت بەو ترۆتسکییەی کە لەوکاتەدا نەچوبووە

[١٩٧] هەڵاوێردنی: هەڵاوێرکردن: إستثناء





پاڵ هیچ کام لەڕیزەکانی حیزبەوە) ، ئەم ڕستەو گوتارە سەیرە هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردنی کاریگەری (لینین)و گێڕانەوەی ئەم کاریگەرییە بۆ دەسەڵاتە تاکە کەسییەکەی خۆی، تەواو وەك ڕاڤەکردنی کاریگەری تلیاکە لەسەر خەواندنو ئەو شتانەی بەدوایدا دێن لەخەواڵوکردنو نواندن. بەڵام ڕاڤەی لەم جۆرە، تامەودایەکی دوور بڕناکەن.

کاریگەری کردارییانەی(لینین) لەناو حیزبدا بەڕادەیەك زۆربوو کە قسەی لەسەر نییە، بەڵام هێشتا بێ سنوور نییە، ئەم کاریگەرییەیش پێی لەسنوور تێنەپەڕاندووە ئەو دەسەڵاتەی کە دواتر بواری گەڕانەوەی نییە، واتا هەتا دوای ئۆکتۆبەریش، کە لەوکاتەدا دەسەڵاتدارێتی (لینین) بەڕادەیەك فراوان بوو، کە لەباری ئاساییو باو تێپەڕی کرد، چونکە حیزب ئاستی تواناکانی ناوبراوی زانی لەناو جەرگەی ڕووداوە چڕوپڕو دژوارە جیهانییەکاندا ئەمەشە بڕی هەڵەی ئەو ڕاڤانە زیاد دەکات لەخستنە ڕووی هەر ئاماژەیەك سەبارەت بەدەسەڵاتی تاکە کەسیانەی(لینین) لە ئیپریل (نیسان)ی (١٩١٧)دا کاتێك کە سەرکردایەتی حیزبەکان دژ بەهەڵوێستی (لینین) ڕاوەستابوون.

(ئۆلیمنسکی)لەکەسانی تر زیاتر لەچارەسەری کێشەکە نزیك بووبووەوە کاتێك جەختی لەوە دەکردەوە کە حیزب ڕشتەی شۆڕشێکی دیموکراتی - بۆرجوازی دەخاتەڕوو، بەڵام سیاسەتە دژوارەکەی ڕووبەڕووی بۆرجوازییەتو دیموکراتییەت مەبەستی ئەوە بوو کە هەردەمێك بوو لەڕووی کردارییەوە خۆی ئامادەکردبوو بۆ گرتنە دەستی سەرکردایەتیکردنی پرۆلیتاریا لەململانێی ڕاستەوخۆی گرتنەدەستی دەسەڵاتی باڵای وڵاتدا. (ئۆلیمنسکی) دەڵێ: (هەموو لایەکمان) یانی بەلای کەمییەوە زۆربەمان - ڕوومان وەرگێڕا بەلای شۆڕشی پرۆلیتاریادا، بەبێ ئەوەی هۆشیاریمان لەبارەیەوە هەبێ، ئەوسا ئێمە لەو باوەڕەدابوین کە بەرەو شۆڕشی دیموکراتییەتی - بۆرجوازی دەچین، واتا خۆمان شۆڕشی ئۆکتۆبەرمان سازکرد، هەمووشمان لەو باوەڕەدا بوین کە شۆڕشی فێبرایر دەکەینو دوبارەی دەکەینەوە). ئەمەش گشتگیرکردنێکی بەنرخە، تا ڕادەیەکی زۆر هەروەها شایەتییەکیشە کە هەڵوەشاندنەوە قەبوڵ ناکات!

یەکێك لەهۆشیارکردنەوەکانی حیزب ڕەگەزێك لەڕەگەزەکانی لێك دژواریشی گرتەوە، تەعبیرێکی ڕاستو دروستیش دۆزراییەوە بۆی کە گەلێك ئاڵۆزو تایبەتی بوو سەبارەت

به (دیکتاتۆرییەتی ـ دیموکراتی) پرۆلیتاریاو جوتیاران، یەکێك لەنوێنەرە ژنەکانیش لەکۆنگرەکەدا دەربارەی ڕاپۆرتەکەی(لینیین) قسەی کردو بەشێوەیەکی سادەو ساکار گوزارشتی لەبیرۆکەکەی (ئۆلیمنسکی)کردو گوتی: (بۆچونی بەلشەفییەکان هەڵە بوو، کەچی هاوکات تەکتیکەکە راست بوو).

بیرۆکەی ئەپریلی: واتە ئەو بیرۆکانەی دوای بەرپاکردنی شۆڕشی ئەپریل هاتنە کایەوە، ڕەت کردنەوەی ڕشتە کۆنەکەی (لینین) بوو، کە پشتی بەستبوو بە نەریتە زیندووەکەی حیزبو خۆی نواندبوو لە ڕێك نەکەوتنو ئاشت نەبوونەوە لەگەڵ چینە فەرمانڕەواکانداو سازش نەکردنی لەگەڵیاندا، دوژمنایەتی کردنی هەموو جۆرە ماستاوکردنو پێدزەو فێڵو تەڵەکەیەك. هاوکات بەلشەفییە دێرینەکان ئەو یاداشتانەیان بەرانبەر بەو پەرەسەندنە بەرچاوەی ململانێی چینایەتی دانابوو کە کرابوون بە کتێب، گەرچی تازەش بوون. (لینین) پشتی بەستبوو بەکۆڵەکەیەکی تۆکمە، کە ئەو کۆڵەکەیەش مێژووی درێژخایەنی ململانێی نێوان بەلشەفیو مەنشەفییەکان بۆی سازدابوو.

لێرەدا بێگومان هەردەبێ باسی ئەوەش بکەین کە بەرنامەی فەرمی سۆسیالیستی دیموکراتییەت، تا ئەو کاتەش بەرنامەیەکی هاوبەشی نێوان بەلشەفیو مەنشەفی بوو، چالاکییە کردەوەییەکانی شۆڕشی دیموکراتی لەسەر کاغەز بۆ هەردوو حیزبەکە وەکو یەك دەهاتە بەرچاو، بەڵام لەڕاپەڕاندنی کردارییانەدا کوتو مت وەکو یەك نەبوون. ئەوەبوو کرێکارە بەلشەفییەکان ڕاستەوخۆ دوای ڕاپەڕینەکە دەست پێشخەرییان کرد لەوەدا کە داوایان دەکرد، خەباتیان دەکرد بۆ ئەوەی ماوەی کارکردن(٨)کاتژمێر بێ، واتە هەشت سەعات کار، بەڵام مەنشەفییەکان پێیان وابوو هێشتا زووە بۆ ئەو داواکارییە، بەلشەفییەکان سەرکردایەتی کردەوەی گرتنی فەرمانبەرە قەیسەرییەکانیان دەکرد، کەچی مەنشەفییەکان دژی هەموو توندوتیژی یەك بوون. بەلشەفییەکان میلیشیای چەکداری کرێکارانیان بەوپەڕی جۆشو خرۆشەوە دروست کرد، هاوکات مەنشەفییەکان کۆسپیان دەخستە بەردەم چەکدارانی کرێکاران، تاکو کاری خراپ نەکاتە سەر پەیوەندەییەکانیان لەگەڵ بۆرجوازییەتدا، بەلشەفییەکان هەڵسوکەوتیان واکرد، یان هەوڵیاندا وا هەڵسوکەوت بکەن ـ کە بەلایەنی کەمەوە ـ چی مەنشەفییەکان توندڕەون،





گەرچی سەرکردەکانیان ئەمەیان بەلاوە باش نەبوو، کەچی مەنشەفییەکان پرۆگرامی دیموکراتیانەیان کردبووە قۆچی قوربانی لەهەموو هەنگاوەکانیاندا لەپێناو هاوپەیمانێتیان لەگەڵ لیبراڵییەکانداو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەوان. (ستالینو کامنیف)خۆیان وابینیوەو کاتێ بە خۆیان زانی کە هیچ کەس لەدیموکراتییەکان بەهاوپەیمانی ئەمان دەرنەچووە، بۆیە وا هەستیان کرد زەوی لەبن قاچیاندا کشاوە.

ململانێ کردنی (لینین) لەگەڵ حیزبەکەیدا لەمانگی ئیپریل(نیسان)دا، تاکە بەیەکادانی لەوجۆرە نەبوو، خۆ ئەگەر مێژووی بەلشەفییەت هەر هەمووی وەربگرین جگە لەچەند ماوەیەکی دیاری کراوو تایبەتی، بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو سەرکردەکان لەکاتی پەرەسەندنە بنچینەییەکاندا لای ڕاستی (لینین)ەوە ڕاوەستاون، جا ئایا ئەمە شتێکی ڕێکەوتە؟ نەخێر، چونکە (لینین). سەرکردەی گەورەترین حیزبی شۆڕشگێڕ بووە لەسەردەمی خۆیداو لەمێژووی خۆیدا، چونکە بیروخواستو توانای ناوبراو لەئاستی شۆڕشێکی گەورەی وڵاتو سەردەمدا بوو. خەڵکی تر بە چەند سانتیمەترێك لەو کەمتر بوون، یان چەند هێندەی ئەو.. یان زۆر کەمتربوون.

زۆربەی سەرکردەکانی حیزبی بەلشەفی، لەدەرەوەی بازنەی چالاکی کردارییانەدا بوون لەماوەی ئەو مانگو ساڵانەی پێش ڕاپەڕیندا، گەلێك کەسیش لەگەڵ خۆیاندا بەرەو زیندانەکان یان بەرەو تاراوگەکان بۆچوونی گرانو سەختو سەنگییان بردبوو، سەبارەت بەمانگە سەرەتاییەکانی جەنگ. هەستیان بەدارمانی ئومەییەت کردبوو، لەکاتێکدا ئەم کەسانە دابڕابوون یان لەچواچێوەی چەند کۆمەڵەیەکی بچوکدا دەژیان. ئەگەر لەناو ڕیزەکانی حیزبدا بژیانایە، هەستیان بە وەڵامدانەوەی تەواو دەکرد دەربارەی بیرۆکە شۆڕشگێڕییەکان ـ ئەمەش بوو ئەو شتەی ئەوانی بەستبووەوە بە بەلشەفییەتەوە ـ بەڵام هەر کە توانای بەرگریکردنی خۆیانی لەبەرانبەر گوشاری دەوروبەریان لەدەست داو نەیانتوانی هەڵسەنگاندنێکی مارکسیانە بۆ ڕووداوەکان بکەن، بزوێنەرەکان، کە لەناو جەماوەرەوە ڕەگی داکوتابوو لەماوەی دووساڵو نیوی جەنگداو دووربوون لەهەستو نەستی چاودێری ئەوان، ئیتر هەستیان بە دابڕانی خۆیان کرد، نەك هەر دابڕانو بەس، بەڵکو بەرزیشی کردبوونەوە بۆ لوتکەی دەسەڵاتو چڵەپۆپەی پلەی حیزبیش. عەقڵییەتی

ئەم ڕەگەزەش زۆر زیاتر وەڵامی(ئینتلیجنسیا)زیمیرفاڵدی دەدایەوە وەك لەوەی وەڵامی کرێکارە شۆڕشگێڕەکانی ناو کارگەکان بداتەوە.

بێگومان بەڵشەفییە دێرینەکان ـ پێشینیەکان ـ کە لەمانگی ئیپریل(نیسان)ی ١٩١٧دا زۆر بەلەخۆبایی بوونو هەڵشاخانەوە خۆیان وەك خەباتگێڕی دێرین دەزانی، دوچاری تێکشکانێکی ڕاستەقینە هاتن چونکە ئەمانە بەرگرییان لەیەکێك لەڕەگەزەکانی نەریتی حیزب دەکرد کە ئەو ڕەگەزەش چیتر خۆی پێ نەدەگیرا لەئاستی ئەزمونی مێژوودا. بۆ نمونە(کالنین)لەکۆنگرەی پترۆگراددا ـ کە لە١٤ی نیساندا بەسترا ـ گوتی: (من لەبەڵشەفییەکانم ـ لینینییە دێرینەکان ـ لەو باوەڕەدام کە لینینیەتی کۆن تاکو ئەم ساتەی ئێستا دەستەوەستانی خۆی نەسەلماندبوو، بەلاشمەوە سەیرە کە (لینین) وا ڕادەگەیەنێ کە بەڵشەفییە کۆنەکان لەم ساتەی ئێستادا هەراسانن). "لینین"خۆی لەم ڕۆژگارانەدا گەلێك لەو تۆمەتبارکردنە هاوشێوانەی بیستووە کە ڕووبەڕووی کراوەتەوە، بەلاّم دابڕانی (لینین) لەڕشتەی کلاسیکی حیزبدا ڕێی ئەوەی لێ نەگرتووە کە (لینینی) بێت، ئەو ـ واتە (لینین) ـ عابای بەڵشەفییەتی بەخۆیدا دابوو تاکو لەژێر ئەو عابایەوە بانگەشەی ژیانێکی نوێ بکات.

بۆ ململانێش دژی بەڵشەفییە دێرینەکان، (لینین) پشتیوانیو هاوکارییەکی تری دۆزیەوە لەناو حیزبدا، وەك توێژێك، ئەم توێژەش تازە بە تازە پەراوەی کاری خۆی کردبوو، بەلاّم لەچینی پێشووتر چالاکترو پەیوەندارتربوو بە جەماوەرەوە. دەشزانین کە کرێکارە بەڵشەفییەکان لەڕاپەڕینی فێبرایردا، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی باشیان گێڕا بوو پێشیان وابوو کە شتێکی سروشتییە ئەو چینەی سەرکەوتنی بە دەستهێناوە، دەست بەسەر دەسەلاّتدا بگرێ، ئەم کرێکارانەش زۆر بە توندی لەسەر هێڵی (کامنییف ـ ستالین) خۆنیشاندانو مانگرتنیان کرد، گەڕەکی (فیبۆرغ)یش هەڕەشەی دەرکردنی هەندێ سەرکردەیان لەحیزب کرد، بارودۆخەکەش بەشێوەیەکی هاوشێوە لەکەرتو هەرێمەکاندا دەرکەوت، لەهەموو شوێنێکەوە بەڵشەفییە چەپەکان دەرکەوتنو تاوانباریش کران بەو کارە توندوتیژانەی کە گەیشتنە سنووری ئاژاوەوە، کرێکارە شۆڕشگێڕەکان لە هیچ شتێ پەکیان نەکەوتبوو، تەنها ئەوە نەبێ کە چەند بەڵگەو





بیانوویەکی تیۆرییان پێویست بوو بۆ بەرگریکردن لە هەڵوێستەکانیان، بەلاّم ئامادەش بوون بۆ وەلاّمدانەوە لەگەڵ هەر بانگەوازێکی وادا کە بیبستنو لێی تێبگەن.

(لینین)یش ڕووی بەلای ئەم توێژە کرێکارییەدا وەرگێڕا، کە لەسەر دوو پێی خۆی وەستابوو لەکاتی هەڵکشانەکەی ساڵی ١٩١٢ـ ١٩١٤دا لەسەرەتای جەنگیشدا، حکومەتیش بەتوندی بەربەستی حیزبی کردو کۆمەڵەی بەڵشەفییەکانی ناو ئەنجومەنی دۆمای سەرکوت کرد. (لینین) هاتە سەر باسی کاری شۆڕشگێڕانەی داهاتوو، بانگی ئەو کەسانەی کرد کە حیزب ڕۆشنبیری کردبوونو چاوی کردبوونەوەو وەك سەرکردایەتی نوێ دەردەکەون(کاری سەرکردایەتی نوێ، سەرەڕای ئەو هەموو تەنگو چەڵەمانەی بەسەر هەزاران کرێکاری هۆشیاردا هاتن). ڕاستە (لینین) بە دووبەرە لەوان دابڕابوو، تاڕادەیەك هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵیاندا نەمابوو، بەلاّم لەناخی دڵییەوە لێیان دوورنەکەوتبووەوە: (تەنانەت ئەگەر بەشێوەی زیاد لە پێنج ئەوەندەو دە ئەوەندە جەنگیش لەناوببرێن بەهۆی زیندانی کردن، برسێتیو ئاوارەکردنو دوورخستنەوە! هێشتا ناتوانرێ ئەم چینە بتوێنرێتەوە، ئەمە چینێکی زیندووە، ئەم چینە تێروپڕە لەگیانی شۆڕشگێڕانەو دژ وەستانەوەی شۆڤێنی)، (لینین) بەهۆشو بیر لەگەڵ ئەو هەموو بارودۆخە دژوارانەدا دەژیا کە کرێکارە بەڵشەفییەکانی تێدا دەژیا، لەگەڵیاندا دەرئەنجامە پێویستەکانی دەردەهێناو دەیدۆزینەوە، بەلاّم دۆزینەوەکەیشی زیاتر ڕاستەقینەترو فراوانتربوو، کاتێك (لینین). دەیویست ڕووبەڕووی ئەو دوو دڵییە بێتەوە کە دوچاری سەرکردەکانی حیزبو کۆمەڵە ئەفسەران بووەتەوە، زۆر بەمتمانەوە پشتی دەبەست بەئەفسەرە پۆلەکانی هەمان حیزب، چونکە نوێنەرایەتی کرێکارە بەڵشەفییە بنەڕەتیەکانیان دەکرد بەشێوەیەکی باشتر.

هێزی سۆسیالیستە نیشتمانییە کاتییەکانو لاوازییە شاراوەکەی باڵی بەڵشەفییە هەلپەرستەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سۆسیالیستە نیشتمانییەکان، پشتیان بەستبوو بەحوکمە جەماوەرییە پێش وەختییەکانو خەیاڵە هەنوکەییەکانیان. هاوکات باڵی بەڵشەفییە هەلپەرستەکان، هەوڵی ئەوەیان دەدا کە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم حوکمو خەیالاّنەدا، هێزە ستەمکراوەنەکەی (لینین)یش لەوەدا شارابووەوە کە

تێگەیشتبوو لەلۆژیکی ناوخۆی بزاڤەکە، سیاسەتەکەی خۆیشی بەپێی ئەم لۆژیکە دامەزراندبوو، ناوبراو سیاسەتی خۆی بەسەر جەماوەردا نەسەپاند، بەڵکو پارمەتی جەماوەری دەدا بۆ دانانو ڕاپەڕاندنی نەخشەو هەنگاوەکانی. (لینین) هەموو کێشەو شتە گرنگەکانی شۆڕشی بۆ یەك خاڵ دەگێڕایەوە: (ڕونکردنەوە بەوپەڕی ئارامگرییەوە... بێ پەلەکردن)، ئەوەش واتا بەرزکردنەوەی لایەنی هۆشیاری جەماوەر بۆ ئاستی ئەو بارودۆخەی کە جەماوەر تێی کەوتبوو بە حوکمی ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوویی، لەسەر ئەو کرێکارو سەربازانە پێویست بوو کە هەر زوو فریای خۆیان بکەونو بەخێرایی هاوهەڵوێست بن لەگەڵ (لینین) داو قۆناغی ناوەندی(کامنییف ـ ستالین) تێپەڕێنن، کە سیاسەتی نائومێدکارانەی تەوقیفییەکان دایگرتبوون ـ واتا سەربازو کرێکاران.

هەرکە ڕشتەکانی[198] (لینین) دەرکەوتن. تیشکێکی نوێ لەبەرچاوی بەڵشەفییەکاندا کەوتە سەر ئەزموونی مانگی پێشوو، ئەزموونی هەموو ڕۆژانی نوێ، لەناو جەرگەی جەماوەرێکی بەرفراوانی حیزبێکدا ئاڕاستەیەك سەری هەڵدا کە دەیگوت: بەرەو چەپ...! بەرەو چەپ... ! بەروە لای بیرۆکەکانی(لینین)...!

(زالیخسکی) دەڵێ: (ناوچەکانی شوێنیك، بە دوای ئەویشدا شوێنەکانی تریش پشتیوانی خۆیان ڕادەگەیاند بۆ قسەکانی(لینین) هەروەها کۆنگرەی گشتی حیزب لە٢٤ی ئیپریل لەڕوسیا نەگیرا هەتا ڕێکخستنی پترۆگراد بەتەواوەتی ئەوەی ڕاگەیاند کە چووەتە پاڵ بیرۆکەکان).

بەم جۆرە ململانێ دەستی پێکرد لەپێناوی دوبارە چەکدارکردنەوەی حیزب ـ یان باربۆکردنەوەی حیزب ـ لەئێوارەی(٣)ی ئیپریل(نیسان)ەوە تا کۆتایی ئەو مانگە[199] ،

---

[198] ڕشتە: صیغە : واتا دەقی قسەکانی لەبواری جێبەجێکردندا.

[199] ئەو ڕۆژەی تیایدا(لینین)گەیشتەوە پترۆگراد، پۆلیسی بەریتانی لە(هالیفیکس)ی ڕووکارەکەی تری ئەتلەسی دا(٦)کەسی کۆچبەریان دەستگیرکردبوو، کە سواری کەشتییەکی نەرویجی بوو بوونو نەیانهێشت بگەڕێنەوە وڵات، ئەوانیش بریتی بوون لە(ترۆتسکی، تشۆد نۆفسکی، میلنیتشانسکی، مۆخین، فیشلییف، ڕۆمانتشیکنۆف)، کە هەتا(٥)ی مایۆ(ئایار) نەیانتوانیبوو بگەنە پترۆگراد، تا ئەو کاتەش هێڵە گشتییەکانی چەکدارکردنەوەی حیزب تەواو بووبو، (ترۆتسکی)یش پێشتر چەند وتارێکی لەڕۆژنامەیەکی(نیورۆك)دا بڵاوکردبووەوە سەبارەت بە حیزبو شۆڕش.





کۆنگرەی حیزبیش لەپترۆگراد گیرا لەماوەی(٢٤ـ ٢٩)ی نیساندا مانگی مارس(ئازار) بە مانگی شلۆقیو دوودڵیو هەڵپەرستی لەقەڵەمدا. مانگی ئیپریل(نیسان)یش مانگی قەیرانە توندوتیژەکە بوو، لەم ماوەیەشدا کەرەسەی حیزب لەزیادبوندابوو، ئاستی سیاسیشی بە شێوەیەکی بەرچاو تێبینی دەکرا، (١٤٩)نوێنەر، نوێنەرایەتی(٧٩)هەزار ئەندامی حیزبیان دەکرد، لەوانەش (١٥)هەزاریان تەنها لەپترۆگراد بوون، خۆ ئەگەر ئەوە بە هەند وەربگرین کە هەتا دوێنێ ئەم حیزبە ناشەرعی بوو، ئەمڕۆش بووەتە حیزبێکی دژ بە بیرۆکەی نیشتمان پەرەوەری شۆڤێنی، بۆمان دەردەکەوێ کە ژمارەکەی یەکجار زۆرو گرنگە، (لینین)یش زیاد لەجارێك ئەم بیرۆکەیەی دوپات کردووەتەوە بە زمانی ڕەزامەندییەوەو سروشتی کۆنگرە سیاسییەکەش لەکاتی هەڵبژاردنی پێنج ئەندامەکەی مەکتەبدا دیاری کرا: کە لەم مەکتەبەدا هیچ کام لە(کامنییف)و (ستالین) هەڵنەبژێردراون ـ کە گەورەترین هەڵەکاری ئیپریل(نیسان)ئەم دووانە بوون:

گەرچی ئەو مەسەلەی کە خرابووە ڕوو بۆ باسو لێکۆڵینەوە سەبارەت بەحیزب بەتەواوەتی یەکلایی کرابووەوە، بەڵام هێشتا هەندێ لەسەرکردەکان پابەند بوون بە هەڵوێستە کۆنەکەی دوێنێی خۆیانەوە، لەکۆنگرەشدا بەشێوەی ئۆپۆزسیۆن، یان نیمچە ئۆپۆزسیۆن بەرانبەر بە(لینین) وەستابوونەوە، (ستالین) قوڵو قەپی کردبوو، تەنها چاوی دەگێڕاو سەرنجی دەدا، (دیزرجینسکی)بەناوی ژمارەیەکی زۆرەوە لەو هاوڕێیانەی کە ڕازی نین بەبنەماکانی خاوەن ڕاپۆرتەکەو بیرۆکەکانی، کەوتە قسەکردنو گوتی: پێویستە گوێ بگیرێ لەڕاوبۆچوونی(ئەو هاوڕێیانەی لەگەڵماندا ژیاون بەشێوەیەکی کرداریانە لەڕووداوەکانی شۆڕشەکەدا). ئەم قسەیەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە سەرچاوەی بیرۆکەکانی(لینین) لەوەوە هەڵقوڵاون کە ناوبراو دوور وڵات بووە ـ ئاگای لەزۆر شتی ناو وڵاتەکەی نەبووە،(کامنییف)یش ڕاپۆرتێکی بۆ کۆنگرە بەرزکردەوەو تیایدا داوای دیکتاتۆرییەتی ـ دیموکراتی ـ بۆرجوازی کرد، (ڕیکۆف)و(تۆمسکی)و(کالینین) هەوڵیاندا کە بەشێوەیەك لەشێوەکان لەو هەڵوێستانەدا بگێرسێنەوە کە لەماوەی مانگی(مارس)دا وەریانگرتبوو،(کالینین) بەرگری لەبیرۆکەی یەکگرتن لەگەڵ

مەنشەفییەکاندا دەکردەوە لەپێناوی ململانێ کردن دژی لیبڕاڵییەت،(سیمدۆفیتش) کە یەکێکە لەخەباتگێڕە بەناوبانگەکانی مۆسکۆ، وتارێکی پڕ لەسکاڵای پێشکەش کرد، (لەو کاتەدا کە خەڵکی دژمان هەڵدەستنەوە وەك مۆتەکەیەکی ترسناك هۆکارەکەی بیرۆکەکانی هاوڕێ (لینین)ە).. واتە، ڕاستە، ژیان ئاسانتر دەگوزەرێ ئەگەر بەلشەفییەکان دەنگ بدەن بۆ بڕیارەکانی مەنشەفییەکان.

(دزیرجینسکی) سەر بەلایەنگرانی(ڕۆزا لۆکسۆبۆرگ)بوو. هەر ئەمەش پالی پێوەنابوو کە دژی مافی ئەمەتەکان بووەستێتەوە لەدیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا. بەرپەرچدانەوەی (دزیرجینسکی) ئەوەبوو کە بەمە پشتیوانی شۆڤێنییەتی ـ ڕوسی ـ مەزن دەکرێ، هەر ئەمەش هاندەری بوو تاکو بڵێ: (دەتوانم بڵێم ئەو سەرزەنشتی کردنەی (لینین) لەسەر ئەوەیە کە هاوهەڵوێستە لەگەڵ بیروبۆچونی شۆڤێنییە پۆلۆنییە ئۆکرانییەکانو هی تریش..)، ئەم گفتوگۆ سیاسییەش بەتاڵ نەبوو لەشتی خۆشو سەیر: (ئەم پیاوە ڕووسییە مەزنە (لینین) (دیزرجینسکی) پۆلۆنی تاوانبار دەکات بەشۆڤێنیەتی ڕوسیای گەورەو ئاڕاستەی پۆلۆنییەکان کراوە، کەچی ئەوی تریان بەشۆڤێنیەتی پۆلۆنی تاوانباری دەکات، بیرۆکەی ڕاستیش لەم هەموو قسەو گفتوگۆیانەدا لەبەرژەوەندی بیرۆکەکەی(لینین) دابوو. سیاسەتە تایبەتییەکەی سەبارەت بە(قەومیات) بوو بەرەگەزێك لەڕەگەزەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا دیارنەماو پوکایەوە، لە(٧)دەنگ زیاتر کەس نەمایەوە دژی ئەم بیرۆکانەبێ، کۆنگرەکە گفتوگۆیەکی تایبەتیو سەیری بەخۆیەوە بینی کە هەقی خۆیەتی باس بکرێ، ئەویش پەیوەندی بەلایەنی پەیوەندییەکانی حیزبەوە بوو لەڕووی ئومەمییەوە، لەکۆتایی کارەکانی کۆنگرەداو لەکاتی کۆبونەوەی ئێوارەی(٢٩)ی نیساندا، (زینۆفیف) بەناوی لیژنەکەوە پرۆژە بڕیارێکی خوێندەوەو گوتی: (دەبێ بەشداری بکرێ لەکۆنگرەی جیهانیی زیمرفالدییەکاندا کە لە(١٨)ی ئایاردا لە(ستۆکهۆڵم) دەبەسترێ، کۆنووسی دانیشتنەکانی کۆنگرەکەش گوتی: (ڕەزامەندی لەسەر ئەوە کراوە بەکۆی دەنگەکان، جگە لەیەك دەنگ، ئەو یەك دەنگە نارازیەش دەنگی(لینین) بوو، ئەو داوای کردبوو کە دەبێ پەیوەندییەکانیان بپچڕێنن





لەگەڵ زیمرفالدییەکاندا، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەوان زۆربەیان ئەڵمانییە سەربەخۆکانو لەگەڵ کەسە سەلامەتە بێ لایەنەکانی وەك(گریم)ی سویسریدان. بەڵام کادرەکانی حیزبی ڕوسیا، لەماوەی جەنگەکەدا لەو باوەڕەدا بوون کە بیرۆکەی(زیمرفالد)گونجاوو هاوشێوەیە لەگەڵ بەلشەفییەکاندا، نوێنەرانیش هێشتا ڕەزامەندی خۆیان دەرنەبڕی بوو سەبارەت بە دەستبەرداربوون لەناولێنانی(سۆسیالیستی ـ دیموکراتی)دا هەروەها بڕیاری پچڕاندنی پەیوەندیشیان نەدابوو لەگەڵ ئەو(زیمرفالدیەت)ەی کە بۆ ئەمان وەك پشتێنەی پێکەوە بەستن وابوو بەجەماوەری ئەمومییەتی دووەمەوە. (لینین) هەوڵیدا کە بەلایەنی کەمەوە هاوبەشی کردن لەکۆنگرەی داهاتوودا بە چەند ئامانجێکی دیاری کراوو ئاشکرا دەستنیشان بکات. (زینۆفیف)دژی وەستایەوە، ڕەزامەندیش لەسەر پێشنیارەکەی(لینین) نەکرا، لەبەرئەوە تەنها خۆی(لینین) دژی هەموو بڕیارەکان دەنگی دا، کەسیش پشتیوانی نەکرد، ئەمەش دواهەمین گوژمو تەوژمی هەستو نەستەکانی مانگی(مارس)بوو، هەندێ کەس هەرپابەند مانەوە سەبارەت بەهەڵوێستەکانی دوێنێی خۆیان. دەشترسان لەوەی کە خۆیان بە(دابڕاویی)ببیننەوە. ئەو کۆنگرەیەی ستۆکهۆڵمیش ـ کە پێشتر باس کرا، لەبەر هەبوونی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی(زیمیرفالد)و ئەمانەش بوونەتە هاندەری (لینین) کە تاکو کاری تێبکاتو وای لێ بکات پەیوەندییان لەگەڵدا بپچڕێنێ، بەم جۆرە، واقعی کرداریيانەی سیاسەتی قەدەغەکردن لەو ئامادەبوونەی کە بەکۆی دەنگ ڕەت کرایەوە ـ جگە لەیەك دەنگ، خۆی سەپاند.

توندوتیژیو خێرایی ئەو پێچ کردنەوەیەی سیاسەتی حیزب بەخۆیەوە بینی لەبەرچاوی هەموو لایەك ڕوونو ئاشکرابوو،(شمدیت)ی کرێکاری بەلشەفی ـ کە دوایی بوو بەچاودێری گەل بۆ کارکردن ـ لەبەردەم کۆنگرەی ئەپریل(نیسان)دا گوتی: "(لینین) ئاڕاستەیەکی نوێی بە سروشتی چالاکییەکانی حیزبدا)، (راسکۆلینکۆف)یش دوای چەند ساڵێك نوسیبووی: کە کاری(لینین) لەنیسانی ساڵی ١٩١٧دا(شۆڕشی ئۆکتۆبەری هێنایە دی لەهۆشیاری سەرکردەکانی حیزبدا... تەکتیکی حیزبەکەمان هێڵێکی ڕاستو وێنا ناکات، ئەم تەکتیکەش دوای گەڕانەوەی(لینین) لاکردنەوەیەکی توندو خێرایی بەرپاکرد بەلای چەپدا). خاتوو(لۆد میلاستا)ی کۆنە بەلشەفی

بەشێوەیەکی وردترو ڕاستەوخۆتر دەربارەی ئەم پێچ کردنەوەو لاکردنەوەیە لە(١٤)ی نیساندا لەبەردەمی کۆنگرە کە لەپترۆگراد گوتی(بەر لەهاتنەوەی(لینین) هەموو هاوڕێیانی حیزب لەناو تەمی تاریکیدا هەناسە سارد بوون، جگە لەڕشتەی ساڵی ١٩٠٥ هیچ شتێکی تریان لەبەردەستدا نەبوو، کاتێك بینیمان کە شۆڕشەکە بە هەرەمەکی دروست بووە.. هاوڕێیان ناچاربوون بەوە وازبێنن کە ئەنجومەنی دامەزرێنەران پێکبهێنن لەسەر شکڵو شێوازی پەرلەمانی.. هیچ ساتێك بیریان لەبەرەو پێش چوون نەدەکردەوە، ڕازی بوون بە بیرۆکەکانی(لینین) مانای ئێمە بەپێی داخوازییە ئاساییەکانی ژیان خۆی هەڵسوکەوتمان کردووە... پێویست ناکات لەکۆمۆنەش بترسین. چونکە حکومەتی کرێکاریمان هێناوەتە دی، کۆمۆنەی(پاریس)یش کوتومت کرێکارییانە نییە، بەڵکو هاوکات بۆرجوازییەتێکی بچوکیشە).

دەتوانین ئێمەش لەگەڵ قسەکەی(سۆخارۆف)دا بین کە دەربارەی ئەم مەسەلەیە ناوبراو دەڵێ: دوبارە چەکدارکردنەوەی حیزب گەورەترینو گرنگترین سەرکەوتن بوو کە (لینین) بەدەستی هێنا لەیەکەم ڕۆژی مانگی ئایاردا. لەڕاستیدا(سۆخارۆف) پێی وابوو کە(لینین) چەکی مارکسییەتی گۆڕیوەو کردویەتی بە چەکی ئاژاوەگێڕیانە ـ لەم کردەوەیدا.

پرسیارێکی گرنگ لەبەردەماندا دەمێنێتەوە، پرسیارکردنەکەش زۆر ئاسانترە لەوەڵامەکەی: ئاخۆ پەرەسەندنو گەشەی حیزبەکە چۆن چۆنی بوایە، ئەگەر(لینین) نەیتوانیبایە لەنیسانی ١٩١٧دا بگاتەوە خاکی ڕوسیا؟ ئەگەر قسەو باسەکانی پێشومان باس لەشتێك دەکەن، یان جەخت لەشتێك دەکەنەوە، یان شتێك دەردەخەن، ئێمە ئومێدەوارین ئەو شتە ئەوەبێ کە: بوترێت (لینین)دروستکەری پەرەسەندنی شۆڕش نەبوو، بەڵکو زنجیرەی هێزە هەمووارەکانی پێکبەست کرد. هەروەها بوو بەبازنەیەکی گەورەی زنجیرەکە، دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریاش لەدەرنجامی گشتی بارودۆخەکەوە سەری هەڵداو هاتە ئاراوە، بەڵام پێویست بوو ئەو دیکتاتۆرییەتە ڕێنوماییو ئاڕاستە بکرێ. خستنە سەرکارو دامەزراندنی ئەو دیکتاتۆرییەتە بەبێ بوونی(حیزب)ێك نەدەکرا.(حیزب)یش نەیدەتوانی کاروباری خۆی بەئەنجام بگەیەنێ هەتا خەڵکی لەو





حیزبە تێنەگەیشتبن. لەبەرئەوە، بوونی(لینین) لەو کاتو قۆناغە پێویستەدا، نەدەکرا دەستبەرداری بن، هیچ سەرکردەیەکی بەلشەفیش بەر لە ئەو نەیدەتوانی بەتەواوەتی پشکنینی ڕاستو دروست بۆ شۆڕشەکە بکات، سەرکردایەتییەکەی (کامنییفو ستالین) یش لەژێر گوشاری ڕووداوەکاندا ڕوویانکردە لای ڕاست، واتا ڕوویان وەرگێڕا بەری سۆسیالیستە نیشتمانییەکاندا، شۆڕشی بەتالاییەکی[200] ناوەنجی نەهێشتەوە لەنێوان(لینین) مەنشەفییەتدا بۆ هەڵوێست وەرگرتنی میانەیی. ململانێی ناوخۆیی حیزبی بەلشەفیش کارێك بوو هەر دەبوو ڕوویدابایە لەناوجەرگەی حیزبەکەدا.

گەڕانەوەی(لینین) لەهەندەران کاروبارەکانی خێراترکرد، کاریگەری کەسێتی خۆی کاری کردەسەر کورتکردنەوەی ماوەی قەیرانەکە، جا ئایا دەتوانین بڵێین بەوپەڕی دڵنیاییەوە کە حیزب دەیتوانی بەبێ(لینین) ڕێ بەدەری[201] ((ڕێبەرایەتی)) خۆی بکاتو ڕەوتی خۆی بدۆزێتەوە؟ هەرگیز ئێمە ناتوانین پێش دەستیو پەلەپەل بکەین لەقسەی وادا بە دڵنیاییەوە.

(کات) خۆیشی لێرەدا کارتێکەرێکی گرنگو یەکلاکەرەوەیە، کە ناتوانرێ تەماشای کاتژمێری مێژوو بکرێت دوای ڕووداونی ڕووداوەکان، لەنێوان مایتریالیزمیو ئایدیالیزمیو قەدەریدا هیچ نزیکیو لێك چونێکیش نییە، ئەگەر(لینین) نەبوایە ئەوا قەیرانی[202] پەیدابوو، لەئەنجامی هەڵسوکەوتی سەرکردایەتییە هەڵپەرستەکەدا، شێوەیەکی توندترو درێژخایەنتری وەردەگرت، جگە لەوەی کە بارودۆخی جەنگو شۆڕش گوشارییان دەخستە سەر حیزب، ماوەیەکی زۆریشیان لەبەردەمدا نەدەهێشتەوە تاکو ئەرکەکانی خۆی تێدا ڕاپەڕێنێ، لەبەرئەوە، ڕەنگە حیزبە پەراگەندەو پەرت پەرتەکە بارودۆخی شۆڕشی لەدەست بدایەو بۆ ماوەی چەند ساڵێکیش دەرفەتی گونجاوی نەدۆزیبایەتەوە. لێرەیشەوە ڕۆڵی(کارتێکەری کەسێتی)مان بۆ دەردەکەوێ بە قەوارەیەکی تاڕادەیەك گەورە. بەڵام ئەبێ لەناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەم ڕۆڵە گرنگەش تێ بگەین،

---

[200] تالا: لاتا نیوەی تای بارێك وەك دەگوترێ تایەك ئارد تایەك برنج. .

[201] ڕێبەدەری: ڕێبەریی: ڕێبەرایەتی: ڕابەرایەتی.

[202] ئەو قەیرانەی کە پەیدا بووبوو وە لە ئارادا بوو.

ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە (کارتێکەری کەسێتی) بازنەیەکە ـ تەنها یەك بازنەیە ـ لە زنجیرەی بازنەکانی مێژوودا ـ هەموو شتێ نییە.

گەڕانەوەی لەناکاوی(لینین) و بانگەشەکردنی لەدەرەوەی وڵاتەوە، پاش بزربوونێکی درێژخایەن ئەو تۆمەتە زۆرو زەبەندانەی کە ڕۆژنامەکانی دەوروبەری ڕووبەڕوویان دەکردەوەو ململانێ کردنەکەش لەگەڵ هەر هەموو سەرکردەکانی حیزبەکەیداو سەرکەوتنە خێراکەی بەسەریانداو سەرجەم ڕووکارە دەرەکییەکانی ڕووداوەکانی وای کە هەڵسەنگاندێك بێتە ئاراوە کە تاکە یەك کەسی پاڵەوانو بلیمەت ـ بۆ ئەو سەردەمە ـ ڕووبەڕووی بارودۆخی بابەتیانەو جەماوەرو حیزب بکاتەوە، لەڕاستیشدا ئەم خاڵە دژوارە جگە لەلایەنێکی کارەکە هیچی تر نییە.

(لینین)یش ڕەگەزی ڕێکەوتن نەبوو لەناو پەرەسەندنی مێژوویدا، بەڵکو بەرەنجامی پوختەی مێژووی ڕابوردووی ڕوسیابوو. ڕەگەکانی بەقوڵایی مێژوودا درێژبووبوونەوە، بەردەوام پەیوەندی هەبوو بەکرێکارە پێشکەوتووەکانەوە. ماوەی چارەکە سەدەیەك پێش شۆڕش بەشداری خەباتی کردون. (کاریگەری ڕێکەوت) ناتوانێ دەست بخاتە ناو ڕووداوەکانەوە، بەڵکو پوش ڕامالێکی[٢٠٣] دیاربوو کە (لوید جرج) دەیویست ڕێگەی شۆڕشی پێ بەربەست بکات،(لینین) لەدەرەوەی وڵات بەربەست نەبوو لەحیزبەکەیدا، بەڵکو خۆی باشترین گوزارشت بوو لەحیزبەکەی، ململانێ کردنەکەیەشی ناکۆکییەکی لەگەڵ سەرکردە بەلشەفییەکان ململانێی ڕابردووی حیزب بوو لەگەڵ ئایندەدا، ئەگەر (لینین)یش بەزۆر لەوڵات دەربەدەر نەکرایەو لەحیزب دوور نەخرایەتەوە بەهۆی بارودۆخی پەنا هەندەییو مەرجو یاساکانی جەنگەوە، ئەوا میکانیزمی دەرەکی پێویستو درامیانە ئەو شێوەیەی نەدەبوو کە بینیمانو تاکو ئەو ڕادەیەش بەردەوام بوونی پەرەسەندنی ناوخۆیی حیزب شاراوە نەدەبوو.

[٢٠٣] پووش ڕامالّ، پووشماڵ، ئەو شتەی کە پووشو پەڵاشو گژوگیای ناو لافاوی پێ لادەبرێ، تاکو ئاوەکە بەری نەگیرێو پەرچ نەکاتو ڕەوتی خۆی وەربگرێ(وەرگێڕ بۆ کوردی)





ناشتوانین لەو کارە سەراسا[٢٠٤] گرنگەی کە لەهاتنەوەی(لینین)ەوە سەری هەڵدا، هیچ خوێندنەوەیەکمان هەبێ، جگەلەوەی کە سەرکردەکان بەڕێکەوت نەهاتوونو هەڵبژاردنو ئامادەکردنو پێگەیاندنی ئەو سەرکردانەش دەیان ساڵی پێویستە کە نابێ بەشێوەیەکی هەڕەمەکیو کوێرانەش بگۆڕدرێنەوە بەکەسانی تر. دورخستنەوەی میکانیکیانەش لەململانێ کردن، حیزب دوچاری دەردە گولی دەکاتو ڕەنگە لەهەندێ باردا ئەم گول بوونو دەردەدارییە ببێتە دەردو نەخۆشییەکی درێژ خایەن.

## ڕۆژگارەکانی مانگی ئەپریل

لە (٢٣)ی مانگی مارس (ئازار)دا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاتە جەنگەوە، کوتومت هەمان ڕۆژ پترۆگراد مەراسیمێکی گەورەی ساز کردبوو بەبۆنەی بەخاك سپاردنی قوربانییەکانی شۆڕشی فێبرایر (شباط). ئەم مەراسیمە دڵتەزێنە، لەناخیدا جۆرێك لەشادمانیشی تێدابوو، دواهەمین جوولەی پێنج ڕۆژی سەمفۆنیای کۆتایی دیاری دەکرد، هەموولایەك لەمەراسیمی بەخاك سپاردنەکەدا ئامادەبوون. لەناو ئامادەبواندا، ئەو هاوڕێیانەشی لێ بوون کە جەنگو خەباتیان کردبوو شان بەشانی ئەم قوربانییانە، هەروەها ئەوکەسانەی بانگەشەی ڕاست بوونەوەیان ڕاگەیاندبوو، هاوکات کەسانی تریشی لێ بوون، لەوانەش ژمارەیەك لەبکوژانی قوربانییەکانو بینەرانی کاتی هەموو ململانێکان لەپاڵ کرێکارانو تەنیشت سەربازانەوە قوتابیان، وەزیرەکان، باڵوێزەکان، بۆرجوازەکان، ڕۆژنامەنووسان، وتاربێژان، سەرکردەی حیزبەکان، هەموو چینە جۆرەکانی دانیشتوانی شارەکان ڕاوەستابوون.

تابووتە سورەکان هێنرانە گۆڕەپانی مارس(گۆڕەپانی نمایش کردن) بەچەند ڕیزێکی دورودرێژ کە سەربازو کرێکاران تەرمەکانیان هەڵگرتبوون، کاتێك ئامادەبوان ئاڵانە تابووتەکان تاکو دایانبگرنە ناو گۆڕەکانیانەوە، قەڵای (پوترسو پۆلس) ڕیزێك گوللەی تەقاند وەك سڵاوکردنو ڕێزلێنانێك لەگیانی ئەو قوربانییانە، جەماوەری بەرفراوانی گەل داچڵەکینو تۆپو هاوەنەکان بەپێچەوانەی ڕابوردوو کەوتنە تەقەو بریسكو هوڕیان

[٢٠٤] سەراسا: سەرو ئاسا: فوق العادة: خوارق

دەهات، ئەمانە ئێستا تۆپو هاوەنی ئێمەن، دەنگەکانیان سڵاوی ئێمەیە بۆتان، گەڕەکی فێبۆرغ (٥١)ی تابوتی سووری هێنابوو، ئەم ژمارەیەش بەشێك بوو لەو قوربانییانەی گەڕەکی ناوبراو شانازی پێوە دەکردن، تێبینی کرا لەکەژاوەی ئەو گەڕەکەدا کە لەهەموو کەژاوەکان توندوتۆڵو چڕوپڕتر بوو، ژمارەیەکی زۆری ئاڵای بەلشەفییان هەڵکردبوو کە بەئاشتی دەشەکانەوە لەپاڵ ئاڵاکانی تردا لەگۆڕەپانی نماییشەکەدا کەس نەمایەوە، جگە لەئەندامانی حکومەت، ئەندامانی سۆڤیەتات، نوێنەرانی ئەنجومەنی دۆمای ئیمپراتۆری ـ وات: ئەو مردووەی بەتوندی ڕەتی ئەوەی دەکردەوە کە مەراسیمی بەخاك سپاردنەکەی ڕابگەیەنرێ.

هەر لەئەم ڕۆژەدا، بەبەردەمی ئەم گۆڕانەدا، بەلایەنی کەمەوە (٨٠٠) هەزار کەس تێپەڕین، بەخۆیانو ئاڵاکانیانو مۆسیقاکانیانەوە، خۆنیشاندانەکەش بەشێوەیەکی یاسایی ڕێكوپێك بەڕێوە دەچوو، ئەگەرچی بەپێی بڕیاری فەرماندەیی باڵای سەربازی ڕێگە نەدرابوو کە خۆنیشاندانەکە بکرێ، چونکە لەو باوەڕەدابوون تێپەڕبوونو گوزەرکردنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکیو لەو ڕۆژەدا ڕەنگە کارێکی ترسناك بێو کارەساتی لێ بکەوێتەوە. دیارە ئەم جۆرە کارانە، دەلالەتو مانای خۆیان هەیە سەبارەت بەڕێو ڕۆیشتنی شۆڕشگێڕانەی ئەوتۆ هۆشیاری ڕەزامەندییانەو لەخۆڕازی بوون زاڵە بەسەریدا چونکە بۆ یەکەم جاربوو کە کاری لەوجۆرە جێبەجێ بکرێ، هیچی لەبەردەستا نەماوە، ئەوە نەبێ کە چاوەڕوانی پێشەتای ڕۆژانی داهاتوو بکات، جگە لەم گیانە شۆڕشگێڕییە، هیچ شتێکی تری یاسا لەکاردا نەمابوو، چونکە لەوکاتەدا ڕێکخستن سنووردارو کەم بوو کەم ئەزموونیش بوو، تاڕادەیەکی زۆر متمانەیشی بەخۆی نەبوو.

لەڕاستیشدا ئەم مەراسیمی بەخاك سپاردنە هەڵەی داستانی شۆڕشی درێژە پێنەدراوی سەلماند، لەگەڵ ئەمەشدا لەتەرمەکانەوە گیانێك دەهاتە دەرەوە کە تاڕادەیەك کەشوهەوای هاوشێوەی کەشوهەوای ڕۆژانی یەکەمی خەباتی دروست کردبووەوە کە ئەم داستانەی لێوە هەڵقولابوو.





دوای (٢٥) ڕۆژ سۆڤیەتات توانی شارەزایی بەرفراوانی دەست بکەوێ، متمانەیەکی گەورە بەخۆی بکات، وڵات ئاهەنگی گێڕا بەبۆنەی (١)ی مایۆ (ئایار)ەوە بەپێی ڕۆژژمێری خۆرئاوا (کە هاوکاتە لەگەڵ (١٨) ئیپریل ـ نیسان ـ ی ڕۆژژمێری کۆن) هەموو شارەکانی وڵات، خۆیان ئارایشت دابوو بۆ ئەم ئاهەنگە، کۆبوونەوە، خۆنیشاندان، پشوو، نەچوونە سەرکاری دامودەزگا پیشەسازییەکان، نەبوونی دەوامی فەرمانگەکانی وڵاتو شارەوانییەکان، زیمستفۆ، (مۆهۆلیف)یش کە بنکەو چەقی فەرماندەیی باڵاو مەڵبەندی سەرەکی بوو ئاهەنگێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، پێشەتا[٢٠٥]ی ئاخانگەکە ئەسپ سوارەکانی(قەشە جۆرج) بوون، بەدوایدا ڕەتڵی دەزگای ئەرکان، کە هێشتا جەنەڕاڵەکانی قەیسەریان لەناودابوو، ئەو لافیتەی (١)ی مایۆی بەرزکردبویەوە، جەژنی پڕۆلیتاریای دژ بەسەربازی ئاوێتە بووبوو لەگەڵ خۆنیشاندانی ڕۆژی نیشتمانیو یەك عابای شۆڕشگێڕانەیان پۆشیبوو، هەریەکە لەتوێژە بەشداربووەکانی ئەم ئاهەنگە عەقڵییەتی تایبەت بەخۆی هەبوو، بەڵام تاکو ئێستاش ئەم توێژانە لەگەڵ یەکتریدا بەشێوەیەکی ناهۆشیارانەو بێ ئاگایانە تێکەڵ بووبوون، جۆرە ڕوپامایییەکی پێوە دیار بوو، بەڵام بەهەموویانەوە یەك دیمەنو کەژاوەی گەورەو ترسناك پێك هێنابوو.

کرێکاران لەهەردوو پایتەختەکەو مەڵبەندە پیشەسازییەکاندا، زۆرینەی ئاهەنگ گێڕان بوون، زۆر بەڕوونو ئاشکرایی ئاڵاو لافیتەی کرێکاران لەناوجەرگەی جەماوەرەوە بەدی دەکران، هەروەها وتارو هوتاف کێشانو داواکاری ئەوتۆ کە ڕێکخستنەکانی بەلشەفییەتیان نیشان دەدا، لەڕوکارە بەرفراوانەکەی کۆشکی ماری ـ واتا سەر دیواری بارەگای حکومەتی کاتیی لافیتەیەکی سووری گەورە هەڵواسرابوو، لێی نوسرابوو: ((بژی ئومەمییەتی سێهەم..!)) هێشتا دەسەڵاتداران ڕزگار نەبووبوون لەشەرمەزاری کارگێڕانەی خۆیان، لەبەرئەوە نەیاندەوێرا لەخۆیان ڕانەدەبینی کە ئەم لافیتە هەراسانکەرە لێ بکەنەوە کە ژمارەیەکی کەمی بێزار کردبوو، هەمووڵایەك وا دەهاتنە

[٢٠٥] پێشەتا: پێشکۆ: پێشهات: رۆژانی پێشووتر: ڕۆژانی بەرایی: ڕۆژانی سەرەتایی: ئەو ڕۆژانەی کە سەرەتای ڕۆژگارێکی تری گۆڕاون.

بەرچاو دەتگوت لەجەژندان، سەربازان‌و خەڵکانی ناوبەرەکانی سوپا هەریەکەیان لەئاستی خۆیانەوە بەپێی توانا بەشداربوون لەم ئاهەنگەدا. هەواڵی ئەوەش بڵاوبووەوە کە دەست کراوە بەکۆبوونەوەو وتاردان‌و ئاڵابەرزکردنەوەو سرود گوتنی شۆڕشگێڕانە لەناو سەنگەرەکاندا، دیارە هەریەکە لەمانەش بەلای ئەڵمانیاوە دەنگدانەوەی خۆی هەیە.

جەنگ بەرەو کۆتایی نەدەچوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە پانتاییەکی زیاتر فراوان دەبوو، هەر لەڕۆژی بەخاك سپاردنی قوربانییەکانی شۆڕشدا، چەند کەرت‌و بەرەیەکی نوێش هاتنە ناوەوە تاکو گوژم‌و تینێکی نوێی پێ بدەن، وێڕای ئەمەش لەهەموو لایەکی ڕوسیادا کەژاوەی ئاهەنگ گێڕان بەدی دەکرا، کە پێك هاتبوون لەسەربازان‌و بەدیلگیراوەکانی جەنگ کە شان بەشان لەژێر یەك ئاڵادا دەڕۆیشتن، هەندێ جار سەربازە بەدیل گیراوەکان هەمان سروديان دەگوتەوە بەزمانی جۆراوجۆر.

لەناو ئەم هوروژمە زۆرو قەرەباڵغەی کە وەك لافاو وایە سنورەکانی چینایەتی‌و حیزب‌و بیرۆکەکان دەسڕێنەوە، خۆنیشاندانە هاوبەشەکەی نێوان سەربازە ڕوسەکان‌و بەدیل گیراوە نەمساوی‌و ئەڵمانییەکان ڕووداوێکی زۆر گرنگ بوو، پڕبوو لەهیواو ئاوات وای لەمرۆڤ دەکرد کە بیر لەوە بکاتەوە کە شۆڕش لەناخی خۆیدا جیهانێکی زۆر باشتری ـ پێش هەموو شتێ ـ هەڵگرتووە.

هەروەك چۆن مەراسیمی بەخاك سپاردنەکەی (مارس) بەڕێك‌وپێکی‌و یاسایی بەڕێوەچوو، ئاوەهاش ئاهەنگی ڕۆژی (١)ی مایۆ (ئایار) بەڕێوەچوو. بەبێ ئەوەی بەیەکادان‌و شەڕو هەراو قوربانی لێ بکەوێتەوە. دەتگوت ئاهەنگێکی گەورەی نیشتمانییە، بەڵام هەموو گوێیەك دەیتوانی لەنێو ڕیزی کرێکاران‌و سەربازاندا گوێی لەدەنگێکی پڕ لەئارامی‌و وردە هەڕەشەبێت، کە ئەگەر ژیان لەوە سەخڵەت تر بێت. نرخەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبوونەوە، کرێکاران داوای کەمترین کرێیان دەکرد، بەڵام خاوەن کارەکان سووربوون لەسەر قسەی خۆیان، ژمارەی کێشەو ململانێکان لەزیادبووندا بوون لەناو کارگەکاندا. خۆراك‌و ئازوقە تەواو کەم بووەوە، بەشە بەرکەوتی نان بۆ هەر کەسێك تەواو دابەزی، دەبوایە هەموو شتێ لەدەرەوەی وڵاتەوە هاوردە





بکرایە، تەنانەت (بڕوێش)یش کە خۆراکێکی میللی سادەیە، دەبوایە بەپێی پسوڵەوەربگیرایە.

لەحامییەی پایتەختیش گرانی‌و نەبوونی سەری هەڵدا، دەزگای ئەرکانی ناوچەکە خۆی ئامادەکردبوو بۆ کردەوەی سەرکوت کردن‌و لەناوبردنی سەربازان، بۆیە باشترین‌و بەهێزترین‌و ئازاترین کەرتی شۆڕشگێڕی سەربازیی لەپایتەخت دوورخرایەوە، لە (١٧)ی (نیسان)دا لەمەوقعی سەربازی کۆبونەوەیەك کرا، سەربازان ترسان لەوەی کە نەخشەی دژ بەوان بکێشرێ‌و مەسەلەی کردنە دەرەوەی سەربازان‌و دورخستنەوەی کەرتەکانیان لەپایتەختەوە وروژاندو داوای ڕاوەستاندنی ئەو کارەیان کرد. توندوتیژی‌و ئاڵۆزی ئەم کێشەیە لەگەڵ هەموو قەیرانەکانی تری شۆڕشدا، زیاترو زیاتر دەبوو، بەڵام سەرچاوەی هەموو نائومێدی‌و کارەساتەکان لەو جەنگەوە بوو کە نەدەزانرا کەی کۆتایی پێ دێت، ئەی چ کاتێ شۆڕش ئاشتی بۆ گەل دابین دەکات؟ (کرنسکی)و (تسریتلی) بیر لەچی دەکەنەوە؟ کەی‌و بەچی بیر دەکەنەوە؟ جەماوەر بەوریاییەکی زیاترەوە گوێیان بۆ بەلشەفییەکان دەگرت، هەندێ کەس بەچاوێکی نیمچە دوژمنانەوە چاویان بڕیبووە هەموو هەنگاوو جموجوڵەکانیان‌و لەکەمیندابوون بۆیان. هاوکات هەندێکی تر بەمتمانەوە تەماشای هەنگاوەکانیان دەکردن، لەژێر زەپت‌و ڕەپتی ئاهەنگەکەدا بارودۆخی پشێوی بیرو هزر شاراوەبوو، وردە .. وردە .. مەیین‌و هێمنی لەناو جەماوەردا کونی تێ بوو... شێوا.

هیچ کەسێك تەنانەت خەڵکانی دەوری لافیتە هەڵواسراوەکەش، بەڕووی کۆشکی (کاری)دا بیری بەلای ئەوەدا نەدەچوو کە بەم زوانەو پاش دوو تا سێ ڕۆژی تر بەرگی یەکێتیی نیشتمانیی شۆڕش دەدڕێ، لەناکاودا، چەند دیمەن‌و ڕووداوێکی دڵتەزێن‌و ترسناك ڕوویاندا، ڕوودانەکەیان شتێکی سەد لەسەدبوو، بەڵام کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە ئاوا بەخێرایی ڕووبدەن. ئەمجارەیان تەوژمەکە لەلایەن سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی کاتییەوە بەرپاکرا، واتا مەسەلەی جەنگ، ئەوەی دەنکە شقارتەکەیشی لەئاگری گێچەڵەکەوە نزیك کردەوە لە (میلیۆکۆف) بەولاوە کەسی تر نەبوو.

ئەمەش چیرۆکی نزیك کردنەوەی دەنکە شقارتەکەیە لەدەبەی بەنزینی گێچەڵی شەڕەکە. لەو ڕۆژەدا کە ئەمریکا بانگەوازی جەنگی ڕاگەیاند، وەزیری دەرەوەی حکومەتی کاتیی هەستی بەدڵخۆشی کرد، بەرنامەو پرۆگرامی خۆی لەبەردەمی ڕۆژنامەنوساندا خستەڕوو: گرتنی قوستەنتینییە، گرتنی ئەرمینیا، دابەشکردنی وڵاتی نەمسا، گرتنی باشوری ئێران، دان نان بەمافی چارەنووسی گەلاندا. (میلیۆکۆف)ی مێژوونووس وەك وەزیرێکی دەرەوە ڕەفتارەکان باس دەکاتو دەڵێ: ((لەهەموو کارە گشتییەکانیدا هەوڵی ئەوەی دەدا کە جەخت بکاتەوە لەسەر توندگیری ئامانجە ڕاستو ڕەواکانی جەنگی ڕزگاریخوازیی، بەڵام هەمیشە ئەمانەی دەبەستەوە بەکارو کێشە گەورەکانەوە کە لەبەرژەوەندی وڵاتو نیشتمانی ڕوسیدان)).

وتارە ڕۆژنامەنوسییەکەی سەرنجی تەوفیقییەکانی ڕاکێشا، ڕۆژنامەی مەنشەفییەکان بەتکاوە دەیپرسی: ((ئەرێ کەی حکومەتی کاتیی لەم فێڵو درۆیانە دووردەکەوێتەوە؟ بۆچی حکومەتی کاتیی داوا ناکات لەحکومەتە هاوپەیمانەکانی کە زۆر بەڕاشکاویو یەکجارەکی واز لەهەموو گرتنو وڵات داگیرکردنێك بهێنێ؟)) بەم جۆرە ئەم کەسانە پێیان وابوو ئەو وتارەی وەزیرە چاوچنۆکەکە پێشکەشی کردبوو، هەگیز بەدرۆ دەلەسە لەقەڵەم نادرێ. ئەوان ئامادەن، چونکە لەبزواندنی ئارەزووەکاندا ئەوەیان بەدی کرد کە درۆکان هەڵوەشاونەتەوە لەژێر پەردەی ئاشتیدا. (کرنسکی) لەوە ترسا کە دیموکراتییەکان بهەژێن. لەبەرئەوە لەڕێی مەکتەبی ڕاگەیاندنییەوە ڕایگەیاند کە: بەرنامەو پرۆگرامو قسەو باسەکانی (میلیۆکۆف) تەنها ڕاوبۆچوونی خودی خۆیەتیو، دانانی ئەم کەسەش وەك وەزیری دەرەوەی وڵات کارێکی ڕێکەوت بووە.

بەڵام (تسیریتلی) بەناوبانگ تواناو لێهاتنەکانی لەبواری گێڕانەوەی بارودۆخو کاروباردا بۆ باری ئاسایی خۆیان، کە پێشتر لەسەر ئەو قسانە کۆك بوون، بەپێویستی زانی لەم بارەیەوە (بەیان)ێکی حکومی دەربچێو ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە جەنگ لەڕوسیادا، جەنگی بەرگری لەخۆکردنە. بەرگریکردنی (میلیۆکۆف)و بەشێك لەبەرگری (غۆتشکۆف) پوکانەوە، سەبارەت بە بەرگری کردنیان لەخۆیان. لە (٢٧)ی مارسدا حکومەت (بەیان)ێکی بڵاوکردەوەو تیایدا جەختی لەوە کردەوە کە: ((ڕوسیای ئازاد





هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوەو نایەوێ دەست درێژی بکاتە سەر گەلانی تر، یان قۆرخ کردنی سامانی نیشتمانی ئەو گەلانە، یاخود بەزۆر دەست بگرێ بەسەر خاکی خەڵکانی تردا...)) بەڵکو مەبەستییەتی کە: ((ڕێزی ئەو مەرجانە بگرێ کە ڕێککەوتنمان لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان سەپاندویانن بەسەرماندا))، بەم جۆرە پاشاو دەسەڵاتدارانی دەسەڵاتی جووت ڕوویی کاتی گوزارشتیان لەوە کرد کە دەیانەوێ دەست بخەنە کاروباری ئاسمانەکانیشەوە ـ ئەگەر بۆیان بکرێ ـ بکەونە کوشتو کوشتار بەلای ڕاستو چەپی خۆیاندا... بەڵێ، ڕاستە ئەم سەروەرو سەرکردانەو هاوشێوەکانیان شتێك ناناسن کە ناوی (هیچو پوچیو سوکایەتیو ریسوایی) بێت...!!

بەیانەکەی (٢٧)ی مارس (ئازار)، بەگەرمی پێشوازی لێ کرا لەلایەن ڕۆژنامەگەرێتی تەوفیقییەکانەوە، وێڕای برافدا (کامینیف ـ ستالین) کە لەوتاری سەرەتای ڕۆژنامەکەداو چوار ڕۆژیش پێش گەڕانەوەی "لینین" نووسیبوی: ((حکومەت زۆر بەئاشکراو ڕوونی ڕایگەیاندووە... لەبەردەمی هەموو گەلانی جیهان... کە ڕوسیای ئازاد نایەوێ دەست بگرێ بەسەر گەلانی ترداو... هتد))، ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنی ئینگلیزی یەکسەر ئەم بەیانەی قۆستەوەو واش لێکی دایەوە کە ڕوسیا بەلەهجەیەکی ڕەزامەندیانەوە وازی هێناوە لەداگیرکاری گەلانو وڵاتان. وای دانا کە وازی لەقوستەنتینییەش هێناوە بەبێ ئەوەی پابەندبوونو ڕەزامەندی بەریتانیای لەگەڵدا بێ لەم کارەیدا. باڵوێزی ڕوسیاش لە(لەندەن) ئاماژەیەکی هۆشیاریدا، پترۆگرادیش داوای لێکدانەوەی زیاتری کرد کە جەخت دەکاتەوە: ((ڕوسیا بنەماکانی ئاشتی جێبەجێی ناکات بەبێ داگیرکاریو بەبێ هیچ مەرجێك، بەڵام کاتێك جێبەجێی دەکات کە دژ نەبێ لەگەڵ بەرژەوەندییە زیندووەکانمان)) ئەم قسانەش لەو قسانەی (میلیۆکۆف) دەرنەچوون کە باس لەوە دەکەن کە پێویست ناکات تالانی هەموو شتێ بکەین ـ بۆ وڵاتەکەمان ـ کە پێویستمان پێی نەبێ، (پاریس)یش هەڵوێستی پێچەوانەی هەڵوێستی (لەندەن)ی وەرگرتو کەوتە هاوکاریکردنی (میلیۆکۆف)و هاندانی لەڕێی (بالیۆلۆغ)ی باڵیۆزیەوە لەڕوسیا داوای لە(میلیۆکۆف) کرد کە پێویستە سیاسەتێکی توندوتیژترو یەکلاکەرەوەتر بگرێتەبەر دژی سۆڤیەت.

سەرەك وەزیرانی فەرەنسا (ریبۆ) تەنگەتاو بوو، بەدوودڵییەکی زۆرەوە هات بۆ پترۆگرادو پرسیاری لە(لەندن)و (ڕۆما) کرد کە: ((ئەگەر پێیان وانییە پێویست ناکات حکومەتی کاتیی بانگەشە بکرێت بۆ دانانی سنورێکی گونجاو بۆ ئەو بەیەکاچوونو ئاڵۆزیانە؟ (لەندەن) وەڵامی دایەوە کە وا بەباشی دەزانێ ((سۆسیالیستە فەرەنسیو ئینگلیزەکان هان بدات تاکو خۆیان بچن بۆ ڕوسیاو کاریگەری ڕاستەوخۆ بکەنە سەر هاوبیرەکانیان)).

ڕەوانەکردنی سۆسیالیستە هاوپەیمانەکانیش بۆ ڕوسیا بەبیرۆکەی جەنەڕاڵە دێرینە قەیسەرییەکان، پیادەکرا. (ڕێبۆ) دەربارەی (ئەلبێرتۆماس)ی سۆسیالیست خوازی فەرەنسی دەڵێ: ((ئێمە پشتی پێ دەبەستینو متمانەمان پێی هەیە کە هانی حکومەتی کاتیی بدات تاکو بڕیارەکانی ئەو حکومەتە ڕونترو یەکلاکەرەوەتربن))، بەڵام هەرچی (میلیۆکۆف) بوو تەنگەتاوی پێوە دیاربوو سەبارەت بەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی (تۆماس) هەیبوو لەگەڵ سەرکردە سۆڤییەتییەکاندا، (ریبۆ)ش وا وەڵامی دایەوە کە (تۆماس)بەدڵسۆزانە کار دەکات بۆ پشتیوانیکردنی ڕاوبۆچوونەکانی(میلیۆکۆف)و پەیمانی ئەوەشی داوە کە هانی باڵیۆزی وڵاتەکەی بدات تاکو چالاکانەتر پشتیوانیو هاوکاری بدات.

لەگەڵ ئەوەشدا کەچی وڵاتانی هاوپەیمان لەبەیانەکەی (٢٧)ی (مارس) ترسان کە هیچ مانایەکی نەبوو، تەنازولاتیان تێدا بەدی کرد لەبەرانبەر سۆڤیەتدا، (لەندەن)یش لەلایەن خۆیەوە هەڕەشەی کرد کە متمانەو بڕوای بەتوانای جەنگاوەرییانەی ڕوسیا نامێنێو (بالیۆلۆغ)یش سکاڵای خۆی کرد لەئاستی دوودڵیو ئاڵۆزی بەیانەکە، ئەمەش هەموو ئەو شتە بوو کە ئەو (میلیۆکۆف)ە چاوەڕوانی دەکرد کە پشتی بەستبوو بەیارمەتی هاوپەیمانانو دەستی دابووە گەمەیەکی زۆر گەورەتر لەوەی کە لەتوانای خۆیدا هەبوو. بیرۆکە بنەڕەتییەکەیشی ئەوەبوو: بەکارهێنانی جەنگ دژی شۆڕشو ئامانجی نزیكو ڕاستەوخۆیشی لەم ڕێگەیەدا داڕوخاندنی مەعنەویاتی دیموکراتییەت بوو، بەڵام تەوفیقییەکان هەر لەمانگی (نیسان)ەوە کەوتنە نیشاندانی هەندێ





لەهەڵچوونو توندیو تووڕەبوونی زۆری خۆیان سەبارەت بەمەسەلە سیاسییە دەرەکییەکان، لەژێر ئەو گوشارەی کە ڕووبەڕووی بووبوونەوە لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی سەرەکییەوە (بنکەیی: قاعدة)، حکومەت پێویستی بەقەرزو قۆڵە کردن بوو، بەڵام جەماوەری پڕ لەگیانی بەرگریکردن لەنیشتمان ئامادەبوو بۆ هاوکاری قەرزکردن لەپێناوی ئاشتیدا، نەك لەپێناوی جەنگدا، بێگومان هەردەبوایە ڕوخسارەکانی ئاسۆی ئاشتی بخرایەتە پێش دیمەنە دزێوەکانی جەنگەوەو ئەم ڕوکارەیان بخرێتە بەردەمی جەماوەر.

(تسیریتلی) بەردەوام بوو لەبەکارهێنانی سیاسەتی شکڵو ڕشتە ئاساییە جۆراوجۆرە یەك دەنگ لەسەر دراوەکان کە ڕەزامەندی لەسەر وەرگیرابوو، بۆیە پێشنیارێکی خستە بەردەمی حکومەتی کاتیی کە یاداشتنامەیەك بداتە هاوپەیمانان کە لەشێوەی بەیانی ناوخۆیی (٢٧)ی مارسدا بێت، لیژنەی ڕاپەڕاندنیش لەبەرانبەر ئەوەدا ئەوەی خستە ئەستۆی خۆی کە هانی سۆڤیەت بدات بۆ ڕاپرسی کردنو دەنگدان لەسەر (قەرزکردنی ئازاردانە)، (میلیۆکۆف)یش ڕازی بوو بەم گەمەیەش: قەرز بەرانبەر بەیاداشتنامە. بەڵام بڕیاریشیدا کە لەم بەرگریکردنەدا دەستکەوتێکی دوو جەمسەری دەست بکەوێ، بەڵام ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لەدژایەتی کردنی بەیانەکەو هەڵوەشانەوەی، یاداشتەکە ئەوەیشی جەخت کردەوە کە پێویست ناکات بەقسەی تاس‌ولووس کە دەسەڵاتی نوێ دەیانکات دەربارەی ئاشتی سنور تێپەڕینی بۆ ((بیرکردنەوە لەوەی کە ئەم شۆڕشە وەدی هێنراوە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ڕۆڵی ڕوسیا لەململانێی هاوبەشی هاوپەیماناندا، بەڵکو بەپێچەوانەوەیە ئەوەتا گەل زیاتر سوورە لەسەر درێژەدان بەجەنگی جیهانی هەتا کۆتایی)).

لەشوێنێکی تردا یاداشتنامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە سەرکەوتووەکان ((هۆکاری تر دەدۆزنەوە بۆ بەدەست هێنانی زەمانەتو سەپاندنی ئەو سزایانەی کە لەداهاتوودا ڕێگری مسۆگەر دەکەن بۆ بەرپابوونی هەر ململانێیەکی بەردەوام)) بەم جۆرە، هەردوو وشەی (زەمانەت)و (سزا) دانران بەدوای یەکدا لەسەر داخوازیو سووربوونی داوەکەی لەلایەن (تۆماس)ەوە، بەڵام ئەم دوو وشەیە لەزمانی فریودەری دیبلۆماسییانەو

دیبلۆماسییەتی فەرەنسیدا بەتایبەتی جگە لە (گرتن)و (خستنەسەر) هیچ مانایەکی تریان نییە، لەڕۆژی (١)ی مایۆ (ئایار)دا (میلیۆکۆف) بەبروسکە دەقی یاداشتەکەی نارد بۆ حکومەتە هاوپەیمانەکان، هەر کە لەوەش تەواوبوو ئینجا دەقی یاداشتەکەیشی نارد بۆ لیژنەی ڕاپەڕاندنو ڕۆژنامەکانیش لەیەك کاتدا، حکومەت ئەوەی نەزانی کە لەڕێی (لیژنەی پەیوەندی)یەوە بەلیژنەی ڕاپەڕاندنەوە بکات، کاتێك سەرکردەکانی ناو ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن بەخۆیان زانی یاداشتنامەکەیان گەیشتووەتە دەست، وەك هەر تاکێك لەتاکە کەسەکانی گەل.

تەوفیقییەکان شتێکی نوێیان لەو یاداشتنامەیەدا بەدی نەکرد کە پێشتر لەخودی (میلیۆکۆف)یان نەبیستبێ، بەلاّم وایان دانا کە شتێکی تێدایە زۆر بەتوندیو بەشێوەیەکی کوشندە دژایەتییان دەکات، بەڕاستی لەبەرچاوی جەماوەر ئەمانی چەککردووەو[٢٠٦] خستونیەتە نێوان دوو هەڵبژاردنی مسۆگەر کە هەردەبێ یەکێك لەو دووانە هەڵبژێرن بکەن: یان بەلّشەفیەت، یان لیبراڵییەت. ئایا نەخشەی (میلیۆکۆف)یش هەر مەبەستی لەمە نەبووە؟ زۆربەی کاروبارەکان وامان لێدەکەن کە باوەڕمان وابێ ئەمە تاکە ئامانج نییە. سنوری فێڵوفرتەکان زۆر لەوە گەورەترو فراوانترە.

(میلیۆکۆف) هەر لەمانگی (مارس)ەوە سەرقاڵی نەخشە دانان بووە بۆ ڕەوانەکردنی نەخشە تایبەتە لەباربراوەکەی سەبارەت بەدەست بەسەراگرتنی نۆکەندەکانی (دەرنیل) بەدابەزاندنی رووسییانەی. ئەمەش وای لێکرد چەند گفتوگۆیەك ئەنجام بدات لەگەڵ جەنەراڵ (کیسیف) تاکو قەناعەتی پێ بکات بۆئەوەی کردەوەیەکی سەربازیانەی بەهێز ئەنجام بدات، بەچەشنێ کە دیموکراتییەتی دژ، ناچاری (گرتن) بکات. لەبەردەم (واقیع)داو ڕووگیری بکات. یاداشتنامەکەی (١٨)ی ئیپریلی (میلیۆکۆف) بریتی بوو لەدابەزینی سیاسییانەی هاوسەنگ بۆ کەنارەکانی دەریای دیموکراتی دارِناو لەبەرگری، هەردوو کارتێکەرە سەربازیو سیاسییەکە بەتەواوەتی تەواوکەری یەکتری بوون، حکومەت

[٢٠٦] چەك کردن: چەك لێ سەندن + ەوە: چەك لێداماڵین. چەکدارکردن: چەك پێدان: چەك دانە دەست: پڕ چەك کردن.





دەیتوانی پاکانە بۆ هەردووکیان بکات لەکاتی سەرکەوتندا، سەرکەوتووەکانیش نەیاندەتوانی دەرفەتێك بگێڕنەوە بۆ دۆزینەوەی پاکانەکەیان. بەلاّم خۆ سەرکەوتنیش لەسەر (میلیۆکۆف) نەوەستابوو، دابەزینەکەش پێویستی بە (٢٠٠ ـ ٣٠٠) هەزار سەرباز بوو. کردەوە سەربازییەکەش بەهۆی یەك هۆکاری سادەوە شکستی هێنا، ئەویش بریتی بوو لەمە: سەربازان بەشداربوونی خۆیان لەو کردەوە هێرشکردنەدا ڕەت کردەوە. هەموو سەربازان ڕازی بوون لەسەر بەرگریکردن لەشۆڕش نەك هێرشکردن، هەوڵەکەی (میلیۆکۆف) شکستی هێنا سەبارەت بەدابەزاندنی هێزی سەربازی بۆ کەنارەکانی (دەرنیل)، هەر لەسەرەتاوە هەموو نەخشەکانی تێکشکان، بەلاّم دەبێ دان بەوەشدا بنێین کە نەخشەکانی زۆر بەشێوەیەکی ورد دارِێژرابوون.. بەمەرجێ سەرکەوتووبوونایە.

لە (٢٧)ی نیساندا، (پترۆگراد) مۆتەکەیەکی[٢٠٧] ترسناکی بەخۆیەوە بینی، ئەویش خۆنیشاندانەکەی کەم ئەندامو شکست خواردوانی جەنگ بوو. ژمارەیەکی زۆری بریندارەکان خەستەخانەکانی پایتەختیان چۆڵ کردبوو، هاتبوونە دەرەوە بۆ بەشداریکردن، گێڕو دەست شکاوو بێ قاچو دەستو کەم ئەندامان هاتبوونە پاڵ بریندارە دەستوپێ پێچراوو تیمارکراوەکان، هەموویان پێکەوە ملیان ناو ڕوویان کردە کۆشکی (تۆرید) ئوتومبیل کەوتە گواستنەوەی ئەوانەیان کە توانای ڕۆیشتنیان نەبوو، ئالاّو دروشمی خۆنیشاندەران ئەمانەیان لەسەر نوسرابوو: ((جەنگ تاکۆتایی)) ئەمەش خۆنیشاندانێکی بێ هیوایانەی کەسانی کەلەپاچەی مرۆیی بوون کە لەئەنجامی جەنگی ئیمپریالییەوە وایان بەسەر هاتبوو، شۆڕشیش هەرگیز ئەمانەی بەقوربانیو زیانی کەم نرخ لەقەڵەم نەدەدا. بەلاّم حیزبی (کادیت) لەپشتی ئەم خۆنیشاندانەوە بوو، هەروەها بەتایبەتیش ئەو (میلیۆکۆف)ەی لەپشتەوە بوو کە بەتەمابوو هەر ڕۆژی دواتر گورزێکی تری کوشندەو بەهێز بوەشێنێ.

ئێوارەی (١٩)ی مانگ لیژنەی ڕاپەڕاندن کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجامدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو یاداشتنامەیەی دوێنێ ئێوارە ڕەوانەکرابوو بۆ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان، (ستانکیفیتش) دەڵێ: ((دوای یەکەم خوێندنەوەی دەقی یاداشتنامەکە،

[٢٠٧] مۆتەکە: مۆتە: دێوەزمەی خەیاڵیو ترسو تۆقین: کابوس.

ئامادەبوان بەكۆی دەنگو بەبێ هیچ ڕەخنەیەك دانیان بەوەدانا كە ئەوشتانەی یاداشتنامەكە باسییان دەكات، هەرگیز لەلایەن لیژنەوە بەكاری كردە[208] دانەنراون‌و كەس پێشبینی شتی وای نەدەكرد))، بەڵام یاداشتنامەكە پابەندە بەحكومەتەوە، لەناو ئەمیشدا (كرنسكی) خۆی، لەبەرئەوە پێش هەموو شتێ پێویستە حكومەت ڕزگار بكرێ لەم هەڵەو تاوانە، (تسیرتیلی) بەدوای ئەوەدا دەگەڕا كە ڕاڤەو چارەسەرێك بدۆزێتەوە بۆ ئەو (هێما)یانەی كە (جفرە) دارنین لەیاداشتنامەكەدا، وادیاربوو بەسەر دۆزینەوەی نیشانەی زیاتردا كەوتبوو. (سكۆبۆلیف)یش دیمەن‌و ڕوخسارێكی جیدیانەتری پێوە دیاربوو. هەوڵی دەدا بڕوبیانوو بێنێتەوەو بیسەلێنێ كە بەشێوەیەكی گشتی داوای ((تەوافوقی تەواو)) بكات لەنێوان نیازی دیموكراتییەكان‌و نیازی حكومەتدا، ئەم كاربەدەست‌و فەرمانڕەوا گەورانە تا بەربەیان هەموو هێزو توانایەكی خۆیان خستبووەگەڕ، بەبێ ئەوەی چارەسەرێكیان دەستكەوتبێ‌و هەر بەیانی زوو بڵاوەیان لێكرد بەو مەبەستەی پاش چەند كاتژمێرێكی تر سەرلەنوێ كۆببنەوە، بێگومان ئەمانە بیریان لەوە كردبووەوە كە بەڵكو سوود لە (كات) وەربگرن تاكو (كات) بتوانێ چارەسەرێكی ئەم هەموو زام‌و برینانە بكات.

یاداشنامەكە كە لەهەموو ڕۆژنامە سەر لەبەیانییەكاندا بڵاوكرایەوە، ڕۆژنامەی (ریتش) لەلایەن خۆیەوە بەتێروتەسەلی ڕاڤەیشی كرد، وەك وروژێنەرێكی پێش وەخت ناوی برد، ڕۆژنامەی (سۆسیالیست)یش بەڕاڕایی‌و پشێوی قسەی لەسەر كردبوو، ڕۆژنامەی(رابۆتشایا غازیتا)ی ڕۆژنامەی كرێكارانی مەنشەفی هێشتا ڕق‌وكینەی شەوی وەك (تسیرتیلی‌و سكۆبۆلیف) دانەمركابووەوە، لەبەرئەوە نوسیبووی كە حكومەتی كاتیی ((بەڵگەنامەیەكی بڵاوكردووەتەوە كە بەتوندی لەنیازو مەبەستی دیموكراتییەكان دەسرەوێنێ‌و سەریان بەبەرددا دەكێشێ))، (سۆڤیەت)یش داوای كرد كە ڕێ‌و شوێنی توندوتیژ بگرێتەبەر ((بۆ دەست خستنەسەر ئەنجامە ترسناكەكانی ئەم یاداشتنامەیە)) مرۆڤ بەتەواوەتی هەست بەوە دەكات كە كاریگەرێتی گوشاری بەلشەفییەكان بەباشی دەركی پێ دەكرێ لەم ڕستانەیاندا.

[208] كاری كردە: كارێكی چاوەڕوانكراو: كردنی كارێك لەلایەن كەسێكی شارەزاوە: عمل متوقع.





كۆنگرەی ئەنجومەنەكەی ڕاپەڕاندن سەرلەنوێ دەستی بەدانیشتن كردەوە، بەڵێ كۆنگرە كرایەوە تاكو دیسان قەناعەت بەئەندامەكانی بكات كە دەستەوەستان‌و ناتوانن بگەنە بڕیارێكی دیاری كراو، بانگ كراوەكانی ئەنجومەنی سۆڤییەت بڕیاریاندا كە دانیشتنێكی تر بكەن، دانیشتنی تایبەتی، وتراوە ئەمەشیان تەنها بۆ ڕوكەشی بووە. بەڵام لەڕاستیدا بۆ زانینی ئاستی فریودانی لایەنگران‌و ڕێكخستنەكانی خوارەوە بوو، تاكو بەو شتانە قازانج لە (كات) بكەن، سا بەڵكو ئەم ئاڵۆزی‌و پشێویانە چارەسەرێكیان بكرێ، هەر لەم كاتەدا جۆرەها كۆڕو كۆبوونەوە دەكران بەمەبەستی ئەوەی ئەم باسە بەرەو نەمان‌و لەبیربردنەوە بەرن.

لەناكاو لەناو ئەم هاتوچوون‌و ئاڵۆزی‌و قسە باق‌و بریقانەی دەسەڵاتی جووت ڕوودا، هێزی سێهەم هاتە ئاراوە، جەماوەر ڕژانە سەرشەقام‌و كۆڵانان‌و هەموویان چەكداربوون، لەنێوان نێزەی سەربازەكانیشدا پیتی نوسراوی سەر لافیتەكان دەدرەوشانەوە كە لێیان نووسرابوو ((بڕوخێ میلیۆكۆف...)) دەنگی ناڕەزایی لەسەر لافیتەكان دەخوێنرایەوە بەرانبەر بە (غۆتشكۆف)، دیارە لەناو ئەم جەنجاڵییە زۆرەدا بەزەحمەت ئەو كەسانە دەناسرانەوە كە بۆ یەكەم جار لەڕۆژی (١)ی ئایاردا هەستان بەخۆپیشاندان.

مێژوونووسان ئەم جۆرە جموجوڵە بە ((بزافی هێزی سەرەتایی)) لێك دەدەنەوەو ناوی دەبەن، بەزمانی كلاسیكیش ئەمە مانای وایە كە هیچ كام لەحیزبەكان دەست پێشخەری خۆنیشاندانەكەیان نەخستووەتە ئەستۆی خۆیان، خۆنیشاندانەكە بەشێوەیەكی هەڕەمەكی بەرپاكراوە. بانگەوازكردنی خەڵكەكەش تاكو هەڵڕژێنە سەر شەقامەكان لەلایەن كەسێكەوە نووسرابوو، كە ناوی (لاند) بوو، بەمجۆرە توانی ناوی خۆی بخاتە ناو مێژووی شۆڕشەوە، (لاند) زانایەكی بیركاری‌و فەیلەسوفێك بوو، سەر بەهیچ حیزبێك نەبوو، بەڵام هاوكات بەهەموو توانایەكییەوە لایەنگری شۆڕش بوو، ڕاستگۆیانە خوازیاری ئەوەبوو ئەم شۆڕشە جێگەی هێنانەدی ئاواتەكانی خەڵك بێ، تێبینییەكانی (میلیۆكۆف)و قسەوباسەكانی (ریتش) ڕقی ئەم پیاوەیان هەڵساند، نوسەری ژیاننامەی ئەم پیاوە ـ واتە لاند ـ دەگێڕێتەوە كە هەر یەكسەر دەستی كرد بەكاركردن، بێ ئەوەی پرس‌و ڕاوێژ

بەهیچ کەسێك بکات، ڕۆیشت بۆ فەوجی (فنلەندا) بانگی لیژنەی فەوجەکەی کردو پێشنیاری کرد کە هەر ئێستا هەموو فەوجەکە بەرەو کۆشکی ماری بەڕێ بکەون...)).

((لیژنەی فەوجەکەش پشتگیری پێشنیارەکەی (لاند)یان کردو لەکاتژمێر سێ فەوجی (فنلندا) بەخۆنیشاندانێکی گشتیو گەورەوە ڕژانە سەر شەقامەکانی پترۆگرادو چەند لافیتەیەکی هاندانو وروژێنەریان بەرز کردبویەوە)) لەدوای ئەوانیشەوە، سەربازانی کەتیبەی (١٨٠)ی یەدەگ دەڕۆیشتن، هەروەها سەربازانی فەوجەکانی (مۆسکۆفسکی)و (بافلۆفسکی)و (کیکهۆلسکی)و دەریاوانەکانی فیرقەی (٣)ی کەشتیگەلی سەربازی بەڵتیق. ژمارەی خۆنیشاندەران لەنێوان (٢٥٠٠٠ ـ ٣٠٠٠٠) کەسی چەکداربوون. سەرەتا خۆنیشاندانەکە لەگەڕەکە کرێکارنشینەکانەوە دەستی پێ کرد، خەڵکی نەچوونە سەر کارەکانیان، کرێکاران پۆل پۆل دادەبەزینە ناو خۆنیشاندانەکەوەو لەدوای سەربازانی فەوجەکانەوە دەڕۆیشتنو هۆتافو نارەزاییان بەرز دەکردەوە.

(میلیۆکۆف) ئەم تیۆرەی جەخت دەکردەوە: ((زۆربەی سەربازان نەیاندەزانی بۆچی هاتوونە ناو ئەم خۆنیشاندانەوە))، ئەم جەخت کردنەوەیشی بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە دەیەوێ کاتی تەواو دابین بکات بۆ وەڵامدانەوەی ئەم سەربازانە... چەندین کرێکاری لاو بەشدارن لەم خۆنیشاندانەداو زۆر بەچاکی گەورەییو دەسەڵاتداری خۆیان بەفیزەوە دەنواند (!) ناوبراو بەوە تاوانباری کردبوون کە گوایە هەریەکەیان (١٠ ـ ١٥) ڕۆپڵیان دراوەتێو بەکرێ گیراون چونکە بەشداربوون لەم ئاژاوەنانەوەیەدا))، سەرچاوەی دارایش ڕوونو ئاشکرابوو: ((ئەڵمانیا داوای کرد کە هەردوو وەزیر (میلیۆکۆف + غۆتشکۆف) لەسەر کار لابرێت))، (میلیۆکۆف)یش ئەم راڤە سەیرەی دوای تێپەڕبوونی (٣) ساڵ بەسەر ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەردا خستەڕوو نەك لەناوجەرگەی بڵێسەی ئاگری جەنگی (ئیپریل ـ نیسان)دا. ئەو ڕووداوانەی بەس بوون بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هیچ کەسێ پێویستی بەوە نەبوو کە ڕۆژانە نرخێکی زیاد بەفیڕۆ بدات لەبەرانبەر ئەو ڕقوقینەی کە جەماوەری گەل هەیانبوو بەرانبەر بە(میلیۆکۆف).





ئەو ڕقو توندوتیژیو زەبرەش بەرانبەر بەخۆنیشاندانەکە، کە چاوەڕوان نەدەکرا لەمانگی نیساندا بەوە دادەنرێ کە پەرچەکرداری[٢٠٩] خێرای جەماوەر بوو ڕووبەڕووی درۆو دەلەسەی حکومەتو فێڵەکانی ((چونکە حکومەت نەیتوانیوە ئاشتی دەستەبەر بکات کەواتە دەبێ بەرگری لەخۆمان بکەین)) ئەم قسانە بەبێ هیچ جۆشو هەڵچوونێك دەگوتران بەمەبەستی هەرشتێ کە نزیکیان بکاتەوە لەئاشتیو بەشێوازێکی قەناعەتپێکەرانە بوو، هەموو لایەکیش وایان دادەنا کە حکومەت دەیەوێ درێژە بەجەنگ بدات بەمەبەستی دەستکەوتنی دزیو تاڵانی، بەڵام ئایا ئەمە ڕەوایەو شیاوە؟ (کرنسکی) چی دەوێ؟ ((ئێمە دەزانین کە سەرکردەکانی سۆڤیەتات هەر لەفێبرایرەوە کە بۆ یەکەم جار هاتنە سەنگەرەکانەوە بانگەشەی ئاشتییان دەکرد، وێڕای ئەمەش (لینین) لەبەرلینەوە گەڕایەوەو لەو کاتەشدا (تیسرتیلی) لەتاراوگە بوو: ((پێویستە زۆر ئارام بگرین..!)) هەر لەوکاتەدا کارگەکانو فەوجە پێشکەوتووەکان زیاتر جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە خۆڕاگرو پابەندبن بەدروشمەکانی بەلشەفییەکانەوە کە بانگەشەیان بۆ ئاشتی دەکرد: بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتنە نهێنییەکان، پچڕاندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هێڵەکانی داگیرکاریو جەنگی هاوپەیمانان، پێشنیارکردنی ڕاشکاوانە سەبارەت بەگرێدانی ڕێکەوتنی ئاشتیانەی یەك لایەنەو خێرا لەگەڵ هەموو وڵاتە جەنگاوەرەکاندا.

لەناو ئەم بارودۆخە تەماویو ئاڵۆزەدا، یاداشتنامەی ئیپریل (نیسان) دەرکەوت، بەڵام ئەی چۆن کەوتو شکستی هێنا؟ چی لەخۆی گرتبوو؟ لەم یاداشتنامەیەدا هەڵوێستێکی وا نەدەبینرا کە بانگەشە بێ بۆ ئاشتی. بەڵکو پابەندبوون بەمەرجە پێشووەکانی جەنگەوە، کەواتە ئێمە هەروا بێ هودە چاوەڕوان بینو ئارام بگرین؟ (بابڕوخێ...!) بەڵام کێ بڕوخێ؟ ئایا بەلشەفییەکان لەسەر هەقن؟ نەخێر شتی وانییە..! بەڵێ شتی وا هەیە! بەڵام ئەی هەڵوێست دەربارەی یاداشتنامەکە چی بوو؟ کەسانی وا هەیە بەسەروبەرەوە[٢١٠] بەهاوپەیمانانی قەیسەرمان دەفرۆشن. هەر بەبەراوردێکی ساکاری نێوان ڕاگەیاندنەکانی (کادیت)و ڕاگەیاندنی (تەوفیقییەکان) بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو

---

[٢٠٩] پەرچەکردار: کاردانەوە: رد فعل.

[٢١٠] یبیعون جلدنا: بەسەروبەرەوە دەمانفرۆشن.

(میلیۆکۆف)ەی ناپاکی کرد بەمتمانەی گشتی خەڵکی، ئامادەیە بەدرێژەدان بەسیاسەتی جەنگو داگیرکاری بەهاوکاری (لیودجۆرج)و (ریبۆ)دا. وێڕای ئەمەش (کرنسکی) وای ڕاگەیاند کە هێرش کردنە سەر قوستەنتینییە تەنها ((قسەو ڕاوبۆچونی (میلیۆکۆف) خۆیەتی)) بەم جۆرە ئەم بزافە تەقییەوە. تەقینەوەکەش هاوڕەگەزو ڕێکوپێک نەبوو، ئەوەبوو ڕەگەزە جۆراوجۆرە شۆڕشگێڕە بەجۆشو خرۆشەکان، زێدەڕەوییان کرد لەوەی کە گوایە بزافەکە لەڕووی سیاسییەوە کاملّو پێگەیشتووە. بەتایبەتیش لەبەرئەوەی بزافەکە زۆر بەتوندوتیژیو هێزەوە سەری هەڵدا، بەڵشەفییەکانیش گەلێ توانای خۆیان خستەگەڕ بۆ چالاکی کردن لەناوەندەکانی کەرتو کارگەکاندا، تەنها بەو داواکارییە وازیان نەهێنا کە دەیگوت: "(میلیۆکۆف) دەربکەن...!" کە ئەمە جۆرێك بوو لەو پڕۆگرامەی کە لای هەرەکەمی بزافەکە بوو، بەڵکو چەند بانگەوازێکی تریشیان بۆزیادکرد کە دژی حکومەتی کاتیی بەگشتیو بەدیوارەکانەوە هەڵیانواسین. ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانیش بەجۆرەها شێوەو ڕێگە لەم بانگەوازانە تێدەگەیشتن. هەندێ وەك دروشمی پڕوپاگەندە لێکیان دەدانەوە، هەندێکی تر بەچالاکی هەمان ڕۆژیان لەقەڵەم دەدان، دروشمی: ((بابڕوخێ حکومەتی کاتیی...!)) شەپۆلێکی شۆڕشگێڕانەی بەخۆنیشاندانەکە بەخشی کە سەربازو دەریاوانەکان ئەم دروشمەیان بردە ناو خۆنیشاندانەکەوە بەخۆیانو چەکەکانیانەوە. ژمارەو کۆمەڵانێکی زۆری سەربازو کرێکاران ئامادەبوون بۆ هێرش بردنو لەناوبردنی حکومەت، هەر ئەم کۆمەڵانە چەندجار هەوڵیاندا کە بچنە ناو کۆشکی (ماری)یەوەو دەرگاو پەنجەرەکانیان کۆنترۆڵ بکەنو وەزیرەکان دەست بەسەر بکەن. (سکۆبۆلیف) ڕەوانەکرا تاکو ڕزگاریان بکات، ئەویش بەسەرکەوتویی کارەکەی ڕاپەڕاند، چونکە کۆشکەکە بەتەواوەتی چۆڵ کرابوو...!

حکومەت کۆبونەوەکەی خۆی لەباڵەخانەی تایبەتی (غۆتشکۆف) بەست، چونکە ناوبراو لەوکاتەدا نەخۆش بوو، بەڵام ئەم بارودۆخە نەبووە ڕێگر لەبەردەمی ڕزگارکردنی وەزیرەکان لەو گرتنو دەست بەسەراگرتنەی کە وەزیرەکان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بکەونە ژێر هەڕەشەوە لەکۆشکەکەدا، واتە ئەگەر لەکۆشکەکەشدا بوونایە هەر





خۆنیشاندەران نیازیان نەبوو بیانگرن. ئەگینا سوپایەك پێك هاتبێ لە (٢٥) تاکو (٣٥) هەزار کەس دابەزنە سەر شەقامەکان بۆ جەنگ، لەو کەسانەش بن کە چەندین کات لەجەنگدان، ئایا سوپایەکی لەو جۆرەو بەو ژمارەیە بەس نییە بۆ هەڵگێڕانەوەو روخاندنی حکومەتێك کە ـ تەنانەت زۆریش ـ بەهێزتربێ لەم حکومەتەی (میرلفۆف) سەرۆکایەتی دەکات؟ بێگومان بەڵێ! بەڵام ئامانجی خۆنیشاندانەکە بۆ ئەو مەبەستە نەبوو، خۆنیشاندەران هیچیان نەدەویست تەنها ئەوەندە نەبێ کە لەبن دەرکەو پەنجەرەکانەوە هەڕەشەو گلەییو ناڕەزاییو هێزی خۆیان بخەنەڕوو بۆ چاوترسێن کردنی ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە لەودیو دەرگاو پەنجەرە داخراوەکانەوە هەڕەشەی درێژەدان بەجەنگو داگیرکردنی قوستەنتینییە دەکەن، مەبەستیانە ئەم وەزیرو کاربەدەستانە تۆزێ بایەخ بەئاشتی بدەنو چی تر بیر لەجەنگ نەکەنەوە، بەم جۆرە سەربازان هاوکارییەکانی (کرنسکیو تسیرتیلی) بەکاردەهێنن دژی (میلیۆکۆف).

(جەنەڕاڵ کۆرنیلۆف)یش ئامادەی دانیشتنو کۆبونەوە حکومییەکە بوو، هەواڵی بەئامادەبوان ڕاگەیاند دەربارەی خۆنیشاندانە چەکدارییەکە، کە لەوکاتەدا درێژەی هەبوو، ڕاشیگەیاند کە وەك سەرکردەی کەرتە سەربازییەکانی ناوچەکانی پترۆگراد هێزو توانای تەواوی لەبەردەستدایەو ئامادەیە بەزەبری هێزو چەك خۆنیشاندانەکە کپو سەرکوت بکات: هیچ شتێکی ناوێ تەنها فرمانێك نەبێ بۆ جموجوڵ کردنو دەست بەکاربوون، (کۆلتشاك) دواتر گێڕاویەتەوەو لەکاتی دادگایی کردنەکەیشدا پێش لەقەنارەدانی، دانی بەوەداناوە کە بەڕێکەوت لەو کۆبونەوەیەدا ئامادەبووە، هەروەها گوتی: (کرنسکی)و (میرلفۆف) ڕێگەیان نەدەدا کە هێزی سەربازی بەکاربێنێو ناڕازی بوون، (میلیۆکۆف)یش بەڕوونو ئاشکرایی ڕاوبۆچوونی خۆی بەتەواوەتی دەرنەبڕی، بەڵام پوختەکەی سەرکوتکردنی خۆنیشاندەران بوو بەهۆی زەبری سەربازییەوە، کورتەی بارودۆخەکەی بەو بارەدا کورت کردەوە کە وەزیرەکان بۆیان هەیە کە کاروبارەکان بەپێی ویستی خۆیان ئەنجام بدەنو بڕیار بدەن، ئەو کاروبارو فرمانەی نابێتە ڕێگر لەوەدا کە بیانخاتە زیندانەوە. گومان لەوەشدا نییە کە (کۆرنیلۆف) کەمێك بەخاوو خلیچکی کاری دەکرد لەگەڵ (کادیت)دا.

سەرکردە تەوفیقییەکان بەبێ ئەرك‌و ماندووبوون توانییان کە قەناعەت بەسەربازان بکەن کە دەوروبەری کۆشکی (ماری) چۆڵ بکەن‌و خۆنیشاندان بوەستێنن‌و سەرلەنوێ بگەڕێنەوە ناو سەنگەرەکانیان، بەڵام ڕاڕایی‌و شێواوی شار وای لێ هاتبوو کە هەرگیز وەکو جاری جاران نەمابوو. خەڵکی هەر کۆدەبوونەوەو قەرەباڵغییان دروست دەکرد، کۆبوونەوەو دانیشتنەکان بەردەوام بوون، دابەش ببوون بۆ چەند گروپێکی لایەنگر لەدووڕیانی شەقامەکاندا، وە لەناو فارگۆنی شەمەندەفەرەکان‌و پاسەکانی گواستنەوەدا گفتوگۆو قسەوباس درێژەی هەبوو، خەڵکیان دابەش دەکرد هەندێکیان دەکردن بەپشتیوانی (میلیۆکۆف)و لایەنگری ئەوو هەندێکی تریشیان بەدوژمنی ئەو لەقەڵەم دەدان، وتارخوێنە بورژواکان کەوتبوونە قسەپێگوتنی جەماوەر لەسەر شەقامی (نیفسکی)و شەقامەکانی دەوروبەری دژی ئەو(لینین)ەی کە ئەڵمانیا ناردبووی بۆ لەناوبردنی (میلیۆکۆف)ی گەورە نیشتمانپەروەر، بەڵشەفییەکانیش هەوڵی زۆریاندا بۆ بڵاوکردنەوەی ڕقوکینە دژی یاداشتنامەکەو نووسەرەکەی، هەموو شتێکیشیان خستە ئەستۆی حکومەت سەبارەت بەو بەرپەرچدانەوەیەی کە ڕوویدا دژی یاداشتنامەکە لەقەراخ شارو گەڕەکە کرێکار نشینەکاندا.

دەزگای سۆڤیەت بەگشتی هەرهەموویان لەکاتژمێر (٧)ی ئێوارە کۆبوونەوە، سەرکردەکان نەیاندەزانی چی بەو گوێگرانە بڵێن کە لەعەزرەت قین‌و توندی خۆیان‌و توڕەبوونی خۆیان هەڵدەلەرزین‌و دادەچڵەکین، (تەشخیدزە) بەسەرپێیەوە بەزارەکی بەو خەڵکەی ڕاگەیاند کە حکومەت دیدارێك ساز دەکات دوای کۆبوونەوەکە. (تشیرنۆف) ترسی دەوروژاند سەبارەت بەو جەنگە ناوخۆییەی کە خەریکە دەست پێ بکات. (فیدۆرۆف) وەڵامی دایەوە ـ کە کرێکارێکی کارگەی کانزابوو، ئەندامی ناوەندی حیزبی بەلشەفی بوو ـ جەنگی ناوخۆ بەشێوەی کرداری ئێستا دەستی پێ کردووە، سۆڤیەتیش هیچی لەبەردەمدا نەماوە مەگەر هەر پشت ببەستێ بەجەنگی ناوخۆ بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات. (سۆخانۆف)یش گوتی: ((ئەم جۆرە قسەوباسانە لەکاتەدا زۆر ترسناك بوون، قسەکانیش لەناوەندی ڕای گشتی‌و باودا دەکران، ئەم جارەیان دەنگدانەوەیەکی هەبوو کە هەرگیز بەڵشەفییەکان پێشترو دواتر شتی وایان نەدیبوو. لەناو ئەنجومەنی سۆڤیەتدا)).





لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو قسەیەی کە سەرنجی دانیشتوانی کۆبوونەوەکەی ڕاکێشابوو، سەرسامی کردبوون قسەکانی(ستانکیفیتش)ی سۆسیالیست ـ لیبراڵ بوو، کە هاوڕێی زۆر نزیکی (کرنسکی) بوو. ناوبراو لەوتارەکەیدا گوتی: ((چیمان دەست دەکەوێ ئەی هاوڕێیان لەچوونمان بۆ خۆنیشاندان؟ دژی کێ ئەم هێزە بەکاربهێنین؟ چونکە لەکۆتاییدا هەموو هێزەکە هەر ئێوەن‌و ئەو جەماوەرەیە کە لەپشتتانەوە ڕاوەستاوە. گوێ گرن! تەماشا بکەن...! ئێستا کاتژمێر(٥) خولەکی ماوە بۆ (٧) ـ ناوبراو لەم کاتەدا پەنجەی ڕاکێشا بۆ کاتژمێرێك کە بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو ـ هەموو دانیشتوانی هۆڵەکەش لەگەڵ گەڕانی قۆڵی ئەودا لایانکردەوە بەلای تەماشاکردنی کاتژمێرەکەدا. دواجار سەرجەم ئامادەبووان بڕیاریاندا دەبێ حکومەتی کاتیی بەردەوام نەبێ لەکارەکانیداو دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بکات، بەهۆی تەلەفۆنەوە داوا لەحکومەت دەکەین کە واز لەکارەکەی بێنێ‌و لەماوەی (٥) خولەکدا گریمان حکومەت وازی لەپۆست‌و کابینەی خۆی هێنا، باشە کاروباری توندوتیژی چی بەسەر دێت؟ ئەی خۆنیشاندانەکان؟ ئەی جەنگی ناوخۆ؟)).

هۆڵەکە چەپڵەلێدانێکی گەرمی بەخۆیەوە بینی لەگەڵ هوتافێکی بەجۆش‌و خرۆش، ئەو لەم قسانەیدا ترساندنی سۆڤیەت بوو، لەبارودۆخەکەوە پوختەیەکی ترسناکی هەڵگواست‌و توندوتیژی تری کرد، خۆیشی ترس دایگرت لەو شتەی کە لەوتارەکەیدا ورووژاندی، چونکە ئەو ڕاستییەی کە ئەو دانی پیادانا سەبارەت بەهێزی سۆڤیەت ئەنجومەنەکە بەسەر تەکتیك‌و دەسیسەی سەرکردەکاندا ـ ئەو سەرکردانەی پێش هەموو شتێ بایەخیان بەوە دەدا کە سۆڤیەت هیچ بڕیارێك نەدات ـ سۆڤیەتیان گەورەتر کرد، یەکێك لەوتارخوێنەکان هەستاو دەربارەی چەپڵەڕێزانەکە گوتی: ((کێ جێی حکومەت بگرێتەوە؟ ئایا ئێمە؟ بەڵام ئێمە دەستەکانمان دەلەرزن...!)) ئەم بەرپەرچدانەوەیە نمونەیی بوو، هاوتای وانەبوو کە تەوفیقییەکانی پێ وەسف بکرێ، یان سەرکردە توندڕەوە دەست لەرزۆکەکان.

(لفۆف)ی سەرەك وەزیران لەڕۆژی دواتردا ڕاگەیاندنێکی ڕاگەیاند کە قسەکانی ـ ستانکیفیش)ی پێ تەواو کردو تیایدا گوتی: ((حکومەتی کاتیی تا ئێستا

پشتیوانییەکی تەواوی بۆ دابین کرابوو لەلایەن دەزگای سەرکردایەتی سۆڤیەتەوە... و ماوەی (١٥) ڕۆژێکە حکومەت خۆی گومانی لەسەرە... لەم بارەشدا باش وایە حکومەت لابچێ‌و دەست لەکار بکێشێتەوە))... دیسانەوە لەمەشیاندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە پێکهاتەی ڕاستەقینەی ڕوسیای (فێبرایر) چۆن چۆنی بووە.

لیژنەی ڕاپەڕاندن چاوی بەحکومەت کەوت لەکۆشکی(ماری) وە (میرلفۆف) سکاڵای خۆی کرد لەوتارە سەرەتاییەکەیدا لەدەست ئەو هەڵمەتەی کە بازنەو دامودەزگاو حیزبە سۆسیالیستییەکان کردویانەتە سەر حکومەت، لەبارەی دەست لەکارکێشانەوەش قسەی کرد بەزمانێکی نیوە بریندارکەرو زبرو نیوە هەڕەشەیی. هەریەکە لەوەزیرەکانیش قسەی خۆیان کرد، هەموویان باسی ئەو گرانی‌و ئاڵۆزی کێشانەیان کرد کە هاتوونەتە ڕێگەیان‌و هەوڵیانداوە بۆ چارەسەرکردنیان بەوپەڕی تواناوە... بەڵام کێشەکان زۆرن‌و کەڵەکەبوون. (میلیۆکۆف) پشتی وەرگێڕا بەلاکەی تردا لەدەست ئەم قسەوباسە ناخۆشانە، کەوتە وتاردان لەسەر کورسی ئەنجومەنەکەوە بەرانبەر بەخۆنیشاندەرانی ئەندامانی حیزبی (کادیت)و گوتی: ((کاتێك تەماشای ئەم لافیتانە دەکەم کە دەکرێ بیانخوێنینەوە کە تیایاندا نووسراوە: ((بابڕوخێ میلیۆکۆف...!))، من ترسم لەڕوخانی (میلیۆکۆف) نییە، بەڵکو ترسم هەیە ڕوسیا بکەوێتە مەترسییەوەو بکەوێ...!)) بەم شێوەیە (میلیۆکۆف)ی مێژوونووس قسەکان بەوپەڕی بێ فیزییەوە دەگێڕێتەوە کە (میلیۆکۆف)ی وەزیر لەبەردەمی خەڵکە کۆبووەوەکەدا لەگۆڕەپانەکە گوتی.

(تسیریتلی) داوای لەحکومەت کرد کە یاداشتنامەیەکی نوێ دابڕێژێ، (تشیرنۆف)یش بەبلیمەتێکی داناو ڕزگارکەر هاتە پێش چاو، کاتێك پێشنیاری ئەوەی خستە بەردەمی (میلیۆکۆف) کە بگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی فێرکردنی گشتی: چونکە هەستان بەکاری لێکۆڵینەوە لەجوگرافیای قوستەنتینییەدا. ـ بەهەرحاڵ ـ مەترسییەکەی کەمترە لەلێکۆڵینەوە کردنی وەك ئامانجێکی دیبلۆماسی، لەگەڵ ئەوەشدا (میلیۆکۆف) زۆر بەڕاشکاوی ئەوەی ڕەت کردەوە کە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ کارو پیشەی زانستی، هەروەها داڕشتن‌و نوسینی یاداشتنامەیەکی نوێیشی ڕەت کردەوە، سەرکردەکانی سۆڤیەت بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو یاداشتنامەو ڕاڤەکردنەیان قەدەغە نەکرد، بگرە تەفسیرە





کۆنەکەیان پەسەند کرد. تەنها ئەوە مابووەوە کە ئەم سیاسەتمەدارانە هەندێ ڕستەی بۆ زیاد بکەن کە لەسەر شێوازی دیموکراتییەت بن، لەوکاتەشدا ڕەچاوی باروودۆخەکە دەکرێ، لەگەڵ ڕزگارکردنی جانتاو کابینەی وەزارەتیانەی (میلیۆکۆف)دا.

بەڵام چینی سێهەم وا بەئاسانی هێمن نابێتەوە، ڕۆژی (٢١)ی نیسان هاتە پێشەوەو شەپۆلێکی نوێی لەجموجوڵی شۆڕشگێڕانەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، چالاکتر لەدوێنێ، لەمڕۆدا لیژنەی (پترۆگراد)ی بەلشەفی خەڵکی هان دەدا بۆ خۆنیشاندان، ئەگەرچی ڕێگری‌و بەرگری مەنشەفی‌و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان بەردەوام بوو، کەچی ژمارەیەکی یەگجار زۆری کرێکاران لەچەقی شاردا کۆبونەوە کە لە(فێبۆرغ)و شوێنەکانی ترەوە هاتبوون، (لیژنەی ڕاپەڕاندن) کەسانی خاوەن دەسەڵات‌و بڕیار بەدەستی ناردتاکو خۆپیشاندەران هێور بکەنەوە، لەسەروو هەمووشیانەوە (تەشخیدزە)، بەڵام بەدڵنیاییەوە قسەی خۆیان کرد، گەلێك شتیان گوت، یەکێك لەڕۆژنامەنوسە لیبراڵییە ناسراوەکان لەڕۆژنامەی(رتیش)دا ئاوا وەسفی خۆنیشاندانەکەی ئەو ڕۆژەی کرێکاران دەکات لەشەقامی (نیفسکی)و دەڵێ: ((نزیکەی سەد کەسی چەکدار لەپێشەوە دەڕۆیشتن‌و لەدواشیانەوە چەند ڕیزێکی ڕێکوپێکی ژن‌و پیاوی بێ چەك هەبوون، هەزاران کەسی تریش لەدوای ئەوانەوە بوون‌و بەملاوئەولای شەقامەکەدا دەڕۆیشتن، سرودیان دەگوت، هوتافیان دەکێشا، مانای ڕوخسارەکانی دەموچاویان ترسناك بوو، ئەم هەزاران کەسە یەك شێوە ڕوخساریان دەنواند، چونکە یەك مەبەست لەڕوویاندا دەخوێنرایەوە. لەڕوخساری ڕەهبانییەکانی سەدەی یەکەمی مەسیحییەت دەچوون. توڕەبونیان نەدەزانی، بەسەرکەشانەوە ئامادەی کەللەڕەقی بوون ـ بۆ مافی خۆیان ـ خۆیان سازدابوو بۆ مەرگ ـ لەپێناوی سەرکەوتنیاندا)). بەڵێ ئەم ڕۆژنامەنووسە لیبراڵییە بەوردی سەیری سیمای ئەوانی کردووەو زۆر بەوردی‌و بەخێرایی وێنای کردون، ئەم وێچواندنە[٢١١] چەندە دوورە لەگەڵ سیمای ئەو کرێکارو گەنجانەی کە دوێنێ (میلیۆکۆف) لەبارەیانەوە دەیگوت: (لۆندۆرف) ئەم ئاژاوەگێڕانەی بەکرێ گرتووە بە (١٠ ـ ١٥) ڕۆبڵی ڕۆژانە؟!

---

[٢١١] وێچواندن: وێکچواندن: بەیەکتری چواندن: لێك چواندن: التشبیە.

ئەمڕۆش هەروەکو دوێنێ بوو، خۆنیشاندەران حکومەتیان نەڕوخاند، گەرچی بەدڵنیاییەوە زۆربەیان بیریان لەم مەسەلەیەشیان کردبووەوە. هەندێ لەخۆنیشاندەران سازو ئامادەبوون تاکو ئەمڕۆ خۆنیشاندانەکە بگەیەننەئەودیوی ئەو سنوورەی کە بارودۆخی هزری زۆربەیان وێنایای کێشابوو. (تەشخیدزە) پێشنیاری بۆ خۆنیشاندەران واکرد کە بگەڕێنەوە ناو ماڵو حاڵی خۆیانو بڵاوەی لێ بکەن، بەڵام سەرکردەکان بەتوندی وەڵامیان دایەوەو گوتیان: کرێکاران خۆیان دەزانن کە پێویستە چی بکەن، ئەم تێبینییەش نوێ بوو بەلای (تەشخیدزە)وە، بەڵام دواتر لەگەڵ ئەم تێبینییەشدا ڕاهات، لەماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا.

* * *

لەکاتێکدا تەوفیقییەکان لەلایەکەوە خەریکی ئامۆژگاری کردنی خەڵکەکە بوونو لەلایەکی تریشەوە هەوڵیان دەدا ئاگری خۆنیشاندانەکە خامۆش بکەن، (کادیت)ەکان هانی خەڵکیان دەداو فویان لەئاگرەکە دەکرد. گەرچی (کۆرنیلۆف) دوێنێ نەیتوانی بڕیاری بەکارهێنانی چەك دەستەبەر بکات بۆ خۆی، دژی خۆنیشاندەران، بەڵام ئامادەش نەبوو دەستبەرداری نەخشەکەی خۆی بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ دەرفەت دەگەڕا کە قینی خۆی بەکاربهێنێ، بۆیە سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە ڕێوشوێنی خۆی گرتەبەرو تەنانەت ئەسپ سوارو تۆپی بەکارهێنا، (کادیت)یش داوای کرد کە بڵاوکراوەیەکی تایبەتی بڵاوبکاتەوە بەناو لایەنگرانی خۆیدا لەسەر شەقامەکان سەبارەت بەبڕیاری یەکلاکەرەوەی جەنەڕاڵ (کۆرنیلۆف) کە بەپێشەنگی هێرش ناوی دەبرد، لەگەڵ دەوڵەتانی هاوپەیماندا، کە یەدەگییەکی باشیان بۆ دەستەبەر[212] کردبوو، ئەگەرچی دابەزینی بۆ دورگەکانی(دەرنیل) شکستی هێنابوو، ئەو یاداشتنامەیەی کە بەبێ ئاگاداری سۆڤیەت ناردبووی بۆیان لەگەڵ سەروتاری ڕۆژنامەی (ریتش) ڕۆڵی بروسکە بەناوبانگەکەی

[212] دەستەبەر: مسۆگەر: دابین: ساز.





(ئیمس)[213]ی بینی، ئەم یاداشتنامەیە ئاراستەی ڕاوێژکاری لیبراڵی شۆڕشی فێبرایر کرابوو، بروسکەکە دەیگوت: ((پێویستە لەسەر سەرجەم ئەو کەسانەی کە پابەندن بەئازادیو سەربەخۆیی ڕوسیاوە کە لەدەوری حکومەتی کاتیی کۆببنەوەو پشتیوانی بکەن)). ئەمەبوو یاداشتنامەکەی لیژنەی ناوەندی (کادیت) کە هەموو هاوولاتیان بانگ دەکات کە هەڵڕژێنە سەر شەقامەکانو خەبات بکەنو دژی لایەنگرانی ئاشتی بەپەلە.

شەقامی (نیفسکی) شادەماری سەرەکی بۆرجوازییەت گۆڕا بۆ کۆبوونەوەیەکی گەورەی حیزبی (کادیت) خۆنیشاندانێکی گەورەی بەڕێوەبرد ـ لەسەروو هەموویانەوە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی حیزب ـ بەرەو کۆشکی (ماری)، مرۆڤ لەهەموو شوێنێکەوە لافیتەی نوێ دەهاتە بەرچاو کە لێیان نووسرابوو: ((متمانەی تەواو بۆ حکومەتی کاتییە...!)) ((بژی میلیۆکۆف...!)) وەزیرەکان لەخۆشیاندا خەریك بوون باڵ بگرن، ئەوەتا ئەو گەلە دەبینن کە بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکراتر خۆی دەنوێنێ، لەو ڕوانگەیەوە کە نوێنەرە ڕەوانەکراوەکانی سۆڤیەت، ئەوپەڕی هەوڵیان خستبووەگەڕ بۆ بڵاوەپێکردنی کۆبوونەوە شۆڕشگێڕییەکانی جەماوەرو دورخستنەوەی سەربازانو کرێکارانو خەڵکانی خۆنیشاندەر لەناوجەرگەی شارەوە بۆ قەراخو جاخەکان[214] وە ڕێ بگرن لەئۆردوگا سەربازیو کارگەکان کە هیچ کارێکی خۆنیشاندەرانە نەکەن.

لەژێر پەردەی بەرگری کردن لەحکومەتی کاتیدا یەکەم کردەوەی بەسەربازگرتنی خەڵکی بەشێوەیەکی ئاشکراو بەرفراوان دەست پێ کرا. لەناوجەرگەی شاردا ئۆتومبیلی سەربازی بەدی دەکران کە پڕبوون لەئەفسەرو یۆنکرزو قوتابی چەکدار، هەروەها ئەسپ سوارەکانی (قەدیس جۆرج)و هەزاران کوڕوکاڵ لەسەر شەقامی (نیفسکی) دەبینران کە داوای دادگایی کردنی (لینین)و ((سیخوڕە ئەڵمانییەکان))یان دەکرد، بەیەکادان

[213] ئیمس: لەڕۆژی (١٣)ی تەموزی (١٨٧٠)دا بروسکەیەکی ئاراستەی (پسمارك) کرد سەبارەت بەچەسپاندنی بنەماڵەی (هۆهنزۆلرن) بۆ سەر کۆشکی ئیسپانیا، کە (پسمارك) چەند بڕگەیەکی ئەم بروسکەیەی دەرهێناو ئاراستەی ڕۆژنامەکانی کرد، ئەوانیش بڵاویان کردەوەو بڕیاری جەنگ داگیرسان درا.

دوو وەرگێڕە عەرەبیەکە)

[214] جاخەکان: (جاخ) : لێوار: سنوور: کەنار: قەراخ.

ڕوویداو چەند کەسێك بوونە قوربانی. وا دەگێڕنەوە کە یەکەم بەیەکادانی خوێناوی کاتێك ڕوویدا کە هەندێك ئەفسەر هەوڵیاندا ئەو ئاڵاو لافیتەیە لەخەڵکەکە بسەنن کە هەندێ نارەزایی لەسەر نووسرابوو بەرانبەر بەحکومەتی کاتیی، وردە.. وردە.. ڕووبەڕووبونەوە کە پەرەی سەند تا گەیشتە شەڕەگوللە، دوانیوەڕۆ شەڕە فیشەك زیاتر بوو، هیچ کەسێکیش نەبوو کوتومت بزانێ کێ ئەم تەقەیە دەکاتو نیشانە لەکێ دەگرنەوەو ئامانجیان کێیەو چییە؟! لەئەنجامی ئەم تەقەکردنەشدا گەلێك کەس بوونە قوربانی گوللەی وێڵ، ئارەزووی خەڵكو حکومەت بۆ ئازاردانی یەکتری هۆکاری ئەم تەقەکردنە بوو، هۆکارەکەی تریش ترسو بەرگری لەخۆکردن بوو. گەرموگوڕی تەقوقۆق تا ڕادەیەکی زۆر بەرزبووەوە.

ڕووداوەکانی ئەمڕۆ لەهیچ شتێکدا لەخۆنیشاندانی یەکێتی نیشتمانی نەدەچوو، بەڵکو ئەمەیان دوو جۆرە جیهانی جیاواز بوون لەخەڵك، لایەکیان بەڕووی ئەوی تریاندا دەهاتەوە، ئەو شەپۆلو هاشاوڵە زۆرەی خەڵکی کە (کادیت) بانگی کردبوون بۆ خۆنیشاندان بریتی بوون تەنها لەڕەگەزە بورجوازەکانی گەلو ئەفسەرو فەرمانبەرو ڕۆشنبیران، دوو لافاو لەمرۆڤ بەگژ یەکا دەچوونەوە، لایەکیان بانگەشەی داگیرکردنی قوستەنتینییەی دەکردو ئەوی تریان داوای ئاشتی دەکرد. هەردوو شەپۆلەکەلەهەموو شوێنەکانی شاردا هەڵ دەقولان، هەردوکیشیان لەڕووی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیو سروشتو ڕوخساری دەرەکییانەوە لەیەکتری جیاوازبوونو هەردولاش دژایەتی یەکتریان دەکرد لەڕێی نووسینی سەر لافیتەکان. کاتێکیش دەکەوتنە شەڕ، داروبەردو چەکیشیان بەکاردەهێنا.

ئەم هەواڵە لەناکاوە، گەیشتەوە بەلیژنەی ڕاپەڕاندن کە پێشبینی نەکراوبوو، هەواڵەکە ئەوە دەگەیەنێ (کۆرنیلۆف) خەریکە لوولەی تۆپەکانی گۆڕەپانی کۆشك نزیك بکاتەوە لەجەماوەر ـ بۆ تەقەلێکردنیان ـ جا ئایا ئەم کارە ئیشێکی دەست پێشخەریانەی سەربەخۆیە کە فەرماندەی فەیلەق دەیکات؟ نەخێر. سروشتی (کۆرنیلۆف)و خزمەتکاریو چڵکاوخۆرییەکەی بۆ حکومەت لەئایندەدا ڕوونتر دەسەلمێنرێ کە ئەم جەنەراڵە ئازاو بەجەرگە! هەمیشە بەپەرەی لووتی جڵەوکێش کراوە، ئەم کارەی





ئەمجارەشیانی لەبن کلێسەی (کادیت)دایە، کە پشتیوانی جەماوەری خۆیان کردووەو دنەیان داون بۆ ڕژانە سەر شەقامەکان بەپشتیوانیو پشت ئەستووریی دەست تێوەردانەکەی (کۆرنیلۆف)و بۆ ئەوەیانە کە ئەم دەست تێوەردانەی ببێتە کارێکی سەد لەسەد، یەکێك لەمێژوونووسە لاوەکان دەڵێ: "بەڕاستی ئەو هەوڵەی (کۆرنیلۆف) دەیدا بۆ گەلاڵەکردنی خوێندکارانی خوێندنگە سەربازییەکان لەکۆشکی ناوبراودا، وێك نایاتەوە لەگەڵ پێویستی ڕاستەقینە یان خەیاڵی بەرگریکردن لەکۆشکی (ماری) دژی جەماوەر، بەڵکو لەگەڵ گەورەترین هاندانەکانی(کادیت) یەك دەگرێتەوە بۆ درێژەدان بەو خۆنیشاندانە ـ بەبارەکەی تریدا ـ."

وێڕای ئەم هەموو شتەش، نەخشەکەی (میلیۆکۆف) شکستی هێنا بەشێوەیەکی شەرمەزارانە، و سەرکردەکانی ناو لیژنەی ڕاپەڕاندن چەندە نەزانو ساویلکەو گەمژە بن هێشتا تێنەگەیشتوون کە سەرو گیانیان دەخرێتە مەترسییەوە. هەر لەوکاتەشەوە هەواڵی بەیەکادانی خوێناویو ڕووداوەکانی شەقامی (نیفسکی) گەیشتە لیژنەی ڕاپەڕاندن. خێرا فرمانێکی بروسکەیی ڕەوانە کرد بۆ هەموو هێزە سەربازییەکانی (پترۆگراد)و دەوروبەریو تیایدا داوای کردبوو ـ واتە لیژنەکە ـ کە هیچ مەفرەزەیەك ڕەوانەی پایتەخت نەکات، بەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی سۆڤیەت. ئێستاش کە نیازەکانی دڵی (کۆرنیلۆف) ئاشکرابوون، لیژنە ئینجا دەستی خستەسەر سوکانی بادانەوەو کۆنترۆڵ. سەرەڕای ئەم هەموو ڕاگەیاندنە بریقەدارانە، هێشتا جەنابی جەنەڕاڵی فەرماندەی فەیلەق نەك هەر دەستی نەکرد بەکێشانەوەی هێزەکانی، بەڵکو هەستا (سکۆبۆلیف)و (فیلبۆفسکی) ڕاسپارد کە سەربازان بگەڕێنەوە بۆ ئوردوگاکانیان بەفرمانی سۆڤیەت. ئەم فرمانەی بۆ سەربازان دەکرد: ((نەچنە سەر شەقامەکان، چەکەکانتان با لەم ڕۆژە شێواویانەدا هەر بەدەستانەوەبن، مەگەر بەفرمانی لیژنەی ڕاپەڕاندن...! لیژنەی ڕاپەڕاندن تەنهاو تەنها مافی فەرمانکردنی هەیە بەسەرتانەوە)). هەموو فرمانێك بۆ دەرچوونی کەرتە سەربازییەکان لەئێستا بەدواوە ـ جگە لەخزمەتی ئاسایی دەبێ بەپێی بەڵگە فرمانێکی لیژنەی ڕاپەڕاندن بێ بەفەرمیو بەلایەنی کەمەوە

دەبێ واژۆی دوو ئەندامی بەرپرس لەو دەسەڵاتەی کە لەراپەڕاندن پێیان دراوە لەو ڕووەوە بەسەریەوە بێ.

سۆڤیەت ئەم کارەی (کۆرنیلۆف)ی والێکرد کە ئەمە هەوڵێکی ئەوە بۆ بەرپاکردنی دژە شۆڕش‌و ئامانجیشی هاندانی خەڵکە بۆ نانەوەی شەڕی ناوخۆ، فرمانی لیژنەی ڕاپەڕاندنیش لەم بارەیەوە ـ کە دەری کرد ـ مانای کەم کردنەوەو بەسفرکردنی دەسەڵاتی فەرماندەیی فەیلەقە، بەڵام ئەم لیژنەیە بیری لەدابڕینی (کۆرنیلۆف)و لەسەرکار لابردنی نەکردەوە. جا ئایا ئەم فرت‌و فێڵ‌و کودەتایانە لەسەر دەسکەوتنی دەسەڵاتە؟ ((دەستەکان دەلەرزن)) ڕژێمی نوێ پەردەپۆش کرابوو بەشتی سەیرو خەیاڵی نەخۆشێك کە پەتوونوێنی تێ ئاڵێنراوەو ناوچاوان‌و لەشی پەڕۆو پاڵی تێوە پێچراوە. ئەو شتەی جێی سەرنجە لەڕوانگەی تەرازووی هێزەکانەوە پەندی لێ وەردەگیرێ، ئەوەیە کە کەرتە سەربازییەکان ڕازی نەبوون بەرێ ڕۆیشتن بەبێ ڕەزامەندی سۆڤیەت. تەنانەت تا پێش ئەو کاتەی فرمانەکەشیان پێ بگات لەدەستی (تەشخیدزە)وە, هەروەها خوێندنگەو کۆلێژە سەربازییەکانیش هەر ڕەتیان کردبووەوە. بەڕاستی ئەو تەنگەتاویە پێشبینی نەکراوانەی بەسەر حیزبی (کادیت)دا دەهاتن پڕبوون لەشەرمەزاری‌و یەکەیەکە دەهاتنەوە ڕویان‌و ئەمانەش ئاکامێکی سەد لەسەدی کاری هەڵەی خۆیان بوو، لەو ڕوانگەیەوە کە بۆرجوازییەتی ڕوسی لەماوەی شۆڕشی نیشتمانیدا وا دەهاتە بەرچاو کە چینێکی دژی (نیشتمانێتی)ن ـ ئەم کارەش دەکرێ پەردەپۆش بکرێ بۆ ماوەیەکی کاتیی دیاریکراو بەجووت ڕوویی دەسەڵات، بەڵام کارێکە چارەسەر ناکرێ‌و چاك ناکرێتەوە.

قەیرانی ئیپریل (نیسان) خەریك بوو بەرەو کۆتایی دەچوو بەیەکسان بوونی هەردوولا ـ لەگۆڵ کردندا ـ لیژنەی ڕاپەڕاندن سەرکەوتوو بوو لەدەمکوتکردنی جەماوەردا لەبن سەرەندەرکی[٢١٥] دەسەڵاتی جووت ڕوودا، حکومەتی دان پیانەری سەرجەم شتە جوانەکانیش، ئەوەی وا تەفسیر کرد کە گونجاوە، مەبەستمان لە (زەمانات)و (سزاکان)ی دادگاکانی دەوڵەت‌و دیاریکردنی سنوری چەکداری‌و هەموو شتە جوانەکانی ترە. وە بۆ ئەم مەبەستەش، کوت‌وپڕ لیژنەکە پابەندی خۆی نیشاندا بۆ ئەم تەنازولاتە زاراوەییەو

[٢١٥] سەرەندەرك: سەردەرك، سەر دەرگا، داری سەرەوەی چوارچێوەی دەرگا.





وای ڕاگەیاند کە ئەم ڕووداوە کۆتایی پێ هاتووە بەدەنگدانی (٣٤) دەنگ بەرانبەر بە (١٩) دەنگ، هەروەها زۆرینەشیان دەنگیان بۆ ئەوەدا کە بنکەی جەماوەری شێوای خۆیان هێمن بکەنەوە لەڕێی ئەم کارانەوە: دانانی چاودێری بەسەر چالاکییەکانی حکومەتی کاتییەوە. قەدەغەکردنی هەموو ڕاگەیاندنێکی سیاسییانەی گرنگ بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشینەی لیژنەی ڕاپەڕاندن‌و هۆشیاریدانی. پێویستە پێکهاتەی دەزگای دیبلۆماسی لەڕەگ‌و ڕیشەوە ڕاست بکرێتەوە، بەم جۆرە جووت ڕوویی دەسەڵاتی باڵادەست کەوتە کارکردنی کردارییانە لەزمانی یاسایی دەستوردا، بەڵام ئەمەشیان هیچ گۆڕانێکی بەسەر سروشتی شتەکاندا نەهێناو، باڵی چەپ خۆیشی نەیتوانی کە زۆرینەکان ناچار بکات ـ لەتەوفیقییەکان ـ بۆ هاندانی (میلیۆکۆف) تاکو لەکارەکەی بکێشێتەوە. هەموو شتەکان هەروەك جاری جاران مانەوە. لەسەرو حکومەتی کاتییەوە، سەرپەرشتیارییەکی چالاکانە هەبوو کە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان پێی هەڵدەستان. هەرگیز لیژنەی ڕاپەڕاندن بیری لەوە نەکردبویەوە کە هێرش بکاتە سەری.

ئێوارەی (٢٣)ی مانگ،سۆڤیەتی پترۆگراد خەریکی پوختەکردنی بارودۆخەکە بوو، (تسیرتیلی) لەڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەسەرکەوتنی سەرکردە ژیرەکاندا. ئەو سەرکەوتنەی کە سنورێکی دانا بۆ هەموو تەفسیرە هەڵەکانی یاداشتنامەی (٢٧) مارس. (کامینیف) پێشنیاری حکومەتێکی سۆڤیەتی پەتی خستەڕوو. ناوبراو بەناوی هەموو بەڵشەفییەکانەوە قسەی کرد. (کۆلۆنتای) کە کەسێکی شۆڕشگێڕی میللی بوو، لەکاتی جەنگدا پەیوەندی کردبوو بەبەڵشەفییەکانەوەو پێشتر سەر بەمەنشەفی بوو. پێشنیاری ئەوەی کرد کە ڕاپرسییەك بکرێ لەپترۆگرادو ناحییەکانی دەوروبەریدا سەبارەت بەزانینی ڕاوبۆچونی خەڵکی دەربارەی چۆنیەتی پێکهێنانی ئەو حکومەتەو کام جۆر بەپەسەند دەزانن! . کەس لەو ئەنجومەنەدا عەقڵی بەلای ئەو پێشنیارانەدا نەدەچوو وا دیاربوو مەسەلەکە یەکلایی کرابووەوە، بڕیارەکەش کە هاندەری لیژنەکە بوو دەنگی لەسەر درا بەزۆرینەی دەنگەکان بەرانبەر بە (١٣) دەنگی پێچەوانە، ڕاستە زۆربەی نوێنەرانی بەڵشەفی لەوکاتەدا لەسەر کاری خۆیان بوون لەکارگەکانداو لەسەر شەقامەکاندا بوون‌و

لەخۆنیشاندانەکەشدا بوون، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەناو بەرەی سۆڤیەتدا هیچ گۆڕانکارییەك ڕووی نەدا لەڕاوبۆچوندا کە لەبەرژەوەندی بەلشەفییەکاندا بێت.

ئەنجومەنی سۆڤیەت فرمانیدا بەقەدەغەکردنی خۆنیشاندان لەسەر شەقامەکان لەماوەی (٢) ڕۆژداو بەکۆی دەنگ بڕیار درا. کەس گومانی لەوەدا نەبوو کە هەموو لایەك مل بۆ ئەو بڕیارە کەچ دەکەن. لەڕاستیشدا کەس نەیدەوێرا لەبڕیاری سۆڤیەت دەرچێ هەر لەکرێکارو سەربازو لاوە بۆرجوازەکانەوە تا دەگاتە دانیشتوانی (فێبۆرغ)و شەقامی (نیفسکی). وردە.. وردە هێمنی گەڕایەوە بەبێ گرتنەبەری هیچ ڕێگەیەکی توندوتیژ، ئەوە بەس بوو کە ئەنجومەنی سۆڤیەت هەست بکات کە خۆی گەورەی بارودۆخەکەیە تاکو بەکرداریش هەر ئەو گەورەو کاربەدەست بێ.

لەم کاتەدا، دەیان بڕیار کە لەکارگەکانو فەوجەکانەوە دەردەچوون ڕەوانە دەکران بۆ نوسینگەکانی ڕۆژنامە چەپەکان، ئەم بڕیارانەش داوای دەست لەکارکێشانەوەی کوتوپڕی (میلیۆکۆف)یان دەکرد، هەر تەنها پترۆگراد نەکەوتە جموجوڵ، بەڵکو کرێکاران لەمۆسکۆش لەسەر ئامێرەکانیان لاچوونو کاریان نەکرد. سەربازان لەسەنگەرو ئوردوەکانیان هاتنە دەرەوە، شەقامەکانی پایتەخت بوون بەگێژەڵوکەی خۆنیشاندانو داوا بەرزکردنەوە. لەڕۆژانی دواتردا، دەیان بروسکەی پڕ لەهێرشو نارەزایی ڕەوانە کرابوون بۆ لیژنەی سۆڤیەتاتی ناوخۆ، دژی (میلیۆکۆف)و سیاسەتەکەیو پڕبوون لەدەربڕینی پشتیوانی بۆ سۆڤیەت، خودی دەنگەکان لەبەرەکانی جەنگەوە هاتن، بەڵام هەموو شتێ وەکو خۆی مایەوەو چوونەوە باری پێشوتر لەڕابوردوودا.

دواتر (میلیۆکۆف) جەختی لەمە کردەوەو گوتی: لە (٢١)ی نیساندا ((شەقامەکان حاڵەتو بارودۆخێکی هزری شیاویان پێوە دیاربوو بۆ حکومەت))، بێگومان ناوبراو باس لەو شەقامانە دەکات کە لەباڵاکۆنەی ماڵەکەیەوە بەدی کردبوون، لەوکاتەدا کە زۆربەی کرێکارو سەربازان بەرەو جێو ڕێی خۆیان دەگەڕانەوە، لەڕاستیدا بارودۆخی حکومەتی وای لێ هاتبوو کە پاسەوانو چاودێری نەمابوو، کەس نەمابوو بیپارێزێ، هیچ هێزو دەسەڵاتیشی بەدەستەوە نەمابوو. ئەم قسانەمان لە (ستانکیفیتش) خۆی





بیستووە لەگەڵ (میرلفۆف)دا، کەواتە ئەو زەماناتەی (کۆرنیلۆف) کامەیە کە دەیگوت هێزی تەواوەتیم لەبەردەستدایە بۆ سەرکوتکردنی یاخی بوانو خۆنیشاندەران؟ وا دیارە ئەو قسەیەی تەنها مەبەستی لەیەك شتە ئەویش ترسێکی گەورەیە لەجەنەڕاڵێتییەکەی خۆی، هەموو ترسەکەیشی لەمانگی (ئاب)دا دەرکەوت، کاتێك فرمانی دەرکرد بۆ چەند کەرتێکی سەربازی دژی پترۆگراد، کە ئەو کەرتانە هەر بوونیشیان نەبوو..! (کۆرنیلۆف) بەخەیاڵی خۆی بەپێی پێکهاتەی فەرماندەیی بیری لەهێز دەکردەوە، زۆربەی ئەفسەرانیش بێگومان لایەنگری ئەو بوون، واتە هەموویان ئامادەبوون بۆ ملکەچ کردن بۆ سۆڤیەتات بەبیانوی بەرگری کردن لەحکومەتی کاتیی. سەربازانیش بەلای سۆڤیەتاتدا بایان دایەوە، لەگەڵ پابەندبوونیشیاندا بۆ ڕاوبۆچوونی زیاتری چەپەکان لەناو ڕاوبۆچوونەکانی سۆڤیەتدا، بەڵام سۆڤیەت خۆی پابەند نەمابوو بەحکومەتی کاتییەوە، (کۆرنیلۆف) دەیتوانی وەك دەرئەنجامی ئەم بارودۆخە، سەربازانی سۆڤیەت بجولێنێ بەفەرماندەییو جڵەوگیری ئەفسەرە کۆنەپەرستەکان، هەموو لایەك لەگوشادیدا[٢١٦] دەژیان لەسایەی جووت ڕوویی دەسەڵاتەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەرکردەکانی سۆڤیەت فرمانیان بکردایە بەچۆڵ کردنی ئۆردوگا سەربازییەکان لەلایەن سەربازانەوە قاچی (کۆرنیلۆف) دەکەوتە بۆشایی هەواوەو حکومەتەکەیشی پێوە هەڵدەواسرا.

لەگەڵ ئەمانەشدا، دیسان هەرگیز حکومەت نەڕوخا، چونکە ئەو جەماوەرەی دەستی بەخۆنیشاندان کردبوو، مەبەستیان ئەوە نەبوو تاسەر بەردەوام بن، سەرکردە تەوفیقییەکانیش دواتر توانیان کە بگەڕێنەوە دواوە لەژێر ڕژێمی فێبرایەردا تاکو بگەنە خاڵی سەرەتایی ئەم ڕژێمەو فریای بکەون. لە (٢٢)ی نیساندا، وادیار بوو کە (ئەزفستیا)ی سۆڤیەت بیری چووبویەوە، یان ویستی ڕای خۆی بگۆڕێ سەبارەت بەناچارکردنی بیرچوونەوەی هەڵوێستی لیژنەی ڕاپەڕاندن کە کاتێك خۆی بینیەوە ناچارە کە بەئاشکرا دەست بنێتە بینە قاقای سوپا دژی دەسەڵاتە یاساییەکان، ئەمەش کاتێك

[٢١٦] گوشادی: دڵشادی: خۆشگوزاری: خۆشگوزەرانی: ئاسودەیی: دڵخۆشی: دڵشادی: بەختەوەری: کامەرانی: تەبایی.

بوو کە سکاڵای کرد لەدەست هەڵوێستێك بەم دەقە: ((سۆڤیەتات هەرگیز هەواڵی گرتنە دەستی دەسەڵات نادات، کەچی وا هەست دەکەینو دەبینین کە گەلێ نووسراو لەسەر ناودارانی لایەنگرەکانی سۆڤیەت بڵاوکراونەوە کە داوای ڕوخانی حکومەتی کاتیو گواستنەوەی تەواوی دەسەڵات دەکەن بۆ سۆڤیەت))، ئایا ئەمە گێرەشێوێنیو خراپەکاری نییە کە سەربازانو کرێکاران، بیانەوێ تەوفیقییەکان تەفرە بدەن کە گوایە دەسەڵاتیان پێ دەبەخشن، واتا وای دابنێن کە ئەم بەڕێزانە دەتوانن بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەسەڵات بخەنە کارو مامەڵەی پێوە بکەن؟

نەخێر، سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکانو مەنشەفییەکان دەسەڵاتیان نەدەویست، ئەو بڕیارە بەڵشەفییەش کە داوای ئەوەی دەکرد دەسەڵات بگوازرێتەوە بۆ ژێر دەستی سۆڤیەتات لەسۆڤیەت پترۆگرادەوە دەست کەوتبوو، هەروەك پێشتر باسی لێوە کرد، لەسەر بنەمای ژمارەیەکی کەمی دەنگەکان، بڕیاری وەستاندنو پەردەپۆشکردنی متمانە بەحکومەتی کاتیی، کە بەڵشەفییەکان لەمۆسکۆ لە (٢٢)ی نیساندا پێشنیاریان کردبوو تەنها بە (٤٧) دەنگ لەناو سەدان دەنگدا بەدی هات. بەڵێ، ئەو (سۆڤیەت هنغفۆرز)ەی کە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕو مەنشەفییەکان لەو ڕۆژەدا بەدەنگ دەستیان کەوتووە، بڕیارێکی بوێرانەو ئازایانە نەبوو، وە شتێکی دەگمەن بوو بەگوێرەی ئەو کاتو سەردەمە، دەقی بڕیارەکەش بەم جۆرەیە: ((دەبێ هێزە چەکدارەکان بخرێنە ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت پترۆگرادەوە بۆ هاوکاریکردنی کۆتایی هێنان بە((حکومەتی کاتیی ئیمپریالی))، بەڵام ئەم بڕیارە کە لەژێر گوشاری ڕاستەوخۆی هێزی دەریاوانی گەشتیگەلدا دەنگی لەسەر درا، بڕیارێکی تایبەتی ـ استثناء ـ بوو. نوێنەرایەتی سۆڤیەتی بۆ جەماوەر زۆرینەی دەنگەکانی پێ بڕا. ئەگەرچی تادوێنێ ئامادەبوو بۆ یاخی بوون دژی ئەو حکومەتە کاتییەی کە لەسەر زەمینەی دەسەڵاتی جووت ڕوودا دەژیا، باشە ئەمە مانای چی؟

جیاوازیو ناکۆکییە ئاشکراکانی نێوان بوێریو ئازایەتی هێرش کردنی جەماوەرو کلکەسۆتەی نوێنەرایەتیکردنەکە سیاسییەکەی جەماوەر، ڕێگرنین لەبەردەمی یەکتریدا، چونکە جەماوەری چەوساوە لەقۆناغی شۆڕشگێڕیدا بەگوڕوتین ترو ڕاستەوخۆ کاراترو





ئاسانترە لەوەی کە بتوانێ ئارەزوو و خواستەکانی بەشێوەیەکی دروست بەدی بێنێ. چونکە خۆی گوزارشتە لەنوێنەرایەتییەکی تایبەتی، تاکو شێوازی نواندنەکە پەتی تر بێ، ئەم شێوازەش دواکەوتوتر دەبێ لەڕیتمی ئەو ڕووداوانەی کە کاری جەماوەر دیاریيان دەکەن، نوێنەرایەتی کردنی سۆڤیەتی لەڕووی پەتی بوونەوە لەهەموو شێوازەکانی تر پەتی ترە. لەمەرجەکانی شۆڕشدا، چەند نیشانەیەکی جیاکەرەوە هەن کە بەراورد ناکرێن، تەنها ئەوەندە بەسە کە نمونەی ئەنجومەنی دۆمای دیموکراتی بهێنینەوە کە بەهەڵبژاردن پێك هات لەسەر بنەمای پڕۆگرامی ناوخۆیی لە (١٧)ی نیساندا کە هیچ کەسو هیچ شتێ تەنگی پێ هەڵنەچنی بوو، کەچی دەستەوستانو بێ دەسەڵات بوون لەئاستی پێشبڕکێ کرنیدا لەگەڵ سۆڤیەتاندا.. بەڵام لەگەڵ هەموو لایەنە ئەندامە پەیوەندیدارەکانی سۆڤیەتان بەکارگەو فەوجەکانەوە ـ واتە لەگەڵ جەماوەری کرێکاردا ـ کەچی نوێنەری هەڵبژاردنەکەیە ـ انتخابی ـ وەك هەموو شێوازەکانی ترو بەدوورنییە لەلارو وێری ولادانی پەرلەمانیانەی خۆیدا.

لێك دژی (تناقض) لەڕێگەی شێوازی نواندنی هەڵبژاردەیدا، تەنانەت لەنوێنەرایەتی کردنی سۆڤیەتیشدا ئەمە دەگرێتەوە: ((ئەمە بۆکاری جەماوەر پێویستە، بەڵام بەئاسانیش دەبێتە کۆسپ لەبەردەم ئەم کارەداو دەرچەی کردارییانەی لێك دژیی لەهەموو شتێکدا نوێکردنەوەی نوێنەرایەتی کردنەکەیە، بەڵام ئەم کردارەیان کە سادەوسانا نییە، بەتایبەتی خۆی لەشۆڕشدا دەدۆزێتەوە، وەك دەرنجامێکی کاری ڕاستەوخۆ، بەڵام هاوکات بەرەنجامێکی دڕەنگی کارەکەیە، بەهەرحاڵ لەڕۆژی دوایی نیوەیاخی بوونی (ئیپریل)دا، بەشێوەیەکی وردتر لەچارەکی یاخی بووندا ـ چونکە نیوەیاخی بوون لەمانگی یۆلیۆ(تەموز)دا ڕوویدا ـ مرۆڤ لەئەنجومەنی سۆڤیەتدا هەمان ئەو نوێنەرانە بەدی دەکات کە دوێنێش هەرئەمانە نوێنەربوون لەهەمان ئەنجومەنو بارودۆخی ئاسایداو دەنگ دەدەن لەپاڵ پێشنیاری سەرکردە ئاساییەکاندا.

ئەمەش هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە گەردەلولی(نیسان) هەروا بەهەوانتە ڕۆیشتووەو هیچ شوێنەوارێکی بەجێ نەهێشتووە لەسەر سۆڤییەت، یان لەسەر ڕژێمی فێبرایرو خودی جەماوەر، دەست تێوەردانی گەورەی کرێکارانو سەربازان، بارودۆخی سیاسی

هاوسەنگ کردووە. ئەگەرچی تاسەر بەردەوام نەبوو و بووە هۆی خێراکردنی گروپ بوونو کۆبونەوەی سەد لەسەدو سیاسەتمەدارەکانی مەکتەبەکانی ناچارکرد بۆ بیرچوونەوەی ئەو نەخشانەیان کە دوێنێ دایاننابوو.

دوای ئەوەی تەوفیقییەکان تەقینەوەی شەڕی ناوخۆیان بەربەست کرد و بەوخەیاڵەدا بوون کە پاشان هەموو شتێ وەکو خۆی لێدێتەوە، قەیرانی حکومەتی دەستی پێکرد، لیبراڵییەکان نەیاندەویست حوکمڕانی بکەن بەبێ بەشدار بوونی ڕاستەوخۆی سۆسیالیستەکان لەدەسەڵاتدا، ئەو سۆسیالیستانەی کە بەناچاریو بەحوکمی لۆژیکی بارودۆخەکەو جووت ڕووی دەسەڵات بوون بەحوکمڕانو زۆر بەئاشکراو ڕوونی بەرنامەو نەخشەی (دەرنیل) یان شکستی پێ هێنا، ئەم کارەش بوو بەهۆکاری سەدلەسەدی لەناوچوونی دەسەڵاتداریێتی(میلیۆکۆف)

لە(٢)ی مایۆ(ئایار) (میلیۆکۆف) ناچاربوو واز لەپایەو پلەی وەزاریانەی خۆی بهێنێ، بەمەش دواکەوتن هاتەدی، دژی خواستی سەرکردەکانی سۆڤییەت.

بەڵام کۆسپو خەم ساردی، دەستەوستانی فەرمانڕەواکانی سەلماند. ئەو(میلیۆکۆف)ەش ڕوخا کە ئامادەبوو لەگەڵ جەنەڕاڵەکەیدا هەستن بەگۆڕانکارییەکی لەناکاو لەتەرازووی هێزەکاندا، وە بەفلقەیەکەوە[٢١٧] لەحکومەت دەرپەڕی، هەروەکو پلتەی دەرچوونی تەپەتۆری سەری شوشەیەك کە پلتەیەکی لێ دێت. جەنەڕاڵە ئازاکەش ناچاربوو دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بکات لەپلەو پایەکەی خۆی، ئەوکەشو هەوایەی وەزیرەکانی لەخۆی گرتبوو، کەشێکی پڕلە نارەزایی بوو، حکومەت تکای لەئەنجومەنی سۆڤییەت کرد کە هاوپەیمانێتی قەبوڵ بکات، ئەمانەش هەمووی لەئەنجامی ئەوەوە پەیدابوون کە جەماوەر گوشارێکی زۆریان خستە سەر زرێی گەورەی سڵینگەکە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مانای ئەوە نییە کە حیزبە تەوفیقییەکان نزیكو خۆشەویستن لای کرێکارو سەربازان، چونکە ڕووداوەکانی ئیپریل(نیسان) کە توانا پێشبینی نەکراوەکانی دەرخست کە لەناخی جەماوەردا شاراوەن، سەرکردە دیموکراتییەکانی هاندا

[٢١٧] فرتەیەك: فرتە: پلتە: دەنگی دەرچوونی قەباخی شتێك بەکاریگەری گوشاری هەوا.





کە بەلای پێچەوانەدا ئاڕاستە وەربگرن بەرەو لای ڕاست بەهێزێکی زیاترو توندتر، ئەمەش نزیك بوونەوەیەکی توندو تۆڵتری لێکەوتەوە لەگەڵ بۆرجوازییەتدا، ئیتر لەئێستاوە هێڵی نیشتمانییەکان بەشێوەیەکی یەکجارەکی سەرکەوتنی بەدەستهێناو زۆرینەی لیژنەی ڕاپەڕاندنی زیاتر چڕوپڕ بوونەوەو یەکانگیربوون. هەندێ لەکەسە رادیکاڵییەکان دوورخرانەوە کە هیچ و پووچ بوون، لەوانەش نمونەی (سۆخانۆف)و (ستیکلۆف)و... هتد. کە ماوەیەکی کەم پێش ئێستا، دەمیان لەسیاسەتی سۆڤییەتییەوە دەدا، هەوڵی پاراستنی هەندێ نەریتی سۆسیالیستییان دەدا. (تسیرتیلی)ش لەلایەن خۆیەوە باڵێکی نیشتمانی موحافیزکارانەی پێك هێنا، بەم شێوەیە توانی هاویەك بوون بەرپا بکات کە لەگەڵ سیاسەتەکەی (میلیۆکۆف) دا شیاوبێ، لەگەڵ نوێنەرایەتی کردنی جەماوەری ڕەنجدەرو زەحمەتکێش.

ڕەفتاری حیزبی بەلشەفی لەڕۆژانی ئیپریل(نیسان) دا هاوڕەگەزو لێکچوونە بوو، لەناکاو حیزب کەوتە بارێکی نائامادەییەوەو قەیرانی ناوخۆییش خەریك بوو تەواودەبوو، خەڵکی لەخۆئامادەکردندا بوون بۆبەستنی کۆنگرەی حیزب بەوپەڕی چالاکی یەوە، هەندێ لەبەلشەفییەکان هەڵوێستی خۆیان دیاری کردبوو، داوای ڕوخاندنی حکومەتی کاتیشیان دەکرد، لەژێرگوشاری پشێوی توندی ناحییەکاندا، لیژنەی پترۆگرادیش، سەرسامو ڕاڕا دۆش دامابوو، گەرچی لە(٥)ی مارسەوە دەنگی دابوو بۆ پشتگیری کردن لەبڕیاری متمانەی مەرجداربە حکومەتی کاتیی، بڕیاری ئەنجامدانی خۆنشیاندانێکیشی دابوو لەڕۆژی(٢١)ی مانگدا، بەڵام ئامانجەکەی خۆی بەتەواوەتی دیاری نەکردبوو، لیژنەی پترۆگرادیش داوای کردبووکە هەندێ کرێکارو سەرباز هەڵڕژێنە سەر شەقامەکان، بەڵام نیازو مەبەستیان لەڕوخاندنی حکومەتی کاتیدا ڕوونو ئاشکرانەبوو، هەندێ ئاڕاستە، بەبێ فرمانی حیزب، بێگومان هەندێ لەڕەگەزە ئاژاوە گێرەکانیش کە چالاکنو ژمارەیان کەمە، تێکەڵی ئەم ڕەگەزانە بوو بوون. هەموو کەسەکان ئاڕاستە دەکران بەرەو چوونیان بۆناو کەرتەکانو بەشێوەی گشتی، داوای ئوتۆمبیلی زرێ پۆشو دەستی فریاگوزاری لەناکاویان دەکرد، جا ئایا ئەگەر بیانەوێ پەلاماری حکومەتی کاتیی بدەن یان دژایەتی دوژمن بکەن لەسەر شەقامەکان، لەگەڵ

ئەم هەموو شتانەشدا فیرقەی ئوتومبیلی زریّ پۆشو فەرماندەکەی کە سەر بە بەلّشەفییەکان بوون، ئامادەنەبوون ئەم ئۆتۆمبیلانە بخەنە ژێر ڕکێفی هیچ کەسێکەوە بەبێ فرمانی لیژنەی ڕاپەڕاندن.

(کادیت) بەوپەڕی توانایانەوە لەهەولّی ئەوەدابوون کە هەمو کارێکی خوێناویو ناکۆکییەکان وەك تاوانێك بخەنە ئەستۆی بەلّشەفییەکان بەلاّم لیژنەیەکی تایبەتی لەئەنجومەنی سۆڤیەت بڕیارێکی وایدا کە شایستەی هەلّوەشاندنەوە نەبێ وتیایدا هاتووە کە دەستڕێژکردنی گوللەو تەقەکردن لەسەر شەقامەکەوە دەستی پێ نەکرد، بەلّکو لەپەنجەرەو دەرگای مالاّنەوە دەستی پێکردووەو لەڕۆژنامەکانیشدا ڕاگەیاندنێکی داواکاری گشتی(المدعی العام) بلاّوکراوەتەوە کە دەلّێت: "تەقەکردن کاری هەندێ لەکەسانی ناو ڕیزەکانی چینە نزمەکانی کۆمەلّ بووە، بەمەبەستی ئاژاوە نانەوەو پشێویو ڕەخساندنی دەرفەتی شیاو بۆکاری دزیو تالاّنیو شڕە خۆریی".

ئەو دوژمنایەتی کردنەی کە حیزبە سۆڤیەتییە فەرمانڕەواکان دژی بەلّشەفییەکان بەرپایان کردبوو نەگەیشتبووە ئاستی ئەو توندوتیژییەی کە دوای دوومانگ بەرپابوو، دوای ئەوە، پەردەیەك لەتاریکی بەسەر هەموو عەقلّو ویژدانەکاندا هەلّکشا. سەرلەنوێ دادگاقوت بووەوە، گەرچی لەچوارچێوە دێرینەکەی خۆیدا هەرمابوو، لەبەردەم شۆڕشدا ڕاست بووەوە، وێڕای ئەوەی ڕێی بەخۆی نەدەدا کە لەمانگی(نیسان) دا ڕێگەی(ئۆخرِنا)ی قەیسەری بەکاربهێنێ دژی چەپە توندڕەوەکان، هێرشەکەی(میلیۆکۆف)یش تێك شکێنرا. لەم هێلّەدا، بەبێ هیچ سەختیو ناڕەحەتییەك.

لیژنەی ناوەندی بالّی بەلّشەفییەکانی گرتە خۆی. لەڕۆژی(٢١)ی ئیپریل(نیسان)دا کە سۆڤیەت بەپێی ڕاوبۆچوونی خۆی ڕاست دەکات کە ڕێ لەخۆنیشاندان دەگرێو دەبێ قەدەغەکردنی لەوجۆرە بەبێ هیچ مەرجێك بەپێویست بزانرێ، بڕیاری لیژنەکەش کە بەم دروشمە دەستی پێکردبوو: ((بڕوخێ جکومەتی کاتیی)) دروشمێکی ڕاست نەبوو بۆئەم کاتە، چونکە لەباری ئەوەدابوو کە پێویستی بەدەستە بەرکردنو مسۆگەرکردنی جەماوەرێکی زۆرترو کەمتر هەبوو(واتە هۆشیارو ڕێکخراو) کە بەرگری لەپڕۆژەی





شۆڕشگێڕ بکات، جا ئەم دوروشمە یان تەنها ڕستەیەکە وەك هەرڕستەیەکی تر، یان بەجۆرە سەرکێشییەك دادەنرێ. بڕیاری لیژنەکە ئەم کارەی ئێستای بەڕەخنەیەك لەقەلّەمداو هەروەها وەك پروپاگەندەیە کیشی دانا بۆ ڕاکێشانی زۆرینەی سۆڤیەتاتەکان بەلای خۆیدا وەك سەرەتایەك بۆ گرتنە دەستی دەسەلاّت.

ئەم ڕاگەیاندنەش لەچاوی دوژمنو ناحەزاندا، وەك پاشگەزبونەوەیەکی سەرکردە کلّۆلّەکانو شکستەکان دادەنرێ یاخود وەك پەلەقاژەو هەولّێکی ئالّۆز بۆ خۆنواندن. بەلاّم خۆ هەلّوێستی بنەڕەتیانەی (لینین) دەزانین سەبارەت بەمەسەلەی دەسەلاّت کە چۆن چۆنی بووە. بەلاّم ئێستا (لینین) حیزب فێری ئەوە دەکات و پێی دەلّێ کە دەبێت چۆن چۆنی(بیرۆکەکانی ئیپریل ـ نیسان) جێ بەجێ بکات بەپێی ئەزموونی ڕوداوەکان.

(کامینیف) پێش(٣) ڕۆژ ڕایگەیاندبوو کە ((شادمانە بەوەی لەگەلّ مەنشەفیو سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان هاودەنگ بێتو دەنگ بدات لەسەر هەمان بڕیاری پەیوەست بەحکومەتی کاتییەوە. (ستالین)یش لەپەرەپێدانی بیرۆکەکەیدا بوو سەبارەت بە دابەشکردنی کار لەنێوان (کادیت)و بەلّشەفییەکاندا. ئای.... چەندە ئەم تێورو بیردۆزانە لەم ڕۆژگارەوە دوورن! )).

(ستالین) بۆدواجارو بۆ یەکەمجاریش دوای پەند وەرگرتن لەوانەکانی ڕۆژگاری ئیپریل ـ نیساندا گەیشتە دۆزینەوەی هەلّویستی دژ بەتیۆری(سەرپەرشتی کردن)ی وردی سەر حکومەتی کاتیی... وردە... وردە... بەپێدزە کردنێکی وریا دارانەوە وازی لەڕاوبۆچوونە تایبەتییەکەی خۆی هێنا کە تاکودوێنێ زۆر سوور بوولەسەری.

بەلاّم ئەم کارەیشی بۆ چووەسەر بەبێ ئەوەی هیچ کەسێ هەستی پێ بکات.

(لینین) لەوکۆنگرەیەدا کە بەپەلە دوای ڕۆژگارە پڕ لەترسو بیمەکان گیرا، پرسیاری لەناوەڕۆکی ئەو گیانی سەرکەشییە دەکرد کە لەسیاسەتی چەند ڕەگەزێکی حیزبدا هەبوو.

ئەم گیانەش ڕوونو ئاشکرا هەستی پێ دەکرا لە هەولّی کارە توندوتیژییەکاندا، کە وای لێهاتبوو ئیتر توندوتیژی شۆڕشگێڕانە جێی نەدەبووەوە.(لینین) لەم کۆنگرەیەدا، گوتی: "دەتوانین ئەو کەسە بڕۆخێنین کە گەل بەوە پێناسەی کردووە کە سیاسەتی

ستەمکارانە پەیڕەو دەکات، بەڵام لەم کاتەی ئێستادا، ستەمکاران نین، تۆپو چەکەکانیش بەدەستی سەربازانەوەن نەك بەدەستی سەرمایەداران. سەرمایەدارانیش بەهۆی توندوتیژییەوە ناتوانن زاڵ بن یان سەربکەون، بەڵکو دەتوانن ئەوەیان بەفێڵو تەڵەکە بکەن، ناشکرێ لەم کاتەدا، بانگەواز بۆتوندوتیژی بکەین. ئەوپەڕی ڕیسوایی‌و بێ نرخی بکەین... ئێمە دروشمی خۆنیشاندانی ئاشتییانەمان بەرزکردبووە. دەشمانەوێ تەنها کاری ئاشتییانە بکەین، بۆزانینی هێزی ناحەزو دوژمنان، بەڵام ناشمانەوێ بچینەوە جەنگەوە، گەرچی لیژنەی پترۆگراد هەندێ توندوتیژی دەست دەداتێ، ئیتر لەدروشمی ڕاستی((بژی سۆڤیەتان!))ە وە دروشمی هەڵەو ناڕاستی تر لەدایك بوون، وەك: ((بڕۆخی حکومەتی کاتیی!)) توندوتیژی بەلای چەپدا لەکاتی کارکردندن گونجاونییە، ئێمە ئەو توندوتیژییە بەتاوانێکی زۆر گەورە لەقەڵەم دەدەین، وەك تاوانی پەرتەوازە کردن)).

ئێستا دەپرسین: ((پشتیوانی ڕوداوە پڕ لەکارەساتەکانی شۆڕش کامەیە؟ بریتییە لەگۆڕانکاری لەتەرازووی هێزەکاندا ئەی هۆکارەکەی چییە؟

لەبنەڕەتدا دڵە ڕاوکێی چینەناوەنجییەکان دەستی پێکرد، لەگەڵ چینەکانی جوتیاران، بۆرجوازە بچکۆلەکان، سوپا، ئەوسا جیاوازی نێوان بەڵشەفییەکان‌و ئیمپریالەکانی(کادیت) زۆر ڕوون‌و بەرچاوبوو.

ئەم لەرینەوەیەش بەدوو ئاڕاستەی جیاواز بەرپابوو لەیەك کاتدا.

نوێنەرایەتیکردنی سیاسییانەی بۆرجوازییەتی بچوك‌و لوتکەکانی دەسەڵاتی‌و سەرکردە تەوفیقییەکان ئارەزوویان بەلای چەپدا دەبزوا، بەلای بۆرجوازییەتدا.

جەماوەری چەوساوەش بەپێچەوانەوە تین‌و تەکانیان بەخۆدەدا بەرەولای چەپ. ئەم وروژان‌و تەکانە جەماوەرییەش سنوردار بوو بەکۆمەڵێ خۆگرییەوە(لینین) یەك شتی موحافیزکارانەی دانا لەکاتێکدا کە عەقڵییەتی سەرکەشیانە هێرشیان دەست پێکرد ـ ئەو عەقڵییەتەی کە لەسەرکردەکانی ڕێکخستی پیرۆگراددا دەرکەوت ـ (لینین) لەوبارەیەوە گوتی: "ئەگەر چینە ناوەنجییەکان بەشێوەیەکی ڕاست‌و دروست هاتنە پاڵ ئێمە، بەتۆکمەیی‌و خواستی پۆلاییینییانەوە، نەك بەنەرمی‌و خاوی، ئەوا ئەوسا کە ئێمەش بۆیەك ساتیش دوودڵ نابین لەڕاونان‌و دەرکردنی حکومەتەکەی کۆشکی(ماری)، بەڵام تا





ئێستا نەگەیشتوینەتە ئەم بارو ئاستە، خۆ ئەو قەیرانی(ئیپریل ـ نیسان)ەی کە لەسەر شەقامەکانەوە دەرکەوت‌و پەیدابوو((نەیەکەم گۆڕانکارییە بەسەر بەرەی بۆرجوازییەتی بچوك‌و نیمچە پڕۆلیتاریداو نەدواهەمین گۆڕانکارییشە))، تاکو ئێستاو ئەم کاتەش کارەکەمان بریتییە لە((ڕاڤەکردن بەوپەڕی خۆڕاگرییەوە)).

دەبێ بزافی جەماوەری داهاتوو بەم شێوەیە ئامادە بکەین: کە قوڵتر لە مەسەلەکان تێبگەن (قووڵ بینی)، زیاتر هۆشیاربن، تاکو بێنە پاڵ ئێمە.

هاتنی پڕۆلیتاریاو گۆڕینی بەلای بەڵشەفییەتدا، لەمانگی ئیپریل ـ نیساندا سروشتێکی زۆر ڕوون‌و بەرچاوی وەرگرت، کرێکاران خۆیان دەدایە دەست لیژنەکانی حیزب‌و پرسیاریان لەبارەی گواستنەوەی خۆیانەوە دەکرد کە چۆن چۆنی لەحیزبی مەنشەفییەوە دێنە حیزبی بەڵشەفییەوەو نوێنەرەکانیشیان دەستیانکردبوو بەپرسیارکردن دەربارەی سیاسەتی دەرەوەی حیزب‌و هەڵوێستی ئەمان سەبارەت بەجەنگ، دەسەڵاتی جووت ڕوو، ئازوقەو لەئەنجامی ئەم تاقیکردنەوانەدا بەڵشەفییەکان وەك نوێنەری حیزبی سۆسیالیتی ـ شۆڕشگێڕیان لێ هاتبوو، یان وەك نوێنەرێکی حیزبی مەنشەفی، تاکو ئەمانە ببن بەنوێنەری کرێکاران. وردە... هەڵوێستی یەکلاکەرەوە بەلای سۆڤیەتانی زیندوودا وەردەگیراو خەڵکی لای لێ دەکردنەوە، لەوڕوانگەیەوە کە ئەمانە لەهەموویان زیاتر لەکارگەکانەوە نزیکن، بەڵشەفییەکانیش لەکۆتایی مانگی ئیپریل ـ نیساندا کاتێك بەخۆیانزانی بەیەکجاری بوونەتە زۆرینەی ناو سۆڤیەتانی(فیبۆرغ)و (فاسلیفسکی)و (ئۆسترۆف)و (نارفا) ئەم زۆرینەیەش مانایەکی گەورەی دەدا بەدەستەوە، بەڵام ئەندامانی لیژنەی ڕاپەڕاندن، کە سەرقاڵی سیاسەتی باڵا بوون، ئەم دیاردەیە یان بەچاوبەستێك هاتە بەرچاو کە بەرەنجامی ئەو شێوایەیە کە بەلشەفییەکان لەگەڕەکە کرێکارنیشینەکاندا ناویانەتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا، ناحییەکان کەوتنە گوشار خستنە سەر مەڵبەندی سەرەکی(مرکز) ئەمەش بەڕونی‌و ئاشکرایی دیار بوو، هێرشەکان لەکارگەکانەوە دەستیان پێکرد. بەچاوپۆشی لەلیژنەی پترۆگراد هەڵمەتێکی بەهێزو بەرهەمدارو پڕدەستکەوت دەستی پێکرد بۆ نوێکردنەوەی نوێنەرانی کرێکارانی پایتەخت لەسۆڤییەت. (سۆخانۆف) وای

مەزنە کردبوو کە بەلشەفییەکان لەسەرەتای مانگی مایۆ(ئایار)دا، سێ یەکی پرۆلیتاریای پترۆگرادیان لەگەڵدا بووە.بە هەرحاڵ، بەلشەفییەکان کەمتر لەسێ یەکیان لەگەڵدا نەبوو، بەڵام ئەم سێ یەکە زۆر چالاك‌و کارابوون، لەوساتەدا هێڵەکانی جەنگی(مارس) کاڵ دەبونەوەو دەپوکانەوەو نەدەمان، هاوکات هێڵی نەخشەو ئاراستە سیاسییەکان دروست دەبوون‌و بیردۆزەکانی(لینین) لەگەڕەکەکانی پترۆگراددا بەرجەستە دەبوون.

هەر هەنگاوێك کە شۆڕش بەرەو پێشەوە دەینا، بەهۆی هاندان‌و دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی جەماوەرەوە بوو، ئەم دەست تێوەردانەش لەلایەن حیزبە سۆڤیەتییەکانەوە پێشبینی نەکرابوو، تەنانەت دوای ڕاپەڕینەکەی(فێبرایر)یش، کاتێك سەربازو کرێکاران بەبێ ئەوەی داوای هیچ کەسێ بکەن دەسەڵاتی پاشایەتیان ڕوخاند، سەرکردەکانی لیژنەی ڕاپەڕاندن بۆیان دەرکەوت کە ڕۆڵی جەماوەر هیچی پێ ناکرێ. بەڵام ئەم سەرکردانە لەم بوارەدا بەهەڵەیەکی گەورەدا چوون، چونکە هەرگیز جەماوەر نیازی وا نەبووە کە تەختەی ڕۆڵی شانۆیی خۆی وازلێ بهێنێ نەلەپێشەوەو نەلەسەرەتای مانگی(مارس) ئازاریشەوە کە لەم ماوەیەدا هەڵمەتی خۆی دەست پێکرد بۆ بەدەست هێنانی هەشت کاتژمێرکار لەڕۆژێکدا، بەم کارەیان کرێکارن سازشی سەرمایەدارانیان ڕاکێشایەوەو ڕازی نەبوون بەوە، گەرچی لەوکاتەدا لەژێر گوشاری مەنشەفی‌و سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکانیشدا بوون، ئەنجومەنی سۆڤیەت ناچار بوو ئەم سەرکەوتنە تۆمار بکات بەبێ ئەو، دژی ئەو خۆنیشاندانەکەی(ئیپریل ـ نیسان)یش چاکسازی دووەمی بەدوای خۆیدا هێنا لە هەمان چەشنی خۆیدا، هەموو خۆنیشاندانێك لەخۆنیشاندانە جەماوەرییەکان، هۆشیار کردنەوەیەك بوو بۆ سەرکرادایەتی ـ بەچاو پۆشیکردن لەئامانجە ڕاستەوخۆیەکەی ـ هۆشیارکردنەوەش لەخراپترین باریشیدا ڕاستکردنەوەیەکە، دوای ئەمەش جەماوەر زیاتر چاوی کرایەوەو وریاو ئازاتر بوو، لە(مانگی تەموز) دا وریاکردنەوەکان بوون بەهەڕەشە، کۆتاییەکەیشی لە ئۆکتۆبەردا بوو.





جەماوەر لەهەموو چرکە ساتە تەنگانەکاندا وەك((هێزێکی یەکەمی)) دەستی وەرداوەتە کاروبارەکان، ملکەچیش بووە، بەمانایەکی تر، ملکەچ بووە بۆ دەرەنجامە تایبەتییەکانی خۆی کە دەستی کەوتووە لەئەنجامی ئەزمونی سیاسییانەی خۆی‌و ئەو سەرکردانەی کە تاکو ئێستاش دانی پێدا نابێت لایەنی فەرمییەوە. جەماوەر ئەو بەرەنجام‌و دەستکەوتانەی خۆی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەخاتە قالبی کارەوە، واتە بەزمانی کردەوە دەیانسەلمێنێ، دوای ئەوەی ئەم ڕەگەزانە، یان ڕەگەزەکانی تری ئاژاوەو گێچەڵ هەرس دەکات، بەلشەفییەکانیش وەك حیزبێك، تائێستاش نایانەوێ دەست بەهەڵمەت‌و هێرشێك بکەن لەپێناوی هێنانەدی دیاریکردنی هەشت کاتژمێرکار، هەرگیز بەلشەفییەکان جەماوەریان بانگ نەکردووە بۆ خۆنیشاندانەکەی مانگی ئیپریل ـ نیسان، دواتر جەماوەری چەکداریشیان هەربانگ نەکردووە بۆ ئەوەی دابارانە سەرشەقامەکان لەمانگی(تەموز)دا، یان لەئۆکتۆبەر(تشرینی یەکەم)دا، بەڵکو تەنها حیزب بەردەوام بووە لەوەدا کە پێشکەوتووبێ لەسەرکردایەتی جەماوەردا نەك بۆ ئەوەی خۆنیشان بکەن، بەڵکو لەپێناوی هێنانەدی ڕاپەڕیندا..

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

# سازینی یەکەم

وێڕای هەموو تیۆرو ڕاگەیاندنو دروشمە فەرمییەکان، دەسەڵات بە دەستی حکومەتی کاتییەوە نەمابوو، تەنها لەلایەنی تیۆرییەوە نەبێ.

(واتا تەنها بەناو حکومەت دەسەڵاتداربوو)، شۆڕشیش وێڕای ئەو بەرگرییە دیموکراتییەی کە بانگەشەی بۆ دەکرا، بەرەوپێشەوە دەچوو، جەماوەری نوێی هان دەدا. کە پشتگیری هەڵوێستی سۆڤیەتانیان دەکرد، کرێکارانی چەکدار دەکرد.

شۆڕش ئەم هەمووشتانەی دەکرد، ئەگەر لەسنورو چوارچێوەیەکی دیاریکراویشدا بووبێتن. چاودێرە حکومییە لادێییەکانیش دەرکران، لەگەڵ ئەندامانی((لیژنەکانی کاری کۆمەڵایەتی))دا کە لەوانەوە نزیك بوونو بەزۆریش نوێنەرانی ڕێکخستنە بۆرجوازییەکان کاریان تێدا دەکرد، ئەم دەرکردنانەش بەفرمانێکی ئەنجومەنی سۆڤیەتان بوو بەبێ ئەوەی ئەنجومەنەکە ئەرك بکێشێو خۆی ماندو بکاتو نارەحەتی بێتەڕێ. کاتێکیش کرێکرانی سەربەدەسەڵاتی (ناوەندی)کەللەڕەقییان بکردایە بەرانبەر بەبڕیارەکە، ئەواکێشەو ناکۆکی ترسناکی لێ دەکەوتەوە.

چاودێرەکان ئەنجومەنە خۆجێییەکانیان بەوە تاوان باردەکرد کە دەسەڵاتی مەرکەزیان فەرامۆش کردووە، ئیتر پەسلانی[218] ڕۆژنامە بۆرجوازییەکان هاتە پێشەوەو دەمیان هێنایە پێشەوەو بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە کرۆنشتادت، شلۆسلۆرغ، ستارتیزین لەڕوسیا جیابوونەتەوەو بوونەتە کۆماری سەربەخۆ، سۆڤیەتاتە ناوخۆییەکان نارەزاییان بەرانبەر بەم سوکایەتیانە دەردەبڕی، کە وەزیرەکانی وروژاندبوو، گازندەیان دەکرد، وەزیرە سۆسیالیستەکانی ناوحکومەت کەوتنە ئەنجامدانی گەڕان بەوڵاتانداو سکاڵایان دەکرد، شکاتیان دەکرد، هەڕەشەیان دەکردو پاکانەی هەڵوێستی خۆیان دەکرد لەبەرامبەر بۆرجوازییەتدا. بەڵام بەم هەموو شتانە تەرازوەکانی هێز ڕاستو هاوسەنگ نەکرانەوە، بگرە ئەم گەڕانو وڵات بەسەرکردنەوانە زیاتر بوونەتە مایەی ئاشکراکردنی ئەو پەرەسەندنانەی لەهەموو وڵاتاندا بەدی دەکران.

(٢١٨) پەسلان: قیامە.





مەکتەبی بیرو هۆشیاری

سۆڤیەتاتەکان گۆڕان بۆ دامودەزگای کارگێڕی دوای ئەوەی جاران لەخراپترین بارياندا دەزگای سەرپەرستی بوون. ئەم سۆڤیەتاتانە، هەرگیز پابەند نەبوون بەهیچ تیۆرێکی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە، چوونە سەرکاری دەست تێوەردانی بەڕێوەبردنی سوپاو ململانێو کێشە ناکۆکییە ئابورییەکانو مەسەلەی ئازوقەو گواستنەوە، تەنانەت دەستی وەردایە ناو کاروباری یاساییشەوە، سۆڤیەتات مەراسیمی دیاری کردنی هەشت کاتژمێر کارکردنی ڕۆژانەی کرێکارانیشی لەژێر گوشاری کرێکاراندا دەرکردو خۆی ڕزگار کرد لەو کارگێڕانەی لەکۆنەپەرستی خۆیاندا نقوم بوبوون، ئەو چاودێرو کاربەدەستە حکومییانەش لەسەرکار لابرانو دابڕکران کە بەرگەی کاروبارەکەیان نەدەگرت، کەوتە گرتنی خەڵکی و دەست بەسەرکردنیان، ڕۆژنامە دژوارەکان داخران، سۆڤیەتانی خۆجێی کەوتنەسەر سیاسەتی دیاری کردنی نرخەکانو ڕێگرتن لەکردنە دەرەوەی کەرەسە یەدەگەکان لەمادەو کەرەسە پێویستەکانو سیاسەتی بردنە دەرەوەو دەست بەسەردا گرتن، ئەمانەش هەموویان لەژێر گوشاری گرانیو نارەحەتی دابینکردنی ئازوقەدا ڕوویاندا، کە سات لەدوای سات لەزیادبووندا بوو بەهۆی کەمی کەلوپەلی پێویستو مادەی خۆراکیو گرانی و قاتو قڕی، لەسەروو هەموو ئەمانەیشەوە لەژوورسەری سۆڤیەتاتدا مەنشەفیو سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ هەبوون کە بەڕقوقینەوە دروشمە مەنشەفییەکەیان ڕەت دەکردەوە کە دەڵێت: ((هەموو دەسەڵاتێك بۆ سۆڤییەتاتە)) ئەو چالاکییەی کە سۆڤیەتی تەفلیس لەناوجەرگەی (جیرۆنید)دا دەیکرد وەك کارێکی گەورە دەرکەوت، لەم بارەیەوە، ئەم(جیرۆند)ەش چەند سەرکردەیەکی بەشۆڕشی فیبرایر بەخشی کە بەتوانابوون لەنمونەی ئەوانەش(تیسرتیلی) و(تەشخیدزە)، دواتر بوژاندنییەوە کاتێك دوایین هێزی خۆیان لە(پیرۆگراد)دا دەرخست. سۆڤیەتی (تەفلیس)، خودی خۆیشی لەژێرڕکێفی دەسەڵاتی سەرکردایەتی (جۆردانیا)دا دۆزیەوە کە دواتر بوونە سەرکردەی(جۆرجیا)ی سەربەخۆ، ئەم ئەنجومەنە ناچاربوو لەهەموو هەنگاوێکیدا پەیڕەوی بنەماکانی ئەو حیزبی مەنشەفییە بکات کە لەناو خۆیدا خاوەنی زۆرینەبوو، هەروەها وەك دەسەڵاتێکی فەرمی کاری دەکرد، ئەنجومەنی شۆڤیەت تەفلیس، دەستی گرت بەسەر چاپخانەیەکی تایبەتیدا بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی

خۆی، هەروەها کەوتە گرتنی خەڵکیو دادوەرو دادگا سیاسیەکانیشی خستە ژێردەستی خۆیەوە لای لەنانی خۆراك کردەوە، باجی دانا لەسەر مادە خۆراکیو کەرەسە پێویستەکان، هەر لەڕۆژانی یەکەمییەوە جیاوازیو ناکۆکی کەوتە نێوان بیروبڕوای فەرمیو ڕوداوە واقعییەکانو ئەم ناکۆکییانەش لەمانگی(ئازار)و (نیسان)دا بەتەواوەتی زیادیان کرد.

لەپترۆگراددا بەلایەنی کەمەوە چاودێری ڕەوتی ئاسایی جموجوڵ دەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا وامانبینی کە ئەو حاڵەتە درێژەی نەکێشاو بەردەوام نەبوو.

ڕۆژگارەکانی (ئیپریل) نیسانیش بەڕێکوپێکی کە گومان هەڵناگرێ سەلماندیان کە حکومەتی کاتیی دەستەوەستان بووەو پایتەختیش پشتیوانییەکی گەورەی لەوبارەیەوە بەخۆیەوە نەدیبوو. حکومەتیش لە دە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی ئیپریل (نیسان)دا دەپوکایەوەو دەکوژایەوە، (ستانکیفیتش) ڕایگەیاند کە:(((کرنسکی) بەترسو دوودڵییەوە ڕایگەیاندووە کە حکومەت هەر بوونیشی نەماوەو لەجیاتی ئەوەی حکومەتە کە بەشێوەیەکی چاکتر کاربکات، کەچی ئەندامەکانی خەریکی ڕاوێژکاری بوون سەبارەت بەبارودۆخی تایبەتی حکومەت)) دەتوانین بڵێین: ئەم حکومەتە بەچەند قەیرانێکی نارەحەتدا تێپەڕی کردووە لەکاتە پڕلە تەنگانەکانی سەرەڕێداو درێژەی کێشا تاکو ڕۆژانی مانگی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)، حکومەتەکە تەنها لەو کاتانەدا بوونی هەبوو کە دەکەوێتە ناوەڕاستی  قەیرانە جۆراوجۆرەکانەوە، لەبەرئەوەی (ئەندامەکانی ئەم حکومەتەش خەریکی ڕاوێژبوون لەنێوان خۆیاندا دەبارەی بارودۆخە تایبەتیەکەی حکومەتە کە) بەشێوەیەکی بەردەوام، لەبەر ئەمەکاتی تەواو لەبەردەمی حکومەتدانەبوو تاکولا لەکاروباری وڵات بکاتەوەو بایەخ بەکاروباری وڵات بدات.

دەتوانین لەڕووی تیۆرییەوە دەرچەی خۆ ڕزگارکردنی سێ قەیران وێنا بکەین، کە لەئەزمونێکی گشتی (پرۆڤە) بەولاوە هیچی ترنین بۆ جەنگەکانی داهاتوو: یان دەبێ دەسەڵاتی تەواوەتی بدرێتەوە بە بۆرجوازییەت، بەڵام بۆی نەکراو پوکایەوە، یان دەبێ دەسەڵات بەتەواوەتی بدرێتە دەست سۆڤیەتات: ئەم ئەگەرەشیان دەکرێ زۆر بەئاسانی





بێتەدی، بەبێ ئەوەی هیچ جەنگێکی ناوخۆییشی لێ بکەوێتەوە، تەنها بەدەنگدان، توانای ئەم کارەشی بەتەواوەتی لەبەردەستایە، بەڵام تەوفیقییەکان ئەوەیان نەدەویست.

جەماوەریش متمانەیان بەتەوفیقییەکان هەبوو، گەرچی ئەم متمانەیەش دوچاری شۆك بوون هات. بەم جۆرە، هەردوو دەرچەکانی ڕزگاربوون ـ لەوقەیرانە ـ کە دەرچەی سەرەکی بوون لەهێڵی بۆرجوازیو هێڵی پرۆلیتاریدا داخران، تەنها یەك ڕێگەی دەربازبوونی نیمچە دڵنیامابوو، هەموو بەشەکانیشی دیارو بەر چاو بوون، ئەمیش بریتی بوو لەدەرچەی ڕێك کردنەوەی ترسنۆکیو پشتی بەستبوو بەچارەسەرێکی مام ناوەندی، ئەمەش بەسازین(ائتلاف) ناودەبرا.

سۆسیالیستەکانیش لەکۆتایی مانگی ئیپریل(نیسان)دا هەر بیریشیان لە(ئیئتیلاف) نەکردبویەوە: ئەم کەسانە، پێشتر هیچ نەبوون، لیژنەی ڕاپەڕاندن دەسەڵاتی جوت ڕووی ئێستای گۆڕی بەپێی ئەو بڕیاەی دەریکردبوو لە(٢١)ی نیساندا بۆ بنەمای دەستوری لەڕووی فەرمییەوە. بەڵام کونەپەپووی[٢١٩] حیکمەت ئەم جارەشیان زۆر دڕەنگ دای لەشەقەی باڵ: لێبڕانو خۆتەرخانکردنی یاسایی بۆ ئەو جووت ڕووییەی کە لەمانگی مارسدا متمانەی زیاتری پەیدا کردبوو بۆ پاشاو پەیامبەران ـ لەکاتێکدا کە ئەم جۆرە تەقینەوەیەی ڕووبەڕووبوەوە لەژێر گوشاری جەماوەردا.  سۆسیالیستەکانیش لەهەوڵی ئەوەدابوون کە چاو بنوقێنین لەئاستی ئەوەدا، نەبادا چاویان پێی بکەوێ، (میلیۆکۆف) وا دەگێڕێتەوە کە (تسیریتلی) زۆر بەئاشکرایی ڕایگەیاند کاتێك حکومەت مەسەلەی ئیئتیلافی خستەڕوو، ناوبراو گوتی: ئەو سیفەتە چییە کە لەهاتنە ناوەوەی ئێمە بۆ ناو وەزارەتەکەتاندا بەدی دەکەن؟ جا ئەگەر کارئاسانی نەکەن ئەوا لەکۆتاییدا هەرناچار دەبین لەو وەزارەتە بچینە دەرەوە بەهاوارو دەمەبۆڵەوە)).

((تسیریتلی)) هەوڵی ترساندنی لیبڕالییەکانی دەداو گفتی ڕوداوە پڕ لەهەراو دەنگە دەنگو ناکۆکییەکانی دەدانێ.

---

[٢١٩] کونە پەپوو: کونەبەبوو: کوندەپەپوو: ئەم باڵندەیەلای یۆنانیەکان هێمای حیکمەتو ژیری بووە.
(دوو وەرگێڕە عەرەبیەکە)

مەنشەفییەکان پشتیان بەستبوو بەهەمان بەرژەوەندییە بۆرجوازییەکان. تاکو بیانوی پاکانەکردنی سیاسەتەکەی خۆیان بکەن، ئەمەش پیشەی هەمیشەیی خۆیان بووە، بەڵام تازە تالاّو گەیشتبووە قورقوڕاگەیان،(کرنسکی)یش ویستی لیژنەی ڕاپەڕاندن چاوترسێن بکات کاتێك ڕایگەیاندو گوتی: "ئەمڕۆ حکومەت لەبارودۆخێکدا خۆی دەبینێتەوە کە ناکرێ بەرگرێ لێ بکات، پروپاگەندەکانی دەست لەکارکێشانەوە کانیش لەئەنجامی هیچ موناوەرەیەکی سیاسییەوە نییە)).

هاوکات دائیرە بۆرجوازەکانیش لەسەر گوشار بەردەوام بوون، دۆمای شاری مۆسکۆشی دەنگی دابوو بۆ بڕیارێك کە پشتگیری لەپێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافی دەکرد، کاتێك بەتەواوەتی زەمینە شیاوی ئەوە بوو، ئیتر حکومەتی کاتیی لەڕۆژی (٢٨)ی نیساندا و لەبلاّوکراوەیەکی تایبەتدا پێویست بوونی هاوکاریو پشتیوانیکردنی بەئاشکرا دەربڕی سەبارەت بەکاروباری دەوڵەتو ناوزەدی کرد بە((هێزی بەتواناو چالاکی ولاّت، کە تاکو ئێستا بەشدارنەبوون لەبنیاتناندا)) بەم جۆرە مەسەلەکە زۆر بەڕاشکاوی خرایەڕوو.

سەرەڕای ئەم هەمووشتانە، ڕای گشتی بەهەندێ هێزو توانایەوە ببووە کۆسپ لەبەردەم پێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافیداو ناڕازی بوو، لەکۆتایی ئیپریل(نیسان)دا، بەشداریکردنی سۆسیالیستەکان لەو حکومەتەدا ڕەت کرایەوە لەلایەن سۆڤیەتاتی (مۆسکۆ)و (تفلیس)و (ئۆدیسا)و (ئیکاسیری یەنبۆرغ) و (نۆفۆغۆرد)و (تفیر)و سۆڤیەتاتەکانی ترەوە، بەڕوونو ئاشکرایی نیازو مەبەستەکانی سۆڤیەتات لەلایەن یەکێك لەسەرکردە مەنشەفییەکانەوە لەمۆسکۆ ڕوون کرایەوە، کاتێك گوتی: "ئەگەر سۆسیالیستەکان بەشداری لەو حکومەتەدا بکەن ئەوا کەس نامێنێتەوە کە جەماوەر ئاڕاستە بکات ((لەسنورێکی دیاری کراودا)) دیارە ئەوە کارێکی زەحمەتە کە قەناعەت بەکرێکارانو سەربازان بکرێ کە ئەم پاڵنەرە دژی ئەوانە بخرێتە گەڕ، ئەوجەماوەرەی کە تا ئێستاش بەتەواوەتی قەناعەتی بەوە نەکردوە کە دوای مەنشەفییەکان بکەوێ دەبێ هەر هەموویان شوێن سۆسیالیستەکان بکەون لەحکومەتدا، جەماوەریش نەیدەزانی کە بەشداریکردنی سۆسیالیستەکان لەپێکهێنانی حکومەتدا لەگەڵ بۆرجوازەکاندا پێی





دەگوترێ(ئیئتیلاف) بۆرجوازییەت دەیویست لەودیو سۆسیالیستەکانەوە کاربکات دژی گەل، سەربازانی ئۆردوگاکانیش بەشێوەی جیا جیا(ئیئتیلاف)یان دەهاتە بەرچاو، کە زۆر جیاوازتربوون لەوشێوانەی لەکۆشکی(ماری)دا هەبوو، جەماوەریش خوازیاری ئەوە بووکە بەهۆی سۆسیالیستەکانەوە بتوانن بۆرجوازییەت لەحکومەت بکەنە دەرەوە.

بەم جۆرە، دووگوشار بە دوو ئاڕاستەی پێچەوانەوە لەکاردابوون، هەردوکیان لەیەکێك لەساتەکاندا دەبوونەوە بەیەك گوشار لەپترۆگرادیش کۆمەڵێ یەکەی سەربازی پشتیوانی خۆیان بۆ هێنانە سەرکاری حکومەتی ئیئتیلافی دەربڕی، لەوانە فیرقەی ئۆتۆمبیلی زریێ پۆش کە سۆزیان بەلای بەلّشەفییەکاندا دەجولاّ. ناوچەی پترۆگراد، بەزۆرینەی دەنگ پشتیوانیان لەم بنەمایەکرد. بیرۆکەی(ئیئتیلاف)یش پێشتر ناوەندە سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکانی گرتبووەوە. بەڵام تەنها لەیەك شت دەترسان، ئەویش ئەوەبوو کە بەبێ بەشداری مەنشەفییەکان ئەمان بەشداری بکەن. لەدواجاردا سوپاش پشتگیری لە ئیئتیلاف کرد.تەنانەت یەکێ لەنوێنەرایەتی سوپا لەدواییدا لە کۆنگرەی سۆڤیەتاتدا لەمانگی یۆلیۆ (حوزەیران) دا، هەڵوێستی بەرەکانی سوپای بە چەند وشەیەك گوزارشت لێ کردو گوتی: ((ئێمە لەو باوەڕەدابوین کە پیرۆگراد ئەوسکالاّیەی گوێ لێ بووە کە لەلایەن سوپاوە کرابوو، کاتێك زانی کە سۆسیالیستەکان نایانەوێ بێنە ئەو حکومەتەوەو کارەکەیان ڕەت کردەوە بەهاوبەشی لەگەڵ ئەوکەسانەی کە متمانەیان پێیان نەبوو، هاوکات سوپا ناچار بوو بەرەو مەرگ بچێت لەگەڵ ئەوکەساندا کە متمانەی پێیان نییە)).

جەنگ لەم مەسەلەیەدا، هەروەکو لەمەسەلەکانی تریشدا بایەخێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو. سۆسیالیستەکان ئامادەبوون بۆ دەستی بە دەستی پێکردنو خۆخاو کردنەوە سەبارەت بەجەنگو هەروەها سەبارەت بەدەسەلاّتیش بەمەبەستی قۆستنەوەی کات، بەڵام جەنگ چاوەڕوانی نازانێ، هەروەها هاوپەیمانانیش هەرنایزانن. بەرەی سوپا نایەوێ چی تر لە چاوەڕوانیدا بێت.

نوێنەرانی بەرەکانی سوپا لەماوەی قەیرانی حکومیدا هاتنە سەردانی بارەگاکانی لیژنەی ڕاپەڕاندنو ئەم پرسیارەیان ئاڕاستەی سەرکردەکانیان کرد: ئایا جەنگ دەکەین

یان نا...؟ وەڵامێکمان دەوێ(بەڵێ) بێ یاخود(نەخێر) زۆربەی وەڵامەکان بێ دەنگی بوو. هەمان پرسیار پێشتر لەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەکانیشەوە کرابوو، بەزمانێك کە هەندێ هەڕەشەشی پێوەدیاربوو.

هێرشەکەی ئیپریل(نیسان) لەسەر بەرەی خۆرئاوای هاوپەیمانان زۆر کەوتبوو. هیچ ئەنجامێکیشی بەدەستەوە نەدابوو، جۆرە ڕاڕاییەك کەوتبووە ناو سوپای فەڕەنساوە لەژێرکاریگەری سوپای ڕوسیادا. خودی هێرشە کەشیان پوکاندەوە، ئەوهێرشەی گەلێك لەخواستو ئاواتەکانی خۆیان لەسەر هەڵچنی بوو.

سوپای فەڕەنسی، بەپێی دەربڕینەکەی(مارشاڵ بیتان) لەژێردەستدا دەچەمایەوە، حکومەتی فەڕەنسی پێویستی بەهێرشێکی سوپای ڕوسی هەبوو، تاکو ئەو پەرەسەندنە بوەستێنێ کە مەترسییەکی زۆری لەناخی خۆیدا حەشاردابوو، لەوهێرشەی کە پەیمانو گفتی ڕودانی پێدرابوو، بەلایەنی کەمیەوە... جگە لەو ئاسودەبوونە جەستەیی‌و ماددیەی کە لەوانەیە لەئەنجامدا دەستی بکەوێ، هاوکات واپێویست بوو کە تا دەتوانرێ بەخێرایی خەرمانەی ئاشتی شۆڕشی ڕوسی بڕەوێنرێتەوە. مراندنی هەموو ئاواتی ناخی سەربازە فەرەنسییەکان سەبارەت بەئاشتی. تێوەگلانی شۆڕشی ڕوسی بەخوێناوی جەنگ‌و ئاڕاستەکردنی بەلای مەترسی گەورەدا، وای لێ بکات کە هاوبەش بێ لەو تاوانە گەورانەی دەوڵەتانی هاوپەیمان کردویانە، ناشرین کردن‌و پیس کردنی ئاڵای ئەو ڕاپەڕینەی کرێکارو سەربازان کردبوویانە بەخوێنی قەسابخانەی ئیمپریالی‌و گۆلاوە خوێنەکانی.

هەموو تواناکانی خستەگەڕ بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستە، نەبێ سۆسیالیستە ـ نیشتمانییەکانیش لەڕیزی هەرەدواوەی ئەم هێزانەدابن کە بووبوون بەپاشکۆی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان، ئەوەبوو زۆربەیان وەك تاقیکردنەوەیەکی گرنگ ڕەوانەکران بۆ ڕوسیای شۆڕشگێڕ بەشێوەی فەرمی گەیشتنە ئەو ڕوسیایەی کە بۆی ڕەوانەکرابوون‌و جوانترین جلوبەرگیشیان پۆشی بوو، ویژدانیان زۆر ئاسودەبوو، زمانیان بەوشەی پاراو دەکردەوە. (سۆخانۆف) نوسیبووی: ((سۆسیالیستە ـ نیشتمانییە گەڕاوەکان لەهەندەرانەوە بەقۆڵ‌و باڵی کراوەوە پێشوازیان لێ کرا، ... تەنانەت (برانتینغ‌و کاشین‌و ئۆغریدی‌و دۆبرۆو





کیر)و ئەوانی تریش وا هەستیان دەکرد لەناو برادەرانی خۆیاندان و لەپاڵ حکومەتەکەی ئێمەدا بەرەیەکیشیان پێك هێنا دژی سۆڤیەت ـ بەرەیەکی یەکگرتوو)) دەبێ دان بەوەشا بنێین کە سۆڤیەتی کار ئاسانکەر ـ بۆ ئەوان ـ هیچ کاتێ ئاسودە نەبووە بەبوونی ئەم جۆرە کەسانە لەوڵاتدا.

*　　*　　*

سۆسیالیستەکانی ناو هاوپەیمانان وەڵامی بەرەکانیان دایەوەو بەناویاندا دەگەڕان. (فاندرفێڵد) نووسیبووی: ((جەنەڕاڵ کیسیف هەموو شتێکی دەکرد لەپێناوی ئەوەدا تاکو تواناکانی ئێمەش بچنە پاڵ توانای ئەو کەسانەوە کە پێشتر ئامادەکرابوون بۆ ئامادەکردنی مەعنەویانەی هێرش کردن لەنوێنەرانی دەریاوانەکانی دەریای ڕەش، وەکو: کرنسکی‌و ئەلبێرتۆماس)). بەم جۆرە، سەرۆکی ئومەمییەتی دووەم‌و سەرۆکی دەزگای ئەرکانی نیقۆلای دووەمی پێشوو، زمانی هاوبەشیان هەیە لەخەبات‌و هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بەنمونەی هەرە باڵاو درەوشاوەی دیموکراتییەت، (ڕۆنۆدیل)یش کە یەکێك لەسەرکردە سۆسیالیستە فەرەنسییەکان بوو توانی کە بەبێ پێچ‌وپەنا زۆر بەڕاشکاوانە بڵێ: ((ئێستا بەبێ ئەوەی ڕوومان لەشەرمەزاریدا زەردو سوور هەڵگەڕێ دەتوانین قسە بکەین‌و جەنگ بەڕەوا بزانین)) مرۆڤایەتیش دوای سێ ساڵ لەدەستی پێکردن‌و داخستن، بۆی دەرکەوت کە ئەم کەسانە پاڵنەرێکیان هەبوو ـ پێشتر ـ بۆ زەرد هەڵگەڕانی ڕەنگ‌و ڕوویان.

دواجار لە(١)ی مایۆ (ئایار)دا، لیژنەی ڕاپەڕاندن بڕیاریدا کە بەشداری لەو حکومەتە ئیئتیلافییەدا بکات، دوای تێپەڕاندنی هەموو هەنگاوە شلۆق‌و پڕ لەڕاڕاییەکانی کە دەکرێ بەهەموو شێوەیەك ئەو قۆناغانە وێنا بکەین. بڕیارەکەش بەزۆرینەی دەنگەکان بوو (٤١) دەنگ دژی (١٨) دەنگ‌و بێدەنگی (٣) ئەندام بەلشەفییەکان‌و ژمارەیەکی کەم مەنشەفییە ئەمەمییەکان تەنها دژی ئەم بڕیارە وەستابوونەوە.

جوان نییە کە بڵێین ئەو (میلۆکۆف)ە سەرکردەیەی کە بەپارێزەری بەرگریکردن لەبۆرجوازییەت لەقەڵەم دەدرێ تەنها قوربانی بووە لەڕێی نزیك کردنەوەی توندوتۆڵی

دیموکراتییەکانو بۆرجوازییەکان لەیەکتریو ناوبراو ـ میلیۆکۆف ـ خۆی دوای ڕوخانی خۆی دەڵێ: ((من بەخواستی خۆم لەحکومەت نەچوومە دەرەوە، بەڵکو وەدەرنرام))، (غۆتشکۆف)یش بەدەستی خۆی کۆتایی بەدەسەڵاتی خۆی هێنا هەر لە(٣٠)ی ئیپریل (نیسان)ەوە کاتێك ڕازی نەبوو ئیمزا بکات لەسەر ((جاری مافەکانی سەرباز))، لەو ڕۆژگارەدا بیرۆکەکانی لیبراڵییەت تاڕادەیەکی زۆر تەڵخو ڕەش بوون. دەتوانین ئەم ڕووداوەی خوارەوەش وەك بەڵگەیەك لەو بارەیەوە بهێنینەوە: ((لیژنەی ناوەندی حیزبی (کادیت) بڕیاریدا زۆر پێ دانەگرێ لەسەر مانەوەی (میلیۆکۆف) لەحکومەتی کۆندا، لەپێناوی ڕزگارکردنی ئیئتیلافدا، (ئیزغۆئیف)ی کادیتی چەپڕەو، نووسیویەتی: ((حیزب خەیانەتی لەسەرکردەی خۆی کرد)) لەڕاستیدا ئەم حیزبە مافی هەڵبژاردنی نەبوو، ناوبراو دەڵێ: ((لەکۆتایی مانگی ئیپریل (نیسان)دا حیزبی (کادیت) بەتەواوەتی تێك شکا، لەڕووی مەعنەویەوە گورزێکی لێ وەشێنرا کە ئیتر بۆ هەتاهەتایە نەیتوانی هەستێتەوە)). ئەم قسەیەیشی ڕاست دەرچوو.

دواهەمین وتەش سەبارەت بەمەسەلەی (میلیۆکۆف) لەناو سنوری چوارچێوەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندابوو، ئەوەبوو ئەگەر ئینگلتەرە بەتەواوەتی ڕازی بێ لەسەر ئەوەی کە نیشتمانییەتی (دەرنیل) بگۆڕدرێت بە((دیموکراتی))، زۆر کارێکی باشو ژیرانەیە. ئەو(هندرسۆن)ەی کە گەیشتە پترۆگرادو باربۆکرابوو بەوپەڕی دەسەڵات تاکو جێی (بۆکانان) بگرێتەوە، وەك باڵیۆزی وڵاتەکە لەکاتی پێویستیدا زانیاری هەبوو سەبارەت بەبارودۆخەکە بەگشتی، دانی بەوەدانا کە ئەم تەگبیرە هیچ سودێکی نییە، لەڕاستیشدا (بۆکانان) لەشوێنی شیاوی خۆیدا دانرابوو، چونکە توانی ناحەزێکی تەواوی کردەوەی گرتنەخۆ (داگیرکردن) بەدیار بخات لەچوارچێوەی ئەو سنورەدا کە ئەم کردەوە گرتنە خۆیە ئارەزوەکانی بەریتانیای گەورەو بەرژەوەندییەکانی ڕازی ناکات. (بۆکانان) بەشێوەیەکی بەزەیی دارانەوە ناوی دەهاتە بەرگوێی (تیریشتشنکۆ) کاتێك پێی گوت: ((کاتێك ڕوسیا هیچ پێویستیەکی بەقوستەنتینییە نییە، ئەوا نرخی ئەمە زیاتر دەبێ، ئەگەر ئەو قسەیەی بەخێرایی بکردایە)) فەرەنسا دەستی کرد بەهاوکاریکردنی (میلیۆکۆف) بەڵام لێرەدا (تۆماس) ڕۆڵی خۆی بینیو هەڵوێستی دژوارانەی خۆی دژی





(میلیۆکۆف) ڕاگەیاند، دوای هەڵوێستی (بۆکانان)و (سەرکردەکانی سۆڤیەت)، بەم جۆرە هاوپەیمانانو دیموکراتییەکان دەست بەرداری ئەو سیاسەتمەدارە بوون کە لەلای جەماوەر بێزراوبوو، هەروەکو چۆن لەکۆتایدا حیزبە تایبەتەکەی خۆیشی هەر وازیان لێ هێنا.

(میلیۆکۆف) گۆڕی[٢٢٠] (شایستەی) ئەوە نەبوو بەم شێوەیە توندو دڵ ڕەقانەیە سزا بدرێ، بەتایبەتیش سزاکە لەلایەن ئەم کەسانەوە بێت. بەڵام خۆ (ئیئتیلاف) بەدوای کەسێکدا دەگەڕا بیکاتە قۆچی قوربانی تاکو هەڵەو ناتەواوییەکانی خۆی پێ پینەوپەڕۆ بکات. (میلیۆکۆف)ی وا خستە بەرچاوی جەماوەر کە پیاوێکی بیر بۆگەنە کاروانە سەرکەوتووەکە بەرەو ئاشتی دیموکراتیانە دەبات کە بەتاریکایی داپۆشراوە. (ئیئتیلاف) هەردوو دەستی خۆی بەیەگجارەکی شۆرد لەپاشماوە ئیمپریالییەکان بەوەی کە جیابویەوە لە (میلیۆکۆف).

سۆڤیەتی پترۆگراد لە (٥)ی مایۆ (ئایار)دا، دانی بەوەداناو بڕیاریدا کە حکومەتێکی ئیئتلافی پێك بهێنرێو لەسەر بەرنامەی ئەو حکومەتەش ڕازی بوو، بەڵشەفییەکانیش لەسەد دەنگ زیاتریان بۆ کۆنەکرایەوە تاکو ڕێگربن لەبەردەمی ئەو ئیئتیلافەدا، (میلیۆکۆف) بەگاڵتە پێکردنەوە باسی دانیشتنی یەکەمی ئەنجومەنی حکومەتەکە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ((ئامادەبوان بەگەرموگوڕییەوە بەخێرهاتنو پێشوازییان لەوتاربێژو وەزیرەکان کرد، لەگەڵ ئەمەشدا گەردەلولی چەپڵەڕێزان خۆی پێشوازییەك بوو بۆ (ترۆتسکی) کە دوێنێ لەئەمریکاوە گەڕابویەوە ـ وەك سەرکردەیەکی پێشووی شۆڕشی یەکەم ـ (ترۆتسکی) زۆر بەئاشکرایی ڕەخنەی دەگرت لەبەشداریکردنی سۆسیالیستەکان لەوەزارەتەکانی ئەم حکومەتەدا، دڵنیاش بوو کە دەسەڵاتی جووت ڕوو بەم شێوەیە هەڵناوەشێنرێتەوە، بەڵکو ئەمە هەر گواستنەوەیەتی بۆ هەمان وەزارەت، ئەو دەسەڵاتە ڕاستەقینەیەی کە ((ڕزگار دەکرێ)) ـ ڕوسیا ـ کاتێك دەردەکەوێ کە ئەم هەنگاوە بنرێ: ((گواستنەوەی دەسەڵات بۆ بن دەستی نوێنەرانی

---

[٢٢٠] گۆڕ: هەق: شایستە: شیاو: بۆ نمونە دەگوترێ فلانەکەس گۆڕی شاربەدەر کردنە واتە: هەق وایە دەربەدەر بکرێت.

کرێکاران‌و سەربازان، ئیتر لەوکاتەدا ((چاخی نوێ ـ چاخی ئاسن‌و خوێن)) دەست پێ دەکات، ئەم چاخەش ئەو چاخەیە کە ئومەتەکان ناکەونە ململانێوە دژی یەکتری، بەڵکو ململانێی چینی سەرکوتکراو زەحمەتکێشە دژی چینە فەرمانڕەواکان. بەم شێوەیە (میلیۆکۆف) نوێنەرایەتی خەڵکەکەی دەکرد. (ترۆتسکی) لەکۆتایی وتارەکەیدا سێ بنەمای سەرەکی خستەڕوو بۆ سیاسەتی جەماوەر ((سێ فرمانی شۆڕشگێڕانە)) ((متمانە نەکردن بەبۆرجوازییەت، چاودێری کردنی سەرکردەکان‌و سەرپەرشتیکردنیان، تەنها پشت بەستن بەهێزە تایبەتەکانی خۆمان)).

(سۆخانۆف) قسەی خۆی کرد لەسەر ئەو قسانەو ئەو وتارانە کردو ئاماژەی خۆی نیشانداو گوتی: ((بێگومان (ترۆتسکی) ناتوانێ پشت ببەستێ بەڕەزامەندی ئەنجومەنی سۆڤیەت)) شێوازو ڕەفتارەکەش بەرانبەر بەوتارخوێنەکە کاتێ کە بەساردییەکی زیاترەوە قسەی کرد لەپێشوازیکردنەکەی پێشووتریدا مانای خۆی هەبوو، ئەو (سۆخانۆف)ەش کە بەوە ناسرابوو فرەستیارییەکی[221] زۆری هەیە بەرانبەر بەگەڕەلاوژەی خەڵکانی دانیشتوی ناو ڕاڕەوەکان‌و لەناو خەڵکە ڕۆشنبیرەکاندا قسەی دەکردو گوتی: ((پڕوپاگەندەیەك بڵاوبووەتەوە کە گوایە (ترۆتسکی) تا ئێستا ناو حیزبی بەڵشەفییەوە، دیارە ئەك کارەیشی ((لەکاری (لینین) خراپترە)).

سۆسیالیستەکان شەش کابینەی وەزارەتیان وەرگرت لە (١٥) وەزارەتە بنەڕەتییەکان، دەیانەویست کەمینەبن، سوورو بەردەوام بوون لەسەر گەمەی هەر کەسێ زەرەر بکات قازانج دەکات، تەنانەت ئەگەر دوای بڕیاردانیش بێ لەسەر ئەوەی کە بەڕوون‌و ئاشکرایی بەشداری لەدەسەڵاتدا بکەن. (میرلفۆف)یش هەروەك سەرەك وەزیران مایەوە، (کرنسکی) بوو بەوەزیری جەنگ، (تشیرنفۆف)یش کرا بەوەزیری کشتوکاڵ، ئەو (میلیۆکۆف)ەی کە وەزیری دەرەوە بوو لابراو (تشیریشنکۆ) لەجێی دانرا کە یەکێك بوو لەپسپۆڕە شارەزاکانی هۆڵەکانی بالیەی ئۆپێرا، هاوکات بشبووە جێی متمانەی (کرنسکی)و ( بۆکانان)، هەرسێکیشیان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە دەکرێ ڕوسیا دەست بەرداری قوستەنتینییە ببێت، کەسێك کرا بەوەزیری داد کە پارێزەرێکی سوك‌و

(٢٢١) فرەستیاری: الحساسية.





پوچ بوو ئەویش (پیریفیرسیف) بوو، کە دواتر توانی ناوبانگێکی کاتیی بەدەست بهێنێ لەمانگی یۆلیۆ (تەموز)دا لەڕێی مەسەلەی داواکەی دژی بەڵشەفییەکان، (تسیرتیلی)یش بەوە ڕازی بوو کە وەزیری (پۆستەو گەیاندن) بێت، تاکو دەرفەتی ببێ‌و کاتی خۆی تەرخان بکات بۆ لیژنەی ڕاپەڕاندن، (سکۆبۆلیف)یشی گفت پێدا ـ کە وەزیری کاربوو لەیەکێك لەساتە پڕ جۆشەکانیدا کە قازانجی سەرمایەدارەکان کەم بکاتەوە بەڕێژەی لەسەدا سەدو تەواوەتی. ئەم قسەیەش دەم بەدەم ڕۆیشت، بۆ مسۆگەر کردنی هاوسەنگی‌و هاویەکی (کۆنۆلۆف) کرا بەوەزیری بازرگانی‌و پیشەسازی کە ناوبراو یەکێك بوو لەبەڵێندەرە گەورەکانی مۆسکۆ، لەگەڵ خۆیشیدا چەند کەسایەتییەکی بۆرسەی هێنابوو، داوای لێکردن کە پلەوپایەی گەورە لەدەوڵەت وەربگرن بۆ خۆیان، (کۆنۆفالۆف) دوای (١٥) ڕۆژ دەستی لەکارکێشایەوە، کە پلەی وەزیری هەبوو، بیانووەکەیشی هەبوونی ئەو شێوازیە بوو کە لەئابوری گشتیدا بەدی دەکرا، هاوکات (سکۆبۆلیف) پێش ئەو ڕازی نەبوو لەسەر کەمکردنەوەی قازانجی سەرمایەداران، بایەخی بەدژایەتی کردنی ئەو شێوازیە ئەدا، ئەو خۆنیشاندانەکانی کپ دەکردەوەو کرێکارانی بۆ ئەوە بانگ دەکرد کە تەنها بایەخ بەکاروباریان بدەن.

بەیانەکەی حکومەت چەند بیرۆکەیەکی باوی گرتبووە خۆی، لەو ڕوانگەیەوە کە بەیانەکە بەیانی حکومەتێکی ئیئتیلافییە. ئەم بەیانەش بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە خەڵکی پابەندو شوێنکەوتووی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکە بن لەپێناوی هێنانەدی ئاشتیدا، ئاماژەی ئەوەشی تێدا بوو کە هەوڵ بدرێ بۆ چارەسەرکردنی ئازوقەو توێژینەوەو خۆئامادەکردن بۆ چارەسەری کێشەی کشتوکاڵی، ڕستەکانی ناو ئەم بەیانەش، لەڕستەی وتارەکانی وتارخوێنەکانی پێشوو زیاتر هیچی تر نەبوون، تاکە خاڵێك بەگەرموگوڕی باسی لێوە کرابوو، یان بەلایەنی کەمەوە نیازێکی تێدابوو بۆ کار بۆ کردنی ڕاستەقینە، بریتی بوو لەم خاڵە: ((سوپا ئامادە دەکرێ بۆ کردەوەی بەرگریکردن‌و هێرش‌و چارەسەرکردن بەبێ ئەوەی تێکشکانی ڕوسیاو ئومەتە هاوپەیمانەکانی لێ بکەوێتەوە)) لەم چالاکیەشدا دەکرێ کە بەرژەوەندی سەرەکی پوختە بکرێت لەو ئیئتیلافەدا کە وەك دواهەمین هەوڵی هاوپەیمانان‌و ڕوسیا پێك هێنرا،

(بۆكانان)یش نوسیبووی: ((حكومـەتی ئیئتـیلاف بـەلای ئێمـەوە تاكـە هیـواو دوایین ئاواتی سەلامـەتیشە، مایەی ڕزگاربوونە لەبارودۆخی سەربازی لەم بارەیەدا))، بـەم جـۆرە بریكاری كاروبارە ئیمپریالییەكان، وەك نوێنەرێك بەبێ هاوپەیمانان لـەودیو كورسـییەوە وەسـتاوە، لەپـشت وتارەكانـەوە، لـەودیو بـاك گراونـدی كـردەوە تـەوفیقیو سـولَح كاریەكانەوە. لـەودیو دەنگـدانی سـەركردە لیبرالّـیو دیموكراتییـەكانی شۆڕشـی فێبرایـر (شوبات)ەوەیە. سۆسیالیستەكانیش بەرپرسارێتی سێیەكی دەسەلاّتو هەموو جەنگیان گرتـە ئەسـتۆی خۆیـان، دوای ئـەوەی بۆیـان دەركـەوت كـە پێویـستە بەشـداری لـەم حكومەتەدا بكەن بەو خێراییەو بەناوی پاراستنی بەرژەوەندییەكانی بـەرەی هاوپـەیمانانی دژە شۆڕش.

وەزارەتی دەرەوە ناچاربوو كە سروشتی پەرچەكرداری حكومەتە هاوپەیمانەكان دوابخات سـەبارەت بەبەیانەكـەی (٢٧)ی مـارس (ئـازار) تـاكو بتوانـێ هەنـدێ ڕاسـتكردنەوەی دەستگیر ببێ لەشێوازەكەیدا دەربارەی پەردەپۆش كردنـی مـشتومڕیەكەی دژی بـەیانی حكومـەتی ئیئتیلاف، سیاسەتی دەرەوەی چالاك لەپێناوی هێنانەدی ئاشتیدا كەوتە كار، لەوكاتەشدا مـەبەسـت لـەوەبوو كـە (تیریشتنـشنكۆ) بەهـەولّو كۆشـشی خـۆیو لـەڕێی بروسـكە دیبلۆماسـییەكانەوە خـۆی ڕاسـت بكاتـەوە، كـە ئـەو بروسـكانەی لـەپێناوی بەرژەوەندییـە ڕاوێژكارییـە كۆنەكانـدا نوسـیبوونی، دەبـێ لەمــەولا ((داواكـاری دادپەروەرانە)) بنوسێ، پاش سڕینەوەی پڕوپاگەندەكان، یان وەك ئـەركو مانـدوبوونێكی سەربار زیاتر بنوسێ دەربارەی ((باشترین گەل)) لەبری ئەوەی كە جاری جاران دەینوسی ((بەرگریكردن لەپاراستنی بەرژەوەندیەكان)) (میلیۆكۆف) كـە لەدوایـەوە ڕاوەسـتابوو، ددانـی لـەجیڕەوە دەبـرد، دەیگـوت: ((دیبلۆماسـییە هاوپەیمانـەكان دەیـانزانی زاراوەی ((دیموكراتییـەت))ی بروسـكەكانی بریتییـە لەسـازش كردنێكـی خۆنەویـستانە بـۆ داواكاریەكانی ساتە تەنگەتاوەكان و زۆر بەباشی ڕێزی ئەو زاراوەیەیان دەگرت)).

(تۆمـاس)و (فاندرۆفیلّـد) دەستەوسـتان دانەنیـشتن، دوای ئـەوەی كـە دڕەنگـیش گەیشتنەجێ، زۆر بەچالاكانەو جۆشو خرۆشـەوە هـەولّیان دەدا بـۆ دۆزینـەوەی مانـاو تەفسیرێك بـۆ ((باشـترین گـەل)) كـە هاومانابێ لەگـەلّ خواسـتو مەبەسـتی ولاّتـانی





هاوپەیمانان، زۆر كاریـان لەئەندامـە سـاویلكەكانی لیژنـەی ڕاپەڕانـدن كردبـوو، هەنـدێ سەركەوتنیـشیان مـسۆگەر كردبـوو، (فاندرۆفیلّـد) دانـی بەڕاسـتیەكەدا نـاوەو گـوتی: ((سكۆبۆلیفو تشیرنۆف)) زۆر بەتوندی دژی هـەموو سیاسـەتێكی ئاشـتیانەو راسـتو دروست دەجـەنگان بـەر لـەكاتی خـۆی)) جێـی سەرسـامیش نییـە كـە (ریبـۆ)ی پـشت ئەسـتور بـەم جـۆرە كەسـە یاریدەدەرانـەی لـە (٩)ی مـایۆ (ئایـار)دا لـەناو پەرلـەمانی فەرەنسیدا بلّێ: ئامادەم بۆ بەرپەرچدانەوەی دژی (تشیریشتشنكۆ)، بـەبێ ئـەوەی بـەهیچ جۆرێـك تـەنازول لـەهیچ شـتێ بكـات. بـەلّێ! سـەركردە ڕاسـتەقینەكانی بارودۆخەكـە مەبەسـتیان زیانێـك نـەبوو كـە كۆنەكرێتـەوە، لـەو ڕۆژگارەشـدا (ئیتالیـا) سـەربەخۆیی (ئەلبانیا)ی ڕاگەیاندو خستیە ژێـر پارێزگـاری خۆیـەوە لەهـەمان بەیانـدا، ئـەم كـارەش وانەو پەندێكی خراپ نەبوو كە لەسروشتی ئەم شتانەوە پوختە كرابێ. حكومـەتی كاتیش خۆی بەتەواوەتی یەكلایی كردەوە بۆ نارەزایی دەربڕین، ئەم نارەزایی دەربڕینـەش بـەناوی دیموكراتییەتـەوە نـەبوو، بـەهۆی تێـك چـوونی بـاری هاوسـەنگی لـە (بـەلّقان). بـەلاّم دەستەوستانییەكەی ناچاری كرد كوتوپڕ بەكەلّبەكانی زمانی خۆی بگەزێو بكرۆژێ.

هیچ شتێكی تازە لەسیاسەتی دەرەوەی حكومـەتی ئیئتیلافیدا بـەدی نـەدەكرا، جگـە لەوەی كە بەخێرایی لەئەمریكا نزیك دەبـووەوە. ئـەم لێـك نزیكبوونەوەیـشی سـێ خـالّی گرنگی بۆ هێنابوە ئاراوە كە ناكرێ باس نەكرێن: ئەمریكا لەكەدار نەبوو بـەو ڕیـسوایی جەنگەو كارە دزێوەكان، هەروەكو چۆن فەرەنساو ئینگلتەرە تێوەگلابوون. ئەو كۆمـارەی كەوتبووە ئەودیو دەریاكانـەوە ئاسـۆیەكی نـوێی كردبـووەوە بـەڕووی ڕوسـیادا لەپێـدانی قەرزو دابینكردنی كەرەسەی جەنگیدا بۆی. خالّی سێهەمیش دیبلۆماسییەتی وێلّسۆن ـ كە پێك هاتبوو لەتێكەلّەیەك لەبەدەرخستنی دیموكراتییەتو فـرتوفێلّ ـ بەشـێوەیەكی بـێ وێنـە دەشـیا لەگـەلّ پێداویـستییە شـێوازە بەیانییـەكانی ـ ڕوونكردنەوەییـەكانی ـ حكومـەتی كاتیدا. (وێلّسۆن) وەفدێكی خۆی نارد بەسەرۆكایەتی (رۆت) كە نامـەیـەكی پێ بوو پڕبوو لەئامۆژگاریو تیایدا وتویەتی: ((پێویستە هـیچ گـەلێك لەگـەلانی دنیـا بەزەبری هێز ملكەچ نەكات بۆ دەسەلاّتێكی بالاّتر كە ئەو گەلـە ـ داگیركـراوە ـ نەیـەوێ لەبن سایەی ئەو دەسەلاّتە ـ داگیركەرەدا ـ بژی))، ئامـانجی جـەنگیش لەلایـەن سـەرۆكی

ئەمریکاوە بەشێوەیەکی تەڵخ و نادیار دیاری کرابوو، بەڵکو بەشێوەیەکی پڕ لەسەرسامی بوو: ((دابینکردنی ئاشتی داهاتوو بۆ هەموو جیهان، ئاسودەبوونی گەلان لەئاییندەدا))، جا ئایا هیچ شتێ هەیە لەمە باشتربێ؟ (تیریشتنشنکۆ)و (تسیرتیلی) پێشبینی هیچی تریان نەدەکرد ئەمە نەبوایە: قەرزی نوێ، بیرۆکە گەلێکی ئەوتۆ هیچ شتێکی نوێیان تێدا نییە دەربارەی ناکۆکی ڕاست و دروست، بەهاوکاری بەراییەکان و بەپەردەپۆشکردنی لەلایەن کەسانی ترەوە دەکرێ خۆئامادە بکرێ بۆ هێرشکردن کە (شیلۆك)[۲۲۲] داوای دەکرد، واتە خوازیاری ئەو هێرشکردنە بوو، ناوبراو لەسەر کەنارەکانی (چین)دا دەژیا و لەهەوادا ڕاوەستابوو، تورەو تۆسن بوو، بەقەواڵەی قەرزەکانییەوە گیرسابووەوە.

لە (۱۱)ی مایۆ (ئایار)دا (کرنسکی) سەردانی بەرەکانی سوپای کرد، بەم شێوەیە هەڵمەتی هاندانی دەست بەکاربوون بۆ هێرشی دەست پێکرد، وەزیری نوێی جەنگ بۆ حکومەتی کاتیی نوسیبووی: ((شەپۆلی جۆش وخرۆش لەناو سوپادا هەر فراوانتر دەبێ ـ بۆ جەنگ)) لە (۱٤)ی مایۆدا (کرنسکی) فرمانێکی بۆ سوپا دەرکرد کە دەقەکەی ئەمەیە: ((بەرەو ئەو شوێنە بڕۆن کە فەرمکاندەکانتان دەتانبەن!)) بۆئەوەی ئەم ئەگەرە جوان و ڕازاوەتر بکات کە هیچ سەرنجێکی سەربازانی ڕانەکێشابوو، گوتی: ((ئاشتی بەسەر نووکی نێزەکانتاندا دەبەن، یان ئاشتی لەسەر نوکی نێزەکانتانە))، لە (۲۲)ی مایۆ (ئایار)دا ئەو جەنەڕاڵە ترسنۆکەش ـ کە ناوی کییسف بوو ـ لەسەر کار لابراو کەسێکی نەرم ونیان ترو گوێ ڕایەڵ ترو بوێرو ئازاتر دانرا لەشوێنی ئەو، کە ناوی (برۆسیلۆف) بوو، ئەوی پێشوو بەهرەو توانای گەورەی تێدا نەبوو، (کرنسکی)ی دیموکراتخواز بەهەموو توانایەوە خەریکی سازدانی هێرش بوو، واتە خەریکی ئامادەکردنی کارەساتی گەورەی شۆڕشی فێبرایر (شوبات) بوو.

* * *

[۲۲۲] شیلۆك: شایلۆك: ئەو پیاوە دووڕووە چاوبرسییە جولەکەیەیە کە لەچیرۆکی (بازرگانی بوندوقییە)ی (شکسپیر)دا هەیە. دوو وەرگێڕە عەرەبییەکە)





سۆڤیەت دەزگای کرێکاران و سەربازان بوو، واتە دەزگای کرێکاران و جوتیاران، وە حکومەتی کاتیش دەزگای بۆرجوازییەت بوو، (لیژنەی پەیوەندی) دەزگای تەوفیق و چاکسازی بوو، (ئیئتیلاف) ئەم میکانییەتەی ئاسانتر کرد بەوەی کە حکومەتی کاتیی خودی خۆی گۆڕی بۆ لیژنەی پەیوەندی، بەڵام بەم شێوەیە توانی جووت ڕوویی دەسەڵات هەڵبوەشێنێتەوە، جا ئەگەر (تسیرتیلی) ئەندامێکی لیژنەی پەیوەندی بێت، یان وەزیری پۆستەبێ، ئەمە نابێتە مایەی چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، لەوڵاتدا دوو جۆرە ڕێکخستنی ناچوونیەك هەبوون کە لەگەڵ دەوڵەتدا وێك نەدەهاتنەوە: ڕژێمی پلەبەندی فەرمانبەرە دێرینەکان و فەرمانبەرە تازە دامەزراوەکان لەناو دەسەڵاتی باڵاو سەرۆکایەتی حکومەتی کاتییدا، ڕژێمی سۆڤیەتات کە بەهەڵبژاردن کاری کردووەو چەند لق وپۆپێکی لێ بوەتەوە تا دورترین سریەی ناو بەرەکانی سوپا.

ئەم دوو ڕژێمە حکومیە پشتیان بەچەند چینێکی جۆراوجۆر بەستبوو، کە تا ئێستاش لەسافکردنی هەق و حیسابی مێژوویی خۆیاندان لەگەڵ یەکتریداو سەرقاڵی ئاراستەبوونیانن بەرەو چارەسەری ئیئتیلافیانە، تەوفیقییەکان و بانگخوازانی سوڵح شکستیان هێنا لەساف کردنی حساباتی خۆیان لەگرتنەبەری ڕێگەی کۆتایی هێنانی ئاشتیانەو پلەدارانەیاندا بەسەر ڕژێمی سۆڤیەتیدا. بۆیان دەرکەوت کە هێزی سۆڤیەتات کە لەخودی کەسێتی خۆیاندا چڕبوەتەوە لەئێستاوە دەگۆڕێ بۆ حکومەتێکی فەرمی، (کرنسکی) بەشێوەی یەگجارەکی جەختی دەکردەوەو بۆ (بۆکانان) ڕوونی دەکردەوە کە ((سۆڤیەتات بەشێوەیەکی سروشتی دەمرێت)) زۆر بەخێرایی ئەم خواست و ئاواتە لای تەوفیقییەکان بوو بەبیروباوەڕێکی فەرمی سەرکردەکانیان. بیرکردنەوەی سەرەکییان و چەقی خاڵی بیرکردنەوەیان ئەوەبوو کە قورسایی ژیان لەسەر هەریەکە لەخاڵ و پۆوتانەکانی وڵات دەبێ لەسۆڤیەتاتەوە بگۆڕدرێن بۆ دەزگای تازەی دیموکراتی لەبەڕێوەبردنی کارگێڕی خۆیەتیدا. وە دەبێ ئەنجومەنی دامەزرێنەران جێی ئەنجومەنی لیژنەی ڕاپەڕاندن بگرێتەوە (واتە لیژنەی مەڵبەندی ڕاپەڕاندن) حکومەتی ئیئتیلافی بەم شێوەیە خۆی ئامادە دەکرد تاکو ببێتە پردێك بۆ ڕژێمێکی کۆماری بۆرجوازی نوێنەران.

بەڵام شۆڕش نایەوێو ناشتوانێ ئـەم ڕێگایـە بگرێتەبـەر، چارەنوسـی ئەنجومـەنـەکانی دۆمـا ـ ئەنجومـەنە نوێیەکانی شـار ـ لـەم ڕووەوە بووبـوون بـەزەنگی ترسـناكو بەدبـەختی بەڕادەیەك کە هاوتای نەبێ، (دۆما) لەسەر بنەمای فراوانتر هەڵبژێردرابوونکە مافێکی فراوانتری هەڵبژاردنیان پێ بڕابوو، سەربازانیش لەئاستی یەکسانی پیاوان دەنگیـان بـۆ درابـوون، چـوار حیـزب لەململانێدا بـوون، لێـرەوە ڕۆژنامـەی (سـۆفی فریمیـا) کەوتـە جموجوڵ کە ڕۆژنامەیەکی نافـەرمی بـوو، بـەزمانی حکومـەتی قەیسـەرییەوە دەدوا، کـە پیسترینو ریسواترین ڕۆژنامـەی جیهـان بـوو ـ کەوتـە هانـدانی ڕاسـتڕەوەکانو قـەومیو نەتەوەییو ئۆکتۆبەریەکان کە دەنگ بدەن بە(کادیت) بەڵام کاتێك بێ دەسـەڵاتی چینـە خاوەندارەکان دەرکـەوت، زۆربـەی ڕۆژنامـە بۆرجوازییـەکان ئـەم دروشـمەیان بـەرزکردەوە: ((دەنگ بدەن بۆ هەر کەسو لایەنێك کە خۆتان دەتانـەوێ، جگـە لەبەلـشەفییەکان))..!

وە لێـرەوە (کادیـت)ەکـان لـەناو هـەموو ئەنجومـەنـەکانی دۆمـاداو لـەناو سـەندیکاو یەکێتییەکانـدا ـ یـەکێتی زێمستفۆکانی بـاڵی ڕاسـتڕەوەکان ـ یـەکیان گرت، هاوکـات بەلـشەفییەکان کەمینـەی چـەپیان پێـك هێنـا، کـاری بـەهێزکردنی خـۆی دەکـرد، سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانو مەنشەفییەکان لەهەموو شوێنێ زۆرینەی هەرە زۆربوون.

وادیاربوو کە ئەنجومەنە نوێیەکانی دۆما ـ کە لەسـۆڤیەتات جیادەکرانـەوە بـەوەی کـە نوێنەرایەتی تـەواوەتیو زۆرینـە دەکـەن ـ ببێتـە دەسـەڵاتێکی گـەورەتر، وێـڕای ئەمـەش ئەنجومەنەکانی دۆما تایبەتمەندیەکی تریشیان هەبوو، ئـەویش ئـەوەبوو کـە بەشـێوەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتەوە هاوکاریو پشتیوانی دەکران وەك دامەزراوەیەکی فەرمی کە بەشێوەی یاسایی دامـەزراون. میلیشیاو ئازوقـەو هۆیـەکانی گواسـتنەوەی شارەوشـارو خوێنـدنی گـشتی ـ پـەروەردە ـ سـەر بەئەنجومـەنـەکانی دۆمـا بـوون بەفـەرمی، بـەڵام سۆڤیەتات بودجەو مافی بۆ دانەنرابوو، لەو ڕوانگەیەوەکە ڕێکخراوی (تایبەتین)، کەچی وێڕای ئەمەش دەسەڵات هەر لەبن دەستی سۆڤیەتاتدا مایەوە. کێبڕکێ دەستی پـێ کـرد لـەنێوان ڕژێمـی سـۆڤیەتیو دیمـوکراتی پوختـدا بەشـێوەیەك کـە جێـی سەرسـامیو واقوڕمـان بێـت، چـونکە لـەژێر سەرپەرشـتی دوو حیزبـدا بـوو ((مەنـشەفییەکانو سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان)) کە لەیەك کاتدا زاڵ بوون بەسەر دۆمـاو سۆڤیەتاتیـشدا.





ئەم دوو حیزبەش قەناعەتی تەواویان بەوە هەبوو کە پێویستە سۆڤیەتات سـازش لـەجێو شوێنو پلەوپایەی خـۆی بکـات بـۆ ئەنجومـەنـەکانی دۆمـا، هەردولاشـیان ـ حیزبـەکان ـ ئەوپەڕی هەوڵیان دەدا لەپێناوی ئەم مەبەستەدا.

ڕاڤەکردنی ئەم دیاردە سەیرو نامۆیـە کـە بـیری لـێ ناکرێتـەوە لـەناو ئـەو ئـاڵۆزیو گەردەلولەی ڕووداوەکاندا، مـەگەر کـەمێك نـەبێ، کـارێکی زۆر ئاسـانە: شـارەوانییەکان وەك هەر دامـەزراوەیەکی دیموکراتیانەی تـر ناتوانێـت بەشـێوەیەکی گـشتی کـار بکـات، مـەگـەر پـشت ببەسـتێ بەپەیوەندییـە کۆمـەڵایەتییـە چەسـپاوەکان واتـە پـشت ببەسـتێ بەڕژێمی دیاری کراوی ناو پاشایەتی، بەڵام شۆڕش لەبنەڕەتـدا بریتییـە لەگـەڕان بـەدوای بنـــچینەی ئـــەم بنەمایانـــەدا، چاوپیاخـــشاندنەوەیان، بەرپەرچـــدانەوەیان، مەگـــەر بەبەدیهێنانێکی شۆڕشگێڕانەی کراوە لە پەیوەندی نێوان هێزی چینەکاندا، سـۆڤیەتات وێڕای سیاسەتی سەرکردەکانیشی ڕێکخستنێکی بـەکوژدەری چینـە چەوسـاوەکان بـوو ـ کە تاڕادەیەکی دیاری کراو بۆ ئـەوەبوو خـەڵکی بانگەشـە دەکـردو لـەخۆی کـۆدەکردەوە تاکو بەشێوەی نیمچە هەست (نصف شعوري) بنەماکانی پێکهاتەی کۆمـەڵایەتی ڕاسـت بکاتەوە.

هەرچی شـارەوانییەکانیش بـوون، بەپێـچەوانەوە، هـەموو چینـەکانی گـەلی دەگرتـەوە بەشێوەیەکی یەکسان، لەژێر ناوی (هاووڵاتیان)دا، ئـەم نـاوەش پـەتی بـوو، تاڕادەیـەکی زۆر شـارەوانییەکان لـەم ڕۆژگـارو بارودۆخـەدا لەکۆنگرەیـەکی دیبلۆماسـی دەچـوو کـە بەزمانێکی کلاسیکیو ڕووپامایی دەدوا، لەو ساتەشدا کە سەربازگە دژەکان خۆیـان بـۆ جەنگ ئامادە دەکرد بەگەرموگوڕییەوە کەچی لەو کاتەدا شارەوانییەکان بوونێکی شـێوە (ناو)یان هەبوو. کەچی لەکاتی یـەکلایی کەرەوەکانـدا کـە دەسـت تێـوەردانی جـەماوەر ئاراستەی ئایندەی ڕووداوەکانیان دیاری دەکرد، شارەوانییەکان خەریك بـوو دەتەقینـەوە، ڕەگەزی وایان دەدۆزیەوە کە ئاوێتەیەکە بەخۆیو لەسەر هەردولای بەرانبەر بەیـەکتری لـەو ناوبڕەدا[٢٢٣] ڕاوەستاون. بەراوردکردنی ڕۆڵی نـۆرە بـەنۆرەی سـۆڤیەتاتو شـارەوانییەکان بەسە بۆئەوەی چارەنووسی ئەنجومـەنی دامـەزرێنەران بزانین بەماوەیـەکی دوورودرێـژ پـێش

[٢٢٣] ناوبڕك ناوبەینە: حاجز.

کاتی خۆی. ئەو ڕۆڵ بینینە نۆرە بەنۆرەیەش بەزۆری لەماوەی نێوان مانگی (مایۆ ـ ئۆکتۆبەر)دا بوو.

حکومەتی ئیئتیلافی پەلەی نەکرد لەبانگەشەکردن بۆ ئەنجومەنی دامەزرێنەران، وەزیرە لیبراڵییەکان ـ کە ژمارەیان زۆرتر بوو ـ لەتێڕوانینی دیموکراتییەتدا پەلەیان نەبوو چونکە هەر لەناو ئەنجومەنی دامەزرێنەرانیشدا هەمان دەستەوستانی باڵی ڕاستیان بەدی کردبوو کە لەناو ئەنجومەنەکانی دۆمادا نوێنەرایەتیان دەکرد ـ ئەنجومەنە نوێیەکان ـ کۆنگرە تایبەتییەکەش کە ڕێك خرابوو بۆ بانگەشەکردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەران دەستی بەکارەکەی خۆی نەکرد هەتا کۆتایی مانگی مایۆ (ئایار) واتە سێ مانگ دوای ڕاپەڕین. یاساناسە لیبراڵییەکان هەریەکە لەمووەکانیان دەکرد بەشازدە مووی تر ـ کەرتوپەرتیان دەکردن[٢٢٤]ـ لەناو بۆرییەکانی تاقی کردنەوەکەشدا هەموو پاشەڕۆکانی دیموکراتیان دەجولاند، سەبارەت بەمافەکانی سوپا تەوەرەی باسەکەیان دەهەژاند، خۆشیان دەیانپرسی ئایا مافی دەنگدان هەیە بۆ ئەو سەربازانەی کە ڕایان کردبوو ـ ڕاکردەبوون لەسوپا ـ ژمارەیان بەچەند ملیۆنێك مەزەنە کرابوو. ئایا خێزان و بنەماڵەی پاشای دێرین ـ قەیسەر ـ کە دەیان کەس بوون مافی دەنگدانیان هەیە یان نا؟ بەهێندی پێویست دەمیان نەکردەوەو زمانیان هەڵنەدەسوڕاند دەربارەی دەربڕینی یەك وشەیەك کە پەیوەندی بەمێژووی بانگەشەی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانەوە هەبێ، بەڵێ وروژاندنی ئەم باس و خواسەیان لەکۆنگرەکەدا هەڵەیەکی ترسناکەو ناگونجێ لەگەڵ زەوقی تەواوی خەڵکدا.. ئەم هەڵەیەش کەس نایکات لەبەلشەفییەکان زیاتر ـ واتا هەر بەلشەفی ئەو باسە دەوروژێنن ـ.

چەند هەفتەیەك تێپەڕی، بەلام وێڕای هیواو ئاواتەکانی بانگەشەکارانی سولح و تەوفیق ئەنجومەنەکانی سۆڤیەتات نەکەوتنە گیانەلاوە. ئەو سۆڤیەتاتەی کە سەرکردەکانی خۆی سەرسام کردبوو، ناوبەناو دەکەوت و دەچووە جیهانی خەیالاتەوە، بەلام ئاماژەی یەکەم لەپەل وپۆی دەخات، هەموو لایەك وا باس دەکەن ئەم ئەنجومەنە بەبێ مشتومڕو قسەوباس گەورەی هەموو هەڵوێست بەدەستەکان بووە. ئەو سۆسیالیستە

[٢٢٤] واتا لەکەمینابوون و شتیان زۆر وردەکردەوە.





شۆڕشگێڕو مەنشەفیانەی بەردەوام لەهەوڵی ڕوخانیدا بوون، لەهەموو کاتە تەنگەتاوەکاندا ناچاربوون بگەڕێنەوە سەر بنەما بەراییەکانی ئەم ئەنجومەنە، ئەمەش لەقورسترین و چڕترین کۆبونەوەی هەردوو حیزبەکەدا دەردەکەوێ لەناو سۆڤیەتاتدا. ئەم دوو حیزبە لەڕیزی دووەمی خۆیاندا خەڵکیان دەنارد وەك نوێنەر بۆ ناو شارەوانی و زێمستفۆکان، هەروەها لەکەسانی تەکنیکارو کارگێڕەکان، هەمان شتی بەدی دەکرد لەبەلشەفییەکانیشدا، تەنها (کادیت) هیچ دەروازەیەکیان شك نەئەبرد کە بێنە ناو سۆڤیەتاتەوە، بۆیە باشترین هێزو توانایان لەناو شارەوانییەکاندا کۆکردبووەوە، بەلام کەمینەی بۆرجواز زۆر دەستەوەستان تربوو لەوەی کە لەمانە پشتیوانێك بۆ ئەو دروست بکات.

بەم جۆرە کەس نەمابوو لەو باوەڕەدا بێ کە شارەوانییەکان بەدەزگای تایبەتی بێت بەئەوان، ئەو ململانێیەش کە بەردەوام درێژەی دەکێشا لەنێوان کرێکاران و خاوەن کارگەکاندا، لەنێوان سەربازو ئەفسەراندا، لەنێوان جوتیاران و دەرەبەگ و ئاغاکاندا، ئاگری بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەئەنجومەنی شارەوانی یان لەزێمستفۆ گفتوگۆی لەسەر بکرێ، بەو شێوەیەی کە دەتوانرا قسەی لێ بکرێ لەئەنجومەنی سۆڤیەتاتدا. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە لەناو کۆبونەوە تایبەتەکانی دۆمای دەوڵەتدا بەشێوەیەکی گشتی و هەروەها لەناو سەرجەم کۆنگرەی سیاسەتمەداراندا لەلایەکی ترەوە. دەکرێ مرۆڤ لەگەڵ ناحەزو دوژمنەکەیدا ڕێك بکەوێ لەسەر شتی سادەو بێ بەها، بەلام ڕێکەوتن ناکرێ لەسەر ئەو شتانەی پەیوەندییان بەمەرگ و ژیانەوە هەیە لەگەڵ دوژمندا.

ئەگەر قسەکەی (مارکس) جێبەجێ بکەین کە دەڵێ: حکومەت لیژنەیەکی چینی دەسەلاتدارانە، ئەوا پێویستە بڵێین کە ((لیژنەکان)) لیژنە ڕاستەقینەکانی چینە ململانێ کارەکان لەپێناوی دەسەلاتدا لەدەرەوەی بازنەی حکومەتی ئیئتیلافیدا بوون. ئەمەش بەلای سۆڤیەتەوە شتێکی دڵنیا بوو، کە وەك کەمینەیەك حکومەت ڕۆڵی دەبینی، هەروەها بەلای زۆرینەیشەوە هەر هەمان شت ڕاست بوو کە بۆرجوازی بوون. لیبراڵییەکان نەیاندەتوانی ڕێکەوتن بکەن بەشێوەیەکی ڕاستەقینە هەتا سۆسیالیستەکان لەوێ بوونایە، سەبارەت بەو مەسەلانەی کە بۆرجوازییەت زۆر زیاتر لەکەسانی تر

دەیوروژاند. دەرکردنی (میلیۆکۆف)ی سەرکردەی بۆرجوازییەت کە کەسی تر لەدوای ئەو لەسەرکردایەتی کردندا لەو جیاوازتر نەبوون‌وئەرکانی خاوەن مولکەکانی لەخۆی کۆکردبووەوە، سروشتێکی ڕەمزی هەبوو، بەتەواوەتی وەکو هەموو ماناکانی هەڵوێستە سەیرەکانی حکومەت وابوو. ژیان لەبەردەمیدا بوو بەدەوری دوو تەوەرەدا، یەکەمیان بەرەو لای چەپی کۆشکی (ماری) دەچوو، ئەو تریشیان هاوکات بەرەو لای ڕاستی دەچوو.

وەزیرەکان لەکەشێکی شلۆق‌و نائارامدا دەژیان، کە هەر خۆیان ئەو کەشەیان بەرپاکردبوو، بەبێ ئەوەی بوێرن ئەوە لەناو حکومەتدا باس بکەن کە سەربەخۆ بیریان لێ دەکردەوە. ئەو دەسەڵاتەجووت ڕوویەی کە ئیئتیلاف پەردەپۆشی کردبوو، بوو بەقوتابخانەیەك بۆ هەموو شتە بەڵگە نەویستەکان‌و فێڵ‌و رووپامایی بەشێوەیەکی گشتی. حکومەتی ئیئتیلاف، لەشەش مانگی دوایدا بەناو چەند زنجیرە قەیرانێکدا تێپەڕی، لەگەڵ چەندین نوێگەری‌و چاکسازی، بەڵام هەر پارێزگاری کرد لەمانەوەو هێشتنەوەی ڕوخسارە بنەڕەتییەکەی خۆی لەدەستەوستانی‌و بێ دەسەڵاتی‌و ساختەکاری هەتاکو ئەو ڕۆژەی بەیەگجارەکی کۆچی دوایی کرد.





مه کتەبی بیر و هۆشیاری

## هێرشکردن

لە سوپاشدا، هەروەکو چۆن لەوڵاتدا ڕوویدا دوبارە کۆمەڵبوونەوەی سیاسی‌و خۆئامادە کردنەوە بۆ هێزەکان دەست پێکرا: ئەوەبوو توێژە نزمەکان بەرەولای چەپ لایانکردەوە، هاوکات ترۆپکەکان بەرەو ڕاست چوون، لەوکاتەشدا کە لیژنەی ڕاپەڕاندن بوو بوو بەئامێزێك بەدەستی وڵاتە هاوپەیمانەکانەوەو کاری دەکرد بۆ مل پێ کەچکردنی شۆڕش ئەو لیژنە سوپاییانەش کە پێکهێنرابوون و نوێنەرایەتی سەربازانیان دەکرد دژی ئەفسەران بو بووە پشتیوانێك بۆ ئەفسەران دژی سەربازان.

پێکهێنانی لیژنەکانیش لەڕەنگ و ئاڕاستە جیاوازو هەمە جۆرەکان بوون، ژمارەیەکی کەمیش نەبوون ئەو ڕەگەزە نیشتمانییانەی کە نوێنەرایەتی جەنگ‌و شۆڕشیان دەکرد بەوپەڕی دڵسۆزییەوە، زۆر بە ئازایانەو دلێرانەوە کە وتبونەڕێ بەرەو ئەو هێرشەی کە دائیرەو بازنە باڵادەستەکان سەپاندبوویان.

ژیانی خۆی کردبووە قوربانی بۆ مەسەلەیەك کە مەسەلەی خۆی نەبوو، لەپاڵ ئەم ڕەگەزانەشدا پاڵەوانی قسەبوون لەلایەنگران‌و کەسانی سەر بە(کرنسکی) و دامو دەستەکەی لەفیرقەو فەوجەکاندا. لەکۆتایشدا، ئەو کەسانەش هەر ژمارەیەکی کەم نەبوون کە گچکەو پیس بوون‌و چالاك بوون‌و لەناو لیژنەی ڕاکردن لەڕیزەکانی سوپای سەنگەرەکاندا بوون، هەموو بزافێکی جەماوەری بەتایبەتیش لەقۆناغە سەرەتاییەکانیدا. بێگومان ئەم هەموو جۆرو ڕەگەزانە لەگەڵ خۆیدا ڕادەکێشێتەوە سەر ڕووی خۆی، قۆناغی تەوفیقییەکان بەتایبەتی ئەو قۆناغە بوو کە تیایدا چەنەبازو دوو ڕووەکان‌و ڕوپاماییەکان[٢٢٥] باڵادەست بوون.

جائەگەر خەڵکی بەرنامەو پێرۆگرامێك پێك بهێنن ئەوا بەرنامەش دیسانەوە خەڵکی پێك دەهێنێ‌و لەدەوری خۆی گەلاڵەیان دەکات‌و دەبێتە یانەو قوتابخانەی سیاسەتی بەیەکتر گەیشتن، لەناو شۆڕشیشدا قوتابخانەی فێڵ و دەسیسە هەیە.

[٢٢٥] رووپاماچییەکان: ریابازو ماستاوچیەکان.

ڕژێمی جووت ڕووی دەسەڵات بەدووری دەزانی کە هێزێکی سەربازی بەرپا بکات، (کادیت)ە کان کە ڕقوقینی جەماوەری گەلیان بەسەردا ڕژابوو، لەناو سوپادا ناچار بوون ناوی ساختەی سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێرەکان بقۆزنەوەو بەکاری بهێنن، بەڵام هەرچی دیموکراتییەتیشە نەیدەتوانی سوپا تازە بکاتەوە لەبەر هەمان ئەو هۆکارەی کە ڕێگربوو لەبەردەمیدا بۆ گەیشتنی بەدەسەڵات، ئەمەش لەوی تریان جیا ناکرێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا واقێکی سەیرونامۆ ڕۆشنایی پرشنگداری خۆی خستبووە سەربارودۆخەکە.(سۆخانۆف) واباس دەکات کە حکومەتی کاتیی هیچ نمایشێکی سەربازی ئامادە نەکردبوو بۆ کەرتە سەربازییەکانی پیرۆگراد: (لینین)و جەنەڕاڵەکان، نایانەوێ سۆڤیەت لەناونمایشەدا[٢٢٦] بەشدار بێت، بەڵام زۆر چاك دەشزانن کە نمایش کردنە کە بەبێ بەشداریکردنی سۆڤیەت نایاتە دی.

پەیوەست بوونی ئەفسەرە فەرماندەکان بە(کادیت)ەوە زیادی کرد، لەئومێدو چاوەڕوانی ئەوەدا بوون کە حیزبە زیاتر کۆنەپەرستەکان، سەر لەنوێ سەریان بڵند بکەنەوەو سەر دەرهێننەوە. ڕۆشنبیرە بۆرجوازییە بچوکەکان دەیانتوانی کە سوپا پڕو باربۆ بکەن لەژمارەیەکی زۆری ئەفسەرە یاریدەدەرەکان.

بەتەواوەتی ئەمەش وەك ئەوکاتە وایە کە سوپایان بەوانە باربۆ کردبوو لەسەردەمی دەسەڵاتی قەیسەردا. بەڵام دەستەوەستان بوون لەئاستی داڕشتن‌و دامەزراندنی سەرکردایەتی‌و فەرماندەییەك کە لەگەڵ شکڵ‌و شێوەی تایبەتی خۆیاندا شیاوبێت. چونکە خودی خۆیان ڕوخسارو ڕوویەکی تایبەت بەخۆیان نەبوو و کاروانی ئایندەی شۆڕش بەتەواوەتی ئەوەی سەلماندووە کە لەتوانادا نەبووە سوود وەربگرن لەسەرکردایەتی کردن وەك ئەو شێوازەی کەچینی دەرەبەگ‌و بورجواز گەشە کردنی پرۆلیتاری ئامادەی بکەن، ئەم کارەیان بەلشەفییەکان کردیان، ئەم کارەو ئەوی دیکەشیان ئاسان کراونەبوو بۆ دیموکراتییە بۆرجوازە بچووکەکان‌و ڕاپێویست بوو لەسەریان کە بەردەوام بن لەقەناعەت پێکردنی هەموو خەڵکی‌و فریودانیان، کاتێکیش هیچیان لەوەش دەست نەکەوت ناچارن کورسی دەسەڵات بەنائومێدی تەسلیم بکەن‌و کێشەکەیان لەمەسەلەی

[٢٢٦] نمایش: شانۆ: عرض مسرحي للسياسة.





ئەفسەرە کۆنە پەرستەکان وازلێ بهێنن‌و بیرۆکەی شۆڕشگێرانەی ڕاستەقینە بفرۆسمێننە[٢٢٧] ناوجەماوەری گەلەوە.

زامو برینەکانی کۆمەڵگەی نوێ یەك لەدوای یەك دەردەکەوتن بۆ کاولکردنی دەزگای ئەندامیانەی سوپا، مەسەلەی قەومیات لەهەموو لایەکیەوە کوناودەربوو ـ ڕوسیاش وڵاتێکی پڕ لەگەل‌و نەتەوەی جۆراوجۆرە ـ ئەم کوناودەربوونانەش لەناخی قوڵی ئەوسەربازانەدا دەردەکەوت کە ڕوسیایان پێك هێنابوو ـ گەورەکان لەنێوە زیاتر بوون ـ ململانێ نەتەوایەتییەکانیش تێکەڵ بوبون لەگەڵ ململانێ چینایەتییەکانداو لەئاستە جۆراو جۆرەکانیدا شلەقاندبویان‌و تێکیان دابوون.

سیاسەتی حکومەتیش وەك هەموو بوارەکانی تر، لەبواری گۆڕەپانی نەتەوایەتیدا دوو دڵ‌و دانەمەزراوو ئاڵۆز دەهاتە بەرچاوان، دیسانەوە ئەمەشیان جووتڕووییەکی تری پێوەدیاربوو، هەندێ لەجەنەڕاڵەکان پێکهاتەی نەتەوایەتیان بەناز پەروەرانە تەماشا دەکرد، وەك جۆری((فەیلەقی سەلامەت‌و ڕێك‌و پێکی هاوشێوەی ڕێگەی فەرەنسی)) لەبەرەی ڕۆمانیدا، کەرتە نەتەوایەتییە نوێیەکان بەزۆری زیاتر سوورو کەللە ڕەق تر بوون‌و بەرگری زیاتریان دەکرد لەکەرتەکانی سوپای دێرین. چونکە بیرۆکەی نوێیان هەبوو، ئاڵای نوێ‌و دروشمی نوێیان بەرزکردبووەوە، زۆری نەخایاند: بووبە مایەی تەقینەوەی پەرەسەندی ئایندەی ململانێی چینایەتی، پەرەسەندنی بەرفراوان هەڕەشەی دەکرد تانیوەی سوپا بگرێتەوە، سوپا لەباری خۆهەڵڕۆزکاندندابوو، کەرتە کۆنەکانی سوپا لێك هەڵوەشان، هاوکات هیچ کەرتێکی نوێش دروست نەبوون، بەم چەشنە کلۆڵی‌و کوێرەوەری و نەگبەتیەکان لەهەموو لایەکەوە هەڵقوڵان.

(میلۆکۆف) لەمێژووەکەی خۆیدا نووسیویەتی: ((سوپا دوچاری ململانێ بو بوو لەنێوان دووبەرداشی بیرۆکەی ئینزیباتیانەی سەربازیانەی سروشتی، لەنێوان دیموکراتیزە بوونی سوپاو هێشتنەوەو پارێزگاریکردنی خۆی لەسیفەتە جەنگاوەرییەکەی‌و توانای جەنگ کردنی)) پێویستە لێرەدا باشتر لەمانای ئینزیباتی سروشتی تێ بگەین، ئەو ئینزیباتەی کە لەسەردەمی قەیسەردا باوی هەبوو، مێژوونووس دەیتوانی، بەوپێیەی کە

[٢٢٧] فرۆسماندن: ایحاء.

دیاره ئاماژه بەوه بكات كە هەموو شۆڕشێكی گەوره دەبێتە هۆكارێك لەزیان لێكەوتن‌و یچڕانی سوپاو سووانی، لەئەنجامی بەیەكدادان، نەك هەربەیەكدادانی بنكە پەتییەكانی ئینزیباتیەت، بەڵكو لەنێوان زیندەچینەكانیشدا.

سوپاش نەك هەر ئینزیباتییەتی توندوتیژ لەسوپاكەیدا قبوڵ ناكات، بەڵكو خۆی دروستیشی دەكات. وێڕای ئەمەش ئەم ئینزیباتییەتە ناكرێ سەرلەنوێ دابمەزرێتەوه لەسەر دەستی نوێنەرانی ئەوچینەی كە شۆڕش ڕوخاندویەتی.

له(٢٦)ی سێبتەمبەر (ئەیلول)ی ١٨٥١دا دانایەكی ئەڵمانی بۆیەكێكی دیكەی نوسیبوو: ((شتێكی سروشتییە كە تەفروتونابوونی سوپاو خاوبوونەوەی تەواوەتی ئینزیبات دوومەرج و ئەنجامن بۆ هەموو شۆڕشێكی سەركەوتوو))، مێژووی گشتی مۆرڤایەتی ئەم یاسا حاشا هەڵنەگرەی داناوه، بەڵام سۆسیالیستەكانی ڕوس، لەمە تێنەدەگەیشتن، ئەمانە ئەو كەسانەبوون كە شوێن كەوتەی ئەولیبراڵییانە بوون، كە لەگەڵ خۆیاندا ئەزمونی ساڵی(١٩٠٥)یان لەبەر چاوبوو. وەزیاد لەجارێكیش دانیان بەوەدا نابوو كە قوتابی بەردەستی ئەڵمانییەكانن، لەنمونەی(فریدریك)و ئەنگلیس‌و كارل ماركس، مەنشەفییەكان زۆر بەباشی لەوباوەڕەدا بوون كە ئەو سوپایەی یاخی بوونی خۆی ڕاگەیاند دەشتوانێ درێژە بەجەنگی خۆی بدات لەژێر سەركردایەتی‌و فەرماندەیی فەرماندە كۆنە كانیدا. ئائەمانە بەڵشەفییەكانیان بەوە تاوانبار دەكرد كە كەسانێكی(تەوپاوین).

جەنەڕاڵ (برۆسیلۆف) لەسەرەتای مانگی(مایۆ) ئایارداو لەچوارچێوەی كۆنگرەیەكدا كە لەبارەگای فەرماندەیی گشتی هێزە چەكدارەكان بەسترا زۆر بەڕوونی‌و ئاشكرایی ڕای گشتی فەرماندەیی دەربڕی‌و گوتی: ((ڕێژەی ١٥ ـ ٢٠٪ی ئەندامانی فەرماندەیی لەگەڵ ڕژێمی نوێدا ڕاهاتوون‌و بەقەناعەتی خۆیانەوە خۆیان لەگەڵدا گونجاندووە، هەندێ لەئەفسەران كەوتونەتە دنەدان‌و هاندانی سەربازان دژی فەرماندەیی، بەڵام زۆرینەی سەربازان كە دەكاتە نزیكەی ڕێژەی ٧٥٪ نازانن چۆن چۆنی خۆیان لەگەڵ بارودخەكەدا ڕابهێنن‌و دوچاری تەوەزەلی‌و بێ دەنگی بونەتەوە كە نازانن چی بكەن، بەڵام زۆرێك





لەئەفسەره پلەدارەكان نەبوونەتە شتێكی یەكسان لەڕووی تێڕوانینی پەتیانەی سەربازییانەوە.

(كرنسكی)و(سكۆلۆلیف)یش كۆنگرەیەكیان گرت‌و تیایدا هەموو شتێكی شۆڕشیان خستە ئەستوێ جەنەڕاڵەكان. بەداخەوه، لەگەڵ ئەوشتانەی پێویستە بەهەندوەر بگیرێن لەبەردەمی ئەو شۆڕشەدا، جەنەڕاڵ(غۆركۆ) كە سەربەرێكخراوی(سەدڕەشەكان) بوو، هەركە قسەی ئەو دوو وەزیرەی بیست، كەوتە بەرپەرچدانەوەیان بەم قسانەی: ((دەڵێن شۆڕش بەردەوامە، باش گوێیان لێ بێت! شۆڕش بووەستێنن‌و ئێمەی سەرباز وازلی بهێنن تاكو بەردەوام بین لەبەجێ هێنانی ئەركەكانی خۆمان)) (كرنسكی) بەڕادەیەك بەدوای جەنەڕاڵەكاندا ڕای دەكروو دەیویست پێیان بگات‌و قسەیان لەگەڵدا بكات، كە خەریك بوو یەكێ لەو جەنەڕاڵانە بیخنكێنێ‌و دەست بنێتە بینی، جەنەڕاڵەكەش(كۆرنیلۆف)ی گەورەبوو.

سیاسەتی تەوفیقی‌و سوڵح كاریی لەسەردەمی شۆڕشدا سیاسەتی شلۆقی حامییەكان بوو لەنێوان چینەكاندا. (كرنسكی) خودی خۆی ئەو شلۆقییەی پێوەدیاربوو، فەرماندەیی ئەو سوپایەی كە نازانرێ تاچ ڕادەیەك بێ بەش بوو لەڕژێمێكی ڕوون‌و ووردی بەڕێوەبردن، تاكو بوو بەئامێرێكی ڕاستەوخۆی تەفروتونابوونی، (دینكین) لابەنده[٢٢٨] یەكی سەیری دانابوو بۆ كەسایەتییەكانی ناو ئەوفەرماندە گشتییەی كە لەپلەوپایەكانی خۆی دابڕابوو، چونكە نەیدەزانی چۆن لەگەڵ ئەو هێڵەدا بووەستێ ـ هێڵی گۆڕانكارییەكان ـ لەڕاستیدا كەس نەبوو كە بەتەواوەتی بزانێ ئەو هێڵە لەكوێیە، تەنانەت خودی(كرنسكی)ش، (كیسیف) هەستا بە لەسەركار لابردنی(ڕۆسكی) فەرماندەی گشتی بەرەكان لەگەڵ (كۆدمیتریف) لەو ڕوانگەیەوەكە لاوازن‌و كارئاسانی زۆر دەكەن بۆ لیژنەكان، هەروەها(برۆسیلۆف)یش دوور خرایەوە لەبەر ئەوەی هاوشێوەی(یۆدینیتش)ی ترسنۆك بوو، هەروەها(كرنسكی) هەستا بەڕاوەدونانی(كیسیف) وهەردوو فەرماندەكەی هەردووبەرەكانی سەربازی(غۆركۆ)و (دراغۆمیرۆف) چونكە بەدیموكراتیزەكردنی سوپا ناڕازی بوون، (برۆسیلۆف)یش

---

[٢٢٨] لابەندە: لائحة.

جەنەڕاڵ(کالیدین)ی لەبەرهەمان مەبەست لەسەر کاردورخستەوە، پاشان چاوپۆشی کردو دواتر لەخزمەتتدا هێشتیەوە چونکە بە نەرمی مامەڵەو ڕەفتاری لەگەڵ لیژنەکاندا دەکرد،(کۆرنیلۆف) وازی لە فەرماندەیی ناوچەی سەربازی پترۆگراد هێنا بەهۆی دەستەوەستانی خۆی سەبارەت بەلێکتێگەیشتنو چۆنیەتی ڕێك کەوتن لەگەڵ دیموکراتییەتدا.

گەرچی ئەمەش نەبووە هۆی ئەوەی کە ناوی(فەرماندەی بەرەی سەربازی) لێ بسەنرێتەوە، یاخود دواتر ناوی فەرماندەی گشتی لەسەر بسڕێتەوە.

(دینکین) هەستا بەلێسەندنەوەی پلەی سەرۆکی دەزگای ئەرکان لە(کیسیف) لەبەر ئەوەی کە ئاڕاستەیەکی ڕەخنەگرانەی زۆر ئاشکراو ڕوونی هەبوو، بەڵام هەریەکسەر کرابە فەرماندەی گشتی بەرەی خۆرئاوا، ئەم گەمەو یاریانە لەبن(سمی بزن) دابوونو وادەردەخەن کە کەسایەتییەکانی فەرماندەیی گشتی سوپا نەیاندەزانی چییان دەوێو چی دەکەن، وردە.. وردە.. وپلە بەپلە بۆ خوارەوە دادەبەزی، تاکو کارگەیشتە ناوسریەکانو بەمەش زۆر بەخێرایی سوپا تەفروتونا بوو.

چاودێرو کاربەدەستەکان خۆشیان متمانەیان بەسەربازان نەبوو، ئەمە لەکاتێکدا کە داوایان لەسەربازانیش دەکرد گوێ ڕایەڵی ئەفسەران بکەن. ئەودەمەی هێرش کردن لەترۆپك دابوو، یەکێك لەئەندامانی سۆڤیەت لەکۆبوونەوە یەکدا کە لەئەنجومەنی (مۆهیلیف)ی سۆڤیەت ـ بارەگای فەرماندەی باڵای سوپا بەستراو(کرنسکی)یش لەوێ ئامادەبوو، ئەندامەکە گوتی: ((ڕێژەی٨٨٪ی ئەفسەرانی سەر بەفەرماندەیی باڵای گشتی بەکارو کردەوەکانی خۆیان مەترسی خۆنیشاندان دژبە شۆڕش دەخولقێنن))، وەنەبێ ئەمەش تراویلکە[229] بێت بەلای سەربازانەوە چونکە پێش ڕاپەڕین لەکاتیی شیاو پێوسیتو دەرفەت[230] لەبارشیابوو بۆ ئەوەی سەربازان ئەفسەرانی خۆیان بەباشی بناسن.

[229] تراویلکە: سراب.

[230] دەرفەت: هەل: الفُرصة .





لەماوەی مانگی(مایۆ) ئایاردا، پەیوەندییەکانی فەرماندەیی لەئاستە بەرزو نزمەکاندا بەهەندێ گۆڕانکارییەوە گوزارشتیان لەتەنها یەك بیرۆکە دەکردەوە: ((تێڕوانین سەبارەت بەهێرشکردن، بەشێوەیەکی گشتی ناهەموارە، بەتایبەتیش لەناو ڕیزەکانی سوپای پیادەدا)). گەلێك جار ئەمەشیان بۆزیاددەکرد:((هێشتا تێڕوانین لەمیاندا باشترە وەك لەهی سەربازە ئەسپ سوارو سەربازانی تۆپ خانە)).

لەکۆتایی(مایۆ) ئایاردا، کەرتە سەربازییەکان شوێنی خۆیان قایم کردبوو بۆ هێرش کردن، موفەوەزێکی پابەندبە سوپای حەوتەوە بروسکەیەکی نارد بۆ (کرنسکی)و تیایدا نووسیبووی: ((لەفیرقەی ١٢، فەوجی ٤٨ بەتەواوەتی کەوتونەتەڕێ و فەوجەکانی ٤٥و ٤٦ بەنیوەی ژمارەی سریەکانیانەوە هاتوونەتە سەرهێڵەکان، فەجی٤٧ ئامادەنییەو مل نادات بۆ ڕێ ڕۆیشتنی سەربازی، لەفەوجەکانی فیرقەی ١٣ فەوجی٥٠ بەتەواوەتی هاتووە، فەوجی ٥١پەیمانیان داوە کە سبەینێ هەموویان بێن، فەوجی٤٩ نەهاتووە چونکە نۆرەیان نییە. فەوجی٥٢ ڕێ ڕۆیشتنو بەشدارییکردنیان ڕەت کردووەتەوە، هەموو ئەفسەرەکانیشی گیراونو دەست بەسەرن)) هەمان تابلۆ بەنزیکەیی لەهەموو شوێنەکان بەدی دەکەین، حکومەت وەڵامی ڕاپۆرتی چاودێرەکەی دایەوەو گوتی: ((ئەم فەوجانە٤٥، ٤٦، ٤٧، ٥٢ هەڵدەوەشێنەوەو سەربازو ئەفسەرە هاندەرەکانی بۆ گوێ ڕایەڵی نەکردنی یاسای سەربازی ڕەوانەی دادگا دەکرێن)). ئەو سەربازانەش کە ئارەزووی بەشداری جەنگیان نەبوو، لەوە نەدەترسان کە فەوجەکەیان هەڵبوەشێتەوە، هەروەکو چۆن لەوە نەترسان کەڕەوانەی دادگاش بکرێن. بۆ ئەوەی بەرەکانی سوپا بەگەورەو فراوانی دەربکەون وا پێویست بوو هێزەکان دژی هێزەکانی تر کۆبکرێتەوە،(قۆزاقەکان)یش بەزۆری بوو بوونە ئامێری بەرپەرچدانەوەو سەرکوتکردن، هەروەکو چۆن لەکاتی دەسەڵاتی قەیسەریشدا هەروابوون، بەڵام ئەمرۆ لەلایەن سۆسیالیستەکانەوە سەرۆکایەتیان دەکرێو جڵەو گیرکراون: ئایا لەڕستیدا ئامانجەکە بریتی نییە لەبەرگریکردن لەشۆڕش؟

لەڕۆژی(٤) یۆنیۆ(حوزەیران) واتە بەکەمتر لە(١٥)ڕۆژ بەر لەدەستپێکردنی هێرش، سەرۆکی دەزگای ئەرکان لەفەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانەوە ئەم ڕاپۆرتەی

ڕەوانەکرد بۆ حکومەت:((تا ئێستاش بەرەی باکور لەحاڵەتی مەیین دایە، برایەتی کردنیان لەگەڵ دوژمندا بەردەوامە، سوپای پیادەش هەڵوێستی ناهەموارانەی گرتووەتە بەر،....... بارودۆخیش لەناو بەرەی خۆرئاوادا زۆر دیاریکراو نییە، تێبینی ئەوە دەکرێ کە بارودۆخی هزری بەرەو باشتر چووە لەبەرەی باشووری خۆرئاوادا....... بەڵام ئەم بارە لەبەرەی رۆمانیدا تێبینی ناکرێ..... سەبارەت بەپیادەکان نایانەوێ ڕێو ڕۆیشتنو مەشق بکەن....)).

لە(١١)یۆنیۆی ساڵی١٩١٧دا عەقیدی فەرماندەی فەوجی(١٦) نووسیبوی: ((هیچ ڕێگەیەك لەبەردەمی منو ئەفسەرەکانمدا نەماوەتەوە، جگە لەڕاکردن، بەپێی گەیشتنی سەربازێکی((لینینی)) لەسریەی(٥) پترۆگرادەوە... ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرو سەربازانیشمان ڕایانکردووە))..... دەرکەوتنی تاقە یەك سەربازی لینینی لەیەکێك لەفەوجەکاندا بەسە بۆ ئەوەی ئەفسەرەکان دەست بەڕاکردن بکەن. بێگومان شتێکی سروشتی یەکە هاتنی تەنها یەك سەرباز لەوانە بەسە بۆ مەیاندنی شلەیەك کە بەرەو بلور[٢٣١] بوون دەچێتو قاڵبی خۆی وەردەگرێ. وادیارە ئەم سەربازە، بەڵشەفی نیە. لەوکاتەدا فەرماندەیی سوپا ناوی (سەربازی لنینیی) بەسەر هەر سەربازێکدا دەبڕی کە دەنگی نارەزایی بەرز بکردایەتەوە، بەشێوەیەکی ئازایانەتر لەسەربازەکانی دیکە، ئەوکەسانەش کە لەناو ئەم(لینینیانە) دابوون کەم نەبوون کە لەوباوەڕەدا بوون(غلیۆمی دووەم)) (لینین)ی ڕەوانە کردووە بۆ ڕوسیا، فەرماندەیی فەوجی(٦١) هەوڵی دەدا کە سەربازەکانی خۆی چاوترسێن بکاتو هەڕەشەیان لێ بکات بەوەی کە لەناویان دەباتو سەرکوتیان دەکات ـ ئەگەر یاخی بن لەحکومەت ـ یەکێك لەسەربازەکانی فەوجەکەش بەم جۆرە بەرپەرچی هەڕەشەکەی دایەوە: ((حکومەتی دێرین ڕووخێنرا، حکومەتی ـ کرنسکی ـ ش بلور دەکەینەوە...!))، ئەم شێوە زمانی گفتوگۆیە نوێ بوو، هەر زۆریش تازەبوو، سەربازان لەژێر کاریگەری وروژاندنە بەڵشەفییەکاندا سەرمەست دەبوونو پاشان دەکەوتنە پێشبڕکێ کردن ـ لەنێوان خۆیاندا ـ بۆ هاندانی دژایەتی کردنو یاخی بوون بەشێوەیەکی بەرچاو.

[٢٣١] بلوربوون: بلور بلوربوون: وەکو کریستاڵو سەهۆڵ کە لەشێوەی تووڵدا ئەیبەستێو ئەبێ بە بلور





لەکۆتایی ئیپریل(نیسان) دا، وەفدێکی تایبەتی کەپێك هاتبوو لە(٣٠٠) کەس لەسەربازە دەریاییەکانی کەشتیگەلی دەریای ڕەش بەسەرۆکایەتی خوێندکارێکی بزیۆ(باتکین) ڕەوانەکرا، سەرکردەی ناوبراو بەرگی دەریایی لەبەردابوو، تاکو زمانی هەموو وڵات بنوێنێ ئەم کەشتیگە لە لەژێر فەرماندەیی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان دابوو، بەپێچەوانەی کەشتیگەلی(کرۆنشتادت)ە وە بوو کە کرابووە زیندانێکی نیشتمانی، ئەم نوێنەرانە بۆ بەرپەرچدانەوەی بەشداریکردن هاتبوون، بەڵام لەناو ڕیزی ئەندامانی وەفدەکەدا جۆشو خرۆشی دڵسۆزانە تێبینی دەکرا. ئەو کۆمەڵە کەسانە بیرۆکەی جەنگیان تاسەرکەوتن بڵاودەکردەوە، بەڵام لەهەفتەیەکەوە تاهەفتەکەی دواتر جەماوەر زیاتر دەبوونە دژی بیرۆکەکەیان، کاتێکیش پیاوانو سەربازانی دەوروبەری دەریای رەش دەنگە بەرزەکەیان بۆ هێرش کردن خاوەکردەوە وەفدێك لە(بەڵتیق)ە وە هاتن بۆ(سیباستۆپۆڵ) دوای ئاشتیان دەکرد، باکورییەکان لەباشور سەرکەوتنێکی گەورەتریان بەدەست هێنا، لەوسەرکەوتنەی باشورییەکان لەباکور بە دەستیان هێنابوو، سوپای دەریایی(سیپاستۆبۆڵ) لەژێر کاریگەری(کرۆنشتادت) لەبەرواری(٨)ی یۆنیۆ(حوزەیران) کەوتنە چەك کردنی فەرماندەیی خۆیانو گرتنو دەست بەسەر کردنی فەرماندەو ئەفسەرە کاربەدەستو قین لەدڵەکان.

(ترۆتسکی) لەکۆنگرەی سۆڤیەتاتدا کە لە(٩)ی حوزەیران بەسترا، پرسیاری کرد: چۆن دەکرێ تەقینەوەیەك بەم مەترسییە زۆرە وە لەناو ئەو کەشتیگەلەدا ڕووبدات ـ کە کەشتیگەلێکی نمونەیی سەر بەدەریای ڕەشەو بۆ هەموو وڵاتان نوێنەری نیشتمانی ناردووەو لەناو ئەم هێلانەی نیشتمانییەدا؟ ئایا ئەو دەلالەتانە چین ئەم کارەی لەسەر هەڵپێچراوە؟)) بەڵام(ترۆتسکی) هیچ بەرپەرچدانەوەو وەڵامێکی پێ نەگەیشتەوە، پێویست بوونی هەمولایەك بە دەست بەکاربوونی دەسەڵات و ترسو بیم[٢٣٢] لەناو سوپادا بووبوونە دووهۆکاری سەرەکی بۆ دروست کردنی دڵتەنگی لەناخی هەمواندا، بەسەر بازو ئەفسەرانەوە تا دەگاتە ئەندامانی لیژنەکان، هەموو لایەکیش هەستیان بەوە کردبوو کە پێویستە دەروویەکی ڕزگاری بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوانەش کە لەتۆرپکی

[٢٣٢] بیم: ترس: نائارامی: نائاسودەیی: الخوف والقلق .

سەرکردایەتی بوون ڕوون بووەوە کە هێرش کردن دەبێتە مایەی لەبن هێنانی پابەندنەبوون‌و سامالّی یەك بەدوای خۆیدا دێنێ، ئەم ڕاوبۆچوونەش تارادەیەك ڕاست بوو، ئەگەر(تسیریتلی‌و تشیرنۆف) لەپیۆگراد پشتگیرییان لەهێرش کردن بکرایەو بەهەموو ئاوازەکانی دیموکراتییەت ڕازی بوونایە، ئەوا لەلایەکی ترەوە لەسەر ئەندامانی لیژنەکان وا پێویست دەبوو کە تەنسیق لەگەڵ ئەفسەران بکەن. جەنگ دەستی پێکرد دژی ڕژێمی نوێ لەناو سوپاوە، ئەو ڕژێمەی کە بەبێ ئەو شۆڕش بەچەشنێ دەبووکەهەروێنا نەدەکرا، بەڵام ڕژێمێك بوو لەگەڵ جەنگدا ڕێك کەوتبوو، لەگەڵ شۆڕشدا دانوی نەدەکولا، سەرەنجامەکانی پەرەسەندنەکە زۆر بەخێرایی دەرکەوتن، یەکێك لەئەفسەرە دەریایی یەکان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ((ئەندامانی لیژنەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەلای ڕاستدا ڕوویان وەردەگێڕا، بەڵام هاوکات ئەو دەسەلاّتەشیان لەدەست چووبوو کە پێشتر هەیانبوو لەناوجەرگەی دەریاوان‌و سەربازاندا))، بەڵام ئەوەش شتێکی بەڵگە نەویستەکە پێویست بوونی گرنگی سەربازو دەریاوانەکان لەجەنگدایە.

بەڕەزامەندی(کرنسکی)، (برۆسیلۆف) هەستا بەگرتنە ئەستۆی کارێك، ئەویش درێژەدان بوو بەپێکهێنانی کەتیبەی بەرگری‌و تێسرەواندن، کە لەکەسانی خۆبەخش پێك دێن، بەم شێوەیەو بگرە بە ڕاشکاوانە دانیان بەوەدانا کە سوپا وێزەی[٢٣٣] جەنگی نەماوە، یەکسەر ڕەگەزە جۆراو جۆرەکانی پەیوەندییان بەم پرۆژەیەوە کردو خۆیان ناونووسکرد، زۆربەشیان کەسانی ئارەزوومەندی سەرکەشکارانە بوون، وەك نەقیب (مۆرافیف) کە دوای ڕاپەڕینەکەی ئۆکتۆبەر پەیوەندی کردبوو بەڕیزەکانی سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕە چەپەکانەوە تاکو دواتر ناپاکی بکات بەرانبەر دەسەلاّتی سۆڤیەتی، دوای ئەوەی چەند کارێکی گرنگی کردو بۆ ئەوەی کە خۆی بەکوشت بدات بە گوللەی یەکێك لەبەلّشەفییەکان ـ یاخود خۆی بەدەستی خۆی، خۆی کوشت ـ بێگومان ئەفسەرە دژەکانی شۆڕش زۆر بەتامەزرۆییەوە دەسەلاّتیان سەپاند بەسەر کەتیبە بەرگریە نوێیەکاندا، کە ئەم کەتیبانە بۆ ئەوان وەك کۆبونەوەو گەلاّلە کردنێکی یاساییانە وابوو بۆ جەم کردنی هێزەکانیان کەچی بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە هیچ دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی

[٢٣٣] وێزە: وزە: الطاقة : بۆ نمونە لەوێزەمدا نیە ئەو کۆڵە گرانە هەڵگرم.





نەبوو لەناوەندی سەربازاندا‌و جەماوەری سەربازیدا. ژنە سەرکەشکارەنیش کەتیبەی ژنانیان دروست کرد ((ئەسپ سوارەکانی مەرگی ڕەش)) واش ڕێکەوت کە یەکێك لەم کە تیبانە بوو بە دواهەمین هێزی چەکدارانەی دەستی(کرنسکی) لە(ئۆکتۆبەر) تشرینی یەکەمدا، بۆ بەرگریکردن لەپاراستنی کۆشکی زستانە.

بەڵام ئەم هەمووشتانە نەبوونە فریاکەوتنێکی گەورە بۆ کۆتایی هێنان بە عەسکەرتارییەتی ئەڵمانی، ئائەمەش کوتومت کێشەکە بوو، ئەو کێشەیەی کەخرابووە ڕوو.

ئەو هێرشکردنەی کە سەرکردایەتی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان گفتی دابوو بەهاوپەیمانانی خۆی دواخرا لەسەرەتای وەرزی بەهارەوە، ئەم دواخستنەش چەند جارێك دواخر، هەفتە بەهەفتە، وادیار بوو دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەیەگجارەکی مەسەلەی دواخستنی جەنگیان ڕەت کردەوە، هاوپەیمانان هیچ دوودڵ نەبوون لەبەرانبەر هەڵبژاردنی هۆکارەکاندا، ئەوان داوایان دەکرد کە بەزۆر دەبێ ڕوسیا پابەندبێ ئەنجامدانی هێرشێکی خێراو بێ دواکەوتن، لەپاڵ ئەو بەسەراهەڵدانە کاریگەرانەی کە کاری دەکردە سەر هەست‌و نەست‌و(فاندرۆفیلّد) بەکاری دەهێنان، هاوپەیمانانیش لەولاوە هەڕەشەیان لەڕوسیا دەکرد کە ئازوقەکەی دەبڕن، (قونسولی گشتی ئیتالیا)

بەڕاشکاوی لەمۆسکۆ بەڕۆژنامەنوسانی ڕاگەیاند لەسەر شێوازی ڕوسی، نەك شێوازی ئیتالی کە هاوپەیمانان ئازادی تەواو دەدەن بەیابان بۆکارکردنی لە سیبریا ئەگەر ڕوسیا سوڵحێکی تاك لایەنە بکات، ڕۆژنامە لیبراڵییەکان لەمۆسکۆ، نەك ڕۆژنامەکانی ڕۆما، ئەم هەڕەشە قێزەونانە یان بەجۆش‌و خرۆشێکی نیشتمانییانەوە بڵاو کردەوە، هۆکارەکەیشی گەڕاندەوە بۆ دواخستنی هێرشەکە نەك بۆ هۆکاری سوڵحی تاك لایەنە، هاوپەیمانان زۆر گوێ یان بەوە نەدەدا کە لەگۆشەنیگاکانی ترەوە تەماشای بکەن، بۆیە نمونەی کەرەسەی تۆپیان ڕەوانە کردبوو، کە ئەمەیان بەپاشەڕۆیەك لەقەڵەم دابوو، لەڕێژەی ٣٥٪ زیاتر لەتۆپەکانی مەیدان بەرگرییان نەکردبوو، کە ڕوسیا لەهەندەران وەری گرتبوون بۆ ڕەمی کردنی بەردەوام لەماوەی(١٥)ڕۆژدا، ئینگلتەرە تەنگ‌و چەڵمەو کۆسپی دەهێنایە ڕێی ڕوسیا لەپێناوی ئەو قەرزانەی پێویستی پێیانهەبوو،

لەبەرانبەردا، ئەمریکا کە تازە بوو بووبە دۆستی حکومەتی کاتیی بەبێ ئاگاداری ئینگلتەرە قەرزێکی دابوو بەڕوسیا کە(٧٥) ملیۆن دۆلار بوو، وەك پێشینەیەك بۆ هێرشی داهاتوو.

ئەو بۆرجوازییەتە ڕوسییەی کە هەڕەشەو ئاگادارییەکانی هاوپەیمانانی قەبوڵ کردو خەڵگی بەشێوەیەکی دڕندانە ورووژاند بۆ دەست بەکاربوونی هێرش، متمانەی بەوە نەبوو کە هێرشە کە سەرکەوتوو دەبێ، ئەوەشی ڕەت کردەوە کە هاوبەشی کردنەکەی لەو هێرشەدا لەسەر قەرزی ئازادانە[٢٣٤] بێ خێزانی پاشایەتی دەرفەتیان بۆ خۆیان قۆستەوە تاسەر لەنوێ بگەڕێنەوە سەر شانۆی کارەکەیان: ئەوە بوو خێزانی (ڕۆمانۆف) لەبەیاننێکدا کە ئاراستەی حکومەتی کاتییان کردبوو، ئامادەیی خۆیان دەربڕی بوو بۆ بەشداریکردن لەقەرزپێدان، بەڵام ئەوەشیان وتبوو کە بەشداری ناکات هەتا گەنجینە بڕیار نەدات لەسەر دیاری کردنی خەرجییەکی تایبەت بۆ بنەماڵەی ئیمپراتۆرییەت))، کەسانی سەربە سوپا ئەمانەیان هەر هەمووی دەخوێندەوە، دەیانزانی کە زۆرینەی ئەندامانی حکومەتی کاتییو گەلێك لەئەفسەرەکانی فەرماندەیی حەز دەکەن کەسەر لەنوێ دەسەلاتی پاشایەتی بێتەوە سەرتەختی کار.

کارێکی بەویژدانانەیە کە تێبینی ئەوە بکەین، سەرجەم خەڵکانی سەربە سەرنگەری هاوپەیمانان هاوبیر نەبوون لەگەڵ لایەنگرانی ئەو(فاندرۆفیلد) و(تۆماس)و (کاشین)ەی کە سوپای ڕوسیایان بەرەو کەناری دۆزەخی جەنگ دەبردو ئاگادارییەکانیش سەبارەت بەبارودۆخی سوپای ڕوسی لەهەموو شوێنێکەوە دەبیستران.

جەنەڕاڵ(بێتان) دەیگوت: ((سوپای ڕوسی تەنها لادیوارێکە هەر جولا، دەڕوخێت)) ڕەوانەکراوی ئەمریکی هەرهەمان بیرۆکەی پشت ڕاست کردبووەوەو بەهەمان شێوە تەعبیری لەوسوپایە کردبوو، بەڵام ئیعتیباراتەکانی تربوون کە بوو بوونە باوو زاڵ بوون بەسەر بارودۆخەکەدا، واپێویست بووکە خودی گیانی ئەو شۆڕشە دابڕنرێ، (بانلۆفییە) دواتر هەڵوێستەکەی بەم جۆرە ڕاڤە کردو گوتی:((برایەتی کردنی نێوان ڕوسیاو

[٢٣٤] قەرزی ئازادانە: الدیون الحّرة: ئەو قەرزەیە کە قەرز وەرگر ئازادە لەدیاریکردنی بڕی قەرزەکەدا، فەرهەنگی ئابوری.





ئەڵمانیا، دەبێتە مایەی زیان گەیاندنێکی گەورە بەسوپای ڕوسیا، ئەمەش وامان لێ دەکات کە لەوباوەڕەدابین ئەگەر سوپا جموجۆڵ نەکات ئەوا سەد لەسەد بەرەو لێکهەڵوەشانەوە دەچێ)).

(کرنسکی)و (تسیریتلی) هەستان بەئامادەکردنی هێرشەکە لەڕووی سیاسییەوەو خۆیان لەنزیك ترین کەسو ئاشنایانی خۆشیان دەشاردەوە، لەکاتی بەردەوام بوونی سەرکردەکانیش ـ ئەو سەرکردانەی کە نیوەی زانیاریان لابوو دەربارەی بارودۆخەکە ـ دەکەوتنە ئامۆژگاریکردن بۆ بەرگریکردن لەشۆڕش(تسیریتلی) زۆر سوور بوو لەسەرسازدانی سوپا بۆ هێرشکردنەکە،(تشیرینۆف)یش ماوەیەکی زۆر دژی بیرۆکە بوو، لەهەموویان زیاتر سوور بوو، لە دانیشتنی حکومەتی کاتیدا کە لە(١٧)ی مایۆ(ئایار)دا چەندین پرسیار ڕووبەڕووی((وەزیری جوتیاران)) کرابووەوە، وەك خۆی واناو ناوبوو، دەربارەی ئەو پرسیاری لێ کرابوو ئاخۆ ڕاستە کە پشتگیری هێرش کردنی کردووە لە یەکێك لەکۆبوونەوەکاندا، بێ ئەوەی ئەومافەی هەبێت،(تشیرنۆف) گوتبوی: ((هێرش بەلای منەوە زۆر مەبەست نییە ـ وەك پیاوێکی سیاسی ـ بەڵکو هێرش کارێکە لەکارەکانی کە سانی ستراتیژی ناو بەرەکانی سوپا))، ئەم کەسانەش ـ وەك بۆمان دەرکەوت ـ یاریو گەمەی خۆتڕێنەیان دەکرد لەگەڵ جەنگدا، هاوکات گەمەیان لەگەڵ شۆڕشیشدا دەکرد، ئەمەش تەنها ماوەیەکی دیاری کراوو باوی هەبوو.

دیارە ئامادەکردنی هێرشەکە پشتگیری خەباتەکەی پێویست بوو بەوەی کە کۆشش بکەن دژی بەلشەفییەکان، بەرپرسە حکومەتییەکان کەوتبوونە هێرش کردنە سەر بەلشەفییەکان بەشێوەیەکی توندو تیژ تر بەجاران و بەوە تاوانباریان دەکردن کە ئارەزووی سوڵحی تاك لایەنەیان هەیە، خودی ئەو سازشانەی بۆ ئەو سوڵحە پێویست بوون هەر لەناو خودی بارودۆخەکە خۆیدا بوون. ئەو ڕێگەیەش تاکە دەروازەی ڕزگاربوون بوو لەوقەیرانە، ئارەزووکردنی بەلشەفییەکانیش بەلای ئەنجامدانی سوڵحی تاك لایەنەدا دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ڕوسیاو ئەو دەرپژانەی[٢٣٥] دوچاری بوو بوو بە بەراوردکردن لەگەڵ دەوڵەتە جەنگاوەرەکانی تردا، بەڵام دواتر کەس نەمابوو کە هەستێ بەکرداری بەراورد

[٢٣٥] دەرپژان: پژان: هەڵپژان: النزیف.

کاریی هێزەکانی هۆکارە نوێیەکە، کە بریتییە لە شۆڕش، بەلْشەفی یەکان وایان دانابوو ناشێت لەئەگەرەکانی ئاشتی تاك لایەنە ڕابکەین، مەگەر مەرجی ڕووبەڕووبوونەوەی جەنگ بەوپەڕی دلێریو لێبڕانەوەو درێژەپێدان بەوجەنگە تاکو کۆتایی بەهەمان بڕە هێزوگوڕی شۆڕشو دەسەلاتەکەی، لەبەر ئەوە پێویستە پێش هەموو شتێ هاویەیمانێتی بسمرێو کوناودەر بکرێ لەگەلْ بۆرجوازییەتی ولات خۆی، لە(٩)ی (یۆنیۆ) حوزەیراندا ،(لینین) لەکۆنگرەی سۆڤیەتاندا گوتی: ((کاتێك واباس دەکرێ کە ئێمە ئارەزووی بەستنی سولْحی تاك لایەنە دەکەین، ئەم قسەیە ڕاست نییە، ئێمە دەلێین: هەرگیز سولْحێکی تاك لایەنە لەگەلْ هیچ سەرمایەدارێك ناکەین، پێش هەمووشیان سەرمایەداری ڕووس، حکومەتی کاتیی بۆخۆی لەبارودۆخی سولْحی تاك لایەنەدایە لەگەلْ سەرمایەدارە ڕوسەکاندا... بابڕۆخی ئەو سولْحە تاك لایەنە!)) کۆنووسی دانیشتنەکە چەپلەڕێزانی ئامادەبوانی تۆمارکرد.

ئەم چەپلە ڕێزانەش دەنگی چەپلەی کەمینەی ناو کۆنگرەکە بوون، کەچی لەگەلْ ئەوەشدا چەپلەلێدانێکی زۆر بەهێزبوو.

هەندێ لەئەندامانی لیژنەی ڕاپەرندن پێویستیان بەخۆگری زیاتر هەبوو، هاوکات ئەوانی تر خوازیاری ئەوە بوون خۆیان بخەنە ژێر پەردەی دەزگایەکەوە کە دەسەلاتێکی گەورەتری هەبێت، لە دواهەمین ساتدا بڕیاردرا کە بە(کرنسکی) رابگەیەنن هێرش کردن کارێکی باش نییە کە بەر لە بڕیاری کۆنگرەی سۆڤیەتان بڕیاربدرێ لەسەر دەست پێکدرن بەوهێرشە. ئەو ڕاگەیاندنەش کە مەفرەزەی بەلْشەفییەکان لە یەکەم دانیشتنی کۆنگرەدا ڕایانگەیاند دەلێت: ((پێویستە کۆنگرە بەرگریەکی کوت پڕی گوڕپێدانەوەی دژە شۆڕش بەدیاربخات، یان بەشێوەیەکی تەواوو ئاشکراو ڕوون ئەم سیاسەتە بخاتە ئەستۆی خۆی)).

بڕیاری کۆنگرەی سۆڤیەتانیش لەبەرژەوەندی هێرشکردندا نەبوو، بەلْکو تەنها کار بەڕێکردنێکی دیموکراتیانەی شیکلّی بوو، هەموو شتێ سازو ئامادەبوو، تۆپهاوێژەکان دەمێك بوو خۆیان سازو ئامادە کردبوو بۆ تۆپ باران کردنی جێو شوێنەکانی دوژمن، لە(١٦)ی یۆنیۆ(حوزەیران)دا(کرنسکی) فرمانەکەی خۆی خستە خزمەتو کار کردن





وەك فەرماندەی بالای هێزە چەکدارەکان، ڕۆلّی ((سەرکردەی مسۆگەر بۆبەدەست هێنانی خەرمانەی سەرکەوتن))، دەستی کرد بە فرمان دەرکردنو ئاراستەکردن سەبارەت بە((پیاکێشانو هەلْکوتانە سەرێکی لەناکاوو یەکلاکەرەوە))، فرمانەکەیشی بەم شێوەیە کۆتایی پێ هێنا: ((من فرمانتان پێدەکەم کە هێرش بەرن ـ بەرەو پێشەوە))!

(ترۆتسکی) قسەو شیکردنەوەی خۆی هەبوو دەربارەی بەیانەکەی مەفرەزەی بەلْشەفییەکان لەکۆنگرەی سۆڤیەتاندا، ئەوەیشی لەوتارێکدا دەربڕی کە لەئێوارەی هێرشەکە دا نووسیبووی، تیایدا دەلێ:ـ

((سیاسەتی حکومەت بەشێوەیەکی ڕیشەیی مەوداو ئەگەری سەرکەوتنی سەربازی تێك دەڕوخێنێ.... بەتایبەتیش دەلالەتە مادییەکان هێرشەکە گونجاونین، ڕێکخستنی ئازوقەو خۆراك ـ کەنەکراوە ـ لەناو سوپادا پەشێوییەکی گشتی وای بەرپاکردووە لەڕووی ئابورییەوە کە ئەم پێکهاتە حکومییەی ئێستا ناتوانێ پیادەی هیچ ڕێو شوێنێکی چارەسەر کردنی بدۆزێتەوە... هەروەها دەلالەتە مەعنەوییەکانی هێرشەکەش دیسان هەر شیاونین. حکومەتیش ئەوەی بۆ سوپا دەرخست کە بێ دەسەلاتی لەئاستی دیاریکردنی سیاسەتی ڕوسیا بەشێوەیەکی سەربەخۆی دوور لەخواستی هاوپەیمانە ئیمپریالییەکانە، سەرەنجامەکەیشی لە پلە پلە لێك هەلْوەشاندنەوەی سوپا زیاتر هیچی دیکە نابێ،... ئەو کردەوەی بەکۆمەلْ ڕاکردنو خۆدزینەوەیەی لەسوپادا هەیە بەلْگەیە لەسەر دەرەنجامێکی خراپی خواستی تاکە کەسی، لەم بارودۆخەی ئێستادا، جگەلەمەش گوزارشتە لەدەستەوەستانی تەواوەتی حکومەت لەپێکەوە جۆشدانی سوپای شۆڕشگێڕ لەناو یەکەیەکی تۆکمەو تەواودا لەڕووی بیروڕاو بۆچوونەکانەوە... دوای ئەوە ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەت بڕیاری نەداوە لەسەر خێرا هەلْوەشاندنەوەی دەسەلاتی دەرەبەگو ئاغاکان، واتا ئەو بڕیارەی یەکلاییو دلْنیا نەکردووەتەوە تاکو بیسەلمێنێ لەناخی زۆربەی جوتیاراندا کە ئەم شۆڕشە شۆڕشی ئەوانە)).

(ترۆتسکی) بەم شێوەیە کۆتایی بەوتارەکەی دەهێنیو دەنووسێ: ((هێرشکردن لەبارودۆخێکی لەم جۆرەی مادی و مەعنەویەدا بێگومان سیفەتی کارێکی سەرکەشانە وەردەگرێ)).

سەرکردایەتی بەخۆی نزیکەی هەموو دامو دەزگاکانییەوە وای دانابوو کە ئەم هێرشکردنەی هیچ ئومێدێکی لێ ناکرێ لەڕووی سەربازییەوە لەبنەڕەتدا بەشێوەیەکی تایبەتی بەحسابێکی سیاسی نەخشە بەندکراوە،(دینکین)یش دانی بەوەنا لەبەردەم(برۆسیلۆف)دا دوای ئەوەی سوپاکەی خۆی لەدەستدا گوتی: ((من باوەڕم بەسەرکەوتنی هێرشەکە نییە)) پێویستە ئەم ڕەگەزە گوماناویانە شتێکی تریشی بۆ زیاد بکەین، ئەویش ناچالاکیو کەم خودی فەرماندەییە،((ستانکیفیتش)) وەك ئەفسەرێكو وەك نیشتمانپەروەرێك شایەتی دەدات ودەڵێ: ئامادەکردنی تەکنیکایانەی هێرشەکە دوورە لەبەدەستهێنانی سەرکەوتنەوە، ئەمە بەچاوپۆشی کردن لەباری مەعنەوی کەرتە سوپاییەکاندا: ((هێرشەکە بەشێوەیەك ڕێکخراوە کە لەخوار هەموو ڕەخنەیەکەوە بێت))، وەفدێك لەئەفسەران پێکهێنرا لەسەروو هەمووشیانەوە (نۆفۆسیتسیف)بووکە سەرۆکی یەکێتی ئەفسەرانی(کادیت) بوو، ئەم وەفدە سەردانی سەرکردەکانی(کادیت) یان کردو ئاگاداریان کردنەوە کە هێرش کردن نابێتە مایەی پوکانەوەو لەناوبردنی باشترین کەرتەکان بەڵام دەسەڵاتە باڵاکان ئەم ئاگادارکردنەوەیان بەچەند ڕستەیەکی گشتی پەردەپۆشو بێ دەنگ دەکردن، جەنەڕاڵی کۆنە پەرست (لۆکۆمسکی) سەرۆکی دەزگای ئەرکانی گشتی هێزە چەکدارەکانی ڕوسیا گوتی: ((تائێستاش ئومێدێکی لاواز لەسەرکەوتنی ئەو هێرشەدا هەیە، ڕەنگە سەرەتایەکی دڵخۆشکەرانە هاوسەنگ بکاتەوە بۆ جەنگی دەرونی جەماوەری سەربازانو دەروازەی ئەو دەرگایانەش بکاتەوە بۆ سەرکردەکان تاکو جارێکی تر جڵەوی کۆنترۆڵ بگرنەوە دەست کە پێشتر لەدەستیان چووە)). کەواتە جڵەو گرتنەوە ئامانجی سەرەکییە.

بەرپرسانی هێرشەکە پشتیان بەپیاکێشانێکی گەورە بەستبوو، بەپشت بەستنیان بەو نەخشەیەی هەردەمێك بوو دانرابوو، بەهێزەکانی بەرەی باشووری خۆرئاوا لەئاراستەی(لفۆف)دا بەوەی کە هەردووك بەرەی باکورو باشور هاوکاری چاك بکەن





لەئەنجامدانی هێرشەکەدا، هەرچەندە پێویست وایە کە لەیەك کاتدا لەهەموو لایەکەوە هێرشەکە دەست پێ بکات، دواتر ڕوون بووەوە کە پەیڕەوکردنی ئەو نەخشەیەو پراکتیزە کردنی هەنگاوەکانی تواناو خەرجییەکی ئەوتۆی دەوێ کە زۆر زیاتر لەتواناو جزدانی هێزەکانی سەرکردایەتی، لەوکاتەدا بڕیاردرا کە بەرەکان یەك لەدوای یەك بچنە پێشەوەو هێرش بکەن.

لەسەرەتاوە لەو بەرەیانەوە کە بایەخێکی ئەوتۆی نییە، ئەمەشیان هەرکارێکی شیاو نەبوو،(دینیکین) دەڵێ: ((دوای ئەوە فەرماندەیی باڵا بڕیاریدا ڕێ بگرێ لەجێ بەجێ کردنی هەموو ستراتیژێکی مەنهەجی، ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەست پێشخەرییە کرداریيانەیەی ئەو بەرە سەربازییانەی کە لەخۆیان ڕادەبینن هێرش بکەن))... لەهەموو شتەکانیاندا نەیاندەزانی چی دەکەنو چی ناکەنو خۆیان دابووە بەر ڕەحمەتی خوایی، نەخشەکە لەهیچی کەم نەبوو، مەگەر تاقەوپولەکەکانی ژنی قەیسەر، بەڵام هەوڵیاندا بیانگۆڕن بەتاقەو پولەکەی دیموکراتییەت، (کرنسکی) بەرەکانی بەسەر دەکردەوە تاکو سەربازان هان بداتو ئامۆژگارییان بکاتو پیرۆزباییان لێ بکات. هێرشەکە لە(١٥)ی یۆنیۆ(حوزەیران) دەستی پێکرد لەبەرەی باشوری خۆرئاواوە، لە(٧)ی یۆلیۆ(تەموز) لەبەرەی خۆرئاوایشەوە دەستی پێکرد لە(٨) دا بەرەی باشورو لە(٩)دا بەرەی ڕۆمانی، سێ بەرەکان چوون یەك بوونو هەمووشیان لەخەمو خەیاڵدا هاوبەش بوون کاتێك بەرەی سەرەکی(بەرەی باشوری خۆرئاوا) تێك شکاو شکستی هێنا.

(کرنسکی) بەحکومەتی کاتیی ڕاگەیاند((ئەمڕۆ سەرکەوتنمان بەدەستهێنا، سەرکەوتنێکی گەورەی شۆڕش))، لەڕۆژی(١٨)ی یۆنیۆ(حوزەیران) سوپای شۆڕشگێری ڕوسی بەوپەڕی جۆشو خرۆشەوە ـ جۆشو خرۆشی پچڕ پچڕو هاوتا ـ هێرشکەی دەست پێکرد، ڕۆژنامەی(ریتش)ی سەر بە(کادیت) نوسیبووی: ((ئەوڕووداوەی کە دەمێکە چاوەڕوانمان دەکرد هاتەدی، ئەو ڕووداوەی کە بەیەك گوژم وتەکان شۆڕشی ڕوسیای بردە گەورەترین ڕۆژە پڕ لەسەروەرییەکانی)). لە(١٩)ی یۆنیۆ(حوزەیران) لەخۆنیشاندانێکی نیشتمانیدا(بلیخانۆف)ی بەساڵاچوو وتارێکی خوێندەوەو گوتی: ((ئەی هاوولاتیان! ئەگەر ئێستا لێتان بپرسم ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟ ئەوا ئێوە لەوەڵامدا دەڵێن: ئەمڕۆ

دووشەممەیە، بەڵام ئەمە هەڵەیە، ئەمڕۆ ڕۆژی یەك شەممەیە، ڕۆژی بوژانەوەی ولاّتمانو دیموکراتییەتە بەگشتی لەهەموو جیهاندا، ڕوسیا دوای ئەوەی لەقەیسەر ڕزگاری بوو، بڕیاریداوە خۆی لەئاگری دوژمنیش ڕزگار بکات))، (تسیریتلی)ش هەمان ڕۆژ لەکۆنگرەی سۆڤیەتاتدا گوتی: ((لاپەڕەیەکی نوێ کرایەوە لەمێژووی شۆڕشی گەورەی ڕوسیا، پێویستە لەسەر دیموکراتییەتی ڕوسیی، نەك هەر تەنها سلاّو لەسوپا شۆڕشگێڕەکەمان بکات، بەڵکو پێویستە سوپاش سلاّو بکات لەو هەموو کەسانەی کە بەکردەوە هەوڵی جەنگ دەدەن دژی ئیمپریالییەت)) دیموکراتییەتی نیشتمانی هەموو بەربەرستەکانی خۆی لابرد.

ڕۆژنامەکان هەواڵێکی خۆشیان لەم کاتەدا بلاّو کردەوە:

((بۆرسەی پاریس ئاهەنگ دەگێڕێ لەخۆشی ئەو هێرشی ڕوسیەی کە بوو بەمایەی بەرزکردنەوەی نرخی هەموو بەشەبەرکەوتە بازرگانی و سەنەدە ڕوسییەکان))، سۆسیالیستەکان کەوتنە هەوڵدان بۆ دیاری کردنی تۆکمەیی شۆڕشەکە بەپێی لابەندەی نرخەکان، بەڵام مێژوو فێرمان دەکات هەمیشە بۆرسە لەبارودۆخێکی باشتردا دەبێت، هەتا بارودۆخی شۆڕش لەخراپ بووندابێت.

کرێکاران‌و سەربازانی حامییەی پایتەخت تەنها یەك خولەکیش نەکەوتنە ئەو شەپۆلە نیشتمانییە دەستکردەی بەشێوەیەکی دەستکرادانە دەدرەوشایەوە. شەقامی نیفسکی هەروەکو خۆی بەخاکی کرێکاران‌و سەربازان مایەوە.

(تشینینۆف)ی سەرباز لەیاداشتنامەکەیدا دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ((چوین بۆ(نیفسکی) هەوڵماندا پشێویە کە بشلەقێنین دژی هێرشەکە، یەکسەر هێرشمان کردە سەر بورجوازەکان، ئەوان کەوتنە لێدانمان بەچەترەکانیان، ئیتر بورجوازەکانمان گرتن‌و بردمانن بۆ ئۆردوگاکان.. پێمان گوتن کە سبەینێ ڕەوانە دەکرێن بۆ بەرەی جەنگ))، ئەم کردەوانە نیشانە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی ئەو جەنگە ناوخۆییە بوو کە خەریك بوو ڕووی دەدا، ڕۆژگارەکانی یۆلیۆ(تەموز) وردە... وردە... دەهاتنە پێشەوە.

*    *    *





لە(٢١)ی یۆنیۆ(حوزەیران)دا فەوجی ڕەشاشی پترۆگراد لەناو کۆمەڵەی گشتیدا ئەم بڕیارەی دا: ((لەئێستاوە هێزەکانمان ڕەوانە ناکەین بۆ بەرەکانی جەنگ مەگەر لەو حاڵەتانەدا کە جەنگ سروشتێکی شۆڕشگێڕانەی هەبێت ....)) لەو ڕوانگەیەوە کە حکومەت هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی فەوجەکەی کردبوو، کە گوایە حکومەت هیچ دوو دڵ نییە لەهەڵوەشاندنەوەی فەوج‌و ئەو ڕێکخستنانەی تر کە پشتیوانی لێ دەکەن)) سەرلەنوێ لێرەش ئەو هەڕەشانەمان بیستەوە کە زۆر زیاتر کەوتبووتە پێش هاندانەکانی بەلشەفییەکان.

هەواڵی ڕوداوەکانی ڕۆژی(٢٣)ی یۆنیۆ(حوزەیران) دەڵێن: ((ژمارەیەك لەسەربازان‌و ڕەگەزکانی سەربە سوپای یازدە دەستیان گرتووە بەسەر ژمارەیەك لەسەنگەرەکانی ڕیزی یەكودووی دوژمندا)).... لەپاڵ ئەم هەوڵەدا هەوڵێکی تریش بەدی دەکەین: ((هەڵبژاردنی نوێی ئەنجومەنی سۆڤیەتاتی پترۆگراد کرا، لەکارگەی پارانۆفسکی - (٦٠٠٠ کرێکار) سێ کەسی بەلشەفی هەڵبژێردران لەجیاتی سێ کەسە سۆسیالیستە - شۆڕشگێڕەکان)).

لەکۆتایی مانگدا، شێوەی سۆڤیەت پترۆگراد بەتەواوەتی دۆڕا، لە(٢٠)ی یۆنیۆ(حوزەیران)دا سۆڤیەت پشتیوانی بڕیارێکی کرد، کە تیایدا سوپا پشتیوانی لەو هێرشە کردبوو کە ئەنجامی دابوو. بەڵام ئایا زۆرینەی ئەوانە کێن کە ئەو بڕیارەیان دەرکرد؟ ئەم بڕیارە بەزۆرینەی(٤٧٢) دەنگ بەرانبەر بە(٢٧١)دەنگ‌و (٣٩)کەیش دەنگیان نەدابوو لەسەر ئەو بڕیارە، ئەم دەنگدانە وەك هاوسەنگییەتی نوێ وابوو بۆ هێزەکان، پێشتر شتی وامان نەدیوە، بەلشەفییەکان لەگەڵ کۆمەڵەو لایەنە چەپە بچکۆلەکانی مەنشەفی‌و سۆسیالیستە - شۆڕشگێڕەکان پێنج ئەنجومەنی سۆڤیەتاتی هاوبەشیان پێك هێنا، ئەمەش مانای ئەوەیە کە دوژمنانی هێرش‌و ناحەزەکانی لەکارگەو ئۆردوگاکاندا زۆرینەی هەرەزۆریان پێك هێناوە.

سۆڤیەتی دائیرەی فیبۆرغ لە(٢٤)ی یۆنیۆ(حوزەیران)دا پشتیوانی لەبڕیارێك کرد کە هەڕەشەیەکی ئەوبڕیارە وەك ئەوە وایە کە چەکوشێکی قورس بێت: ((ئێمە نارەزایی خۆمان دەردەبڕین دژی ئەو سەرکەشکارییانەی حکومەتی کاتیی کە هەستاوە

بەهێرشکردن لەپێناوی ڕێکەوتنی جەردەیی‌و تالآنی کۆندا... ئێمە بەرپرسیارێتی ئەم سیاسەتە هێرشکارانەیە دەخەینە ئەستۆی حکومەتی کاتیی‌و ئەو حیزبانەی پشتگیری لێ دەکەن‌و مەنشەفی‌و سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان)).. ئێستا ئەو گروپەی فیبۆرغ متمانەو سەلامەتیەکی باشیان گەڕاندەوە بۆ بنکەکەی خۆیان دوای ئەوەی ئەوانەیان لەدەست دابوو وەچووبوونە ڕیزی دووەمەوە، دوای ڕاپەڕینەکەی فێبرایر(شوبات) بەلْشەفییەکان دەسەلآتی تەواویان هەبوو لەئەنجومەنی سۆڤیەت فیبۆرغدا.

دوای ئەوە هەمووشێك بەسترابووەوە بەچارەنووسی هێرشەکەوە، هەروەها بەو سەربازانەی لەسەنگەرەکاندا بوون، ئەی ئەو چاکسازی‌و ڕاستکردنەوانە چی بوون کە لەوهێرشەوە دەست کەوتبوون لەناخی ویژدانی ئەو سەربازانەی گرنگی ئەنجامدانی هێرشەکەیان گرتبووە ئەستۆی خۆیان؟ سەربازان بەشێوەیەکی زۆر چاك پەرۆشی ئاشتی بوون، بەلآم ئەم ئارەزووەی سەربازان هەمان ئەو ئارەزووە بووکە سەرکردەکان تاڕادەیەك سەرکەوتوو بوون لەوەدا کە ئەم ئارەزووەیان گۆڕی بۆ خواستی هێرش کردن، بەلای کەمیەوە لەناو ژمارەیەك سەربازدا.

هەر لەوکاتەوە کە ڕاپەڕین ڕوویدابوو سەربازان چاوەڕێی ئەوە بوون کە دەسەلآتی نوێ ئاشتیان بۆ بهێنێتە ئاراوە، بەردەوام چاوەڕوانی ئەو ئاشتییە بوون‌و بەو ئومێدەوە لەبەرەکاندا خۆڕاگرانە مانەوەو سەنگەریان چۆڵ نەکرد، بەلآم ئەو ئاشتییە هەرنەبوو، سەربازان گەیشتنە ئەوەی کە پەیوەندی برایەتی دروست بکەن لەگەڵ سەربازە ئەلْمانی‌و نەمساوییەکان، بەهۆی کاریگەری بەلْشەفییەکان تاڕادەیەکی زۆر، بەلآم دواتر خۆیان گەیشتنە ئەوڕاستییەو بەدوای ڕێگەی تایبەت بەخۆیاندا دەگەڕان تاکو بگەنە ئاشتی، لەگەڵ سەربازە ئەلْمانی‌و نەمساوییەکان، بەهۆی کاریگەری بەلْشەفییەکان تاڕادەیەکی زۆر، بەلآم دواتر خۆیان گەیشتنە ئەو ڕاستییەو دوای ڕێگەی تایبەت بەخۆیاندا دەگەڕان تاکو بگەنە ئاشتی، لەگەڵ ئەوەشدا کاروکردەوەی توند دژی ئەو برایەتییە ڕوویاندا، وێڕای ئەمەش ڕوون بووەوە کە سەربازە ئەلْمانییەکان زۆر لەوە زیاترن کە بیانەوێ خۆیان لەدەست ئەفسەرەکانیان ڕزگاربکەن بەم جۆرە تاڕادەیەکی زۆر برایەتییەکەش لاوازبوو، دوای ئەوەی زانیایان ئەم ڕێگەیەش نایانباتەوە سەر ئاشتی.





لەم کاتەدا، بەرەکانی جەنگ هودنەیەکی واقیعیانەی بەخۆیەوە بینی، ئەلْمانییەکانیش ئەم هودنەیەیان قۆستەوە بۆ گواستنەوەی هێزێکی زۆری خۆیان بۆ بەرەی خۆرئاوا، سەربازە ڕوسەکان بەچاوی خۆیان بینیان کە چۆن چۆنی سەنگەرەکانی دوژمن بەرانبەریان چۆڵ کراوەو ڕەشاشەکان لابراون‌و تۆپەکان پاشەکشێیان پێ کراوە، لەسەر ئەم شتە بەرچاوانە نەخشەی مەعنەوی هێرشەکە دانرا، فەرماندەیی جەنگ بەردەوام بوو لەوەدا کە قەناعەت بەسەربازان بهێنێ بەوەی کە دوژمن تەواو لاوازە ورە ڕوخاو بووەو دەکشێتەوە، هێزی بەدەستە وەنەماوە جگە لەبەرەی خۆرئاوادا نەبێ، ئەمریکاش گوشاری خستبووە سەر تەنها یەك تەکان سوپا بچێتە پێشەوە دوژمن دەڕوخێ و دواتر ئاشتی دەستەبەر دەبێت. بەلآم سەردەکان خۆیان بڕوایان بەم قسانە نەبوو بۆتەنها سەعاتێکیش کەچی لەلایەن خۆیانەوە وایان دانابوو کە هەرئەوەندە سوپا دەستی لەپێچکەی جەنگ گیربێت هەرگیز ناتوانێ دەست بەرداری ببێت.

ئەوەی گومانیشی تێدا نییە ئەوەیە کە هەندێ لەسەربازان لایانکردبووەوە بەلای ڕێگەی سێهەمدا، ئەویش هەستانیان بوو بەکارەساتێکی لەناکاوی ئەوتۆ کە ببێتە مایەی داڕومانی جەنگ، دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوتبوو کە نەیانتوانیوە ئامانجی خۆیان بەدەستبهێنن نە لەڕووی دیبلۆماسییەوەو نە لەڕووی برایەتیکردنی دوژمنیشەوە. بەم جۆرە کوتو مت یەکێك لەنوێنەرانی بەرەکانی جەنگ لەکۆنگرەی سۆڤیەتایدا ئەم قسەیەی دەربڕی‌و گوتی: ((ئێستا ئێمە بەرەیەکی ئەلْمانی بەرانبەرمانە کە زۆر لەئێمە کەمترن، ئێمە تۆپمان لەبەردەمدا نییە، جائەگەر بچینە پێشەوەو دوژمن بشکێنین، ئەوا مانای وایە لەو ئاشتییە نزیك بوینەتەوە کە ئارەزووی دەکەین)).

دوژمن لەسەرەتادا لەوپەڕی لاوازیدا بوو، پاشەکشێی کرد، بێ ئەوەی ئەو جەنگ‌و کوشتارە قبوڵ بکات کە هێرشکاران نەیاندەتوانی بیکەن، بەلآم دوژمن لەبری ئەوەی لێك هەڵبوەشێ، کەوتە خۆ کرکردنەوەو خۆپڕکردنەوە. سەبازە ڕوسەکان دوای ئەوەی(٢٠ ـ٣٠) کیلۆمەتر چوونە پێشەوە تابلۆیەکیان بینی، کە زۆر چاك ئەو تابلۆیەیان دەناسییەوە بەهۆی ئەزموونی چەند ساڵەی ڕابوردویان، دوژمن لەشوێنە نوێ‌و قایمەکانەوە بۆیان لە کەمین دابوو، لێرەوە دیسان دەردەکەوێ کە ئەو سەربازانەی

گوڕوتینیان دایە خۆیان‌و بۆ پێشەوە چوون، هەر بەئومێدی ئاشتی بوون‌و هەرگیز جەنگیان نەدەویست، بۆیان دەرکەوت مەسەلەکە چییە، بۆیە بەڕقو قینێکی زیاترەوە پاشگەزبوونەوەو لێوان پڕبوون لەناخی دوژمنایەتی‌و گوشاری مەعنەوی‌و فرت‌و فێڵ کردن بۆ خۆدزینەوەیان لەوجەنگە نەخوازراوە.

جەنەراڵ (زایۆنکزکۆفسکی) کە یەکێکە لەمێژوونووسە ڕوسەکانی جەنگی جیهانی دەڵێ: ((دوای خۆئامادەکردن بەتۆپ لەلایەنی ڕوسییەوە، بەشێوەیەکی بێ هاوتا لەهێزو توندو تیژیدا، بەنزیکەیی و بەبێ زیان کەرتەکانیان گرت‌و حەزیان نەدەکرد زیاتر بچنە پێشەوەو ڕاکردن‌و خۆدزینەوە لەهەموو شوێنەکان دەستی پێکرد. کەرتەکانی شوێنەکان بەتەواوەتی لەسەربازو چەك‌و کەرەسەکان چۆڵ کران)).

(دۆرۆ شنکۆ) کە یەکێکە لەسیاسەتمەدارە ئۆکرانییەکان‌و چاودێرێك بوو لەحکومەتی کاتیدا ـ پێشووتر ـ لەغالیسیا وادەگێڕێتەوە کە دوای دەست گرتن بەسەر هەردوو شاری هالکیزو کالۆسزدا ـ لەکالۆسزدا کاتی خۆی کردەوەی (پۆگرۆم)[٢٣٦] ڕوویدا کە کردەوەیەکی دڕندانە بوو دژی ئۆکرانییەکان‌و جولەکەکان بەتایبەتی ـ بەڵام گوێیان نەدایە پۆڵۆنییەکان‌و کردەوەی لەناوبردن‌و بێ سەرو شوێن کردن نەدەزانرا بەرانبەرو دژی کێ دەکرێ دامەزراندنی دامەزراوەو فێرکردنی ئۆکرانی ناوخۆیی بەشێوەیەکی تایبەتی بەردەوام بوو)) لەم کردەوەی لەناوبردنەشدا گەورەترین هێز بەکارهێنرا لەو هێزە سەربازییانەی کە نەکەوتبوونە ژێر کاریگەری شۆڕشەوەو پاڵفتە کرابون بۆ هێرشکردنە کە. بەوپەڕی ڕوونییەوە ئەو ڕوخسارانە دەرکەوتن‌و ناسران کە فەرماندەی هێرشەکە بوون‌و ئەفسەری قەیسەربوون‌و لێوان لێو پڕبوون لەئەزمونی ڕێکخستنی((پۆگرۆمەکان)).

لە(٩)ی یۆلیۆ(تەمموز) دا سوپای یازدەو چاودێرەکانی بروسکەیەکیان بۆ حکومەت کردو تیایدا نوسیبویان: ((ئەو هێرشە ئەڵمانییەی کە هەر عەقڵ نایبڕێ‌و شوێنەوارو کاریگەریەکەی مەزنە ناکرێ، جەختیشی کردبووەوە لەگۆڕانکاریەکی لەناکاوو پڕ

(٢٣٦) (٥) pogrome وشەیەکی ڕوسییە مانای کردەوەی قەیسەریانە دەگرێتەوە کە مەبەستی لەناوبردنی جولەکە بووە (دوو وەرگێڕە عەرەبییەکە)





لەکارەسات لەحاڵەتی هزری ئەوکەرتە سەربازییانەی لەم دواییانەدا چوونەتە پێشەوە بەهۆی کۆششی قارەمانانەی کەمینەکان، گەورەیی قەوارەی هێرشەکەش لەناکاو پوکاوەتەوە، زۆرینەی سوپا بەرەو لەناچوون و پەرتەوازەیی چووە، بواری ئەوە نەماوە دەربارەی دەسەڵات‌و شوێن کەوتووەکانی بکرێ، چاوترسێن کردن‌و ئامۆژگاریکردنی سەربازان باوی نەماوەو قەناعەت پێکردن تەواو لاوازبووە، وای لێ هاتووە کە سەربازان هەندێ جار بەزەبری لولەی تفەنگ‌و گوللە باران بەرپەرچ‌و وەڵامی ئەوقسانە دەدەنەوە)).

فەرماندەی گشتی بەرەی باشووری خۆرئاوا بەڕەزامەندی چاودێرەکان‌و لیژنەکان فرمانێکیان دەرکرد کە دەقەکەی دەڵێت پێویستە گوللە بارانی ئەو کەسانە بکرێ‌و تەقەیان لێ بکرێ کە لەڕیزەکانی سوپا ڕادەکەن.

لە(١٢)ی یۆلیۆ(تەموز) (دینکین)ی فەرماندەی گشتی بەرەی خۆرئاوا گەڕایەوە بارەگای دەزگای ئەرکانەکەی((مەرگ لەناخیدابوو، ئەو بەتەواوەتی هۆشیاربوو لەبەرانبەر داڕوخانی تەواوەتی دواهەمین ئاواتی‌و ئەو موعجیزەیەی تا ئێستا دەدرەوشێتەوە سەربازان جەنگیان نەدەویست، کاتێك ئەو کەرتە سەربازییانەی لاوازبوون‌و کشانەوە دواوە بۆ سەنگەرەکانی ڕیزی دووەم، دەیانەویست شوێن بگۆڕنەوە لەگەڵیاندا، بەڵام ئەوان لەوەڵامدا گوتیان: ((بۆچی هێرشیان کرد؟ کێ فرمانی هێرشکردنی پێ کردن؟

پێویستە واز لەجەنگ‌و هێرشکردن بهێنین، فەرماندەی فەیلەقی یەکی سیبریاش، کە فەیلەقەکەی بەباشترین فەیلەقی سوپای ڕوسی دادەنرا، بۆی دەرکەوت کە شەو لەکاتی دابەزیندا سەربازەکان لەهێڵی یەکەمی هێرش دورکەوتونەتەوە دەرکەوت دوایش بەکۆمەڵ یان بەسریە سریە هێرشیان نەکرد، گوتی:((ئەوساکە بۆم دەرکەوت ئێمەی سەرکردە دەستەوەستانین لەئاستی ڕاست کردنەوەی باری دەروونی بەرایی[٢٣٧] جەماوەری سەربازی، دایە پڕمەی گریان، گریانێکی بەکوڵ بۆماوەیەکی درێژ)).

یەکێك لەسرییەکان ئەوەی ڕەت کردەوە کە بڵاوکراوەیەکی نووسراو بەناویاندا پەخش‌و بڵاوبکرێتەوە کە نووسراوەکە باسی دەست بەسەراگرتنی(هالکیز) دەکات کە لەلایەن سوپای ڕوسییەوە دەستی بەسەردا گیراوەو سوپاکەشی بەرەو دوژمن دەڕوات، چونکە

(٢٣٧) بەرایی: سەرەتایی: زۆر سادە: ئاسایی: البدائي، جەماوەری سەربازی: الجماهير العسكرية.

سەربازێکمان شك نەدەبرد کە دەقە ئەڵمانییە نوسراوەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی ڕوسی)).

ئەم ڕووداوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سەربازان هۆشیاری خۆیان مشور خواردبوو بەرانبەر بە سەرکردە کۆنو نوێیەکان، سەرکردەکانی فێبرایر(شوبات) سەردەمانێکی پڕ لەسوکایەتی پێکردنو زەبروزەنگ دەتوانێ شۆڕشێکی گڕکانی بەرپا بکات.

سەرلەنوێ سەربازان هەستیان بەوە کردەوە کە دیسانەوە فریودراونو فێڵیان لێ کراوە، هێرشەکەش نابێتە مایەی هێنانەوەی ئاشتی، بەڵکو دەیانباتەوە سەربای بەرەکۆنو بۆ دۆزەخی جەنگیان پاڵ دەنێ، سەربازانیش هەرگیز جەنگیان ناوێ، ئەو نیشتمانیانەی کە لەبەرەی دواوە خۆیان مەلاس دابوو سەربازانیان بەرەو پێشەوەی جەنگ دەڕەتاندو وەك ترسنۆك گاڵتەیان پێ دەکردن، بەڵام سەربازان لەسەر هەق بوون، ڕەمەکی[٢٣٨] نیشتمانەی ڕاستەقینە ئەوەبوو کە ئەوانی ـ ئەو سەربازانەی ـ ئاڕاستە دەکرد، ئەو ڕەمەکەی کە تیشکەکانی بەناخی ویژدانی کەسانی چەوساوەدا تێپەڕیبوو، بەناخی ویژدانی هەڵفڕیوێنراوە داماوەکانداو ئەو سزاو ئازار دراوانەی ئومێدی شۆڕشگێڕانە لەخەوی بێ ئاگایی دایچڵەکاندبوونو سەرلەنوێ گلێنرابوونەوە ناوخوێنەوە، سەربازان لەسەرهەق بوون، بەردەوامبوونی جەنگ بۆ گەلی ڕوسی هیچ کەڵکێکی نییە جگەلەوەی کە زیاتر ڕیسواو کلۆڵی دەکاتو کۆسپو ئەنگاوتە[٢٣٩]ی زیاتری ڕووبەڕوو ئەکاتەوە، جگەلەوەی کە ڕوسی زەلیلو داماوتر دەکات لەدەرەوەو ناوەوەیدا.

ڕۆژنامەوانی نیشتمانی لەساڵی(١٩١٧) دا هێشتا ماندوو نەبووبوو لەدەرخستنی ئاماژەی جیاوازی ناکۆکییەکانی نێوان سەربازە ڕوسە هەڵاتووەکانو سەربازە ترسنۆکەکان لەگەڵ کەتیبە دلێرو نەبەردەکانی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا، ئەم هەڵوێستەش وەنەبێ هەر هەڵوێستی ڕۆژنامەگەری(کادیت) بونێ بەتها، بەڵکو ڕۆژنامەگەری سۆسیالیستەکانیشی گرتەوە، ئەم بەراوردکاریانەش نەك هەر تێنەگەیشتن

[٢٣٨] ڕەمەك: الغريزة، ڕەمەکی: تغريزي، وشەکە زۆر کۆنەو تا ئێستاش لەناوەندی سایکۆلۆژیو خوێندندا هەر بەکاردەهێنرێتو بەدیلی نیە، ئەم وشەیە کۆنە و ڕەسەنە بڕوانە فەرهەنگی دەروونی عبدالستار طاهر شريف.

[٢٣٩] ئەنگاوتە: الأصابة: پەتاو نەخۆشیو دەردی لەناکاو.





لەئایدیالیزمی پەرەسەندنی شۆڕش دەسەلمێنن، بەڵکو هاوکات نەفامی تەواوەتی ئەوانیش دەسەلمێنێ سەبارەت بەمێژوو.

گەورە سەرکردە ناودارەکانی شۆڕشی ئیمپراتۆریەتی فەڕەنسی وەك تەفروتوناکەر دەرکەوتن، نەك وەك ڕێکخەرەوە، پێچەوانەی ئینزیباتییەت وەستانەوەو تێیان پەڕاندو سیمیان[٢٤٠]، (میلیۆکۆف) دەڵێ: وەك بەڵشەفییەکانیان کرد، ئەوەبوو پێداویستییە بەردەستەکانی(دافۆ)یان تەفروتونا کرد، ئەو(دافۆ)یەی کە بوونە (ماریشاڵی دافۆ) لەدواییدا، ئەمەش لەلایەن ئینزیباتی ئاساییەوە لەئوردوی سەربازی(ئیسدن) لەماوەی چەند مانگێکی دورودرێژی ساڵی(١٧٨٩ ـ ١٧٩٠)، سەرکردەکانی دەرکران، سوپای کۆن بەتەواوەتی پەرتەوازەکرا، ئەمە درێژەی کێشا لەسەرانسەری وڵاتی فەڕەنسادا هەتاکو ناوەڕاستی ساڵی(١٧٩٠)، سەربازانی فەوجی(فانسین) ئەفسەرەکانیان ناچارکرد کە لەگەڵیان دابنیشنو پێکەوە گفتوگۆو ڕاوێژ بکەن بۆ ڕێك کەوتن، دەریاوانانی کەشتیگەلی فەڕەنسی ئەفسەرەکانی خۆیان دەرئەکرد هەریەکە بە جۆرێ دژی فەرماندەکانیان دەوەستانەوە، لە(نانسی)دا سەربازانی (٣) فەوج ئەفسەرانی خۆیان گرتو دەستبەسەریان کردن لەزیندانەکاندا، هەر لەساڵی (١٧٩٠)ەوە وتاربێژە میللییەکانی شۆڕشی فەڕەنسا لەدوپاتکردنەوەی ئەم قسەیە ڕانەدەوەستانو پەیتا پەیتا دەیانگوتەوە: ((دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن تاوانبارە، چونکە ئەفسەرانی دژە شۆڕشی لەسەر کار لانەبردووە)) ئەمەش وەك بەرگریکردنێك لەو توندوتیژییەی لەناوسوپادا بەرپا بووبوو، جێگەی سەرسامی بووکە(میرابۆ)و (ڕۆبسپیر) ڕاوبۆچوونی خۆیان خستەڕوو سەبارەت بەئازادکردنی ئەفسەرە دێرینەکان، ئەمەش یەکەم کەس بوو کە بیری لەوە کردەوە سەرلەنوێ دان بنرێ بەدوبارە دامەزراندنەوەی ئینزیباتییەتێکی بەهێز بەزوترین کات، بەڵام دووەمیان دەیویست چەك دابنێ بەدژە شۆڕش، بەڵام هەردوکیشیان لەوەتێ گەیشتبوون کە ناکرێ سوپای دێرین هەروەکو خۆی بمێنێتەوەو لەسەر کاربێ.

بەڵێ، ڕاستە شۆڕشی ڕوسی جیاوازە لەشۆڕشی فەڕەنسی لەو خاڵەدا کە ئەمیان لەسەردەمی جەنگدا ڕوویدا، بەڵام ئەمەش نابێتە هۆکارێك بۆ هەڵاوێردنو جیاکردنەوەی

[٢٤٠] سمیین: کوناودەر کردن: کون تێکردن: خرق.

لەو یاسا مێژووییەی(ئانگلز) ئاماژەی بۆ کردووە. بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەتوانای مەرجەکانی جەنگدا ئەوەنییە کە جەنگ درێژە بکێشێ‌و ناڕەحەتی‌و ڕەزاگرانی بکاتە سیمای خۆی، مەگەر هەر دەبێتە هاوکارو یاریدەدەری زیاتر توندوتیژ کردنی پەرەسەندی پەراگەندەبوونی شۆڕشگێڕانەی سوپا. بەو پەرتەوازەبوونەیش کە مابویەوە، سوپا توانی هێرشێکی شکست خواردوی تاوانکارانە بکاتە سەر دیموکراتییەت، لەوکاتەیشەوە هەموو سەربازان دەڵێن: ((بەسە خوێن ڕشتن...! خاك‌و ئازادی چی لێ بکەین کە خۆمان لەژیاندا نەماین؟)) هیچ شتێ لەوە سووك‌و ڕسواترنییەو جێی گاڵتەو پێکەنین نییە لەوەدا کە فێرکاران خەڵکی فریوبدەن بەوەی کە گوایە شوێن نەزعەیەکی ڕاست‌و دروست کەوتوون‌و دەیانەوێ جەنگ ڕەت بکەنەوە لەڕێی هێنانەوەی بڕوبیانووی عەقڵانییەت. عەقڵانییەت نازانێ، بەڵام کاتێك جەماوەری چەکدار خۆی دێتەوە جۆش‌و خرۆش‌و جموجۆڵ، ئینجا لۆژیکی دژە جەنگ بە بەهانەو ناڕەزاییەوە دەخاتەڕوو، ئەمەش مانای ئەوەیە کە جەنگ لەدەمەو تەواوبوون‌و کۆتایی نزیك بووەتەوە.





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# جێنی جوتیاران

ڕەگ‌و ڕیشەی قووڵی شۆڕشەکە لەمەسەلەی کشتوکاڵیدا شارابوەوە، لەناوجەرگەی ڕژێمی کۆنی خاوەنداریێتی زەوییەوە بوو کە ڕاستەوخۆ لەسیستمی مسکێنییەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەروەها لەچەقی دەسەڵاتی کلاسیکییانەی خاوەن موڵك‌و دەرەبەگ‌و ئاغاکانەوە هەڵقولابوو، لەگەڵ پەیوەندییە تۆکمەکان بەم خاوەنانەوە، ئیدارەی خۆجێی‌و زیمستفۆی تیرەگەلی ڕەگ‌و ڕیشەی خۆیان هەبوو کە لەڕەفتارو دیاردەی بەربەری ڕوسیدا دەرکەوتبوون، کە دواتر پاشاگەریی ڕاسپۆتینیانە هاتە ئاراوە تاکو بیگرێتە خۆی، ئەو مۆجیکەش کە لەکۆنەوە بەکۆڵەکەی ئاسیاییانەی دانراوە، هاوکات دوایش بوو بەیەکێك لەقوربانییە بەراییەکانی.

گوندەکان لەباری ناهەمواردا دەژیان‌و هەڵوێستیان ناهەموارانە بوو بەرامبەر بەشۆڕش لەهەفتە بەراییەکانی دوای ڕاپەڕینی فێبرایر(شوبات)دا. بەرەو نەوەو کوڕوکاڵی بەتواناو گەنج‌و چالاکی دێهاتەکان لەبەرەکانی جەنگدا گیرابوون بەسەرباز، بەڵام پیرو داماوو بەساڵاچووەکان، کە لەماڵەوە بوون، وایان بەبیردا دەهات کە ئەمە کەف‌وکولێکەو شۆڕشەکەش دەپوکێتەوە لەلایەن دوژمنەوە بەچەند هەڵمەتێکی تەمێ کارانەی دژی شۆڕشگێڕان، لەو ڕوانگەیەوە کە گوند بێ دەنگ بوو، شاریش لەبەرانبەر گونددا هەر بێ دەنگ بوو، بەڵام مۆتەکەی جەنگی جوتیاران کەوتە پاراستن‌و پاس کردنی لەوەڕگەو گژوگیای ئاغاو دەرەبەگەکان هەر لەمانگی (مارس) ئازاراوە، دەنگی فریاکەوتن‌و بانگەوازکردن (نەجدە) لەزۆربەی شوێنەکانەوە دەبیسترا، کە دەرەبەگ‌و ئاغاکانی لێ دادەنیشتن، واتە لەو شوێنانەوە کە زیاتر لەهەموو جێگەیەکی تر دواکەوتووترو کۆنەپەرست تر بوون، هاوکات تەوفیقییەکان ڕەنگدانەوەی باری هزری لیبراڵییەکان بوون، (سۆخانۆف) وەك لێکدانەوەیەکی هۆکارەکانی(چەپ) دوای ڕاپەڕین گوتی: ((وروژاندنی مەسەلەی کشتوکاڵی بەشێوەیەکی چڕوپڕ لەهەفتە نزیکەکانی داهاتوودا زیان بەخشە، ئێمە پێویستمان بەوە نییە)). وە ئێمە چاك دەزانین کە

(سۆخانۆف) بەهەمان ڕێگەو شێواز دۆزییەوە کە ئەوە زیان گەیاندنە بە وروژاندنی مەسەلەی ئاشتیو مەسەلەی دیاری کردنی هەشت کاتژمێر کاری ڕۆژانە، خۆ دورخستنەوەو خۆ پەنادان لەناڕەحەتیو بەلاکانو پەراوێزکردنیان لەوکاتەدا زۆر ئاسانتربوون، وێڕای ئەمەش خاوەن موڵكو دەرەبەگەکان چاوترسێن کردنو تۆقاندنیان بەکاردەهێناو دەیانگوت:کودەتاکردنو ڕوخاندنی پەیوەندییە کشتوکاڵییەکان دەبنە مایەی زیان گەیاندن بەکشتوکاڵو دابین کردنو باربۆکردنی شارەکان بەئازوقە، لەوکاتەشدا لیژنەی ڕاپەڕاندن بروسکەی دەنارد بۆ ناوچەکانو خەڵکی ڕادەسپارد ((کە لەسەر حسابی بابۆکردنی شارەکان بەئازوقە نەچنە ناو چارەسەرکردنی مەسەلە کشتوکاڵییەکانەوە)).

دەرەبەگەکان کە شۆڕش تۆقاندبوونی، لەزوربەی گوندەکاندا خەڵکیان لەوە قەدەغەکرد کە کشتوکاڵی بەهاریانە بچێنن، لەڕوانگەی بارودۆخی ترسناکی وڵاتیشەوە لەڕووی ئازوقەوە زەوییە بەیارەکان وا دەهاتنە بەرچاو کە لەخۆیانەوە کەوتونەتە هاوارکردن، وەك ئەوەی داوای خاوەنێکی نوێ بکەن. چینی جوتیارانیش ژێر بەژێر کەوتبووە جموجوڵ، دەرەبەگو خاوەن موڵکەکان کەوتبوونە خۆیانو پەلەیان بوو لەیەکلایی کردنەوەی زەویو زارەکانیان، چونکە پشت بەدەسەڵاتی نوێ نابەستنو متمانەشیان پێی نییە، (کۆلاك) کەوتە کڕینەوەی زۆرێك لەزەویوزاری ئەو دەرەبەگو خاوەن زەویانە، دوای ئەوەی لەلایەن خۆیانەوە وایان مەزنەکردبوو کە لێسەندنەوەی خاوەنداریێتی زەوییەکان بەزۆر ـ ئەمان ناگرێتەوە، وەك جوتیاران، ژمارەیەکی زۆری بەندو کۆمپیالەی کڕینی زەویوزار لەخاوەندارانیان بوو بەسیفەتێکی خەیاڵیو وایان دادەنا کە ئەو خاوەنداریێتییە تایبەتیانەی کە لەسنور تێپەڕیون ئاگری شۆڕشی جوتیاران نایانگرێتەوە، بەمجۆرە خاوەن زەویوزارە زۆرەکانو ئاغاکان کەوتنە دابەشکردنی زەوییەکانیان بۆ کەرتو پەرتی بچوك بچوك بەشێوەی فێڵی دەستکرد ـ پشتیان بەو کەسانە بەستبوو کە ڕاوبۆچونێکیان نەبوو، بەشێوەیەکی خەیاڵی ناوەکانی ئەو کەسانەیان بەکاردەهێنا، تەنانەت گەلێك لەزەوییەکان بەناوی خەڵکانی (بیانی)یەوە تۆمارکرابوون ـ کە گوایە فرۆشراون بەم کەسانە ـ یان هاوڵاتیانی دەوڵەتانی





هاوپەیمانان، یان هاوڵاتیانی وڵاتانی بێ لایەن، بەمجۆرەهەڵمەتی (کۆلاك)و خۆ قوتارکردنی دەرەبەگو خاوەن زەویوزارەکان هەڕەشەی لەوە دەکرد کە هیچ زەوییەکی کشتوکاڵی بەرفراوان نەمایەوە بەدەستیانەوە لەکاتی داوەت کردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەراندا بۆ پشکنینی سنوری زەویوزارەکان.

دانیشتوانی گوندەکان ئەم موناوەراتانەیان بەچاوی خۆیان دەبینی، لەبەرئەوە ئەم داواکارییە لەدایك بوو، کە ڕۆڵەی دێهات نشینەکان پێشکەشیان کرد: دەرکردنی مەرسومی بڕیارێك کە هەموو کڕینو فرۆشێکی زەویوزار قەدەغە بکات، هەندێ لەدەلاڵو نوێنەرانی ناوەندیاری جوتیاران بەرەو شارەکان ڕۆیشتنو چوونە لای سەرکردە نوێیەکان تاکو داوای زەویو دادپەروەرییان لێ بکەن، زیاد لەجارێك ڕوویداوە کە کاتێك وەزیرەکان لەکۆبونەوەو دانیشتنو ئاهەنگی پڕ لەدەم بەدەمەو مشتو مڕیان دوای ئاهەنگی فەرمی هاتوونەتە دەرەوە لوتیان بووە بەلوتی کەسانی زۆر ڕەشۆکیو سادەو ساکارەوە. بەلوتی نوێنەرانی جوتیارانەوە کە هاتبوون ئەم مەسەلەیە بوروژێنن لەگەڵ وەزیرەکاندا، (سۆخانۆف) دەڵێت: یەکێك لەشوێنکەوتەکانی مامەڵاتەکان تکای دەکرد لەوەزیرانو هاوڵاتیان تا فریای بکەون، فرمێسك لەچاوانی دادەباری بەهۆی دەرچوونی ئەو یاسایەوە کە زەوییەکانی دەپاراست لەفرۆشتنو مامەڵە پێوەکردن ((کرنسکی قسەکانی پێ بڕی دوای ئەوەی بەندی ئارامی پچڕاو ڕقی هەستاو دەنگی بڕزکاو گوتی: پێم گوتی ئەو یاسایە هەر دەردەچێ... کەواتە دەردەچێ...! پێویست بەوەش ناکات کە بەتێڕامانی تیژەوە بۆم بڕوانیت..!)) (سۆخانۆف)یش کە هەر لەم دیمەنی گفتوگۆیەدا ئامادەبوو زیاتر لەسەری ڕۆیشتو گوتی: ((من ڕووداوەکە کوتومت وەك خۆی دەگێڕمەوە، (کرنسکی) ڕاستی دەکرد، چونکە تێڕوانینو تەماشاکردنی (مۆجیك) بۆ وەزیری مەزنو سەرکردەی گەل متمانەی لێ نەدەخوێنرایەوە) لەم گفتوگۆ کورتەی نێوان ئەم جوتیارەی کە تا ئێستا دەپاڕێتەوەو تکا دەکات بەڵام متمانەیشی بەو وەزیرە نییە کە لەگەڵیا دەدوێ، کە وەزیرێکی ڕادیکاڵیو وریایی جوتیارەکە بەتیلەی چاو دەناسێ... ئەم گفتوگۆیە بۆ خۆی سەد لەسەدی ڕوخانی ڕژێمی تێدا دەردەکەوێ... ڕژێمی فێبرایر(شوبات)

(شینغاریف)ی (کادیت) کە یەکەم وەزیری کشتوکاڵ بوو یاسایەکی لیژنە کشتوکاڵییەکانی بڵاوکردەوە، بەو سیفەتەی کە ئەو لیژنانە دەزگای چاککردنی کشتوکاڵین، لیژنەی باڵای کشتوکاڵیشی پێك هێنا بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆر (پۆستنیکۆف)ی بیرۆکراتی لیبراڵی، ئەم لیژنەیەش بەشێوەیەکی تایبەتی ژمارەیەکی زۆری کەسانی میللی لەخۆی گرتبوو کە لەوە دەترسا کە ئەو لێی دەترسا، ئەمەش خۆنیشاندانێکە بەوەی کە کەمتر لەسەرۆکەکەیان ڕاستترن، لیژنە خۆجێییە کشتوکاڵییەکانیش لەهەرێمە حکومییەکاندا دروست کران، هەروەها لەناحییەکانداو بەشەکاندا، هاوکات سۆڤیەتات بەدەزگایەکی تایبەتی لەقەڵەم دەدراو بەزەحمەت دەیتوانی بگاتە ناوەندە کشتوکاڵییەکان کەچی لیژنە کشتوکاڵییەکان سیفەتی حکومییان هەبوو، دیاری نەکردنی فەرمانو ئەرکەکانیش بەرگریکردنەکەی سەخت ترو گرانتر کردبوو لەبەرانبەر تەوژمی بەگوڕو تاوی جوتیاران، تا لیژنەکە بەپلەکانی زنجیرەی لیژنەکاندا بهاتایەتە خوارەوە زیاتر نزیك دەبووەوە لەزەوی‌و بەخێرایی گۆڕاو بوو بەئامێرێکی بزافی جوتیاران.

زانیاری پڕ لە وروژێنەری ترسو دوودڵی لەکۆتایی مانگی مارس (ئازار)دا ڕوویان کردە شار، ئەم زانیارانە وانیشان دەدەن کە جوتیاران چوونەتە ناو گۆڕەپانی کارەوە. (تۆفۆغۆرۆد)ی چاودێر بروسکەیەکی ڕاگەیاند کە سەبارەت بەئاژاوەیەکەو یەکێك لەمولازمەکان، بەناوی (باناسیۆك) بەرپای کردووە، دەست پێکردن بەگرتنی خاوەن موڵك‌و دەرەبەگەکان بەبێ هیچ بیانوویەك...))... هتد. گروپێك لەیاخی بووان‌و جوتیاران، لەسەرو هەمووشیانەوە، هەندێ سەربازی بەمۆڵەت دابەزیو کەوتونەتە تالانکردنی ماڵی یەکێك لەدەرەبەگەکان لەحکومەتی (تامبۆف)دا، دیارە بەیانەکانی پێشووتر زێدەڕەویان تێدابوو، بۆیە قەوارەی ئەو سکالایانەی خاوەن موڵك‌و دەرەبەگەکان پێشکەشیان کردبوو بەهێندی ناکۆییەکان گەورەبوو. لەسکالاکانیشدا پێشبینی خۆشیان نووسیبووی سەبارەت بەڕووداوەکانی داهاتوو، بەڵام بێگومان ئەو سەربازانەی کە لەبەرەکانی جەنگ‌و حامییەکانەوە لەشارانەوە هاتبوون‌و گیانی دەست





پێشکەریان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، بۆیە ڕۆڵی خۆیان بینی لەسەرکردایەتیکردنی بزافی جوتیاراندا لەبەرئەوەش لەسەری سەرەوەی بزافەکەدا بوون.

یەکێك لەلیژنەکانی سەر بەبەشێك لەناحییەیەك (حکومەت)ی (خارکۆف) بڕیاریدا لە (١٥)ی ئیپریل (نیسان)دا کە دەست بگرێ بەسەر ئەو چەکانەی بەدەست دەرەبەگ‌و خاوەن موڵکەکانەوە، وە لێرەدا هەست‌و نەستێکی تەواو بەدی دەکەین سەبارەت بەجەنگی ناوخۆیی چاودێرەکە سەرهەڵدانی پشێوی باس دەکات کە لیژنەی ڕاپەڕاندنی ناحییەکانی دەوروبەری دەریان کردووە بۆ ناچارکردنی دەرەبەگەکان کە زەوییەکان بەکرێ بدەن بەجوتیاران، ((هاندانی خوێندکاران سەرکەوتوو نەبوو بۆ دابین کردنی هێوەر بوونەوە.. تا ئەوکاتەی ئەنجومەنی دامەزرێنەران کۆدەبێتەوە)). کە هانی جوتیارانیان دەدا تاکو کاری توندوتیژی بکەن دوای شۆڕشی یەکەم - تۆقاندن‌و ترساندنی کشتوکاڵییانە[٢٤١] نەخشەو فێڵی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان بوو لەو سەردەمەدا، لەساڵی (١٩١٧)دا داوایان دەکرد خەڵکی هێمن بێتەوەو پارێزگاری لەشەرعییەت بکرێ، بەڵام بانگەشەکەیان سەرنەکەوت، هەق‌و ڕاستی سەرکەوت.

چاودێری حکومەتی (سامبێرسك) تابلۆیەکی پێشکەوتووتری بزافی جوتیارانی کێشا - لیژنەکانی بەشەکان‌و گوندەکان - کە دواتر قسەی لەبارەوە دەکەین - خاوەن موڵك‌و زەوی‌وزارەکان دەگرن‌و لەناوچەکانیان دوریان دەخەنەوەو دەریان دەکەن. جوتیارانیش لەکێڵگەی خاوەن زەوییەکان هەر دەردەکرێن، دەست بەسەر زەوی‌وزارەکاندا دەگیرێت، نرخێکی گرانی بەکرێ گرتن لەسەر زەوییەکان دادەنرێ، (( ئەو نوێنەرانەی لیژنەی ڕاپەڕاندن دەیاننێرێت، دەبێ بێ لایەنانە بچنە لای جوتیاران)) هاوکات بزوتنەوەی((زەوییە گەورەکان)) دژی ((کەرتە بچوکەکانی زەوی)) دەستی پێکرد، واتا دژی ئەو جوتیارە دەوڵەمەندانەی لەزەویە پان‌و گەورەکان جیابونەتەوەو پارچە زەوی سەربەخۆیان وەرگرتووە، لەسەر بنەمای یاسای (ستۆلینی) کە لە (٩)ی نۆڤێمبەر (تشرینی دووەمی) ١٩٠٦دا دەرچووە، چاودێری حکومەتی (سامبێرسك) دەڵێ: ((بارودۆخی ناوچەکە هەڕەشە لەکشتوکاڵ دەکات)) ئەم چاودێرە هەر لەئیپریل

[٢٤١] تۆقاندنی کشتوکاڵییانە: الارهاب الزراعي.

(نیسان)ەوە تاکو ئێستا هیچ دەروویەکی ڕزگاربوون شك نابات، جگە لەوەی کە دەبێ بەپەلە ڕابگەیەنرێ ((زەوی موڵکی نیشتمانییە، هەتاکو ئەنجومەنی دامەزرێنەران دواتر سنورو ڕێو شوێنێك بۆ کشتوکاڵ دەدۆزێتەوە)).

لەناحییەی (کاشیرا)ی نزیکی (مۆسکۆ)ەوە چەند سکاڵایەك دژی ئەو لیژنەی ڕاپەڕاندنە بەرزکرانەوە کە هاوولاتیان دەوروژێنن تاکو دەست بگرن بەسەر زەوی کەنیسەو دێرو موڵکی دەرەبەگو ئاغاکاندا، بەبێ ئەوەی لەبەرانبەردا هیچیان بدرێتێ، لەحکومەتی (کۆرسك)دا جوتیاران لەناحییەکان دیلەکانی جەنگیان دەرکردن کە لەو زەویوزارانەدا کاریان دەکرد، لەزیندانە ناوخۆییەکانیان پێچان، جوتیاران کەوتنە جموجوڵ لەحکومەتی (بینزا)دا، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لایەنگربوون بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان سەبارەت بەزەویو ئازادیو پیت بەپیت ـ واتا خوازیاری جێبەجێکردنی دەقی ئەو یاسایە بوون وەکو خۆی ـ دەستیان کرد بەشکاندنی ئەو پەیمانو قەوالانەی لەم دواییانەدا بەسترابوون لەگەڵ خاوەن زەوییە کشتوکاڵییەکان، هاوکات سەرکردایەتی هێرشێکیان کرد دژی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی نوێ، چاودێرەکەی (بینزا) ئەمە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ((لەکاتی پێکهێنانی لیژنەکانی ڕاپەڕاندنی بەشەکانو ناحییەکان لەمانگی مارسدا، ڕۆشنبیرەکان بەژمارەیەکی زۆر هاتنە ناو ئەم لیژنانەوە، بەڵام زۆریشی نەخایاند کە دەنگی ناڕەزایی دژی (ئەنتلیجنیسیا) بەرزکرایەوە، لەناوەڕاستی ئیپریل (نیسان)دا هەموو لیژنەکان بەشێوەیەکی تایبەتی لەو جوتیارانە پێك هێنران کە زۆر بەڕوونو ئاشکرایی ئارەزوویان لەوەرگرتنی زەوی بوو بەشێوەی نایاسایی)).

ژمارەیەك لەخاوەن زەویوزارەکانی دەوروبەر ـ حکومەتی قازان ـ سکالایان بەرزکردبووەوە بۆ حکومەتی کاتیی سەبارەت بەوەی کە بتوانێت تواناکانی خۆی بگۆڕێ بۆ بەرهەمهێنان، لەو ڕوانگەیەوە کە جوتیاران کرێکارە کشتوکاڵییەکانیان دەرکردووەو کەوتونەتە دانەوێڵە دزینو لەگەلێك شوێن مافورو ڕاخەریماڵی دەرەبەگو ئاغاکانیشیان تالان کردووەو بوونەتە ڕێگرو ناهێڵن خاوەن زەوییەکان لەموڵکی خۆشیاندا دارو درەختەکان ببڕنەوەو تەختەیان لێ بەرهەم بهێنن، وشەو قسەی پڕ





لەهەڕەشەی کوشندە دادەپەڕێنن بەناوی توندوتیژیو ڕێ لێگرتنەوە هەڕەشەی مەرگ دەکەن: ((دادپەروەری بوونی نەماوەو هەر کەسێ چی دەوێ وا دەکاتو خەڵکانی ژێریش لەسایەی ترسو تۆقیندا ژیانو گوزەران بەسەر دەبەن))، خاوەن زەویوزارەکانی حکومەتی قازان زۆر چاك دەیانزانی کە کێو کام بەرپرس لەپشتی ئەم ئاژاوەیەوەیە: ((بڕیارەکانی حکومەتی کاتیی لەدێهاتەکاندا دیارنین ـ نەبوون ـ کەچی بڵاوکراوەو نوسراوەکانی بەڵشەفییەکان زۆرو زەبەندەن)).

لەگەڵ ئەمەشدا، تەعلیماتەکانی حکومەتی کاتیی، ئەوە نەبوون کە ناوچەکان ئاتاجی بن. (میرلفۆف) لەبروسکەیەکیدا کە لە(٢٠)ی مارس (ئازار)دا ناردی داوای لەچاودێرەکان کرد کە لیژنەی بەشەکان پێك بهێنرێن بەو شێوەیەی کە دەسەلاتیان لەئاستی دەسەڵاتی خۆجێی حکومەتدا بێ، وێڕای ئەمەش ڕای سپاردن کە((خاوەن موڵکە خۆماڵییەکانی ئەوێو هەموو هێزە ڕۆشنبیرەکان پێك بەست[٢٤٢] و هاوئاشنا بکەنەوە)) با کارکردنی ئەم لیژنانە ئەوە بێت، ئەمانە هەموو بنیاتنانەوەیەکی ڕێك خستنەوەی دەوڵەتیان بەپێی شێوازەکانی ژوورەکانی سوڵحو تەوفیقییەت دادەڕشتەوە، دوای ئەمە چاودێران ناچاربوون کە بکەونە فرمێسك ڕشتن، دوای ئەوەی زانییان ((هێزە ڕۆشنبیرەکان)) بەتەواوەتی لەکار دورخراونەتەوە، بێگومان مۆجیکەکانیش متمانەیان بەلایەنگرانی (کرنسکی) نەدەکرد لەبەشو ناحییەکاندا.

لە (٣)ی ئیپریل (نیسان)دا (میرئۆرسۆف)ی جێگرو یاریدەدەری (میرلفۆف) بۆ کاروباری ئەنجومەنی وەزیران قسەی کرد ـ دەشزانین کە لەناو وەزارەتی ناوخۆدا گەلێك کەسو کەسایەتی هەبوون کە پلەو نازناوداربوون ـ ناوبراو لەقسەکانیدا ڕای سپارد کە کارئاسانی نەکرێ بۆ هیچ کارێکی ستەمکارانە، بەتایبەتیش ڕای سپارد کە پارێزگاری لە ((هەموو خاوەن زەویەك بکرێ لەبەڕێوەبردنی زەوییەکەی خۆیدا بەوپەڕی ئازادییەوە))، واتا ڕایسپارد کە ئەبێ باشترین ئازادی ـ بەلای ئەو خەڵکانەوە ـ بپارێزرێ.

دوای (١٠) ڕۆژ (میرلفۆف) وای بەباش زانی کە خودی خۆی بەشداری بکات لەم چالاکییەدا، بۆیە فرمانی دەرکرد بۆ هەموو چاودێران تاکو هەموو کاروکردەوەیەکی

[٢٤٢] پێکبەست: المرتبط: روابط: المتعلق بعضها مع البعض.

توندوتیژیو تالانی بووەستێنرێ بەگرتنەبەری هەموو ئەو هۆکارانەی یاسا ڕێگەی بەکارهێنانی پێداون)) دوای (٢) ڕۆژ (میر ئۆرۆسۆف) دیسان یەکێك لەچاودێرەکانی ناوچەکانی ڕاسپارد کە ((ڕێو شوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ پاراستنی گروپی ئەسپ سوارەکان لەهەموو کاروکردەوەیەکی توندوتیژو هاندانی جوتیاران‌و... هتد)).

لە (١٨)ی ئیپریل (نیسان)دا (میرئۆرۆسۆف) کەوتە دوودڵییەوە سەبارەت بەو داخوازییە زێدەڕەویانەی کە بۆلای بەرز دەکرانەوە لەلایەن کرێکارە بەدیل گیراوەکانی جەنگ کە لەزەویوزاری خاوەن زەوییەکاندا کاریان دەکرد. بۆیە بڕیاریدا بەدانانی سزا لەسەر ئەو کەسە بەدکارانە، بەپشت بەستن بەیاسای پاراستنی مافە دراوەکان ـ ی پێشووتر لەبەندەکانی دادو یاسای قەیسەری ـ لەو کاتانەدا فرمانی دەوریات، تەعیلماتەکان، بروسکەکان وەك تاوی باران بەردەوام لەسەری سەرەوە دادەبارین. لە (١٢)ی مایۆ (ئایار)دا (میرلفۆف) لەبروسکەیەکی نوێدا ئەو کارە نایاساییانەی ئەژمار کرد کە ((تاکو ئێستاش لەسەرانسەری ولاتدا دەکرێن)) لەوانە: گرتن‌و دەست بەسەرکردنی توندڕەوانە، دەست بەسەراگرتنی زەویو ماڵو سامان، دزیو تالانی، ئازادکردنی فەرمانبەران، دەرکردن‌و ڕاوەدونانی بەڕێوەبەرانی موڵكو ماڵەکان‌و بەڕێوەبەرانی کارگەو وەرشەکان، کاولکردنی سامان‌و ماڵ، کاری ئاژاوەگێڕیو پشێوی، کردەوەی توندوتیژی کە دژی پیاوە ناودارو پلەدارانی دەوڵەت دەکرێن، دانانی باج لەسەر دانیشتوان، هاندانی بەشێك لەگەڵ بۆ بەگژاچوونەوەو دژایەتی کردنی بەشەکەی ترو... هتد، ((پێویستە هەموو کاروکردەوەیەکی لەم جۆرە بەکاری نایاسایی لەقەڵەم بدرێو هەندێ جاریش بەکاری ئاژاوەگێڕی))، ئەگەرچی وەسفەکە زۆر ڕوون نییە، بەڵام سەرەنجامەکە زۆر ڕوون‌و ئاشکرایەو بریتییە لەمە: ((گرتنەبەری توندترین ڕێو شوێن)) چاودێرانی ناوچەکان، فرمانی دەوریانەیان دابەش دەکرد بەسەر ناحییەکاندا بەشێوەیەك کە زۆر یەکلاکەرەوانە بێت چاودێرانی ناحییەکان دەبێ گوشار بخەنە سەر لیژنەی بەشەکان (لیژنە بەشییەکان)، سەرەنجام هەموویان یەك ڕاستییان دەردەخست، ئەویش دەستەوستانیان بوو بەرانبەر بەمۆجیك.





پێکهاتە سەربازییە نزیکەکانیش دەستیان وەردەدایە ناو ئەم کێشەیەوە، لەهەموو شوێنێ، زۆربەی جار پێشدەستیشیان دەکرد بۆ ئەو کاروبارانە، بزاڤەکە گەلێك شێوەی زۆر جیاوازی تێدابوو، بەپێی مەرجە خۆجێییەکان‌و پلەی زیادبوونی ململانێکە، لە (سیبریا) کە ئاغاو دەرەبەگیشی هەر تێدانەبوو، جوتیاران دەستیان گرت بەسەر زەویوزاری دێرو کەنیسەکاندا، وێڕای ئەمەش پیاوانی ئایینی لەسەرانسەری ولاتدا لەباروودخێکی خراپدا بوون، کاهن‌و قەشەکانی ژێردەسەلاتی حکومەتی (سمۆلنسك) لەژێر کاریگەری سەربازە گەڕاوەکان لەجەنگدا دوچاری گرتن بوونەوە. دەسەلاتدارە خۆجێییەکان ناچار بوون کە ڕێو شوێنی زیاتر لەوە بگرنەبەر کە دەیانەویست لەپێناوی ڕێگرتن لەجوتیاران کە نەبادا ڕێو شوێنی ڕیشەیی تر بگرنەبەر، لیژنەی ڕاپەڕاندنی ناحییەی حکومەتی(سامارا) کرا بەڕاسپاردەی گشتی بەسەر کەل‌و پەل‌و کالاو سامانی (ئۆرلۆف)و (دافیدۆف)دا لەسەرەتای مانگی مایۆ(ئایار)دا، بەم شێوەیە لەدەست جوتیاران پاراستی.

لەبەرئەوەی ئەو مەرسومە بڕیارەی کە(کرنسکی) پەیمانی دابوو دەری بکات بۆ ڕێگرتن لەفرۆشتنی زەویوزارو قەدەغەکردنی ئەو کارە، هەر دەرنەچوو، بەناچاری جوتیاران بەدەستی خۆیان کەوتنە ڕێگرتن لەو کڕین‌و فرۆشتنەو دەستیان بەسەر زەوییەکاندا گرت‌و نەیانهێشت پێوانەکارییان تێدا بکرێ، کاری دەستبەسەراگرتنی چەکی خاوەن موڵکەکان زیاتر بوو، تا ئەو ڕادەیەی تاپڕو تفەنگی ڕاویشیان لێ سەندنەوە، وە (مۆجیك) بوو بەحکومەتی (مەنسك)، بەپێی سکالای یەکێك لەچاودێرانیش: ((بڕیارەکانی کۆنگرەی جوتیاران بوون بەیاسایەکی بەکار))، بەڵام چۆن لەم یاسایانە تێبگەین بەشێوەیەکی تر؟ کە ئەم جۆرە کۆنگرانە لەدوا واندا دەسەلاتی ڕاستەقینەو تاقانەی ناوچەکان پێکدەهێنن. بەمجۆرە جیاوازیو ناکۆکییەکی زۆر کەوتە نێوان ئەنتلیجنسیای سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕو چینی جوتیارانەوە.

لەکۆتایی مایۆ (ئایار)دا دەشتە ئاسیاییە بەرفراوانەکانیش کەوتنە جموجوڵ، دانیشتوانی (قرغیزیا)ش ڕاپەڕین ـ کە کاتی خۆی دەسەلاتدارانی قەیسەر زەویوزارە هەرە باشەکانیان لێ زەوت کردبوون‌و بەسەر دەست‌وپێوەندەکانی خۆیاندا دابەشیان

کردبوون، دژی خاوەن زەویوزارەکان کەوتنە شۆڕشکردن و داوای یەکلایی کردنەوەی حساباتی خۆیان دەکرد سەبارەت بەزەوییە زەوت کراوەکانیان بەزووترین کات، بۆ دڵنیابوون لەم مەسەلەیەش قسەی یەکێك لەچاودێرەکانی (ئەکمۆلینسك) دەهێنینەوە کە دەڵێت: ((تێڕوانین سەبارەت بەم پێ دەشتانە لەزیادبووندابوو)).

لەلایەکی ترەوەو لەناحیەیەکی تری وڵاتو لەسنوری حکومەتی (لیفۆنیا)دا لیژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێك لەناحییەکان لیژنەی لێکۆڵینەوەی ڕەوانەی ئەوێ کرد سەبارەت بەتالانکردنی موڵكو ماڵی بارۆن (ستهال فۆن هۆلشتاین) لیژنەی بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەکە دانی بەوەدانا کە کاروکردەوە پشێویو بێ سەروبەرەکان زۆر خراپ بوون، مانەوەی (بارۆنی) ناوبراو لەو ناحییەدا کار دەکاتە سەر تێکدانی ئارامی، لیژنەکە ئەم بڕیارەیدا: ((دەرکردنی بارۆنو ژنەکەی بۆ پترۆگرادو بخرێنە ژێر چاودێری حکومەتی کاتییەوە))، بەمجۆرە یەکێك لەو ناکۆکییانە لەدایك بوو کە لەنێوان دەسەڵاتی مەرکەزیو دەسەڵاتی خۆجێیدا، لەنێوان لایەنگرانی سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکانو سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکانی دەسەڵاتی باڵادەستدا بەرپابوو.

ئەو ڕاپۆرتەش کە ناحییەی (بالفۆگراد) ـ حکومەتی ئیکایترینۆسلاف ـ لە (٢٧)ی مایۆ (ئایار)دا ناردی وێنەکێشێکی شێوە نمونەیی بوو: ئەندامانی لیژنەی کشتوکاڵی ناکۆکییەکان بۆ گەل ڕوون دەکەنەوە، بەم شێوەیە لەکاردانو نایەنەوێ ((پەنابەرنەبەر هیچ کردەوەیەکی توندوتیژی)) بەداخەوە ئەم نمونەیەساویلکەیە تەنها چەند هەفتەیەك بڕی کرد.

لەکۆتایی (مایۆ) ئایاردا یەکێك لەپاپاکانی سەرکردایەتی دێری (کۆسترۆما) سکالایەکی بەرزکردەوە بۆ حکومەتی کاتییو شکاتی لە جوتیاران کردبوو کە سێیەکی ئاژەڵە شاخدارەکانی دێرەکەیان بردوە بۆ خۆیان، ئەم ڕاهیبە بەڕێزە دەیتوانی بێ دەنگ تر بوایە چونکە سکالاکردنەکەی بەوە بەسەر خۆیدا شکایەوە کە سێ یەکەکەی کە مابووشیەوە لێیان سەندو بەتەواوەتی تالانیان کرد.

حکومەتی (کۆرسك) کەوتە چەوساندنەوەی جوتیاران، ئەو جوتیارانەی پارچە زەوی بچوکیان هەبوو، ڕازی نەبوون بچنە سەر کار لەزەوییە پانو بەرینەکاندا، چینی





جوتیاران دەیویست کە پێش بکەوێ وەك هەر کەسێك لەناو شۆڕشی گەورەی کشتوکاڵیدا. ڕازی بوو بەوەی کە زەویوزارەکان بەیەکسانی دابەش بکرێن، دروستکردنی ناوبەندیش لەنێوان ئەو زەوییانەدا هەندێ کێشەیان لێ دەکەوێتەوە، پێویستە ئەو کۆمەڵانە وەك یەك تاکەکەس بەڕێدا بڕۆن و یاوەرایەتی جەنگ بکەن لەپێناوی دەستکەوتنی زەویوزاری ئاغاو دەرەبەگەکانو ئەو دەرەبەگانەش یەك دەستو یەك دەنگ بن دژی جوتیاران، واتە دژی جوتیارە تاکەکان.

لەکۆتایی مانگی مایۆ (ئایار)دا، (سامۆئیلۆف)ی سەرباز گیرا لەحکومەتی (بەرم) بەتاوانی ئەوەی کە خەڵکی هانداوە بۆ دژوەستانەوەی لابردنی باج، دوای ئەوە ناوبراو خۆی بوو بەیەکێك لەو کەسانەی کە کاری گرتنی خەڵکی ئەنجام دەدا. (غریتسانکۆ)ی جوتیار لەحکومەتی (خارکۆف)دا هەستا بەفڕاندنی کڵاوی یەکێك لەقەشەکان لەکاتی تێپەڕبوونی کەژاوەکەیدا بەیەکێك لەگوندەکانداو کەوتە تەپڵ پێلێدانی ئەو کڵاوەی قەشە (نیقۆلا) لەبەرچاوی خەڵکی، بەمجۆرە هەموو کاروبارە نارەزایی دەربڕینەکان گۆڕان بۆ کاری کردەوەیی.

یەکێك لەسەربازە دەریاییەکان لەیاداشتە نەزانراوەکەیدا بەناوی ((تێبینیەکانی پاسەوانێکی سپی)) کە خۆی یەکێك بووە لەوانەی سەر بەدەرەبەگەکان بووە تابلۆیەکی جوانی گۆڕانکاریەکانی گوندەکەی کێشاوە لەیەك دوو مانگی دوای ڕاپەڕینەکەداو لەهەموو پلەکاندا ((پیاوانو کەسانی سەر بەناوەندە بۆرجوازییەکان لەهەموو ئاستەکاندا هەڵدەبژێردران بۆ هەموو پۆستەکان، وە ئاراستەی هەموو ئەمانەش بەو بارەدابوو کە تەنها ڕژێم بپارێزن))، بەڵێ، وایە، جوتیاران داوای زەوییان دەکرد، بەڵام بەشێوەیەکی هێمنانەو دوور لەتوندوتیژی لەماوەی دووسێ مانگی دوای ڕاپەڕیندا، بەپێچەوانەیشەوە، ئێمە زوربەمان ئەم قسەیەمان دەبیست: ((ئێمە نامانەوێ تالانی بکەین، دەمانەوێ چارەسەری کێشەکە بەڕێگەی ئاشتیو ئاشنایانە بکەین)) ... هتد. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ((هەڕەشەی شاراوە)) بەدی دەکرێ لەکاتی پێویستیدا، لەڕاستیشدا ئەگەر چینی جوتیاران لەماوەی مانگە بەراییەکاندا پەنایان نەبردایەتە بەر توندوتیژی: ((ئەوا هەر خێرا ورياداری خۆی دەردەکەوت)) بەرانبەر بەو شتەی کە ناوی

به(هێزه ڕۆشنبیرەکان) دەبرا، حاڵەتی و نیمچه تەماشاکەرێکی بۆ دەمایەوە لەڕووی هزرییەوە، بەپێی قسەکانی سەربازە سپییەکە هەتا مانگی مایۆ (ئایار)و یۆنیۆ (حوزەیران)، داوی ئەمەش ((گۆڕانکارییەکی لەناکاو تێبینی دەکرێ و ئارەزووی دەسەڵاتداران هەست پێ دەکرێ بۆ گفتوگۆ کردن لەناوچەکانداو چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەی توندوتیژی...))، و بەدەربڕینێکی دیکە: چینی جوتیاران ماوەی (٣) مانگیان مۆڵەت دابوو بەشۆڕشی فێبرایر (شوبات) بۆ جێبەجێکردنی پەیمانی سۆسیالیسته - شۆڕشگێڕەکان کەچی دوایی سەرەنجامی مۆڵەتەکە ئەوەبوو کە دەسەڵاتەکەی خۆی خستەگەڕ بۆ دەست بەسەراگرتن.

دووجار (تشینیۆنۆف)ی سەربازی بەڵشەفی لەماڵی خۆیەوە چووە بۆ مۆسکۆ بۆلای حکومەتی (ئۆریل) ئەو کاتە سۆسیالیسته - شۆڕشگێڕەکان دەسەڵاتیان هەبوو بەسەر ئەو بەشەدا هەتا مانگی مایۆ (ئایار)، جوتیارانی (مۆجیك) لەهەندێ ناوچەدا کرێی بەکرێدانی زەوییەکانیان (زەویانە)یان دەدا بەئاغاو خاوەن موڵکەکان.

(تشینینۆف)ی بەڵشەفی شانەیەکی ڕێکخستنی لەو جوتیارو کرێکارە کشتوکاڵییانە پێك هێنا کە پێویستیان بەزەوی کشتوکاڵی هەبوو، ئەم شانەیە هانی خەڵکی دەدا کە کرێ نەدەن بەخاوەن زەوییەکانو دەبێ زەوییەکانیش دابەش بکرێن بەسەر ئەو کەسانەدا کە پێویستیان بەزەوی هەیە، یەکسەر چوونە ناو لەوەڕگەی خاوەن زەویوزارەکانەوەو دابەشیان کردن بەسەر گوندەکانداو گژوگیاکەیان درەوکردن: ((ئەو سۆسیالیسته - شۆڕشگێڕانەش کە لەلیژنەی بەشدا مابوونەوە هاواریان دەکرد بەوەی کە کارەکانمان یاسایی نین، کەچی وازیشیان لەبەشە ئالفی خۆیان نەدەهێنا کە بەریان کەوتبوون)) کاتێك نوێنەرانی دێهاتەکان هاتنو وازیان لەفەرمانی خۆیان هێنا، جوتیارانیش کەسانی بەجەرگ ترو ئازاتریان هەڵبژارد لەجێی ئەوانەی پێشوو - کە دەستیان لەنوێنەرایەتی کێشابویەوە))، نەبێ نوێنەرە تازە هەڵبژێراوەکانیش هەمیشە لەبەڵشەفییەکان بوبێتن، بەڵکو بەپێچەوانەوە.

جوتیاران بەهۆی گوشاری ڕاستەوخۆیانەوە بۆ سەر حیزبی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ - توانیان ئەو حیزبە بکەنە دوو باڵ، ئەو کەسانەی هزری شۆڕشگێڕانەیان هەبوو، دایانبڕن





لەوانەی فەرمانبەربوون، لەگەڵ ئەو کەسانەش کە پیشەوەر بوون لەکاری حکومیداو پسپۆڕ بوون، دوای ئەوەی (مۆجیك) گژوگیای گەورە ئاغایانیان درەو کرد، دەستیشیان بەسەر زەوییە نابەراوەکاندا گرتو کردیانن بەکشتوکاڵی زستانە، شانە بەڵشەفییەکە بڕیاریدا دەست بگرێ بەسەر ئەو دانەوێڵەیەی کە لەکۆگەی ئاغاکاندا هەیەو ناردنی دانەوێڵەی یەدەگ بۆ مەڵبەندە برسییەکان، بڕیارەکانی شانەکەش بەباشی جێبەجێ دەکران چونکە گونجاوبوون لەگەڵ خواستی خەڵكو بارودۆخی گوزەرانیاندا - گوزەرانی جوتیاران - (تشینینیۆف) لەگەڵ خۆیدا کە گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی چاپەمەنی بەڵشەفییەتیشی هێنابووەوە کە پێشتر جوتیاران هیچ بیرۆکەو زانیارییەکیان دەربارەی ئەو چاپەمەنیانە نەبوو، ناوبراو دەڵێ کە ئەمانەیان بینی گەلێك پڕوپاگەندەیان پێ دەگوتم: ((ڕۆشنبیرە سۆسیالیسته - شۆڕشگێڕەکان، پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاوکردبووەوە کە گوایە من زێڕێکی زۆری ئەڵمانیام هێناوەو بەرتیل دەدەم بەجوتیاران، گەلێك پڕوپاگەندەی لەو جۆرەیان بۆ هەڵبەستبوومو تاڕادەیەك بڵاویش بووبوونەوە))، لەهەموو بەشێك لەقەزاو ناحییەکاندا چەند کەسێك هەر هەبوون کە لایەنگری (میلیۆکۆف)و (کرنسکی)و (لینین) بوون.

لەحکومەتی (سمۆلنسك)دا وردە... وردە... دەسەڵاتی سۆسیالیسته - شۆڕشگێڕەکان زیادی دەکرد، دوای ئەوەی کۆنگرەی ناوچەکان پشتیوانی گەڕانەوەی زەوی دەکرد بۆ ژێردەستی گەل، بەپێی هەقو دادپەروەری. جوتیاران بەتەواوەتی پابەندی بڕیارو ڕاسپاردەکانی بوون، جیاوازتر لە سەرکردەکان، لەوکاتەدا، ژمارەی سۆسیالیسته - شۆڕشگێڕەکان لەگوندەکاندا لەزیادبووندابوو، یەکێك لەخەباتگێڕە خۆماڵییەکانی ئەوێ دەڵێ: ((هەرکەسێ کە سەر بەباڵی سۆسیالیسته - شۆڕشگێڕەکان بوو، ئامادەی ئەم کۆنگرەیە بوو، وای دەزانی بەلایەنی کەمەوە خۆی کەسێکی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕە یان هەر شتێکی تری لەم جۆرەیە...)) لەحامییەی مەڵبەندی ناحییەکەشدا دوو فەوج سەرباز هەبوون، کە هەردووکیان لەژێر ڕکێفی سۆسیالیسته - شۆڕشگێڕەکاندا بوون، لیژنە بەشییەکان کەوتنە کێڵانو جووت کردنی زەوی ئاغاکانو دروێنەکردنی لەوەڕگاکانیان، لەوکاتەدا (ئیفیمۆف)ی سۆسیالیستی - شۆڕشگێڕ چاودێری

ناوچەکەبوو، فرمانی خۆی دەنارد بۆ خەڵکی کە پڕبوون لەهەڕەشەو چاوترسێن کردن بەسزادان، گوندەکە سەرسام بووبوو، باشە ئەی ئەم چاودێرە خۆی دوێنێ لەکۆنگرەکەدا نەیگوت جوتیاران ئێستا خاوەنی دەسەڵاتی تەواوەتین، ئەو تاقە کەسەی کە لەزەوی سودمەند دەبێ ئەو کەسەیە کە دەیکێڵێو خزمەتی دەکات؟ کەچی ئەمڕۆ بۆ وادەڵێ؟ بەڵام باش وایە تەماشای واقیعەکە بکەین، لەم چەند مانگەدا (١٦) لیژنەی بەشەکان لە (١٧) لیژنەکە تاوانبارکرابوون بەوەی کە دەستیان هەیە لەدەست بەسەراگرتنو داگیرکردنی زەویوزاری ئاغاکان، ئەمەش بەفرمانی چاودێر (ئیفیمۆف) بووە، بەم چەشنە بەسەرهاتی ئەنتلیجنسیای گەل لەگەڵ گەلدا بەرەو کۆتایی کەوتە جموجوڵ. لەهەموو ناحییەکانیشدا زیاتر لەسێ یان چوار کەسی بەلشەفی نەبوون، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتیان بەرەو زیادبوون دەچوو، تاکۆتاییان بەسۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان هێنا، یاخود دووبەرەکەییان خستە نێوانیانەوە.

لەکۆتایی مایۆ (ئایار)دا، کۆبوونەوەی گشتی جوتیارانی ڕوسیا لەپترۆگراد بەسترا، نوێنەرانی هاتوو بۆ ئەم کۆنگرەیە بریتی بوون لەسەرکردەکان، بەزۆریش سروشتێکی ڕێکەوتانەی هەبوو، ئەگەر کۆنگرەی جوتیارانو سەربازان دواکەوتوبێت ـ بێگومان ـ لەئاستی ڕەوتی نوێنەرایەتیکردنی چینی جوتیارانی پەراگەندە دواکەوتوبووە لەڕووی باری هزری دێهاتییەوە، ئەوەتا ڕۆشنبیرە میللییەکان هاتونەتە پێشەوە وەك نوێنەری ڕاسترەوی توندڕەو ـ وەك نوێنەری جوتیاران ـ هەروەکو کەسانێك هاتبوونە پێشەوە بۆ نوێنەرایەتی کردنیان کە لەڕێی هاوکاری بازرگانییەوە جوتیاریان ناسیبوو، یاخود بەهۆی ناسیاوێتیو پاداشتەکانی گەنجێتییانەوە. بەڵام ((گەل))ی ڕاستەقینە کۆلاکەکان[٢٤٣] نوێنەرایەتیان دەکردن لەگەڵ خاوەن حانوتو جوتیارە هەرەوەزییەکان، سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان دەسەڵاتی تەواویان هەبوو لەناو کۆنگرەدا سروشتی ڕاسترەوە توندڕەوەکەی خۆیانیان هەڵگرتبووەوە، کەچی هێشتا هەندێ جار دۆش دادەمانو ڕادەوەستانو (سەر ڕەش)ە سیاسییەکانیش کە هێڵی کاریان لای هەندێ لەنوێنەران دیاربوو، هەڵوێستی هاوبەشیان هەبوو کە پڕبوو لەڕادیکاڵییەت بەرانبەر

[٢٤٣] کۆلاك: جوتیاری دەوڵەمەند.





بەخاوەندارێتیو دەرەبەگایەتی زەویوزارەکان، بڕیارەکان بەم ڕشتە دەقەکەیان داڕێژرا: ((هەموو زەوییەکان دەبنە موڵکی گشتی، بەچاوپۆشی لەوەی کە جەماوەری کرێکاران بەکاریان دەهێنن بەشێوەیەکی یەکسان، بەبێ فرۆشتن))، دیارە کۆلاك لەمانای یەکسانی تێناگات، مەگەر بەو مانایەی کە یەکسان بێ لەگەڵ ئاغاکان، نەك یەکسانی نێوان کرێکارانی کشتوکاڵی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جیاوازییە بچوکە لەنێوان سۆسیالیستە میللییە خەیاڵاوییەکانو دیموکراتییە کشتوکاڵییەکانی (مۆجیك)دا دەرنەکەوت هەتا دوایی.

(تشیرنرف)ی وەزیری کشتوکاڵ، بەدڵخۆشییەوە هەنگاوی دەنا تاکو دیارییەکی باشو نایاب پێشکەش بەکۆنگرەی جوتیاران بکات و بەبێ هودە دەهاتو دەچوو، پڕۆژەی مەرسومە بڕیاری قەدەغەکردنی فرۆشتنی زەوی بەدەستییەوەبوو، (وەزیری دادیش ـ بیریفیرسیف ـ ی سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕ لەکاتی ڕۆژانی کۆنگرەکەدا هاتو بەدەستەو دایەرە حکومییە دەسەڵاتدارەکانی ئەو ناوچەیەی ڕاگەیاند کە نابێ هیچ کۆسپێك بخەنە بەردەم فرۆشتنی زەویوزار، نوێنەرانی جوتیاران دژ بەم کارە نارەزاییان دەربڕیو هەندێ ڕقوکینەیان بۆ ناوبراو نایەوە، بەڵام نارەزایی بوونەکەیان هیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە، چونکە حکومەتی(میرلفۆف) ڕازی نەبوو بەدەست بەسەراگرتنی زەویوزاری ئاغاکان، سۆسیالیستەکانیش نەیاندەویست خۆیان زاڵ بکەن بەسەر حکومەتی کاتیدا، لەلایەکی ترەوە پێکهێنانو بەستنی ئەو کۆنگرەیە لەوکاتەدا وای لێکردبوون کە دەستەوەستان دۆش دابمێنن، کەمترین دەستەوەستانیشیان ئەوەبوو کە نەیاندەتوانی دەروویەکی ڕزگاری بدۆزنەوە لەنێوان ئارەزووی چلێسانەی هەندێ لەئەندامەکانیان بۆزەوی قرۆخ کردنو بیرو هزری دواکەوتوانەیان.

لە (٢٠)ی مایۆ (ئایار)دا، (لینین) لەکۆنگرەی جوتیاراندا قسەی کرد، (سۆخانۆف) لەسەر قسەکانی ئەو قسەی کردوو گوتی: "وا دەردەکەوێ (لینین) کەوتووەتە ناو گۆلاوێکی پڕ لەتیمساحەوە " لەگەڵ ئەوەشدا (مۆجیك)ەکان بەوردی گوێیان بۆ گرتبوو. لەبەرانبەریدا، وادیاربوو هەستیان بەهەندێ سۆز دەکرد، بەبێ ئەوەی سەر خۆیانی بهێننو ئاشکرای بکەن، یان بیوروژێنن ـ هەمان ئەنجام دەست ئەو سەربازە

دژانە کەوتەوە کە بەلّشەفی بوون، (سۆخانۆف) دەیویست لاسایی سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکانو مەنشەفییەکان بکاتەوەو ئەو گیانی پشێوییە ببوژێنێتەوە کە لەوکاتەدا هەبوو، بۆ تەکتیکی (لینین)ی سەبارەت بەمەسەلەی کشتوکالّی، ڕاوبۆچونی ناوبراو، دوورنەبوو لەڕاوبۆچوونی ئەو (سۆخانۆف)ەی کە بەلای کودەتادا دایدەتاشی تاکو لەسەر مافی خاوەن مولّکەکان کاری پشێوی بنێتەوە. بەپێی ئەم لۆژیکەش بێ، هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان شۆڕشو پشێویدا، لەڕاستیشدا ئەو ڕێگەیەی کە (لینین) جەختی لێ دەکردەوەو مەسەلەی کشتوکالّی تێدا دەهێنایەوە زۆر قوولّترو ڕیشەدارتر بوو لەتێڕوانینی سەرجەم ئەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕووی دەکرانەوە. (لینین) جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە لەسەر سۆڤیەتاتی نوێنەرانی جوتیاران، وا کار بکات ـ واتە سۆڤیەتات ـ وەك دەزگایەکی شۆڕشی کشتوکالّیو وەك ئامێرێك وابێ بۆ کۆتایی هێنان بەدەسەلاّتی دەرەبەگو ئاغاکان لەقۆناغی یەکەمیدا، سۆڤیەتات لەتێڕوانینی (لینین)دا تاڕادەیەکی زۆر دەزگای دەسەلاّتی بنەڕەتی دەولّەتی داهاتوویە، واتا دەزگای دیکتاتۆرییەتی شۆڕشگێڕ، بەهەرحالّ ئەم ڕاوبۆچوونە زۆر دوورە لەئاژاوەگێڕیو پشێوی خوازیی، واتە تیۆرو پەراوەکردن لەسەر نەهێشتنی دەسەلاّت، (لینین) لە (٢٨)ی ئیپریل (نیسان)دا گوتی: ئێمە داواکارین بەزوترین کات زەوی بگەڕێتەوە ژێردەستی جوتیاران لەگەلّ زۆرترین ڕێکخستندا کە لەتوانادا هەبێت، ئێمە بەتەواوەتی بەربەرەکانێی کردەوەی دەست بەسەرداگرتنی ئاژاوەگێڕیانەین)) بۆچی چاوەڕوانی بەستنی کۆنگرەی دامەزرێنەران ناکەین؟ ((کارەکە بەلای ئێمەوە دەست بەکاربوونی شۆڕشگێڕانەییە کە دەکرێ یاسا یەکێك بێ لەئەنجامەکانی ـ ئەو شۆڕشە ـ جا ئەگەر چاوەڕوانی نووسینەوەی دەستور بکەنو بەدەستی خۆتان هێزی شۆرششگێڕانە بەهێزو گوڕ نەکەن، ئەوا نەیاساتان دەست دەکەویو نەزەوی)) ئایا ئەم وشە سادەو ساکارانە زمانی هەموو شۆڕشێك نین؟

دوای خولێك کە یەك مانگی خایاند کۆنگرەی جوتیاران لیژنەی ڕاپەڕاندنی هەلّبژارد، بەسیفەتی دامەزراوەیەکی هەمیشەیی، کە پێك هاتبوو لە (٢٠٠) بۆرجوازی بچوکی بەلاشە گەورەی دانیشتوانی دێهاتەکانو کەسانی میللی کە شایستەو نمونەیی





لەمامۆستایانو بازرگانەکان لەودیو پەردەیەکەوە کە هی کەسێتییە جوانکارییە ڕازێنەرەوەکان بوون، وەك (بریشكو فسکایا، تشایکۆفسکی، فیرافیغنەر، کرنسکی)) (ئەفکسانتیف)ی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕیش کرا بەسەرۆکی دامەزراوەکە، گەرچی ئەم دامەزراوەیە بۆ جەنگ پێك نەهێنرا بەلّکو وەك ئەنجومەنی ڕیش سپیو پیاوماقولاّن وابوو بۆ لۆمەو داوەتو داوەتکاری دروست کرا لەگەلّ داوەتە ڕەسمیەکان لەناوچەکەدا.

هەر لەوکاتەوە، هەموو مەسەلەکان لەنێوان ئەو دوو ئەنجومەنەدا گفتوگۆیان لەسەر دەکرا، لیژنەی کرێکارانو سەربازان و لیژنەی جوتیاران کە دوو ئەنجومەنو دەزگا بوون، ئەم کۆمەلّەیەش تاڕادەیەکی زۆر پشتیوانی دەکرد لەبالّی ڕاست، کە ئەمیش ڕاستەوخۆ لەلایەن (کادیت)ەوە یارمەتی دەدرا، هەموو جارەکان دامەزراوە هەمیشەییەکان پێویستی بەگوشاری کرێکاران بوو، لەگەلّ هێرشکردنە سەر بەلّشەفییەکانو هەڕەشەکردن لە ((کۆماری کرۆنشتادتی سەربەخۆ)) هەموو موسیبەتێکی تر کە دێتە خەیالّەوە، لەهەموو جارەکاندا کە پێویستیان بەمانەدەبوو، سەد دەست، یاخود سەد چەپۆکی (کۆلاك)و چەپۆکی ئەندامانی لیژنەی ڕاپەڕاندنی جوتیاران وەك دیوار هەلّدەپەسێردرا. ئەم کەسانە بەتەواوەتی لەگەلّ (میلیۆکۆف)دا ڕێك کەوتبوون تاکو هاودەنگ لەگەلّیدا بلّێن: پێویستە کۆتایی بهێنرێ بە بەلّشەفییەکان، بەلاّم لەمەسەلەی زەویوزاری ئاغاکاندا ڕاو تێڕوانینی(مۆجیك)یان هەبوو، نەك تیۆرەکانی(لینین) هەر ئەم هەلّوێستەیەشیان وای لێ کردبوون کە لەسەر هەردوو جەمسەری دژبن لەگەلّ بۆرجوازییەتو حکومەتی کاتیشدا.

هەر کە کۆنگرەی جوتیاران کەوتە زێدەڕەوی یەکسەر سکالاّکان دابارین، بڕیارەکانی کۆنگرە زۆر بە(جدي) لەناوچەکاندا بەهەند وەرگیران، دەست کرا بەدەست بەسەراگرتنی زەویوزاری خاوەن مولّکەکانو داڕنانو تۆمارکرانو سەرژمێرکران وەك سەرەنجامێکی ئەو بڕیارانە، زۆر مەحالّ بوو جیاوازی بکرێ لەنێوان بیرۆکەی قسەو کرداردا لەهزری سەرسەختەکاندا.

سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکانیش ـ کە ترسو قین وەلای نابوون لەو ڕووداوانەدا کە ڕوویان دەدا سەبارەت بەو بڕیارانەی دەرچووبوون، پاشگەزبوونەوە. لەسەرەتای یۆنیۆ

(حوزەیران)دا هەستان بەسەر کۆنەکردنی هەموو کارێکی دەست بەسەراگرتنی زۆرەکی بەشێوەی گەورەکردن بۆ سەرجەم زەویوزارەکان لەو کۆنگرەیەیاندا کە لە (مۆسکۆ) گرتیانو بڕیارەکەشیان بەم جۆرەبوو: ((وا پێویست بوو چاوەڕوانی بەستنی کۆنگرەی دامەزرێنەران بووینایە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەم بڕیارە دەستەوەستان نییە لەئاستی کردەوەی دەست بەسەراگرتنداو بەس، بەڵکو لاوازترین بزافی کشتوکاڵیشە، مەسەلەکە بەشێوەیەکی زۆر سەیر ئاڵۆزتر بووەوە، چونکە حیزبی سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕ، خۆی ژمارەیەکی زۆری لەو کەسانە تێدابوو کە هاوبیربوون لەگەڵ ڕەوتی (مۆجیك)ەکان دژی خاوەن زەویوزارەکان وێڕای ئەوەش ئەو سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕانە یارمەتی (مۆجیك)ەکانیان دەدا بۆ یاریکردن بەیاساکان، یان ڕاڤەکردنیان بەپێی ئارەزووەکانی خۆیان، بەبێ ئەوەی کە بوێرن ڕاستەوخۆ، بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حیزبەکەی خۆیاندا بپچڕێنن.

لەحکومەتی (قازان)دا کە جوتیارانو بزوتنەوەکەیان درێژەیەکی توندوتیژانەی بەخۆیەوە بینی بەشێوەیەکی تایبەتی، سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان خۆیان پشتیان بەخۆیان بەستو خۆیان یەکلایی کردەوە بەر لەهەموو ناوچەکانی تر، لەسەرو هەمووشیانەوە (کالییغایف) بوو، کە لەسەردەمی هاوپەیمانێتی بەلشەفییەکانو سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕە چەپەکاندا بوونی هەبوو، دواتربوو بەچاودێری گەل بۆ کاروباری کشتوکاڵ لەحکومەتی سۆڤیەتیداو لەناوەڕاستی مایۆ (ئایار)دا حکومەتی (قازان) دەستی کرد بەکردەوەی سپاردنی زەویوزارەکان بۆ ژێر دەسەڵاتو ڕکێفی لیژنە بەشییەکان (لجان الاقسام)و ئەم ڕێو شوێنو کردەوەیەش بەشێوەیەکی باش جێبەجێ کرا لەناحییەی (سباسکی)دا لەچاو هەموو شوێنەکانی ترەوە کە لەوکاتەدا کەسێکی بەلشەفی سەرکردایەتی ڕێکخستنی جوتیارانی دەکرد، دەسەڵاتدارانی خۆجێی ناوچەکە سکاڵایان بردە لای دەسەڵاتی حکومەتی مەڵبەندی (مرکزي) سەبارەت بەو قەیرانو ئاژاوەیەی کە بەلشەفییەکان بەرپایان کردووەو سەرکردایەتی دەکەنو لەبنەڕەتدا لە (کرۆنشتادت)ەوە هاتوون، سکاڵاکان باسی ئەوەشیان کردبوو کە ((بەلشەفییەکان





وێڕای ئەم کارە هەستاون بەدەست بەسەرکردنی ڕاهیبێکی ژن کە کەسێکی بەڕێزەو ناوی (تامارا)یە، چونکە ئەم ژنە ڕەخنەی لەم کارەیان گرتووەو ناڕازی بووە)).

لە (٢)ی یۆنیۆ (حوزەیران)دا یەکێك لەچاودێرەکانی حکومەتی (فۆرۆینج) بۆی دەرکەوت کە: ((ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سەرپێچی کردنی یاساکانو کردەوەی نایاسایی لەزیادبووندایە لەناوچەکەدا، بەتایبەتیش سەبارەت بەزەویوزارە کشتوکاڵییەکان)). دەست بەسەراگرتنی زەویوزارەکان لەسنوری حکومەتی (بینزا)دا بەتوندی درێژەی هەبوو، یەکێك لەلیژنە بەشییەکانی حکومەتی (کالۆغا) دەستی گرتبوو بەسەر نیوەی یەکێك لە (دێرەکان)دا. لیژنەی کشتوکاڵی ناحییەکە بەپشت بەستن بەسکاڵایەکی سەرۆکی((دێر))ەکە ئەم بڕیارەی دابوو: ((دەست بەسەراگرتنی هەموو ئالیفێك)) زێدەڕەوی نەکراوە گەر بوترێ دەسەڵاتی باڵا لەدەسەڵاتی خوارەوە باشترو وردبین ترو چارەسازتر نەبوو. (ماریا)ی کاهن کەوتە شکات کردن لەحکومەتی (بینزا) بەهۆی دەست بەسەراگرتنی کەلوپەلو زەویوزاری (دێر)ە، ئەم ژنە کاهنە گوتی: ((دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان ـ خۆجێییەکان ـ تەواو دەستەوستانن)). لەسنوری دەسەڵاتی حکومەتی (فیاتکا)شدا، جوتیاران کەوتبوونە پاسەوانیکردنی سەروماڵی بنەماڵەی (سکۆرۆبادسکی)، کە خێزانو بنەماڵەی قۆزاقی ئیتمانی داهاتوویە لەئۆکرانیادا، مەرسومە بڕیارێکیان دەرکردبوو کە دەڵێت: ((چاوەڕوانی چارەسەری خاوەندارێتی زەویوزارە کشتوکاڵییەکان بن)) بەبێ ئەوەی باس لەدارستانو گێڕانەوەی باجی زەویوزار بکەن بۆ گەنجینەی حکومەت)).

لەچەند ناحیەیەکی تریشدا، لیژنە کشتوکاڵییەکان، نەك هەر کرێی بەکرێدانی زەویان دانەشکاند بۆ پێنج یەكو شەش یەك، بەڵکو بڕیاریاندا کە کرێی زەوییەکان دەبێ بدرێ بەلیژنەکان، لەجیاتی ئەوەی کە بدرێ بەخاوەن زەوییەکان، بەنیازی چاوەڕوانکرنی چارەسەری ئەم مەسەلەیە لەنێو ئەنجومەنی دامەزرێنەراندا، بەمجۆرە بەرپەرچی دیاری نەکردنی ئەو شتانەیان دایەوە کە لەچاکسازی کشتوکاڵیدا نەکرابوون، بەر لەبەستنی کۆنگرەی ئەنجومەنی دامەزرێنەران، بەڵام وەك پارێزەر (محامي) بەرپەرچیان نەدانەوە، بەڵکو وەك (مۆجیك)، واتە بەرپەرچدانەوەکەیان تارادەیەکی زۆر بەشێوەیەکی

کردارییانەو(جدي) بوو، جوتیاران لە (حکومەتی ساراتۆف)دا بۆ خۆیان دەستیان کرد بەبڕینەوەی دارودرەختی تەختەی دارستانەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە هەتا دوێنێ نەیاندەهێشت خاوەن زەویوزارەکانیش بیانبڕنەوە، هەروەها کەوتنە دەست بەسەراگرتنی زیاتری زەویوزاری (دێرو کەنیسەکان) بەتایبەتیش لەو شوێنانەی خاوەن موڵکەکان دیارنەبوون یان دەگمەن بوون، کرێکارە کشتوکاڵییە (لیتۆنییەکان) لە (لیفۆنیا)دا بەهاوکاری لەگەڵ سەربازەکانی کەتیبەی لیتۆنیدا کەوتنە دەست بەسەراگرتنی کەلوپەلو زەویوزارو ماڵو سامانی بارۆنەکان ـ بەشێوەیەکی مەنهەجیانە.

لەحکومەتی (ڤیتبسك)دا خاوەن کارگەکانی داروتەختە، هاواری نارەزاییان بەرزکردەوە دژی ئەو دار بڕینەوەیەی کە دەستی پێ کراوە لەلایەن نەیارانیانەوەو مەبەست دژوەستانەوەیان بوو بۆ ئەو ڕێو شوێنو نەخشەو هەنگاوانەی کە لیژنە کشتوکاڵییەکان دەستیان داوەتێو پەیڕەوی دەکەنو سەرەنجام دەبێتە مایەی لەبنهێنانی تەختەو ناتوانێ پێداویستییەکانی بەرەی سوپا دابین بکات، نیشتمانییە خاوەن زەویوزارەکانی سەر بەحکومەتی (پۆلتاڤا)و ئەوانەی کە کەمترنین لەخاوەن بڵاوکراوەکان، کەوتنە ئاخو مەخابن دەربڕین، چونکە نەیاندەتوانی باربۆی سوپا بکەن بەئازوقە بەهۆی شپرزەبوونی بارودۆخی کشتوکاڵییەوە، دواجار کۆنگرەی خاوەن تیمەکانی پەروەردەکردنو بەخێوکردنی ئەسپ لەمۆسکۆ، هۆشیاری دا کە ئەو کردەوە دەست بەسەراگرتنانەی جوتیاران پیادەیان کردووە هەڕەشە لەبەڕێوەبردنی نیشتمانی دەکات کە ناتوانن سوپا باربۆ بکەن بەئەسپو بەتەواوەتی دوچاری نائومێدییەکی خراپ هاتوون، لەم کاتەشدا سەرۆکی ئەنجومەنی ئەرسۆزکسی ڕوسی، کە ئەندامانی کەنیسەی پیرۆزی بەوە وەسف دەکرد کە((گێلوگەمژەن)) سکاڵایەکی بەزرکردەوە بۆحکومەت، ناوەڕۆکەکەی ئەوەبوو کە جوتیارانی ناوچەی (قازان) نەك هەر زەوی رەهبانەکانیان زەوت کردووە، بەڵکو ئاژەڵو ئاردی پێویستی نانی ڕۆژانەشیان لێ سەندوونەتەوە ـ مەبەست لەنانی پیرۆزە کە لەکەنیسە دەکرێ ـ لەسنوری دەسەڵاتی حکومەتی (پترۆگراد)یشداو لەسەر دووهێڵی پایتەختەوە جوتیاران بریکاری کشتوکاڵی یەکێك لەپرۆژە گەورەکانیان دەرکردووەو خۆیان کەوتونەتە بەڕێوەبردنی زەویوزارەکەی، (میر)ی ئەوێ دەستی کردووە





بەبڵاوکردنەوەی هۆشیاریو ئاگادارکردنەوە ـ واتا میرئۆرۆسۆف ـ لە (٢)ی یۆنیۆ (حوزەیران)ەوە بەهەموو لایەکداو دەڵێ: ((وێڕای تەعلیماتەکانم... سەرلەنوێ تکاتان لێ دەکەمەوە کە توندترین ڕێو شوێن بگرنەبەر...!)) بەڵام (میر) بیری چوو کە ئاماژە بەوە بدات ئاخۆ ئەو ڕێو شوێنەی مەبەستییەتی چ جۆرێکە.

هاوکات هەموو کاروکردەوەیەکی توندوتیژی بۆ لابردنو بنبڕکردنی سروشتی ژیانی سەدەکانی ناوەڕاستو ستەمی گوزەرانی میسکێنو داماوان لەگەشەکردنێکی بەردەوامدا بوو لەشەشدانگەی وڵاتدا. (تشیرنۆف)ی وەزیری کشتوکاڵی لەنوسینگەکانی خۆیەوە کەوتە کۆکردنەوەی زانیاریو ئامارەکان بەمەبەستی پێشکەشکردنی بەئەنجومەنی دامەزرێنەران. ناوبراو مەبەستی بوو کە چاکسازی کشتوکاڵی هەردەبێ بەناوجەرگەی زانستی ئاماری کشتوکاڵیدا گوزەر بکات بەیاوەری زانستەکانی تر ـ واتە خواستێکی زانستیانەی هەبوو ـ بۆیە هەمیشە بەدەمو زمانی پاراوی خۆی ئامۆژگاری جوتیارانی دەکرد کە چاوەڕوانی ئەو ئاکامە بکەن کە لەدەرەنجامی گەڵاڵەی ئامارو حیساباتەکانەوە دەست دەکەوێ، گەرچی ئەمە نەبووە ڕێگر لەبەردەمی خاوەن موڵكو زەویوزارەکاندا کە (وەزیری جوتیاران) لەسەرکار لابەرن بەر لەوەی خانەو خشتەکانی کارەکانی پڕ بکاتەوەو تەواویان بکات.

* * *

چاودێرو توێژەرانی حکومەتی کاتیی، دەڵێن: هەندێ لەزانایانو لاوان وایان مەزەنەکردبوو کە بزافی کشتوکاڵی، بەهێزێکی زۆرەوە بەرپا نابێت لەمانگی مارس (ئازار)دا، مەگەر تەنها لە (٣٤) ناحیەداو لەمانگی ئیپریل (نیسان)دا دەگاتە (٢٣٦) ناحییەو لەیۆنیۆ (تەموز)دا خۆی دەدات لە (٣٢٥) ناحییە، ئەم ژمارە خەملێنراوانەش گەشەی تەواوەتی بزافەکە نانوێنن، بەپێی لەبەرچاوگرتنی ئەو سروشتە جەماوەرییەی مانگ لەدوای مانگ بەململانێکەوە دیاربوو، توندی خۆگرییو زەبرەکەی بەرزتربووەوە.

لەم ماوە بەراییەدا، لەمارس (ئازار)ەوە هەتا یۆلیۆ(تەموز)، زۆرینەی هەرەزۆری جوتیاران نەیاندەهێشت هیچ توندوتیژییەکی ڕاستەوخۆ بکرێ دژی ئاغاو خاوەن زەوییەکان، هەروەها نەیاندەهێشتو ئەوەیان قەدەغە کردبوو کە بەشێوەیەکی ئاشکرا

دەست بگیرێ بەسەر هیچ موڵكو زەویوزارێكدا، (یاكۆفلیف)یش كە توێژینەوەكانی پشێویو ئاراستە كردبوو، چاودێری گەل بوو بۆ كاروباری كشتوكاڵی لەحكومەتی سۆڤیەتی لەوكاتەدا، گوتبووی: ئەو نەخشەو تەكتیكەی كە جوتیاران جێبەجێیان كردووە لەئەنجامی متمانەیانەوە بووە بەبۆرجوازییەت دەكرێ بەوە لێك بدرێتەوە كە ئەمە شلاوێكەو هێشتا نەمەیوەو خۆی نەگرتووە.

حكومەتی (میرلفۆف) هەرگیز نەیدەتوانی متمانە لەدڵی جوتیاراندا بڕوێنێ، وێڕای ئەو هەموو ڕێو شوێنە وردو توندو تۆڵانەی گیرابوونەبەر لەشاردا دژی (مۆجیك)ەكانو دەسەڵاتو كۆمەڵگەی فێرخواز، ڕاستە جوتیاران لەبەراییدا پەنایان نەبرد بۆ توندوتیژییەكی ئاشكرا، تەنها ئەوە نەبێ كە لەهەوڵدابوون تاكو كارەكانی خۆیان بەرگێكی یاسایی، یان نیمچە یاسایی وەربگرن، ئەمەش لەو وریاداربیەدا دەردەكەوێ كە بەرانبەر بەحكومەت هەیانبوو، بڕوای تەواویان بەگوڕوتینی خودی خۆیان نەبوو، تەنها جوتیاران جوڵانەوەو زەویوزاریان كۆنترۆڵ كردن، دەستیان كرد بەبەرگریكردنو دژی دوژمن ڕاوەستانەوە، وێڕای ئەم كارەشیان، دەیانگوت: ((ئێمە نامانەوێ تالانی بكەین، دەمانەوێ هەموو شتێ بەڕێگەچارەی گونجاوی خۆی چارەسەر بكرێ))، ئەوان داوای ئەوەیان نەدەكرد كە خۆیان ببنە خاوەنی لەوەڕگە كشتوكاڵییەكان، بەڵكو تەنها ئاڵفو گژوگیاكەیان درەوكردو رنییانەوە، بەزۆر زەویان دەسەند بەكرێ تاكو بیچێنن، هەر خۆشیان بڕی (كرێ)ی زەوییەكانیان لەسەر خۆیان دیاری دەكرد، یان بەزۆر زەویان دەكڕی بەنرخێك كە خۆیان دیاریان دەكرد، ئەم هەموو خۆنیشاندانە شەرعییانە نەبوونە مایەی قەناعەت بۆ خاوەندارو ماف پەروەرە لیبراڵییەكان، جگە لەو وریادارییە نهێنیو شاراوەیەی كە لەناخی جوتیاراندا هەبوو بەرانبەر بەحكومەت. (مۆجیك) بەخۆی دەگوت: ((من ناتوانم ئەم زەوییە بكەم بەهی خۆم بەبێ سزا، بەزۆر سەندنەوەیشی مەترسیدارە. كەواتە هەوڵ دەدەم بەفرتوفێڵ وەری بگرم بۆ خۆم، (مۆجیك)ەكان ئەوەیان بەلاوە باشتربوو كە موڵكو زەوی لەخاوەنەكانیان بسەننەوە بەڕەزامەندی خۆیان نەك بەزۆر.





(یاكۆفلیف) بەئینكارییەوە سوورە لەسەر قسەكانیو دەڵێ: ((لەم چەند مانگەدا ڕێگەی زۆر نوێ هاتەكایەوە، كە لەڕووی مێژووییەوە زانراونین لەململانێی ئاشتیانەدا دژی ئاغاو خاوەن زەویوزارەكان، ئەم ڕێگایانەش لەئەنجامی متمانەی جوتیاران بەبۆرجوازییەتو حكومەتی بۆرجوازییەوە پەیدابوون)). بەڵام ئەو ڕێگایانەی (یاكۆفلیف) بەنەزانراو لەقەڵەمیان دەدا لەڕووی مێژووییەوە، لەڕاستیدا وانییە، بەڵكو زۆر باش زانراون، سەد لەسەد هەردەبێ ڕووبدەنو بیگرێتەبەر، بەتەواوەتی بوونیان پێویستە لەڕووی مێژووییەوە بەگوێرەی هەنگاوی بەرایی جەنگی جوتیارانە، لەهەموو شوێنێكی سەر زەویدا، جەنگی جوتیاران هەر بەو قۆناغانەدا ڕەت دەبێ، نهێنیو ئاشكرانەكردنی كاروبارەكانیان لەقۆناغە یەكەمییەكاندا بۆ ئەوەبووە كە یاخی بن لەژێر پەردەی دیمەنە شەرعیو ئایینیو مەدەنییەكاندا، ئەمە لەهەموو سەردەمو كاتێكدا هەروابووە، ململانێی چینێكی شۆڕشگێڕ بەردەوام بووە هەتا ئەو كاتە گونجاوە هاتووەتە پێشەوە بۆ بڕینی ناوكەپەتك ـ ئەو دەمارە سەرەكییەی دەیبەستێتەوە بەكۆمەڵگەی كۆنەوە. ئەم قسەیەش بەسەر چینی جوتیارانیشدا دەچەسپێ، تاڕادەیەكی زۆر زیاتر لەچینەكانی تر، چونكە ئەم چینە بەردەوام لەپێشكەوتندایە، تەنانەت لەباشترین كاتە زێڕینەكانیشیدا ـ لەنیوە تاریكیدا ـ تەماشای هاوڕێكانی خۆی دەكات لەشاردا، بەتەماشاكردنێكی پڕ لەگومانەوەو هۆكاری ئاراستەكردنی ئەوەیش بۆ خۆی دابین دەكات، هاوڕێیانی بزافی كشتوكاڵیش لەهەنگاوە بەراییەكانیدا، خۆیان بەكرێ گیراوی بۆرجوازییەتی لیبراڵیو ڕادیكاڵی دەبن، گەرچی ئەم هاوڕێیانەش خۆیان بەداخوازی هەندێ لەداواكارییەكانی چینی جوتیاران دەزانن، بەڵام لەهەموو لایەكیشەوە دوودڵیو رارایی دایاندەگرێ سەبارەت بەچارەنووسی خاوەندارێتی بۆرجوازییەت، لەبەرئەوە بەوپەڕی توانایانەوە هەوڵ دەدەن كە ڕاپەڕینی جوتیاران بخەنە ناو پێخەفی شەرعییەتی بۆرجوازییەوە.

هەندێ هۆكاریش هەبوون كە كاریان كردبووە سەر خودی ئاراستەكە، بەماوەیەكی دورودرێژ بەر لەشۆڕش، ئەوەبوو لەناوجەرگەی چینی پیاوماقوڵانو گەورە ئاغایاندا چەند شێوە ئامۆژگاریكردنێك هاتنە ئاراوەو تیایدا ئامۆژگاری خەڵكیان دەكرد كە

بگەڕێنەوە سەر ڕێگەچارەی سولّح و چاکسازی (لیۆن تۆلستۆی) بەتەواوەتی چووبووە ناو ناخی (مۆجیك)ەکانەوە، زیاتر لەهەموو کەسانێکی تر. فەلسەفەکەیشی بریتی بوو لەوەی کە بەتوندوتیژی ڕووبەڕووی توندوتیژی مەبنەوە وەك گشتگیرکردنێکی قۆناغی سەرەتایی شۆڕشی جوتیارانەی (مۆجیك)ەکان (تۆلستۆی) خەونی بەوەوە دەبینی کە ((دەشێت هەموو شتێ بکرێ و سەربگرێ بەبێ ئەوەی هیچ تالاّنکاری تێدا ببێت و بەرەزامەندی دوولایەنە بەئاکام دەگەن)) ئەم تەکتیکە بووبوو بەمایەی هەلّخلیسکاندنی بنکەی ئاینی مەسیحی باو، هاوکات (ماهتماغاندی) لەهیندستان هەمان شتی پەیڕەو کرد، بەلاّم بەشێوەیەك کە کردارییانەتر بوو لەهی(تۆلستۆی)، ئەگەر ئەو قۆناغەی ئەم سەردەمە واز لێ بهێنین و بگەڕێینەوە بۆ ڕابوردوو، بەبێ ئەرك و ماندووبوون بۆمان دەردەکەوێ ئەو دیاردانەی هەندێ کەس بە ((نەزانراو لەمێژوودا)) ناوی دەبەن، لەو سەردەمە ڕابوردوانەداو لەژێر دەمامکی جۆراوجۆردا هەبوون، وەك: ئایینی، نەتەوەیی، فەلسەفی، سیاسی، بگرە لەسەردەمی (تەوڕات)و زەمانەکانی پێشوتریشدا.

توندوتیژی ڕاپەڕینی جوتیارانی سالّی ١٩١٧ لەوەدا ڕونتر دەردەکەوێ کە کۆمەلّە کەسێك دەرکەوتن بەکرێ گیراوی شەرعی بۆرجوازییەت بوون، کەچی سەرەڕای ئەوەش پڕوپاگەندەیان بۆ خۆیان دەکرد کە گوایە سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕان بەلاّم نەشیان دەتوانی سروشت و ڕیتمی بزافی جوتیاران دیاری بکەن، جوتیاران پاشکۆی سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان بوون و ڕشتەی خوازراویان هەلّبژاردبوو بەمەبەستی تۆلّەسەندنەوەی خۆیان لەئاغاو خاوەن مولّکەکان، هاوکات سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکانیش بووبوون بەپەردەیەکی یاسایی پارێزەرانە بۆ ئەوان. چونکە دواجار ئەوانە ئەندامانی حیزبەکەی (کرنسکی) بوون ـ کە وەزیری دادو جەنگ بوو لەدواییدا، هەروەها ئەندامانی حیزبەکەی (تشیرنۆف)ی وەزیری کشتوکالّ بوون. سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان لەناحییەو بەشەکاندا هۆکاری دواخستنی دەرچوونی مەرسومە بڕیارەکەیان بەبەرگریکردنی خاوەن مولّك و لیبرالّییەکان راڤە دەکردو لەبەردەمی جوتیارانیشدا جەختیان لەسەر ((کۆمەلّەکانمان)) دەکردەوە کە بەوپەڕی تواناوە لەناو حکومەتدا کار بۆ ئەو مەبەستانە دەکەن ـ کە گوایە لەبەرژەوەندی جوتیاراندایە ـ





بێگومان (مۆجیك)ەکان نەیاندەتوانی بەرپەرچیان بدەنەوە، بەلاّم بۆیان دەرکەوت کە پێویستە یارمەتی (کۆمەلّەکانمان) بدەن بەگوشاری بنکە جەماوەرییەکان چونکە هەرگیز بەدەست خێرا پشتگیری کردن[٢٤٤] و پشتیوانییە زێدەڕەوییەکانەوە نانالّێنن و (مۆجیك)ەکان کەوتنە هاوکاریکردنیان بەوپەڕی ڕاستی و لێبڕاوییەوە، تەنانەت یارمەتییەکانیان بەجۆرێك بوو کە خودی ((کۆمەلّەکانمان)) کەوتنە ترس و دوودلّییەوە لەو هاوکاریکردنە زۆرو زەبەندەیەدا.

لاوازی بەلّشەفییەکان لەناوەندی چینە جوتیارییەکاندا شتێکی کاتیی بوو، ئەم لاوازبوونەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە گوایە بەلّشەفییەکان پشتگیری لەخەیالّ و پلاّوی جوتیاران ناکەن، بەلّشەفییەتیش نەیدەتوانی سەرنجی دێهاتەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشن، مەگەر کاتێك کە گوندو دێهاتەکان خۆیان بەئەزموونی خۆیان کەوتبنە ناو دەریای نائومێدیەوە، هێزی سەرەکی بەلّشەفییەتیش لەمەسەلەی کشتوکالّیدا ـ وەك هەر مەسەلەیەکی تر ـ لەوەدا شارابووەوە کە ئەمان لەدەرەوەی سنوری جیاوازی نێوان (کارو گفتار)دا بوون. واتە زیاتر شتی کردارییانەیان مەبەست بوو، نەك دژە قسە.

ئیعتیباراتە کۆمەلاّیەتییەکان هەر پێشتریش دەستەوەستان بوون لەئاستی ئەوەی کە ئەگەر چینی جوتیاران بەگشتی بتوانێت ڕووبەڕووی ئاغاو خاوەن مولّکەکان بووەستێتەوە، پشتگیری کردنی لایەنگرێتی سەرمایەداری کشتوکالّی قەدەغەکرا، لەقۆناغی نێوان دوو شۆڕشەکەدا، جیابوونەوەی چینێکی بەهێزی ئەو کشتیارانەی کە وازیان لەزەوی‌وزارە پان‌وبەرینەکان هێنابوو، وازیان لەو گەشەکردنە سەیرەی هەرەوەزییە کشتوکالّییەکان هێنابوو کە جوتیارە دەولّەمەندەکان سەرۆکایەتیان دەکرد ـ هەرهەموو ئەم شتانە پێشتر قەدەغەکرابوو کە هەر بەدەمیش باسیان بکرێ، ئەی ئەو ئاڕاستەیە کامەیە کە دواجار بەسەر لایەنەکەی تردا سەردەکەوێ؟ : ئایا ململانێی نێوان چینی جوتیاران و چینی ئاغاوات دەبێ، یان ململانێی چینایەتی نێوان خودی جوتیاران خۆیان دەبێ؟

[٢٤٤] خێرا پشتگیری لێکردن: زوو پشتگیری لێکردن.

(لینین) هەر کە گەیشتەوە وڵات، هەڵوێستی موحافیزکارانەی گرتەبەر لەم رووەوە، لە (١٤)ی ئیپریل (نیسان)دا گوتی: ((بزافی کشتوکاڵی لەکارێکی ڕێك خستنەوە ـ ضبط ـ زیاتر نییە، بەڵام باری ناچاریش نییە، ... دەبێ ئەوەش بەهەند وەربگرین کە دوورنیە چینی جوتیاران یەك بگرن لەگەڵ بۆرجوازییەتدا))... نەبێ ئەم بیرۆکەیەی (لینین) خستیەڕوو کۆسپ بێ یاخود شتێکی لەناکاو بووبێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، چونکە (لینین) بەوپەڕی سووربوونەوە چەند جارێکی تریش گەڕاوەتەوە سەرباسی ئەو بیرۆکەیەی. کە لەکۆنگرەی حیزبیشدا لە(٢٤)ی ئیپریل (نیسان)دا زۆر بەڕاشکاوانە، کاتێك هێرشی کردە سەر ئەو (بەڵشەفییە دێرینانە)ی تاوانباریان کردبوو بەکەمکردنەوەی بەهای چینی جوتیاران گوتی: ((ڕەوا نییە کە لەم کاتەدا حیزبی پرۆلیتاریا خواستەکانی تەنها لەناو بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ چینی جوتیاراندا دابنێ، ئێمە کۆشش دەکەین تاکو جوتیارانیش بێنە لای ئێمە، بەڵام ئەم چینە چوونەتە پاڵ چینی سەرمایەداران بەهۆشیارییەکی تاڕادەیەك زانراویشەوە ـ واتا بەخواستی خۆیان ـ))، ئەم قسەیە ئەوە دەردەخات کە (لینین) چەندە دوورە لەتیۆری لێك جۆشدانی هەمیشەیی لەنێوان بەرەی دووەم کە پشتگیری دەکەن. وە ناوبراو لەمانگی ئیپریل (نیسان)دا خۆی ئامادەکردبوو بۆ خراپترین ئەگەرو شیمانەکان، چونکە ڕووبەڕووی بەرەیەکی زۆر بەهێز بووەوە کە پێك هاتبوون لەخاوەن زەویوزاری ئاغاکانو بورجوازەکانو توێژی زۆر بەرفراوانی جوتیاران، گەرچی لەو باوەڕەشدا بوو کە چینی جوتیاران دەتوانێت ببێتە هۆکارێکی شۆڕشگێڕ لەجەنگەکەدا. (لینین) دەیگوت: ((ئارەزووکردن بەلای ڕاکێشانی (مۆجیك)دا، لەم کاتەدا مانای خۆدانەدەست ڕەحمەتی (میلیۆکۆف))، لەبەرئەوە ناوبراو ئەمەی دەست کەوت: ((گواستنەوەی چەقی قورسایی بۆ سۆڤیەتاتی کرێکارە کشتوکاڵییەکان)).

ئەم ئەگەرەش، باشترین هەنگاوی ئەڵتەرناتیڤانەبوو کە جێبەجێ کرا. بەمەش بزافی کشتوکاڵی لەخەملاندنو گریمانەوە گۆڕا بۆ (واقع) وە بە چاوتروکانێك گرنگی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی دەرخست لەناو چینی جوتیارانو خۆیەکلاکردنەوەیداو بوو بەهێزێکی زۆر گەورە بۆ سەر ململانێی سەرمایەداری، سۆڤیەتاتی کرێکارە





کشتوکاڵییەکان، بایەخێکی ئەوتۆیان نەبوو، لەچەند ناحییەیەکدا نەبێ لەکەرتە بەڵتیقییەکاندا بەتایبەتی، بەرانبەر بەمەش لیژنە کشتوکاڵییەکان بوون بەدەزگای هەموو چینە جوتیارییەکانو ئەم چینە خۆیشی بەزەبری گوشاری خۆی توانی لەژوورەکانی تەوقیفو سوڵح کردنەوە بیگۆڕێت بۆ کەرەسەی شۆڕشێکی کشتوکاڵییانە.

ئەم واقیعەی کە وای پێویست کرد چینی جوتیاران بەگشتی سەرلەنوێ بێنەوە کارو چالاکی، وەك کرێکارێکی شۆڕشگێر بۆ دواهەمین جاری لەمێژووی خۆیدا ـ هاوکات ئەوەش دەسلێنێ کە پەیوەندی سەرمایەداری لەگوندەکان تەواو لاواز بووە، تائێستاش ئابوری بۆرجوازی دوورە لەوەی کە بتوانێ کۆتایی بهێنێ بەو پەیوەندییە کشتوکاڵییانەی کە پشتیان بەستبوو بەکۆیلایەتی سەدەکانی ناوەڕاستەوە. لەگەڵ ئەمەشدا پەرەسەندنی سەرمایەدارانە بەڕادەیەك دوورە کە لەگەڵ گۆڕانی خۆیدا شێوەکانی موڵکداری کشتوکاڵی دێرینیشی گۆڕی بۆ ئەو شێوانەی کە زۆربەی توێژەکانی کشتوکاڵی قەبوڵیان ناکەن، هەروەها بەیەکداچوونی کەلوپەلو کەرەسەی ئاغایانو خاوەن موڵکە جوتیارەکان کە بەزۆری بەهۆشیارانە لەقەڵەم دەدران، گۆڕا بۆ مافی ئاغا، خاوەن موڵکەکانو بوو بەتەڵەیەك بۆ هەموو خاوەن زەویوزارە پانو بەرینەکان. زەویوزاری لادێکان، بەجۆرێکی سەیر کەرتو پەرت بوونو ململانێی نوێ کەوتە نێوان خاوەن زەوییە پانوبەرینە کشتوکاڵییەکانو کشتیارە تاکە کەسییەکان. هەر هەموو ئەم شتانە بوونە بەیەکانوسانی پەیوەندییە کشتوکاڵییەکان بەجۆرێ کە ناکرێ لەڕێی ڕێو شوێنی یاساییو کەمینەوە چارەسەر بکرێن، جوتیاران خۆیان زۆر باشترو ڕوونتر لەنوێنەرو دانەرانی بواری مەسەلە کشتوکاڵییەکان لەم خاڵە تێگەیشتبوونو هەستیان پێ دەکرد، ئەزمونی ژیانیش کە گەلێك چاکسازی تێدا کردبوو، بەتێپەڕبوونی کاتو بەدوایەکدا هاتنی بەرەو نەوەی مرۆڤەکان بووبووە یارمەتیدەرێکی باشو وای لێ کردبوون کە هەمیشە لەباری ئامادەییدابن بۆ دەستکەوتنی یەك تاقە سەرەنجام، کە ئەمەیە: پێویستە ئەو مافانەی کە میراتینو پەیوەندییان بەزەوییەوە هەیە، هەرهەموویان هەڵبوەشێنرێنەوەو هەموو سنورە پێشینەکانی موڵکایەتیش تەسك بکرێنەوە، ئەم

زەوییە ئازادکراوانە ـ لەهەموو خلتەیەکی مێژوویی ـ دەبێ بدرێن بەو کرێکارانەی کە کاریان تێدا دەکەن.

ئەمەیە مانای حکومڕانی کردنی (مۆجیك)و قسە کاریگەرەکانیان ((زەوی مولکی کەس نییە))، ((زەوی تەنها مولکی خوایە))و چینی جوتیاران بەرنامەی سۆسیالیستی ـ شۆرشگێڕییان سەبارەت بە (سۆسیالیستی زەوی) ئاوا لێك دەدایەوەو مانایان دەکرد. وێڕای تیۆرە میللییەکانیش، ئەم بەرنامەیە تۆزقاڵێك سۆسیالیستی تێدانییە، لەوکاتەشدا دلێرانەترین شۆڕشی کشتوکاڵی لەو سنورە دەرنەدەچوو، سستمی بۆرجوازی لابارو سۆسیالیستی (زەوی)یش کە سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان خۆیان وا دەهێنایە پێشەوە کە گوایە ئەرکی ئەوانە (مافی زەوی دابین بکەن) بۆ هەموو کرێکارێك لەوی تریاندا ـ پێشووتر ـ خۆی نواند، پەیوەندییە بازاڕییەکان بەدیاری نەکراوی مانەوە ـ بەجۆرێك لەتۆپیاویانەییەوە[٢٤٥] ـ مەنشەفییەت رەخنەی لەم تۆپاویەتە دەگرت لەتێڕوانینی لیبراڵییەتی بۆرجوازییەتەوە، کەچی بەلشەفییەکان بەپێچەوانەوەبوون، ئەم ئاراستە دیموکراتییە پێشکەوتوخوازەیان لەناو خشتەی کاروباری خۆیاندا ریزبەند کردبوو، مانای مێژوویيانەی ڕاستەقینەی مەسەلەی کشتوکاڵی دەری خست کە کێ لەڕوسیادا بوو بەباشترین ڕەواج پێدەری (لینین).

(میلیۆکۆف) وادەبینێ ((وەك زانایەکی کۆمەلایەتیو شیکەرەوەی پەرەسەندنی مێژوویی لەڕوسیادا ـ واتە وەك کەسێك کە لەبەرزاییەوە سەرنج بداتە ئەو شتانەی لەدەوروبەریو لەخواریەوە روودەدەن)): (لینین)و (ترۆتسکی) بزوتنەوەیەکیان بەرجەستە کردو,ە کە زۆر نزیکە لەبزوتنەوەکەی (بۆغاتشیڤ)و (ڕازین)و (بۆلۆتنیکۆف). هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەی مێژووی خۆمان ـ لەدواهەمین ڕاوبۆچوونەکانی بزوتنەوەی ئاژاوەگێڕی ـ سەندیکایی ئەوروپی))، ئەگەر لایەنی ئەم تەعبیرەی لێ لابەرین ((ئاژاوەگێڕی ـ سەندیکایی)) کە لێرەوە باس کراوە بەهۆکەیەوە کە نازانرێ ـ ئەو هۆیە چییە ـ بۆمان دەردەکەوێ کە تەنها تۆزقاڵێك لەڕاستی لەجەختی ئەم زانا

(٢٤٥) تۆپاویەت: جۆرە ڕژێمێکی فکرییەو بڕوای بەلێڵ بینی ئایندە هەیەو لەخەیاڵدا دەتژێنێو دەبێت بەزەبرو زەنگی خۆت بوونی خۆت بسەلێنی...





کۆمەڵناسە لیبراڵییەدا توخونی بەلشەفییەکان نەکەوتووە نەلەنزیكو نەلەدوورەوە. بەلکو بەر بۆرجوازییەتی ڕوسی کەوتووە، بەخۆیو دڕەنگ هاتنیو سیاسەتە پوچەڵەکەیەوە، ناکرێ ئەو تاوانەش بخەینە ئەستۆی بەلشەفییەکان کە لەسەدەکانی ڕابوردودا کراون ـ واتا ئەمان ڕاکێشینە دواوە بۆ ناخی مێژووی تاوانکاریی ڕابوردوو ـ بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بزوتنەوە جوتیارییەکانی ئەو سەدە ڕابوردوانە ـ ی ئەمان نەبوون ـ نەشبونە مایەی دروستکردنی سروشتی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی ڕوسیا بەسروشتێکی دیموکراتیانەوە، سەلماندنی ئەمەش مەحاڵە، بەهەرحاڵ! لەو ڕوانگەیەوە کە سەرکردایەتییەکەی لەشار هەڵقولاو نەبووە، هەروەکو چۆن ناکرێ ئەو تاوانە بدرێت بەملی بەلشەفییەکانیشدا، چونکە ئازادکردنی جوتیارانی ساڵی ١٨٦١ بەهۆی زەوت کردنی زەوییە پانو بەرینەکانەوەبوو، بەمل پێکەچکردنی جوتیاران بوو بۆ دەوڵەت و بەپارێزگاری کردن بوو لەڕژێمی کۆمەلایەتیانەی موحافیزکارانەوەبوو بەشێوەیەکی سەرتاسەریانە. بەلام لێرەدا یەك ڕاستی هەیە: بەلشەفییەکان لەچارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ئەو کارانەیان تەواو کرد کە لەسەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا نەکرابوون یاخود تەواونەکرابوون، بەلشەفییەکان ناچاربوون ـ بەرلەوەی بتوانن دەست بکەن بەکارێکی گەورەو گرنگو تایبەت بەخۆیان ـ زەوی پاك بکەنەوە لەو پاشەڕۆو خاشاکە مێژووییەی کە لەدوای چینە حوکمڕانەکانی (کۆنەکان)ی سەدەکانی ڕابوردووەوە کەڵەکەبووبوو، بەلشەفییەکان بەم کارە هەستان، جگە لەوەی ئەم کارەیان بەهۆشیاریو ویژدانەوە ئەنجامدا، ئێستا خودی (میلیۆکۆف)یش ـ هەرگیز ـ نکۆڵی لەم ڕاستییە ناکات..!

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## کۆمەڵگەرایی نوێی جەماوەر

ڕژێمی فێبرایر (شوبات) خەریك بوو بخنکێت بەهۆی دژە جیاوازییە تایبەتییەکانەوە، لەمانگی چوارەمی تەمەنیدا، مانگی یۆنیو (حوزەیران) بە کۆنگرەی سۆڤیەتاتی نوێنەرانی گشتی ڕوسیاوە هاتە کایەوە، ئەرکی کۆنگرەکەش ئەوە بوو کە سروشتێکی سیاسیانە بە بەربالاّی هێرشکردندا بکات بۆ سەر بەرەکانی جەنگو دەست پێکردنی هێرشەکەش هاوکات بوو لەگەڵ ئەو خۆنیشاندانە گەورەیەی کە کرێکارو جوتیارانی پترۆگراد بەرپایان کرد بوو، تەوفیقییەکان ڕێکیان خستبوو دژی بەلّشەفییەکان، کەچی گۆڕا بە خۆنیشاندانی بەلّشەفیەت دژی ئەوان، ڕقوقینی زیاتری جەماوەر هەستاو دوای (٥) ڕۆژ خۆنیشاندانێکی نوێ بەشێوەیەکی هەڕەمەکیو بەبێ فرمانو داوای سەرەوە تەقیەوەو گەلێك بەیەکەدانی خوێناویشی لێکەوتەوە، ئەم خۆنیشاندانەش لەمێژوودا لەژێر ناوی (ڕۆژگارەکانی یۆلیۆ- تەموز)دا تۆمارکرا، نیوەی ڕاپەڕینەکەی یۆلیۆ تەواو بوو کە کوتومت لەنێوان شۆڕشی فێبرایر (شوبات)و ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)دا بوو، واتە بە شۆڕشی یەکەم ناسرا، تا ڕادەیەك ئەم شۆڕشە بوو بە مەشقێکی گشتی بۆ شۆڕشی دووەم، وە لەم بەشەی کتێبەکەماندا لەسەردەرانی[٢٤٦] ڕۆژگارەکانی یۆلیۆ(تەموز) دەدوێینو بە پایانی دەهێنین، بەڵام بەر لەوەی بگەڕێینەوە بۆ سەرباسی ئەو ڕوداوانەی لەمانگی یۆنیۆ(حوزەیران)دا لەسەر شانۆی پترۆگراد ڕوویان دەدا، پێویستە لەنزیکەوە تەماشایەکی ئەو پەرەسەندنانە بکەین کە ڕوویاندا بوو لەناوەندە جەماوەرییەکاندا.

(لینین) لەوەڵامدانەوەی یەکێك لەکەسە لیبراڵییەکاندا، لەسەرەتای مانگی مایۆ (ئایار)دا کە بەدڵنیاییەوە گوتبوی: تا حکومەت ڕووەو چەپ بڕوات وڵات بەرەو لای ڕاست دەچێت، بەڵام (لینین) لەوەڵامیدا گوتی: (ئەی هاوڵاتی من دڵنیات دەکەمەوە کە وڵاتی کرێکارو جوتیارانی هەژار هەزار هێند زیاترە لەبەرەو چەپ چوونی

[٢٤٦] سەردەران: سەردەگا: بن چوارچێوەی دەرکو دەروازە: العتبة





مەکتەبی بیروهۆشیاری

لایەنگرانی (تشیرنۆفو تسیریتلی) هەروەها زیاتریشە لە سەدهێندی بەرەو چەپ چوونی ئێمە، کەسێك بمێنێ دەیبینێ))، (لینین) پێی وابوو کە کرێکارو جوتیاران زیاتر بەلای چەپدا بادەدەنەوە، بەبڕی سەد هێندەی بەلّشەفییەکان، ئەم قسەیەش بەهۆکار لێکدانەوەیەکی لاواز دێتە بەرچاو، بەلایەنی کەمیەوە، چونکە جوتیارانو کرێکاران تا ئێستاش هاوکاری تەوفیقییەکان دەکەن، لەبەر ئەوەی کە زۆربەیان بەترسو وریاییەوە هاوهەڵوێستی بەلّشەفییەکانن، بەڵام (لینین) زۆر قووڵتر ڕۆچو بووە خوارەوەو دوورتر دەیڕوانی، بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی جەماوەرو ڕقوقینی ئەو جەماوەرەو خواستو ئاواتەکانی ببوونە تەعبیرێك بۆ دەربڕینی ناخ، تەوفیقو سوڵحکاری بەلای جەماوەرەوە قۆناغی یەکەم بوو، جەماوەر زۆر چەپڕەو تر بوو لەلایەنگرانی (تشیرنۆفو تسیرتیلی) بەڵام هێشتا ڕادیکاڵییەتی بوو کاتێك گووتی: جەماوەر لەبەلّشەفییەت چەپڕەوترە، چونکە حیزب بەزۆرینەی دەنگەکانیشی هێشتا بەتەواوەتی هۆشیار نەببووەوە سەبارەت بەهێزی هەستو نەستی شۆڕشگێڕانەی ئەوتۆ کە لەناخی جەماوەری بەئاگاهاتوودا قوڵپی دەدا. یاخی بوونی جەماوەری بەدرێژکردنەوەی جەنگ تێرکردبوو، لەگەڵ ئەو پشێوییە ئابورییەی کە هەبوو، وێڕای بێکاری حکومەتێکی ئازاردەر.

دەشتە ئەوروپییە ـ ئاسیاییە بەرفراوانەکان بەمانای وشە نەدەبوونە شار، ئەگەر هێڵی ئاسنی شەمەندەفەریان بۆ نەچوبایە، جەنگیش مشتەکۆڵەکانی خۆی دەکێشا بەم هێڵانەدا بەوپەڕی توندیو زەبرو زەنگەوە، لەئەنجامی ئەم شپرزیو پشێویەشدا هۆیەکانی گواستنەوە پێکرانو لەکارکەوتن، ژمارەی فارگۆنە خراپو تێکچووەکان لەهەندێ هێڵدا گەیشتە ٥٠٪ وە ئەندازیارانیش لەبارەگای گشتی دەزگای ئەرکانی هێندە چەکدارەکانی ڕوسیا ئەو ڕاپۆرتانەیان دەخوێندەوە کە جەختیان دەکردەوە لەسەر شکست بوونو پەك کەوتنی هێڵە ئاسنینە نوێیەکان بەتەواوەتی لەماوەی شەش مانگی داهاتوودا، ئەم حسابگەریانەش تاڕادەیەکی زۆر بەمەبەست دەکرانو ئامانجیان نانەوەی ترسو داچڵەکاندن بوو، بەڵام پشێوی لەهۆیەکانی گواستنەوەو ڕێگەوباندا بەڕاستی بوو بەکۆسپێکی گەورەو ترسناكو جەنجاڵیو قەرەباڵخییەکی زۆری لەسەر ڕێگاکان دروست

کرد، کاری کردە سەر لۆرییەکانی گواستنەوەی ئازوقەو کەلو پەلو نرخەکانیش بەرزتر بوونەوە.

گرفتی دابینکردنی ئازوقەی شارەکان ئالۆزتر بوو، کەوای لێهات ئەو کارە زۆر بەسەختی ئەنجام دەدرا، بزوتنەوەی جوتیاری توانی کە لە (٢٤) ناوچەدا مەڵبەندی پێدانی ئازوقە دامەزرێنێ، دانەوێڵەو گەنمی هاتووش بۆ سوپا تەواو کەمی کرد، باشترینو بە پیت ترین ناوچەی بەرهەمهێنی گەنم لەوڵاتدا، دەیانو سەدان جار پێویستی بە بەرهەمهێنانی زیاتر بوو، هەروەها کاری پەزمەندە کردن[٢٤٧] و نرخی دیاری کراو دەرەنجامی باشی لێ نەکەوتەوە، هاوکات گواستنەوەو گەیاندنی گەنمەکەی ناو گەنجینەکانیش کارێکی گران بوو، بەهۆی کێشەی هۆیەکانی گواستنەوەوە، لەپایزی ساڵی ١٩١٦ەوە مەڵبەندەکانی دابەشکردنی خۆراکیش لەپترۆگرادو مۆسکۆو مەڵبەندە پیشەسازییەکانی تردا لەرێژەی ١٠٪ تێپەڕی نەدەکرد ـ واتە لەسەدا دەی پێویست ـ تا ڕادەیەك خۆراکی یەدەکیش نەبوو، خەڵکی بەسکێ تێرو بە دە برسی بوون، وا بڵاوبوبووەوە کە هاتنە سەرکاری حکومەتی ئیئتیلافی مانای داخستنی فڕنەکانی نانی سپییە بەشێوەیەکی دیموکراتیانە، بۆ ماوەی چەند ساڵێك بەر لەهاتنەوەی ((نانی فەرەنسی))، نانی سپی نەمابوو، دروست نەدەکرا، وڵات پێویستی بە (کەرە) هەبوو، لە یۆنیۆ (حوزەیران)دا بەکار هێنانی شەکر سنوردار کرا بە پێی پێوەرە دیاری کراوەکان لەهەموو شارەکاندا.

ئەو میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی بازاڕەی کە جەنگ تێکوپێکی دابوو، نەیدەتوانی وڵات ڕێك بخاتەوەو چاودێری بکات، ئەو ڕێکخستنەی کە خودی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان ئاتاجی پەیڕەووکردنی بوونو هەر ئەویش بوو کە ئەڵمانیای والێکرد کە ماوەی چوار ساڵ درێژە بە جەنگ بدات.

نیشانەی کارەساتبارانەی جەنگ، هەنگاو بە هەنگاو لەکاول بووندا دەردەکەوتن، ڕێژەی بەرهەمهێنانی ئامێری کارگەکان کەم بووەوە. هەروەها کەرەسەی خاو بەشی نەکرد، (دەستی کار) چەسپاونە بوو، خۆراك ڕێكو پێك نەبوو، بەگشتی وڵات کەوتبووە

[٢٤٧] پەزمەندەکردن: تخزينُ الأرزاق والحبُوب





پشێویو تەنگانەوە، ئەمانە وێڕای تێکچوونی هۆکارەکانی گواستنەوەو ڕێگەوبان، گەورەترین دامەزراوەکانیش بەدوای کاردا دەگەڕان لەپێناوی جەنگدا، داخوازییەکان دابەشکرا بوون بەسەر دوو یان سێ ساڵدا، هەرچەندە کرێکاران ئەوەیان ڕەت دەکردەوە کە لەو باوەڕەدا بن جەنگ بەم ڕایە درێژە دەکێشێ، ڕۆژنامەکان ژمارەی پڕ لە سەرسامییان بڵاو دەکردەوە دەربارەی قازانجەکانی جەنگ، نرخەکان لەبەرزبوونەوە دابوون، کرێکاران پێشبینی ڕوداوی گۆڕانکارییان دەکرد، فەرمانبەرو کەسانی تەکنیکیو کارگێڕی کارگەکان کۆدەبونەوەو سەندیکایان دروست دەکردنو داواکارییان بەرزدەکردەوە، مەنشەفییەکانو سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان لەم ناوەندەدا زاڵ بوون، ڕژێمی کاری کارگەکان، بەتەواوەتی پەکیان کەوتو هەموو جۆرە پەیوەندییەکان خاوبوونەوە.

ئاسۆی جەنگو ئابوری گشتی، بەرەو لێڵ بوونی زیاتر دەچوو، مافی خاوەندارێتی بوو بوو بەمافێکی نادڵنیا، قازانجەکان دابەزین، مەترسییەکان زیادیان کرد، کار بەدەستو خوازیارانی کار ئارەزووی کارکردنیان نەما لەو بارودۆخە شۆڕشگێڕییەدا، بۆرجوازییەتیش بەگشتی کەوتە تیاچوونی ئابوری خۆیەوە، بۆرجوازییەت وای دانا بوو ئەو زیانانەی لێی کەوتوون کاتیینو بەهۆی شکستی ئابوریەوە ئەرکی سەربارمان دێتە سەرشانو دەبێ بیانکەین بۆ ململانێ کردنمان دژی ئەو شۆڕشەی هەڕەشە لەبنەماکانی (ڕۆشنبیری) دەکەن، ڕۆژنامەگەری خاوەن بیروهۆشیاریش لەوکاتەدا کرێکارانی تاوانبار دەکرد بەوەی کە ئەوان هۆکارن لەکاولکردنی پیشەسازیدا بە نەخشە فێڵاوییەکانو قۆستنەوەی ماڵو کەرەسە بۆ خۆیانو تالانی کردنو ئاگرتێبەردانی مادەسوتەمەنییەکان تاکو ببنە هۆی نانەوەی ئاژاوە گێڕیو داڕماندنی ئابوری، بوختانی تاوانبارکردن هەموو سنورەکانی تێپەڕاند بوو، کاتێك کرێکاران بۆیان ڕوون بووەوە کە ئەو ڕۆژنامەیەی ئەم تاوانانە دەخاتە ئەستۆی کرێکاران، ڕۆژنامەی حیزبێکە بەشدارە لەسەرکردایەتیکردنی حکومەتی ئیئتیلافیدا، بێگومان قینو ڕقیان بەرزبووەوە بەرانبەر بە حکومەتی کاتیی.

پیشەوەرانیش ئەزموونی ساڵی(١٩٥٠) یان لەبیرنەچو بووەوە، کە کاتی خۆی نەك هەر دەرگای کارگەکان لەلایەن خاوەنەکانیانەوە داخران بە هاوکاری حکومەت ـ لەپێناوی هەشت کاتژمێر کارکردنی ڕۆژانەدا ـ بەڵکو هاوکات خزمەتێکی گەورەشیان پێشکەش بە پاشایەتیو خاوەنداریتی کرد لەپێناوی سەرکوتکردنی شۆڕشەکەدا، بەڕادەیەك کە ئەو خزمەتە بە پارەو پول ناقەبلێنرێت.

سەرلەنوێ لەئەنجومەنی پیشەسازیو بازرگانیدا مەسەلەی داخستنی کارگەکان هاتەوە بەرباسو خواست، ئەم دوو ئەنجومەنەی کە بەوپەڕی پاکو بێگەردییەوە ئەو ناوانەیان لەخۆیان نابوو، کەچی لەڕاستیدا دەزگای کوشتارو سەرکوت کردن بوونو سەربە سەندیکا سەرمایەدارییەکان بوون، (ئۆرباخ) کە ئەندازیارێکەو یەکێکە لەسەرکردەکانی بواری پیشەسازی، دواتر لەیاداشتنامەکەیدا نووسیویەتی لەبەرچی بیرۆکەی داخستنی کارگەکانی ڕەت کردووەتەوە، لەوبارەیەوە دەڵێت: ((ئەو کەسانەی کۆبوبونەوە بۆ مەسەلەی گفتوگۆ دەربارەی داخستنی کارگەکان ـ پێیان وابوو کە دەتوانن ببنە خەنجەر وەشێنێکی ژەهروای بۆ پشتی سوپا.. و دەرەنجامەکانی هەنگاوێکی لەو جۆرە دەریخست کە پەیوەندی بەدەنگی زۆرینەوە هەیە، ئەو زۆرینەیەی کە هەستیان پشتیوانی کەم دەکرد لەلایەن حکومەتەوە)).

ئاشوبو شەڕو ناکۆکی لەئەنجامی نەبوونی دەسەڵاتێکی (ڕاستەقینە)ەوە سەری هەڵدا بوو، حکومەتی کاتیی تووشی شکست هاتبوو بەهۆی چەند سەرکردەیەکییەوە کە لەلایەن جەماوەرەوە ویستراو نەبوون، کرێکارانی کارگەکان چەکدار بوون، وێڕای ئەمەش بەنزیکەیی هەموو کارگەیەك پشتی بەستبوو بە فەوجێك یان کە تیبەیەکەوە کە لێی نزیك بوو، بۆ خۆپاراستنیو هاوکاریکردنی لەکاتی پێویستیدا. لەناوەندی ئەم مەرجانەوە دەست کرا بەداخستنی کارگەکانی ئەو پیشەوەرە بەڕێزانەی ((لەڕووی گیانی نیشتمانییەوە گاڵەیان نابووەوە)) بەبێ ئەوەی کە ڕێگریش بن لەهێرشکردن، تەنها لەگەڵ بارودۆخدا گونجاندبویان، سروشتێکی نادیاریان پێ بەخشیبوو، بەڵام دەبێ سیفەتی گشتیو زەبرو زەنگ هەڵنەگرێ، (ئۆرباخ) بەشێوەیەکی دیبلۆماسیانە دەڵێ: ((پیشەوەران، لەدواجاردا گەیشتنە ئەنجامێك لەم هەموو شتانەوە، ئەویش ئەوەبوو کە





ژیان خۆی هەڵدەستێ بەفێرکردنو پەند پێدانی خەڵکی سەبارەت بە داخستنی کارگەکان بەشێوەیەکی سەد دەرسەدو پلە بەپلە، ئەوەتا هەریەکە لەخاوەن کارگەکانی سەربەخۆ لەلایەن خۆیانەوە کارگەکەی خۆیان دادەخەن، ئەمەش ئەو شتەیە کە لە(واقع)دا تێبینی دەکرێ)) بەدەربڕینێکی تر: ئەنجومەنی پیشەسازی، ئەوەی ڕەت کردەوە کە هەموویان پێکەوە لەیەك کاتداو بەشێوەیەکی ئاشکراو بەرچاو کارگەکان دابخەن، چونکە ئەوە ((بەرپرسیارێتییەکی گەورە)) دەگرێتە خۆی، بۆیە ئەندامانی ئەنجومەنەکە داوایان کرد کە دامەزراوەو کارگەکان بەشێوەی تاك تاك دابخەنو بەدوای بەڵگەو بیانوی وادابگەڕێن کە فریایان بکەوێو پاکانەیان بکات.

داخستنی کارگەکان بەشێوەی نادیارو پەردەدار، بەشێوەیەکی زۆرباش جێبەجێ کرا، سەرکردەکانی سەرمایەداری ـ لەنمونەی وەك (کادیت کیتلەر)ی وەزیری پێشووی حکومەتی (وەیت) کەوتنە پێشکەشکردنی کۆباسی (محاضرات) زۆر نایاب سەبارەت بە کاول بوونی ئەو پیشەسازییەی کە لەماوەی (٣) ساڵی جەنگدا هیچ پشتیوانییەکی لێ نەکراوە، بەڵکو تەنها ماوەی (٣) مانگی شۆڕش پشتگیری کراوەو بەس.

ڕۆژنامەی(ڕێش) وازی نەدەهێناو وەڕسیش نە دەبوو، ئەم پێشبینییەی کردبوو: ((دوو هەفتە تا سێ هەفتەی تر ناخایەنێت کە کارگەکان یەك لەدوای یەك دادەخرێن)) لێرەدا هەڕەشەیەکی شاراوە هەیە، لەژێر پەردەی پێشبینی کردندا، ئەندازیارانو مامۆستایانو ڕۆژنامەنوسان کەوتنە هەڵمەتێکی بە گوڕ لەڕۆژنامە تەکنیکیو ڕۆژنامە ئاساییەکاندا، ئامانجیش لەم هێرشکردنەیاندا ئەوە بوو کە بیسەلمێنن سەرکوتکردنی کرێکاران، مەرجی بنەڕەتییە بۆ ڕزگارکردنی وڵات لەو کاول بوونو داڕوخانە ئابورییەی کە تێی کەوتووە. (کۆنۆخالۆف)ی وەزیری پیشەسازی لە (١٧)ی مایۆ (ئایار)دا بەر لەوەی لەحکومەت بێتە دەرەوەو پاشگەزبێتەوە بەشێوەی ئاگر هەڵگیرسێن ڕایگەیاندو گوتی: ((ئەگەر ئەقڵییەتە شێواوەکان نەگەڕێنەوە سەر ڕاستی بەم زوانە... ئەوا داخستنی دەیانو سەدان کارگە بەچاوی خۆمان دەبینین)).

لەناوەڕاستی یۆنیۆ(حوزەیران)دا کۆنگرەی بازرگانیو پیشەسازی داوای کرد لەحکومەتی کاتیی کە پەنابەرێتە بەر ((دابڕانی ڕیشەییو یەکجارەکی لەگەڵ سستمی

پەرەسەندنی شۆڕشدا)). پێشتریش هەمان ڕاگەیاندنمان لەسەرزاری جەنەڕاڵەکان گوێ لێ بوو: ((شۆڕش رابگرن‌و بیوەستێنن...!))

بەڵام پیشەوەرەکان‌و پیشەسازەکان بەشێوەیەکی ڕوونتر دەریان بڕی، ڕاگەیاندنەکەی ئەوان بەم جۆرە بوو: ((سەرچاوەی گێچەڵ هەر تەنها بەڵشەفییەکان نین بە تەنها، بەڵکو حیزبە سۆسیالیستەکانیشن، ڕزگاربوونی ڕوسیاش بەمەچەکێکی قایم‌و دەستێکی ئاسنین نەبێ ناکرێ)).

پیشەسازەکان قسەکانیان کرد بەکردار، دوای ئەوەی بارودۆخی سیاسیانەیان بۆ ڕەخساند، لەماوەی ئیپریل (نیسان)دا (١٢٩) دامەزراوە داخران کە (٩٠٠٠) کرێکاریان تێدا بوو، لەمانگی مایۆ (ئایار)دا (١٠٨) دامەزراوەی تر لەکار ڕاوەستێنران، کە نزیکەی هەمان ژمارەی پێشوو کرێکاریان هەبوو، لەمانگی یۆنیۆ (حوزەیران)دا (١٢٥)ی تر داخران کە (٣٨٠٠٠) کرێکار کاریان تێدا دەکردن، لەیۆلیۆ (تەموز)دا (٢٠٦) دامەزراوەی دیکە (٤٨٠٠) کرێکارین بێ کارکردن‌و دەریان کردنە سەرشەقامەکان، بەشێوەی ژمارەی دوایەکی ئەندازەیی داخستن بەردەوام بوو، بەڵام داخستنی هەموو دەزگاکان لەوە زیاتر هیچی تر نەبوو کە خۆ ئامادەکردن بوو بۆ کارێکی گەورەتر وە دوای پترۆگراد، کارگەی ڕستن‌و چنینی (مۆسکۆ)ش جما[٢٤٨]، خاوەن کارەکان بیانوی ئەوەیان دەهێنایەوە کە سوتەمەنی کەمەو کەرەسەی خاونییەو قەرزدارن‌و... هتد، لەزۆربەی بارەکاندا لیژنەکانی کارگەکان دەستیان دەخستە ناو ئەم کاروبارانەوە، بەجۆرێ کە بیانوو بڕیان بکات.

ئامانجیش ئەوە بوو کە گوشار بخەنە سەر کرێکاران تاکو ئەوانیش داوای یارمەتی لەحکومەت بکەن، سەرمایەدارە بیانییەکانیش کە بەهۆی باڵیۆزخانەکانیانەوە کاریان دەکرد لەو پەڕی بێ شەرمیدابوون، وێرانکردن لەهەندێ باردا زۆر ڕوون‌و ئاشکرابوو، پیشەوەران ناچاربوون دەست بەکار بکەنەوە دوای ئەوەی لیژنەکانی بەدوادا چوون لێپێچانەوەیان لەگەڵدا کرد بوون، بەم جۆرە شۆڕش خۆی لەبەردەم ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکاندا دۆزیەوە.. یەك لەدوای یەك دوای ئەوەی لەوانە دابڕابوو، تاکو گەیشتە

(٢٤٨) جما: جولاّ : کەوتە جم‌و جۆڵ: هەژا: ڕاهەژی: بزوا: بزاوت: کەوتە بزاوتن: ڕاپەڕی:





سەر جیاوازی‌و ناکۆکی سەرەکی نێوان ناکۆکییەکانی تر ئەویش ناکۆکی‌و جیاوازی نێوان سروشتی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان‌و خاوەندارێتی تایبەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بوو.

ئەو خاوەن کارەی کە حەزی بەسەرکەوتنی کرێکاران دەکرد کارگەی دادەخست، هەروەکو قوتوی توتنی جگەرەکەی قەپات کردبێ، نەك کارگەو دامەزراوەیەك کە پێویستییەکی ڕۆژانەی هەموو گەلەکەیەتی.

ئەو بانکانەش کە بەسەرکەوتویی(قەرزی ئازادی)یان ڕاوستاندبوو هەڵوێستی دوژمنانەیان هەبوو بەرانبەر بەڕەفتارو هەڵسوکەوتی گەنجینەی دەوڵەت کە ئاڕاستەی سەرمایەدارێتی گەورە کرا بوو، خاوەن بانکەکان ((پێشبینی)) ئەوەیان کرد لەونامەیەیاندا کە ناردبویان بۆ وەزیری دارایی: هەتا زووە با پارەو پول ببرێتە دەرەوەی وڵات بەبێ ئەوەی هیچ کردەوەیەکی چاکسازی دارایی بکرێ لەڕیشەوە، پارەو پولەکان بخرێنە ناو سندوقی کانزایی تۆکمەوە. بەمانایەکی تر: نیشتمان پەروەرە خاوەن بانکەکان هەڕەشەی داخستنی داراییان دەکرد کە دەبێتە مایەی داخستنی پیشەسازی، حکومەتیش پەلەی کرد لەخۆبەدەستەوەدان‌و ملکەچکردندا. ئایا سەرپەرشتیارو ڕێکخەرانی ئەو وێرانکاریە کەسانێکی ئازاو بەهێزنەبوون، کە بەسەرمایەکەی خۆیان دەستیان دایە سەرکەشی کردن بەهۆی جەنگ‌و شۆڕشەوە، ئایا ئەمانە لەقوڕێکی تر دروست نەکراون کە جیاوازترە لەو قوڕەی (کرۆنشتادت)ی لێ دروست کراوەو هەرگیز هیچ کارێکی سەرکەشیانە بە ژیانی تایبەتی خۆیان ناکەن‌و نابنە قۆچی قوربانی؟

لیژنەی ڕاپەراندن ناتوانێ بیانوییەك بدۆزێتەوەو بیکاتە هۆکارێك بۆ ئەوەی دەری بخات کە تێنەگەیشتووە لەوەی بەرپرسیارێتی چارەنووسی ئابورییانەی وڵات لەڕوانگەی جەماوەرەوە بخاتە ئەستۆی زۆرینەی سۆڤیەتاتە حوکمراکان بەتایبەتیش دوای ئەوەی سۆسیالیستەکان بەشێوەیەکی ڕوون‌و ئاشکرا چوونە پاڵ دەسەڵات (بەشی ئابوری) سەر بەلیژنەی ڕاپەڕاندن پڕۆگرام‌و نەخشەی بەرفراوانی داڕشتبوو بۆ چارەسەرکردن‌و ڕێکخستنی باری ئابوری‌و سپاردبوونی بەدەوڵەت، پێشنیارەکانی ئابوری

تاسەمیانڕەوەکان[٢٤٩] لەژێر گوشاری بارودۆخی پڕ لەهەڕەشەدا بوو زیاتر لەوەی لەژێر گوشاری داڕێژەرانی پێشنیارکارەکاندا بێ، پڕۆگرامەکە دەڵێ: ((لەزۆربەی بوارە پیشەسازییەکاندا- بارودۆخ تەواو کامڵو لەبارە بۆ ئەوەی دەوڵەت لایەنی بازرگانی قۆرخ بکات - نان، گۆشت، خوێ، چەرمو پێستە)وە لەهەندێ بواری تردا وا دەبینین کە بارودۆخ زۆر شیاوە بۆ ئەوەی دەوڵەت ڕێکیان بخاتەوەو سەرپەرشتییان بکات (خەڵوز، کانزاکان، پەترۆڵ، شەکر، کاغەز) بۆ دواجار مەرجە هەنوکەییەکان لەهەموو بەشەکانی پیشەسازیدا وا پێویست دەکەن کە دەوڵەت بەشدارییان بکات لەلایەنی ڕێکخستنەوە بۆ دابەشکردنی مادەی خاو- مادەی یەکەمی - دروستکردنی مادەکانو دیاری کردنی نرخەکانو... هتد) هاوکات بارودۆخ ئێستا زۆر لەبارە بۆ دانانی چاودێریی بەسەر دامەزراوەکانی ((قەرزەکاندا)).

دوای ئەوەی سەرکردە سیاسییەکان عەقڵی خۆیان لەدەست دابوو، لە(١٦)ی مایۆ (ئایار)دا لیژنەی ڕاپەڕاندن پشتگیری پێشنیاری کەسانی ئابوری ناسی کرد کە سەر بەخۆی بوون بەبێ هیچ قسەو درکە یەك، پشتگیری لێکردن بە ئاگادارکردنەوەیەکی جوان کە ئاراستەی حکومەتی کردبوو: ((پێویستە حکومەت ئەرکی ڕێکخستنەوەی ژیرانەی ئابوری گشتیو کار بگرێتە ئەستۆی خۆیو باسی ئەوە بکاتەوە کە ڕژێمی رابووردو- کۆن - ڕوخاوە- چونکە ئەم ئەرکەی بەجێ نەهێنا بوو و پێویستە حکومەتی کاتیی بگۆڕدرێ)) تەوفیقییەکان هەندێکیان هەندێکی دیکەی خۆیانیان دەترساند نەبادا هاوکاریو هاندانی یەکتری بکەن لەنێوانیاندا.

(لینین) لەسەر پڕۆگرامەکە نوسیبووی: ((پڕۆگرامو چاودێریەکی باش، داگیرکردنو قۆرخکردنی حکومی، جەنگ دژی باج، خزمەتی تەوزیمی[٢٥٠] کارکردن... ئێمە ئەم پڕۆگرامە ترسناکەی بەلشەفییەکان لەم وشانەدا دەبینین، چونکە ناکرێ پڕۆگرامێکی تر دابنرێ، دەروویەکی[٢٥١] ڕزگار بوونی تر بەدی ناکرێ، مەگەر ئەو مایە پوت بوونەی پڕ

[٢٤٩] تاسە: (إشتياق و لوعة) ، وەك دەگوترێ فلانە کەس بەتاسەوە باسی فلانە خۆراکی دەکرد.

[٢٥٠] تەوزیمی: الزامي

[٢٥١] دەروو: دەروازە: دەرکە: دەرچە: کون: ڕێگە.





لەترسەو بەڕاستی هەرەشەی کاول کردن لەولات دەکات..)) لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەکە بەگشتی لەوەدا شاراوەتەوە ئاخۆ کێ شایستەی ئەم پیرۆگرامە نایابە...! بێت؟! ئایا ئەو کەسە بریتییە لەئیئتیلاف؟ هەر یەکسەر وەڵامی ئەم پرسیارە درایەوە، دوای یەك ڕۆژ بەسەر پشتگیریکردنەکەی لیژنەی ڕاپەڕاندن لەو پڕۆگرامە، (کۆنۆفالۆف)ی وەزیری بازرگانیو پیشەسازی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشکرد، لەدوستەی حوکمداران هاتە دەرەوەو بەرقو قینەوە لەدوای خۆیەوە دەرگاکانی دادەخستەوە.

بەشێوەیەکی کاتیی ئەندازیار (بالتشینسکی) لەجێگەکەی دانرا، کە دڵسۆزی ئەمیش کەمتر نەبوو لەوی دیکە بۆ سەرمایەدارێتی گەورە، بەڵام ئەمیان بەهێزو چالاکییەکی توندترەوە گرتبووی، وەزیرە سۆسیالیستەکان لەخۆیان ڕانەدەبینیو نەدەوێران پێشنیاری ئەم پڕۆگرامەی لیژنەی ڕاپەڕاندن بخەنە بەرچاوی هاوڕێ لیبراڵییەکانیشییان بەشێوەیەکی (جدّي) چونکە (تشیرنۆف) لەم دواییانەدا هەوڵی دابوو حکومەت ڕازی بکات بەوەی فرۆشتنی زەویو زار قەبوڵ بکات، بەڵام هەوڵەکەی بابردەڵە بوو.

حکومەتیش لەلایەن خۆیەوە، وەڵامی ئەو کۆسپو تەگەرانەی دایەوە کە بووبوونە قەیرانێك، ئەویش بەپڕۆژەیەك، پڕۆژەکەش گواستنەوەی فابریقەو کارگەکان بوو بۆ ناو پترۆگراد، واتا هێنانیان لەدەرەوەی پایتەختەوە بۆ ناوجەرگەی پایتەخت، پڕۆژەکەش بەهەڵواسراوی (پەسێردراوی) مابووەوە بەبیانووی ئەوشتانەی پەیوەندی بەلایەنی سەربازییەوە هەیە، وەك مەترسی دەست بەسەراگرتنی پایتەخت لەلایەن ئەڵمانیاوە، هەروەها هۆکاری تری ئابوری، پترۆگرادیش زۆر دوور بوو لەسەرچاوە سوتەمەنییەکانو کەرەسە بەرایییەکانو مانای ئەو پڕۆژەیەش، واتا کۆتایی هێنان بەکاروباری کارگەکانو بەرهەم ڕاوەستاندن هەتا چەند مانگێك یان چەند ساڵێکی تر، ئامانجی سەرەکی ئەم پڕۆژەکارەش تەفرو تونا کردنو پەراگەندەکردنی پێشەنگە کرێکارییەکان بوو، تاکو لەیەکتر دور بکەونەوەو بەدرێژاییو پانتایی شاردا بڵاوبنەوە، دەسەڵاتدارە سەربازیەکانیش تەریب بەحکومەت بیانوی خۆیان دۆزیەوە، بیانو لەدوای بیانوو، بۆ دورخستنەوەی کەرتە کرێکارییەکان لەگیانی شۆڕشگێڕانەی پترۆگراد.

(بالتشینسکی) بۆ قەناعەت پێکردنی بەشە کرێکارانی ناو ئەنجومەنی سۆڤیەت ئەو پەڕی توانای خستەگەڕ بۆ چۆڵکردنی پایتەخت، دیارە مەحاڵە چۆڵکردن دژی خواستی کرێکاران بکرێو کرێکارانیش بەشێوەیەکی سەد لەسەد ئەوەیان ڕەت دەکردەوە.

گواستنەوەی کارگەو دامو دەزگاکانیش وردە وردە بەرەو پێشتر دەچوو بۆ ڕێکخستنی پیشەسازی، ئاشوبو پشێوی زیاتر توندو تیژ بووەوە، نرخەکان بەرزتربوونەوە، کارگەکان بەشێوەیەکی لەسەرخۆ زیاتر دادەخران، بێکاری تەواو بڵاوبوویەوە، حکومەت هەر لەجێی خۆی قاچەو قاچی دەکردو بەرەو پێشەوە نەدەچوو، دواتر(میلیۆکۆف)یش نوسیبووی: ((وەزارەت خۆی دابووە دەست ڕەوتو ئاڕاستەی شەپۆلی ڕووداوەکان شەپۆلەکەش دەڕژایە جێ خەوی بەڵشەفییەوە)). شەپۆلەکە سەرکردایەتی ڕەوتی ڕووداوەکانی دەکرد بۆ بەرەو بەڵشەفییەت چوون...!

پڕۆلتیاریا هێزی جوڵێنەری سەرەکی بوو بۆ شۆڕشەکە، هاوکات شۆڕشیش پڕۆلیتاریای پێك دەهێنا، ئەوەش ئەو شتە بوو کە شۆڕش زۆر زۆر پێویستی پێی هەبوو.

لەڕۆژگارەکانی فێبرابر(شوبات)یشدا ڕۆڵی گرنگو یەکلاکەرەوەی کرێکارانمان لەپترۆگراد دا بەدی کرد، لەناو ئەوانیشدا بەڵشەفییەکان لەپێشی پێشەوەی جەنگەکە دابوون، دوای ڕاپەڕینەکەشی لەناکاو بەڵشەفییەکان کشانە دواوە بۆ ڕیزی دووەم، حیزبە تەوفیقییەکان پێشەوەی شانۆی سیاسییان بۆ خۆیان گرت. دەسەڵاتیش درایە دەست بۆرجوازییەتی لیبراڵی، سەرجەم ئەمانەش لەژێر ئاڵای هزری نیشتمانیدا یەکانهێز بوونو کۆبووبوونەوە، ئەم هێرشەی بەگەلە کۆمەکیو توندو تیژیەوە کرا، بەو شێوەیەی کە سەرکردایەتی حیزبی بەڵشەفی ـ یان بەلایەنی کەمیەوە نیوەی سەرکردایەتییەکە ـ ناچار بوو خۆی بەدەستەوە بدات، لەژێر کاریگەری پڕ لەزەبرو توندو تیژی هێرشەکەدا، دوای گەڕانەوەی (لینین)یش بۆ وڵات ئاڕاستەی ڕەوتی حیزب بەخێرایی گۆڕاو هاوکات جەماوەرو دەسەڵاتێکی زۆریشی بۆ پەیدا بوو، لەو ڕاپەڕینە چەکدارانەیەشدا کە لەمانگی ئیپریل (نیسان)دا کرا، پێشەنگی کرێکارانو سەربازان هەوڵیاندا کە کۆتو بەندەکانی تەوفیقییەکان تێك بشکێنن، بەڵام خەریك بوو هیچ هەوڵو کۆششێك نەکەن





تاکو ئیتر کرێکاران کەوتنە سەر کوشتارو جەنگی پاشگەز بوونەوەو بەمەش جڵەوی کاروبارەکان هەر لەدەستی تەوفیقییەکاندا مایەوە.

گەلێك جار دوای ڕاپەڕینەکەی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم) دەگوتراو دەگوترایەوە کە بەڵشەفییەکان، سەرکەوتنی خۆیان بەقەرز دەدەن بە سوپای جوتیاران کە ئەو سوپایە جەنگ شەکەتو ماندوی کردووەو لێی بووەتەوە. بەڵام ئەمە ڕاڤەیەکی دەستکرد بوو، و پێچەوانەکەی زۆر ڕاستترەو نزیکترە لەڕاستییەوە.

جا ئەگەر تەوفیقییەکان لەشۆڕشی (فێبرایر)دا بارودۆخێکی سەرکەوتوانەیان دەستگیربوبێ، ئەوا ئەم شتە پێش هەموو شتێکی تر تەواو بووە، بەهۆی جێکەوتی[٢٥٣] تایبەتیانەوە، کە ئەو جێکەوتە سوپای جوتیاران پڕیان کردبووەوەو هی ئەوان بووە لەژیانی ڕابووردوی وڵاتدا ـ ئەگەر شۆڕشیش لەچاخو دەمی ئاشتیدا بەرپاببوایە، ئەوا ڕۆڵی سەرکردایەتیانەی پڕۆلیتاریا هەر لەسەرەتاوە سروشتێکی دیاری کراوترو ڕوونو ئاشکراتری دەبوو.

ئەگەر جەنگیش نەبوایە، ئەوا سەرکەوتنی شۆڕشگێڕانە زۆر دڕەنگ دەهاتە بەرهەم نرخەکەیشی زۆر لەئێستا زیاتری تێدە چوو، بە چاوپۆشیکردن لەقووربانیەکانی جەنگ، بەڵام شتەکان بەم شێوەیە نەهاتنو نەبوون، تاکو هەموو شوێنێ ببێتە لادۆڵی تێهەڵڕژانی لافاوی ڕاوبۆچوونی تەوفیقییەکان، بێگومان ئەو مارکسیە ڕوسیانەی هەستو نەستەکانیان پێش ڕوداوەکان ئاگاداریان کردونەوە بەماوەیەکی دورو درێژ سەبارەت بەو دەست بەسەر داگیرتنەی پڕۆلیتاریا دەیکاتە سەر دەسەڵات لەکاتی شۆڕشی بۆرجوازیدا، دەشیانزانی ئەو حاڵەتە پشتی نەبەستووە بەباری هزری کوتو پڕیانەی سوپای جوتیاران، بەڵکو پشتی بەستووە بەبونیادی چینایەتیانەی کۆمەڵگەی ڕوسی. دوایش ئەم پێشبینییە بەدڵنیاییەوە دەرکەوت، بەڵام پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی نێوان چینەکان لەناوەندی جەنگەوە فرتەی کردو لایدا، بۆ ماوەیەك شوێنەکەی خۆی گۆڕی لەژێر گوشاری سوپادا، واتە: لەژێر گوشاری ڕێکخستنی چەکدارانەی جوتیاراندا، کە دور لەناوەندی خۆی ژیانی بەسەردەبرد، ئا ئەمەش کوتو مت ئەو پێکاتە

[٢٥٣] جێکەوت: الموقع

کۆمەڵایەتییە دەستکردەیە کە شوێنەکانی بۆرجوازییەتی بچکۆلەو تەوفیقییەتی تا ڕادەیەکی زۆر پڕکردبووەوە، دەرفەتێکی بۆ ڕەخساند لەماوەی (٨) مانگدا کە بتوانێت هەستێت بەو ئەزمونانەی کە وڵاتو شۆڕشیان لاواز کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەگو ڕیشەی مەسەلەی سیاسەتی تەوفیقییەت، هەر هەمووی لەناو سوپای جوتیاراندا نەشارابووەوە، پێویستە خۆمان قوتار بکەین لەهۆکارە زیادەکانی تر کە بووبوونە مایەی سەرکەوتنی مەنشەفییەکانو سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان، کە بەشێوەیەکی لەناکاو لەناو خودی پرۆلیتاریادا سەری هەڵدا، هەروەها لەپێکهاتەو ئاستی سیاسیشیدا، چونکە جەنگ بوو بەمایەی گۆڕانکاری گەورە لەپێکهاتەی چینی کرێکارانو بارە هزرییەکەیاندا، ساڵانی ڕابوردوش بەهەڵکشانی شۆڕش دەناسرێنەوە، بەڵام جەنگ لەناکاو ئەم ڕەوتو ئاڕاستەیەیشی بڕی، کارێکی نەکرد کە (بەسەربازگرتن) هەر تەنها مانایەکی سەربازیانەی هەبێتو بەس، بەڵکو پێش هەموو شتێ بەپێیی تیورێکی پۆلیسانەو لەو ڕوانگەیەوە دامەزرابوو، کاری دەکرد، حکومەتیش بەپەلە کەوتە پاکسازی کردنی ناوچە پیشەسازییەکان لەچالاکترین کەسو لایەنگرانیانو ئەوانەی ئاژاوەگێرن، بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین: کە ڕاکردن لەدەست جەنگ، یاخود ڕەشبگیری لەو کاتەدا بوو بەهۆی دابڕانی ٤٠٪ی کرێکاران لەکارەکانیان، زۆربەشیان شارەزاو پسپۆڕ بوون، لەو کەسانە بوون کە هەستیان بەدابەزینی تەواوەتی ئاستی بەرهەمهێنان کرد بوو، لەڕوانگەی ئەوەوە کە کارگەکان زۆر پێویستی بەو کرێکارانە هەبوو، نارەزایی بەرزکردنەوەی پیشەوەران هێزی زیاتر دەبوو هەتا قازانجی پیشەسازی سەربازی لەبەرزبوونەوەی زیاتردا بوایە.

دوایی وێرانکردنو لەبەین بردنی کادرە کرێکارییەکان ڕاوەستێنرا، کرێکارە پێویستەکانی بواری پیشەسازی لەکارگەکانیاندا مانەوە، وەك ئەرکێکی سەربازییانە، ئەو کونو کەلەبەرانەش گیران کە ڕەشبگیری گشتی هێنابویە پێشەوە بۆ کرێکارە تازە هاتوەکان لەوەلایەتو هەرێمەکانی ترەوە، هەندێ ڕەگەزی بچوکی تری شارەکانو ئەو کرێکارانەی تریش کە ناچالاكو ناپسپۆڕ بوون، ئەمەش بەرێژەیەکی زۆر هەستی پێ





دەکرا لەژنانو پیاواندا، لەگەنجو لاواندا بەتایبەتی، ڕێژەی سەدی ژنان لەکارگەکاندا بەرزبووەوە لە( ٣٢٪)ەوە بۆ (٤٠٪ ).

ڕەوتی گۆڕانکاری پرۆلیتاریاو توانەوەی درێژبوونەوەیەکی دەگمەنی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتیش لەپایتەختدا، لەساڵانی جەنگیشدا لەساڵی ١٩١٤ەوە بۆ ساڵی ١٩١٧ ژمارەی ئەو دامەزراوە گەورانە زیادیان کردو چەند هێند بوون کە خزمەتی زیاتر لە (٥٠٠) کرێکاری حکومەتی پترۆگرادی دابین کردبوو، لەساڵی ١٩١٧دا نزیکەی (٤٠٠) هەزار کرێکاری کارگەکان لەپترۆگراد کۆبووبوونەوە، بەهۆی داخستنی کارگەکانی پۆلۆنیاو هەرێمەکانی بەڵتیق بەتایبەتی، (٣٣٥) هەزار کرێکار لەمانە پابەندبوون بە (١٤٠) کارگەی توندو تیژەوە، زۆربەی ڕەگەزە پرۆلیتارییەکان ڕۆڵێکی باشیان گێڕا لەڕووبەڕووبوونەوەی پترۆگرادا لەڕووی پێکهێنانو بوژاندنەوەی عەقڵییەتو هزری شۆڕشگێڕانەی ناو سوپادا.

بەشێوەیەك کە نکولی لێ ناکرێ، بەڵام ئەو کرێکارانەی جێی ئەوانیان گرتەوە، کە لەلادێکانەوە هاتبوون زۆربەیان ژنو لاو بوون، یان جوتیارو فرۆشیاربوون ئارەزووی ئیش کردنیان هەبوو لەکارگەکاندا، بۆ ئەوەی لەسەربازی خۆیان بدزنەوە.

زۆر باشتریش بوون لەکرێکارە پیشەوەرەکان، دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە کرێکارە پسپۆڕو کارامەکان کە لەکارگەکاندا وەك خزمەتی سەربازی مابونەوەو ژمارەیان لەژووروروی سەدان هەزار کەسەوە دەبوو، زۆر بەترسو ورياداريەوە کاریان ئەکرد، نەبادا لەجیاتی سزا ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ بکرێت، ئەوە بوو ئەو بنەما کۆمەڵایەتیەی کە هەبوو لەو هزرە نیشتمانییەی کە کۆنترۆڵی بەشێك لەکرێکارانی کردبوو هەر لەڕۆژگارەکانی دەسەڵاتی قەیسەرەوە هەتا ئەمرۆ.

بەڵام ئەم هزرو ژیرییە نیشتمانییە سرەوتنو ئارامگرتنی نەدەزانی بۆیە چەوساندنەوەی سەربازیو ڕقوقینی پۆلیسیانەو بەروبومی چەند هێندو تێکشکانی سوپاو پشێویو بێ سەرەو بەرەیی ئابوریو قەیرانی ترا وایان لەکرێکاران کرد کە بکەونە کۆششو خەبات کردن، خۆنیشاندانەکان لەکاتی جەنگدا هەر لەبنەڕەتەوە لەسەر بنەمای ئابووری بەرپا بوبوون، گەلێك جیاوازتر بوون لەخۆنیشاندانەکانی پێش جەنگ،

لاوازبوونی چینەکان ـ هەریەکەیان لەئاستی خۆیانەوە ـ زیادی دەکرد بەزیاتر لاواز بوونی حیزبەکەی، دوای گرتنی نوێنەرانی بەلشەفیی و دورخستنەوەو دەرکردنیان لەوڵات، دەسەڵاتداران کەوتنە هاوکاریکردنی بەکرێ گیراوە هاندەرەکان کە پێشتر بەشێوەی زنجیرەیی خۆیان ڕێك خستبوو، تاکو هەستن بەروخاندن و وێرانکردنی دەسەڵاتی بەلشەفییەکان بەگشتی و ڕێکخراوەکانیان بەتایبەتی، حیزب دوای ئەو تەکتیکە نەیدەتوانی پشتی ڕاست بکاتەوەو تازە هەستێیەوە، هەتا ڕاپەڕینەکەی فێبرایر (شوبات)ی ساڵی ١٩١٧، چینە کرێکارییە بۆگەنکردووەکان لەساڵانی ١٩١٥وە ١٩١٦دا بوون بەقوتابخانەی سەرەتایی بۆ دەست پێکردنەوەی خەبات تاکو فێبرایری ١٩١٧، کە ئیتر خۆنیشاندانی ئابوورییانەی تۆڵەسەندنەوەو خۆنیشاندانی ژنانی برسی لێك جۆش دران و بوون بەخۆنیشاندانێکی گشتی و سوپاشی ڕاکێشایە ناو خۆیەوەو بەرەو هەڵگەڕانەوەو یاخی بوونی برد.

بەم جۆرە پرۆلیتاریای پترۆگراد تا ڕادەیەکی زۆر بەژمارەیەکی زۆری ناوچوونیەکەوە چوونە ناو شۆڕشی فیبرایر(شوبات)ەوە، ئەم پرۆلیتاریایە، دەستەوەستان بوو، نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو هەموو بەشداربوانەی تردا جۆش بخوات، هەروەها بەشداری ڕاپەڕینەکەیشی کرد بەئاستێکی سیاسیانەی لاوازەوە، تەنانەت توێژە پێشکەوتوەکانیشی هەروا بوون، کارەکە لەناوچەکانی تردا بەشێوەیەکی خراپتریش بەڕێوە دەچوو، بێگومان ئەم نەکسەیەی نەزانی، یان نیمچەنەزانی پیرۆلیتاریای دەنواند، لەڕووی نەفامی سیاسییەوە کە لەدەرئەنجامی جەنگەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەرئەمەش بوو کەمەرجی دووەمی دروست کرد تاکو حیزبە تەوفیقییەکان بەشێوەیەکی کاتیی زاڵ بن بەسەر بارودۆخەکەدا.

شۆڕش زۆر بەخێرایی خەڵکی فێردەکات، هێزی شۆڕشیش لەوەدا شاراوەتەوە کە هەموو هەفتەیەك شتی تازەی بۆ جەماوەر دەهێنایە پێشەوە، دوو مانگ ماگی پەیمانەکان بوون، کۆتایی فێبرایر (شوبات) ڕاپەڕینەکە بوو، کۆتایی ئیپریل (نیسان) خۆنیشاندانی کرێکارو سەربازە چەکدارەکان دەستی پێ کرد لەپترۆگراد، سەرەتای یۆلیۆ (تەموز) خۆنیشاندانێکی نوێ ڕوویدا بەشێوەیەکی بەرفراوانترو خۆراگرانەتر، لەکۆتایی ئۆگستۆس (ئاب)دا جەماوەر هەوڵە کودەتاییەکەی (کۆرنیلۆف)یان شکست





پێ هێنا، لەکۆتایی مانگی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)دا بەلشەفییەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست، لەکاتی ڕیتمی ئەم ڕووداوانەشدا بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و سەرسامیانە پەرەسەندنی بەشەکییەکی ورد و قووڵ هاتەکایەوە کە ڕەگەزە ناچوونیەکەکانی چینی کرێکارانی گرتبووەو لەهەر سیاسەتمەدارێك، کەسێك. لێرەشدا، دیسان پشێوی و خۆنیشاندان هەر ڕۆڵی خۆی گێڕا.

پیشەوەران سەرسام بوون، ئەو پیشەوارانەی کە بەلای ناگەهانی شۆڕشی لەناکاو تۆقاندبوونی، ئەو شۆڕشەی ئەوانی شێتانە دارنی بوو لەقازانجی جەنگ بۆیە لەهەفتە یەکەمییەکانەوە تەنازولاتیان پێشکەش بەکرێکاران کرد، ئەمەش پێش کارگەکانی پترۆگراد، بەهەندێ مەرجی موحافیزکاریانەوە، دیاری کردنی (٨) کاتژمێری کاری ڕۆژانە دیاری کرا.

بەڵام ئەم تەنازولاتانەش هێمنی و ئاسایشییان نەگەڕاندەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە ئاستی مەرجەکانی گوزەران بەردەوام لەدابەزین دابوون، لەمێو (ئایار)دا لیژنەی ڕاپەڕاندن ناچار بوو دان بنێ بەوەی کە بارودۆخی کرێکاران بەڕادەیەك دابەزیوە کە بوەتە سنوری تێوەژەندنی درێژخایەنەوە، سەبارەت بەزوربەی زۆری کۆمەڵانی کرێکاران، بەهۆی بەرزبوونەوەی گرانی و سەختی ژیانەوە)). لەگەڕەکە کرێکارنشینەکان خەڵکی دەستیان دایە تورە بوون و هەڵچوون و پەست بوون و بەتەواوەتی دەماری مێشکیان هەستا، بیرۆکەی تازە پێویست بوو بێنە ئاراوە، لەگەڵ خواست و ئاواتی نوێدا، کە هەر ئەمەش زۆرگران بوو بەسەرشانی خەڵکەوە. جەماوەر بەرگەی توندترین نارەحەتی و سەغڵەتییان دەگرت ئەگەر لەهۆکاری ئەو بێ بەش بوون و بەشخورانەیان تێبگەیشتنایە ـ کە دواتر تێگەیشتن ـ بەڵام ستەم و ڕژێمی نوێ وردە.. وردە.. بۆی دەرکەوت کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی کۆن لەبەردەمیدا هەیە، کە لەفیبرایر (شوبات)دا دژی ئەوشتانە ڕاپەڕینی کردبوو ـ کەچی سەر لەنوێ ئەو شتانە بوونەوە بەکۆسپ و بەشێوەیەکی تر قوت بوونەوە ـ جەماوەریش ناتوانێ لەمەشیان ببورێ و وازی لێ بهێنێ.

خۆنیشاندانەکان لەناو زۆربەی توێژە کرێکارییەکاندا سروشتێکی توندوتیژی پێوە دیار بوو، دواکەوتوانە بوو، بۆیە خۆی خستە بەر مەترسی و قۆرخ کردن، کرێکارانی

داشـۆرگەکان (الغـسالات)و بۆیـاخ و بـەرمیل و کارمەنـدانی بازرگـانی و پیـشەسازی و کرێکـارانی بیناسـازی و برۆنـز[٢٥٤] و ڕۆن و وێنـەگران و کارگـەکانی پـێڵاو و کـارتۆن و قەسـاب و دراتـاش و... هتـد.. ڕاپـەڕین و خۆنیـشاندیان کـرد. هـەر هـەموویان بـەدوای یەکداکەوتنە خۆنیشاندان بە درێژایی مانگی یۆنیۆ (حوزەیران)، کرێکـارانی کارگـەکان بەپێچەوانەی کرێکارانی تر ڕۆڵی میانڕەوییان دەگێڕا، کرێکارە پێشکەوتووەکان بۆیـان دەرکەوت کە خۆنیشاندانی کەمو کورتی ئابوورییانە لەهەل و مـەرج و باردۆخی پشێوی و هەڵاوسانی ئابوریدا، ناشێت گۆڕانکاری چاك بەدوای خۆیدا بهێنـێ، پێویستە بنەماکان بەڕێگەیەك لەڕێگەکان لەڕەگ و ڕیشەوە چاك بکرێن، داخستنی دەرگـای کارگـەکان نـەك هەر گوێ و هۆشی کرێکارانی کـردەوە بـۆ داواکردنـی سەرپەرشـتی کردنـی پیـشەسازی، بەڵکو هانی دان بـۆ ئـەوەی ئەمـەش بەپێوویـست بـزانن کـە دەبـێ مـافی بـەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی کارگەکان بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە. ئەم دەرەنجامـەش بەشـێوەیەکی سروشتی دێتە بەرچاو، لەو ڕوانگەیەوە کە زۆربەی کارگە تایبەتییەکان خرابوونە خزمەتی جەنگـەوە، لـەپاڵ ئەمانەشـدا دامودەزگـای حکـومی هـەبوون لەشـێوەی ئەمانـە، هـەر لەهاوینی ساڵی (١٩١٧)ەوە وەفدی کرێکـاران گەیـشتنە پایتـەخت، کـە لەسەرانـسەری ڕوسیاوە هاتبوون و داوایان دەکرد کارگەکان بخرێنە ژێـر دەسـەڵاتی گەنجینـەی وڵاتـەوە، چـونکە خـاوەن بەشـەکانی کارگـەکان وەسـتابوونەوە لەدانـەوەی بەشـە بەرکـەوتی دراوی خۆیان، بەڵام حکومەت گوێی خۆی لـێکەڕکرد، تاکو ئەو قسانە نەبیستـێ، وا پێویست بوو حکومەت بەم زوانە بگۆڕدرێ بەڵام تەوفیقییەکان لەگەڵ گۆڕینی حکومەت نـەبوون، بۆیـە کرێکـارانیش ئاراسـتەی خەباتەکـەیان ڕاسـتەوخۆ گـۆڕی بـۆ بەگژاچـوونەوەی تەوفیقییەکان.

کارگـەی (بۆتیلـۆف) کـە (٤٠) هـەزار کرێکـار لـەخۆی دەگـرێ و وەك قەڵایـەکی سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان دەهاتە بەرچاو لەمانگە سـەرەتاییەکانی شۆڕشـدا، بـەڵام خەڵکە جۆراو جۆرەکانی ئەم کارگەیە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەرگری بەڵـشەفییەکانیان نەکرد دەتوانین بڵێین لەزۆربـەی سـەکردایەتیکردنی هێرشـەکاندا (فۆلۆدارسـکی) بـەدی

[٢٥٤] برۆنز: جۆرە کانزایەکی بەنرخە.





دەکرا، کە بەرگدرویەکی جولەکە بوو، چەند ساڵێك لەئەمریکادا ژیا بوو، دەیتـوانی زۆر بەڕەوانی بەزمانی ئینگلیزی قسە بکات، نـاودارو وتاربێـژێکی جـەماوەری بـوو لـەجۆرو شێوگی یەکەم (طراز الأول) کەسێکی لۆژیکی و داهێنەرو بوێر بوو، دیالەکتیکی زمانە ئینگلیزییەکەی تایبەتمەندییەکی دیکەی بەدەنگەکەی بەخشیبوو، ئەم دەنگە زۆر بەڕوونی لەناوکۆبوونەوەی هەزاران کەسدا دەنگی دەدایەوە، (مینییتشیف)ی کرێکار دەگێڕێتـەوە دەڵـێ: "هـەر لـەو کاتـەوە کـە فۆلۆدارسـکی لـەدائیرەی نارفـاو لەکارگـەی (بۆتیلـۆف) دەرکەوت، زەوی کەوتە لەرزە لەژێر پێی گەورە سۆسیالیستەـ شۆڕشـگێڕەکان، لـەماوەی دوو مانگـدا کرێکـارانی (بۆتیلـۆف) شـوێن بەڵـشەفییەکان کـەوتن" خۆنیـشاندان و کودەتاکان گەرموگوڕتر بوون، هەروەها ململانـێ چینایەتییەکانیش زیاتر بوون بـەهۆی زیادبوونی دەسەڵاتی شێوە میکانیزمیانەی بەڵشەفییەکانەوە.

تا هەڵوێستە کە زیاتر پەیوەندی بەزیندە هەڵوێستی کرێکارانـەوە بوایـە، کرێکـاران خۆیـان لەپـشتیەوە بـشارنەوە، ئەمانـە زۆر بـەڕوونی شـتەکان دەڵـێن و هـیچ کـام لەئامانجەکانیان ناشارنەوە، دەکرێ پشتیان پـێ ببەسـترێ، لـەکاتی ناکۆکییەکانیـشدا، کرێکـارە سـەر بـەخۆکان و سۆسیالیـستە ـ شۆڕشـگێڕەکان و مەنـشەفییەکان هێرشـیان دەکردە سـەر بەڵـشەفییەکان، ئەمـەش ڕاڤەیەکـە بـۆ ئـەو ڕووداوی گواسـتنەوەی لیژنـەی کارگەکان بۆ ژێردەسەڵاتی بەڵشەفییەکان، ئەو لیژنانەی سەرکردایەتی خـەباتیان دەکـرد لەپێناوی مانەوەی دامو دەزگاکانی دژی کاولکردنی ئیدارەی خـاوەن موڵـك و ئاغاکـان بەرلـەوەی ئەنجومـەنی سـۆڤیەتات بدرێتـە دەسـت بەڵـشەفییەکان ـ بەماوەیـەکی زۆر ـ لـەکۆنگرەی لیژنـەکانی کارگـەکانی پترۆگـرادو دەوروبەریـدا، کـە لـەیۆنیۆ(حـوزەیران) دەبەسترا، لەکۆی(٤٢١) دەنگ (٣٣٥) دەنگ پشتیگیریان لەبڕیارەکـەی بەڵـشەفییەکان کرد ئەم ڕووداوە تێپەڕی بێ ئەوەی ڕۆژنامـەگەریی گەورە بە تەنها یەك و شـەش نـاڕەزایی خۆیان دەربڕن، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ڕووداوە مانای ئەوەیە کە پرۆلیتاریای پترۆگـراد، کـە کـاتی تـەواوی لەبەردەسـتدا نـەبوو تـاکو پەیوەندییـەکانی خـۆی لەگـەڵ تەوفیقییـەکان دابپچڕێنـێ، بەشێوەیەکی کردەوەیی هاتە پاڵ بەڵشەفییەکان لـەو مەسـەلە بنەڕەتیانـەدا کە پەیوەندیان بە ژیانی ئابورییەوە هەیە.

لەکۆنگرەی سەندیکاکاندا کە لەیۆنیۆ(حوزەیران)دا بەسترا، لەپترۆگراددا زیاتر لە(٥٠) سەندیکا هەبوو، ژمارەی ئەندامەکانیشیان لە(٢٥٠) هەزار کەس تێپەڕی کردبوو، سەندیکای کرێکارانی کانزاکان نزیکەی (١٠٠) هەزار کرێکار بوون، تەنها لەماوەی مانگی ئایاردا ژمارەکەیان دوو هێند بوو، دەسەڵاتی زۆرینەی بەڵشەفییەکان بەخێرایی زیادی دەکرد.

بەڵشەفەفییەکان لەهەموو هەڵبژاردنە بەشییەکاندا کە لەئەنجومەنەکانی سۆڤیەتاتدا کران سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، لە(١)ی یۆنیۆ (حوزەیران)دا ژمارەی بەڵشەفییەکانی سۆڤیەتاتی مۆسکۆ (٢٠٦) ئەندام بوو بەرانبەر بە(١٧٢) ئەندامی مەنشەفیو (١١٠)ی سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕ، هەمان گۆڕانکاری لەناوچەکانیشدا ڕوویاندا، گەچی بەشێوەیەکی خاوتر بوون، ژمارەی ئەندامانی حیزبیش بەخێرایی لەزیاد بووندابوون، لەکۆتایی (ئیپریل) نیساندا ڕێکخستنی بەڵشەفی لەپترۆگرددا گەیشتبووە نزیکەی (١٥) هەزار ئەندامو لەکۆتایی یۆنیۆ (حوزەیران)دا گەیشتە زیاتر لە (٣٢) هەزار.

لەم کاتەشدا بەڵشەفییەکان خاوەنی زۆرینەی لقە کرێکاریەکانی سۆڤیەت پترۆگرادبون، بەڵام لەو دانیشتنانەیاندا کە ئەنجامیان دەدان لەگەڵ هەردوو لقی (کرێکاران+ سەربازان)و دەپوکانەوە لەژێر گوشاری نوێنەرە سەربازییەکاندا، ڕۆژنامەی (پرافدا) بەردەوام سووربوو لەسەر داوای خۆی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێ، (٥٠٠) هەزار کرێکار لەپترۆگراد نوێنەرایەتیان دەکرد لەئەنجومەنی سۆڤیەت بە ژمارەیەك نوێنەر کە (٤) هێند کەم تر بوون لەنوێنەرانی کەسانی سەر بە حامیە، کە ژمارەیان لە(١٥) هەزار کەس تێپەڕی نەدەکرد))

(لینین)یش لەو کۆنگرەی سۆڤیەتاتەی لەیۆنیۆ (حوزەیران)دا بەسترا داوای گرتنەبەری ڕێو شوێنی پێویستی دەکرد بۆ بەرگریکردنو ڕێگرتن لەکردەوە تالانییەکانو داخستنی کارگەکانو تێك چوونی هاوسەنگی باری ئابووری، ئەو کردەوە خراپانەی کە پیشەوەرانو خاوەن بانکەکان ڕێکیان خستبوون، ناوبراو لەم کۆنگرەیەدا گوتی: "قازانجی ئەم گەورە سەرمایەدارانە بدۆزنەوە، (٥٠) یان (١٠٠) کەس





لەملیۆنێرەکانیان بگرن، بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك زیندانییان بکەن، فرمانیان بەسەردا جێبەجێ بکەن ئەگەر پێویست بوو، بە بەزەیی بن لەگەڵیاندا، وەك ئەو ڕژێمی سزادانەی بەمیهرەبانیەوە بەسەر بنەماڵەی (ڕۆمانۆف)و (نیفۆلا)دا جێبەجێ کرا، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی کە بیبێنزرێن لەسەر هەوڵەکانیان بۆ کوشتارو فێڵو تەڵەکەکانیانو عەقڵییەتە ساویلکانەکەیانو ساویلکەیی بازرگانیانەیان کە پڕە لەچاوچنۆکیو ئەم کارانەشیان بە ملیۆنەها دراو لەسەر وڵاتەکەمان کەوتووە، تەنانەت لەسایەی حکومەتی تازەشدا)). سەرکردەکانی سۆڤیەت ئەم پێشنیارەی (لینین) یان بەشتێکی زۆر خراپو نالەبار دانا، لەسەر ئەو قسانەی پێیان دەگوت: "ئایا دەکرێ یاسا ئابورییەکان ڕاست بکرێنەوە، بەڕێگەی ئەنجامدانی کاری توندوتیژی دژی ئەمانە، یاخود ئەو سەرمایەدارانە؟))، پڕکردنەوەو دارشتنەوەو چاکسازی کردنی یاساکان بەلای پیشەوەرانەوەو بەمەبەستی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەوپەڕی کودەتاو دەست تێوەردانەوە بۆ ئەوان ڕەوا بوو، وەك شتێکی زۆر ئاسایی وابوو، وە (کرنسکی) سێڵاوی ڕەقوقینی خۆی بە (لینین) رشت، کەچی هەر دوای یەك مانگ خۆیشی هیچ دوو دڵ نەبوو لەگرتنی چەند هەزار کەسێك لەو کرێکارانەی کە ڕازی نەبوون لەگەڵ پیشەواراندا ڕێك بکەون سەبارەت بەئاراستەی ((یاساکانی ژیانی ئابوری))

پەیوەندی نێوان سیاسەتمەدارانو کەسانی بواری ئابوری دەرکەوت، ئەو دەوڵەتەی کە جاری جاران بەشێوەی سۆفیانە ڕەفتاری دەکردو لەسەر ئەو ڕێگەیە ڕاهاتبوو، هەوڵی دەدا شێوازی خۆی بە جۆرێکی تر بگۆڕێ، زۆربەی جارانیش پشتی دەبەست بەشێوە زۆر بەرابییەکان واتە هێزی مەفرەزە چەکدارەکان، لەسەرانسەری جێگەو شوێنە جیاجیاکانی وڵاتدا کرێکاران کەوتنە بەر بەزۆرو تۆبزی بردنیان بۆ ئەنجومەنەکانی سۆڤیەتات، یان لەلایەن خۆیانەوە خاوەن کارەکانیان زیندانی دەکرد چونکە ئەو تەنازولاتانەیان ڕەت کردبووەوە، یان بەشداری بوون لەڕێکەوتن لەگەڵیاندا، سەیرنییە کە میلیشیای چەکدارانەی کرێکاران بکرێتە ئامانجی ڕەشبگیری تایبەتی لەلایەن چینە خاوەندارو ئاغاکانەوە ئەو بڕیارەی لیژنەی ڕاپەڕاندیش جێبەجێ نەکرا، کە دەقەکەی بەم شێوە داوای چەکدارکردنی ڕێژەی (١٠٪)ی کرێکارانی دەکرد بە شێوەی بەرایی، بەڵام

کرێکاران خۆیان سەرکەوتن لە بەدەست هێنانی هەندێ چەکدا، چەند کەسانێکی چالاکیان چوونە ناو ڕیزەکانی میلیشیاوە، سەرکردایەتی میلشیای چەکدارانیش لەبەردەستی لیژنە پیشەسازییەکاندا بوون، سەرکردایەتیکردنی لیژنە پیشەسازییەکانیش کەوتەوە دەستی بەلشەفییەکان، یەکێك لەکرێکارانی کارگەی (پۆستافشتشیك) لەمۆسکۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ((لەڕۆژی یەکی یۆنیۆدا حوزەیران)دا، کاتێك لیژنەی نوێی کارگەکە هەڵبژێردرا کە زۆربەیان بەلشەفی بوون، مەفرەزەیەکی پێکهاتوو لە (٨٠) کرێکار سازدراو کەوتنە مەشقو پەراوە کردن بەدارێك ـ لەجیاتی چەك ـ بەسەکردایەتی سەربازێکی دێرین کە ناوی هاوڕێ (لیفاکۆف) بوو، چونکە لەو کاتەدا چەکمان دەست نەکەوتبوو.)

ڕۆژنامەوانی میلشیای بەوە تاوانبار دەکرد کە کاری توندو تیژ دەکاتو دەست بەسەر کەلو پەلی ئەمو ئەودا دەگرێو خەڵکی دەگرێتو ئازاردەدات، ئەوەی گومانیشی تێدانییە ئەوەیە کە میلشیا لەخزمەتی زەبرو زەنگ دابوو، بگرە لەبنەڕەتیشدا هەر بۆ ئەوە دروست کرابوو، تاوانەکەیشی ئەوە بوو کە ڕێی توندوتیژی دەگرتەبەر دژی نوێنەرانی ئەو چینەی لەگەڵ گرفتو ناڕەحەتییەکانی ڕانەهاتووەو ناشیەوێ لەگەڵیدا خۆی ڕابهێنێ.

لە(٢٣)ی یۆنیۆ(حوزەیران)دا کۆنگرەیەکی کرێکاریانە بەسترا لەکارگەی (بۆتیلۆف) کە ڕۆڵی سەرکردایەتی دەگێڕا لەخەباتکردندا لەپێناوی بەرزکردنەوەی کرێ، نوێنەرانی سۆڤیەتانی مەڵبەندی سەندیکاکانی فابریقەو کارگەکان بەشداریان لەو کۆنگرە داکرد، مەکتەبی مەڵبەندیی سەندیکاکانو (٧٣) کارگەش، کۆنگرەکە دانی بەوە دانا کە بەلشەفییەت کاریگەرییەکی باشی کردووەتە سەر بارودۆخو خۆنیشاندانی کارگەکان لەم کاتەداو لەم هەلومەرجە هەنوکەییەدا دەبێتە هۆی بەرپاکردنی ((جەنگێکی سیاسیانەی نارێكو پێکی کرێکارانی پترۆگراد))، لەسەر ئەم بناغەیەش کرێکارانی (بۆتیلۆف) پێشنیاری ڕق خواردنەوەی سەعیانەیان خستەڕوو لەگەڵ ئامادەکردنی هێزەکانیان بۆ کارێکی گشتی.





لەدەمەو تەواوبوونی کۆنگرە گرنگەکەدا، مەفرەزەو بەری بەلشەفییەکان ئەم ئاگادارکردنەوەیان دابووە ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن: ((بەرەیەك کە پێکهاتبێ لە (٤٠) هەزار کەسو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەزیاد بونیشدا بێت، لەتوانایدا هەیە کە هەستێ بە خۆنیشاندانو بڕژێتە سەرشەقامەکان، ڕەنگە کەوتبێتە جمو جوولێش ئەگەر حیزبەکەمان ڕێگەیان پێدا بن، بەڵام هیچ شتێ زەمانی سەرکەوتنمان ناکات لەڕێگە پێنەدانیاندا، تەنانەت کرێکارانی (بۆتیلۆف) کەوتونەتە جووڵە، هیچ گومانیش لەم خاڵەدانییە کە دەبێتە مایەی وروژاندنی زۆرینەی کرێکارو سەربازان)).

سەرکردەکانی لیژنەی ڕاپەڕاندن لەم جۆرە ئاگادار کردنەوانەدا جۆرە دیماگۆجییەتێکیان دەبینی، یان گوێی خۆیان لێ کەڕدەکردنو دەیانەویست بێدەنگی خۆیان ڕابگرن، ئەم کەسانە دوای ئەوەی بەدلەی کاریان دانا بوو، بەهۆی خەباتی سەربازو کرێکارانەوە بوو بوونە کەسایەتی خاوەن دەسەڵات لەخۆیان بایی بوو بوون، تەنها بەلشەفییەکان مابوونەوە کە نەیاندەویست بەبێ بەشداریو ئاگاداری سەربازو کرێکاران هیچ کارێکی سەربەخۆ بکەن. بەڵام کەفوکوڵی قینوتوڕەیی جەماوەر گەلێك جار بەلشەفییەکانیشی دەگرتەوە.

ئاژاوە گێڕەکان لەکارگەو کەشتیگەلەکاندا دەرکەوتنو پەیدا بوون، سیفەتی ئەندامێتیانو پەیوەندییان بەحیزبەوە دەرنەدەخست، هەروەکو دوای هەموو کارێکی گەورە هەروایان دەکرد، بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر نکولی کردنو سووربوونیشیان لەسەر ئەوەی کە نایانەوێ دەسەڵاتی دەوڵەت بگرنە ئەستۆ، لەزیادبوندا بوو لەگەڵ زیادترکەمبوونەوەی تێگەیشتنیان لەبایەخی ئەنجومەنی سۆڤیەتات، وەك دەزگایەکی دەوڵەتی نوێ، بەڵام پارێزگاریان لەبێ دەنگی دەکردو بێ دەنگ دەبوون لەکاتی دوچار بوونی دەوڵەتدا بەمەسەلەیەکی سووربوون لەسەر نیشاندانی سەر بەقولی خودی خۆیان لەبواری کودەتاییە دانراوەکەدا ـ کە پێشتر دانرابووـ خنکاندنی بارودۆخی ئابوری دروست بوو لەگەڵ گێڕەکاندا، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەمان دەستەوەستان بوون لەحیسابکردنی تەرازووی هێزەکاندا بەسەر هەموو ئاستە نیشتمانییەکانیدا ئامادەش بوون بۆ هەر بۆکسێکی کوشندە، لەڕوانگەی ئەم هەموو شتانەوە ئاژاوەگێڕەکان

بەلشەفییەکانیان بەوە تاوانبار دەکرد کە ترسنۆکن‌و دڵیان لێ دەدات بۆ سوڵح کردن لەگەڵ تەوفیقییەکاندا، بەزۆری بەو قسەو باسانە وازیان دەهێناو ناو بەناو ناکۆکیشی لێ دەکەوتەوە، بەرپەچدانەوەی جەماوەریش بەو خۆنیشاندانانەی ئاژاوە گێڕەکان هەندێ جار ڕێ خۆشکەر بوو بۆ بەلشەفییەکان تاکو پلەی پاڵەپەستۆی هەڵمی شۆڕشگێڕانە بپێون.

*　*　*

دوای تێپەر بوونی (١٥) ڕۆژ بەسەرگەڕانەوەی "لینین" دڵو لەژێر کاریگەری پاڵنەری نیشتمانی داهاتوودا لەهەموو لایەکەوە ئەو دەریاوانانە کەوتنە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی گەڕانەوەی ناوبراوو گەیشتنی بۆ وێستگەی (فنلەندە)و دەیانگوت: ((ئەگەر ڤینی ئێمە دەبوو، لەجیاتی هاواری پڕ لەجۆش‌و خرۆشمان، لەبەردەمی خۆیشیدا پێمان دەگوت: بڕوخێ...! بگەڕێرەوە بۆ ئەو وڵاتەی تۆی بۆ ئێمە ناردوە..!)) سۆڤیەتاتی سەربازان لەدوورگەی (قەرم) بەردەوام بوون لەهەڕەشەکردنی گەڕانەوەی (لینین) بۆ ئەم نیمچە دورگە نیشتمانییە بەزەبری چەك، گەرچی (لینین) بەکردەوە لەدڵیانەبوو سەردانی ئەوێ بکات، فەوجی (فۆهلینی) بڕیاریدا "لینین" دەستگیر بکات، لەکاتێکدا ئەم فەوجە پشتگیری لەشۆڕشی (٢٧)ی فێبرایریش کردبوو، بەنیاز بوو ناوبراو بگرێ لەناو شەپۆلی ئەو خەڵکە زۆرەی ئاپۆرەیان دابوو، ئەمەش بەرادەیەك مەترسیدار بوو کە لیژنەی ئەم بارودۆخانە ئەو بیرۆکەیان بە تەواوەتی بن بڕ نەکردبوو، بیرۆکەکە هەرمابوو هەتا بەرپابوونی هێرشی یۆنیۆ (حوزەیران) ئەنجام درا، دیسانەوە سەر لەنوێ بیرۆکەکە بوژایەوە، دوای ڕۆژگارەکانی یۆنیۆ(تەموز) لەهەمان کاتدا، سەربازان لەشوێنەکانی خۆیاندا نەمابوون‌و لەکەرتە دورەکانی بەرەکانی جەنگدا بوون‌و بەنیمچە ئازادی‌و بوێریەوەو بە زمانی بەلشەفییەت قسەیان دەکردو دەدوان بەبێ ئەوەی هیچ دوو دڵ بن، لەزوربەی کاتەکاندا.

بەلشەفییەکانی ناو فەوجەکان یەك بەیەك‌و دانە بەدانە دەژمێردران، کەچی دروشمەکانی بەلشەفییەت بەقوڵی دەدرەوشانەوەو ئامانجەکان دەهاتنەدی، ئەم دروشمانەش بەشێوەیەکی هەرەمەکی لەشوێن‌و جێگە جۆراو جۆرەکانی وڵاتدا لەدایك دەبوون،





چاودێرە لیبراڵییەکان لەناو ئەم هەموو شتانەدا، تەنها ئاژاوەو پشێویان دەبینی، ڕۆژنامەی(ریتش) لەو کاتەدا نووسیبووی: (وڵاتەکەمان گۆڕاوە بۆ نەخۆشخانەی شێتخانە، چونکە بێ ئەقڵ‌و دواکەوتووەکان فرمان دەکەن‌و کاروباری وڵات بەڕێوەدەبەن، هاوکات ئەوانەی عەقڵی خۆیان لەدەست نەداوە، ڕادەکەن‌و دووردەکەونەوەو واقیان وڕدەمێنێ‌و خۆیان بەدیوارەکانەوە دەنوسێنن)). هەر لەشێوەی ئەم جۆرە دەربڕینانە کوتومت (میانڕەوەکان)یش هەر قسەو باسی لەو جۆرانەیان دەکردن دەربارەی خۆیان لەهەموو شۆڕشەکاندا، ڕۆژنامەوانی تەوفیقییەکانیش، شانازیان بەو قسەیەوە دەکرد کە سەربازان، وێڕای هەموو ناکۆکییەکان، نایانەوێ هیچ شتێ بزانن دەربارەی بەلشەفییەت، هەر چەندە بەلشەفییەتی نەستی (البلشفية اللاشعورية)ی جەماوەر کە لۆژیکی پەرەسەندنی تێدا ڕەنگی دابووەوە بووبووە مایەی پێکهێنانی هێزێکی ئەوتۆ کە حیزبی (لینین) بۆی دابین نەدەکرا.

(بیرئیکۆ)ی سەرباز دەگێڕێتەوەو دەڵێ. سەرکەوتوانی هەڵبژاردن لەناوبەرەی سوپادا، لەکۆنگرەی سۆڤیەتاتدا دوای سێ ڕۆژ لەگفتوگۆو قسەوباس ـ کە لەسۆسیالیستە ـ شۆڕەشگێڕەکان بوون بەتەنها بەڵام نوێنەرانی سەربازان وێڕای نارەزایی سەرکردەکانیش بڕیارێکی بە پەلەیان دەرکرد، کە دەقەکەی دەڵێ: پێویستە بەبێ ڕاوەستان‌و چاوەڕوانی زەوی‌و زاری ئاغاکان داگیر بکرێ‌و چی دی چاوەڕوانی کۆنگرەی ئەنجومەنی دامەزرێنەران نەکرێ))، ئەمانە لەو مەسەلانەدا کە پەیوەنددارن بەسەربازانەوە هەڵوێستێکی زۆر چەپڕەوانەیان وەردەگرت، کە زۆر چەپ ڕەوانەتر بوو لەهەڵوێستی توندڕەوترین بەلشەفی))، ئەمەش کوتومت مەبەستەکەی (لینین)ە کە گوتی: (جەماوەر سەد هێند زیاتر لەئێمە چەپ ڕەوترە).

یەکێك لەئێشکەرو کارمەندەکانی نوسینی تابلۆی یەکێك لەوەرشەکانی ماتۆڕ وەك یەکێك لەفەرماندە حکومەتییەکانی (تۆرید) دەڵێ، گەلێك جار دیومە سەربازان جنێویان بە بەلشەفییەکان دەگوت. دوای ئەوەی ڕۆژنامەیەکی بۆرجوازییان دەخوێندەوە، ئینجا دەچوونە سەرباسی دیالەکتیکی بێزەنتی‌و قسەی دورودرێژو بێزار کە دەربارەی پێویستی کۆتایی هێنان بە جەنگ‌و دەست بەسەر داگرتنی زەوی‌و زاری دەرەبەگ‌و

کتێبی بیروهۆشیاری

ئاغاکان ئائامانە هەمان ئەوکەسە نیشتمانیانە بوون کە سوێندیان خوارد بوو کە ڕێ بگرن لەچوونی (لینین) بۆ نیمچە دورگەی (قەرم).

سەربازانی حامییە نایابو ڕازاوەکانیش لەبەرەی دواوەی جەنگدا دەتوانەوەو دەبوونە کەڵەکەیەك لەخۆڵو خاشاك لەجێی خۆیاندا، کۆمەڵ کۆمەڵی خەڵك بەدی دەکران لەوکرێکارانەی لەسەر کارلاچووبوونو بەترسو دوروییەوە چاوەڕوانی گۆڕانی بارودۆخی خۆیاینان دەکرد، ئەم کۆمەڵگەراییەش جۆرە تورەبونو گرژییەکی دروست کردبوو، وەك ناسنامەی بێزاری خۆیان وابوو لەسەر شەقامەکانو ڕایاندەکرد سواری پاسەکان دەبوون و دادەبەزینەوە ـ وەکوشێت بەشێوەیەکی بەردەوام، ئیتر گیرفانیان بەتاڵ دەبووەوە لەو دەنکە گوڵە بەرۆژانەی کە پێیان بوو، ئەم کارەشیان لەلا بووبوو بەجۆرە پەتایەك، سەربازم دەبینی کە قەمسەڵەکەی بەشێوەیەکی بێ موبالاتانە دەدا بەسەر لایەکی شانیداو تۆێکڵی گوڵەبەڕۆژەی خوارد بەلێوەکانییەوە نوسابوون، ئەم دیمەنانە بەلای ڕۆژنامەگەریی بۆرجوازییەوە دیمەنێکی زۆر بێزراوو ناشرین بوون، ئەمە هەر ئەو سەربازەیە کە لەکاتی جەنگدا ماستاویان بۆدەکردو بەسەریاندا هەڵدەداو وەکو پاڵەوان ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکردن، کەچی ئەم هەموو ڕێزە نەبوو بەمایەی ئەوەی کە قامچی بارانی نەکەن لەناوبەرەکانی جەنگدا، بەم جۆرە ئەو سەربازانەی لەپلەی بەرزو بالاّدا وەك پاڵەوان تەماشادەکرد، لەناکاو بوو بەکەسێکی ترسنۆكو ناپاكو وڵات فرۆشو توندڕەوو بووبە هۆکارێك کە ئەڵمانیا بۆ حسباتی خۆی کڕیبویەوە، لەڕاستیدا هیچ سیفەتێکی خراپ نەماوەکە ڕۆژنامەگەری نیشتمانی پشتگیری نەکردبێ لە سەر بازان و دەریاوانە ڕوسەکاندا.

لیژنەی ڕاپەڕاندن، جگە لەپاکانەکردنی هەڵوێستی خۆیو بەرەنگاربوونەوەی ئاژاوەگێڕیو سەرکوتکردنی کردەوەی توندوتیژیو ڕەوانەکردنی بەڵگەنامەکانی لێپێچانەوەی دادگاییو چاوترسێن کردن بەولاوە هیچی تری نەدەکرد، کاتێکیش لە(تساریتزین) پرسیارکرا سەبارەت بەئاژاوەگێڕێتی بەڵشەفییەت، لەلایەن مەڵبەندەوە دەربارەی بارودۆخ ناوبراو بەیەك ڕستەی کورت وەڵامی دایەوەو دەیگوت: ((هەتاکو حامیە بەرەولای چەپ بڕوات، بۆرجوازییەت بەلای ڕاستدا دەڕوات))، دەکرێ ئەم قسەیەی سەرۆکی سۆڤیەت گشتگیر بکرێ بەسەر سەرانسەری وڵاتدا، سەرباز بەلای چەپداو بۆرجوازییەت بەلای ڕاستدا.

هەرسەربازێك بەشێوەیەکی ئازایانەو بوێرانەتر لەسەر بازەکانی تر ناخی خۆی دەربڕیبایەو ڕەخنەی بگرتایەو قسەی هەبوایە، یەکسەر لەلایەن گەورەکانییەوە وەك بەڵشەفی یەك تەماشادەکراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا.

پاشان مەسەلەکە دەگەیشتە ئەو ئاستەی کە ئەو ـ سەربازە ـ هەر بەڵشەفییە، مەسەلەی بیرکردنەوەی سەربازان لە باسو خواسی ئاشتیو زەوییەوە گۆڕا بۆ مەسەلەی دەسەڵات، دەنگدانەوەی ئەم دروشمە بەڵشەفییانەش، یان ئەوانی دیکە بوونە سۆزداریەکی هۆشیارانە لەگەڵ حیزبی بەڵشەفیدا، لەماوەی (٢) مانگدا باری هزری فەوجی(فۆلهینی) گۆڕا، کە پێشتر ئامادەبوو بۆ دەستگیرکردنی ((لینین)) لەئیپریل(نیسان)دا، ئاراستەی بیروهزریان بە بەرژەوەندی بەڵشەفییەت تەواو بوو، هەمان شت لەفەوجی(جاگرسکی)ی قەناسەو فەوجی(لیتوانی)دا ڕوویدا.

حوکمی ڕەها فەوجە لیتوانییەکانی قەناسەی گرتەوە، بەئامانجی بەکارهێنانی ڕقوقینی جوتیارە خاوەن زەوییە بچوکوکانو کرێکارە کشتوکاڵیەکان دژی بارۆنەکانی(لیفۆنیا) بەقازانجی جەنگ، فەوجەکان بەباشی دەجەنگان، بەلاّم گیانی دوژمنگارانەی نێوان چینەکان ـ ئەو دوژمنکارانەیەی کە خاوەنداریێتی دەیویست پشتی پێ ببەستێ بۆنە خشەکێشانی ڕێگەی تایبەتی خۆی ـ هەرمابوو، قەناسە لیتوانییەکان لەو پێشەنگانەبوون کە پەیوەندی خۆیان پچڕاند لەگەڵ خاوەنداریێتیو تەوفیقییەکان لەدواییدا. لە(١٧)ی مایۆ(ئایار)ەوە، (٨) فەوجی لیتوانی بەکۆی نیمچە دەنگ پشتیوانیان لەم دروشمەی بەڵشەفییەت کرد: ((هەموو دەسەڵات دەبێت بۆ سۆڤیەتان بێت)) ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لەڕەوتی ئایندەی شۆڕشدا.

سەربازێکی نەناسراوی بەرەکانی جەنگ نوسیبوی: ((ئەمڕۆ ڕێکەوتی (١٣)ی یۆنیۆ(حوزەیران) کۆبونەوەیەکی بچکۆلە لەمەفرەزەکەماندا گیراو دەربارەی (لینین) دواین، بەلاّم ئەفسەرەکان دەیانگوت کە (لینین) کەسێکی بۆرجوازی بەدە))،

ناوی(کرنسکی) دوای شکستی هێنانی هێرشه پڕلەکارەساتبارەکەی بوویەناوێکی بێزراو لەناو سوپادا تاڕادەیەکی زۆر.

لە(٢١)ی یۆنیۆ(حوزەیران) دا، (یۆنگرز) وەڵامی شەقامەکانی(بیترهۆڤ) یان دایەوە، کە لافیتەو ئاڵایەکیان بەرزکردبوەوە لێیان نووسرابوو: ((بڕوخێ سیخوڕەکان...!))، ((بژی کرنسکی و بڕۆسیلۆف))، بێگومان(یۆنگرزەکان) لایەنگری(برۆ سیلۆف) بوون، کەتیبەی(٤) هێرشیان کردە سەر(یۆنگرزەکان)و شکاندیانن‌و خۆنیشاندانەکەیان بڵاوەپێکرد، ئەو لافیتەیەی کە پشتگیری لە(کرنسکی) دەکرد لەهەموو لافیتەکانی تر زیاتر ڕقی ئەوانی هەستاندبوو.

هێرشکردنی یۆنیۆ(حوزەیران) بوو بەمایەی خێراترکردنی پەرەسەندنی سیاسیانە لەناو سوپادا تاڕادەیەکی زۆر، جەماوەرێتی بەڵشەفی زیادی کردو برەوی پەیدا کرد، چونکە تاکە حیزب بووکە دژی هێرشکردن ناڕازی بوو، بۆڕاستی دەیڵێین: ڕۆژنامە بەڵشەفییەکان زۆربە زەحمەت نەبوایە نەدەگەیشتنە ناوسوپاو دەستی سەربازان، لەبەر ئەوە ژمارەی تیراژەکەیشی کەم چاپ دەکرا، بە بەراورد لەگەڵ تیراژی ڕۆژنامە لیبڕاڵی‌و نیشتمانییەکانی تر بەگشتی، یەکێك لەسەربازان بۆ(مۆسکۆ) نوسیبووی: ((ئێمە لەهیچ شوێنی ڕۆژنامەکەتان نابینین، لەگەڵ ئەوەشدا سوودی لێ وەردەگرین لەڕێی قسەوباسەوە، ئەمان لێرە ئێمەیان نقوم کردووە بەڕۆژنامەی بێ بەرانبەرو بەلاش، ئەوان بەچەپکە لەبەرەکانی جەنگدا دەیبەخشنەوە..))، ڕۆژنامەگەری جەماوەرییەتێکی بۆ بەڵشەفییەکان دروست کردبوو، کە بەراورد نەدەکرا، چونکە بەڵشەفییەکانیان بەوەتاوانبارکردبوو کە لەپشتی هەموو ناڕەزایی دەربڕینێکەوەن کە چەوساوەکان بەرزی دەکەنەوە، لەگەڵ هەموو کردەوەیەکی دەست بەسەردا گرتنی زەوی‌و زارەکان‌و هەموو کارێکی تۆڵەسەندنەوە ئەفسەرە خراپەکان، و سەربازان لەم هەموو شتانەوە ئەوەیان دەست کەوتبووکە: بەڵشەفییەکان وەك کەسانێکی خاوەن ویژدان قسە دەکەن.

لەسەرەتای یۆلیۆ(تەموز) دا چاودێری سوپای دوازدە، ڕاپۆرتێکی دەربارەی بارودۆخی هزری سەربازان بەرز کردبووەوە بۆ(کرنسکی) و تیایدا نوسیبووی: ((لەدوایدا هەمووشتێ پشتیوانی لەوەزیرە بۆرجوازەکان‌و ئەو سۆڤیەتە دەکات کە بۆرجوازەکان





کڕیویانە، بەکورتی نازانرێ لەتاو ئەم جەماوەرە زۆرەدا چارەنوس بەکوێ دەگات‌و هیچ نابینرێ جگە لەو تاریکاییەی کوناودەر ناکرێ، و خەمبارم کە ئەرکی منە کە دان بەوەدا بنێم‌و پێت بڵێم: لەم ڕۆژانەی دوایدا ڕۆژنامەکان زۆر ناخوێنرێنەوە ـ بایەخیان نییە ـ خەڵکی زۆر سڵ لەوشەی نوسراو دەکەنەوە، بەردەوام ئەمەیان دەوێ: ((ئەمانە خۆیان ڕستەی زۆرجوان دەردەبڕن، ئەوان دەیانەوێ مێشکمان بئاخنن....)) ڕاپۆرتی چاودێرەکانی لەمانگە بەراییەکاندا بریتی بوون لەچیرۆکی بەسەرا هەڵدانی سوپای شۆڕشگێڕو هۆشیارییە مەزنەکەی‌و گوێ رایەڵی‌و ڕێك و پێکی یەکەی، بەڵام کاتێ سوپا متمانەی خۆی لە وتارخوێن‌و پڕوپاگەندەچییە حکومییەکان کێشایەوە، دوای چوار مانگ نائومێدی بەردەوام، هەمان چاودێرو کاربەدەستان خۆیان بۆیان دەرکەوت ئەوسوپایەی ئەوان زێدە گۆیی دەکەن لەپیاهەڵدانیدا بریتییە لە ((تاریکستانێك کە کوناودەر ناکرێت)).

هەتا حامیە بەرەو چەپ بڕوات، بۆرجوازییەت بەرەولای ڕاست دەڕوات، و لەپترۆگرادداو لەژێر گوشاری هێرشی یەکانگیری دژە شۆڕشەکاندا چەکەرەی کرد، هەر وەکو چۆن ڕووەکە مشەخۆرەکان[٢٥٥] لەدوای لێزمەباران چەکەرە دەکەن‌و گەشە دەکەن‌و ناوی زەنگین‌و خۆش خۆشی لەخۆی نابوو، هەریەکە لەو ناوانە بەسەر ئەوانی تردا خۆی دەنواند یەکگرتن لەپێناوی شەرەفی وڵاتدا، یەکگرتن پێویستییەکی سەربازیانەیە، کەتیبەی ئازادی، ڕێکخستنی ئازارو دلێرەکان‌و .... هتد. هەموو جۆرە چاوچنۆکییەکانی چینی ئاغایان‌و ئەفسەران‌و بیرۆکراتی‌و بۆرجوازەکان لەودیو ئەم ناوانەو لەژێر ئەم ئاڵایانەدا شارابوونەوە. یەکێتی سوار چاکەکانی قەشە (جۆرج) یان فیرقەی خۆبەخشەکان، شانەی ئامادەکراوبوون بۆ کودەتایەکی سەربازی، دەروازەکانی باڵێوزخانەکانی وڵاتانی هاوپەیمان لەسەر پشت بوون بۆ سوارچاك‌و جاشەکانی (شەرەف)و(ئازایەتی) کە کرێکاربوون بەسیفەتی دوو هاوڵاتی لەجۆش‌و خرۆش‌و پەرۆش، هەروەها ئەم نەبەردانە....! ناوبەناو هاوکاری‌و یارمەتی حکومەتیشیان پێ دەگەیشت، کە حکومەت پێشتر هاوکاری لەجۆرەی ئەنجومەنی سۆڤیەتات ڕەت

(٢٥٥) ڕووەکە مشەخۆرەکان: النباتات الطفيلية

کردبووەوە، چونکە بە((ڕێکخستنێکی تایبەت)) لەقەڵەمی دابوو، و یەکێك لەنەوەکانی (سۆفۆرین)ی پاشای ڕۆژنامەگەری(ئەلمانگایا گازیتا) ـ کە ئەم ڕۆژنامەیەش بانگەشەی بۆ هێنانە سەرکاری دیکتاتۆریەتێکی پۆڵایین دەکرد، بەوسیفەتەی کە ڕۆژنامەیە کە زمانحاڵی ((سۆسیالیستییەتی سەربەخۆ))یەو میر(کۆڵشتاك)ی هەڵبژاردبوو بۆ ئەو پلەوپایەیە، ڕۆژنامەکە زۆر بەتوندی هەموو هۆکارێکی گرتبووە بەر بۆ پەیداکردنی جەماوەر بۆ(کۆڵشتاك) بێ ئەوەی خاڵ لەسەر پیت دابنێ‌و وردیان بکاتەوە، ئەوەی لەدوایشدا ڕوویدا بۆ ئەمیراڵی سەلماند کە نەخشەیەکی بەرفراوان لەئارادا بووە هەر لەسەرەتای هاوینی(١٩١٧)ەو ناوی ئەوی پێوە لکێنراوەو لەپشتی ئەویشەوە چەند دائیرەیەك هەبوون کە دەسەڵاتیان هەبوو، لەودیو خودی(سۆفۆرین) خۆیەوە.

(کۆنەپەرستی)ش خۆنیشاندانی کرد بۆ ئەوەی دەری بخات کە تێسرەواندنەکانی دژی((لینینی یەکان)) بێت، جگە لەچەند هێرشێکی تری لەناکاو کە بەم شێوەیە مەرج بەندکراون بەحسابێکی تەکتیکیانەی سادەو وای لێهات کە ناوی(بەڵشەفییەت) بەلای ئەوە وە بووبەهاو واتای(ناپاکی‌و خەیانەت) هەروەکو چۆن سەرکردەکانی سوپای قەیسەر بەرپرسیارێتی گەندەڵی خۆیان‌و دەست چوونی دەسەڵاتی خۆیان دەخستە ئەستۆی سیخوڕە ئەڵمانییەکان‌و جولەکەکان بەتایبەتی، هەموو تاوانێکی تێکڕوخان‌و تیاچوون خرایە ئەستۆی بەڵشەفی یەکان، دوای شکستهێنانی هێرشی یۆنیۆ(حوزەیران) وە دیموکراتییەکانیش ـ لەنمونەی (کرنسکی)و (تسیریتلی) لەم بوارەدا بەتەواوەتی لەلیبراڵییەکانی هاوشێوەی (میلیۆکۆف) جیادەکرانەوە، نەك لەلایەنگرانی ڕژێمی مسکێنایەتی ئاشکرای هاوشێوەی وەك جەنەڕاڵ(دینیکین).

هەر وەکو بەردەوام هەروا بووە، کاتێك ململانێکان دەگەیشتنە چلە پۆپەو ساتی تەقینەوەکە هێشتا دیارنەبوو، کۆمەڵگەرایی هێزە سیاسیەکان دیسانەوە بەشێوەیەکی ڕوون‌و ئاشکراتر قوت دەبوونەوە، بەڵام بواری بایەخ دانەکەی سەبارەت بەمەسەلە دووەمییەکان بوو، و کۆسپدارانەبوو نەك لەبواری مەسەلە بناغەییەکاندا، لەم هەفتانەش دا قەڵای(کرۆنشتادت) یەکێك بوولە دژە هەورە بروسکەکانی ئارەزوبازی سیاسیانەو ئەم قەڵا دێوینەی کە وا پێویست بوو ببێتە قەڵایەکی پاراستنی گرنگ بۆ دەروازەکانی





هێزی دەریایی قەیسەرو پێش وەخت چەند جارێك ئاڵای ڕاپەڕینی بەرزکردبووەوە وێڕای سەرکوتکردنی دڕندانەی کەچی بڵێسەی شۆڕش لەم قەڵایەدا هەرگیز نەکوژایەوەو خامۆش نەکرا، بڵێسەی شۆڕشی لەژێر هەڕەشەدا هەر لەبڵاوبوونەوەدا بوو، دوای ڕاپەڕینە نیشتمانییەکەی فێبرایر(شوبات)و ناوی قەڵای دەریایی دواتر لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەگەری شۆڤێنی بوونە هاوواتای ناشرینترین دیمەنەکانی شۆڕش، واتا بەڵشەفییەت، لەڕاستیش دا سۆڤیەتی کرۆنشتادت هەرگیز نەبووبوو بە بەڵشەفی، ئەوە بوو لەمانگی(مایۆ) ئایاردا تەنها(١٠٧)کەسی بەڵشەفی تێدابوو لەبەرانبەر(١١٢) سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕو(٣٠) مەنشەفی‌و(٩٧) کەسی سەربەخۆ، کە ئەمانە سەرجەم ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەی سۆڤیەتاتی(کرۆنشتادت) بوون، بەڵام سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان‌و سەربەخۆکانی ئەوێ لەژێر گوشارێکی بەرزدا گوزەرانیان دەکرد، بۆیە زوربەیان لەمەسەلە گرنگەکاندا شوێن بەڵشەفییەکان دەکەوتنەوەو دوای ئەوان دەکەوتن.

دەریاوانەکانی(کرۆنشتادت) هەرگیز ئارەزوویان نەدەچوو بەلای موناوەراتی سیاسیدا لەمەیدانی سیاسەتدا، تاکە بیروبنەمایان ئەمە بوو: هێشتا قسەیان تەواو نەدەکرد، کە دەستیان بەپراکتیکەکردنی دەکرد، بۆیە جێگەی سەرسامی نییە کە ناچاربن ئەو ڕێگا کردارییانە بگرنەبەر کە زۆر سادەو ساکارو خۆش دەستن بەرانبەر حکومەتە شەبەنگییە. و لەڕۆژی(١٣)ی مایۆ(ئایار)دا سۆڤیەت ئەم بڕیارەیدا: ((تاکە دەسەڵاتی باڵادەست لە کرۆنشتادتدا بریتییە لە ئەنجومەنی سۆڤیەتات ـ نوێنەرانی کرێکاران‌و سەربازان ـ)).

وەدەرنانی(بیبیلیلئیف)ی چاودێری حکومەتی(کادیت) تێپەڕی بەبێ ئەوەی کە هیچ کەسێك لەقەڵاکەدا هەستی پێ بکات‌و پارێزگاری لەمانەوەی سستمی نمونەیی کرا، لەکاتێکدا ناوبراو ڕۆڵی تایەی پێنجەمی عەرەبانەی دەبینی... ! و یاری قومار لەشاردا قەدەغەکراو هەموو یانەکانی مەی فرۆشی‌و خواردەوە داخران، ئەنجومەنی سۆڤیەت بڕیارێکی دەرکرد کە قەدەغەیە خەڵکی بەسەر خۆشی بێنە دەرەوەو بەسەر شەقام‌و کۆڵانەکاندا بگەڕێن، لەبەرانبەر جێ بەجێ نەکردن‌و سەرپێچی کردنی ئەم بڕیارەشدا هەڕەشەی ئەوەی کرد کە هەرکەسێ جێ بەجێی نەکات ئەوا دەست بەسەرماڵ‌و

سامانەکەیدا دەگیرێو خۆیشی ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکرێ)). زیاتر لەجارێك ئەم بڕیارە پەیڕەوکرا.

هێزە دەریاوانەکان بازۆڵەیان گێڤ کردنەوە تاکو واخۆیان نیشان بدەن کە شایستەی شۆڕشەکەن، لەم ڕۆژانەشدا کە پەردە لادەدرێ لەسەر دەستپێکردنێکی نوێ وایان دەزانێ ئیتر خۆیان دەبنە سەرکردەو سەرگەورەی بوارەکان، دوای ئەوەی گەلێك نارەحەتیو کوێرەوەریان چەشتبوو بە دەست ڕژێمی ترسناکی قەیسەرو سوپای تۆقینەرو قەڵای دەریاییەوە. ئەمانە ئەوکەسانەبوون کە هەر لەسایەی ئەو ڕژێمە وا فێری کارو کردەوەی توندوتیژیو دڵ ڕەقانە بوو بوون، وەفێری قوربانی دانو سزاو ئازاردان بوو بوون، و زۆر بەپەرۆشەوە دەکەوتنە ناو دۆستو دوژمنانیانەوە لەپترۆگرادو بەنیمچە تۆبزیەکەوە پێشەنگیان دەکردنو بەرەو(کرۆنشتادت) یان دەبردن، تاکو بۆیان دەربخەن ئاخۆکێ دەریاوانی ڕەسەنو بەتوانان لەڕووی شۆڕشگێڕییەوە، و دیارە ڕاڕاییو شلۆقی تاسەربەم جۆرە درێژەی نابێ، کەچی لای ئەمان تاماوەیەکی زۆر هەر هەبوو.

دەریاوانانی(کرۆنشتادت) جۆرە رژێمێکی پاشکۆییان بۆ خۆیان دروست کرد، کە سەربە دەسەڵاتی شۆڕش بن، بەڵام بۆکام شۆڕش؟ ئەم رژێمە بەوچەشنە سەربەشۆڕش نەبوو، ئەو شۆڕشەی بەرجەستە بوو بوولە(تسیرتیلی) وەزیرو(بیبلیائیف)ی چاودێری،(کرۆنشتادت) خۆی راست کردبوەوە تاکو شۆڕشێکی نوێی ڕووبدات ـ بەم زووانە ـ لەبەر ئەوە ئەوکەسانەی سەربە قەڵایە بوون تاڕادەیەکی زۆر بێزراو تربوون لەهەموو ئەوکەسانەی ڕقیان لە شۆڕشی یەکەم دەبوەوە.

ڕۆژنامەگەری حکومی دەرکردنی(بیبیلیلئیف)ی بڵاوکردەوە لەقەڵاکە، ئەو دەرکردنە بێدەنگەی زۆر بەشێوەیەکی سەلامەت کراو کەسیش هەستی پێ نەکرد، وەك یاخی بوویەکی چەکدار دژی سەلامەتی وڵاتو حکومەت سکاڵایەکی بەرزکردەوە بۆ ئەنجومەنی سۆڤیەتو سۆڤیەتیش یەکسەر وەفدێکی دیاری کرد بۆکارتێکردنە سەردەریاوانەکان و ئامێدی دەستەڵاتی جووت روو کەوتەوە جووڵە، دوای ئەوەی بە تەواوەتی سڕبو بوو.





لە(٢٤)ی مایۆ(ئایار)دا سۆڤیەتی(کرۆنشتادت) ڕەزامەندی پێ درا کە(تسیرتیلی و سکۆبۆلیف) بەشداربکاتو لەسەر بنەمای داواکاریە زۆرو بەردەوامەکەی بەلشەفییەکان دان بەوەدانرا کە لەڕووی کرداریەوە ناچار ملکەچ بکات بۆ دەسەڵاتی حکومەتی کاتیی، چونکە دەسەڵاتی سۆڤیەتان بەتەواوەتی سەرانسەری وڵاتی نەگرتووەتەوە، گەرچی بەردەوامیشە لەوەدا کە ئەم دەسەڵاتە هەمووشوێنێك بگرێتەوە، وێڕای ئەمەشو هەر لەڕۆژی دواتردا: سۆڤیەتی کرۆنشتادت ئەم خۆبەدەستەوەدانەی ڕاگەیاند لەژێر گوشاری دەریاوانە قین لەدڵەکاندا وا دانی بەوەدانا کە وەزیرەکان تەنها ڕاڤەیەکی چەسپاوو نەگۆڕن، ئەم تێڕوانینی کرۆنشتادیان وەرگرتووە، کە ئەمیش هەر ڕاڤەیەکی چەسپاوو نەگۆڕیشە، ئەم ڕاگەیاندنەش هەڵەیەکی تەکنیکی بوو، بەهەرحاڵ هیچ شتێکی لەناخی خۆیدا حەشارنەدابوو جگەلە خاڵێك نەبێ، ئەویش خاڵی سەرەوەی شۆڕشگێڕانەبوو.

* * *

گەورە سەرکردەکان بڕیارندا کە ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە تاکو پەندو وانەیەکی باشی پیاوانی کرۆنشتادت دابدەنو هاوکات ناچاریان بکەن بیرێك لەو هەڵانەیان بکەنەوە کە پێشتر کردویانە، بێگومان(تسیرتیلی) داواکاری گشتی بوو، و سەربازانی کرۆنشتادت سزادران چونکە لەبورجەکانی قەڵاکەدا(٨) ئەفسەریان زیندانی کردبوو، دوای ئەوەی ئاماژە بە بەندیخانەکانی کرۆنشتادت کرابوو بە چەند تەعبیرێکی کاریگەرو سۆزدارانەو هەموو ڕۆژنامە هزریەکانیش پشتیوانی لێ کردبوو، لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆژنامەگەرێتی تەوفیقییەت ناچاربوو ـ واتە ڕۆژنامەی حکومی، کە دانبنێ بەوەدا کە ((گیراوەکان دزنو دەستدرێژیان کردووەتە سەر ماڵی گەنجینەو دەوڵەت))، ئەمانە کەسانێکن تا سەر ئێسقان خەریکی کاری تۆقاندنو توندوتیژی بوون، ڕۆژنامەی (ئەزفستیا)و ڕۆژنامەی نارەسمی (تسیرتیلی) دەربارەی ئەم مەسەلەیە نووسیبویان ((شایەتەکان وا دەردەخەن کە ئەمانە دانیان بەوە داناوە کە دەوریان هەبووە لەسەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٠٦ـ کە ئەو ئەفسەرانە کردیان کە ئێستا گیراون، هەروەها دانیان بەوەداناوە کە ڕیزی گوللەیان بەخەڵکەوە ناوەو خەڵکیان ئەشکەنجەداوە، تەقەیان لەو ئوتومبێلانە کردووە کە پڕبووە لەتەرمی ئەو کەسانەی لەژێر ئەشکەنجەدا مردوون. ئەو تەرمانەی فڕێ دەدرانە

دەریاوە، هەروەها دەربارەی گەلێك كاروكردەوەی توندو تیژو جۆراو جۆری تر، وە شایەتەكان ئەمانەیان بەچاوی خۆیان دیوە وەك هەر كارێكی ئاسایی تر...!»

پیاوانی سەربەكۆشكی كرۆنشتادت بەردەوام سوور بوون لەسەر تەسلیم كردنەوەی ئەو گیراوانە بەو حكومەتەی كە پیاوكوژو بریكارانی گەنجینەی سەر بەو چینە ئاغایانەی ماڵو سامانی دەوڵەتیان دزیووەو هێشتا نزیكترن لەحكومەتەوە وەك لەو دەریاوانانەی بڕیارو فەرمانی لەقەنارە دانیان بەسەرادرا بوو لەساڵی ١٩٠٦و چەند بۆنەیەكی تردا، قسەیەكی ڕێكەوت نەبوو كە (بیریسفیرسیف)ی وەزیری داد ـ كە دەربارەی سۆفانۆف بەئاشكراو ڕوونی قسەی كردبوو، و (سۆفانۆف) گوتبووی: «ئەو یەكێكە لە كەسە ترسنۆكەكان لەناو حكومەتی ئیئتیلافدا» و هەوڵیدا بۆ ئازادكردنی نزمترین پلەداری نوێنەرانی پاسەوانە قەیسەریەكان لەقەڵای (پوترس پۆڵس)، و تازە بەسەراكەوتووەكان پێش هەموو شتێ هەوڵیان دەدا ئەوە بسەلمێنن كە خۆیان كەسێكی دلێرو بە تواناو مەردن لەپێش چاوی دیموكراتییەتی كۆنەپەرستیدا.

پیاوانی (كرۆنشتادت) لەبڵاوكراوەكەیاندا بەم قسانە كەوتنە بەرپەرچدانەوەی تۆمەتەكانی (تسیرتیلی): "ئەفسەرانو پاسەوانانی كۆشكو ئەو پۆلیسانەی لەڕۆژگارەكانی شۆڕشدا گرتومانن، خۆیان زۆر بەئاشكرایی بەنوێنەرانی حكومەتیان ڕاگەیاندووە كە هیچ سكاڵایەكیان نییە لەسەر خراپ مامەڵەكردنیان لەزینداندا لەسەرچاودێرەكانی زیندان، ڕاستە بینای زیندانەكانی (كرۆنشتادت) تا بڵێی خراپو ترسناكن، بەڵام ئەم بینایانەدا كە كاتی خۆیدا حكومەتی قەیسەری دروستی كردونو ئێمەش لەو بینایانەدا ئەوانەمان زیندانی كردووەو بینای ترمان نییە، ئەگەر ئێمە لەو بینایانەدا دوژمنانی گەلمان پاراست، ئەمە بەهۆی تۆڵەسەندنەوەو ئەو پاڵنەرەوە نییە، بەڵكو بەپاڵنەری پاراستنی شۆڕش ئەوەمان كردووە.

لە (٢٧)ی مایۆ (ئایار)دا سەربازانی (كرۆنشتادت) لەلایەن سۆڤیەتی پترۆگرادەوە حوكمدران و(ترۆتسكی) كە پشتی لەبەر گریكردنیان كردبوو (تسریتلی) ئاگادار كردەوە، كە لەبارێكی ترسناكدایە، واتە: ئەگەر جەنەڕاڵێكی دژە شۆڕش هەوڵ بدات پەت بكاتە ملی شۆڕش، ئەوا ئەندامانی حیزبی كادیت ئەم پەتە بە سابوون دەشۆن،





لەوكاتەشدا پیاوانی سەر بە (كرۆنشتادت) دێن تاكو خەبات بكەنو لەگەڵ خۆماندا بمرن» و ئەم ئاگاداركردنەوەیە دوای سێ ڕۆژ جەختی لەسەركرایەوە بە وردەكاریەكی ئەوتۆوە كە كەس پێشبینی نەدەكرد: جا كاتێك جەنەڕاڵ (كۆرنیلۆف) هەستا بە بەرپاكردنی گێچەڵێكو سەركردایەتی كەرتە سەربازییەكانی كرد بەرەو پایتەخت (كرنسكی)و (تسیرتیلی)و (سكۆبۆلیف) كەوتنە بانگ كردنی دەریاوانەكانی (كرۆنشتادت) بۆ بەرگریكردن لەكۆشكی زستانە، بەڵام ئەی ئەمەیان چییە؟ لەیۆنیۆ (حوزەیران)دا دیموكراتە بەڕێزەكان ڕژێمیان دەپاراست لەئاژاوەو پشێوی و هیچ قسەو پێشبینییەك كاری تێ نەدەكردن، و (تسیرتیلی) هات ئەنجومەنی سۆڤیەتی پترۆگراد پشتگیری لەبڕیارێك كرد سەبارەت بەڕاگەیاندنی هەرەسهێنانی كرۆنشتادت (ئاژاوەگێڕ) لەلیستی دیموكراتییەتی شۆڕشگێڕدا بەزۆرینەی (٥٨٠) دەنگ بەرانبەر بە (١٦٢) دەنگو دەنگ نەدانی (٧٤) ئەندام.

كاتێك كۆشكی (ماری) كە گەرمتر لەپشكۆ لەچاوەڕوانیدا بوو كە مەرسومە بڕیاری بێ بەشكردن دەنگی لەسەر دراوە، یەكسەر حكومەت پەیوەندی تەلەفۆنی خۆی پچڕاند لەگەڵ پایتەختو قەڵادا بۆ ڕێگرتن لەكاریگەری سەركردە بەڵشەفییەكان بۆ سەر كەسانی سەر بە(كرۆنشتادت) و حكومەت فرمانیدا بە دورخستنەوەی هەموو ئوتومبیلو كارایانی قوتابخانەكان لەبەكارهێنانی ئاوی قەڵاكە بەشێوەیەكی دەستوبرد، و لەئەنجومەنی سۆڤیەت داوای كرد كە بەبێ هیچ مەرجێك خۆی بدات بەدەستەوە.

كۆنگرەی نوێنەرانی جوتیاران كەوتە ژێر هەڕەشەوە كە لەم ڕۆژگارانەدا بەسترا بوو، و بەو كۆنگرەیە گوترا بوو كە نابێت ڕازی بێت لەسەر پێ بەخشینی هیچ جۆرە كەرەسەیەكی بەكاربردن بەسەربازانی (كرۆنشتادت)، و كۆنەپەرستی ڕاوەستاوی ئەودیو تەوفیقییەكانیش بەدوای ئاكامی دواییدا دەگەڕاو خوازیار بوو ئاكامێكی خوێناوی بێت ئەگەر كرا.

(ئیگۆف) كە یەكێكە لەمێژوونووسە لاوەكان نوسیبووی: «وا دیارە كردەوەو كاری سۆڤیەت كرۆنشتادت كاریگەری دزێوی دەبێ و پێویستە هۆكاری گونجاو بدۆزرێتەوە بۆ خۆ ڕزگاركردن لەم بارودۆخەی هاتووەتە پێشەوە، كوتومت لەبەرئەم هۆكارە

(ترۆتسکی) ڕۆیشت بۆ (کرۆنشتادت)و لەئەنجومەنی سۆڤیەتدا قسەی کردو بەیانێکی نووسیو دواتر سۆڤیەتیش پشتگیری لێ کرد، دواتر بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، کە ئەمانە بەهەوڵی ترۆتسکی بوون لەکۆبونەوەکەی گۆڕەپانی مەراسیمەکاندا›› و پیاوانی سەر بەکرۆنشتادت هەڵوێستی بنەڕەتی خۆیان دەپاراست، گەرچی ئەوان تەنازولاتی کردارییانەشیان پێشکەشکردبوو.

تا ڕادەیەکی زۆر چاك کردنەوەی بارودۆخو ناکۆکییەکان بەشێوەی ئاشتیانە ڕقوقینی بۆرجوازەکانی وروژاندو ڕۆژنامەگەری بۆرجوازییەت نووسیبوی: ‹‹ئاژاوەو پشێوی قەڵای گرتووەتەوەو لەوێدا خەریکی چاپکردنی پارەی تایبەت بەخۆیانن ـ و لەڕۆژنامەکاندا وێنەی کوتومتی خەیاڵیانەی ئەو پارانەیان بڵاوکردبووەوەـ هەروەها ماڵو سامانی دەوڵەت تالآن دەکەن، ژنان بوونە خاوەن زەوی پانو بەرین، دەریاوانەکان کەوتوونەتە ڕێگرتنو زێدەڕەوی لەمەستیو خواردنەوەدا، و دەریاوانەکان شانازی بەوەوە دەکەن کە لەژێر رکێفی خۆیاندا رژێمێکی توندو تیژ دابمەزرێنن، و هەندێکیان پەلاماری دەستی هەندێکیان دەدەن کاتێ خەریکی خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامانەن کە هەواڵی هەڵبەستراو بڵاودەکەنەوە لەسەرانسەری ڕوسیاداو بەملیۆنەها نوسخەیان لێ دابەش دەکەن.

دوای ئەوەی دەسەڵاتە دادوەریەکانی (پیرفیرسیف) ئەم ئەفسەرانەی کرۆنشتادتی تەسلیم کرد، دادگایەك لەدوای یەك هەموویانی ئازادکرد، ئەوە شتێکی باش بوو کە بمانتوانیبایە ژمارەی ئەو کەسانە تۆمار بکەین کە بەشداری جەنگی ناوخۆیان کردووەو دواتر ئازادکراون، بمانزانیبایە ئاخۆ چەند کەس لەدەریاوانو سەربازان لەقەنارە دراون، هەروەها ئەو جوتیارانەی کە گوللە باران کراون، بەڵام بەداخەوە زانیاری تەواومان لەو باوبارەیەوە لەبەردەستدا نییە، کە ئەگەر ببوونایە ئەوا حساباتێکی پڕ لەپەندو وانە دەبوون.

ڕزگارکردنی دەسەڵاتی حکومەت بەپایان هات، بەڵام دەریاوانەکان سەر لەنوێ کەوتنە ژێر ئەو سوکایەتیانەی پێشتر پێیان کرابوو، و لەهەموو لایەکی وڵاتەوە بڕیارەکانیان پێ دەگەیشت کە پیرۆزبایی بوون لەکرۆنشتادتی یوو: ئەم بڕیارانەش لەلایەن سۆڤیەتاتە جۆراو جۆرە چەپە توندڕەوەکانەوەو لەلایەن کارگەو فەوجو





کۆنگرەکانەوە دەردەکران، و فەوجی یەکەمی ڕەشاش بەتەواوەتی هەر هەموویان ڕێزو پشتیوانی خۆیان بەوە دەربڕی کە بکەونەڕێ ڕۆیشتن بەسەر شەقامەکانی پترۆگراددا، وەك پشتگیری کردنێك بۆکەسانی سەر بەقەڵای کرۆنشتادتو ‹‹هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی خۆیان بەرز ڕاگرت لەئاستی حکومەتی کاتیدا››

لەگەڵ ئەوەشدا (کرۆنشتادت) ئامادەبوو بۆ تۆڵەسەندنەوەیەکی زیاتر لەڕووی دەلالەتەوە، و سوکایەتییەکانی بۆرجوازییەتی قەڵاکەی وا لێکرد کە ببنە پاڵنەرێکی گرنگتری سیاسیانەی گشتی، (میلیۆکۆف)یش نوسیبووی: ‹‹دوای ئەوەی بەڵشەفییەت لەکرۆنشتادت یر گۆڕنرا، تۆڕەیەکی پڕوپاگەندەیی فراوان ڕوسیای داپۆشی، بەهۆی هاندەرە ئامادەکراوەکانەوە بەشێوەیەکی گونجاو، و نوێنەرانی کرۆنشتادت ڕەوانەکران بۆ بەرەکانی جەنگ، کە لەوێ کەوتنە تێکدانی شیرازەی ئینزیباتیەت، هەروەها ڕەوانەکران بۆ بەرەکانی دواوەو گوندەکانو لەوێش کەوتنە هاندانی خەڵکی بۆ تالآنکردنی ماڵو سامانی خاوەندارەکان، و سۆڤیەتی کرۆنشتادت نوێنەرەکانی خۆی دەناردو بڕوانامەو پسوڵەی تایبەتی دەدانێ کە لەو پسولآنەدا نوسرابوو: ‹‹بەڕێز(......) ڕەوانەکراوە بۆ ناوچەی(..........)تاکو کۆبونەوە بەلیژنەکانی ناحییەکە بکات لەگەڵ بەشەکانو گوندەکان بەپێی خواستو ڕاوبۆچوونی خۆی، و مافی دەنگدانی هەیە لەگەڵ مافی قسەکردن لەکۆبونەوەکاندا و مافی تریشی هەیە وەکو: گرێ بەندی کۆبوونەوەکانو هەڵگرتنی چەكو هاتوچۆی ئازادانەو بەخۆڕایی لەڕێگەکانی گواستنەوەو شەمەندەفەرەکانەوە، ئەمانە هەمووی بەخواستو ویستی خۆی دەکات لەگەڵ هەر کەسو لایەنێکدا ئارەزووی لێ بێت، لەسەرو هەمووشیانەوە ڕێزگرتنی ئەو کەسە هاندەرەش پارێزراوە لەلایەن سۆڤیەتی شاری کرۆنشتادتەوە››. بەڵام (میلیۆکۆف) ئەوەی بیر چووبوەوە کە باسی کاری پەرتەوازەیی دەریاوانە بەڵتیقییەکان بکات لەسکاڵانامەکەیدا، وە نەیگوتووە چۆنو لەبەرچی ڕاڤەی ئەمەیانی نەکردووە؟ گەرچی دەسەڵاتو دامەزراوەکانو ڕۆژنامەی پیر حیکمەتیشی لەبەردەستدایە، دەریاوانە دابڕاوە چەکدارەکان کەوتونەتە سکەلێدانێکی پارەی سۆڤیەتی (کرۆنشتادتو کەوتونەتە گەڕان بە هەموو شارەکاندا بێ ئەوەی کۆسپو تەگەرەو ڕێگر بێتە ڕێیان، ئەم دەریاوانانە لەهەموو

شوێنـێ جێی حەوانەو ئاسودەییان دەست دەکەوێو لەهەموو کۆڕە میللییەکاندا گوێیان لـێ دەگیرێو جێیان دەکەنەوە، خەڵکی زۆر بەباشی گوێیان بۆ دەگـرنو جـێ پەنجـەمۆرە زەبرەکانیان دەخەنە سەر ڕووداوە مێژووییەکان، ئەو مێژوو نوسەی لەبواری خزمەتکردنی سیاسەتی لیبڕاڵیدا ئەم پرسیارە سادەیە ئاراستەی خۆی ناکـات، بـەڵام موعجیزەکـەی (کرۆنشتادت) دەچێتە عەقڵەوە چونکە دەریاوانەکان تەعبیریان لەپەرەسەندنی مێـژوویی دەکـرد بەشـێوەیەکی زۆر قـووڵتر لەمامۆسـتا زیرەکـەکان، وە سـکە پـڕ لەهەڵـە ڕێنوسییەکەش، ئەگەر زمانی (هێگڵ) بەکاربێنیین، شـتێکی ڕاسـتە چونکە کەسـێکی عەقلانییە، هاوکات پـاکترین نەخـشەی خـودی بـوو، و بلیمـەترین نەخـشەی خەیاڵێـشە، چونکە لۆژیکێکی مێژوویی لەخۆی نەگرتووە.

دەسـت پێـشخەر بـە شۆڕشـگێڕییەکانی لیژنـەکانی کارگـەکان پـێش دەسـت پێشخەرییەکانی ئەنجومەنەکانی سۆڤیەتات بوون، و دەست پێشخەرییەکانی جەماوەریش پێش هی لیژنەکانی کارگەکان بوون، و کرێکـاران پـێش سـەربازان کـەوتبوون لەدەسـت پێـشخەریە شۆڕشـگێڕانەکانیاندا، و ناوچـەکە تـا ڕادەیـەکی زۆر دواکـەوتووتر بـوو لەپایتەخت، ئەوە بوو ئەو داینامیکییەتە سەد لەسەدی پەرەسەندنە شۆڕشـگێڕییەکە، کـە دوایی هەزاران ناکۆکیو دژایەتی لـێ کەوتەوە، تاکو دواجار بەسەریاندا زاڵ بێت، ئەمـە رابوردوویەکە لەکاروانەکەیدا، و بۆ ئەوەیـە سـوکایەتی پـێ بکـات، ئەمـەش بەڕێکـەوت هاتەکایەوەو حاڵەتێکی دیکەی ـ جگە لەخۆی ـ دروست کـرد، حیـزب دواکـەوتووتر بـوو لەدانیامیکیەتی شۆڕشگێڕانە، گەرچی ڕێکخستنێکیش بوو کە مافی ئەوەی نەبوو ڕێگە بدات کە دانیامیکیەتی شۆڕشگێڕی پێشی بکـەوێ، بەتایبـەتیش لەچاخی شۆڕشـدا، و بەڵـشەفییەکان هـیچ جیـاوازتر نـەبوون لەمەنـشەفییەکان، واتـا کرێکـارانی (کایتیریـە نبۆرگو بەرمو تۆلاو نیجنی نۆفۆغورۆدو سۆرۆمۆفۆو کۆلۆمناو وایۆزۆفکا).

هەتاکو کۆتایی مایۆ (ئایار)، و بەڵشەفییەکانیش لەناوەڕاستی یۆنیۆ (حـوزەیران)دا ڕێکخـستنی سـەر بـەخۆیان نـەبوو لـە(ئۆدیـسا)و (نیقۆلایـف)و( وایلیزفتگـراد)و (پۆڵتافـا)و هـەموو شـوێنەکانی تـری ئۆکرانیـادا، و هـەرگیز بەڵـشەفییەکان لەمەنشەفییەکان جیانەبوون لـە (بـاکۆو زلاتۆسـتو بیجتبیـسكو کۆسـترۆما) هـەتاکو





کۆتـایی یۆنیـۆ(حـوزەیران)، بێگومـان ئـەم جـۆرە ڕووداوانـە لـەو بارودۆخـەدا مایـەی سەرسامی بوون، ئەگـەر گریمـان وامـان دانـا کـە دوای (٤) مـانگی تـر بەڵـشەفییەکان دەسـەڵات دەگرنـە دەسـت ئـەی حیـزب چـەندە دواکـەوتووترە لـەکاتی جەنگـدا لـەڕەوتی پەرەسـەندنی بەشـیانەیی لەناوەنـدە جەماوەرییەکانـدا. و تـا چ ڕادەیـەك سـەرکردایەتی (کامینیف) ـ (ستالین) لەمارس (ئازار)دا دوورە لەئەرکە مێژووییە گەورەکان!

لەگەڵ ئەمانەشدا گەلێك لەحیزبە شۆڕشگێڕەکان لەناکاو چاویان چەقییە ئـەم حیزبـە کـە تـاکو ئێـستا مێـژووی مرۆڤایـەتی شۆڕشـگێڕی وەکـو ئـەمی بەخۆیـەوە نـەدیوەو ڕووداوەکانی شۆڕش گەیاندیانە ئەوپەڕ، ئەم حیزبە لەژێر ئاگربارانـدا دروسـت بـوو، خـۆی ڕێکخستو لەژێر گوشاری ڕووداوەکاندا ڕیزەکانی خۆی تۆکمە کرد، و جەماوەریش خۆی (سەدجار چەپڕەوتر) خـۆی بینییـەوە لەگـەورەترین حیزبـی چـەپڕەو، یـان لەچـەپڕەوترین حیزب.

ئەگەر پشکنینێك بۆ ئەو سەرکەوتنەی بەڵشەفییەت بکەین کە بەدەستی هێنـاوە، کـە بـەهێزی پەرەسـەندنی مێـژوویی سروشـتیانە هاتووەتـە ئـاراوە، ئـەواڵێك دژیو لادانـە حیزبییەکانو درێژبوونەوەیو ڕەگو ڕیشەکەی دەدۆزینەوە، جـەماوەر تۆپـەڵێکی ناوچـوون یەکـە، و ئـازاری سـوتانی ئـاگری شۆڕشـی ناناسـێ هـەتاکو خـۆی پەنجـەکانی تیایـدا نەسوتـێو لەبەردەمیدا پاشگەز نەبێتەوە، و بەڵشەفییەکان تەنها دەیانتوانی کە خێرایـی ڕەوتی مەشق پێکردنی جەماوەر زیاتر بکـات، و بەڵـشەفییەکانیش (زۆر بەئارامگریـەوە ڕاڤەی شتەکانیان دەکرد)، و مێژووش ئەم جارەیان بە هەڵەدا نەچوو کە ئارامگری خـۆی بەکارهێنا.

کاتێـك بەڵـشەفییەکان دەسـتیانگرتبوو بەسـەر کارگـەو فابریکـەو فەوجەکانـدا بەشـێوەیەکی وا کـە نکـوڵی لـێ نـەدەکرا، هەڵبژاردنـەکانی ئەنجومەنـەکانی دۆمـای دیموکراتی سـەرکەوتنێکی گـەورەو بەرچـاوو ئاشـکرایان پەخـشی بـە تەوفیقییـەکان، و ئەمەش یەکێکە لەتونـدترین نـاکۆکیو دژەکـانو لەهـەموو شـتەکانی تـری نـاو شـۆڕش ئـاڵۆزترە، ڕاسـتە! دۆمـای دائیرەی فیبـۆرگی کتومـت پڕۆلیتـار شـانازی بەزۆرینـەی بەڵشەفییەتەوە دەکرد، بەڵام ئەمە شتێکی هەڵاوێردراوو دەگمەن بـوو، و سۆسیالیـستە ـ

شۆڕشگێڕەکان لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانی مۆسکۆی مانگی یۆنیۆ(حوزەیران)دا زیاتر لە٦٠٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنابوو، کە ئەم ڕێژەیە سەرسامی کردبوون‌و کۆنترۆڵی هەست کردن بەو باوەڕەی کە دەسەڵاتەکەیان بەرەو تیاچوون دەبات لەدەستیاندا نەمابوو، و هەڵبژاردنەکەی مۆسکۆ سودێکی سەیری هەیە تاکو تێ بگەین لەپەیوەندی نێوان پەرەسەندنی ڕاستەقینەی شۆڕش‌و ڕەنگدانەوەکانی لەئاوێنەی دیموکراتیەتدا. و توێژە پێشکەوتووەکانی کرێکاران‌و سەربازان هەوڵی خۆپاکژ کردنەوەیان دەدا لەو خەیاڵ‌و پلاوە تەوفیقییانەی تیایاندا بوو، لەم کاتانەشدا توێژە فراوانەکانی کەسە هیوا ڕوخاوو بێ نەواکان لەشاردا تەنها کەوتبوونە جوولە. و ڕەنگە ئەم هەڵبژاردنە دیموکراتییانە بۆ ئەم جەماوەرە پەرت‌و بڵاوە یەکەم دەروازەیان خستبێتە سەر پشت بۆ بەدەست هێنانی دەگمەنترین دەرفەت بۆ دەست پێکردنی ڕاوبۆچوونی سیاسیانەی خۆی.

لەکاتێکدا تا دوێنێ کەسێك کرێکارێکی مەنشەفی یان سۆسیالیست شۆڕشگێڕێك بوو، کەوتە دەنگدان بۆ بەلشەفییەت‌و سەربازیشی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا، کۆڵبەرو منداڵی فەریك‌و بازرگان‌و فرۆشیارانی گەڕۆك‌و کارەکەو مامۆستا بۆ یەکەم جار لە (سفر بوون)ی سیاسیانەی خۆیان هاتنە دەرەوە، بۆ یەکەم جارو کەوتنە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە خودی سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان دەنگیان بۆ دابوو، و بۆرجوازییەتی بچووکیش درەنگ کەوتبوونە دەنگدان بۆ(کرنسکی)، چونکە ناوبراو لەڕوانگەی ئەوانەوە بەرجەستەکاری ئەو شۆڕشەی مێبراید (شوبات) بوو کە لەم ڕۆژانەدا ڕوویان تێدەکات، و ئەنجومەنی دۆمای مۆسکۆ بەزۆرینەی دەنگەکانی ٦٠٪ی سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکان دواهەمین بڵێسەی خۆیان دادەگیرساند کە خەریك بوو دەکوژایەوە، هەمان شت ڕوویدا لەهەموو دام‌و دەزگا کارگێڕییەکانی خۆییانەی دیموکراتیەت، هەر دامو دەزگایەك لەدایك بوایە یەکسەر تووشی هەمان دەستەوەستانی دەبوو بەهۆی درەنگ لەدایك بوونەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کاروان‌و ڕەوتی شۆڕش پەیوەستە بە کرێکاران‌و سەربازانەوە نەك بەو ڕەشۆکییە زۆرەی ئەو خەڵکەی کە فرۆشاون‌و وروژاندویانەو ڕەشاشەکانی شۆڕشی بایانداوەو بەڕێوەیان بردووە.





ئەمەیە ئەو دیالەکتیکە قووڵ‌و ساکارەی کە هاوکات وریابوونەوەی شۆڕشگێڕانەی ناوەندەکانی چینە چەوساوەکانیشە، و ترسناکترین سایەی شۆڕشێك لەشۆڕشەکان ئەوەیە کە ژمێرەری میکانیکیانەی دیموکراتیەت هەستێت بەکرداری کۆکردنەوەی سادەو ساکاری ڕووداوەکانی دوێنێ‌و ئەمڕۆو سبەینێ‌و دیموکراتییە پوختەکانیش هان بدات بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی کەللەسەری شۆڕشەکەدا، لەکاتێکدا قورسایی‌و سەنگی ڕاستەقینەی لەبەشی دواوەیدایە، نەك لەکەللەسەریدا- کە بەشی پێشەوەیەتی ـ و (لینین) ئەندامانی حیزبەکەی فێری ئەوە دەکرد کە بزانن کەللەسەرو بەشی دواوەی لەیەکتری جیابکەنەوە بیانناسنەوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## کۆنگرەی سۆڤیەتات و ڕاپەڕینەکەی یۆنیۆ ((حوزەیران))

لەڕێکەوتی (٣)ی یۆنیۆ (حوزەیران)دا، لەشاری پترۆگرادو لەناو بینای فێرگەی خوێندکارانی ئەفسەراندا یەکەم کۆنگرەی سۆڤیەتات بەسترا، ئەم کۆنگرەیە ڕەزامەندی خۆی دەربڕیو بەخشی بە(کرنسکی) کە هێرش بکات. سەرجەم ئەو نوێنەرانەی مافی دەنگدانیان هەبوو لەم کۆنگرەیەدا، تەنها (٨٢٠) کەس بوون هاوکات (٢٦٨) دەنگی تر تەنها مافی دەنگدانی ڕاوێژکارانەیان هەبوو ـ وەك ڕاپرسی ـ ئەم نوێنەرانە، بریتی بوون لەنوێنەرایەتیکردنی (٣٠٥) کەسی سۆڤیەتی ئەوێو (٥٣) سۆڤیەتاتی ناوچەو هەرێمەکانی ترو ڕێکخستنەکانی بەرەکانی سوپاو دامودەزگا سەربازییەکانی ڕیزەکانی دواوەو هەندێ ڕێکخستنی جوتیاران: ئەو سۆڤیەتاتەی کە (٢٥٠٠) ئەندامی هەبوو، بەلایەنی کەمییەوە، مافی دەنگدانی هەبوو، بەڵام ئەو ئەنجومەنە سۆڤیەتاتانەی کە ئەندامەکانیان بریتی بوون لە (١٠ ـ ٢٥) هەزار کەس تەنها مافی دەنگدانی ڕاوێژکارانەیان هەبوو، بەپێی ئەم پێوەرانەی کە بەوردی چاودێری نەکران، دەکرێ وا دابنێین کە کۆنگرەکە بریتی بوو لەزیاتر لە (٢٠) ملیۆن کەس و لە(٧٧٧) هەزار کە پابەندی حیزبایەتی خۆیان ڕاگەیاندبوو، (٢٨٥) سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕو (٢٤٨) مەنشەفیو (١٠٥) بەڵشەفی بوون، لەدوای ئەمانیشەوە پلە بەپلە ئەو حیزبو کۆمەڵانە بوون کە بایەخیان کەمتربوو، باڵی چەپی کۆنگرەکە، پێك هاتبوو لەو بەڵشەفییە ئومەمیانەی کە بەشێوەیەکی تۆکمە پێیانەوە پابەندبوونو لەپێنج یەکی نوێنەرەکان زیاتر نەبوون، زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە ئەو کەسانە بوون کە لەمانگی مارس (ئازار)ەوە ناوی خۆیان وەك سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕ تۆمار کردبوو. بەڵام ئەم سۆسیالیستانە، لەمانگی یۆنیۆ (حوزەیران)ەوە هەستی بێزاریو ماندویی خۆیان بەرانبەر بەشۆڕش پەی پێ برد. پترۆگراد بەلای ئەوانەوە وەك شاری جنۆکەکان وابوو.

کۆنگرە دەستی بەکارەکانی کرد، سەرەتا ڕەزامەندی خۆی دەربڕی بەکردنە دەرەوەی (گریم)ی سۆسیالیستی سویسری داماو، کە هەوڵێکی زۆری دابوو بۆ ڕزگارکردنی شۆڕشی ڕوسیو حیزبی سۆسیالیستی ـ دیموکراتی ئەڵمانی لەڕێی ئەو گفتوگۆیانەوە کە





مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەنجام دران لەپشتی پەردەکانەوە لەگەڵ دیپلۆماسییەکانی (هوهنزۆلرن)، باڵی چەپ پێشنیارەکەی خۆی خستە بەردەم کۆنگرە کە داوای کردبوو گفتوگۆیەکی خێرا بکرێ سەبارەت بەو هێرشەی هەموو شتێکی بۆ سازو ئامادەکراوە، بەڵام پێشنیارەکە بەزۆرینەی دەنگ ڕەت کرایەوە، بەڵشەفییەکان لەکۆنگرەکەدا، وەك کۆمەڵێك دەهاتنە پێش چاوان کە هیچ قورساییەکیان نییە، بەڵام کوتومت هەر لەو ڕۆژەدا، ڕەنگە هەر لەو کاتژمێرەشدا بووبێ، کۆنگرەی لیژنەکانی کارگەکان لەپترۆگراد بەزۆرینەی دەنگ بڕیاریاندا کە ڕازی بن بەو بڕیارەی کە دەڵێت: دەسەڵاتی سۆڤیەتات خۆی تاکە دەسەڵاتی مسۆگەرە بۆ ڕزگارکردنی وڵات ـ لەو قەیرانانەی کە هەیەتی.

تەوفیقییەکانیش ـ لەبەر کورت بینی خۆیان نەیاندەتوانی ئەو شتانە ببینن کە لەدەوروبەریاندا ڕۆژانە ڕوودەدەن، (لیبەر)ی دوژمنی سەرسەختی بەڵشەفییەکان لەکۆبوونەوەی یۆنیۆ(حوزەیران)دا کەوتە هات‌وهاوار بەرانبەر بەو چاودێرە حکومیانەی کە بەرپرسەکانی بەڕێوەبەرێتییەکان نایانەوێ سازش بکەن لەدەسەڵاتەکەیان لەبەرخاتری بەرژەوەندییەکانی ئەمان (( ژمارەیەکی زۆری دامودەزگا حکومییەکان بەهۆی ئەم بارودۆخانەوە درابوونەوە دەست سۆڤیەتات، تەنانەت ئەو کارو ئەرکانەی کە سۆڤیەتات خۆیشی حەزی نەدەکرد بیانگرێتە ئەستۆ))، بەم جۆرە تەوفیقییەکان سکاڵایان لەخودی خۆیان دەکرد.

دەگێڕنەوە کە یەکێك لەنوێنەرە چاودێرەکانی کۆنگرە کەمترین ڕاستکردنەوەی نەکردووە لەبواری فێرکردنی گشتیو پەروەردەدا، لەماوەی چوار مانگی شۆڕشدا، تا ئێستاش هەموو مامۆستاو سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەرو ڕاگرەکانی کۆلێژەکان، هەر کۆنەکانن‌و لەو کەسانەن کە زۆربەیان سەر بەڕێکخستنەکانی (سەر ڕەشەکان)ن‌و تا ئێستاش بەرنامەو پرۆگرامەکانی خوێندن‌و کتێبەکان هەر کۆنەپەرستین‌و گۆڕانکارییان تێدا نەکراوە، تەنانەت یاریدەرە دێرینەکان هەر لەوەزارەتەکاندا ماونەتەوەو بەردەوامن لەپۆستی فرمانەکانیاندا، تا ئێستاش وێنەکانی قەیسەر هەر لەگەنجینەکاندا ماونەتەوەو دەکرا هەر لەیەکەم دەرفەتەوە لابرانایە.

کۆنگرەکە نەیدەوێراو لەخۆی ڕانەدەپەرموویەوە کە هیچ جموجوڵو هەنگاوێك بنێو ناڕەزایی دەربڕێ بەرانبەر بەئەنجومەنی دۆمای ئیمپراتۆری یان ئەنجومەنی دەوڵەت، (بۆجدانۆف)ی مەنشەفیو وتارخوێن ترسی خۆی دەڕەواندەوە لەبەردەمی کۆنەپەرستیداو گوتی: ((دۆماو ئەنجومەنی دەوڵەت، پێش هەموو شتێ دوو دامەزراوەی تۆکمەنو ئێستا بوونیان نییە)) (مارتۆف) کە بەناوبانگ بوو بەکەسێکی ئارەزومەند لەبواری دیالەکتیکداو وتاربێژێکی تەڕ دەستو زیرەك بوو لەدەربڕینی تێبینییەکانیدا هەڵیدابیو لەوەڵامیدا گوتی: ((بۆجدانۆف پێشنیاری ئەوە دەکات کە گوایە ئەنجومەنی دۆما نەماوە، کەچی لەهەمان کاتدا وا دەکات کە کودەتا دژی ئەنجومەنی دۆما نەکرێ)).

کۆنگرەکە بەسترا، وێڕای زۆرینەی بەهێزی حکومی لەکەشو دۆخێکی پڕ لەدڕدۆنگیو دوودڵیدا، ساردو سڕی بەسەر گیانی نیشتمانپەروەریدا هات، تەنها چەند پڕیشکێکی لاوازی لێوە دەدرەوشایەوە، مرۆڤ زۆر بەئاشکرا چاوبەستکردنی جەماوەری دەبینی، هەروەکو چۆن ئەوەشی دەبینی کە بەڵشەفییەکان زۆر بەهێزترن لەوڵاتو پایتەخت، وەك لەوەی لەو کۆنگرەیەدا باس دەکرێت، گفتوگۆ درێژەی کێشا لەنێوان بەڵشەفیو تەوفیقییەکاندا دەربارەی بابەتی سەرەکی شۆڕش، بەزۆریش لەم تەوەرەیەدا: ئایا پێویستە دیموکراتییەت لەگەڵ کێدا بێت، ئایا لەگەڵ ئیمپریالییەکاندا بێت، یان لەگەڵ کرێکاراندا؟ سایەو سێبەری دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەسەر کۆنگرەکەدا دەهاتو دەچوو، لەبەرئەوەی مەسەلەی هێرش کردنەکە پێشتر یەکلایی کرابووەوە، کەواتە دیموکراتییەکان هیچیان بۆ نەمابووەوە ئەوە نەبێ کە دابنەوێنەوەو خۆیان بدەن بەدەستەوە.

لەم کاتە تەنگانیەدا (تسیرتیلی) کەوتە ئامۆژگاری کردنو گوتی: ((پێویستە هیچ کام لەهێزە کۆمەڵایەتییەکان وەلانەنێینو دووری نەخەینەوە لەتەرازووەکە، تابتوانینو دەرفەتمان لەبەردەستدا بمێنێ کە بەکاری بهێنین لەپێناوی خزمەتی قەزیەی گەلدا))، بەم شێوەیە ناوبراو هۆکاری هاوپەیمانێتی بۆرجوازییەت لێك دەداتەوە، لەبەرئەوەی پڕۆلیتاریاو سوپاو چینی جوتیاران لەهەموو هەنگاوێکیاندا ناکۆكو ئۆپۆزسیۆن بوون





بۆ دیموکراتییەکان، ئەم دیموکراتیانەش ناچار بوون دیسانەوە دەست بکەنەوە بەشەڕو بەگژاچوونەوەی گەل، لەژێر پەردەی ململانێی دژ بەبەڵشەفیەتدا. بەم چەشنە (تسیرتیلی) دەریاوانەکانی (کرۆنشتادت)ی بێ بەش کرد تاکو (بیبیلیائیف)ی ئەندامی حیزبی (کادیت) لەتەرازووەکەی دوور نەخاتەوە، کۆنگرەش بەزۆرینەی دەنگ ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر (ئیئتیلاف)، (٥٤٣) دەنگ بەرانبەر بە (١٢٦) دژە دەنگو (٥٢) کەسیش دەنگیان نەدا.

کارەکانی ئەم ئەنجومەنە گەورە ناپەیوەستە ـ ئەو ئەنجومەنەی کە ئەندامانی کادیت بەسەریدا زاڵ بوون ـ بەڕاگەیاندانی گەورە گەورەو خۆپاراستن لەو ڕاگەیاندنانەی کە یەك تۆز بەلای مەسەلەی کرداریانەدا بڕۆن دەناسرێتەوە. ئەم هەڵوێستە هیچ ڕێزو خۆگریو یەکلاکردنەوەیەکی نەبەخشی بەبڕیارەکان، بەڵکو سیفەتی چاوبەستو فێڵو تەڵەکەی پێ بەخشین کۆنگرەکە دانی بەمافی گەلاندا هێنا لەڕوسیادا بەوەی کە هەموو گەلێك بۆی هەیە خۆی هەڵسوکەوتو مامەڵەی خۆی بەڕێوەبەرێت، ئەوەیان بەستەوە بەیەك تاکە کلیلەوە، نەك بۆ گەلە چەوساوەکان، بەڵکو بۆ ئەو ئەنجومەنی دامەزراندنەی داهاتوو کە تەوفیقییەکان بەتەمابوون زۆرینەی دەسەڵاتی تێدا دەستەبەر بکەن بۆ خۆیان، پێشتر ئامادەبوون خۆیان بەدەستەوە بدەن لەپێش چاوی ئیمپریالییەکاندا، هەروەکو چۆن ئێستاش ئامادەن هەمان شت دووبارە بکەنەوە لەبەردەمی حکومەتی هەنووکەدا.

کۆنگرە ئەوەی ڕەت کردەوە کە مەرسومێك دەربکات دەربارەی دیاری کردنی هەشت کاتژمێری کاری ڕۆژانە، (تسیرتیلی) لەهەوڵی ئەوەدابوو بەردەوام بێ لەڕاوەستاندنی (ئیئتیلاف) لەجێگەی خۆیداو بیگۆڕێ بەکاری گرانتر بەزەحمەت ڕێککەوتن لەنێوان بەرژەوەندییەکانی هەموو توێژەکانی گەلدا، (تسیرتیلی)و کۆمەڵە کەسانی پیرەکەی ئەوەیان لەبیرچووبووەوە کە هەموو کارێکی گەورە لەمێژوودا بەجۆشدانی بەرژەوەندییەکان بەدی دێت، بەڵکو بەسەرکەوتنی بەرژەوەندییەکانی پێشکەوتوخوازەکان بەدی دێت بەسەر بەرژەوەندییەکانی کۆنەپەرستیدا...!

پێش تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرە، (گرۆمان) کە پیاوێکی ئابوری ناسی ڕوسی بوو، بڕیارە سەد لەسەدە پەیوەندیدارەکەی خوێندەوە کە پەیوەستە بەکارەساتی

ئابوورییەوە نزیکە ڕووبدات، پێویستە دەوڵەت خۆی سەرپەرشتی ئابوری بکاتو ڕێکی بخات، کۆنگرەکەش ئەم بڕیارەی پەسەند کرد، بەڵام پەسەندکردنەکە تەنها بۆ ئەوەبوو کە هەموو شتێ وەکو ڕابوردوو لەجێی خۆی بمێنێتەوە ـ بەبێ گۆڕان ـ ...!

لە (٧)ی یۆنیۆ (حوزەیران)دا (ترۆتسکی) نووسیبووی: ((دوای دەرکردنی ـ گریم ـ ئیتر کۆنگرەکە دەستی کرد بەنەخشەی کارەکانی، بەڵام دەستکەوتو قازانجە سەرمایەدارەکان بەلای (سکۆبۆلیف)و هاوڕێکانییەوە هەر بەو چەشنە مانەوە کە بوونە کاروباری (بڤە)و نابێ کەس دەستیان تێوە بدات)) قەیرانی کەموکوڕی ئازوقە سات لەدوای سات توندتر دەبوو، حکومەتیش لەبواری دیپلۆماسیەتدا کەوتە ژێر تێسرەواندنی لەسەریەك، لەکۆتایشدا ئەو هێرشەی بەشێوەیەکی هستریایی بڕیاری لەسەردرا لەناکاو بەسەر سەری گەلدا کەوتە خوارەوەو کارێکی سەرکێشانەو دڕندانەیە.

((پێویستە ئێمە بەوپەڕی هێمنیو خۆڕاگریەوە سووربین لەسەر ئارامگری، ئێمە ئامادەین چاودێری چالاکییە ڕۆشندارەکانی کابینەکەی (لفۆفو تیریشتشنکۆو تسیرتیلی بکەین بۆماوەی چەند مانگێك، ئێمە زۆر پێویستمان بەوە هەیە کە قازانج لەکاتدا بکەین، بۆئەوەی نەگەڕێینە دواوە، بەڵام نەمریی بەخێرایی زەوی هەڵدەکۆڵێ، دەشێ مەسەلەی دەسەڵات بوروژێنرێ لەنێوان ئەندامانی ئەم کۆنگرەیەدا بەهاوکاری وەزیرە (سۆسیالیستەکان) بەشێوەیەکی لەوە خێراتر کە هەموو لایەکمان بۆی چووبووین)).

سەرکردەکانی کۆنگرەکە گلابوونە هەموو ناکۆکییە ڕۆژانەکانەوە، کەچی دەیانەویست لەبەرچاوی جەماوەردا خۆیان بەدەسەڵاتێکی گەورەترەوە نیشان بدەن، خراپەی زۆر نالەباریان کرد لەڕوانگەی کرێکارانی پترۆگرادو سەربازانی حامییەکەوە، ئەو ڕووداەنوانەی لەهەموویان زیاتر دەنگی دایەوە لەناوەندە کرێکارییەکاندا، ڕووداوی خانەی (ڤێللا)ی (دورنۆفۆ) بوو، ئەو (دورنۆفۆ)یەی ئەم خانەیەی هەبوو، خۆیشی یەکێك بوو لەکەسە ناسراوەکانی سەردەمی قەیسەر، ناوبانگێکی گەورەشی بەدەست هێنابوو وەك وەزیرێکی ناوخۆ کاتێك شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ سەرکوت کرا، ڕێکخستنە کرێکارییەکانی سەر بەخانەی (فێبۆرغ) ئەم خانووە بەتاڵەیان دابوو بەم کەسە





بیرۆکراتییە ڤێزەونە کودەتاچییە، هۆکاری سەرەکی داگیرکردنی ئەم خانووە لەلایەن ڕێکخستنە کرێکارییەکانەوە ئەوەبوو کە باخچەیەکی فراوانی تێدابوو، دواتر بوو بەباخچەیەکی زۆر نایابی منداڵان، ڕۆژنامەی بۆرجوازییەت، وێنەی خانووەکەی گرتبوو، کاتێك کە بووبوو بەجێی حەوانەوەی دزو جەردەکانو دزانی دەریا، وەك (کرۆنشتادت)ی دائیرەی فیبۆرگ، هیچ کەسێکیش زەحمەتی چوونو هاتنەوەی نەدەگرتەئەستۆی خۆی، حکومەت بەوپەڕی کۆششەوە هەوڵی دەدا بۆ پاراستنو ڕزگارکردنی ئەم خانووە، کەچی خۆیشی لادەدا لەهەموو مەسەلە گەورەو سەرەکیەکانی تر، حکومەت داوای لەلیژنەی ڕاپەڕاندن کرد کە دان بنێ بەنەخشەدانانو ڕێو شوێنی قارەمانانە کە پەیوەندی بەم خانووەوە هەبێت، بێگومان (تسیرتیلی)یش ئەو داوایەی ڕەت نەکردەوە، فرمانی کرد بەبریکاری گشتی کە ئەو کۆمەڵە ئاژاوەگێڕە لەو خانووە دەربکات، لەماوەی (٢٤) کاتژمێری داهاتوودا، کرێکاران هاواریان لێ بەرزبووەوە دوای ئەوەی کە زانییان ڕێگەی سەربازی دەگیرێتەبەر بۆ چۆڵکردنی ئەو خانووە بەزەبری هێز، ئاژاوەگێڕەکانیش لەلایەن خۆیانەوە کەوتنە هەڕەشەکردنو گوتیان کە بەچەك بەرگری لەخۆیان دەکەن، (٢٨) کارگە ڕایانگەیاند کە مان دەگرن وەك نارەزایی دەربڕینێك بەرانبەر بە کرێکارانی دائیرەی فیبۆرغی پێڕاگەیاندنو بەوە تاوانباری کردن کە یاردەدەری دژە شۆڕشن. نوێنەرانی دادو میلیشیاکان بەشداریان کرد لەگرونی چەرمی ئەم شێرەدا لەدوای ئەم هەموو خۆئامادەکردنو سازدانانە، بۆیان دەرکەوت کە ڕژێمی گشتی خانووەکەی دەورداوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەم خانەیەدا چەند ڕێکخستنێکی ڕۆشنبیری کرێکاران هەیە، دەسەڵات ناچاربوو کە پاشگەزبێتەوە، بەڵام بەشەرمەزارییەوە پاشگەزبویەوە، ئەم چیرۆکەش سەرسامی خۆی هەیەو شتێکی سەیرە!

لە (٩)ی یۆنیۆ (حوزەیران)دا، ئەم بۆمبە لەکۆنگرەکەدا تەقییەوە، ڕۆژنامەی برافدای سەرلەبەیانی بانگەوازێکی بڵاوکردبووەوە کە تیایدا دوای ئەنجامدانی خۆنیشاندانێکی کردبوو کە لەڕۆژی دواتردا بکرێت. (تەشخیدزە)ش کە بۆ خۆی چاك دەیزانی چۆن چۆنی بتۆقێتو هاوکات ئامادەش بوو هەر بەو چەشنەش خەڵکی تر بترسێنێ هەستایە سەرپێو بەدەنگێکی بەرز گوتی: ((ئەگەر کۆنگرە هەر ئێستا

نەکەوێتە خۆی بۆ گرتنەبەری نەخشەو ڕێو شوێنی پێویست بۆ ڕێگرتن لەو خۆنیشاندانە، ئەوا سبەینێ بەیانی ڕوودەدات)). نوێنەرانو ئەندامان سەریان بەرزکردەوەو ترسو تۆقین دایگرتبوون.

پوختەی بارودۆخەکە بەگشتی بیرۆکەی بەیەکدادانی سەربازانو کرێکارانی دەسەپاند لەناو کۆنگرەدا، جەماوەر گوشاریان دەخستە سەر بەلشەفییەکان، هەڵچونو کوڵانو جۆشو خرۆش لەوپەڕی پلەی بالادا بوون، بەتایبەتیش لەو شوێنانەی کە دەترسان دەسەلاتی ڕژێم دەستی بیگاتیو خەلکەکەی پەرتەوازە بکاتو ڕەوانەی بەرەکانی جەنگیان بکات نەبادا هێرش دەست پێ بکات، وێڕای ئەم هەموو توڕەبوونە توندوتیژەی ناوەندە سەربازییەکان. ڕاگەیاندنو جاڕی مافەکانی سەرباز لەلایەن دەسەلاتەوە وا دەهاتە بەرچاوان کە پاشگەزبوونەوەی پێوە دیاربوو، بەبەراوردکردن لەگەڵ ((فرمانی ژمارە یەك)) لەگەڵ سستی خوازراوی چەسپاوی ناو سوپادا، دەست پێشخەریکردن بۆ خۆنیشاندانەکە دەستکردو فیتی ڕێکخستنە سەربازییە بەلشەفییەکان بوو، سەرکردەکانی ئەم ڕێکخستنەش ڕاست بوون هەروەکو دواتر ڕووداوەکان ئەم ڕاستیەیان سەلاند، سەرکردەکان جەختیان دەکردەوە کە ئەگەر حیزب ئەوەی نەخستایەتە ئەستۆی خۆی کە سەرکردایەتیان بکات ئەوا سەربازان سەربەخۆ هەلدەڕژانە سەر شەقامەکان، نەدەکرا بیر لەوە بکردایەتەوە کە لەناکاوو سەرەڕێدا جەماوەر ڕاوبۆچوونی خۆی بگۆڕێ، لێرەوە هەندێ دوودلی خودی بەلشەفییەکانیشی گرتەوە، (فۆلۆدارسکی) لەو باوەڕەدانەبوو کە کرێکاران دادەبارنە سەرشەقامەکان، ترسێکیش لەئارادابوو سەبارەت بەو سروشتەی خۆنیشاندانەکە دەیگرێتەبەر.

نوێنەرانی ڕێکخستنە سەربازییەکان جەختیان لەوە دەکردەوە کە سەربازان بەبێ چەك نارژێنە سەر شەقامو کۆلانەکان، نەبادا چەکدارانی ڕژێمی دەسەلاتدار هێرشیان بکاتە سەرو تۆڵەیان لێ بکاتەوە، (تۆمسکی) ژێر دەیپرسی: ((ئەم خۆنیشاندانە چۆن چۆنی پەرەدەسەنێ؟)) لەبەرئەوە داوای دەکرد کە گفتوگۆی تازە دەربارەی ئۆنێتی ئەو خۆنیشاندانە بکرێ، (ستالین) وای خەملاندبوو کە (مەیینو خۆگرتن لەناوەندی سەربازاندا بووەتە کارێکی ڕاستەقینەو نکۆڵی لێ ناکرێ، بەلام سنووری هزریانەی





کرێکاران بەو شێوەیە توندو تۆکمەو دامەزراو نییە))، بەلام وای دەبینی کە پێویستە بەرگری حکومەت هەبێت، بەلام (کالینین) کە سروشتی وابوو هەمیشە خۆی دەپاراست لەجەنگو کوشتارو هەرگیز قەبوڵی نەدەکرد، ڕای خۆی وا دەربڕی کە دەبێ ڕێ بگیرێ لەدروستبوونی خۆنیشاندان، بەبیانوی ئەوەی کە هۆکارێکی سەرەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە تاکو پێویست بەخۆنیشاندان بکات، ناوبراو هەمیشە دەیگوت: ((خۆنیشاندانەکە کاریگەر دەبێ، هەر زۆریش کاریگەر دەبێ)) لە (٨)ی یۆنیۆ (حوزەیران)دا (١٣١) دەست بەرزکرایەوە بۆ پشتگیری کردن لەخۆنیشاندانەکە، دوای ڕاوێژو پرسوڕایەك کە لەگەڵ نوێنەرانی ناحییەکاندا کراو دوای چەند کردارێکی دەنگدان، لیژنەی(ڕێکخراوی ناوچەکان)یش بڕیاریدا بچێتە پاڵ ئەو خۆنیشاندانەی کە کاتەکەی دیاری کرابوو، بۆ ڕۆژی (١٠)ی یۆنیۆ (حوزەیران).

کاری خۆئامادەکردن بۆ خۆنیشاندانەکە تاکو دواهەمین سات هەر بەنهێنی بوو، بۆئەوەی دەرفەتێك نەدرێتە دەست سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕو مەنشەفییەکان، نەبادا هەلوێستی دژوارانە بگرنەبەر، ئەم ڕێو شوێنەش دواتر وا ڕاڤەکرا ـ کە بۆیە هێندە بەترسو نهێنی بووە ـ بەلگەیەکە لەسەر بوونی کودەتایەکی سەربازی، لیژنەی مەلبەندی سۆڤیەتاتیش ڕاوبۆچوونی خۆی دایە پاڵ پشتگیریکردنی لیژنەکانی کارگەکانو بۆ ڕێکخستنی خۆنیشاندانەکە، (ئەبوگۆف) نوسیبووی: ((لیژنەی ڕێکخراوی ناوچەکان بڕیاریدا بچێتە پاڵ خۆنیشاندەران لەژێر گوشاری (ترۆتسکی)و دژی دان پیانانەکانی لۆناتشارسکی)) بەوپەڕی چالاکییەوە خۆئامادەکرا بۆ خۆنیشاندانەکە.

وا پێویست بوو کە خۆنیشاندانەکە ئالای دەسەلاتی سۆڤیەتاتی بەرزبکردایەتەوە، دروشمی جەنگەکەش ئەمەبوایە: ((بڕوخێن دە وەزیرە سەرمایەدارەکان!)) ئەم دروشمەش سادەترین گوزارشت بوو لەمەبەستی کوناودەرکردنو سمینی ئیئتیلاف لەگەڵ بۆرجوازییەتدا، واپێویست بوو کە خۆنیشاندانەکەبەرەو بارەگای (کادیت) بوایە کە کۆنگرەکەی لێ دەبەسترێ بەم جۆرە ئاماژە بەوە دەکرا کە ئامانجی خۆنیشاندانەکە ڕوخاندنی حکومەت نییە، بەلکو گوشارکردنە بۆ سەر سەرکردە سۆڤیەتییەکان.

ویژدان ناچارمان دەکات بڵێین: چەند دەنگێك لەکۆنگرەی بەرایی بەڵشەفییەکاندا بەرزکرایەوە (سەملیغا)ش کە تا ئێستاش ئەندامێکی لاوی لیژنەی ناوەندییە پێشنیاری کرد کە ((هیچ دوودڵ نەبن لەدەست بەسەراگرتنی پۆستەو گەیاندنو گەلاڵەکردنی چەك، ئەگەر ڕووداوەکان گەیشتنە ئاستی بەیەکدادان)). (لاتسیس) کە یەکێکی ترە لەبەشداربوانی کۆنگرەکەو ئەندامێکی لیژنەی پترۆگرادیشە لەدەفتەرێکی بچکۆلەیدا بەرپەرچی (سەمیلغا)ی دابووەوە نوسیبووی: ((من ناتوانم بەوە ڕازی بم، لەگەڵ دوو هاوڕێکەمدا یەك دەگرم (سیماشکۆ)و (راخیا) تاکو لەکاتی پێویستیدا نەکەوینە ژێر چەکەوە بۆئەوەی دەست بگرین بەسەر ویستگەکانداو جبەخانەکانی چەكو بانکەکانو پۆستەو گەیاندندا[٢٥٦]، بەهاوکاری فەوجی ڕەشاش)).

(سیماشکۆ) لەوکاتەدا ئەفسەری فەوجی ڕەشاش بوو، (راخیا)ش کرێکارێکی زۆر خەباتگێڕبوو لەناو بەڵشەفیەکاندا.

بوونی بارودۆخی لەم جۆرانە، هەر بۆخۆیان، بەبێ یارمەتی هیچ شتێکی تر وامان تێ دەگەیەنن کە ڕەوتی حیزبەکە هەرهەمووی ئاڕاستەی بەرەو دەست بەسەراگرتنی دەسەڵاتدا دەچوو، بارودۆخەکە هیچی تری نەدەخواست، تەنها دیاری کردنی هەڵوێست نەبێ، لەپترۆگرادا گۆڕانکارییەکی سروشتی ڕوویدا بە بەرژەوەندی بەڵشەفییەکان، کەچی هەر هەمان ڕەوت لەشوێنەکانی تردا زۆر بەخاوی دەڕۆیشت، دواجار بەرەی سوپا پێویستی بەوە هەبوو کە پەندو وانە لەهێرشەوە وەربگرێو خۆی ڕزگار بکات لەو سڵەمینەوەو ترسەی هەیبوو بەرانبەر بە بەڵشەفییەت.

(لینین) سووربوو لەسەر هەڵوێستە دێرینەکەی خۆی کە لەمانگی ئیپریل (نیسان)دا دەیگوت: ((دەبێ بەوپەڕی خۆگریو ئارامییەوە ڕاڤەی بکرێت)) واتە بارودۆخەکە.

(سۆخانۆف) لەیاداشتنامەکەیدا نەخشەی خۆنیشاندانەکەی وێنا کردووەو وا ناوی ئەم خۆنیشاندانەی (١٠)ی یۆنیۆ (حوزەیران)ی بردووە کە کودەتایەکی ڕاستەقینەیەو ـ ئەگەر بارودۆخ ڕەخساوبێ ـ (لینین) سازی کردووە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، لەڕاستیشدا کەمێك بەڵشەفی نەبێ کەسی وا بەشدارنەبوون کە (لینین) لەبارەی ئەوانەوە

[٢٥٦] پۆستەو گەیاندن: دائرة البريد والأتصالات





بەپیس ناوی دەبردنو دەیگوت: ((زۆر کەم بەرەو چەپ بادەدەنەوە))، کە زۆر زیاترە لەپێویست تاکو هەوڵ بدەین پرسیارەکە بەم جۆرە دەربڕین، جێی سەرسامیە کە (سۆخانۆف) هەرگیز هەوڵی نەداوە کە تیۆرە سەرپێیو زارەکییەکانی خۆی بەراورد بکات بەو هێڵە سیاسیانەی (لینین) کە گوزارشتی لێ دەکەن لەزۆربەی وتارو قسەکانیدا[٢٥٧].

مەکتەبی لیژنەی ڕاپەڕاندن کوتوپڕ هەڵوەشاندنەوەی خۆنیشاندانەکەی بەسەر بەڵشەفییەکاندا سەپاند، باشە ئەی ئەم داواکارییە بەپێی کام ماف بوو؟ لەڕووی ڕەسمییەوە قەدەغەکردنی خۆنیشاندان نییە، مەگەر بەدەسەڵاتی دەوڵەت، بەڵام دەوڵەت خۆی ناوێرێ هەر بیریش لەقەدەغەکردنی بکاتەوە، ئەی چۆن دەشێ سۆڤیەت ((وەك ڕێکخستنێکی تایبەتی)) بەرەیەك ئاڕاستە بکات کە لەدوو حیزبی سیاسی پێك هاتووەو نەهێڵێ حیزبی سێهەم خۆنیشاندان بکەن؟ لیژنەی ناوەندی بەڵشەفییەکان گوێڕایەڵی ئەمەیان ڕەت کردەوە، بەڵام بڕیاریشیدا کە بەڕوونیو ئاشکرایی سروشتی ئاشتیانە بدەنە خۆنیشاندانەکە، دەقی ڕاگەیەنراوی بەڵشەفییەکان بەدارودیوارەکانەوە هەڵواسرابوو لەڕۆژی (٩)ی یۆنیۆ (حوزەیران)داو تیایدا هاتووە: ((ئێمە هاووڵاتی ئازادینو مافی دەربڕینی نارەزاییمان هەیە، پێویستە لەسەرمان خزمەتی ئەم مافەمان بکەینو کاتێکی زۆریشمان بەدەستەوە نەماوە، تا ئێستاش مافی ئەوەمان هەیە کە خۆنیشاندانێکی ئاشتیانە بکەین)).

لەکۆنگرەی تەوفیقییەکاندا مەسەلەکە وروژێنرا، هەر لەك کاتەشدا (تەشخیدزە) کەوتبووە قسەی باقوبریق سەبارەت بەهەبوونی دەروازەیەکی ڕزگاربوون لەم قەیرانە، وتی: پێویستە دانیشتنو کۆبوونەوەکە بەدرێژایی شەویش بەردەوام بێ، هەرچی (غیغیتشکۆر)یشە کە یەکێکە لەئەندامانی بریزیدیۆم بوو، بەوشەیەکی زۆر ناقۆڵا کۆتایی بەوتارەکانی هێناو ڕووی لەبەڵشەفییەکان کردو گوتی: ((دەستە قێزەونەکانتان لابەرن لەسەر کێشە گەورەکان...!)) بەڵشەفییەکان کاتی ئەوەیان لەبەردەستدا نەمابوو ئەو مەسەلەیە بخەنەوە بەر باسو خواس لەحیزبەکەیاندا، کۆنگرەکەش بڕیارێکیدا

[٢٥٧] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم مەسەلەیە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣)ی کۆتایی بەشی دووەم.

سەبارەت بەڕاوەستاندنی هەموو کارێکی خۆنیشاندان بۆماوەی (٣) ڕۆژ، ئەمەش لێدانی هێزی بەلشەفییەکان بوو بەرانبەر بەحکومەت وەك کارێکی داگیرکارانە: لەلایەکەوە سۆڤیەتاتیش خەریکی ڕاکێشانی بەرەی دەسەلات بوو لەژێریاندا.

(میلیۆکۆف) خودی خۆی لەکۆنگرەکەدا ماوەی چەند کاتژمێرێك لەبەردەمی قۆزاقەکاندا قسەی کردو وتاری بێژا، بەلشەفییەکانیشی بەوە تاوانبار دەکرد کە ((خراپترین دوژمنی شۆڕشی ڕوسیان))، ئێستا باشترین دۆستی شۆڕشەکە خودی (میلیۆکۆف) خۆیەتی، بەحوکمی لۆژیکی شتەکانو ڕەوتی ڕووداوەکان، ئەو (میلیۆکۆف)ەی کە تا دوێنێ لەشۆڕشی فێبرایر (شوبات)دا تێکشکاندنی خۆی بەدەستی ئەلمانییەکان بەلاوە باشتربوو لەبەرپاکردنی شۆڕشی ڕوسی..! کاتێکیش قۆزاقەکان پرسیاریان لێ کرد دەربارەی ئەو ڕەفتارەی کە دەبێ وەك ڕێو شوێن بیگرێتەبەر دژی لینینییەکان چی بکەن؟ لەوەلامدا (میلیۆکۆف) گوتی: ((ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لەو بەرێزانەش ڕزگارمان بێت..!)) ئەم سەرکردە بۆرجوازە بەپەلە بوو، کاتی ئەوەی نەبوو هەموو شتێ دەربڕێ.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆبوونەوەکان گیران لەکارگەو فەوجەکاندا، بڕیار لەسەر چوونە سەر شەقامەکان درا بۆ ڕۆژی دواترو دەبێ ئەم دروشمە بەرزبکەنەوە: ((هەموو دەسەلات بۆ سۆڤیەتات...!)) لەگەڵ ئەو ڕێگریو ئالۆزیانەی کۆنگرەی سۆڤیەتاتو کۆنگرەی قۆزاق نابویانەوە هەلبژاردن هەر کرا لەئەنجومەنی دۆمای شارەوانی دائیرەی فیبۆرغو (٣٧) ڕاوێژکاری بەلشەفیو (٢٢)ی بەرەی سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕو مەنشەفییەکانو (٤)ی (کادیت) دیاری کران، ئەم کردەوەی هەلژبژاردنە کراو کەسیش هەستی پێ نەکرد.

بڕیاریاندا سەرلەنوێ چاوبخشێننەوە بەمەسەلەی خۆنیشاندانەکەدا، دوای ئەوەی لەلایەن کۆنگرەوە بڕیاری یەگجارەکی درابوو کە ناوەڕۆکەکەی وای دەگەیاند پیاکێشانێکی بێدەنگانەیەو هەڕەشەیە لەڕاسترەوەکان. دەیانەویست خۆنیشاندانێکی ئاشتیانە بێت نەك یاخی بوون، بیانوو بەلگەی وایان نەدەدۆزیەوە کە خۆنیشاندانەکە واپێویست بکات بکرێتە نیمچە ڕاپەڕینێك، (بیریزیدیۆم) کە لەلایەن خۆیەوە بڕیاری





دابوو کە ڕێو شوێنی بگرێتەبەر چەند سەد نوێنەرێکی کۆکردبووەوەو کردبوونی بەچەند دەستەیەکەوە، کە هەریەکە لەو دەستانە (١٠) کەس بوون، وە ئەم گروپو دەستانە ڕەوانە کران بۆ گەڕەکە کرێکارنشینەکانو کارگەکانو ئۆردوگا سەربازییەکان، تاکو چارەسەری کێشە بکەن بەبێ ئەوەی خۆنیشاندان ڕووبدات، دوای ئەوەی ڕێك کەوتن کە سبەینێ سەرلەبەیانی بکەونەڕێ بەرەو کۆشکی (تۆرید)و سەرەنجامی پەیوەندییەکانیان بگەیەننەوە ئەوێ، لیژنەی ڕاپەڕاندنی نوێنەرانی جوتیاران هاتنە ناو ئەم هەلمەتەوەو وە (٧٠) ئەندامی خۆی دیاری کردبۆ ئەنجامدانی هەمان کار.

گەرچی بەلشەفییەکان بەرێگەی پێشبینی نەکراو گەیشتبوونە هەموو ئامانجەکانیشیان: کەچی نوێنەرانی کۆنگرەکەو ئەندام کۆنگرەکان ناچاربوون کە کرێکارو سەربازان بناسن، شاخو کێو لەپەیامنێران نزیك نابێتەوە ـ دەبێ بچوك بچێ بۆلای گەورە ـ کەچی هاوکات پەیامنێرانیش ناچاربوون کە سەردانی ئەو شاخو کێوە گەورە گەورانە بکەن...! چاوپێکەوتنەکەش تاڕادەیەکی زۆر تۆکمە بوو، یەکێك لەپەیامنێرە مەنشەفییەکان لەئەزڤستیا سۆڤیەتی مۆسکۆدا ئەم تابلۆیەی ڕووداوەکانی وێنە کێشابوو: ((زۆرینەی ئەو کۆنگرەیەی کە زیاتر لە (٥٠٠) ئەندام پێك هاتبوو، لەچەند دەستەیەك کە هەریەکە لەو دەستەو گروپانەش لە دە کەس پێك هاتبوون، وەك وەلامدانەوەیەك بۆ خۆنیشاندەران بەدرێژایی شەو وەلامی داخوازییەکانیان دەدایەوە بەبێ ئەوەی بخەونو چاو لێك بنێن. پیاوانی ناودارو خەلکەکە، کەوتبوونە ئامۆژگاری کردنی کرێکارانو جەماوەر تاکو خۆیان دوورە پەرێز بگرن لەخۆنیشاندان، بەلام دەرکەوت کە ئەندام کۆنگرەکان ناتوانن دەسەلات بسەنن بەسەر ژمارەیەك لەکارگەو فابریقەداو هیچ دەسەلاتێکیان لەو شوێنانەدا نییە، ئەم ئەندامە ڕەوانەکراوانەش تەنها وەك دۆستایەتی پێشوازیان لێ کراوە ـ هیچی کرداریان پێ نەکراوە ـ بگرە ناو بەناو زبریو دوژمنایەتیکردنیشی پێوە دیاربوو، گەلێك جاریش بەتوڕەییەوە بەرێ کراونەوە)). گەرچی ڕۆژنامە ڕەسمیەکە هەرگیز زێدە گوێی نەکردووە لەم باسەدا بەلام وێنەی ئەم زیندە تابلۆیەی بەتەواوەتی نیشانداوە، کە دیمەنی بەیەکتر گەیشتنی شەوانە بووە لەنێوان دوو جیهانی زۆر لەیەکتر جیاوازدا.

جەماوەری پترۆگراد تۆزقاڵەیەك گومانیان نەبوو دەربارەی ئەوەی ئاخۆ کێ لەئێستاوە دەتوانێ خۆنیشاندان بقەبڵێنێو دیاری بکات، یاخود چاوی لێ بخەفێنێ. کرێکارانی (کارگەی بۆتیلۆف) ڕازی نەبوون بەوەی کە بەیانەکەی کۆنگرە بڵاوبکەنەوە سەبارەت بەقەدەغەکردنی خۆنیشاندانەکە، هەتا دوای ئەوەی بەتەواوەتی دڵنیابوون لەو خەیاڵ پلاوەی لەڕۆژنامەی (برافدا)دا خوێندیانەوە کە ئەم بەیانە پێچەوانەی بڕیاری بەلشەفییەکان نییە، فەوجی یەکی ڕەشاش کە ڕۆڵێکی گەورەی دەبینی لەڕیزی کەرتە سەربازییەکانی (مەوقع)داو وەك مۆسیقای یەکەم وابوو، ڕۆڵەکەی هەروەك ڕۆڵی کرێکارانی کارگەی (بۆتیلۆف) وابوو لەناوجەرگەی ناوەندە کرێکارییەکاندا، دەنگیانداو ڕاپرسیان کرد سەبارەت بەم بڕیارە لەناو فەوجەکەیاندا، دوای ئەوەی گوێیان گرتبوو بۆ ڕاپۆرتی (تەشخیدزە)و (وافکسانتییف)ی هەردوو سەرۆکی دوو لیژنەکەی ڕاپەڕاندن بڕیاریاندا: ((فەوجەکە چوونە دەرەوەی خۆی - بۆ سەر شەقامەکان - دوا دەخات بەرێکەوتن لەگەڵ لیژنەی ناوەندی بەلشەفییەکانو ڕێکخستنە سەربازییەکەیدا...)).

پێشەتای وەفدە هێوەرکەرەوەکان گەیشتە کۆشکی (تۆرید) دوای بەسەربردنی شەوە سپییەکان - شەوە بێ خەوەکان - لەبارێکی لێکهەڵوەشانی مەعنەوی تەواودا بوون، پشتی بەستبوو بەدەسەڵاتێك کە پێچەوانەی کۆنگرە نەبوو، بەڵام ڕووبەڕووی ترسو دوژمنایەتییەکی سەخت بوونەوە: ((بەلشەفییەکان زاڵ بوون بەسەر جەماوەردا)). ((جەماوەر دوژمنایەتی خۆی دەرخست بۆ مەنشەفییەکانو سۆسیالیستە - شۆڕشگێڕەکان)). ((کەس متمانەی بەهیچ شتێ نەدەکرد بەبرافدا نەبوایە))، لێرەو لەوێ خەڵکی بەهاوارو هوتافەوە ناخی دڵی خۆیان دەردەبڕیو دەیانگوت: ((ئێوە هاوڕێی ئێمە نین...!))، نوێنەرە ڕەوانەکراوەکانیش یەکە بەیەکە بەدوای یەکتریدا هەنگاویان دەنا، بەڕاستی دوچاری تێکشکانێکی گەورە هاتبوون، گەرچی کار پێچەوانەی جەنگیش بوو.

جەماوەر گوێ ڕایەڵی بڕیارەکەی بەلشەفییەکانیان کرد، بەڵام ئەم مالاوایی لێکردنەیان بەتاڵ نەبوو لەهاواری ناڕەزایی، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕقو قین ژێر بەژێر لەچڵەپۆپەدا بوو، بەڵام کپ کرابوو، خواربووەوە، کرێکاران لەهەندێ دامودەزگاو





دامەزراوەکاندا کەوتبوونە سەرکۆنەکردنی لیژنەی ناوەندی، کارەکە گەیشتە ئەو ئاستەی کە هەندێ لەئەندامە ڕق ئەستورەکانی حیزب لەگەڕەکەکاندا ناسنامەکەی خۆیان دڕاندبوو - ناسنامەی ئەندامێتی - دیارە ئەم کارەش جۆرە زەنگلێدانو ئاگادارکردنەوەیەکی ڕاستەقینەیە.

تەوفیقییەکان بیانویان بەوە دەهێنایەوە کە کودەتایەکی پاشایانە دەیەوێ خۆنیشاندانەکەی بەلشەفییەکان بۆ خۆی بقۆزێتەوە، بۆیە هەوڵیاندا خۆنیشاندانەکە بوەستێنن بۆماوەی (٣) ڕۆژ، و بەتیلەی چاو ئاماژەیان بەوەدەدا کە بەشێك لەقۆزاقەکان بەنیازی کودەتانو کەرتەکانیش بەتەمای جموجوڵن دژی شۆڕش لەپترۆگراد، جێی سەرسامیش نییە کە بەلشەفییەکان دوای چاوخشاندنەوە بەخۆنیشاندانەکەدا داوا بکەن ڕاڤەی ئەو کودەتایەشیان بۆ بکرێ، کەچی سەرکردەکانی کۆنگرە لەجیاتی وەلامی ئەم پرسیارەی بەلشەفییەکان بدەنەوەو ڕاڤەی ئەو مەسەلەیە بکەن کەچی تاونباریشیان کردن بەوەی کە ئەمانە کودەتاچین، بەم چەشنە خۆیان لەهەڵوێستەکە دەرباز کردو لەوپەڕی دڵخۆشیشدا مانەوە.

پێویستە دان بەوەشدا بنێین کە تەوفیقییەکان لەشەوی (٩ - ١٠)ی یۆنیۆ (حوزەیران)دا کودەتایەکی توندیان دۆزیەوە: ئەویش کودەتای جەماوەری یەکگرتوو بوو لەگەڵ بەلشەفییەکاندا دژی خۆیان، لەگەڵ ئەم هەموو شتانەشدا تەوفیقییەکان دلێریو ئازایەتیان بۆ خۆیان گێڕایەوە دوای ئەوەی بەلشەفییەکان پەیڕەوی بڕیاری سۆڤیەتیان کرد، ئەم نوێنەرایەتیو پەیڕەوکردنەشیان دوای داچڵەکاندنی تەقینەوەکە بوو، و مەنشەفیو سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان بڕیاریاندا ئیتر دەستی پۆلاینی خۆیان ئاشکرا بکەن، لە (١٠)ی یۆنیۆ - حوزەیران)دا ڕۆژنامەی مەنشەفییەکان نوسیبووی: ((ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە لینینیەکانسوكو ڕیسوا بکرێن، وەك یاخی بوانو خائینەکانی شۆڕش)) سەرۆکی لیژەی ڕاپەڕاندن لەکۆنگرەی قۆزاقەکاندا، داوای لەقۆزاقەکان کرد کە پشتیوانی سۆڤیەت بکەن دژی بەلشەفییەکان، بەڵام (دۆتۆف)ی سەرۆکی کۆنگرەکە بەرپەرچی ناوبراوی دایەوەو گوتی: ((ئێمەی قۆزاق نامانەوێ هەرگیز لەسۆڤیەتات

بـدەین))و کۆنەپەرسـتەکان ئامـادەن کـە بکەونـە هاوکـاری لەگـەڵ سـۆڤیەتاتدا دژی بەڵشەفییەکان، تاکو سۆڤیەت بەتەواوەتیو زیاتر لەجاران سەرکوت بکریو بپوکێتەوە.

لە (١١)ی یۆنیۆ (حوزەیران)دا کۆبونەوەیەك بەسترا، کـە پێـك هـاتبوو لەلیژنـەکانی ڕاپەڕانـدنو ئەنـدامانی بریزیـدیۆمیو سـەرکردە حیزبیـەکان، ژمـارەی ئەنـدامانی ئـەم کۆبوونەوەیە ـ کۆنگرەیە ـ نزیکەی سەد کەسێك دەبوون، نوێنەری گشتی بریتـی بـوو لـە (تسیریتلی) کە بەردەوام هەرخۆی سەری لەو شتانە دەخورا، ناوبارو بەرقو قینێکـی کـپ کراوەوە داوای ئەنجامدانی سەرکوت کردنێکی توندوتیژی کرد، کەوتە ڕەفتاری بزاوتنەوە، لەوانـەش هانـدنی (دان) لـەڕێی ئـەم بزافـەوە ئـەو(دان)ەی کـە هەمیـشە ئامـادەبوو بـۆ ڕاوەدونـانی بەڵـشەفییەکانو تـاکو ئێـستاش بڕیـاری لێـدانی ئـەوانی نـەداوە. ئـەوەی ئێستاکەش بەڵشەفییەکان دەیکەن بیروبڕوا بڵاوکردنەوە نییـە، بانگەشـە بـۆکردن نییـە. ئـەوەی دەیکـەن کودەتایەکـە... بمـانبورن.. بەڵـشەفییەکان..! ئێمـە دەگەینـە شـێوە ڕێگـە خەباتێکی تر، پێویـستە بەڵـشەفیەکان چـەك بکـرێن (چـەکیان لـێ بـسەنرێت) نـاکرێ هۆکارە کلاسیکییە گەورەکان کە بەدەست ئەوانەوەیە پێیان بمێـنن، ئێمـە هـەرگیز ڕێگـە نادەین هەودای کودەتا دژی ئێمە بچنرێ))، ئەم قسانە شێوە ریتمو ئاوازێکی تـازەبوون، باشە چەککردنی بەڵشەفییەکان مانای چییە؟ (سۆخانۆف) لەوەڵامدا هۆیەکەی دەڵێـتو دەنوسێت: ((چـونکە بەڵـشەفییەکان جبەخانـەی گـەورەی چـەکیان هەیـە، لەڕاستیـشدا، هـەموو چـەکەکان بەدەسـتی ئـەو کرێکـارو سـەربازانەوەن کـە بەگرۆیـەکی زۆر لەگـەڵ بەڵشەفییەکاندان، و چەککردنی بەڵشەفییەکان مانای چەك سـەندن نییـە لـەپڕۆلیتاریا، جگە لەمـەش، ئەمە مانای چەککردنی کەرتە سەربازییەکان نییە)).

بـەدەربڕینی تـر، سـاتەوەختی کلاسـیکی شـۆڕش هاتـەوە پێـشەوە، ئـەو سـاتەی کـە دیموکراتییەتی، بۆرجوازییەت دەیەوێ گوێ بگـرێ بـۆ داواکاریـەکانی کۆنەپەرسـتەکانو چەك لەو کرێکارانە بسەنێتەوە کە سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەیان مسۆگەر کردبوو.

سەرکردە دیموکراتییەکان ـ کە هەندێکیان ڕۆشنبیرییەکی باشیان هەیە، خۆشەویستی خۆیان دەبەخشن بەو کەسانەی چەکیان لـێ دەسەنن نـەك لـەو کەسـانەی چـەك دادەنـێن، چونکە چیرۆکەکە دیسان دەچێتەوە سەر بای بەرەکۆنو بەسەرهاتە دێرینەکە، بەڵام کاتێك





بەوپەڕی ڕوونو ئاشکرایی مەسەلەکەیان خرایە بەردەم دەستەوستان بـوون ـ بەتـەواوەتی ـ لەئاستی ناسینەوەیدا، شتێکی هەروا سادەوسانا نـەبوو، ئـەم بۆنـە تایبەتـە بەعەقڵیانـدا بچێ، بۆنەیەك کە کەسـێکی وەك (تـسیرتیلی) کـەفیلی چـەك کردنـی کرێکـارانی تێـدا لەئەستۆ دەگرێ، گەرچی ناوبراو کەسێکی شۆڕشگێڕیشەو لەو پێناوەشدا چەند ساڵێکی تەمەنی لەتاراوگە بەسەر بردووە. تادوێنێ کەسێکی زیمیرفاڵدی بـوو، هـەموو ئەنـدامان بـەم قـسەیە سەرسـام بـوون، واقیـان وڕمـا، دەتگـوت باڵنـدە لەسـەر تـەوقی سـەریان نیـشتوەتەوە، وە نوێنـەرانی ناوچـەکان بەوپـەڕی دڵنیاییـەوە هەسـتیان بـەوە کـرد کـە نەخشەیەك لەئارادایە بۆئەوەی ئەوانی پێ فڕێ بدرێتە دۆزەخـەوە. یـەکێك لەئەفـسەرەکان دوچاری قەیرانێکی هستریایی بوو.

(کامینیف) لەجێی خۆی ڕەق بـوو، ڕەنـگ زەرد هەڵگەڕانەکـەی لـەهی (تـسیرتیلی) کەمتر نەبوو، بەدەنگێکی سەنگینو بەرز هاواری کـردو گـوتی: ئـەی وەزیـری گـەورەم...! ئەگەر تۆ کۆتایی قسەکەت دەرناخەیت، ئەوە بەس نییە کە هەر وتار بدەیتو هیچی تـر، بمگـرەو دادگـاییم بکـە بـەتاوانی ئـەوەی کـە کودەتـام کـردوە دژی شـۆڕش...!)).
بەڵشەفییەکان لەهۆڵی کۆنگرە چـوونە دەرەوە، وەك نـاڕەزایی دەربڕینێـك، ئـەوەیان ڕەت کردەوە کە بەشداری بکەن بۆ دانانی نەخشەو ڕێو شوێنی پێویستی تۆڵە سـەندنەوە لـەو تاوانـەی ڕووبـەڕوویان کـراوە ـ واتـە ڕووبـەڕووی حیزبەکـەیان ـ نـاڕێکوپێکیو پـشێوی بەجۆرێك هۆڵەکەی گرتەوە کە لەوێزەدا نەمابوو.

(لیبر) ڕایکرد بۆ فریاکەوتنی(تسیرتیلی)، ئەو ڕقو قینـەی لەسـەر تەختـەی شـانۆکە بەشێوەیەکی هستریانەو بەتوندی دەری دەبڕی، بەکەسێکی دیکـەی ڕشـت، (لیـبر) داوای کـرد کـە ڕێو شـوێنی زۆر تونـدو بـێ بـەزەییو دڵ ڕەقانـە بگیرێتەبـەر: ((ئەگـەر ئێـوە دەتانـەوێ ئـەو جـەماوەرەی ڕووی کردووەتـە بەڵـشەفییەکان بـەلای خۆتانـدا بێننـەوە پەیوەندیەکانتان لەگەڵ بەڵشەفییەتدا بپچڕێنن...!)) ئەنـدامانی کۆنگرەکـە گوێیـان بـۆ گرتبوو، بەبێ ئـەوەی لەگـەڵ قسەکانیدا، بگـرە جۆرێـك لـەرقو دوژمنایەتیـشیان پێـوە دیاربوو.

(لۆناتشارسکی) کە هەرگیز هیچ شتێ کاری تێ نەدەکرد، هەوڵیدا کە بچێتە سەر باسی ڕێك کەوتن لەگەڵ زۆرینەدا، بەڵشەفییەکان بەتەواوەتی ئەوەیان خستبووە دەستیەوە کە جگە لەخۆنیشاندانێکی ئاشتیانە هیچی تریان ناوێ، بەڵام ئەزموونی تایبەتی خۆی وای لێکردبوو لەو باوەڕەدابێ کە ((هەڵەیە خۆنیشاندان ڕێك بخرێ))، لەگەڵ ئەوەشدا گونجاو نییە کە ناکۆکییەکان قوڵتر بکرێنەوەو ببنە قەیران، ناوبراو هاوڕێکانی خۆی وروژاند بەڵام نەیتوانی دوژمنو ناحەزەکانی خۆی هێوەر بکاتەوە.

(دان) کە لەهەموو سەرکردەکانی تر زیاتر قەناعەتی بەئەزموون هەبوو لەهەمووشیان قوڵتر بیری دەکردەوە، گوتی: ((ئێمە باڵی چەپ لەناونابەینو جەنگیان لەگەڵدا ناکەین، ئێمە دژی دژە شۆڕش دەجەنگێین، هەڵەی ئێمەش نییە ئەگەر بەکرێگیراوە گوێ ڕایەڵەکانی ئەڵمانیاتان لەگەڵدا بن ـ یان لەپشتانەوەبن ـ)). ئەم قسانەش زۆر بەسادەیی جێگەی پاکانە کردنیان گرتبووەوە. بێگومان ئەم بەڕێزو سەرکردانە...! نەیاندەتوانی هیچ بەکرێگیراوێکی ئەڵمانی دەست نیشان بکەن.

(تسیرتیلی) دەیویست گورزێکی قایمتر بوەشێنێ، (دان)یش پێشنیاری کرد کە ئەم شتە بخرێتە ڕاپرسییەوە، لیژنە ڕاپەڕاندنە داماوەکەش بەپێشنیارەکەی (دان) ڕازی بوو، بڕیارە پێشنیارکراوەکە لەڕۆژی دواتردا بوو بەیاسایەکی تایبەتی (استثنائي) دژی بەڵشەفییەکان، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ کردارو هەنگاوێکی ڕاستەوخۆی لێ بکەوێتەوە.

بەڵشەفییەکان لەکۆنگرەکەدا (بەیان)ێکیان بڵاوکردەوە، کە نووسرابوو: ((دوای ئەوەی نوێنەرانتان کارگەو فەوجەکانیان بەسەرکردەوە، ئیتر هیچ بوارێکی گومانو دوودڵیتان بۆ نەماوەتەوە سەبارەت بەوەی کە خۆنیشاندانەکە ناکرێ، چونکە خۆتان ڕێگر بوون لەڕوودانیدا، بەڵام لەبەرئەوەی حیزبەکان چاوپۆشی لەڕوودانی کرد... هیچ کامێك لەئەندامانی حکومەتی کاتیی خەیاڵی کودەتای سەربازی بڵاو نەکردووەتەوە، مەگەر ئەوەی کە هەست بەچەککردنی پڕۆلیتاریای پترۆگرادو کاولکردنی حامیە، جا ئەگەر دەسەڵاتی حکومەت بەتەواوەتی بدرایەتە دەست سۆڤیەتات ـ کە ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین وابێت ـ کە بەشێوەیەکی ناهەموار ملکەچ بکەین، بەڵکو هانمان دەدا بۆ





ڕووبەڕووبوونەوەی گرتنو هەموو جۆرە سزا سەپێنراوەکانی تر کە لەژێر پەردەو ناوی ئەو بیرۆکە سۆسیالیستییە ئومەمیانەدا دەکرێن کە ئێمەی لەئێوە جیا کردەوە))

زۆرینەی سۆڤیەت لەو ڕۆژگارەدا لە کەمینە نزیك دەبونەوەو ڕووبەڕووی یەکتری ڕاوەستان، وەك ئەوەی هەردوولایان ئامادەبن بۆ جەنگێکی یەکلاکەرەوە، بەڵام بەیەك هەنگاو هەردووکیان پاشگەزبوونەوە، لە دواهەمین ساتدا، بەڵشەفییەکان ڕێگربوون لەخۆنیشاندانەکە، هەروەکو چۆن تەوفیقیەکانیش ڕێگر بوون لەوەی کە کرێکاران چەك بکرێن.

(تسیرتیلی) بەکەمینەیی مایەوە لەناوجەرگەی هاوڕێکانیدا، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ڕاستی بوو، بەپێی ڕێگەو شێوازی خۆی، سیاسەتی هاوپەیمانیو بۆرجوازییەت پێکەوە گەیشتبووە خاڵێك کە ئیتر پێویست بوو ئەو جەماوەرە لاواز بکرێ کە ڕازی نەدەبوو بەقەبوڵ کردنی ئیئتیلافو سیاسەتی تەوفیقو سوڵحکاری سەرکەوتوو کرد، واتە دەسەڵاتی ئەڵمانی خەریك بوو دەڕەسا لەپەرلەمانیەتی بۆرجوازیداو بوو بەکارێك کە کردنی مەحاڵ بوو بەبێ چەك کردنی کرێکارانو سەربازان، بەڵام ئەگەر (تسیرتیلی) ڕاست بکاتو ڕاستی پێکابێت بەپێی ڕێگەو شێوازی خۆی، ئەوا لەلایەنێکی ترەوە تەواو داماوو دەستەپاچەیە. ئەویش ئەوەیە کە سەربازو کرێکاران ئامادەنین هەروا بەهەوانتەو بەخۆشی خۆیان چەك دابنێن. بۆیە پێویستە هێز دژیان بەکاربهێنرێ، دیسانەوە هێزیش هەرگیز لەگەڵ لایەنی (تسیرتیلی)دانییە.

ئەگەر بیەوێ کەمترین شتیش بکات هێزی بۆ دەستەبەر ناکرێ، مەگەر تەنها لەو کۆنەپەرستییەوە کە یەکسەر بەدەمییەوە دێت، ئەگەر سەرکوتکردنی بەڵشەفییەکان بەکۆتایی هێنانی سۆڤیەتاتی تەوفیقییەکان تەواو بێت، ئەو کۆنەپەرستییەی دوودڵ نەبوو لەوەی کە (تسیرتیلی) لەکەسێکی زیندانی پێشوو بەولاوە هیچی تر نییە، وێڕای ئەمانەش زنجیرەیەك ڕووداو ڕوویاندا لەدواییداو دەریش کەوت کە ئەو هێزانە هەرگیز بوونیان نییە لەلای کۆنەپەرستی.

(تسیرتیلی) کە بەردەوام جەختی لەسەر لەناوبردنی بەڵشەفیەت دەکردەوە وەك پاکانەکردنێکی سیاسیانە ئەوە بەبیانوو دەهێنێتەوە کە بەڵشەفییەکان پڕۆلیتاریا

جیادەکەنەوە لەچینی جوتیاران، بەڵام (مارتۆف) بەرپەرچی ئەم بیانوەیشی دایەوەو گوتی: ((تسیرتیلی ئەو بیرۆکانە پوختە ناکات کە لەلایەن چینی جوتیارانو لەناخی دڵیانەوە ئاراستەیان دەکەن، ئەوەتا کۆمەڵەی باڵی ڕاستڕەوی حیزبی (کادیت)و کۆمەڵەی لایەنە سەرمایەدارەکانو دەرەبەگو ئاغاکانو ئیمپریالییە بۆرجوازە خۆرئاواییەکان ـ ئەو کەسانەن کە داوای چەککردنی کرێکارانو سەربازان دەکەن)). (مارتۆف) ڕاستی گوت. خۆ چینە خاوەندارەکان لەمێژوودا زیاتر لەجارێك پڕوپاگەندەی خۆیان کردووە لەژێر پەردەی جوتیاراندا.

هەرلەکاتی بڵاوکردنەوەی ((بیرۆکەکانی ئیپریل))ی (لینین)دا، هەندێ کەس بەشێوەیەکی ترسناك باسی مەترسی دابڕانی پرۆلیتاریایان دەکرد لەچینی جوتیاران، و ئەم دابڕانەش بیانوویەکی سەرەکی بوو بۆ ئەو کەسانەی هەوڵیان دەدا کە شۆڕش بگێڕێتەوە بۆ دواوە، ئەوە شتێکی ڕێکەوت نەبوو کە (لینین) هاتووە (تسیرتیلی) لەبەڵشەفییە کۆنەکان نزیك کردوەتەوە.

(ترۆتسکی)ش لەیەکێك لەلێکۆڵینەوەکانیدا لەساڵی ١٩١٧ لەوبارەیەوە نوسیویەتی: ((دابڕینی حیزبەکەمان، بەلای سۆسیالیستە شۆڕشگێڕو مەنشەفییەکانەوە دورخستنەوەیان لەئەوان هەتا ئەوپەڕی سنوور، تەنانەت ئەگەر بگاتە ئاستی زیندانی تاکە کەسیش، ئەوا ئەم دابڕانە هەرگیز مانای دابڕانی پرۆلیتاریا نییە لەجەماوەری چەوساوەی دێهاتو شاران، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەو پرۆلیتاریا شۆڕشگێڕەی زۆر بەڕوونو ئاشکرایی نکوڵی پیسی خۆی دەردەخات بەرانبەر بەسەرکردە سۆڤیەتاتەکانی ئێستا، ناتوانێ هیچ شتێکی وا بکات کە ببێتە مایەی جیاکردنەوەی سیاسیانەی پێویست بەلای ملیۆنەها جوتیارەوەو سەندنەوەی هەژارە گوندنشینەکان لەدەستی سەرکردە خائنەکانی جوتیاران، کە لەبنەڕەتدا دەوڵەمەندو سۆسیالیستی ـ شۆڕشگێڕن، گۆڕینی پرۆلیتاریای سۆسیالیستی بۆ گوێزەرەوەیەکی ڕاستەقینەی میللی گشتی)).

بەڵام پاکانەکردنە ساختەکەی (تسیرتیلی) تاڕادەیەکی زۆر وەك بیانوویەکی ـ یان بەڵگەیەکی بەهێز دێتە بەرچاو، کە ناکرێ ڕەخنەی لێ بگیرێو لەکاتی دەمەو تەواوبوونی ڕاپەڕینەکەی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)دا ئەم بەڵگەو بیانوە سەرلەنوێ





بەشێوەیەکی بەهێزترو دووهێندتر سەری هەڵدایەوە، وەك((بەڵگەی بەهێز))ی بەڵشەفییە دێرینەکان دژی ڕاپەڕین، دوای چەند ساڵێك کە کۆنەپەرستی ئایدۆلۆژیەت کاری دەکرد دژی (ئۆکتۆبەر) ئیتر ڕشتەکەی (تسیرتیلی) بوو بەئامێرێکی سەرەکی قوتابخانەی نەوەی شۆڕش.

* * *

لەو دانیشتنی کۆنگرەیەدا کە بەنادیاری دادگایی بەڵشەفییەکانی تێدا کرا، نوێنەری مەنشەفییەکان پێشنیاری کرد کە ڕۆژی یەك شەممەی داهاتوو، ڕێکەوتی (١٨)ی یۆنیۆ (حوزەیران) بکرێتە ڕۆژی دەست پێکردن بەخۆنیشاندان لەپترۆگرادو شارە گەورەکانداو سەربازو کرێکاران بەشداری تێدا بکەن، تاکو بۆ دوژمن بیسەلمێنن کە ئەمانە لەڕووی هێزو دیموکراتیەتەوە یەکانگیرنو دانابڕێن، پێشنیارەکە ڕەزامەندی لەسەردرا، بەڵام دان پیانانو ڕەزامەندی دەربڕینەکە بوو بەشتێکی پڕ لەسەرسامی، و نزیکەی یەك مانگ دوای ئەمە (میلیۆکۆف) ئەمەی بەجۆرێکی تر ڕاڤە کردو گۆڕانی تەوفیقییەکانی بەلاوە سەیر بوو کە گوتی: ((وەزیرە سۆسیالیستەکان وا هەستیان دەکرد کە زۆر دورکەوتونەتەوە لەنزیك بوونەوەیان لەگەڵماندا، دوای ئەوەی قسەکانی (کادیت)یان بە بەڵگە دەهێنایەوە لەکۆنگرەی سۆڤیەتاتداو سەرکەوتووبوون لەڕێگرتن لەو خۆنیشاندانە چەکدارانەیەی کە بڕیار وابوو ڕۆژی (١٠)ی یۆنیۆ (حوزەیران) دەست پێ بکات... هەروەها وەزیرە سۆسیالیستەکان دیسان وایاندەزانی کە زەوی لەژێر پێیاندا دێتە لەرزە، بۆیە لەناکاو ڕوویان وەرگێڕا بەلای بەڵشەفییەکانداو ترس دایگرتبونو سەرسام مابوون..!))، بەڵام کاتێك بڕیاریاندا خۆنیشاندان لە (١٨)ی یۆنیۆ (حوزەیران)دا بێگومان ئەمجارەیان بەلای بەڵشەفییەکاندا بانادەنەوەو ڕوویان تێ ناکەن. بەڵکو دەیانەوێ ڕوو بەلای جەماوەردا وەربگێڕن، دژی بەڵشەفییەکان. ڕووبەڕووبوونەوەی شەوانە لەنێوان کرێکارو سەربازاندا زەمین لەرزەیەکی بۆ سەرکردەکان دروست کردبوو، بەجۆرە بەپەلە کەوتنە دەرکردنی بڕیارێکی مەرسومدار بەناوی حکومەتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی دۆمای ئیمپراتۆریو پڕوپاگەندە کردن بۆ ئەنجومەنی دامەزرێنەران لە (٣٠)ی سێپتەمبەر (ئەیلول)دا بەپێچەوانەی ئەو شتانەی لەسەرەتای کۆنگرەدا

نەخشەیان بۆ کێشابوو، و کوتوپڕ دروشمەکانی خۆنیشاندانەکە ئامادەکران‌و بەشێوەیەکی وا نوسران کە نەبنەمایەی وروژاندنی جەماوەر‌و توڕەکردنی جەماوەر، دروشمەکان بەم جۆرە بوون: ((ئاشتییەکی گشتی))، ((بانگەشەکردن بۆ ئەنجومەنی دامەزرێنەران زۆر بەخێرایی))، ((کۆماری دیموکراتی)).

بەڵام دەربارەی هێرش‌و ئیئتیلاف تەنها یەك وشەیان نەگوت‌و نەنووسی، (لینین) لەسەر لاپەڕەکانی(برافدا) داوای دەکرد کە: ((ئەی بەڕێزان..! کەواتە ئەی متمانەی ڕەها سەبارەت بەحکومەتی کاتیی بۆ کوێ چوو؟... ئەرێ زمانتان گرێ دراوە؟))، ئەم گاڵتەپێکردنەش ئامانجی خۆی پێکا، ئەوەبوو تەوفیقییەکان نەیاندەوێرا کە داوا لەجەماوەر بکەن کە متمانە ببەخشن بەو حکومەتەی کە خۆیان بەشێکن لەو حکومەتە!

دوای ئەوەی کە بۆ جاری دووەم دیسان نوێنەرانی سۆڤیەت ڕەوانەکرانەوە بۆ گەڕەکە کرێکارنشینەکان‌و ئۆردوگا سەربازییەکان لەئێوارەی ڕۆژی خۆنیشاندانەکەدا ڕاپۆرتی پڕ لەدڵنیاییان پێشکەش کرد بەلیژنەی ڕاپەڕاندن، ئەم زانیاریانە هاوسەنگی‌و چالاکی‌و تەمبێ‌و بریندارکردنەوەو کولانەوەی زامیان بەجەستەو هزری (تسیرتیلی) بەخشی‌و ڕووی کردە بەڵشەفییەکان‌و گوتی: ((خۆنیشاندانێکی ـ نمایشێکی زۆر ڕاشکاوانەو ڕوون‌و ئاشکرامان بەدەستەوەیە کە زۆر شەریفانەیە نمایشەکەش نمایشی هێزە شۆڕشگێڕەکانە... و ئێستا دەبینین ئاخۆ زۆرینە بەدوای کێدا دەڕوات‌و لەگەڵ کێدایە! ئایا بەدوای ئێوەوەن؟!))، بەڵشەفییەکان ئەم سنگ دەرپەڕاندنەی ئەوانیان قەبوڵ کرد، بەرلەوەی ئەم سنگ دەرپەڕاندنەیان بەو سووکی‌و ڕسواییە بگات، یاخود بەو ڕادەیە لەخۆیان بایی بکات، (برافدا) نوسیبووی: ((دەچین بۆ بەشداریکردنی خۆنیشاندانی ڕۆژی (١٨)ی مانگ، لەپێناوی خەبات کردن بۆ ئەو ئامانجەی کە دەمانەویست لە (١٠)ی مانگدا خۆنیشاندانی بۆ بکەین)).

دیسانەوە ئەو ڕێگەیەی کە خۆنیشاندانەکە گرتبوویە بەر هەر دەچووە سەر گۆڕەپانی نمایشکردنەکان (گۆڕەپانی مارس) بەرەو گۆڕستانی قوربانییەکانی فێبرایر (شوبات) وەك یادێك بۆ تەرمەکانی ئەو مانگی ئازارەی کە ڕووداوەکە تیایدا ڕوویداو لەڕووکاریشدا ـ بەلای کەمیەوە گەورەترین خۆنیشاندان بوو کە بەڵگە بێت لەسەر





یەکێتیەکی دیموکراتیانە. بەڵام جگە لەو ڕێگەیەش هیچ شتێکی تر نەبوو کە بیرهێنەرەوەی یاداشتی ڕۆژگارە دوورەکانی مانگی مارس بێت.. کە (٤٠٠) هەزار کەس لەکەژاوەی ئەو تەرمانەدا بەشداربوو، واتا خۆنیشاندانەکە زۆر کەمتر بوو لەژمارەی ئەو کەسانەی بەشداربوون لەکەژاوەی تەرمەکاندا، بۆرجوازییەت بەشداری نەکرد لەو خۆنیشاندانەی سۆڤیەتاتێك کە خۆیشی بەشدارە تیایدا، ئەنتلیجنسیای ڕادیکاڵیش هەر بەشداری نەکرد، کە لەخۆنیشاندانەکانی پێشوودا شوێنێکی گرنگ‌و بەرچاوی هەبوو، لەکەژاوەی خۆنیشاندانی ئەمجارەیاندا کەسی وای تێدا نەبوو جگە لەکرێکارانی کارگەکان‌و سەربازانی ئۆردوگاکان.

نوێنەرو ئەندام کۆنگرەکان کە لەگۆڕەپانی نمایشکردن (گۆڕەپانی مایس) کۆبوبونەوە، لافیتەکانیان دەخوێندەوەو ئامادەیان دەکردن، سەرەتا دروشمە بەڵشەفییەکان بەجۆرە گاڵتەجاڕییەکەوە پێشوازیان لێ دەکرا، ئەی هەر دوێنێ نەبوو کە (تسیرتیلی) بەوپەڕی بوێرییەوە سنگی خۆی دەرپەڕاندبوو؟ بەڵام دروشمەکان دوجار سێ جار دووبارە دەبوونەوە: ((بڕوخێن دە وەزیرە سەرمایەدارەکان..!)) (بڕوخێ هێرشکردن...!)، ((هەموو دەسەڵاتێك بۆ سۆڤیەتات..!))، زەردەخەنە پڕ لەگاڵتەجاڕییەکان بەسەر لێوە وشکەکاندا مەیین، دواتر نەمان‌و لەناوچوون، و ئاڵاو دروشمە بەڵشەفییەکان هەتا چاو بڕبکات شەکانەوە. و نوێنەرەکان قەدەغەیان کرد کە حیسابە نکولی کارانەکەیان هەستن، سەرکەوتنی بەڵشەفییەکان ڕوون‌و دیاربوو، (سۆخانۆف) لەلایەن خۆیەوە نووسیبووی: ((زنجیرەی دروشمە بەڵشەفییەکان لێرەو لەوێ کەوتبوونە ژێر دروشمە سۆسیالیستە ـ شۆڕشگێڕەکانەوە بەتایبەتی‌و دروشمە سۆڤیەتیە ڕەسمیەکان بەڵام ئەم دروشمانە لەناوجەرگەی جەماوەردا ون بووبوون))، ڕۆژی دواتریش ڕۆژنامە نارەسمییەکەی بەناوی سۆڤیەتەوە بڵاو دەکرایەوە، نووسیبووی: ((بەکام ڕقوقین ئەو دروشمانە دڕێنران کە پشتگیری حکومەتی کاتییان لەسەر نووسرابوو)) ئەم قسانە زێدەڕەویان تێدا کرابوو، ئەوەبوو ئەو لافیتانەی پشتگیری حکومەتیان کردبوو کەس بەرزی نەکردبوونەوە سێ کۆمەڵ نەبێ: کۆمەڵی (بلیخانۆف)، مەفرەزەیەکی قۆزاق، کۆمەڵێك لەجولەکە ڕۆشنبیرەکان کە پەیوەست بوون بەپۆندەوە. ئەم تێکەڵە سێ

سوچەش کە وەك سروشتێکی گەوێڕی[٢٥٨] سیاسی دەهاتە بەرچاو، بەڵگەیەکی ئاشکراش بوو بۆ جەخت کردنەوە لەسەر دەستەوەستانیو بێ دەسەڵاتی ڕژێم، لایەنگرانی (بلیخانۆف)و پیێڕی پۆند، ناچاربوون کە لافیتەکانیان لوول بکەن لەکاتی خۆنیشاندانەکەدا، لەژێر کاریگەری دەنگە نارەزاکاندا کە دژی ئەوان بوونو جەماوەرێکی زۆریش بوون، بەڵام هەرچی لافیتەی قۆزاقەکان بوو خەڵکەکە دایانگرتنو دڕاندیانن چونکە کەللەڕەقیو سوربوونی خۆیان نیشاندابوو.

ئێستا ئەو وەسفە دەخەینەڕوو کە (ئەزڤستیا) سەبارەت بەم خۆنیشاندانە وەك ڕۆژنامەیەك نووسیبووی: ((ئەو لافاوەی کەوتە جموجوڵ، هەر بەردەوام بوو تاکو بوو بەڕووبارێك لەباراناوی بەهار، چەند ساتێك دوای ئەوەش هەڕەشەی لافاوی وێرانکەری دەکرد))، ئەمەش لەگەڕەکی فیبۆرغ ڕوویدا کە داپۆشرابوو بەئاڵاو لافیتەی بەڵشەفییەکانو لێیان نوسرابوو: ((بڕوخێن دە وەزیرە سەرمایەدارەکە...!)) یەکێك لەکارگەکان ئەم لافیتەیەی بەرزکردبووەوە: ((مافی ژیان لەسەروو مافی خاوەندارێتی تایبەتەوەیە))، هیچ کام لەحیزبەکان دروشمی وایان بەردەست نەخستبوو.

دێهات نشینە بەیەکادەرەکان بەدوای سەرکردەکاندا دەگەڕان، سەرکردەکانیش چاوپۆشییان دەکرد، یان زۆر بەسادەیی دزەیان دەکردو خۆیان ون دەکرد. بەڵشەفییەکان کاریان کردبووە سەر دێهات نشینەکانو ڕۆڵەکانی ناوچەکان، کە دەیانپرسی: ((ئایا بەڵشەفییەکان یاخی بوویەکی بچووکی کودەتاچین؟)) بەدەنگ شێوازی جۆراوجۆر کەوتبوونە دانپیانان بە بەڵشەفییەکان، کە ئاوازی قسەوباسەکانی ئەمڕۆیان زۆر جیاوازتر بوو لەئاوازی دوێنێی دانیشتنە ڕەسمییەکەیان: ((ئێوە هێزێك لەپترۆگراد پێك دەهێنن، بەڵام هەمان هێزتان نابێ لەناوچەکەدا یان لەبەرەکانی جەنگدا، پترۆگرادیش ناتوانێ جەنگ دژی سەراپای وڵات بکات)) بەڵشەفییەکانیش ئاوا بەپەرچیان دەدانەوەو دەیانگوت: ((ماوەیەك چاوەڕوان بن، ڕۆڵی ئێوەش دێتە پێشەوە، هەمان ئەو لافیتانەش بڵاو دەکرێنەوە کە لەلای خۆتانن)).

[٢٥٨] گەوێڕی سیاسی: الشذوذ السياسي.





(بلیخانۆف)ی بەساڵاچوو نووسیبووی: ((لەکاتی ئەم خۆنیشاندانەدا من لەتەنیشت (تەشخیدزە)وە ڕاوەستابووم لەگۆڕەپانی نمایش - گۆڕەپانی مارس - تێبینی گوزارشتەکانی دەموچاویم دەکرد کە هەرگیز ئەو خۆی نەدەخەڵەتاند لەو ڕووەوە کە ئەم لافیتە زۆرانەی داوای لابردنی وەزیرە سەرمایەدارەکان دەکەن، بێ ماناو ناڕاست بن، ئەم مانایەش لەو فرمانانەدا ڕەنگی دابووەوە کە هەندێ لەنوێنەرە لینینییەکان وەك سەرکردەیەکی ڕاستەقینە ئاڕاستەیان دەکرد، ئەوان لەبەردەمی ئێمە وانمایشی خۆیان دەکرد کە وەك ئەوە وابوو خۆنیشاندانەکە جەژنی نیشتمانی ئەوان بێت)).

* * *

بەهەرحاڵ بەڵشەفییەکان پاڵنەرەکانیان بۆ ڕەخسابوو، تاکو بەم جۆرە هەستیان پێ بکرێو دەربکەون. ڕۆژنامەی(گۆرکی) نووسیبووی: ((ئەگەر لەڕوانگەی لافیتەو دروشمەکانی خۆنیشاندەرانەوە حوکم بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە خۆنیشاندانە کرداریەکەی ڕۆژی یەك شەممە سەرکەوتنی تەواوەتی بەڵشەفییەکانی دەرخست لەناو پڕۆلیتاریای پترۆگراددا))، بەڕاستی سەرکەوتنێکی گەورەبوو، کە بەڵشەفییەکان لەسەر زەویدا بەدەستیان هێنا لەڕێی بەکارهێنانی ئەو دوو چەکەوە کە دوژمنەکانیان هەڵیان بژاردبوو، کۆنگرەی سۆڤیەتات جەماوەری ڕژاندە سەرشەقامەکان بەدەست پێشخەریەکی تایبەتی، چونکە هات پشتگیری لەهێرشەکە کردو ئیئتیلافی قەبوڵ کردو سەرکۆنەی بەڵشەفییەکانی کرد. جەماوەریش بەرپەرچی دایەوەو گوتی: ئێمە هێرشمان ناوێ، ئیئتیلافیشمان هەرناوێ، لەگەڵ بەڵشەفییەکاندا دەبین، ئەمە دەرەنجامە سیاسییەکەی خۆنیشاندانەکە بوو، جا ئایا دوای ئەم هەموو شتانە ڕۆژنامەی مەنشەفییەکان لەڕۆژی دواتردا لەو کەسانە دەپرسێ کە بیرۆکەی خۆنیشاندانەکەیان دووردەخستەوە: ئەرێ کێ ئەم بیرۆکە نەگریسەی پێشنیار کرد؟

* * *

بێگومان هەموو سەربازو کرێکارانی پایتەخت بەشدارییان نەکردبوو لەخۆنیشاندانەکەو هەموو خۆنیشاندەرانیش هەر بەڵشەفی نەبوون. بەڵام کەسیشیان ئیئتیلافیان نەدەویست، ئەو کرێکارانەی لەبەری دژایەتی بەڵشەفییەکاندا مابوونەوە،

نەیاندەزانی بەچی ڕووبەڕوویان ببنەوە، دواتر دوژمنایەتییەکەشیان گۆڕا بۆ بینەری بێ لایەن، ژمارەیەکی زۆری مەنشەفیو سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان لەژێر لافیتەی بەلشەفییەکاندا کۆبوبونەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی کە پەیوەندیان هێشتا نەپچڕاندبوو، لەم دوو حیزبە، بەڵام متمانەیان بەدروشمەکانیان نەمابوو.

خۆنیشاندانی (١٨)ی یۆنیۆ (حوزەیران) ڕوویداو سروشتو بۆچوونی گەورە گەورەی لەخودی بەشداربوانیشدا دروست کرد، جەماوەر بۆی دەرکەوت کە بەلشەفییەت ئێستا بووە بەهێزێك، کەسە دوودڵو خانەگومانەکانیش ڕوویان لەو کرد، خۆنیشاندانەکانی (مۆسکۆ)و (کییف)و (خارکۆف)و (ئیکاتیرینۆسلاف)و شارەکانی تر زیاتر دەسەلاتداربوونی بەلشەفییەکانیان سەلماند، لەهەموو شوێنێ دروشمی هاوشێوەی ئەمانە بەرەو پێشەوە دەچوون، لەڕوخاندنی ڕژێمی فێبرایر(شوبات)یان دەسرەواند، پێویست بوو کە دەرەنجامەکەمان لەم هەموو شتانە پوختە بکرێنەوە، بۆ هەموو لایەکیش ئەوە دەرکەوت کە تەوفیقییەکان هیچ دەرچەیەکی ڕزگاربوونیان بەدەستەوە نەماوە، بەڵام هێرش لەدواهەمین ساتدا لەو تەنگەتاویە ڕزگارکردن کە خۆیانیان تێدا بینیبووەوە.

* * *

ڕۆژی (١٩)ی یۆنیۆ (حوزەیران) چەند خۆنیشاندانێکی نیشتمانی بەسەرکردایەتی (کادیت) بەڕێوەچوو کە وێنەی (کرنسکی)یان تێدا بەرزکرابوەوە (میلیۆکۆف) دەڵێ: ((ئەم خۆنیشاندانە وەك ئەوەیان نییە کە دوێنێ لەسەر هەمان ئەم شەقامانە ڕوویدا، لەمەیاندا هەستکردن بەسەرکەوتنو ڕەزامەندی نەبوون تێکەڵاو کرابوون))، ئەمە هەستو نەستێکی شەرعییە..! بەڵام تەوفیقییەکان بەدڵخۆشییەوە هەناسەی شادی هەڵدەمژن.. لەبەر ڕەزامەندی خۆیان و یەکسەر بیرو هزریان سەرکەوت بەسەر ئەو خۆنیشاندەرانەی وایانکرد کە بیرو هزرەکەیان ببێتە پێکهاتەیەکی دیموکراتیانە))، تاکو ئێستاش لەبەردەمی ئەو کەسانەدا گەلێك ڕووداوی تر هەیە، بەرلەوەی کە بۆ هەتاهەتایی قاپی خەمو پەژارەکانو سوکایەتییەکان بنێن بەسەریانەوە.

لەڕۆژانی ئیپریل (نیسان)دا دوو خۆنیشاندان کران، یەکەمیان شۆڕشگێڕانەییو دووەمیان نیشتمانیانە بوو، بەیەکدادانەکانیش بوونە مایەی کەوتنەوەی زیانی گیانیو





قوربانی دان، خۆنیشاندانە دژەکان لە (١٨ ـ ١٩)ی یۆنیۆ (حوزەیران)دا بەدوای یەکدا هاتبوون، بەڵام ئەمجارەشیان بەیەکدادانی ڕاستەوخۆ ڕووی نەدا، بەڵام خۆبەیەکدادانیش شتێکی وا دوور نەبوو کە خۆی لێ دوورەپەرێز بگیرایە. بەیەکادانەکە تەنها ماوەی (١٥) ڕۆژ دواخرا.

ئاژاوەگێڕەکان، ئەوانەی نەیاندەزانی چۆن بەڵگە بهێننەوەو سەربەخۆی خۆیان لەخۆنیشاندانەکە بسەلمێنن لە (١٨)ی یۆنیۆ (حوزەیران)دا سوودیان وەرگرت لەهێرشکردنەکەی سەر زیندانی فیبۆرغ، ئەو زیندانیانەش ئازادکران کە زۆربەیان لەتاوانبارانی مافی گشتی بوون، بەبێ کوشتار، نەك لەیەك زینداندا، بەڵکو لەزۆربەی زیندانەکاندا ئەمە کرا، بێگومان ئەوە شتێکی سروشتی بوو کە هێرشەکە بەلای بەڕێوەبەرایەتی زیندانەکانەوە نامۆو لەناکاو نەبوو، چونکە بەتەواوەتی تواوبوونەوە لەبەردەمی ئاژاوەگێڕە ڕاستەقینەکانو داواکارەکاندا، ئەم دیاردە نامۆیەش هیچ پەیوەندیەکی نەبوو بەخۆنیشاندانەکەوە، بەڵام ڕۆژنامەگەری نیشتمانی کردی بەڕووداوێك، بەلشەفییەکانیش داوایان لەکۆنگرەی سۆڤیەتات کرد هەستن بەلێکۆڵینەوەیەکی ڕەقو توندوتیژ لەڕێی ئازادکردنی (٤٦٠) تاوانباری ناو زیندانە جۆراوجۆرەکان. لەگەڵ ئەمەشدا تەوفیقییەکان ڕێگەیان بەخۆیان نەدەدا کاری دزێوی لەو جۆرە بکەن، چونکە دەترسان لەوەی کە لێکۆڵینەوەکە نوێنەرانی ئیدارەی بالاو هاوپەیمانەکانیان لەناو بەرەکەدا بدۆزنەوەو ئاشکرایان بکەن، وێڕای ئەمەش هیچ ئەوەیان نەدەکرد کە ئەو قسەوقسەلۆکانە ڕابگرن کە دژی ئەو خۆنیشاندانە بوو کە هەر خودی خۆیان بەرپایان کردبوو.

(بیریفیرسیف) کە تازە بەتازە ئارەقی شەرمەزاری ڕوخساری وشك بووبووەوە، بەهۆی ڕووداوەکەی خانەی (دۆرنۆفۆ)ەوە بڕیاری تۆڵەسەندنەوەیدا، بۆیە هەستا بەهەڵمەتکردنێکی تازە بۆ سەر خانەکە، بەبیانوی گەڕان بەدوای کەسانی ڕاکردودا، ئاژاوەگێڕەکانیش لێیان دەست هاتنو کەوتنە بەرگری لەخۆکردنو یەکێکیان لەکاتی شەڕەفیشەکدا کوژرا، خانووەکەش تالانو فەرهود کرا. و کرێکارانی دائیرەی (فیبۆرغ)

که خانەکەیان بەمولّکی خۆیان دەزانی زەنگی ترسناکیان لێدا. هەندێ کارگە لەکار وەستان، ئاماژەی ترسناك گوازرایەوە بۆ هەندێ دایەرەی ترو ئۆردوگاکان.

دوا ڕۆژگارەکانی مانگی یۆنیۆ (حوزەیران) ڕۆژانی هەڵچوونی بەردەوام بوون، فەوجی ڕەشاش ئامادەبوو بۆ دەستکردنەوەی ڕاستەوخۆو خێرا دژی حکومەتی کاتیی، کرێکارە خۆنیشاندەرو مانگرەکان کەوتنە گەڕان بەناو فەوجەکاندا، بانگیان کردن تاکو بڕژێنە سەر شەقامەکان، جوتیارانیش کە زۆربەیان لاوبوونو بەرگی سەربازیان لەبەر کردبوو چەند کەژاوەیەکی نارەزاییان پێك هێناو بەسەر شەقامەکاندا دەگەڕان: ئەمانە کەسانێکی تەمەن چل سالان بوون، داوای ڕاگەیاندنو بڕیاریان دەکرد دەربارەی کاروباری کێڵگەکان، بەلّشەفییەکان کەوتنە هاندانی خەڵکی دژی هەر چوونە دەرەوەیەك بۆ سەرشەقامەکان - بەمەبەستی خۆنیشاندان - خۆنیشاندانەکەی (١٨)ی یۆنیۆ (حوزەیران) هەموو شتێکی گوت کە شیاوی گوتن بێت، کردنی خۆنیشاندانی تر بەس نییە بۆ بەدەست هێنانی گۆڕانکاری تر، بەڵام زەنگی ڕاپەڕین هێشتا لێ نەدراوە، لە (٢٢)ی یۆنیۆ (حوزەیران)دا بەلّشەفییەکان بلاوکراوەیەکی چاپکراویان ئاڕاستەی مەوقعە سەربازییەکان کردو تیایدا نووسیبوویان: ((هیچ بانگەشەیەك بەڕاست مەزانن کە داواتان لێ بکات بۆ خۆنیشاندان بەناوی ڕێکخستنی سەربازییەوە..!)) نوێنەران لەبەرەکانی جەنگەوە گەیشتنە جێو سکالاکانیان پێشکەشکرد دەربارەی کاری توندوتیژیو سزادان، هەڕەشە دووبارەکراوەکان وەك پیارشتنی زەیت وابوون بەسەر ئاگردا، (بەیان)ەکەی بەلّشەفییەکانیش لەلیژنەی ڕاپەڕاندندا دەیگوت: ((سەربازان لەزۆربەی فەوجەکاندا خەوتوونو چەکەکانیان هەر بەدەستیانەوەیە)).

خۆنیشاندانە نیشتمانییەکە، کە زۆربەی چەکدارانە بوو بەمایەی وروژاندنی بەیەکدادان، وەك بلێسەی بەتاڵکردنەوەی بارگەی کارەبایی کەڵەکەبوو، وابوو، و هیچ کام لەلایەنەکان ئامادەنەبوون کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەست بەهێرش بکەن: کۆنەپەرستیش تەواو لاوازبوو، شۆڕشیش ئیتر متمانەی تەواوی بەهێزەکەی خۆی نەمابوو، بەڵام شەقامەکانی شار وادیاربوو کە فەرش ڕێژکرابوون بەتەقەمەنی، ناکۆکیو کێشەکان لەهەوادا هەڵواسرابوون، ڕۆژنامەگەری بەلّشەفی کەوتبووە ڕاڤەکردنو ڕاست





کردنەوەی بارودۆخە شڵەژاوەکە. ڕۆژنامەگەری نیشتمانیش لەخۆی بەگومان بوو، بۆیە کەوتە هێرشکردنە سەر بەلّشەفییەکان، (لینین)) لەڕۆژی (٢٥)ی یۆنیۆ (حوزەیران) نووسیبووی: ((لوورەی تورەبوونو ئەو ڕقوقینەی لەهەموو شوێنێ دەزرنگێتەوە دژی بەلّشەفییەکان، تەعبیر لەناڵەو هاواری هاوبەشی نێوان کادیتو سۆسیالیستە - شۆڕشگێڕەکانو مەنشەفییەکان دەکات، بەهۆی لاوازی تایبەتی خۆیانەوە، ئەمانە زۆرینەن. لەدەسەلاتیشدان پێکەوە یەك بەرەیان دروست کردوە، پێیان وایەو بۆیان دەرکەوتووە کە تازە هیچ شتێ نییە لەبەرژەوەندی سەرکەوتنی ئەواندا بێت! ئیتر بۆچی پەنجەرەی ڕقوقینی خۆیان بەڕووی بەلّشەفییەکاندا داناخەن..؟)).

مه کته‌بی بیروهۆشیاری

# پوختە و دەرئەنجام

لەلاپەڕە سەرەتاییەکانی ئەم کتێبەدا هەوڵماندا ئەوە دەربخەین کە ئاخۆ تا چ ڕادەیەك بنەماکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم) قوڵو تۆکمەن لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕوسیەکاندا. شیکردنەوەکەشمان بەوە دەناسرێتەوە کە هەرگیز دوای شۆڕش ئامادە نەکراوە، تاکو پشت بەو ڕووداوانە ببەستێ کە ڕوویانداوەو تێپەڕیون، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەر لەشۆڕشەکە، بەر لەخۆ بۆ ئامادەکردنی سازدراوە، ئەو ئامادەکارییەی کە لەساڵی ١٩٠٥دا بەپایان هات.

لەلاپەڕەکانی دواتریشدا هەوڵمانداوە چۆنیەتی دەرکەوتنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ڕوسیا دەربخەین لەکاتی ڕوودانی خودی شۆڕشەکەداو چالاکییەکانی حیزبە سیاسیەکانمان تۆمار کردووەو خستوومانەتەڕوو لەپەیوەندییە دوو قۆڵییەکانیاندا لەگەڵ چینەکاندا، دەکرێ هەندێ جار ڕێگەی هۆگربوونو هەندێ جاریش دیکەش دورکەوتنەوە گیرابێتەبەر، هەقی خۆیەتی دان بەبابەتیانە بوونی نمایشی مێژوویی بکەین ئەگەر پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ڕووداوەکان بگێڕینەوە سەر بنەمای پەرەسەندنی ڕاستەقینەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش کاتێك دەبێ کە پشت ببەستێ بەڕووداوە دان پیانراوەکان بەشێوەیەکی ڕاستو دروست. هەروەها ئەو دەمەی بیانوی هەبوونی پەرەسەندنەکە بدۆزرێتەوە، ئەم پەرەسەندنەش خودی خۆی باشترین پاسادانە بۆ بابەتیانەیی نمایشکردنەکە ـ واتا باسکردنو خستنەڕووی ـ.

ڕووداوەکانی شۆڕشی فێبرایر(شوبات) بریتییە لەمە: هەموو ئەڵتەرناتیڤەکانی تری پەرەسەندنی سیاسی کلکەچی ئەزموونی ژیان بوون، ڕەت کرابوونەوە وەك چارەسەری ناشایستە بۆ جێبەجێ کردن بەرلەوەی لەوەی کە پڕۆلیتاریا بگاتە دەسەڵات.

حکومەتی بۆرجوازی لیبراڵی لەگەڵ (کرنسکی)دا بارمتەی دیموکراتیانەی خۆی بەرەو شکستی تەواوەتی برد، ڕۆژگارەکانی ئیپریل (نیسان)یش یەکەمین زەنگی





مه کته‌بی بیروهۆشیاری

ئاگادارکردنەوەی ڕوونو ئاشکرای لێدا بۆ هاتنی شۆڕشی (فێبرایر) و جێی حکومەتی کاتیی گرتەوە دوای ئەو ئیئتیلافەی هەموو ڕۆژێکی تەمەنی قوڵبینیەکەیو ڕەگو ڕیشەکەی زیاتر دەردەکەوت. پاشان خۆنیشاندانەکەی یۆنیۆ (حوزەیران) کە بەروارەکەیو ئەنجامدانەکەی لەلایەن لیژنەی ڕاپەڕاندنەوە دیاری کرا، بەدەستپێشخەرییە تایبەتییەکەی، گەرچی ئەویش دیاری نەکردبوو، ڕاست وایە بگوترێ بەخواستی خەڵکەکە خۆی بوو ـ نەك بەزۆر ـ شۆڕشی فێبرایر (شوبات)یش هەوڵیدا لەم خۆنیشاندانەدا هێزی خۆی بپێوێو بەراوردی بکات لەگەڵ هێزەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)دا، کەچی دوچاری تێکڕوخانێکی کوشندە بوو، ئەگەری تێکڕوخانو تێکشکانەش زۆر بەهێزتربوو لەبارەکەی تریانی، چونکە خۆنیشاندانەکە هەر لەسەر خاکی پترۆگراد کراو هەمان ئەو سەربازو کرێکارانەش کردیان کە ڕاپەڕینەکەی فێبرایر (شوبات)یان بەوپەڕی جۆشوخرۆشەوە بەئاکام گەیاندو سەراپای وڵاتیشی گرتەوە. خۆنیشاندانەکەی یۆنیۆ (حوزەیران)یش دەری خست کە کرێکارانو سەربازانی پترۆگراد بەئاڕاستەی شۆڕشێکی تر کەوتونەتە ڕێ ـ شۆڕشی دووەم ـ ئامانجەکانی ئەو شۆڕشەش لەسەر ئاڵاو لافیتەکانیان نوسرابوو، ئەو بەڵگانەش کە بەدرۆخستنەوەو دژیان نییە، وایان دەسەلماند کە بەشەکەی تری وڵات ـ گەرچی هەندێ دواکەوتنی بەخۆیەوە بینی ـ بەم چەشنە لەدەوروبەری کۆتایی مانگی چواردا شۆڕشی فێبرایر (شوبات) سیاسییەوە پژا، تەوفیقییەکانیش ماتمانەی کرێکارانو سەربازانیان لەدەستدا. دوای ئەوەش ناکۆکی نێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکان لەسەر سۆڤیەتاتو جەماوەری سۆڤیەتی بوو، کارێکی سەد لەسەد، دوای خۆنیشاندانەکەی (١٨)ی یۆنیۆ (حوزەیران) کە هێنانەدی ڕاستەقینەو دروستو ڕەوای پەیوەندی هێزەکانی نێوان دوو شۆڕشەکە بوو ململانێیەکی پڕ لەتوندوتیژی ئاشکرای وەرگرت، بەڕادەیەك کە بەربەستی نەدەکرا.

ئاوا ڕۆژانی یۆلیۆ(تەموز) هاتنە پێشەوە، و دیسانەوە هەمان ئەو سەربازو کرێکارانە دوای پازدە ڕۆژ ڕژانەوە سەر شەقامەکان لەچوارچێوەی خۆنیشاندانێکی ڕێکوپێکی ترۆپکدا. بەڵام ئەمجارەیان بەدەستپێشخەرییەکی تازە بەئاکام گەیشتن، داوایان لەلیژنەی ناوەندی ڕاپەڕاندن کرد کە دەسەڵات بگرێتە دەست، تەوفیقییەکانیش بەڕوونو

ئاشکرایی ئەوەیان ڕەت کردەوە، و ڕۆژگارەکانی یۆلیۆ (تەموز) بەیەکدادانی سەر شەقامەکانی لێ کەوتەوە، باجەکەیشی چەند زیانێکی گیانی بوو، ئەم ڕۆژانەش بەوە ڕابوردن کە ئەو بەلشەفیانە سەرکوت کران کە دەستەوەستانیو بێ دەسەڵاتی ڕژێمی فێبرایر(شوبات)یان خستبووە ئەستۆیان، دەستکرا بەجێبەجێ کردنی پێشنیارەکەی (تسیرتیلی) لەڕۆژی (١٧)ی یۆنیۆ (حوزەیران)دا، کە ناوبراو لەم پێشنیارەیدا داوای کردبوو کە لەبەرئەوەی بەلشەفییەکان لەیاسا لایانداوە دەبێ چەك بکرێن - ئەم پێشنیارەش هەر لەکاتی خۆیدا ڕەت کرایەوە، ڕۆژنامەگەری بەلشەفییەت قەدەغە کرا، هێزە سەربازییەکانی بەلشەفییەکانیش تەفروتونا کران، چەك لەکرێکاران سەندرایەوە، سەرکردە حیزبییەکانیشیان بەوە تاوانبار کران کە چڵکاوخۆری بێگانەنو کار بۆ بەرژەوەندییەکانی دەزگای ئەرکانی ئەڵمانیا دەکەن، هەندێکیان ناچار بوون خۆیان بشارنەوە، هاوکات هەندێکیشیان لەزیندانەکان قایم کران.

دەستەوەستانیو لاوازی بەتێروتەسەلی دیموکراتییەتی گرتەوە لەچوارچێوەی دەرەنجامی ئەو(سەرکەوتن)ەی تەوفیقییەکان بەدەستیان هێنا بەسەر بەلشەفییەکاندا لەمانگی یۆلیۆ(تەموز)دا. دیموکراتییەکانیش ناچاربوون بکەونە پێکهێنانو بەگژاکردنەوەی کەرتە سەربازییە دژە شۆڕشەکاندا بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا بۆ دژایەتی کردنی سەربازانو کرێکاران، ئەم کەرتانەش نەك هەر دژی بەلشەفییەکان نەبوون، بەڵکو دژی سۆڤیەتاتیش بوون چونکە لیژنەی ڕاپەڕاندن کەرتی تایبەت بەوانەی نەبوو.

لیبراڵییەکان لەم ڕووداوانەوە پەندو وانەیەکی ڕاستو دروستیان وەرگرت لەو وانەبێژیەی کە(میلیۆکۆف)و دەستو پێوەندەکانی دایاننابوو و گەیشتنە ئەم بەگەنکردنە: (کۆرنیلۆف) یان (لینین)؟ شۆڕش خۆیشی لەڕاستیدا شوێنێکی بەجێ نەهێشتبوو بۆ خاوەندارێتیەکی مام ناوەندیانەی ڕاستو دروست، دژە شۆڕشیش بەخۆی دەگوت: پێویستە تا ئێستا بەگەنکردنەوە یەکلایی بکرێتەوە، خۆ ئەگەر ئێستا نەکرێ، ئەوە تازە ئیتر هەرگیز ناکرێ! (کۆنیلۆف)ی سەرکردە گشتی هێزە چەکدارەکان لەشۆڕش یاخی بوو لەژێر پەردەی هێرشکردن بۆ سەر بەلشەفییەکان، هاوکات هەموو ئۆپۆزسیۆنە شەرعییەکانیش خۆیان بەپەردەی نیشتمانپەروەری پەردەپۆش کردبوو - پێش ڕاپەڕینەکە





- بەو بیانوەی داوای جەنگ کردنیان دەکرد دژی ئەڵمانیا - بەم جۆرە هەموو جۆرە دژە شۆڕشە شەرعییەکان دوای ڕاپەڕین بیانوی جەنگیان، جەنگ کردن بوو دژی بەلشەفییەکان، (کۆرنیلۆف)یش لەلایەن چینە خاوەندارو حیزبەکەیەوە - کە حیزبی کادیت بوو - پشتیوانیەکی چاکی لێ دەکرا، ئەمەش نەك هەر ڕێگر نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە یاریدەدەرێکی باشیش بوو بۆ ئەو کەرتە سەربازیانەی (کۆرنیلۆف) سەرکردایەتی دەکردن تاکو هێرش بکەنە سەر پترۆگراد بەبێ کوشتارو بەبێ هیچ بەگژاچونەوەیەك ئەم شارە خۆی بەدەستەوە دەداتو وەك دڵۆپە ئاوی سەر ئاشنی سورەوەکراو دەبێ بەهەڵم. بەهۆی کەسێکە کە لەسەرکردایەتی سوپادا بوو ئەزموونی ڕاپەڕینی ڕاسترەویش کۆتایی هات، هێنانەدی دڵنیابوونەوەی پەیوەندی نێوان هێزەکانو چینە خاوەندارەکانو گەل بەشێوەیەکی کرداری دەرکەوت، کاتێکیش بەگەنکردنەکە خرایەڕوو: ئایا کۆرنیلۆف یان (لینین)؟ (کۆرنیلۆف) وەك بەری میوەیەکی ڕزیو کەوتە خوارەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە (لینین) لەو کاتەدا ناچار بوو لەپەناگەیەکی قوڵدا خۆی بشارێتەوە.

ئەی ئەگەری بەکارهێنانی ئەو ئەڵتەرناتیڤەی کە تاکو ئێستا بەکارنەهێنراوەو تاقی نەکراوەتەوە، بەتەواوەتی پاسادان نەکراوە کامەیە؟ کە لەدوای ئەم هەموو شتانەوە هەر ماوەتەوە؟ هیچ شتێ نەماوە جگە لەئەگەری بەلشەفییەت، لەڕاستیشدا جەماوەر بەتوڕەییو بەشێوەیەکی یەکجارەکی ڕوویانکردبووە بەلشەفییەکان، دوای هەوڵەکانی (کۆرنیلۆف)و تێکشکانە پڕ لەڕیسواییەکەی، شۆڕشی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم) بەشێوەیەك نزیك بووەوە هەتاکو بوو بەپێویستییەکی سروشتی، ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەریش لەپایتەختدا بەشێوەیەکی کرداری بەئاکام گەیشت بەبێ ئەوەی تنۆکێك خوێنی تێدا بڕێژێ، بەپێچەوانەی ئەو ڕاپەڕینەی لەفێبرایر(شوبات)دا ڕوویداو پێیشی دەگوترا (ڕاپەڕینی سپی) کەچی گەلێك قوربانی لێ کەوتەوە لەپترۆگرادا. ئەوی ئێستاش مافی خۆمان نییە کە داوی ئەم هەموو شتانە دەربارەی ئەو بەڵگانە بپرسین کە دیسانەوە دەشێن بکرێنە بیانوویەکی قووڵ بۆ هەبوونی و ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر؟ ئایا ئەوە ڕوونو ئاشکرا نییە کە ئەم شۆڕشە ناکرێت بە بەرهەمی سەرکەشی یان بەرەنجامی

دیماگۆجیەت لەقەڵەم بدرێت، مەگەر لای ئەو کەسانە وابێت کە لەزۆربەی خاڵەکانیاندا توشی فرەستیاری[٢٥٩] گیرفانەکانی لووتیان بوون؟ جەنگی خوێناوی بەتەواوەتی دەستی پێ نەکردو هەڵنەگیرسا تا سۆڤیەتاتی بەلشەفی دەستی گرت بەسەر دەسەلاتدا. کاتێك چینە داڕوخاوەکان بەیارمەتیو دەستگیرۆیی ماددیانەی حکومەتەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمان هەوڵێکی نەزۆکانەیاندا بۆ گێڕانەوەو قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لێی کەوتبوو، و لەوکاتەشدا جەنگی ناوخۆ سەری هەڵدا. سوپای سوور پێك هێنرا، وڵاتی برسی کەوتە ژێر سایەی رژێمی شیوعیەتی جەنگەوە. وە گۆڕاوبوو بەسەربازگەیەکی ئەسپارتیو شۆڕشی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم) هەنگاو بەهەنگاوی دڕی بەڕێگەکەداو هەموو دوژمنانی سەرەڕێی تەفروتونا کردو لەسەرەڕێ لایدان. بایەخی بەچارەسەکردنی کێشە ئابورییەکانیداو کەوتە تیمارکردنی ترسناکترین زامەکانی کە لەجەنگی ئیمپریالیو جەنگی ناوخۆییدا پێی گەیشتبوو. گەیشتە گەورەترین سەرکەوتن لەبواری پەرەسەندنی پیشەسازیدا، وە وێڕای ئەمانەش چەند کێشەو کۆسپێکی تازەی لەبەردەمدا قوت بووەوە کە بەهۆی دابڕانی لەناوەندەوە ڕووی تێ کردبوون کە لەدەوڵەتە سەرمایەدارە بەهێزەکان پێك هاتبوو، بارودۆخی دواکەوتوی پەرەسەندن پرۆلیتاریای ڕوسی گەیاندە دەسەلات، ئەم بارودۆخەش دواتر زۆری نەخایاند کە چەند کێشەیەکی سەختو گرانی لەبەردەمدا کرا بەلەمپەر، بەچەشنێك کە نەتوانرێ چارەسەری تەواوەتیان بکرێت لەناو سنوری چوارچێوەی دەوڵەتێکی دابڕاودا. بەمجۆرە ڕەوتی کاروانی چارەنووسی ئەم دەوڵەتە بەتەواوەتی بەسترایەوە بەکاروانی ئایندەی مێژووی جیهانییەوە.

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە تایبەت بوو بەباسی شۆڕشی فێبرایر (شوبات)و چۆنو بۆچی پێویستە ئەم شۆڕشە بەرەو نەمان ببرێت، و بەشی دووەمیش ئەوە دەردەخات کە چۆن شۆڕشی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم) سەرکەوت؟

[٢٥٩] فرەستیاری گیرفانەکانی لووت: حساسية الجيوب الانفية، کە تووشبوو بەتەواوەتی هەست بەبۆنی راستەقینەی شتەکان ناکات.





مه كتەبى بيروهوشيارى

## ڕێز و دەستخۆشی پێشکەش دەکەم بە

هەموو کارایانی بەرهەمهێنانی ئەم پڕۆژەیە بەگشتیو کارمەندانی بواری چاپو کۆمپیوتەر بەتایبەتی.

هەرشادبن...

**عەزیز ئالانی**

٢٠٠٦/٣/٢٥

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ليرةدا بةشى يةكةمى كتيبةكة
تةواو بوو ضاوةرِوانى بةشى دووةم بن





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

# بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك)

| ژ | ناوی بڵاوكراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ١. | التقرير العام الى المؤتمر الثاني للأتحاد الوطني لكردستاني (الطبعة الأولى) | مام جلال | شباط-٢٠٠١ |
| ٢. | وتەی هەڤاڵ مام جەلال لە كۆبوونەوەی كادیراندا | | ٢٠٠٢ |
| ٣. | هەڵۆی سوور | فازیل كەریم ئەحمەد | ٢٠٠٢ |
| ٤. | لمحات من تأريخ إذاعة صوت شعب كردستان | ئامانج كاكە سور | ٢٠٠٢ |
| ٥. | ئیسلامی سیاسی | فەرید ئەسەسەرد ، عەباس خۆشناو وهی تر | ٢٠٠٢ |
| ٦. | ئایین و تایفە ئایینییەكان لەكوردستان | ن: میهرداد ئیزەدی<br>و: كامەران فەهمی | ٢٠٠٢ |
| ٧. | سروشتی یاسایی بڕیاری ٦٨٨و چۆنێتیی كاراكردنی | شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٢ |
| ٨. | سەید قوتب و تیۆریی تەكفیر كردنی كۆمەڵ و دەوڵەت | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ٩. | سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لەچەمكی هاولاتیبوون | یوسف گۆران | ٢٠٠٢ |
| ١٠. | چەمكی بیرۆكەی دەوڵەت لەجوگرافیای سیاسیدا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ١١. | ناسیونالیزم وكەمینەكان لەسیاسەتی نێودەوڵەتاندا | جەودەت ئیسماعیل لوتفی،<br>سیروان عارف | ٢٠٠٢ |
| ١٢. | بەراورد لەنێوان رژێمە فیدرالەكاندا | سەیوان كاكە ڕەش | ٢٠٠٢ |
| ١٣. | لەپێناوی دیموكراتیزەكردنی حوكم لەعیراقدا | مەحمود رەزا | ٢٠٠٢ |
| ١٤. | فیدرالیزم وئۆتۆنۆمی | دیلمان محەمەد | ٢٠٠٢ |
| ١٥. | شۆڕشی ئۆكتۆبەرو چارەنووسی چەند گەلێكی خۆرهەڵات | محمود ڕەزا ئەمین | ٢٠٠٢ |
| ١٦. | پشتیوانانی ئیسلام لەكوردستاندا | نیاز سەعید | ٢٠٠٢ |
| ١٧. | ئیسلامی سیاسیی لەزەبروزەنگەوە بۆ بەخۆدا چوونەوە | ن: سەعد مەولا<br>و: جەمال غەمبار | ٢٠٠٢ |
| ١٨. | ئێزدیەكان لەمێژووی نەتەوەكەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠٠٢ |
| ١٩. | پوكانەوەی دەوڵەتی كەمایەتی | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ٢٠. | پۆلێنكردنی تاوانەكانی ئەنفال بەپێی جۆرەكانی جینۆساید | د. مارف عومەرگوڵ | ٢٠٠٢ |
| ٢١. | رێكخستن یەكێكە لەبنەما سەرەكیەكانی چالاكی حزب | محەمەد مەنگوڕی | ٢٠٠٢ |
| ٢٢. | كركوك مدينة الضاحكة بالنار والنور | عوني الداودي | ٢٠٠٢ |
| ٢٣. | الأيزيدية تأريخها وطقوسها | د. خليل جندي<br>هوشنگ بروكا | ٢٠٠٢ |
| ٢٤. | كوردوتوركمان، تێڕوانینێك بۆ میكانزمەكانی پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان | یوسف گۆران | ٢٠٠٢ |
| ٢٥. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ١ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٦. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٢ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٧. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٣ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٨. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٤ و ٥ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٩. | جیهانی روناكبیری ژمارە ١ | | ٢٠٠٢ |
| ٣٠. | جیهانی روناكبیری ژمارە ٢ | | ٢٠٠٣ |
| ٣١. | التقرير العام الى المؤتمر الثاني للأتحاد الوطني لكردستاني(الطبعة الثانية) | مام جەلال | ٢٠٠٣ |
| ٣٢. | المناهج والنظام الداخلي للأتحاد الوطني الكردساني | | ٢٠٠٣ |
| ٣٣. | پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان | | ٣٠٠٣ |
| ٣٤. | تیۆری فیدرالیزم | ن: فرانتس نیومان<br>و: كاوسێن بابەكر | ٢٠٠٣ |
| ٣٥. | نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی | ن: مۆنتسرات گیبرنا<br>و: كەمال رەشید شریف | ٢٠٠٣ |
| ٣٦. | چەمك وپرنسپەكانی دیموكراسی | بەكر صدیق | ٢٠٠٣ |
| ٣٧. | نەوت و سیاسەتی نێودەوڵەتان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا | ن: دانیاڵ یەرگین<br>و: كەمال رەشید شریف | ٢٠٠٣ |
| ٣٨. | سۆسیالیستەكانی پێش ماركس | ن: د.مستەفا رەحیمی<br>و: كەمال رەشید شەریف | ٢٠٠٣ |
| ٣٩. | خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا | ئەنوەر حسێن | ٢٠٠٣ |
| ٤٠. | تیرۆریزمی نێودەوڵەتی وەك تاوانێكی نێودەوڵەتی | تۆفیق عومەرمحەمەد و هی تر | ٢٠٠٣ |
| ٤١. | ئابوری كوردستان | ن: مهیرداد ئیزدەی<br>و: كامەران فەهمی | ٢٠٠٣ |
| ٤٢. | عیراق ومەسەلەی كورد | كۆمەڵێ نوسەر | ٢٠٠٣ |





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٣. | ئاین و مەسەلەكانی دیموكراسی و ئینتەرناسیونالیزم | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٣ |
| ٤٤. | ئاناریشزم و دەوڵەت | زاهیر شكور | ٢٠٠٣ |
| ٤٥. | ئوسولێەت: چەمك، میتۆد، سەرچاوەو ئاسۆ | عەبدوڵلا قەرەداغی | ٢٠٠٣ |
| ٤٦. | شیعەكانی عیراق | ن: د. عەبدوڵلا فەهد نفیسی<br>و: عەبدوڵلا قەرەداغی | ٢٠٠٣ |
| ٤٧. | دەوڵەتی یاسا | سەید تایەر حەمە ئەمین | ٢٠٠٣ |
| ٤٨. | شێوەی ئاسیایی بەرهەمهێنان لەكوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٣ |
| ٤٩. | كورتەی مێژووی فەلسەفە | مەحمود مەلا عیززەت | ٢٠٠٣ |
| ٥٠. | ناسیونالیزمی كوردی(١٨٨٠-١٩٣٩) | هیوا عزیز سەعید | ٢٠٠٣ |
| ٥١. | نركەی قەرەداغ | ئەكرەم حەمە ئەحمەد | ٢٠٠٣ |
| ٥٢. | شەڕی ئابوری و ململانێی جیهان ل سەر دەریا قەزوین | هاشم زێباری | ٢٠٠٣ |
| ٥٣. | سیاسەتی بەعەرەبكردنی كەركوك | ن: د. نوری تاڵەبانی<br>و: مەریوان حوسێن چیمەنی | ٢٠٠٣ |
| ٥٤. | انتهاكات حقوق الأنسان والجرائم | د. منذر الفضل | ٢٠٠٣ |
| ٥٥. | مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كوردستان العراق | الدكتور خليل إسماعيل محمد | ٢٠٠٣ |
| ٥٦. | المسلمون يحتاجون لأجابات أفضل | توماس فريدمان | ٢٠٠٣ |
| ٥٧. | الكرد الفيليون وحزب البعث | سعد بشير أسكندر | ٢٠٠٣ |
| ٥٨. | فیدرالیزم و سیستەمەكانی یەكێتیی فیدرالی | ن: عەلی ئەلشممەری<br>و: حەسەن یاسێن | ٢٠٠٤ |
| ٥٩. | ئەركەكانی ڕێكخستن لەقۆناغی نوێی خەباتدا | شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| ٦٠. | لێكۆڵینەوە لەئیسلامی سیاسی | نیاز سەعید علی | ٢٠٠٤ |
| ٦١. | تیرۆریستان لەئاوا بوونن | شەهید خەسرەو عوسمان<br>ئا: ئازاد هەینی | ٢٠٠٤ |
| ٦٢. | بیری ناسیونالیزمی توركمان | یوسف گۆران | ٢٠٠٤ |
| ٦٣. | جەنگی ئاو | ن: جون بولوك و عادل دەروێش<br>و: شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| ٦٤. | كورد لەجەنگی ڕوسیا لەگەڵ ئێران وتوركیادا | ن: پ. ی. ئەڤیر یانۆڤ<br>و: د. ئەفراسیاو هەورامی | ٢٠٠٤ |
| ٦٥. | پڕنسیبی دەستێوەرنەدان لە پەیماننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان دا | خەلیل عبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| ٦٦. | شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری | نەجات عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |





مه كتەبی بیر و هۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| | لەبەڵگەنامەكانی فەرەنسیدا | | |
| ٦٧. | ئاو لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا | ئەندەش یاگ سكوك | ٢٠٠٤ |
| ٦٨. | تراژیدیای كوردەكانی سۆڤیەت | د. ئەفراسیاو هەورامی | ٢٠٠٤ |
| ٦٩. | تەعریب و راگواستن لەبەڵگەنامەكانی بەعس دا | لەتیف فاتیح فەرەج | ٢٠٠٤ |
| ٧٠. | كۆماری كوردستان- مەهاباد ١٩٤٦ لەرووی یاسای گشتی نێودەوڵەتییەوە | نەوزاد مەجید<br>خدر سەرموردی | ٢٠٠٤ |
| ٧١. | شەهیدانی ١ی شوبات | | ٢٠٠٤ |
| ٧٢. | ڕێگای ئاشتیانە بۆ چارەسەركردنی ناكۆكیە نێودەوڵەتیەكان | شەماڵ عبدالله | ٢٠٠٤ |
| ٧٣. | كاریگەری ئاو | كاروان ئەحمەد | ٢٠٠٤ |
| ٧٤. | كورتە باسێكی پیرۆیسترۆیكاو چەند بابەتێكی تر | د. ئەرسەلان بایز | ٢٠٠٤ |
| ٧٥. | ئەوروپا لەهەردوو سەردەمی بوژاندنەوەو رۆشنگەریدا | كەیوان ئازاد | ٢٠٠٤ |
| ٧٦. | الأسلام السياسي والأرهاب الدولي | د. منذر الفضل | ٢٠٠٤ |
| ٧٧. | المجتمع المدني ومستقبل الأثنيات في العراق | الدكتور خليل إسماعيل محمد | ٢٠٠٤ |
| ٧٨. | مندلي في التأريخ | محمد جميل بندي الروژبياني | ٢٠٠٤ |
| ٧٩. | تحديد حدود إقليم كوردستان العراق | جزا توفيق طالب | ٢٠٠٤ |
| ٨٠. | حق تقرير مصير | سعد بشير | ٢٠٠٤ |
| ٨١. | التهجير والتعريب من وجهة النظر القانونية | د. احمد موسوي | ٢٠٠٤ |
| ٨٢. | كوردەكانی ئێران و هێرشی عوسمانی | ن: گیلان<br>و/ نەجاتی عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| ٨٣. | كاریگەری بەجیهانی بوون لەسەر سەرداریەتی دەوڵەتاندا | ئاوات شێخ جەناب<br>بەكر صدیق | ٢٠٠٤ |
| ٨٤. | پاراستنی مافی كەمینەكان | خليل عبدالله | ٢٠٠٤ |
| ٨٥. | خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی | د. البرت عيسا | ٢٠٠٤ |
| ٨٦. | حاجی قادری كۆیی | فازیل كەریم ئەحمەد | ٢٠٠٤ |
| ٨٧. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ١ | | ٢٠٠٤ |
| ٨٨. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٢ | | ٢٠٠٤ |
| ٨٩. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٣ | | ٢٠٠٥ |
| ٩٠. | سیستمی سیاسی چین | خليل عبدالله | ٢٠٠٥ |
| ٩١. | پێگەو دەسەلاتی ئەنجومەنی پارێزگاكان | خليل عبدالله | ٢٠٠٥ |
| ٩٢. | چەمكی ئازادی سیاسی | ن: فرانتس نیومان<br>و: كاوسین بابكر | ٢٠٠٥ |
| ٩٣. | سیستمەكانی هەڵبژاردن و پرنسیپەكانی دەنگدان | ڤیان مەجید | ٢٠٠٥ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩٤. | سیستمی فەرمانڕەوایی لەئیسرائیل | روستم محمود کۆکۆیی | ٢٠٠٥ |
| ٩٥. | پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە | مەجید صالح | ٢٠٠٥ |
| ٩٦. | ئەمریکاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | عەباسی ئەحمەدی | ٢٠٠٥ |
| ٩٧. | مێژووی بیری کوردی | فازیل کەریم ئەحمەد | ٢٠٠٥ |
| ٩٨. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٤ | | ٢٠٠٥ |
| ٩٩. | ژان ژاك رۆسۆ | کاوە جەلال | ٢٠٠٥ |
| ١٠٠. | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ـ سەرهەڵدان و نوێبوونەوە | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٥ |
| ١٠١. | عیراقی نوێ | شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٥ |
| ١٠٢. | کوردو عروبە | بابەکر دڕەیی | ٢٠٠٥ |
| ١٠٣. | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠٠٥ |
| ١٠٤. | سیستمی فیدراڵی ئەڵمان | ئا: محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠٠٥ |
| ١٠٥. | دەربارەی دیموکراسی | ن/ رۆبەرت کابلان<br>و/ عبدالرزاق خەیلانی | ٢٠٠٥ |
| ١٠٦. | عیراق: دیموکراتیزەکردن یان هەڵوەشاندنەوە | ڕەفیق سابیر | ٢٠٠٥ |
| ١٠٧. | کۆمەڵو سیستەمی دیموکراسی | حەمە دۆستان | ٢٠٠٥ |
| ١٠٨. | زمانە فەرمیەکان لەدەستوری عیراقدا | تارق جامباز | ٢٠٠٥ |
| ١٠٩. | پێکدادانی شارستانیەکان | ن: سامۆیل پ. هانتینگتۆن<br>و: مامەند رۆژە | ٢٠٠٥ |
| ١١٠. | دیموکراسی دیدێکی فەلسەفی | ن: د. امام عبدالفتاح امام<br>و: حەسەن یاسین | ٢٠٠٥ |
| ١١١. | لە پەراوێزی چاکسازیدا | هەڵکەوت عەبدوڵلا | ٢٠٠٥ |
| ١١٢. | لودڤیگ فۆیەرباخو کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی | ن: فردریك ئەنگلس<br>و: سالار ڕەشید | ٢٠٠٥ |
| ١١٣. | فیدرالیزم و ئەزمونە جیاوازەکانی | ئا: و: ئیسماعیل حەمە ئەمین | ٢٠٠٥ |
| ١١٤. | لیبرالیزم، چەمك و مێژوو | ن: جان سالوین شاپیرۆ<br>و/ عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠٠٥ |
| ١١٥. | عیراق لە دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | خلیل عبدالله | ٢٠٠٥ |
| ١١٦. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە (٥ ـ ٦) | | ٢٠٠٥ |
| ١١٧. | البحث عن الأسلام السياسي | نیاز سعید | ٢٠٠٥ |
| ١١٨. | الواقع الأقتصادي ـ الأجتماعي لمحافظة السليمانية | د. كمال الخياط | ٢٠٠٥ |
| ١١٩. | الصقر الأحمر | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| ١٢٠. | الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر (الطبعة الأولى) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٥ |





مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢١. | مقالات الشهيد غاندى(مجيد كريم احمد) | الشهيد مجيد كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| ١٢٢. | خانقين خلال ربع قرن | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| ١٢٣. | عن الدولة الحديثة والأمة والنزعة القومية في العراق العربي وكردستان | سعد بشير أسكندر | ٢٠٠٥ |
| ١٢٤. | رؤية كوردستانية لشؤون ومواقف عراقية | جرجيس كوليزاده | ٢٠٠٥ |
| ١٢٥. | التسامح الديني العراقي لمجابهة الأرهاب والعنف | جرجيس كوليزاده | ٢٠٠٥ |
| ١٢٦. | الآخرـ الأمة ـ الأقليات الأخرى | سامي داوود | ٢٠٠٥ |
| ١٢٧. | الفيدرالية ـ دراسة في إطار مفاهيمي والنظري | د. إحسان عبدالهادي سلمان | ٢٠٠٥ |
| ١٢٨. | الدستور العراقي المرتقب ـ حقائق وآراء ومقترحات | المحامي: كريكار عبدالله | ٢٠٠٥ |
| ١٢٩. | نقد ذهنية التغيب والتزييف ـ الأعلام العربي المعاصر نموذجا | د. عبدالباسط سيدا | ٢٠٠٥ |
| ١٣٠. | التركمان في العراق (الطبعة الأولى) | د. عمر ابراهيم توفيق | ٢٠٠٥ |
| ١٣١. | الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر (الطبعة الثانية) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٥ |
| ١٣٢. | كركوك والتطهير العرقي ـ من وثائق النظام البعثي | عارف قورباني | ٢٠٠٥ |
| ١٣٣. | کەلار لە لادێوە بۆ شار | جاسم محەمەد | ٢٠٠٥ |
| ١٣٤. | هەڵوێست لە بەرامبەر گەندەڵی | نیاز سەعید عەلی | ٢٠٠٥ |
| ١٣٥. | داڕشتنی دەستوری نوێ هێڵکاری | ن: ماریۆج، ر. ئاوریانی ئامبرۆس، پاول ئالیڤێرز<br>و: ئاوات محەمەد | ٢٠٠٥ |
| ١٣٦. | ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان | ئەمیر نامیق | ٢٠٠٥ |
| ١٣٧. | من بڕوام بە دیموکراسی کوردی نییە! | (فازیل کەریم)<br>مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٥ |
| ١٣٨. | کاری دیپلۆماسی لەنێوان تیۆرو پراکتیکدا | کوردۆ ڕەحمان | ٢٠٠٥ |
| ١٣٩. | بەکارهێنانی دەسەڵات لە جیهانی عەرەبیدا | محەمەد فاتح | ٢٠٠٥ |
| ١٤٠. | عەقڵی سەلیم | ن: توماس پین<br>و: پێشڕەو حسێن | ٢٠٠٥ |
| ١٤١. | تیرۆریزم و مافی مرۆڤ | عەدالەت عەبدوڵلا | ٢٠٠٥ |
| ١٤٢. | ڕۆڵی کەسایەتی لەمێژوودا | ن: بلیخانوف<br>و: سەلام مارف | ٢٠٠٥ |
| ١٤٣. | کاتالۆگی بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری | | ٢٠٠٥ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| .١٤٤ | کۆمەڵناسی شەڕ | ن: گاستۆن بوتول، د. حسین بشیریە، ئانتۆنی کدنیز<br>و: عومەر باڵەکی | ٢٠٠٦ |
| .١٤٥ | بژی گەندەڵی | ن: عەلی ڕەبیعی<br>و: ڕەفعەت مورادی | |
| .١٤٦ | مێژووی پەروەردەو فێرکردن | ن: علی اکبر میهرئارا، محمد عباس، علی فرۆرفەر<br>و: قادر وریا | ٢٠٠٦ |
| .١٤٧ | فاشیزم چییە | ن: هێنری میشێل<br>و: سمکۆ ناکام | ٢٠٠٦ |
| .١٤٨ | ئیسلام و مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠٠٦ |
| .١٤٩ | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا | عادل عەلی | ٢٠٠٦ |
| .١٥٠ | چاوپێکەوتنی ڕادیۆی نەوا لەگەڵ هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ | ئا: سەرتیپ جەوهەر | ٢٠٠٦ |
| .١٥١ | شۆڕشی پەنجە مۆرەکان | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| .١٥٢ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٧ | | ٢٠٠٦ |
| .١٥٣ | ئیسلامی سیاسی ـ چاپی سێیەم | شوان ئەحمەد | ٢٠٠٦ |
| .١٥٤ | فەرهەنگی قانونی | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٦ |
| .١٥٥ | کۆمەڵناسی گەنج | کارزان کاوسین | ٢٠٠٦ |
| .١٥٦ | تاڵەبانی و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی(چاپی یەکەم) | یەتانا دیوخ نەوشا | ٢٠٠٦ |
| .١٥٧ | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان<br>ئاسۆیەك بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| .١٥٨ | چەند بابەتێکی فیکری | شوان ئەحمەد | ٢٠٠٦ |
| .١٥٩ | کۆمەڵی مەدەنیو سەرلەنوێ بیناکردنەوەی کۆمەڵگا | ن: جۆرج ف. ماکلین<br>و: شاخەوان منصور | ٢٠٠٦ |
| .١٦٠ | ئایین، فاشیزم ، مەرگ | ن: هاشم صالح<br>و: هەورامان وریا قانع | ٢٠٠٦ |
| .١٦١ | کارل فۆن کلاوزە ڤتز | ن: میکل هۆوارد<br>و: کەمال ڕەشید شەریف | ٢٠٠٦ |
| .١٦٢ | گەشەسەندنی ئابووری چین | پ. د. محەمەد رەئوف سەعید | ٢٠٠٦ |
| .١٦٣ | مانیفێستی مەکتەبی بیروهۆشیاری<br>بۆ مۆدێرن کردنەوەی ی. ن. ك | مامۆستا جەعفەر<br>(فازیل کەریم ئەحمەد) | ٢٠٠٦ |
| .١٦٤ | هەواڵی تەلەفزیۆنی | جوان بەهادین | ٢٠٠٦ |
| .١٦٥ | لەتەك فینۆمینە ئەدەبیەکاندا | کاوە جەلال | ٢٠٠٦ |





مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| .١٦٦ | هەمیشە دڵڕەق و بێدەنگین | نەجات نوری | ٢٠٠٦ |
| .١٦٧ | کۆیە، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتیە | جەمال فەتحوڵڵا تەیب | ٢٠٠٦ |
| .١٦٨ | فەیلەسوفە مەزنەکان | ن: براین ماگی<br>و/ محەمەد کەریم | ٢٠٠٦ |
| .١٦٩ | جەمهوریەتی کوردستان ـ شاکارێکی مەزن | خوێندنەوەی/ عەبدوڵڵا کەریم مەحموود | ٢٠٠٦ |
| .١٧٠ | سەرمایە | ن: کارل مارکس<br>و/ سەلام عەبدوڵڵا ـ کەژاڵ ئەحمەد ـ شلێر عزیز | ٢٠٠٦ |
| .١٧١ | پرسی کورد گۆڕاوە، تورکیا هێشتا لەرابردوودایە | ن: کۆمەڵێك رۆژنامەنوس<br>و/ مامەند رۆژە | ٢٠٠٦ |
| .١٧٢ | خۆیبوون ـ هیوا | هیوا عەزیز سەعید | ٢٠٠٦ |
| .١٧٣ | حزب لەبازنەی دەستەگەریدا | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| .١٧٤ | پرۆفیشینالی لەرۆژنامەنووسی کوردیدا | مەریوان مەسعود | ٢٠٠٦ |
| .١٧٥ | گەنج ـ سیاسەت ـ مەعریفە | د. بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠٠٦ |
| .١٧٦ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ـ ٨ـ | | ٢٠٠٦ |
| .١٧٧ | ناسیۆنالیزم (چاپی یەکەم) | ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٦ |
| .١٧٨ | سایکۆلۆژیای جەماوەر (چاپی یەکەم) | ن: گۆستاف لۆبۆن<br>و: ئارام جەمال سابیر | ٢٠٠٦ |
| .١٧٩ | نوێبوونەوەو هەڵبژاردن | بەکر صدیق | ٢٠٠٦ |
| .١٨٠ | گۆڕان و چاکسازی | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٦ |
| .١٨١ | لەپێناوی دیموکراسیدا | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٦ |
| .١٨٢ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ـ ٩ ـ | | ٢٠٠٦ |
| .١٨٣ | مێژووی شۆڕشی فەڕەنسا | ن: ویلو ئاریل دۆرانت<br>و: دلاوەر عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| .١٨٤ | پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لەکوردستانی عیراقدا | فرمان عبدالرحمن | ٢٠٠٦ |
| .١٨٥ | ئاسۆی ئابووری ـ سەرچاوەکانی ئاوو کانزاکانی کوردستان | دارا عومەر | ٢٠٠٦ |
| .١٨٦ | سایکۆلۆژیای جەماوەر (چاپی دووەم) | ن: گۆستاف لۆبۆن<br>و: ئارام جەمال سابیر | ٢٠٠٦ |
| .١٨٧ | ناسیۆنالیزم (چاپی دووەم) | ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٦ |
| .١٨٨ | یاسای دادگای باڵای تاوانی عیراق | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| .١٨٩ | تاڵەبانی لەلوتکەی دەسەڵاتی عیراق | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| .١٩٠ | بنەما تیۆرییەکانی ڕای گشتی و ڕاگەیاندن | مەجید صاڵح | ٢٠٠٦ |

مه کته‌بی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| .١٩١ | پاكتاوكردنی ڕەگەزی كورد لەكوردستانی عیراقدا (چاپی دووەم) | فرمان عبدالرحمن | ٢٠٠٦ |
| .١٩٢ | ریفۆرم هەنگاویَ بۆ دواوە ! | ئازاد تۆفیق | ٢٠٠٦ |
| .١٩٣ | تالّەبانی و خەلاّتی نۆبلّی ئاشتی(چاپی دووەم) | یەتانا دیوخ نەوشا | ٢٠٠٦ |
| .١٩٤ | هیگلّو سیاسەتی مۆدێرن | ن: رامین جیهانبەگلو<br>و: شۆڕش جوانڕۆیی<br>چنور فەتحی | ٢٠٠٦ |
| .١٩٥ | جینۆسایدی گەلی كورد ـ لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێو دەولّەتاندا | د. مارف عومەر گولّ | ٢٠٠٦ |
| .١٩٦ | كردستان أو بلاد أكراد | یوسف ملك<br>مراجعة ومقدمة: د. عزالدين مصطفى | ٢٠٠٦ |
| .١٩٧ | مفهوم النخبة | إحسان عبدالهادي نائب | ٢٠٠٦ |
| .١٩٨ | المنظمات الأقليمية والجماعات الأقتصادية في القارة الأفريقية | إحسان عبدالهادي نائب | ٢٠٠٦ |
| .١٩٩ | كوردستانية منطقة كركوك (الطبعة الأولى) | د. عمر إبراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| .٢٠٠ | الكتابة للتلفزيون | ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٦ |
| .٢٠١ | دراسات المانية معاصرة عن القضية الكردية | ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٦ |
| .٢٠٢ | السيادة في عالم متغير(الطبعة الأولى) | د. حكمت بشير | ٢٠٠٦ |
| .٢٠٣ | بحوث . . . و . . . شذرات | د. عزالدين مصطفى رسول | ٢٠٠٦ |
| .٢٠٤ | كردستانية كركوك في المصادر السريانية | د. فرست مرعي | ٢٠٠٦ |
| .٢٠٥ | الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر (الطبعة الثالثة) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٦ |
| .٢٠٦ | التركمان في العراق (الطبعة الثانية) | د. عمر ابراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| .٢٠٧ | الأكراد دراسة أقتصادية سياسية | د. مجيد جعفر | ٢٠٠٦ |
| .٢٠٨ | السيادة في عالم المتغير (الطبعة الثانية) | د. حكمت بشير | ٢٠٠٦ |
| .٢٠٩ | كوردستانية منطقة كركوك (الطبعة الثانية) | د. عمر إبراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| .٢١٠ | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەكر صديق | ٢٠٠٧ |
| .٢١١ | تیرۆرو سەقامگیری سیاسیو چەند لێكۆڵینەوەیەكە تر | بەكر صديق | ٢٠٠٧ |
| .٢١٢ | كەركوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| .٢١٣ | دەستورو ژن | و: كامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| .٢١٤ | ژان ژاك رۆسۆ (چاپی سێیەم) | كاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| .٢١٥ | مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها . . | القاضي/ لطيف مصطفى أمين | ٢٠٠٧ |
| .٢١٦ | بنچینەكانی كورد | ن: مینۆرسكی<br>و: نەجاتی عەبدوڵلا | ٢٠٠٧ |



مێژووی شۆڕشی ڕوسیا

مه کته‌بی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢١٧ | لەدیكتاتۆرییەوە بۆ دیموكراسی | كارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |
| .٢١٨ | كەركوك لەسەردەمی دەولّەتی عوسمانیدا | گۆران ئیبراهیم سالّح | ٢٠٠٧ |
| .٢١٩ | زمانە فەرمییەكان | طارق جامباز | [illegible] |
| .٢٢٠ | ئەنفال و دادگا | سالار مەحموود | ٢٠٠٧ |
| .٢٢١ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە (١٠) | | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٢ | الكُرد | باسيلي نيكيتين<br>ت: د. نوري طالباني | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٣ | هەلّۆی سور | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٤ | مام جەلال | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٥ | المدخل الى القانون الدولي الإنساني | جبار سعيد محي الدين | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٦ | الكُرد اليوم | ت: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٧ | سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵلا | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٨ | ڕێبازی لێكۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٩ | ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان | و: كارزان عومەر | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٠ | تیرۆر | هیمداد مجید علی | ٢٠٠٧ |
| .٢٣١ | گەنجە كوردەكان | فەرهاد پیربالّ | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٢ | بەعسیزم و كورد | سۆزان كەریم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٣ | بەڕێوەبردنی كۆبوونەوەكان | محمد فتحی<br>و: محمد فاتح | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٤ | شاری كەركوك | پشكۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٥ | میر عەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٦ | فەلسەفە. ڕۆشنبیری. فێندەمێنتالیزم | هاشم سالّح<br>و: شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٧ | عیراق، قەیرانی ئاسایش و ستراتیژی بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێركۆ | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٨ | نۆڤین ژمارە ـ ١١ ـ | | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٩ | الحقوق السياسية للكُرد في الدول التي تضم كُردستان | ليلاف حمدأمين عزيز | ٢٠٠٧ |

مەکتەبەی بیروهۆشیاری



مێژووی شۆڕشی ڕوسیا

مەکتەبەی بیروهۆشیاری